تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی بیست و پێنجەم

سوورەتەکانی

(فصلت) و (الشوری) و (الزخرف)

عەلی باپیر

تەفسیری سوورەتەکانی

فصلت و الشورى و الزخرف

تەفسیری سوورەتەکانی

فصلت و الشورى و الزخرف

نووسینی : عەلی باپیر

دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی

چاپی یەکەم ١٤٤٣ك - ٢٠٢١ز

٩٠٢ لاپەڕە

١٧* ٢٤ سم

بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سووڕەتەكانی

فُصِّلَتْ و الشُّورَى

الزُّخْرُفِ

نووسینی: عەلی باپیر

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِه اللّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إلَهَ إلاّ اللّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب .

أمّا بَعْدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَدِيث كَلامُ اللّه، وَخَيْرَ الهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش - کە وەك باسکردنی چاکەی خوا (التحدّث بنعمة اللّه) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردوومو، بەر لە تەمەنی بیست ساڵیی یەوە هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەڕێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (متفرّغ) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (القرآن يُفَسِّر بَعْضُهُ بَعْضاً)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (مُبَيِّن)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ النحل.

واتـە: هەروەهـا زیکرمـان بـۆ لای تـۆ ناردۆتـە خـوار، تاکـو ئـەوەی بـۆ خــەڵکی نێرراوەتـە خـوار، بۆیـان ڕوون بکەیـەوە، وە بەڵــکو خۆشـیان بیــربکەنەوە.

ئومێدیشـم وایـە - بـە یارمـەتی خـوای بەخشــەر ﷻ - شـایســتەیی ئـەوەم هــەبێ تەفسیــرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئـــان پێشــکەش بە مســوڵمانانی کوردســتان بکەم، کـە لـە قورئـــان بوەشــێتەوەو، مایـەی بەهـرەو ســوودی خوێنـەران بـێ، بەتایبــەتیش کـە زیاتـر لـە سـی (٣٠) سـاڵە لەگـەڵ قورئانی بـەرزو مـەزن و تەفسیــرەکانی و کتێبەکانی سـوننەتدا خــەریکم و، دەیـان کتێـب و بەرهــەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بـوارەکانی زانســتەکانی شــەریعەتدا پێشــکەش کردوون.

شـایانی باسیشــە کـە ئەو بیسـت و دوو مانگ زیندانیـی کرانەم لەلایـەن ئەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکـو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێـکی گـەورەو گرنـگ بـوو، بـۆ زیاتـر پێدا قووڵــبوونەوەی کتێبیــی خــوا (تبـارك و تعالــى) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشــتنی تایبــەت لەبـارەی زۆرێـك لـە ئایەتــەکانی یـەوە، ئـەم ڕاســتییەش لـە مەوســووعەی: (الإســلام كـما يتجلّى فــي كتـاب اللّـه تعالــى)دا زۆر چــاك دەرەوشـاوەتەوە[1]، بـەڵام هــەڵبەتە ناڵــێم و هیچکەسیش بـۆی نیـە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسیرەی من تێروتـەواوە، چونکـە وێـڕای ســنووردارێوونی توانــاو بڕســتم، لـە بەرانبــەر کتێبـی لـە هــەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلـق)و بێســنوور (لا محـدود)ی خـوادا، نەشـمویســتوە کـە زۆر بەمــلاولادا بچــم و بچمــە نێو هــەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیــدا پسپۆڕو

---

(١) ئەو مەوســووعەیە کە ئێســتا چـاپ کراوەو، کەوتۆتــە بەردەســتی خوێنەران و، ســەرجەم هەشــت بەرگ و دەوری ســێ هــەزارو پێنج ســەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هـەوڵـمـداوە بەگشــتی تێیدا باســی ســەرجەم لایەنـەکانی ئیســلام بکـەم و، تاکـە ســەرچـاوەشم قورئــان بـووە، وێــڕای دەقـەکانی ســوننەت، کـە لـە هــۆش (ذاکـرة)دا بـووون.

شــایانی باســە ئەو مەوســووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبــی ســەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسـانتــر ســوود لێ بینــرانی .

شـــارەزا نیـم، یـان خوێنـــەر پێویســـتی پێـی نیـە، لـە کاتێکـدا دەیـــەوێ لـە قورئان تێبگات و، بزانێ خـوا (تبـارك وتعـالـی) ڕاستەوخۆ چی پێ فـــەرمووە؟!

ئنجا هــەر لێرەشـەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو بـرا گەنجە ڕووح ســووك و گـورج و گـۆڵ و دڵسـۆزە بکـەم (حـەزی نەکـرد نـاوی بهێنـم)، کـە هـەڵسـا بـە نووسـینەوەو هێنـانە سـەر کاغـەزو، پاشـان تایپکـردن و دوایـی پێداچوونـەوەو هەڵەگیـریی، سـەرجـەم ئـەم زنجیـرە دەرسـە، کـە لـە ئەسـڵدا لـە شێوەی وتـار (محـاضرة)دا پێشـکەش کراون، هــەروەها هـەڵسـا بـە (تخريج)ی سـەرجەم دەقەکانی سونەت، لـە سـەرچاوە متمانـە پێکراوەکانـەوەو، زەحمـەت و ماندووبوونێـکی زۆری بـە سـەرجەم بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەوە کێشـــاوە، خـــوا بـە باشتــرین شـــێوە پاداشـتی بداتـەوەو، هــەر صـاڵح و سـاغ و سـەلامەت و ســەربەرزبێ[1]، لـە خـوای بـەرزو بێهـاوتاش داواکارم ئـەو جـۆرە گەنـج و لاوانـە لـە کـوڕان و کچـان، لەنێـو گەلەکەمانـدا، زۆر بـکات .

شـایانی باسیشـە کـە ئێمـە لـەم تەفسیـرەماندا، بـاسی بـەش (جـزء)ەکانی قورئـان و دابەشـکردنەکانی دیکـەی وەك: - (حـزب) - ناکەیـن، چونکـە هـــەر ســـوورەتێك بۆخـــۆی شـــتێکی ســەربەخۆیـــەو، سـەرجەم ئایەتـەکانی وەك ئاڵقـەکانی زنجیرێـك پێکـەوە پەیوەستن و، ئاشکراشـە کـە دابەشـکرانی سـەرجەم قورئـان بـۆ سـی (٣٠) بـەش (جزء) و شەســـت (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایـەن زانایانـەوە کـراوە، بـۆ ئاسـانکاریی خوێنـدنی قورئـــان، دیـارە ئێمـە لـە دابەشـکردنی بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەشـدا، دیسـان حیســـاب بـۆ بەشـەکان (أجـزاء)ی ناکەیـن و، بـە گوێـرەی ســوورەتەکان، بەرگــەکانی دیـاریی دەکەیـن.

---

(١) ئـەو بـــرا دڵســۆزە ئێســـتاش پاش تەواوکردنـی زۆربـەی قورئـان، لێبڕاوانـە بەردەوامـە و عەزمیشــی جـەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمـــان بەردەوام بێ، هەتـــا کۆتـــایی ئەم تەفسیـــرە ســەرگەرمی کارەکـەی بێ .

دوا قسـەشـم ئەوەیـە کە:

ئـەم تەفسـیرە - وەك پێشـتـر گوتمـان - لـە ئەسـڵدا بەشـێوەی دەرس و وتـار پێشـکەش کـراوە، بـەڵام دواتـر خـۆم دووجـار بـە وردیـی پێیـدا چوومـەوەو، بەپێـی پێویسـت دەسـتکارییم کـردوە، دیـارە هـەموو دەرسـێکیش بەنـاوی خـواو سـتایشی خـوا ﷻ دەسـتی پێکـردوە، بـەڵام ئێمـە لـە سـەرەتای دەرسـەکانەوە، ئەوانەمـان لابـردوە، بـۆ زۆر دووبـارە نەبوونـەوەو، ئـەو (خطبـة الحاجـة)یەی لـە سـەرەتای ئـەم پێشـەکەییەوە هاتـوە، لەجیاتی سـەرەتای سـەرجەم دەرسـەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هەولێر

بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنن، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانـة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆمم، دەربارەی کۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ، وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، کەچی ڕەنگە لە تەفسیرەکانی

دیکەش - یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدللـه وحـده والصـلاة والسـلام والـبركات علـى مـن النبـيَّ بعـده، محمـد وآلـه الملتزميـن بهديـه: صحباً وأزواجاً وقرابـة وذريـة والتابعيـن بإحسـانٍ.

خوێنەرە بەڕێز و خۆشەویستەکانم !

سوپاس و ستایشـی شایسـتە بـۆ خـوای کاربەجێی میهرەبـان، ئەمـە بەرگی بیسـت و پێنجەمـە لـە تەفسـیری قورئانـی بـەرز و بەپێـزو، لـەم بەرگەدا سـێ سـوڕەت لـە حەوت سـوڕەتە حامیمەکان تەفسـیرکراون:

١- فصلت
٢- الشورى
٣- الزخرف

شـیاوی گوتنیشـە کـە ئـەم بەرگەش لـەسەر هەمـان میتـۆدی بەرگەکانی پێشـوویەتی و، بـە حـەوت قۆنـاغ هەوڵمانـداوە تیشـکێك بخەینـە سـەر چەمـك و واتـای ئایەتەکانـی هـەرکام لـەو سـێ سـورەتە موبارەکـەی قورئانـی مـەزن، ئنجـا وێـڕای تەفسـیرکردنی سـەرجەم ئایەتەکانـی ئـەو سـێ سـوڕەتە لەهـەر کاێکیشـیاندا چەنـد کورتـە باسـێکمان کـردوون، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

یەکەم : فصلت

١- پێناسەی قورئان بە نۆ سیفەتی سەرەکیی.
٢- کورتەباسێك لەبارەی درووست بوونی گەردوونەوە.
٣- کورتەباسێك لەبارەی شایەدیی لەسەردانی مرۆڤەوە لە قیامەت دا.
٤- کورتەباسێك لە بارەی هاوەڵێتیی فریشتان بۆ برواداران و، شەیتانەکان بۆ بێبڕوایانەوە.
٥- کورتەباسێك لەبارەی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی بانگەوازکارانەوە.

٦- کورتەباسێك لەبارەی دەرکەوتنی بەردەوامی نیشانەکانی خواوە لە ئاسۆیەکان و لە خودی مرۆڤانیشدا.

دووەم: الشـــوری

١- کورتەباسێك: چوار سەرنج لەبارەی خوا و پەیوەندیی لەگەڵ دروستکراوەکانی دا.

٢- کورتەباسێك لەبارەی بەپاککرتنی خواوە، لە وێکچوونی بەدروستکراوەکان.

٣- کورتەباسێك لەبارەی بژیودانی خواو زۆر و کەمکردنیەوە.

٤- کورتەباسێك لەبارەی مانای (قُلْ لا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى) وە.

٥- ڕوونکردنەوەیەك لەسەر: هەبوونی پێرۆ (دابة) لە ئاسمان دا.

٦- کورتەباسێك لەبارەی ڕاوێژەوە.

٧- کورتەباسێك لەبارەی فەرمایشتکردنی خواوە.

٨- کورتەباسێك لەبارەی فەرمایشتی خوا: (مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ) .

سێیەم: الزخـــرف

١- کورتەباسێك لەبارەی عەرەبیی بوونی قورئانەوە.

٢- کورتەباسێك لەبارەی ناڕەوایی شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشینانەوە.

٣- شەش کورتە سەرنج لەبارەی دنیاو دواڕۆژەوە.

٤- هەندێك وردەکاریی مانای (وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا..).

٥- ئازو نیعمەتەکانی بەهەشت و سەرنجێك لەسەر قسەیەکی ڕازیی.

هیواداریشم ئەم بەرگەش کاتی پێویستی لەگەڵ بەسەربردن لەلایەن خوێنەرانی شەیدا و عەوداڵی قووڵ و ڕاست و دروست تێگەیشتنی قورئانی بەرز و بەپێزەوە.

٩ / ربيع الأول / ١٤٤٣ ك

١٥ / ١٠ / ٢٠٢١ ز

تەفسیری سووڕەتی

فُصِّلَت

دەستپێک

بەڕێـــزان!

خوا ﷻ پشتیوان بێ ئەمڕۆ کە (١٨/ ربیع الثاني/ ساڵی ١٤٤١) کۆچییە، بەرانبەر (١٥/ ١٢/ ٢٠١٩)ی زایینی، دەست دەکەین بە تەفسیری سوورەتی (فصلت)، یان سووڕەتی (حم)ی (فصلت).

پێناسەی سووڕەتی (فصلت) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی:

ئەم سووڕەتە چەند ناوێکی بۆ بەکارهاتوون:

١- حمُ السّجْدة

٢- سورة السّجْدة

٣- سورة فصلت

٤- سورة المَصَابيح

٥- سورة الأَقْوَات

٦- سجدة المؤمن.

هەموو ئەو ناوانەی بۆ بەکارهاتوون، بەڵام ئەو ناوەی زیاتر پێی ناسراوە، بریتییە لە: (سُورَةُ فُصِّلَت)، لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە یەکەم وشەیە لە سووڕەتەکەدا.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سـوورەتە بـە یەکدەنگیـی هەمـوو زانایـان سـوورەتێکی مەککەییـەو، هیـچ زانایـەك، هیـچ ئایەتێکـی لـێ هەڵنـەواردوە، بڵـێ: ئـەو ئایەتـە، یـان ئـەو چەنـد ئایەتـە مەدینەییـن.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزیندا:

لـە ڕیزبەندیـی سـوورەتەکانی موصحەفـدا، ئـەم سـوورەتە ژمـارە (٤١)ە، واتـە: لـە پێش ئـەم سـوورەتەدا کـە لـە سـوورەتی فاتیحـەوە پـێ دادێ، چـل سـوورەتی دیکـە هـەن و، ئەمەیـان (٤١)ەمیـن سـوورەتەو، لـە ڕیزبەندیـی دابەزینـدا ئـەم سـوورەتە ژمـارە (٦١)ە، لـە دوای سـوورەتی (**غافـر**) و ، پێـش سـوورەتی (**الزخـرف**) هاتۆتـە خـوار.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

زانایـان لـەو بابەتـەدا یەکدەنـگ نیـن، هەندێکیـان ژمـارەی ئایەتەکانـی سـوورەتی (فصلت)یـان بـە (٥٢) ئایەتـە دانـاوەو، هەندێکیـان بـە (٥٣) ئایـەت، هەندێکـی دیکەیشـیان گوتوویانـە: (٥٤) ئایەتـە، زانایانـی مەککـەو مەدینـە بـە (٥٢)یـان دانـاوە، زانایانـی شـام و بەصـرە بـە (٥٣) یـان دانـاوە، بـەڵام زانایانـی کووفـە بـە (٥٤) ئایەتیان دانـاوەو، زۆربـەی ئـەو موصحەفانـەی کـە لەبـەر دەسـتی ئێمـەدا هـەن، ژمـارە (٥٤) یـان تەبەننیـی کـردوە. پێشـتریش گوتوومانـە: جیاوازیـی لـە ژمـارەی ئایەتەکانـی سـوورەتێکدا دەگەڕێتـەوە بـۆ درێژیـی و کورتیـی ڕسـتەکان، هەندێـك لـە زانایـان ڕسـتەیەکیان کردۆتـە دوو ئایـەت، بـەڵام هەندێکـی دیکەیـان هەمـان ڕسـتەیان کردۆتـە یـەك ئایـەت.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە هەمـان نێوەڕۆکـی سـوورەتە مەککەییەکانـی هەیـە، بـەڵام پانتاییەکـی زۆری ئـەم سـوورەتە بـۆ باسـی قورئـان تەرخانکـراوەو، لـە پێنـج شـوێناندا باسـی قورئـان کـراوەو، بـە هـەر سێك نـاوی (**كتـاب**) و (**قـرآن**) و (**ذکـر**) هاتـوە، سـێ جـار نـاوی (**قـرآن**) هاتـوە، دوو جـار نـاوی (**كتـاب**) هاتـوە، جارێکیـش نـاوی (**ذكـر**) هاتـوە.

لـە دوای باسـی قورئـان، پانتاییەکـی زۆری ئـەم سـوورەتە، بـۆ باسـی ڕۆژی دوایـی تەرخانکـراوە، سـزای خـوا لـە ڕۆژی دوایـی دا و، پاداشـتی خـوا لـە ڕۆژی دوایـی دا، سـزای خـوا بـۆ تاوانبـاران و لادەران، پاداشـتی خـوا بـۆ بـڕواداران و چاکـەکاران.

دوای ئـەوەش پانتاییەکـی بـاش بـۆ خسـتنە ڕووی نیشـانەکانی خـوا (**آیـات اللـه**) تەرخانکـراوە، ئاماژەیەکیـش بـە بەسـەرهاتی هـەردوو گەلـی عـاد و سـەموود کـراوە، هەڵبەتـە هـەر بـە کورتیـی ئاماژەیـان پێکـراوە، لـە سـیاقی باسـکردنی ملهوڕیـی و عینادیـی کافرەکانـی سـەردەمی پێغەمبـەردا ﷺ باسـی عینادیـی و ملهوڕیـی بێبڕوایانـی گەلـی عـاد و سـەموودیش کـراوە، کـە سـەرەنجام چییـان لێهاتـوە؟ کەواتـە: ئێـوەش پەنـد وەربگـرن، یـا بـە مـەرەدی ئـەوان نەچـن!

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە کۆمەڵێـك تایبەتمەندیـی هـەن، ئێمـە لێـرەدا حـەوت تایبەتمەندیـی دەخەینـەڕوو:

١- لەم سوورەتەدا لە ئایەتەکانی: (٩ - ١٢)دا، باسی درێژەی دروستکرانی ئاسمان و زەوی کراوە، لێرەدا چوار ئایەت بۆ ئەو باسە تەرخانکراون، لە هیچ شوێنێکی دیکەی قورئاندا ئاوا باس نەکراوە، کە خوا ﷻ چۆن زەوی بە دوو قۆناغ هێناوەتە دی، دواییش

بە دوو قۆناغ پێکهاتەکانی زەوی و، هەم چیایەکانی تێدا داکوتاون و، هەم بژیوەکانی تێدا داناون، دواتریش بە دوو قۆناغ خوا ﷻ، ئاسمان (واتە: گەردوون)ی دروستکردوە، پێش ئەوەی بە شێوەی حەوت ئاسمانان بیانهێنێتە دی و، ئاسمانی نیزیك ئێمە بە چرایان برازێنێتەوە (کە مەبەست پێی ئەستێرەکان و کەهکەشانەکانن)، پێش ئەوە ئاسمان لە شێوەی دووکەڵێکدا بووە، یان لە شێوەی گازێکدا بووە.

ئەو وردەکارییە بەو شێوازە لە قورئاندا، تەنها لەم چوار ئایەتەی سوورەتی (فصلت)دا بەم شێوازە خراوەتە ڕوو.

٢- لەم سوورەتەدا ئەو بێبڕوایانەی دووچاری دۆزەخ دەبن، داوا لە خوا ﷻ دەکەن: ئەو دووانەی لە جندو مرۆڤ کە گومڕایان کردوون، پێشانیان بدات، تاکو بیانخەنە ژێر پێیان! ئەم تەعبیرە تەنها لێرەدا لە ئایەتی (٢٩)دا هاتوە.

٣- باسی دابەزینی فریشتان بۆ سەر بڕوادارانی ڕاوەستاوو دامەزراوو ئیلهام بۆ کردنیان، ئەویش تەنیا لەم سوورەتەدا بەو شێوەیە هاتوە، لە ئایەتەکانی: (٣٠ - ٣٢)دا، ئەم ڕاستییە خراوەتە ڕوو، مەبەستمان بەم شێوەیە، ئەگەرنا لە زۆر شوێنی قورئاندا باسی هاودەمیی و هاوڕازیی فریشتەکان بۆ بڕواداران کراوە.

٤- باسی ئەوە کە بانگەوازکار بۆ لای خوا ﷻ، قسەکەی باشترین قسەیە، ئەویش تەنیا لەم سوورەتە، لە ئایەتی ژمارە (٣٣)دا، ئەو تەعبیرە هاتوە.

٥- باسی ئەوە کە قورئان لە هیچ لایەکەوە هەڵەو ناهەقیی تێدانیە، نارێکیی و لاچوون و لادان ڕووی تێناکات، ئەوەش لە ئایەتەکانی: (٤١ - ٤٢)دا هاتوە.

٦- باسی ئەوە کە ئەگەر قورئان بە عەجەمیی بووایە، واتە: بە غەیری زمانی عەرەبیی بووایە، بێبڕوایەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕەخنەیان لێدەگرت، کە چۆن پێغەمبەر ﷺ عەرەبەو، قورئان غەیری زمانی عەرەبە (ئەعجەمییە)؟ ئەوەش لە ئایەتی ژمارە (٤٤)دا ئاماژەی پێکراوە، کە لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا باس کراوە.

٧- باسی ئەوە کە خوا ﷻ بەردەوام نیشانەکانی ڕاستییەتی قورئان، یان نیشانەکانی ڕاستییەتی خوا ﷻ، یان نیشانەکانی ڕاستییەتی پێغەمبەر ﷺ، یان هەرسێکیان بەیەکەوە، لە ئاسۆیەکان و لە خودی خۆشیاندا پێشانی مرۆڤەکان دەدات، واتە: بەردەوام ئەو بەڵگەو نیشانانە دەردەکەون کە زیاتر ڕاستێتیی قورئان نیشان دەدەن، یاخود هەقانییەتی پەروەردگارێتیی خوا ﷻ، یاخود هەقانییەتی پێغەمبەر ﷺ کە قورئانی وەك بەرنامەو پەیام لە خواوە بۆ بەندەکانی خوا ﷻ هێناوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە ئەو (٥٤) ئایەتەی ئەم سوورەتە، بۆ شەش دەرسان دابەش دەکەین، بەمجۆرەی خوارەوە:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١٢)، واتە: دوازدە (١٢) ئایەتی سەرەتای سوورەتەکە دەگرێتە خۆی، خوا ﷻ باسی قورئان دەکات، پاشان باسی پێغەمبەر ﷺ دەکات، پاشان باسی یەکتایی خوا ﷻ، دواتریش باسی چۆنیەتی دروستکردنی خوا بۆ گەردوون، پێشێ باسی زەویی و پێکهاتەکانی زەوی، دواتریش باسی پێکهاتەکانی ئاسمان، دەکات.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٣ - ١٨)، واتە: شەش (٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی هەردوو گەلی عادو سەموود دەکات، هەروەها چۆنیەتی فەوتێنرانیان دەخاتە ڕوو، کە گەلی عاد پێغەمبەرەکەیان هود ﷺ بوو و، گەلی سەموود پێغەمبەرەکەیان صالّح ﷺ بووە.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (١٩ - ٢٩)، واتە: یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان لە ڕۆژی دوایی دا، کە چۆن پێست و ئەندامەکانیان شایەدییان لەسەر دەدەن و، فریشتەکان سەرزەنشت و سەرکۆنەیان دەکەن، هەروەها باسی چەند هەڵوێستێکی بێبڕوایان لە دژایەتیی قورئان و دژایەتیی پێغەمبەردا ﷺ، دواتریش چۆنیەتی پەشێمان بوونەوەیان لە

دۆزەخ دا، کە داوا لە خوا ﷻ دەکەن ئەوەی بۆتە هۆی گومڕاکردنیان لە مرۆڤ و لە جند، پێشانیان بدەن تاکو بیانخەنە ژێر پێیان.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٣٠ - ٣٩)، واتە: دە (١٠) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی بەندە چاك و دامەزراوەکانی خوا، کە فریشتەکان دادەبەزنە سەریان و، باسی بانگەوازکردن بۆ لای خوا ﷻ کە چ پلەو پایەیەکی گرنگی هەیە، هەروەها ڕەوشتەکانی بانگەوازکاران، دواتر باسی هەندێك لە نیشانەکانی خوا ﷻ، وەك: شەو، ڕۆژ، مانگ، خۆر، زەوی کاتێك کە باران دادەبارێتە سەری، چۆن زیندوو دەبێتەوەو بەرز دەبێتەوەو، پڕ دەبێت لە ژیان و جموجۆڵ.

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٤٠ - ٤٥)، واتە: شەش (٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، خوا جارێکی دیکە باسی قورئان دەکات، هەروەها باسی ئەو خێرو بەرەکەتەی لە قورئاندا هەیە، هەروەها ئەو بەدبەختییەی بێبڕوایەکان کە چۆن لە بەرانبەر قورئاندا کوێرو کەڕن! لە جیاتی ئەوەی پێشوازیی لەو نوور و بەرەکەتەی خوا ﷻ بکەن، پشتی تێدەکەن!.

دەرسی شەشەم و کۆتایی: ئایەتەکانی: (٤٦ - ٥٤)، واتە: نۆ (٩) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی سەرەنجامی بێبڕوایان، کە چۆن لە ڕۆژی دوایی دا تووشی پەشێمانیی دەبن و تووشی بەدبەختیی دێن، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا چەند باس و بابەتێکی دیکە تێکەڵی ئەوە کراون.

کۆتا باس: جارێکی دیکە باسی قورئانە، کە خوا ﷻ جارێکی دیکە ڕایدەگەیەنێ لە مەودوا، واتە: تاکو ژیانی دنیا بەردەوام بێ، بەردەوام ئێمە نیشانەکانی خۆمان لە ئاسۆیەکان و، لە خۆشیاندا پێشان دەدەین، تاکو زیاتر بۆیان دەرکەوێ کە قورئان هەقە، یاخود خوا ﷻ هەقە، ئەوەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە قورئان فەرمایشتی دابەزێنراوی زاتێکە، کە ئاگاداری هەموو شتێکەو دەوری هەموو شتێکی داوە.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە دوازدە (١٢) ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە پێکدێ، واتە: ئایەتەکانی: (١ - ١٢)، لەو ئایەتانەدا باسی دوو بابەتی گرنگ کراوە:

یەکەم: باسی قورئان و، سەرەنجامی خراپی بێبڕوایان بە قورئان، هەروەها سەرەنجامی باشی بڕواداران بە قورئان.

دووەم: باسی یەکتایی خوا ﷻو، چۆنیەتی دروستکردنی گەردوون لە لایەن خواوە، کە سەرەتا باسی زەوی دەکات، لەبەر گرنگیی بە نسبەت ئێمەوە، دواتر باسی دروستکردنی ئاسمان و گەردوون بە گشتیی دەکات، کە لە ڕاستییدا زەوی ئێمە بەشێکی بچووکی گەردوونە، بەڵام لەبەر گرنگیی زەوی بۆ ئێمە، خوا ﷻ سەرەتا باسی قۆناغەکانی دروستکردنی زەوی دەکات بە چوار قۆناغ، دوو قۆناغ بۆ دروستکردنی زەوی و، دوو قۆناغیش بۆ تێیدا داکوتانی چیایەکان و، تێدا ئەندازەگیریی کردنی بژێوەکان، هەروەها خوا ﷻ بە دوو قۆناغ باسی دروستکردنی ئاسمان دەکات، کە سەرەنجام هەمووی بە یەکەوە دەبنە شەش قۆناغ.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا
عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿٤﴾
وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ
فَٱعْمَلْ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ﴿٥﴾ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ
فَٱسْتَقِيمُوٓا۟ إِلَيْهِ وَٱسْتَغْفِرُوهُ ۗ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم

بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴿٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ
مَمْنُونٍ ﴿٨﴾ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا
ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَـٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ
أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا
طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَـٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ
سَمَآءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَـٰبِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿١٢﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

(بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، حا میم ﴿١﴾ (دابەزاندنی قورئان)
دابەزاندنە لە (خوای) بە بەزەیی بەخشندەوە ﴿٢﴾ کتێبێکە ئایەتەکانی
ڕوونکراونەوە، قورئانێکە بە (زمانی) عەرەبیی، بۆ کۆمەڵێك کە بزانن ﴿٣﴾
موژدەدەرو ترسێنەرە (بۆ خەڵکی) کەچی زۆربەیان پشتیان هەڵکرد، بۆیە نابیستن
﴿٤﴾ گوتیشیان: لە بەرانبەر ئەوەدا کە ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، دڵ (و عەقڵ)
ەکانمان لە کیفان دان (پەردەپۆش کراون)و، قورسایی لە گوێیەکانمادایەو، لە نێوان
ئێمەو تۆدا (هەر لە ئێمەوە تاکو دەگاتە تۆ) پەردە و نێوان هەیە، دەجا تۆ
کاری خۆت بکەو، ئێمەش ئەنجامدەر (ی کاری خۆمان)ین ﴿٥﴾ (ئەی موحەممەد!)
بڵێ: من تەنیا مرۆڤێکی وەك ئێوەم، سروشم بۆ لا دەکرێ کە پەرستراوتان یەك
پەرستراوە، دەجا بە ڕێك و ڕاستیی بەرەو لای بچن و، داوای لێبوردنی لێ بکەن
و، سزای سەخت بۆ هاوبەش دانەران ﴿٦﴾ ئەوانەی زەکاتێ نادەن و، ئەوانەی
بە مەنزڵگای کۆتاییش بێبڕوان ﴿٧﴾ بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە
باشەکان دەکەن، پاداشتی نەبڕاوەیان هەیە (لە ڕۆژی دوایی دا) ﴿٨﴾ بڵێ: ئایا

ئێـوە بـەو كەسـە بێبـڕوان كـە زەوی لـە مـاوەی دوو ڕۆژانـدا (بـە دوو قۆناغـان) دروسـتكردووەو هاوتایانـی بـۆ دادەنێـن؟ ئـا ئـەوە (خـوای) پـەروەردگاری جیهانییانـە ﴿٩﴾ (چیـا) چەسپاوەكانیشـی لەسـەر داناون و پیـت و پێـزی تێخسـتووەو، بژێوەكانـی تێـدا ئەندازەگیریـی كـردوون، لـە مـاوەی چـوار ڕۆژانـدا (بـە چـوار قۆنـاغ) یەكسـان (پڕ بـە پێسـت لەگـەڵ داخوازیـی) داواكارانـدا ﴿١٠﴾ دوایـی ویسـتی ئاسـمان دروسـت بـكات، كـە لـەو كاتـەدا دووكـەڵ بـوو (خـوا) بـە وی (بـە ئاسـمان)و بـە زەوی فەرموو: چارو ناچـار وەرن (پەیدابـن)، گوتیـان: فەرمانبەرانـە هاتیـن (پەیدابوویـن) ﴿١١﴾ ئنجا (خـوا) لـە شـێوەی حـەوت ئاسـماندا لـە مـاوەی دوو ڕۆژ(قۆنـاغ)ان دا پەیـدای كـردن (ڕێكیخسـتن) سروشیشـی كـرد بـە ئەنجامدانـی كاروبـاری هـەر ئاسـمانێك و، ئاسـمانی نیزیكتریـش (لـە ئێوە)مـان بـە چرایـان (ئەسـتێرەكان) ڕازانـدووەو، بـۆ پاراسـتنیش (لـە گـوێ گرتنـی شـەیتانەكان، پریشـك و بڵێسـەكانیان بەكاردێنیـن) ئـەوە ئەندازەگیریـی (خـوای) زاڵـی زانایـە ﴿١٢﴾).

شیكردنەوەی هەندێ لە وشەكان

(**فُصِّلَتْ**): (**الفَصْلُ: إِبَانَةُ أَحَدِ الشَّيئَينِ مِنَ الآخَرِ حَتَّى يَكُونَ بَيْنَهُمَا فُرْجَةٌ**)، (**فُصِّلَتْ أي: بُيِّنَت وَوُضِّحَتْ**)، (فَصْل): بریتیـە لـەوە كـە دوو شـت لـە یـەك جیابكرێنـەوە تـا كەلێنێكیـان دەكەوێتێ.

كەواتـە: لێـرە كـە دەفەرمـوێ: ﴿ فُصِّلَتْ ءَايَتُهُۥ ﴾، واتـە: ئایەتـەكانی قورئـان، ڕوونكراونـەوەو ڕۆشـنكراونەوە، كـە مەبەسـت ئەوەیـە ئایەتـەكان لـە خـودی خۆیاندا، مانـا ڕۆشـنن.

(**أَكِنَّةٍ**): (**الكِـنُّ: مَـا يُحْفَـظُ فِيـهِ الـشَّيءُ، كَنَنْـتُ الـشَّيءَ كَنَّـاً، وَالجَمْـعُ: أَكْنَـان، وَالكِنَـانُ: الغِطَـاءُ وَالجَمْـعُ: أَكِنَّـة**)، (كِـنّ): هـەر شـوێنێك كـە شـتێكی تێـدا پەنهـان

دەكرێ، دەگوترێ: (كَنَنْتُ الشَّيءَ كَنّاً) واتە: ئەو شتەم پەنهانكرد، كۆی (كِنْ) یش (أَكْنَان)ە، وەك دەفەرموێ: ﴿مِّنَ ٱلْجِبَالِ أَكْنَٰنًا ﴿٨١﴾﴾ النحل، واتە: لە چیاكاندا كون و پەناگەمان ڕەخساندوون، بەڵام (أَكِنَّة) كۆی (كِنَان)ە، (كِنَان) بە مانای (غِطَاء) واتە: پەردە، یان كیف، یان هەر شتێك، شتێكی تێبكرێ، دێ.

(وَقْرٌ): (الوَقْرُ: الثِّقَلُ فِي الأُذُنِ)، قورساییەك كە لە گوێدا بێ، دیارە گوێ ئەگەر شتێكی قورسی تێبكرێ، نابیستێ، بەڵام (الوِقْرُ: الحِمْلُ)، (وِقْر): بە مانای بار دێ، بارێك كە هەڵدەگیرێ، بەڵام (وَقْر) بە مانای قورسایی دێ.

(حِجَابٌ): (الحَجْبُ والحِجَابُ: المَنْعُ مِنَ الوُصُول)، وشەی (حَجْب، حِجَاب): بریتیە لە ڕێگرتن لە گەیشتنی شتێك، واتە: پەردەو نێوان و سێوان.

(غَيْرُ مَمْنُونٍ): (مَنّ) بە مانای (قَطْع) دێ و بە مانای قورساییش دێ، ﴿غَيْرُ مَمْنُونٍ﴾ یانی: (غَيْرُ مَعْدُودٍ) واتە: نەژمێرراوە، یان (غَيْرُ مَقْطُوعٍ) نەبڕاوە، یان (غَيْرُ مَنْقُوصٍ) واتە: هیچ كەم و كوڕیی تێدانیە.

(أَندَادًا): (أَنْدَاد جَمْعُ نِدّ، نِدُّ الشَّيءِ: مُشَارِكُهُ فِي جَوهَرِهِ، وَذَلِكَ ضَرْبٌ مِنَ المُمَاثَلَة)، (نِدّ) بە (أَنْدَاد) كۆدەكرێتەوە، بریتیە لە هاوبەشی شتێك لە جەوهەرو چییەتیدا، دەگوترێ: (هَذَا نِدُّ هَذَا) واتە: ڕێك وەك ئەوە لە جەوهەرو چییەتیدا، كە دیارە بەشداری شتێك لە جەوهەرەكەیدا، جۆرێكە لە وێكچوون و وەك یەك بوون.

(رَوَاسِيَ): (رَسَا الشَّيءُ يَرْسُو رَسًا: أَي ثَبَتَ، وَأَرْسَاهُ غَيْرُهُ: ثَبَّتَهُ، وَالرَّوَاسِي: أَي الجِبَالُ الثَّابِتَات)، (رَسَا الشَّيءُ يَرْسُو رَسًّا) واتە: ئەو شتە چەسپا، دەچەسپێ، چەسپان، بەڵام (أَرْسَاهُ)، یانی: چەسپاندی (ثَبَّتَهُ)، (رَوَاسِي) واتە: چەسپاوەكان، كە بێگومان ئەوە سیفەتی وەسفكراو (موصوف)ێكی قرتێنراوە، یانی: (الجِبَالُ الرَّوَاسِي) واتە: چیایە چەسپاوەكان.

(وَبَٰرَكَ فِيهَا): پیت و پیّزی تیّخست، (الْبَرَكَةُ: ثُبُوتُ الخَيْرِ، وَالْمُبَارَكُ مَا فِيهِ ذَلِكَ الْخَيْرُ)، (بَرَكَة): بریتیە لە چەسپانی خیّرو چاکە لە شتیّکدا، (مُبَارَك): ئەوەیە کە ئەو خیّرو چاکەیەی تیّدابیّ، واتە: بەرهەمدار، بە پیّز.

(أَقْوَٰتَهَا): (القُوتُ: مَا يُمْسِكُ الرَّمَقَ، قَاتَهُ يَقُوتُهُ قُوتاً أي: أطْعَمَهُ قُوتَهُ، وَأَقَاتَهُ يُقِيتَهُ: جَعَلَ لَهُ مَا يُقُوتُهُ)، (أَقْوَات) کۆی (قُوت)ە، (قُوت): هەر شتیّکە کە مرۆڤ پیّی بژی و پشتی ڕابگریّ، دەگوتریّ: (قَاتَهُ يَقُوتُهُ قُوتاً أي: أطْعَمَهُ قُوتَهُ) واتە: بژیوەکەی پیّدا، بەڵام (أَقَاتَهُ يُقِيتُهُ) واتە: بژیوەکەی بۆ دانا، شتیّك کە پیّی دەژی بۆی تەرخانکرد.

(ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ): ڕووی کردە ئاسمان، ویستی ئاسمان بنیّتە دی، (إسْتَوَى إذَا عُدِّيَ بِـ «إلَى» اقْتَضَى مَعْنَى الإنتِهَاءِ إلَيْهِ) وشەی (إسْتَوَى) ئەگەر بەرکار بە هۆی (إلَى)وە بخوازێ، ئەوە مانای پیّگەیشتن دەگەیەنیّ، بەڵام ئەگەر بە (عَلَى) بەرکار بخوازێ (اسْتَوى عَلَى الْعَرْش) ئەوە مانای بەرزبوونەوە، یاخود چوونە سەر، نیشتەجیّ بوون لەسەری دەگەیەنیّ.

(دُخَانٌ): (الدُّخَانُ: العُثَانُ الْمُسْتَصْحَبُ لِلْهِيبِ)، (دُخَان): ئەو دووکەڵەیە کە لەگەڵ گڕو بڵێسەدایە، بە کوردیی هەر دەڵێین: دووکەڵ.

(طَوْعًا): (الطَّوْعُ: الإنْقِيَادُ وَيُضَادُّهُ: الكُرْهُ)، (طَوْع) واتە: ملکەچیی، ملکەچییەکی خۆشحاڵانە، پێچەوانەکەی بریتیە لە (کُرْه) ناخۆشحاڵیی، پێناخۆش بوون.

(كَرْهًا): (قِيلَ: الكَرْهُ وَالْكُرْهُ وَاحِدٌ، نَحْو الضَّعْف وَالضُّعْف، وَقِيلَ: الكَرْهُ: الْمَشَقَّةُ الْخَارِجِيَّةُ، وَالْكُرْهُ: الْمَشَقَّةُ الدَّاخِلِيَّة)، هەندێك گوتوویانە: (كَرْهُ، كُرْهُ) واتاکەیان هەر یەکە وەك (ضَعْف، ضُعْف) هەردووکی بە مانای بێهێزین، (كَرْهُ، وكُرْهُ)یش یانی: ناخۆشیی و پێناخۆش بوون، هەندێکیش گوتوویانە: (كَرْه): بریتیە لەو نارەحەتییەی تووشی مرۆڤ دێ، بە هۆی هۆکارێکی دەرەکییەوە، بەڵام (كُرْه): بریتیە لەو پێناخۆش بوونەی بە هۆی هۆکارێکی نێوخۆییەوە تووشی مرۆڤ دێ.

(فَقَضَىٰهُنَّ): تێکیپەڕاندن، دروستیکردن (**القَضَاءُ: فَصْلُ الأَمْرِ قَوْلاً ذَلِكَ كَانَ أَوْ فِعْلاً**)، (**قَضَاء**): بریتیە لە تێکپەڕاندنی کارێك، ئنجا بە قسە بێ (قسەکە بکرێ)، یاخود کارێك بێ ئەنجام بدرێ.

(ٱلدُّنْيَا): (**الأَقْرَبُ، مُؤَنَّثُ الأَدْنَى مِثْلُ: الأَقْصَى وَالقُصْوَى**)، (**دُنْيَا**) یانی: (**أَقْرَب**) نیزیکتر، کە مێینەی مەجازیی (**أَدْنَى**)یە، (**الأَدْنَى**) یانی: نیزیکتر، ئنجا ئەگەر حاڵەتی مێینەی لێ بگری دەڵێی: (**الدُّنْيَا**)، (**الحَيَاةُ الدُّنْيَا**) یانی: ژیانی نیزیکتر لە ئێمە، (**الآخِرَة**)ش بۆیە وای پێ دەگوترێ، لەبەر ئەوەی لە دوایی دێت، وەك (**أَقْصَى**) واتە: دوورتر، (**قُصْوَى**) هەر بە مانای دوورتر، بەڵام (**أَقْصَى**) بۆ حاڵەتی نێرینەی مەجازییە، (**قُصْوَى**) بۆ حاڵەتی مێینەی مەجازییە.

(بِمَصَٰبِيحَ): (**مَصَابِيح جَمْعُ مِصْبَاح، وَهُوَ السِّرَاجُ، وَالمَقْصُودُ بِالمَصَابِيح: الكَوَاكِبُ وَالنُّجُوم**)، (**مِصْبَاح**) بە (**مَصَابِيح**) کۆدەکرێتەوە واتە: چرا، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾، واتە: ئاسمانی نیزیکتر لە ئێوەمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، مەبەست پێی ئەستێرەکانن کە تیشك دەدەن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم سووڕەتەدا هەروەك لە پێناسەکەیدا باسمان کرد، زۆر باسی قورئان دەکات، هەروەها هەڵوێستی بێبڕوایەکان لە بەرانبەر قورئانداو، چەند ڕاستییەکی دیکەشی تێدا خراونەڕوو:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، یانی: دەستپێکردنم بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندەیە، یاخود دەستپێدەکەم بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، زۆر جار ئەمەمان گوتوە، بەڵام لێرەش دووبارەی دەکەینەوە:

مادام خوا ﷻ سەدو چوارده (١١٤) جاران لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، ئەوە دەهێنێ کە ماناکەشی دووبارە بکرێتەوە، کاتێك کە مرۆڤ دەڵێ: بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، دەبێ بەلایەنی کەمەوە چوار واتایان لە عەقڵ و دڵی خۆیدا ئامادە بکات:

١- بە ناوی خوا دەستپێدەکەم، نەك بە ناوی خۆم، یان هەر کەس و هەر شتێکی دیکە.

٢- ئەو کارە بۆ ڕازیبکردنی خوا ئەنجام دەدەم.

٣- ئەو کارە بە پێی بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەو کارە بە یارمەتیی و هاوکاریی خوا ئەنجام دەدەم، نەك بە شان و شەوکەتی خۆم.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿حمٓ ۞ ١﴾، ئەمانە دوو پیتن، (حا) و (میم) پێشتریش باسمان کردوە: حەوت سووڕەت لە قورئاندا کە پێیان دەگوترێ: (حەوا میم) یان خاوەن حامیمەکان (**ذوات حم**)، هەموویان بە (**حم**) دەست پێ دەکەن، ئەمەش دووەمین سووڕەتەو، یەکەم سووڕەتیان (**غافر**) بوو.

ئێمە لە سەرەتای سووڕەتی (**البقرة**)دا، باسمان کرد، بەڵام بە درێژتر لە سەرەتای سووڕەتی (**یونس**)دا، باسی ئەو (٢٩) سووڕەتەمان کردوە، کە بەو پیتە پچڕ پچڕانە دەستپێدەکەن، کە تەنیا دووانیان مەدینەیین و ئەوانی دیکە مەککەیین، ئنجا هەیانە بە پیتێك دەست پێ دەکات، وەك (**ص، ق، ن**)، هەشیانە بە دوو پیتان دەست پێ دەکات، وەك (**حم**)، (**طه**)، (**یس**)، (**طس**)، هەشیانە بە سێ پیتان وەك (**الم**)، (**الر**)، (**طسم**)، هەشیانە بە چوار پیتان وەك (**المر**)، (**المص**)، هەشیانە بە پێنج پیتان وەك (**کهیعص**)، لەوێدا بە درێژیی باسمان کردوە، لێرەدا باسی ناکەینەوە.

ئەوەندە هەیە خوا ﷻ ئەو سووڕەتانەی بەو پیتانە دەستپێکردوون، کە هەموو جۆرە پیتەکانیان تێدان، زیاتر مەبەست پێی ئەوەیە: ئەی مرۆڤەکان!

ئەی جند! ئەو قورئانەی لەبەر دەستی ئێوەدا هەیە، هەر لەو پیت و دەنگانە پێکهاتوە، کە ئێوە قسەیان پێدەکەن و، پێیان دەنووسن و، بەکاریان دێنن، واتە: کەرەستەکە لەبەر دەستی ئێوەشدا هەیە، ئنجا ئەگەر نەتانتوانی قورئانێکی وا بێنن، یاخود دە (١٠) سوورەت، یان تەنها سوورەتێك بێنن، کەواتە: دڵنیابن: خوا ﷻ ئەو قورئانەی هەر لەو کەرەستەیە هێناوەتە دی، کە لەبەر دەستی ئێوەشدا هەیەو، بزانن کە بێژەری ئەو فەرمایشتە (قورئان) تەنها خوا ﷻ خۆیەتی، نە موحەممەد ﷺ خاوەنیەتی و، نە هیچ کەسێك فێری کردوە، بەڵکو بێژەری ئەو فەرمایشتە بێ وێنەیە، تەنیا خوایە ﷻ.

هەروەك چۆن خوا ﷻ لە ماددەی بێ ژیان، ئەو هەموو جۆرە زیندەوەر و ژیاندارانە دروست دەکات، ئەو هەموو دروستکراوانەی ژیانیان هەیە، بەڵام ئێوە تەنها دەتوانن لەو ماددەیە کەل و پەلی بێ ژیان دروست بکەن، بە هەمان شێوەش خوا لەو پیت و دەنگانە، ئەو فەرمایشتەی هێناوەتە دی، کە ئێوە ناتوانن نەك وێنەی وەك قورئان، بەڵکو هی دە (١٠) سوورەتی، یاخود هی سوورەتێکی سێ ئایەتییش بێنن، کەواتە: بزانن ئەوە فەرمایشتی خوایە.

﴿ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، دابەزێنراوە لەلایەن (خوای) بە بەزەیی بەخشندەوە، لێرەدا (**تَنزِيل**)، دەبێتە گوزارە (**خبر**) بۆ (**الرَّحْمَن الرَّحِيم**)، واتە: دەبێتە: (**هذا تَنزِيلٌ مِنَ الرَّحمانِ الرَّحِيم**)، یان هەمووی بەیەکەوە دەبێتە نیهاد (**مبتدأ**) بۆ دوای خۆی.

﴿ كِتَٰبٌ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ﴾، کتێبێکە ئایەتەکانی ڕۆشن کراونەوە، واتە: کە دابەزێنراوە ئایەتەکانی بە ڕۆشنیی دابەزیون، نەك پێشێ ئایەتەکانی ناڕۆشن بووبن و، دوایی خوا ﷻ ڕوونی کردبنەوە، یانی: خوا ئایەتەکانی بە ڕۆشنیی دابەزاندوون، ﴿ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا ﴾، قورئانێکە بە زمانی عەرەبیی، ئنجا زمانی عەرەبیی ناوونیشانێکە بۆ زمانی گەلی عەرەب کە قسەی پێدەکەن، بەڵام وێرای

ئـەوەش وشـەی عەرەبیـی بـە مانـای ڕۆشـنیش دێ، دەگوتـرێ: (أَعْـرَبَ عَـنْ رَأْيِـهِ) واتـە: ڕایەکـەی خـۆی دەرخسـت.

وەك لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەر ﷺ هاتـوە: {وَالثَّيِّـبُ تُعْـرِبُ عَـنْ نَفْسِـهَا}(١)، واتـە: ئافرەتـی بێـوەژن خـۆی قسـەی خـۆی دەکات، لەبـەر ئـەوەی تاڕاددەیـەك شـەرمی شـكاوە، خـۆی دەتوانـێ بڵـێ ڕازییـە، یاخـود ڕازیـی نیـە، بـەو پیـاوە، (تُعْـرِب) واتـە: ڕای خـۆی بـە ڕوونیـی ڕادەگەیەنـێ.

﴿لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾، ئـەم قورئانـە بـۆ كۆمەڵێـك هاتـوە، كـە بزانـن، وەك پێشـینان دەڵێـن: (قـەدری زێـڕ لـە لای زێڕنگـەرە)، كەواتـە: كـێ لـەم قورئانـە بەهرەمەنـد دەبـێ؟ كەسـێك كـە زانـا بـێ و زانسـتی لـەلا بـێ، لـە ڕاستییدا مـرۆڤ بـە ئەنـدازەی ئـەوەی زانیاریـی لەلایـە، لـە قورئـان تـێ دەگات، ئـەو هەمـوو نهێنییانـەی لـە قورئاندا هـەن، ئـەو هەمـوو حیكمـەت و سـوودانەی لـە قورئانـدا هـەن، ئـەو هەمـوو نـوور و پیـت و بەرەكەتـەی لـە قورئانـدا هەیـە، بـۆ كەسـێك زیاتـر زانـراو دەبـێ، زانیاریـی زیاتـری لـەلا بـێ.

﴿بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾، مـوژدەدەرەو ترسـێنەرە، یاخـود دڵخۆشـكەرو ورياكەرەوەيـە، بـۆ كـێ؟ بـۆ خەڵـك هاتـوە كـە موژدەیـان پێبـدات، ئەگـەر شـوێنی بكـەون و بـڕوای پـێ بێنـن، مـوژدەی خێـر و خۆشـیی دنیـاو سـەرفرازیی دواڕۆژیـان پێـدەدات، بـە پێچەوانەشـەوە: ئەوانـەی پشـتی تێدەكـەن، دەیانترسـێنێ و وریایـان دەكاتـەوە، كـە هـەم لـە دنیـادا تووشـی نارەحەتیـی و پەشـێمانیی دێـن، هـەم لـە ڕۆژی دواییشـدا تووشـی سـزاو ئـازاری خـوا ﷻ دێـن، ﴿فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾، زۆربەیـان پشـتیان هەڵكـرد، بۆیـە نابیسـتن، بـە زۆریـی وایـە كـە مـرۆڤ پشـتی لـە شـتێك كـرد، نایبیسـتێ، مەبەسـت لێـرەدا بێبڕوایەكانـی ڕۆژگاری پێغەمبـەرە ﷺ

---

(١) {عَـنْ عَـدِيِّ بْـنِ عَمِـيرَةَ الْكِنْـدِيِّ ﷺ، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللـهِ ﷺ: الثَّيِّـبُ تُعْـرِبُ عَـنْ نَفْسِـهَا، وَالْبِكْـرُ رِضَاهَـا الصَّمْـتُ} أخرجـه ابـن ماجـه: ١٨٧٢، وأحمـد: ١٧٧٥٨، والطـبراني: ٢٦٤.

دەشکونجێ مەبەست پێی بەس ئەوان نەبێ، بەڵکو کۆی مرۆڤایەتیی بێ، کە لە ڕاستییدا مرۆڤایەتیی زۆربەی پشتی لێ هەڵدەکات و نابیستێ.

﴿ وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ ﴾، کافرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ گوتیان: دڵەکانی ئێمە لە کیفاندان، پێشتریش باسمان کرد، (أَكِنَّة) کۆی (كنان)ە، واتە: (غطاء)، پەردە، یانی: پەردە پۆش کراون و لە کیف و توورەکان دان، ﴿ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ ﴾، لە بەرانبەر ئەوەدا کە ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، دڵمان لە کیفدایە، عەقڵمان داخراوە و، پەردە پۆش کراوە، ﴿ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ ﴾، گوێیەکانیشمان قورسایی تێدایە، ﴿ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ ﴾، لە نێوان ئێمەو تۆدا، پەردەو نێوان هەیە، دیوار هەیە، ئنجا وەك زانایانی ڕەوانبێژیی دەڵێن، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ ﴾، ئەم (مِن) بریتیە لە (مِن)ی دەستپێکردن (إبتدائیة)، یانی: هەر لە لای ئێمەوە تاکو دەگاتە تۆ، هەمووی پەردەو نێوانە، واتە: پەردەو نێوانێکی زۆر ئەستوور هەیە، ﴿ فَٱعْمَلْ إِنَّنَا عَـٰمِلُونَ ﴾، تۆ کاری خۆت بکە، ئێمەش ئەنجامدەری ئەوەین کە بە باشی دەزانین، واتە: گوێت بۆ ناگرین و، پەیامەکەت لێ وەرناگرین.

خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، تۆ بڵێ: من تەنیا مرۆڤێکم وەك ئێوە، واتە: لەو ڕووەوەی کە مرۆڤم، منیش وەك ئێوەم، ﴿ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ﴾، سروشم بۆ لا دەکرێ و، پەیامم بۆ لا دەنێردرێ، ﴿ أَنَّمَآ إِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ﴾، کە پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، واتە: جیاوازییەکەم لەگەڵ ئێوە هەر ئەوەیە، کە من وەحییم بۆ دێ و، خوای پەروەردگار بە شێوەی پەنامەکیی دەمدوێنێ و سروشم بۆ دەکات، ئەگەرنا من لافی هیچ ئیمتیازێك بەسەر ئێوەدا لێنادەم، بڵێم من فریشتەم، یان من لە ئێوە چاکترم یان ... هتد، بەڵام من ڕەوانەکراوی خوام، خوا ﷻ سروشم بۆ دەکات، ئێوەڕۆکی ئەو سروش و پەیامەش ئەوەیە کە پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، ﴿ فَٱسْتَقِيمُوٓا۟ إِلَيْهِ ﴾، ئنجا بەرەو لای وی خۆتان ڕاست بکەن، ﴿ وَٱسْتَغْفِرُوهُ ﴾، هەروەها

داوای لێبوردنی لێبکەن، ﴿ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ ﴾، هاواریش، یاخود سزای سەختیش بۆ هاوبەشدانەران.

﴿ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، ئەوانەی زەکات نادەن، واتە: لە ماڵی خۆیان نابەخشن بە هەژارو نەداران، ئەوە واتایەکی، واتایەکی دیکەی، واتە: خۆیان پاك و چاك ناکەن، خۆیان تەزکیە ناکەن، ﴿ وَهُم بِٱلْـَٔاخِرَةِ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴾، ئەوانیش بەرانبەر بە ڕۆژی دوایی بێبڕوان.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، ﴿ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، کردەوە چاکەکانیشیان ئەنجام داون، چ پەیوەندییان بە دڵ و دەروونیانەوە هەبێ و، چ پەیوەندییان بە دەرو زمانیانەوە هەبێ، چ پەیوەندییان بە کردەوەی ئەندامەکانیانەوە هەبێ، کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون بە دڵ و زمان و لاشەیان، ﴿ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴾، ئەوانە پاداشتێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە، یاخود پاداشتێکی بێ کۆتایی، یاخود پاداشتێکی بێ کەم و کوڕیی.

ئنجا خوا ﷻ لە دوای بابەتی یەکەم، کە پەیوەندیی بە قورئانەوە هەبوو، دێتە سەر بابەتی دووەم کە دروستکردنی گەردوونە، دەفەرموێ:

﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ ﴾، (ئەی موحەممەد ﷺ!) بڵێ: ئایا ئێوە بێبڕوا دەبن بەوەی کە زەوی لە ماوەی دوو ڕۆژاندا هێناوەتە دی؟! واتە: بە دوو قۆناغ زەوی دروستکردوە، ﴿ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ﴾، ئایا هاوتایانی بۆ دادەنێن؟! ﴿ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾، ئا ئەوە پەروەردگاری جیهانییانە، واتە: ئەو شایستەی ئەوە نیە کەسی دیکە، وەك وی تەماشا بکەن و، بیکەن بە هاوتای، خوا زەوی بە دوو قۆناغان هێناوەتە دی.

ئنجا باسی پێکهاتەکانی زەوی دەکات، باسی گرنگترین پێکهاتەکانی دەکات کە چیایەکان و، پیت و پێز تێدا دانران و، بژیو تێدا دانرانیەتی: ﴿ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ

﴿ مِن فَوۡقِهَا ﴾، هەروەها چیایە چەسپاوەکانی لە سەرووی داناون، ﴿ وَبَٰرَكَ فِيهَا ﴾، پیت و پێزی خستۆتە نێو زەوی، ﴿ وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقۡوَٰتَهَا ﴾، هەروەها بژێوەکانی تێدا ئەندازەگیریی کردوون، هەموو ئەمانە لە ماوەی چەند ڕۆژدا؟ ﴿ فِيٓ أَرۡبَعَةِ أَيَّامٖ ﴾، لە ماوەی چوار ڕۆژاندا، واتە: بە چوار قۆناغ، ﴿ سَوَآءٗ لِّلسَّآئِلِينَ ﴾، ئەو پیت و پێزەی تێیدا دایناوە، ئەو بژێوەی تێیدا هێناویەتە دی، ڕێك پڕ بە پێستە لەگەڵ داوای داواکاراندا، واتە: پێویستییەکانی هەموو ئەو خەڵکەی کە بە زمانی حاڵ داوا لە خوا دەکەن، هەموو ئەو پێویستییانەی تێدا داناون.

لێرەدا مەبەست لەوە نیە کە خوا ﷻ بە دوو ڕۆژان زەوی دروست کردبێ و، هەروەها بە چوار ڕۆژانیش پێکهاتەکانی، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە کە خوا ﷻ بە دوو قۆناغ زەوی هێناوەتە دی، دواتر بە دوو قۆناغ پێکهاتەکانی دروستکردوون، کەواتە: هەمووی بە یەکەوە دەکاتە چوار قۆناغ، دوو کۆ دوو دەکاتە چوار (٢+٢= ٤)، واتە: زەوی پێکهاتەکانی لە ماوەی چوار ڕۆژاندا هاتوونە دی.

زانایان لەوەدا گوتوویانە: وەك تۆ بڵێی: بە دوو سەعاتان لە هەولێرەوە چوومە سلێمانی، دوایی بە چوار سەعاتان چوومە کەلار، واتە: لەگەڵ ئەو دوو سەعاتەش کە لە هەولێرەوە پێی چووی بۆ سلێمانی، نەك بە چوار سەعاتان لە سلێمانیەوە چووبی بۆ کەلار، یانی: کۆی گشتیی دەکات چوار سەعات، لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی دوو سەعات، لە سلێمانیشەوە بۆ کەلار دوو سەعات.

کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ کە دەفەرمویێ: چیایەکانمان تێدا دانان و، پیت و پێزمان تێخست و، بژێوەکانمان تێدا دانان، لە ماوەی چوار ڕۆژاندا، واتە: بەو دوو قۆناغەش کە زەوی تێدا هێناونە دی، بە هەموویانەوە چوار قۆناغ، بۆیەش لێرەدا ئەوە باس دەکەین، چونکە دواتر خوا ﷻ باسی دروستبوونی ئاسمانیش دەکات بە دوو ڕۆژان، کەواتە: ئەگەر لێرەدا ئاوا لێکبدرێتەوە: دروستکردنی زەوی بە دوو ڕۆژ، دواتر دروستکردنی پێکهاتەکانی بە چوار ڕۆژ، دروستکردنی ئاسمانیش

بـە دوو ڕۆژ، کەواتـە: بەپێـی ئـەو لێکدانـەوە بـێ هەمـووی دەکاتـە هەشـت ڕۆژ، کـە ئەمـەش لێکدانەوەیەکـی هەڵەیـە، چونکـە ئەگـەر دیقـەت بدەیـن خـوا ﷻ لـە هەمـوو قورئانـدا لـە باسـی دروسـتکردنی زەوی و ئاسـمانەکاندا، باسـی شـەش ڕۆژ دەکات، نـەك هەشـت ڕۆژ!.

﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ ﴾، دوایـی خـوا ﷻ ڕووی کـردە ئاسـمان لـە کاتێکـدا کـە دوو کـەڵ بـوو، واتـە: لـە شـێوەی دووکـەڵ و گازێکـدا بـوو، ڕووی تێکـرد تاکـو دروسـتی بـکات، ﴿ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا ﴾، خـوا بـە وانـی فەرمـوو: (واتـە: بـە ئاسـمان و بـە زەوی): وەرن بـە پێخـۆش بـوون و پێناخـۆش بـوون، ﴿ قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ﴾، گوتیـان: ئێمـە بـە پێخـۆش بـوون و بـە ملکەچییـەوە هاتیـن، واتـە: دروسـت بوویـن.

﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ ﴾، ئنجـا خـوا ﷻ حـەوت ئاسـمانی هێنانـە دی، ﴿ فِي يَوۡمَيۡنِ ﴾، لـە دوو ڕۆژانـدا، واتـە: بـە دوو قۆنـاغ، کەواتـە: هەمـوو زەوی بـە چـوار قۆنـاغ و، ئاسـمانیش بـە دوو قۆنـاغ هاتوونـە دی، ﴿ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَا ﴾، هەروەهـا لـە هـەر ئاسـمانێکدا فەرمانەکـەی تێـدا دانـا، واتـە: سروشـیکرد لـە هـەر ئاسـمانێکدا کاری ئـەو ئاسـمانە چییـە، ﴿ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾، ئاسـمانی نیزیـك لـە ئێوەشـمان بـە چرایـان ڕازانـدەوە، واتـە: بـە ئەسـتێرەکان، ﴿ وَحِفۡظٗا ﴾، هەروەهـا بـۆ پاراسـتنی ئاسـمانەکان، لـەوەی کـە شـەیتانەکان گـوێ بگـرن، بـۆ قسـەی فریشـتەکان، پریشـك و بڵێسـەی ئەسـتێرەکان بـۆ ئـەوەش بـە کاردێ، هـەروەك لـە شـوێنەکانی دیکـە بـە ڕوونیـی باسـکراوە، ﴿ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾، ئـەوەش ئەندازەگیریـی خـوای باڵادەسـتی زانایـە.

هەڵبەتـە لێـرەدا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: دوایـی ویسـتی ئاسـمان دروسـت بـکات کـە دووکـەڵ بـوو، دوایـی بـە ئاسـمان و زەوی فەرمـوو: وەرن بـە پێخۆشـبوون و پێناخـۆش بوونـەوە، واتـە: خـوا ویسـتی بیانهێنێتـە دی و، ویسـتی خـۆی ئاراسـتە کـردن، ئەوانیش

گوتیان: ئەوە هاتین بە ملکەچیی و پێخۆشبوونەوە، واتە: دروستبووین، لێرەدا ئەمە وێناکردنە بەوەی کە خوا کاتێك ویستی گەردوون بخوڵقێنێ، بە ئاسانترین شێوە کە ئێمە لە مێشکماندا تێیدەگەین، هاتۆتە دی.

لێرەدا پێشتر باسی دروستبوونی زەوی دەکات، دواتر باسی دروست بوونی ئاسمان دەکات، بە دڵنیایی زەوی ئێمە شتێکی بچووکە لە نێو گەردوون دا، زەوی یەکێکە لە نۆ خڕۆکەکەی کۆمەڵەی خۆر، خۆر ملیۆنێك و سێسەد هەزار (١,٣٠٠,٠٠٠) جار هێندەی زەوییە، هەروەها هەندێك لە خڕۆکەکانی کۆمەڵەی خۆر، زۆر لە زەوی گەورەترن، خۆریش خۆی یەکێکە لەو یەك تریلیۆن (واتە: یەك هەزار ملیار) ئەستێرەیەی کە لە کەهکەشانی کاکێشاندا هەن، زانایان دەڵێن: یەك تریلیۆن کەهکەشان مەزەندە کراوە لە هەموو گەردوون دا، ئەوەش هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەمە! کەواتە: زەوی ئێمە زۆر بچووکە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە نسبەت ئێمەوە، زەوی زۆر گرنگە، خوا ﷻ دروستکردنی زەوی پێشخستوە، دوایی باسی دروستکردنی گەردوونی کردوە، ئەگەرنا پێشێ گەردوون بە دوو قۆناغ دروستکراوە، دوایی زەوی بە دوو قۆناغ دروستکراوەو، بە دوو قۆناغی دیکە وای لێکراوە، کە بە کەڵکی ژیانی مرۆڤ بێت لەسەری.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

لە بارەی هۆکاری هاتنە خواری ئەم چەند ئایەتەی سەرەتای ئەم سوورەتەوە، (القرطبي) لە (الجامع لأحكام القرآن)دا[1]، دوو بەسەرهات باس دەکات، بەڵام نەك بەو واتایەی ئایەتەکان بەو بۆنەیە هاتبنە خوار، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ لە ڕووداوێکدا ئەم چەند ئایەتە دەخوێنێتەوە، بەسەر نوێنەری قورەیشییەکاندا: عوتبەی کوڕی ڕەبیعە، هەر بۆیەش ئێمە کاتی خۆی لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا نەمان هێنان، بەڵام ئێستا بەر لەوەی بچینە سەر مەسەلە گرنگەکان، بۆ تیشك خستنە سەر ناوەڕۆکی ئەو دوازدە ئایەتە موبارەکە، باسیان دەکەین:

١)- (القرطبي) دەڵێ: (وَرُوِيَ أَنَّ الرَّيَّانَ بْنَ حَرْمَلَةَ قَالَ: قَالَ الْمَلَأُ مِنْ قُرَيْشٍ وَأَبُو جَهْلٍ: قَدِ الْتَبَسَ عَلَيْنَا أَمْرُ مُحَمَّدٍ، فَلَوِ الْتَمَسْتُمْ رَجُلًا عَالِمًا بِالشِّعْرِ وَالْكِهَانَةِ وَالسِّحْرِ فَكَلَّمَهُ ثُمَّ آتَانَا بِبَيَانٍ مِنْ أَمْرِهِ، فقال عتبة ابن رَبِيعَةَ: وَاللَّهِ لَقَدْ سَمِعْتُ الْكِهَانَةَ وَالشِّعْرَ وَالسِّحْرَ، وَعَلِمْتُ مِنْ ذَلِكَ عِلْمًا لَا يَخْفَى عَلَيَّ إِنْ كَانَ كَذَلِكَ. فَقَالُوا: إِيْتِهِ فَحَدِّثْهُ. فَأَتَى النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ لَهُ: يَا مُحَمَّدُ! أَنْتَ خَيْرٌ أَمْ قُصَيُّ بْنُ كِلَابٍ؟ أَنْتَ خَيْرٌ أَمْ هَاشِمٌ؟ أَنْتَ خَيْرٌ أَمْ عَبْدُ الْمُطَّلِبِ؟ أَنْتَ خَيْرٌ أَمْ عَبْدُ اللهِ؟ فَبِمَ تَشْتُمُ آلِهَتَنَا، وَتُضَلِّلُ آبَاءَنَا، وَتُسَفِّهُ أَحْلَامَنَا، وَتَذُمُّ دِينَنَا؟ فَإِنْ كُنْتَ إِنَّمَا تُرِيدُ الرِّيَاسَةَ، عَقَدْنَا إِلَيْكَ أَلْوِيَتَنَا فَكُنْتَ رَئِيسَنَا مَا بَقِيتَ، وَإِنْ كُنْتَ تُرِيدُ الْبَاءَةَ، زَوَّجْنَاكَ عَشْرَ نِسَاءٍ مِنْ أَيِّ بَنَاتِ قُرَيْشٍ شِئْتَ، وَإِنْ كُنْتَ تُرِيدُ الْمَالَ، جَمَعْنَا لَكَ مَا تَسْتَغْنِي بِهِ أَنْتَ وَعَقِبُكَ مِنْ بَعْدِكَ، وَإِنْ كَانَ هَذَا الَّذِي يَأْتِيكَ رِئْيًا مِنَ الْجِنِّ، قَدْ غَلَبَ عَلَيْكَ، بَذَلْنَا لَكَ أَمْوَالَنَا فِي طَلَبِ مَا تَتَدَاوَى بِهِ أَوْ نُغْلَبُ فِيكَ. وَالنَّبِيُّ ﷺ سَاكِتٌ، فَلَمَّا فَرَغَ قَالَ: «قَدْ فَرَغْتَ يَا أَبَا الْوَلِيدِ» قَالَ: نَعَم. (قَالَ: فَاسْمَعْ مِنِّي)، قَالَ: يَا ابْنَ أَخِي أَسْمَعُ. قَالَ: «بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ. حم. تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ. كِتابٌ فُصِّلَتْ آياتُهُ قُرْآناً عَرَبِيًّا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ» إلى قَوْلِ:» فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ

---

(١) ج١٥، ص(٢٧١ - ٢٧٢).

أَنْذَرْتُكُمْ صاعِقَةً مِثْلَ صاعِقَةِ عادٍ وَثَمُودَ»[١]، فَوَثَبَ عُتْبَةُ وَوَضَعَ يَدَهُ عَلَى فَمِ النَّبِيِّ ﷺ، وَنَاشَدَهُ اللَّهَ وَالرَّحِمَ لَيَسْكُتَنَّ، وَرَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ وَلَمْ يَخْرُجْ إِلَى قُرَيْشٍ فَجَاءَهُ أَبُو جَهْلٍ، فَقَالَ: صَبَوْتَ إِلَى مُحَمَّدٍ؟ أَمْ أَعْجَبَكَ طَعَامُهُ؟ فَغَضِبَ عُتْبَةُ وَأَقْسَمَ أَلَّا يُكَلِّمَ مُحَمَّداً أَبَداً، ثُمَّ قَالَ: وَاللَّهِ لَقَدْ تَعْلَمُونَ أَنِّي مِنْ أَكْثَرِ قُرَيْشٍ مَالًا، وَلَكِنِّي لَمَّا قَصَصْتُ عَلَيْهِ الْقِصَّةَ أَجَابَنِي بِشَيْءٍ وَاللَّهِ مَا هُوَ بِشِعْرٍ، وَلَا كِهَانَةٍ، وَلَا سِحْرٍ، ثُمَّ تَلَا عَلَيْهِمْ مَا سَمِعَ مِنْهُ إِلَى قَوْلِهِ: (مِثْلَ صاعِقَةِ عادٍ وَثَمُودَ)[٢]، وَأَمْسَكْتُ بِفِيهِ وَنَاشَدْتُهُ بِالرَّحِمِ أَنْ يَكُفَّ، وَقَدْ عَلِمْتُمْ أَنَّ مُحَمَّداً، إِذَا قَالَ شَيْئاً لَمْ يَكْذِبْ، فَوَاللَّهِ لَقَدْ خِفْتُ أَنْ يَنْزِلَ بِكُمُ الْعَذَابُ، يَعْنِي: الصَّاعِقَةَ) **(أخرجه الحاكم: ٣٠٠٢، موصولاً، وقال الهيثمي في المجمع الزوائد: ج٦، ص٢٠، رواه أبو يعلى).**

واتـە: ڕەبیـانی کـوڕی حەڕمەلـە دەڵـێ: گـەورە گەورەکانـی قوڕەیـش، لـە نێویانـدا ئەبـوو جەهـل، ڕۆژێـك کۆبوونـەوەو، گوتیـان: کاری موحەممـەد ﷺ لـە ئێمـە تێکـەڵ بـووە، ئەگـەر پیاوێکـی شـارەزا بـە شـیعرو کەهانـەو جـادوو بدۆزنـەوە، قسـەی لەگـەڵ بـکاو، دوایـی بێتـەوە بـۆ لامـان و کارەکـەی بـۆ ئێمـە ڕوون بکاتـەوە، عوتبـەی کـوڕی ڕەبیعـە گوتـی: مـن گوێـم لـە قسـەی کەهانـەو کاهینـان بـووە، هەروەهـا شیعریشـم زۆر بیسـتوەو، جادووشـم زۆر بیسـتوە (واتـە: لێیـان دەزانـم)، لـەو بـارەوە شـتێك دەزانـم کـە هیـچ شـتێکی کەهانـەو جـادوو و شـیعر، لـە مـن شـێردراوە نیـە، ئەگـەر ئـەوەی موحەممـەد یەکێـك لـەو سـێیانە بـێ، (واتـە: کاهیـن بـێ، یـان شـاعیر بـێ، یـان جادووگـەر بـێ).

گوتیـان: بچـۆ بـۆ لای بیدوێنـە، ئەویـش هـات بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺو گوتـی: ئـەی موحەممـەد! ئایـا تـۆ باشـتری، یـان قوصـەی کـوڕی کیـلاب؟ (باپیـرە گـەورەی قوڕەیـش)، ئایـا تـۆ گەورەتـری یاخـود هاشـیم؟ (باپیـرە گـەورەی بەنـی هاشـیم)، ئایـا تـۆ گەورەتـری یـان عەبدولموتەللیـب؟ (باپیـری پێغەمبـەر ﷺ)، ئایـا تـۆ گەورەتـری یان عەبدوڵـڵا؟ (بابـی پێغەمبـەر ﷺ، مەبەسـتی ئـەوە بـووە ئەوانـە لەسـەر ئـەو ئایینـە

---

(١) فصلت: ١٣.

(٢) فصلت: ١٣.

بوون کە ئێمە لەسەری دەڕۆین، کە بریتیە لە بتپەرستیی!)، کەواتە: بۆچی قسە بە پەرستراوەکانمان دەڵێی؟ باب و باپیرانمان بە گومڕا دەزانی؟ عەقڵەکانی ئێمە بە سووک دەزانی؟ هەروەها ئایین و بەرنامەکەمان بە سووک دەزانی و ڕەخنەی لێ دەگری؟ ئەگەر تۆ سەرۆکایەتییت دەوێ، ئێمە ئاڵاکانمانت بۆ دەبەستین، تاکو ببێتە سەرۆکمان بە، ئەگەر ئارەزووی جینسییت هەیە، دە ژنانت بۆ دێنین، لە کچانی قورەیش، هەر کەسێك تۆ بتەوێ، ئەگەر ماڵ و سامانت دەوێ، هێندەت ماڵ و سامان بۆ کۆ دەکەینەوە، کە خۆت و وەچەکەشت پێی دەوڵەمەندو بێ نیاز بن، ئەگەر ئەوانەشت نیە، بەڵکو شەیتانێك لە جندان دێ بۆ لات و، بەسەرتدا زاڵ بووە، ئێمە ماڵ و سامانی خۆمانت بۆ سەرف دەکەین، تاکو چاکت دەکەینەوە، یاخود ئیعلانی دەکەین کە بۆمان چاك نابیەوەو، لە چاککردنەوەی تۆدا تێك دەشکێین!

پێغەمبەریش ﷺ بێ دەنگ بوو، تاکو ئەو قسەکانی دەکردن، کە لە قسەکانی بۆوە، فەرمووی: ئەبوو وەلید تەواو بووی؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی: گوێ بگرە! گوتی: ئەی برازام گوێ دەگرم، پێغەمبەریش ﷺ ئەو دوازدە ئایەتەی سەرەتای سوورەتی (فصلت)ی هەموو بەسەردا خوێندنەوە، هەتا گەیشتە ئەو ئایەتە: ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا۟ فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَـٰعِقَةً مِّثْلَ صَـٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ ﴾، واتە: ئەگەر هەر پشتیان هەڵکرد، بڵێ: دەتانترسێنم لە هاڕژن و چریکەیەك کە ئاگری لەگەڵدابێ، وەك ئەوەی گەلی عادو سەموودی پێ فەوتان.

کە گەیشتە ئەوێ، عوتبە یەکسەر هەڵبەزیەوەو دەستی لەسەر زاری پێغەمبەر ﷺ داناو، خوا و خزمایەتیی بە گژدا کردن، کە بێدەنگ بێ، (گوتی: لەبەر خاتری خواو لەبەر خاتری خزمایەتیی بێ دەنگبە، پێغەمبەریش ﷺ ئەوەی دیکەی نەخوێندو داوایەکەی گرتەوە)، عوتبەی کوڕی ڕەبیعەش گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی و، نەچۆوە بۆ لای سەرانی قورەیش، ئەبوو جەهل هات بۆ لای و، گوتی: ئایا هەڵگەڕاویەوە بۆ لای موحەممەد؟ یاخود بە خواردنەکەی سەرسام بووی؟ عوتبە

تووڕە بوو، سوێندی خوارد، کە هەرگیز قسە لەگەڵ موحەممەددا نەکاتەوە، دوایی گوتی: بە خوا دەزانن کە من لە هەموو قورەیش دەوڵەمەندترم، بەڵام ئەو قسەیەی کە بڕیار بوو بۆی بکەم، دوای ئەوەی بۆم کرد، وەڵامی دامەوە بە شتێك کە نە شیعرو نە کەهانەو، نە جادوو بوو، دوایی ئەوەی کە لە پێغەمبەری ﷺ بیستبوو، [دیارە هەر یەکسەر لەبەری کردوە، ئەو کاتە ئەوان لەبەر ئەوەی زیاتر پشتیان بە لەبەرکردن بەستوە، دەرخ و لەبەرکردنیان زۆر بەهێز بووە]، هەمووی بۆ خوێندەوە، تاکو دەگاتە ئەو شوێنە: ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَٰعِقَةً مِّثْلَ صَٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ ﴾، عوتبە گوتی: (موحەممەد ﷺ) ئەوەی خوێندەوە، منیش زارم گرت و، داوام لێکرد بە خزمایەتیی کە بێدەنگ بێ و چیدیکە نەخوێنێتەوە، چونکە خۆتان دەزانن کە موحەممەد، ئەگەر شتێك بڵێ، درۆ ناکات! بە خوا ترسام ئەو سزایە کە هەڕەشەتان پێ لێ دەکات، یەکسەر دابەزێتە سەرتان، [بۆیە گوتم: با ئەو قسەیەی دیکەی تەواو نەکات].

٢)- (وَقَدْ رَوَى هَذَا الخَبَرَ أَبُو بَكْرٍ الأَنْبَارِيُّ فِي كِتَابِ الرَّدِّ لَهُ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ كَعْبٍ القُرَظِيِّ، وَأَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَرَأَ: «حم. فُصِّلَتْ» حَتَّى انْتَهَى إِلَى السَّجْدَةِ فَسَجَدَ وَعُتْبَةُ مُصْغٍ يَسْتَمِعُ، قَدِ اعْتَمَدَ عَلَى يَدَيْهِ مِنْ وَرَاءِ ظَهْرِهِ. فَلَمَّا قَطَعَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ القِرَاءَةَ قَالَ لَهُ: «يَا أَبَا الوَلِيدِ قَدْ سَمِعْتَ الَّذِي قَرَأْتُ عَلَيْكَ فَأَنْتَ وَذَاكَ»، فَانْصَرَفَ عُتْبَةُ إِلَى قُرَيْشٍ فِي نَادِيهَا فَقَالُوا: وَاللَّهِ لَقَدْ جَاءَكُمْ أَبُو الوَلِيدِ بِغَيْرِ الوَجْهِ الَّذِي مَضَى بِهِ مِنْ عِنْدِكُمْ. ثُمَّ قَالُوا: مَا وَرَاءَكَ أَبَا الوَلِيدِ؟ قَالَ: وَاللَّهِ لَقَدْ سَمِعْتُ كَلَامَاً مِنْ مُحَمَّدٍ، مَا سَمِعْتُ مِثْلَهُ قَطُّ، وَاللَّهِ مَا هُوَ بِالشِّعْرِ، وَلَا بِالكِهَانَةِ، فَأَطِيعُونِي فِي هَذِهِ وَأَنْزِلُوهَا بِي، خَلُّوا مُحَمَّدَاً وَشَأْنَهُ وَاعْتَزِلُوهُ، فَوَاللَّهِ لَيَكُونَنَّ لِمَا سَمِعْتُ مِنْ كَلَامِهِ نَبَأٌ، فَإِنْ أَصَابَتْهُ العَرَبُ كُفِيتُمُوهُ بِأَيْدِي غَيْرِكُمْ، وَإِنْ كَانَ مَلِكَاً أَوْ نَبِيَّاً كُنْتُمْ أَسْعَدَ النَّاسِ بِهِ، لِأَنَّ مُلْكَهُ مُلْكُكُمْ وَشَرَفَهُ شَرَفُكُمْ. فَقَالُوا: هَيْهَاتَ سَحَرَكَ مُحَمَّدٌ يَا أَبَا الوَلِيدِ! وَقَالَ: هَذَا رَأْيِي لَكُمْ فَاصْنَعُوا مَا شِئْتُمْ). (الجامع لأحكام القرآن: ج١٥، ص٢٧١ و ٢٧٢).

واتە: ئەم هەواڵە ئەبوو بەکری ئەنباریی لە کتێبی: (**الرَّدُّ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ كَعْبٍ القُرَظِيِّ**)دا بەم شێوەیە هێناویەتی، کە پێغەمبەر ﷺ حا میمی (فصلت)ی بەسەردا

خوێندۆتـەوە، تاکـو گەیشـتۆتە شـوێنی سـەجدە، ئیـدی پێغەمبەر ﷺ سـەجدەی بـردوە، عوتبـەش هـەر گوێـی گرتـوە (گوێـی هەڵخسـتوە)و دەسـتەکانی لـە پشـتیەوە داداون، کاتێـك پێغەمبـەر ﷺ خوێندنەوەکـەی تـەواو کـردوە، فەرموویەتـی: ئـەی ئەبـوو وەلیـد! ئـەوەی بـۆم خوێندیـەوە بیسـتت؟ ئیـدی خـۆت سەرپشـك بـە (ئـەوە وەڵامەکەیەتـی،) عوتبـەش دەچێتـەوە بـۆ لای قورەیـش، کـە لـە کـۆڕو مەجلیسـی خۆیانـدا دانیشـتوون، قورەیشـییەکان دەڵێـن: بـە خـوا ئەبـوو وەلیـد (واتـە: عوتبـەی کـوڕی ڕەبیعـە) بـە ڕووێکـەوە هاتۆتـەوە بـۆ لاتـان، جگـە لـەو ڕووەی کـە پێـی چـوو بـووە لای موحەممـەد ﷺ (واتـە: ڕووی و دەم و چـاوی گـۆڕاوە)، دوایـی گوتیـان: ئەبـوو وەلیـد چیـت پێیـە؟ (چ هەواڵێکـت پێیـە؟) ئەویـش گوتـی: بـە خـوا قسـەیەکم لـە موحەممـەد بیسـت، کـە هەرگیـز شتی وام نەبیسـتوە! بـە خـوا ئـەوە نەشـیعرەو، نـە کەهانەیـە، جـا بـە قسـەی مـن بکـەن و، ئـەوە بخەنـە سـەر ئەسـتۆی مـن، لـە موحەممـەدو لـە کارەکـەی بگەڕێـن و، لێـی کەنـار بگـرن، بـە خـوا ئـەو قسـەیەی من لێـم بیسـت، هەواڵێکـی مەزنـی دەبێ، ئنجـا ئەگـەر عەرەبـەکان زەبریـان لێـداو لـە ئێویـان بـرد، ئـەوە ئێـوە بـە دەسـتی غەیری خۆتـان ئـەو کابرایەتـان لـە کـۆڵ بۆتـەوە، بـەڵام ئەگەر بـوو بە حوکمـڕان، یـان پێغەمبەر بـێ، ئـەوە ئێـوە بەختەوەرتریـن کـەس دەبـن بـە موحەممـەد، چونکـە حوکمڕانییەکـەی حوکمڕانیـی ئێـوە دەبـێ و، بەرزییەکـەی بـەرزی ئێـوە دەبـێ، ئەوانیـش گوتیـان: ئـەوە زۆر دوورە! ئـەی ئەبـوو وەلیـد! موحەممـەد جـادووی لێکـردووی، ئەویـش گوتـی: ئـەوە بۆچوونـی منـە، خۆتـان چیتـان پـێ چاکـە ئـەوە بکـەن.

دەڵێـم: بـە تەئکیـد ئەگـەر بـە قسـەیان کردبایـە، زۆر قازانجیـان دەکـرد، بـەڵام ئەو زلەزلانـەی قورەیـش تەمـاع و بەرژەوەندیـی ناشـەرعیی، کـە بەسـەریەکەوەیان نابـوو، ڕێـی لێگرتـن لـەوەی بـە قسـەی عوتبـەی کـوڕی ڕەبیعـە بکـەن، کـە لـە هەمووشـیان زاناتـر و عاقڵتر و شـارەزاتر بـووە.

ئـەم دوو گێڕدراوەیـە تیشـکی زیاترمـان بـۆ دەخەنـە سـەر واتـای ئـەم ئایەتانـە، هـەر بۆیـە لێـرەدا هێنامانـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

پێناسەی قورئان بەوە کە لەلایەن خوای بە بەزەیی بەخشندەوە دەبەزیوەو، ئایەتەکانی ڕوونن و خوێنراوەیەکی بە زمانی عەرەبییە، بۆ کەسانێك کە زانان و، موژدەدەرو ترسێنەرە، پاشان خستنەڕووی هەڵوێستی نەرێنییانەی بێبڕوایان لە بەرانبەریدا، کە نە دڵیان تێی دەگات، نە گوێیان دەیبیستێ، نەچاویشیان دەیبینێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢﴾ كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿٤﴾ وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَٱعْمَلْ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ﴿٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە.

٢)- ﴿حمٓ﴾، ئەوە دوو پیتە (ح، م)، پێشتر قسەمان لەبارەوە کردووە، کە ئەو جۆرە پیتانە بە پیتە پچڕپچڕەکان (**الحروف المقطّعة**) ناسراون و لە پێش (٢٩) سووڕەتەوە هاتوون.

٣)- ﴿تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، دابەزێنراوە لە لایەن خوای بە بەزەیی بەخشندەوە، وشەی: (**تَنْزِيلٌ**)، واتە: (**مُنَزَّلٌ**) دابەزێنراوە، وشەی: (**تَنْزِيل**)، چاوگە، بەڵام بە مانای ناوی بەرکار (**إسم مفعول**)ە، یانی: (**مُنَزَّلٌ**) واتە: دابەزێنراوە.

ئنجا بە پێی ڕێزمانی عەرەبیی: (تَنْزِیلٌ)، دەبێ بە نیهاد (مبتدأ) و، ﴿مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، لە شوێنی (رفع)دایەو، دەبێ بە گوزارە (خَبَر).

دەشگونجێ بگوترێ: (تَنْزِیلٌ)، گوزارەیەو نیهادەکەی فرتێنراوە، کە بریتیە لە (هَذَا)، بەم شێوەیە: (هَذَا تَنْزِیلٌ مِنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِیم).

ئنجا خوا ﷻ کە بە قورئان دەفەرموێ: (تَنْزِیلٌ)، واتە: لەسەرێوە لەلایەن خواوە، کە خوا ﷻ لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە، لەوێوە ئەو قورئانە دابەزێنراوە، کەواتە: بزانن سەرچاوەکەی سەرێیەو، لەلایەن خوای خاوەن بەزەیی و بەخشندەوەیە.

٤)- ﴿كِتَٰبٞ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ﴾، کتێبێکە ئایەتەکانی ڕوونکراونەوە، (الكتَاب: إِسْمٌ لِمَجْمُوعِ حُرُوفٍ دَالَّةٍ عَلَى أَلْفَاظٍ مُفِيدَة)، (كَتَبَ) واتە: (جَمَعَ)، هەروەك (قَرَأَ)ش بە مانای (جَمَعَ)یە، ئنجا (کتاب) یانی: ئەو پیتانەی نووسراون و، کۆکراونەوەو دەلالەت دەکەن لەسەر هەندێك بێژەی سوودبەخش، ماناکەیەن، قورئانیش دیسان بریتیە لەو پیت و دەنگانەی کۆکراونەتەوە، بەڵام بێژراون و مانایەك بە دەستەوە دەدەن.

(فُصِّلَتْ)، یانی: (أَي بُيِّنَت وَ وُضِّحَت)، ڕوونکراونەوە، پێشتریش لە لێکدانەوەی وشەکاندا باسمان کرد، کە: (فَصْل) واتە: لێك جیاکردنەوەی دوو شتان، بە شێوەیەك کەلێنیان بکەوێتێ، دوو شت ئەگەر پێکەوە ئاوێتە بن، بۆت لێك ناکرێنەوە، بەڵام کە لێکت جیاکردنەوەو کەلێنیان کەوتێ، دەڵێی: ئەمە ئەویانەو، ئەوەش ئەویانە، بۆیە قسەش ئەگەر بگوترێ: قسەیەکی ڕوونە، جیایە لەوەی کەسێك قسەکانی تێکەڵ پێکەڵ بکات و، کۆتایی ڕستەو سەرەتای ڕستە دیار نەبێ، ئنجا ئایا ڕستەی پرسیارکردنە؟ یان ڕستەی هەواڵدانە؟ ئەگەر بە پێی نەغمەو ئاوازەکەی دیار نەبێ، زۆر جیایە لەوەی کە بە ڕوونیی قسە بکرێ، یاخود کتێبێك بە ڕوونیی سەرەتاو کۆتایی ڕستەکانی و، شێوەی دارشتنی برگەکانی ڕوون بێ.

٥)- ﴿ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، {ئەو دابەزێنراوە، وێڕای ئەوەی کتێبەو نووسراوەتەوە}، خوێنراوەیەکی عەرەبییشە، (قرآن) واتە: خوێنراوە، چاوگەو دەشگونجێ ناو بێ، واتە: خوێنراوەیەکە بە زمانی عەرەبیی.

(قُرْآناً) کە مەنصووب کراوە لێرەدا:

أ- یان ئەوەتا حاڵە، ئەو خوێنراوەیە کە کتێبێکە ئایەتەکانی دابەزێنراون و ڕوونکراونەوە، لە حاڵێکدا کە دەشخوێنرێتەوە بە زمانی عەرەبیی.

ب- یاخود: ﴿ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، لەسەر حاڵەتی مەدح (**منصوب**)ە، لە زمانی عەرەبییدا شتێك کە مەدح و ستایش بکرێ، حاڵەتی (**نصب**) وەردەگرێ.

وشەی: (**عَرَبِيًّا**)یش وێڕای ئەوەی زمانێکی گەلێکی دیارییکراو دەگرێتەوە، کە گەلی عەرەبە، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا و لە بەرکارهێنانی قورئان و سوننەتیش دا، بە واتای قسەی ڕۆشنیش دێ، دەگوترێ: (**أَعْرَبَ عَنْ رَأْيِهِ**)، واتە: ڕای خۆی دەرخست، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: {**وَالثَّيِّبُ تُعْرِبُ عَنْ نَفْسِهَا**}[1]، واتە: ئافرەتی بێوەژن خۆی قسەی خۆی بە ڕوونیی دەکات، لەبەر ئەوەی هەندێك شەرمی شکاوە، خۆی دەتوانێ بڵێ ڕازییە، یاخود ڕازیی نیە، بەو پیاوە، (**تُعْرِب**) واتە: ڕای خۆی بە ڕوونیی ڕادەگەیەنێ.

٦)- ﴿ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴾، ئەم دابەزێنراوە کە لەلایەن خوای خاوەن بەزەیی بەخشندەوە هاتوە، کتێبێکە ئایەتەکانی ڕوون کراونەوە، هەروەها قورئانێکی ڕۆشنە بە زمانی عەرەبییە، بۆ کۆمەڵێك بزانن.

لێرەدا بۆ (**يَعلَمُون**) دەزانن، توێژەرەوان دوو واتایان داناون:

أ- زمانی عەرەبیی بزانن.

---

(١) {عَنْ عَدِيِّ بْنِ عَمِيرَةَ الْكِنْدِيِّ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: الثَّيِّبُ تُعْرِبُ عَنْ نَفْسِهَا، وَالْبِكْرُ رِضَاهَا صَمْتُهَا} أخرجه ابن ماجه: ١٨٧٢، وأحمد: ١٧٧٥٨، والطبراني: ٢٦٤.

ب- یاخود کتێبە ئاسمانییەکان بزانن، ئەو کاتە دەزانن کە ئەمەش کتێبێکی ئاسمانییە، کە دەفەرموێ: (**يَعْلَمُونَ**) بەرکاری (**يَعْلَمُونَ**)، قرتێنراوە، چونکە زانراوە: (**يَعْلَمُونَ اللِّسَانَ العَرَبِي**)، یان: (**يَعْلَمُونَ الكُتُبَ السَّمَاوِيَّة**).

بەڵام من پێم وایە ئەگەر بگوترێ: (**يَعْلَمُونَ**)، واتە: زانیارییان هەیە، یانی: لێرەدا ﴿ يَعْلَمُونَ ﴾، وەك تێپەڕكار (**مُتَعَدِّي**) مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە تاکو بەرکار بخوازێ، بەڵکو وەك کرداری لازیم بەکارهاتوە وەك (**هُوَ يَعْلَمُ**) ئەو دەزانێ، لێرەش (**لقوم يعلمون**) واتە: کەسانێك کە خاوەن زانیاریی بن دەزانن.

وەك پێشینان گوتوویانە: «قەدری زێڕ لە لای زێڕنگەرە»، کەسێك زانا نەبێ، قەدری قورئان نازانێ، بەڵکو کەسێك تاکو پتر زانا بێ و، توانای دەرککردن و تێگەیشتنی شتی هەبێ و، قووڵ و ورد بێ، زیاتر لە قورئان بەهرەمەند دەبێ و دەزانێ کە قورئان چییە؟ بەڵام بابای نەزان و نەشارەزای کەودەن، بە دڵنیایی قەدری قورئان نازانێ و، لێی تێناگات، بۆیە دەڵێ: هیچ نیە! هەروەك چۆن کەسێك کوێر بێ، خۆر بە نێوەڕاستی ئاسمانەوە نابینێ! مەگەر هەست بە گەرمییەکەی بکات، ئەگەرنا، نایبینێ، بە هەمان شێوەش کەسێك نەزان بێ، قەدری قورئان نازانێ، بە هۆی نەزانییەکەیەوە.

٧)- ﴿ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴾، قورئان هەم موژدەدەرەو، هەم ترسێنەر و وریا کەرەوەیە.

﴿ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴾، یان أ- حاڵی دووەمە بۆ: (**كِتَاب**)، واتە: ئەو کتێبە ئایەتەکانی ڕوون کراونەوە، لە حاڵێکدا کە خوێنراوەیەکی عەرەبییە، لە هەمان کاتیشدا، موژدەدەر و ترسێنەریشە.

ب- دەشگونجێ: ﴿ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴾، سیفەت بێ بۆ: ﴿ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، واتە: قورئانێکی عەرەبییە، کە موژدەدەر و ترسێنەرە.

کە دەفەرموێ: ﴿ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴾، لێرەدا بە پیتی (و) گێردراوەتەوە، بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوە کە موژدەدەرە بۆ کۆمەڵێك و ترسێنەریشە بۆ کۆمەڵێکی

دیکە، واتە: ئەوانەی کە لێی بەهەرەمەند دەبن، موژدەیان پێ دەدات بە سەربەرزیی و سەرفرازیی دنیاو دوارۆژ، ئەوانەش کە پشتی تێدەکەن، دەیانترسێنێ و وریایان دەکاتەوە، بە مەینەتیی و سزاو پەشێمانیی لە دنیاو دوارۆژدا.

٨)- ﴿ فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ ﴾، زۆربەیان پشتیان هەڵکرد، (عُرْض) بە مانای لامل دێ، (أَعْرَضَ) واتە: لاملی تێکرد، کەسێك بیەوێ گوێ لە شتێك نەگرێ، لاملی تێدەکات، یاخود کە بیەوێ پشتی تێبکات، پێشێ لاملی تێدەکات، دوایی وەردەسوورێ.

لێرەدا: ﴿ فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ ﴾، واتە: زۆربەیان پشتیان هەڵکرد لە زانیارییەکانی قورئان، لە موژدە و ترساندنەکانی قورئان.

٩)- ﴿ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴾، بۆیە نابیستن! بە تەئکید کەسێك پشت لە شتێك بکات و، لاملی تێبکات و لێی دوور بکەوێتەوە، دەنگەکەی نابیستێ، ئەوانەش لە ئەنجامی پشتهەڵکردنیان لە قورئان، دەنگ و سەدای زوڵاڵی قورئان نەبیستن، بۆیە لێی تێناگەن.

زۆر کەسی مولحیدو بێ دین هەیە، دەڵێ: کوا قورئان چی تێدایە؟! کاتی خۆی لە سەرەتای کارو بانگەوازی ئیسلامییمدا، لە زۆر کۆڕ و مەجلیسدا هی وا هەبووە، گوتوویەتی: کوا فلان سوورەتە، چ سوودێکی هەیە؟! کە ئێستا کەمتر وایە، خەڵك بەو شێوە ئاشکرایە، ئەو جۆرە ڕەخنانە لە کۆڕو مەجلیسان دا بگرێ[1]، هەرچەندە پێم خۆشە خەڵك چی لە دڵیدایە، بە ڕوونیی و بە ئاشکرایی بیڵێ، نەك ڕوو دەربایسی و ڕووپامایی بکات، دواتر لە پاشملە شتی دیکە بڵێ؟! بێگومانیش هەر سوورەتێك و هەر کۆمەڵە ئایەتێك دەگونجێ دەیان حیکمەت و پەندی لێوەربگری، بەڵام وەك گوتراوە: [بابای نەخۆش ئاوی شیرینی بەزار تاڵە]، بابای نەخۆش کە میزاجی تێکچووبێ، ئاوی سازگاریش بخواتەوە بەزاری تاڵە، بەڵکو ئەگەر شتی شیرینیش بخوات هەر بەزاری تاڵە، مرۆڤ کە میزاجی ڕووح و عەقڵی تێکچوو، شتەکان وەك خۆی نابینێ!

---

(١) ئاشڵێم ئێستاش ئەوە نیە، بەڵام ڕەنگە هەل و مەرج و واقیعی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بەندە بە جۆرێك بێ، ئەو قسانە نەبیستم

ئنجا خوا ﷻ هەڵوێستی بێبڕوایەکانمان بۆ بەرجەستە دەکات، کە لە وەڵامدا چییان گوتوە:

١٠)- ﴿ وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ ﴾، گوتیان: دڵمان لە کیفاندایە، بەرانبەر ئەوەی تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، وشەی: **(أكِنّة)** کۆی **(كِنانَ)**ە، **(الكِنانُ: مِثْلُ الغِطَاءِ وَزْنًا وَمَعْنَى)**، **(كنان)** یانی: **(غِطَاء)** واتە: پۆشەر، یانی: دڵەکانی ئێمە پەردەپۆش کراون و لە نێو کیف و توورەکان دان.

کە دەفەرموێ: ﴿ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ ﴾، واتە: **(عَمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ)**، لە بەرانبەر ئەوەدا کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، ئێمە دڵمان لە کیف و توورەکەدایە، واتە: ئەو شتەی تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، ناچێتە نێو دڵمانەوە، چونکە دڵمان پەردەپۆش کراوە.

١١)- ﴿ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ ﴾، [جگە لەوەی عەقڵ و دڵمان داپۆشراوە، لەوەی ئێمەی بۆ بانگ دەکەی]، هەروەها لە گوێیەکانیشماندا قورسایی هەیە.

وشەی **(وَقْر)**، بە مانای **(صَمَم)** دێ، واتە: کەڕیی، هەروەها بە مانای **(ثِقَل)**یش دێ، واتە: قورسایی، ئنجا بێگومان کەسێك قورسایی لە گوێی کرابێ، گوێبیستی ئەو قسانە نابێ کە بۆی دەکرێن.

١٢)- ﴿ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ ﴾، لە نێوان ئێمەو تۆدا پەردەو نێوان هەیە، دەڵێ: **(الحِجَابُ: الساتر لِلمَرْئِيّ مِنْ حَائِطٍ أو ثَوب)**، **(حِجاب)**: بریتیە لە پەردەو نێوانێك ڕێ بگرێ لەوەی تۆ ئەو شتە بینراوە ببینی، ئنجا پەردەیەك بێ، دیوارێك بێ، هەر شتێك بێ.

لێرەدا جێی سەرنجە کە دەڵێ: ﴿ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ ﴾، بە هۆی ئەو **(مِنْ)**ەوە ماناکە بەم شێوەیەی لێ دێ، دەڵێ: **(الحِجابُ ابْتَدَأَ مِنَّا وابْتَدَأَ مِنْكَ، فَالمَسَافَةُ المُتَوَسِّطَةُ بَيْنَ جِهَتِنَا وَجِهَتِكَ، مُسْتَوْعَبَةٌ بِالحِجَابِ لا فَرَاغَ فِيهَا)**، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ ﴾، واتە: لە لای ئێمەوە دەست پێدەکات،

تاکو لای تۆ، هەمووی پەردەو نێوانە، واتە: ئەو پەردەو نێوانە لە تۆوە دەست پێدەکات، هەروەها لە ئێمەشەوە دەست پێدەکات، ئەوەی نێوەڕاستیشمان هەمووی پەردە و نێوانەو، هیچ بۆشایی تێدانیە، بۆ وێنە: تۆ کەسێك لە بەرانبەرتە، لە لای تۆوە دیوارێك دەست پێبكات، تا دەگاتە لای وی، مانای وایە ئەو دیوارە زۆر ئەستوورە، ئەوانیش دەڵێن: پەردەو نێوانێکی زۆر ئەستوورمان لە بەینداپە، بۆیە هیچ نابیستین.

ئەمە **(الشوكاني)** لە **(فتح القدير)**دا[1] هێناویەتی، ئەویش لە **(الزمخشري)** وەری گرتوە، کە لە **(كشاف)**دا هێناویەتی، زەمەخشەریی زۆرجار لە تەفسیرەکەیدا ئەو نوکتە ڕەوانبێژییانە دێنێ، بە هەمان شێوە **(البيضاوي وفخرالدين الرازي)** ش، بەڵام زۆرێك لە شیکەرەوانی قورئان، لە **(الكشاف)**ەوە زیاتر ئەو سەرنجە ڕەوانبێژییانە دێنن.

١٣)- ﴿ فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ﴾، دەجا تۆ کار بکە، ئێمەش کاری خۆمان دەکەین، واتە: تۆ لەسەر کاری خۆت بەردەوام بە، ئێمە گوێت پێ نادەین، ئێمەش لەسەر کاری خۆمان بەردەوام دەبین.

دیارە بەرکاری **(فَاعْمَل)**، هەروەها: **(عَامِلُونَ)**، هەردووکیان فڕتێنراون، بۆچی؟ بۆ ئەوەی زەین بە لای هەموو شتێکدا بچێ، واتە: تۆ کار بکەو، هەرچی پێت چاکە، ئەنجامی بدە، ئێمەش ئەنجامدەری هەرکارێك دەبین کە پێمان چاکە.

لێرەدا جیاوازیی هەیە لە وشەی کردەوەی پێغەمبەر ﷺ و هی خۆیان، هی پێغەمبەریان ﷺ بە کردار کارهێناوە **(فَاعْمَل)**، واتە: کار بکە، بەڵام هی خۆیان بە ناوی بکەر **(إسم فاعل)** هێناوە **(عَامِلُونَ)**، ئەمەش یانی: هەر بەردەوام دەبین لەسەر کردەوەی ڕابردوومان.

---

(١) ج٤، ص ٦٧٨.

شـابانی باسـە: کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ وەك پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا:

١- هەندێك گوتوویانە، واتە: شارەزایی بە زمانی عەرەبیان هەبێ.

٢- هەندێکی دیکە گوتوویانە: ئاگایان لە کتێبە ئاسمانییەکانی دیکە هەبێ، چونکە ئەوەی شارەزای کتێبە ئاسمانییەکان بێ، کاتێك سەیری قورئان دەکات، دەزانێ ئەویش وەك ئەوانەو، کتێبێکی ئاسمانییەو، قسەی بەشەر نیە.

٣- منیش وام لێکدایەوە کە مەبەستی پێ ئەوەیە، هەر کەسێك زانیاریی هەبێ بە رەهایی، واتە: زانابێ و شارەزابێ، ئنجا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین لێرەدا ئەوەیە: ئەو سێ واتایە تێك ناگیرێن، واتە: کەسێك شارەزای زمانی عەرەبیی بێ و، کەسێك ئاگای لە کتێبە ئاسمانییەکان بێ و، کەسێك زانیاریی هەبێ بە گشتیی و، ئامادەییشی هەبێ زانیاریی وەرگرێ، کەواتە: قورئان بۆ ئەو جۆرە کەسانە بە سوودە.

پێناسەی قورئان بە نۆ سیفەتی سەرەکیی

لێرەدا خوا ﷻ لەم چەند ئایەتەدا، پێناسەی قورئانی بە نۆ (٩) سیفەتی سەرەکیی کردوە، کە ئەم سیفەتانەن:

١- ﴿ تَنزِيلٌ ﴾، کەواتە: ئەم قورئانە دابەزێنراوە، نە هەڵبەستراوەو نەگوتراوەو نەنووسراوە و نەفێرکراوە، بەڵکو لەسەرێوە، لە لایەن خوایەك کە لەسەرووی دروستکراوەکانیەتی، بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە، لەوێوە دابەزێنراوە.

٢- ﴿ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، دابەزێنراوە لەلایەن خوایەکی ئەوپەڕی بە بەزەیی و بەخشندەو میهرەبانەوە، یاخود بە بەزەییە بە گشتیی بۆ مرۆڤ و، جندو، فریشتەو هەموو دروستکراوەکان، بەخشندەشە بە تایبەت بۆ بڕواداران لە ڕۆژی دوایی دا، یاخود واتە: خوا ﷻ خاوەنی سیفەتی بەخشندەیی و بەزەییە، بە بەردەوامیی بەزەیی بەکاردێنێ، بەزەییەکەی تازە دەبێتەوە، هەروەها خاوەنی بەزەییشە، واتە: بەزەییەکەی چەسپاوە، چونکە صیغەی (فَعلان) و (فَعیل)، (ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بەو دوو مانایە دێن.

٣- ﴿ كِتَٰبٌ ﴾، قورئان نووسراوە، لە شوێنێکی دیکە باسمان کردوە، حیکمەتی خوای پەروەردگار وایخواستوە، ئەم قورئانە بە دوو شێوە بگات بە ئێمە: هەم بە شێوەی نووسراو، هەم بە شێوەی گوتراو، ئێمە بە تەواتور قورئانمان پێگەیشتوە، هەزاران کەس قورئانیان لەبەر کردوە، دواتر بە هەزارانی دیکەیان گوتوە، ئەوانیش بە هەزارانی دیکەو ... هتد، کە ئێستا ملیۆنان کەس هەموو قورئانیان لەبەرە، وێڕای گوتران و لەبەر کران لە عەقڵ و سینەکان دا، کاتی خۆی لە سەردەمی پێغەمبەریش دا ﷺ نووسراوەتەوە لەلایەن چەند نووسەرێکەوە، لەسەر چەرم و پەڕۆو بەردو ئەو شتانەی لەسەریان نووسیون، چەند نووسەرێك هەبوون، ئیشیان ئەوە بووە کە قورئان بنووسنەوە، کاتێك سوورەتێك، یان چەند ئایەتێك دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر، ئەوان ڕاستەوخۆ نووسیویانەتەوە[١].

---

(١) نووسەرەوانی وەحیی دەوری (٤٣) کەس بوون و (٢٨) یان هەمیشەیی و پسپۆڕ بوون، بڕوانە:

بۆیە قورئـان پێـی دەگوتـرێ: ﴿ كِتَٰبٌ ﴾، چونكـە نـووسراوە، پێشـی دەگوتـرێ: ﴿ قُرۡءَانًا ﴾، چونكـە گوتـراو و بێـژراوە.

٤- ﴿ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ﴾، ئایەتەكانی ڕوونكراونەوە، واتە: ڕوونن، نەك پێشێ ڕوون نەبووبن، دواتر ڕوونكرابنەوە، واتە: ئایەتەكانی كە دابەزێنراون، ڕوونن، بەڵام خوا ﷻ لێرەدا ئەم تەعبیرەی بە كردار (**فعل**) هێناوە، ئەگەرنا لە شوێنی دیكەدا دەفەرموێ: ﴿ ءَايَٰتٖ مُّفَصَّلَٰتٖ ﴿١٣٣﴾ ﴾**الأعراف**، بەڵام بۆ موعجیزەكان، واتە: ئایەتە ڕۆشنەكان، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: (فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ) و لە شوێنی دیكەدا دەفەرموێ: ﴿ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ﴿١﴾ ﴾، **هود**، واتە: دەیخاتە حاڵەتی كردەییەوەو بە شێوەی كردەیی هێناویەتی، ئایەتەكانی ڕۆشن كراونەوەو، ئایەتەكانی مەحكەم و قایم و توندو تۆڵ كراون.

٥- ﴿ قُرۡءَانًا ﴾، خوێنراوەیە، لە شوێنی دیكەدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ﴾**القيامة**، قورئان لەوێدا دەگونجێ چاوگ بێ، واتە: (**قِراءَة**) خوێندنەوە، دەشگونجێ ناو بێ، واتە: خوێنراوە، قورئان هەم خوێندنەوەیە، هەم خوێندراوەیە.

٦- ﴿ عَرَبِيّٗا ﴾، قورئانێكی عەرەبییە، واتە: بە زمانی عەرەبییە، وشەی عەرەبیی وێڕای زمانی عەرەبیی بە واتای ڕۆشنیش دێ، بۆیەش ئەتەوەی عەرەب زمانی خۆیان ناوناوە عەرەبیی، لەبەر ئەوەی زمانی خۆیان پێ ڕۆشن بووەو، باش لە یەك تێگەیشتوون، بەڵام زمانی گەلانی دیكەیان پێ ناڕۆشن بووە، بۆیە ناویان لێ ناوە: عەجەمیی یان ئەعجەمیی، عەجەمیش زمانی خۆیان پێ ڕۆشنەو، زمانی عەرەبییان پێ ناڕۆشنە، كەواتە: ئەمە شتێكی ڕێژەیی و گوێرەییە، بۆ وێنە: بابایەكی كورد زمانی خۆی پێ ڕۆشنە، بەڵام زمانی بەرانبەری خۆی پێ ناڕۆشنە، هەروەها بەرانبەرەكەشی بەهەمان شێوە.

٧- ﴿ لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴾، بۆ كۆمەڵێك كە بزانن:

أ- زمانی عەرەبیی بزانن.

(حقائق وشبهات حول القرآن الكريم) د. محمد عمارة، ص: ٣٠ - ٤٣، الطبعة الثانية: ١٤٣٣ هـ - ٢٠١٢م.

ب- شارەزای کتێبە ئاسمانییەکان بن.

ج- ئامادەبن بزانن و فێر بن.

د- یاخود (يَعْلَمُونَ)، ئەگەر کردارێکی لازیم بێ، وەك: (عَلِمَ، يَعْلَمُ) واتە: زانی، دەزانێ، نەك تەنها فڵان شتە دەزانێ، بەڵکو ئەوانەی زانیارییان هەیە بەرەهایی.

٨- ﴿ بَشِيرًا ﴾، قورئان دڵخۆشکەرو موژدەدەرە، بۆ کەسانێك کە شوێنی دەکەون، شوێن پەروەردگار دەکەون، شوێن پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەون، قورئان هەم لە دنیادا دڵخۆشیان دەکات، لەسەر ئاستی تاك، ئاسوودەیی و سەربەرزیی و ئارامیی و بەرچاوڕوونیان دەبێ، لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش توندو تۆڵیی و، تەبایی و، دادگەرییان دەبێ، بۆ ڕۆژی دواییش موژدەیان پێدەدات، کە خوا ﷻ لێیان ڕازی دەبێ و دەیانخاتە بەهەشتەکانیەوە.

٩- ﴿ وَنَذِيرًا ﴾، ترسێنەرو وریا کەرەوە، ئەمەش سیفەتی نۆیەم و کۆتاییە، کە لێرەدا قورئانیان پێ وەسفکراوە، (الإِنْذَارُ: إِعْلَامٌ مَعَ تَخْوِيفٍ)، (إِنْذار): بریتیە لە ئاگادارکردنەوە لەگەڵ ترساندن دا، واتە: هۆشداریی پێدان و وریا کردنەوەو ترساندن، بە دڵنیایی قورئان ترسێنەرو وریاکەرەوەو هۆشداریی دەرە بۆ کەسانێك کە پشتی تێدەکەن، دەیانترسێنێ کە ئێوە لە دنیاشدا تووشی باجدان دەبن، لەبەر ئەوەی پشتتان لە قورئان کردوە، لە ڕۆژی دواییشدا تووشی جەزرەبەو سزای خوا ﷻ دێن.

لێرەدا جێی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین، دوای ئەوەی خوا ﷻ لێرەدا باسی ئەو نۆ سیفەتەی قورئان دەکات، ئنجا دێتە سەر باسی هەڵوێستی نەرێنییانەی بێبڕوایان، واتە: قورئانێك کە خاوەنی ئەو نۆ سیفەتانەیە، دەبوو زۆر پێشوازیی لێ بکرێ و شوکرانەی لەسەر بکرێ، دەبوو باوەشی گەرمی بۆ بکرێتەوە، هەڵبەتە خاوەنی عەقڵ و ویژدانەکان بەو شێوەیەن، ئەوانەی خوا ﷻ چاکەی بۆیان بوێ، شایستەی چاکەو خێرو بەرەکەتی قورئان بن.

لێرەدا خوا ﷻ دێتە سەر باسی هەڵوێستی نەرێنییانەی بێبڕوایان لە شەش هەڵوێستاندا:

١- ﴿ فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ ﴾، زۆربەیان پشتیان هەڵکرد، لە قورئاندا بە زۆریی: (أَكْثَرُهُم)، یان: (كَثِيرٌ)، بەکاردەهێنرێ، بۆچی؟ چونکە هەموویان پشتیان تێنەکردوە، ئەوانەی پێغەمبەر ﷺ پەیامی ئیسلام و قورئانی بە گوێ دا داون، هەندێکیان شوێنی پێغەمبەر ﷺ کەوتوون، بۆیە لە قورئاندا زۆر بە دەگمەن شێوەی ڕەهاییت بەرچاو دەکەوێ، خوا ﷻ باسی هەر قەومێك بکات، دەفەرموێ: زۆرینەیان، نەك هەموویان، ﴿ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾، زۆرێك لە خەڵکی لە ئایەتەکانمان لە بێئاگایانن، خوا ﷻ دەفەرموێ: زۆرێك، نافەرموێ: هەموو، چونکە بێگومان خەڵکانێك هەن، کە بێئاگانین لە ئایەتەکانی خوا، لێرەشدا هەموویان پشتیان تێ نەکردوە، لاملیان لە قورئان نەکردوە، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ ﴾.

٢- ﴿ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴾، ئەوانە نابیستن، نابیستن بە واتای ئەوەیە کە وەریناگرن و قبووڵی ناکەن، بەڵام لێرەدا حاڵەتی ئەوانی چواندوە، بە حاڵەتی کەسێك کە بانگی بکەی و نەبیستێ.

٣- ﴿ وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ ﴾، گوتیان دڵمان لە نێو بەرگ و پۆشەرو کیفاندایە، بەرانبەر بەوەی تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، بۆیە ئەو قسەیەی تۆ دەیکەی ناچێتە نێو عەقڵ و دڵمانەوە.

٤- ﴿ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ ﴾، گوێیەکانیشمان قورساییان تێدایە، ئنجا گوێیەك قورسایی تێدابێ، بێگومان نابیستێ.

٥- ﴿ وَمِن بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ ﴾، لە نێوان ئێمەو تۆدا، پەردەو نێوان هەیە، واتە: لە ئێمەوە تاکو دەگاتە تۆ، پەردەو نێوان هەیە، بۆیە نابینین.

٦- ﴿ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ ﴾، تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) کاری خۆت بکەو، ئێمەش ئەنجامدەری کاری خۆمانین، واتە: ئێمە چۆنمان کردوە، هەروا دەکەین، تۆش لەسەر کاری خۆت بەردەوام بەو، ئێمەش گوێت پێنادەین! ئەوەش ئەوپەڕی ملهوڕیی و یاخیی بوونی ئەوان دەردەخات.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنـی خـوا ﷻ بـە پێغەمبەرەکـەی موحەممـەد ﷺ کـە ڕایبگەیەنـێ، ئەویـش تەنیـا مرۆڤێکـی وەك خۆیانـە، بـەڵام سروشـی بـۆ کـراوە، کـە تەنیـا یـەك پەرسـتراوی هەقیـان هەیـە، ئنجـا بـا بـە ڕاسـتیی ڕووی تێبکـەن و، داوای لێبوردنـی لێبکـەن، هەروەهـا ئاماژەیەکیـش بـە خەسـڵەتە بنەڕەتییەکانـی هەریـەك لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران و، بـڕواداران:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَٱسْتَقِيمُوٓا۟ إِلَيْهِ وَٱسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ (٦) ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ (٧) إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ (٨) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە برگەدا:

١)- ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، بڵێ: من تەنیا مرۆڤێکم وەك ئێوە، ئەم ڕستەیەو دوو ڕستەی دواتری ئەم ئایەتە، لە ئایەتی (١١٠)ی سووڕەتی (**الكهف**)یشدا هاتوە، بە هەمان شێوە: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ... ﴾.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، وشـەی (**إِنَّمَا**): ئامـرازی کورتهەڵهێنـان و چەسـپاندنە، واتـە: (**إِنَّمَا: أَنَا مَقْصُورٌ فِـي الْبَشَرِيَّـةِ دُونَ التَّصَرُّفِ فِي قُلُوبِ النَّاس**)، واتـە: مـن کورتهەڵهێـنراوم لـە مـرۆڤ بوونـدا، نـەك بتوانم دەسـتکاریی دڵـی خەڵـك بکـەم، دڵـی ئێـوە وەربگێـڕم بـۆ ئیمان، مـن مرۆڤێکـم وەك ئێـوە، لـەو ڕووەوە کـە بتوانـم ئێـوە بێنمـە سـەر ڕێـگای هیدایـەت، ناتوانـم!.

دەتوانـم ڕێنماییتـان بکـەم، دەتوانـم هیدایەتتـان بـدەم بـە واتـای ڕێنمایـی و واتـا گشـتییەکەی هیدایـەت، بـەڵام ناتوانـم هیدایەتتـان بـدەم بـە واتـا تایبەتییەکـەی

هیدایەت، بەو مانایەی بتانخەمە سەر ڕاستە ڕێ، ئەگەر ئینسان وریا نەبێ لە جیاکردنەوەی واتای گشتیی هیدایەت و، واتای تایبەتیی هیدایەت، وەك هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان تووشی ئەو هەڵەیە بوون، ئەو کەسەش ئەگەر لێکیان جیانەکاتەوە، بێگومان تووشی هەڵە دەبێ.

با سەرنج بدەین! خوا ﷻ لە سوورەتی **(القصص)** دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ ﴿٥٦﴾ ﴾، واتە: تۆ ناتوانی هیدایەتی ئەوانە بدەی کە خۆشت دەوێن، لە هەمان کاتدا لە سوورەتی **(الشورى)** دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٥٢﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی تۆ هیدایەتی خەڵك دەدەی بۆ سەر ڕێگای ڕاست، ئنجا کە دەفەرموێ: تۆ هیدایەتیان دەدەی، بە مانای ڕێنماییە، واتە: تۆ ڕێنماییان دەکەی، بەڵام کە دەفەرموێ: ناتوانی هیدایەتیان بدەی، واتە: ڕێی ڕاستییان پێ بگری و، بیانخەیە سەر ڕاستە شەقام.

کەواتە: هیدایەتێك هەیە، بە مانای ڕێنمایی، هیدایەتێکیش هەیە بە مانای خستنە سەر ڕێگا، ئنجا خستنە سەر ڕێگا، تەنها بە خوا ﷻ دەکرێ، تەنها خوا دەتوانێ خەڵك بخاتە سەر ڕاستە شەقام، لێرەش خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ ﴾، بڵێ: من تەنیا مرۆڤێکم وەك ئێوە، واتە: ئەگەر چاوەڕێی ئەوەبن، بە تۆبزیی ئیمانتان بخەمە نێو دڵ، بێگومان ناتوانم و ئەوە کاری من نیە، چونکە من مرۆڤێکی وەك خۆتانم.

٢)- ﴿ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ﴾، سروشم بۆ لا دەکرێ، واتە: قسەی پەنهانم بۆلا دەنێردرێ، ئەوەی پێشێ بەرپەرچدانەوەی ئەوەبوو، ئەوان بە پێغەمبەریان دەگوت، تۆ مرۆڤێکی وەك ئێمەی، خوا ﷻ بە پێغەمبەری ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: بەڵێ منیش مرۆڤێکی وەك ئێوەم، ئەوە ڕاستە، من لەو قسەیەدا پشتگیرییتان دەکەم و بەرپەرچتان نادەمەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نا، کە من لە هەموو شتێکدا مرۆڤێکی وەك ئێوەم، من لە مرۆڤ بووندا وەك ئێوەم، لەو شتانەدا کە بە مرۆڤ ناکرێن و، تەنها بە خوا ﷻ دەکرێن، لەو شتەدا ڕاستە وەك ئێوەم.

بەڵام جیاوازییەکم هەیە لەگەڵ ئێوە، ئەویش ئەوەیە: ﴿ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ﴾، سروشم بۆ لا دەکرێ، ئەمەش بەرپەرچدانەوەی ئەوەیە کە دەیانگوت: تۆ مرۆڤێکی وەك ئێمەی، واتە: مرۆڤ شایستەی ئەوە نیە، خوا ﷻ وەحیی بۆ بنێرێ، نەخێر! پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: من مرۆڤێکی وەك ئێوەم لە مرۆڤایەتییدا، بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤێکم شایستەم سروشم بۆ بکرێ، لە نێو مرۆڤەکاندا کەسانێك هەبوون شایستەی ئەوە بوون خوا بەشێوەی تایبەت و پەنهان فەرمایشتیان بۆ بنێرێ و، بیاندوێنێ، کە پێی دەگوترێ: وەحیی.

شایانی باسە: ئێمە لە (**الكتاب السادس**) لە مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**)دا، لە ژێر ناوونیشانی: (**بحثٌ حَوْل الوَحِي**)، باسێکی تێرو تەسەلمان لە بارەی وەحییەوە کردوە، لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا، هەروەها لە سوورەتی (**يونس**)یشدا ئەو باسەمان بە تێرو تەسەلیی دووبارە خستۆتەوە بەرباس و پوختەکەیمان بە کوردیی هێناوە.

وەحیی لە بنچینەدا بە مانای قسەی پەنهان و، ئیلهام و خورپە دێ و، بە مانای غەریزەو ئاماژە دێ و، بە مانای فەرمانکردنی خوا دێ، هەروەها بە مانای ئەو وەحییە زانراوەش دێ، کە خوا ﷻ بە هۆی فریشتەکانەوە پەیامی تایبەت بۆ پێغەمبەران (**عليهم الصلاة والسلام**) دەنێرێ.

٣)- ﴿ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ﴾، کە پەرستراوی ئێوە تەنیا یەك پەرستراوە، لێرەدا خوای پەروەردگار جەوهەرو کاکڵی ئەو سروشەی بۆ لای موحەممەدی ﷺ کردوە، لەوەدا دەخاتەڕوو، کە بریتیە لە خوا بە یەکگرتن و، تەنیا خواپەرستن، ئەگەرنا ئەوەی خوا بۆ پێغەمبەری خاتەمی سروشکردوە، جگە لە خوا بە یەکگرتن و تەنیا خواپەرستن، زۆر شتی دیکەشی تێدایە، بەڵام ئەوە جەوهەرو کاکڵەکەیەتی و، ئەو هەناوو هەوێنەیە کە شتەکانی دیکە هەموویان لەخزمەت ئەو کاکڵ و جەوهەرەدان.

ئنجا هەروەك چۆن وشەی: (**إِنَّمَا**) ئامرازی کورت هەڵهێنان و چەسپاندنە، بە هەمان شێوەش وشەی (**أَنَّمَا**)ش هەمان مانا دەگەیەنێ، وشەی (**أَنَّمَا**)ش

هـەر دەسـتە خوشـکی (إنّما)یـە، بـەڵام (إنّمـا) لـە سـەرەتای ڕسـتەدا دێ و (أنّمـا) لـە نێوەڕاسـتی ڕسـتەدا دێ، (أنّمـا)و (إنّمـا)ش هەردووکیـان پێکهاتـوون لـە: (إنَّ) کـە بـۆ تەئکیـد کردنـەوەو جەختکردنەوەیـە، لەگـەڵ (مـا) کـە (مـا الکافـة)ی پـێ دەڵێـن، ئەویـش زیـاد کـراوە، ئەمـەش بۆچـی؟ بـۆ ئـەوەی مانـای (مـا) و (إلاّ) بگەیەنـێ، واتـە: (مَـا هُنَـاكَ إلـهٌ إلاّ إلـهٌ وَاحِـد)، واتـە: وشـەی (أنّمـا) هـەم مانـای (مـا) بـۆ لابـردن (نفـي) و، هـەم مانـای (إلاّ) بـۆ هـەڵاواردن (إسـتثناء) دەگرێتـەوە، واتـە: هیـچ پەرسـتراوێك نیـە جگـە لـە یـەك پەرسـتراوی تـاك.

٤)- ﴿ فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ ﴾، ئنجا ئێوە خۆتان بەرەو ئەو پەیام و وەحییە ڕاست بکەن، لێرەدا دەگونجێ مەبەست لە: ﴿ فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ ﴾، بریتی بێ لە (فَاسْتَقِيمُوا لَهُ)، خۆتانی بۆ ڕاست بکەن، چونکە دەگوترێ: (ذَهَبْتُ إِلَيْهِ وَذَهَبْتُ لَهُ)، واتە: لە زمانی عەرەبییدا جاری وا هەیە (ل) لە شوێنی (إلى)دا دادەنیشێ و، جاری واش هەیە (إلى) لە شوێنی (ل)دا دادەنیشێ.

یاخـود ﴿ فَٱسۡتَقِيمُوٓاْ إِلَيۡهِ ﴾، وشـەی (إسـتقيموا) بۆیـە بـە (إلى) بـەرکاری خواسـتوە، چونکـە مانـای (تَوَجَّهُـوا) یـان (أَنِيبُـوا)ی خراوەتـە نێـو، واتـە: ڕووی تێبکەن، یاخـود بـۆ لای بگەڕێنـەوە، کەواتـە: (إستَقِيمُوا)، هـەم مانـای خـۆی دەگەیەنـێ، کـە بریتیـە لـە ڕێـك وەسـتان، لـە هەمـان کاتیشـدا بـە مانـای بـە ڕێکیـی ڕووی تێبکـەن، یـان بـە ڕێکیـی بـۆ لای بگەڕێنـەوە، دێ.

٥)- ﴿ وَٱسۡتَغۡفِرُوهُ ﴾، داوای لێبوردنیشی لێبکەن.

٦)- ﴿ وَوَيۡلٞ لِّلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، سزای سەختیش بۆ هاوبەش بۆ خوا دانەران.

کەواتـە: مانایەکـەی بـەم شـێوەیەی لـێ دێتـەوە: ئێـوە بەندایەتیـی خۆتـان بـۆ لای خـوا سـاغ بکەنـەوەو، هاوبەشـی بـۆ دامەنێـن، واتـە: جگـە لـەوی مەکەنـە هاوبەشـی و، لـەوەش کـە ڕابـردوەو هاوبەشـتان بـۆ دانـاوە، داوای لێبـوردن و چاوپۆشـیی لـێ بکـەن.

٧)- ﴿ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، لێرەدا خوا ﷻ وەسفێکی دیکەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەکات: ئەوانەی کە زەکات نادەن، لێرەدا زەکات بە دڵنیایی مەبەستی پێ صەدەقەو ماڵ بەخشینە، بە بەڵگەی ئەوەی کە (**يُؤْتُونَ**)ی لەگەڵ هاتوە، (**يُؤْتُونَ أي: يَدْفَعُونَ أو يُعْطُونَ**)، دەیدەن یان دەبەخشن، کەواتە: ﴿ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ﴾، واتە: (**لا يَدْفَعُونَ الزَّكاةَ، أو لا يُعْطُونَ الزَّكاةَ**)، واتە: زەکات نادەن، یان نایبەخشن.

وەك گومان بەهۆی هەبوونی کرداری (**يُؤْتُونَ**)، لێرەدا (**الزَّكاة**) بە مانای ماڵ بەخشین دێ، ئەگەرنا دەشگونجا (**الزَّكاة**) بە مانای خۆ پاککردنەوەش هاتبایە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە:

ئەم سوورەتە مەککەییە، لە مەککەش زەکات فەرز نەکرابوو لەسەر مسوڵمانان، ئەدی چۆن لێرەدا خوا ﷻ باسی زەکات دەکات و، سەرزەنشتی کافران دەکات لەسەر ئەوەی زەکات نادەن؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە:

چ نوێژو، چ زەکات و، چ ڕۆژوو، ... هتد، ئەمانە لە قۆناغی مەککەشدا هەبوون، بەڵام وەك ئەسڵەکەیان هەبوون، ئەوەك دوا قۆناغیان، بۆ وێنە: نوێژ هەر بووە، بەڵام دوایی پێنج نوێژەکان فەرز کراون، هەروەها نوێژی هەینیی و جەژنەکان و نوێژەکانی دیکە، هەروەها ڕۆژووگرتن هەر بووە، بەڵام دوایی لە ساڵی دووەمی کۆچییدا گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان فەرز کرا، هەروەها زەکاتیش هەر بووە، بەڵام دوایی لە ساڵی هەشت یان نۆی کۆچیی لە سوورەتی (**التوبة**)دا فەرز کراوەو، دیاریکراوە بدرێ بە کێ و چۆن بێ و، چۆن نەبێ؟ بەڵام لە مەککە ئەصڵی ئەو کارانە هەر بووە، ماڵ بەخشین هەر بووەو، مسوڵمانانی بۆ هاندراون، کەسێکیش ماڵی خۆی نەبەخشیبێ، بە کەسانی ئاتاج و نەدار، سەر زەنشتکراوە، هەروەك سەرزەنشتی کەسانێکیش کراوە کە نوێژ ناکەن، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**القيامة**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴿٣١﴾ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٣٢﴾ ﴾،

سەرزەنشتیان دەكات لەبەر ئەوەی نوێژیان نەكردوە، هەروەها لە سوورەتی (المدثر)دا دەفەرموێ: ﴿ قَالُواْ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ ﴾، سوورەتی (المدثر)یش لەو سوورەتانەیە كە هەر لە سەرەتای قۆناغی مەككەدا هاتوونە خوار، مانای وایە لە قۆناغی مەككەشدا نوێژ كردن هەر بووە، بەڵام نەك ئەو پێنج نوێژە كاتەكانیان بەو شێوازە دیاریكرابێ، كە دواتر دیاریكراون.

٨)- ﴿ وَهُم بِٱلْـَٔاخِرَةِ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴾، هەروەها ئەوان بە مەنزڵگای كۆتایی بێبڕوان، لێرەدا ﴿ وَهُم بِٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾، (**الأخرة**) سیفەتی وەسفكراوێكی قرتێراو (**مَحْذُوف**)ە، واتە: (**وَهُمْ بِالحَيَاةِ الآخِرَةِ، أَو بِالدَّارِ الآخِرَة**)، ئەوان بە ژیانی دواتر، یان بە مەنزڵگای دواتر.

﴿ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴾، لێرەدا: (**هُمْ**)، ڕاناوی لێك جیا كردنەوە (**ضَمِيرُ الفَصل**)ە، بۆ جەختكردنەوەو تۆخكردنەوەی مانایەكەیەتی.

دواتر خوا ﷻ دێتە سەر باسی بڕواداران:

٩)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو، كردەوە باشەكانیان ئەنجامداون، وەك زۆر جاری دیكە گوتوومانە: (**آمَنُوا**)، هەمیشە بەركارەكەی قرتێنراوە، واتە: (**آمَنُوا بِاللهِ وَمَلَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَاليَومِ الآخِرِ وَبِالْقَدَرِ خَيرِهِ وَشَرِّهِ**)، واتە: بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی كە پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ.

(**عَمِلُوا**)، یانی: ئەنجامیان داوە، (**الصَّالِحَات**) دیسان سیفەتی وەسفكراوێكی قرتێنراوە، یانی: (**عَمِلُوا الخِصَالَ الصَّالِحَات، أو عَمِلُوا الأَعمَال الصَّالِحَات**)، خەسڵەتە باشەكان، یان كردەوە باشەكانیان ئەنجام داون، ئەوانەی وان:

١٠)- ﴿ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴾، پاداشتێكی نەبڕاوەیان هەیە، لە حاڵەتی ئاسایی دا دەبووایە فەرموبای: (**أجرٌ غَيْرُ مَمْنونٍ لَهُم**)، بەڵام بۆیە (**الجارّ والمجرور**) پێشخراوە، لەبەر گرنگیی پێدان، وەك (**إيَّاكَ نعبد**).

وشـەی (أَجْر)یـش: بریتیـە لـە فەرەبوویەکـی بـە کەڵـك، پاداشـتێکە خاوەنەکـەی لێـی بەهرەمەنـد بـێ.

وشەی (مَمنُونٍ): زانایان بە دوو واتایان لێکیان داوەتەوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (ممنون مَفْعُولٌ مِنَ المَنِّ وَهُوَ ذِكْرُ النِّعْمَةِ لِلْمُنْعَمِ عَلَيْهِ بِهَا أَي: غَيْرِ مَمْنُونٍ بِهِ عَلَيْهِ)، واتە: (مَمنُون) بەرکارە لە (مَنّ)، ئەویش بریتیە لە باسکردنی چاکە بۆ کەسێك کە چاکەکەی لەگەڵدا کراوە، واتە: منەتیان لەسەر ناکرێ، ئەم واتایە (محمد الطاهر بن عاشور) هێناویەتی، بەڵام پێم بەهێز نیە، بەڵکو ئەو واتایەی زۆرینەی توێژەرەوانم پێ بەهێزترە کە لە خاڵی دووەم دا دەیهێنین.

ب- (﴿ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ۝٨ ﴾)، أَي غَيْرِ مَقْطُوعٍ، چونکە (مَنَّهُ أَي قَطَعَهُ)، یاخود (غَيْرُ مَنْقُوص) پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە، یاخود پاداشتێکیان هەیە کە ناتەواویی تێدانیە، بەڵکو تێرو تەواوەو، بەردەوامەو نەبڕاوەیە.

مەسەلەی سێیەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە نکووڵیکردنی پێغەمبەر ﷺ لە بێبڕوایان، کە بەرانبەر بەو زاتە بێبڕوابن، کە زەمین و پێکهاتەکانی لە ماوەی چوار ڕۆژاندا (واتە: بە چوار قۆناغ)و، ئاسمانیشی بە دوو قۆناغ دروست کردوەو کەرەستەکەیشی دوو کەڵ بووە، پاشان ئاسمانی نیزیکتر لە تێمەی خەڵکی سەر زەوی، بە ئەستێران ڕازاندۆتەوە، هەم بۆ جوانیی، هەم بۆ پاراستنی لە شەیتانەکان، بە هۆی تیر بارانکرانیان بە پریشك و بڵێسەکانیان، تاکو گوێ لە قسەی فریشتەکان نەگرن:

خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿١٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست بڕگەدا:

١)- ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ﴾، (ئەی موحەممەد ﷺ!) بڵێ: ئایا ئێوە بێبڕوان بەو کەسەی زەوی دروستکردوە، هەمزە (أ)ی ﴿أَئِنَّكُمْ﴾، بۆ پرسیار کردنی سەرزەنشتکردنە (**الإسْتِفْهَام التَوْبِيْخي**).

پسپۆڕان گوتوویانە: (**وَفِي الإِفْتِتَاحِ بِالإِسْتِفْهَامِ وَحَرْفَي التَأْكِيدِ، دِلالَةٌ عَلى أَنَّ أَمْراً مُهِمّاً سَيُلْقَى إِلَيهِم**)، کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ﴾، لێرەدا لە سەرەتادا کە هەم بە پرسیارێکی سەرزەنشتکەرانەو، بە (إِنَّ)و بە (لَـ) جەختی لێکراوەتەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە قسەو باسێکی گرنگیان پێ ڕادەگەیەنێ.

٢)- ﴿ فِي يَوۡمَيۡنِ ﴾، لە دوو ڕۆژان دا، واتە: لە دوو قۆناغاندا، دواتر باسی دەکەین، وشەی (یَوم) بە مانای ماوەیەك لە کات دێ، بۆیە: تەعبیری (یَوۡمَيۡنِ) یانی: {لە ماوەی دوو ئەندازە لە کات دا}، واتە: بە دوو قۆناغ، زەوی هێنراوەتە دی.

کە دەفەرموێ: ﴿ فِي يَوۡمَيۡنِ ﴾:

١- هەندێك لە زانایان گوتوویانە، واتە: دوو ڕۆژی وەك ڕۆژی خۆمان، ئنجا هەندێکیان ڕۆژەکانیشیان دیاریيکردوون، بۆ وێنە: ڕۆژی شەممەو یەك شەممە، یاخود ڕۆژی دووشەممەو سێ شەممە! کە بە ڕاستیی ئەوە زۆر سەرکێڵ و سادە تێگەیشتنە لە قورئان!.

٢- هەندێکیشیان گوتوویانە: مەرج نیە ڕۆژانی وەك: دووشەممەو سێ شەممە بن، چونکە تاکو زەوی نەبووبێ و، زەوی بە دەوری خۆیداو لە بەرانبەر خۆردا نەخولابێتەوە، ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵ دروست نەبوون، بەڵام ئەو دوو ماوەیە لە کات، بە قەدەر دوو ڕۆژی ئێستای ئێمە بوون، کە بریتیە لە چل و هەشت (٤٨) سەعات.

مانای دووەمیان تۆزێك عەقڵ دەیگرێ، بەڵام لە ڕاستییدا ئەویش هەم لەگەڵ واقیعی دروست بوونی گەردوون و، هەم لەگەڵ چەمك و واتای ئایەتەکاندا ناگونجێ، وەك دوایی لە کورتە باسێکدا دەیخەینە ڕوو، کەواتە: ﴿ فِي يَوۡمَيۡنِ ﴾، واتە: لە دوو قۆناغ و ماوەی کاتییدا، بەڵام ئایا ئەو دوو قۆناغە چەند بوون؟ نازانین.

٣)- ﴿ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ ﴾، ئایا هاوتایانی بۆ دادەنێن؟! (أَنْدَاد) کۆی (نِدّ)ە، (وَهُوَ المِثْلُ وَالكُفْءُ)، واتە: وێنەو هاوتا.

٤)- ﴿ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، ئا ئەوە {ئەو زاتەی زەوی بە دوو قۆناغان دروستکردوە}، پەروەردگاری جیهانییانە، بۆیە بە ناوی ئاماژەی دوور هێناویەتی، چونکە ئاماژەیە بەوەی مەقامی ئەو زاتە زۆر بەرزە، یاخود لەبەر ئەوەی لە عەقڵی ئەوانەوە زۆر دوورە، کە تەنیا ئەو بپەرستن و هاوبەشی بۆ دادەنێن.

٥)- ﴿ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا ﴾، لەسەررووییەوەش چەسپاوەکانی داناون، واتە: چیا چەسپاوەکانی تێدا داناون، چونکە: ﴿ رَوَاسِيَ ﴾: (**صفةٌ مَوْصُوفٍ مَحْذُوف**)، واتە: (**وَجَعَلَ فِيهَا الجِبالَ الرَّوَاسِي**)، چیا چەسپاوەکانی تێدا داناون، (**الرَّوَاسِي صِفَةُ الجِبَالِ مِثْلُ**: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ ﴾، (**أي: السُّفُنُ الجَوَارِي**)، وشەی ﴿ رَوَاسِيَ ﴾، سیفەتی چیایەکانە، بەڵام چونکە دەزانرێ مەبەست لە چەسپاوەکان شاخەکانە، بۆیە خوا ﷻ بە پێویستی نەزانیوە، وشەی (**جِبال**) بهێنێ، هەروەك لە سوورەتی (**الشوری**)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِي ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: لە نیشانەکانی خوا ڕۆیشتووەکانن بە دەریادا، وەك چیای بەرز، ڕۆیشتووەکان، واتە: (**السُّفُنُ الجَوَارِي**)، کەشتییە ڕۆیشتووەکان.

بۆچی لێرەدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا ﴾، چیایە چەسپاوەکانی لە سەررووییەوە داناون؟ لە حاڵێك دا کە چیایەکان هەر لەسەر ڕووی زەوین؟ لێرەدا خوا ﷻ ئاماژە بە زەوی دەکات، بۆ ئامادەکردنی وێنەو دیمەنی سەرنجڕاکێشی چیایەکان لەبەرچاومان.

هەڵبەتە ئێمە لە شوێنی دیکەدا باسی چیایەکانمان کردوە، وەك سوورەتی (**الرعد**)و شوێنی دیکەش[1]، کە چیایەکان وەك پەیکەری ئێسك وان بۆ زەوی و توێکڵی زەوییان زۆر مەحکەم کردوە، هەروەها لە شوێنی دیکەدا باسی سوودەکانی چیایەکانمان کردوە، کە هەم سەرچاوەی کۆکردنەوەی ئاون، هەم سەرچاوەی کۆکردنەوەی کانیی و ڕووبارو جۆگاو جۆبارەکانن، هەروەها سەرچاوەی داهاتی گەلێك لە میوەو دارو درەختن، هەروەها زۆرجار تەوژمی بایەکان دەگێڕنەوەو، کاریگەریی زۆریان هەیە بۆ پاراستنی زەوی کە لە کاتی ئاگر پرژێنەکان و بوومەلەرزەکاندا، لێك هەڵنەوەشێ و، وەك چۆن پەیکەری ئێسکیی جەستەی مرۆڤ دەگرێ، چیایەکانیش ئاوا هەموویان بە یەکەوە ئاڵقە بەندن، بە یەکەوە توێکڵی زەوییان مەحکەم کردوە.

---

(١) بۆ وێنە: تەفسیری سوورەتی (النبأ)، ئایەتی: (والجبال أو تاداً).

بەرزترین لووتکەی چیا لەسەر ڕووی زەوی، لووتکەی (ئیڤریست - Everest)ە، لە زنجیرە چیای هیمالایە، کە (٨٨٤٩) مەتر بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، واتە: نیزیکەی نۆ کیلۆمەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، زانایانی جیۆلۆجیی دەڵێن: هەر چیایەك چەندەی بە دەرەوەیە، دە (١٠) تاکو پازدە (١٥) هێندەی بە ناخی زەویدا چۆتە خوارێ، بەو پێیەش بێ، چیای هیمالایە کە لووتکە بەرزەکەی دەوری (٩) کیلۆمەترە، نۆ جارانی دە بکە (٩ x ١٠ = ٩٠)، بەلای کەمەوە (١٠٠) کیلۆمەتر لەو چیایە لە ناخیی زەویدایە، هەر بۆیەش خوا ﷻ ناوی لە چیایەکان ناوە (أَوتاد)، کە کۆی (وَتَد)ە، واتە: گوڵمیخ و سینگ، ئەو گوڵمیخ و سینگەی چادرو تاوڵی پێ ڕادەگیرێ، یاخود وڵاخێکی پێ دەبەسترێتەوە، کە عادەت وایە بەشی زۆری دادەکوترێ لە زەویداو، بەشێکی کەمی بە دەرەوە دەمێنێتەوە، خوای بەرزیش چیایەکانی بە گوڵمیخ وەسف کردوون، وەك چۆن گوڵمیخ کەناری چادرو ڕەشماڵی پێ ڕادەگیرێ، بە هەمان شێوە ئەو چیایانەش زەوییان پێ ڕاگیر کراوە، دوای ئەوەی زانستی زەویناسیی (جیۆلۆجیا) بەرەو پێشچوو، ئنجا زانییان کە هەر چیایەك چەندەی بە دەرەوەیە، دە تاکو پازدە هێندەی بە ناخیی زەویدا چۆتە خوارێ، ئەوەش خۆی ئیعجازێکی عیلمییە.

٦)- ﴿ وَبَٰرَكَ فِيهَا ﴾، هەروەها خوا ﷻ پێزی تێخست، پێزی خستە زەوی، یانی: (جَعَلَ فِيهَا البَرَكَة)، وشەی (بَرَكَة): بریتیە لە خێرێکی بەردەوام و چەسپاو، هەروەها (بُرْكَة) واتە: گۆماو، بۆیە پێی دەگوترێ: (بُرْكَة)، چونکە ئاوەکەی تێدا داوەستاوەو ماوەتەوە، کەواتە: (بَرَكَة)، واتە: خێرێکی بەردەوام.

﴿ وَبَٰرَكَ فِيهَا ﴾، خوا ﷻ پیت و پێزی تێخستوە لە زەوی، ئەو هەموو نەوتەی خستۆتە نێو زەوی، ئەو هەموو خەڵووزی بەردەی خستۆتە نێوی، ئەو هەموو غازەی تێخستۆتە، هەر خوا خۆی دەزانێ چی دیکەشی تێدایەو، ئێستا مرۆڤایەتیی پەی پێنەبردوە، دواتر بە بەرەو پێش چوونی زانست، دەزانین خوا ﷻ چی دیکەی لە ناخی زەویدا بۆ هەڵگرتووین؟!.

٧)- ﴿ وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا ﴾، هەروەها (خوا) بژیوەکانی لە زەویدا ئەندازەگیریی کردن، (قَدَّرَ أيْ: جَعَلَ قَدْراً أي مِقْدَاراً، وَالمِقْدَارُ: النِّصَابُ المَحْدُودُ بِالنَّوْعِ وَالكَمِّيَّةِ)، (قَدَّرَ) واتە: ئەندازەی بۆ دانا، کە بریتیە لەو ئەندازە دیاریکراوە بە چەندێتیی، یاخود بە چۆنیەتیی.

﴿ وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا ﴾، (أَي: تَقْدِيـرُ كُلِّ نَـوعٍ مِـنَ القُـوتِ بِمَـا يَصلُـحُ لَـهُ مِـنَ الأوقَـاتِ)، واتـە: ئەندازەگیریـی کردنـی هـەر کام لـە بژیـوەکان، بەپێـی ئـەوەی بـۆی دەگونجـێ لەگـەڵ کاتەکـەدا، زۆر لـە دانەوێڵـەکان لـە کەشـی پایـزو زسـتاندا دەچێنرێـن، بـەڵام دواتـر لـە کەشـی بەهـارو هاوینـدا هەڵدەگیرێنـەوە، هەروەهـا هەندێـك لـە میـوەکان لـە کەشـی هاوینـدا پێدەگـەن، هەندێکیـان لـە کەشـی پایـزو زسـتاندا پێدەگـەن، هەندێکـی دیکەیـان لـە بەهـاردا پێدەگـەن، ئنجـا ئەگـەر هەرچـی میوەیـە لـە یـەك کەشـدا پـێ گەیشـتبایە، بـە کەڵـك نەدەهـات.

دیسـان لـە ڕووی پێگەیشـتنیانەوە جیاوازیـی هەیـە: دانەوێڵـە یەکجـار بەرەکـەی دەردەکات و، یەکجـار دەدوورێتـەوە، وەك نیسـك و گەنـم و جـۆو نـۆك و هـەرزن و مـاش و برنـج، بـەڵام تـەڕەکارو میـوەو سـەوزەکان، چیـن چیـن بەرهـەم دەردەکـەن، جارێـك دەچـنرێ، دوای ماوەیـەك دیسـانەوە بەرهـەم دەردەکات و دەچنرێتـەوە، هەیانـە حـەوت جـارو بگـرە زیاتریـش بـەر دەردەکات، بـۆ ئـەوەی هەمـوو پێکـەوە نەبـێ و خەسـار ببـێ (سـبحان اللـە) لـە کاری خـوا!

پسـپۆڕان گوتوویانـە: (جَمْـعُ الأَقْـوَاتِ مُضَافـاً إلى ضَمِـيرِ الأَرضِ، يُفِيـدُ العُمُـومَ)، یـانی: وشـەی (أقـوات) کـە کـۆی (قـوت)ەو پاڵدراوەتـە لای ڕانـاوی زەوی، (أَقْوَاتَهَـا) ئەمـە مانـای گشـتاندن دەگەیەنـێ، واتـە: تێکـڕای بژیوەکانـی زەوی تێـدا دانـان، بـۆ تێکـڕای ئەوانـەی پێویسـتییان بـە بژیـو هەیـە، واتـە: نـەك تەنهـا مـرۆڤ، بەڵکـو درنـدەو باڵنـدەو ئـاژەڵ و خشـۆکەکان و زینـدەوەرەکان بـە تێکڕایـی، هەروەهـا لە نێویشـیاندا مـرۆڤ و جنـد، چونکـە ئەوانیـش هـەر بـەوە دەژیـن کـە لەسـەر زەوی هەیـە.

٨)- ﴿ فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ ﴾، لە چوار ڕۆژاندا، واتە: بە چوار قۆناغ، کە دەفەرموێ: ﴿ فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ ﴾، (فَذَلِكَةٌ لِمَجمُوعِ مدَّةِ خَلقِ الأَرضِ: جُرْمِها وَما عَلَيهَا مِنَ رَواسِي، وَمَا فِيهَا

مِنَ البَرَكاتِ وَالأَقْوات) کە دەفەرموێ: لە ماوەی چوار ڕۆژاندا، واتە: بە چوار قۆناغ، ئەمە کۆکەرەوەی کۆی دروستبوونی زەوییە، خودی زەوی و پێکهاتەکانی زەوی، کە تێدا چەسپێنرانی چیایەکان و، پیت و پێز تێخستنی و، تێدا دانانی بژێوەکانە، هەر کامێکیان لە کاتی خۆیداو بە ئەندازەی خۆی.

کەواتــە: خــودی زەوی بــە دوو قۆنــاغ دروســتبووەو، پێکهاتەکانیشــی بــە دوو قۆناغــی دیکــە تێیــدا هێنراونــە دی، یــانی: کــۆی دروســتبوونی و زەوی و پێکهاتەکانــی، لــە چــوار قۆناغانــدا بــووە، ئنجــا بــۆ ئــەوەی لێمان تێکنەچێ: دواتــر خــوا ڕوو دەکاتــە ئاســمان کــە دووکــەڵ بــوو و ئەویشــی لــە دوو ڕۆژانــدا دروســتکرد، کەواتــە: چــوار ڕۆژەکــەی دروســتبوونی زەویــی و پێکهاتەکانــی لەگــەڵ دوو ڕۆژەکــەی دروســتبوونی ئاســماندا کــە خایاندوویانــە، هەمــووی دەکاتــە شــەش ڕۆژ (شــەش قۆنــاغ)، کــە خــوا ﷻ لــە چەنــدان شــوێنی قورئانــدا باســی شــەش قۆنــاغ دەکات بــۆ دروســتبوونی زەوی و ئاســمان، بــەڵام کەســێك ورد نەبێتــەوەو نەزانــێ، وای دادەنــێ کــە زەوی بــە دوو ڕۆژان دروســت بــووەو، دوایــی پێکهاتەکانــی بــە چــوار ڕۆژان و، ئاســمانیش بــە دوو ڕۆژان، کەواتــە: دەکاتــە هەشــت ڕۆژ! بــەڵام وەك گوتــم: لــە ئەنجامــی هەڵــە حیســاب کردنەکــەدا ئــەو کەســە بــە هەڵــەدا چــووە، ئەگەرنــا ئایەتەکــە وا نافەرمــوێ.

٩)- ﴿سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ﴾، وشەی: (سَوَاءً)، خوێنراویشەتەوە: (سَوَاءٍ)، واتە: بە چوار قۆناغی یەکسان، ئەو قۆناغانە، وەك یەك بوون، هەروەها خوێنراویشەتەوە: (سَوَاءٌ) بە هەر سێ جۆرە خوێندنەوەکە هاتوە.

کــە دەفەرمــوێ: ﴿سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ﴾، لێــرەدا: (للسَّــائِلِينَ)، دەگونجــێ بــە واتــای پرسیارکەران بــێ، واتــە: ئــەو چــوار قۆناغــە بــە ئەنــدازەی یــەك بــوون، بۆیــە خــوا ﷻ ئــەوەی ڕوونکردۆتــەوە، بــۆ کەســانێك کــە بپرســن: ئایــا ئەندازەکەیــان چەنــد بــووە؟ ئەنــدازەی ئــەو چــوار قۆناغــەی زەوی و پێکهاتەکانــی پــێ دروســتکران، بــە قــەدەر یــەك بــوون و یەکســان بــوون، دەشــگونجێ: (للسَّــائِلِينَ)، بــە مانــای داواکــەران بــێ،

واتـە: ﴿ وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِيٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ ﴾، بژیوەکانـی تێـدا ئەندازەگیریـی کـردن لـە چـوار قۆناغانـدا، ﴿ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴾، پـڕ بـە پێسـتی داواکاران، ڕێـك و تـەواو لەگـەڵ ئـەوەی کـە داواکاران بـە زمانـی حـاڵ داوایـان کـردوە، هەرچـی ئـەوان پێویسـتییان پێبـووە، بـە تەواویـی خـوا ﷻ لەسـەر زەوی دا دایـناوەو، بژیوەکانـی تێـدا ئەندازەگیریـی کـردوون.

١٠)- ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ﴾، دوایی خوا ڕووی کردە ئاسمان، وشەی: (**اسْتَوَى**)، ئەگەر بە (**عَلَى**) بەرکار بخوازێ، واتە: چووە سەری و نیشتەجێ بوو و بەرز بۆوە، بەڵام ئەگەر: (**اسْتَوَى**)، بە (**إلى**) بەرکار بخوازێ، (**يَعْني: قَصَدَ نَحوَهَا قَصْداً سَوِيّاً**)، بە ڕێکیی ڕووی تێکردو ویستی، کەواتە: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ﴾، (**أي عَمَدَ إلى السَّماء، وَقَصَدَ السَّماءَ قَصْداً سَوِيّاً**)، ڕێك ڕووی لە ئاسمان کردو ویستی بیهێنێتە دی.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ﴾، لەوبـارەوە هەندێـك لـە زانایـان دەڵێـن: (**إستَوى إلى مَكانِ كَذا، أي تَوَجَّهَ إلَيهِ تَوَجُّهاً لا يَلْتَفِتُ إلى سَواهُ**)، واتـە: ڕووی کـردە فـڵان شـوێن، بـە شـێوەیەك کـە ئـاوڕی لـە هیـچ شـوێنی دیکـە نەدایـەوە.

لێـرەدا وشـەی: (**ثُمَّ**)، بـۆ ڕیزبەندیـی کاتیی نیـە، بەڵکـو بـۆ ڕیزبەندیـی باسـکردن و پلـەو پایـەو پێگەیـە، واتـە: دوای ئـەوەی باسـی دروسـتکرانی زەوی کـرا، ئنجـا...، چونکـە زەوی شـتێکی بچووکـەو، بەشـێکە لـە ئاسـمان و هەمـوو گـەردوون، کەواتـە: لێـرەدا مەبەسـت پـێ ڕیزبەندیـی دروسـتکردن نیـە، چونکـە وەك دوایـی باسـی دەکەیـن، زەوی بەشـێکی بچووکـی گەردوونـە.

١١)- ﴿ وَهِيَ دُخَانٌ ﴾، لەو کاتەدا ئاسمان دوو کەڵ بوو، (**دُخَان**): ئەوەیە کە لە بڵێسەی ئاگر بەرز دەبێتەوە، واتە: ماددەی ئاسمان (گەردوون) شێوەی گازێك بوو کە خوای باڵادەست دووکەڵی بۆ بەکارهێناوە.

١٢)- ﴿ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا ﴾، خوا ﷻ بە ئاسمان و بە زەویشی گوت: بێن، وەرن، (**أي: تَكَوَّنا، إستَجِيبَا لِلخَلقِ**)، دروست بێن، وەڵامبدەنەوە بۆ دروستکران.

وشـەی: ﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا﴾، ئیبنـو عەبباس (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ) خوێندوویەتـەوە: (آتِيا)، یـانی: بـدەن.

١٣)- ﴿طَوْعًا أَوْ كَرْهًا﴾، چار و ناچار، بە پێخۆش بوون و پێ ناخۆش بوونەوە، (**طَوعاً وكَرهاً: مَصدَرَانِ فِي مَوضِعِ الحَالِ، أي طَائِعَتَينِ أو مُكرَهَتَينِ**)، (طَوعاً) و (كَرهاً) چاوگن و لە شوێنی حاڵدا دانیشتوون، واتە: ملکەچانە و پێخۆشحاڵە، یاخود پێناخۆشحاڵانە، یاخود چارو ناچار.

هەڵبەتـە لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا﴾، بـە ویـش و بـە زەویـشی فەرمـوو: وەرن، دروسـت بـن چـارو ناچـار، بـە پێخـۆش بـوون و پێناخـۆش بوونـەوە، ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە زەویـش هـەر لـە نێـو ئاسـماندا دروسـتبووە، کەواتـە: ئـەوە کـە پێشـێ خـوا ﷻ باسـی دروسـتبوونی زەوی دەکات بـە دوو قۆنـاغ و، دوایـی دروسـتبوونی پێکهاتەکانـی بـە دوو قۆنـاغ و کـۆی زەوی و پێکهاتەکانـی بـە چـوار قۆنـاغ، لەبـەر ئەوەیـە کـە زەوی بـە نسـبەت ئێمـەی مرۆڤـەوە، گرنگیـی و بایەخیـی زیاتـرە، نشـینگەی ئێمەیـەو، هەمـوو ژیانمـان لەسـەریەتی، بۆیـە پێشـێ باسـی دروسـتکردنی زەوی کـردوە، ئەگەرنـا لـە ڕاسـتییدا دروسـتبوونی زەویـش هـەر لـە نێـو دروسـتبوونی ئاسـماندایەو، ئـەو دوو قۆناغـەی ئاسـمانیان پـێ دروسـتبووە، هـاو کات زەویشـیان پـێ دروسـتبووە، کەواتـە: زەوی و ئاسـمانەکان لـە یـەك کاتـداو، بەیەکـەوە دروسـتبوون، چونکـە دوایـی کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ﴾، خـوا تێکیپەڕانـدن لـە شـێوەی حـەوت ئاسـماناندا، لێرەدا بۆیـە باسـی زەوی نەکردۆتـەوە، چونکـە زەویـش هـەر لـە نێـو ئاسـمانەکاندایە، بۆیـە کـە حـەوت ئاسـمانەکان دروسـت بـوون بـە دوو قۆنـاغ، مانـای وایـە هـاو کات لەگـەڵ ئەوانـدا، زەویـش دروسـت بـووە.

بـەڵام وەك دوایـی باسـی دەکەیـن، زەوی سـەربەخۆ دروسـت نەبـووە، بەڵکـو بەشـێك بـووە لـە خـۆر، دوایـی لـە خـۆر جیابۆتـەوە، کـە بـە مەزەنـدەی زانایانـی

فیزیای ئێستا، خۆر ئەستێرەیەکە لە نێوان یەك تریلیۆن (١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ئەستێرەدا، کە وەك خۆرن، یاخود گەورەترن، یاخود بچووکترن، ئنجا خۆری ئێمە یەکێکە لەو ئەستێرانە، زەوی ئێمەش لە خۆر جیابۆتەوەو خۆر یەکێکە لە یەك تریلیۆن ئەستێرەی دیکەی ناو یەك کەهکەشان، کە بە مەزەندەی زانایان دەڵێن: دوو سەد ملیار کەهکشان دۆزراونەوە لە گەردووندا، هەندێکیش دەڵێن: یەك تریلیۆن! هەڵبەتە هەموو ئەوانەش مەزەندەو نیزیك خستنەوەن، نەك بە ڕێکیی و کت و مت و وردیی بێ، گرنگ ئەوەیە ژمارەی کەهکەشانەکان لە گەردووندا زۆر زۆرە، هەر کام لەم کەهکەشانانەش وەك ئەو کەهکەشانەی ئێمە کەمتر یان زیاتر ئەستێرەی تێدان.

١٤)- ﴿ قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴾، گوتیان: ملکەچییمان بەخشیی، یاخود ئەوەی پێمان گوتراوە جێبەجێی بکەین، ئەوە جێبەجێمان کرد، ئەوە فەرمانبەرییمان بەخشیی.

کەواتە: (أَتَيَا)، ئەمە لە (مُؤَاتَاة)ە، واتە: بە گوێ کردن و بە قسە کردن، ئەوانیش گوتوویانە: (أتینا)، هاتین، یان: بەخشیمان و دامان.

١٥)- ﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ ﴾، ئنجا خوا تێکیپەڕاندن لە شێوەی حەوت ئاسماناندا، (أي: خَلَقَهُنَّ، أَو أَحْكَمَهُنَّ، أَو فَرَغَ مِنْهُنَّ)، واتە: هێنانیە دی، یاخود قایم و توندو تۆڵی کردن، یاخود لێیان بۆوە.

کە دەفەرموێ: (فَقَضَاهُنَّ)، ڕاناوەکەی دەچێتەوە سەر ئاسمان، کە ئاسمان مێ (مُؤَنَّث)ە و یەکە، بەڵام بۆیە بە کۆ (جمع) هاتوە، لەسەر مانای ئەوە کە دوایی دەبێ بە حەوت ئاسمان، یاخود لەو ڕووەوە کە: ﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾، ناڕوون (مبهم)ە، بەڵام دوایی بە: ﴿ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ ﴾، ڕوون دەکرێتەوە.

ئنجا ﴿ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ ﴾، (منصوب)ە، چونکە تەفسیرە بۆ: (فَقَضَاهُنَّ)، یاخود جێگرەوە (بَدَل)یە بۆ ڕاناوی (هُنَّ)، یاخود بەرکاری دووەمە بۆ: (فَقَضَاهُنَّ)، کە (هُنَّ) دەبێتە بەرکاری یەکەم و، ﴿ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ ﴾، دەبێتە بەرکاری دووەم،

لەبەر ئەوەی (قَضَا)، مانای (صَيَّرَ)ی خراوەتە نێو، (أي صَيَّرَهُنَّ)، وایلێکردن، یاخود: ﴿ سَبْعَ سَمَوَاتٍ ﴾، دەبێتە حاڵ، واتە: دروستی کردن و تێکیپەڕاندن، لە حاڵێکدا کە حەوت ئاسمان بوون، یاخود: ﴿ سَبْعَ سَمَوَاتٍ ﴾، تەمییزە، هەموو ئەو حاڵەتانەش لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە دروستن.

١٦)- ﴿ فِي يَوْمَيْنِ ﴾، لە دوو قۆناغدا، حەوت ئاسمانەکەی هێنانی دی، واتە: لە دوو ماوەی کاتییدا.

١٧)- ﴿ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ﴾، لە هەر ئاسمانێکیشدا فەرمانەکەی پێسپارد، سروش و پەیامەکەی تێدادانا، (أي: أَمَرَ فِي كُلِّ سَمَاءٍ بِتَرْتِيبِ أَمْرِهَا وَشُؤُونِهَا)، واتە: فەرمانی کرد لە هەر ئاسمانێکدا کە کاروبارەکانی ڕێك بخرێن.

هەندێکیشیان گوتوویانە: (**الوَحِيُ فِي السَّمَاءِ: تَقْدِيرُ نَظْمِهَا وَتَقْدِيرُ جَاذِبِيَّتِهَا وَسَيْرُ نُجُومِهَا وَكَوَاكِبِهَا، وَخَلْقُ المَلَائِكَةِ فِيهَا، وَمَا يَقُومُونَ بِهِ مِن أُمُور، أمرُهَا: شَأْنُهَا وَهُوَ يَصْدُقُ بِكُلِّ مَا هُوَ مِنْ مُلَابَسَاتِهَا وَأَحْوَالِهَا، وَانتَصَبَ (أَمْرَهَا) عَلَى نَزْعِ الخَافِضِ أَي بِأَمْرِهَا، أو عَلَى تَضْمِينِ أَوْحَى مَعْنَى قَدَّرَ وَأَوْدَعَ**).

کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ﴾، دەڵێن: مەبەست لە وەحیی لە هەر ئاسمانێکدا، ئەندازەگیریی کردن و ڕێك و پێککردنی سیستمەکەیەتی و، ئەندازەگیریی کردنی هێزی ڕاکێشانیەتی و، ڕێکخستنی جووڵەی ئەستێرەو خڕۆکەکانیەتی، هەروەها ئەو فریشتانەی تێیدا دانراون لە هەر ئاسمانێك داو، ئەو کاروبارانەی پێیان هەڵدەستن، هەروەها کە دەفەرموێ: (**أَمْرَهَا**)، واتە: کاروبارەکەی، ئەویش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بەو ئاسمانەوەیە، کە ئاماژەمان بە هەندێکیان دا، هەروەها: (**أَمْرَهَا**)، مەنصووبەو حاڵەتی نەصبی وەرگرتوە، لەبەر ئەوەی (**وَأَوْحَى**)، مانای (**قَدَّرَ**) یاخود (**أَوْدَعَ**)ی خراوەتە نێو، یانی: تێیدا ئەندازەگیریی کرد، یاخود کاروباری هەر ئاسمانێکی خستە نێو ئەو ئاسمانەوەو ڕێکیخست.

١٨)- ﴿وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ﴾، ئاسمانی نیزیکتریشمان بە چرایان جوانکردوە، ڕازاندۆتەوە.

١٩)- ﴿وَحِفْظًا﴾ هەروەها بۆ پاراستنیش، یانی: پاراستنی ئاسمانەکان لە گوێ تێداگرتنی شەیتانەکان، بە پارچەو پریشکی ئەستێرەو خرۆکەکان.

٢٠)- ﴿ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾، ئەوەش ئەندازەگیریی کردنی (خوای) زاڵی زانایە، یانی: دروستکرانی حەوت ئاسمانەکان و زەوی و پێکهاتەکانی و ڕازاندنەوەی ئاسمان و پاراستنی بە هۆی ئەستێرانەوە، تێکڕای بە نەخشەو بەرنامەو ئەندازەگیریی خوای باڵا دەستی زانایە.

کورتە باسێک لە بارەی دروستبوونی گەردوونەوە

ئەو چوار ئایەتەی لە دەرسی پێشوودا قسەمان لە بارەوە کردن، کە دەفەرمووێ: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿١٢﴾﴾، ئەم چوار ئایەتە موبارەکە کە پێشتر شیمان کردنەوە، قسە لە بارەی دروستبوونی زەویی و ئاسمانەوە دەکەن، بۆیە بە باشم زانی کە کورتە باسێك لە بارەی دروستبوونی گەردوونەوە بکەین.

گەردوون (**الكَوْن**) یان بوونەوەر، مەبەستمان پێی هەموو ئەو شتانەیە کە خوا دروستی کردوون، کە تاکو ڕادەیەك بۆ ئێمە زانراون، کە زاراوی (ئاسمان و زەوی)، یان (ئاسمانەکان و زەوی)، یان (حەوت ئاسمانەکان و زەوی)، بەکاردەهێنرێ بۆ تەعبیرکردن لە کۆی دروستکراوەکانی خوا ﷻ جگە لە عەرش و درەختی کۆتایی (**سِدْرَةُ المُنْتَهى**)و، هەر دروستکراوێکی دیکەی خوا ﷻ کە لە سنووری بوونەوەردا نیەو، لە دەرەوەی چوارچێوەی بوونەوەرە.

ئەو کورتە باسەش لە نۆ برگەدا شی دەکەینەوە:

١)- تەعبیری ئاسمانەکان و زەوی: (**السّماواتِ والأَرْض**)، یاخود ئاسمان و زەوی: (**السّماءِ والأَرْض**)، یان حەوت ئاسمانەکان و زەوی: (**والسّماواتِ السّبْع والأَرْض**)، ئەم تەعبیرە مەبەست پێی گەردوونە بە سەرو خواریەوە.

ئنجا لەو چوار ئایەتەی سوورەتی (فُصِّلَتْ)دا، خوا ﷻ سەرەتا باسی چۆنیەتی دروستکردنی زەوی دەکات، هەم وەك پەیدابوونی زەوی، هەم وەك پێکهاتەکانی زەوی و چیایەکان و، ئەو پیت و پێزەی خوا خستوویەتە نێو زەوی و، ئەو بژیوانەی لە زەویدا داینـاون، دوایی خوا ﷻ باسی دروستکردنی ئاسمان دەکات، کە دەفەرمـوێ: پێش ئەوەی خوا لە شێوەی ئاسمان، یان حەوت ئاسمانانـدا بیهێنێتە دی، دوو کەڵ بوو، بەڵام بۆ زەوی خوا ﷻ باسی ماددەکەی ناکات کە لە چیی بوو، بەس بۆ ئاسمان باس دەکات کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا ﴾، واتە: دوایی (خوا ﷻ) بەرەو ئاسمان چوو (ویستی دروستی بکات)، کە لە شێوەی دووکەڵ دا بوو، (واتە: (گاز) بوو)، بە ویش و زەویشی گوت وەرن پەیدا بین، چارو ناچار، بە پێخۆشبوون و پێناخۆش بوونەوە، ﴿ قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴾، هەردووکیان (ئاسمان و زەوی)، گوتیان: ملکەچانە دروستبووین، یاخود: هاتین بەپێی فەرمانی تۆ.

جێی سەرنج ئەوەیە کە خوا ﷻ ڕاناوی کۆی نێرینەی بۆ ئاسمان و زەوی بەکارهێناوە، ﴿ قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴾، واتە: ئێمە ملکەچانە هاتین، وەك خاوەن ئیرادەو شعوورو عەقڵێك قسە دەکەن، بۆیەش خوا ﷻ ئەو ڕاناوەی بۆ بەکارهێناون، چونکە مامەڵەیان لەگەڵ فەرمانی خوادا، مامەڵەیەك بووە وەك هی خاوەن عەقڵ و شعوورێك بووە کە فەرمانبەرو ملکەچە بۆ خوا، دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ ﴾، واتە: خوا ﷻ تێکیپەڕاندن، هێنانیە دی حەوت ئاسمان، واتە: ئەو دووکەڵەی کە کەرەسەی خاوی لێ دروستکرانی ئاسمان بوو، خوا لە شێوەی حەوت ئاسماناندا، هێنایە دی، ﴿ فِى يَوْمَيْنِ ﴾، واتە: لە دوو ڕۆژاندا، یانی: بە دوو قۆناغ، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ﴾، واتە: لە هەر ئاسمانێکدا فەرمانەکەی دانا، سروشی خۆی لەوێدا دانا، واتە: ئەوەی کە دەبێ لە هەر ئاسمانێکدا ئەنجام بدرێ، خوا ﷻ لەوێی دانـا، یانی: ئەو سیستم (نظام)ەی پێی بەڕێوەدەچێ، ﴿ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ

﴿ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾، واتـه: ئاسـمانی نیزیکیشـمان، (واتـه: نیزیـك لـه ئێوەمـان نـەی خەڵکـی زەوی!) بـه چرایـان ڕازانـدەوە، ئـەم تەعبیـرە وەك جـاری دیکـەش باسـمان کـردوە، ئـەوە دەگەیەنـێ کـە هەرچـی ئەسـتێرەیەو، هەرچـی کەهکەشـانەو، هەرچـی گەلـه کەهکەشـانە، هەمـووی دەکەوێتـه سـنووری ئاسـمانی یەکەمـەوە، چونکـه خـوا دەفەرمـوێ: ئاسـمانی نیزیکتـر لـه ئێوەمـان، ڕازانـدەوە، چونکـه وشـەی (دُنیا) (مؤنث) ی (أَدْنی)یـه، واتـه: نیزیکـتر، (دُنیا)ش هـەر واتـه: نیزیکـتر، بـەڵام بـه بـاری مێینـەدا.

کەواتـه: هەرچـی خڕۆکـەو ئەسـتێرەو کەهکەشـانە کـە وەك چرایـان دەبینرێـن، هەموویـان لـه سـنووری ئاسـمانی یەکەمـدان، چونکـه خـوا دەفەرمـوێ: ئاسـمانی نیزیکترمـان، واتـه: نیزیکـتر لـه زەویـمان بـه چرایـان ڕازانـدەوە، مانـای وایـه لـه سـەرووی ئـەو کەهکەشـان و، ئەسـتێرانەوە کـە لـه سـنووری ئاسـمانی یەکەمـدان، ئەویـش هـەر خـوا دەزانـێ سـنوورەکەی لـه کـوێ کۆتایـی دێ! لـه سـەرووی ئـەوەوە شـەش ئاسـمانی دیکـه هـەن، ئنجـا لـه سـەرووی ئەویشـەوە عـەرش هەیـەو، (سِدْرَة الْمُنْتَهى) هەیـه، وەك خـوا ﷻ لـه سـوورەتی (النَّجم)دا باسـی کـردوە.

لێـرەدا خـوا ﷻ کـه پێشـتر باسـی زەوی دەکات، لەبـەر ئەوەیـه کـه زەوی بـه نسـبەت ئێمـەوە، زیاتـر جێـی بایـەخ و گرنگییـەو نشـینگەی ئێمەیـه، ئەگەرنـا لـه ڕاسـتییدا زەوی هـەر دەکەوێتـەوە نێـو ئاسـمان، واتـه: نێـو گـەردوون، بەڵکـو شـتێکی زۆر بچووکـه لـه نێـو گەردوونـدا، بـه بەڵگـەی ئـەوەش کـه خـوا ﷻ دوایـی لـه دروسـتکردنی ئاسـماندا، دەفەرمـوێ: ﴿ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهًا ﴾، واتـه: بـه ئاسـمان و بـه زەویشـی فەرمـوو، چـارو ناچـار وەرن، پەیدابـن، کەواتـه: زەوی هـەر لـه نێـو ئاسـماندا دروسـت بـووە، بـەڵام نـەك بـه شـێوەی زەوی، بەڵکـو وەك بیـردۆزە فیزیایـی و گەردوونییەکانـی ئێسـتا دەڵێـن: زەوی ئێمـه پارچەیـەك بـووە لـه خـۆر جیابۆتـەوە، هەروەهـا هەشـت خڕۆکەکـەی دیکـەش و بـه هەموویـان کۆمەڵەی خـۆر پێکدێنـن، چونکـه هەموویـان لـه خـۆر جیابوونـەوە، کەواتـه: زەویـش هـەر لەنێـو ئاسـمانەکاندا بـووە، بـەڵام دوایـی جیابۆتـەوە، ئنجـا جیابوونـەوەی زەوی لـه

خـۆر، دوو قۆناغـی ویسـتوون و، پێکهاتەکانـی زەویـش کـە بریتیـن لـە چیایـەکان و ئـەو پیـت و پێـزەی کـە تێیخـراوەو، بژیـوەکان کـە تێیـدا دانـراون، واتـە: دروسـتبوونی ئـەو تۆێکڵـەی زەوی، ئەویـش دوو قۆناغـی خایانـدوون، کەواتـە: سـەرجەم زەوی چ وەك پەیدابـوون و، چ وەك تێـدا دانرانـی پێکهاتەکانـی، بـە چـوار قۆنـاغ تـەواو بـووە، ئاسـمانیش هەمـووی، واتـە: گـەردوون هەمـووی و لـە نێویشـیدا زەوی کـە بەشـێك بـووە لـە خـۆر، ئەویـش هەمـووی بـە دوو قۆنـاغ، کەواتـە: دەبێتـە شـەش قۆنـاغ، ئەمـە وەك پێناسـەیەکی ئاسـمانەکان و زەوی و، یەکانگیربوونـی ئـەو زاراوەیـە لەگـەڵ زاراوەی گەردوونـدا کـە ئێسـتا بەکاردەهێـنرێ.

٢)- ئێستا پەیدابوونی گەردوون بۆتە شتێکی مشت و مڕ هەڵنەگر، لە ڕۆژگاری ئێستاماندا، ئەوە کە گەردوون سەرەتایەکی هەیەو پەیدابووە، بۆتە شتێکی مشت و مڕ هەڵنەگر، ئەگەر پێشتر کەسانێکی مولحید توانیبیان قسەیەکی وا بکەن کە ئەم دنیایە، ئەم گەردوونە بێ سەرەتایەو، هەر بووە، بۆیە پێویستیی بە پەیداکەرو بەدیهێنەرو ڕێکخەرێك ناکات، کە ئەگەر گریمان هەر هەبووش بووبێ، کە واش نیە، دیسان هەر پێویستیی بە ڕێکخەرێك و بە پەیداکەرێك دەکات، بەڵام بە هەر حاڵ ئێستا بیرۆکەی بێ سەرەتاو ئەزەلیی بوونی گەردوون، دروست نەبوونی گەردوون لە کاتێکی دیاریکراودا، بۆتە شتێکی ئەفسانەیی، ئێستا بڕوادارو بێبڕوا لەسەر ئەوە یەکدەنگن و ڕێککەوتوون کە گەردوون لە نەبوونەوە هاتوە، ئەوەش باسێکی دوورو درێژ هەڵدەگرێ، کە ئێمە لە مەوسووعەی: (ئیمان و ئیلحاد)، واتە: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد لەبەر ڕۆشنایی زگماك و عەقڵ و زانست و وەحیی دا)، کە سوپاس بۆ خوا چاپی یەکەمی تەواو بووە، چاپی دووەمیش کراوەتەوە، لەوێدا خستوومانەتە ڕوو و، لەو بارەوە، دوازدە بەڵگەی زانستیی و عەقڵییمان هێناون[1].

٣)- گەردوون لە چییەوە هاتوە؟

نوێتریـن بیـردۆزەو بـۆ چوونـی فیزیایـی لـەو بـارەوە کـە گـەردوون لـە چییـەوە هاتـوە؟ بریتیـە لـە بیردۆزەیـەك کە بـە (بیـگ بانـگ)(big bang)، یاخـود (تەقینەوەی

---

(١) لاپەڕە: ٧١٣ - ٧٤١، چاپی یەکەم/ ٢٠١٩ز.

مـەزن)، (**الإنْفِجـارُ العَظِيـم**) نـاسراوە، کـە بەپێـی ئـەو بیردۆزەیـە دەڵـێ: سـێزدە ملیـارو حەوتسـەد ملیـۆن (١٣,٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سـاڵ، یاخـود هەشتسـەد ملیـۆن سـاڵ، هەندێکیـش دەڵێـن: پـازدە ملیـار سـاڵ لەمەوبـەر ئـەم گەردوونـە بوونـی نەبـووە، واتـە: ئـەم ئاسـمان و زەوییـە کـە ئیمـە دەیبینیـن بوونـی نەبـووەو، لـە ئەنجامـی تەقینـەوەی تەنێکـی زۆر بچـووك، کـە پێـی دەگوتـرێ: تـاك (**مُفْـرَدَة**)، ئنجـا هەندێکیان هێلکـەی گـەردوون (**بَیْضَـةُ الکَـوْن**)، هەندێکیـان تـۆوی گـەردوون (**بَـذرَةُ الکَـوْن**)، بـە ئینگلیزیـی (**singularity** - سـینگولاریتی) پـێ دەڵێـن، لـە ئەنجامـی تەقینـەوەی ئـەو (**singularity**)یـەدا، واتـە: ئـەو تاکـە گەردوونییـەدا، ئـەم گەردوونـەی ئێسـتا دەیبینیـن بەسـەرو خواریـەوە، بـە ئاسـمانەکان و زەوییـەوە هاتۆتـە دی.

ئنجـا (**singularity**)یـش لـە ڕووی قەبـارەو گەرمیـی و کاتـەوە، دەبـێ بەپێـی ئەگـۆڕی بلانـك (**ثابِـتْ بلانـك**) تەماشـا بکـرێ، کـە ئەگـۆڕی بلانـك دەڵـێ: لـەوە بچووکـترو، لـەوە گەرمـترو، لـەوە خێراتـر لـە ڕووی کاتـەوە نیـە:

١- (**singularity**) بەپێی پێوەری (کاڵڤن) دە توان سی و دوو پلەی (کاڵڤن) گەرم بووە، واتە ژمارە دە، سی و دوو سفری بۆ دابنرێ، ئەوەندە پلەی (کاڵڤن) گەرم بووە ($١٠^{٣٢}$).

٢- لە ڕووی کاتەوە، دە توان چل و سێ سالیبی چرکەیەکی پێچووە، واتە ژمارە دە چل و سێ سفری هەبێ ($١٠^{-٤٣}$)، ئنجا یەك بەشی ئەو ژمارەیە ئەو کاتە بووە کە (**singularity**) تێدا تەقیوەتەوە، واتە: چرکەیەك دابەش بکەی بۆ ژمارەیەك کە ژمارە دە چل و سێ سفری هەبێ، یەك بەشی ئەوە، ئەو کاتە بووە کە پێی چووە بۆ تەقینەوەی ئەو تاکە گەردوونییە.

٣- لە ڕووی قەبارەوە، هێندە بچووك بووە، دە توان سی و پێنج سالیبی مەترێك بووە، واتە: ژمارە دە سی و پێنج سفری هەبێ ($١٠^{-٣٥}$)، یەك لەسەر ئەو ژمارەیە ئەوە قەبارەی ئەو تاکە گەردوونییە بووە، واتە: ئەوپەڕیی گەرم و، ئەوپەڕیی بچووك، لە کاتێکی ئەوپەڕیی کەمدا، کە ئەسڵەن هیچ کامیان مرۆڤ ناتوانێ بە خەیاڵی خۆشییاندا بهێنێ.

٤)- ئایا ئەمە چی دەگەیەنێ؟

ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە گـەردوون لـە نەبوونـەوە هاتـوە، چونکـە لـە ڕاستییدا ئـەو ئەندازەیـەی لـە ڕووی کاتـەوە پێـی چـووە، یەکجـار یەکجـار کەمـەو، قەبارەکـەی یەکجـار بچووکـە، زۆر زۆر لـە ئەلیکترۆنیـش بچووکـترە، کـە ئەلیکـترۆن هێنـدە گچکەیـە: ئەگـەر گەردیلەیـەك هێنـدەی قەبـارەی زەوی گـەورە بکـرێ، ئـەو کاتـە ئەلیکترۆنەکـە بـە ئەنـدازەی تۆپێکـی پـێ دیـارە، بـەڵام ئـەو (-sin gularity)یـە لـە ئەلیکترۆنیـش زۆر بچووکـترە.

لـە ڕووی گەرمییشـەوە لـەوە گەرمـتر، لـە خەیاڵـدا جێـی نابێتـەوە، بۆیـە ئەگـەر بگوتـرێ: ئـەم گەردوونـە لـە نەبوونـەوە هاتـوە، شـتێکی زۆر زانسـتییە، چونکـە ئـەو قەبـارە بچووکـە، بـەو هەمـوو گەرمییـە، لـەو هەمـوو کاتـە چڕکراوەیـەدا، لـە ڕاسـتییدا تەعبیرێکـی دیکەیـە لـە نەبـوون (عـدم).

٥)- قورئان چۆن باسی دروستبوونی گەردوون دەکات؟

ئـەو بیـردۆزە تازەیـەی کـە باسـمان کـرد، لەگـەڵ ئاماژەکانـی قورئانـدا زۆر تێکدەکاتـەوە، هەڵبەتـە ئێمـە هەرگیـز قورئـان لەگـەڵ هیـچ بیردۆزەیەکـدا بـەراورد ناکەیـن، چونکـە ئـەوەی خـوا دەیفەرمـوێ، ڕاسـتیی ڕەهایە، بۆیـە هەمیشـە بنچینە لە لای ئێمـە فەرمایشـتی خوایـە، بـەڵام ئەگـەر زانسـتیش بگاتـە دەرککردنـی حەقیقەتێك کـە ئـەو حەقیقەتـە قورئـان ئامـاژەی پێکردبـێ، دەگونجـێ ئـەو ئایەتـە مەبەسـت پێـی ئـەو حەقیقەتەیـە بـێ، کـە زانسـت ئێسـتا بـۆی کەشـف بـووە:

لـە سـوورەتی (الأَنبِيـاء)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتـە: ئایـا ئەوانـەی بێبـڕوان نازانـن کـە ئاسـمانەکان و زەوی پێکـەوە چەسـپاو بـوون، ئنجـا لەیەکـمان جیاکردنـەوە؟، ﴿ كَانَتَا رَتْقًا ﴾، (أي: مُلْتَصِقَتَيْنِ)، وەك لـە سـوورەتی (الأَنبِيـاء)دا، بـە درێژیـی باسـمان کـردوە، واتـە: پێکـەوە جۆشـدراو (لـکاو) بـوون، ﴿ فَفَتَقْنَاهُمَا ﴾، واتـە: لێکـمان جیاکردنـەوە.

وشـەی (فَتَق)، واتـە: لێك جیابوونـەوەی دوو شـتان کـە لێك نەپچڕێـن، زەویـش لەگـەڵ ئاسـمان لێـك دانەبـڕاون، چونکـە زەوی بـە دەوری خـۆردا دەخولێتـەوەو، کاتـی خـۆی هـەر لـە خـۆر جیابۆتـەوە و، لەگـەڵ هەشـت خڕۆکەکـەی دیکـەدا بـە هەموویـان کۆمەڵـەی خـۆر پێکدێنـن، خۆریـش بـە دەوری داڵـی ڕاوەسـتاودا دەخولێتـەوە، ئەویـش هـەر ئەسـتێرەیەکە لـە یـەك تریلیـۆن ئەسـتێرەی نێـو کەهکەشـانی کاکێشـان، کەهکەشـانی کاکێشـانیش دیسـان لەگـەڵ کەهکەشـانەکانی دیکـە پێکەوەیـە، کەواتـە: زەوی کـە لـە ئاسـمان جیابۆتـەوە لێـی دانەبـڕاوەو، لێـی دوور نەکەوتۆتـەوە، ﴿ فَفَتَقْنَٰهُمَا ﴾، واتـە: لێکـمان جیاکردنـەوە بـێ ئـەوەی لێـك بپچڕێـن و لێـك دابڕێـن، ﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ﴿٣٠﴾ ﴾، هەمـوو زیندەوەرێکیشـمان لـە ئـاو دروسـتکردوە، ﴿ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتـە: ئایـا بـڕوا ناهێنـن؟! واتـە: ئایـا بـڕوا ناهێنـن بـە خـوای بـەرز کـە لـە یـەك ئایەتـدا ئامـاژە دەکات بـە سـەرەتای درووسـتبوونی گـەردوون و ژیـان، کـە زانسـت هەرچەنـدە لێـی بکۆڵێتـەوەو بـڕوات، هـەر دەگات بـەوەی خـوا فەرموویەتـی؟! بۆیـە زانایانـی ئیسـلام گوتوویانـە: کۆتایـی زانسـت سـەرەتای وەحییـە، وەحیـی چـی فەرمـوو بـێ، زانسـت دوای ئـەوەی لێـی دەکۆڵێتـەوەو دەڕواو دەپشـکنێ، دێتـەوە سـەر ئـەوەی وەحیـی فەرموویەتـی، ئەگـەر ڕاسـتیی زانسـتیی بـێ، ئەمـما بیردۆزەیەکـی خەیاڵاویـی وەك بیـردۆزەی (داروینـ)، یـان هـەر بیردۆزەیەکـی دیکـە ئەگـەر لەگـەڵ ڕاسـتییەکانی وەحییـدا نەگونجا، ئـەو بیردۆزەیـە نەبۆتـە حەقیقەتێکـی زانسـتیی و هـەر خەیاڵێکەو کەسـێك کردوویەتـی.

لـە سـوورەتی (فُصِّلَتْ)دا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ ﴾، واتـە: دوایـی خـوا ﷻ ویسـتی ئاسـمان دروسـت بـکات، لـەو کاتـەدا دووکەڵ بـوو، ئەمە لەگـەڵ ئـەوەی کـە زانسـتی تـازەو بیـردۆزەی (بیـگ بانـگ - Big Bang) دەیڵـێ، کـە هـەر لـە زیمنـی بیـردۆزەی (بیـگ بانـگ)دا زانایـان دەڵێـن: دوای تەقینـەوەی (singu-larity) جۆرێـك لـە مـاددە دروسـت بـووە کـە لـە شـێوەی دووکەڵـدا بـووەو، بـەردەوام

هـەر لێککشـاوەو، وەك دوایـی باسـی دەکەیـن، دوای ملیۆنـان سـاڵ، ئنجا کەهکەشـان و ئەسـتێرەکان دروسـت بـوون، یـانی: دوای ئـەوەی ئەندازەیـەك سـارد بۆتـەوە، ئنجـا ڕێکـە دراوە کـە گەردیلـەکان دروسـت بـن و، ئەلیکـترۆن و نیۆترۆن و پرۆتۆنـەکان گەردیلە پێك بێنـن، دوایـی ئەوانیـش کەهکەشـانەکان پێکبێنـن، لە نێو کەهکەشـانەکاندا ئەسـتێرەکان و خرۆکـەکان دروسـت بـن، ئنجـا زانایانیـش هـەر زاراوەی دووکەڵیـان بەکارهێنـاوە، یاخـود پێـی دەڵێـن: شـۆرباى گەردوونیـی (**الحِسـاءُ الكَـوْنِي**)، ماددەیەکـی شـل بـووە، ماددەیەکـی شـیکراوە (**مُخَلخَـل**) بـووە، کـە پێشـتر یەکجـار چـڕ بـووە، ئەمـەش زۆر بـە زەحمـەت لـە عەقـڵ و خەیاڵـدا جێـی دەبێتـەوە، ئـەم گەردوونـە فراوانـە بـەو هەمـوو تریلیۆنـان ئەسـتێرەو خرۆکـەو، بـەو هەمـوو ملیـاران کەهکەشـانانەوە، هەمـووی لـە تاکێکـی گەردوونیـی کـە زۆر زۆر زۆر لـەوە بچووکـترە کـە بەچـاو ببیـنرێ، پەیدابووبـن، لـە ڕاسـتییدا ئـەوە لـە خەیاڵـەوە نیزیکـترە تاکـو لە عەقـڵ، بەڵام ئەگەر زانسـت شـتێکی وای سـەلماند، دیـارە لـە هەقـێ نـاو ڕادەوەسـتێ!.

ئنجـا کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ ﴾، کەواتـە: ئـەو گەردوونـەی ئێمـە بـەر لـەوەی بـە شـێوەی حـەوت ئاسـمانەکان دروسـت بـێ، لـە شـێوەی گازێکـی پـڕژو بـڵاودا بـووە، وەك دووکـەڵ.

لـە سـوورەتی (**الأَنبيـاء**) لـە ئایەتـی (١٠٤)دا لەوێشـدا ئاماژەیـەك هەیـە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَوْمَ نَطْوِى ٱلسَّمَآءَ كَطَىِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِ ۚ كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾ ﴾، واتـە: ئـەو ڕۆژەی کـە ئاسـمان وەك پێچرانـەوەی تۆمـار دەیپێچینـەوە، ﴿ ٱلسِّجِلِّ ﴾، ئـەو فایلەیـە کـە خەڵـك شـتی لەسـەر دەنووسـێ، بـەو شـێوەیە دەیپێچینـەوە، وەك چـۆن یەکەمجـار دروسـتمان کـردوە، بـەو شـێوەیە دەیگێڕینـەوە.

کەواتـە: گـەردوون، بـەر لـەوەی نـاوا بڵاوبێتـەوە، پێچـراوە بـووە، ئەمـەش دیسـان ئاماژەیـە بـۆ ئـەوە کـە لـە تەنێکـی بچووکـەوە هاتـوە، هەمـووی لەوێـدا جێـی

کراوەتەوە، بەڵام دوایی خوای کاربەجێ بڵاوی کردۆتەوە، ئنجا دەفەرموێ ئێمە ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی دواییە، ئاسمان واتە: گەردوون دەپێچینەوەو، دەیخەینەوە نێو یەك، وەك چۆن تۆمارێکی نووسین دەخرێتە نێو یەك، پێشێ بڵاوکراوەتەوە، دوایی دەپێچرێتەوە، دوایی دەفەرموێ: ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ﴾، واتە: وەك چۆن یەکەمجار دروستمان کردوە، ئاوا دەیگێڕینەوە بۆ حاڵەتی سەرەتا، ﴿وَعْدًا عَلَيْنَآ﴾، واتە: ئەوەش بەڵێنێکە ئێمە داومانە، ﴿إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئێمە ئەنجامدەری ئەوەین.

هەروەها لە سوورەتی (**هود**) لە ئایەتی حەوتەم دا خوای باڵادەست ئاماژەیەك دەکات کە ئەم گەردوونە کەرەستەکەی ماددەیەکی وەك یەك بووە، دەفەرموێ: ﴿وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ﴾، واتە: بارەگای خوا، عەرشی خوا لەسەر ئاو بوو، ئاو کە ڕەمزە کیمیاییەکەی (H_2O)یە، واتە: گەردیلەیەکی هایدرۆجین لەگەڵ دوو گەردیلەی ئۆکسجیندا یەك دەگرن، مۆلکۆڵێك، (گەردێك)ی ئاو پێکدێنن، زانایان دەڵێن: ئێستاش لەگەڵدابێ (٧٥٪)ی ماددەی گەردوون، هایدرۆجینەو، (٢٥٪)یشی هیلیۆم و توخمەکانی دیکەیە، کەواتە: دەگونجێ ئەمە ئاماژە بێ بەوە کە خوا بەرلەوەی ئەم گەردوونە بخوڵقێنێ، ئەو ماددەییەی کە موڵکی خواو، حوکمڕانی خوای پێك دەهێنا، کە تەعبیری لێدەکات بە ئاو، خوڵقاندوویەتی، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ماددەی گەردوون ئێستاش لەگەڵدابێ گازی هایدرۆجین پێکی دێنێ! لە سوورەتی (**النازعات**) لە ئایەتەکانی: (٢٧ - ٣٣) دا، خوا ﷻ ئاوا باسی گەردوون بەسەرو خوارییەوە، واتە: بە ئاسمان و زەوییەوە دەکات، دەفەرموێ: ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ﴾، ئایا دروستکرانی ئێوە بەزەحمەتترە، یاخود هی ئاسمان، واتە: گەردوون؟! ﴿بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾﴾، خوا ئاسمانی بیناکردوە (دروستکردوە)، ﴿رَفَعَ سَمْكَهَا﴾، واتە: بەرزییەکەی زۆر بەرز کردەوە، (**سَمْكٌ**) واتە: ئەستوورییەکەی، ﴿فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾﴾، ڕێکیخست، ﴿وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا﴾، شەوەکەی زۆر تاریك کردو، ڕووناکییەکەشی دەرهێنا، ﴿وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ

(٣٠) ﴾، زەویشی دوای ئەوە پان ڕاخست، واتە: دوای ئەوەی خوای بەرز ئاسمانی بەرز کردەوەو، دروستیکردو، ڕێکیبخست و، تاریکییەکەی تێدا زۆر تاریك و خەست کردو، ڕووناکییەکەی لێ دەرهێنا، ئنجا دوای ئەوە زەویشی پان ڕاخست، ﴿ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا (٣١) ﴾، ئاوەکەیشی لێ دەرهێنا (لە زەوی) و، لە وەڕگاکانیشی لێ دەرهێنان، ﴿ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا (٣٢) ﴾، چیایەکانیشی تێدا چەسپاندن، ﴿ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ (٣٣) ﴾، هەم بۆ ڕابواردن و گوزەرانی خۆتان و، بۆ ئاژەڵەکانیشتان، کەواتە: ئەم ئایەتە زۆر بە ڕوونیی دەق لەسەر ئەوە دەکات کە زەوی لە دوای ئاسمان دروست بووە، ﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ (٣٠) ﴾، واتە: لە دوای ئەوە خوا زەوی پان ڕاخست، دوایی زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەو بابەتە.

٦)- بە ماوەی چەند گەردوون دروست بووە؟

گەردووناسانی هاوچەرخ دەڵێن: گەردوون بە چەند قۆناغێك دروست بووە، کە من لە مەوسووعەی (ئیمان و ئیلحاد)[1]، بە وەرگرتن لە زانایانی فیزیکزان بە تایبەتی (زَغْلُول النجّار)، کە باسی گەردوون دەکات، قسەکانی ئەوم کورت کردوونەوە، کە ئەم گەردوونە بە چەند قۆناغێك دروست بووە، ئەویش دوای هەزار تریلیۆن (١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) چرکە، کە دەکاتە سی و دوو ملیۆن ساڵ، کەهکەشانەکان دروست بوون، واتە: لە دوای تەقینەوەی (Singularity)، سی و دوو ملیۆن ساڵی پێچووە کە دەکاتە هەزار تریلۆن چرکە، ئنجا گونجاوە کە کەهکەشانەکان دروست بن.

هەڵبەتە لە سەرچاوەی ناوبراودا ئەو بە زیاتری هێناون، بەڵام من کردوومن بە هەشت قۆناغ و لەوێدا خستوومنە ڕوو.

خوای بەرزیش لە قورئاندا دەفەرموێ: بە شەش قۆناغ دروست بوون، واتە: کۆی دروستکراوەکانی گەردوون، خوا ﷻ لە سوورەتی (السَّجْدة) ئایەتی چوار

---

(١) لاپەڕە: ٧٣٠ - ٧٣٣، چاپی یەکەم/ ٢٠١٩ز.

(٤)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾، واتـە: خـوا ئـەو کەسـەیە کـە ئاسمانەکان و زەوی، ئـەوەی دەکەوێتـە نێوانیانـەوە بـە شـەش ڕۆژان، واتـە: بـە شـەش قۆناغـان دروسـتکردوون، دوایـی خـوا چـووە سـەر عـەرش، ئنجـا لـە حـەوت شـوێنی قورئانـدا، ئـەو ڕاسـتییە دووبـارە بۆتـەوە کـە خـوا ئاسـمانەکان و زەوی، واتـە: گەردوونـی بـە شـەش قۆنـاغ دروسـتکردوون.

لە سوورەتی (فُصِّلَتْ)دا، ئەو شەش قۆناغە بەو شێوەیە دانراون:

قۆناغـی یەکـەم و دووەم: ئاسـمان، واتـە: گـەردوون هەمـووی، لـە نێویشـیدا زەوی بـە دوو قۆنـاغ دروسـت بـووە، کـە دەگونجـێ ئەمـە ئامـاژە بـێ بـە قۆناغـی (رَتْقْ)و، (فَتْقْ)، واتـە: پێکـەوە لکاویـی و لێـك جیابوونـەوە، زەوییـش هـەر لـە نێـو گەردوونـدا بـووە، یـانی: ماددەکـەی لـە نێـو گەردووندا بـووە، ئەمـە قۆناغـی یەکـەم و دووەمـە کـە خـوای پەروەردگاریـش دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَـٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ ﴾، یـانی: حـەوت ئاسـمانەکان، واتـە: گـەردوون بـە دوو قۆنـاغ دروسـت بـوون، لـە نێویشـیاندا زەوی، کـە زەوی بـۆ خـۆی پارچەیـەك بـووە لـە خـۆر، خۆریـش یەکێـك لـە ئەسـتێرەکانی کەهکەشـانی کاکێشـانەو، کەهکەشـانی کاکێشـانیش هـەر بەشـێك بـووە لـە گـەردوون، دوایـی زەوی بـە چـوار قۆنـاغ دروسـت بـووە، واتـە: زەوی خـۆی بـە دوو قۆنـاغ دروسـت بـووە، پاشـان بـە دوو قۆناغیـش پێکهاتەکانـی دروسـت بـوون، قۆناغـی یەکـەم و دووەمـی دروسـتکرانی زەوی و، جیابوونـەوەی لـە خـۆر، واتـە: قۆناغـی پەیدابـوون (مَرْحَلَـةُ الإيجـاد)، ئەویـش دیسـان هـەر حاڵەتـی (رَتْـقْ)و، (فَتْـقْ)ی بـووە، پێشـێ لـە نێـو خـۆردا بـووە، دوایـی جیابۆتـەوە.

قۆناغـی سـێیەم و چوارەمـی دروسـتبوونی زەوییـش بریتیـە لـە دروسـتکرانی پێکهاتەکانـی زەوی، یانـی: (مَرْحَلَـةُ الإعْـداد)، قۆناغـی ئامادەکـردن.

کەواتـە: دوو قۆنـاغ بـۆ دروسـتکرانی ئاسـمان، واتـە: گـەردوون و، دوو قۆنـاغ بـۆ دروسـتکرانی زەوی و، دوو قۆنـاغ بـۆ دروسـتکرانی پێکهاتەکانـی زەوی، هەمـووی دەکاتـە شـەش قۆنـاغ، (٢ + ٢ + ٢ = ٦).

ئنجا ئـەو شـەش ڕۆژەی کـە خـوا لـە چەنـد شـوێنێك لـە قورئانـدا باسـی کـردوون، بێگومـان مەبەسـت پێیـان ئـەو شـەش قۆناغەیـە، چونکـە مەبەسـت لـە (يَوْمَيْنِ)و، (أَرْبَعَـة أَيـام)و، (سِـتَّة أَيـام)، بێگومـان چەنـد ماوەیەکـی کاتییـن، نـەك شـەو و ڕۆژی ئاسـایی (٢٤) سـەعاتیی، بۆچـی؟ لەبـەر سـێ بەڵگـە:

یەکەم: ئەو جۆرە ڕۆژە کە ڕۆژی (٢٤) سەعاتییە، دوایی پەیدابووە، دوای ئەوەی کە زەوی پەیدابووەو، بە دەوری خۆیدا خولاوەتەوە لە بەرانبەر خۆردا، ئنجا شەو و ڕۆژ پەیدابوون، هەر (٢٤) سەعات جارێك زەوی خولێك بە دەوری خۆیدا دەخوا، لە بەرانبەر خۆردا، ئەو دیوەی دەکەوێتە لای خۆر دەبێتە ڕۆژو، دیوەکەی دیکەش کە پشتی لە خۆرە دەبێتە شەو، کەواتە: هەتا زەوی دروست نەبووە، شەوو ڕۆژ هەر نەبوون، شەوو ڕۆژی (٢٤) سەعاتیی هەر بوونیان نەبووە.

دووەم: خوا وشەی (يَوم) ڕۆژی، بە مانای جۆراو جۆری بەکارهێناوە لە قورئاندا، بۆ وێنە:

أ)- لە سوورەتی (المَعارِج)دا، خوا فەرموویەتی: ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: فریشتەکان و ڕووح، (واتە: جیبریل) بۆ لای وی (خوا) بەرز دەبنەوە لە ڕۆژێکدا، (واتە: لە ماوەیەکدا) کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە، کەواتە: خوا ﷻ ڕۆژ (يَوم)ی بەکارهێناوە بە ماوەیەکی پەنجا هەزار ساڵیی.

ب)- لە سوورەتی (الحَجّ)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: ڕۆژێك لە لای پەروەردگارت بە ئەندازەی هەزار ساڵە، کە ئێوە دەیژمێرن، واتە: ڕۆژی هەزار ساڵییش هەیە.

ج)- لە سوورەتی (آلِ عِمْران)دا، خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژانە لە نێو خەڵكدا دەستاو دەستیان پێ دەكەین، واتە: ڕۆژانی سەركەوتن و بردنەوەو، ڕۆژانی تێكشكان و دۆڕان، كە بە تەئكید نە سەركەوتنەكە، نە دۆڕانەكە، مەرج نیە لە یەك ڕۆژی دیارییكراودا بێ، لەوانەیە چەند مانگێكی پێ چووبن، تاكو لایەك لایەكی تێكشكاندوە، یان دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێكدا زاڵ بووە.

د)- لە سوورەتی (إبراهیم)دا خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِ ﴾، واتە: ڕۆژەكانی خوایان بیربێنەوە، واتە: ئەو كاتانەی كە خوا چاكەی تێدا لەگەڵ مرۆڤەكاندا كردوون، یاخود سەری خستوون، یاخود دەربازی كردوون، یان نیعمەتی پێداون.

هـ)- لە سوورەتی (غافِر)دا دەفەرمویٚ: ﴿ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ ۝٣٠ ﴾، واتە: من مەترسییم لێتان هەیە، وەك ڕۆژی حیزبەكان، ڕۆژی ئەو كۆمەڵانەی كە خوا فەوتاندنی.

و)- لە سوورەتی (الفُرقان)دا دەفەرمویٚ: ﴿ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ عَسِيرًا ۝٢٦ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە، (واتە: ڕۆژی دوایی) لەسەر كافرەكان زۆر قورس و زەحمەتە.

سێیەم: لە زمانی عەرەبییدا وشەی (یَوم) بە مانای ماوەیەك لە كات (مُدَّة زَمَنِيَّة) دێ، ئەوە فەرهەنگەكانی زمان: (یَوم)، واتە: ماوەیەك لە كات، بەڵام مانا عورفیی باوەكەی بۆ ئێمە، واتە: ڕۆژێكی (٢٤) سەعاتیی، جاری واش هەیە (یَوم) مەبەست پێی (نَهار)ە، واتە: ئەو كاتە كە ڕۆژ بە دەرەوەیە، (لَیْل)یش لە بەرانبەر (نَهار)دا دادەنێن، جاری واش هەیە (یَوم) بە كۆی (لَیْل) و (نَهار) دەگوترێ، واتە: (٢٤) سەعات، واتە: دیسان لە زاراوەی ئێمەدا جاری وایە ڕۆژ بۆ (١٢) سەعاتەكە بەكاردێ، ئەو كاتەی كە خۆر بە دەرەوەیەو دنیا ڕووناكە، جاری واش هەیە بە مانای (٢٤) سەعاتەكە، واتە: كۆی شەوو ڕۆژ بەكاردێ، لە زمانی عەرەبییدا (یَوم) واتە: ماوەیەك لە كات، چ كورت بێ چ درێژ.

٧)- پاش و پێش پێكرانی باسی دروستكرانی ئاسمان و زەوی، بە پێی سیاق و مەقامە: هەندێك لە زانایان ئەوەیان لێ بۆتە ئیشكال و، هەندێك لە ئەوانەی لە پشت پەردەی

ڕەشەوە تەماشای قورئان دەکەن و، بە بیری کورتی خۆیان تەماشای قورئان دەکەن، ئەوەیان کردوە بە جۆرێك لە ڕەخنە گرتن لە قورئان، کە لە شوێنێك خوا دەفەرموێ: زەوی پێش ئاسمان دروست بووەو، لە شوێنێ دەفەرموێ: ئاسمان پێش زەوی، بەڵام بێگومان بەپێی سیاق و مەقام ئەو پاش و پێشە کراوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**فُصِّلَت**)دا، کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾﴾، وەك پێشتریش گوتمان، ئەمە مەبەست پێی کۆی دروستبوونی زەوی و، ئامادەکرانی زەوییە، کە دەفەرموێ: ﴿فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ﴾، ئەو چوار ڕۆژە تەنیا بۆ دروستکرانی چیایەکان و پیت و پێز تێخستنی زەوی و، ئەندازەگیرکردنی بژیوەکان نیە تێیدا، بەڵکو یانی: هەم دروستکرانی زەوی، هەم ئامادەکرانی بە چوار قۆناغ بووە.

وەك یەکێك دەڵێ: لە هەولێرەوە بە دوو سەعات چوومە سلێمانی، دوایی بە چوار سەعات چوومە کەلار، مانای وانیە لە سلێمانییەوە بە چوار سەعاتان چووە بۆ کەلار، یانی: بە کۆی چوار سەعاتان لە هەولێرەوە چووە بۆ کەلار، لە هەولێرەوە بە دوو سەعات بۆ سلێمانی و، لەوێشەوە بە چوار سەعات بۆ کەلار، هەمووی دەکاتە چوار.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ﴾، دوایی ڕوویکردە ئاسمان کە لەو حاڵەدا دووکەڵ بوو، هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن دەڵێن: لێرەدا (**ثُمَّ: للتَّرتيب الرُّتبي**)، (ثم) بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، (**لِأنَّ خَلْقَ السَّماءِ أَعْظَمُ وأَهَمُّ مِن خَلْقِ الأَرض**)، لەبەر ئەوەی دروستکردنی ئاسمان گەورەترەو گرنگترە لە دروستکردنی زەوی و، زەوی بۆ خۆی بەشێکی بچووکە لە نێو ئاسماندا.

لە سوورەتی (**البقرة**)شدا دەفەرموێ: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾﴾،

دیسان خوا سەرەتا باسی دروستکردنی زەوی دەكات، لەبەر ئەوەی بە نسبەت ئێمەوە گرنگترە، دوایی كە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ﴾، دیسان وەك ئایەتەكەی سوورەتی (فُصِّلَت)، (ثُمَّ) بۆ ڕیزبەندیی پلەو پایەیە، نەك بۆ ڕیزبەندیی كاتیی، بەڵام لە سوورەتی (النَّازِعات)دا زۆر بە ڕوونیی دیارە كە دروستكرانی زەوی دوای دروستكرانی ئاسمانە، دەفەرموێ: ﴿ ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ ۚ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ ﴾، ئەمە زۆر ڕوونە، ﴿ بَعْدَ ذَٰلِكَ ﴾، ئەمە دەقە لەو بابەتەداو، هیچ ئەگەرێك هەڵناگرێ، جگە لە ڕیزبەندیی كاتیی، جیاواز لە وشەی (ثُمَّ)، كە جاری وایە بۆ ڕیزبەندیی كاتییەو، جاری وایە بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، بەڵام: ﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ ﴾، دوای ئەوەش زەوی پان ڕاخست، دروستكردنی زەوی بەتەئكید لە دوای ئاسمانەوە بووە، ئەم ئایەتە لەو بارەوە دەقە و هیچ ئەگەری دیكە هەڵناگرێ.

٨)- هەرچی زانست دەیڵێ لە بارەی گەردوونەوە، هەمووی هەر ئەگەرە چونكە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا ﴿٥١﴾ ﴾، واتە: من ئامادەم نەكردوون لە كاتی دروستكرانی ئاسمانەكان و زەویدا، هەروەها دروستكرانی خۆشیاندا، یاخود ئاگادارم نەكردوون و نەمكردوونە شایەد، كەواتە: هەرچی دەگوترێ لەو بارەوە، هەمووی بیردۆزەیەو، بۆچوونە، دەگونجی بپێكێ و، دەشگونجێ نەیپێكێ، بەڵام ڕاستیی ڕەهاو تێرو تەواو، تەنیا ئەوەیە كە خوا ﷻ دەیفەرموێ.

٩)- ئەو دەقانەی سوننەت كە لەو بارەوە هاتوون، هەموویان لە ئیسرائیلیاتەوە هاتوون، كە من وەك بەرچاو ڕوونیی خوێنەرانی بەڕێز، ئاماژەیەك بە هەندێكیان دەكەم، یەكێك لەوانە ئەوەیە:

أ- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّ الله ابْتَدَأَ الخَلْقَ يَوْمَ السَّبْتِ}[١]، گوایە ئەبوو هورەیرە ﷺ، لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتەوە، فەرموویەتی: خوا دروستکراوەکانی لە ڕۆژی شەممەدا دەست پێکردن! بەڵام بێگومان شەممەو یەك شەممەو دوو شەممە تاکو پێنج شەممەو هەینی، کاتێك دروست بوون کە زەوی دروست بووەو، بە دەوری خۆیدا خولاوەتەوەو، بە دەوری خۆردا خولاوەتەوە، بۆیە ئەوە هیچ پشتی پێ نابەسترێ.

هەرچەندە ئەوە لە (صحیح مسلم)دا هاتوە، بەڵام بوخاریی و عەلی کوڕی مەدینیی کە دوو فەرموودەناسی زۆر مەشهوورن، ئەم دەقەیان لە ڕووی سەنەدەوە بە بێهێز داناوەو گوتوویانە: ئەوە قسەی کەعبی ئەحبارە، کە یەکێك بووە لە زانایانی جوولەکەو مسوڵمان بووەو بۆ ئەبوو هورەیرەی باسکردوە، بەڵام هەندێك لە ڕاوییەکان وایانزانیوە، ئەبوو هورەیرە پاڵی داوەتە لای پێغەمبەر ﷺ، بۆیە موسلیمیش لەوەدا نەیپێکاوەو بە فەرموودەی داناوە، کە لە ڕاستییدا فەرموودە نیە.

ئنجا جوولەکەکان دەڵێن: خوا دروستکراوەکانی لە ڕۆژی یەك شەممەدا دەست پێکردوون، لە ڕۆژی شەممەدا خوا پشووی دا! لە (پەیمانی کۆن)دا هاتوە ئیسراحەتی کرد، خوای بەرزیش لە سوورەتی (ق)دا دەفەرموێ: ﴿وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾﴾، واتە: ئێمە بە دروستکرانی گەردوونەوە، ماندوو نەبووین، هەروەها هەموو ئەو دەقانەی کە لەو بارەوە هاتوون، هەموویان،

---

(١) أخرجه مسلم في صحيحه (٤٤٢٧)، بهذا اللفظ: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِيَدِي، فَقَالَ: «خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَوْمَ السَّبْتِ، وَخَلَقَ فِيهَا الْجِبَالَ يَوْمَ الأَحَدِ، وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَوْمَ الإِثْنَيْنِ، وَخَلَقَ الْمَكْرُوهَ يَوْمَ الثُّلاثَاءِ، وَخَلَقَ النُّورَ يَوْمَ الأَرْبِعَاءِ، وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَوْمَ الْخَمِيسِ، وَخَلَقَ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلامَ بَعْدَ الْعَصْرِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فِي آخِرِ الْخَلْقِ، وَفِي آخِرِ سَاعَةٍ مِنْ سَاعَاتِ الْجُمُعَةِ فِيمَا بَيْنَ الْعَصْرِ إِلَى اللَّيْلِ»}، وقد ضعّفه البخاري وابن المديني بأنه من كلام كعب الأحبار حدّث به أبا هريرة ﷺ وإنما اشتبه على بعض الرواة سنده، فظنه مرفوعاً.

یـان هەڵبەسـتراون، یـان سـەنەدەکەیان زۆر بێهێـزەو هـی پشـت پـێ بەسـتران نیـن، ئـەوە کـە ڕۆژەکانـی هەفتـە دیاریـی کـراون، کـە گوایـە: لـە ڕۆژی شـەممەدا خـوا فـڵان شـتی دروسـتکردوە، گڵـی دروسـتکردوەو لـە ڕۆژی یـەك شـەممەدا، باڵنـدەی دروسـتکردوەو، لـە ڕۆژی سـێ شـەممەدا دارو درەختـی دروسـتکردوەو....هتد.

ب- کە (**الطبري**) بە ژمارە: (٢٠٤٢٩) دەقێکی لەو بارەوە هێناوە، کە ڕۆژەکانی هەفتەی دیارییکردوون بۆ دروستکردنی شتەکان، پێشەوا حاکیمیش بە صەحیحی داناوە[1]، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوە بە هەڵبەستراو یان بە بێهێز دانراوە.

ج- هەروەها ئەم دەقەش: {**إِنَّ الله فَرَغَ مِنْ خَلْقِهِ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ**} (**أخرجه أبو الشيخ في العَظَمَة، برقم: ٨٩٥**)، واتە: خوا لە دروستکردنی دروستکراوەکانی بۆوە لە ماوەی شەش ڕۆژان دا، کە ئەمەش جێی پشت پێ بەستن نیە.

بـەڵام لـە فەرمـوودەی ڕاسـت (صحيح)دا هاتـوە کـە خـوا ئادەمـی ﷺ لـە ڕۆژی جومعـەدا خوڵقانـدوە، ئەمـە لـە صەحیحـی بوخاریـی و موسـلیمدا هاتـوەو، خـوا ﷻ کاتێـك ئادەمـی خوڵقانـدوە، کـە زەوی هەبـووەو، ڕۆژەکانـی هەفتـە هەبـوون و ئەوەیـان هیـچ ئیشـکالێکی تێدانیـە.

بـەڵام ئەوانـی دیکـە لـە ڕووی سـەنەدەوە، پشـتیان پـێ نابەسـترێ، لـە ڕووی واقیعیـی و زانسـتیی گەردوونناسیشـەوە بـە کەڵـك نایـەن و، هەرگیزیـش فەرمایشـتی پێغەمبـەری خـوا لەگـەڵ عەقـڵ و زانسـت و واقیـع دا تێـك ناگیـرێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) المستدرك على الصحيحين، ج٢، ص٥٤٣.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە شـەش (٦) ئایەت پێك هاتـوە، ئایەتەکانـی: (١٣ - ١٨)، لەو شـەش ئایەتـەدا، خـوای بـەرزی مـەزن ئاماژەیەکـی کـورت بـە بەسـەرهاتی هـەردوو گەلـی عـاد، کـە پێغەمبەرەکەیـان هـوود عليه السلام بـووەو، گەلـی ثەمـوود، کـە پێغەمبەرەکەیـان ساڵیح عليه السلام بـووە دەکات، بـە بۆنـەی پشـتگوێ خسـتن و، پشـت هەڵکـردن و یاخیـی بوونـی بێبڕوایانـی ڕۆژگاری پێغەمبـەری خـواوە ﷺ خـوا ﷻ باسـی ئـەو دوو گەلـە سـەرکەش و یاخییـەو، ئـەو سـەرەنجامە شـووم و دژوارەیـان دەکات، کـە بەسـەریان هاتـوە، واتـە: ئەگـەر ئەوانیـش لەسـەر ئـەو حاڵەیـان بـەردەوام بـن، سـزایەکی لـەو شـێوەیەی کـە ئـەو دوو گەلـە سـەرکەش و یاخییـە پێـی فەوتێـنراون، چاوەڕێیانـە، کـە بریتـی بـووە لـە (صَاعِقَة)، واتـە: دەنـگ و هاژەژنێکـی گـەورەو بێڕەزا، کـە ئاگـرو بڵێسـەی لـێ پەیدابـێ و، ببێتـە هـۆی وێرانکـردن و خاپوورکـردن.

﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا۟ فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَـٰعِقَةً مِّثْلَ صَـٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ إِذْ جَآءَتْهُمُ
ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ قَالُوا۟ لَوْ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ
مَلَـٰٓئِكَةً فَإِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَـٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ
وَقَالُوا۟ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ۖ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا
يَجْحَدُونَ ﴿١٥﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ
فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَخْزَىٰ ۖ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَـٰهُمْ
فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَـٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٧﴾
وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئەی موحەممەد!) ئەگەر خەڵکەکەت پشتیان هەڵکرد لە بڕواهێنان، پێیان بڵێ: دەتانترسێنم و هۆشدارییتان پێ دەدەم لە هاڕژنێکی بڵێسەی ئاگردار، وەك هاڕژنی پێ فەوتێنرانی هەردوو گەلی عادو ثەموود (١٣) کاتێك پێغەمبەران لە پێش دەستیانەوەو، لە دوایانەوە هاتنە لایان، [هەموو شێوازێکیان لەگەڵ بەکارهێنان و، زۆر سوور بوون لەسەر ڕێی ڕاستگرتنیان]و، پێیان ڕاگەیاندن کە جگە لە خوا مەپەرستن، ئەوانیش گوتیان: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای پێغەمبەرمان بۆ بنێرێ، فریشتەی دادەبەزاندن، بۆیە ئێمە بەوەی پێی ڕەوانکراون، بێبڕواین، (پێمان وانیە خوا ئێوەی ناردبێ) (١٤) ئنجا گەلی عاد بە ناهەق لە زەویدا خۆیان بە زلگرت و گوتیان: کێ لە ئێمە هێزی توندترە؟! ئایا نەیاندیبوو (بە چاوی عەقڵ و دڵ) کە ئەو خوایەی دروستی کردوون، هێزی لەوان توندترە! وێڕای ئەوە نکووڵییشیان لە نیشانەکانمان دەکرد (١٥) ئنجا ئێمەش بایەکی ساردو بەهێزمان لە ڕۆژانێکی نەگبەت و بێ خێردا ناردە سەریان، تاکو ئازاری زەبوونییان لە ژیانی دنیادا پێ بچێژین و، ئازاری ژیانی کۆتاییش زەبوونکەرتریشەو، ئەوان یاریدەش نادرێن، دەربازیش ناکرێن (١٦) بەڵام گەلی ثەموود ڕێنماییمان کردن، کەچی کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، بۆیە سەرەنجام بە هۆی ئەوەوە کە دەیانکرد، هاڕژنی ئازاری ڕیسوایی گرتنی (١٧) ئەوانەش کە بڕوایان هێنابوو و پارێزیان دەکرد، قوتارمان کردن (١٨)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَعْرَضُواْ): (أَعْـرَضَ: أي أظْهَـرَ عُرْضَـهُ: أي نَاحِيَتَـهُ، أَعْـرَضَ عَنِّـي: وَلَّى مُبْدِيـاً عُرْضَـهُ)، پشـتیان هەڵکـرد، لاملیـان تێکـرد، چونکـە (أَعْـرَضَ) واتـە: لاملـی یاخـود لاتەنیشـتی دەرخسـت، (أَعْـرَضَ عَنِّـي) پشـتی تێکردم و لاتەنیشـتی خـۆی کردە من، ئینسـان ئەگەر ڕووبـەڕووی کەسـێك بـێ، کاتێـك دەیـەوێ پشـتی تێبـکات، پێشـێ وەردەسـووڕێ و لاتەنیشـتی دەیکەوێتـێ، دوایـی پشـتی تێـدەکات.

(صَـٰعِقَةً): (الصَّاعِقَـةُ وَالصَّاقِعَـةُ يَتَقَارَبَـانِ وَهُـمَا: الهَـدَّةُ الكَبِـيرَةُ، وَالصَّاعِقَـةُ: الصَّـوْتُ الشَّـدِيدُ فِـي الجَـوِّ، ثُـمَّ يَكُـونُ مِنْهَـا نَـارٌ فَقَـط، أو عَـذَابٌ أو مَـوْت)، (صَاعِقَـة) لەگـەڵ (صَاقِعَـة): واتایـان لێـك نیزیکـە کـە بریتیـە لـە: دەنگێکـی گەورە، بـە کوردیـی دەڵێین: هـاڕژن، چریکـە، هـاڕە، (صَاعِقَـة): دەنگێکـی بەهێـزە لـە ئاسـمان دێ، دوایـی یـان ئاگـری لەگەڵدایـە بـە تەنـێ، یاخـود ئازاریـش، یاخـود مردنیشـی پێوەیـە.

دەڵێم: هەبوونی ئاگرو ئازارو مردن شوێنەوارەکانی ئەو هاڕژنەن کە (صَاعِقَة)یە.

(صَرْصَرًا): (رِيْحَـاً صَرْصَراً: أي شَـدِيدَةً) واتـە: بایەکـی بەهێـز، (صَرْصَر): بـە مانـای بایەکـی زۆر سـاردو، زۆر تونـدو بەهێـز.

(نَّحِسَاتٍ): کـۆی (نَحْـس)ە، کـە بـە (نَحْسَـات)یش خوێنراوەتـەوە، (نَحِسَـات: أي مَشـؤُمَات) واتـە: ڕۆژانێکـی بێخێـر، هەڵبەتـە ڕۆژەکان هـەر وەك خۆیانن، بـەڵام کردەوەی مرۆڤەکانـە کـە کاتەکانـی خێـردار دەکات، یاخـود بێخێـر دەکات، بـۆ گەلـی عـاد ئـەو ڕۆژانـەی کـە تێیـدا فەوتێـنراون، ڕۆژانێکـی نەگبـەت و بێخێر بـوون، بە نسـبەت ئەوانەوە.

(ٱلْخِزْيِ): (خَـزِيَ الرَّجُـلُ: لَحِقَـهُ انْكِسَـارٌ)، دەگوتـرێ: (خَـزِيَ الرَّجُـلُ) واتـە: بەخـۆدا شـکایەوە، یـان شـەرم گرتـی، شـەرمەزار بـوو.

(فَٱسْتَحَبُّوا): هەڵیانبژارد، (تَعْدِيَتُهُ بِـ«عَلَى» يُفِيدُ الإِثَارَةَ، وَحَقِيقَةُ الإِسْتِحْبَابِ تَحَرِّي الإِنْسَانِ فِي الشَّيْءِ أَنْ يُحِبَّهُ)، وشەی (اسْتَحَبُّوا): کە بە (عَلَى) بەرکاری خواستوە، مانای هەڵبژاردن دەگەیەنێ، وشەی (إِسْتِحْبَاب): لە ئەصڵدا بریتیە لەوەی مرۆڤ لە شتێك بخەفتێ خۆشیبوێ، (اسْتَحَبُّوا) بە (س و ت) مانایەکەی بەهێزکراوە، ئەگەرنا یانی: (أَحَبُّوا)، ئنجا کە بە (عَلَى) بەرکاری خواستوە: ﴿فَٱسْتَحَبُّوا ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ﴾، کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، ئەمە مانای هەڵبژاردن دەگەیەنێ.

(ٱلْعَمَىٰ): (إِفْتِقَادُ البَصَرِ وَالبَصِيرَةِ) (عَمَى): بریتیە نەبوونی چاو و نەبوونی عەقڵ و دڵ.

(ٱلْهُونِ): (الهَوَانُ: التَّذَلُّلُ فِي نَفْسِهِ، لِمَا لا يُلْحِقُ بِهِ غَضَاضَةً، فَيُمْدَحُ، أو مِنْ جِهَةِ مُتَسَلِّطٍ مُسْتَخِفٍّ بِهِ، فَيُذَمُّ)، (هَوَان): ئەگەر مرۆڤ لە خودی خۆیدا خۆی بە کەم بگرێ، خۆی نەرم و نیان بێ، ئەوە بە نوقسانیی بۆی لە قەڵەم نادرێ، بۆیە لەسەری ستایش دەکرێ، دەگوترێ: فلانکەس پیاوێکی هێدیی و مەندە، بەڵام ئەگەر بە هۆی کەسێکەوە بێ کە بەسەریدا زاڵ بووەو بە کەمی تەماشا دەکات، لەو حاڵەتەدا ئەو نەرمیی و زەبوونییە بە نوقسانیی لە قەڵەم دەدرێ و، لەسەری زەم دەکرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین: کە لەم شەش (٦) ئایەتەدا، خوا ﷻ ئاماژەیەك دەکات بە هەر کام لە گەلی عادو گەلی ثەموود، ئێمەش لە سوورەتی (هود) دا بەسەرهاتی هوود ﷺو گەلەکەی (عاد)مان بە درێژیی باسکردووە، لە سوورەتی (الحِجْر)یش دا، بەسەرهاتی صاڵیح ﷺو گەلەکەی ثەموودمان بە درێژیی باسکردوە، بۆیە لێرەدا هەر بە خێرایی بەسەر تەفسیرکردنی ئایەتەکاندا دەڕۆین، ئەوەندەی پێویست بێ بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی ئایەتەکان، هەڵوەستە دەکەین، ئەگەرنا بەسەرهاتی ئەو دوو پێغەمبەرە پایە بەرزە هوودو صاڵیح و، گەلە یاخیی و سەرکەشەکانیان: گەلی عادو گەلی ثەموود، لەو دوو شوێنە کە ئاماژەم پێدان بە درێژیی خستومانە ڕوو.

لێرەدا خوا ﷻ هەر بە بۆنەی سەرکەشیی و یاخیی بوون و لە خوا عاسێ بوونی کافرانی ڕۆژگاری پێغەمبەرەوە، ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات و دەفەرموێ: ﴿ فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ ﴾، ئنجا ئەگەر هەر پشتیان هەڵکرد، واتە: بەردەوام بوون لەسەر پشتهەڵکردن و بە دەنگەوە نەهاتن، ﴿ فَقُلۡ أَنذَرۡتُكُمۡ صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ عَادٖ وَثَمُودَ ﴾، پێیان بڵێ: دەتانترسێنم و هۆشدارییتان پێ دەدەم لە (صَاعِقَة)یەك وێنەی (صَاعِقَة)ی گەلی عادو ثەموود، واتە: ئەو (صَاعِقَة)یەی کە گەلی عادو ثەموودی پێ فەوتێنراون، وەك پێشتریش گوتمان (صَاعِقَة) زیاتر بە هاژەیەك، دەنگێکی گەورە دەگوترێ، کە جاری وایە ئاگرێکی بە بڵێسەی لەگەڵدایە، وەك لە سوورەتی (الرَّعد)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيُرۡسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ ﴾، واتە: خوا (صَاعِقَة)ەکان دەنێرێ، هەر کەسێکی بیەوێ، ئەو (صَاعِقَة)انە لێی دەدەن، کە مەبەست پێی برووسکەیە، ئەو برووسکەی لە ئەنجامی ساردو گەرمیی نێوان هەورو زەوی پەیدادەبێ، (صَاعِقَة) لە ئەسڵدا

ئەوەیە، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ هەر ڕووداوێك، یان هەر ئازارێكی زۆر توندو سامناك، كە ببێتە هۆی پێ فەوتێنرانی كەسێك، یان كۆمەڵێك، بۆیەش ئەوە دەڵێین: چونكە گەلی ئەموود دیارە بە (صَاعِقَة) فەوتاون، واتە: بە هاڕژنێكی گەورە كە بڵێسەی ئاگر بووەو، بۆتە هۆی زەوی لەرزە لە ژێریاندا، بەڵام گەلی عاد بە بایەكی بەهێزو ساردو توند فەوتێنراون، بەڵام (صَاعِقَة) وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا زیاتر باسی دەكەین، وێڕای ئەوەی كە بە بڵێسەی ئاگر دەگوترێ، بە هەمان شێوە بە هەر سزایەكی دیكەی، یان هەر ئازارێكی دیكەی كە كەسێك، یان كۆمەڵێكی پێ دەفەوتێن، بەوەش دەگوترێ.

﴿ إِذْ جَآءَتْهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ ﴾، كاتێك كە پێغەمبەران هاتن بۆ لایان لە پێش دەستیانەوەو لە دوایانەوە، واتە پێغەمبەرانێك (عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام) لەپێش واندا هاتبوون، ئەو پێغەمبەرانەی بۆ باب و باپیرانیان هاتوون و، ئەو پێغەمبەرانەشی كە لەدوایانەوە هاتن، واتە لە ڕۆژگاری خۆیاندا، ئەوە واتایەكی، یاخود مەبەست ئەوەیە كە پێغەمبەرانیان (عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام) لە هەموو لایانڕا بۆیان دەهاتن تاكو قەناعەتیان پێ بێنن، ﴿ مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ ﴾، یانی: هەموو شێوازێكیان لەگەڵ بەكاردەهێنان، وەك چۆن كەسێك كە قسە لەگەڵ كەسێكدا دەكات، بۆ ئەوەی ئیقناعی بكات، جارێك لەولاڕا قسەی لەگەڵ دەكات و، جارێك لە لایەكی دیكەوەو، جارێك لە پێشەوە بۆ ئەوەی ئیقناعی بكات، لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە هەموو شێوازێكیان لەگەڵ ئەو گەلانەیاندا بەكارهێناون، كە ئیقناعیان بكەن و بیانهێننە سەر ڕێی ڕاست، ﴿ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ ﴾، پێیان دەگوتن: كە جگە لە خوا مەپەرستن.

ئەو دوو گەلە، واتە: گەلی عادو گەلی ئەموود، وەڵامی پێغەمبەرەكانیان هوودو صاڵیح عليه السلامیان دایەوە: ﴿ قَالُواْ لَوْ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً ﴾، گوتیان: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای فریشتەی دادەبەزاندن، یانی چی؟ یانی: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای پێغەمبەرمان بۆ لا بنێرێ، فریشتەی دادەبەزاندن،

مـادام فریشـتەی دانەبەزانـدوون، کەواتـە: ئێـوە پێغەمبـەر نیـن، ﴿ فَإِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾، واتـە: بۆیـە ئێمـە ئـەوەی ئێـوە پێـی ڕەوانکـراون، پێـی بێبڕوایـن، مەبەسـتیان ئـەوە نەبـووە کـە بڵێـن: ئێـوە پێغەمبـەرن و ئێمـەش بڕواتـان پـێ ناکەین، بەڵکـو مەبەسـتیان ئـەوە بـووە بڵێـن: ئـەوە کـە ئێـوە لافـی ئـەوە لـێ دەدەن، پێـی ڕەوان کـراون، ئێمـە پێـی بێبڕوایـن و، پێـمان وانیـە ئێـوە خـوا ناردبنـی، ئەگـەر خـوا ویسـتبای پێغەمبـەر بنێـرێ، فریشـتەی دەنـاردن.

دوای ئـەوەی خـوا ﷻ لـەم دوو ئایەتە موبارەکـەدا، بە کورتیی باسـی هەردووکیانی کـرد، ئنجـا دێتـە سـەر باسـی یـەك یەکیان، پێشـێ باسـی گەلـی عـاد دەکات، لـە ڕووی مێژوویـی و کاتیشـەوە، گەلـی عـاد لـە پێـش گەلـی ثەموودەوە بـووەو، لـەو شـوێنەی کـە ئاماژەمـان پێـدا لـە سـوورەتی هـوددا، ئێمـە بـە درێژیـی باسـی گەلـی عـادو هەڵکەوتـە جوگرافییەکەیـان و، ئـەو کاتـە کـە تێیـدا ژیـاون و، تایبەتمەندییەکانیـان و، شـوێنەوارەکانیان و، ئـەو سـزایەی کـە پێـی فەوتێـنراون، ئەوانەمـان بـە درێژیـی بـاس کـردوون، دەفەرمـوێ: ﴿ فَأَمَّا عَادٞ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ﴾، ئنجا هەرچـی گەلـی عـاد بوو لـە زەویـدا، واتە: لەسـەر زەمینـی خۆیانـدا، (**الأرض**) (أل)کەی بـۆ ناسـاندنە، بـەڵام بـۆ (**عهـد**)ە، واتـە: لەسـەر زەمینەکـەی خۆیانـدا خۆیـان بەزلگرت، ﴿ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ﴾، بـە ناهـەق، ئنجـا خۆبەزلگرتـن هـەر بـە ناهەقـەو خۆبەزلگرتنـی هـەق نیـە، بـەڵام ئەمـە بـۆ زیاتـر قێـزەون دەرخسـتنی خۆبەزلگرییەکەیانـە، ئەگەرنـا هـەر کەسـێك خـۆی بەزلبگـرێ بـە هـەر هۆیەکـەوە بـێ، خۆبەزلگرییەکـەی هـەر بـە ناهەقـە، ئەگـەر بەهـۆی زانیارییـەوە لـە خـۆی بایـی بـێ، یـان بـە هـۆی دەسـەڵات و سـامانەوە، یـان بەهـۆی قەڕەباڵغیـی دەوریـەوە، یـان بـە هـەر هۆیەکـەوە، مـرۆڤ لـە خـۆی بایـی بـێ و، لـە کەوڵـی خـۆی دەربچـێ، هـەر خراپـە، بـەڵام ئـەوەی ئێـرە بـۆ زیاتـر ناشـیرین دەرخسـتنی خـۆ بەزلگرییەکەیانـە.

﴿ وَقَالُواْ مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ﴾، گەلـی عـاد گوتیـان: کـێ لـە ئێمـە هێـزی زیاتـرەو توندتـرە؟! ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَهُمۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ ﴾، ئایـا نەیانبینیـوە

ئەو خوایەی هێناونیە دی، لەوان هێزی زیاترەو توندترە؟! یانی: بەلای کەمەوە ئەو خوایەی کە ئەوانی دروستکردوە، لەوان بەهێزترە، کەواتە: نەدەبوو ئاوا لە کەوڵی خۆیان دەربچن و، بڵێن: کێ لە ئێمە بەهێزترە؟

هەڵبەتە لە کتێبە مێژووییەکاندا باس دەکرێ، کە گەلی عاد لە ڕووی کەلەش و جەستەوە زۆر زل بوون، دەڵێن: لە ڕووی عەقڵیشەوە زۆر هۆشیار بوون و، لە ڕووی ئاوەدانییەوە شوێنەوارەکانیان دیارن، بۆیە زۆر بە خۆیان نازیوەو، ئەو ئیمکانیەت و توانایەی خوا پێی داون، لە جیاتی ئەوەی بەکاری بێنن بۆ چاکەو، بە چاکەی خوای بزانن و بۆ خێر بە کاری بێنن، پێی لە خۆبایی بوون و، بۆ خراپەش بەکاریان هێناوە، وەك لەو شوێنانەدا کە خوای پەروەردگار باسی گەلی عاد دەکات، باسی دەکات کە ڕێگرییان کردووەو، خراپەکارییان کردووەو، ستەمیان کردوە لە خەڵکی دیکە، ﴿وَكَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَجْحَدُونَ﴾، هەروەها بە ئایەتەکانی ئێمەش بێبڕوا بوون و نکووڵییان لە ئایەتەکانی ئێمە دەکرد، (آیات) یش دەگونجێ مەبەست پێیان فەرمایشتی خوا بێ، کە لە دوو توێی ئەو ڕستانەدا، کە لە پەیام و کتێبەکانیدا دایبەزاندوون و، بەرجەستە بووە، دەشگونجێ (آیاتِ) مەبەست پێی هەموو ئەو شتانەبن، کە دەبێ خوایان پێ بناسرێ، واتە: دیاردەو دیمەنەکانی دەوروبەرو گەردوون، یاخود (آیات) مەبەست پێی ئەو موعجیزانەن کە پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام) هێناویانن، کە پێغەمبەران هەر خودی خۆیان موعجیزە بوون، بۆیەش وا دەڵێم، چونکە ئەگەر خوای بەرز بۆ گەلی ثەموود باسی ئەو حوشترە (ناقة) ناوازەیە دەکات، کە لە بەردێك یان لە چیایەك هاتۆتەدەر، بەڵام بۆ گەلی هوود، کە عادن، باسی مەعجیزەیەکی دیاریکراو ناکات، کە هوود ﷺ بۆی بردبن و پێشانیدابن، بەڵام پێغەمبەران هەر بۆ خۆیان موعجیزە بوون، بەپێی فەرمایشتەکەی پێغەمبەریش ﷺ کە زۆرجار هێناومانەو لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم دا، هاتوە، هیچ پێغەمبەرێك نەبووە، بەڵگەیەکی وای پێ نەبێ کە خەڵك لەسەری ئیمانی پێ بێنن و،

قەناعەتیان بێ کە ڕاست دەکات و، پێغەمبەری خوایە، ئنجا بە پێی ئەوە هەم هوودیش، هەم هەموو پێغەمبەرانیش بەڵگەو موعجیزەیەکیان بووە، با خوای موتەعالیش لە قورئاندا باسی نەکردبێ، هەرچەندە پێغەمبەران بۆ خۆشیان هەر موعجیزە بوون، هەر کەسێ تێیان ڕامابایە، دەیزانی ئەوانە کەسانێکی ڕاستگۆن، چونکە پێغەمبەران پێش پێغەمبەرایەتییش خاوەنی پاکترین مەعدەن و چاکترین عەقڵ و، ڕەوشت بەرزترین کەس بوون و، هیچ لەکەو پەڵەیەکیان بەسەرەوە نەبووەو، خەڵك هەرگیز درۆو پەیمان شکێنیی لێ نەبیستوون و، شتی نارێکی لێ نەبینیون، لەبەر ئەوە هەر کە گوتوویانە: ئێمە نوێنەری خواین، دەبووایە بڕواو متمانەیان پێ بکەن، بەڵام وێڕای ئەوە، هیچ پێغەمبەرێکیش نەبووە موعجیزەیەکی پێ نەبێ، کە خەڵکەکە قەناعەتیان پێی بێ، ئەوە پێغەمبەری خوایە، ئەگەر لە هەقێ بکەڕێن.

﴿ يَجۡحَدُونَ ﴾، واتە: نکووڵییان لە نیشانەکانی ئێمە دەکرد، نکووڵییکردن ئەوەیە ئینسان شتێك بزانێ هەقەو دانی پێدانەهێنێ.

ئنجا خوا ﷻ باسی چۆنیەتی سزادانی گەلی عاد دەکات، دەفەرموێ: ﴿ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ ﴾، بایەکی بە هێزی زۆر ساردمان لە ڕۆژانێکی بێ خێردا ناردە سەریان، کە لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، ئەو بایەی گەلی عادی پێ فەوتێنراوە، پێی گوتراوە: (دەبوور)، واتە: ئەو بایەی لە پشتی کەعبەوە دێ، عەرەب بەپێی شوێنەکانی خۆیان ناویان لە شتەکان ناوە، کە لەپشتی کەعبەوە بێ، مانای وایە لە ڕۆژئاواوە هاتوە، هەروەها (صَرْصَرٌ) بە مانای توندو بەهێزیش دێ، ﴿ فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ ﴾، واتە: لە ڕۆژانێکی نەگبەتدا، (نَحِسَاتٌ) کۆی (نَحِس)ە، هەروەها خوێنراویشەتەوە: (فـي أَيَّامٍ نَحْسَاتٍ)، ئەویش کۆی (نَحْس)ە، ئنجا (نَحْس) یان (نَحِس) بە (نَحِسَاتٌ) یان بە (نَحْسَاتٌ) کۆدەکرێتەوە واتە: ڕۆژانێکی نەگبەت و بێ خێرو پڕ شەئامەت، هەڵبەتە ڕۆژ لە زاتی خۆیدا هەر ڕۆژە، بەڵام بۆ ئەوان ڕۆژانێکی بێ خێرو

نەگبەت و پڕ مەینەتیی بوون، ﴿ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْيِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، تاكو سزای ڕیسواكەریان لە ژیانی دنیادا پێ بچێژین، وەك ئەو سزایە خواردنێك بێ و، دەرخواردیان بدرێ، ﴿ عَذَابَ ٱلْخِزْيِ ﴾، ئەمە پاڵدانی وەسفكراو (مَوصُوف) ە بۆ لای (صِفَة)، كە لە ئەصڵدا (الخِزْيِ العَذَاب)ە، بەڵام (عَذَابَ الخِزي) بۆ زیاتر تۆخكردنەوەی ئازارەكەیە، واتە: ئازاری ڕیسواكەرو زەبوونكەر، ﴿ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَخْزَىٰ ﴾، بە دڵنیایی سزاو ئازاری مەنزڵگای كۆتاییش ڕیسواكەرترو زەبوونكەرترو شەرمەزاركەرتریشە، ﴿ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ﴾، ئەوانیش سەر ناخرێن، واتە: ئەو سزا ڕیسواكەرەیان بە ملدا دێ، لە ڕۆژی دواییدا، كە لە هی دنیا ڕیسواكەرترەو، سەریش ناخرێن و كەس نیە، فریایان بكەوێ و تكایان بۆ بكات و دەربازیان بكات.

ئنجا دێتە سەر باسی گەلی ثەموود، دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ ﴾، بەڵام گەلی ثەموود، ﴿ فَهَدَيْنَٰهُمْ ﴾، ڕێنماییمان كردن، لێرەدا: (هَدَيْنَاهُمْ)، واتە: ڕێی ڕاستمان پێشان دان، ئەگەرنا (هَدَيْنَاهُمْ) بە مانای (خستماننە سەر ڕێ) نیە، گەر خوا خستبانیە سەر ڕێگای ڕاست، مانای وایە تووشی سزا نەدەبوون، بەڵام واتە: ڕێمان پێشاندان، چونكە وشەی (هُدى) لە قورئاندا جاری وایە بە مانای ڕێ پێشاندان و ڕێنمایی كردنەو، جاری وایە بە مانای خستنە سەر ڕێی ڕاستە، زۆرجاریش ئەوەمان گوتوە كە هەندێك لە ڕوونكەرەوانی قورئان، زۆرجار ئەوانەی وتاران دەدەن و باسی ئیسلام دەكەن، لە ئەنجامی ئەوەدا كە نازانن ئەو وشەیە لە سیاقێكدا واتایەكی هەیەو، لە سیاقێكی دیكەدا، واتایەكی دیكەی هەیە، تووشی تێكەیشتنی هەڵە دەبن لە هەندێك لە ئایەتەكانی قورئان، خوا دەفەرموێ: گەلی ثەموودیشمان ڕێنمایی كرد بوون، ڕێی ڕاستمان پێشاندابوون، ﴿ فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴾، بەڵام كوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، كوێرییان خۆشتر ویست لە ڕێنمایی، ﴿ فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ ﴾، لە ئەنجامدا هاڕژنی ئازارێكی ڕیسواكەرو شەرمەزاركەر گرتنی، (صَاعِقَة) پێشتر باسمان كرد، واتە: هاڕژنێك و

دەنگێکی گەورە، کە بڵێسە ئاگری لەگەڵدا بێ، خوا ﷻ لەو شوێنانەدا کە باسی فەوتانی گەلی ئەموود دەکات، کە پێغەمبەرەکەیان (صَالِح) بووە، وشەی (صَاعِقَة)یان بۆ بەکاردێنێ، جاری واش هەیە وشەی بوومەلەرزە (زَلْزَلَة)یان بۆ بەکاردێنێ، جاری واش هەیە وشەی چریکەو هاڕژن (صَيْحَة) یان بۆ بەکاردێنێ، کە وەك لە کاتی توێژینەوەی بەسەرهاتی گەلی ئەمووددا گوتوومانە: ئەوانە هەموویان هەریەکەی بە ئیعتیبارێك تەعبیر لەو سزایە دەکەن کە ئەو گەلەی پێ فەوتێنراوە، ئنجا تەعبیرێکیان باسی دەنگەکەی دەکات و، تەعبیرێکیان باسی بڵێسەکەی دەکات و، تەعبیرێکیان باسی شوێنەواری ئەو سزایە دەکات، کە بۆتە هۆی زەمین لەرزە، یاخود ئاگر بڕژێن و ... هتد، بەڵام بۆچی خوا بەو جۆرە سزای دان؟ ﴿بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە وەدەستیان دەهێناو دەیانکرد.

﴿وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾، ئەوانەش کە بڕوایان هێنابوو و پارێزیان دەکرد، دەربازمان کردن، ئەوانەی بڕوایان هێناوەو پارێزیان کردوە، ئەوانە بوون کە لەگەڵ صالیح ﷺ بوون، کە هەمیشە پێغەمبەران لە کاتی سزادرانی گەل و کۆمەڵگایەکانیان دا، دوورکەوتوونەوە، چونکە خوا فەرمانی پێکردوون خۆتان و ئەوانەی بڕوایان پێتان هێناوە دووربکەونەوە، ئەوانیش ڕۆیشتوون و شارەکەو شوێنەکەیان بەجێ هێشتووە، دوای ئەوان خوا سزای ناردوە بۆ ئەو گەلە ملهوڕو یاخییە، کە دیارە ئەوان متمانەیان نەبووە بەوەی ئەو پێغەمبەرە ڕاست دەکات، ئەگەرنا ئەوانیش شارەکەیان بەجێ دەهێشت بۆ ئەوەی بەسەریاندا کاول نەبێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ، کە لە کاتی ڕوو وەرگێڕان و پشت تێکردنی خەڵکەکەی دا لە پەیامی خوا، بە (صاعقة)یەکی وەك هی گەلی عاددو ثەموود، کە ئەو دوو گەلە سەر کەشەی پێ فەوتێنراون، بیانترسێنێ، کە پێغەمبەرانیان، واتە: هوودو صاڵیح ﷺ بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان لەگەڵیاندا، کە تەنیا خواپەرستێ، بەڵام بێبڕوا بوون پێیان، بە بیانووی ئەوەی کە ئەگەر خوا ویستبای پێغەمبەران بنێرێ، فریشتەی دادەبەزاندن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِّثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ إِذْ جَاءَتْهُمُ الرُّسُلُ مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ قَالُوا لَوْ شَاءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَائِكَةً فَإِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا ﴾، واتە: ئنجا ئەگەر خەڵکەکەت، کۆمەڵگایەکەت (ئەی موحەممەد ﷺ!)، پشتیان هەڵکرد، لاملیان تێکردی، (**أَي: اسْتَمَرُّوا في إعْرَاضِهِم**)، واتە: بەردەوام بوون لەسەر پشت تێکردن و وەڵام نەدانەوەت، ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا ﴾، [(إنْ): **في الأَصْلِ يَقَعُ فِي المَوْقِع الَّذِي لاَجَزْمَ فِيْه بِحُصُول الشَّرْط**]، واتە: لە ئەصڵدا (إنْ) بەکاردەهێنرێ بۆ ئەو شوێنەی کە دڵنیایی تێدانیە، مەرجەکە بێتە دی، واتە: عەقڵ و مەنتیق وا دەخوازێ کە ئەوان پشت هەڵنەکەن، یاخود لەسەر پشتهەڵکردن و پشتتێکردنیان بەردەوام نەبن، بەڵام ئەگەر لەسەر پشتتێکردنیان بەردەوام بوون.

٢)- ﴿ فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَٰعِقَةً ﴾، پێیان بڵێ: ئێوەم ترساندو هۆشدارییم پێدان له (صاعقة) ەیەك.

٣)- ﴿ مِّثْلَ صَٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴾، وەك (صاعقة)ەی گەلی عادو گەلی ثەموود، ﴿ أَنذَرْتُكُمْ ﴾، (الإِنْذارُ: التَّخْوِيفُ، وَهُوَ هُنا تَخْوِيفٌ بِتَوَقُّعِ عِقَابٍ، مِثْلِ عِقَابِ الَّذِينَ شابَهُوهم فِي الإِعْراضِ، لِأَنَّ قُرَيْشًا لَمْ تُصِبْهم صاعِقَةٌ مِثْلُ صاعِقَةِ عادٍ وثَمُودَ)، (إنْذار): بریتیه له ئاگادارکردنەوه لەگەڵ ترساندندا، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی ترساندنه بەوەی ئەگەری ئەوه هەیه، خوا سزایان بۆ بنێرێ، وەك سزای ئەوانەی وەك ئەوانیان کردوه، چونکه کافرەکانی قورەیش (صاعقة)ی وەك هی عادو ثەموودیان تووش نەبوو، کەواته: مەبەست ئەوەیه ئەگەری هەیه ئێوەش سزا بدرێن، وەك سزای ئەوان، نەك ڕێك کت و مت ئەو (صَاعِقَة)یەی ئەوانی پێ فەوتاون، ئەو جۆرە (صَاعِقَة)یەش بۆ ئێوە بێ.

(الصَّاعِقَـة: نـارٌ تَخْـرُجُ مَـعَ الـبَرْقِ تَحْـرِقُ مـا تُصِيبُـهُ)، (صَاعِقَـة): بڵێسـه ئاگرێکـه لـه هـەوره تریشـقه دەردەچـێ، هەرچـی لێـی بـدات، دەیسـووتێنێ، وەك لـه سـوورەتی (الرَّعـد)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَيُرْسِلُ الصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ وَهُمْ يُجَٰدِلُونَ فِى ٱللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ ٱلْمِحَالِ ﴿١٣﴾ ﴾، واتـه: خـوا صاعیقـەکان دەنێـرێ، (برووسـکەکان دەنێـرێ) هـەر کەسـێکی بیـەوێ لێـی دەدەن...

(الصَّاعِقَـة: الحَادِثَـةُ المُبِـيرَةُ السَّرِيعَـةُ الإِهْـلاكِ)، (صاعقـة) ڕووداوێکـه بـه خێرایـی ئـەو کەسـه یـان ئـەو کۆمەڵەیـه دەفەوتێنـێ کـه لێـی دەدات، ئـەو مانایەشـی هەیـه.

٤)- ﴿ إِذْ جَآءَتْهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ ﴾، کاتێك پێغەمبەرەکانیان له پێش دەستیانەوه و، له دوایانەوه بۆیان هاتن، لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِذْ جَآءَتْهُمُ ٱلرُّسُلُ ﴾، واته: کاتێك پێغەمبەرەکانیان بۆیان هاتن، له حاڵێکدا گەلی عاد بەس هوودیان بۆ چووەو، گەلی ثەموودیش، بەس صاڵیحیان بۆ چووەو دوو پێغەمبەر بوون؟! لێرەدا (جَمْعُ الرُّسُلِ هُنَا مِنْ بابِ إطْلاقِ صِيغَةِ الجَمْعِ عَلَى الإِثْنَيْنِ، مِثْلَ قَوْلِهِ تَعالى: ﴿ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴾التحريم)، واته: لێرەدا (رُسُل) که کۆکراوەتەوه ئەمه لەسەر

شێوازی بەکارهێنانی کۆیە بۆ دووان، وەك لە سوورەتی (التَّحْرِيم)دا خوا ﷻ بە دووان لە هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ خوا لێیان ڕازی بێ، دەفەرموێ: ﴿إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾، ﴿إِن تَتُوبَآ﴾، پێشی بە (مُثَنَّى) دەیهێنێ، ﴿فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾، بە دڵنیایی دڵەکانتان لایانداوە، بە کۆ دەیهێنێ.

کەواتـە: بۆیـە خـوا ﷻ بـە کـۆ (جمـع) هێناویـەتی، چونکـە جـاری وایـە (دوو) ڕانـاوی کـۆی بـۆ بـەکاردێ و، وەك کـۆ مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـرێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ﴾، پێغەمبەرانیـان لـە پێـش دەسـتیانەوەو، لـە دوایانـەوە بۆیـان هاتـن، ئەمـە دوو واتایـان هەڵدەگـرێ:

یەکـەم: ئەمـە خسـتنە ڕووی سـوور بوونـی پێغەمبـەری هـەر کام لـەو دوو گەلەیە، لەسـەر ئـەوە کـە هیدایەتـی خـوا وەربگـرن، واتـە: هەمـوو شـێوازێکیان لەگەڵـدا بەکارهێنـان، وەك کەسـێك بـە کەسـێکی دیکـە دەڵـێ: لـە هەمـوو لایانـەوە بـۆی چـووم، یـان هەمـوو کەلێنـم لێگرتـن، یانـی: هەمـوو شـێوازێکم لەگەڵـدا بەکارهێنـا.

دووەم: یاخـود مەبەسـت پێـی ئەوەیـە: پێغەمبەرانێـك کـە بـۆ بـاب و باپیرانیـان هاتـوون، لـە پێـش دەسـتیانەوە هاتـوون و، پێغەمبەرانێکیـش کـە لـە دوای وان هاتـوون، لـە پشـتیانەوە هاتـوون.

واتـە: ئـەو پێغەمبەرانـەی کـە بـۆ بـاب و باپیرانیـان هاتـوون، خـوای زانـاو شـارەزا دەفەرمـوێ: ﴿مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ﴾، لـە پێشـیانەوەو، ئـەو پێغەمبەرانـەی کـە بـۆ خۆیـان هاتـوون، دەفەرمـوێ: ﴿وَمِنْ خَلْفِهِمْ﴾، لـە دوایانـەوە.

هەڵبەتـە ئـەو پێغەمبەرانـەش کـە لـە ڕۆژگاری بـاب و باپیرانیشـیاندا بۆیـان هاتـوون، بەسـەرهات و بـاس و خواسـی ئەوانیشـیان هـەر زانیـوەو بیسـتوە، کەواتـە: وەك بـۆ وانیـش چووبـن وایـە.

لێرەدا پرسیارێك دەکرێ:

ئایا چۆن خوا ﷻ ناوی لە سزای گەلی هوود کە (عاد)ە ناوە (صَاعِقَة)؟ لە حاڵێکدا کە بە بایەکی بەهێزی توند فەوتێنراون؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە: کە وەك لە مانای (صَاعِقَة)شدا باسمان کرد، (صَاعِقَة) هەم بە هاڕژن و بڵێسەی ئاگر کە لە ئاسمانەوە دێ، دەگوترێ، هەم بە ئازارێکی فەوتێنەری خێراش دەگوترێ، واتە: ئازارێك کە بە خێرایی خەڵکێك بفەوتێنێ، وشەی (صَاعِقَة) بە هەردووکیان دەگوترێ، ئنجا ئایا ئەو پێغەمبەرانە کە چوونە لای گەلەکانیان، چییان پێگوتن؟.

٥)- ﴿ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ﴾، کە جگە لەخوا نەپەرستن، وشەی: (أَلاَّ)، (تَفْسِيرٌ لِجُمْلَةِ جَائَتْهُمُ الرُّسُلُ)، (أَلاَّ): (أَنْ لا)یە، یانی: پێغەمبەرەکان کە چوون بۆ لایان، بۆ ئەوە چوون کە پێیان ڕابگەیەنن، جگە لە خوا نەپەرستن و، بەندایەتیی بۆ جگە لە خوا ﷻ مەکەن، بە مانای فراوانی بەندایەتیی، نەك تەنیا لە ڕووی ئەنجامدانی دروشمەکانەوە، بەڵکو لە ڕووی وەرگرتنی بەرنامەکانیشەوە، یانی: لە هەردوو بواری سەرەکیی: پێشکەش کردنی دروشمەکان و، وەرگرتنی بەرنامەکان، (تَقْدِيمُ الشَّعائِر) و (أَخْذُ الشَّرائِع)دا، تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، چونکە ئەو کەسە بەڕاستیی بەندەی خوایە، کە لە ژیانی تاکیی و، ڕووحیی و، مەعنەویی خۆیدا، تەنیا دروشمەکان پێشکەشی خوا دەکات، پاڕانەوەو، ئەوپەڕی لێ ترسان و، ئەوپەڕی خۆشویستن و، ئەوپەڕی پشت پێ بەستن و، ئەوپەڕی مل بۆ کەچ کردن و، ڕکووع و سەجدەو، قوربانیی بۆ سەربڕین و، هاوار تێبەستن و هتدی تەنیا بۆ خوایە، بەڵام هاو کات لەگەڵ ئەوەش دا، بەرنامەکانی ڕێکخستنی ژیانی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسییش تەنیا لە خوا وەردەگرێ، لە ڕاستییدا بە هەردووکیان ئەوجار مرۆڤ دەگاتە ئەوەی بەندایەتییەکی ڕاست و ساغ و گشتگیرو ڕاستەقینەی بۆ خوا بکات، بەڵام کەسێك کە دروشمەکانی خوا پەرستیی تەنیا بۆ خوا ئەنجام دەدات، بەڵام لە بواری حەڵاڵ و حەڕام و، چاکەو خراپەو، ڕاست و چەوت و، ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی دا، لا بە لای شەریعەتدا ناکاتەوە، ئەوە لە حەقیقەتدا بەڵێ خوای پەرستوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر جوزئیی و بچووك خوای پەرستوەو، ئەگەر لە شتەکانی دیکەدا

نەگەڕێتەوە بۆ شەریعەتی خوا ﷻو، پێی وابێ ئەو بەرنامانەی دیکە لە جێی خۆیانن و، ڕاست و بەجێن، ئەوە هاوبەشی بۆ خوا داناوەو، لە پانتاییەکی کەمی ژیانیدا بەندایەتیی بۆ خوا کردووەو، لە پانتاییە گەورەکەدا بەندەی خوا نەبووە، بەڵکو کۆیلەی ئەم و ئەو بووە، وەك خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾، واتە: ئایا هاوبەشانێکیان هەن، شتێکیان بۆ داناون لە ئایین، کە خوا مۆڵەتی لەسەر نیە، واتە: کەسێك شتێك بۆ خەڵك دابنێ لە بەرنامەی ژیان، کە مۆڵەتی خوای لەسەر نەبێ، مانای وایە خۆی کردوە بە هاوبەشی خوا.

٦)- ﴿ قَالُوا۟ لَوْ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً ﴾، هەردوو گەلەکان (بە پێغەمبەرەکانی خۆیان گوتیان: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای فریشتەی دادەبەزاندن، واتە: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای پێغەمبەرمان بۆلا بنێرێ، فریشتەی دادەبەزاندن و دەیناردن، وەك پێغەمبەر، کەواتە: کە فریشتەمان بۆ دانەبەزێنراون، ئێوە کە دەڵێن پێغەمبەرین، ڕاست ناکەن.

بۆیە سەرەنجامەکەی دەڵێن:

٧)- ﴿ فَإِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾، بۆیە ئێمە بەوەی ئێوەی پێ ڕەوانکراون، بێبڕواین، واتە: بینا لەسەر ئەوە کە ئێوە پێغەمبەری خوا نین، چونکە فریشتە نین، کەواتە: ئێمە بێبڕواین بە خۆتان و بە پەیامەکەتان، بەو پەیامەی کە ئێوە لاف لێدەدەن لەلایەن خواوە هێناوتانە، بەڵام ڕاست ناکەن، ئەگەر خوا ویستبای فریشتەی دەکردە نوێنەرو ڕەوانەکراوی خۆی و، پەیامی پێدا دەنارد، کە ئێوەش فریشتە نین و مرۆڤن، کەواتە: ڕاست ناکەن، حاشا بۆ پێغەمبەران، کە بێگومان پێغەمبەرانی خوا هەرگیز لەگەڵ دروستکراوەکاندا خیلاف و درۆیان نەبووە، ئنجا چۆن بە ناوی خوای بەرزی بێ هاوتاوە، شتی ناڕاستیان گوتوە؟

مەسەلەی دووەم:

باسی گەلی عاد کە پێغەمبەرەکەیان هوود بوو، بە ناهەق خۆیان بەزلگرتبوو لە زەویداو، بە هێزو توانای خۆیانەوە دەنازیی و، نکووڵییان لە نیشانەکانی خوا دەکرد، سەرەنجام خوا بایەکی زۆر ساردو بەهێزی لە ڕۆژانێکی نەگبەت و بێ خێردا ناردە سەریان و، لە بەینی بردن و، سزای ڕیسواکەرتری دواڕۆژیش سەرباره چاوەڕێیانە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُوا۟ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ۖ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿١٥﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَخْزَىٰ ۖ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾، ئنجا هەرچی گەلی عاد بوو لە زەویدا بە ناهەق خۆیان بەزلگرت، وشەی (**فَأَمَّا**) (**ف**)کە بۆ بەدواداهاتن (**تَعْقِيب**)ە، یان بۆ ڕوونکردنەوە (**تَفْصِيل**)ە، یان بۆ لق لێکردنەوە (**تَفْرِيْع**)ە، بەڵام (**أَمَّا: حَرْفُ شَرْطٍ وتَفْصِيلٌ**)، پیتێکە هەم مەنای مەرج دەگەیەنێ، هەم مانای ڕوونکردنەوە دەگەیەنێ، کە پێشێ خوا ﷻ فەرمووی: ﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا۟ فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَـٰعِقَةً مِّثْلَ صَـٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ ﴾، ئنجا دوای ئەوەی بە کورتیی باسی (عادو **ثمود**)ی کرد، ئنجا دێتە سەر درێژەی بەسەرهاتەکەیان، هەڵبەتە درێژە لە قەدەر ئێرە، ئەگەرنا لێرەش هەر کورتە، ﴿ فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾، بەڵام گەلی عاد ئەوەی ڕێی لێگرتن بە دوای ڕێنمایی خوا بکەون، خۆ بەزلگرییان بوو، بە ناهەق، خۆ بەزلگرییەکەشیان، لە بەرانبەر پەیامی خواو، پێغەمبەری خوا (هود)دا بوو، ﴿ ٱلْأَرْضِ ﴾، کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، واتە: سەر زەمینێك کە دیارەو زانراوە، ناساندنەکە بۆ (**عَهْد**)ە، واتە: سەر زەمینەکەی

خۆیان کە ئەوان تێیدا باڵا دەست و حوکمڕان بوون، ئنجا هەموو خۆ بە زلکرتنێك هەر بە ناهەقە، بەڵام لێرەدا ئەو قەیدەی خراوەتە سەر: ﴿ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾، بۆچی؟ (زِيَادَةُ تَشْنِيعٍ لاسْتِكْبَارِهِمْ، إِذْ لا مُبَرِّرَ لِلْكِبْرِ أَبَدًا)، ئەمە بۆ زیاتر ناقۆڵاو دزێو خستنە بەرچاوی خۆ بەزلکرتنەکەیانە، ئەگەرنا هیچ کاتێك خۆ بەزلگرتن پاساوی نیەو هەمیشە هەر خراپەو، خۆ بەزلگرتن هەردەم سیفەتێکی خراپە، بە پێچەوانەی خۆ بە کەمگرتن (**تواضع**)ەوە کە سیفەتێکی جوان و باشە، هەمیشە خۆ بەزلگریی و، لە کەوڵی خۆ دەرچوون و، بوغڕا بوون، بەهۆی هەر شتێکەوە بێ، بەهۆی ماڵ و سامانەوە بێ، یان بەهۆی دەسەڵاتەوە بێ، یان بە هۆی زانیارییەوە بێ، یان بە هۆی زیدە عەقڵ و هۆشەوە بێ، یان بە هۆی جەستەی بەهێزەوە بێ، یان بەهۆی قەڵەباڵغی خزمان و شوێنکەوتووانەوە بێ، بە هۆی هەر شتێکەوە بێ، خۆ بەزلگریی هەر خراپە، بەڵام لێرە بۆ زیاتر ناشیرین پێشاندانی خۆ بە زلگرییەکەیانە، ئەم قەیدی ﴿ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾، (بە ناهەق)ی خراوەتە سەری.

ئنجا ئەمە باسی چۆنیەتی خۆ بەزلگریی و بوغڕاییەکەیانە:

٢)- ﴿ وَقَالُواْ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ﴾، گوتیان: کێ لە ئێمە هێزی توندترە؟ لە کتێبە مێژووییەکاندا، دەڵێ: گەلی عاد زۆر بە کەلەش و زل بوون، بۆیە بە هێزی جەستەی خۆیانەوە نازیوە، هەروەها گوتراوە: لە ڕووی عەقڵ و تێگەیشتنیشەوە زۆر بەهێز بوون، ﴿ قُوَّةً ﴾، لە: ﴿ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ﴾، (**القُوَّةُ: حَالَةٌ فِي الجِسْمِ يَتَأَتَّى بِهَا أَنْ يَعْمَلَ الأَعْمَالَ الشَّاقَّةَ، وتُطْلَقُ عَلَى لازِمِ ذَلِكَ مِنَ القُدْرَةِ وَوَسَائِلِ الأَعْمالِ**) (**قُوَّة**): حاڵەتێکە بۆ جەستە کە بە هۆیەوە دەتوانێ کارە قورسەکان بکات، بەڵام وێڕای هێزی جەستە، بەکاریشدەهێنرێ بۆ شتێك کە بۆ هێزی جەستە پێویستە، وەك ئامرازەکان و، ئەو شتانەی کە مرۆڤ بەکاریان دێنێ، ئێستاش شتێکی باوە دەگوترێ: هێزی سیاسیی و، هێزی عەسکەریی و، هێزی ئابووریی و، هێزی ئەمنیی و، موخابەراتیی.

خوای بەرزو باڵادەست لە وەڵامی ئەو قسەیاندا دەفەرموێ:

٣)- ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ﴾، ئایا نەیانبینیبوو کە ئەو خوایەی دروستیکردوون لەوان هێزی توندترە؟! واتە: بە چاوی عەقڵ و دڵ نەیاندیوە،

چونکە لێرەدا بینین مەبەست پێی زانینە، (الرُّؤيَةُ عِلمِيَّةٌ)، یانی: (أَلَم يَعلَموا)، ئایا نەیاندەزانی و دەرکیان پێ نەدەکرد، ئەو خوایەی دروستیکردوون، ئەو لە ئەوان بەهێزترە؟ (أَيْ: هُوَ أَوْسَعُ قُدْرَةً مِن قُدْرَتِهِمْ فَإِطْلَاقُ القُوَّةِ عَلى قُدْرَةِ اللهِ تَعالى بِمَعْنى كَمالِ القُدْرَةِ) لێرەدا خوا ﷻ وشەی (قُوَّة)ی بەکارهێناوە بۆ توانای خۆی، (قُوَّة) یانی: هێز، (قُدْرَة) یانی: توانا، وشەی (قُوَّة) کە خوا لە جیاتی توانا بە کاریهێناوە، کە توانایی یەکێکە لە سیفەتەکانی خوا، ئەمە بۆ ئەوەیە کە بزانرێ، توانای خوا ﷻ هەرچی هێزی لە مێشکدا وێنا دەکرێ، لێی وەدی دێ.

وەك گوتمان: لە بارەی هێزو توانای جەستەی گەلی عادەوە، کتێبە مێژووییەکان شتیان زۆر باس کردووەو، شوێنەوارەکانیشیان دیارن، وەك خوا ﷻ لە تەفسیری سوورەتی (الشُّعَراء)دا پێشتر باسمان کردوە، بەڵام بالێرەش هەروا بە خێرایی سەرنجێکی ئایەتەکان بدەینەوە: گەلی عاد زۆر بەهێز بوون، بە بەڵگەی ئەوە کە هوود ﷺ پێیان دەفەرموێ: ﴿ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةً تَعْبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ ﴿١٢٩﴾ وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٣١﴾ وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ ﴿١٣٣﴾ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٣٤﴾ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣٥﴾ ﴾، واتە: ئایا لە هەر بەرزاییەك کۆشکێك وەك نیشانە دروست دەکەن بە گاڵتەجاڕ (واتە: بێ ئەوەی پێویستتان پێی هەبێ)، هەروەها مەصنەعان[1] دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بمێننەوە، (واتە: ناوو ناوبانگتان بمێنێتەوە) و، ئەگەر پەلاماری خەڵکتاندا زۆر بە تێکشکێنەرانە پەلاماریان دەدەن، پارێز لە خوا بکەن و فەرمانبەریی من بکەن، پارێزیش لەو کەسە بکەن کە هاوکاریی ئێوەی کردوە بەوە کە دەزانن، هاوکاریی کردوون

(١) (مَصَانِع) کۆی (مَصْنَع)ە، یان بە بینا دەگوترێ، یاخود بە عەمباری ئاو دەگوترێ، (مَصْنَع) یانی: کارگە، لە زمانی عەرەبییدا بە هەر پرۆژەیەك دەگوترێ، پەیوەندیی بە ئاوەوە هەبێ، یان پەیوەندیی بە تێدا نیشتەجێ بوونەوە هەبێ، یان پەیوەندیی بە هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە هەبێ.

بـە ئـاژەڵ و، بـە کـوڕان و، بـە بـاغ و باغـات و کانیـی و سـەرچاوان، بێگومـان مـن مەترسـیی ئـازاری ڕۆژێـکی مەزنـم لێتـان هەیـە.

کـە ئێمـە کاتـی خـۆی ئـەو ئایەتانەمـان بـە درێژیـی تەفسـیر کـردوون لـە تەفسـیری سـوورەتی (الشُّعَراء)دا، هەروەهـا وەك پێشـتریش گوتمـان، لـە تەفسـیری سـوورەتی (هود)یشـدا، بـە درێژیـی باسـی هـوود ﷺو گەلەکـەی (عاد)مـان کـردوە، بـەڵام ئـەوە کـە گەلـی عـاد لـە ڕووی جەسـتەوە بەهێـز بـوون و، خـاوەن هێزێکـی جەسـتەیی یاسـادڕ بـوون، ئەمـە ئـەوە ناگەیەنـێ کـە هەرچـی لـە بارەیانـەوە بگوتـرێ هـەر ڕاسـتە.

بۆیـە ئـەوەی کـە (القُرطُبـي) لـە ئیبنـو عەبباسـەوە هێناویەتـی خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: (**أَطْوَلُهُـم مِئَـةَ ذِرَاعٍ، وأَقْصَرُهُـم سِتُّونَ ذِرَاعَـاً**)، ئـەوەی لـە هەمووانیـان کەڵەگەتـر بـوو، سـەد باسـك بـوو، ئەوەشـیان کـە لـە هەمـووان کورتـتر بـوو، شەسـت باسـك بـوو، واتـە: باڵایـان، بـە دڵنیایـی ئـەوە زێدەڕۆییەکـی زۆرە، چونکـە ئەگـەر وابووایـە، دەبـوو لـە پەیکـەرە ئێسـکانەکانیان شـتی وا بەجێمابایـە کـە دەلالـەت لەسـەر ئـەوە بـکات، هەرچەنـدە لـە هەندێـك سـەرچاوان دا بـاس دەکـرێ، کـە گوایـە کەلەشـی هەنـدێ کەسـیان دۆزیوەتـەوە، هـەر کەللـە سـەرەکەی لـە سـێ چـوار ئەفـەران گەورەتـرە، بـەڵام ئـەوە پێویسـتیی بـە بەڵگەیەکـی زانسـتیی و، بەڵگەیەکـی مێژوویـی دڵنیاکـەر دەکات، پشتڕاسـتی بکاتـەوەو بیسـەلمێنێ.

بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە کـە گەلـی عـاد لـە ڕووی جەسـتەییەوە بەهێـز بـوون و، شوێنەوارەکانیشـیان نیشـانەی ئـەوەن، بـەڵام نـەك بـەو شـێوەیەش لـە هەمـوو سـنوورێك بچێتـە دەرێ و لەگـەڵ بەشـەردا نەگونجـێ.

٤)- ﴿وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ﴾، ئەوان نکووڵییان لە نیشانەکانی ئێمە دەکرد، پێشتریش گوتوومانە: (**الجُحُودُ: إِنْكَارُ مَا هُوَ مَعْلُومٌ**)، (**جُحُود**): بریتیە لە نکووڵیکردن لە شتێك کە زانراوە، واتە: مرۆڤ شتێك بە عەقڵ و دڵ بە ڕاستی دەزانێ، بەڵام بە زمان

دانی پێداناهێنێ و نکوولّیی لێ دەکات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی سوورەتی (النَّمل) کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ﴾، واتە: نکوولّییان کرد لەو نیشانانەی (کە مووسا ﷺ) هێنابوونی، لە دڵیشیاندا لێیان دڵنیابوون، بەڵام بەهۆی خۆ بەزلگریی و ستەمەوە نکوولّییان لێ کردن و، واتە: دانیان پێدا نەهێنان.

٥)- ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا ﴾، ئێمەش لە سزای ئەوەدا بایەکی زۆر ساردی زۆر بەهێزمان نارده سەریان، لە بارەی (صَرْصَر)ەوە زانایان زۆر قسەیان کردوە، بەڵام ڕەنگە ڕاسترینیان ئەوە بێ کە دەڵێ: (الصَّرْصَرُ: الرِّيحُ الشَّدِيدَةُ الهُبُوبِ شَدِيدَةُ البَرْدِ، مِنَ الصَّرَّةِ أَوِ الصُّرَّةِ أو الصَّرِيرِ، وَتَضْعِيفُ عَيْنِهَا لِلمُبَالَغَة مِثْلُ كَبْكَبَ لِمُبَالَغَة كَبَّ)، واتە: (صَرْصَر) بایەکی زۆر توند هەڵکردووی زۆر سارد، کە لە (صَرَّة)ەوە هاتوە، [وەك خوا ﷻ لە بارەی خێزانی ئیبراهیمەوە ﷺ دەفەرموێ: ﴿ فَأَقْبَلَتِ ٱمْرَأَتُهُۥ فِى صَرَّةٍ ﴾، (أي: فِي صَيْحَةٍ) کەواتە: (صَرَّة)، یانی: دەنگی بەرز، هاوار کردن]، یاخود لە (صُرَّة) ئەو پرێسکەیەی شتی تێ دەکرێ و دوایی توند دەپێچرێ، (أَوِ الصَّرِيرِ)، دەنگی دەرگا، جیڕەی دەرگا (صَرْصَر) لە یەکێك لەوانەوە هاتوە، ئنجا کە (عَيْنُ الفِعل)ەکەی دووبارە بۆتەوە (صَرْصَر)، ئەمە بۆ زێدەڕۆییە، وەك (كَبْكَبَ) بۆ زێدەڕۆییە لە (كَبَّ)، (كَبٌّ)، واتە: لە پەوڕو کەوت، وەك لە سوورەتی (الشُّعَراء)دا دەفەرموێ: ﴿ فَكُبْكِبُوا۟ فِيهَا هُمْ وَٱلْغَاوُۥنَ ﴿٩٤﴾ ﴾، واتە: خۆیان و بێمرادەکان لە پەوڕوو کەوتنە نێو ئاگری دۆزەخەوە.

٦)- ﴿ فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ ﴾، لە ڕۆژانێکی نەگبەتدا، (نَحِسَات) خوێنراویشەتەوە: (نَحْسَات)، کە (نَحِسَات) کۆی (نَحِس)ە، (نَحْسَات)یش کۆی (نَحْس)ە، دەگوترێ: (نَحِسَ إِذَا أَصَابَهُ النَّحْسُ)، هەر کات نەگبەتیی و بێ خێریی تووشی کەسێك بوو، دەگوترێ: (نَحِسَ)، (نَحِسَات)یش، واتە: بێ خێرو بێ پێزو نەگبەت.

ئایا بۆچی خوا ئەو بایەی بۆ ناردن بەو شێوەیە؟.

٧)- ﴿ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، تاکو ئازاری ڕیسواکەریان لە ژیانی دنیادا پێ بچێژین، (ل)ی ﴿ لِّنُذِيقَهُمْ ﴾، (لامُ التَّعلِيلِ)ە، لامی هۆکار دۆزییە، واتە: بۆیە وامانکرد تاکو سزای ڕیسواکەریان پێ بچێژین، لە ژیانی دنیادا.

لێرەدا سزایەکە شوبهێنراوە بە خواردنێکەوە کە بۆ ئەو کەسە ئامادە کراوە، کە دەفەرموێ: ﴿لِّنُذِيقَهُمْ﴾، ئەمە جۆرێکە لە توانج و گاڵتەپێکردن، ئەگەرنا سزا ناچێژرێ وەك خواردن، بەڵام وەك چۆن خواردنێك بۆ کەسێك ساز دەکرێ و، لێی تام دەکات و لێی دەچێژێ، ئەو سزایەش ئاوا بۆ ئەوان ئامادەکراوە.

٨)- ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ﴾، بە دڵنیایی سزاو ئازاری ژیانی کۆتایی، یاخود مەنزڵگای کۆتایی، ڕیسواکەرتریشە و یارمەتییش نادرێن. ﴿ٱلْآخِرَةِ﴾، وەك زۆرجار گوتوومانە: (صِفَةٌ لِمَوصوفٍ مَحْذوفٍ)، واتە: ئاوەڵناوی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، وەك: (وَلَعَذابِ الحَيَاةِ الأَخِرَة)، واتە: سزای ژیانی دوارۆژ، یاخود: (وَلَعَذَابُ الدَّارِ الأَخِرَة)، واتە: سزاو ئازاری مەنزڵگای کۆتایی، کە دوایی دێ، (أَخْزى) ڕیسواکەرترە، ﴿وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ﴾، ئەوان یارمەتییش نادرێن و سەریش ناخرێن و، هیچ کەسێکیش نیە دەربازیان بکات.

ئەمەش بۆ خۆپاراستنە لەوە کە بیسەران وا نەزانن: پشك و بەشی ئەوانە لە سزادان، تەنیا سزای فەوتاندیان بووە، بە بایەکی بەهێزو سارد، بۆیە هەواڵی ئەوە کە سزاو ئازاری ڕۆژی دوایی سەختریشە، یان زیاتر مایەی ڕیسواکردن و شەرمەزارکردنیانە، ئەوەشی بادراوەتەوە سەرێ.

وشەی: (أَخْزَى)، (إِسمُ تَفْضِيلِ على غَيرِ قيَاسٍ) ئەصڵی خۆی (أَشَدُّ إِخْزَاءً)، واتە: زیاتر مایەی سەرشۆڕییە، بەڵام لێرەدا بەبێ قیاس وەك حاڵەتێکی هەڵاواردن هاتوە، وشەی: (أَخْزَى)، لە (خَزِيَ)ەوە کراوە، بە ناوی هەڵبژاردن (إِسم تَفْضِيل).

لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، فەرموویەتی: {نُصِرْتُ بِالصَّبَا، وَأُهْلِكَتْ عَادٌ بِالدَّبُورِ} (أخرجه أحمد: ٢٠١٣، والبخاري: ٩٨٨، ومسلم: ٩٠٠)، واتە: من بە بای صەبا سەرخراوم و، گەلی عادیش بەبای دەبوور فەوتێنراون.

(الدَّبُور: الرِّيحُ الَّتِي مِنْ جِهَةِ دُبُرِ الكَعْبَةِ، أي: غَرْبَ الشَّمْس)، واتە: ئەو بایەیە کە لەلای پشتی کەعبەوە هەڵدەکات، واتە: لە ڕۆژئاواوە، بە نسبەت خەڵکێك کە لە دەوری کەعبەن، ئەو بایەی لە ڕۆژئاواوە هەڵدەکات، پێی دەگوترێ دەبوور،

ئنجا گەلی عاد بەو بایە فەوتێنراون، پێچەوانەکەی ئەو بایەش لە ڕۆژهەڵاتەوە دێ، پێی دەگوترێ: صەبا، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: من بەوە سەرخراوم، واتە: ئەو بایە هۆکارێك بووە کە پێغەمبەر ﷺ لە جەنگەکاندا سەربکەوێ، کە دەفەرمووێ: ﴿عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ﴾، ئەمە پاڵدرانی وەسفکراوە بۆ لای ئاوەڵناو، چونکە دوایی دەفەرمووێ: ﴿وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰ﴾، سزاو ئازاری مەنزڵگای کۆتایی، یاخود ژیانی کۆتایی، زیاتر مایەی ڕیسوابوون و شەرمەزاربوونیانە.

زانایان زۆر قسەیان کردوە لەوبارەوە کە خوا دەفەرمووێ: ﴿فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ﴾، لە ڕۆژانێکی نەگبەت دا، کە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (**الحَاقَّة**) دا دەفەرمووێ: ﴿وَأَمَّا عَادٞ فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ ۝٦ سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗاۖ فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ ۝٧﴾، واتە: هەرچی گەلی عاد بوو فەوتێنران بە بایەکی زۆر توندی زۆر ساردی لە سنوور دەرچوو، خوا ئەو بایەی بەسەردا دەستەمۆ کردن، (واتە: وایکرد، وەك سەربازێکی خوای پەروەردگار تێیان بەر بێ)، حەوت شەوو هەشت ڕۆژان بەردەوام بوو بێبڕانەوە، دوایی خەڵکەکەت لەوێدا دەبینی کەوتبوون، وەك بنکە دار خورمای کەوتوو، وەك چۆن دارخورما کە قەدەکەی دەشکێ و بنکەکەی دەمێنێتەوە، ئەوانیش بەو شێوەیان لێهاتبوو.

ئنجا زانایان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە، کە ئایا ڕۆژەکان نەگبەت بوون؟ چونکە ﴿أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ﴾، یانی: (**مَشئومات**)، ڕۆژانێکی بێ خێرو نەگبەت، ئایا بەختەوەریی، کە ئەوە یە ئینسان شتەکەی باش بۆ بێ، یان نەگبەتیی کە ئەوەیە ئینسان شتەکەی باش بۆ نەیەت، ئایا پەیوەندییان بە ڕۆژگارەوە هەیە؟ ئایا کاتێك هەیە بێ خێربێ بۆ مرۆڤ و، کاتێکیش کە خێرداربێ بۆی؟

دەڵێین: نەخێر، کاتەکان هەموویان بۆ مرۆڤەکان وەك یەکن، بەڵام بەهۆی کردەوەی خۆیانەوەیە، کە ئەو کاتە بۆ یەکێکیان بەرەکەتدار دەبێ و، بۆ

یەکێکیان بێ خێرو نەگبەت دەبێ، ئێستا هەر گەلی عاد، ئەو حەوت شەو و هەشت ڕۆژەی خوا ﷻ لە سوورەتی (الحَاقّة)دا دەفەرموێ: بەردەوام ئەو بایە لە دژیان هەڵیکرد، ئەو حەوت شەوو هەشت ڕۆژە، بۆ ئەوان زۆر بێ خێرو نەگبەت بوون، لەبەر کردەوەو هەڵوێستەکەی خۆیان، بەڵام هەر ئەو حەوت شەوو هەشت ڕۆژە، بۆ هوود ﷺو، ئەوانەی بڕوایان لەگەڵ هێنابوو، زۆر خێردار بوون، چونکە لەو خەڵکە خراپە ڕزگاریان بووەو، خوا سەلامەتی کردوون و پارێزراو بوون، هەروەها بۆ خەڵکی دیکە هەر ئەو حەوت شەوو هەشت ڕۆژەی، لەو کاتەدا گەلی عادی پێ فەوتاوە، لەبەر سەرکەشیی و یاخیی بوونیان، بۆ شوێنەکانی دیکەی دنیا کە خەڵکەکە هەڵوێستی خراپ نەبووبێ، ڕۆژان و شەوانی خێردار بوون.

کەواتە: ئەوە مرۆڤ و کردەوەکەیەتی کە کاریگەریی دەبێ لەسەر تەمەنەکەی و، کاتەکانی کە بەسەریدا دەڕۆن، ئەگەرنا کاتەکان وەك توورەکەیەك وان، چییان تێ بکەی بەو شێوەیەن، هەر ئەو ڕۆژان و شەوان و ئەو ساڵانەی کە بۆ وێنە ئەبوو حامیدی غەززالییان تێدا ژیاوە، ئەو پەنجاو پێنج ساڵە، خەڵکی دیکەشیان تێدا ژیاوە، کە مولحید بووە، یان خراپەکار بووە، یان بێ دین بووە، یان ڕێگر بووە، ئەبوو حامیدی غەززالیش لەو ساڵانەدا ژیاوە، کە خەریکی تاعەت و چاکە بووە، دوایی شوێنەواری باشی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە، ئەویش و پێشەوایان و زانایانی دیکەش ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ.

کەواتە: لە ڕاستییدا ئەوە مرۆڤ خۆیەتی و، کردەوەکەیەتی وادەکات کە تەمەنەکەی و، شەو و ڕۆژەکانی و، هەفتەو ساڵەکانی، بەرەکەتداربن، یاخود بێ بەرەکەت و بێ خێرو نەگبەت بن.

مەسەلەی سێیەم:

ئنجا خوا ﷻ باسی گەلی ثەموود دەکات کە چییان کردو، چۆن فەوتاندنی، کە کوێرییان بەسەر ڕێنمایی دا هەڵبژاردوەو، سەرەنجام هاڕژنی ئازاری زەبوونکەر گرتوونی و، خوای میهرەبان بڕواداڕانی پارێزکاری دەرباز کردوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٧﴾ وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ ﴾، بەڵام هەرچی گەلی ثەموود بوو، ئێمە ڕێنماییمان کردن، (**أَمَّا: حَرْفُ شَرْطٍ و تَفْصِيلٍ**)، (أمّا) پیتێکە هەم مانای مەرج دەگەیەنێ، هەم مانای ڕوونکردنەوە دەگەیەنێ، (**هَدَيْنَاهُم أَيْ: أَرَيْنَاهُمُ الطَّرِيقَ**)، واتە: ڕێمان پێشاندان، (**هَدَيْنَاهُم هِدايَةَ دِلالَةٍ وإِرْشَاد**)، واتە: هیدایەتماندان بە هیدایەتی ڕێ پێشاندان و ڕێنمایی کردن، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (**الزُّمَر**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ﴾، واتە: هەر کەسێك خوا ڕێنمایی بکات و بیخاتە سەر ڕاستە ڕێ، هیچ گومڕاکەرێکی نابێ، ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: کەسێکیش کە خوا گومڕای بکات، هیچ ڕێنماییکارێکی نابێ، کەواتە: لێرەدا ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ ﴾، واتە: بەڵام ثەموود ڕێمان پێشاندان، بەو واتایە ڕێنماییمان کردن و گوتمان ئەوە ڕێی ڕاستە.

٢)- ﴿ فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴾، بەڵام ئەوان کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، وشەی: ﴿ ٱلْعَمَىٰ ﴾، خوازراوەتەوە بۆ گومڕایی، واتە: گومڕاییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، وشەی: (**واسْتَحَبُّوا العَمى مَعْناها: أَحَبُّوا، وضُمِّنَ اسْتَحَبُّوا مَعْنى: فَضَّلُوا، وهَيَّأَ لِهَذا التَّضْمِينِ اقْتِرانُهُ بِالسِّينِ والتَّاءِ لِلْمُبالَغَةِ لِأَنَّ المُبالَغَةَ فِي المَحَبَّةِ تَسْتَلْزِمُ التَّفْضِيلَ عَلى بَقِيَّةِ المَحْبُوباتِ، فَلِذَلِكَ عُدِّيَ اسْتَحَبُّوا بِحَرْفِ عَلى، أَيْ رَجَّحُوا بِاخْتِيارِهِمُ الضَّلالَةَ عَلَى الهِدايَةِ**) وشەی (**إِسْتَحَبُّوا**) واتە:

خۆشیانویست، بەڵام لێرەدا (**إِسْتَحَبُّوا**) مانای هەڵبژاردنی خراوەتە نێو، بەوەش ڕێ خۆشکراوە بۆ ئەو خستنە نێوە کە (**أَحَبُّوا**): (سین) و (تاء)ی بۆ زیادکراون، کراوە بە (**إِسْتَحَبُّوا**)، ئەویش بۆ زێدەڕۆییکردن لە زۆر خۆشویستن دا، چونکە زێدەڕۆییکردن خوازیاری هەڵبژاردنی ئەو شتەیە کە زیاترت خۆشدەوێ بەسەر خۆشویستراوەکانی دیکەدا، هەر بۆیە بە پیتی (**عَلَى**) بەرکاری خواستوە، کەواتە: (**إِسْتَحَبُّوا**)، یانی: (**آثَروا**)، یان (**اختَاروا**)، واتە: هەڵیانبژارد، پێیان چاکتر بوو، چی؟ کوێریی بەسەر ڕێنماییدا.

وەك جاری دیکەش باسمانکردوە، نابێ لێمان تێکبچێ کە وشەی (**هُدى**) لە قورئاندا جاری وایە بە مانا گشتییەکەی بەکاردەهێنرێ، کە بە مانای ڕێنمایی و ڕێ پێشاندانە، جاری وایە بە مانا تایبەتییەکەی کە بریتیە لە خستنە سەر ڕاستە ڕێ، یان ڕاستە ڕێکردن، من ئەو تەعبیرە بەکاردێنم (ڕاستە ڕێکردن)، بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێین: کەسێك لە تۆ دەپرسێ: ئەرێ فڵان شارە یان فڵان دێیە لە کوێیە؟ یان فڵان گەڕەکە لە کوێیە؟ تۆ دوو حاڵەتت لە پێشن:

یەکەمیان: بە شێوەیەکی گشتیی دەڵێی: دەچی بۆ فڵان شوێن، دوایی دەچی بۆ فڵان شوێن، دوایی ئاوا دەڕۆی و، ئاوا دەڕۆی و دەچی بۆ جێی مەبەست، ئەوە پێی دەگوترێ: ڕێنمایی، ئەوە هیدایەتە بە مانا گشتییەکەی، واتە: ڕێنمایی کردن و ڕێپێشاندان.

دووەمیان: کە مانای هیدایەتی تایبەتە، ئەوەیە دەستی بگری و لەگەڵ خۆتی ببەی بۆ ئەو شوێنەی کە مەبەستیەتی، ئەوە (ڕاستە ڕێکردن)، یان (خستنەسەر ڕاستە ڕێ)ی پێ دەڵێن.

خواش ﷻ هەم پێغەمبەرانی ناردوون و، هەم کتێبەکانی دابەزاندوون بۆ ڕێنمایی خەڵك، کەواتە: پێغەمبەران ڕێنماییکار بوون، کتێبەکانی خوا ڕێ پێشاندەر بوون، بەڵام ئەو هیدایەتەی مرۆڤ ڕاستە ڕێ بکات، ئەوە تەنیا بەدەست خوای کاربەجێیە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي

مَن يَشَآءُ ﴾، واتە: تۆ هەر کەسێکت خۆش بوێ ناتوانی ڕاستە ڕێی بکەی، بەڵام خوا هەر کەسێکی بوێ ڕاستە ڕێی دەکات، پێغەمبەر ﷺ ڕێنمایی دەکات، بەڵام خوا ڕاستە ڕێ دەکات.

خوا ﷻ لە سوورەتی (محمد)دا وشەی هیدایەتی بە هەردوو واتایەکەی بەکارهێناوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی ڕێنمایی خوایان وەرگرتوە، خوا هیدایەتیان بۆ زیاد دەکات، واتە: زیاتر پێیان دەچەسپێنێ و، ڕاستە ڕێیان دەکات، پێشێ خوای پەروەردگار ڕێنمایی خۆی ناردوە، دەبێ ڕێنمایی خوا وەربگری، ئنجا خوا ﷻ لە بەرانبەر ئەوەدا کە هیدایەتەکەیت وەرگرتوەو قبووڵکردوە، ڕاستە ڕێت دەکات، بەڵام لێرەدا گەلی ئەموود ڕێنماییەکەی خوایان هەر وەرنەگرتوەو قبووڵیان نەکردوە، بەڵکو کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژاردوە، بۆیە شایستەی سزادران بوون، وەك چۆن کەسێك ڕێنمایی خوا وەربگرێ، شایستەی ئەوەیە هیدایەتی تایبەتیی بدرێ، لەبەر ئەوەی هیدایەتی گشتیی خوای وەرگرتوە، خوا هیدایەتی تایبەتییشی پێ دەدات، بە هەمان شێوەش کەسێك هیدایەت و ڕێنمایی گشتیی خوا ڕەت بکاتەوە، شایستەی ئەوە دەبێ خوا سزای بدات.

٣)- ﴿ فَأَخَذَتْهُمْ صَـٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ ﴾، سەرەنجام (صَاعقَة)ی ئازارێکی ڕیسواکەر گرتنی، (صَاعِقَة) پێشتریش گوتمان: ئاگرێکەو بڵێسەیەکە، ئەصڵە مانایەکەی ئەوەیە کە لە جەودا دێ، خوا ﷻ لە سوورەتی (الرَّعْد) ئایەتی ژمارە (١٣)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيُرْسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ ﴾، واتە: خوا برووسکەکان دەنێرێ، ئنجا هەر کەسێك بیەوێ، لێیان دەدا بەو برووسکەیە، بەڵام دوایی وشەی (صَاعقَة) خوازراوەتەوە بۆ هاڕژنێکی گەورە، چریکەو دەنگێکی بێڕەزا، هەروەها بەکاریش هێنراوە بۆ سزاو ئازارێك کت و پڕ بێ و، بە خێرایی ئەو کەسە، یان ئەو کۆمەڵە، کە تووشیان دەبێ لە بەینیان بەرێ.

(الهَونُ: الهَوَانُ وهُوَ الذُّلُّ)، (هون) زەبوونیی و ملکەچییە، ئنجا ملکەچیی ئەگەر مرۆڤ لە زاتی خۆیدا ملکەچ و نەرم و نیان بێ، ئەوە لەسەری سوپاس و ستایش دەکرێ، بەڵام ئەگەر بەهۆی هێزێکی دەرەکییەوە بێ، بەبێ ویستی خۆی، لەو حاڵەتەدا شتێکی خراپەو سەرزەنشتکراوە.

خوا ﷻ ڕوونی دەکاتەوە دەفەرموێ:

٤)- ﴿بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾، {بۆیە (صَاعِقَة)ی سزاو ئازاری ڕیسواکەر گرتنی}، بە هۆی ئەوەوە کە دەیانکرد.

٥)- ﴿وَنَجَّيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێنابوو، پارێزیشیان دەکرد، ئەوانەمان دەرباز کرد، ﴿ءَامَنُواْ﴾ی بە کرداریی ڕابردوو هێناوە، چونکە ئیمانەکە پێشێ هێنراوە، بەڵام (تَقْوى)ی بە کرداری ڕانەبردوو (فعل المضارع) هێناوە.

﴿وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾، چونکــە تەقـوا بــەردەوام لــە ئیمانــەوە پەیـدا دەبـێ و، لــە هەمــوو حاڵەتەکانــی مرۆڤـدا پارێزکاریــی (تَقْـوى) تــازە دەبێتــەوەو دێتــەوە پێــش، ئینســان لــە هەمــوو هەنگاوێکیـدا پێویسـتی بــە پارێزکاریــی هەیــە، دوای ئــەوەی کــە ئیمانــی هێنــاوەو، ئیــمان چەســپاوە، هەڵبەتــە ئیمانیــش کــەم و زیــاد دەکات بــەڵام ئیمانەکــە هێنــراوە لــە ڕابــردوودا، بــەڵام ئێســتاو، بــۆ لــە مــەودوا، تەقــوا تــازە دەبێتەوە.

کــە دەفەرمــوێ: ﴿فَأَخَذَتۡهُمۡ صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ﴾، (العَـذَابُ: الَّـذِي هُـوَ سَبَبُ الهَـوَانِ، إضافَـةُ الصِّفَـةِ لِلمَوصُـوف)، واتــە: ئــەو ئازارەی کــە هــۆکاری ڕیســواییە.

ئەمــە پاڵدانــی ســیفەتە بــۆ لای وەســفکراو، ئــەوەی پێشــێ پاڵدرانــی وەســفکراو بــوو بــۆ لای ئاوەڵنــاو، بــەڵام ئەوەیــان پاڵدانــی ئاوەڵنــاوە بــۆ لای وەســفکراو، واتــە: حاڵەتــی ئاســایی خۆیەتــی.

هەندێــك لــە تەفســیرە هاوچەرخــەکان وشــەی: (صَاعِقَة)ەیــان ئــاوا پێناســە کــردوە: (الصَّاعِقَـةُ: الصَّيْحَـةُ الَّتِـي تَنْشَـأُ فِي كَهْرَبائِيَـةِ السَّـحَابِ الحَامِـلِ لِلـماءِ، فَتَنْقَـدِحُ مِنهَا نـارٌ تُهْلِكُ

ما تُصِيبُهُ)، واتە: ئەو دەنگ و هاڕژنەیە لە هەورێکی بارگاویی، کارەبادار پەیدادەبێ کە ناوی هەڵگرتوە، ئاگرێکی لێ دادەگیرسێ هەرچی تووشی بێ دەیفەوتێنێ.

هەورەکە بارگەی ساردی هەیەو زەویش بارگەکەی گەرمە، لە ئەنجامی ئەوەدا بڵێسەیەکی لێ پەیدادەبێ، کە پێی دەگوترێ: برووسکە (بَرق)، دەنگەکەشی پێی دەگوترێ: هەورە تریشقە (رَعْد).

لێرەدا لە کۆتایی باسی گەلی عادو ثەموددا - کە پێشتر گوتمان لە سوورەتی (هود)دا بە درێژیی باسی بەسەرهاتی گەلی عادمان کردوەو، لە سوورەتی (الحِجْر)یشدا، بە درێژیی باسی بەسەرهاتی گەلی ثەموودمان کردوە - ئەم سێ سەرنجە دەخەینە ڕوو:

١- خوا ﷻ سەرەتا باسی گەلی عادو ثەموودو، خاڵی هاوبەشیانی کردوە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ فَقُلۡ أَنذَرۡتُكُمۡ صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ عَادٖ وَثَمُودَ ﴾، باسی خاڵی هاوبەشیان دەکات، هەروەها باسی سزای هاوبەشیشیان دەکات، کە هەردووکیان سزایەکانی ناو ناون: (صَاعِقَة)، ئنجا بە نسبەت گەلی ثەموودەوە، دیارە (صَاعِقَة) بووە، بەڵام بە نسبەت گەلی عادەوە بایەکی توندو بەهێزو زۆر سارد بووە، بەڵام خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە سزایەکی کتوپڕو زۆر بەهێزو فەوتێنەر بووە.

٢- دوایی خوا ﷻ باسی تایبەتمەندیی هەر کامێکیانی کردوە:

أ- بە نسبەت گەلی عادەوە دەفەرموێ: ﴿ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ﴾، بە ناهەق لە زەویدا خۆیان بە زلگرت، هەروەها گوتوویانە: ﴿ مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ﴾، کێ لە ئێمە بەهێزترە، هەروەها سیفەتێکی دیکەیان: ﴿ وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ﴾، واتە: نکووڵییان لە ئایەتەکانی ئێمە دەکرد، ئەم سێ سیفەتەی خوای موتەعال لێی گێڕاونەوە لە گەلی عاد.

بە نسبەت سزایەکەشیانەوە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰۖ وَهُمۡ

﴿لَا يُنصَرُونَ﴾، بایەکی زۆر بە هێزی زۆر ساردمان لە ڕۆژانێکی نەگبەتدا ناردە سەریان، تاکو سزای ڕیسواکەریان لە ژیانی دنیا پێ بچێژین و، سزای ڕۆژی دواییش ڕیسواکەرتریشەو، کەسیش نابێ پشتیوانیان بکات و، سەریش ناخرێن.

ب- بە نسبەت گەلی ئەموودەوەش، خوا ﷻ ئەوەی باسکردوە: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ﴾، ڕێنماییمان کردن، بەڵام ئەوان چییان کرد؟ ﴿فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ﴾، کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، بۆ سزایەکەشیان: ﴿فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾، (صَاعِقَة)یەك و، بڵێسەیەك، هاڕژنێکی ئازاری ڕیسواکەر گرتنی، بە هۆی ئەوەوە کە دەیانکرد.

٣- ئەوەی کە لە بەسەرهاتی عاددا باسکراوە، لە هی ئەمووددا دووبارە نەکراوەتەوەو، ئەوەی کە لە هی ئەمووددا باسکراوە، لە هی عاددا باس نەکراوە، بۆ وێنە:

أ- لە هی گەلی عاددا: ﴿أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ﴾، ڕۆژانێکی نەگبەت و بێ خێر، ئنجا وەك چۆن ئەو ڕۆژانەی کە گەلی عادیان تێدا فەوتاوە، نەگبەت و بێ خێر بوون بۆ ئەوان، ئەو ڕۆژانەی کە گەلی ئەموودیشیان تێدا فەوتاوە، هەر وابوون، بەڵام چونکە لە هی گەلی عاددا باسی کردوەو، بە پێویست نەزانراوە لە هی گەلی ئەمووددا باس بکرێ، لەبەر ئەوەش کە گەلی عاد دیارە حەوت شەو و هەشت ڕۆژ بایەکە لێی داون، بەڵام هی گەلی ئەموود بڵێسەیەك بووەو، هاڕژنێکی گەورە بووە، هێندەی پێ نەچووە فەوتاون.

ب- هەروەها بە نسبەت گەلی عادەوە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَخْزَىٰ﴾، ئازاری مەنزڵگای کۆتایی ڕیسواکەرتریشە، بەڵام بۆ گەلی ئەموود ئەوەی بەکارنەهێناوە، چونکە کە لەوێ بەکارهاتوە، هی گەلی ئەموودیش هەر وابووە، وەك چۆن لە دنیادا خوا سزای داون، لە دواڕۆژییشدا سزایان دەدا.

ج- هەروەها بۆ گەلی عاد فەرموویەتی: ﴿وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ﴾، ئەوان سەرناخرێن، پشتیوانیی ناکرێن، بۆ گەلی ئەموودیش بەهەمان شێوە، بەڵام کە لەوێ باسی کردوە، لەوێ دووبارەی نەکردۆتەوە، واتە: بە نسبەت گەلی عادەوە خوای پەروەردگار سێ شتی

باسکردوون، کە دوایی بۆ گەلی ثەموود دووبارەی نەکردوونەوە، بۆ گەلی ثەموودیش بە هەمان شێوە:

أ- ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ ﴾، بەڵام ثەموود ڕێمان پێشاندان، وەك چۆن خوا ڕێی پێشانی گەلی ثەموود داوە، ڕێی پێشانی گەلی عادیش داوە، بەڵام کە لەوێ باسی کردوە، لەوێ بە پێویست نەزانراوە، باس بکرێ.

ب- بۆ گەلی ثەموود دەفەرموێ: ﴿ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَىٰ عَلَى الْهُدَىٰ ﴾، کوێرییان بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، کە لێرەدا ئەوەی بۆ گەلی ثەموود باسکردوە، بۆ گەلی عاد بە پێویست نەزانراوە، باس بکرێ.

ج- بۆ گەلی ثەموود دەفەرموێ: ﴿ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە وەدەستیان دەهێناو دەیانکرد، دیارە بۆ گەلی عادیش بە هەمان شێوە، بەڵام کە بۆ گەلی ثەموود باسی کردوە، بۆ گەلی عاد باسی نەکردوە.

کەواتە: سێ شت بۆ گەلی عاد باسکراون، سێ شتیش بۆ گەلی ثەموود، کە لە ڕاستییدا هەردوو گەلەکە، لەو شەش خاڵەدا هاوبەشن، خوا ﷻ بۆ هەر کامێکیان سێ شتی باسکردوون، کە بۆ ئەوی دیکە سێ شتی دیکەی جیاوازی باسکردوون، تاکو بزانرێ، کە سەرجەم هەردوو گەلەکە لەو شەش خاڵەدا هاوبەش بوون.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە (١١) یازدە ئایەت پێك دێ، ئایەتەکانی: (١٩ - ٢٩)، کە باسی سەرەنجامی شووم و بەدی بێبڕوایانی کردوە لە ڕۆژی دواییدا، کە بیستن و دیتن و پێستیان لەسەریان دەبنە شایەد، پاشان باسی چەند حاڵەت و هەڵوێستێکی بێبڕوایان کراوە وەك:

١- گومانیان بەرانبەر بە خوا، کە زۆرێك لە کردەوەکانیان نازانێ.

٢- ڕێ پێ نەدرانیان کە بە هۆی داوای لێبوردن کردنەوە، گلەیی خوا لەسەر خۆیان لابەرن.

٣- بۆ ڕەخسێنرانی چەند هاوەڵێکی خراپ، کە کردەوە خراپەکانیان بۆ دەڕازێننەوە، ئنجا هاوەڵی خراپی جند بن، یاخود مرۆڤ بن.

٤- بە یەکدی گوتنیان کە قسەی پووچ و غەڵبەغەڵب بکەن لە دژی قورئان، بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵبن.

٥- سزای بێبڕوایان ئاگری دۆزەخەو، لەوێدا ڕیسواو شەرمەزار دەکرێن.

٦- لە دۆزەخدا بێبڕوایەکان داوا لە خوا دەکەن، ئەو دووانەی لە جندو مرۆڤ، گومڕایان کردوون، پێشانیان بدات تاکو بیانخەنە ژێر پێیان و، لە خوارەوە بن.

﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ
سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا
قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا

كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ
أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ
فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن يَصْبِرُوا۟ فَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ۖ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ فَمَا
هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ
وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟
خَٰسِرِينَ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾
فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَذَابًا شَدِيدًا وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ
جَزَآءُ أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ ۖ لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ ۖ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ
ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها (ئەی موحەممەد) لەو ڕۆژەش بیانترسێنە کە دوژمنانی خوا بەرەو
لای ئاگر(ی دۆزەخ) کۆ دەکرێنەوەو ڕەپێچەك دەدرێن، هی پێشێیان ڕادەگیرێ،
تاکو هی دواییان پێیان دەگات (١٩) هەتا کاتێك هاتنە لای دۆزەخ، بیستنیان
و، چاوەکانیان و، پێستەکانیان، شایەدییان لەسەریان دا لە بارەی ئەوەوە کە
دەیانکرد (٢٠) ئەوانیش بە پێستەکانیان گوت: بۆچی شایەدییتان لەسەردایین؟
گوتیان: ئەو خوایە هێنانینیە گۆ، کە هەموو شتێك دێنێتە گۆ، (وەقسە دێنێ)،
هەر ئەویش یەکەمجار دروستی کردوون و، تەنیا بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە
(٢١) کاتی خۆیشی لە ژیانی دنیادا، ئێوە بۆیە خۆتانتان حەشار نەدەدا، (خۆتان
نەدەشاردەوە) کە بیستنتان و، چاوەکانتان و، پێستەکانتان، شایەدییتان لەسەر

بدەن، بەڵکو پێتان وابوو: خوا زۆرێك لەوەی دەیکەن نایزانێ ﴿٢٢﴾ ئنجا ئەو گومانەشتان کە بە پەروەردگارتانتان برد، فەوتاندنی، (سەری بە فەتارەت دان و)، لە زیانباران بوون ﴿٢٣﴾ ئنجا لە ڕۆژی دواییدا ئەگەر خۆیان ڕابگرن، (یان خۆیان ڕانەگرن)، لە نێو ئاگردا (یەکسانە)، شوێنی حەوانەوەیان هەر ئاگرەو، ئەگەر داواش بکەن گلەیی لەسەر خۆیان لابەرن، لە گلەیی لەسەر لابراوان نابن، (بواریان نادرێ پۆزش بهێننەوەو، گلەیی خوا لەسەر خۆیان لابەرن) ﴿٢٤﴾ هەروەها هاونشینانێکی خراپمان بۆ ڕەخساندوون، هەرچی لە پێشیانەوەیە (لە کاروباری خراپی دنیا)و، هەرچی لە دوایانەوەیە (لە پشت گوێخستنی ڕۆژی دوایی)، بۆیان ڕازاندنەوەو، فەرمایشت و بڕیاری خوایان لەسەر چەسپا، (کە دەبێ سزا بدرێن)، لە نێو کۆمەڵانێکدا لە جندو مرۆڤ، کە زیانبارن ﴿٢٥﴾ ئەوانەش کە بێبڕوان گوتیان: گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن و، غەڵبەغەڵب و قسەی پووچی لە کاتی خوێندنی دا تێدا بکەن، بەڵکو بەسەریدا زاڵبن ﴿٢٦﴾ بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوان، ئازارێکی توندیان پێ دەچێژین و، مسۆگەر سزای خراپترین کردەوەیان دەدەینەوە کە دەیانکرد ﴿٢٧﴾ ئەوە سزای دوژمنانی خوایە، ئاگری دۆزەخە، کە لەوێدا مەنزڵگای هەمیشەییان هەیە، بە هۆی ئەوەوە کە نکووڵییان لە نیشانەکانمان دەکرد ﴿٢٨﴾ هەروەها ئەوانەی بێبڕوان گوتیان: پەروەردگارمان! ئەو دووانەمان پیشان بدە لە جندو مرۆڤ کە گومڕایان کردین، دەیانخەینە ژێر پێمانەوە، تاکو لە هەرە نزمان بن ﴿٢٩﴾.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يُوزَعُونَ): (وَزَعْتُهُ عَنْ كَذَا، أي: كَفَفْتُهُ، يُوزَعُون، أي: يُحْبَسُ أَوَّلُهُمْ عَلَى آخِرِهِم، أَوْزِعْنِي: أَلْهِمْنِي)، دەگوترێ: (وَزَعْتُهُ عَنْ كَذَا) واتە: نەمهێشت، ڕێم لێگرت، گێڕامەوە، (يُوزَعُون) هی پێشتیان ڕادەگیرێ، تاکو هی دواییان پێدەگات، هەموویان خڕ دەکرێنەوە سەر یەك، وشەی (أَوْزِعْنِي) لە قورئاندا بەکارهاتوە: ﴿رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ ﴿١٥﴾﴾ الأحقاف، (أي: أَلْهِمْنِي) واتە: مەهێڵە سوپاسگوزاریی بۆ تۆ نەکەم.

(أَرْدَىٰكُمْ): (أي: أَهْلَكَكُم) فەوتاندنی، (الرَّدَى: الهَلَاك، والتَّرَدِّي: التَّعَرُّضُ لِلْهَلَاك، أَرْدَاكُم: أَهْلَكَكُم)، (رَدَى) بە مانای فەوتانە، (تَرَدِّي) بریتیە لەوەی ئینسان خۆی بخاتە حاڵەتی فەوتانەوە، کەواتە: (أَرْدَاكُم) واتە: فەوتاندنی.

(وَإِن يَسْتَعْتِبُوا): ئەگەر داوا بکەن گلەیی لەسەر خۆیان لابەرن، (العَتَبُ: كُلُّ مَكَانٍ نَابٍ بِنَازِلِهِ، وَمِنْهُ عَتَبَةُ الدَّارِ، وَالعَتْبُ وَالمَعْتَبَةُ: غِلْظَةٌ يَجِدُهَا الإِنْسَانُ فِي نَفْسِهِ، وَالإِسْتِعْتَابُ أَنْ يُطْلَبَ مِنَ الإِنْسَانِ أَنْ يَذْكُرَ عَتْبَهُ لِيَعْتِبَ)، (عَتَب): هەر شوێنێکە کە زەق بێ بۆ کەسێك کە لێی دادەنیشێ، لە بنیدا بەرز بێ، (عَتَبَةُ البَاب) واتە: شیپانەی دەرگا، چوارچێوەی دەرگا، (العَتْبُ وَالمَعْتَبَة) زبرییەکە مرۆڤ لە نەفسی خۆیدا هەستی پێدەکات، گلەیی، (إِسْتِعْتَاب)یش ئەوەیە کە داوا لە مرۆڤ بکرێ گلەییەکەی خۆی باس بکات، تاکو گلەییەکەی نەمێنێ، کەواتە: (إِنْ يَسْتعتبوا)، (إِنْ يَسْتَلُوا العُتْبَى، وَالعُتْبَى مَصْدَرُ الإِعْتَابِ، وَهِيَ رُجُوعُ المَعْتُوبِ عَلَيْهِ إِلَى مَا يُرْضِي العَاتِبَ) ئەگەر داوای (عُتْبَى) بکەن، (عُتْبَى)ش ناوی چاوگە بۆ (إِعْتَاب)، (إِعْتَاب)یش: بریتیە لەوەی بابای لۆمەکراو، بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتێك کە بابای لۆمەکەر ڕازی بێ لێی، واتە: گلەیی گلەییکەر لەسەر خۆی نەهێڵێ.

(فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ): واتـە: (إِنَّ اللـهَ لا يُعْتِبُهُـم، أَي: لا يَقْبَـلُ مِنْهُـمُ الإِعْتِـذَارَ وَرَفْـعَ العِتَـابِ عَلَيْهِـم)، خـوا پـۆزش هێنانەوەیـان لـێ قبـووڵ نـاكات، یـانی: گلەیـی و لۆمـەی خۆیـان لەسـەر لانابـات، لـەوێ بواریـان پـێ نـادات، گلەیـی خـوا لەسـەر خۆیـان لابـەرن.

(وَقَيَّضْـنَا): (هَيَّئْنَـا، أَتَحْنَـا لِيَسْـتَوْلِيَ عَلَيْـهِ اسْـتِيلاءَ القَيـضِ عَـلَى البَيْـضِ، وَهُـوَ القِـشْرُ الأَعْـلَى)، (قَيَّضْنَـا) بـە مانـای ئامادەمـان كـرد (أَعْدَدْنَـا) واتـە: ڕێـمان پێـدا كە بەسـەریدا زاڵ بـێ، وەك چـۆن (قَيـض) بەسـەر (بَيْـض)دا زاڵ دەبـێ، (قَيض)یـش: بریتیـە لـەو توێكڵـەی لـە سـەرەوەی هێلكەیـە، توێكڵەكـە زەردێنـەو سـپێنەكەی هێلكەكـەی گرتۆتـە نێـو خـۆی.

(قُرَنَآءَ): (جَمْـعُ قَرِيـن، القَرِيـنُ هُـوَ الصَّاحِـبُ المُـلازِم)، (قُرنـاء) كـۆی (قريـن)ە، هاوەڵێـك كـە پەیوەسـت بـێ بـە مرۆڤـەوەو، هەمیشـە لەگەڵـی بـێ، بۆیـە بـە كوردیـی بـە (هاونشـین) كەسـێك كە هەمیشـە لەگـەڵ كەسـێكە، لەگەڵـی دادەنیشـێ و پێكەوەن، مانامـان كـردوە.

(وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ): واتـە: (لَغـو)ی تێـدا بكـەن، (اللَّغـو: مِـنَ الـكَلامِ مَـا لاَ يُعْتَـدُّ بِـهِ، وَهُـوَ الَّـذِي يُـورَدُ لاَ عَـنْ رَوِيَّـةٍ وَفِكْـرٍ، فَيَجْـرِي مَجْـرَى اللَّغَـا، وَهُـوَ صَـوْتُ العَصَافِيرِ)، (لَغـو): لـە قسـە، ئەوەیـە كـە بایەخـی پـێ نـەدرێ، ئەویـش ئەوەیـە كەسـێك قسـەیەك بـكات لـە ڕووی بیـر لێكردنـەوەو تێوەڕامانـەوە نەبـێ، بۆیـە حوكمـی (لَغَـا)ی دەبـێ، (لَغَـا) ش: بریتیـە لـە دەنگـی پاسـاریی، دەنگـی چۆلـەكان كـە بـۆ ئێمـە سـوودێكی نیـەو، تێناگەیـن، بـەڵام بێگومـان تەیـرو تـواڵ كـە دەجریوێنـن و دەچریكێنـن، كـەو كـە دەقاسـپێنێ، كۆتـر كـە دەگمێنـێ، قـاز كـە دەقیرێنـێ، مریشـك كـە دەكوركێنـێ، كەڵەبـاب كـە دەقووقێنـێ، عەلەشـیش كـە دەعووعێنـێ، ئەوانـە هەموویـان بـۆ خۆیـان لێـك تێدەگـەن و بـۆ ئـەوان قسـەیەكی بـە كەڵكـە، بـەڵام بـۆ ئێمـەو مانـان كـە لێیـان تێناگەیـن، پـووچ و بـێ سـوودە.

ئنجا بێبڕوایەکان گوتوویانە: کە قورئان دەخوێندرێ، ئێوە قسەی پووچی تێدا بکەن، گاڵە گاڵ و قسەی پووچ بکەن، بۆ ئەوەی ئەو ئایەتانەی دەخوێنرێن، نەگەنە گوێی بیسەران و، لێیان تێنەگەن.

(ٱلْأَسْفَلِينَ): (**السُّفْلُ ضِدُّ العُلو، وَسَفَلَ فَهُوَ سَافِلٌ، وَأَسْفَلُ ضِدُّ أَعْلَى**)، (**سُفْل**): پێچەوانەی (**عُلو**)ە، (**سُفْل**) خوارێ، (**عُلو**) سەرێ، (**سَفَلَ فَهُوَ سَافِلٌ**) واتە: چووە ژێرەوە ئەو لە ژێرەوەیە، (**وَأَسْفَلُ ضِدُّ أَعْلَى**)، (**أَسْفَل**) واتە: زۆر لە خوارێ، (**أَعْلَى**) واتە: زۆر لە سەرێ، (**هَذَا أَسْفَلُ مِنْ هَذَا، وَهَذَا أَعْلَى مِنْ هَذَا**) ئەمە لە خوار ئەمەیەو، ئەمە لە سەرووی ئەمەیە، ئەوانە پێچەوانەی یەکدین.

مانای گشتیی ئایەتەکان

دوای ئەوەی خوای کاربەجێ لە شەش ئایەتی پێشوودا، سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا بۆ بەسەرهاتی هەر کام لە گەلی عادو گەلی ثەموودو، ئەو سەرەنجامە شوومەی کە لەگەڵیدا دەستەو یەخە بوون، بەهۆی ملهوڕییان و، بە هۆی ڕەفزکردنیانەوە بۆ هیدایەتی خوا، ئنجا خوا ﷻ دەگوازێتەوە بۆ باسی ڕۆژی دوایی، چەند دیمەنێك لە ڕۆژی دوایی دەخاتە بەرچاو، تاکو بزانن کە ڕۆژی دواییش چاوەڕێیانە، وێڕای ئەو سزا دنیاییە، کەواتە: ئەگەر سزایەکی دنیایی وەك هی گەلی عادو ثەموودیشیان بەملدا نەهات، با بزانن ئەوەی ڕۆژی دوایی هەر مسۆگەرەو، بە ملیاندا دێ.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴾، ئەو ڕۆژە کە دوژمنانی خوا بەرەو ئاگر کۆ دەکرێنەوە، ﴿ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴾، واتە: دەگێڕدرێنەوەو ناهێڵرێ لێك بترازێن، هی پێشێیان ڕادەگیرێ، تاکو هی دواییان پێ دەگات، یاخود: ﴿ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴾، یانی: (**يُسَاقون**)، لێدەخوڕرێن و پاڵێوە

دەنرێن، ڕەپێچەك دەدرێن، وەك چۆن كەسێك كۆمەڵە ئاژەڵێك دەبات بۆ سەر ئاو، یان بۆ نێو ئاغەڵ، دەنگیان دەداو، ڕەپێچەكیان دەداو، هەڵیاندەپێچێ، ئەوانیش بەو شێوەیە، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا ﴾، هەتا كاتێك كە هاتنە لای، ئەو ڕاناوە (ها) بۆ ئاگر دەچێتەوە، كە پێشێ هاتوە، واتە: تاكو كاتێك كە گەیشتنە لای ئاگری دۆزەخ، ﴿ شَهِدَ عَلَيۡهِمۡ سَمۡعُهُمۡ وَأَبۡصَٰرُهُمۡ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾، بیستنیان و، چاوەكانیان و، پێستەكانیان شایەدییان لەسەردان بەوەی دەیانكرد، واتە: لەسەریان بوونە شایەد، شایەدی كردەوە خراپەكانیان.

﴿ وَقَالُواْ لِجُلُودِهِمۡ لِمَ شَهِدتُّمۡ عَلَيۡنَا ﴾، بە پێستەكانی خۆیانیان گوت: بۆچی شایەدییمان لەسەر دەدەن، ئەوان هەم بیستنیان و، هەم بینینیان، واتە: گوێ و چاوەكانیشیان شایەتییان لەسەر داون، بەڵام لێرەدا تەنیا ڕووی ڕەخنە دەكەنە پێستەكانیان، كە بۆچی شایەدییمان لەسەر دەدەن؟ باسی گوێ و چاوەكانیان نەكراوە، لەبەر ئەوەی پێستەكانیان لەبەرەو ڕوویانەو دەیبینن، واتە: پێستی ئەندامەكان، بەڵام نە گوێیان دەبینن، نە چاویشیان لەبەر چاویانە تاكو ببینن، كە دەڵێن: بۆچی شایەدییمان لەسەر دەدەن؟ ﴿ قَالُوٓاْ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنطَقَ كُلَّ شَيۡءٖ ﴾، گوتیان: ئەو خوایە هێنانینیە گۆ، كە هەموو شتێكی هێناوەتە گۆ، ئەو خوایە ئێمەی وەقسە هێناوە، كە هەموو شتێكی وەقسە هێناوە، واتە: هەر شتێك بیەوێ، خوا ﷻ وای لێدەكات بدوێ و قسە بكات، ﴿ وَهُوَ خَلَقَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ ﴾، هەر ئەویش یەكەمجار دروستی كردن، ﴿ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴾، هەر بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە.

ئنجا ئەمەی دێ، دەگونجێ هەر قسەو وەڵامی پێست و، چاوو، گوێیەكانیان بێ، دەشگونجێ ئەمە فەرمایشتی خوای موتەعال بێ، ئێواخنی كردوە لەگەڵ وەڵامی ئەو ئەندامانەی جەستەی مرۆڤدا، دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَتِرُونَ أَن يَشۡهَدَ عَلَيۡكُمۡ سَمۡعُكُمۡ وَلَآ أَبۡصَٰرُكُمۡ وَلَا جُلُودُكُمۡ ﴾، ئێوە كاتی خۆی خۆتان پەنهان نە دەكرد، لە ترسی ئەوەی بیستنتان و، چاوەكانتان و، پێستەكانتان شایەدیتان

لەسەر بدەن، واتە: خۆپەنهانکردنتان لە ترسی شایەدیی لەسەردرانتان نەبوو، ﴿وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ اللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾، بەڵام پێتان وابوو خوا زۆرێك لەوەی دەیکەن، نایزانێ، واتە: ئەگەر شتێکتان بە پەنهانیی دەکرد، لەبەر شایەدیی لەسەردانی بیستن و، چاوو، پێستتان نەبوو، بەڵکو پێتان وابوو ئەگەر شتێك بە پەنهانیی بکەن، خوا زۆرێك لە کردەوەکانتان نازانێ، یانێ: ئەو کردەوانەی بە پەنهانیی دەیانکەن، کەواتە: خۆ پەنهانکردنەکەتان لەسەر ئەو بناغەیە بوو، پێتان وابوو ئەگەر خۆتان پەنهان بکەن، خوا کردەوە پەنهانەکانتان پەی پێنابات و نازانێ، یان ئەگەر بە چپە قسە بکەن، قسەکەتان نابیستێ.

﴿وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ﴾، ئا ئەو گومانەشتان کە بە پەروەردگارتان برد، ﴿أَرْدَاكُمْ﴾، ئێوەی فەوتاند، ﴿فَأَصْبَحْتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ﴾، سەرەنجام لە زیانباران بوون، واتە: ئەو گومانەتان کە پێتان وابوو، خوا ﷻ زۆرێك لە کردەوەکانتان نازانێ و، پێتان وابوو خوا لێتان ناپرسێتەوەو، سزاو پاداشتتان ناداتەوە، ئەوە بوو وایلێکردن بفەوتێن و، ڕێ لە بەردەم خۆتاندا تەخت و ئاچووخ ببینن، کە بێبڕوابن و، هاوبەش بۆ خوا دانەربن و، تاوانباربن و، خراپەکاربن، چونکە پێتان وابوو خوا زۆرێك لە کردەوەکانتان نابینێ و، پێشتان وابوو، ڕۆژێك نایەتە پێش خوا ﷻ سزاتان بدات لەسەر خراپەکانتان.

﴿فَإِن يَصْبِرُوا فَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ﴾، ئنجا ئەگەر خۆیان ڕابگرن، ئەوە ئاگر جێگای حەوانەوەیانە، واتە: ئاگری دۆزەخ، لێرە دەفەرموێ: ئەگەر خۆیانی تێدا ڕابگرن، باسی بەرانبەرەکەی نەکردوە، بەڵام واتە: ئەگەر خۆیان ڕابگرن، یان خۆیان ڕانەگرن، سەرەنجام هەر جێگایان ئاگرە، چونکە لە قورئاندا زۆرجاران خوا ﷻ لە دوو شتان یەکێکیان باس دەکات و، ئەوی دیکە باس ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو دوو شتە پێکەوەن و پێکەوە پەیوەستن، زانایان زۆرجاران وێنە بەوە دێننەوە کە خوا ﷻ لە سوورەتی (النَّحل)دا دەفەرموێ: ﴿سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ﴾، واتە: پۆشاکێك دروست دەکەن کە لە گەرما دەتانپارێزێ،

ساردی باس نەکردوە، یانی: (تَقيكُمُ الحَرَّ والبَرْدَ)، واتە: لە گەرماو، لە سەرماش دەتانپارێزێ، هەروەها: ﴿ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ ﴾، لە کاتی جەنگ دەتانپارێزێ، کەواتە: لە کاتێك دا جەنگیش نەبێ، ئەو پۆشاکە خۆتانی پێ دادەپۆشن.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَسْتَعْتِبُواْ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴾، ئەگەر داوا بکەن، گلەیی لەسەر خۆیان لابەرن، گلەیی لەسەر لابراو نابن، ئەو گلەیی لەسەر خۆ لابردنەش، بەوە کە داوای لێبوردن لە خوا بکەن و، پۆزش بهێننەوە، بەڵام وەڵامی ئەو داوایەیان نادرێتەوە، بۆیە گلەییان لەسەر لاناچێ، ئەو گلەیی و، ڕەخنەیەی خوا لێیانی هەیە، هەر دەمێنێ، بۆچی؟ چونکە ڕۆژی دوایی شوێنی سزاو پاداشتە، شوێنی داوای لێبوردن کردن و، قەرەبوو کردنەوەو، چاککردنەوەی خراپەکان نیە، خوێنراویشەتەوە: (وَإِنْ يُسْتَعْتَبُوا فَمَا هُمْ مِنَ المُعْتِبِينَ)، ئەگەر داوایان لێ بکرێ، گلەیی لەسەر خۆ لابەرن، گلەیی لەسەر خۆ لابەر نابن، (مُعْتِب)، واتە: کەسێك کە گلەیی لەسەر خۆی لادەبات.

﴿ وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ ﴾، هاونشینانێکمان بۆ ڕەخساندن، بۆ ئامادەکردن، (قُرَنَاء) کۆی (قَرِين)ە، (قَرِين) بە هاوەڵ و هاودەم و هاونشینێك دەگوترێ، کە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤ دابێ، بۆیە زۆر لە زانایان (قُرَنَاء)یان بە هاوەڵانی جندو شەیتان لێکداوەتەوە، هەرچەندە دەشگونجێ هاوەڵانی مرۆڤ بن، هاوەڵی خراپ، بەڵام وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر، لە چەند شوێنێکی دیکەی قورئاندا، خوا ﷻ باسی (قَرِين)ی کردووەو، باسی شەیتانەکانی کردوە کە دەبنە هاودەم و هاوڕازی بێبڕوایەکان، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: ئێمە شەیتانەکانمان کردوە بە دۆست و نیزیکی ئەوانەی بڕوا ناهێنن.

ب- هەروەها لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ﴾، واتە: شەیتانەکانی مرۆڤ و جند هەندێکیان

قسەی ڕازاوەو فریودەر بۆ یەکدی دەنێرن، کە مەبەست پێی خوتخوتە کردنی شەیتانە جندەکانە بۆ مرۆڤەکان.

ج- هەروەها لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرمووێ: ﴿وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾﴾، واتە: شەیتانەكان خوتخوتە دەکەن بۆ دۆستەکانیان (لە کافرەکان) تاکو شەڕە قسەتان لەگەڵدا بکەن و، ئەگەر بە قسەیان بکەن، ئێوەش دەبن بە هاوبەش بۆ خوادانەر، واتە: ئەگەر لە بواری حەڵاڵ و حەڕامدا بە قسەیان بکەن، لە بازنەی ئیمان دەردەچن.

﴿وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ﴾، چەند هاونشینێکمان بۆ ئامادەکردن، ﴿فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ﴾، هەرچی لە پێش دەستیانەوەیەو، هەرچی لە دوایانەوەیە بۆیان ڕازاندنەوە، واتە: هەرچی گوناهو تاوان بوو لە هەر چوار دەوریان بۆیان ڕازاندنەوە، ئەوە واتایەکی، یاخود گوناهو تاوانێك کە لە دنیادا دەیکەن، بۆیان ڕازاندنەوە، ﴿وَمَا خَلْفَهُمْ﴾، هەروەها هی ڕۆژی دواییشیان بۆ ڕازاندنەوە، بەو واتایە کە گوتیان: نە سزا هەیەو نە پاداشت هەیەو، نە لێپرسینەوە، نە هیچ هەیە، ئەوێشیان بۆ ڕازاندنەوە فریوباندان، ﴿وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ﴾، فەرمایشتیان لەسەر چەسپا، فەرمایشت واتە: بڕیاری خوا کە دەبێ سزا بدرێن، لەسەر ئەو کوفرو خراپەو تاوانەیان، ئەو فەرمایشتەی خوایان لەسەر چەسپا، ﴿فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ﴾، لە نێو کۆمەڵانێکدا کە تێپەڕیبوون، لە پێش واندا لە جندو لە مرۆڤ، ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَـٰسِرِينَ﴾، بە دڵنیایی ئەوان زیانبار بوون، لێرەدا توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: (خَاسِر) بۆ بازرگانێکە کە سەوداو مامەڵەیەك دەکات، دوایی لە سەوداو مامەڵەکەیدا زەرەر دەکات، نەك هەر قازانجی نایەتە دەست، دەستمایەکەشی لە دەست دەدات، واتە: حاڵیان چوێنراوە بە حاڵی بازرگانێکەوە، کە نەك هەر قازانجی نەکردوە، بەڵکو دەستمایەو سەرمایەکەشی فەوتاوە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی هەڵوێستێکی دیکەیان و دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، ئەوانەی بێبڕوان گوتیان، بە کێیان گوت؟ دیارە لە بەینی خۆیاندا گوتیان، یاخود ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، مەبەست پێی سەرانیانە، سەران و حوکمڕان و دەستڕۆیشتووەکان، بە دەست و پێوەندو شوێنکەوتە هەڵخەڵەتاوەکانیان گوت: ﴿ لَا تَسْمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ ﴾، گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن، ﴿ وَٱلْغَوْاْ فِيهِ ﴾، لەغووی تێدا بکەن، قسەی پووچی تێدا بکەن، ﴿ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴾، بەڵکو بەسەریدا زاڵبن، ئەوانەی کە فەرمانیان کرد بێ بە جگە لە خۆیان، کە گوێ مەگرن بۆ قورئان و، قسەی پووچی تێدا بکەن! دەبێ کەسانێك بووبن ئەمر و نەهییان بەدەست بوو بێ، کەواتە: ئەمە قسەی بەرپرسەکان و دەستڕۆیشتووەکانە، کە بە شوێنکەوتوو و بە دەست و پێوەندو، خەڵکە هەڵخەڵەتاوەکەی خۆیانیان گوتوە، وشەی (لَغْو) پێشتریش باسمان کرد، یانی: قسەی پووچ، قسەیەك کە سوودی نەبێ، واتە: قسەی پووچ بکەن لە کاتێکدا کە قورئان دەخوێنرێ، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی گوێ بیست بوونی بیسەراندا بۆ قسە پووچەکان، ئاگایان لە گوێ لێگرتنی قورئان نەمێنێ، یاخود غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگ بکەن، بۆ ئەوەی ئەو دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبە، ببێتە پەردەیەك لە نێوان قورئان و بیستنی ئەو کەسانەدا، کە لەو کۆڕو مەجلیسەدا گوێ دەگرن، ﴿ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴾، بەڵکو زاڵ ببن، ئەگەر وابکەن بەسەر قورئاندا زاڵ دەبن، واتە: ناهێڵن قورئان بکاتە گوێی خەڵك، ئەمە چەکی بەهێزی ناحەزانی پێغەمبەران و پەیامەکانی خوای موتەعال بووە، بە درێژایی مێژوو تاکو ئێستاو، لە مەودواش هەروا دەبێ، بەهێزترین چەکیان ئەوە بووە کە نەهێڵن ئەو دەنگە زوڵاڵە، ئەو بانگە هەقە بکاتە گوێی خەڵك، زانیویانە ئەگەر بکاتە گوێی خەڵك، خەڵك هۆشیار دەبێتەوە، چونکە زگماکی ساغی مرۆڤەکان و عەقڵی سەلیمیان ئاشنایە لەگەڵ پەیامی خواو، بەرنامەی خوادا ﷻ کە بە پێغەمبەراندا ناردوویەتی، چونکە ئەو پەیام و بەرنامانەی خوا، وەڵامگۆی هەموو داخوازییە ڕەواو خواڕسکەکانی زگماك و سرووشتیانن.

ئنجا لـه بەرانبـەر ئـەوەدا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابًا شَدِيدًا ﴾، بـه دڵنیایی و زۆر بـه جەختکردنـەوەوە: ئەوانـەی بێبڕوا بـوون، سـزایەکی توندیـان پـێ دەچێژیـن، واتـە: وەك چـۆن خۆراکێـك ئامـادە دەکـرێ و، دەرخـواردی کەسێك دەدرێ، ئێمـەش ئـاوا ئـەو سـزایەیان پـێ دەچێژیـن، ﴿ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾، بـه دڵنیایـی سـزایان دەدەیـن، بـه پێـی خراپترینـی ئـەوەی دەیانکـرد، واتـە: سـزای خراپتریـن کردەوەکانیـان دەدەینـەوە، ئنجـا (أَسْوَأَ)، لێـرەدا هەرچەنـدە نـاوی هەڵبـژاردن (إِسْـم تَفْضِيـل)ە، بـەڵام مەبەسـت پێـی هەڵبـژاردن نیـە، بەسـەر کردەوەکانـی دیکەیـان دا کـه هێنـدە خـراپ نیـن، چونکـه خـوا بەپێی هەمـوو کردەوە خراپەکانیـان، سـزای خراپـەکاران دەدات، بـەڵام یانـی: سـزای خراپتریـن کردەوەیـان دەدەیـن، ئـەو کردەوانەیـان کـه هـەرە خراپـن، کەواتـە: (أَسْوَأَ) بەرانبەرێکـی نیـە، خراپـتر لەچـی؟ یانـی: هەمـوو کردەوەکانیـان خراپـترن.

﴿ ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ ﴾، ئـا ئـەوە سـزای دوژمنانـی خوایـه ئاگـرە، ئاگـری دۆزەخـە، ﴿ لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ ﴾، لـه نێـو ئـەو ئاگـرەدا مەنزڵـگای هەمیشـەییان هەیـە، واتـە: شـوێنێکیان هەیـە کـه هەمیشـە تێیـدا دەمێننـەوە، ﴿ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴾، ئـەوەش سـزای ئەوەیـە بـە نیشـانەکانی ئێمـە بێبـڕوا بـوون، نکووڵییـان لێیـان دەکـرد.

هەڵبەتـە لێـرەدا (آیـات) وەك زۆرجـار گوتوومانـە: دەگونجـێ مەبەسـت پێـی ڕسـتەکانی قورئـان بـێ، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی موعجیزەکانـی پێغەمبـەران بـێ، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی دیـاردەو دیمەنەکانـی گـەردوون بـێ، واتـە: نیعمەتەکانی خـوای پـەروەردگار، کـه ئەوانـه نکووڵیـی بکـەن لـەوەی ئـەو نیعمەتانـە خـوا ڕەخسـاندوونی و، نکووڵیـی بکـەن لـه موعجیزەکانـی پێغەمبـەران، یاخـود لـەو ڕسـتانەی فەرمایشـتی خـوا، هەمـووی دەگرێتـەوە، بـەڵام زیاتـر واپێدەچـێ (آیـات) مەبەسـت پێـی ڕسـتەکانی فەرمایشـتی خـوای بـەرزی بـێ وێنـە بـێ.

لـە کۆتایـی دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، هەروەهـا ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون کوتیـان: ﴿ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ﴾، (لـە دۆزەخـدا وایانکوتـوە)، پەروەردگارمـان! ئـەو دووانەمـان پیشـانبدە کـە گومڕایـان کردیـن لـە جنـدو مـرۆڤ، ئـەو دووانـە، مەبەسـت دوو کەسـی دیاریکـراو نیـە، یانـی: ئـەو دوو کۆمەڵـە لـە شـەیتانەکانی جنـدو، لـە شـەیتانەکانی مـرۆڤ، کـە گومڕایـان کردیـن، پیشـانمان بـدە، ﴿ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا ﴾، دەیانخەینـە ژێـر پێیەکانـی خۆمانـەوە، ﴿ لِيَكُونَا مِنَ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴾، تاکـو ئەوانـە لـە خـواریێ بـن، ئەمـەش ئەوپـەڕی ڕق هەڵسـانی ئـەو شـوێنکەوتووە هەڵخەڵەتاوانـە دەگەیەنێ، بەرانبـەر بـە سـەرکردەو، دەستڕۆیشـتووەکان لـە کوفـرو شـیرکدا، کـە هەڵیانخەڵەتانـدوون، دەڵێـن: پیشـانمان بـدە، تاکـو بیانخەینـە ژێـر پێمان، با لانی کـەم تۆزێـك داخـی دڵـی خۆمانیـان پـێ بڕێژیـن!.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی کۆکردنەوەو ڕەپێچەکدانی بێبڕوایانی دوژمنانی خوا بەرەو ئاگر دۆزەخ و، شایەدیی لەسەردانی بیستن و چاو و پێستیان و، ڕەخنە گرتنیان لێیان لەو بارەوەو، وەڵامدانەوەیان کە خوا هێناونیە گۆو، سەرزەنشت کرانیان لەسەر ئەوە، کە پێیان وابووە: خوا زۆرێك لەوەی دەیکەن، نایزانێ، کە هەر ئەو گومانەش بوو بە هۆی فەوتانیان و، لە قیامەتیشدا جێگایان ئاگرەو، بواری گلەیی خوا لەسەر خۆ لابردنیشیان نیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَاءُ اللَّهِ إِلَى النَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰ إِذَا مَا جَاءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوا أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَا أَبْصَارُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ اللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَاكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن يَصْبِرُوا فَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ۖ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا فَمَا هُم مِّنَ الْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە نۆزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَاءُ اللَّهِ إِلَى النَّارِ ﴾، ئەو ڕۆژە کە دوژمنانی خوا بەرەو ئاگر کۆدەکرێنەوە، وشەی (حَشْرُ) واتە: کۆکردنەوەو خڕکردنەوە سەرێەك، خوێنراویشەتەوە: (وَيَومَ نَحْشُرُ)، ئنجا ئەگەر (نَحْشُرُ) بخوێنرێتەوە، دەبێ بگوترێ: (أَعْدَاءَ الله)، ئەو ڕۆژە کە

دوژمنانی خوا کۆ دەکەینەوە، ئایا (أَعْدَاءُ الله) دوژمنانی خوا کێن؟ بە تەئکید ئەوانەن کە پێغەمبەرانی خوایان بە درۆ داناوە، پەیامی خوایان ڕەتکردۆتەوە، سەرپێچییان لە خوا ﷻ کردوە، توێژەرەوان گوتوویانە: مەبەست پێی بێبڕوایانی ڕۆژگاری پێغەمبەرە ﷺ بەڵکو هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست بێبڕوایە قورەیشییەکانە، (محمد الطاهر بن عاشور) ڕای وایە.

بەڵام من پێموایە: هەموو ئەوانەی دوژمنانی خوان، چ لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ چ پێش ئەو و، چ دوای ئەو، چ لە هۆزی قورەیش و، چ لە هۆزەکانی دیکەو، نەتەوەکانی دیکە، هەموویان دەگرێتەوەو، هیچ پاساوێك نیە تایبەتی بکەین بە بێبڕوایانی هۆزی قورەیشەوە!، هەرچەندە (محمد الطاهر بن عاشور) لەو بارەوە هەندێك پاساوی هێناونەوە، بەڵام پێم وایە ئیقناعکەر نین، بۆ ئەوە کە چەمك و واتای (أَعْداءُ الله) لەم سیاقەدا کە تێیدا هاتوە، تایبەت بکەین بە کۆمەڵێکی دیاریکراوو، کۆمەڵگاو، کاتێکی دیاریکراوەوە.

٢)- ﴿ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴾، ئنجا ئەوان دەوەستێنرێن، یانی: (يُكَفُّون)، واتە: هی پێشێیان ڕادەگیرێ، تاکو هی دوایی پێیان دەگاتەوە، (يُحْبَسُ أَوَّلُهُمْ عَلَى آخِرِهِم)، واتە: هی پیشێیان ڕادەگیرێن، تاکو ئەوانەی دوایی پێیاندەگەنەوە، بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە بڕۆن، یاخود: (يُوزَعُونَ)، بە مانای (يُدْفَعُون) دێ، پاڵپێوەدەنرێن و ڕەپێچەك دەدرێن، یاخود (يوزعون)، یانی: (يُسَاقُونَ)، لێ دەخوڕدرێن.

٣)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا ﴾، هەتا کاتێك کە گەیشتنە لای وی، ڕاناوەکە (ها) بۆ ئاگر دەچێتەوە، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا ﴾، یانی: (جَاءُوا نَارَ جَهَنَّم)، (حَتَّى) لە زمانی عەرەبییدا، دەڵێ: (لِإنْتِهَاءِ الغايَة)، واتە: بۆ گەیشتنە بە کۆتایی مەبەستێك، (إِذَا: ظَرْفٌ لِمُسْتَقْبَلٍ، مُتَضَمِّنٌ مَعْنَى الشَّرْطِ)، (إِذَا): بۆ داهاتوویە، بەڵام لێرەدا مانای مەرجیشی خراوەتە نێو، (مَا)ش زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە.

(إِذَا) کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا ﴾، کە وەك گوتم مانای مەرجی خراوەتە نێو، وەڵامەکەی قرتێنراوە، بۆ سامناك پێشاندان، واتە: کاتێك کە دەگەنە لای ئەو ئاگرە ئەوە دەبینن، یان ئەوە ڕوودەدا، کە هەر خوا دەزانێ چۆنە؟!

٤)- ﴿شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، کاتێك کە دەگەنە لای، شایەدییان لەسەر دەدات، بیستنیان و چاوەکانیان و پێستەکانیان، لەسەر ئەوەی دەیانکرد، ئەگەر وەڵامی (إِذَا) قرتێنراوبێ بۆ زەبەلاح و سامناك پێشاندان، ئەم ڕستەیە: (شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ ....)، دەبێتە ڕستەیەکی دەست پێکردن، دەشگونجێ ئەمە وەڵامی (إِذَا) بێ، وەڵامی مەرجەکە بێ، واتە: کاتێك کە دەگەنە لای، بیستنیان و، چاوەکانیان و، پێستەکانیان، لەسەریان دەبنە بەڵگەو شایەد، شایەدییان لەسەر دەدەن، هی چی؟ ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، بەوەی کردوویانە، یانی: (بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَهُ)، بەوەی کە دەیانکرد، وشەی (عَمَل) لە بەکارهێنانی قورئاندا، هەر جۆرە چالاکییەك دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ، چ پەیوەندیی بە عەقڵییەوە هەبێ، واتە: بیرو خولیایەکانی، چ پەیوەندیی بە دڵ و دەروونیەوە هەبێ، واتە: هەست و نەستەکانی، چ پەیوەندیی بە زمانییەوە هەبێ، واتە: دەربڕین و وشەو ڕستەکانی، چ پەیوەندیی بە ئەندامەکانی دیکەیەوە هەبێ، واتە: ئەو کارو چالاکییانەی دەیانکات، کەواتە: (عَمَل) لە قورئاندا، چوار جۆرە واتای هەن، یاخود چوار جۆرە چالاکیی دەگرێتەوە:

١- بیرو خولیایەکانی عەقڵ.

٢- هەست و نەستەکانی دڵ.

٣- دەربڕینەکانی زمان.

٤- کردەوەی ئەندامەکان.

٥)- ﴿وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ﴾، بە پێستەکانی خۆیانیان گوت، بۆچی شایەدیتان لەسەرداین؟! لێرەدا جێی پرسیارە کە ئەوان هەم بیستنیان، هەم بینینیان، هەم پێستیان شایەدییان لەسەرداون، بەڵام لێرە تەنیا گلەیی لە پێستەکانیان دەکەن؟ ئەمە دوو وەڵامی هەن:

یەکەم: لەبەر ئەوەی پێست گشتگیرەو، هەستی بیستن و دیتن و، هەموو هەستەکانی دیکەش دەگرێتە نێو خۆی.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەوان لەو کاتەدا تەنیا پێستیان دەبینن، تاکو ڕووی تێ بکەن و گلەیی لێ بکەن، ئەگەرنا چاوو گوێیان نابینن، مرۆڤ نە چاوی دەبینێ و، نە گوێشی دەبینێ[1]، بەڵکو بە چاو دەبینێ و، بە گوێ دەبیستێ، بەڵام لە پێش چاوی نین تاکو قسەیان لەگەڵ بکات و بیاندوێنێ!.

ئـەوان کـە بـەو شـێوەیە ڕەخنـە دەگـرن و دەڵێـن: بۆچـی شـایەدییمان لەسـەر دەدەن، ئـەی پێسـتەکان؟.

٦)- ﴿قَالُوٓاْ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىۡءٍ﴾، گوتیان: ئەو خوایە ئێمەی هێنایە قسە، کە هەموو شتێك دێنێتە قسە، واتە: ئەگەر بیەوێ هەر شتێك قسە بکات، دەیهێنێتە گۆ کە قسە بکات.

٧)- ﴿وَهُوَ خَلَقَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ﴾، هەر ئەویش یەکەمجار دروستی کردوون.

٨)- ﴿وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾، هەر بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە.

ئایا ئەو قسەکردن و دواندنەی پێست و گوێ و چاو، لە ڕۆژی دواییدا چۆنە؟

هەندێـك لـە توێـژەرەوان ویسـتوویانە بیعەقڵێنـن و، بـە شـێوەیەکی لـێ بکـەن بچێتـە عەقڵـی کەسـانێکەوە کـە نکووڵیـی دەکـەن، یاخـود پێیـان زەحمەتـە دەسـت و چـاو گـوێ قسـە بکـەن!، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەوە قسـەیەکی بـێ پاسـاوە، چونکـە ئـەو هێنانـە گۆیـە، لـە یاسـا دەرەکانـی خوایـە کـە لـە ڕۆژی دواییـدا زۆر یاسـادرێ دیکـەو، زۆر شـتی دیکـە کـە بـۆ ئێسـتامان زانراونیـن و، بـە پێودانگـی ئێمـە شـتی نابـاون و نەزانـراون، لـەوێ پەیـدا دەبـن، وەك لـە سـوورەتی (**الطَّارِق**)دا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿يَوۡمَ تُبۡلَى ٱلسَّرَآئِرُ ٩﴾، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە نهێنییـەکان ئاشـکرا دەبـن، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**الزُّمَـر**)دا دەفەرمـوێ: ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ ٤٧﴾، واتـە: لەلایـەن خـواوە شـتێکیان بـۆ دەرکـەوت کـە حیسـابیان بـۆ نەکـرد بـوو و، گومانیـان بـۆی نەدەچـوو.

---

(١) مەگەر لە ئاوێنەدا.

لێرەدا کە پێستەکان ئاوا وەڵام دەدەنەوە، ئەوە پۆزش هێنانەوەیە، لەلایەن پێست و چاو و گوێ و ئەندامەکانەوە، کە ئەو هێنانە گۆیە، بە ویستی خۆیان نەبووەو، بەبێ ویستی خۆیان و بە ناچاریی هێنراونە قسەو، خوا ﷻ ئەو حاڵەتەی بەسەردا هێناون.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، خوا یەکەمجار ئێوەی هێنایە دی و، هەر بۆ لای ئەویش دەگێڕدرێنەوە، ئەمە دەگونجێ تەواوکەری قسەی ئەندامەکان بێ، واتە: پێست و چاوو گوێ، دەشگونجێ ڕستەیەك بێ خوای موتەعال ئێواخنی ئەو قسانەی ئەوانی کردبێ، نەك لە ڕۆژی دواییدا ئەو قسانە هەموویان بکەن.

٩)- ﴿ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ ﴾، ئێوەش خۆتان پەنهان نەدەکرد لە ترسی ئەوەی بیستنتان و چاوەکانتان و پێستەکانتان شایەدییتان لەسەر بدەن، لەبەر ئەوە خۆتان نەدەشاردەوە کە ئەندامەکانتان شایەدییتان لەسەر بدەن، ئەمەش هەر قسەی خوایەو ئێواخن کراوە، یاخود: ئەوە هەر قسەی پێست و چاو و گوێیەکانە، (أي: **مَا كُنتُمْ تُخْفُونَ أعْمَالَكُم أن تَشْهَدُ بِهَا عَلَيْكُم جَوارِحِكُم، بَلْ كُنْتُمْ تَجْهَرُونَ وتَفْخَرُونَ بِهَا**) واتە: ئێوە لە دنیادا خۆتان پەنهان نەدەکرد، لە ترسی ئەوەی بیستن و چاوەکان و پێستەکانتان شایەدییتان لەسەر بدەن، (واتە: کردەوەکانتان لە دنیادا نەدەشاردنەوە)، بەڵکو شانازییتان پێوە دەکردن و، کردەوەکانتان بە ئاشکرا ئەنجام دەدان.

١٠)- ﴿ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴾، بەڵام گومانتان وابوو کە خوا زۆرێك لەوەی دەیکەن، نایزانێ، (**وَلَكِنَّ اسِتِتَارَكم كَانَ مِنْ أجْلِ اعْتِقَادِكُمْ أنَّ الله لَا يَعْلم الأعْمَال المَخْفِيَّة**) واتە: کە خۆتان پەنهان دەکرد، (لەبەر ئەوەی نەبوو کە مەترسیی ئەوەتان بێ، چاو و گوێ و پێستتان لەسەرتان ببنە شایەد)، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو پێتان وابوو: خوا کردەوە پەنهانەکان نازانێ.

١١)- ﴿ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ ﴾، ئا ئەو گومانەشتان بوو، کە گومانتان بە پەروەردگارتان برد، فەوتاندنی.

﴿ أَرْدَىٰكُمْ ﴾، یانـی: (أَهْلَكَكُـمْ)، ئـەو گومانـە خراپەتـان بـوو بەرانبـەر بـە پـەروەردگار، کـە فەوتاندنـی، چونکـە (رَدِيَ أَي: هَلَـكَ، مِثْـلُ رَضِيَ، وَالإِرْدَاءُ الإِهْـلاكُ)، (رَدِيَ)، واتـە: (هَلَـكَ)، فەوتـا، وەك (رَضِيَ) واتـە: ڕازیبـوو، (الإِرْدَاءُ: الإِهْـلاكُ)، (إرداء) فەوتانـدن، ئـا ئـەو گومانەتـان بـوو کـە فەوتاندنـی.

١٢)- ﴿ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾، ئێستا لە زیانباران بوون، واتە: وەك بازرگانێکتان لێ بەسەرهات، کە دەستخەڕۆ و زیانبار دەبێ، نەك هەر قازانج ناکات، بەڵکو دەستمایەکەشی دەفەوتێ.

١٣)- ﴿ فَإِن يَصْبِرُوا۟ فَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴾، ئنجا ئەگەر خۆڕابگرن لە ئاگردا، شوێنیان هەر ئاگرە، واتە: ئەگەر خۆڕابگرن، یان خۆڕانەگرن، تازە شوێنیان هەر ئاگرە، (أَي: حَاصِلُ أَمْرِهِمْ أَنَّهُم قَدْ زُجَّ بِهِمْ فِي النَّارِ، فَإِنْ صَبَرُوا وَاسْتَسْلَمُوا، فَهُم بَاقُونَ فِي النَّارِ، وَإِنِ اعْتَذَرُوا لَمْ يَنْفَعْهُمُ العُذْرُ، وَلَمْ يُقْبَلْ مِنْهُم تَنَصُّلٌ)، واتە: سەرەنجامی کارەکەیان ئەوەیە کە ئێستا خراونە نێو ئاگرەوە، ئنجا ئەگەر خۆڕابگرن و ملکەچ بن، ئەوە هەر لە نێو ئاگردا دەمێننەوەو، ئەگەر پۆزشیش بهێننەوە، خۆ دزینەوەیان لێ وەرناگیرێ.

١٤)- ﴿ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴾، ئەگەر داوا بکەن گلەیی لەسەر خۆشیان لابەرن، (واتە: پۆزش بهێننەوەو، داوای لێبوردن بکەن)، وەڵامی ئەوەیان نادرێتەوەو، لە گلەیی لەسەر لابراوان نابن، شایانی باسە: لێرەدا شایەتییدانی چاو و گوێ و پێستەکان و، ئەندامەکانی دیکەش لەسەر مرۆڤە بێبڕواو تاوانبارەکان لە دۆزەخدا، ئەو شایەدییدانە بۆ حوکمدان نیە، بەڵکو بۆ سەرزەنشت و سەرکۆنەکردنە، ئەگەرنا پێشتر حوکم و بڕیاریان بەسەردا دراوەو، چوونەتە نێو ئاگری دۆزەخ، واتە: لە نێو ئاگری دۆزەخدان و پێشتر بڕیاردراوە، بەڵام ئەو ئەندامەیان کە شایەدییان لەسەر دەدەن، ڕەنگە لە نێو دۆزەخدا خۆیان بە مەغدوور بزانن، یان پرتەو بۆڵە بکەن، کە چۆن وا

بڕیاریان لەسەر درا، خواش ﷻ بۆ بێ دەنگ کردنیان، ئەندامەکانیان دێنێتە گۆ، تاکو بواری پرتەو بۆڵەیان نەمێنێ، چونکە وەك گوتراوە: (الغَرِيقُ يَتَشَبَّثُ بِكُلِّ حَشِيش)، واتە: بابای خنکاو دەست بۆ چڵە پووشیش درێژ دەکات، ئەوانیش لە وێدا بەتەئکید دەکەونە درۆو دەلەسەو پاساو هێنانەوە، بەڵام خوا ﷻ دوای ئەوەی ئەندامەکانی خۆیانیان لەسەر دەکاتە شایەد، دەرفەتی ئەو قسەیان نامێنێ، وەك دوایی لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا ﷺ دەیهێنین.

کورتە باسێک لە بارەی
شایەدیی لەسەر درانی مرۆڤەوە لە قیامەت دا

لـە ڕۆژی دوایـی دا ئەوانـەی شـایەتیی دەدەن لەسـەر مـرۆڤ، ئەگـەر تەماشـای قورئـان بکەیـن، بـەلای کەمـەوە حـەوت جـۆرە شـایەد هـەن، شـایەدیی دەدەن لەسـەر مـرۆڤ، کـە ئـەو کـردەوە خراپانـەی ئەنجامـداون:

یەکەم: خوای بەرزی مەزن:

وەك لـە سـوورەتی (یونـس) لـە ئایەتـی (٦١)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَلَا أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ ﴿٦١﴾ ﴾، واتـە: تـۆ لـە هیـچ حاڵێکـدا نابـی و، هیـچ کات هیـچ قورئانێـك ناخوێنـی و، هیـچ کردەوەیـەك ناکـەی، مەگـەر ئێمـە بەسـەرتانەوە چاودێریـن، کاتێـك دەچنـە نێـو ئـەو کارەوەو، لـە پـەروەردگارت پەنهـان نیـە، بـە ئەنـدازەی گرانایـی گەردێـك نـە لـە ئاسـمان و، نـە لـە زەویـدا، نـە لـەوە گچکەتـرو، نـە لـەوە گەورەتریـش، هەمـووی سـەرژمێرکراوە لـە کتێبێکـی ڕوونـدا، (کـە مەبەسـت پێـی زانیاریـی ڕەهـاو بـێ سـنووری خوایـە).

کەواتـە: یەکـەم لـە شـایەدەکان خوایـە، خـوا ﷻ لـە زۆر شـوێناندا دەفەرمـوێ: ﴿ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا ﴾، واتـە: خـواش بەسـە شـایەد بێـت.

دووەم: پێغەمبەران (عَلَيهم الصَّلاةُ وَالسَّلام):

وەك لـە سـوورەتی (النِّسـاء) لـە ئایەتـی (٤١)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ

﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلْأَرْضُ وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴿٤٢﴾ ﴾، واتـە: چۆن دەبێ کاتێـك کـە بـۆ هـەر کۆمەڵێـك شـایەدێك دێنیـن و، تۆشـمان وەك شـایەد هێنا بەسـەر ئەمانـەوە، (واتـە: بەسـەر کافرەکانـی ئوممەتـی خۆتـەوە)! لـەو ڕۆژەدا ئەوانـەی بێبـڕوان، خۆزگـە دەخـوازن کـە لەگـەڵ زەوی تەخـت بـن و، یەکسـان بـن، (واتـە: زینـدوو نەبنـەوە)، هیـچ قسـەیەکیش لـە خـوای پـەروەردگار پەنهـان ناکـەن.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (النّحل)یشـدا، خـوا ﷻ دیسـان باسـی شـایەدییدانی پێغەمبـەران بـە گشـتیی و، پێغەمبـەری خاتـەم لەسـەر ئوممەتەکـەی بەتایبـەت دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِى كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ ۚ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە لـە هـەر کۆمەڵێـك شـایەتێك دێنیـن، بەسـەریانەوە لـە خۆیـان و، تۆشـمان هێنـا بە شـایەت لەسـەر ئەوانـە، (ئـەو بێبڕوایانەی ئوممەتـی خـۆت، چ لـە ڕۆژگاری خۆیـداو، چ لـە ڕۆژگاری دوای خـۆی دا)، کتێبیشـمان دابەزاندۆتـە سـەر تـۆ، ڕوونکـەرەوەی هـەر شـتێکە (کـە پێویسـت بـکات، وەحیـی خـوا ڕوونی بکاتـەوە)و، ڕێنمایـی و بەزەیـی و موژدەیـە بـۆ مسـوڵمانان.

سێیەم: زمان و، دەست و، پێ و، چـاوو، گوێ:

بـە نسـبەت دەسـت و پـێ و، زمانیـان، لـە سـوورەتی (النُّور)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە زمانەکانیـان و، دەسـتەکانیان و، پێیەکانیـان، دەبنـە شـایەد بەسـەریانەوە، بـەوەی کـە کردوویانـە.

بـە نسـبەت بیسـتن و، دیـتن و، پێستەکانیشـیانەوە، خـوا لـە سـوورەتی (فُصلَت) دا دەفەرمـوێ: ﴿ شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾، واتـە: بیسـتنیان و چاوەکانیان و پێسـتەکانیان شـایەدییان لەسـەردان بـەوەی دەیانکرد.

چـــوارەم: فریشـــتەکان:

خـوا لـە سـوورەتی (ق)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَآءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَآئِقٌ وَشَهِيدٌ ﴿٢١﴾ ﴾، واتـە: هـەر کەسـێك دێ، لێخوڕێـك و، چاودێرێکـی بەسـەرەوەیە، واتـە: هـەم کەسـێك کـە وەپێـش خـۆی دەدات، بـەرەو دۆزەخ، هـەم شـایەدێکیش بەسـەریەوە، کـە بـە دڵنیایـی هەردووکیـان فریشـتەن، هەروەهـا لـە سـوورەتی (الإنْفِطَار)یشـدا لـەو بـارەوە دەفەرمــوێ: ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَـٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَـٰتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾، واتــە: بــە دڵنیایــی ئێــوە چەنــد پارێزەرێکتــان بەســەرەوەن، زۆر بەڕێــزن، نووســەرو تۆمارکـەرن، ئـەوەی دەیکـەن دەیزانـن، (بـۆ ئـەوەی دوایـی لەسـەرتان بینـە شـایەد).

پێنجەم: زەوی:

وەك خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الزَّلْزَلَـة)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ ﴾، واتــە: لــەو ڕۆژەدا زەوی دەنــگ و باســەکانی خـۆی بـاس دەکات، (هـەر کەسـێك چـی کـردوە لەسـەر هـەر پارچـە زەوییـەك، زەوی لەسـەری دەبێتـە شـایەدو بەڵگـە)و، ڕاشـیدەگەیەنێ کـە پـەروەردگاری سروشـی بـۆ کـردوە (کـە بـەو جـۆرە هەواڵەکانـی خـۆی بگێڕێتـەوەو، شـایەدیی خـۆی بـدات).

شەشەم: ڕۆژگارو زەمان:

وەك لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە، ئەگـەر پاڵوێدرانـی فەرمایشـتەکە بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ ڕاسـتبێ، دەفەرمـوێ: (لَيْسَ مِنْ يَوْمٍ يَأْتِي عَلَى ابْنِ آدَمَ، إِلَّا يُنَادِي فِيهِ: يَا ابْنَ آدَمَ! أَنَا خَلْقٌ جَدِيدٌ، وَأَنَا فِيمَا تَعْمَلُ غَدًا عَلَيْكَ شَهِيدٌ، فَاعْمَلْ فِيَّ خَيْرًا أَشْهَدْ لَكَ بِهِ غَدًا، فَإِنِّي لَوْ قَدْ مَضَيْتُ لَمْ تَرَنِي أَبَدًا، وَيَقُولُ اللَّيْلُ مِثْلَ ذَلِكَ) (أخرجه الديلمي: ٥١٦٢، وأبو نعيم في الحلية (٣٠٣/٢)، وضعفه محقق تفسير القرطبي).

واتـە: هیـچ ڕۆژێـك بەسـەر ڕۆڵـەی ئـادەم دا نایـەت، مەگـەر بانگـی دەکات، ئـەی ڕۆڵـەی ئـادەم! مـن دروسـتکراوێکی تـازەم، ئـەوەی تـۆ ئێسـتا دەیکـەی، بەیانـی

دەمە شایەد بەسەرتەوە، ئنجا کردەوەی باشم تێدا بکە، تاکو بەیانی شایەدیی چاکت بۆ بدەم، چونکە من کە بڕۆم تازە جارێکی دیکە هەرگیز نامبینیەوە، هەروەها شەوگاریش بە هەمان شێوە (هەر شەوێك کە دێ، بانگی مرۆڤ دەکات، هەڵبەتە مەبەست پێی زمانی حاڵە).

کەواتە: ئەمە شەش جۆرە شایەد، بەڵام ئێمە گومان: حەوت، کە دەگونجێ پێست بە جیا بێ، ئەندامەکان وەك دەست و پێ و زمان و چاو و گوێ بەجیا بن، ئەو کاتە دەبن بە حەوت جۆرە شایەد.

پرسیارێك دەکرێ: بۆچی لێرەدا خوا ﷻ ئەو ئەندامانەی تایبەت کردوون، بە شایەدییدانەوە، بە تایبەت لێرە لە سووڕەتی (**فُصِّلَتْ**)دا، واتە: بیستن و چاوەکان و پێستەکان؟ وەڵامەکەی ئەوەیە:

یەکەم: ئەوانە ئەو بیستنەیان بەکارنەهێناوە بۆ گوێ بیست بوونی فەرمایشتی خوا ﷻ.

دووەم: لەبەر ئەوەی نیشانەکانی خوایان بە چاوەکان نەبینیون.

سێیەم: بە پێست و ئەندامەکانیشیان پابەند نەبوون بە شەریعەتی خوای پەروەردگارەوە.

چوارەم: بە زمانیشیان هەقیان نەگوتوە.

پێنجەم: بە دەستەکانیشیان ئەو کردەوانەیان ئەنجام نەداون، کە جێگای ڕەزامەندیی خوان.

شەشەم: بە پێیەکانیشیان بۆ ئەو کارو چالاکییانە نەجووڵاون کە مایەی ڕەزامەندیی خوای پەروەردگارن.

لە بارەی ئەوەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾، ئەوە ئەو گومانەتان بوو کە بەرانبەر بە پەروەردگارتان هەتانبوو و، سەرەنجام ئەو گومانەتان فەوتاندنی و، لە زیانباران بوون.

پێغەمبەر ﷺ لە بارەی گومانی چاك بە خوا بردنەوە فەرموویەتی: (لَا يَمُوتَنَّ أَحَدُكُمْ إِلَّا وَهُوَ يُحْسِنُ الظَّنَّ بِاللَّهِ، فَإِنَّ قَوْمًا أَسَاءُوا الظَّنَّ بِرَبِّهِمْ فَأَهْلَكَهُمْ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾)، (أخرجه مسلم: ٢٨٧٧، والطيالسي: ١٧٧٩، وأبو داود: ٣١١٣، وابن ماجه: ٤١٦٧، ابن حبان: ٦٣٦، ٦٣٧)، واتە: با هیچ كام لە ئێوە نەمرێ، مەگەر لە حاڵێك دا كە گومانی چاك بە خوا دەبات، چونكە كۆمەڵێك گومان خراپیان بە خوا بردو ئەویش فەوتاندنی، خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾.

ئەو ڕستەیەی دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾:

زانایان زۆر قسەیان لەسەر كردوە، چونكە ئەم جۆرە دەربڕینە دەربڕینێكی تۆزێ دەگمەنە، هەرچەندە چەند جارێك لە قورئاندا هاتوە، لە تەفسیری سوورەتی (النَّحل)یشدا قسەمان لەبارەوە كردوە، هەروەها لە تەفسیری سوورەتی (لُقمان)یشدا هەر قسەمان لەبارەوە كردوە، ﴿ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ ﴾، (إِنْ يَسْأَلُوا العُتْبى وهي رُجُوعُ المَعْتُوبِ عَلَيْهِ إلى ما يُرْضِي العاتِبَ لَمْ يُعْطَوا حَقَّ رَفْعِ عِتَابِ عليْهِمْ وَاعْتِذَار)، واتە: ئەگەر داوای (عُتْبى) بكەن، كە بریتیە لە گەڕانەوەی بابای سەرزەنشتكراو بۆ حاڵەتێك كە بابای سەرزەنشتكەر لێی ڕازیبێ، داواكارییەكەیان جێبەجێ ناكرێ و، مافی لابردنی لۆمە لەسەر خۆیانیان پێ نادرێ و، مافی پۆزش هێنانەوەو پاساو هێنانەوەیان پێ نادرێ.

﴿ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (وَإِنْ يُسْتَعْتَبُوا)، ئەگەر داوایان لێ بكرێ گلەیی لەسەر خۆیان لابەرن، هەروەها ﴿ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾، لەوانە نین كە گلەییان لەسەر لابچێ، خوێنراویشەتەوە: (فَمَا هُمْ مِنَ المُعْتِبِينَ)، لەو كەسانە نابن كە گلەیی لەسەر خۆیان لابەرن، حەسەنی بەصرایی و، ئەبو عوبەیدو، ئەبولعالیە، وایان خوێندۆتەوە، (أَي: إِنْ أَقَالَهُمُ اللهُ وَرَدَّهُمْ إلى الدُّنْيَا لَمْ

يَعْمَلُوا بِطَاعَتِهِ كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾، واتـە: ئەگـەر خـوا ﷻ داواكەشـيان بكرێتـەوەو، بيانگێڕێتـەوە بـۆ ژيانـی دنيـا، لەوێـش ديسـان فەرمانبەریـی خـوا ناكـەن و، گلەیـی خـوا لەسـەر خۆيـان لانابـەن، وەك خـوای بـەرز فەرمووویـەتی: ئەگـەر بشـگێڕرێنەوە جارێـكی دیكـە دەگەڕێنـەوە سـەر ئـەوەی لێـی قەدەغـە كـراون و ئـەوان درۆزنـن.

لـەو بـارەوە ئـەو فەرموودەيـەی پێغەمبـەر ﷺ دێنيـن، كـە چـۆن ئەندامـەكان شـايەدیی لەسـەر مـرۆڤ دەدەن، كـە دەفەرمـوێ: {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَضَحِكَ، فَقَالَ: «هَلْ تَدْرُونَ مِمَّ أَضْحَكُ؟» قَالَ قُلْنَا: أَللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: مِنْ مُخَاطَبَةِ الْعَبْدِ رَبَّهُ، يَقُولُ: يَا رَبِّ أَلَمْ تُجِرْنِي مِنَ الظُّلْمِ؟ قَالَ: يَقُولُ: بَلَى، قَالَ: فَيَقُولُ: فَإِنِّي لَا أُجِيزُ عَلَى نَفْسِي إِلَّا شَاهِدًا مِنِّي، قَالَ: فَيَقُولُ: كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ شَهِيدًا، وَبِالْكِرَامِ الْكَاتِبِينَ شُهُودًا، قَالَ: فَيُخْتَمُ عَلَى فِيهِ، فَيُقَالُ لِأَرْكَانِهِ: انْطِقِي، قَالَ: فَتَنْطِقُ بِأَعْمَالِهِ، قَالَ: ثُمَّ يُخَلَّى بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْكَلَامِ، قَالَ فَيَقُولُ: بُعْدًا لَكُنَّ وَسُحْقًا، فَعَنْكُنَّ كُنْتُ أُنَاضِلُ} (أخرجه مسلم: ٢٩٦٩).

واتـە: ئەنەسـی كـوڕی مالیـك ﷺ، دەڵـێ: ئێمـە لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا ﷺ بوویـن، پێكەنیـی، (زەردەخەنەیەكـی هاتـێ)، دوایـی فەرمـووی: دەزانـن بەچـی پێدەكەنـم؟ گوتمـان: خـواو پێغەمبەرەكـەی زاناتـرن، فەرمـووی: بـەوە پێدەكەنـم كـە بەنـدە پـەروەردگاری دەدوێنـێ (لـە ڕۆژی دواییـدا)، دەڵـێ: ئـەی پـەروەردگارم! ئـەدی تـۆ منـت پەنـا نـەدا لـە ستەم، كە ستەمم لـێ نەكـەی، فەرمـووی: خـواش دەفەرمـوێ: بـا، فەرمـووی: ئەویـش دەڵـێ: مـن ڕێـگا نـادەم هیـچ كـەس بەسـەرمەوە بەڵگـە بـێ مەگـەر لـە خـۆم، فەرمـووی: خـواش دەفەرمـوێ: باشـە، ئەمـڕۆ هـەر خـۆت بەسـەر خۆتـەوە شـايەدبەو، فریشـتە بەڕێـزە تۆماركـەرەكان بـا بەسـەرتەوە شـايەتبن، ئنجـا مـۆری بەسـەر دڵ وەدەنـرێ، (واتـە: زاری قەپـات دەبـێ و، قسـەی بـۆ ناكـرێ و)، فەرمـان دەكـرێ بـە ئەندامەكانـی قسـە بكـەن، دێنـە گـۆو، شـايەدیی كردەوەكانـی لەسـەر دەدەن، دوای ئـەوەی ئەندامـەكان شـايەدییەكەيان تـەواو دەكـەن، ئنجـا

دووبارە جارێکی دیکە بواری دەدرێ بە زمانی قسە بکات، ئجا ئەویش ڕوو دەکاتە ئەندامەکانی و، دەڵێ: دووریی بۆ ئێوەو، سزا بۆ ئێوە، من بەرگریم لە ئێوە دەکرد، ئەوانیش وەك لە ئایەتەکەدا هاتوە دەڵێن: ﴿أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ﴾ ئەو خوایە ئێمەی هێناوەتە گۆ، کە هەموو شتێك ئەگەر بیەوێ دەیهێنێتە گۆ.

مەسەلەی دووەم:

سـازكرانی هاونشـینانی خـراپ بـۆ بێبڕوایـان، كـە كوفـرو خراپـەو تاوانیـان بـۆ بڕازێننـەوەو، سـەرەنجام بڕیـاری دادگەرانـەی خوایـان لەسـەر بچەسـپێ، لـە میانـی كۆمەڵانێكـی ڕابـردوو لـە جنـدو مرۆڤـی زیانبـاردا، بـەوەی كـە دەچنـە نێـو ئاگـری دۆزەخـەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ فَزَيَّنُوا لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ (٢٥)﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ﴾، چەند هاونشینێكمان بۆیان ئامادە كردن، (**قَيَّضْنَا أي: هَيَّئْنَا لِهؤُلاءِ الكُفَّار**)، بۆ ئەو بێبڕوایانە ئامادەمان كرد، چی بۆ ئامادە كردن؟ ﴿قُرَنَاءَ﴾، ﴿قُرَنَاءَ﴾، كۆی (قَرِين)ە، (قَرِين) بریتیە لە (**الصَّاحِبُ المُلازِمُ**) هاوەڵێكە لە مرۆڤ جیانابێتەوەو هەمیشە لەگەڵیدایە، بە كوردیی: هاونشین، ئنجا ئایا ئەو هاونشین و هاودەم و هاوەڵانە چین؟ زۆربەی توێژەرەوان گوتوویانە: شەیتانەكانن، (**القُرَنَاءُ: شَيَاطِين يُلازِمُونَهُمْ**)، شەیتانە هاونشینەكانن كە هەمیشە لەگەڵیاندان.

(**الطـبري**) لـەو بـارەوە لـە تەفسـیرەكەی خۆیـدا، دەڵـێ: (**وَبَعَثْنَـا لَهُـمْ نُظَـرَاء مِنَ الشَّـيَاطِين، فَجَعَلْنَاهُمْ لَهُـمْ قُرَنَـاء قَرَنَّاهُـمْ بِهِـمْ، يُزَيِّنُـونَ لَهُـمْ قَبَائِـحَ أَعْمَالِهِـمْ**)[1]، واتـە: ناردمانـە سـەریان چەنـد هاوتـاو هاوشـێوەیەك لـە شـەیتانەكان و، ئەوانمـان كـردە هاونشـینیان، لەگەڵیانـدا جووتمـان كـردن كـە هەمیشـە پێكەوەبـن، كـردەوە خراپەكانیـان بـۆ دەڕازێننـەوە.

---

(١) جامع البيان: ج٢٤، ص:١١٠.

ئنجا ئەو هاونشینە شەیتانانە، کە وەك گوتم زۆربەی توێژەرەوان دەڵێن: لە جندن، بەڵام دەگونجێ مرۆڤیش بن، وەك لە سووڕەتی (النَّاس)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦ ﴾، واتە: ئەوەی خوتخوتە دەخاتە سینەی خەڵکەوە، لە جندو لە مرۆڤ.

هەروەها لە شوێنی دیکەدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ ﴾، واتە: شەیتانەکانی مرۆڤ و جند.

ئنجا ئایا ئەو هاونشینانە چی دەکەن؟

٢)- ﴿ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیەو، ئەوەی لە دوایانەوەیە بۆیان ڕازاندنەوە، ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیەو، ئەوەی لە دوایانەوەیە، زانایان زۆر قسەیان لە بارەوە کردووە، بەڵام دوو واتا زیاتر بە دڵەوە دەچەسپێن:

یەکەم: ﴿ مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، واتە: هەرچی گوناهو تاوانە، لە پێشیان و لە دوایان، یان لە دەوروبەریان، بۆیان دەڕازێننەوە، بەڵام بۆیە ئەو دوو لایەی باسکردووە، چونکە ڕاست و چەپ و، سەرو خواریش دەگرنە نێو خۆیان، کە من ئەو واتایەم زیاتر بە دڵە، واتە: هەرچی گوناح و تاوانە، بکەوێتە لای پێشێیان یان لای دواییان بۆیان دەڕازێننەوە.

دووەم: ﴿ مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ ﴾، واتە: لە کاروباری دنیا (**مِنْ أَمْرِ الدُّنْيَا**)، ﴿ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، واتە: لە کاروباری ڕۆژی دوایی (**مِنْ أَمْرِ الأَخِرَة**)، کاروباری دنیایان بۆ جوان دەکەن و، بۆیان دەڕازێننەوە: چۆن پێتان خۆشە وا بکەن، نە لێپرسینەوە هەیە، نە سزاو پاداشت هەیە، نە حەڵاڵ و حەڕام، هیچ واتایەکیان هەیە، چۆن چێژ وەردەگرن و، چۆن لە ڕووی دنیاییەوە قازانج دەکەن و، بەهرەی ماددیی وەردەگرن، وابکەن.

بە نسبەت پشتیانەوەش، واتە: بە نسبەت ئەو کاتەوەش کە دێ، کە ڕۆژی دواییە، ئەویشیان وا بۆ دەڕازێننەوە کە نە زیندووکرانەوە هەیە، نە سزاو

پاداشت هەیە، ئەویشیان ئاوا بۆ دەڕازێننەوە، کە ترسی ڕۆژی دواییان نەبێ، کە لە پشتیانەوەیە.

٣)- ﴿وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ﴾، فەرمایشتیان لەسەر هاتە دی، واتە: بڕیاری خوا ﷻ لەسەریان چەسپا، کە خوا فەرموویەتی: بە پێی سیستم (نظام)ێك کە دایناوە، هەر کەسێك ئاوا بکات و ئاوا بژی، سەرەنجامی بەو شێوەیە دەبێ، ئەو بڕیارەیان لەسەر چەسپا.

٤)- ﴿فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ﴾، لە نێو کۆمەڵانێکدا کە تێپەڕیون لە پێش واندا، لە جند و لە مرۆڤ، واتە: هەر خۆیان نین و ئەوانیش چوونە نێو ئەو کۆمەڵ و تاقمە بێبڕوایانەوە لە جندو مرۆڤ، کە لە پێش واندا تێپەڕیون و بڕیاری سزادرانیان بەسەردا چەسپیوە.

٥)- ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَـٰسِرِينَ﴾، بە دڵنیایی ئەوان زیانبار بوون، (الطبري) لەو بارەوە دەڵێ: (إِنَّ تِلْكَ الأُمَمَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمْ عَذَابُنَا مِنَ الجِنِّ وَالإِنْسِ، كَانُوا مَغْبُونِينَ بِبَيْعِهِمْ رِضَا اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ بِسَخَطِهِ وَعَذَابِهِ)، واتە: ئەو کۆمەڵانە کە ئازارو سزادانی ئێمەیان لەسەر چەسپیوە، لە جند و لە مرۆڤ، زیانبار بوون، بەوە کە ڕەزامەندیی خواو، بەزەیی خوایان فرۆشت و لە بەرانبەردا تووڕەیی و سزای پەروەردگاریان وەرگرت.

مەسەلەی سێیەم:

بێبڕوایان وەك نەخشەو پیلانێکی گڵاو، گوتیان: گوێ بۆ قورئان مەگرن، واتە: بێبڕوایانی قسە ڕۆیشتوو، بە شوێنکەوتووەکانی خۆیانیان گوت: گوێ بۆ قورئان مەگرن و، قسەی پووچ و غەڵبە غەڵب لە کاتی خوێنرانی قورئان دا بکەن، بەڵکو بەسەریدا زاڵبن، خواش هەڕەشەی سزاو ئازارێکی سەختی لێکردوون، وەك تۆڵەیەك لە دوژمنانی نکووڵییکەر لە خواو نیشانەکانی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ
تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾ فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَذَابًا شَدِيدًا وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ
﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون، گوتیان: ئەوانەی بێبڕوابوون بە دڵنیایی مەبەست پێی سەرکردەکان و حوکمڕان و قسە ڕۆیشتووەکانە، چونکە ئەوان توانای فەرمان پێکردن و، ڕێ لێگرتنیان هەبووەو، ئەوان بە خەڵکە ڕەش و ڕووت و هەڵخەڵەتاو و گوێ لە مستەکانی خۆیانیان گوتوە: وابکەن و، وامەکەن.

ئایا چییان گوت؟

٢)- ﴿ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴾، گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن و، قسەی پووچی تێدا بکەن، بەڵکو بەسەریدا زاڵبن، کەواتە: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، ئەوە لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە، بەڵام بە تەئکید بە سیاق و سەلیقە دیارە، کە مەبەست پێی کافرانی ئاسایی نیە کە لە نێو خۆیاندا، وایان گوتبێ، بەڵکو کافرە دەست ڕۆیشتوو و، قسە ڕۆیشتووەکان و، حوکمڕان و باڵادەستەکان بە شوێنکەوتووەکانی خۆیانیان گوت: گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن، زانیویانە کە ئەگەر گوێی بۆ بگرن و گوێی بۆ

هەڵبخەن، پێی کارتێکراو دەبن، ﴿ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ ﴾، قسەی پووچی تێدا بکەن، ﴿ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾، بەڵکو بەسەریدا زاڵبن، ﴿ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ ﴾، کە: ﴿ تَسۡمَعُواْ ﴾، بەرکاری خواستوە بە هۆی لامەوە، دەنا دەیتوانی بفەرموێ: (لا تَسْمَعُوا هَذَا القُرآنَ)، گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ ﴾، (عُدّيَ «لا تَسْمَعُوا» بـ «لـ»، لِتَضْمِينِهِ مَعْنَى الإطْمِئْنَانِ والرُّكُونْ)، بۆیە: ﴿ تَسۡمَعُواْ ﴾، بە (لـ) بەرکاری خواستوە، تاکو مانای مەیل بەلادا کردن و پێ ئارام بوون، بخرێتە نێو وشەی: ﴿ لَا تَسۡمَعُواْ ﴾، یانی: (لا تَسْمَعُوا لِهَذَا القُرآنِ، ولا تَطْمَئِنُّوا إلَيْهِ، ولا تَرْكَنُوا إلَيْهِ)، گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن و پێی مەسرەون و بەلایدا مەچن، ﴿ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ ﴾، قسەی پووچی تێدا بکەن.

هەڵبەتە کە گوتوویانە: ﴿ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ ﴾، ئەمە لەسەر زمانی مسوڵمانان گوتوویانە، ئەگەرنا ئەوان بڕوایان بەوە نەبووە ئەوە ناوی قورئانەو، خوا دایبەزاندوە، واتە: ئەوەی مسوڵمانان پێی دەڵێن قورئان و، پێیان وایە لەلایەن خواوە بەسەر پێغەمبەرەکەی (موحەممەد) ﷺدا خوێنراوەتەوە، گوێ بۆ ئەوە مەگرن، وشەی (لَغو)، وەك پێشتر باسمانکردوە، (القَولُ الَّذِي لا فَائِدَةَ مِنْهُ)، ئەو قسەیەی کە سوودی نەبێ، وەك گوتمان لە (لَغَا)وە هاتوە، کە دەنگی پاسارێی و جریوە جریوی چۆلەکەو باڵندەیەو بۆ ئێمە بێ سوودە، چونکە تێی ناگەین، بەڵام بە تەئکید بۆ خۆیان سوود بەخشەو، لێی حاڵی دەبن، بولبولێك کە دەجریوێنێ، یان کەوێك کە دەقاسپێنێ، یان کۆترێك کە دەگمێنێ، هەروەها مریشك کە کورکە کورك دەکات و، کەڵەباب کە دەقووقێنێ و، باڵندەکانی دیکە، ئەو دەنگ و سەدایەی خۆیان بۆ خۆیان سوود بەخشە.

ئنجا کە گوتوویانە: ﴿ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ ﴾، ئەمە دوو واتایان دەگەیەنێ:

یەکەم: قسەیەکی تێدا بکەن سوودی نەبێ، واتە: قسەی پووچ و گاڵتەو جەفەنگ بکەن و، دەنگ بەرز بکەنەوە لە کاتێکدا قورئان دەخوێنرێتەوە.

دووەم: دەنگە دەنگ و غەڵبەغەڵبێك بكەن، كە دەنگی قورئان خوێنەكە داپۆشێت، ئنجا ئەگەر پێغەمبەرە ﷺ یان یەكێك لە هاوەڵانە، یانی: دەنگ هەڵێنن و، غەڵبە غەڵبێك بكەن، كە دەنگی پێغەمبەر ﷺ یان دەنگی ئەو كەسەی كە قورئان دەخوێنێ، داپۆشێ و، دەنگەكە ون بێ.

﴿ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾، بەڵكو زاڵبن، یانی: (**لَعَلَّكُم تَغْلِبُونَ مُحَمَّداً**)، یان (**لَعَلَّكُم تَغْلِبُونَ القُرآنَ**)، بەڵكو بەسەر موحەممەددا، یان بەسەر قورئانەدا زاڵبن، بەوە كە هەر كەس بیەوێ گوێبیستی قورئان بێ، نەتوانێ گوێبیست بێ، ئنجا كە ئێوە ڕێتان لێگرت گوێبیستی قورئان بێ، مانای وایە بەسەریدا زاڵبوون، چونكە خەڵك هەتا قورئان نەبیستێ، پێی كارتێكراو نابێ.

ئنجا ئەمە وەنەبێ هەر ئەو كاتە وابووبێ، ئێستاش هەروایەو دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام، هۆكارێك كە زۆر پشتی پێ دەبەستن و، بە كارتێكەرو كاریگەری دادەنێن بۆ دژایەتیی ئیسلام و مسوڵمانان، ئەوەیە كە شتی پووچ بڵاو دەكەنەوە، ئەو هەموو كەناڵانەی بە پارەی نەوت و غازی دزراوی خەڵك و، بە پارەی بودجەی دزراو و بەتاڵانبراوی ئەم میللەتەو، بە سەروەت و سامانی بە حەرامیی لەسەر یەك كەڵەكە كراوی ئەم خەڵكە هەژارو ڕەش و ڕووتە كار دەكەن، ئەو كەناڵانە چییان لەسەر بڵاو دەكرێتەوە؟! بە دڵنیایی هەمووی لە چوارچێوەی ئەوەدایە كە خوا دەفەرموێ: (**لَغْو**)، قسەی پووچ، نەك هەر ئەوە، بەڵكو قسەی حەرامیشەو لە (**لَغْو**)ش بەولاوەترە، چونكە (**لَغْو**) ئەوەیە كە سوودی نەبێ، بەڵام زۆرێك لەو قسەو چالاكیی و شتانەی كە لەو كەناڵانەدا بڵاو دەكرێنەوە، نەك هەر سوودی نیە، بەڵكو زۆریش زیانی هەیە، بە تایبەت بۆ چینی گەنج و تازە پێگەیشتوو، كە سەرگەرمیان دەكەن بە قسەو شتی پووچەوە، بەڵكو سەرگەرمیان دەكەن بەوەوە كە وا هەست بكەن یەك تۆپەڵ غەریزەن: تەنیا غەریزەی جینسیین، تەنیا غەریزەی خواردنەوەو خواردنن و، سەرگەرمیان دەكەن بەوەوە كە بەرگ و پۆشاكیان چۆن بێ؟ خواردنیان چۆن

بێ؟ چۆن ئارەزووەکانی خۆیان تێر بکەن، لە هەر ڕێیەکەوە بۆیان هەڵکەوێ، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە حەڵاڵ و حەرام؟ ئەوەش کاتی خۆی پیلان و نەخشەی بێبڕوایان بووە لە دژی قورئان، ئێستاش بە هەمان شێوەو هەموو ئەو هەوڵانە دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە، کە خەڵك بەشتی پووچ و بێ ئامانج و بێ سوود سەرگەرم بکرێ، بۆ ئەوەی نەیپەرژێتە سەر ئەوەی حوکمی چ حوکمڕانێکەو، ئەو دنیایە چیی لێ دێ و، کێ حوکمی دەکات و، خێرو بێری ئەو وڵاتە بۆ کوێ دەبردرێ و، ئەو خەڵکە ڕووی پێ لە چی کراوە؟ هەمیشە ئەگەر خەڵك بە ناهەق و بەتاڵەوە سەرقاڵکرا، نایپەرژێتە سەر هەق.

٣)- ﴿ فَلَنُذِيقَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا عَذَابًا شَدِيدًا ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئەوانەی بێبڕوان ئازارێکی سەخت و توندیان پێ دەچێژین، کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَنُذِيقَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، ئەمە: (إِظْهَارٌ فِي مَقَامِ الإِضْمَارِ)، دەیتوانی بفەرموێ: (فَلَنُذِيقَنَّهُمْ)، چونکە پێشتر باسیکردوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾، بەڵام بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَلَنُذِيقَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، ئەمە دەرخستنەو ئاشکراکردنە لە شوێنی پەنهانکردن، بۆ ئەوەی بزانرێ کە بێبڕواییەکەیانە، ئەو شێوە ڕەفتارەیان لێ دەپشکوێنێتەوەو، بێبڕواییەکەشیانە وایان لێدەکات شایستەی سزای سەختی خوابن، پێشتریش گوتوومانە: وشەی (ذَوق) بە مانای چێشتنی خواردن دێ، واتە: ئینسان لە خواردن بچێژێ، بەڵام لێرەدا ئەمە خوازراوەتەوە بۆ سزا، یانی: ئەو سزاو ئازارە کە خوا بۆ کافرانی ئامادە کردوە، وەك چێشت و خواردنێك بۆی ئامادە کردوون و، کە بە تۆبزیی پێیان بخوات و، پێیان لەو ئازارە بچێژێنێ.

٤)- ﴿ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾، بە دڵنیایی بەپێی خراپترینی ئەوەی دەیانکرد، سزایان دەدەین.

(ل)ی (لَنَجزِيَنَّهم) زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند (مُمَهِّدَةٌ لِلْقَسَمِ)، یاخود (لـ)ی سوێندە، یانی: سوێند بە خوا، (ن)ەکەش بۆ جەختکردنەوەیە، واتە: سوێند بە

خـوا زۆر بـه جەختکردنـەوەوە، [(أسـوء) منصـوب عَـلى نَـزْعِ الخافِـضِ أي: عـلى أسْـوَإ الَّـذِي كانُـوا يَعْمَلُـونَ]، (أسـوء) مەنصووبـە بەدارِنینـی ژێردارکـەر، یـانی: سـزایان دەدەین لەسـەر خراپتریـن کردەوەیـان کـە دەیانکـرد، (وَأَسْـوَأُ: اسْـمُ تَفْضِيـلٍ مَسْـلُوبُ المُفاضَلَـةِ، وإنَّمـا أُرِيـدَ بِـهِ الـسَّيِّءُ، فَصِيـغَ بِصِيغَـةِ التَّفْضِيـلِ لِلْمُبالَغَـةِ فِي السُّـوءِ)، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، مەبەسـت ئـەوە نیـە، کـە تەنیـا بـە خراپترینـی کردەوەکەیـان سـزا دەدرێـن، بـەڵام بـە کـردەوە خراپەکانیـان کـە خراپتریـن نیـن، سـزا نادرێـن، ﴿ أَسْوَأَ ﴾، لێـرەدا نـاوی هەڵبژاردنـە، بـەڵام مەبەسـت پێـی هەڵبـژاردن و بـەراورد پێکـردن نیـە، لەگـەڵ بەرانبەرێکـدا، بەڵکـو مەبەسـت پێـی کـردەوەی خراپـە، بـەڵام بۆیـە بـە شـێوەی (إسـم التَّفضيـل) هاتـوە، تاکـو زێدەڕۆیـی بکـرێ لـە خراپیـی کردەوەکەیانـدا.

لـە ڕاسـتییدا هـەر کردەوەیەکـی خـراپ لـە بەرانبـەر خـوای موتەعالـدا، بـە خراپتریـن لـە قەڵـەم دەدرێ، ئەگـەر تەنیـا خراپیـش بـێ، هـەر خراپترینـە.

٥)- ﴿ ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ ﴾، ئا ئەوە سزای دوژمنانی خوایە کە ئاگرە.

٦)- ﴿ لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ ﴾، لەوێدا بۆیان هەیە مەنزڵگای تێدامانەوە، واتە: (لَهُم فيها مَنْزِلُ البَقاءِ الأَبَدِي)، مەنزڵگای مانەوەی هەمیشەیی بۆ ئەوان لەوێدا هەیە.

٧)- ﴿ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴾، سزای ئەوە کە نکووڵییان لە ئایەتەکانی ئێمە دەکرد، کەواتە: ئەی بێبڕوواینە! ئێستا وەرن بڕوا بە ڕاستێتیی قوڕئان بێنن و، لێی وردبنەوەو، نکووڵیی لێ مەکەن، ئەگەرنا دوایی ئەوە سزاتانە.

ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە ئـەو بێبڕوایانـە زانیویانە قوڕئـان هەقە، بـەڵام دانیان پێدانەهێنـاوە، چونکـە: ﴿ يَجْحَدُونَ ﴾، واتـە: نکووڵیـی دەکـەن، نکووڵییکـردن ئەوەیـە مـرۆڤ بـە عەقڵ و دڵ بزانـێ ئـەو شـتە ڕاسـتە، بـەڵام بـە زمـان دانـی پێدانەهێنـێ، وەك خـوای بـەرزی مـەزن لـە سـووڕەتی (النَّمـل)دا لـە بـارەی گەلـی فیرعەونـەوە، کـە مووسـا عليه السلام نیشـانەکانی خـوای پەروەردگاریـان بـۆ دێنێ، دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ

ءَايَتُنَا مُبْصِرَةً قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿١٣﴾ وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾ ﴾، واتـە: کاتێـك کـە نیشـانەکانی ئێمەیـان زۆر ڕۆشـن بـوون، (یـان زۆر پـێ بینـەر بـوون، هـۆکاری ئەوەبـوون مـرۆڤ پێیـان ببینـێ)، بـۆ هاتـن گوتیـان: ئـەوە جادوویێکـی ئاشـکراو ڕوونـەو، نکوولّییـان لێکـردن، لـە دەروونـی خۆشـیاندا لێیـان دڵنیابـوون ڕاسـتن، بـەڵام بـە زمـان نکوولّییـان لـێ کـردن، بـە هـۆی سـتەم و خـۆ سـەپاندنەوە، تاکـو ستەمکاریی و خۆسـەپاندنیان بـۆ بـەردەوام بـێ، نەچوونـە ژێربـاری ئـەو موعجیزانـەوە کـە مووسـا ﷺ هێنابوونـی و، دانیـان پێـدا نەهێنـان، چونکـە ئەگـەر دانیـان بـە ڕاسـتیی نیشـانەکانیدا هێنابایـە، دەبووایـە ئەگـەر شـوێن پەیامەکەشـی کەوتبـان، ئنجـا ئەگـەر شـوێن پەیامەکـەی کەوتبـان، فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی ئـەو بـەزم و بـازاڕەی هەیانبـوو، لێیـان تێکدەچـوو، بۆیـە هـەر لـە سـەرەتاوە نکوولّییـان لـە نیشـانەکانی مووسـا ﷺ کـرد، ﴿ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾ ﴾، سـەرنج بدە! سـەرەنجامی تێکدەران چـۆن بـوو؟! ئنجـا ئێسـتاش هەروایـەو، ئێسـتاش کەسـانێکی زۆر لـە حوکمڕانـە خـۆ سـەپێنەکان، چ لـە حیزبـە سیکۆلاریسـتەکان، چ لـە ڕژێمـە سیکۆلاریسـتەکان، چ لـە ڕژێمـە میراتیـی و بنەماڵەییـەکان، چ لـە ڕژێمـە خۆسـەپێنەکان بەهـۆی کودەتـای سـەربازیی و، هێـزی سـەربازیی و، هێـزی موخابەراتیـی، چ بـە هـۆی پەیوەندییـە سیاسـییە خـۆ بەدەسـتەوە دەرەکانیـان، لەگـەڵ زلهێزانـی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا، ئەوانـە نکوولّیـی دەکـەن لـە ڕاسـتیی ئیسـلام، ئەگەرنـا دەزانن ڕاسـتە، بۆچـی نکوولّیی دەکـەن؟ چونکـە ئەگـەر بێنـە ژێربـاری ئیسـلام و پەیامـی خـواوە، پەیامـی خـوا پێـش هەمـوو شـتێك پێیـان دەڵـێ: هەمووتـان بـران، دەبـێ پێکـەوە تەبابـن، هەروەهـا پێیـان دەڵێ: ئـەو خێـرو بێـرەی لـەم وڵاتەدایـە، هـی هەمووتانـە، هـی ماڵێـك و دوو مـاڵان و چەنـد ماڵێـك نیـە، هـی عەشـیرەتێك و حیزبێـك نیـە، هـی چەنـد کەسـێك نیـە، هـی هەمووتانـە، دەبـێ تێیـدا بەشـداربن، نابـێ هیـچ کـەس قۆرخکاریـی بـکات لـە نیعمەتەکانـی خـوادا.

هەروەها دینی خوا ڕێیان لێ دەگرێ لە تەزویرو فرت و فێڵ، لە خۆسەپاندن، لە زەبرو زەنگ، لە چاو سوور کردنەوەی ناهەق لە خەڵك، ئنجا ئاینێك ڕێی ئەوانەیان لێ بگرێ، هەر لە سەرەتاوە نکوولیی لێ دەکەن و، ناچنە ژێرباری.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

داواکردنی بێبڕوایان لە خوای پەروەردگار کە ئەو دووانەی لە مرۆڤ و جند گومڕایان کردوون، پێشانیان بدات، تاکو بیانخەنە ژێر پێیان و، بکەونە ژێری ژێرەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، ئەوانەی بێبڕوان، گوتیان، ئەمە لێرەدا: بە حوکمڕان و شوێنکەوتووەوە، بە سەرکردەو بنکردەوە، ئەوانەی شت بەدەست بوون و، ئەوانەی شوێنکەوتوو و لاساییکەرەوە بوون، هەموویان دەگرێتەوە.

٢)- (ئەوانەی بێبڕوان گوتیان:) ﴿ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا ﴾، پەروەردگارمان! ئەو دووانەی گومڕایان کردین، پێشانمان بدە، توێژەرەوانی قورئان زۆربەیان بۆ وێنە: **(الطبري)** و زۆری دیکەش گوتوویانە: ئەو دووانە (ئیبلیس) و (قابیل)ن، ئیبلیس لەبەر ئەوەی یەکەم کەس بوو سەرپێچیی کرد لە ئاسمان، قابیلیش یەکەم کەس بوو لەسەر زەوی سەرپێچیی لە فەرمانی خوا کردو، برایەکەی خۆی کە هابیلە کوشتی، ئەو دووانەمان پێشان بدە کە ڕێی کوفرو تاوان و خراپەیان بۆ خەڵك شکاندو، ڕەنگی سەرپێچیکردن لە فەرمانی خوایان ڕشت.

بەڵام من پێم وایە: ﴿ ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا ﴾، ئەو دووانەی گومڕایان کردین، واتە: ئەو دوو جۆرەی گومڕایان کردین لە جندو مرۆڤ، نەك دوو کەس، کە ئیبلیس و قابیل بن، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لەو دوو جۆرە دروستکراوەن، چ جند، چ مرۆڤ، ئەوانەمان پێشانبدە، چونکە بە تەئکید هەڵخەڵەتێنراوو شوێنکەوتووەکان زۆر زیاترن لە گومڕاکەرەکان، یانی: جاری وا هەیە کەسێك ئوممەتێك گومڕا

دەکات، کەسێك و دارو دەستەکەی کە کەمینەیەکن، خەڵکێکی زۆر گومڕا دەکەن، کەواتە: گومڕا کراوەکان زۆر زیاترن لە گومڕاکەرەکان، ئەگەر جندن، ئەگەر مرۆڤن، کەواتە: چونکە گومڕاکراوەکان زۆربەن، بە ئاسانیی لەوێ بەرەوەستیان دێن و[1]، دەڵێن: پێشانمان بدە تاکو بیانخەینە ژێر پێمانەوە، هەر کۆمەڵەیەك لە گومڕاکراوەکان، ئەوانەی گومڕایان کردوون لە جندو مرۆڤ، بۆ ئەوەی لەوێ داخی دڵی خۆیانیان پێ بڕێژن.

بەڵگەشم لەو بارەوە کە ئەو دووانە دوو کەسی دیاریکراو نین، بەڵکو دوو جۆرە دروستکراون، ئەوەیە کە خوا لە سوورەتی (الأَنْعَام)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾، واتە: هەروا بە شێوەیە بۆ هەر پێغەمبەرێك دوژمنێکمان ڕەخساندوە، لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جند، هەروەها لە سوورەتی (النَّاس)یشدا خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: ئەوکەسەی کە خوتخوتەو دنەدانی خراپ دەخاتە سینەی خەڵکەوە، لە جندو لە مرۆڤ.

٣)- ﴿ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا ﴾، تاکو بیانخەینە ژێر پێیەکانمانەوە.

٤)- ﴿ لِيَكُونَا مِنَ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴾، تاکو ئەو دوو جۆرە خەڵك هەڵخەڵەتێنەرو گومڕاکەرە لە ژێرەوەبن، واتە: لە ژێر ئێمەوەبن و، بیانخەینە ژێر پێمان.

ئەو گومڕاکراوانە کە دەزانن ئەو گومڕاکەرانە، تووشی چ ڕۆژێکی ڕەش و پڕ مەینەتیی و چ بەد بەختییەکیان کردوون، هیچیان بەدەست نامێنێ ئەوە نەبێ کە بڵێن: خوایە! پێشانمان بدە، بزانین کێ و کێ بوون؟ یان لە کوێن؟ تاکو بیانخەینە ژێر پێ، بەڵام پێموانیە ئەو داوایەشیان وەربگیرێ، چونکە کارەکانی

---

(١) بەردەستیان دێن: پێیان دەوێرن

خوا ﷻ بۆ سزادانی کافرانیش هیچی فەوزاو پاشاگەردانیی نیە، بەڵکو هەر کەسە بۆ خۆی سزای پڕ بە پێستی خۆی دەدرێ، ئەوە نیە کە لەوێدا ببێتە گێژاوو، پاشا گەردانیی، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوان ئەو داوایە دەکەن و، ئەو قسەیە دەکەن، بۆ دەرخستنی توورەیی و، بێزاریی و، زۆر پەستیی خۆیان لەوان، کە ئەگەر بە خستنە ژێر پێش بێ، با تۆزێ تۆڵەیان لێ بکەنەوەو، داخی دڵی خۆیانیان پێ بڕێژن.

ئەمەش بۆ ئەوە خوا ﷻ دەیخاتە ڕوو، کە ئەی ئەو خەڵکەی هەڵدەخەڵەتێن و شوێن ئەو ستەمکارانە دەکەون! ڕۆژێك دێ داوا لە خوا دەکەن ئەو سەرکردانەتان پێشانتان بدات، بیانخەنە ژێر پێ، کەواتە: حەیفەو عەیبە ئێستا ئێوە مەکەونە ژێر پێیان، کاتێك دێ هێندەتان ڕق لێیان هەڵدەستێ، تووشی وەزعێکتان دەکەن، کە ئاوات بخوازن ئەوانە بخەنە ژێر پێی خۆتان، ئنجا ئێستا ئێوە مەکەونە ژێر پێی ئەوان، تاکو ئەو ڕۆژەش ئەو خۆزگەیە نەخوازن!.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە دە (١٠) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتەکانـی: (٣٠ - ٣٩)، لـەم ئایەتانـەدا:

یەکەم: باسی بەندە بڕوادارو ڕاوەستاو و دامەزراوەکانی خوا کراوە، کە فریشتەکان لە دنیاو، لە دوارۆژدا دادەبەزنە سەریان و، موژدەیان پێ دەدەن، ترس و خەم و پەژارەیان لە دڵدا دەڕەوێننەوە.

دووەم: هەر لەم دە (١٠) ئایەتەدا، باسی بانگەوازکارانی ڕێی خواو، خەسڵەتە بنەڕەتییەکانیان کراوە.

سێیەم: ژمارەیەك لە نیشانەکانی خوا، دیاردەو دیمەنە سەرنجڕاکێش و دڵ بزوێنەکانی دەوروبەرو گەردوون، خراونەڕوو، وەك بەڵگە لەسەر پەروەردگارێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی خوا، کە بریتین لە: شەوگارو، ڕۆژگارو، خۆرو، مانگ و، دابەزینی ئاو بۆ سەر زەوی و، زیندووبوونەوەی زەوی و، ڕازاندنەوەی زەوی بە گوڵ و گوڵزارو، ڕووەك و دارو درەخت و، هەموو ئەو شتانەی کە لەسەری دەڕوێن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا
تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ
فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِيٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا
مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ
وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ۚ
ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا

يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ
ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ
وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ لَا تَسْجُدُواْ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ
ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُواْ فَٱلَّذِينَ
عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩ ﴿٣٨﴾ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ
تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ
إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بێگومان ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایە، ئنجا ڕاوەستاوو دامەزراو
بوون (لەسەر ڕاستە شەقامی خوا)، فریشتەکان دادەبەزنە سەریان (خورپەیان
بۆ دەکەن)، کە مەترسن و خەمبار مەبن و، موژدەتان لێ بێ بەو بەهەشتەی
کە پێشتر گفتتان پێ دەدرا ﴿٣٠﴾ ئێمە دۆست و پشتیوانتانین لە ژیانی دنیاو،
لە ژیانی کۆتاییداو، لەوێدا بۆتان هەیە هەرچی دەروونتان بیخوازێ و،
هەرچی داوای بکەن ﴿٣١﴾ ئەوە بژیوێکی میوانداریيە لە لایەن خوای لێبوردەی
میهرەبانەوە (ئامادە کراوە) ﴿٣٢﴾ ئایا قسەی کێ باشترە لە هی کەسێك کە
خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکات و، کردەوەی چاك دەکات و، دەڵێ: من لە
موسوڵمانانم؟ ﴿٣٣﴾ چاکەو خراپەش یەکسان نین، (لە شێوازی بانگەوازدا)، بە
خەسڵەت و شێوازی باشتر خراپەی بەرانبەرەکەت بەرپەرچ بدەوە، لە ئەنجامی
ئەوەدا ئەو کەسەی لە نێوان تۆو ویدا دوژمنایەتیی هەیە، وەك دۆستێکی
نیزیك و دڵسۆزی لێ دێ ﴿٣٤﴾ ئەو خەسڵەتەش تەنیا بە کەسانێك دەدرێ کە

خۆیـان ڕادەگـرن و، تەنیـا بـە کەسـانێك دەدرێ کـە خـاوەن بەشـێکی مەزنـن، (لـە بـڕواو خواپەرسـتیی و ڕەوشـتی بـەرز) ﴿٣٥﴾ هـەر کاتێکیـش لـە شـەیتانەوە دنـەدان و خوتخوتەیەکـت پـێ گەیشـت، پەنـا بـە خـوا بگـرە، بـە دڵنیایـی ئـەو بیسـەری زانایـە ﴿٣٦﴾ لـە نیشانەکانیشـی (بەڵگـەو نیشـانەکانی پەروەردگارێتیـی و تەنیـا پەرسـتراوێتیی خـوا)، شـەوگارو ڕۆژگارو، خـۆرو مانگـن، ئنجـا ئەگـەر بـە ڕاسـتیی خـوا دەپەرسـتن، کڕنـووش بـۆ خـۆرو بـۆ مانگیـش مەبـەن و، کڕنـووش تەنیـا بـۆ ئـەو خوایـە بـەرن کـە ئەوانـی دروسـتکردوون ﴿٣٧﴾ ئنجـا ئەگـەر خۆیانیـان بـە زلگـرت، بێگومـان ئەوانـەی لـە لای پەروەردگارتـن (لـە فریشـتەکان)، بـە شـەوو ڕۆژ پاکیـی بـۆ دەردەبـڕن، ئـەوان مانـدوو و شـەکەتیش نابـن ﴿٣٨﴾ هەروەهـا لـە نیشـانەکانی وی، ئەوەیـە کـە زەوی بـە ملکەچیـی و پەژمـوردەو وشـك دەبینـی، بـەڵام هـەر کات ئاومـان دابەزانـدە سـەری، جووڵـە جووڵـی کـردو زیـادی کـردو هەڵاوسـا، بـە دڵنیایـی ئـەو کەسـەی ژیاندوویەتەوە، ژینـەرەوەی مردووانـە، بێگومـان ئـەو لەسـەر هەمـوو شـتێك توانایـە ﴿٣٩﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱسۡتَقَـٰمُواْ): ڕێـك وەسـتان، (إِسْتِقَامَةُ الإِنْسَانِ: لُزومُـهُ المَنْهَجَ المُسْتَقِيم، الإِقَامَـةُ فِي المَـكَانِ: الثَّبَـاتُ وَالرُّسُـوخُ)، ئیسـتیقامەتی مـرۆڤ: بریتیـە لـەوەی ڕێـی ڕاسـت بگـرێ، (إِقَامَـة) لـە شـوێنێك، بریتیـە لـەوەی لـەو شـوێنەدا بمێنێتـەوەو چەسـپاو بـێ، کەواتـە (إِسْتَقَامُوا) واتـە: لەسـەر ئـەو ڕێیـەی خـوا ﷻ ڕاوەسـتاو بـوون، لەسـەر ئـەو ڕێیـە ڕاسـتەی خـوا چەسـپاو بـوون.

(نُزُلًا): (النُّـزُلُ: مَـا يُعَـدُّ لِلنَّـازِلِ مِـنَ الـزَّادِ)، (نُـزُل): ئەوەیـە بـۆ بابـای دابەزیـو، میوانێـك کـە لـەلای خانەخـوێ دادەبـەزێ و دێ بـۆ لای، ئامـادە دەکـرێ لـە خـواردن و خـۆراك.

(حَمِيمٌ): (الحَمِيمُ: القَرِيبُ المُشْفِقُ، فَكَأَنَّهُ يَحْتَدُّ حِمَايَةً لِذَوِيهِ، وَقِيلَ: الحَامَّةُ وَالعَامَّةُ)، (حَمِيم): نیزیکێکی بە پەرۆش، یاخود خزمێکی بە پەرۆش، وەك ئەو خزمە، ئەو نیزیکە گەرم بێ و تووڕە ببێ، وەك پاراستنێك بۆ نیزیکەکانی، بۆ خزمەکانی، چونکە (حَمِيم) بە مانای ئاوی کوڵاوو داغیش دێ، یانی: ئەو مرۆڤە ئەگەر زۆر دڵسۆزو بە پەرۆش بێ بۆ کەسێك، گەرم دەبێ وەك پارێزگاریی لێکردنی لەو کەسەی بە نیزیك و بە دۆست و بە خۆشەویستی خۆی دەزانێ، بۆیە لە زمانی عەرەبییدا گوتراوە: (الحَامَّةُ وَالعَامَّة) واتە: کەسانی تایبەت بە مرۆڤ و، کەسانی گشتیی، (حَامَّة) ئەوانەن کە لەسەر مرۆڤ هەڵدەدەنێ و، تووڕە دەبن و گەرم دادێن، (عامة)ش یانی: خەڵك بە گشتیی.

(وَمَا يُلَقَّىٰهَآ): نایدرێتێ و پێی نا بەخشرێ (وَمَا يُؤْتَاهَا، وَمَا يُعْطَاهَا)، دەگوترێ: (لَقَّيْتُهُ بِكَذَا أَي اسْتَقْبَلْتُهُ بِهِ) واتە: پێشوازییم کرد لەو کەسە بەو شتە، واتە: ئەو شتەم پێدا، (وَمَا يُلَقَّاهَا) یانی: (وَمَا يُعْطَاهَا) پێی نادرێ و پێی نابەخشرێ ئەو سیفەتە.

(إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ): مەگەر کەسێك کە خاوەن پشك و بەشێکی مەزن بێ (الحَظُّ: النَّصِيبُ المُقَدَّرُ، حَظِظْتُ وَحُظِظْتُ فَأَنَا مَحْظُوظٌ)، (حَظ): بریتییە لە بەشێکی دیارییکراو، دەگوترێ: (حَظِظْتُ) واتە: ئەو شتەم پێ بڕا، (حُظِظْتُ) ئەو شتە بە من درا، (فَأَنَا مَحْظُوظٌ) من خاوەن پشك و بەشم.

(يَنزَغَنَّكَ): (النَّزْغُ: دُخُولٌ فِي أَمْرٍ لِإِفْسَادِهِ)، (نَزْغ): بریتییە لە چوونە نێو کارێك بۆ تێکدانی، ئەگەر بە دنەدان و، خوتخوتە دان و، هاندان بەرەو خراپە لێکبدرێتەوە.

(يَسْـَٔمُونَ): ماندوو نابن، (السَّآمَةُ: المَلَالَةُ مِمَّا يَكْثُرُ لُبْثُهُ)، (سَآمَة): بریتییە لە ماندوو بوون لە شتێك کە زۆر دەمێنێتەوە، واتە: فریشتەکان ماندوو و بێتاقەت و بێزار نابن، بە هۆی ئەوەوە کە هەمیشە سەرگەرمی بە پاکگرتن و ستاییشکردنی خوای بەرزی مەزنن.

(خَٰشِعَةً): زەوی دەبینی بە (خَاشِع)ی، (الخُشُوعُ: الضَّرَاعَة) پاڕانەوەو کڕووزانەوە، (الأَرْضُ الخَاشِعَة) زەویەکی بێ ڕووەك، زەویەکی ڕووتەن، لەبەر ئەوەی ئینسان کە هیچی نەبێ دەلاڵێتەوەو دەکڕووزێتەوە، زەویش کە هیچی لەسەر نەبێ وەك بڵێی حاڵەتی کڕووزانەوەو پاڕانەوەو لالانەوەی هەیە، کە خوا ئاوێك دابەزێنێتە سەری تاکو دووبارە کشتوکاڵ و ڕووەکی لەسەر سەوز بێ.

(ٱهْتَزَّتْ): (الهَزُّ: التَّحْرِيكُ الشَّدِيد، هَزَزْتُ الرُّمْحَ فَاهْتَزَّ)، (هَزّ): بریتیە لە جووڵاندنێکی بەهێز، دەگوترێ: (هَزَزْتُ الرُّمْحَ فَاهْتَزَّ) ڕمەکەم ڕاوەشاند ئەویش ڕاوەشا.

(وَرَبَتْ): زیادی کرد، (رَبَى: أَي زَادَ وَعَلَى)، زەوی کە ئاو دادەبەزێتە سەری، چ باران، چ بەفرو تەرزە، ئەو ئاوە تێکەڵ بەو زەویە دەبێ، بێگومان قەبارەی زەوی هەڵدەستێ و هەڵدەئاوسێ، مەبەست پێی ئەو حاڵەتەیە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

لەم دە (١٠) ئایەتەدا، وەك لە پێناسەکەیدا گوتمان: خوا ﷻ سێ بابەتی سەرەکیی باس دەکات:

١- باسی ئەوانەی لەسەر ڕاستە شەقامی خوا بەردەوامن، کە فریشتەکان دەبنە هاودەم و هاوڕازیان، بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە بێبڕواو خراپەکار بوون و، خوا شەیتانەکانیان دەکاتە هاونشین و هاوڕاز، شەیتانی جندو مرۆڤ، بەڵام ئەوان فریشتەکان دەبنە هاودەم و هاوڕازو هاونشینیان.

٢- باسی بانگەوازە کە دەبێ بە چ شێوەیەك بانگەواز بکرێ و، خەسڵەتە بنەڕەتەکانی بانگەوازکارانی ڕێی خوا کامانەن؟

٣- باسی هەندێ لە نیشانەکانی خوایە، کە هاوکات نیعمەت و چاکەی خوان بەسەر مرۆڤەوەو، نیشانەی تەنیا بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، پەرستراوێتیی خوای بەرزو مەزنیشن.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُواْ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایەو، دواییش ڕاوەستاو و دامەزراو بوون، نە لەخشاو بوون لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە، کە بە وشەی: ﴿رَبُّنَا ٱللَّهُ﴾، تەعبیریان لێکرد، چونکە: ﴿رَبُّنَا ٱللَّهُ﴾، پەروەردگارمان خوایە، ئەوە بۆ خۆی ڕێبازو بەرنامەیەکە لە ژیانداو، بووناسییەکە، کە تۆ خۆت بە پەروەردەکراوو، بەخێوکراوو، دروستکراوی خوایەك دەزانی کە خاوەنی هەموو شتێکە، ﴿ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُواْ﴾، دوایی ڕاوەستاوو دامەزراویش بوون لەسەر ئەوە، ﴿تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ﴾، فریشتەکان دادەبەزنە سەریان، چییان پێ دەڵێن؟ ﴿أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ﴾، (پێیان دەڵێن:) مەترسێن بۆ داهاتوو، پەژارەداریش مەبن بۆ ڕابردوو، یاخود با ترس و خەم و پەژارەتان لە دڵدا نەبێ، ﴿وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾، دڵخۆشبن و موژدەشتان لێ بێ بەو بەهەشتەی پێشتر بەڵێنتان پێدەدرا، واتە: لە دنیادا بەڵێنتان پێدەدرا، یان پێشتر بەڵێنتان پێدراوە.

﴿نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ﴾، ئێمە دۆست و پشتیوانی ئێوەین لە ژیانی دنیاداو، لە ژیانی کۆتاییشدا، ﴿وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ﴾، بۆ ئێوە لەو بەهەشتەدا هەیە، هەر شتێك نەفستان ئارەزووی بکات و بیخوازێ، هەرچی دڵتان ئارەزووی بکات هەیە، ﴿وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ﴾، هەر شتێکیش کە داوا بکەن، لەوێدا بۆتان هەیە، ﴿نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ﴾، ئەوە نازو نیعمەتێکە ئامادە کراوە لەلایەن خوای لێبوردەی بە بەزەییەوە، وەك چۆن کەسێك، خانەخوێیەك، میوانێکی زۆر عەزیزو خۆشەویست دەعوەت دەکات، چی لە توانایدا هەیە لە پێداویستیی و خواردنی جۆراو جۆر،

بۆی ساز دەکات، ئەو نازو نیعمەتەش کە لەو بەهەشتەدا هەیە، میوانداریی کردنی خوای لێبوردەی بە بەزەییە بۆ ئێوە.

ئنجا دێتە سەر بابەتی دووەم، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ﴾، قسەی کێ چاکترە لە هی کەسێك کە خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکات و، کردەوەی باشیش دەکات، واتە: قسەکانی مۆری کردەوەیان پێوەیە، قسەی هەوایی نین، قسە بکات و کاری پێنەکات، ﴿ وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾، دەشڵێ: من لە مسوڵمانانم، لەبەر ئەوەی خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکات و، کردەوەی باش دەکات، بوغرا نابێ و لە خۆبایی نابێ و، لە کەولی خۆی دەرناچێ، کە خۆی لە مسوڵمانان جیابکاتەوە، بەڵکو دەڵێ: من لە مسوڵمانانم و، من لە ملکەچانم بۆ خوا، ﴿ وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ﴾، بە دڵنیایی چاکەکردن و خراپەکردنیش یەکسان نین، واتە: بەکارهێنانی شێوازی چاك، لەگەڵ شێوازی خراپدا، یەکسان نین، بەڵکو دوو شوێنەواری زۆر پێچەوانەی یەکدییان هەیە، بۆیە: ﴿ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ﴾، تۆ بە کام خەسڵەتی چاکترە، قسەو ڕەفتاری خراپی بەرانبەرەکەت پاڵپێوەبنێ، لە سوورەتی (المُؤمِنُونَ)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ﴾، واتە: خراپە بە کام خەسڵەت و سیفەتی چاکترە، پاڵپێوەبنێ، بەڵام لێرە دەفەرموێ: خراپەیەك کە لە بەرانبەرتدا دەگوترێ و دەکرێ، تۆ بە کام ڕەوشت و کام خەسڵەت بەرزترو چاکترە، بەوە ئەو خراپەیە پاڵپێوەبنێ و، وابکە کاریگەریی نەمێنێ، ﴿ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ ﴾، کە تۆ واتکرد، ئنجا دەبینی ئەوەی لە نێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتیی و ناکۆکیی و ناتەبایی هەیە، ﴿ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴾، وەك دۆستێکی زۆر بە پەرۆش و نیزیك و دڵگەرمی لێ دێ بۆ خۆت.

﴿ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ ﴾، بەڵام ئەو سیفەتەش کە بە چاکە، یان بە چاکتر خراپە پاڵپێوە بنێ، نادرێ، مەگەر بە کەسانێك کە خۆڕاگرن، ﴿ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴾، هەروەها نادرێ مەگەر بە خاوەن پشك و

بەشێکی مەزن، واتە: خاوەن پشك و بەشێکی مەزن لە ئیمان و خواپەرستییداو، لە چاکەکاریی و تەقواو خۆ پاك و چاککردن دا، دەبێ ئەوانەت هەبێ، ئنجا ئەو ڕەوشت و خەسڵەتە بەرزە لە تۆدا پەیدادەبێ، کە تۆ لە بەرانبەر خراپەدا چاکە بکەی، یان چاکتر بکەی.

ئنجا لەبەر ئەوەی حاڵەتی بانگەوازو وتووێژ لەگەڵ خەڵك و، دیالۆگ و مشتومڕکردن، ئەگەری ئەوەی هەیە بەرانبەرەکەت هەڵبچێ، یان تۆ هەڵبچی و، قسەیەکی توند بکرێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ﴾، ئەگەر لە شەیتانەوە دنەدانێك، خوتخوتەیەك بە تۆ گەیشت، پەنا بە خوا بگرە، ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، بە دڵنیایی هەر ئەو بیسەری زانایە، قسەکان هەموویان دەبیستێ و، زاناشە بە نێو دڵ و دەروونیشتان.

ئنجا دێتە سەر بابەتی سێیەم، ئەم بابەتانەش هەموویان وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك تێکهەڵکێشن، چونکە: ئەوانە دەڵێن: پەروەردگارمان خوایەو ڕاوەستاو دەبن، کەسێك خوا بە پەروەردگارو خاوەنی خۆی بزانێ، بانگەواز دەکات بۆ لای و، ڕێبازی وی، ئایینی خوای پەروەردگارە، هەروەها بە شێوازێکیش ئەو بانگەوازە دەکات کە شایستەی بەرزی ئەو ڕێبازە بێ، ئنجا یەکێك لە شێوازەکانی بانگەواز ئەوەیە، کە مرۆڤ نیشانەو نیعمەتەکانی خوا بخاتە بەرچاوی خەڵك، وەك من کاتی خۆی لە شێعرێك دا گوتوومە:

سروشت ئاوێنەی تەجەللای خوایە ... باش سەرنجی بدە بزانە چی تیایە

لە ڕێی کرەوە کردگار دەناسرێ ... سرووشت کرێکە کردگاری خوایە

یانی: ئێمە لە ڕێی دروستکراوەکانی خواوە، دەتوانین زیاتر خوا ﷻ بناسین، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴾، لە نیشانەکانی پەروەردگارێتیی خوا، شەوگارو ڕۆژگارو خۆرو مانگن، کە خۆر لە ڕۆژگاردا دیارەو، مانگیش لە شەوگاردا، ﴿ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ ﴾،

کڕنـووش مەبـەن نـە بـۆ خـۆرو، نـە بـۆ مانگیـش، ﴿وَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ﴾، کڕنـووش بـۆ ئـەو خوایـە ببـەن، کـە ئەوانـەی هێناوەتـە دی، ﴿إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾، ئەگـەر ئێـوە بەڕاسـتیی خـوا دەپەرسـتن، ﴿فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُواْ﴾، ئنجـا ئەگـەر خۆیـان بەزلگـرت، لـەوە کـە کڕنـووش بـۆ خـوا بـەرن، ﴿فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ﴾، ئەوانـەی لـەلای پەروەردگارتـن، کـە مەبەسـت پێـی فریشـتە زۆر لـە خـوا نیزیکەکانـە، چـی دەکـەن؟ ﴿يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ﴾، بـە شـەوو ڕۆژ پاکیـی بـۆ خـوا دەردەبـڕن و، مانـدووش نابـن، بـێ تاقـەت و وەڕەزیـش نابـن.

هەڵبەتـە لـە کۆتایـی ئـەم ئایەتـەدا سـەجدەی قورئـان خوێنـدن هەیـە، ئێمـەش لە کاتـی قورئـان خوێندنەکـەدا سـەجدەکەمان بـرد[1]، وەك عـادەتی خۆمـان لـە سـەرجەم شـوێنەکانی دیکـەی سـەجدەی قورئانخوێنـدن بـردن دا.

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً﴾، هەروەهـا لـە نیشـانەکانی خـوا، نیشـانەکانی تەنیـا بەدیهێنەرایەتیی و، تەنیـا پەروەردگارێتیـی و، تەنیـا خاوەندارێتیـی و، پاشـان تەنیـا پەرسـتراوێتیی خـوا، ئەوەیـە کـە: ﴿أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً﴾، تـۆ زەوی دەبینـی ملکـەچ و زەبـوون، ﴿فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ﴾، ئنجـا کاتێـك ئاومـان دابەزانـدە سـەری، جـووڵاو زیـادی کـردو هەڵاوسـا، واتـە: شـیناوردی لـێ دەڕوێ، جۆرەکانـی ڕووەکـی لـێ دەڕوێـن، لـە دارو درەخـت، لـە میوەجـات، لـە تـەڕەکار، لـە سـەوزە، لـە دانەوێڵـە، لـە گژوگیـا، پێشـێ ئـەو زەوییـە ملکەچـەو، زەبوونـە، وەك چـۆن کەسـێك هیچـی نیـە دەکرووزێتـەوەو، دەلاڵێتـەوە شـتێکی پـێ بـدرێ، ئـەو زەوییـە قاقـڕو دێمـەکارو بـێ ڕووەکـەش، هیـچ سـەوزایی لەسـەر نیـەو، هیـچ ژیانـی لەسـەر نیـە، بـەڵام کاتێـك ئاومـان دابەزانـدە سـەری، لـە شـێوەی بـاران و بەفـرو تـەرزەدا، ﴿ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ﴾، جـووڵاو، زیـادی کـردو، هەڵاوسـا، ﴿إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەو کەسـەی زینـدووی کردۆتـەوە، ژیێنـەرەوەی

---

(١) مەبەستە کاتی گوتنەوەی دەرسەکەیە.

مردووانـە، خـوا ئـەو زەوییـە مـردووە زینـدوو دەکاتـەوە سـاڵانە، لـە کاتـی خۆشـیدا مردووانیـش زینـدوو دەکاتـەوە و، ژیێنـەرەوەی مردووانـە، ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەو لەسـەر هەمـوو شـتێك بـە توانایـە.

واتـە: ئـەی خەڵکینـە! لـە ڕێـی نیشـانەکانی خـواوە، خـوای پەروەدگارتـان بناسـن و، لـە ڕێـی پێغەمبەرەکەیـەوە ﷺ گـوێ بـۆ فەرمایشـتەکەی بگـرن و، پابەندبـن بـە بەرنامەکەیـەوە، چونکـە کاتێـك دێ، دوای ئـەوەی دەمـرن، وەك چـۆن خـوا ﷻ سـاڵانە زەوی زینـدوو دەکاتـەوە، بەهـۆی دابەزاندنـی ئـاوەوە، کاتێکیـش دێ کـە ئێـوەش زینـدوو دەکرێنـەوەو، کۆدەکرێنـەوەو، لێتـان دەپرسرێتـەوەو، ڕووبـەڕووی سـزاو پاداشـتی خـوا دەبنـەوە.

کەواتـە: خەڵکینـە! کارێـك بکـەن، خۆتـان بـۆ ئـەو ڕۆژە ئامـادە بکـەن، کارێـك بکـەن وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکان ئامـادە بکـەن، کـە خـوا فەرمـووی: چـۆن ژیـان؟ بڵێـن ئـاوا ژیایـن، کـە خـوا فەرمـووی: کێتـان لـە هەمـوو کـەس زیاتـر خۆشویسـت و، کێتـان لـە هەمـوو کـەس لـە لا بەرزتـرو مەزنتـرو گەورەتـر بـوو، بـۆ کـێ زیاتـر لـە هەمـوو کـەس ملکەچتر بـوون، پشـتتان بـە کـێ دەبەسـت، ڕووی نیـازو مەبەسـتتان لـە کـێ دەکـرد، بەندایەتییتـان بـۆ کـێ دەکـرد؟ بڵێـن ئـەی خـوای پـەروەردگار! بـۆ تـۆ و، شـوێن پێغەمبـەری تـۆ کەوتیـن.

خـوا ﷻ لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی، کـە خـوا لـە دڵ و دەروونیانـدا لـە هەمـوو کـەس بەرزتـرو، شـیرینترو، بەڕێزتـرو، گەورەتـر بـێ و، بـە شـوێن پێـی پێغەمبەرەکەیـداو، بـە گوێگرتـن لـە ئایەتەکانـی، کار دەکـەن لەسـەر ڕۆژ بـە ڕۆژ زیاتـر کامڵـتر کـردن و، قوڵکردنـەوەی ئیمانیـان، تاکـو ئـەو ئیمانـە ببێتـە داینەمۆیـەك و، جووڵێنـەرو بزوێنەرێکیـان کـە لـە ژیانـی دنیایانـدا، ڕاسـتە شـەقامی خـوا بگـرن و لێـی لانـەدەن، تاکـو هـەم لـە دنیـادا سـەربەرزو سـەرفراز بـن، هـەم لـە دواڕۆژیشـدا ڕوو سـووری بـەر دەرگای خوابـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

دابەزینی فریشتەکانی خوا ﷻ بۆ سەر بڕوادارانی ڕاوەستاوو نەلەخشاوو، ئیلهام بۆ کردنیان، کە ترسیان لەسەر نیەو، با خەم و پەژارەیان نەبێ و، بە بەهەشت و پاداشتی خوا دڵخۆشبن، ئەوانیش (واتە: فریشتەکان) لە ژیانی دنیاو دوارِۆژدا دۆست و پشتیوانیانن و، ئەو بەهەشتەی گفتیشیان پێدراوە، هەرچی ئارەزووی بکەن و، بیخوازن تێیدایە، وەك کەل و پەل و پێداویستیی ئامادەکراو بۆ میوان، ئەویش لە لایەن خوای لێبوردەی میهرەبانەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایە.

٢)- ﴿ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟﴾، دوایی ڕاوەستاو بوون و، دامەزراو بوون، واتە: دامەزراوو ڕاوەستاو بوون لەسەر نێوەڕۆکی ئەوەی گوتیان، ئەوە کە گوتیان: پەروەردگارمان خوایە، وشەی (رَبّ) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای پەروەردگارو، خاوەن و، مشوورخۆرو پەرستراو دێ، واتە: پەرستراوو، مشوورخۆرو، خاوەن و، ژیێنەرو مرێنەری ئێمە، خوایە، ڕاوەستاوییش لەسەر نێوەڕۆکی ئەوە، واتە: لە خۆدا بەرجەستەکردنی ئەو ڕاستییانە،

کە ئەو مرۆڤانە جگە لە خوا، کەسی دیکە بە خاوەن و، پەروەردگارو، مشوورخۆرو، گەورەو سەروەری خۆیان نازانن، وشەی (ثُمَّ)ش لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی پلەییە، ﴿ثُمَّ اسْتَقَامُوا﴾، واتە: ئەو وشەیە دەڵێن، بەڵام گرنگترو گەورەتر لەوەش ئەوەیە کە ڕاوەستاوو، دامەزراون لەسەر نێوەڕۆکی ئەو قسەیەی کردیان، نەك تەنیا لەسەر گوتنەکەی، چونکە ئەگەر هەزار جار بکوترێ: (رَبِّيَ الله)، یان (رَبُّنَا الله)، بەڵام لە ژیانی کردەییدا ئەوە بەرجەستە نەکرێ، هیچ سوودێك بە خاوەنەکەی ناگەیەنێ و، خوای پەروەردگاریش هیچ نرخ و بەهایەکی بۆ دانانێ.

پێناسەیەکی (إسْتِقَامَة):

(إسْتِقَامَة) یانی چی؟!

١- یەکێك لە زانایان ئاوا پێناسەی دەکات دەڵێ: (**الإِسْتِقامَةُ: هِيَ الثَّباتُ عَلَى شَرَائِطِ الإِيْمَانِ بِجُمْلَتِها، مِنْ غَيْرِ إخْلالٍ بِشَيْءٍ مِن أَقْسَامِهَا**)، (**إسْتِقَامَة**): بریتیە لە چەسپاویی لەسەر مەرجەکانی ئیمان بە تێکڕایی و، بێ ئەوەی هیچ کام لە بەشەکانی بپەڕێنرێن، واتە: بە کۆی هەل و مەرجەکانی ئیمانەوە پابەندیی بکرێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (**إسْتِقَامَة**).

هەڵبەتە وشەی (**إسْتِقَامَ**) لە کرداری (**قَامَ**)ەوە هاتووە، بەڵام (**سین**) و، (**تاء**) ی بۆ زیاد کراوە، (**قَامَ**) واتە: ڕاوەستا، (**إسْتَقَامَ**) واتە: باش ڕاوەستا، چونکە بنچینەیەك هەیە لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (**زِيَادَةُ المَبْنَى، تَدُلُّ عَلَى زِيَادَةِ المَعْنَى**)، وشەیەك کە پیتەکانی زیاتربن، مانایەکەشی بەهێزترە، (**قَامَ**) واتە: هەڵسا، (**إسْتَقَامَ**) باش ڕاوەستاو هەڵسا، ئنجا ئەو ڕاوەستان و هەڵسانە، مەبەست پێی ڕاوەستانی ماددیی و بەرهەست نیە، بەڵکو مەبەست پێی ڕاوەستاویی و نەلەخشاوییە لەسەر ڕاستە شەقامەکەی خوا.

٢- هەندێکی دیکە لە زاناو شارەزایان لە پێناسەی (**إسْتِقَامَة**)دا گوتوویانە: (**الإِسْتِقَامَة: الإِقْرارُ بِالرُّبُوبِيَّةِ وَالقِيَامُ بِوَظَائِفِ العُبُودِيَّة**)، واتە: ئیستیقامەت: دانپێداهێنانە بە پەروەردگارێتیی خواداو، هەڵسانە بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی بەندایەتیی بۆ خوا.

٣- هەندێکی دیکە (إِسْتِقَامَة)یان ئاوا لێکداوەتەوە: (العِلْمُ: اليَقِيْنِي بِرُبُوبِيَّة الله، وَالعَمَلُ بِمُقْتَضى ذَلِكَ العِلْمِ)، (إِسْتِقَامَة): بریتیە لە زانیاریی جێی دڵنیایی هەبوون بە پەروەردگارێتیی خواو، کارکردنیش بەپێی داخوازیی ئەو زانیارییە.

شـایانی گوتنیشـە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُواْ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی گوتیـان: پەروەردگارمـان خوایـە، دواییـش ڕاوەسـتاوو دامـەزراو بـوون، ئەمـە هەمـووی دەبێتـە نیهـاد (مُبْتَـدَأ) و، گـوزارە (خَبَر)کـەی دوایـی دێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ﴾، فریشـتەکان دادەبەزنـە سـەریان.

ئێسـتاش بـا سـەرنجی چەنـد قسـەیەکی عاریفێـکی گـەورەی پسـپۆڕ لـە بـواری خـۆ پـاك و چاککـردن (تزکیـة النفـس)دا بدەیـن:

(إبـن عجیبـة)، خاوەنـی: (البَحْـرُ المَدِيـد فِي تَفْسِـيرِ كِتَـابِ اللـهِ المَجِيـد)[١]، چەنـد قسـەیەکی جـوان دێنـێ، لـە بـارەی چەمـك و واتـای (إِسْـتِقَامَة)ەوە:

یەکەم: (إِسْتَقَامُوا عَلَى دَوَامِ الشُّهُودِ وَانفِرَادِ القَلْبِ بِالمَعْبُودِ)، واتە: بەردەوام بوون و، ڕاوەستاو بوون لەسەر بەردەوام بینینی خوا بە دڵ و، دڵ یەکلابوونەوە بۆ پەرستراو، کە ئەو دڵە تەنیا خۆشەویستیی و سام و هەیبەت و تەسلیم بوونی خوای پەروەردگاری تێدابێ.

دووەم: (إِسْتَقَامُوا عَلَى تَصْفِيَة العَقْدِ، ثُمَّ فِي تَوْفِيَةِ العَهْدِ، ثُمَّ فِي دَوَامِ القَصْدِ، ثُمَّ فِي دَوَامِ الوَجْدِ)، واتە: ڕاوەستاو بوون لەسەر ئەوەی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ خوادا کردوویانە ساف بکەنەوەو، خڵتەی پێوە نەهێڵن، دوایی ئەو پەیمانەی لەگەڵ خوادا بەستوویانە، پەیمانەکە بە تەواویی جێبەجێ بکەن، دوایی ئەو نیازو مەبەستە کە لە دڵیاندا هەیە (کە بریتیە لە خوا پێ مەبەست بوون)، لەسەر ئەو نیازو مەبەستە سارد نەبنەوەو، بەردەوامبن، دواییش بەردەوام ئەم حاڵەتی دڵ کوڵین و، گەرم و گوڕیەیان بۆ خوای پەروەردگار بەردەوام بێ.

---

(١) ج٦، ص٣٤٤.

سێیەم: (**إِسْتَقَامُوا بَأَقْوَالِهِمْ، ثُمَّ بِأَعْمَالِهِمْ، ثُمَّ بِصَفَاءِ أَحْوَالِهِمْ فِي وَقْتِهِمْ وَفِي مَآلِهِم**)، واتە: ڕاوەستاو بوون بە قسەکانیان، دوایی بە کردەوەکانیان، دوایی بەبێ خلتەیی و سافیی حاڵەکانیان، هەم لە کاتی ئێستایان داو، هەم لە ئایندەشیاندا.

چوارەم: (**دَامُوا عَلَى طَاعَتِهِ، وَاسْتَقَامُوا فِي مَعْرِفَتِهِ، وَهَامُوا فِي مَحَبَّتِهِ، وَقَامُوا بِشَرَائِطِ خِدْمَتِهِ**)، واتە: بەردەوام بوون لەسەر فەرمانبەرییکردنی و، ڕاوەستاو بوون لە ناسینی داو، لە خۆشویستنیدا سەراسیمە بوون، (واتە: ئاگایان لە دەوروبەریان نەماوە)و بە مەرجەکانی خزمەتکردنی و، جێبەجێکردنی فەرمانەکانی هەڵساون.

٣)- ﴿ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ﴾، [بە دڵنیایی ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایەو، دواییش ڕاوەستاوو، دامەزراو بوون لەسەر ئەوە]، فریشتەکان دادەبەزنە سەریان.

٤)- ﴿ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ ﴾، کە مەترسن و خەمبارو پەژارەدار مەبن.

ئەمە (**مَقُول قَولٍ مَحْذُوف**)، گوتراوی قسەیەکی فرتێنراوە، یانی: (**قَائِلِينَ لَهُم**)، پێیان دەڵێن: ﴿ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ ﴾، مەترسێن و، خەمبارو پەژارەداریش مەبن، واتە: بۆ داهاتوو مەترسێن و، بۆ ڕابردووش پەژارەدار مەبن.

٥)- ﴿ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾، دڵخۆشیش بن، موژدەتان لێ بێ بەو بەهەشتەی موژدەتان پێدەدرا، کە پێشتر لە کتێبی خوادا خوێندووتانەتەوەو، گوێبیستی بوون، موژدەتان لێ بی ئەو بەهەشتەشتان مسۆگەرە.

زانایان باسی ئەوەیان کردوە کە ئایا ئەو دابەزینی فریشتان بۆ سەر بڕواداران، چ وەختێکە؟ هەندێکیان گوتوویانە: لە کاتی گیانەڵاو گیان کێشران و مردن دایە، هەروەها کاتێ جەستە دەخرێتە نێو گۆڕو، لە کاتی زیندووکرانەوەدایە، واتە: لەو سێ حاڵەتەدایە.

هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست ئەوە نیە: لە کاتی مردن و، لە کاتی خرانە نێو گۆڕو، لە کاتی زیندوو کرانەوەدا، بەڵکو فریشتەکان لەگەڵ بڕوادارانـدان

لـە هەمـوو حاڵەتانـدا، وەك ئایەتەکـەش هـەروا دەگەیەنـێ و منیـش ئـەو ڕایـەم پـێ ڕاسـتەو ڕواڵـەتی بێـژەکانی ئایەتەکانیـش هـەر ئـەوە دەگەیەنـێ.

٦)- ﴿ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، ئێمە دۆست و پشتیوانی ئێوەین لە ژیانی دنیاداو، لە داڕۆژیشدا، واتە: خوای پەروەردگار فریشتەکان ئەو مەخلووقە پاك و بێگەردو چاکانەی تەرخانکردوون، کە سەروبەری کاروباری مرۆڤەکان بکەن، هەر کەسە بە پێی خۆی، چونکە کافرەکانیش هەر فریشتەکان گیانیان دەکێشن و، هەر ئەوانیش لە قۆناغی بەرزەخدا سزایان دەدەن، هەروەك چۆن فریشتەکان گیانی بڕواداران دەکێشن و، لە قۆناغی بەرزەخدا نازو نیعمەتیان بۆ دێننە پێش و، قسەی خۆشیان لەگەڵ دەکەن، هی بێبڕوایانیش هەر وایە، بەڵام بە پێچەوانەی حاڵی بڕوادارانەوە.

کەواتـە: فریشـتەکان لەگـەڵ بـڕواداران دان، وەك دۆسـت و پشـتیوان و نیزیـك و مشـوورخۆر، لـە دنیـاو، لـە دواڕۆژدا، ئنجـا مانـای وایـە: کاتـی مردنیـش دەگرێتـەوەو، کاتـی گیـان کێشـران و، کاتـی خرانە ئێو گۆڕیـش دەگرێتـەوەو، کاتـی زیندووکرانەوەش دەگرێتـەوە، بـەڵام جگـە لـەو کاتانـەش هـەر دەگرێتـەوە.

کـە دەڵێـن: ﴿ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ ﴾، (خَوف) ئـاوا پێناسـە کـراوە: (**الخَوْفُ: غَـمٌّ فِي النَّفْـسِ يَنْشَـأُ عَـنْ ظَـنِّ حُصُـولِ مَكْـرُوهٍ شَـدِيدٍ**)، تـرس (خـوف) بریتیـە لـە گرێیـەك کـە لـە دڵـدا پەیـدا دەبـێ، بەهـۆی گومـان بـردن بـە پەیدابوونـی خراپەیـەك لـە داهاتـوودا.

(**حُزن**)یـش ئـاوا پێناسـە کـراوە: (**الحُـزْنُ: غَـمٌّ فِي النَّفْـسِ يَنْشَـأُ عَـنْ وُقُـوعِ مَكْـرُوهٍ، بِفَـوَاتِ نَفْـعٍ، أَوْ حُصُـولِ ضُرٍّ**)، پـەژارە (حُـزن): بریتیـە لـە گـرێ و ناڕەحەتییـەك کـە لـە دڵـدا پەیدادەبـێ، بـە هـۆی چاوەڕێکردنـی هاتنـە دی شـتێکی خـراپ، کـە سـوودێکت لـە دەسـت بچـێ، یاخـود زیانێکـت بەسـەر بـێ.

کەواتـە: فریشـتەکان کـە دەبنـە هـاوڕازو هاونشـینی بـڕواداران، تـرس و دڵەڕاوکەیـان بـە نسـبەت داهاتـووەوە لـە دڵ و دەروون دەردێنـن و، خـەم و پـەژارەو

مەراقیشیان بە نسبەت ڕابردووەوە لە دڵ دەرداوێن، سەرەنجام دڵ و دەروونیان پاك دەكەنەوە لە ترس و لەرزو دڵەڕاوكە، بەنسبەت داهاتووەوە، لە غەم و پەژارەش بە نسبەت ڕابردووەوە.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ﴾، ئێمە دۆست و پشتیوانی ئێوەین لە ژیانی دنیاو، لە دواڕۆژیشدا، واتە: لە هەردوو مەنزڵگاكاندا ئێمە مشوورخۆرتانین، كاروبارەكانتان بەڕێوەدەبەین.

٧)- ﴿ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴾، موژدەشتان لێ بێ بەو بەهەشتەی بەڵێنتان پێدەدرا، بۆ ئێوە لەو بەهەشتەدا هەیە، هەر شتێك نەفستان ئارەزووی بكات، هەر شتێك دڵتان بۆی بچێ و، دەروونتان بیخوازێ، هەروەها هەر شتێكیش داوای بكەن.

﴿ تَدَّعُونَ ﴾، (**إِفْتِعَالٌ مِنَ الدُّعَاء**)، (**إِدِّعَاء**) لەسەر وەزنی (**إِفْتِعَال**)ە، لە (**دُعَاء**)وە هاتوە، (**دُعَاء**) یانی: (**طلب**) داواكردن، (**إِدِّعَاء**) كە حاڵەتی (**إِفْتِعَال**) ەكەیەتی، واتە: زۆر داواكردن، یانی: هەر شتێك ئێوە بە ئاواتی دەخوازن بۆتان دێتە دی، كەواتە: فریشتەكان موژدەیان پێدەدەن كە بۆ ئێوە لەو بەهەشتەدا هەیە، هەر شتێك هەستەوەرەكانتان لەززەتی لێ بكەن، چاو لەززەت لە بینینی بكات و، گوێ لەززەت لە بیستنی دەنگی خۆشی بكات، هەروەها هەستەكانی دیكە، هەستی تامكردن (**ذوق**) و، بۆنكردن (**شم**)و، دەست لێدان (**لَمس**)، وێڕای ئەوەش بۆ ئێوە هەیە، هەر شتێك كە بە دڵتاندا بێ و، بە ئاواتی بخوازن، یانی: هەرچێ كە لە دڵتاندا دێ و دەچێ، با لەبەرچاویشتان نەبێ، بەڵام هەر بەدڵتان دابێ، لەوێدا خوای پەروەردگار بۆتان فەراهەم دێنێ و، دەستەبەری دەكات.

٨)- ﴿ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴾، تا ئەو نازو نیعمەتە هەمووی میوانداریيە، لەلایەن خوای لێبوردەی بەبەزەییەوە، چونكە وشەی (**نُزُل**) دەڵێ: (**والنُزُل: ما يُهَيَّأُ لِلضَيْفِ مِنَ

القِرَى، وهو مُشْتَقٌ مِنَ النُّزُولِ؛ لِأَنَّهُ كَرامَةُ النَّزِيلِ، وهو هُنا مُسْتَعارٌ لِما يُعْطَوْنَهُ مِنَ الرَّغائِبِ سَواءٌ كانَتْ رِزْقاً أمْ غَيْرَهُ)، واته: (نُزُل) ئەوەیە کە بۆ میوان ئامادە دەکرێ و، خزمەتی میوانی پێ دەکرێ، ئەم وشەیە لە (نُزُول)، داتاشراوە واتە: دابەزین، چونکە ئەوەی بۆ میوان ئامادە دەکرێ، تاکو خزمەتی میوانەکەی پێ بکرێ، ڕێز لێکرتنە بۆ بابای دابەزیو، واتە: عادەت وابووە ئەو کەسەی میوان بووە سواری وڵاخێك بووە، دوایی دابەزیوە لە لای خانەخوێیەکە، بۆیە پێیان کوتوە: (نَزِیل) دابەزیو، بە میوانیان کوتوە: (نَزِیل)و، بەوەی کە بۆشی ئامادە کراوە، پێیان کوتوە: (نُزُل)، لێرەدا (نُزُل) واتە: ئەو خواردنەی بۆ میوان ئامادە دەکرێ، خوازراوەتەوە بۆ هەر شتێك کە پێیان بدرێ بە بەهەشتییەکان، لەوەی ئارەزووی دەکەن، ئنجا لە خواردن و خۆراك بێ، یان بەرگ و پۆشاك بێ، یاخود ئامرازی سواریی بێ، یاخود هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ لەززەتیان لێ دەکات و، پێی خۆشن، واتە: مەرج نیە، تەنیا مەبەست پێی خواردن و خواردنەوە بێ.

کورتە باسێک لە بارەی

هاوەڵێتیی فریشتان بۆ بڕواداران و، شەیتانەکان بۆ بێبڕوایان

لـە سـووڕەتی (**الأعراف**)یشـداو، ڕەنگـە لـە شـوێنی دیکەشـدا کـەم و زۆر، باسـی ئـەو بابەتەمـان کـردوە، کـە فریشـتەکان هـاودەم و هـاوڕازو هاونشـین و، دۆسـت و نیزیکـی بڕوادارانـن و، شـەیتانەکانیش هـاودەم و هـاوڕازو هاونشـین و، دۆسـت و نیزیکـی بێبڕوایەکانـن، ئـەم کورتـە باسـەش لـە چـوار بڕگـەدا، دەخەینـە ڕوو:

ا- هەر دروستکراوێك لە شێوەی خۆی و، بە گوێرەی سرووشتی خۆی، دروستکراوانی دیکە، بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات و، بە لاشـیاندا پەلکێش دەکرێ:

بـۆ نموونـە: گـوڵ بولبـول پەلکێـش دەکات، بولبـول بـە لای گوڵـدا پەلکێـش دەکـرێ، هەمیشـە بولبـول و گـوڵ پێکـەوە بـاس دەکرێـن، بولبـول کـە باڵندەیەکـی نـەرم و ناسـکە، زۆر دەنگخۆشـە، مەگـەر چـۆن دەنـا بولبـوول بـۆ سـەر گوڵـەوە نەبێ نانیشـێ، ئنجـا لەسـەر ئـەو گوڵـە ئـاوازی خـۆش دەخوێنـێ و، دەچریکێنـێ و، دەجریوێنـێ، شـاعیرێکی فـارس دەڵـێ:

بُلْبُل أزفَيضِ گُل آموخت سُخَنْ ورُنَه نَبود
إين هـمه قَوْل وغَـزَل تعبيه در منقارش

دەڵـێ: بولبـوول لـە خۆشویسـتنی گوڵـەوە فێـری قسـەکردن بـوو، ئەگەرنـا ئـەو هەمـوو شـیعرو سروودە لـە دەندووکـی ویـدا شـێردراوە نەبـوون، بەڵام خۆشەویسـتیی گـوڵ و جوانیـی گـوڵ بولبوولـی هێنایـە گـۆ، کـە هەمیشـە دەجریوێنـێ و دەچریکێنـێ و، بـە ئـاوازی خـۆش دەخوێنـێ!

هەروەها هەنـگ و شـیلەی گـوڵان، هەنـگ کـە مەخلووقێکـی چاکـەو، سرووشـتەکەی پاکـە، دەگـەڕێ لـە کـوێ شـیلەی چرۆی گوڵێـك هەبـێ، دەیمـژێ و، دوایـی هەنگوینـی لـێ دروسـت دەکات، واتـە: ئـەو دووانـەش پێکـەوە سرووشـتیان لێـك نیزیکـە، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە: مێشـە ڕەشـە بەسـەر شـتی پیسـەوە نەبـێ نانیشـێ، ئـەو مێشـە ڕەشـەی کـە مـرۆڤ بێـزارو جـاڕز دەکات، هـەر دەفـڕێ و دێتـەوە، کـە هەندێـك دەڵێـن: (سُمِّيَ الذُّبَابُ ذُبَابَاً لأنَهُ كُلَّمَا ذُبَّ آبَ)، مێـش بۆیـە پێـی گوتـراوە: (ذُبَاب) بـە عەرەبیـی، چونکـە هەتـا دەردەکـرێ هـەر دێتـەوە، (ذُبَّ) یانـی: (طُرِدَ)، دەرکـرا، (آبَ) یانـی: (رَجَعَ)، گەڕایـەوە، مێـش ئەگـەر لـە نێـو گـوڵ و گوڵزارێـك بەرهەڵـدای بکـەی، بەسـەر هیـچ گوڵێکـەوە نانیشـێت، دەگـەڕێ لـە کـوێ خاڵێکـی پیسـی ڕەش هەیـە، بـە ئەوێـوە دەنیشـێ، سرووشـتەکەی وایـە، ئەویـش لـە قـەدەر سرووشـتی خـۆی شـت پەلکێـش دەکات و، بـە لای شـتەوە پەلکێـش دەبـێ.

هەروەهـا قالۆنچـەو ڕیـخ، یـان شـیاکە، قالۆنچـە ڕەشـە، ڕیـخ و شـیاکە دەکاتـە گلۆڵـە، دەیکاتـە تـۆپ و، وەپێـش خـۆی دەدا، بـە تایبەتـی ئەوانـەی لـەلادێ بـوون ئـەو دیمەنـە زۆر شـتێکی بەرچـاوە، ئـەوە بـە نسـبەت ژیاندارانـەوە.

هەروەهـا بـۆ بـێ ژیانانیـش، موگناتیـس مـاددەی ئاسـن پەلکێـش دەکات و، بـە لای مـاددەی ئاسـندا پەلکێـش دەبـێ، بـەڵام موگناتیـس نـە فافـۆن، نـە مـس، نـە زێـڕو، زیـو، نـە تەختـە، ئەوانـە بـەلای خۆیـدا ڕاناکێشـێ و، بەلاشـیاندا کێـش ناکـرێ.

لەو بارەوە پەندیش زۆرن، بۆ وێنە:

پەندێکـی عەرەبیـی هەیـە، دەڵـێ: (الطُّيُورُ عَلَى أَشْكَالِهَا تَقَعُ)، واتـە: باڵنـدەکان لەگـەڵ شـێوەی خۆیانـدا دەگونجێـن و، لەگـەڵ شـێوەی خۆیانـدا دەبـن، کۆتـر لەگـەڵ کۆتـر، کـەو لەگـەڵ کـەو، هەرگیـز نەبینـراوە کۆتـر لەگـەڵ کـەو، یـان مراویـی لەگـەڵ سیسـارك، یـان بولبـول لەگـەڵ لەقلـەق، نەخێـر، بەڵکـو بولبـوول لەگـەڵ بولبـوول و، لەقلـەق لەگـەڵ لەقلـەق و، کـەو لەگـەڵ کـەوو، کۆتـر لەگـەڵ کۆتـر.

پەندێکی دیکەی عەرەبیی هەیە، دەڵێ: (**لا تَسأَلْ عَنِ المَرءِ وَسَلْ عَنْ قَرِينَهُ، فَكُلُّ قَرِينٍ بِالْمُقَارِنِ يَقْتَدِي**)، واتە: لە مرۆڤ مەپرسە کێیە، لە هاوەڵەکانی بپرسە؟ چونکە هەر کەسە چاو لە هاوەڵی خۆی دەکات، یاخود هەر کەسە هاوەڵی لە قەدەر خۆی دەدۆزێتەوە.

هەروەها پەندی کوردییشمان لەو بارەوە هەن، بۆ وێنە:

١- دەڵێن: (دیزە خلۆربۆوە دەرخۆنەی دیتەوە)، دەرخۆنە شتێك بووە لەسەر دیزەیان داناوە، سەری دیزەکەیان پێ گرتوە.

٢- دەڵێن: (کورتە کەژێ لێك دەهەژێ).

٣- دەڵێن: (تەیری گول عاشقی داری ژەقنەمووتە).

کەواتە: ئەوە شتێکی سەلمێنراوە کە دروستکراوەکان، هەر کامێکیان دەگەڕێ بۆ هاوشێوەی خۆی، وەك گوتراوە: (**يُحْشَرُ الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ**)، واتە: مرۆڤ لەسەر ڕێبازی دۆست و خۆشەویستەکەی خۆی کۆدەکرێتەوەو، بەرێ دەکرێ {بەرەو بەهەشت، یان بەرەو دۆزەخ}، ئنجا یەکێك لە ئێوە با جوان سەرنج بدات، لەگەڵ کێدا دۆستایەتیی دەگرێ و، کێی خۆشدەوێ و، بەرەو کێ پەلکێش دەبێ، هەر کەسە لەگەڵ دۆست و ڕەفیق و نیزیکەکانی خۆیدا کۆ دەکرێتەوە، تۆ کەسێکت خۆشبوێ و سەرسام بی بە ڕێبازەکەی و، بە شێوازەکەی و، بەوەی لەسەری دەڕواو، ئەو شێوە ژیانەی پێی دەژیی، تۆش لەگەڵ ئەودا دەبی، ئنجا ئەگەر چاك بێ، یان خراپ.

٢- بروادارانی پارێزکار لەگەڵ فریشتاندا نیزیك و هاونشینن:

ئەم ڕاستییە لە زۆر جێی قورئاندا خوای کارزان و میهرەبان خستوویەتە ڕوو، کە ئینسانی بڕوادار، هەتا ئیمانەکەی باشتربێ و، هەتا زیاتر ئەهلی ئیمان و پارێز بێ، لەگەڵ فریشتە پاك و چاکەکانی خوای پەروەردگاردا نیزیکترەو، فریشتەکان زیاتر لێی نیزیك دەبن و، زیاتر دەتوانن بەهرەی پێ بگەیەنن، چونکە مرۆڤ هیچ بەهرەیەك بە فریشتەکان ناگەیەنێ، بەڵکو مرۆڤ بەهرە وەردەگرێ لە فریشتان، ئنجا بە ئەندازەی ئیمان و تەقوای، مرۆڤ بەهرە لە فریشتەکان وەردەگرێ، لەو بارەوەش بەڵگە زۆرن، بۆ نموونە:

١- لە سوورەتی (**فُصِّلَتْ**)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایە[1]و، دواییش ڕاوەستاوو، نەلەخشاو بوون، ئەوانە فریشتەکان دادەبەزنە سەریان، پێیان دەڵێن: ﴿أَلَّا تَخَافُوا۟﴾، پێشێ ترس و دڵەڕاوکەی داهاتوویان لە دڵدا لادەبەن، ﴿وَلَا تَحْزَنُوا۟﴾، ئنجا دڵیان مشت و ماڵ دەکەن و، پاکی دەکەنەوە لە غەم و پەژارەی ڕابردوو، دواییش هەر بەوەندە لێیان ناگەڕێن، ﴿وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾﴾، دڵخۆشیشیان دەکەن بەو بەهەشتەی کە پێشتر بەڵێنیان پێدراوە، دواییش بۆیان تەئکید دەکەنەوە، ﴿نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ﴾، ئێمە دۆست و نیزیك و پشتیوانتانین لە ژیانی دنیاو، لە دوارۆژیشدا.

---

(١) ئەوەی گوتوویانە ئەو حەقیقەتە لە دڵیاندا هەبووە، ئەگەرنا گوتنی بە زمان هیچ نیە، بەڵام دوای ئەوەی لە دڵدا چەسپاوە، ئنجا بە زمانیان گوتراوە، ئەگەرنا گوتراوێك لە دڵدا چەسپاو نەبێ، خاوەنەکەی لێی بەهرەمەند نابێت.

بۆیـە ئەوانـەی وایـان لێکداوەتـەوە کـە تەنیـا لـە کاتـی سـەرەمەگدا فریشـتەکان دادەبەزنـە سـەر بـڕواداران و، لـە کاتـی خرانـە نێـو گـۆڕو، لـە کاتـی زیندووکرانـەوەدا، لـە ڕاسـتییدا چەمـك و واتـای ئایەتەکەیـان زۆر بەرتەسـك کردۆتـەوە، بەبـێ بەڵگـە، چونکـە خـوای پـەروەردگار لەسـەر زاری فریشـتەکان دەفەرمـوێ: ﴿ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ ﴾، ئێمـە دۆسـت و پشـتیوانی ئێوەیـن، لـە کـوێ؟ ﴿ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، کەواتـە: فریشـتەکان هـەر لـە سـەرەتای ژیانـی دنیـاوە تاکـو کۆتایـی دۆسـت و پشـتیوانمانن، ﴿ وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾، لـە مەنزڵـگای کۆتاییشـدا، لەوێـش فریشـتەکان هـەر لەگـەڵ بڕوادارانـدان، مشـووریان لـێ دەخـۆن و، سەرپەرشـتییان دەکـەن، لـە دنیـادا سـینەیان گوشـاد دەکـەن و، دڵیـان خـۆش دەکـەن و، شـتی چاکیـان فێـر دەکـەن و، لـە خراپـە دەیانگێڕنـەوەو، خراپەیـان لـەلا قێـزەون دەکـەن و، چاکەیـان لـەلا شـیرین دەکـەن و، تاعەتیـان بـۆ ئاسـان دەکـەن و، لـە بەرانبـەر دوژمنـدا دڵیـان بەهێـز دەکـەن، وەك دوایـی باسـی دەکەیـن.

٢- بەڵگەیەکی دیکە لەو بارەوە کە بڕوادارانی پارێزکار لەگەڵ فریشتاندا نیزیك و هاونشینن، ئەو ئایەتە موبارەکەیە کە خوا لە سوورەتی (الأَنْفَال)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِذْ يُوحِى رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّى مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ سَأُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ فَٱضْرِبُوا۟ فَوْقَ ٱلْأَعْنَاقِ وَٱضْرِبُوا۟ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ ﴿١٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٣﴾ ﴾، واتە: یاد بکەوە کاتێك پەروەردگارت سروشی دەکرد بۆ فریشتەکان، (واتە: بە شێوەی پەنامەکیی و پەنهان پێی دەفەرموون و، پێی ڕادەگەیاندن)، کە من لەگەڵتانم، ﴿ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئێوەش، ئەوانەی بڕوادارن بیانچەسپێنن، دڵیان بچەسپێنن و، پێیان بچەسپێنن و، ورەیان بەرز بکەنەوە، ﴿ سَأُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ ﴾، بە دڵنیایی من ترس و بیم دەخەمە دڵی ئەوانەی بێبڕوان، ئەویش هەر لە ڕێی فریشتەکانەوە خوا ترس دەخاتە دڵی بێبڕوایان و، دامەزراویی و نەلەخشاوییش دەخاتە دڵی بڕوادارانەوە.

٣- بەڵگەیەکی دیکە لەو بارەوە، ئەوەیە کە خوا لە سوورەتی (غَافِر)دا، دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟ وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٧﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی کە عەرش هەڵدەگرن و، ئەوانەش کە بە دەوری عەرشەوەن، بە ستایشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاك دەگرن و، بڕوای پێ دێنن و، داوای لێبوردن دەکەن بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە، دەڵێن: پەروەردگارمان! زیانیاریی و بەزەیی تۆ هەموو شتێکی گرتۆتەوە، لەوانە ببوورە کە بەرەو لای تۆ گەڕاونەوەو، شوێن ڕێبازەکەت کەوتوون، لە سزای کڵپەی دۆزەخ چەپاڵەیان بدەو بیانپارێزە.

کەواتـە: بـەردەوام هەڵگرانـی عەرشـی خـواو، دەورەدەرانـی عەرشـی خـوا، کـە فریشـتەکانن، وێـڕای بـە پاککرتـن و ستایشـکردنیان بـۆ خـواو، بـڕوا هێنانیـان بـە خـوا، داوای لێبوردنیـش بـۆ بـڕواداران دەکـەن.

٤- هەروەها لە سوورەتی (الشورى)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٤﴾ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی هی خوایەو، ئەو بەرزی مەزنە، ئاسمانەکان نیزیکە لە لای سەرێیانەوە شەق بىن و، فریشتەکان بە ستایشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاك دەگرن و، داوای لێبوردنیش بۆ ئەوانە دەکەن کە لەسەر زەویین، (ئەوانەی لەسەر زەوین مرۆڤن و، جندن، بە تایبەت ئەوانەی ئەهلی ئیمانن)، ئاگادارىن! هەر خوا زۆر لێبووردەی بە بەزەییە.

هەڵبەتـە دەگونجـێ ئایەتـی دیکـەش لـەو بـارەوە بێنیـن، هەروەهـا فەرمایشـتی پێغەمبەریـش ﷺ بـەڵام ئەوەنـدە بەسـن، بـۆ ئیسـپاتی ئـەوەی کـە فریشـتەکان لەگـەڵ بڕوادارانـدا هـاودەم و هـاوڕازو هاونشـینن.

٣- بێبڕوایان لەگەڵ شەیتانەکاندا نیزیك و گونجاون:

شەیتانەکان واتە: ئەو جندە شەیتانانەی کە خراپەکارو بێبڕوان، لەگەڵ مرۆڤە بێبڕوایەکاندا ئەوانیش هاوڕازو هاونشینن:

١- وەك لە سوورەتی (**فُصِّلَت**)دا هاتوە، کە پێشتر باسمان کرد لە ئایەتی ژمارە (٢٥)دا خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ فَزَيَّنُوا لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، واتە: چەند هاوڕازو هاونشینێکمان بۆ ئامادەکردن کە گوناهو تاوانەکانیان، هی پێش دەستیان و هی دوایان، (یاخود هەموو جۆرە گوناهو تاوانەکانیان، یان ئەوانەی کە پەیوەندییان بە دنیاوە هەیە، یان پەیوەندییان بە ڕۆژی دواییەوە هەیە)، بۆ جوانکردن.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الزخرف**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: هەر کەسێك لە بەرانبەر یادی خوای خاوەن بەزەییدا، (یان لە بەرانبەر قورئان و کتێبی خوای خاوەن بەزەییدا)، کوێر و نابینا بێ، شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەین دەبێتە هاوڕازو هاونشین و نیزیکی و، دەبێتە جووتی و، لەگەڵی دەبێ، بە دڵنیایی ئەوان، [شەیتانە بێبڕوایەکان] مرۆڤەکان لە ڕێ لادەدەن، کەچی مرۆڤە بێبڕوایەکان وادەزانن ڕێی ڕاستیان گرتوە!

ئاوا شەیتانەکان کڵاویان لەسەر دەنێن و هەڵیان دەخەڵەتێنن.

٣- هەروەها لە سوورەتی (**الأَعْراف**) لە ئایەتی ژمارە (٢٧)دا، خوا دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: ئێمە شەیتانەکانمان کردوون بە دۆست و نیزیکی ئەوانەی بڕوا ناهێنن، ئەمە زۆر ڕوونە کە هەر کەسێك بێبڕوابێ شەیتان لێی نیزیکە، شەیتانەکان دەورو خولیان دەدەن و، لێیان نیزیکن و، زیانیان پێ دەگەیەنن.

٤- هەروەها لە سوورەتی (**الأَنْعام**) لە ئایەتی ژمارە (١٢١)دا، خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾ ﴾،

واتە: بە دڵنیایی شەیتانەکان سروش دەکەن بۆ دۆستەکانی خۆیان، (پەیامی پەنامەکییان بۆ دەنێرن، واتە: بۆ مرۆڤە کافرەکان، ئەی مسوڵمانینە! تاکو ئەو کافرە بێبڕوایانە)، شەڕە قسە لەگەڵ ئێوەدا بکەن، ئەگەر ئێوەش فەرمانبەرییان بۆ بکەن، ئێوەش دەبن بە هاوبەش بۆ خوا دانەر.

ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (الأَنْعَام)دا، واتە: لە بەرگی پێنجەمی ئەم تەفسیرە کوردییەمان دا، بە درێژیی لەو بارەوە قسەمان کردوە، کە کافرەکان لەگەڵ بڕواداران دا موناقەشەیان دەکردو، هۆی هاتنە خوارەوەکەیشمان باسکردوە، کە کافرەکان شەڕە قسەیان دەکرد لەگەڵ بڕواداراندا، دەیانگوت ئێوە ئەو ئاژەڵەی بۆ خۆتان دەیکوژن و سەری دەبڕن، گۆشتەکەی دەخۆن، بەڵام ئەوەی خوا دەیکوژێ و مردارە، گۆشتەکەی ناخۆن، ئنجا خوا ﷻ ئەم شەڕە قسەیە پاڵ دەداتە لای شەیتانەکان، کە ئەوان فێریان کردوون، بە خوتخوتەو دندانی شەیتانەکان فێری ئەو قسەیە بوو بوون، کە قسەیەکی بێ جێشە، چونکە لە ڕاستییدا ئەو ئاژەڵەی مرۆڤیش سەری دەبڕێ، هەر بە مۆڵەتی خوا ژیانی تێدا نامێنێ و، ئەوەش کە مردار دەبێتەوە، هەر بە مۆڵەتی خوا ژیانی تێدا نامێنێ، بەڵام ئەوەی سەر دەبڕدرێ، بەشێکی زۆری خوێنەکەی کە لە جەستەی جیا دەبێتەوە، هەرچی شتی زیانبەخشە لە جەستەیدا، وەك کۆلسترۆڵ لەگەڵ خوێنەکەی دەچێتەدەر، بەڵام ئەوەی کە مردار دەبێتەوە، هەر لەنێو جەستەیدا دەمێنێتەوە، کەواتە: لە ڕووی پزیشکییەوەو، لە ڕووی تەندروستییەوە خوای پەروەردگار بە خراپی زانیوە، بۆیە قەدەغەی کردوە، بە تەئکید خوا هیچ شتێکی قەدەغە نەکردوە، مەگەر زیانی بۆ مرۆڤەکان هەیە، هەروەك هیچ شتێکی بۆ حەڵاڵ نەکردوون، مەگەر پاك و چاکە، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الأَعْرَاف)دا، دەفەرموێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ﴾، خوا شتە پاك و چاکەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکات و، شتە پیس و زیانبەخشەکانیان لێ قەدەغە دەکات.

٤- وێنەی فریشـتەو، شەیتانان وەك وێنـەی شـەپۆلـە دەنگیی و ڕەنگییەكانن:

فریشـتەكان كـە دروسـتكراوی پـاك و چـاك بێگـەردو فەرمانبەریـی خـوان و، شـەیتانەكان كـە دروسـتكراوە خـراپ و زیانبەخشـەكانن، ئەوانە وەك شـەپۆلە دەنگیی و ڕەنگییـەكان وان، ئێسـتا ئـەو شـوێنەی ئێمـە تێیدایـن، پـڕە لـە شـەپۆلی دەنگیـی و ڕەنگیـی، ڕادیۆیـەك لـە شـوێنێك دابنـێ بەپێـی ئـەوەی تـۆ دەیسـووڕێنی، سـەرجەم ئـەو شـەپۆلە دەنگییانـەی لـەو شـوێنەدا هـەن، ئێمـە دەتوانیـن كـە گوێبیسـتیان بیـن، هەروەهـا چەنـد تەلەفزیـۆن لـە ژووریـك دا دابنێـی، بیخەیـە سـەر چەنـد شـەپۆلی دەنگیـی و ڕەنگیـی، ئـەو شـەپۆلە دەنگیـی و ڕەنگییانـە دێنـن.

كەواتـە: كاریگەریـی فریشـتەو شـەیتانەكانیش هـەر وەك ئـەو شـەپۆلانە وان، ئنجا وەك چـۆن ئـەو ئامێـرە كـە دادەنـرێ، بەپێـی سرووشـتی ئـەو ئامێـرە، ئـەو شـەپۆلە دەنگیـی و ڕەنگییانـە دەتوانـێ بێنـێ، مرۆڤەكانیـش بەپێـی سرووشـتی خۆیـان، دەتوانـن لـە فریشـتەكان بەهرەمەندبـن، یاخـود لـە شـەیتانەكان زەرەرمەنـد بـن، فەرمایشـتێكی پێغەمبەریـش ﷺ ئـەو ڕاستییەمان زۆر جـوان بـۆ بەرجەسـتە دەكات، كـە دەفەرمـوێ: ‌{إِنَّ لِلشَّيْطَانِ لَمَّةً بِابْنِ آدَمَ وَلِلْمَلَكِ لَمَّةً، فَأَمَّا لَمَّةُ الشَّيْطَانِ، فَإِيعادٌ بِالشَّرِّ وَتَكْذِيبٌ بِالحَقِّ، وَأَمَّا لَمَّةُ المَلَكِ، فَإِيعادٌ بِالخَيْرِ وَتَصْدِيقٌ بِالحَقِّ، فَمَنْ وَجَدَ ذَلِكَ فَلْيَعْلَمْ، أَنَّهُ مِنَ اللَّهِ، فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ، وَمَنْ وَجَدَ الأُخْرَى فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ} **(أخرجه الترمذي: ٢٩٨٨، وقال: حسن غريب، والنسائي في الكبرى: ١١٠٥١، والبيهقي في شعب الإيمان: ٤٥٠٦، وابن حبان: ٩٩٧).**

وشـەی: (لَمَّة: هَمَّةٌ وَخَطْرَةٌ فِي القَلْب)[1]، واتـە: (لَمَّـة) بریتیـە لـە دنـەدان و هانـدان لـە دڵ دا.

---

(١) المُعجَمُ الوَسِيط، ج٢، ص٨٤٠.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بە دڵنیایی شەیتان هاندان و دنەدانی هەیە لە دڵی مرۆڤ دا، فریشتەش هاندان و دنەدانی هەیە لە دڵی مرۆڤدا، ئنجا خوتخوتەو دنەدانی شەیتان، بریتیە لەوە کە مرۆڤ بترسێنێ لە خراپەو، وای لێبکات بڕوا بە هەق نەکات و، بە درۆی دابنێ و، هاندانی فریشتەش ئەوەیە بەڵێنی چاك بە مرۆڤ بدات و، دڵی خۆش بکات بە چاکە، هانیشی بدات بۆ بەڕاست دانانی هەق، ئنجا هەر کەسێك هەستی کرد لە دڵی خۆیدا بە کاریگەریی فریشتە، کە هانی دەدات بۆ چاکەو، بڕوا هێنان بە هەق، با بزانێ ئەوە لە خواوەیەو، ستایشی خوای لەسەر بکات و، هەر کەسێك ئەوی دیکەشی بینی و هەستیکرد کە بەرەو شەڕ دەچێ و، بەرەو خراپەو گوناهو تاوان پەلکێش دەکرێ، با پەنا بە خوا بگرێ، چونکە ئەوە لە شەیتانەوەیە.

کەواتە: ئەو دڵ و دەروونەی مرۆڤ شوێنی زۆرانگرتنی فریشتەو شەیتانە، شەیتان دەیەوێ مرۆڤ بەرەو خراپە پلکێش بکات و، فریشتەش دەیەوێ مرۆڤ بەرەو چاکەی پەلکێش بکات، بەڵام بە دەست مرۆڤە کە ئایا بە لای فریشتەکەدا دەچێ، یان بە لای شەیتانەکەدا دەچێ، ئەگەر بە لای فریشتەکەدا بچێ، هەمیشە بیر لە شتی چاك دەکاتەوەو، بەرەو چاکە هەنگاو دەنێ، ئەگەر لە شەیتانەکەش نیزیك بێ، هەمیشە بیر لە شتی خراپ دەکاتەوەو، بەرەو خراپە هەنگاو دەنێ، خوا پەنامان بدات.

مەسەلەی دووەم:

بانگەوازكارانی ڕێی خوا خاوەنی باشترین قسەن، بەڵام دەبێ كرداری باشیان هەبێ و، خۆیان لە ڕیزی مسوڵماناندا بژمێرن، پێویستیشە بە شێوازی هەرە چاك، قسەو ڕەفتاری بەرانبەرەكانیان بەرپەرچ بدەنەوەو، لە كاتی دنەدران لەلایەن شەیتانیشەوە، پەنا بەرنە بەر خوای بیسەری زانا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، قسەی كێ چاكترە لە هی كەسێك بەرەو لای خوا بانگ دەكات؟! واتە: خەڵك بەرەو لای خوا بانگ دەكات، (**الدُّعَاءُ إلى شَيْءٍ: أَمْرُ غَيْرِكَ بِالإِقْبَالِ عَلَى شَيْءٍ**) (دعاء) ئەوەیە تۆ فەرمان بە غەیری خۆت بكەی ڕوو بكاتە ئەو شتە.

كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا ﴾، یانی: (**قَوْلُ مَنْ أَحْسَنُ مِنْ قَوْلِ مَنْ دَعَا إِلَى الله**)، واتە: قسەی كێ چاكترە لە قسەی كەسێك كە خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەكات، بانگەواز بۆ لای خوا دەكات.

٢)- ﴿ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ﴾، كردەوەی باشیش بكات، تەنیا ئەوەندە نیە قسەی هەبێ، وەستای قسان و كۆڵەواری دەستان بێ، بەڵكو: ﴿ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ﴾، كردەوەی باشیش ئەنجام دەدات، واتە: پابەندە بەوەی دەیڵێ، ئەوەی بە خەڵكی دەیڵێ، پێشێ بۆ خۆی دەیكات.

٣)- ﴿ وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾، دەشڵێ، بە دڵنیایی من لە مسوڵمانانم، واتە: خۆی جیا ناکاتەوە لە مسوڵمانان، لەبەر ئەوەی بانگەواز بۆ لای خوا دەکات، خۆی پێ لە خەڵك زیاد نیەو، هیچ لافێك بەسەر خەڵكدا لێ نادات و، دەڵێ من یەکێکم لە مسوڵمانان، بەڵام خەڵك بۆ لای ڕاستە شەقامی خواو، بۆ لای خواو، بۆ لای بەندایەتیی کردن بۆ خوا بانگ دەکات.

دوایی خوا ﷻ باسی شێوازی بانگەوازمان بۆ دەکات، دەفەرمووێ:

٤)- ﴿ وَلَا تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ﴾، بە دڵنیایی چاکەو خراپە یەکسان نین، کە دەفەرمووێ: ﴿ وَلَا تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ﴾، وشەی: (حَسَنَةٌ)، (**تَعُمُّ جَمِيعَ أَفْرَادِ جِنْسِهَا، وَالمَقْصُودُ حَسَنَةُ الدَّعْوَةِ إِلَى الله**)، وشەی (**الحَسَنَة**): کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، بۆ (**جِنْس**)ە، واتە: تێکڕا (**جِنْس**)ی چاکە بە گشتیی لەگەڵ تێکڕا (**جِنْس**)ی خراپەدا، یەکسان نین و پێکەوە ناچنە تەرازوویەکەوە، بەڵام بەپێی سیاق دەزانین لێرەدا مەبەست لە چاکە، چاکەی خەڵك بانگکردنە بۆ لای خوا، واتە: شێوازی چاکی خەڵك بۆ لای خوا بانگکردن، وەك شێوازی خراپ نیە.

٥)- ﴿ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾، بەوەی باشترە پاڵپێوەبنێ، چی پاڵپێوەبنێ؟ واتە: خەسڵەت و حاڵەت و، کردەوەو هەڵوێستی خراپی بەرانبەرەکەت، بە کام شێوازەو، کام حاڵەتەو، کام خەسڵەتە باشترە، پاڵپێوەبنێ و، بەرپەرچ بدەوە، چونکە (**الَّتِي: صِفَةُ مَوْصُوفٍ مَحْذُوف**)، (**الَّتِي**) سیفەتی وەسفکراوێکی فرتێندراوە، یانی: (**إِدْفَعْ سَيِّئَةَ غَيْرِكَ، بِالخَصْلَةِ الَّتِي هِيَ أَحْسَن، أَو بِالطَّرِيقَةِ الَّتِي هِيَ أَحْسَن**)، یانی: خراپەی ئەوی دیکە بە باشترین خەسڵەت، یان باشترین ڕێباز لابەرەو پاڵی پێوە بنێ، وەك خوای پەروەدگار لە سوورەتی (**المُؤْمِنُون**)دا، دەفەرمووێ: ﴿ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾، واتە: بە کام سیفەت و، کام خەسڵەتە باشترە، خراپە پاڵپێوەبنێ و، بەرپەرچ بدەوە، ئێمە زاناترین بەوەی ئەوان وەسفی دەکەن و دەیڵێن، یان خوای پەروەردگاری پێ وەسف دەکەن بە ناهەق.

٦)- ﴿ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴾، ئەگەر تۆ واتکرد، دەبینی ئەو کەسەی لە نێوان تۆو ئەودا دژایەتیی و ناکۆکیی هەیە، وەك دۆستێکی دڵسۆزو بە پەرۆشە، (إِذَا: لِلْمُفَاجَئَةِ، وَهِيَ كِنَايَةٌ عَنْ سُرْعَةِ ظُهُورِ أَثَرِ الدَّفْعِ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)، (إذَا): لێرەدا بۆ پەیدابوونی شتێکە بە کت و پڕیی و، بە خێرایی، کە لێرەدا کینایەیە لە خێرایی پەیدابوونی شوێنەواری پاڵپێوەنانی خراپە بە چاکە، زۆر بە خێرایی لە نێوان تۆو ئەو کەسەدا کە تۆ بە چاکەی خۆت خراپەی ئەو پاڵپێوەدەنێی، بە شێوازی چاکی خۆت لەگەڵ شێوازی خراپی ئەودا مامەڵە دەکەی و، لە نێوان تۆو ئەودا دژایەتیی هەیە، وەك دۆست و نیزیکێکی خزمی لێ دێ، یاخود زۆر دڵگەرمی لێ دێ، چونکە ﴿ وَلِىٌّ ﴾، بە مانای دۆست و نیزیك دێ، (**الْوَلِيُّ: اسْمٌ مُشْتَقٌّ مِنَ الوَلَايَةِ بِفَتْحِ الواوِ، والوَلَاء، وهو: الحَلِيفُ والنَّاصِرُ، وهو ضِدُّ العَدُوِّ، والحَمِيمُ: القَرِيبُ والصَّدِيقُ. وهُما خَصْلَتا الوَلَايَةِ والقَرَابَةِ**)، واتە: (**وَلِيّ**) ناوێکە داتاشراوە لە (**وَلَايَة**)، بە سەر (**فَتْحَة**)ی (و)ەکە، [ئەك (**وِلَايَة**)، (**وِلَايَة**) واتە: سەرپەرشتییکردن، بەڵام (**وَلَايَة**)، واتە: دۆستایەتیی و، سەرخستن و، نیزیکیی و، خۆشویستن و، نیزیکیی]، ئنجا (**وَلِي**) بە مانای هاوپەیمان و، پشتیوان دێ، هەروەها بە مانای کەسێك دێ کە تۆی خۆشبوێ، (**وَلِي**) دژی (**عَدُوّ**)ە، (**عَدُوّ**) واتە: دوژمن و ناحەز، بەڵام (**وَلِي**) واتە: دۆست و نیزیك، (**الحَمِيم: القَرِيبُ وَالصَّدِيق**)، واتە: (**حَمِيم**) بە مانای دۆست و نیزیك، یان خزم و نیزیك، یان بە مانای برادەرێك دڵسۆزو گیانی بە گیانی دێ.

٧)- ﴿ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ﴾، ئەم سیفەتە بەرزە نادرێ، مەگەر بەوانەی خۆڕاگرن و خۆیان ڕاگرتبێ، (**أَي: المُعَامَلَةُ وَالمُدَافَعَةُ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ**)، ﴿ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ ﴾، ئەم ڕاناوی (ها) دەچێتەوە بۆ خەسڵەت، یان ئەو موعامەلەیە، چونکە چاکەی ڕەها (**مُطْلَق الحَسَنَة**)، بە گشتیی دەدرێ بە زۆر کەس، بەڵام مامەڵەکردن بە شێوەی بەرپەرچدانەوەی خراپە بە چاکە، لە بەرانبەری خراپەدا چاکە کردن، نادرێ بە هیچ کەس جگە لەوانەی خۆڕاگرن، واتە: خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

٨)- ﴿ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴾، هەروەها ئەوە نادرێ و نابەخشرێ مەگەر بە کەسێك کە خاوەن پشك و بەشێکی زۆر بێ، واتە: خاوەن پشك و بەشێکی مەزن

بێ لە چاکەداو، لە ئیماندا، لە تەقوادا، لە تەزکیەی نەفسدا، (يُلَقَّاهَا)، یانی چی؟ (يُلَقَّاهَا يُجْعَلُ لاقِياً لَهَا، وَهُوَ مُسْتَعَارٌ لِلسَّعْيِ لِتَحْصِيلِها، لِأَنَّ التَّحْصِيلَ عَلَى الشَّيْءِ بَعْدَ الْمُعالَجَةِ والتَّخَلُّقِ، يُشْبِهُ السَّعْيَ لِمُلَاقَاةِ أَحَدٍ فَيَلْقَاهُ)، (يُلَقَّاهَا)، واتە: وا دەکرێ کە بیگاتێ، (يُجْعَلُ لاقِياً لَهَا)، وا دەکات کە پێی بگات، خوازراوەتەوە بۆ هەوڵدان بۆ پەیداکردنی، چونکە پەیداکردنی شتێك لە دوای چارەسەرو خۆ ماندووکردنە، ئەوەش شێوەی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بۆ دیداری کەسێك، وشەی: ﴿حَظٍّ﴾، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾﴾، (الحَظُّ: النَّصِيْبُ مِنَ الشَّيءِ مُطْلَقاً، أَو مِنَ الخَيْرِ فَقَط)، (حَظ): بریتیە لە پشك و بەش لە هەر شتێك بە گشتیی، یاخود بە تایبەتی لە خێرو چاکەدا.

٩)- ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ﴾، لە حاڵێکدا کە لە شەیتانەوە دنەدانێك، خوتخوتەیەك بە تۆ دەگات.

١٠)- ﴿فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ﴾، پەنا بە خوا بگرە.

١١)- ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾﴾، بە دڵنیایی خوا زۆر بیسەری زانایە.

وشەی (نَزغ): (النَّزْغُ النَّخْسُ، وَحَقِيقَتُهُ مَسٌّ شَدِيدٌ لِلجِلْدِ بِطَرَفِ عُودٍ، أَوْ إِصْبَعٍ، فَهُوَ مَصْدَرٌ، وَهُوَ هُنَا مُسْتَعَارٌ لِاتِّصالِ القُوَّةِ الشَّيْطانِيَّةِ بِخَوَاطِرِ الإِنْسَانِ)، (نَزغ): بریتیە لە (نَخس)، بە عەرەبیی (نَخس)و، (نَزغ) واتە: تێوەژەنین، یان نقورچکەدان، کە چییەتی (نَزغ)یش بریتیە لەوەی بە شتێك بە توندیی پێستی ئینسان بەسەری دارێك، یاخود بە نینۆکێك بگەزرێ، یان نقورچکەی لێ بدرێ، کە لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ پەیوەست بوونی شەیتان بە مێشك و هۆشی مرۆڤەوە، کە شتێکی خراپ بخاتە نێو مێشك و دڵی، کە دەفەرموێ: ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾، (إِمَّا) ئەصڵی خۆی (إِنْ مَا)یە، بەڵام (إِنْ) و (مَا) تێکدا دەغم کراون، (إن)ی (شَرْطِيَّة) لێرەدا بۆیە هێنراوە، چونکە لە ئەصڵدا (إن) کاتێك دەهێنرێ کە مەرج نیە ئەو شتە ڕووبدات و مەرجەکە بێتە دی: {ئەگەر هات و لە شەیتانەوە دنەدانێك گەیشتە تۆ}، ئەمە بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایەی

پێغەمبـەرە ﷺ، لـەوە کـە شـەیتان بتوانـێ هانـی بـدات و، خوتخوتەیەکـی خـراپ بخاتـە نێـو دڵـی، کـە دەفەرمـوێ: (إِمَّا) (ما)یەکـەش زیـاد کـراوە بـۆ جەختکردنـەوەو بەهێزکردنـی پەیوەندیـی نێـوان مـەرج (شَرْط) و وەڵام (جَـواب)ە، نـەك زیـاد کرابـێ بـۆ جەختکردنـەوە لەسـەر ئـەوەی وەڵامەکـەی، یاخـود مەرجەکـە دێتـە دی.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ﴾، پەنـا بـە خـوا بگـرە (لـە شـەیتانی دوور خـراوە لـە بەزەیـی خـوا)، ئێمـە شـەیتان نابینیـن، بۆیـە بەهێزتریـن چەکـی ئێمـە لـە بەرانبـەر شـەیتاندا، پەنـا بردنـە بـەر خوایـە، بـا لـەو بـارەوە چەنـد دەقێـك بێنیـن:

١- خوا ﷻ لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِى ٱلْغَىِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ ﴿٢٠٢﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی پارێزیان کردوە، ئەگەر لە شەیتانەوە هەستێکیان پێگەیشت، یەکسەر خوایان بیر دێتەوەو، بەرچاو ڕوون دەبن و (پەی بە پیلان و فێڵی شەیتان دەبەن)، بەڵام برایەکانیان شەیتانەکان لە گومڕاییدا ڕستیان بۆ درێژ دەکەن و، کەمتەرخەمییش ناکەن.

واتـە: بێبڕوایـەکان بـە دەسـت شـەیتانەکانەوە وەك تـۆپ و گلۆڵـە وان، هـەر بەریـان دەدەن و درێژیـان دەکەنـەوە، بـەڵام ئەهلـی تەقـوا، بەڵـێ شـەیتان دەتوانـێ دەسـتێکیان بگەیەنێتـێ و، دنەیەکیـان بـدات، دەوروخولیـان بـدات، بـەڵام یەکسـەر خوایـان بیـر دێتـەوە، ئیمانەکەیـان بێداریـان دەکاتـەوەو، بەرچاویـان ڕوون دەبـێ و، فێڵـی شـەیتان دەبینـن.

٢- پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: [إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِي، وَإِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ]، **(أخرجه أحمد: ١٧٨٨١، وعبد بن حميد: ٣٦٤، ومسلم: ٢٧٠٢، وأبو داود: ١٥١٥، وابن حبان: ٩٣١)** واتە: جاری وایە تەم و مژی بێ ئاگایی بەسەر دڵم دا دێ و، ڕۆژی سەد جار داوای لێبوردن لە خوا دەکەم.

نەك لەوە كە گوناهی كردوە، بەو چەمك و واتایەی ئێمە، بەڵكو بەهۆی ئەو جار جار خافڵانە، كە پێغەمبەر ﷺ بەسەر دڵ و دەروونیدا هاتوە.

٣- هەر لەو بارەوە ئەو فەرمایشتەش دێنین: [عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ صُرَدٍ ﵁، قَالَ: اسْتَبَّ رَجُلَانِ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ فَاشْتَدَّ غَضَبُ أَحَدِهِمَا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا لَذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ، فَقَالَ الرَّجُلُ: أَمَجْنُونٌ تَرَانِي؟ فَتَلاَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ ﴾] (أخرجه البخاري: ٦١١٥، ومسلم: ٢٠١٥).

واتە: سولەیمانی كوڕی صورەد ﵁، دەڵێ: دوو پیاو لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بوو بە دەمەقاڵێیان و، قسەیان بە یەكدی گوت، یەكێكیان زۆر تووڕە بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من وشەیەك دەزانم ئەگەر بیڵێ، توڕەییەكەی لادەچێ، ئەگەر بڵێ: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)، (واتە: پەنا دەگرم بە شەیتانی دوور خراوە لە بەزەیی خوا)، پیاوەكە گوتی: بە شێتم تێدەگەی؟! (واتە: من شێت نەبووم تاكو ئەو وشەیە بڵێم)، پێغەمبەریش ﷺ ئەو ئایەتەی خوێندەوە كە دەفەرموێ: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ ﴾.

ئەو كەسە هەر ئەوە كە ئامۆژگارییەكەی پێغەمبەری وەرنەگرتوە، لە ڕاستییدا جۆرێك بووە لە شێتیی و عەقڵ تێكچوون، ئەگەرنا ئەگەر پێغەمبەر ﷺ شتێك بفەرموێ، دەبێ یەكسەر لێی وەربگیرێ، بەڵام ئەو هاوەڵە لەو كاتەدا هێندە تووڕە بووە، وەك گوتراوە: تووڕەیی ڕەشەبایەكە چرای عەقڵ دەكوژێنێتەوە.

کورتە باسێک لە بارەی
خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی بانگەوازکارانەوە

١ و ٢) ئیمانی مەحکەم و دامەزراوو، پارێزکاریی شایستە و تەواو:

خـوا سـبحانە وتعـالى لـە سـوورەتی (یونـس) لـە ئایەتـی: (٦٢) و (٦٣)دا بۆمـان باسـی دۆسـتەکانی خـۆی دەکات، بـە تەئکیـد بـرا و خوشـکانی بەڕێـز! کەسـێك دۆسـتی خـوا نەبـێ، هـەوڵ نـادات دۆسـتان بـۆ خـوا پەیـدا بـکات و، کەسـێك لـە خـوا نزیـك نەبـێ، هانـدەر و پاڵنەرێکـی نابێ، خەڵك لـە خـوا نزیـك بخاتـەوە، وشـەی (**أولياء**)یش، کـۆی (**وَلِيّ**)ە، وشـەی (**ولي**) بـە شـەددە لـە ئەسـڵدا لـە (**وَلْي**)ەوە هاتـوە، یانـی: (**قُـرْب**) نیزیکیـی[١]، خـوا ئـاوا پێناسـەی دۆسـتەکانی خـۆی دەکات، دەفەرمـوێ:

﴿ أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ یونـس.

واتـە: ئاگاداربـن! (خـوا هۆشـدارییمان پێـدەدات) دۆسـتانی خـوا نـە ترسـیان لەسـەرە، نـە پـەژارەش دادەگـرن.

(یانـی: نەترسـیان لەسـەرە بـۆ داهاتـوو، نـە خـەم و پـەژارەش دادەگـرن بـۆ ڕابـردوو) ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوە (بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێویسـتە ئیمانیـان پـێ بهێـنرێ، هەروەهـا ئـەوەش سـیفەتێکی ڕیشـەداریان بـوو کـە) هەمیشـە پارێزیـان دەکـرد.

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن، ص٥٦٦ – ٥٦٨، المكتبة العصرية/ ٢٠١٢م.

ئیمانەکە بە کرداری ڕابردوو دێنێ، چونکە ئیمان تێپەڕیوە، ئیمانیان هێناوە، بەڵام تەقوایەکە بە کرداری ئێستا دێنێ، چونکە تەقوا شتێکی بەردەوامە و، دووبارە دەبێتەوە.

خوشك و برا بەڕێزەکانم!

یەکەمین سیفەتی ئینسانی بانگەوازکار بۆ لای خوا، ئەوەیە کە (ئیمانێکی مەحکەم و دامەزراو)ی هەبێ، ئیمان بە خوای بەرزو مەزن، بە فریشتەکانی خوا، بە کتێبەکانی خوا، بە پێغەمبەرانی خوا، بە ڕۆژی دوایی، بە نەخشە و ئەندازەگیریی خوا سبحانه وتعالى.

ئیمان بناغەیە بۆ هەموو شتەکانی دیکە، بۆیە خوا سبحانه وتعالى سێزدە ساڵی ڕەبەقی تەرخانکردن لە ژیانی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ - کە هەموو ژیانەکەی - ژیانی پێغەمبەرایەتیی - بیست و سێ ساڵ بوو -، سێزدە (١٣) ساڵی ڕەبەقی تەرخانکردن بۆ داکوتان و سەقامگیر کردنی ئیمان و عەقیدە، لە دڵی هاوەڵاندا خوا لێیان ڕازی بێ، ئنجا دوایی دە (١٠) ساڵەکەی دیکە، دوای ئەوەی ئیمانیان پەیدابوو، ئنجا ئەحکامیان بۆ هاتنە خوار، بۆ یەك جاریش خوا سبحانه وتعالى لە قورئانی مەککەییدا نەیفەرمووە: (**یا أیها الذین آمنوا**)، بەڵکو یان فەرموویەتی: (**یا أیها الإنسان**) یان (یا بني آدم) یان (**یا أیها الناس**)، بەڵام لە قورئانی مەدینەییدا، خوا سبحانه وتعالى، دەستی کرد بە داوندنی ئەو کۆمەڵەی ئیمانیان لە دڵدا دامەزراوەو، ئیسلامیان فێرکراوەو، شایستەیی ئەوەیان پەیداکردوە، شەریعەتی خوا پیادە بکەن، لە ژیانی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسیی خۆیاندا.

ئنجا دوایی (پارێزکاریی شایستە و تەواو)، دیارە ئیمان و تەقوا لە قورئاندا، زۆرجار پێکەوە هاتوون، لێرەدا خوای تاك و پاك پێناسەی دۆستان (**أولیاء**)ی خۆی کردوە، هەڵبەتە دوایی بە سیفەتی دیکەش وەسفیان دەکات، بەڵام ئەم

دوو سیفەتە، دوو سیفەتی بنچینەیین، بۆ پێناسەی دۆستانی خوا، بۆیە زانایان گوتوویانە: (مَنْ كَانَ مُؤْمِنَاً تَقِيَّاً، كَانَ لِلهِ وَلِيَّاً) واتە: هەر کەسێك بڕوادار و پارێزکار بوو، دۆستی خوایە، بەداخەوە لە نێو کوردەواریی خۆماندا، زۆرجار دۆستانی خوا (أولياء الله) بە شێوەیەك وێناکراون و تەصەووڕکراون، پێچەوانەی ئەوە کە قورئان و سوننەت باسیان دەکات، لەوانە: جاری وا هەبووە، کەسێك کە ڕەنگە شێت بووبێ، یان عەقڵی تەواو نەبێ، یان گێل بووبێ، گوتوویانە: ڕەنگە ئەوە دۆستی خوا بێ! نا، دۆستەکانی خوا، هەموویان لە لووتکەی عەقڵدان، هەڵبەتە هەموو بەندەکان، بەندەی خوان، بەڵام دۆستەکانی خوا، عاقڵن، زۆریش عاقڵن، هەروەها ئەهلی عیلمن و، خاوەن بەصیرەتن و، بلیمەتن، بۆیە ناگونجێ ئینسانی شێت، یان کەسێك پاك و خاوێنیی بۆ نەکرێ، ناگونجێ دۆستی خوا بێ، ئەمە وەك ڕاستکردنەوەی چەمکێکی باوی نێو خەڵك، بەڵێ دۆستەکانی خوا عاقڵن و لە عەقڵەوە پێچراون و، لە هەموو شتێکدا تێر و تەواون.

٣ و ٤)- خواپەرستییەکی گشتگیر و بەتام، یادی خوا کردنێکی لە ناخەوەو بەردەوام:

بێگومان کەسێك بیەوێ بانگەوازکار بێ و، خەڵك بۆ لای خوا بانگ بکات، دەبێ خۆی خواپەرستییەکی هەبێ، کە تامی لێبکات چێژی لێ وەربگرێ، باتەماشای ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ بکەین، کە دەفەرموێ: {ذَاقَ طَعْمَ الإِيمَانِ: مَنْ رَضِيَ بِاللَّهِ رَبَّاً، وَبِالإِسْلَامِ دِينَاً، وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيَّاً وَرَسُولاً»}[1].

واتە: تامی ئیمانی چێژتووە هەر کەسێك ڕازی بووبێ خوا پەروەردگاری بێ و، ئیسلام بەرنامەی ژیانی بێ و، موحەممەدیش وەك پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوا قبووڵ بکات.

---

(١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم:١٧٧٨، وَمُسْلِمٌ برقم:٣٤، وَالتِّرمِذِيُّ برقم:٢٦٢٣، عَنِ العَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ المُطَّلِب.

کەواتـە: ئیمانیـش تـام و چێـژی هەیـە، ئنجـا کەسـێك دەتوانـێ بانگـەوازکار بـێ بۆ لای خـوا، کـە چێـژ لـە ئیمانەکـەی خـۆی وەربگـرێ، تـام لـە خواپەرسـتیی بـکات، هەڵبەتـە هەرکەسـێکیش تـام لـە خواپەرسـتیی بـکات، هەمیشـە خـوای لـە یـاد دەبێ، بۆیـە دوایـی گوتوومـە: (یـادی خـوا کردنێکـی لـە ناخـەوەو بـەردەوام).

یـادی خـوا کردنیـش، دیسـان دەبـێ چەمکەکـەی ڕوون بکەینـەوە، زۆر کـەس وا دەزانـێ یـادی خـوا کـردن، ئەوەیـە: کـە هەمیشـە دەبـێ ئینسـان ئـەو وشـانەی زیکریـان پـێ دەگوتـرێ: (سُـبْحَانَ اللـه، الحَمْدُللـه، لا إلَـه إلاَّ اللـه، اَللـهُ أكْـبُر، أسْـتَغْفِر اللـه) بـەزاری گـۆ (تلفـظ) بـکات، بـەڵام مـەرج نیـە، یـادی خـوا هـەر بـەو شـێوەیە بـێ، ئەصڵـی یـاد (ذکـر)، پێچەوانـەی لـە بیرچـوون (نسـیان)ە. یـادی خـوا کـردن واتـە: خـوا، لـە یـاد بـوون ئەصڵەکـەی ئەوەیـە، ئنجـا جـاری وا هەیـە: وێـڕای ئـەوەی کـە لـە دڵ و زەینیـدا هەیـە، بـە زمانیـش ئـەو وشـانە دەڵـێ، بـەڵام ئەسـڵی یـادی خـوا، ئەوەیـە کـە لـە عەقـڵ و دڵ و هۆشـدا بـێ، ئەگـەر ئـەوە نەبێـت، جووڵـەی زمـان، هیـچ سـوودێك بـە مـرۆڤ ناگەیەنـێ، خـوای پـەروەردگار لـەو بـارەوە دەفەرمـوێ:

﴿ اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ العنكبـوت.

واتـە: ئـەوەی لـە کتێبـی پـەروەردگارت بـۆت سروش کـراوە، بیخوێنـە و، نوێـژ بەرپـا بکـە، نوێـژ قەدەغـە(ی خاوەنەکـەی) دەکات لـە هەرچـی کـردار و قسـە و ڕەفتـاری دزێـو و ناقـۆڵا و خـراپ هەیـەو، یـادی خـواش گەورەتـرە، (واتـە: یـادی خـوا گەورەتـرە لـە نوێژیـش و لـە قورئـان خوێندنیـش) و، خـوا دەزانـێ چـی دەکـەن!

ئنجـا لـە ڕاسـتییدا خـوای میهرەبـان کتێـب و فەرمایشـتەکەی خۆیشـی بۆیـە نـاردوە، کـە ئێمـە خوامـان لەبیربـێ، هەروەهـا نوێژیـش بۆیـە فـەرز کـراوە، خوامـان لەبیربـێ، وەك فەرموویەتـی:

﴿ ...وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ﴿١٤﴾ ﴾ طه.

واتـە: نوێـژ بەرپـا بکـە، بـۆ یادکـردنی مـن، قورئانیـش بۆیـە نـاوی لێـنراوە (زیکـر)، چونکـە خـوات بیردەخاتـەوە.

بەڵـێ سـیفەتی سـێیەم و چوارەمـی بانگـەوازکاران ئەوەیـە: کـە هەرکامیـان خواپەرسـتییەکی گشـتگیر و بەتـام و چێـژی هەبـێ و، یـادی خـوا کردنێکـی لـە ناخـەوە، لـە دڵـەوەو، بەردەوامـی هەبـێ.

٥ و ٦)- زانیاریی قووڵ و فراوان بە دین و، بەرچاو روونیی و شارەزایی دەربارەی ژین:

پێشـتریش باسـمان کـردوون، بـە بۆنـەی دیکـەوەو، هەر ئـەم ئایەتە موبارەکەشـمان بەبەڵگەی هەردووکیـان هێنایەوە:

﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ یوسـف.

بەڵـێ بەبـێ زانیاریـی و بەرچـاو روونیـی و شـارەزایی، ئینسـان بـۆ خۆشـی نازانـێ بـە ڕێـگادا بـڕوات، چ جـای پێـش خەڵکـی بکـەوێ، هەروەهـا بەبـێ شـارەزابوونی وەزع و بـاردۆخ و ڕۆژگار، ئینسـان، دۆسـت و دوژمنـی لـێ تێکـەڵ دەبـن و، چـاك و خراپـی لـێ تێکـەڵ دەبـن و، فێڵـی لـێ دەکـرێ و، هەڵدەخەڵەتێـنرێ، کەواتە: کەسـانی وا ناتوانـن خەڵـك لـە خـوا نزیـك بخەنـەوە و، خەڵـك وا لێبکـەن و، وا داربکـەن، کـە پابەنـد بـن بـە پەیـام و بەرنامـەی خـوای پـەروەردگارەوە.

٧ و ٨)- دڵسۆزیی و بە تەنگەوەبوون بۆ هەمووان و، هێمنیی و ئارامیی و نەلەخشان:

بەڵێ کەسێك دەتوانێ خەڵك لە خوا نزیك بخاتەوەو، بۆ لای خوایان بانگ بکات، کە لە ناخەوە بۆ هەموو لایەك دڵسۆزو، بە تەنگەوە بێ، بێ جیاوازیی، ئەمەش زۆرجار جێی تێدا بەهەڵە داچوونە، کەسانێك وا دەزانن دەبێ بەس بۆ موسوڵمانان، دڵسۆز بین! بەڵام ئێمە پێغەمبەران دەبینین (علیهم الصَّلاَة والسلام) بە خەڵکە کافرەکەی خۆیانیان گوتوە:

﴿...وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾﴾ الأعراف.

واتە: من بۆ ئێوە بەتەنگەوەم، دڵسۆزم، دڵ سووتاوم، بۆیە دەبێ ئەو چەمکەش ڕاست بکرێتەوە، ئنجا لە ڕاستییدا ئەگەر خەڵك نەزانێ بۆی دڵسۆزی: نە متمانەت پێدەکات، نە گوێت بۆ دەگرێ و، نەقسەشت لێوەردەگرێ، ئایا ئێمە ناتوانین دڵسۆزبین بۆ نامسوڵمانان؟ نەك هەر دەبێ بتوانین، بەڵکو ئەوە ئەرکێکەو فەرزە، پێغەمبەران (**علیهم الصَّلاَة والسلام**) وابوون، پێغەمبەری خۆمان (محمد) ﷺ، سەروەری هەموو پێغەمبەران، چەند بە شەفەقەت و بەڕەحم بووە؟ با تەماشا بکەین: لەوبارەوە، دڵسۆزیی خۆی چۆن وێنا دەکات لەگەڵ کەسانێکدا کە دژایەتییشیان کردوە: **{كَانَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم يَحْكِي نَبِيًّا مِنَ الأَنْبِيَاءِ، ضَرَبَهُ قَوْمُهُ فَأَدْمَوْهُ، وَهُوَ يَمْسَحُ الدَّمَ عَنْ وَجْهِهِ وَيَقُولُ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِقَوْمِي فَإِنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ}**[1].

واتە: پێغەمبەر (محمد) ﷺ باسی پێغەمبەرێکی کرد بۆ هاوەڵانی، کە قەومەکەی بەردبارانیان دەکرد خوێنیان لێهێنا، (سەریان شکاندو بەدەنییان بە خوێندا هێنا)، ئەویش خوێنەکەی دەسڕی و دەیفەرموو: خوایە! لە گەلەکەم خۆشبە، چونکە نازانن، لێیان ببوورە!

---

(١) أَخْرَجَهُ البخاري برقم: ٣٢٩٠. عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ.

مەبەستم ئەوەیە جاری وا کەسێك ملی حەدیسێك دەگرێ، ڕەنگە لە سیاقێکی دیکەدا هاتبێ و حاڵەتێکی تایبەت بێ، کە دروست نیە ئینسان هیچ شەفەقەت و ڕەحم و بە تەنگەوە بوون و بەزەیی هەبێ بەرانبەر بە غەیری مسوڵمان! بەڵام ئەوە بەڕەهایی وانیە، ئەوەتا ئەو پێغەمبەرانە (علیهم الصَّلاة والسلام)، کە خوا هەم لە (نوح)ەوە دەیگێڕێتەوە: ﴿وَأَنصَحُ لَكُمْ ﴿٦٢﴾﴾الأعراف، هەم لە (هود)ەوە دەیگێڕێتەوە: ﴿وَأَنَا لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾﴾الأعراف، هەروەها لە صاڵحەوە دەیگێڕێتەوە: ﴿وَنَصَحْتُ لَكُمْ ﴿٧٩﴾﴾الأعراف، هەروەها لە شوعەیبەوە دەیگێڕێتەوە: ﴿وَنَصَحْتُ لَكُمْ ﴿٩٣﴾﴾الأعراف، هەموویان باسی خۆیان بە (ناصح)ی گەلەکەیان ناساندوە، (نصح) یانی چی؟ (**النصح: إرادة الخير للمنصوح**)[1]، (نُصح) یان (نصیحة) بریتیە لەوە ئەو کەسە کە نەصیحەتەکەی ئاڕاستە دەکرێ، چی بۆ چاکە ئەوەت بۆی بوێ.

جاری دیکەش باسمان کردوە، زۆرکەس وا دەزانێ نەصیحەت یانی: ئامۆژگاریی، چونکە زۆرجار لە کوردییدا نەصیحەت لە جیاتی ئامۆژگاریی (موعظة) بەکاردێنین، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا جیایە و، ئەگەر بڵێین: (نصیحة) یانی: ئامۆژگاریی، مەفهوومی زۆر ئایەت و حەدیسمان لێ تێکدەچن، بۆ وێنە:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**«الدِّينُ النَّصِيحَةُ»، قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: «لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ»**}[2].

واتە: نەصیحەت ئاڕاستەی پێنج لایەنان دەکرێ: بۆ خوا، بۆ کتێبی خوا، بۆ پێغەمبەری خوا، بۆ پێشەوایانی مسوڵمان و بەرپرسانیان و، بۆ خەڵکەکە بە گشتیی.

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن: ص٥١٤، المطبعة العصرية، ٢٠١٢ م، [النصح: تحرِّي فعل أو قول فيه صلاح صاحبه].

(٢) أَخْرَجَهُ أحمد برقم: ١٦٩٨٢، ومسلم برقم: ٥٥، وأبو داود برقم: ٤٩٤٤، عَنْ تَمِيمِ الدَّارِي.

ئنجا ئەگەر (**نصیحة**) بە مانای (**موعظة**) بێ، چۆن ئامۆژگاریی خوا و کتێبی خوا دەکرێ؟ ئا (**نصیحة**) ئەوەیە کە: دڵسۆز بی بۆ خوا و ساغ بی لەگەڵ خوادا، دڵسۆزبی بۆ کتێبی خوا، بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆ بەرپرسان و بۆ خەڵك بە گشتیی، (**نصیحة**)یانی دڵسۆزیی و بەتەنگەوە بوون بۆ هەمووان.

پاشان (هێمنیی و ئارامیی و نەلەخشان)، چونکە لە کاتی شێنەیی و بێگرفتیی و بێکێشەییدا، هەموو کەس ئازایە، بەڵام ئەوە گرنگە: ئایا تۆ لە ناڕەحەتییدا لە کاتێکدا کە بە شێوەی ناشایست مامەڵەت لەگەڵدا دەکرێ، خۆڕاگر دەبی یان نا؟ بۆیە خوا سبحانه وتعالی لە سوورەتی (البقرة)دا (صبر)مان لە سێ حاڵاندا بۆ دەخاتە ڕوو، دەفەرموێ:

﴿ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ ١٧٧ ﴾.

واتە: خۆڕاگران لە کاتی هەژاریی و نەداریی و بێ ئیمکانیەتییدا، هەروەها لە کاتی نەخۆشیی و ناخۆشیی و، ناڕەحەتیی و، لە کاتی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەدا.

لەو سێ حاڵەتانەدا دەبێ خۆڕاگر بین، بێگومان بابای خەڵك بانگکەر بۆ لای خوا، ئەگەر بۆیان دڵسۆز نەبێ و، بە تەنگیانەوە نەبێ، کارەکەی پیت و پێزی نابێ و بەرهەمدار نابێ، جاری وایە کەسێك وەك وەزیفە، یان وەك ئەرکێکی دنیایی کارەکەی دەکات، هەندێك کەس هەن، کە لە وەزارەتی ئەوقافەوە ڕادەسپێررێن و، ئیشێکیان پێ دەسپێررێ، وەك پیشەیەك، ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئەگەر لە دڵەوە بۆ خەڵکەکە دڵسۆز نەبێت، کاریگەریی نابێ، هەڵبەتە کە بۆشیان دڵسۆز بوو، خۆڕاگریش دەبێ، ئەو سیفەتانە، هەموویان پێکەوە پەیوەستن، ئینسان ئەگەر بۆ خەڵکەکە دڵسۆز بێت، تەحەممولیشیان دەکات، نەزانیی و نەفامییشیان لێ تەحەممول دەکات، لەبەر ڕازی کردنی خوا.

٩ و ١٠)- كراوەیی و مامەڵەی بەڕێز و سەنگین، ڕووگەشیی و قسە و گفت و لفتی شیرین:

خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الفرقان)دا دەفەرموێ: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ ﴾.

واتە: بەندەكانی (خوای) بەبەزەیی، بە هێمنیی و ئارامیی ڕێگادا دەڕۆن، بە سەنگینیی و ویقارەوە و، كاتێك نەفامانیش دەیاندوێنن، قسەی سەلامەت دەكەن، یاخود دەڵێن: سەلامتان لێبێ.

چونكە هەر كەس چی پێبێ، لەوە دەبەخشێ، دەڵێن: جارێك پێغەمبەر عیسا (علیه السلام) بە شوێنێكدا دەڕوات لەگەڵ حەوارییەكانی خوا لێیان ڕازی بێ، خەڵكێكی نەفام، جنێوی پێدەڵێن، یان قسەی ناشایست، ئەویش دەست بەرزدەكاتەوەو، دوعایان بۆ دەكات، حەوارییەكانی پێی دەڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوانە قسە و ، جنێوت پێدەڵێن! دەڵێ: دەزانم، بەڵام هەر كەس چی پێ بێ، لەوە دەبەخشێ، ئەوان جنێویان پێیە، منیش دوعای خێر و قسەی خێرم پێیە.

بەڵێ (كراوەیی و مامەڵەی بەڕێز و سەنگین)، خەسڵەتێكی گرنگ و بنەڕەتیی بانگەوازكارانە، چونكە: بە گرژیی و داخراویی، ئینسان ناتوانێ كارلێك لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بكات، دەبێ كراوە بێ، بەڵام كرانەوە بەبێ توانەوە، كرانەوە، واتە: تۆ داخراو نەبی، بە جۆرێك بوار نەدەی لەگەڵ هیچ كەسدا كارلێك بكەی، لە بەرانبەریش دا: هێندە كراوە و بڵاو نەبی، هیچت پێوە بەند نەبێ و هیچت پێوە نەمێنێ، چونكە هەندێك كەس بە بیانووی كرانەوە، دەتوێنەوە لە كۆمەڵگادا و دەبنە بەشێك لە واقیعێكی خراپ!

ئنجا (ڕووگەشیی و قسە و گفت و لفتی شیرین)یش خەسڵەتێكی دیكەی خەڵك بانگكەرانە بۆ لای خوا عز وجل.

برا و خوشکە خۆشەویستەکانم!

دڵسۆزانە ئامۆژگارییتان دەکەم، هەمیشە تاکو بۆتان دەکرێ: با لەگەڵ خەڵك دا، قسە و گفت و لفتتان شیرین بێ، رووتان خۆش و گەش بێ، برواتان بێ، زۆر کەس کە تەماشای ئێمە و مانان دەکات، ئێمە چۆن ببینێ، دینەکەشمان وا دەبینێ، بۆیە خوا سبحانە وتعالی کە پێغەمبەرانی (علیهم الصَّلاَة والسلام) ناردوون، لە هەموو رووێکەوە، لە خەڵکی رۆژگاری خۆیان تەواوتر بوون، لە رووی جەستەیی و رووحیی و عەقڵیی و دەروونیی و ئاکاریی و لە هەموو رووێکەوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك ئەوانی بینی، دیمەنیانی بینی، هەڵسوکەوتیانی بینی، ئەخلاقیانی بینی، سیفەتە بەرزەکانیانی بینی: تێر و تەواویی پەیام و دینەکەیان، لە تێر و تەواویی ئەواندا ببینێ، ئێمە دەبێ وریا بین! ئەم دینە ئەگەر بە رووخۆشیی خەڵکی بۆ بانگ نەکرێ، بە گرژیی و مۆن و مرچیی خەڵکی بۆ بانگ ناکرێ، ئەگەر بە قسەی خۆش و گفت و لفتی شیرین، خەڵکی بۆ رانەکێشرێ، بە تەئکید بە توانج و پلار و قسەی زبر و ناخۆش، خەڵکی بۆ بانگ ناکرێ، خوای تاك و پاك بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ ﴾.

واتە: تۆ بە هۆی بەزەیی خواوە، بۆیان نەرم بووی، ئەگەر قسە رەق و دڵ رەق بووای، لە دەورت دەپرژان...، کێ لە دەوری کێ دەپرژا؟ ئەو هاوەڵە بەرێزانە، کە باشترین مرۆڤن لە دوای پێغەمبەران، لە دەوری پێغەمبەر (محمد) ﷺ کە (رحمة للعالمین)ە، دەپرژان، ئەگەر قسە رەق و دڵ رەق بووایە.

ئنجا لە سوورەتی (الأعراف) لە ئایەتی (١٩٩)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾ ﴾.

ئیمام جەعفەری صادیق ڕەحمەتی خوای لێبێ، گوتوویەتی: ئەم ئایەتە ڕیشە و بنکی هەموو ڕەوشتە بەرزەکانی لە خۆیدا کۆکردوونەوە:

١)- (خُذِ ٱلْعَفْوَ) ئەوەی ئاسانە و ئاسان بە دەستەوە دێ، لە خەڵك وەری بگرە، واتە: چاوەڕوانیی زۆرت لە خەڵکی نەبێ، بە زۆریی ئەوانەی هەمیشە پرتە و بۆڵەیانە و گلەیی لە خەڵك دەکەن، لەبەر ئەوەیە، چاوەڕوانیی زۆریان لێیان هەیە، کەواتە: چاوەڕوانیی زۆرت لە خەڵکی نەبێ و، ئەوەی بە سێنایی بەدەستەوە دێ، تەنیا ئەوەیان لێ چاوەڕوان بکە.

٢)- (وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ) واتە: بۆ خۆت چاکە بکە و، فەرمانیشی پێبکە، هەرچی پەسند و چاکە بیکە پیشەی خۆت و، فەرمایشتی پێ بکە.

٣)- (وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ) کەسێکیش کە نەفام بوو، ڕووی لێ وەرگێڕە و پشتی تێبکە و وازی لێ بێنە.

ئیمام شافیعی خوای لێی ڕازی بێ، چەند جوان دەڵێ، لە شیعرێکیدا:

{لَوْ كُلُّ كَلْبٍ عَوَى أَلْقَمْتُهُ حَجَراً ... لأصبَحَ الصَّخر مِثْقَالاً بدينَارِ}

واتە: ئەگەر هەر سەگێك وەڕی، من بەردێکی پێدادەم

دەبێ مسقـاڵی بەرد بـــە دینـارێك پەیداکەم.

جاری وایە کەسانێك قسەی ناخۆشمان پێ دەڵێن، هەندێك برا و خوشکمان زۆر سەغڵەت دەبن و دەڵێن: ماموستا! فڵان شتیان نووسیوە، لە فڵان بڵاوکراوەدا، یان لە فڵان کەناڵ واگوتراوە! منیش زۆرجار گوتوومە: دیارە کەسانێك وامان دەبینن و وامان تەصەووڕ دەکەن! دەڵێن: ئاخر چۆن وەڵامیان نەدەینەوە؟! بەڵام ئایا وەختمان هەیە وەڵامی ئەو شتانە بدەینەوە؟! نا، لە جیاتی وەڵامدانەوە، دوعایەکی خێریان بۆ بکە و بڵێ: خوایە! هیدایەتیان بدە و، بۆ خۆشت خەریکی کاری خۆتبە.

(ئەبراهـام لەنکۆڵـن)[1] قسـەیەکی جوانـی هەیـە دەڵـی: کاتـی خـۆی ئەوانـەی ڕەخنەیـان لێدەگرتـم، یـان قسـەیان پێدەگوتـم، تەمەنەکـەم چەنـدە، چوار هێنـدەی دیکەشـم خسـتبایە سـەر، بەشـی ئـەوەی نەدەکـرد وەڵامیان بدەمـەوە، بەڵام هەڵسـام کاری خـۆم کـرد و، سـەرکەوتنەکەم، بـوو بـە وەڵامـی هەمـوو ئـەو قسـانە کـە لـە دژم دەکـران!

ئێمـەش دەبـێ ئـاوا بکەیـن و دینەکەشـمان هـەر وای لێدەوەشـێتەوە، جـاری وا بـووە برایـەك هاتـوە بـۆ لام، قسـەیەکی پێگوتـراوە، لـەلای بۆتـە کێوێـك گوتوویەتـی: حەیـام چـووە، ئاوایـان پێگوتـووم! منیـش زەردەخەنەیەکـم بـۆ کـردوە، گوتوومـە: نەخێـر، تـۆ لـە مابەینـی خـۆت و خـوادا چـۆن بـی، هـەر وای، قسـەی خەڵکـی نـە بـەرزت دەکاتـەوە و نـە نزمـت دەکات، هـەر خۆتـی کـە بـە چاکـە خـۆت بـەرز دەکـەی، یـان بـە خراپـە خـۆت نـزم دەکـەی، بـە خـوا خەڵـك هەمـووی مەدحـت بـکات، بـەرز نابیـەوە، ئەگـەر خـوا بـەرزت نەکاتـەوە و، خەڵـك هەمـووی زەمـت بـکات، ئەگـەر خـوا نەتشـکێنێ، ناشـکێی، هەروەهـا خەڵـك هەمـووی لێـت ڕازی بـێ، ناتوانـن بتبەنـە بەهەشـتێ و، هەمووشـیان لێـت تـووڕە بـن، ناتوانـن بتبەنـە دۆزەخ، زاڵکـەر و زەبوونکـەر (مُعِزّ و مُذِلّ) هـەر خوایـە، بێگومـان ئـەوەش هەمـووی هـەر بەرهەمـی ئیمان و تەوحیـدە، ئینسـان ئەگـەر بەڕاسـتیی خـوای ناسـی و ئیمانـی لـە دڵـدا چەسـپی، ئـەو کاتـە ئـەو شـتانە زۆر کاری تێناکـەن و شـلوێی ناکـەن.

---

(١) ئەبراهـام لەنکۆڵـن: ١٨٠٩ - ١٨٦٥ز یەکێکـە لـە سـەرۆك کۆمارەکانی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

١١ و ١٢)- ڕاستیی و، دڵ و زمان و کردەوە یەکبوون و، دادگەریی و ئینصاف لەگەڵ دۆست و دوژمن:

بەڕێـــــزان!

ئینسان دەبێ ڕاست (صادق) بێ و، دڵی و زمانی و کردەوەی یەك بن و، چیت لە دڵدایە، با هەر ئەوەت بە زماندا بێ و، چی بە زمانیشت داهات، هەوڵبدە پراکتیزەی بکەی و بە کردەوە جێبەجێی بکەی، چونکە خوانەخواستە پێچەوانەی ئەوە: نیفاقە، ئیزدیواجیەتە و، خوای دادگەریش بە گەورەترین گوناهی داناوە:

﴿ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ③ ﴾.

ئینسان دەبێ زۆر لە خۆی وریا بێ، ئەگەر: دڵ و زمانمان و کردەوەمان هەموویان پێکەوە جووت نەبن، زۆر خەتەرە، هەندێ کەس قورئان دەخوێنێ و، قورئان لەعنەتی لێدەکات، کوا قورئان لەعنەت لە کێ دەکات؟! با، بۆ وێنە: کەسێك قورئان دەخوێنێ و زاڵمیشە، لەعنەتەکەی بۆ دێ:

﴿ أَلَا لَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ⑱ ﴾هود.

هەروەها (فسق، کفر، نیفاق)، قورئان هەموویانی زەم کردوون، هی واش هەیە قورئان دەخوێنێتەوە و ئەو سیفەتە خراپانەشی تێدان و، زەم و نەفرین و هەڕەشەکەی بەر دەکەون.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ⑪⑲ ﴾التوبة.

واتە: ئەی بڕوادارینە! پارێز لە خوا بکەن و لەگەڵ ڕاستان دا بن.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ ⑬⑤ ﴾النساء.

واتـە: ئـەی بڕوادارینـە! زۆر دادگەریـی بەڕێوەبـەرن و شـایەدیی بـۆ خـوا (بـە هـەق و ڕاسـتیی) بـدەن..

ئنجـا: (دادگەریـی و ئینصـاف لەگـەڵ دۆسـت و دوژمن)یشـدا، زۆر گرنگـە، کـە ئـەوەش شـتێکی دیکەیـە، دەبێ ڕاسـت بکرێتـەوە: هەندێك کـەس وا دەزانێ ئێمـە دەبێ تەنیـا لـە نێـو بازنـەی ئیسـلامدا دادگـەر و بـە ئینصـاف بیـن و، تەنیـا بۆ ئـەوان بـە پـەرۆش و دڵسـۆز بیـن! بـەڵام نەخێـر ئینسـان دەبـێ بـۆ هەمـوو مرۆڤـەکان دڵسـۆز بێ و، لەگـەڵ هەمووانیشـدا دادگـەرو بـە ئینصـاف بێ، چونکـە دادگەریـی و ئینسـاف دوو خەسـڵەتی پەسـندن بەڕەهایـی، نـەك بـە شـێوەیەکی کاتیـی و ڕێژەیـی (مؤقـت ونسـبي) هـەر بۆیـەش خـوا بـە دەقـی ئایـەت فەرمانـی پێکردوویـن کـە لەگـەڵ دوژمنانیـش دا دادگـەر بیـن.

وەك خـوا سـبحانه وتعـالی دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿٨﴾ ﴾المائـدة.

واتـە: بـا ڕق هەڵسـانتان لـە کەسـانێك واتـان لێبکـات کـە نادادگەربـن، دادگەربن! ئـەوە لـە پارێزکارییـەوە نزیکترە.

١٣ و ١٤)- خەڵك بانگكردن تەنیا بۆ لای خـوا و، بە شـانازییەوە خـۆ ئەژماركردن لە ڕیزی مسوڵماناندا:

ئـەم دووەش هەردووكیـان لـەم ئایەتـە موبارەكـە وەردەگیرێـن: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ ﴾فصلت.

واتـە: قسـەی كـێ لـە هـی كەسـێك باشـترە كـە بـۆ لای خـوا بانگـەواز دەكات و، كـردەوەی بـاش دەكات و، دەڵـێ: مـن لـە مسـوڵمانانم!

خوشـك و برایانـی بەڕێـز! زۆرجـار ئینسـان ئەگـەر لـە خـۆی وریـا نەبـێ، شـەیتان فێڵـی لێدەكات، بـۆ وێنـە: بـە حیسـاب تـۆ خەڵـك بـۆ لای خـوا بانـگ دەكـەی: كەچی تەماشـا دەكـەی خـۆت و خـوات لـێ تێكـەڵ بـوون، دیـن و دنیـات لـێ تێكـەڵ بـوون، كـە ئـەوەش نیشـانەی هـەن، ئینسـان دەبـێ ئـەو شـتانەیان پـێ لـە یـەك جیـا بكاتـەوە، بـۆ نموونـە: ئەگـەر كەسـێك ڕقـی لـە تـۆ بـوو، یـان قسـەیەكی بـە تـۆ گـوت، بـەڵام تـۆ دەتزانـی: ئـەو كەسـە بـۆ خـوا سـوڵحاوە، یـان ئیسـلامی خـۆش دەوێ، ئەگەر تـۆ بەڕاسـتیی خوانـاس بـی، دەبـێ خۆشـت بـوێ و، بڵێـی: هەرچەنـدە تـۆ ڕقـت لـە منـە و، قسەشـم پـێ دەڵێـی، بـەڵام مـادام دڵسـۆزی بـۆ ئیسـلام، هـەر خۆشـم دەوێـی، ئـا ئـەوە ڕاسـتە، بـەڵام ئەگـەر خـۆت لەگـەڵ خـوا لـێ تێكـەڵ بووبـێ و، شـەیتان فێڵی لێكردبـی، ئـەوە لـە جیاتـی خـوا میحوەربـی، دەبێـە خـود میحـوەر، یانـی: لـە جیاتـی تەماشـا بكـەی: داخـۆ ئـەو كەسـە بەینـی لەگـەڵ خـوادا چۆنـە!، تەماشـا دەكـەی: داخـۆ بەینـی لەگـەڵ خـۆت دا چۆنـە؟!

قوڵە نەزیلەیەك:

جارێـك لـە مزگەوتێـك نوێژمـان دەكـرد، گوێـم لـە مامۆسـتایەكە بـوو، باسـی كەسـێكی دەكـرد، دەمزانـی باسـی كەسـێكە، بـە شـێوەیەك لـە شـێوەكان ناسـیاو و نیزیكییەتـی، دەیگـوت: ئـەو موونافیقـە دێتـە مزگەوتیـش، بـەڵام مامۆسـتای مزگـەوت

ئەزیەت دەدات و... هتد، وتارەکەی هەمووی لەگەڵ کەسێك بوو، منیش هەر لە حوجرەکەدا نوێژم دەکرد، هات بۆ حوجرەکە و گوتم: مامۆستا! هەستم کرد، کەسێك تووڕەی کردووی؟ گوتی: ئەرێ وەڵڵا دراوسێیەکی مونافیقم هەیە، دوایی سەری هەڵێنا، گوتی: ئەها ئەوەتا!

گوتم: هاتوە بۆ جومعەش؟

گوتی: بەڵێ.

گوتم: ئنجا مونافیقیی وی لە چی دایە؟ گوتی: ڕادیۆ بە دەنگی بەرز پێدەکات و، منداڵەکانی لەگەڵ منداڵەکانم ناکۆکن! گوتم: مامۆستا! ئنجا مادام هاتوە بۆ ماڵی خوا و، تۆش بە ئیمام بزانێ، چۆن ئەو وشە و تەعبیرە قورسانەت پێ گوتن؟ پاشان بە لەباریی بچۆ ئامۆژگاریی بکە، نەك لەسەر مینبەر و، کات و سەر و دڵی ئەو هەموو خەڵکەی پێ بگری!

بەڵێ بەڕاستیی دەبێ وریا بین و، خەڵك بۆ لای خوا بانگ بکەین، نەك بۆ لای خۆمان، پاشان: (بە شانازییەوە خۆ ئەژمارکردن لەریزی مسوڵماناندا) بێگومان بەڕێزان! شانازییە ئینسان مسوڵمان بێ، شانازییە ئینسان بەندەی خوا بێ و بانگەوازکاری ڕێی خوا بێ: ﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبۡدُ ٱللَّهِ يَدۡعُوهُ كَادُواْ يَكُونُونَ عَلَيۡهِ لِبَدٗا ١٩ ﴾ الجن.

واتە: هەروەها کاتێك بەندەی خوا (محمد) هەڵسا لێی پاڕایەوە، نزیك بوو جندەکان لەسەری کەڵەکە بێن (هێندە قەڵەباڵغییان لە دەورە کرد).

با پێمان وا نەبێ شتێکی دیکە لەسەرووی مسوڵمانەتییەوە هەیە، خوای پەروەردگار بە پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٦٣ ﴾ الأنعام.

واتە: بڵێ: بە دڵنیایی نوێژم و پەرستشەکان (ی حەج و عومرە)م و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییانە. هیچ هاوبەشێکی نیە و، هەر بەوەش فەرمانم پێکراوە و، من یەکەمی مسوڵمانانم. (یەکەم کەس کە بۆ خوا ملکەچم لە ڕووی کاتییەوە: لەسەر ئاستی ئوممەتی ئیسلام و، لە ڕووی پلەوە: لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی).

هەروەها خوای زانا و توانا لە بارەی ئیبراهیم (علیە السلام)ەوە، دەفەرموێ:
﴿ وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ ۚ وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٣٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾ ﴾البقرة.

واتە: مەگەر کەسێك خۆی نەفام بکات، ئەگەر نا کێ بەرانبەر بە ڕێبازی ئیبراهیم نائارەزوومەند دەبێ! کە بە دڵنیایی لە دنیادا هەڵمانبژارد و لە دواڕۆژیش دا لە بەندە زۆر پەسندەکانە. یاد بکەوە! کاتێك پەروەردگاری پێی فەرموو: ملکەچ بە! گوتی: بۆ پەروەردگاری جیهانییان ملکەچم.

مەبەستم ئەوەیە مسوڵمانەتیی شانازییە و، پێگە و پلەیەکی زۆر بەرزە، ئنجا کەسێك لە نێو مسوڵمانان دا هەوڵبدات: خزمەتیان پێبکات و کاری خێر بکات، ئەوە شانازییەکی گەورەترە، بەڵام بە مەرجێك خۆی پێ لەوان زیاد نەبێ، لەبەرئەوەی عیلمی زیاترە، یان لەبەر ئەوەی بەرپرسیارێتییەکی هەیە، یان... یان...هتد، مرۆڤی مسوڵمان دەبێ خۆی پێ لە کەس زیاد نەبێ، لە مسوڵمانان.

١٥ و ١٦)- حیکمەت و دانایی لە قسە و ڕەفتاردا و، کارلێکی ئەرێنیی لەگەڵ تێکرای توێژەکانی خەڵکدا:

پێشـتریش باسـی حیکمەتـم کـردوە، کـە ڕێبـازی گشـتی بانگەوازکردنـە بـۆ لای خـوا، خـوای کاربەجـێ دەفەرمـوێ: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ ﴿١٢٥﴾ ﴾النحـل.

واتە: بە حیکمەت بەرەو ڕێبازی پەروەردگارت بانگەواز بکە.

لێرەدا، دەمەوێ تۆزێك چەمکی حیکمەت ڕوون بکەمەوە:

ڕوونکردنەوەی چەمکی حیکمەت لە حەوت کورتە خاڵ دا[1]:

بەڕێـــزان!

خەڵك بانگکـردن بـۆ لای خـوا، بـە حیکمـەت، زۆر شـت دەگرێتـەوە، کـە ڕەنگـە ئـەم حەوتـە گرنگترینیـان بـن:

١)- پێویستە ڕەچاوی پلە پلەیی (تدرّج) بکرێ، لەگەڵ بانگکراوان (مدعوین)دا.

٢)- دەبێ ڕەچاوی لە پێشترەکان (أولویات) بکرێ، چ شتێ لە پێش چ شتێکەوەیە، بەپێی پێوەر و تەرازووی شەریعەت.

پێشتر بە وردیی قسەمان لە بارەی ئەو دوو خاڵەوە کرد.

٣)- حاڵیکردن و تێگەیاندنی خەڵك کە بانگەوازکار (داعي) دڵسۆزیانە و بۆیان بە پەرۆشە و، هیچ ئامانجێکی دیکەی نیە واتە: هیچ ئیشی خۆی بەوان نیە، بەڵکو ئیشی خۆیانی پێیانە، خوای بەخشندە ئاوا باسی پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ دەکات:

---

(١) ئـەم باسـەمان لـە کتێبـی یازدەمـی مەوسـووعەی: (الإسـلام کـما یتجـلی في کتـاب اللـه) بـە ناوونیشـانی: (تطبیـق المجتمـع للشریعـة) وەرگرتـوە. بڕوانـە: [الطبعـة الثانیـة / ٢٠٢٠م].

﴿ لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٢٨ ﴾ التوبة

واتە: پێغەمبەرێکتان لە خۆتان بۆتان هاتوە، هەرشتێك ئێوە نارەحەت بکات، زۆر لەسەر دڵی قورسە و، لەسەر هیدایەتی ئێوە زۆر سوورە و، بەرانبەر بە بڕواداران زۆر میهرەبان و بەبەزەییە.

ئێمەش دەبێ هەوڵبدەین پشك و بەشمان هەبێ لە سیفەتەكانی پێغەمبەردا ﷺ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ ٢١ ﴾ الأحزاب.

واتە: لە پێغەمبەری خوادا باشترین سەر مەشق (پێشڕەو و چاوساغ) هەیە. یانی: دەبێ ئێوەش وەك وی بکەن، بۆیە من دەڵێم: هەرکەسێك بە ڕێی پێغەمبەردا ﷺ بچێ، دەبێ هەوڵبدا وەك وی بچێ، ئەگەر کەم و زۆر وەك پێغەمبەر ﷺ نەچی، مانای وایە بەڕێی ویدا نەچووی!

٤)- جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕاستییە کە ئەو بانگەوازکارە، لافی ئەوە لێنادات هەرچی هەقە لە لای ئەوە، بۆ زانیارییتان! هەموو مرۆڤەکان ڕقیان لە کەسێکە خۆی لەسەرەوەی وان دابنێ و، بڵێ: هەرچی هەقە لە لای منە، کە ڕاستیش نیە، بە خوا، هەرچی هەقە بەس لە لای خوایە: ﴿ وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡ ٢٩ ﴾ الكهف.

واتە: بفەرموو: هەق تەنیا لە پەروەردگارتانەوەیە. بەڵام ئەوەی دیکە ڕێژەییە من هەندێکم لە لایە، ئەو هەندێکی لە لایە، ئەوی دیکە هەندێکی لە لایە.

ئنجا مەرجیش نیە کەسێك کە نامسوڵمان بوو، هیچ هەقی لەلا نەبێ، خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ ٧١ ﴾ آل عمران.

واتە: ئەی خاوەن کتێبەکان! بۆچی هەق و باطیڵ تێکەڵ دەکەن؟! ئەمە مانای وایە: ئەندازەیەك هەقیان لە لایە، بەڵام گرفت ئەوەیە، هەقێکی کەمیان لە لایە و لەگەڵ بەتاڵێکی زۆرا تێکەڵی دەکەن. ئەم خاڵەشم لە و ئایەتە

موبارەکەی سوورەتی (سبأ)، وەرگرتوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ وَإِنَّآ أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ ﴾.

واتە: بڵێ کێ ڕۆزیتان دەدات لە ئاسمانەکان و زەوییەوە؟ بڵێ: خوا، ئنجا من یان ئێوە لەسەر ڕێنماییین، یاخود لە گومڕاییەکی ئاشکرا داین.

تەماشا بکەن: خوا ئاوا پێغەمبەر (محمد) ﷺ فێر دەکات کە یەکسەر بە کافرەکان نەڵێ: ئێوە لە گومڕایی دان و، من لەسەر هیدایەتم، بێگومان پێغەمبەر ﷺ دەزانێ کە لەسەر هیدایەتە، بەڵام تۆ بتەوێ ئەو خەڵکە بانگ بکەی، بۆ لای پەیامی خوا، دەبێ بەرانبەرەکەت ئەگەرێکی بۆ بهێڵیەوە کە ئەویش حەقێکی لە لایە، بۆ ئەوەی گوێت بۆ بگرێ، چونکە کە تۆ گوتت: تۆ لە گومڕایی دا نغرۆ بووی و، هەقیش هەمووی لە لای منە! مانای وایە: تۆ پردەکانت هەموو پچڕاندوون، نا، تۆش وەك پێغەمبەرەکەت ﷺ، بڵێ: یان من، یان ئێوە، یەکێکمان لەسەر هیدایەتین و یەکیشمان لە گومڕایی داین.

٥)- خۆپاراستن لە بەکارهێنانی هەر وشە و تەعبیر، یان ڕەفتارێك، یان ئاماژەیەکی ناجۆر و بریندارکەر، ئەمەشم هەر لە سوورەتی (سبأ) وەرگرتوە: ﴿ قُل لَّا تُسْـَٔلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْـَٔلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾.

واتە: بڵێ: ئێوە پرسیارتان لێ ناکرێ دەربارەی تاوانێك کە ئێمە کردوومانە و، ئێمەش دەربارەی کردەوەکانی ئێوە پرسیارمان لێناکرێ، یانی: ئێوە لەبارەی تاوانەکانی ئێمەوە، بەرپرسیارنین و، ئێمەش لەبارەی کردەوەکانی ئێوەوە، بەرپرسیار نین، هی وان بە کردەوە ناو دەبات و، هی خۆی بە تاوان (جريمة) !!

نەك بڵێی: تۆ لە گوناح و تاواندا غەرق بووی و، منیش لە کردەوەی چاکدا گەیشتوومە لووتکە، چونکە ئەویش دەڵێ: تۆ هێندە بڵند و من هێندە نزم، هەر ناتگەمێ! کە بە دڵنیایی ئەوە ڕاستیش نیە، چونکە هەرچۆن بێ بەشەرەکان هەڵەکارن و، کەم و کوڕییان هەر هەیە.

٦)- خۆ دوورگرتن لە هەر جۆرە خۆ بەسەردا هەڵکێشان و خۆ پێباشبوونێك، تەماشا بکەن هەر لە سووڕەتی (سبأ)دا خوا فەرموویەتی: ﴿ قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَهُوَ الْفَتَّاحُ الْعَلِيمُ ﴿٢٦﴾ ﴾.

واتە: بڵێ: پەروەردگارمان کۆماندەکاتەوە و، دوایی ئەو بە هەق دادوەریمان لە بەین دەکات و، خوا باشترین گرێ کەرەوەیە و زۆریش زانایە.

سەرنج بدەن! سەرەنجامەکەی لێرە دەرنەخستوە، بڵێ: من لە بەهەشتێم و ئێوەش لە جەهەندەمێن، ئنجا وەرن با پێکەوە دیالۆگ بکەین، دەفەرموێ: پەروەدگارمان کۆماندەکاتەوە و، دوایی ئەو بە شێوەیەکی هەق دادوەریمان لە بەیندا دەکات و، خوای زانا و شارەزاش باشترین دادوەرە لە قیامەتێ.

هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾ ﴾الغاشية

واتە: مسۆگەر گەڕانەوەیان تەنیا بۆ لای ئێمەیە و، لێپرسینەوەشیان تەنیا لەسەر ئێمەیە.

٧)- خستە ڕووی ئایین و بەرنامەی خوا، وەك حاڵەتە سروشتیی و ئاسانەکەی خۆی، کە هیچ سەغڵەتکردنێکی تێدانیە، وەك خوای کارزان فەرموویەتی:

أ- ﴿ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ ﴿١٨٥﴾ ﴾البقرة.

واتە: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ و، زەحمەت و قورسیی بۆتان ناوێ.

ب- ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴿٧٨﴾ ﴾الحج.

واتە: خوا لە ئایین دا هیچ سەغڵەتییەکی نەخستۆتە سەرتان.

ڕەنگە یەکێك بڵێ: ئەدی بۆچی ئینسان کە بەڕۆژوو دەبێ تینووی دەبێ؟ یان لە جەنگ و جیهادا بریندار دەبێ، دەکوژرێ، ماڵ سەرف دەکات، کۆچ دەکات و....هتد؟!

دەڵێین: ڕاستە، بەڵام هیچی وا نیە کە مرۆڤ بۆی نەکرێ لە هەر شوێنێك هەر ئەرکێکت بۆ جێ بەجێ نەکرا خوا لەسەرت لادەبات: لەسەفەردا[1] نوێژەکان کورت دەبنەوە، لە سەفەردا ڕۆژووی ڕەمەزان لادەچێ، لە کاتی نەخۆشییدا شێوەی نوێژکردن دەگۆڕێ، زۆرێك لە حوکمەکان لە کاتی نائاساییدا دەگۆڕێن، چونکە خوای میهرەبان دەزانێ تۆ سەغڵەت دەبی، بۆت ئاسان دەکات.

هەروەها [کارلێکی ئەرێنیی (التفاعل الإيجابي) لەگەڵ نوێژەکانی خەڵکدا] خەسڵەتێکی دیکەی گەورەو گرنگی بانگەوازکارانە بۆ لای خوا، بابای بانگەوازکار (داعي) دەبێ وەك پێشینان گوتوویانە: ئاردی گەنم بێ، هەموو جۆرە نانێکی لێ دروست بکرێ، ئنجا وەك پێشتریش گوتمان: بانگەوازکار هەمان ئەرکی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم (محمد) ئەنجام دەدات و، ئەویش بۆ تێکڕای خەڵك بە هەموو توێژو پێکهاتەکانیانەوە نێرراوە، وەك خوا عزوجل پێی فەرمووە: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴿١٥٨﴾ ﴾ الأعراف.

واتە: بڵێ: ئەی خەڵکینە! من ڕەوانە کراوی خوام بۆ لای تێکڕاتان.

ئاشکراشە قسە کردن بۆ تێکڕای خەڵك و، کار لەسەر کردنیان بۆ نیزیکخستنەوەیان لە خواو پەیام و بەرنامەکەی، کارێکی گەورەو گرنگە و خۆئامادە کردن و ساغیی و پاکیی و دڵسۆزیی و کارامەیی و لێزانییەکی زۆر دەوێ.

---

(١) مەبەست سێ نوێژە چوار ڕکاتییەکانن: نیوەڕۆ و ئێوارە (عصر) و خەوتنان.

١٧ و ١٨)- بە دڵی پڕ بەزەیی و خۆشەویستیی ئامۆژگاریی کردن و، لە کاتی ناچارییدا؛ بەو پەڕی شێوازی بەرز و پەسند شەڕە قسە (جدال) کردن:

براو خوشکە خۆشەویستەکانم!

لە کاتێکدا دەمانەوێ خەڵك بانگ بکەین بۆ لای خوا و، خەڵك لە ئایینی خوا نزیك بخەینەوە، دەبێ دڵی خۆمان پڕ بکەین لە بەزەیی و پەرۆش و خۆشەویستیی، ئێستا دەروونناسەکان و کۆمەڵناسەکان و، ئەوانەی لە گەشەی بەشەریی (التنمية البشرية) دەکۆڵنەوە، دەڵێن: ئەو حاڵەتە دەروونییەی تۆ لە خۆتدا دەیهێنیە دی، یەکسەر کاریگەریی هەیە لەسەر بەرانبەرەکانت، ئەگەر دڵی خۆت پڕبکەی لە خۆشەویستیی و ڕێز و بەزەیی و پەرۆش، ئەو حاڵەتە دەروونییە کاریان تێدەکات و مونعەکیس دەبێتەوە لەسەریان و، بە پێچەوانەش ئەگەر دڵت پڕ بێ لە کینە و بوغز و غەرەز و خۆ پێ زۆربوون، ئەوەش هەر ڕەنگ دەداتەوە و مونعەکیس دەبێ لەسەریان.

جارجار هەندێك وردە بیرەوەریی خۆم باس دەکەم، وەك دەرس لێوەرگرتن:

لێرەش دەڵێم: مەگەر چۆن دەنا لەگەڵ هیچ کەسێکدا، قسە و وتووێژ یان مشت و مڕم نەکردوە، مەگەر دوعام بۆ کردوە و، لە خوا پاڕاومەوە: دڵی نەرم بکات و، هیدایەتی بدات، هەروەها خوا بمپارێزێ لەوەی شەیتان زەفەرم پێبەرێ: قسەیەکی ناڕێك بکەم، کە شایستەی ئیسلام نەبێ، چونکە کێشە هەر ئەوە نیە بە هۆی شێوازی ناڕێکی تۆوە، ئەو کەسە دڵی دەڕەنجێ و لە ئیسلام دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو کێشەی گەورە ئەوەیە، بە هۆی تۆوە ئیسلام لەبەر چاوی دەبێزرێ، ئەگەر قسەیەکی ناشیرین بکەی و شێوازێکی ناڕێك بەکاربێنی.

جارێك لەسەر ئەو كەناڵانە، دوو كەس قسەیان دەكرد، مشتومڕیان بوو، بە شێوازی ناشایست و نارێك، تەلەفۆنم بۆ یەكێكیان كرد، گوتم: كاكە گیان! بە خوا دیفاع كردن لە دینی خوا وا نابێ، هەر لێیگەڕێی باشترە، چونكە بە هۆی شێواز و تەعبیری نارێكی تۆوە، دین ناشیرین دەبێ و، بەو جۆرە قازانجت سەری مایەت دەخوات!

بەڵێ بە دڵی پڕ بەزەیی و خۆشەویستیی ئامۆژگاریی خەڵك كردن كە: (الموعظة الحسنة)ش هەر ئەوە دەگەیەنێ، ئامۆژگاریی چاكت دەبێ بە دڵی پڕ پەرۆش و خۆشەویستییەوە بێ.

ئنجا (لە كاتی ناچارییدا، بەوپەڕی شێوازی بەرز و پەسند شەڕە قسەكردن)، ئەوەش چەمكەكەی لە حەوت وردە خاڵدا ڕوون دەكەمەوە، چۆن موناقەشە بكەین؟ چونكە مەگەر چۆن، دەنا هەموو كەس تووشی موناقەشە و شەڕە قسە هەر دەبێ، هەرچەندە من ئامۆژگارییتان دەكەم، وەك برایەكی دڵسۆزی خۆتان: خۆتان بپارێزن لە شەڕە قسە و دمبەدمبە، بەڵام جاری وایە ئینسان كەسێكی لە ڕاسترا دێ، عینادە و كەللە ڕەقە و نەسەلمێنە، یاخود دەیەوێ لە مەجلیسدا بتشكێنێ، یاخود دینەكەت وا بخاتە بەرچاو كە لە ژێر نیشانەی پرسیار دایە! ئەوە دەبێ دەمكوتی بكەی و، لەو حاڵەتەدا ناچاری.

حەوت كورتە خاڵ لە بارەی شەڕە قسە كردنەوە بە باشترین شێواز[1]:

١)- كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ ﴿١٢٥﴾ ﴾ النحل.

واتە: مرۆڤی مسوڵمان دەبێ باشترین وشە و تەعبیر هەڵبژێرێ، یانی: وشە و تەعبیرێك بەكاربهێنێ دڵی بەرانبەر بڕووشێنێ، ئەگەر وشەیەكی ناشایست و ناجۆر بێ، ڕەنگە بەرانبەرەكەی لێی بوەشێتەوە، بەڵام ئەو نابێ لە خۆی و لە ئایینەكەی بوەشێنیەوە.

---

(١) ئەم باسەشم هەر لە سەرچاوەی پێشوو وەرگرتوە، هەمان كتێب.

٢)- پێویستە باش گوێ بۆ قسەی بەرانبەرەکەی بگرێ و، بە ڕێز و حورمەتەوە و، بە گرنگیی پێدانەوە، هەموو مرۆڤێك پێی خۆشە ڕێزی لێ بگری، بەڵام کەسێك قسەت بۆ بکات و خۆت بە شتێکەوە مەشغووڵ بکەی، یەکسەر دڵی دەشێوێ، دوایی هەقیشت پێبێ، لێت وەرناگرێ، بە زۆریی خەڵك خود و بابەت (ذات وموضوع) تێکەڵ دەکەن! بە زۆریی وایە: مرۆڤ ئەگەر ڕێزت لە خۆی نەگرت، هەقەکەشت لێوەرناگرێ.

٣)- قسە پێنەبڕین، ئەگەر قسەکەشی بە دڵ نەبێ، لە هەندێك کاسێت دا، گوێم لە وتووێژێکی کاك (ناصری سوبحانیی) بووە، خوا پلەی بەرز بکات و لێی خۆش بێ، ئەدەبێکی زۆر جوانی پێوە دەبینم، لەگەڵ مامۆستا (مەلا ئەحمەدی دەگا شێخان) وتووێژێك دەکات، کە ماموستا (مەلا ئەحمەد) قسەکانی بێهێزن و قسەی بێجێ دەکات و، بەڵگەکانی بێهێزن، بەڵام کاك (ناصر) نە قسەی پێ دەبڕێ، نە تەعبیرێك بەکاردێنێ دڵی بڕووشێنێ، زۆر بە حورمەت و ڕێزەوە قسە دەکات!

٤)- دەنگ بە سەردا بەرزنەکردنەوەی، هەرچەندە ئەویش گاڵەگاڵ بکات.

٥)- گاڵتە نەکردن بە قسەکانی، ئەگەر بە جووڵەی لێو و بە ئاماژەی چاویش بێ، چونکە جاری وایە کەسێك لێو لە کەسێك هەڵدەقرچێنێ، یان بڕۆی لێ بەرز دەکاتەوە.

٦)- دانپێداهێنانی ئەو هەقەی کە لە لایەتی، جاری وایە بەرانبەرەکەت، نامسوڵمانە، بەڵام هەقێکی لەلایە، دەبێ بڵێی: ئەو قسەیەت هەقە، ئەوەت ڕاستە! کە هەم پێی دڵخۆش دەبێ، هەم هەقیشە.

٧)- تێکەڵ نەکردنی کەسایەتیی بابای مشتومڕ و موجادەلەکەر، لەگەڵ بابەتەکەدا، ئەو دیفاع دەکات لە بابەتێکی ناهەق، بەڵام تۆ شەخصەکە لەگەڵ بابەتەکەدا تێکەڵ مەکە، بڵێ: جەنابت زۆر جێی ڕێز و حورمەتی، کە ڕاستیش دەکەی، چونکە: خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴿٧٠﴾ ﴾ الإسراء.

واتە: بە دڵنیایی ڕێزمان لە وەچەی ئادەم گرتوە.

مرۆڤەکان: کافران و مسولّمانان، هەموویان بەرێزن، بڵێ: تۆ لە لای من زۆر بەرێزی، بەڵام ئەو بابەتە غەڵەتە، نەك تێکەڵی بکەی، بڵێی: نە بۆ خۆت بە کەڵك دێی، نە قسەت بە کەڵك دێ، ئەویش گوێت بۆ ناگرێ و هیچت لێوەر ناگرێ.

١٩ و٢٠)- دووربوون لە خۆ بە گەورە زانیی و، خاکیی بوون و لێبوردەیی و نەرم و نیانیی:

بەرێزان! ئەم دووانەش دوو خەسڵەتی گەورە و گرنگیی کەسانێکن، کە دەیانەوێ خەڵك بۆ لای خوا و ئایین، بەرنامەکەی بانگ بکەن:

لەبارەی: (خۆ بە گەورە نەزانیی)یەوە: سەرنج بدەن! پێغەمبەری خاتەم ﷺ، لە دوو شوێنی قورئاندا: لە سوورەتی (الکهف)دا، ئایەتی (١١٠)، لە سوورەتی (فصلت)دا، ئایەتی (٦)، خوا یەك تەعبیر بۆ پێغەمبەر ﷺ دەنێرێ کە بیفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴿١١٠﴾ ﴾ الکهف.

واتە: بڵێ: من بەس مرۆڤێکم وەك ئێوە!

ئێستا ڕەنگە زۆر لەو بەرپرسە دنیاییانە، ئامادەنەبن شتێکی وا (بەڵام بە دڵ و بە کردەوە) بە خەڵکی بڵێن، زۆر گرنگە مرۆڤ بە ڕاستیی و لە دڵەوە و بە کردار بە خەڵکی بڵێ: من بەس مرۆڤێکم وەك ئێوە، هیچم لە ئێوە زیاد نیە، زۆر گرنگە کە خۆت پێ لە خەڵك زیاد نەبێ و، خەڵك بزانێ کە خۆت پێ لەوان زیاد نیە، ئنجا با خەڵك بە کردەوە تۆی پێ لە خۆی زیاد بێ، نەك بە ئیددیعا و لاف لێدانی خۆت، کە، بە تەئکید ئەوەش زیاتر زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی خەڵك قسەت لێوەربگرێ.

لە بارەی:

(خاکیی بوون و لێبوردەیی و نەرم و نیانیی)یشەوە، ئەم ئایەتە بەپێزە بە نموونە دێنینەوە، کە پێشتریش هێنامان: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ (١٥٩) ﴾ آل عمران.

واتە: بە هۆی بەزەیی خواوە بۆیان نەرم و نیان بووی و، ئەگەر قسە زبر و دڵڕەق بووای، لە دەورت دەپرژان. لێیان ببوورە و داوای لێبوردنیان (بۆ لە خوا) بکە و لە کاروباردا ڕاوێژیان پێبکە...

٢١ و ٢٢)- ئازایەتیی و فیداکاریی و بوێریی و، بێ تەماعیی و قەناعەت و بەرچاو تێریی:

بەڕێـــــــزان!

ئەم خەسڵەتەش: (ئازایەتیی و فیداکاریی و بوێریی) سیفەتێکی دیکەی گەورە و گرنگی بابای بانگەوازکارە بۆ لای خوا و، دەبێ ئازا بێ و، بوێر بێ و، لە شوێنی خۆیدا قسەی خۆی بکات، هەروەها دەبێ فیداکاریش بێ بۆ دینی خوا، بە خوا بە مەرجی سەلامەتیی، دینداریی و مسوڵمانەتیی ناکرێ، هیچ پێغەمبەرێکم (علیهم الصلاة والسلام) نەبینیوە لە دەست و زمانی خەڵکی سەلامەت بووبێ، کاتی خۆی لەو ساڵانەدا کە ئێمە خەباتی چەکدارییمان دەکرد، ئەگەر کەسێکمان لێ برینـدار یان شەهید دەبوو، یان تووشی نسکۆ و ناڕەحەتییەك، گیرانێك، دەبووین، کەسانێك تانەیان لێدەداین، دەیانگوت: بێ حیکمەتن، لێی نازانن! بەڵام ئەگەر ئێمە لێی نەزانین و لێمان نەزانیبێ، بێگومان پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لە لووتکەی لێزانیی کارامەیی و شارەزایی و، بلیمەتییدا بوون، کەچی نەشیان توانیوە سەلامەت بن!

بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە: ئەگەر ئینسان بیەوێ بەڕاستیی مسوڵمان بێ و، بەڕێی خوا و پێغەمبەری خوادا ﷺ بڕوات، موستەحیلە بتوانێ هەموو خەڵکی ڕازییکات، هەرگیز شتی وا نابێ، مەحاڵە کارێك بکەی، کەس لێت تووڕە نەبێ و هەموویان لێت ڕازی بن، مەگەر خۆت بکەی بە گوڵە بەڕۆژە، هەر جارەو ڕووت لە لایەك بێ، ئەگەرنا هەرگیز خەڵکت هەمووی پێ ڕازی ناکرێ، بۆیە کاتێك موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان، نامەیەك دەنێرێ بۆ دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، وەك لە فەرموودەی (صحیح)دا هاتوە، دەڵێ: ئامۆژگاریم بکە، وەسیەتم بۆ بکە، بەڵام بە کورتیی، ئەویش بۆی دەنووسێ: [سمعت رسولَ الله يقول: مَنْ الْتَمَسَ رِضَا اللَّهِ بِسَخَطِ النَّاسِ، كَفَاهُ اللَّهُ مُؤْنَةَ النَّاسِ، وَمَنْ الْتَمَسَ رِضَا النَّاسِ بِسَخَطِ اللَّهِ، وَكَلَهُ اللَّهُ إِلَى النَّاسِ] أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: ٢٤١٤، وَابْنُ حِبَّان برقم: ٢٧٦، قال الألباني: صحيح. واتە: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە دەیفەرموو: (هەر کەسێك بیەوێ خوا لە خۆی ڕازی بکات، بە تووڕە کردنی خەڵکی، خوا کێشەی خەڵکی لە کۆڵ دەکاتەوە، بەڵام هەر کەسێك بیەوێت خەڵك ڕازی بکات بە تووڕەکردنی خوا، خوا حەواڵەی خەڵکی دەکات).

هیچ گومانی تێدانیە کە ئینسانی ئیماندار دەبێ ڕەزامەندیی خوا، بکات بە لووتکەی ئاوات و هیوایەکانی خۆی و، هەموو شتێکی دیکەی لە پێناودا بەخت بکات.

ئەوی دیکە: (بێ تەماعیی و قەناعەت و بەرچاو تێریی):

بەڕێـــــزان!

برا و خوشکانێك کە لە مەیدانی بانگەواز کردندان! بێ تەماعیی و قەناعەت هەبوون و، بەرچاو تێریی و، چاو لە دەستی خەڵك نەبوون، ئینسان زۆر بە حورمەت دەکات، ئینسان سەنگین و، بەڕێز دەکات، هەروەها عەکسەکەشی هەر ڕاستە: چاوت لە دەستی هەر کەسێ بێ، جۆرێك لە شەرمەزارییت بەرانبەری دەبێ، بەڵام وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: [مَنْ أَحَبَّ أَنْ يَكُونَ أَقْوَى النَّاسِ، فَلْيَتَوَكَّلْ

عَلَى اللهِ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يَكُونَ أَكْرَمَ النَّاسِ، فَلْيَتَّقِ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يَكُونَ أَغْنَى النَّاس، فَلْيَكُنْ بِمَا فِي يَدِ اللهِ، أَوْثَقَ مِمَّا فِي يَدِهِ}[1].

واتە: هەر کەسێك دەیەوێ بەهێزترین کەس بێ، با پشت بە خوا ببەستێ و، هەر کەسێك دەیەوێ بەرێزترینی خەڵکی بێ، با پارێز لە خوای زاڵی پایەدار بکات و، هەر کەسێك دەیەوێ دەوڵەمەندترین کەس بێ، با ئەوەی لە لای خوایە، متمانەی زیاتر پێ هەبێ، لەوەی لە دەستی خۆی دایە.

خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ﴿٥٤﴾ ﴾المائدة.

واتە: لە ڕێی خوادا تێدەکۆشن و، لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسێن.

پێشینانی خۆمان هێندێ پەندی غەڵەتیان هەن، وا مەزانن پەندی پێشینان هەموویان ڕاستن، پەندێك دەڵێ: (لۆمەی عەبدان لە عەزابی قەبر ناخۆشترە!)، بەڵام وا نیە، بە خوا لۆمەی عەبدان هەر هیچ نیە لە چاو عەزابی قەبر، لە بەرزەخ دا، دوای ئەوەی ئینسان ڕووحی لە جەستەی جیادەبێتەوە، بۆیەش وا دەڵێم: چونکە خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زۆر لە وڵاتانی دیکەش، جەستەی مردووەکان هەر دەسووتێنن و، دەبێتە خۆڵەمێش و بڵاوی دەکەنەوە! بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێ، مەرج نیە خەڵك هەمووی بچێتە نێو قەبر، بۆیە دەبێ بڵێین: عەزابی دوای مردن و جیابوونەوەی ڕووح لە جەستە لە جیهانی بەرزەخ دا، ئنجا ئا ئەوە لەگەڵ لۆمەی عەبدان، لە ئەرازووێ ناهاویشترێ.

زۆربەی خەڵکی لە ترسی زمانی خەڵك و لەبەر لۆمەی خەڵك، زۆرجار ناتوانێ هەق بڵێ، ناتوانێ پابەند بێ بە هەقەوە، بەڵام خوای زاڵی زانا باسی جیهادکردن لە ڕێی خوادا و، نەترسان لە لۆمەی خەڵکی، پێکەوە هێناون: ﴿ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ﴿٥٤﴾ ﴾ خوا حەکیمە، دەزانێ چ

---

(١) أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: ٧٧٠٧، وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ.

دەفەرموێ، چونکە کاتێك دەتوانی جیهاد بکەی و تێکۆشی لە ڕێی خوادا (کە یەکێك لە جۆرەکانی جیهاد بریتیە لە جەنگ و، جیهاد هەمووی لە جەنگ دا خوڵاصە نەبۆتەوە)، کاتێك دەتوانی موجاهید بی لە پێناوی خوادا، لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسی. دیسان لە بارەی قەناعەت و بەرچاوتێریی و چاو لە دەستی خەڵك نەبوونەوە، لە سوورەتی (ص)دا، خوا ئاوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾، واتە: بڵێ: هیچ کرێتان لێ داوا ناکەم، (هیچ پاداشتان لێ داوا ناکەم) و، من هیچ ئەرکتان ناخەمە سەر (یان هیچ لاف لێنادەم).

بەڵێ زۆر گرنگە ئینسان ئەرك نەخاتە سەر خەڵکی و، چاوی لە دەستی خەڵکی نەبێ و، لێیان بێ نیاز بێ، هەر کات ملمۆستا و زانا و بانگەوازکار بۆ لای خوا، بێ نیازیی دەربڕێ لەوەی لە دەستی خەڵکدایە، خەڵك زۆر ئاتاجیی دەردەبڕێ، بۆ ئەوەی لە لای مامۆستایە، کە شارەزای دین و پەیامی خوای پەروەردگارە، بەڵام ئەگەر ئەو نیازمەندیی دەربڕێ بۆ ئەوەی لە دەستی ئەواندایە، ئەوانیش لەوانەیە بێنیازیی دەربڕن لە بەرانبەر ئەوەدا کە لە دەستی ئەو دایە، کە ئایین و پەیامی خوای بەرز و مەزنە.

٢٣ و ٢٤)- بۆ بیروڕای خۆ دەمارگیرنەبوون و، بەردەوام کەم کوڕیی و گوناهی خۆ دیتن و، بە کوڵ لە خوا پـــاڕانەوە و، لە خوتخوتە و دنەدانی شەیتان پەنا بەخوا گرتن:

بەڕێــــــزان!

تەماشا بکـەن! پێغەمبەرێکـی پایەبـەرزی وەك (یوسـف) (علیـه السـلام) دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٣﴾ ﴾ یوسـف.

ئایـا چ گەنجێـك و چ پیاوێـك هێنـدەی (یوسـف) پـاك و چـاك بـووە، کەچـی دەڵـێ: پاکانـە بـۆ نەفسـی خـۆم ناکـەم، چونکـە نەفـس زۆر فەرمـان دەکات بـە خراپـە، مەگـەر پـەروەردگار بەزەیـی (بەرانبـەر بـە مـرۆڤ) هەبـێ، بێگومـان پـەروەردگار لێبـوردەی میهرەبانـە.

ئنجا ئەگـەر (یوسـف) پاکانـە بـۆ نەفسـی خـۆی نـەکات، کێـی دیکـە بـۆی هەیـە بڵـێ: مـن لـە سـەرووی ئارەزووان و گومانـان (شـهوات و شـبهات)نم؟!

بەڵـێ هەمیشـە دەبـێ بابـای بانگـەوازکار بـۆ بیـروڕای خـۆی دەمارگیـر نەبـێ و، کـەم و کوڕییەکانـی خـۆی ببینـێ، گونـاح و ناتەواوییەکانـی خـۆی ببینـێ و، خـۆی پـێ لـە خەڵکـی چاکـتر نەبـێ.

هەروەهـا لـەو لاشـەوە: هەمیشـە لـە خـوا بپاڕێتـەوە و، لـە ترسـی خوتخوتـە و دنەدانـی شـەیتان، پەنـا بەخـوا بگـرێ، وەك خـوا بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٠٠﴾ ﴾الأعـراف.

واتـە: ئەگـەر لـە شـەیتانەوە دنەدانێکـت بـۆ هـات، هاندانێکـت بـۆ هـات، پەنـا بـە خـوا بگـرە، بێگومـان خـوا بیسـەری زانایـە.

شـەیتان جـاری وایـە توانیویەتـی زیـان بـە پێغەمبـەر (محمد)یـش (صلـی اللـه علیـه وسـلم) بگەیەنـێ، بـەڵام نـەك لـەڕووی گەیاندنـی وەحیـی و پەیامـی خـواوە، بەڵکـو لـە ڕووی دیکـەوە، بـە بەڵگـەی ئـەوە کـە خـوای زانـا و شـارەزا لـە سـوورەتی (الأنعـام)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ ۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾ الأنعـام.

واتـە: ئەگـەر ئەوانـەت دەبینـی کـە دەڕژێنـە نێـو ئایەتەکانـی ئێمـەوە، (قسـەی خراپیـان بەرانبـەر بـە ئایەتەکانـی ئێمـە دەکـرد)، لەگەڵیـان دامەنیشـە، تاکـو باسـی بابەتێکـی دیکـە دەکـەن و، هـەر کات شـەیتان لەبیـری بردیـەوە (خافڵای و هـەر لـەوێ، لـە مەجلیسـەکە مایـەوە)، دوای ئـەوەی وەبیـرت هاتۆتـەوە، لەگـەڵ کۆمەڵـی سـتەمکاران دا دامەنیشـە.

کەواتـە: دەگونجـێ شـەیتان شـت لـە بیـری پێغەمبەریـش (صلـی اللـه علیـه وسـلم) بەرێتـەوە، بـەڵام جگـە لـە گەیاندنـی وەحیـی، لـەوەدا پێغەمبـەران (علیهـم الصلاة والسـلام) خـوا پاراسـتوونی، بـەڵام لـە شـتی دیکـە، نـا، بـۆ وێنـە: لـە صەحیحـی (بوخاریـی و موسـلیم)دا هاتـوە، کـە لوبەیـدی کـوڕی ئەعصەمـی یەهوودیـی جادووی کـردوە لـە پێغەمبـەر (صلـی اللـه علیـه وسـلم) و کاریگەریـی خراپیشـی لەسـەری هەبـووە، هەتـا خـوای میهرەبـان (المعوذتـين)ی بـە (جبریـل)دا ناردوونـە خـوار، سـوورەتی (الفلـق) و سـوورەتی (النـاس) ئـەو یـازدە ئایەتـە و، بەسـەر پێغەمبەریـدا (صلـی اللـه علیـه وسـلم) خوێنـدوون و، جادووەکـە هەڵوەشـاوەتەوە[1].

---

(١) [عَـنْ عَائِشَـةَ، قَالَـتْ: كَانَ رَسُـولُ اللـهِ صـلى اللـه عليـه وسـلم سُـحِرَ، حَتَّـى كَانَ يَـرَى أَنَّـهُ يَأْتِي النِّسَـاءَ وَلاَ يَأْتِيهِـنَّ، قَـالَ سُـفْيَانُ (أَحَـدُ رِجَـالِ السَّـنَدِ) وَهـذَا أَشَـدُّ مَـا يَكُـونُ مِـنَ السِّـحْرِ إِذَا كَانَ كَذَا، فَقَـالَ: يَـا عَائِشَـةُ! أَعَلِمْـتِ أَنَّ اللـهَ قَـدْ أَفْتَـانِي فِيـمَا اسْـتَفْتَيْتُهُ فِيـهِ أَتَـانِي رَجُـلاَنِ فَقَعَـدَ أَحَدُهُمَا عِنْـدَ رَأْسِي، وَالآخَـرُ عِنْـدَ رِجْـلَيَّ، فَقَـالَ الَّـذِي عِنْـدَ رَأْسِي لِلآخَـرِ: مَـا بَـالُ الرَّجُـلِ قَـالَ: مَطْبُـوبٌ قَـالَ: وَمَـنْ طَبَّـهُ قَـالَ: لَبِيـدُ ابْـنُ أَعْصَـمَ، رَجُـلٌ مِـنْ زُرَيْـقٍ، حَلِيـفٌ لِيَهُـودَ، كَانَ مُنَافِقًـا قَـالَ: وَفِيـمَ قَـالَ: فِي مُشْـطٍ وَمُشَـاطَةٍ قَـالَ: وَأَيْـنَ قَـالَ: فِي جُـفِّ طَلْعَـةِ ذَكَـرٍ تَحْـتَ رَعُوفَـةٍ، فِي بِـئْرِ ذَرْوَانَ قَالَـتْ: فَـأَتَى النَّبِـيُّ صـلى اللـه عليـه وسـلم الْبِـئْرَ حَتَّـى اسْـتَخْرَجَهُ فَقَـالَ: هـذِهِ الْبِـئْرُ الَّتِـي أُرِيتُهَـا وَكَأَنَّ مَاءَهَـا

٣٥) بەپاڵنەری ڕازیی کردنی خوای پەروەردگار،خستنەڕووی ئیسلام بە زمانی حاڵ و کردار:

ئەوە کۆتا سیفەتە و جاری دیکەش قسەمان لە بارەوە کردوە و، من پێم وایە: گرنگترین خەسڵەت کە دەبێ لە هەر مسوڵمانێکدا هەبێ، بە تایبەتی لە کەسێك دا بیەوێ: ببێتە هۆی ڕێنمایی خەڵك و دەستگرتنی خەڵك بەرەو ڕاستە شەقامی خوا، ئەوەیە: کە بە زمانی کردارو زمانی حاڵ، ئیسلامیان لە ئاوێنەی کردارو ڕەفتارەکانیدا بۆ دەربخات.

برایان و خوشکانی بەڕێز!

ئێمە ئەگەر هەر قسەمان لە خەڵکی زیاد بێ، کاریگەرییمان لەسەریان نابێ، چونکە هەمیشە هەر کەسە لە چ ڕوویەکەوە زیادەی لە خەڵکی پێبێ، دەتوانێ لەو ڕووەوە تەئسیریان تێبکات، ئەوەی عیلم و فیکریی لە خەڵك زیاتر بێ، لە ڕووی عیلمییەوە، لە ڕووی فیکرییەوە، هەروەها ئەوەی پارە و سامانی لە خەڵك زیاتر بێ، دەتوانێ بە ماڵ و سامان هاوکارییان بکات، هەروەها ئەگەر تەقوا و ئیخلاصی لە خەڵك زیاتر بێ، لەو ڕووەوە، کاریگەریی لە سەریان دەبێ، بۆیە ئەساس خۆمانین، کە ئەمە زۆرجار وەك پەندێکم لێکردوە، دەڵێم: (پاکسازیی بە پاکان دەکرێ، چاکسازیی بە چاکان دەکرێ، ڕاستکردنەوە بە ڕاستان دەکرێ) تاکو بۆ خۆمان هەوڵ نەدەین پاك و چاك و ڕاست بین، چۆن دەتوانین گۆڕانکاریی بەسەر دەوروبەری خۆماندا بێنین؟

ئنجا کە دەڵێم: خستنە ڕووی ئیسلام بە زمانی حاڵ و کردار، ئەوە هەموو کایەکانی ژیان دەگرێتەوە، بۆ وێنە: جاری وایە ئینسان دەچێ بۆ لای نەخۆشێك،

نُقَاعَةُ الْحِنَّاءِ، وَكَأَنَّ نَخْلَهَا رُؤُوسُ الشَّيَاطِينِ قَالَ: فَاسْتُخْرِجَ قَالَتْ: فَقُلْتُ أَفَلاَ، تَنَشَّرْتَ؟ فَقَالَ: أَمَّا اللهِ فَقَدْ شَفَانِي، وَأَكْرَهُ أَنْ أُثِيرَ عَلَى أَحَدٍ مِنَ النَّاسِ شَرًّا! أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ فِي: ٧٦ كِتَاب الطب: ٤٩ باب هل يستخرج السحر؟.

بە دڵسۆزیی، دوعای بۆ دەکات، دەستێکی پێدا دێنێ، کە بێگومان ئەو مرۆڤە زۆر پێی دڵخۆش دەبێ و بە دڵنیاییی لە لای خواش پاداشتێکی گەورەی دەبێ، هەروەها چوون بۆ تازیە و، بەشداریی کردن لە خۆشیی و ناخۆشیی خەڵك دا، کەسێك پێویستیی پێیە هاوکاریی بکات و، کێشەی هەیە بۆی چارەسەر بکات.

ئنجا ئەم زمانی حاڵ و کردارە، زۆر زمانێکی ڕەوان (فصیح) و پاراو و گۆیایە و، هەموو کەسێك چاك لێی تێدەگات و، بەڕاستییش ئەگەر وانەبین، مانای وایە هەر قسەمان لە خەڵك زیاترە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات، کە بە زمانی کردار و حاڵ، پێش زمانی وتار و مەقال، ئایینی خوای پەروەردگار بخەینە بەر چاوی خەڵك و شیرینی بکەین و، کارێك بکەین کە خەڵك و دەوروبەرمان لە هەر ئاستێکدا هەبن، بە هۆی ئێمەوە شیرینایەتییان بە ئایینی خوای بەخشەردا بچێ.

مەسەلەی سێیەم:

هەر کام لە شەوگارو ڕۆژگارو، خۆرو مانگ لە نیشانەو بەڵگەکانی خوای پەروەردگارن و، کەسێك خواناس بێ و، بیەوێ بە ڕاستیی خوا بپەرستێ و، تەنیا بەندایەتیی بۆ ئەو بکات، نابێ بێجگە لە خوا کڕنووش بۆ هیچی دیکە ببات، وەك مانگ و خۆرو، ئەستێرەو خڕۆکەکان، هەروەها دابەزێندرانی ئاو بەسەر زەمینی وشك و زەبووندا و، پێژیانەوەیشی لە نیشانەکانی خوایە، وێڕای ئەوەش بەڵگەی زیندووکرانەوەی مردووانیشە لە ڕۆژی دواییدا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩ ﴿٣٨﴾ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَـٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆزدە بڕگەدا:

خوا جارێکی دیکە دێتەوە سەر باسی خستنە ڕووی نیشانەکانی بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی خۆی، کە تەنیا بەدیهێنەربوون و، تەنیا پەروەردگاربوون و، تەنیا خاوەنبوونی خوا ﷻ بۆ گەردوون، بەڵگەی تەنیا پەرستراوبوونیشیەتی، لێرەدا خوا ﷻ چەند نیشانەیەك، چەند دیاردەیەکی گەردوونیی، کە بەڵگەی ئەوەن تەنیا خوا هەمەکارەی گەردوونەو، سەرەنجام ئەو هەمەکارەبوونی خوا بۆ گەردوون، بەڵگەی تەنیا پەرستراوبوونیەتی، دەخاتەڕوو، دەفەرموێ:

١)- ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴾، هەروەها لە نیشانەکانی خوا، شەوو ڕۆژو خۆرو مانگن، ڕاناوەکە بۆ خوا دەچێتەوە، چونکە پێشێ باسی خوای

بەرزی مەزن کراوە، ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ﴾، لە نیشانەکانی وی، ﴿ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ ﴾، شەوگارو ڕۆژگار، ﴿ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴾، خۆرو مانگ، یانی: (مِنْ دَلائِلِ رُبُوبِيَّتِهِ وَوحْدانِيَّتِهِ فِي خَالِقِيَّتِهِ وَرُبُوبِيَّتِه وَمَالِكِيَّتِهِ: اللَّيْلُ والنَّهارُ وَتَعَاقُبُهُمَا والشَّمْسُ والقَمَرُ)، واتە: لە نیشانەو بەڵگەکانی پەروەردگارێتیی خواو، تەنیایی خوا لە پەروەردگارێتیی و، بەدیهێنەرایەتیی و، خاوەندارێتییدا، بریتین لە شەوگارو ڕۆژگارو، بە دوایی یەکدا هاتنیان و، جێگۆڕکە کردنیان، هەروەها خۆرو مانگ.

ئێمە لە زۆر شوێندا باسی شەوگارو ڕۆژگارمان کردوە، هەروەها باسی خۆرو مانگمان کردوە، بە تایبەت لە تەفسیری سوورەتی (یونس)[1]دا بە درێژیی باسی هەر کام لە خۆرو مانگ و زەوییمان کردوەو، شەوگارو ڕۆژگاریش لە ئەنجامی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا لە بەرانبەر خۆردا پەیدادەبن، لەوبارەوە باسێکی تێرو تەسەلمان کردوە، بۆیە لێرە بە خێرایی بەسەریدا ڕەت دەبین.

گرنگ ئەوەیە بزانرێ کە خۆر یەکجار زۆر گەورەترە لە مانگ، هەروەك زۆر گەورەتریشە لە زەوی، زەویش زۆر گەورەترە لە مانگ، خۆر (١،٣٠٠،٠٠٠) جار هێندی زەوییە، زەویش چەند بەرانبەری مانگ گەورەیە، بەڵام خوا ﷻ هەم خۆرو هەم مانگی وا خولقاندوون، کە ئێمە لەسەر زەوی تەماشایان دەکەین، بە ئەندازەی یەکن، وەك دەڵێن: بە ئەندازەی کەللە بێژینگێك، یانی: خوا ﷻ لە مەسافەیەکی وادا دایناون، کە بۆ ئێمەی خەڵکی زەوی بە ئەندازەی یەك دیاربن، بۆیە خوا ﷻ لە سوورەتی (الرحمن)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ ۝٥ ﴾، واتە: ئێمە خۆرو مانگمان بە حیساب و بە ئەندازە داناون، ئنجا هەم دوورییەکەیان لە زەوییەوە، هەم دەرکەوتنی قەبارەکەیان بۆ چاوی ئێمە، هەروەها هەموو کاروبارەکانی دیکەیان، هەمووی ئەندازەگیریی کراوە، زانایان دەڵێن: ئەگەر زەوی دوورتر بووایە لە خۆر، یانی: نێوانی زەوی و خۆر لەوەی ئێستا دوورتر بووایە، یان نیزیکتر بووایە، ژیان لەسەر زەوی نەدەبوو،

---

(١) هەروەها لە تەفسیری سوورەتی (الشمس)یش دا.

ئەگەر دوورتر بووایە سەر زەوی دەبوو بە بەستەڵەك و، ئەگەر نیزیکتر بووایە سەر زەوی دەسووتاو دەبوو بە خۆڵەمێش، هەروەها دووریی نێوان مانگ و زەوی، ئەگەر مانگ نیزیکتر بووایە، ئەو کاتە هەڵکشین و داکشینی دەریایەکان زیاتر دەبوو، ئەگەر دوورتریش بووایە ئەو هەڵکشین و داکشینە کەمتر دەبوو، هەروەها ئەو سیستم و شێوەیەی کە ئێستا ژیان لەسەر زەوی بەخۆیەوە گرتوە، تێك دەچوو، ئنجا زەوی کە لە خولەکێکدا (٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ لە خولانەوەی بە دەوری خۆیدا، بەڵام لە خولانەوەی بە دەوری خۆردا لە چرکەیەکدا (٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ، واتە: سووڕانەوەی بە دەوری خۆردا، شەست هێندەی خولانەوەی بە دەوری خۆیدا خێرایە، کە لە ئەنجامی خولانەوی بە دەوری خۆیدا شەوو ڕۆژ پەیدادەبن، بەڵام لە ئەنجامی خولانەوەی بە دەوری خۆردا، چوار کەشەکانی ساڵ پەیدادەبن، واتە: زستان و هاوین و بەهارو پایز، کە هەر چواریان لە بەرانبەر یەکن، ئەو سووڕانەوانەش ئەگەر کەمتربان یان زیاتربان، هەر بە کەڵك نەدەهات، ئەگەر سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا خێراتر بووایە، شەوو ڕۆژ لە جیاتی ئەوەی بە هاوکۆیی (**معدّل**) یەکی بۆ (١٢) سەعات دابەش بن، ئەو کاتە خێراتر دەبوون، هەروەها ئەگەر سووڕانەوەکە سستتر بووایە، شەوو ڕۆژ درێژتر دەبوون، لەو حاڵەتەشدا بۆ وێنە: ئەگەر شەو دوو ئەوەندە، یان سێ ئەوەندەی ئێستا بووایە، سەر زەوی دەبوو بە بەستەڵەك لە شەودا، ڕۆژیش ئەگەر دوو ئەوەندە، یان سێ ئەوەندەی ئێستا بووایە، دنیا هەمووی دەسووتا، هەتا شەو دادەهاتەوە، بەڵام خوا ﷻ بەو شێوەیە دایناون، کە لەگەڵ ژیان و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤدا گونجاو بن.

بۆیە خوا دەفەرموێ:

٢)- ﴿لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ﴾، کڕنووش نە بۆ خۆر ببەن و، نە بۆ مانگیش.

٣)- ﴿وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾، کڕنووش بۆ ئەو خوایە بەرن کە دروستییکردوون، ئەگەر بە ڕاستیی ئەو دەپەرستن، لێرەدا: ﴿إِن

كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾، لە لای مالیك و شافیعیی ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ئێرە شوێنی كڕنووش بردنە، بەڵام لە لای ئەبوو حەنیفە، كۆتایی ئایەتی دواتر شوێنی كڕنووش بردنە، كە لای زۆربەی هەرەزۆری زانایان ئێرە یەكێكە لەو پازدە، یان شازدە شوێنەی كە فەرزە، هەندێك لە زانایانیش دەڵێن: پەسندەو سوننەتە، كڕنووشیان تێدا ببردرێ، بۆ كەسێك كە ئەو ئایەتانە دەخوێنێ، هەڵبەتە لە كاتی خوێندنی قورئاندا لە نوێژداو، جگە لە نوێژیشدا.

٤)- ﴿ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ ﴾، ئنجا ئەگەر خۆیان بەزلگرت، ئەمە چوار واتایان هەڵدەگرێ، بەڵام دوو واتایان سەرەكیین:

أ- خۆیان بەزلگرت لە دانهێنان بەوەدا كە شەوگارو ڕۆژگارو، خۆرو مانگ، بەڵگەن لەسەر یەكتایی خوا ﷻ، لە بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی و، پاشان تەنیا پەرستراوێتییدا، ئەگەر خۆیان بەزلگرت لە دانهێنان بەو ڕاستییەدا.

ب- یاخود خۆیان بەزلگرت لەوەدا كە شوێنی تۆ بكەون.

ج- یاخود ئەگەر خۆ بەزلگربوون لە بەرانبەر ئەوەدا كە پابەندی قورئان بن.

د- یاخود ئەگەر خۆیان بەزلگرت لەوەدا كە كڕنووش بۆ خوا ببەن و، سووربوون لەسەر ئەوەی كڕنووش هەر بۆ مانگ و خۆرو، بت و صەنەمەكان ببەن، ئەو واتایانە هەموویان هەڵدەگرێ، بەڵام دووی یەكەمیان واتە: ئەگەر خۆ بەزلگربوون لە دانهێنان بە بەڵگەبوونی شەوگارو ڕۆژگارو، خۆرو مانگ لەسەر تەنیایی خواو، یەكتایی خوا لە بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی و، تەنیا پەرستراوێتییدا، یاخود خۆ بەزلگربوون لەوەدا كە شوێنی تۆ بكەون، كە ئەو دووانە شوێنكەوتنیان بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ و پابەندیی بە قورئانیشیان تێدایەو، خۆ دوورگرتن لە كڕنووش بۆ غەیری خواشیان تێدایە.

٥)- ﴿ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لە لای پەروەردگارتن، بە شەوو ڕۆژ بە پاكی دەگرن و ئەوان ماندووش نابن.

(نیزیکیی) مەبەست پێی نیزیکیی مەعنەوییە، یان دەبێ بڵێین: نیزیکیی لە خوا ﷻ بەو شێوەی بۆ خوا شایستەیە، کە بە تەئکید مەبەست پێی ئەو فریشتانەن کە لە فریشتەکانی دیکە بەرزترن، وەك لە سوورەتی (النساء) لە ئایەتی ژمارە: (١٧٢)دا هاتوە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴾، واتە: فریشتە زۆر نیزیکخراوەکان، فریشتەکانیش پلە پلەن، هەیانە زیاتر لە خوای بەرزی مەزنەوە نیزیکە، هەشیانە حاڵەتیکی نیزیکیی کەمتری هەیە، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (النساء)دا، دەفەرموێ: ﴿ لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ۚ وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا ﴿١٧٢﴾ ﴾، واتە: مەسیح خۆی بە زل ناگرێ، پێی کەمیی نیە، کە بەندە بێ بۆ خوا، هەروەها فریشتە زۆر نیزیکخراوەکانیش، ئەوانیش خۆیان بە زل ناگرن، خۆیان بە دوور ناگرن، لەوەدا کە پێیان شەرم بێ بەندەبن بۆ خوا ﷻ، هەر کەسێك پێی شەرم بێ، یاخود پێی کەمیی بێ کە بەندایەتیی بۆ خوا بکات و، خۆی بە زلبگرێ، خوا هەموویان بۆ لای خۆی کۆ دەکاتەوە.

ئنجا لە ئایەتی دوایی دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْتَنكَفُوا۟ وَٱسْتَكْبَرُوا۟ فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٧٣﴾ ﴾، واتە: ئنجا ئەوانەیان کە بڕوایان هێناوەو، کردەوە باشەکانیان کردوون، پاداشتی تەواوی کردەوەکانیان دەداتەوەو، لە بەخششی خۆی بۆشیان زیاد دەکات، بەڵام ئەوانەیان کە پێیان شەرم بووەو، پێیان کەمیی بووە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، خۆیان بەزلگرتوە، ئەوان سزایەکی بە ئێشیان دەدات و، جگە لە خواش هیچ سەرپەرشتیارو یارمەتییدەرو پشتیوانێکیان چنگ ناکەوێ.

کەواتە: تەنانەت ئەو فریشتانەش کە زۆر لە خوا نیزیکن، ئەگەر بێبڕوایەکان خۆیان بە زلگرت، ئەوانەی لە خزمەت پەروەردگارتن و، زۆر لە پەروەردگارت

نیزیکن، بە نیزیکییەك كە بۆ خوا شایستەیە، ئەوانەش: ﴿ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمۡ لَا يَسۡـَٔمُونَ ﴾، بە شەوو بە ڕۆژ پاكیی بۆ دەردەبڕن و، ئەوان بێزارو ماندووش نابن.

كە دەفەرموێ: ﴿ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ ﴾، لە شوێنی دیكەش هاتوە: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ ﴾، هەروەها ئەگەر بشفەرموێ: (سَبُّحَهُ)، واتە: بە پاكی گرت، هەر دەبێ، بەڵام لێرەدا ئەمە مانای وایە: زۆر بە شێوەی تایبەت پاكیی بۆ خوا دەردەبڕن، (التَّسْبِيحُ كُلُّ مَا يَدُلُّ عَلَى تَنْزِيهِ اللهِ تَعَالَى عَنْ مَا لا يَلِيقُ بِهِ)، واتە: (تَسْبِيح) بریتیە لە هەر جۆرە بە پاك گرتنێك لە بە پاكگرتنی خوا، لە هەر شتێك بۆ خوا شایستە نەبێ.

﴿ وَهُمۡ لَا يَسۡـَٔمُونَ ﴾، ئەوان بێزاریش نابن، دەڵێ: (السَّآمَةُ: الضَّجَرُ وَالمَلَلُ مِنَ الإِعْيَاءِ)، واتە: (سآمَة) بریتیە لە بێزاریی و، وەڕەزیی لە ئەنجامی زۆر ماندوو بووندا، واتە: بێزار نابن و، وەڕەز نابن و، بێتاقەت نابن، هەرچەندە بە شەوو ڕۆژ سەرگەرمی بە پاكگرتنی خوان.

كە دەفەرموێ: ﴿ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ ﴾، بێگومان بە نسبەت ئێمەوە شەوگارو ڕۆژگار دەزانین چۆنن، كە بە نسبەت ئەستێرەكان و خڕۆكەكانی دیكەوە مەرج نیە هەموویان بەو شێوەیەی زەوی ئێمە بن، لەوێ ڕەنگە هەیانبێ شەوەكەی ملیۆنێك ساڵ بێ و، ڕۆژەكەشی ملیۆنێك ساڵ بێ، یاخود مەرج نیە، هەموو هەڵكەوتەكەیان وەك زەوی بێ، شەوەكەی بەو شێوەیە تاریك بێ و، ڕۆژەكەی بەو شێوەیە ڕووناك بێ، گرنگ ئەوەیە لێرەدا یانی: ئەوەی بە نسبەت ئێمەوەو ئەوەی بۆ ئێمە شەوو ڕۆژە، واتە: بە درێژایی كات، چونكە گۆی زەوی یان شەوە، یان ڕۆژە، واتە: بە درێژایی كات، ئەوانە خەریكی بە پاكگرتنی پەروەردگارن، بێ ئەوەی بێزار ببن، گوتراوە: (والمَقْصُودُ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارُ اسْتِيعَابُ الزَّمَنِ كُلِّهِ إِذْ لَا زَمَنَ عِنْدَنَا إِلاَّ اللَّيْل وَالنَّهَارِ)، واتە: مەبەست لەوە كە

دەفەرموێ: بـە شـەوو بـە ڕۆژ، واتـە: تێکـڕای کات، چونکـە لـە لای ئێمـە کات کـورت هەڵاتـوە لـە شـەوو ڕۆژدا.

٦)- ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً ﴾، لە نیشانەکانی وی، (واتە: هی خوا)، ئەوەیە کە تۆ زەوی بە ملکەچ و زەبوون دەبینی، ڕاناوی (**أَنَّكَ**) بۆ کەسێکی دیاریی نەکراوە، (**أَنَّكَ لِغَيْرِ مُعَيَّنٍ، فَهُوَ صَالِحٌ لِكُلِّ سَامِعٍ**)، هەر بیسەرێك، یان هەر کەسێك کە قورئان دەخوێنێتەوە، هەر کەسێك کە دەگونجێ بدوێنرێ: زەوی دەبینی بە گەردنکەچیی و، زەبوونیی، کە مەبەست لە گەردنکەچیی و زەبوونییەکەی، واتە: وشك و بێ ڕووەکە، (**الخُشُوعُ: التَّذَلُّلُ، وَهُوَ مُسْتَعَارٌ لِحَالِ الأَرْضِ إِذَا كَانَتْ مُقْحِطَةً لا نَبَاتَ عَلَيْهَا، لأَنَّ حَالَهَا فِي تِلْكَ الحالَةِ كَحالِ المُتَذَلِّلِ السَّائِلِ**)، (**خُشُوع**) یانی: زەبوون، یان گەردنکەچ، کە خوازراوەتەوە بۆ حاڵی زەوی، کە دێمەکارو قاقڕەو، بێ ڕووەکەو هیچ سەوزایی لەسەر نیە، چونکە لەو حاڵەتەدا کە زەوی دەڕووتێتەوەو، هیچ ڕووەکی لەسەر نامێنێ، دەشوبهێتە حاڵی بابایەك کە داوای هاوکاریی دەکات و، سواڵکەرو ئاتاج و هەژارە، واتە: زەویش لەو حاڵەتەدا بە زمانی حاڵ داوا دەکات کە ئاوی دابەزێتە سەر، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕووەك و شیناوردی لەسەر بڕوێ.

٧)- ﴿ فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ﴾، هەر کاتێك ئاومان دابەزاندە سەری، جووڵاو ئاوسا، ئەم (**إِذَا**)یە (**إِذَا**)ی (**فُجائِيَّة**)یە، یانی: کتوپڕ کە ئاوی دابەزییە سەر بە خێرایی، دەجووڵێ و دەئاوسێ، (**الإهْتِزَازُ: مُطَاوَعَةُ هَزَّهُ، أَيْ: حَرَكَةٌ بَعْدَ سُكُونِهِ فَتَحَرَّكَ**)، واتە: (**إهْتِزاز**) موتاویعی (**هَزَّ**)یە، (**هَزَّهُ، يَهُزُّهُ، فَاهْتَزَّ**)، واتە: ڕایوەشاندو، ڕایدەوەشێنێ، ڕاوەشێنراو جووڵا، شتێك کە ڕاوەستا بێ و کەسێك ڕایبوەشێنێ، پێی دەگوترێ: (**هَزَّهُ**)، حاڵەتی جووڵانەکەی پێی دەگوترێ: (**إهْتِزاز**)، (**وَرَبَتْ**)، (**أَيْ: زَادَتْ وَنَمَتْ**)، واتە: زیادیکردو گەشەی کرد، کە مەبەست پێی حاڵەتی هەڵاوسانی زەوییە، کاتێك ئاو لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەری، بە شێوەی باران و بەفرو تەرزە، زەوی دەئاوسێ، قەبارەکەی زیاد دەکات و، تۆو و ئێوکی ئەو شیناوردو، دارو درەخت و، دانەوێڵەو .... هتدەی کە لە ئێویدان، وردە وردە دەست دەکات بە جووڵەو، چەکەرە دەدات و، هەر کامیان لە ئاست خۆیەوە ئەو زەوییە بەرز دەکاتەوەو دەیدڕێ و، سەری لێ دێنێتەدەر.

٨)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِیٓ أَحۡیَاهَا لَمُحۡیِ ٱلۡمَوۡتَىٰٓ﴾، بە دڵنیایی کەسێك کە ژیاندوویەتەوە (ئەو زەوییە)، ژیێنەرەوەی مردووانە.

٩)- ﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَیۡءٖ قَدِیرٌ﴾، بە دڵنیایی ئەو لەسەر هەموو شتێك توانایە.

لێرەدا خوا ﷻ ژیاندنـەوەی زەویـی و، دووبـارە ڕووەك تێدا ڕواندنـەوەی زەوی، ئاوێتـە کـردوە لەگـەڵ بەڵگـە هێنانـەوە لەسـەر زینـدوو بوونـەوەی مـردووان، چونکـە خـوا ﷻ باسـی زەوی دەکات لـە نیشـانەکانی تەنیایـی خـوا لـە پەروەردگارێتیـی و، بەدیهێنەرایەتیـی و، خاوەنداریێتیـی و، پەرسـتراوێتییدا، ئەوەیـە کـە زەوییەکـی قاقـڕو دێمـەکاری وشـك هەڵاتـوو، کاتێـك کـە خـوا ئـاوی دادەبەزێنێتـە سـەر، ڕادەوەشـێ و دەجووڵـێ و هەڵدەئاوسـێ، هەروەهـا هەمـوو جـۆرە شـیناوردێك کـە دەنـك و تۆوەکانـی تێـدا هـەن، تێیـدا دەڕوێـن، ئنجـا دەفەرمـوێ: ئەوکەسـەی زینـدووی کـردەوە، زیندووکـەرەوەی مردووانیشـە، ژیێنـەرەوەی مردووانیشـە، واتـە: زیندووکرانـەوەی مـردووان و، زیندووکردنـەوەی ئـەو زەوییـە، یـان ئـەو دەنکـە تـۆو و دانەوێڵانـە کـە لـە زەویـدا هـەن، هـەروەك یەکـەو یـەك شـێوەن.

﴿إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَیۡءٖ قَدِیرٌ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا لەسـەر هەمـوو شـتێك بـە توانایـە، دەسـەڵاتی خـوا سـنوورو لەمپەرێکـی لەبـەر نیە.

بێگومـان لێرەدا لـە کـۆی ئـەو سـێ ئایەتـە موبارەکـەدا، کـە خـوا باسـی شـەوگارو ڕۆژگارو، خـۆرو مانـگ و، زەوی و، پاشـان دابەزێرانـی ئـاو بـۆ سـەر زەوییەکـی وشـکی قاقـڕی بـێ ڕووەك دا دەکات، پاشـان زیندووبوونـەوەی زەوی ... هتـد.

خـوا ﷻ ئەوانـە هەمـوو وەك بەڵگـە دێنێتـەوە، لەسـەر ئـەوە کـە بێگومـان تەنیـا خـوا ئـەو کارانـە دەکات، کەواتـە: خـوا کـە هەمـەکارەی گەردوونـەو، هەمـەکارەی ئاسـمان و زەوییـە، شایسـتەیە تەنیـا ئەویـش بەندایەتیـی بـۆ بکـرێ و، تەنیـا ئەویـش بپەرسـترێ، کـە زەقتریـن و دیارتریـن شـێوەی پەرسـتن و نیشـانەی پەرسـتن، بریتیـە لـە

کڕنووش بـردن، کەواتـە: ئـەو کڕنـووش بردنـە، دەبـێ تەنیـا بـۆ خـوای بـەرزی بـێ وێنـە بـێ.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتیـی هەمـوو لایەکـمان بـدات، کـە بـە مانـای فـراوان و ڕاسـتەقینەی پەرسـتن، تەنیـا خـوا بپەرسـتین، لـە ژیانـی تایبەتیـی و تاکیـی خۆمانـداو، لـە ژیانـی خێزانییـمان و، لـە ژیانـی کۆمەڵایەتییـمان و، لـە ژیانـی سیاسـییماندا، هەروەهـا لـە دەروونـی خۆمانـدا تەنیـا خـوا بـە پەرسـتراو بزانیـن، هەروەهـا لـە ڕواڵەتـی ژیانمانـداو، لـە هەڵسـوکەوتەکانماندا وا بخوێندرێتـەوە، کـە خوا لـە لای ئێمـە لـە هەمـوو کـەس بەرزتـرەو مەزنـترەو، خۆشەویسـترەو، سـام لێکراوترەو، مـل بـۆ کەچکراوتـرە، هەمـوو ئـەو چەمکانـە دەچنـەوە نێـو چەمـك و واتـای پەرسـتن، دەبـێ ئەوپـەڕی خۆشویسـتنت و، بـە گەورەگرتنـت و، بەبەرزگرتنـت و، ئەوپـەڕی مـل بـۆ کەچکردنـت و، ئەوپـەڕی سـام و هەیبـەت لێکردنـت و، ئەوپـەڕی پشـت پـێ بەسـتنت، تەنیـا بـۆ خـوا ﷻ بـێ، ئـەو کاتـە مانـای وایـە تەنیـا خـوات پەرسـتوە، خـوا لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ کـە بـە مانـای تـەواوی پەرسـتن، خـوا بپەرسـتین، کـە بێگومـان ئـەوەش دەسـتەبەر نابـێ، بەبـێ شـوێن پـێ هەڵگرتنـی پێغەمبـەر ﷺ و، پەیڕەویـی کـردن لـە دوا کتێبـی خـوا، دوا بەرنامـەی خـوا، کـە بـە پێغەمبـەری کۆتایـی خـۆی موحەممـەددا ناردوویەتـی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە شـەش (٦) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتـەكانی: (٤٠ - ٤٥)، هـەر شەشـیان لـە بـارەی ئایەتەكانـی خـواوەن، ئـەو ڕستانەی كـە فەرمایشـتی خـوا پێـك دێنـن، هەروەهـا لـە بـارەی پێغەمبەرانـی خـواوەن، بـە تایبـەت پێغەمبـەری خاتـەم و، كتێبەكـەی (قورئـان) و، هەڵوێسـتی نەیارانیـان، لـە بەرانبەریـان دا، هەروەهـا ئاماژەیەكیـش بـە مووسـا عليه السلام و كتێبەكـەی تـەورات كـراوەو، بەرپەرچدانـەوەی هەندێك لـەو قسـانەی لـە بـارەی قورئـان و، لـە بـارەی موحەممـەدەوە ﷺ گوتـراون و دەگوترێـن، باسـكراوە:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ
ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ
لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ
مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ
وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ۖ ءَا۬عْجَمِىٌّ
وَعَرَبِىٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ
وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى
ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ
لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە دڵنیایـی ئەوانـەی لادان لـە ئایەتەکانمانـدا دەکـەن (و بەلارێیانـدا دەبـەن)، لێمان پەنهـان نیـن، ئنجـا ئایـا کەسـێك کـە فـڕێ دەدرێتـە نێـو ئاگـری دۆزەخـەوە، حاڵـی باشـترە، یـان کەسـێك کـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا بەبـێ ترسـیی لـە سـزای خـوا دێ؟! چیتـان دەوێ بیکـەن (ئـەی بێبڕواینـە!)، بێگومـان ئـەو (خـوا) بینـەری ئەوەیـە کـە دەیکـەن (٤٠) بێگومـان ئـەو کەسـانەی بـە قوڕئانـی بیرخـەرەوە بێبڕوابـوون کاتێـك بۆیـان هـات، سـزای سـەخت دەدرێـن، بەڕاسـتیی ئـەو قوڕئانـە کتێبێکـی زاڵـی باڵادەسـتە (٤١) نـە لـە پێـش دەسـتیەوە، نـە لەدوایـەوە ناهەقیـی و ناڕاسـتیی بـۆ نایـەت، لـە لایـەن خـوای کارزانـی ستایشـکراوەوە دابەزێـنراوە (٤٢) (ئـەی موحەممـەد!) تەنیـا ئـەوەت پـێ دەگوتـرێ، کـە لـە پێـش تـۆدا بـە پێغەمبـەران گوتـراوە، بێگومـان پـەروەردگارت خـاوەن لێبوردنێکـی تایبـەت و، خـاوەن سـزایەکی بە ئێشـە (٤٣) ئـەم قوڕئانـە بـە زمانـی عەرەبییـەو، ئەگـەر کێڕاباشـمان بـە قوڕئانێکی ئەعجەمیـی، (بـە زمانێکـی جگـە لـە عەرەبیـی ، بێبڕوایـەکان) دەیانگـوت: دەبووایـە ئایەتەکانـی ڕوونکرابانـەوە، ئایـا چـۆن قوڕئانیکـی ئەعجەمییـەو، پێغەمبەرێکـی عەرەبیی (زمـان)؟! بڵـێ: ئـەم قوڕئانـە بۆ بـڕواداران ڕێنمایـی و چارەسـەرەو، ئەوانەش کـە بڕواناهێنـن قورسـایی لـە گوێیاندایـەو، ئـەو قوڕئانـە هـۆکاری کوێرییـە بۆیـان لـە سـۆنگەی بێبڕوابوونیانـەوە، ئەوانـە وەك کەسـانێکن کـە لـە شـوێنێکی دوورەوە بانـگ دەکرێـن (کـە گوێبیسـتی بانگکرانەکـە نابـن) (٤٤) بـە دڵنیایـی کتێبەکـە (تـەورات) یشـمان بـە مووسـادا، کەچـی ناکۆکیـی و، ڕاجیایـی تێـدا کـراو، ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نەبووایـە وشـەیەك (بڕیارێـك) لـە پەروەردگارتـەوە تێپەڕیـوە (کـە دادوەریـی لـە نێوانـدا کردنیـان بـۆ قیامـەت هەڵبگـرێ)، دادوەرییـان لـە نێوانـدا دەکـراو، بێگومـان ئەوانیـش (بێبڕوایانـی ڕۆژگاری پێغەمبـەری کۆتایـی) لـە بـارەی قوڕئانـەوە لـە دوو دڵییەکـی خەسـت و خۆڵـدان (٤٥)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يُلْحِدُونَ): لادەدەن یاخود لادان دەکەن، (اللَّحْدُ: حُفْرَةٌ مَائِلَةٌ عَنِ الوَسَطِ، لَحَدَ وَأَلْحَدَ فُلانٌ: مَالَ عَنِ الحَقِّ)، (لَحْد): چاڵێکە لە ناوەڕاستی گۆڕدا، بە لایەکیدا لادەدات، بە کوردیی پێی دەڵێین: لاگۆڕ، واتە: دوای ئەوەی گۆڕەکە هەڵدەکەنرێ، بە تەنیشتێکیدا گۆڕیچکەیەك دەدرێ، بۆ ئەوەی دوایی جەنازەکە بخرێتە ئەو تەنیشتەوە، دوایی گۆڕەکە پڕ دەکرێتەوە، جاری واش هەیە ناوەڕاستی گۆڕەکە گۆڕیچکەیەکی دیکەی (گۆڕەکە دەبێ بە گەورەیی هەڵکەنرێ) لێدەدرێ بە زۆریی وایە، بۆ ئەوەی جەنازەکە بخرێتە نێوی، دوایی ئەو بەردانە کە پێی رادەهێڵدرێن، دەکەونە سەر ئەولاو لای گۆڕەکە تاکو بە ئاسانیی جەنازەکە داپۆشرێ، دەگوترێ: (لَحَدَ فُلانٌ وَأَلْحَدَ) واتە: لە هەق لایدا، (لَحَدَ يَلْحَدُ، أَلْحَدَ يُلْحِدُ) واتە: هەم بە سیانیی (ثلاثي) هاتووە، هەم بە چواریی (رباعي).

(ءَامِنًا): (أَصْلُ الأَمْنِ: طُمَأْنِينَةُ النَّفْسِ وَزَوَالُ الخَوْفِ)، (أَمْن): لە ئەصڵدا بریتیە لە دەروون ئارام بوون و نەمانی ترس و بیم، کەواتە: (آمِنٌ) واتە: بێ ترس، دڵنیا.

(عَزِيزٌ): (العِزَّةُ: حَالَةٌ مَانِعَةٌ للإنْسَانِ مِنْ أَنْ يُغْلَبَ)، (عِزَّة): بریتیە لە حاڵەتێك کە ڕێ بگرێ لەوەی مرۆڤ تێشکاو بێ، دەگوترێ: (أَرْضٌ عَزَازٌ: أي صُلْبَةٌ) زەوییەکی سەخت، ڕەق، (والعَزِيزُ: الَّذِي يَقْهَرُ وَلا يُقْهَر)، (عَزِيز): ئەوەیە کە زاڵ دەبێ و تێشکاو نابێ.

(أَعْجَمِيًّا): (العُجْمَةُ: خِلافُ الإبَانَةِ، وَالإعْجَامُ: الإبْهَامُ، وَالعَجَمُ: خِلافُ العَرَبِ، وَالعَجَمِيُّ مَنْسُوبٌ إلَيْهِ)، (عُجْمَة) پێچەوانەی (إبَانَة)یە، (إبَانَة) واتە: ڕوونکردنەوە، (عُجْمَة) واتە: نامۆیی و ڕوون نەکردنەوەی شتێك، (إعْجَام) یانی: (إبْهَام) واتە:

شتێك كە دیار نەبێ، ڕوون نەبێ، (عَجَم) پێچەوانەی (عَرَب)ە، مرۆڤەكان هەموویان دوو بەشن: یان عەرەبن، یان عەجەمن، كەواتە: (عَجَم) یانی: غەیری عەرەب، (عَجَمِيّ) ئەو كەسەی پاڵدەدرێتە لای (عَجَم) واتە: غەیری عەرەب، دیارە بە نسبەت عەرەبانەوە مرۆڤەكان، خەڵكەكە دوو بەش بوون، عەرەب و جگە لە عەرەب بوون، هەروەك بۆ كوردیش، یان كوردن یان جگە لە كوردن، ئەوە بۆ هەموو نەتەوەكان هەر وایە، بۆ فارسیش خەڵك یان فارسە یان جگە لە فارسە، بۆ ئینگلیزیش یان ئینگلیز، یان جگە لە ئینگلیزە.

(عَمًى): (الْعَمَى: إفْتِقَادُ البَصَرِ وَالبَصِيرَةِ)، (عَمَى): بریتیە لە نەمانی چاو، یاخود دڵ ڕۆشنیی و عەقڵ ڕۆشنیی، واتە: نەدیتنی بەرهەست كە بە چاوە، نەدیتنی مەعنەویی كە بە عەقڵ و دڵە، دەگوترێ: (عَمِيَ عَلَيْهِ: إشْتَبَهَ حَتَّى صَارَ بِالإضَافَةِ إلَيْهِ كَالأَعْمَى)، (عَمِيَ عَلَيْهِ) واتە: ئەو شتە لێی نامۆ بوو هەتا بە نسبەت ئەو، وەك كوێری لێهات كە نەتوانێ ببینێ، ﴿فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ الْأَنبَاءُ يَوْمَئِذٍ ﴿٦٦﴾﴾ القصص، واتە: لەو ڕۆژەدا هەواڵەكان لە بەرانبەریاندا كوێر بوون، واتە: نەیانتوانی هەواڵەكان بزانن، وەك بڵێی هەواڵەكان كوێر بن نەك ئەوان.

(مُرِيبٍ): (الرَّيْبُ: الشَّكُّ)، (رَيْب): بە مانای دوودڵییە، (المُرِيبُ: المُوقِعُ فِي الرَّيْبِ)، (مُرِيب) واتە: شتێك كە مرۆڤ بخاتە نێو دوودڵییەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ هـەر لـە سـیاقی باسـی قورئـان و پێغەمبەرایەتیـی و، لـە سـیاقی خسـتنەڕووی ئایەتەکانیـدا، کـە پێشـێ باسـی ئایەتـە بینراوەکانـی کـرد، لـە کتێبـی گـەردوون دا، ئنجـا باسـی ئایەتـە خوێنراوەکانـی دەکات، لـە کتێبـی قورئـان دا، یاخـود لـە کتێبەکانـی دیکـەی خـوای پـەروەردگاردا، پێشـێ باسـی نیشـانە بەرهەسـتەکانی کـرد، ئنجـا باسـی نیشـانە مەعنەوییـەکان دەکات، پێشـێ باسـی نیشـانەکانی کـرد، کـە لـە ڕووپەڕەکانـی کتێبـی گەردوونـدا دەردەکـەون، ئنجا باسـی نیشـانەکانی خـۆی دەکات، کـە لـە ڕووپەڕەکانـی کتێبـی فەرمایشـتیدا دەردەکـەون.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی لـە ئایەتەکانـی ئێمـەدا لادان دەکـەن، واتـە: لـە مامەڵـە لەگـەڵ ئایەتەکانـدا لادان دەکـەن و، بەمـلاولادا دەچـن و بـە لاڕێدابـردن دەکـەن، ﴿ لَا يَخۡفَوۡنَ عَلَيۡنَآ ﴾، لێمان پەنهـان نابـن، بـۆ ئێمـە دیـارن، هـەم لادان و، بەلاڕێـدا بردنەکەیـان، هـەم مشـتومڕو شـەڕە قسـەی بـێ جێیـان، لـە بـارەی ئایەتەکانـی ئێمـەوە دیـارن و، لـە بـەر چاومانـن، هیـچ شـتێکیان لـە ئێمـە پەنهـان نابێ، ئەمـە بـە تەئکیـد هەڕەشـەیە و، دواییـش خـوا ﷻ هەڕەشـەکە بـاس دەکات، ئەگـەر بـە کەسـێك بڵێـی: تـۆ لـە مـن دیـاری، یـان لێـم پەنهـان نـی، یـان ئـاگام لـێ بـوو چیـت دەکـرد، یـان ئـاگام لێیـە چـی دەکـەی! ئـەوە هەڕەشـەیەکی پێچراوەیـە.

﴿ أَفَمَن يُلۡقَىٰ فِي ٱلنَّارِ خَيۡرٌ ﴾، بـە پرسـیارلێکردنی نکووڵیلێکەرانـە دەفەرمـوێ: ئایا کەسـێك کـە فڕێ دەدرێتـە نێـو ئاگـرەوە حاڵـی باشـترە؟! ﴿ أَم مَّن يَأۡتِيٓ ءَامِنٗا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، یاخـود کەسـێك کـە بەبـێ ترسـی لـە ڕۆژی هەڵسـانەوەدا دێ؟! کەواتـە: ئەوانـەی لادان دەکـەن لـە ئایەتەکانـی خـوادا، چارەنووسـیان بریتیـە لـە سـزا، یـان

فڕێدرانە نێو ئاگر، ئنجا ئایا ئەوەی فڕێ دەدرێتە نێو ئاگر، حاڵی باشترە، یاخود کەسێك کە بەبێ ترس و، بە دڵنیایی دێ لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا؟! ﴿ ٱعۡمَلُواْ مَا شِئۡتُمۡ ﴾، هەرچی دەتانەوێ بیکەن، ﴿ إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، ئەو بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، تێتانەوە ڕاماوەو دەزانێ چی دەکەن.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلذِّكۡرِ لَمَّا جَآءَهُمۡ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوابوون بە قورئانی بیرخەرەوەو یادخەرەوە، یادخەرەوە بۆ ئەو ڕاستییانەی کە لە زگماك و، لە خواڕسك و، ناخی مرۆڤدا هەن، ﴿ لَمَّا جَآءَهُمۡ ﴾، دوای ئەوەی بۆیان هات، کەچی پێی بێبڕوابوون بەو کتێبە بیرخەرەوەیە، ﴿ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەو کتێبێکی زاڵ و باڵا دەستە، لێرەدا وەڵامەکەی دیار نیە، ئەوانەی بێبڕوابوون بە (ذِکر) دوای ئەوەی بۆیان هات، لە حاڵێکدا کە کتێبێکی زاڵ و باڵادەستە، کوا وەڵامەکەی؟ وەڵامەکەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، واتە: ئەوانە سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە.

ئنجا هەر لەسەر وەسفکردنی قورئان بەردەوام دەبێ، دوای ئەوەی بە کتێبێکی عەزیز، کتێبێك کە باڵا دەستەو زاڵە وەسفی کرد، دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ ﴾، ناهەقیی ڕووی تێناکات نە لە پێشیەوە، نە لە دوایەوە، یاخود لە هیچ لایەکەوە ناهەقیی و، هەڵەو پەڵە ڕێی تێ نابات و تێیدا نیە، ﴿ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ ﴾، دابەزێنراوە لەلایەن خوایەکی کارزانی ستایشکراوەوە.

ئنجا دێتە سەر دڵدانەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، دەفەرموێ: ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدۡ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبۡلِكَۚ ﴾، پێت ناگوترێ جگە لەوەی پێشتر بە پێغەمبەران گوتراوە، کە پێیان گوتوون: جادووگەرن، شێتن، بۆ خۆیان ئەو ئیددیعایە دەکەن بەبێ بەڵگە، هەموو ئەو شتانەی بەوان گوتراون، هەر ئەوەش بە تۆ دەگوترێ، ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغۡفِرَةٖ ﴾، بێگومان پەروەردگارت خاوەنی لێبوردنە، لێبوردنێکی

مـەزن و تایبـەت، بـۆ کەسـانێك کـە شـوێن پێغەمبەرانـی دەکـەون و، پەیامەکانـی خـوا قبـووڵ دەکـەن، ﴿ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴾، هەروەهـا خاوەنـی تۆڵـەو سـزایەکی بەئێشیشـە، بـۆ کەسـانێك کـە ناهەقیـی دەکـەن بەرانبـەر بـە پەیامەکانی خواو، ستەم دەکـەن لـە پێغەمبەرانـی خـواو، تۆمەتـی خراپیـان بـۆ دەکـەن و، درۆو دەلەسـەیان بـۆ دەکـەن.

﴿ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ﴾، یەکێـك لـەو ڕەخنانـەی کـە کافـرەکان لـە پێغەمبەریـان دەگـرت، لـە قورئانیـان دەگـرت، دەیانگـوت بۆچـی قورئـان بـە زمانێکـی جگـە لـە عەرەبیـی دانەبەزێـنراوە؟ بـا بـە فارسـیی بووایـە، یـان بـە ڕۆمیـی بووایـە، یـان بـە زمانێکـی دیکـە بووایـە، بـە حیسـاب ئەوانیـان پـێ خـاوەن دەوڵـەت و شارسـتانیەتی و پێشـکەوتووتر بـووە لـە خۆیـان، گوتیـان: بـۆ بـە زمانـی ئـەو گەلـە پێشـکەوتووانە، یـان ئـەو کۆمەڵـگا پێشـکەوتووانە نەبـوو؟

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا ﴾، ئەگـەر قورئانمـان کێڕابایـە بە قورئانێـك بـە زمانـی ئەعجەمیـی، جگـە لـە عەرەبیی، ئەعجەمیـی یانـی: عەجەمیـی، ﴿ لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ﴾، ئـەو کاتـەش دەیانگـوت: بۆچـی ئایەتەکانـی ڕۆشـن نەکراونـەوە؟ واتـە: بـە زمانـی خۆمـان، ﴿ ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ ﴾، چـۆن دەبـێ قورئـان ئەعجەمیـی بـێ و، پێغەمبەرەکـەش عەرەبیـی بـێ؟! واتـە: چـۆن دەبـێ قورئانەکـە بـە زمانێکـی جگـە لەهـی عـەرەب بـێ، لـە حاڵێکـدا کـە پێغەمبـەر عەرەبـە؟! واتـە: ئـەو کاتـە ئـەو ڕەخنەیـان دەگـرت و، ڕەخنـەی ئـەو کاتیـان بەجـێ دەبـوو، بـەڵام ڕەخنـەی ئێسـتایان بـێ جێیـە، کـە پێغەمبەرێـك لـە نێـو گەلێکـی عەرەبیـی زماندابـێ، دەبـێ هـەر بـە زمانـی ئـەو گـەل و نەتەوەیـەش ئـەو فەرمایشـت و کەلامـەی بۆبـێ، خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**إبراهیم**) لـە ئایەتی ژمـارە: (٤)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ﴾، واتـە: هیـچ پێغەمبەرێکـمان نەنـاردوە مەگـەر بـە زمانـی خەڵکەکـەی، تاکـو بۆیـان ڕوون بکاتـەوە، ئنجـا ئەگـەر وەك ئـەوان گوتیـان، وامانکردبایـە، ئـەو کاتـە بەڵگەیەکیـان بـە دەسـتەوە دەبـوو، بـەڵام ئێسـتا

هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نیە، جگە لە بیانووگرتن، بۆیە دەفەرمویّ: ﴿ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ﴾، بڵێ: ئەو قورئانە بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە، ڕێنماییەو چارەسەرە، ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ﴾، بەڵام ئەوانەی بڕواناهێنن، قورسایی لە گوێیاندایە لە بەرانبەر قورئاندا، ئەو هەقەی کە لە قورئاندا هەیە نایبیستن، ﴿ عَلَيْهِمْ عَمًى ﴾، ئەو قورئانە بۆ ئەوان وەك کوێر بێ وایە، وەك ڕێیان تێنەبات، کەسێك کوێر بێ، نازانێ بەرەو ئامانج و مەبەستەکەی بڕوا، ئەو قورئانە وەك کوێر بێ بۆ ئەوان وایە، یاخود ئەوان لە بەرانبەر قورئاندا کوێرن، ئەم تەعبیرە لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر شیی دەکەینەوە.

﴿ أُو۟لَـٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴾، ئا ئەوانە لە شوێنێکی دوورەوە بانگ دەکرێن، واتە: حاڵیان وەك حاڵی کەسێکە لە شوێنێکی دوورەوە بانگ بکرێ و، تەنیا دەنگ ببیستێ و، لە دەنگەکە حاڵیی نەبێ، ئێوەڕۆکی ئەو دەنگ و بانگ و قسەکردنە چییە؟!

لە کۆتاییدا خوا ﷻ وەك نموونەیەکی زیندووی بەرجەستە لە مێژوودا، ئاماژە دەکات بە مووسا ﷺو، بە کتێبەکەی کە تەوراتە، دەفەرمویّ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ ﴾، بە دڵنیاییش کتێبەکەمان بە مووسادا، (أل)ی سەر ﴿ ٱلْكِتَـٰبَ ﴾ بۆ ناساندنە، بەڵام مەبەست پێی (عَهْد)ە، واتە: کتێبەکە، کتێبەکە کە بە مووسا ﷺ دراوەو تەوراتە، ﴿ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ﴾، کەچی ڕاجیایی تێدا کرا، ناکۆکیی تێدا کرا، هەندێکیان بڕوایان پێ هێناو، هەندێکیان بڕوایان پێ نەهێنا، بەنوو ئیسرائیل بڕوایان پێ هێنا، بەڵام قیبتییەکان بڕوایان پێ نەهێنا، یان گەلانی دیکە کە لەگەڵ بەنوو ئیسرائیل دا بوون، بڕوایان پێ نەهێنا، ﴿ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ ﴾، ئەگەر وشەیەك لە پەروەردگارتەوە تێنەپەڕیبایە، واتە: بڕیارێك لە لایەن پەروەردگارتەوە پێشتر نەدرابایە، بڕیارەکەش ئەوەیە کە دادوەریی کردن لە نێوان بەندەکانیدا هەڵدەگرێ بۆ ڕۆژی دوایی، ﴿ لَقُضِىَ

بَيْنَهُمْ ﴾، ئەو دادوەرییەیان لە نێواندا دەکرا، حیسابیان لە دنیادا لە نێواندا دەکرا، بەڵام خوا پێشتر بڕیاری داوەو بەپێی سیستمی خوا، دنیا جێی کردو کۆش و هەوڵدانەو، ڕۆژی دوایی شوێنی حاصەڵات هەڵگرتنەوەو خەرمان کۆ کردنەوەو پاداشت و سزایە، ﴿ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴾، بەدڵنیایی ئەوان، واتە: کافرەکانی ڕۆژگاری تۆ ئەی موحەممەد! لە بارەی قورئانەوە لە دوو دڵییەکی خەست و خۆڵدان، واتە: بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری تۆش، وەك چۆن بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری مووسا لە بارەی کتێبەکەی مووساوە کەوتنە ڕاجیایی و، مشتومڕو دووبەرەکیی، بێبڕواکانی ڕۆژگاری تۆش کەوتوونە گومانێکی خەست و خۆڵ، یانی: ئەوە شتێکی چاوەڕوان کراوەو، یاسای خوا لە گەلە پێشووەکاندا هەر وابووەو، گەلە پێشووەکان هەر وابوون لەگەڵ پێغەمبەرانی خوادا، کەواتە: با زۆر لەسەر دڵت قورس نەبێ، تەماشا بکە مووساش ﷺ چەند ئازاردراو، تەماشا بکە چ ڕاجیایی و ناکۆکییەکیان لە بارەی کتێبەکەی مووساوە، کە تەوڕاتە بەرپا کرد!!.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بەلاڕێدابەرانی ئایەتەکانی خوا، لە خوا پەنهان و شێردراوە نین، بێگومان ئەوانەی فڕێدەدرێنە ئاگرەوە، زۆر جیاوازن لەوانەی لەو ڕۆژەدا بەهۆی ئیمانەوە دڵنیاو بێترسن، بە دڵنیایی بێبڕوایان بە قورئانی بیرخەرەوە، سزابار دەبن، قورئانیش کتێبێکی باڵادەستەو، لە هیچ لایەکەوە هەڵەو پەڵە ڕووی تێ ناکات، چونکە دابەزێنراوی خوای کارزانی ستایشکراوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لادان دەکەن لە نیشانەکانی ئێمەدا، لە ئێمە پەنهان نین، بە واتایەکی دیکە: ئەوانەی ئایەتەکانی ئێمە، نیشانەکانی ئێمە بە لاڕێدا دەبەن، ئەوانە لە ئێمە شێردراوە نین، وشەی: (**يُلْحِدُونَ**) لە (**إِلْحاد**)ەوە هاتوە، (**أَلْحَدَ، يُلْحِدُ**) (**وَالإِلْحَادُ: المَيْلُ عَنِ الإِسْتِقَامَة**)، (**إِلْحاد**): بریتیە لە لادان لە ڕاستیی، لە ڕێی ڕاست، یان لە ڕاست وەستاویی، پێشتر باسمان کرد: لە زمانی کوردییدا (**لَحْد**) یانی: لاگۆڕ، گۆڕ کە هەڵدەقەنرێ بە شێوەی (**لَحْد**)، لە تەنیشتی گۆڕەکەوە لایەکی دەدرێ و، جەنازەکەی تێ دەهاوێشترێ، گۆڕ بە دوو جۆر هەڵدەقەنرێ:

أ- بە (لَحْدْ) و، ب- بە (شَقْ)، (لَحْد) واتە: لاگۆڕ، (شَقْ) واتە: لە نێوەڕاستی گۆڕەکەدا گۆڕیچەیەك دروست دەکرێ، واتە: گۆڕێکی گچکەترو، جەنازەکەی تێدەهاویشترێ بۆ ئەوەی بەردەکانی پێڕابهێڵدرێن، کەواتە: (یُلْحِدُونَ)، کە بە (یَلْحَدُونَ)ەش دەخوێنرێتەوە، (لَحَدَ، یَلْحَدُ)، (أَلْحَدَ، یُلْحِدُ)، هەردووکیان بە مانای: لایدا، لادەدات، (إلْحاد) لادان، مەبەست لە (آیَاتْ) کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا ﴾، هەرچەندە (آیَاتْ) کە کۆی (آیَة)ە، بە مانای نیشانەکان دێ، بەڵام وشەی (آیَاتْ) هەم بەکاردەهێنرێ بۆ ڕستەکانی فەرمایشتی خوا، واتە: ئایەتە خوێنراوەکان (الآیات المقروءة)، هەم بۆ دروستکراوە بیندراوەکانی خوا (آیَاتُ اللهِ المَرْئِیَّة)، هەروەها بۆ موعجیزەی پێغەمبەرانیش بەکارهاتوە، بەڵکو هەندێکجار بۆ سزادانەکانی خوا بۆ خەڵکی یاخیی و سەرکەشیش بەکارهاتوە، (آیات) بە هەر کام لەو چوار مانایانە بەکار دێ، بەڵام بەپێی سیاقەکە دەزانین کە مەبەست لە (آیَة) یان (آیَاتْ) لەو سیاقەدا چییە، لێرەدا لەبەر ئەوەی ڕەوتەکە هەمووی باسی قورئانە، کەواتە: مەبەست لە (آیَاتْ) فەرمایشتی خوای پەروەردگارو بڕگەکانی فەرمایشتی خوایە.

خـوا دەفەرمـوێ: ئەوانـەی لـە ئایەتەکانـی ئێمـەدا لادەدەن، یـان لـە ئایەتەکانـی ئێمـەدا لادان دەکـەن، یاخـود بـە لاڕێیانـدا دەبـەن، ﴿ لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ﴾، لێمان پەنهـان نیـن، واتـە: ئیلحـادو لادانەکەیـان، یـان بـە لاڕێـدا بردنەکەیـان لـە ئێمـە پەنهـان نیـە، ئەمـە بـە دڵنیایـی هەڕەشـەی لـە نێوخـۆی وەرگرتـوە، واتـە: سـزایان دەدەیـن.

٢)- ﴿ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ ﴾، ئایا کەسێك کە فڕێ دەدرێتە نێو ئاگرەوە، حاڵی باشترە؟! یانی: (أَفَمَنْ یُلْقى فِي النَّارِ فَهُوَ خَائِفَ أَفْضَل حَالاً).

٣)- ﴿أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، یان کەسێك کە لە ڕۆژی دوایی دا بە دڵنیایی دێ؟ (أَمْ مَنْ یَأْتِي آمِناً یَوْمَ القِیَامَة فَیَدْخُلُ الجَنَّة)، ئایا ئەو کەسەی فڕێ دەدرێتە نێو ئاگرەوە حاڵی باشترە، یاخود ئەو کەسەی کە بەبێ ترسی لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا دێ و دەچێتە بەهەشتەوە؟ لە هەر کام لەو دوو ڕستەدا، ئەوە باسکراوە، کە لەوی بەرانبەریدا باس نەکراوە، ﴿ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ ﴾، لێرەدا باسی ترس نەکراوە، ئایا ئەوەی فڕێ

دەدرێتە ئاگرەوە حاڵی باشترە؟! یان ئەو کەسەی کە بەبێ ترسی دێ، لە ڕۆژی قیامەتدا، لێرەشدا چوونە بەهەشت باس نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەوپەڕی کورتیی و پوختیی لە فەرمایشتی خوادا هەیە، ﴿ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِي ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِيٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾ بە دڵنیایی ئەم پرسیار لێکردنە، پرسیارلێکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، واتە: **(مَن يُلقى فِي النَّارِ لَيْسَ أفْضَلُ حَالاً مِنَ الَّذِي يكون آمِناً يَوْمَ القِيَامَة)**، گومانی تێدا نیە ئەو کەسەی کە فڕێ دەدرێتە نێو ئاگری دۆزەخەوەو، بە ترس و بیمەوە دێ، وەك ئەو کەسە نیە کە بە دڵنیایی و بە بێ ترسی دێ و، دەخرێتە نێو بەهەشتەوە، بێگومان لێرەدا خوا ﷻ لە کاتێکدا کە باسی لادان لە ئایەتەکانیدا دەکات و، دەشفەرموێ: لە ئێمە شێردراوە نین، دوایی باسی فڕێدرانە نێو ئاگر دەکات، کەواتە: ئەوانەی لادان دەکەن لە ئایەتەکانی خواداو، ئایەتەکانی خوا بەلاڕێدا دەبەن، ئەو سزایە چاوەڕێیانە، هەروەك ئەوانەی لادان لە ئایەتەکانی خوادا ناکەن و، بە ڕێك و ڕاستیی مەمەڵە لەگەڵ ئایەتەکانی خوادا دەکەن، بە هەشت و بێ ترسیی و دڵنیایی چاوەڕێیانە.

٤)- ﴿ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ﴾، هەرچی دەتانەوێ بیکەن، ئەمە بێگومان هەڕەشە کردنەو، بێ منەتکردنە، واتە: چیتان لە دەست دێ، بیکەن.

٥)- ﴿ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەو بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، بینەری کردەوەکانتانە، **(الطبري)** دەڵێ: **(إِنَّ اللّه أَيُّهَا النَّاس! بِأَعْمَالِكُمْ الَّتِي تَعْمَلُونَهَا ذُو خبْرَةٍ وَعِلْمٍ، لاَ يَخْفَى عَلَيْهِ مِنْهَا، وَلاَ مِنْ غَيْرِهَا شَيءٌ)**، واتە: ئەی خەڵکینە! بە دڵنیایی خوا بە کردەوەکانتان کە ئەنجامیان دەدەن، هەروەها بە جگە لەو کردەوانەش و هەر شتێکی دیکە خاوەنی شارەزاییەو، خاوەنی زانستەو، هیچ شتێکی لێ شێردراوەو پەنهان نیە.

ئنجا لێرەدا خوا ﷻ پێناسەی قورئان دەکات بە پێنج سیفەت، پێشێ دەفەرموێ:

٦)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوابوون بە **(ذِكْر)** دوای ئەوەی بۆیان هات، یەکێك لە ناوەکانی قورئان وەك لە کتێبی پێنجەمی

مەوسووعەی: (الإسلامُ كَمَا يَتَجَلَّى فـي كِتَابِ الله)، (الإيمَانُ بِكُتُبِ الله)دا باسم كردوە، كە قورئان چوار ناوی سەرەكیی هەن: (الكِتَب، القُرْآن، الذِّكْر، الفُرْقَان)[1]، بەڵام كۆمەڵێكی زۆر سیفەتی هەن، ئنجا یەكێك لە ناوەكانی قورئان بریتیە لە (ذِكْرْ). ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون بە (ذِكر) دوای ئەوەی بۆیان هات.

وشـەی (ذِكـر): أ- دەگونجـێ بـە مانـای بیرخـەرەوە بـێ، قورئـان بیرخـەرەوەی ڕاسـتییەكانە، كـە خـوا لـە زگـماك و ناخـی مرۆڤـدا داینـاون.

ب- دەگونجێ بە مانای شەڕەف و پایە بەرزیی بێ، قورئان مایەی شەڕەف و پایە بەرزییە.

ج- دەشگونجێ بە مانای پەندو ئامۆژگاریی بێ، قورئان پەندو ئامۆژگارییشە، ئەوە یەكەمین وەسفی قورئان كە بریتیە لە (ذِكْرْ) بیرخەرەوەی ڕاستییەكان، یاخود شەڕەف و ناوبانگ و پایەی بەرز.

٧)- ﴿ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەو (ذِكْر)ە، ئەو قورئانە كە بیرخەرەوەیەو، شەڕەف و ناوبانگە، كتێبێكە، زاڵ و باڵا دەست (عزیز)ە.

ئەمانـەش سـیفەتی دووەم و سـێیەمنی: نـووسراوە، ئـەوە نیـە هـەر گوتـراو یـان خوێـنراو (مَقْـروء) بـێ، بەڵكـو نووسراویشـە.

هەروەهـا قورئـان (عَزِيـز)ە، كتێبێكـی زاڵـە، (عَزِيـز) بـە مانـای (غَالِـب) دێ، واتـە: بـاڵا دەسـت و بـە مانـای (عَدِيـمُ النَّظِير)یـش دێ، واتـە: بـێ وێنـە، واتـە: شـتێك كـە وێنـەی نەبـێ و، دەگمـەن بـێ، بـە دڵنیایـی قورئـان بـێ وێنەیـە.

سیفەتی چوارەم بریتیە لە:

٨)- ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ ﴾، ناهەقیی ڕووی تێ ناكات، ناهەقیی و پووچیی و هەڵەو پەڵە ڕووی تێناكات.

---

(١) هەروەها (كلام الله)شی بۆ بەكارهێنراوەو، ئەمیش ناوی پێنجەمە.

٩)- ﴿ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦ ﴾، نە لە پێش دوو دەستەکانیەوەو، نە لە دواشیەوە، واتە: لە هیچ لایەکەوەو بە هیچ جۆرێك هەڵەو کەم و کوڕیی ڕێی نیە، بێتە نێو قورئانەوەو ڕوو لە قورئان ناکات.

سیفەتی پێنجەمی بریتیە لە:

١٠)- ﴿ تَنزِيلٌ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴾، دابەزێنراوە لەلایەن (خوایەکی) کارزان و کاربەجێ و ستایشکراوەوە.

ئنجا قورئـان مـادام لـە زاتێکـی (حَكِيـم)و، (حَمِيـد)ەوە هاتبـێ، ئـەو سـیفەتی (حَكِيـم)و، (حَمِيد)یـەی خـوای موتەعـال لـە قورئانـدا بەرجەسـتە بـووە، مرۆڤیـش بـە ئەنـدازەی ئـەوە کـە لەگـەڵ قورئانـدا کار لێـك دەکات، سـیفەتی حیکمـەت پەیـدا دەکات، هەروەهـا سـیفەتی (حَمِيد)یـش پەیـدا دەکات و ستایشـکراو دەبـێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦ ﴾، (الطـبري) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا[1] تـاوای پێناسـە دەکات: (لَا يَسْـتَطِيعُ ذُو بَاطِـلٍ بِكَيْـدِهِ تَغْيِـيرَهُ بِكَيْـدِهِ، وَتَبْدِيـلَ شَيْءٍ مِـنْ مَعَانِيـهِ عَمَّا هُـوَ بِـهِ، وَذَلِـكَ هُـوَ الْإِتْيَـانُ مِـنْ بَـيْنِ يَدَيْـهِ، وَلَا إِلْحَـاقَ مَـا لَيْـسَ مِنْـهُ فِيـهِ، وَذَلِـكَ إِتْيَانُـهُ مِـنْ خَلْفِـهِ)، واتـە: هیـچ خـاوەن ئامانجێکـی پـووچ، خـاوەن ناهەقیـك بـە پیلانـی خـۆی ناتوانـێ هیـچ کام لـە واتاکانـی قورئـان وەك خـۆی هەیـە، بیگـۆڕێ، کـە ئـەوە بریتیـە لـە ڕۆیشـتن بـەرەو قورئـان لـە پێـش دوو دەسـتەکانیەوە، هەروەهـا هیـچ خـاوەن فێـڵ و پیلانێکیـش ناتوانـێ شـتێکی بخاتـە نێـو کـە جیابـێ لـە قورئـان، ئـەوەش ناهەقیـی ڕۆیشـتنە بـەرەو قورئـان لـە پشـتیەوە، (الطـبري) ئـاوای پێناسـە کـردووەو ئـەو واتایـەش هەڵدەگـرێ.

بـەڵام ئـەو مانایـە بەهێزتـرە کـە بگوتـرێ: ﴿ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦ ﴾، واتـە: بـە هیـچ جۆرێـك و لـە هیـچ لایەکـەوە ناهەقیـی و، هەڵـەو پەڵـە

(١) جَامِعُ الْبَيَانِ: ج٢٤، ص١٢٤.

ڕوو لە قورئان ناکات و، ڕووی تێ نەکردووە، هیچ جۆرە هەڵەو کەم و کوڕییەکی تێدا نیە، چونکە بە زۆریی وایە ئەگەر شتێك بەرەو کەسێك یان بەرەو شتێك بچێ، یان لەپێشەوە بۆی دێ، یان لە دواوە بۆی دێ، هەڵبەتە دەگونجێ لە لای ڕاست و چەپشیەوە، یان لە سەرو خواریشیەوە بۆی بێ، بەڵام بە زۆریی لە پێشەوەو لە دواوەیە، بۆیە ئەو دوو لایەنە باسکراون، بەڵام مەبەست پێی ئەوەیە کە لە هیچ لایەکەوە ناهەقیی ڕوو لە قورئان ناکات.

کە دەفەرموێ: ﴿تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾، یانی: قورئان دابەزێنراوە لە لایەن خوایەکی خاوەن حیکمەتەوە، کە ئەخشەو بەرنامە بۆ بەندەکانی دادەنێ، ئەم قورئانە چی بەرژەوەندیی بەندەکانی تێدا هەیە، لەلایەن خوای خاوەن حیکمەت و کاربەجێ وە، گرتوویەتە خۆی، هەروەها خوا کە قورئانی دابەزاندوە (**حَميد**)ە، ستایشکراوە لەسەر چاکەکانی، کەواتە: ئەو کارزانیی و ستاییشکراوییەی خوای پەروەردگار لە کتێبەکەشیدا ڕەنگ دەداتەوە، بێگومان هەر بێژەرێك سیفەتەکانی لە بێژراوەکەیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

(**فخرالدين الرازي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ: (**وَاعلَم أنَّ لِأبِي مُسْلِمٍ الأصْفَهانِيّ أنْ يَحْتَجَّ بِهَذِهِ الآيَةِ عَلى أنَّهُ لَمْ يُوجَدِ النَّسْخُ فِيهِ، لِأنَّ النَّسْخَ إبْطالٌ، فَلَوْ دَخَلَ النَّسْخُ فِيهِ لَكانَ قَدْ أتاهُ الباطِلُ مِن خَلْفِهِ، وإنَّهُ عَلى خِلافِ هَذِهِ الآيَة**).

شایانی باسە: ئەبوو موسلیمی ئەصفەهانیی یەکێك بووە لەو زانایانەی گوتوویەتی: (نَسخ) لە قورئاندا نیە، هەڵبەتە زانایانی خەواریجیش هەر وایان گوتوە، زانایانی دیکەش هەبوون و هی هاوچەرخیش ئێستا زۆر هەن وادەڵێن، من بۆ خۆشم هەر ڕام وایە کە بەهیچ جۆرێك ئەوە کە ئایەتێك لە قورئاندا هەبێ بخوێنرێتەوە، بەڵام کاری پێ نەکرێ، لە قورئاندا شتی وا نیە، کە ئێمە ئێستا لە تەفسیر کردنی کۆتایی جوزئی: (٢٤)ی قورئان داین، تاکو ئێستا

---

(١) التَّفْسِير الكبير: ج١٤، ص٢٧.

ئایەتێکمان نەهاتۆتە پێش ناچار بین بڵێین: ئەو ئایەتە نەسخ کراوەتەوە، واتە: دەخوێنرێتەوە، بەڵام کاری پێ ناکرێ! هەڵبەتە بە واتای ڕاستەقینەی (نَسخ)، کە بریتیە لە: (**إزالَةُ حُكْمٍ سابِقٍ بِحُكْمٍ لاحِق**)، واتە: حوکمێکی پێشتر بە حوکمێکی دواتر لابچێ، بەڵام ئەوە کە هەندێک لە زانایانی پێشین گوتوویانە، وەک لەو باسەدا کە لە تەفسیری سوورەتی (**البقرة**)دا، گوتوومە[1]، کە هەندێک لە زانایان وشەی (**نَسخ**)یان بەکارهێناوە بۆ تایبەت کردنی واتایەکی گشتیی (**تَخْصيصُ عام**)، یاخود بەنددارکردنی حوکمێکی ڕەها (**تَقييدُ مُطْلَق**)، یان ڕوونکردنەوەی حوکمێك کە بە کورتیی باسکراوە (**تَبيينُ مُجْمَل**)، یان بۆ پلە پلەیی (**تَدَرُّج**)، هەندێك لە زانایان بەڵێ وشەی (**نَسخ**)یان بۆ ئەو حاڵەتانە بەکارهێناوە، بەڵام پێناسەی زاراوەی (**نَسخ**) جیایە لەو حاڵەتانە، کە ئەو حاڵەتانە بێگومان لە قورئاندا هەن، خوا ﷻ شتێك لە شوێنێك بە گشتیی دەفەرموێ، دوایی تایبەتی دەکات، یان فەرمایشتێك لە شوێنێك بە ڕەهایی دەفەرموێ، دوایی بەنددار (**تَقيد**)ی دەکات، یان شتێکی لە شوێنێك بە کورتیی (**إجمَال**) فەرمووە، دوایی درێژە (**تَفْصيل**) ی دەداتێ، هەروەها هەندێك لە حوکمەکان بە پلە پلە دابەزیون، بۆ وێنە: قەدەغەکردنی مەی (**خَمر**) بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە، هەروەها سوودخۆریی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوانە جیان لە نەسخ، ئەگەرنا ئەو حاڵەتانە لە قورئاندا هەن.

واتە: ئەبوو موسلیمی ئەصفەهانیی بۆی هەیە بەڵگە بەم ئایەتە بێنێتەوە کە نەسخ (واتە: لابرانی حوکمێك) لە قورئاندا نیە، چونکە نەسخ بریتیە لە لابردن و پووچەڵکردنەوە، ئنجا ئەگەر نەسخ هاتبایە نێو قورئان، مانای وایە پووچەڵکردنەوە لە پشتەوە بۆ قورئان دەهات و، ئەوەش پێچەوانەی ئەو ئایەتە موبارەکەیە.

---

(١) هەروەها لە بابەتی (قورئانی مەزن لە نۆزدە تەوەردا).

مەسەلەی دووەم:

دڵدانەوەی خوا ﷻ بۆ پێغەمبەر ﷺ، کە هەرچی پێی دەگوترێ لەلایەن ناحەزانیەوە، بە پێغەمبەرانی پێشتریش گوتراوە، هەروەها بیانوو گرتنیشیان کە بۆچی قورئان بە ئەعجەمیی نیە، قسەیەکی بێ جێیە، چونکە ناگونجێ پێغەمبەر ﷺ عەرەبیی زمان بێ و، قورئانیش عەجەمیی بێ:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَلَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا لَوْلَا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُولَٰئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ﴾، هیچت پێ ناگوترێ، مەگەر بە پێغەمبەرانی پێش تۆش گوتراوە، وشەی (ما) لێرەدا دوو حاڵەتی هەن و دەگونجێ بۆ دوو واتایان بەکاربێ:

أ- یان بۆ لابردن (نَفي)یە، ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ ﴾، پێت ناگوترێ، ﴿ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ﴾، مەگەر ئەوەی لە پێش تۆدا بە پێغەمبەران گوتراوە.

ب- دەشگونجی (ما) لێرەدا (إستِفْهَامِيَّة) بێ، بۆ پرسیار بێ، ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ﴾، یانی: چیت پێ دەگوترێ، جگە لەوەی کە بە پێغەمبەرانی پێش تۆش گوتراوە؟! هەڵبەتە (ما)ی (نافِية)و، (ما)ی (إستِفْهَامِيَّة) لە ئاوازی دەنگەکەدا فەرقیان پێدەکرێ، ئەگەر بگوترێ: ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ﴾، هیچت پێناگوترێ، مەگەر ئەوەی بە پێغەمبەرانی پێش تۆ گوتراوە، ئەوە (ما)یەکە بۆ لابردنە، بەڵام ئەگەر بگوترێ: ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ ﴾، چیت پێ دەگوترێ، ﴿ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ

لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ﴾، مەگەر ئەوەی کە بە پێغەمبەرانی پێش تۆ گوتراوە؟ بێگومان لە لایەن بێبڕوایانەوە، بێبڕوایان پێغەمبەرانی پێش موحەممەدیشیان تۆمەتبار کردوە بە شێتیی و، بە جادووگەریی و، بە کەهانەو، ئەو ناوو ناتۆرانەیان لێ هەڵداون.

هەندێکیش وایان لێکداوەتەوە: ﴿ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ﴾، پێت ناگوترێ، مەگەر ئەوەی بە پێغەمبەرانی پێش تۆ گوتراوە، لەلایەن خواوە، واتە: ئەو پەیامەی بۆ تۆ دەنێردرێ، هەر هەمان پەیامە کە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆش نێردراوە، ئنجا بەڵێ لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە ئەم واتایەش هەڵدەگرێ، بەڵام بەپێی سیاق هەر مانای یەکەمیان مەبەستە، ئەگەرنا لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە ئەو واتایەش هەڵدەگرێ، ئنجا هەندێ لە توێژەرەوانی قورئان، وەك جاری دیکەش باسم کردوە، هەر مانایەک لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە ڕێی تێچووبێ، هەڵساون قورئانیان پێ تەفسیر کردوە، بەڵام بێگومان جاری وا هەیە ڕستەیەك لە ڕووی ڕێزمانییەوە، واتایەك بەدەستەوە دەدات، بەڵام ئەگەر تەماشای ڕەوتی ئایەتەکان بکەی و، تەماشای نێوەڕۆك و مەبەستیان بکەی، ئەو واتایەی بەدەستییەو دەدات، مەبەست نیە لەوێدا، لێرەدا باس باسی قورئانەو، باسی ناوو ناتۆرەیەکە، دوژمنان و ناحەزانی قورئان و ئیسلام لە قورئانیان هەڵداوە، یان لە پێغەمبەری خوایان ﷺ هەڵداوە.

٢)- ﴿ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگاری تۆ خاوەنی لێبوردنە.

٣)- ﴿ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴾، هەروەها خاوەنی سزادانێکی بە ئێشیشە.

خاوەنی لێبوردنە بۆ کەسانێك کە شوێنت بکەون و، پەیامی خوا لە تۆ وەربگرن و، تەبەننیی بکەن لە ژیانیاندا، بە پێچەوانەشەوە: خاوەنی سزای بە ئێشە بۆ کەسانێك شوێن تۆ ناکەون و، پەیامی خوا بەسەر تۆدا ڕەت دەکەنەوە.

شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: بۆچی خوا ﷻ لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ لَذُو مَغْفِرَةٍ ﴾، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَذُو عِقَابٍ ﴾؟

ئەمە مانایەکەی بەهێزترە لە وەی بفەرموێ: (إِنَّ رَبَّكَ لَغَفُورٌ)، یاخود (يُعَاقِبُهُمْ)، یان (مُعَاقِبٌ)، چونکە کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگاری تۆ خاوەنی لێبوردنە، واتە: هەرچی لێبوردنە لە لای وییە، هەروەها ﴿وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ﴾، هەرچی سزای بە ئێشە لە لای ئەوە، ئەمە مانایەکەی بەهێزترە لەوەی بفەرموێ: لێبوردەیەو، سزادەرە.

٤)- ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُواْ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ﴾، ئەگەر کێڕاباشمان بە قورئانێکی ئەعجەمیی، دەیانگوت: دەبووایە ئایەتەکانی ڕۆشن کرابانەوە! (الأَعْجَمُ: هُوَ الَّذِي لَايُفْهَمُ فِي كَلَامِهِ، وَاليَاءُ فِي الأَعْجَمِي للمبالغة، وَالعَجَمُ غَيْرُ العَرَب)، وشەی (أَعْجَمْ) هەر کەسێکە قسەکەی فام نەکرێ، (یاء)ی ﴿أَعْجَمِيًّا﴾ش بۆ زێدەڕۆیی کردنە لە واتاکەیدا، (عَجَمْ)یش واتە: جگە لە نەتەوەی عەرەب، عەرەب بە جگە لە خۆیانیان گوتوە: (عَجَمْ)، چونکە لە زمانەکەیان حاڵیی نەبوون، هەڵبەتە عەرەبیش وەك گوتم بۆ هەر کام لە نەتەوەکانی دیکە، زمانەکەیان بە (عَجَمِيّ) لە قەڵەم دەدرێ، بەو واتایەی زمانی ئەوانیش بۆ نەتەوەکانی دیکە فامکراو نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی قورئان بە زمانی عەرەبیی هاتوە، لێرەدا عەرەب واتە: ئەو نەتەوە دیارییکراوەی کە قورئان بە زمانیان هاتووەو، (عَجَمْ) واتە: هەموو نەتەوەکانی دیکە، ئنجا عەرەب زمانی نەتەوەکانی دیکەیان ناوناوە: (عَجَمِيّ)، یان (أَعَجَمِيّ)، لەبەر ئەوەی لێیان حاڵیی نەبوون.

خوا دەفەرموێ: ئەگەر قورئانمان کردبایە بە زمانی جگە لە عەرەبیی، واتە: بە زمانی (عَجَمِي)، یان (أَعَجَمِي)، ﴿لَّقَالُواْ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ﴾، ئەو کاتە دەیانگوت: دەبووایە ئایەتەکانی ڕۆشن بکرێنەوە.

٥)- ﴿ءَا۬عْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ﴾، ئایا دەگونجێ قورئان (أَعَجَمِي) بێت و، پێغەمبەرەکەش عەرەبیی بێ؟! ئەمە بە دوو شێوە دەخوێندرێتەوە: أ- أأعجميٌّ وعربِي، ب- آعجمي، یانی: (أَقُرآنٌ أَعَجَمِيٌّ، وَ مُنْزَلٌ عَلَيْهِ عَرَبِيٌّ)، ئایا دەگونجێ قورئان (أَعَجَمِيّ) بێ و، بۆ سەر دابەزێنراوەکەش عەرەب بێ؟! یانی: شتێکی سەیرە، ئنجا ئەو کاتە قسەکەیان مەنتیقیی

دەبوو و، ڕەخنەکەیان لەجێی خۆیدا دەبوو، بەڵام ئێستا کە داوا دەکەن دەبووایە قورئان بە(عَجَمِي) بێ بۆ پێغەمبەرێکی عەرەبیی، ئێستا ڕەخنەکەیان بێ جێیە، بەڵام ئەگەر گریمان وابووایە کە قورئان بەزمانێکی دیکەی جگە لە عەرەبیی بۆ پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ هاتبایە، کە بە عەرەبیی دەدوێ، ئەو کاتە ڕەخنەکەیان بەجێ دەبوو.

هەڵبەتە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا﴾، واپێدەچێ ئەوان ڕەخنەیان گرتبێ کە بۆچی قورئان بە زمانێکی دیکەی جگە لە عەرەبیی بۆ پێغەمبەر نەهاتووە؟ یان بۆچی قورئان دانەبەزێنراوەتە سەر کەسێکی دیکە جگە لە موحەممەد ﷺ؟ خواش ﷻ وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە دەبووایە پێغەمبەری کۆتایی هەر موحەممەد ﷺ بێ، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الأنعام) لە ئایەتی ژمارە (١٢٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ﴾، کەواتە: ئەو کەسەی شایستەی ئەوە بووە، خوا ﷻ دوا پەیامی خۆی پێدا بنێرێ، تەنیا موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتتەلیب بووە (صەڵات و سەلامی خوای لێ بێ)، دەبووایە قورئان تەنیا بۆ ئەو دابەزیبایە، زمانی ئەویش عەرەبیی بووە، ئنجا ئایا شتێکی زۆر نالۆژیکیی و، پێچەوانەی عەقڵ و حیکمەت نەدەبوو کە بە زمانێکی دیکە قورئانی بۆ بێ و، لە نێو گەلێکیش دا کە عەرەبە، کە ئەگەر خوای پەروەردگار وەك موعجیزەش شارەزای کردبایە لەو زمانەی قورئانی پێ دێ، واتە: جگە لە زمانی عەرەبیی، ئایا ئەو خەڵکە چۆن تێی دەگەیشتن؟! شتێکی نامەنتیقیی دەبوو، ئەو کاتەش ڕەخنەکەیان بەجێ دەبوو، دەیانگوت: بۆچی ئایەتەکانی ڕۆشن نەکراونەوە؟ بۆچی وانین لێیان تێبگەین؟ چۆن دەبێ قورئان نەعجەمیی بێت و، قورئان بۆ سەر دابەزێنراوەکەش عەرەبیی بێ؟!!.

٦)- ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ﴾، بڵێ ئەو، (ئەم قورئانە) بۆ کەسانێك کە بڕوایان هێناوە ڕێنمایی و، چارەسەرە، یانی: ڕێنماییە بۆ ڕواڵەتیان و، چارەسەرە بۆ پەنهانیان، یاخود هەم ڕێیان پێشان دەدات و، هەم چارەسەری نەخۆشیی

و گرفت و کێشەکانیان دەکات، هەم نەخۆشییە دەروونییەکانیان، هەم گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیی و، ئابووریی و، سیاسییەکانیان چارەسەر دەکات.

٧)- ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٌ ﴾، بەڵام ئەوانەی بڕوا ناهێنن، قورسایی لە گوێیاندا هەیە، ﴿ وَقۡرٌ ﴾، بە مانای (ثِقَل) دێ، واتە: قورسیی، هەروەها بە مانای (صَمَم)یش دێ، واتە: کەڕیی، کەسێك قورساییەك لە گوێی دابێ، بە دڵنیایی هەرچەندە قسە بۆ بکرێ، نایبیستێ، ئەوانەش وەك کەسێك وان قورساییەك لە گوێیان کرابێ.

٨)- ﴿ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًى ﴾، ئەو (قورئان)یش لەسەر ئەوان کوێرە، ﴿ عَمًى ﴾، خوێنراویشەتەوە: (عَمٍ)، هەروەها خوێنراویشەتەوە: (عَمِيَ)، بە سێ جۆر خوێنراوەتەوە:

أ- ﴿ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًى ﴾.

ب- (وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمٍ).

ج- (وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمِيَ)، بە کرداری ڕابردوو، ئنجا ئەمە چەند واتایەکی هەن:

أ- بە واتای ئەوە دێ کە قورئان ڕێیان تێنابات، (أَي: لايَهْتَدِي إِلَيْهِمْ)، وەك چۆن بابایەکی کوێر ناتوانێ بچێ بۆ شوێنێك، قورئانیش ناتوانێ بچێ بۆ لایان.

ب- واتایەکی دیکەی: ﴿ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًى ﴾، یان (وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمٍ)، یان (وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمِيَ)، یانی: قورئان هۆکاری کوێریی ئەوانە، چۆن؟ یانی: لە ئەنجامی ئەوەدا کە پێی بێبڕوا بوون، حاڵەتی کوێرییان بەسەردا هاتوە، واتە: کوێریی مەعنەویی، بۆیە لێی تێناگەن، وەك لە سوورەتی (القصص)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَعَمِيَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَنۢبَآءُ يَوۡمَئِذٖ فَهُمۡ لَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿٦٦﴾ ﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا هەواڵەکان کوێرن، بەنسبەت ئەوانەوە، بۆیە لە یەکدیی ناپرسن، واتە: هەواڵەکان وەك کوێربن ناگەنە ئەوان و، ڕێیان تێ نابەن.

ج- مانایەکی دیکەی: ﴿ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًى ﴾، (هُوَ ضَمِيرِ الشَّأْنِ أي: لَيْسَ فِي آذَانِهِم وَقْر فَحَسْبُ، بَل الشَّأْنُ أَنَّ عَلَيْهِم عَمَىً كَذَلِكَ)، واتە: تەنیا حاڵیان وانیە کە گوێیان قورسایی تێدابێ، بەڵکو حاڵیان وایە کە کوێرییشیان لەسەرە، نەك هەر تووشی کەڕیی بوون،

بەڵکو تووشی کوێرییش بوون، بۆیە قورئان نابینن، واتە: لێرەدا (**هُوَ**) ناگەڕێتەوە بۆ قورئان و دەگەڕێتەوە بۆ ڕاناوی حاڵ (**شَأن**)، واتە: نەك هەر گوێیان کەڕیی تێدایە، بەڵکو کوێرییشیان لەسەرەو چاویشیان نابینێ.

٩)- ﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانِۭ بَعِيدٍ ﴾، ئەوانە لە شوێنیکی دوورەوە بانگ دەکرێن، واتە: ئەوانە وەك کەسێك وان، لە شوێنێکی دوورەوە بانگ بکرێ، بێگومان کەسێك لە شوێنێکی دوورەوە بانگ بکرێ، ئەگەر دەنگێکیش ببیستێ، لێی تێ ناگات، تاکو نیزیك دەکەوێتەوە، ئەوانەش لەبەر ئەوەی ئەو بێبڕواییە وا هەستەوەرەکانی تێك داون، هەستی بیستن و، دیتن و، فامکردن، وەك کەسێك وان کە لە دوورەوە بانگ بکرێ.

کەواتە: ﴿ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًى ﴾، سێ واتایان هەڵدەگرێ:

أ- قورئان بۆ ئەوان وەك کوێرێك وایە کە بەرێیە نازانێ و، نابینێ، بۆیە ناتوانێ بچێتە نێو عەقڵ و دڵیان.

ب- قورئان بۆتە هۆکاری کوێربوونیان، واتە: ئەوان کە بە قورئان بێبڕوا بوون لە ئەنجامی ئەو بێبڕواییەدا کوێر بوون، بۆیە قورئان نابینن، وەك لە سوورەتی (**التوبة**) لە ئایەتی ژمارە (١٢٥)دا دەفەرموێ: ﴿ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ ﴾، واتە: سوورەتێك کە دادەبەزێ هەر پیسیی زیاد دەکات بۆ گەڵ پیسییەکەی پێشێیان، پێشێ بێبڕوا بوون، سوورەتێکی دیکەش کە دێ، بەویش بێبڕوا دەبن، بێبڕواییش پیسییە لە دەروون و، عەقڵی مرۆڤدا، کەواتە: قورئان بەڵێ لە ئەسڵدا هۆی هیدایەت و پاکییە، بەڵام بۆ ئەوان کە کوفریان تێدا زیاد دەکات و، زیاتر پێی کافر دەبن، هەر پیسییان تێدا زیاد دەکات.

ج- یاخود: ﴿ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًى ﴾، (**هُو**) ناگەڕێتەوە بۆ قورئان، بەڵکو ئەوە ڕاناوی حاڵ (**ضَمیر الشَأن**)ی پێ دەڵێن، واتە: ڕاناوێکە بەکاردێ بۆ حاڵەتەکە، نەك بۆ قورئان، واتە: نەك تەنیا قورسایی لە گوێیاندا هەیە، بەڵکو کوێرییشیان تووش بووە، سەرەنجام ئەوانە وەك کەسێك وان لە شوێنێکی دوورەوە بانگ بکرێ.

لە بارەی ئەوەوە کە خوا ﷻ فەرمووی: ﴿ءَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ﴾، ئەگەر ئێمە قورئانمان کردبایە بە (عَجَمِي) دەیانگوت: ئایا چۆن دەبێ قورئان (أَعْجَمِيٌّ) بێ، واتە: بە زمانی جگە لە عەرەبیی بێ و، پێغەمبەرەکەش عەرەبیی بێ؟! هەندێك لە زانایان گوتوویانە: واتە: ئەگەر هاتباو قورئانمان بە زمانێکی دیکەی جگە لە عەرەبی ناردبایە، ئەوان دەیانگوت: چۆن دەبێ قورئان بە زمانێك بێ کە ئێمە لێی تێ ناگەین، لە حاڵێکدا پێغەمبەرەکە بە زمانێك دەدوێ ئێمە لێی تێدەگەین؟! چونکە (أَعْجَمِيٌّ) کەسێکە زمانەکەی فامکراو نەبێ، بەڵام عەرەبیی کەسێکە زمانەکەو، ئاخاوتنەکەی فامکراوبێ، یانی: چۆن دەبێ قورئانێك بێ کە فامکراو نیە بۆ ئێمە، بۆ سەر کەسێك کە زمانەکەی فامکراو و زانراوە بۆ ئێمە؟!.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

ڕاگەیەنرانی ئەو ڕاستییە کە خوا ﷻ تەوراتیشی بە مووسا ﷺ دابوو، بەڵام ڕاجیایی و، ناکۆکیی تێدا پەیدابوو، ئنجا ئەگەر لەبەر بڕیاری پێشتری خوا نەبووایە، دادوەریی لە نێواندا دەکردن و، بێبڕوایانیش لە بارەی قورئانەوە، دوو دڵییەکی خەستیان هەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ ﴾، بە دڵنیایی کتێبمان بە مووساش دابوو، ﴿ ٱلْكِتَٰبَ ﴾، (أل)ی ناساندنی لەسەرەو بۆ (عَهْد)ە، واتە: کتێبەکەمان بە مووسا دابوو، کە تەوراتە، واتە: تۆ تەنیا پێغەمبەرێك نی کتێبت پێدرا بێ، مووساش ﷺ کە زۆر ناودارەو، بۆ گەلی عەرەبیش ناودار بووە، هەروەها تەوراتیش کە کتێبەکەیەتی ئەویش زۆر ناودار بووە، ئەو کتێبە ناودارەشمان بە مووسا دابوو، کەواتە: تۆش شتێکت پەیدا نەکردووەو، دانەهێناوە پێشینەی نەبووبێ.

٢)- ﴿ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ﴾، ڕاجیایی کرا تێیدا، لە کتێبەکەی مووسادا، کەواتە: کە هاوچەرخانی تۆش، یان گەل و کۆمەڵگایەکەی تۆش ڕاجیایی و، ناکۆکیی دەکەن لە بارەی قورئانەوە، هەندێکیان بڕوای پێ دێنن و، زۆربەیان بڕوای پێ ناهێنن، ئەوەش دیسان پێشینەی هەیە، کتێبەکەی مووساش هەروا ڕاجیایی تێدا کرابوو، هەندێکیان بڕوایان پێ هێناو، زۆربەیان بڕوایان پێ نەهێنا.

٣)- ﴿ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ﴾، ئەگەر لەبەر وشەیەك نەبووایە کە لە پەروەردگارتەوە تێپەڕیوەو، پێشکەوتوە، دادوەرییان لە نێوان دا دەکرا.

واتە: بڕیارێك كە لە دوو توێی وشەیەك دا خوا داویەتی، كە بریتیە لەوەی دادوەریی كردن لە نێوان بەندەكانیداو، بڕیار لە بارەوە، دانیان كە سزایان بدات، یاخود پاداشتیان بداتەوە، لە دنیادا ئەو پرۆسەیە ئەنجام نادرێ، بەڵكو هەڵیدەگرێ بۆ قیامەت، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، ﴿ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ ﴾، دادوەرییان لە نێواندا دەكرا، یانی: (**لَوْلَا قَرَارٌ سَابِقٌ صَدَر مِنَ الله تَعَالَى لَحَكَمَ بَيْنَ مُصدِّقٍ مِنْهُم وَمُكَذِّبٍ**)، واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە بڕیارێك لە خوای بەرزەوە تێپەڕیوە، ئێستا لە نێوان بەڕاست دانەرو، بەدرۆ دانەرانی قورئاندا، دادوەریی دەكرد.

٤)- ﴿ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان لە بارەی قورئانەوە لە دوو دڵییەكی بێزاركەردان، (**وإنَّ قَوْمَكَ الكُفَّارَ لَفِي شَكٍ مُزْعِجٍ، فَلَا تَسْتَعظِم هَذَا المَوْقف مِنْهم**)، واتە: خەڵكە بێبڕوایەكەی گەلەكەی تۆش لە دوو دڵییەكی بێزاركەرو، جاڕزكەردان، بۆیە ئەو هەڵوێستەی ئەوانت لەسەر دڵ قورس نەبێ و، پێت شتێكی مەزن نەبێ، ئەوە بۆ پێغەمبەرانی پێشووش - لە نێویاندا مووسا وەك نموونەیەكی دیارو ئاشكراو زەق - هەمان حاڵەت هاتۆتە پێش.

لە كۆتایی ئەم دەرسەماندا جارێكی دیكە سەرنجی ئەو ئایەتە موبارەكە دەدەینەوە كە دەفەرموێ: قورئان كتێبێكی زاڵەو، ناهەقیی ڕووی تێناكات، نە لە پێش دەستیەوەو، نە لە دوایەوە، زانایان چوار واتایان بۆ ئەم ڕستەیە هێناون:

یەكەم: ئەوەیە كە من هەڵمبژارد، واتە: لە هیچ لایەكەوە هەڵەو كەموكوڕیی ڕوو لە قورئان ناكات.

دووەم: نە لە كتێبە پێشووەكاندا شتێك هەیە كە هەڵەیەك بێنێتە سەر قورئان، نە هیچ كتێبێكیش لە دوای قورئان دێ، كە هەڵەیەكی بێنێتە سەرو ڕەخنەیەكی لێ بگرێ.

سێیەم: ئەوەی قورئان حوكمی پێكردوە كە هەقە، هەرگیز نابێتە ناهەق و، ئەوەی قورئان بڕیاری داوە كە ناهەقە، هەرگیز نابێتە هەق.

چوارەم: قوڕئان نە لێی کەم دەکرێ، نە لێی زیاد دەکرێ، دەگونجێ کەسێك بێنی موصحەفێك دەستکاریی بکات، بەڵام ئەم قوڕئانە ئەگەر لێی کەم بکرێ دیارەو، ئەگەر لێشی زیاد بکرێ هەر دیارەو، وەك کتێبەکانی دیکە نیە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی شەشەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەسـەمان نـۆ (٩) ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (**فصلـت**) دەگرێتـە خـۆی، ئایەتەکانـی: (٤٦ - ٥٤)، ئـەوەری سـەرەکیی ئـەو نـۆ (٩) ئایەتـە، باسـی ڕۆژی دوایيەو، ئـەو مەینەتییانـەی لـەو ڕۆژەدا چاوەڕێـی مرۆڤـی بێبـڕواو تاوانبـار دەکـەن.

هەروەهـا باسـی بیـرو بۆچوونـی خەیاڵپلاوانـەی بابـای بێبـڕواو، زوو نائومێـد بـوون و، زوو بوغڕابوونـی لـە دەمـی خۆشـیی و نیعمـەت دایـە.

لـە کۆتاییشـدا: دوای کردنـی پرسـیارێکی هەنـاو هەژێـن لـە کافـرەکان، خـوای پەنهانـزان ڕایدەگەیەنـێ کـە بـەردەوام نیشـانەکانی خـۆی لـە ئاسـۆیەکان و، لـە خـودی مرۆڤەکانیشـدا پێشـانی مرۆڤـەکان دەدات، تاکـو زیاتـر دڵنیابـن لـە ڕاسـتیەتیی قورئـان، هەرچەنـدە کافـرەکان لـە دوو دڵییـدان سـەبارەت بـە دیـداری خـوای دەورەدەری هەمـوو شـتێك، کـە ئـەو هەڵوێسـتەیان هەڵوێسـتێکی زۆر نەفامانەیـە.

﴿ مَّنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّـٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾
۞ إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ۚ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا
تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى قَالُوٓا۟ ءَاذَنَّـٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ
﴿٤٧﴾ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَظَنُّوا۟ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٤٨﴾ لَّا يَسْـَٔمُ
ٱلْإِنسَـٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٌ قَنُوطٌ ﴿٤٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَـٰهُ رَحْمَةً
مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَـٰذَا لِى وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ
رَبِّىٓ إِنَّ لِى عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ ۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ
غَلِيظٍ ﴿٥٠﴾ وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَـٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو

دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴿٥١﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ
أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ
حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ أَلَآ
إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ ۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ ﴿٥٤﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەر کەس کردەوەی باش بکات سوودەکەی بۆ خۆیەتی و، هەر کەسیش خراپە بکات زیانەکەی لەسەر خۆیەتی و، پەروەردگاریشت هەرگیز بەرانبەر بە بەندەکان ستەمکار نیە ﴿٤٦﴾ زانیاریی کاتەکە(ی هاتنی ئاخیر زەمان) بەس بۆ لای وی دەگەڕێتەوە (و تەنیا خۆی دەیزانێ)و، هیچ کام لە میوەکان لە کیفەکانیان ئایەنە دەرێ و، هیچ مێینەیەك تۆڵدار نابێ و، دایناننێ، مەگەر بە زانیاریی وی، ئەو ڕۆژەش کە بانگیان دەکات، (هی هاوبەش دانەرەکان)، کوان هاوبەشەکانم؟ دەڵێن: دانمان پێداهێناو، ئاگادارمان کردیەوە: هیچ کام لە ئێمە شایەد نیە تۆ هاوبەشت هەبن ﴿٤٧﴾ ئەوەی پێشتریش لێی دەپاڕانەوە لێیان ونبوو و دڵنیابوون کە هیچ پەناگەیەکیان نیە، (خۆی تێبگرن لە سزای خوا) ﴿٤٨﴾ مرۆڤ لە پاڕانەوەی باش (داوای چاکە لە خوا کردن) بێزار نابێ و، ئەگەر خراپەو زیانێکیشی تووش بوو، زۆر تەمابڕاو و بێ هیوایە ﴿٤٩﴾ هەر کاتیش بەزەییەکی خۆمانی پێ بچێژین، دوای ناخۆشیی و زیانێك کە تووشیبووە، بە جەختکردنەوەوە دەڵێ: ئەمە هی منە (شایستەی خۆمە)و، گومان نابەم ڕۆژی دوایی بەرپا ببێ و، ئەگەر گریمان بگەڕێمەوە لای پەروەردگاریشم، (قیامەت هەبێ)، بە دڵنیایی پاداشتی هەرەباشم لە لای خوا هەیە، بێگومان هەواڵی ئەوەی کردوویانە بە بێبڕوایان دەدەین و، بە دڵنیایی لە ئازارێکی بێڕەزاشیان

پێ دەچێژین ﴿٥٠﴾ هەر کاتیش چاکەمان لەگەڵ مرۆڤی بێبڕوادا کرد، پشت هەڵدەکات و، کەلەکەی دوور دەگرێ و، کە خراپەو زیانیشی تووشبوو، خاوەنی پاڕانەوەیەکی بەرین و زۆرو زەوەندە ﴿٥١﴾ بڵێ: ئایا دەبینن (دەزانن! هەواڵم پێ بدەن) ئەگەر قورئان لەلایەن خواوە بێ، ئنجا ئێوەش پێی بێبڕوابن، ئایا کێ لەو کەسە گومڕاترە کە لە دووبەرەکییەکی دووردایە؟! ﴿٥٢﴾ لەمەودا نیشانەکانی خۆمانیان لە ئاسۆیەکان و، لە خودی خۆشیاندا پێشان دەدەین، تاکو بۆیان ڕوونبێتەوە کە (ئەو قورئانە) چەسپاوو ڕاستە (کە خوا دایبەزاندوە)، ئایا بەس نیە کە پەروەردگارت چاودێرو ئاگاداری هەموو شتێکە؟! ﴿٥٣﴾ ئەها! (ئاگاداربن!) ئەوان (بێبڕوایان) لە دوو دڵییدان لە بارەی دیداری پەروەردگاریانەوە، ئەها! (بزانن) بێگومان ئەو، (خوا) دەورەدەری هەموو شتێکە ﴿٥٤﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَكْمَامِهَا): (أَكْمَام: جَمْعُ كِمّ وَكُمّ: مَا يُغَطِّي الثَّمَرَة)، (أَكْمَامْ) کۆی (کِمّ) و (کُمّ)ە، ئەویش ئەوەیە کە میوە دادەپۆشێ واتە: توێکڵ یان کیف، بۆ وێنە: گوێز کە بە توێکڵێکی سەوز دەورە دراوە، هەروەها هێشووە خورما کە لە نێو کیفێکدایە، هەموو ئەو شتانەی دیکە کە لە نێو کیف و بەرگێکدان.

(ءَاذَنَّكَ): (الإِذْنُ فِي الشَّيءِ: إعْلَامٌ بِإِجَازَتِهِ وَالرُّخْصَةِ فِيهِ، أَذِنْتُهُ وَآذَنْتُهُ: أَعْلَمْتُهُ)، (الإِذْنُ فِي الشَّيءِ) ئاگادار کردنەوەیە بە مۆڵەتدران و، بە ڕێپێدرانی شتێك، دەگوترێ: (أَذِنْتُهُ وَآذَنْتُهُ) هەردووکیان یانی: ئاگادارم کردەوەو مۆڵەتمدا.

(مَحِيصٍ): (أَصْلُ المَحْصِ: تَخْلِيصُ الشَّيءِ مِمَّا فِيهِ مِنْ عَيْبٍ كَالْفَحْصِ، حَاصَ عَنِ الحَقِّ يَحِيصُ: أَي حَادَ، وَالمَحِيصُ: المَخْلَص) وشەی (مَحِيص) لە ئەصڵدا بریتیە لە دەربازکردنی شتێك لە کەم و کوڕییەك کە تێیدایە، (مَحْص) و (فَحْص) مانایەکەیان

لێك نیزیك، (فَحَصَهُ) یانی: پشكنی كە چ خەلەل و كەم و كورییەكی تێدایە لایبەرێ، بەڵام (حَاصَ عَنِ الحَقِّ يَحِيصُ: أَي حَادَ) واتە: لە هەق لایدا، لاڕێ بوو، (مَحِيص) وەك چۆن بە مانای دەربازكردن دێ، وەك چاوگ بە مانای ناوی شوێن (اسم مكان)یش دێ، یانی: (المَخْلَص) پەناگە، ئەو شوێنەی مرۆڤ خۆی تێبگرێ و خۆی تێدا پەنا بدات.

(لَّا يَسْـَٔمُ): بێزار نابێ، (السَّـٔامَةُ: المَلالَةُ مِمَّا يَكْثُرُ لُبْثُهُ) شتێك كە زۆر بمێنێتەوەو مرۆڤ بە هۆیەوە بێزارو وەڕەس و جاڕس ببێ.

(فَيَـُٔوسٌ): (اليَأسُ: إنْتِفَاءُ الطَّمَعِ) (يَأس) ئەوەیە ئینسان ئومێدی بە شتێك نەمێنێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدْ يَئِسُوا۟ مِنَ ٱلْـَٔاخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْقُبُورِ ﴿١٣﴾ ﴾المتحنة، واتە: ئەوانە لە ڕۆژی دوایی نائومێد بوون، وەك چۆن كافرەكان لە خاوەن گۆڕەكان نائومێد بوون، كە جارێكی دیكە بگەڕێنەوە بۆ ژیان.

(قَنُوطٌ): (القُنُوطُ: اليَأسُ مِنَ الخَيرِ)، (يَأس): بریتیە لەوە كە ئینسان ئومێدی بە شتێك نەمێنێ، بەڵام (قُنُوط): بریتیە لە نائومێد بوون لە چاكە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ ﴾الحجر، كێ لە بەزەیی پەروەردگاری نائومێد دەبێ جگە لە گومڕایان، كە ئەمە قسەی ئیبراهیمە عليه السلام لە وەڵامی فریشتەكاندا، كە موژدەی كوڕێكیان پێدا كە ئیسحاقە، ئەویش گوتی: چۆن كوڕمان دەبێ كە حاڵمان وایە؟ ئەوانیش گوتیان: نائومێد مەبە، ئەویش گوتی: ئنجا كێ نائومێد دەبێ لە بەزەیی خوا، جگە لە سەرگەردان و گومڕایان.

(غَلِيظٍ): بێڕەزا، زبر، ئەستەم، (الغِلظَةُ: ضِدُّ الرِّقَّةِ، غِلظَة وَغُلظَة، وَأَصْلُهُ أَنْ يُسْتَعْمَلَ فِي الأَجْسَامِ، وَقَدْ يُسْتَعَارُ لِلمَعَانِي كَالكَبِيرِ وَالكَثِيرِ)، (غِلظَة) پێچەوانەی (رِقَّة) یە، (رِقَّة) یانی: نەرمیی و ناسكیی، بەڵام (غِلظَة) یانی: زبریی و ئەستووریی، هەم

(غِلظَة) بەکاردەهێنرێ، هەم (غُلظَة)، ئەویش لە ئەصڵدا بۆ شتە بەرهەستەکان بە کاردەهێندرێ، بۆ شتی ماددیی، بەڵام جاری واش هەیە دەخوازرێتەوەو بۆ واتاو مەبەستەکان، واتە: گەورە و زۆر.

(وَنَـَٔا): (نَـأَ نَأْياً مِثْلُ نَعَا: أَي أَعْرَضَ وَتَبَاعَدَ، نَـأَ بِجَانِبِهِ وَنَاءَ بِجَانِبِهِ) یانی: تەنیشتی خۆی دوورخستەوە، کەلەکەی خۆی دوورخستەوە، وەك (نَعَا) واتە: مردنی کەسێکی ڕاگەیاند، یان بە مانای پشتتێکردن و خۆ لێ دوور گرتن دێ.

(عَرِيضٍ): (العَرْضُ: خِلَافُ الطُّولِ، وَأَصْلُهُ فِي الأَجْسَامِ ثُمَّ اسْتَعْمَلُوهُ فِي غَيْرِهَا) (عُرْض) پێچەوانەی (طُول)ە، (عُرْض) یانی: پانیی، بەرینیی، (طُول) یانی: درێژیی، لە ئەصڵدا بۆ شتە بەرجەستەکان و ماددییەکان بەکاردەهێنرێ، بەڵام دوایی بۆ شتی مەعنەوییش بەکاردەهێنرێ و دەخوازرێتەوە.

(شِقَاقٍ): (الشِّقَاقُ: المُخَالَفَةُ، وَكَوْنُكَ فِي شِقٍّ غَيْرَ شِقِّ الآخَرِ)، (شِقَاق) یانی: دوو بەرەکیی، ئەوە کە تۆ لە لایەك بی و بەرانبەرەکەشت لە لایەکی دیکە بێ، یاخود (الشِّقَاقُ: مِنْ شَقِّ العَصَى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ)، (شقاق) ئەوەیە گۆچانێك لە مابەینی دوو کەساندا هەبێ و بیشکێنن، هەر یەکی لەتکێکیان بکەوێتە دەست، یان بیقەڵێشن هەر یەکەی لایەکیان بکەوێتە دەست.

(ٱلْآفَاقِ): (جَمْعُ أُفْقٍ وَأُفُقٍ)، (آفَاق) کۆیەو تاکەکەی بە (أُفْق) بە (سکون) زەنەو بە (أُفُق) بە (ضمّة) بۆر دەگوترێ، کۆیەکەی (آفَاق)ە، (الأَفَاقُ: النَّوَاحِي) لایەکان، ئاسۆیەکان.

(مِرْيَةٍ): (المِرْيَةُ: التَّرَدُّدُ فِي الأَمْرِ، وَهُوَ أَخَصُّ مِنَ الشَّكِّ)، (مِرْيَة): بریتیە لە دڵ لە دڵ دان لە کارێکدا، دوو دڵ بوون کە تایبەتترە لە (شَكّ): تایبەتتر بوونەکەشی ئەوەیە (شَكّ): ئەوەیە شتەکە هەڵبگرێ تێیدا دوو دڵ بی، بەڵام (مِرْيَة): ئەوەیە لە شتێکدا دوو دڵ بی، هەڵنەگرێ و شایستە نەبێ، (وَالمُمَارَاة: المُحَاجَّةُ فِيمَا فِيهِ شَكٌّ)، (مُمَاراة) واتە: شەڕە قسە لە شتێکدا کە دوو دڵیی تێدا هەبێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

لە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، خوا ﷻ چەند ڕاستییەکی زۆر گەورەو مەزنی جۆراوجۆر ڕادەگەیەنێ، کە هەر پەیوەستن بە ئێوەڕۆکی سوورەتەکەو، بەو ئایەتانەوە کە ڕابردن، چونکە وەك هەمیشە گوتوومانە: ئایەتەکانی قورئان وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن، بەڵام هەندێك جار ئەگەر باش سەرنج نەدرێ، چۆنیەتیی پەیوەست بوونی ئایەتەکان بە یەکدییەوە نازانرێ، هەروەها لە پێکەوە پەیوەستکردنی ئایەتەکان و پێکەوە پەیوەست بوونیانەوە، زۆر نهێنیی بۆ مرۆڤ دەردەکەون.

لێرەدا خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ﴾، هەر کەسێك چاکە بکات سوودەکەی بۆ خۆیەتی و، هەر کەسێك خراپە بکات، زیانەکەی بۆ سەر خۆیەتی، خۆی لێی زیانبارە، ﴿ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت ستەمکار نیە بۆ بەندەکان.

ئەمە پەیوەست دەبێتەوە بە هەموو ئایەتەکانی ڕابردووەوە کە باسی قورئان و، باسی پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، باسی چۆنیەتیی پێشوازییکردن لە ئایەتەکانی خوا، دەکەن، بە تایبەت ئایەتە خوێنراوەکانی، هەروەها چۆنیەتی پێشوازییکردن لە چاکەو نیعمەتەکانی خوا، کە لە دەوروبەرو بوونەوەرو لە ژیانماندا دیارن، هەر کەسێك چاکە بکات بەوە کە بۆ خوا سوپاسگوزار بێ، بەوە کە فەرمایشتی خوا قەدر بگرێ و، پێشوازیی لێ بکات و، بڕوای پێ بێنێ، هەروەها بڕوا بە پێغەمبەری خاتەم بێنێ، شوێن پێی هەڵبگرێ و، بڕوا بە ئایین و بەرنامەکەی خوا بینێ، هەروەها سوپاسگوزار بێ بۆ چاکەکانی خوا، هەر کەسێ چاکە بکات، خۆی لێی بەهرەمەندەو، هەر کەسێك خراپە بکات، خۆی لێی زیانبارە،

﴿ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلۡعَبِيدِ ﴾، پەروەردگاریشت ستەمکار نیە بۆ بەندەکان، وشەی (ظَلَّام) ڕێژگەی زێدەڕۆیی (صِيغَة الْمُبَالَغَة)ی (ظَالِم)ە، بەڵام مانای ئەوە نیە کە خوا زۆر ستەم لە بەندەکانی ناکات، چونکە کەمێکیش هەر ستەمیان لێ ناکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە سیفەتەکانی خوا هەموویان لەوپەڕی دان و، ئەگەر گریمان ستەمکردن یەکێك بووایە لە سیفەتەکانی خوا، خوا ﷻ وەك چۆن (عَلاَّمُ الغُيوب)ە، (ظَلاَّم)یش دەبوو، کەواتە: خوا کە زۆر ستەم ناکات، مانای وایە کەمیش هەر ستەم ناکات، چونکە سیفەتەکانی خوا هەموویان لە لووتکەدان.

﴿ إِلَيۡهِ يُرَدُّ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ ﴾، زانیاریی کاتەکە (ساعة) - ی هاتنی ئاخیر زەمان - بۆ لای وی دەگێردرێتەوە، (السَّاعَة)، ئەو کاتەیە کە ئەم ژیانەی تێدا دەپێچرێتەوە، بە زۆریی وشەی: (السَّاعَة)، بۆ کۆتایی ژیانی دنیایە، واتە: ئاخیر زەمان، بەڵام جاری واش هەیە وشەی: (السَّاعَة)، بۆ قیامەتیش بەکاردێ و، جاری واش هەیە: (السَّاعَة)، بۆ هەردوو قۆناغەکەی ئاخیر زەمان و قیامەت (ڕۆژی دوایی) بەکاردێ، ئەوەش بەپێی سیاق دەزانرێ، وشەی: (السَّاعَة)ش، یانی: کاتێکی دیارییکراو: کاتی دیارییکراوی کۆتایی هاتنی ئەم ژیانە، یاخود کاتی دیارییکراوی زیندوو کرانەوەی مردووان، یاخود کاتی دیارییکراوی هەم کۆتایی هاتنی ژیانی دنیاو، هەم دەست پێکردنی ژیانی ڕۆژی دوایی، بە هەر سێ واتایەکە بەکاردێ، بەڵام بە زۆریی بۆ ئاخیر زەمان بەکاردێ، (قيامة) هەڵسانەوەش بۆ قۆناغی زیندووکرانەوەو، سزاو پاداشت، بەکاردێ.

﴿ وَمَا تَخۡرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنۡ أَكۡمَامِهَا ﴾، هەر لەو ڕووەوە، وەك چۆن زانیاریی هاتنی ئاخیر زەمان، یان هاتنی قیامەت و ڕۆژی دوایی تەنیا لە لای ئەوە، بە هەمان شێوە هیچ کام لە میوەکان لە کیفەکانیان نایەنە دەرێ، ﴿ وَمَا تَحۡمِلُ مِنۡ أُنثَىٰ ﴾، هەروەها هیچ مێینەیەك تۆلدار نابێ، کە ئەگەر بۆ ئاژەڵان بێ، وشەی (ئاوس) بەکاردێ، هەڵبەتە دەگونجێ (ئاوس) بۆ مرۆڤیش بەکاربێ، بەڵام جاری وا هەیە هەندێك وشە بە عورف، مانایەکی خراپ بەدەستەوە دەدەن، بەڵام لە

ئەسڵی زماندا ئەگەر بگوترێ ئافرەتێك ئاوس بووە، یاخود مانگایەك ئاوس بووە، یان بزنێك، یان مەڕێك، یان حوشترێك، یان ماینێك، زۆر ئاساییە، بەڵام جاری وایە لە بەكارهێنانی دا بە هۆی عورفەوە، وشەیەك مانایەكی خراپ وەردەگرێ، بۆیە لە كوردەوارییدا زیاتر دەڵێن دووگیان، بەڵام پێموایە دەگونجێ وشەی تۆڵدار بەگشتیی بەكاربهێنرێ، بۆ نموونە: ئەو ئافرەتە تۆڵاو تۆڵە، یانی: سكی هەیەو، دوو گیانە، یانی: منداڵی كۆرپەی لە سكدا هەیە، كەواتە: تۆڵدار بۆ هەموو مێینەكان بەكاردەهێنرێ، بۆیە من ئەو وشەیەم بەكارهێناوە، هەم بۆ مێینەی مرۆڤ كە ئافرەتە، هەم بۆ مێینەی ئاژەڵەكان، واتە: مێیەی حوشترو، مانگاو، بزن و، مەڕ.

خوا دەفەرموێ: هیچ مێینەیەك تۆڵدار نابێ، ﴿ وَلَا تَضَعُ ﴾، هەروەها تۆڵەكەشی دانانێ، ئەوەی نێو سكی دانانێ، كۆرپەكەی، یاخود بێچووەكەی، ﴿ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ﴾، مەگەر بە زانیاریی خوا، خوا لە هەمووی ئاگادارە، هەم كاتی تۆڵداربوونی، هەم كاتی تۆڵدانانی، ﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى ﴾، ئەو ڕۆژەش كە بانگیان دەكات، كوان هاوبەشەكانم؟! واتە: بانگی هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان دەكات، دەفەرموێ: كوان هاوبەشەكانم، ئەوانەی دەتانكردنە هاوبەشی من و، وەك من تەماشاتان دەكردن و مامەڵەتان لەگەڵدا دەكردن؟ ﴿ قَالُوٓاْ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴾، گوتیان: ئاگادارمان كردوویەوە، پێشتر ڕامانگەیاندوە، هیچ كامێك لە ئێمە شایەدو چاودێرو، بەڵگە نیە كە تۆ هاوبەشت هەبێ.

﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ﴾، ئەوەی پێشتر لێی دەپاڕانەوە لێیان ونبوو، پەنهان بوو، چونكە لە ئەصڵدا وەك هاوبەشی خوا نەبوون، بەڵكو وەك دارێك، یان بەردێك، یان پەیكەرێك، یان مرۆڤێك، یان قەبرێك، یان تاغووتێك، یان ڕژێمێك یان فیرعەونێكی زاڵم هەبوون، بەڵام نەك وەك هاوبەشی خوا، بەڵكو وەك دروستكراوێك لە دروستكراوەكانی خوا، ﴿ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴾، پێشیان وابوو هیچ پەناگەیەكیان نیە، وشەی (ظَنْ) لە قورئانداو، لە زمانی عەرەبییشدا كە خەڵك وادەزانێ بە زۆریی بە مانای گومان دێ، بەڵام وەك چۆن

بە مانای گومان دێ، بە مانای زانیاریی جێی دڵنیاییش دێ، ئەویش بەپێی سیاق دەزانرێ، لەبەر ئەوەی زانیارییش، ئەو زانیارییەی مرۆڤ وەدەستی دێنێ، پلە پلەیە، لە سەرەتاوە مرۆڤ جۆرێك لە گومانی دەبێ، دەبێ ئەو شتە وابێ، یان وانەبێ؟ دوایی وردە وردە گومانەکەی بەهێز دەبێ، پێشێ هەروا خەتەرەیەك بە دڵییدا دێ، دەبێ وابێ؟ دوایی وردە وردە (شَكّ)ی پەیدا دەبێ، واتە: دوو دڵ دەبێ، لە نێوەڕاستێ دا دەوەستێ، لە نێوان بوون و نەبووندا، دوایی دەبێتە (ظَنّ)، کە بریتیە لە گومانێکی زاڵ، واتە: لای بوونی ئەو شتە زاڵ بکەی، یاخود لای نەبوونی زاڵ بکەی، دوایی دەبێتە عیلم، دواتریش دەبێتە یەقین، ئنجا وشەی (ظَنّ) هەم بە سەرەتای زانینی شتەکان دەگوترێ و، هەم بە نێوەڕاستیان و، هەم بە کۆتاییەکەیان، بەڵام بەپێی سیاق دەزانرێ، کامیان مەبەستە.

لێرەدا کە باسی ڕۆژی قیامەت و، زیندووکرانەوەو هەڵسانەوەیە، دەزانین (ظَنّ) بە مانای دڵنیاییە، چونکە لەوێ کەس گومانی نامێنێ، ﴿وَظَنُّوا۟ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ﴾، یانی: دڵنیابوون و، زانییان کە پەناگەیەکیان نیەو، هیچ شوێنی دەربازبوونیان نیە، لەوێ شوێنی ئەوە نیە، کەسێك بڵێ: دەبێ دەربازبم؟ کافر بووبێ لە دنیادا، کەچی لە ڕۆژی هەڵسانەوەو زیندووکرانەوەدا گومانی هەبێ، نەخێر، بۆیە دەزانین لێرەدا (ظَنّ) بە مانای دڵنیایی و، زانیارییەکی چەسپاوە، هەروەها لە سوورەتی (البقرة)شدا کە خوای کارزان باسی ئەو کۆمەڵە کەمە دەکات، کە سەریان دەخات بەسەر کەسانێکی لە خۆیان زیاتردا، کە دەفەرموێ: ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾﴾، واتە: ئەوانەی کە دەیانزانی بەدیداری خوا دەگەن، گوتیان: زۆر جاران کۆمەڵێکی کەم بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا زاڵبوون بە مۆڵەتی خوا، خواش لەگەڵ خۆڕاگراندایە.

لێرەدا دەزانین کە: ﴿يَظُنُّونَ﴾ بە مانای (گومان دەبەن) نیە، چونکە کەسێك کە لەگەڵ دوژمندا ڕووبەڕوو بۆتەوە، پێویستی بە یەقینێك هەیە کە

دڵنیابێ خوا سەری دەخات، کەواتە لێرەدا ﴿ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ ﴾، یانی: (يَعْلَمونَ)، یاخود (يَسْتَيقِنون).

هەروەها هەر لە سوورەتی (البقرة)دا خوای بەرزی مەزن لە سیاقێکی دیکەدا باسی (ظَنّ) دەکات کە مەبەست پێی یەقینە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ (٤٥) ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ (٤٦) ﴾، واتە: یارمەتیی وەربگرن لە خۆڕاگریی و، لە نوێژ، نوێژیش قورسەو گەورەیە، مەگەر لەسەر بۆ خوا ملکەچان، ئەوانەی (ظَنّ)یان وایە کە بە دیداری پەروەردگاریان دەگەن، واتە: یەقینیان وایە، (ظَنّ) لێرەدا بە مانای زانیارییەکی جێی دڵنیاییە، کە بە دیداری پەروەردگاریان دەگەن و، بۆ لای وی دەگەڕێنەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەس گومانی هەبێ بچێتەوە خزمەت پەروەردگاری، مانای وایە جارێ هەر ئیمانی نەهێناوە، چ جای شایستەی ئەوەبێ مەدح بکرێ!.

کەواتە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴾، یانی: یەقینیان هەبوو، دڵنیابوون کە شوێنی دەربازبوونیان نیە.

﴿ لَّا يَسْـَٔمُ ٱلْإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ ﴾، مرۆڤ لە پاڕانەوەی بۆ چاکە بێزار نابێ.

لێرەدا مەبەست لە ئینسان، کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، بەڵام ناساندن (تعريف)ەکە مەبەست پێی جینسی ئینسان نیە، کە هەموو مرۆڤەکان وابن، بەڵکو مەبەست پێی مرۆڤانێکی تایبەتەو، ناساندنەکە بۆ (عَهْد)ە، واتە: ئەو مرۆڤانەی ناسراون و زانراون کە بێبڕوان، بێزار نابن لە داواکردنی شتی چاکە بۆ خۆیان، ئەو مرۆڤە بێبڕوایە بێزار نابێ لە داواکردنی چاکە بۆ خۆی، ﴿ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ ﴾، ئەگەر خراپەو زیانێکیشی تووشبوو، ﴿ فَيَـُٔوسٌ قَنُوطٌ ﴾، هەم تەمابڕاوە، هەم بێ هیوایە لە خێرو چاکە.

﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ ﴾، ئەگەر لە لایەن خۆمانەوەش بەزەییەکی پێ بچێژین، دوای ئەوەی نەخۆشیی و ناخۆشییەکی تووش بووە،

یـانی: هـەر کەمێـك ناخۆشـیی تـووش ببـێ، دوای ئـەوەی بەزەییەکـی خۆمـان پـێ چێژتـوە، ئـەو بەزەییـەش لـە چاکـەو نیعمـەت و خێـرو خۆشـییەکاندا بەرجەسـتە دەبـێ، ﴿ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي ﴾، زۆر بـە جەختکردنـەوە دەڵـێ: ئەمـە هـی منـە، واتـە: مـن شایسـتەیمی، بۆیـە خـوا بـە منـی داوە، ﴿ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً ﴾، پێشـم وا نیـە قیامـەت ڕابـێ، (السَّاعَة)، ئـەو کاتـەی ژیـانی دنیـای تێـدا کۆتایـی دێ، بـەڵام لێـرەدا یـانی: قیامـەت، ڕۆژی هەڵسـانەوەو زیندووکرانـەوە، پێـم وانیـە قیامـەت ڕابـێ، یـان ڕۆژی دوایـی بێـت، لێـرەدا (ظَنّ) بـە مانـای گومانـە، ﴿ وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّيٓ ﴾، ئەگـەر گریـمان بشـگێڕدرێمەوە بـۆ لای پـەروەردگارم، ﴿ إِنَّ لِي عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ ﴾، بـە دڵنیایـی بـۆ مـن لـە لای وی پاداشـتی هـەرە چـاك هەیـە، (الحُسنى)، سـیفەتی وەسـفکراوێکی قرتێـنراوە، یانـی: (لَلْخَصْلَةُ الحُسْنَى)، سـیفەتی هـەر بـاش یاخـود (لَلْمَثُوبَةُ الحُسْنَى)، پاداشـتی هـەرە بـاش، یاخـود (لَلْحَالَةُ الحُسْنَى)، حاڵەتـی هـەرە بـاش، بـۆ مـن هەیـە لـە لای پـەروەردگارم، واتـە: زۆر لـە خـۆی ڕادەبینـێ، بـێ ئـەوەی بناغەیەکـی دانابـێ، دیـواری خـەون و خەیاڵـی زۆری هەڵچنیـوە! بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ ﴾، بـە دڵنیایـی هـەواڵ دەدەیـن بەوانـەی بێبـڕوان بـەوەی دەیانکـرد، هەواڵیـان پێدەدەیـن بـە کردەوەکانیان، هەواڵیـان پـێ دەدەیـن، واتـە: دەڵێیـن: فـڵان شـت و، فـڵان شـتت کـرد، ئنجـا ئـەوەش سـزایەکەیەتی، بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴾، لـە تازارێکـی ئەسـتوورو زەبـەلاح و بێرەزایـان پـێ دەچێژیـن.

ئنجـا دێتـە سـەر حاڵەتێکـی دیکـەی مرۆڤـی بێبـڕواو، مرۆڤـی دوور لـە خـوا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ ﴾، دیسـان: ﴿ ٱلْإِنسَٰنِ ﴾، مەبەسـت پێـی مرۆڤێکـی تایبەتـە، کـە مرۆڤـی بێبـڕواو، دوور لـە خوایـە، هـەر کات چاکەمـان لەگـەڵ مرۆڤـدا کـرد، ﴿ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ ﴾، پشـت هەڵـدەکات و، تەنیشـت و کەلەکـەی خـۆی دوور دەخاتـەوە، واتـە: لـە خـوا دوور دەکەوێتـەوەو، لـە بەندەکانـی خـواش دوور دەکەوێتـەوە، بـۆ ئـەوەی هاوکارییـان نـەکات، ﴿ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ ﴾، ئەگـەر

زیـان و خراپەیەکیشـی تووشـبوو، ﴿ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴾، خـاوەن پاڕانەوەیەکـی پـان و بەرینـە، شـتێك کـە پانایيەکـەی زۆر بـێ، مانـای وایـە درێژاییەکەشـی زۆرە، بۆیـە خـوا ﷻ جاری وا هەیـە باسـی شـتێك دەکات، بـەس بـاسی پانایيەکـەی دەکات، بـۆ وێنـە: لـە سـوورەتی (آل عمـران) لـە ئایەتـی ژمـارە: (١٣٣)دا، باسـی بەهەشـت دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ ﴾، پانایيـەکی ئاسـمانەکان و زەوییـە، ئنجـا ئەگـەر پانایيەکـەی بـە قـەدەر ئاسـمانەکان و زەوی بـێ، مانـای وایـە درێژاییەکەشـی زۆرە.

لێـرەدا: ﴿ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴾، پاڕانەوەیەکـی پـان و بەرینـی هەیـە، یـانی: زۆرو زەوەند.

ئنجـا خـوا دێتـە سـەر بابەتێکـی دیکـە، بـەڵام هـەر لـە هەمـان سـیاقداو دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ ﴾، پێیـان بڵـێ: ئایـا دەزانـن؟ ئایـا دەبینـن؟ هەواڵـم پـێ بـدەن ﴿ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ﴾، ئەگـەر لـە لایـەن خـواوە بـوو، ئەمـە بەپێـی ڕەوت دەزانـرێ کـە مەبەسـت پێـی قورئانـە، هەرچەنـدە باسـی قورئـان نەکـراوە، بـەڵام ڕاناوەکـەی کـە تێیـدا شـێردراوەیە بـۆ قورئـان دەچێتـەوە، واتـە: (إنْ كَانَ القُـرآنُ مـن عنـد اللـه)، ئەگـەر ئـەو قورئانـە لـە لایـەن خـواوە بـوو، ئـەو کتێبـە لەلایـەن خـواوە بـوو، ﴿ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ ﴾، دواییـش ئێـوە پێـی بێبـڕوا بـوون، ﴿ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴾، کـێ لـەو کەسـە گومڕاتـرە، کـە لـە دووبەرەکییەکـی دووردایـە! لەبـەر ئـەوەی بـڕوا بـە قورئـان، بـە کتێبـی خـوا ناهێنـن، یانـی: ئایـا ئەگـەر قورئـان لـە لایـەن خـواوە بـێ و ئێـوەش پێـی بێبـڕوا بـن، کـێ لـە ئێـوە گومڕاتـرە؟! کـە خۆتـان دوور دەگـرن لـە قورئـان و، دووبەرەکیـی و، بەربەرەکانێـی لەگەڵـدا دەکـەن و، لـە دژایەتیـی کردنەکـەی دا، زۆر دوورکەوتوونـەوە.

لـە کۆتایـی دا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ ﴾، لەمـەودوا لـە ئاسـۆیەکان و، لـە خـودی خۆشـیاندا نیشـانەکانی خۆمانیـان

دەخەینە بەرچاو، پێشانیان دەدەین، ﴿ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ﴾، تاکو بۆیان دەرکەوێ کە ئەو هەقە، (أنه) ئەم ڕاناوە بەپێی سیاق دەزانرێ کە بۆ قورئان دەچێتەوە، بەڵام دەشکونجێ بۆ پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ بچێتەوەو دەشکونجێ بۆ خوای بەرزی مەزنیش بچێتەوە، بەڵام بەپێی سیاق لە هەموویان نیزیکتر ئەوەیە کە بۆ قورئان بچێتەوە، چونکە ئایەتەکان هەموویان باسی قورئانن، هەتا ئایەتی پێشتر کە دەفەرموێ: پێیان بڵێ: ئایا دەبینن، ئایا دەزانن، یاخود هەواڵم پێ بدەن؟ ئەگەر لەلایەن خواوە بێ، دوای ئەوەش پێی بێبڕوا بن، واتە: قورئان لە لایەن خواوە بێ، دوای ئەوەش پێی بێبڕوا بن، کێ گومڕاترە لە کەسێك کە لە دووبەرەکییەکی دووردایە؟! ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴾، ئایا بەس نیە بۆ پەروەردگارت کە چاودێرە بەسەر هەموو شتێکەوە؟! پەروەردگارێك چاودێر بێ بەسەر هەموو شتێکەوە، کەواتە: قورئانێکیش کە ناردوویەتی هەتا ئەو شتانە زیاتر پەییان پێ ببردرێ لە ئاسۆیەکان و، لە خودی مرۆڤەکانیشدا، هەتا زانست زیاتر پەردە لەسەر نهێنییەکانی دروستکراوەکانی خوا هەڵداتەوە، ئەو خوایە کە بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرە، ئەو خوایە کتێبێك بنێرێ هەتا ئەو شتانە زیاتر پەردەیان لەسەر لابچێ و، زانست زیاتر پێیان ئاشنا بێ، کەواتە: زیاتر هەقانیەتیی کتێبی خوا دەردەکەوێ، چونکە بێژەری قورئان خوایە ﷻ، کە بەدیهێنەرو پەروەردگاری هەموو شتەکانەو، دروستکەری هەموو شتەکانە، کەواتە: هەتاکو پەردە زیاتر لەسەر دروستکراوەکانی لابچێ، هەقانیەتیی فەرمایشتەکەی زیاتر دەردەکەوێ، کە ئەمە ئیعجازێکی عیلمیی زۆر بەهێزی تێدایە، چونکە خوای موتەعال بە (س) فەرموویەتی، (س) و (سَوفَ) بۆ داهاتوون، ئەگەر گوتت: (سَأَرَاكَ) واتە: لە مەودوا دەتبینم، (سَوفَ أَرَاكَ) واتە: دوورتر لەمەودوا دەتبینم، لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ﴾، لە مەودوا پێشانیان دەدەین، چییان پێشان دەدەین؟ نیشانەکانی خۆمان، کە بە تەئکید لێرەدا مەبەست لە (آيَات) کە کۆی (آيَة)ە، ئەو دیاردەو دیمەنانەی دەوروبەرو بوونەوەرن، چونکە خوا

دەفەرموێ: نیشانەکانی خۆمانیان لە ئاسۆیەکانیشدا پێشان دەدەین و، لە خودی خۆشیاندا، واتە: زانیاریی لە مەودوا زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێ، هەم لە ڕووی پەیبردنی زیاتر بە نهێنییەکانی جەستەی مرۆڤ و ڕووح و ناخی مرۆڤ، هەم لە ڕووی پەیبردنی زیاتر بە گەردوون و، ئاسمانەکان و زەوی، لە ئەنجامی ئەوەدا زیاتر بۆیان دەردەکەوێ کە قورئان هەقە، چونکە تاکو زانست زیاتر بەرەو پێشەوە بچێ، ئەو ئاماژانەی لە قورئاندا هەن، زیاتر پەردەیان لەسەر لادەچێ، چونکە خوا ﷻ لە قورئاندا باسی مرۆڤ و، دروستبوونی مرۆڤی کردوە، کە (**سلالة من طين**)ەو، (**نُطْفَة**)یەو، (**عَلَقَة**)یەو، (**مُضْغَة**)یە...هتد، کە لە سەرەتای سوورەتی (**المؤمنون**)دا باسێکی خەست و خۆڵمان لەو بارەوە کرد، لە قەدەر قەبارەی ئەم تەفسیرە، هەروەها لە شەرح و تەفسیرکردنی ئایەتەکانی: (٨ - ١٢)ی ئەم سوورەتە موبارەکەشدا باسێکمان لە بارەی دروستبوونی گەردوونەوە کرد، کە چۆن ئایەتە موبارەکەکان ئاماژەی پێ دەکەن، زانایانیش زۆر باسیان کردوە لەو کتێبانەدا کە باسی ئیعجازی عیلمیی دەکەن لە قورئاندا، کە سەرەتای وەحیی کۆتایی زانستەو زانست لە کوێ کۆتایی دێ، ئەوێ سەرەتای وەحییە، واتە: داوی ئەوەی زانست لێ دەکۆڵێتەوەو شتەکانی بۆ دەردەکەون، وەك حەقیقەتی زانستیی، ئنجا ئەوێ دەستپێکی وەحییە، لە کوێ زانست کۆتایی هات، لەوێوە وەحیی دەست پێدەکات.

﴿ أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ ﴾، ئاگاداربن! ئەوان لە دوو دڵییدان لە بارەی دیداری پەروەردگاریانەوە، ﴿ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ ﴾، ئەها! ئاگادار بن! بە دڵنیایی ئەو دەورەدەری هەموو شتێکە، ئنجا مادام خوا دەورەدەری هەموو شتێك بێ، کەواتە: کە دەفەرموێ: ئەی مرۆڤەکان! ئێوەم بۆ تاقیکردنەوە هێناوەتە دی و لەم سەر زەوییەم داناون و، ئەرکی جێنشینایەتیی خۆمم پێ سپاردوون و، ئەمانەتی خۆمم بە ئێوە سپاردوە هەڵیبگرن، کە بە ئاسمانەکان و زەوی و چیایەکان هەڵنەگیراوە، هەروەها لە باشترین شێوەو پێکهاتندا ئێوەم

خوڵقانـدوەو، ڕێـزم لێکرتـوون، هەروەهـا ئاوەدانکردنـەوەی سـەر زەویـم پـێ سپاردوون. کـە ئەمانـە هەموویـان چەمـك و واتـای ئایەتەکانـی قورئانـن، وەك لـە جێـی دیکـەدا بـە درێژیـی باسـمان کـردوە، کەواتـە: خـواو پەروەردگارێکـی ئـاوا، کـە دەوری هەمـوو شـتێکی داوە، هەمـوو شـتێك لـە ژێـر هەیمەنـەو دەسـەڵاتی ئەودایـە، دەستەوسـان نابـێ کـە دوای ئـەوەی ئێـوە دەمـرن و، دەبنـەوە خـاك، زیندووتـان بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی لێتـان بپێچێتـەوەو، بپرسـێتەوە داخـۆ ئـەو ژیانـە دنیاییەتـان چـۆن گوزەرانـدو، چـۆن مامەڵەتـان کـرد لەگـەڵ سـپاردەی خـوادا، هەروەهـا چـۆن مامەڵەتـان کـرد لەگـەڵ نیعمەتەکانـدا کـە خـوا بـۆی ڕەخسـاندبوون و، چـۆن ئەرکـی جێنشـینایەتیی خواتـان جێبەجـێ کـردو، ئـەو ڕێـزو حورمەتـەی خـوا لێـی نابـوون، تـا چ ڕادەیـەك ئـەو ڕێـزو حورمەتەتـان پاراسـت، بـە هـۆی ئیمـان و کـرداری چاکـەوە، یـان تاکـو چ ڕادەیـەك ئـەو حورمـەت و ڕێزەتـان لەدەسـتدا بـە هـۆی بێبڕوایـی و تـاوان و خراپـەو لادانـەوە؟! دەبـێ لێتـان بپێچێتـەوە، ئنجـا خوایـەك دەوری هەمـوو شـتێکی دابـێ و، چاودێـر بـێ بەسـەر هەمـوو شـتێکەوەو، هەمـوو شـتێك دروسـتکراوی خـۆی بـێ، چـۆن زینـدوو کرانـەوەو، پاشـان سـزادان و پاداشـت دانـەوەی ئێـوەی لـێ عاسـێ دەبـێ.

هەڵبەتـە ئێمـە دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا، کورتـە باسـێکی تایبـەت دەکەیـن لـە بـارەی دەرکەوتنـی بەردەوامـی نیشـانەکانی خـوا ﷻ لـە ئاسـۆیەکان و، لـە خـودی مرۆڤانیشـدا، بۆیـە لێـرە بـەو ئامـاژە کورتـە لێـی گەڕایـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

هەر کەس چاکە بکات، خۆی لێی بەهرەمەندەو، لە خراپەشی خۆی زیانبارە، خواش ستەم لە بەندەکانی ناکات و، زانیاریی هاتنی ڕۆژی دوایش بەس لە لای خوایە، بە هەموو شتێك زانایەو، تەنانەت هیچ میوەیەك لە بەرگ و کیفەکەی نایەتە دەرێ و، هیچ مێینەیەك تۆلدار نابێ و، تۆلەکەی دانانێ، مەگەر خوا دەیزانێ، لە ڕۆژی دواییشدا کە بانگی هاوبەشدانەرەکان دەکات، هاوبەشەکانی لە کوێن کە لەگەڵ خوادا دەیانپەرستن؟ نکوولیی لە بوونیان دەکەن و، لێیان بزر دەبن، لە قوتاربوونیش لە سزای خوا نائومێد دەبن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾ إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ۚ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى قَالُوٓا۟ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴿٤٧﴾ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَظَنُّوا۟ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٤٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

خوا ﷻ وەك یاسایەك کە لە چەند شوێنێکی قورئاندا دووبارە بۆتەوە، چ بەو تەعبیرە، چ بە تەعبیری دیکە، ڕایدەگەیەنێ، دەفەرموێ:

١)- ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ﴾، هەر کەسێك کردەوەی باش ئەنجام بدات، سوودەکەی بۆ خۆیەتی و، هەر کەسێکیش خراپە بکات، زیانەکەی لەسەر خۆیەتی، هەر کام لە: ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا ﴾و، ﴿ وَمَنْ أَسَآءَ ﴾، مەرجن و،

وەڵامەکەشیان لەگەڵ خۆیاندایە، یانی: (شَرْطَانِ وَجَوابُهُما)، ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا ﴾، (مَنْ: الشَّرطِيَّة)یە، هەر کەسێك چاکە بکات، وەڵامەکەی بریتیە لە: ﴿ فَلِنَفْسِهِۦ ﴾، سوودەکەی بۆ خۆیەتی، ﴿ وَمَنْ أَسَآءَ ﴾، هەر کەسێك خراپە بکات، ﴿ فَعَلَيْهَا ﴾، زیانەکەی لەسەر خۆیەتی، لێرەدا خوا ﷻ دەیەوێ بە هەموو مرۆڤەکان ڕابگەیەنێ، کە بێ نیازە لە چاکەی چاکەکاران، بۆیە هەر کەسێك چاکە بکات پاداشتەکەی و، بەهرەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، هەروەها خوا ﷻ بێ باکیشە لە خراپەی خراپەکاران، هەر کەسێك خراپە بکات، زیانەکەی بۆ خۆیەتی، کە بریتیە لە سزای خوا لە ڕۆژی دواییداو، دەرهاویشتە خراپەکانی لە ژیانی دنیادا، هەروەها بە نسبەت چاکەشەوە: وەك چۆن پاداشتی لە لای خوا هەیە لە ڕۆژی دواییدا، دەرهاویشتەو بەرهەمی باشیشی هەیە لە ژیانی دنیایدا، ئنجا کردەوەی چاك و، کردەوەی خراپ چەمکەکەیان زۆر فراوانە، چ لە مامەڵە لەگەڵ خوادا ﷻ، ئینسان چاکە بکات، کە بریتیە لە بەندایەتیی بۆ خوا، چ لە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکاندا، کە بریتیە لە سوود پێگەیاندنیان و، قسەی خێر بۆ کردنیان و، دڵسۆزیی بۆ نواندنیان، هەموو ئەوانە چ لە نێوان مرۆڤ و خوادا بکرێن، چ لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤەکاندا، بەڵکو چ لە نێوان مرۆڤ و شتەکاندا، یانی: ئینسان ئەگەر ئامرازێکی هەبێ بەکاری بێنێ، تاکو لەگەڵیدا چاکەکار بێ، ئەو ئامرازە تەمەنی زیاتر دەبێ و، بەردەوامتر دەبێ و، باشتر سوودی پێ دەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر بە خراپە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئامرازەدا بکات، ئنجا کتێبەکە سەیارەیە، سەعاتە، کۆمپیوتەرە، ....هتد، ئەو شتە تەمەنی کورت دەبێ و، کەمتر سوودی بۆ خاوەنەکەی دەبێ.

٢)- ﴿ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾، پەروەردگارت ستەمکار نیە بۆ بەندەکان، وشەی (ظَلَّام) ڕێژگەی زێدەڕۆیی (صيغَة المُبَالَغَة)یە بۆ (ظَالِم)، یانی: ستەمکار، بەڵام (ظَلَّام) یانی: زۆر ستەمکار، بەڵام کە خوا ﷻ دەفەرموێ: پەروەردگارت زۆر ستەمکار نیە بۆ بەندەکان، ئایا مانای وایە کەمێك ستەمیان لێ دەکات؟

بە دڵنیایی نەخێر، چونکە خوا ﷻ لە سووڕەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ ٱلنَّاسَ شَيْـًٔا وَلَٰكِنَّ ٱلنَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾، بە دڵنیایی خوا

هیچ ئەندازەیەك ستەم لە خەڵك ناكات، بەڵام خۆیان ستەم لە خۆیان دەكەن، هەروەها لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، كە لە صەحیحی موسلیمدایە، خوا لە فەرمایشتێكی قودسییدا دەفەرموێ: {يَـا عِبَـادِي إِنِّي حَرَّمْـتُ الظُّلْـمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمـاً فَلاَ تَظَالَمُـوا} (أخرجه مسلم: ٢٥٧٧، وابن حبان: ٦١٩، والحاكم: ٧٦٠٦، وقال: صحيح على شرط الشيخين)، واتە: ئەی بەندەكانم! مـن ستەمم لە خۆم قەدەغە كردووە، لە نێوان ئێوەشدا قەدەغەم كردوە، ئنجا ستەم لە یەكدی مەكەن.

ئەدی حیكمەتی بەكارهێنانی ئەو تەعبیرە چییە: ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ٤٦﴾؟

حیكمەتەكەی ئەوەیە كە سیفەتەكانی خوا هەموویان لە لووتكەدان، ئنجا ئەگەر گریمان ستەمكردن یەكێك بووایە لە سیفەتەكانی خوا، ئەو كاتە خوا هەر (ظَالِم) نەدەبوو، بەڵكو (ظَلَّام) دەبوو، چونكە سیفەتەكانی خوا هەموویان لە لووتكەدان، بەڵام سیفەتەكانی خوا تەنیا سیفەتە باشەكانن، هەرچی تۆزقاڵێك بە لای خراپەدایە، بە دڵنیایی خوای پەروەردگار لێی دوورە، ئێمە كە دەڵێین: (سُبْحَانَ الله) یانی: خوا بە دوور دەگرم، بە پاك دەگرم، لە هەرچی هەڵەو پەڵەو، ناتەواوییە، ئەگەر تۆزقاڵێكیش بێ، هەروەها كە دەڵێین: (الحَمْدُ للهِ)، واتە: ستایش بۆ خوا، ستایشی خوا دەكەم، واتە: هەرچی سیفەتی چاكەو، مەدح و سەنایە، هەمووی هی خوای پەروەردگارە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بابەتێكی دیكە، دەفەرموێ:

٣)- ﴿إِلَيۡهِ يُرَدُّ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ﴾، زانیاریی (السَّاعَة) بۆ لای وی دەگەڕێتەوە، یانی: (إِلَيْهِ يُرْجَعُ عِلْمُ السَّاعَة)، (السَّاعَة): بریتیە لە ئەندازەیەك لە كات، كە لە قورئاندا كراوە بە (عَلَم) ناوێكی ناسێنەر بۆ ئاخیر زەمان، هەندێك جاریش بۆ قیامەت و، هەندێك جاریش بۆ ڕۆژی دوایی بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و، هەڵسانەوەوە، وشەی (السَّاعَة)

مانایەکەی بەپێی سیاقەکان دیاریی دەکرێ، بەڵام وشەی (**السَّاعَة**) لە خودی خۆیدا واتە: ماوەیەك لە کات، چ کەم بێت، چ زۆر بێت، کاتێکی دیارییکراو، کە لە قورئاندا کراوە بە ناوی ناسێنەر (عَلَم)، بە زۆریی بۆ ئەو کاتەیە کە ئەم ژیانەی تێدا کۆتا دێ، بە کوردیی دەڵێین: ئاخیر زەمان، دەشگوترێ: ڕۆژی پەسڵان، یانی: کۆتایی هاتنی ژیانی دنیا، جاری واش هەیە (**السَّاعَة**) بۆ قیامەتیش بەکاردەهێنرێ، واتە: هەڵسانەوەو، زیندووکرانەوە، جاری واش هەیە بۆ هەردووکیان بەکاردێ، واتە: بۆ ڕۆژی دوایی بە هەردوو قۆناغی تێکچوونی دنیاو، زیندووکرانەوەی مردووان، لە سووڕەتی (الزمر)دا کە پێشتر تەفسیرمان کرد، خوا ﷻ باسی هەردووکیان پێکەوە دەکات، دەفەرموێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ٦٨﴾، واتە: فوو بە صووڕدا کرا، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەبوو مرد، (یان لە هۆش خۆی چوو)، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ نەمرێ، (یان لە هۆش خۆی نەچێ)، دوایی فووێکی دیکەی پێداکرا، (واتە: بۆ جاری دووەم)، یەکسەر کتوپڕ هەموویان هەڵسابوون، چاوەڕێیان دەکرد، (کە مەبەست پێی قیامەتە).

زانیاریی هاتنی (**السَّاعَة**) چ مەبەست ئاخیر زەمان بێ، یان مەبەست پێی قیامەت بێ، یان هەردووکیان بێ، تەنیا بۆ لای خوا دەگێڕدرێتەوە، واتە: کەسی دیکە هیچی لێ نازانێ، وەك لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەردا ﷺ کە بە (**حَدِيثُ جِبرِيل**) ناسراوە، کاتێك کە جیبریل لە شێوەی پیاوێکی نەناسراودا پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ دەکات، لە بارەی ئیسلام و، ئیمان و، ئیحسانەوە، هەروەها دوایی لە بارەی (**ساعة**)ەوە پرسیار دەکات: [**قَالَ فَأَخْبِرْنِي عَنِ السَّاعَةِ. قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ**] (**أخرجه مسلم: ٨، وأبو داود: ٤٦٩٥، والنسائي: ١١٧٢١، والترمذي: ٢٦١٠**)، گوێ: هەواڵم پێبدە دەربارەی دنیا تێکچوون، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پرسیار لێکراو لە پرسیارکەر پێی زاناتر نیە، کە هاوەڵان نازانن ئەوە کێ بوو؟ دوایی پێغەمبەر ﷺ هەواڵیان پێ دەدات، دەفەرموێ: [**فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ**] واتە: ئەوە جیبریل بوو هاتبوو ئاینەکەتانی فێر دەکردن.

٤)- ﴿ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا ﴾، هیچ کام لە میوەکان لە کیفەکانی خۆیان نایەنەدەر، (أَكْمَام) کۆی (كِمْ)، یان (كُمْ)ە، (أي: الأوعِيَة)، یانی: کیفەکان، کیف و بەرگی میوەکان، کە دەفەرموێ: ﴿ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا ﴾، (مِن)ی یەکەم زیاد کراوە بۆ تەئکید کردن، واتە: هەر لە سەرەتای میوەکانەوە بگرە، تا کۆتاییان کە لە کیف و بەرگەکانی خۆیان دێنە دەرێ، (مِن)ی دووەم: ﴿ مِّنْ أَكْمَامِهَا ﴾، (مِن)ی دەستپێکردن (إبْتِدائِيَّة)ە، کە سەرەتا لە کیفەکەی دێتە دەرێ.

٥)- ﴿ وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ﴾، هەروەها هیچ مێینەیەك تۆلدار نابێ، ئاوس نابێ و، تۆلەکەی دانانێ، مەگەر بە زانیاریی وی.

واتە: خوا ئاگای لە هەر میوەیەك هەیە کە لە کیفەکەی دێتە دەرێ، هەروەها ئاگای لە هەر مێینەیەك هەیە، چ هی مرۆڤان، ئافرەتان، چ هی ئاژەڵان، پەڕەوران، زیندەوەران و، هەموو ئەوانەی تۆلدار دەبن و، دوایی تۆلەکەیان دادەنێن، سکەکەیان دەدانێن، خوای زانا بە هەموویان ئاگادارە، وشەی: ﴿ وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ ﴾، ئەم (مِن)ەش زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە، واتە: هیچ مێینەیەك نیە هەر لە سەرەتاوە بگرە تاکو کۆتایی.

٦)- ﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى ﴾، ئەو ڕۆژەش کە بانگیان دەکات، کوان هاوبەشەکانم؟ وشەی (يَومَ) وەك زۆرجار گوتوومانە پەیوەستە بە شتێکی قرتێنراوەوە، وەك (اذْكُرْ يَومَ)، یاد بکەوە ئەو ڕۆژە کە: ﴿ يُنَادِيهِمْ ﴾، بانگیان دەکات، کێ بانگیان دەکات؟ ڕەوتەکە باسی خوای بەرزی مەزنە، واتە: خوا بانگی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان.

٧)- ﴿ قَالُوٓا۟ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴾، گوتیان: ئاگادارمان کردوویەوە پێشتر هیچ کام لە ئێمە شایەد نیە، یانی: هیچ شایەدێك لە نێو ئێمەدا نیە لەسەر ئەوە کە تۆ هاوبەشت هەبێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَيْنَ شُرَكَآءِى ﴾، کـوان هاوبەشـەکانم؟ ئـەم پرسـیارکردنە ڕوونکەرەوەیـە بـۆ وشـەی: ﴿ يُنَادِيهِمْ ﴾، بانگیـان دەکات، بـۆ چییـان بانـگ دەکات؟ ئەمـە ڕوونـی دەکاتـەوە: ﴿ أَيْنَ شُرَكَآءِى ﴾، بانگیـان دەکات دەفەرمـوێ: هاوبەشـەکانم لـە کوێـن؟ یاخـود: ﴿ أَيْنَ شُرَكَآءِى ﴾، گوتـراوی قسـەیەکی قرتێـنراوە (**مقـول قـول محـذوف**)، وەك لـە سـوورەتی (**القصـص**)دا هاتـوە، کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە بانگیـان دەکات، دەفەرمـوێ: کـوان ئـەو هاوبەشـانەم ئێـوە پێتـان وابـوو هاوبەشـمن؟

کەواتـە: ﴿ أَيْنَ شُرَكَآءِى ﴾، یـان هـەر ڕوونکەرەوەیـە بـۆ: ﴿ يُنَادِيهِمْ ﴾، یاخـود وشـەی (دەفەرمـوێ): (**يَقُـولُ**)ی بـۆی (**تَقْدِيـر**) دەکـرێ کـە قرتێـنراوە، لەبـەر ئـەوەی سـیاق دەیگەیەنـێ، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە بانگیـان دەکات، دەفەرمـوێ: کـوان هاوبەشـەکانم؟ ﴿ قَالُوٓاْ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴾، ﴿ ءَاذَنَّٰكَ ﴾، یانـی: هەواڵـمان پێـداوی و ئاگادارمـان کردوویـەوە، ئەمـە هـی قۆناغێکـی دواتـرە، واتـە: پێشـتر ئـەی پەروەردگارمـان! ئاگادارمـان کردوویـەوە: ﴿ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴾، ئێمـە هیـچ بینەرێکـمان لـە ئێـودا نیـە، یاخـود هیـچ گەواهیدەرێـك و شـایەدێکمان لـە ئێـودا نیـە، شـایەدیی بـدات تـۆ هاوەبەشـت هەبـێ.

٨)- ﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ﴾، ئەوەی پێشتر بانگیان دەکردو، لێی دەپاڕانەوە لێیان ونبوو، (**ضَلَّ أَي: غَابَ، وَضَاعَ**)، ونبوو، زایە بوو، لێیان پەنهان بوو، چونکە بوونێکی ڕاستەقینەی نەبوو، بوونێکی وەهمیی هەبوو لە مێشکی ئەواندا.

٩)- ﴿ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴾، زانییان و، دڵنیابوون کە هیچ پەناگەیەکیان نیە، وەك پێشتریش باسمان کرد، (**ظَنّ**) بەپێی ئەو سیاقانەی تێیاندا دێ، مانایەکەی دیاریی دەکرێ، کە ئایا مەبەست پێی گومانە، یان دڵنیاییە، لە ڕۆژی دواییدا هاوبەش بۆ خوا دانەرو بێبڕوایەکان دڵنیا دەبن و، زانیاریی تەواویان دەبێ کە تازە گرفتار بوون و شوێنی

دەربازبوونیان نیە، کەواتە: لێرەدا (ظَنُّوا) بە مانای (گومان دەبەن) نیە، یانی: دڵنیا بوون کە هیچ پەناگەیەکیان نیە.

(المَحِيصُ: مَصْدَرٌ مِيمِيٌّ، أو اسْمُ مَكانٍ مِن: حَاصَ يَحِيصُ: إذا هَرَبَ، أيْ ما لَهم مَفَرٌّ مِنَ النّارِ وَمَلْجَأٌ)، وشەی (مَحِیص): یان چاوگێکی میمییە، یاخود ناوی شوێنە، یانی: هیچ دەربازبوونیان نیە، یاخود شوێنی دەربازبوونیان نیە، کەواتە: (مَحِیص): ئەگەر چاوگ بێ، یانی: دەربازبوون و قوتاربوون، بەڵام ئەگەر ناوی شوێن بێ، واتە: پەناگە، شوێنی لێ دەربازبوون و، شوێنی پەنا پێ گرتنیان نیە، لەو رۆژەدا دڵنیا دەبن و بەو شێوەیە دەکەونە گوڕێ، بێ پشت و پەنا.

مەسەلەی دووەم:

مرۆڤ بۆ وەدەست خستنی چاکە زۆر خوازیارەو، داواکارە لە خواو، لە کاتی تووش بوونی زیان و ناڕەحەتییشدا زۆر بێ هیوایەو، لە کاتی پێ چێژرانی بەزەیی خواشدا، پاش خراپەو زیان، خۆهەڵکێش و لەخۆڕادیتوویە، بۆیە شایستەی سزایەکی بێڕەزایە، کە بێگومان لێرەدا مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوایە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿لَّا يَسْـَٔمُ ٱلْإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٌ قَنُوطٌ ﴿٤٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِى وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّىٓ إِنَّ لِى عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ ۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٠﴾ وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴿٥١﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿لَّا يَسْـَٔمُ ٱلْإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ﴾، ئینسان لە پاڕانەوەی چاکە بێزار نابێ، یانی: (لا يَسْئَمُ الإنْسَانُ مِنْ دُعاءِ اللهِ بِالخَيْرِ)، مرۆڤ لە لەخوا پاڕانەوە بۆ چاکە بێزار نابێ، ماندوو و شەکەت نابێ، (السَّئَامَةُ المَلالَةُ) بە کوردیی دەبێتەوە بێزاریی و، شەکەت بوون و، وەڕەز بوون، وشەی: (الإنْسَان)، هەرچەندە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، بەڵام مەبەست پێی جینسی ئینسان نیە، تێکڕای مرۆڤان، چونکە هەموویان وانین، بەڵکو مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوایە، کەواتە: (أل)ەکە ئەگەر بۆ جینسیش بێ، واتە: جینسی ئینسانی کافر، یاخود ناساندنەکە بۆ (عَهْد)ە، واتە: مرۆڤەکە، یانی: مرۆڤی بێبڕوا.

٢)- ﴿وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٌ قَنُوطٌ﴾، ئەگەر زیان و خراپەیەکی تووشبوو، زۆر نائومێدو بێ هیوایە، بۆچی خوا ﷻ هەردووکیانی بەکارهێناون، هەم: (يَئُس)، هەم (قُنُوط)ی بەکارهێناوە؟ دەڵێین: (يَأْس) بریتیە لەوە کە ئینسان بێ هیوا بێ و تەما

براوبێ، بەڵام (**قُنُوط**) ئەوەیە کە لە خێرو چاکە تەما براو بێ، حیکمەتی بەکارهێنانی ئەو دوو وشەیەش ئەوەیە: (**اليَأسُ: فِعْلٌ قَلْبِيٌّ وَالقُنُوطُ إنْفِعَالٌ بَدَنِيٌّ مِنْ أثَرِ اليَأسِ**)، (**يَأس**): بریتیە لە کردەوەیەکی دڵیی، بەڵام (**قُنُوط**) دەرکەوتنی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە لەسەر دەم و چاو، ئەمە تەعبیرێکی جوانە.

٣)- ﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ ﴾، ئەگەر ئێمە بەزەییەکی لە خۆمانەوە پێ بچێژین، دوای ئازارو زیان و ناڕەحەتییەك کە تووشیبووە.

٤)- ﴿ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِى ﴾، زۆر بە دڵنیاییەوە، دەڵێ: ئەوە هی منەو من شایستەمی، ئەو ڕەحمەت و بەزەیی و خێرو خۆشییە کە هاتۆتە ڕێم، شایستەی منە.

٥)- ﴿ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً ﴾، پێشم وانیە کاتەکە (**السَّاعَةَ**)، بێت و، بەرپا ببێت، (**السَّاعَةَ**)، واتە: ئاخیر زەمان، یان ڕۆژی دوایی، یان قیامەت و هەڵسانەوە.

٦)- ﴿ وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّىٓ ﴾، ئەگەر بگێردرێمەوە بۆ لای پەروەردگاریشم.

٧)- ﴿ إِنَّ لِى عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ ﴾، بە دڵنیایی بۆ من لە لای خوا هەرە باشتر، هەیە، واتە: پاداشتی هەرە باشترو، حاڵەتی هەرە باشتر، چونکە (**حُسْنَى: صِفَةُ مَوصوفٍ مَحْذوفٍ**)، (**حُسنى**) سیفەتی وەسفکراوێکی فڕتێدراوە، واتە: (**لَلْخَصْلَةُ الحُسْنَى**)، یان (**لَلْحَالَةُ الحُسْنَى**)، یان (**لَلْمَثُوبَةُ الحُسْنَى**)، حاڵەتی باشتر، یان سیفەتی باشتر، یاخود پاداشتی هەرە باشتر بۆ من هەیە لە لای خوا.

٨)- ﴿ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِمَا عَمِلُواْ ﴾، بە دڵنیایی و بە جەختکردنەوەوە ئەوانەی بێبڕوان، هەواڵیان پێ دەدەین بەوەی کردوویانە.

٩)- ﴿ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴾، لە ئازارو سزایەکی ئەستوورو زەبەلاح و بڕەزاشیان پێ دەچێژین، (**الغَلِيظُ: الصُّلْبُ**)، وشەی (**غَلِيظٍ**) یانی: پتەوو ڕەق، کە دەگونجێ بڵێین: بڕەزا، یان زبر، یان زەبەلاح، هەمووی دەگرێتەوە.

لێرەدا پێویستە چەند سەرنجێکی ڕەوانبێژیی بدەین:

أ- کە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَسْـَٔمُ ٱلْإِنسَـٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ﴾، ﴿لَّا يَسْـَٔمُ﴾، ئەمە تەعبیرکردنە لەوە کە مرۆڤ بەردەوام داوای چاکە دەکات، ﴿مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ﴾، مرۆڤی بێبڕوا چی چاکە زیاتر خوازیاری ئەوەیە، بەڵام: ﴿وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ﴾، (مَسّ) ئەوەیە کە شتێك بگاتە شتێك بە ئاستەم، واتە: ئەگەر تۆزێ ناڕەحەتیی و ئازاری تووش ببێ، ﴿فَيَـُٔوسٌ قَنُوطٌ﴾، نائومێد دەبێ و، نائومێدییەکەش لەسەر دەم و چاوو ڕواڵەتی دەردەکەوێ، ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَـٰهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ﴾، ئەگەر تێمە بەزەییەکی لەخۆمانەوە پێ بچێژین، لە دوای ئازارو زیانێك کە تووشی بووە، واتە: هەر کە بە ئاستەم ئازارو زیانی تووش بوو، دوای ئەوەی بەزەییمان پێ چێژت - بەزەیی خواش ﷻ بەرجەستە دەبێتەوە لە نازو نیعمەت و خۆشییەکاندا، لەو شتانەدا کە مرۆڤ پێیخۆشن - ئەوە لەو حاڵەتەدا لە جیاتی ئەوەی ئەو نیعمەتە بگێڕێتەوە بۆ لای خوا، دەڵێ: ﴿هَـٰذَا لِى﴾، بۆیە ئەوەم هاتۆتە دەست، چونکە شایستەم، ئنجا بەو نیعمەتەی خوا، کە خوا پێی چێژتوە، هێندە لە خۆی بایی دەبێ، یەکسەر نکوولییش دەکات لە ڕۆژی دوایی، کە ڕۆژی سزاو پاداشتە، بۆیە دەڵێ: ﴿وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً﴾، پێشم وانیە قیامەتیش بەرپا ببێ، کە دەڵێ: ﴿وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّىٓ﴾، (اِنِ الشَّرْطِيَة الّتِي يَغْلِبُ وُقُوعُهَا فِي شَرْطِ المَشْكُوكِ وُقُوعُهُ)، واتە: (إنِ الشَّرْطِيَة)، بە زۆریی دەچێتە سەر مەرجێك کە دوو دڵیی هەبێ لەوەدا کە پەیدادەبێ، یان نا؟ ﴿وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّىٓ﴾، ئەگەر گریمان گێڕدرامەوە، واتە: زۆر دوو دڵییشم لەوەدا کە بگێڕدرێمەوە بۆ لای پەروەردگارم، بەڵام ئەگەر گریمان گێڕدرامەوەش، ﴿إِنَّ لِى عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ﴾، هەم بە: (إنَّ)ە، کە بۆ جەختکردنەوەو داکۆکییکردنە، ﴿عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ﴾، دیسان (ل)یش بۆ دڵنیاکردنەوەیە، زۆر بە دڵنیاییەوە چی چاکترە بۆ من لە لای خوا هەیە.

ب- کە خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟﴾، ئەمە: (إظْهَارٌ فِي مَقَامِ الإضْمَار)، دەرخستنە لە شوێنی پەنهانکردن، خوا ﷻ دەیتوانی بفەرموێ: (فَلَنُنَبِّئَنَّهُمْ)،

بێگومان هەواڵیان پێ دەدەین، بەڵام دەفەرموێ: ﴿فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِمَا عَمِلُواْ﴾، هەواڵ دەدەینە ئەوانەی بێبڕوا بوون بەوەی کردوویانە، کە دەفەرموێ: هەواڵیان پێدەدەین، یانی: دەفەرموێ: ئەوە کردەوەکانتانن، کەواتە: شایستەی ئەو سزایەشن، نەك شایستەی ئەو پاداشتە بن کە خەیاڵپڵاوتان پێوە دەکرد، ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾، وشەی (غَلِيظِ): زیاتر بۆ شتی جەستەیی بەکاردەهێنرێ، شتی ماددیی و بەرهەست، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ ئەو سزایەی خوا، دەشگونجێ سزایەکە هەر وشەی (غَلِيظِ)، بۆ مانا ڕواڵەتییەکەی بۆ بەکاربهێنرێ، واتە: سزایەکی زەبەلاحیی بێڕەزا.

ج- کە دەفەرموێ: ﴿وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ﴾، وشەی (مَسّ): (أَصَابَهُ إِصَابَةً خَفِيفَةً)، واتە: بە سووکیی تووشیبوو، چونکە (مَسّ) ئەوەیە بە ئاستەم دەست بکەیەنیە شتێك، ئەگەر بە ئاستەم ئازارێکی تووشبوو، ئەوە هەم لە پێشێش دا هاتوەو، هەم لە دواییشدا هاتوە.

دوایی دەفەرموێ:

١٠)- ﴿وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ﴾، کاتێك ئێمە چاکە لەگەڵ مرۆڤدا بکەین، پشت هەڵدەکات و تەنیشتی خۆی دوور دەگرێ.

مرۆڤ لێرەدا بە گشتیی هاتوە، بەڵام ئەوەی پێشێ بە دڵنیایی مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوا بوو، چونکە نکووڵییکردن لە ڕۆژی قیامەت و، هەموو شتێك گێڕانەوە بۆ خۆو، نادیدەگرتنی خوا، ئەوە ئینسانی بێبڕوا عادەتی وایە، بەڵام ئەمەیان دەگونجێ هەر مەبەست پێی ئینسانی بێبڕوابێ و دەشگونجێ مرۆڤ بێ بە گشتیی، چونکە لەگەڵ مرۆڤاندا بە گشتیی دەگونجێ، ﴿وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ﴾، ئەگەر چاکەمان لەگەڵ مرۆڤدا کرد، پشت هەڵ دەکات و، تەنیشتی خۆی دوور دەگرێ.

١١)- ﴿ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴾، ئەگەر ناڕەحەتییەکیشی تووشبوو، دوعایەکی پان و بەرین دەکات، ئەمە لەگەڵ ئینسانی مسوڵمانیشدا دەگونجێ، مسوڵمانێك کە ئیمانەکەی مەحکەم و دامەزراو نەبێ، کە لە کاتی نازو نیعمەتدا بوغڕا دەبێ و، لە کاتی نەهات و ناڕەحەتییانیشدا زۆر وەهەڵپە دەکەوێ و، دەست دەکات بە پاڕانەوەی دوورو درێژ لە خزمەت خوادا، ئەوە دەگونجێ مەبەست پێی ئینسانی مسوڵمانیش بێ، بەڵام بە تەئکید کە خوا ﷻ لێرەدا ئەم حاڵەتە باس دەکات، حاڵەتی سەرزەنشتکردنە، واتە: تۆ کە خوا چاکەیەکت لەگەڵدا دەکات، نابێ پێی بوغڕابی و، خۆت دوور بگری و، فیزو کەشخەی پێوە بکەی، چونکە ﴿ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ ﴾، ڕووی وەرگێڕاو تەنیشتی خۆی دوورخستەوە، ئەمە مەبەست پێی بوغڕابوون و، لە خۆبایی بوون و، فیزو کەشخەو دەمار پێکردنە، بە تایبەتی وشەی (**الإِعْرَاضُ: الإِنْصِرَافُ عَنْ شَيْءٍ، وَهُوَ مُسْتَعَارٌ هُنَا لِلْغَفْلَةِ عَنْ شُكْرِ المُنْعِمِ، أَوِ التَّعَمُّدِ لِتَرْكِ الشُّكْرِ**)، (**إعْراض**): بە مانای وازهێنانە لە شتێك، بەڵام لێرە خوازراوەتەوە بۆ بێ ئاگایی لە سوپاسکردنی خاوەن چاکە، کە خوایە، یاخود هەر بە ئانقەست سوپاسگوزاریی نەکردن، دواییش کە دەفەرموێ: ﴿ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ ﴾، تەنیشتی خۆی دوورخستەوە، ئەمە تەعبیرێکە بۆ فیزو کەشخە نواندن بەسەر مرۆڤەکاندا، واتە: تەنیشتی خۆی، کەلەکەی خۆی دوورخستەوە، (**وَهُوَ كِنَايَةٌ عَنْ إِبْعادِ نَفْسِهِ**)، ئەمە کنارەیە لە خۆ دوور خستنەوە.

بەڵام بە بۆ چوونی من کنارەیە بۆ فیزو کەشخەو دەمارکردن.

﴿ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴾، ئەگەر بە ئاستەم ناڕەحەتییەکی تووش بوو، دوعایەکی پان و بەرین دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ فَذُو دُعَآءٍ ﴾، خاوەنی پاڕانەوەیەکی فراوانە، نەیفەرمووە: (**يَدْعُ دُعَاءً عَرِيضاً**)، پاڕانەوەیەکی فراوان دەکات، بەڵکو دەفەرموێ: ﴿ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴾، واتە: زۆر دەپاڕێتەوەو دوعای دوورو درێژ دەکات لە کاتی ناڕەحەتییاندا، وەك پاڕانەوەو داوا لە خوا کردن لەو حاڵەتەدا، ئەو مرۆڤە بۆتە خاوەنی، چونکە (**ذُو**)، یانی: (**صَاحِب**)، (**عَرِيض**)یش، یانی: بەرین، کە پێچەوانەی درێژییە، ئنجا شتێك کە پان و بەرین بێ، مانای

وایە پانتاییەکەی زۆرە، پاڕانەوەیەك کە خاوەنەکەی لەسەری بەردەوام بێ و، زۆر داوا بکات، لێرەدا چوێنراوە بە شوێنێکی پان و بەرین و فەڕاحەوە، ئنجا شتێك ئەگەر پاناییەکەی زۆر بێ، مانای وایە درێژاییەکەشی هەر زۆرە.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

فەرمانکردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ کە لێیان بپرسێ: ئایا ئەگەر قورئان لەلایەن خواوە هاتبێ و، ئەوانیش پێی بێبڕوابن، چ زیانێکی مەزن دەکەن بەهۆی دووبەرەکیی و دوورییانەوە لە دژی قورئان، پاشان ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خوای زاناو توانا بەردەوام نیشانەکانی خۆی، کە بەڵگەی ڕاستیی قورئانن، پیشانی خەڵك دەدات لە گەردوون داو، لە خودی خۆشیاندا، بێبڕوایانیش لە دیداری خوادا دوو دڵن، هەرچەندە خوا دەورە دەری هەموو شتێکە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ ۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ ﴿٥٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ﴾، ئایا دەبینن (بە چاوی عەقڵ و دڵ)؟ ئایا دەزانن؟ ئەگەر لە لایەن خواوە بوو، بێگومان (كان) ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ قورئان، چونکە باس باسی قورئانە، واتە: هەواڵم پێ بدەن، یاخود ئایا دەزانن؟ ئەگەر قورئان لەلایەن خواوە بوو.

٢)- ﴿ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ ﴾، ئنجا ئێوەش پێی بێبڕوا بوون، (ثم): (**لِلتَّرَاخِي الرُّتْبِيِّ؛ لأَنَّ الكُفْرَ بِمَا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ، أَخْطَرُ مِن كَوْنِ القُرْآنِ مِن عِنْدِ اللَّهِ**) واتە: (ثُمَّ)، لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییەو، بۆ ڕیزبەندیی بە کاوەخۆو بەدوادا هاتنیشە، چونکە بێبڕوایی بەوەی لەلایەن خواوەیە مەترسیدارترە، یاخود شتێکی گەورەترە لەوە کە قورئان لەلایەن خواوە بێ، قورئان لەلایەن خواوە بێ، شتێکی گەورەیە، بەڵام لەوە گەورەتر ئەوەیە کە مرۆڤ پێی بێبڕوابێ، بۆیە بە: (ثُمَّ)، هێناویەتی.

٣)- ﴿مَنۡ أَضَلُّ مِمَّنۡ هُوَ فِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ﴾، کێ گومڕاترە لە کەسێك لە دووبەرەکییەکی دووردایە، (شِقَّاق) بە مانای (خِلاف)دێ، واتە: دووبەرەکیی و ڕاجیایی، هەروەها بە مانای سەرپێچییش دێ، کە دەفەرموێ: ﴿بَعِيدٖ﴾، واتە: لە دووبەرەکیی و دژایەتییەکەدا زۆر دوورکەوتۆتەوەو، زۆر ڕۆیشتوە، کەواتە: ﴿مَنۡ أَضَلُّ مِمَّنۡ هُوَ فِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ٥٢﴾، یانی: (مَنْ أَضَلُّ مِنْكُمْ)، کێ لە ئێوە گومڕاترە؟! کە بە قوڕئان بێبڕوایە دوای ئەوەی دەزانن لەلایەن خواوەیە، کێ لە ئێوە گومڕاترە؟! کە لە حاڵەتی دووبەرەکیی و دژایەتییەکی دووردان لە دژی قوڕئان؟ ﴿مَنۡ أَضَلُّ﴾، (**مَنِ الأُولى لِلإِسْتِفْهامِ وهو مُسْتَعْمَلٌ فِي مَعْنى النَّفْيِ، أي: لا أَضَلَّ مِمَّنْ هو فِي شِقاقٍ بَعِيدٍ**)، (مَنْ)ی یەکەم بۆ پرسیارکردنەو لە مانای (لابردن)دا بەکارهێنراوە، واتە: هیچکەس گومڕاتر نیە لەو کەسەی لە دووبەرەکییەکی دووردایە، بەڵام (مَنْ)ی دووەم ﴿مِمَّنۡ﴾ کە (مِنْ)ی چۆتە سەری، (مَنْ)ی (**مَوصُولَة**)یە، یانی: (**مَنْ أَضَلُّ مِنَ الَّذي هُوَ فِي شِقَاقٍ بَعِيد**)، واتە: کێ گومڕاترە لە کەسێك کە لە دووبەرەکییەکی دووردایە.

لێرەدا خوا ﷻ دەیخاتە بەرچاویان کە هیچکەس لە ئێوە گومڕاتر نیە، ئەی بێبڕوایەکان! دوای ئەوەی بەردەوام خوا ﷻ نیشانەکانی خۆی لە ئاسۆیەکان و، لە خودی مرۆڤیشدا پێشان دەدات، لەسەر هەقانیەتیی قوڕئان، ئنجا هیچکەس لە ئێوە گومڕاتر نیە کە ئێوە بە قوڕئان بێبڕوابن و، تێیدا لە حاڵەتی دووبەرەکیی و دژایەتییدابن، چونکە ئەوان هەر بە ئەوەندەیان واز نەهێناوە کە پێی بێبڕوابن، بەڵکو دژایەتییشیان کردوە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿مَنۡ أَضَلُّ مِمَّنۡ هُوَ فِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ﴾، نەیفەرمووە: (مَنْ أَضَلُّ مِنْكُمْ)، چونکە پێشێ فەرموویەتی: پێی بێبڕوابوون، خوای قسە لەجێ ئەم تەعبیرەی بەکارهێناوە، تاکو بزانرێ، وێرای پێ بێبڕوابوون، دژایەتیی و، دووبەرەکییشیان کردوە بۆ قوڕئان.

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ:

٤)- ﴿سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ﴾، لەمەودوا نیشانەکانی خۆمانیان لە ئاسۆیەکان و، لە خودی خۆشیاندا پێشان دەدەین.

٥)- ﴿ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ﴾، تاکو ئەو کاتەی بۆیان دەردەکەوێ، کە ئەو هەقەو چەسپاوە، (أَنَّهُ) ڕاناوەکەی بۆ قورئان دەچێتەوە، دەشگونجێ بۆ خوای بەرزی مەزن بچێتەوە، واتە: کە خوا هەقە، دەشگونجێ بۆ پێغەمبەر ﷺ بچێتەوە، کە پێغەمبەری خوا هەقەو ڕاستەو، ڕەوانەکراوی خوایە، بەڵام لە هەموویان وێچووتر، ئەوەیە کە بۆ قورئان بچێتەوە، چونکە ڕەوتەکە باسی قورئان دەکات.

٦)- ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴾، ئایا بەس نیە بۆ پەروەردگارت کە بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرە؟! ئەم تەعبیرە دەگونجێ بە چەند شێوەیەك مانا بکرێ:

أ- (أَوَلَمْ تَكْفِكَ شَهَادَةُ رَبِّك)، واتە: ئایا بۆ تۆ بەس نیە کە پەروەردگارت شایەد بێ لەسەر ڕاستیی قورئان؟!

ب- (أَوَلَمْ تَحْصُلِ الكِفَايَةُ بِرَبِّكَ)، واتە: ئایا کیفایەت پەیدا نەبووە بە پەروەردگارت، بە شایەدیی دانی پەروەردگارت؟!

ج- ئایا بۆ ئەوان بەس نیە بۆ سەلماندنی ئەوە کە قورئان هەقەو، تۆ ڕاستی (ئەی موحەممەد!)، کە پەروەردگارت بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرە؟!

٧)- ﴿ أَلَا إِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ مِّن لِّقَاءِ رَبِّهِمْ ﴾، ئاگاداربن، ئەها! ئەوان لە دوو دڵییدان لە دیداری پەروەردگاریان، (المِرْيَةُ: الشَّكُّ المُزْعِج)، (مِرْيَة): بە مانای دوو دڵییەکی بێزارکەر دێ.

٨)- ﴿ أَلَا إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطٌ ﴾، ئەها، ئاگاداربن! ئەو دەورەدەری هەموو شتێکە، واتە: خوا ﷻ بە زانیاریی و بە دەسەڵاتی و، بە هەموو ئەو واتایانەی بۆ خوا شایستەن، دەورەی هەموو شتێکی داوەو، بەسەر هەموو شتێکدا باڵادەستە، چونکە هەموو شتێك بریتیە لە دروستکراوی خۆی.

کورتە باسێک لە بارەی
دەرکەوتنی بەردەوامی نیشانەکانی خواوە ﷻ
لە ئاسۆیەکان و لە خودی مرۆڤانیشدا:

خـوا ﷻ کـە ڕایگەیانـدووەو دەفەرمـوێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾.

لـە ڕاسـتییدا ئـەم ئایەتـە موبارەکـە ئیعجازێکـی زانسـتیی زۆر گشـتگیری تێدایـە، واتـە: هەندێـك ئایـەت هـەن، ئیعجازێکـی زانسـتیی بەشـیی (جزئي)یـان تێدایـە، دەربـارەی سـووڕانەوەی زەوی و، دەربـارەی خڕیەتیـی زەوی و، دەربـارەی هاتنـی شـەوو ڕۆژو پێچرانیـان بـە دەوری زەویـدا، هەروەهـا دەربـارەی سـەرەتای دروسـت بوونـی گـەردوون و، کۆتایـی گـەردوون و، دەربـارەی سـەرەتای دروسـتبوونی ژیـان و، زۆر شـتی دیکـە، بـەڵام ئـەم ئایەتـە موبارەکـە ئیعجازێکـی زانسـتیی گشـتگیری تێدایە، چونکـە خـوا زۆر بـە جەختکردنـەوەوە دەفەرمـوێ: بێگومـان لەمـەودا نیشـانەکانی خۆمانیـان پێشـان دەدەیـن لـە ئاسـۆیەکان (لـە گـەردوون)و، لـە خـودی خۆشـیاندا، تاکـو بۆیـان دەرکـەوێ کـە قورئـان هەقـە، واتـە: ئـەو قورئانـە کـە باسـی مـرۆڤ دەکات، واتـە: جەسـتەی مـرۆڤ و، ڕووحـی مـرۆڤ، هەروەهـا باسـی گـەردوون دەکات، تاکـو زانسـت زیاتـر بـەرەو پێشـەوە بچـێ، ئـەو ئاماژانـەی قورئـان کردوونـی بـە گـەردوون و، بـە مـرۆڤ، زیاتـر، ڕاسـتییان دەسـەلمێنرێ، ئەوانـەش نیشـانەی خـوان ﷻ لەسـەر ڕاسـتیی قورئـان.

لە چوار کورتە بڕگەدا، ئەم باسە دەخەینە ڕوو:

١- ئایینی ڕاست و نەگۆڕدراوی خوا ﷻ فەرمایشتی خوایەو، ناگونجێ لەگەڵ وەسفی ڕاست و دروستی دروستکراوەکانیدا تێکبگیرێ:

وەحیی خوا ئەگەر نەگۆڕدرابێ و، دەستکاریی نەکرابێ، دیارە فەرمایشتی خوایە، فەرمایشتی خواش ناگونجێ لەگەڵ زانست دا تێکبگیرێ، زانست بریتیە لە چی؟ زانست بریتیە لە وەسفکردنی دروستکراوەکانی خوا، ئنجا فەرمایشتی خوا لەگەڵ کردەوەکەیداو، لەگەڵ دروستکراوەکەیدا چۆن تێکدەگیرێ؟! ئایین ئەگەر نەگۆڕدرابێ و، دەستکاریی نەکرابێ، وەحیی خواو فەرمایشتی خوایە، زانستیش باسی دروستکراوی خوایە، ئایینی خواش بەنسبەت ئێستای مرۆڤایەتییەوە ئاینێك لێی دڵنیا بی هی خوایەو، دەستکاریی نەکراوە، تەنیا ئیسلامە کە لە قورئاندا بەرجەستەیە، قورئانیش فەرمایشتی خوایە، خوا ﷻ لە سوورەتی (**التوبة**) لە ئایەتی ژمارە (٦)دا دەفەرمووێ: ﴿ وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ﴾، واتە: ئەگەر یەکێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەران داوای پەنا پێبردنی لێکردی، پەنای بدە، بۆ ئەوەی گوێی لە فەرمایشتی خوابێ، واتە: قورئان فەرمایشتی خوایە، بێژراوی خوایە.

هەروەها لە سوورەتی (**الأنعام**) لە ئایەتی ژمارە (١١٥)دا، دەفەرمووێ: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ﴾، فەرمایشتی پەروەردگارت تەواوی کردوە لە ڕاستیی و دادگەرییدا.

بە نسبەت گەردوونیشەوە، کە ئەویش دروستکراویی خوایەو، بەدیهێنراوی خوایە، ئایەت زۆرن لەو بارەوە، بۆ وێنە: خوا ﷻ لە سوورەتی (لقمان)دا دەفەرمووێ: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ وَأَلْقَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ ﴿١٠﴾ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١١﴾ ﴾، واتە: خوا ئاسمانەکانی هێناونە دی، بەبێ کۆڵەکانێك کە

بیانبینن، (یاخود بە چەند کۆڵەکەیەك كە نەبینراون و، نایانبینن، کە مەبەستی هێزی کێشندەیە)، هەروەها چیا قورسەکانی خستوونە نێو زەوی، بۆ ئەوەی لە ژێرتاندا نەجووڵێ و، لە هەموو زیندەوەرێکی تێدا بڵاوکردۆتەوەو، لەسەرێوە ئاومان دابەزاندوە، هەر جۆرە ڕووەکێکی بەرهەمدارمان پێ ڕواندوە، ئەوە دروستکراوی خوایە، پێشانم بدەن، ئەوانی دیکەی جگە لەو (کە دەیانپەرستن)، چییان دروستکردوە؟! (دەنکە مێك، پەرە مریشکێك، لقە دارێك) ﴿ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، بەڵکو ستەمکاران لە گومراییەکی ئاشکرادان.

کەواتە: دوو کتێبەکەی خوا: کتێبە بیستراوەکەی کە قورئانەو، کتێبە بینراوەکەی کە گەردوونە (كِتَابُ اللهِ الْمَسْموع، وَ كِتَابُ اللهِ الْمَنْظُور)، ناگونجێ پێکەوە دژ بوەستن، کەواتە: تاکو زانست بەرەو پێشەوە بچێ، ڕاستیی و هەقانیەتیی ئایین و بەرنامەی خوا کە لە قورئاندا بەرجەستەیە، زیاتر دەردەکەوێ، هەڵبەتە ڕێبازی پێغەمبەری خواش ﷺ، ئەویش هەر بەرجەستەکردنی قورئانە لەسەر ئەرزی واقیع و، چۆنیەتیی کارپێکردنی قورئانە.

٢- ئەوانەی تێکدەگیرێن: ئایینی گۆڕدراوو، زانیاریی تەواو، یاخود ئایینی تەواوو، بە ناو زانیاریی بە زانیاریی دانراون:

تێککیران و دژیەکیی **(تناقض)** کاتێك ڕوو دەدات کە یان ئایینەکە گۆڕدرابێ، بەڵام زانیارییەکە تەواوبێ، یاخود ئایینەکە تەواوبێ، بەڵام ئەوەی بە زانیاریی دانراوە، زانیاریی نەبێت و ناتەواوبێ، هەر بۆیە کاتی خۆی لە سەدەکانی نێوەڕاستدا وەك لە مەوسووعەی: (دەروشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد)دا بە درێژیی سەرگوزشتەی سەرهەڵدانی ئیلحاد لە ئەورووپاو ڕۆژئاوامان دا باس کردوە، کە چۆن دژایەتیی و ناکۆکیی و دووبەرەکیی لەنێوان ڕەوتی زانست و ئایینی کڵێسادا، نەك ئایینی مەسیح، کە لە دوای مەسیح ؑ دەستکاریی کرا بوو، گۆڕدرا بوو، ئەو دژایەتیی و ناکۆکیی و دووبەرەکییە چۆن پەیدابوو؟ کە ئەوە بەسەرهاتێکی دوورو درێژە، چونکە ئایینەکە گۆڕدرابوو، بەڵام زانیارییەکە بە زۆریی تەواو بوو، ئەویش نەك هەمووی،

بەڵام ئایینەکە گۆڕدرابوو و تێکدرابوو، ئێستا هەندێك جار هەندێك شت بە ناوی زانیارییەوە دەگوترێ، بۆ وێنە: بیردۆزەی داریۆنیزم، یان فرۆیدیزم، یان مارکسیزم، ئەو بیردۆزانە کە لەگەڵ قورئاندا تێك دەگیرێن، لەبەر ئەوەی ئەوانە بە ناو زانیاریی ناتەواون، لەگەڵ ئایینی تێرو تەواودا تێك دەگیرێن، ئەگەرنا هیچ ڕاستییەکی زانستیی نیە، لەگەڵ وەحیی دەستکاریی نەکراو و، نەگۆڕدراودا تێك بگیرێ، یانی: لە ئێستاوە تاکو قیامەت دێ، کەسێك لێی بکۆڵێتەوە ڕاستییەکی زانستیی، کە سەلمێنرابێ ئەوە ڕاستییەکی زانستییە لە قۆناغی بیردۆزەو تیۆریی هەڵبردوە، هەرگیز ڕاستییەکی زانستیی نابینی کە لەگەڵ ئایەتێکی قورئاندا دژ بوەستێ، یان لەگەڵ دەقێکی سوونەتی پێغەمبەردا ﷺ کە بە ڕاستیی سەنەدەکەی ڕاست بێت و پەیوەست بێ بە پێغەمبەرەوە ﷺ چ فەرمایشتی بێ، چ کردەوەی بێ، چ دانپێداهێنانی بێ.

٣- بە پێی ئایەتی: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ﴾، بەردەوام و بەبێ پسانەوە، زانست هەر بەرەو پێش دەچێ و، هەتا زانیارییش بەرەو پێشتر بچێ، ڕاستیی قورئان ئاشکراتر دەبێ:

کەواتە: ئەمەش موژدەیەکی خۆشە بۆ هەموو ئەوانەی عەوداڵی زانستن و، شەیدای دەرکەوتنی ڕاستییەکانن، شەیدای ئەوەن کە لە نهێنییەکانی خۆیان و دەوروبەریان و، گەردوون زیاتر بەهرەمەندبن، با دڵنیابن، بەپێی ئەم ئایەتە موبارەکە، بەردەوام نهێنییەکانی گەردوون و، نهێنییەکانی خودی مرۆڤیش، زیاتر دەردەکەون، کە دواجاریش دەبن بە نیشانەی ڕاستییەتی قورئان و، نیشانەی ڕاستییەتی خوا ﷻ و، ڕاستییەتی پێغەمبەری خاتەم ﷺ.

چونکە وەك پێشتر گوتمان (س)ی سەر: ﴿ سَنُرِيهِمْ ﴾، لەمەودوا نیشانەکانیانمان پیشان دەدەین، سەردەمی پێغەمبەر ﷺ گوتوویانە: لە مەودوا، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ: لە مەودوا، بۆ ئێستاش کە دەیخوێنینەوە هەر بە مانای لە مەودوا دێ، کەواتە: بەپێی ئەو ئایەتە بەردەوام ڕاستییە زانستییەکان کەشف دەبن و دەردەکەون و، دەبنە بەڵگەش لەسەر ڕاستییەتی قورئان.

٤- زانایانی پێشووش ئاماژەیان بەو ڕاستییە مەزنە کردووە:

بۆ وێنە: (**فخر الدين الرازي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] لە تەفسیری ئەم ڕستە قورئانییەدا کە دەفەرموێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلْءَافَاقِ ﴾، چەند قسەیەك دەکات، من پوختەی قسەکانی دێنم:

دەڵێ: دوو قسە هەن لە بارەی تەفسیری ئەو ڕستە قورئانییەوە:

یەکەم: مەبەست لە نیشانەکانی ئاسۆیەکان بریتین لە نیشانە گەردوونییەکان و، نیشانەی ئەستێرەو خڕۆکەکان و، نیشانەکانی شەوگارو ڕۆژگارو، نیشانەکانی ڕووناکیی و، تاریکییەکان، هەروەها نیشانەکانی جیهانی چوار توخمەکان، (مەبەستیان پێیان: ئاو و گڵ و هەواو ئاگر بووە)، هەروەها کە دەفەرموێ: ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِهِمْ ﴾، مەبەست پێی ئەو بەڵگانەن کە وەردەگیرێن لە چۆنیەتیی دروستبوونی کۆرپەلەکان لە تاریکاییەکانی منداڵدانەکانداو، پەیدابوونی ئەندامەکان و، ئەو پێکهاتە سەرسوڕهێنەرانەی کە خوا مرۆڤیان لێ دروست دەکات، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (**الذاريات**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمْۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾، واتە: لە خودی خۆشتاندا نیشانە زۆرن، بۆچی سەرنج نادەن؟! ئنجا دوایی فەخرەددینی ڕازیی دەڵێ: (**يعني نُريهم من هذه الدلائل مرّةً بعد أُخرَى إلى أن تزول الشبهات عن قلوبهم، ويحصل فيها الجزم، والقطع بوجود الإله القادر الحكيم العليم المنزّه عن المثل والضد**)، واتە: خوا مەبەستی ئەوەیە بفەرموێ: نیشانەکانی خۆمانیان لە ڕێی ئەو بەڵگانەوە پێشان دەدەین، جار لە دوای جار، تاکو گومانەکان لە دڵیاندا دەڕەونەوەو، دڵنیایی لە دڵیاندا پەیدا دەبێ، بە بوونی پەرستراوێکی توانای کارزانی زانای پاك، لە وێنەو لە دژ.

دوایی بۆ خۆی پرسیارێك دەکات، دەڵێ: (**فَإِنْ قِيلَ: هَذَا الوَجْهُ ضَعِيفٌ؛ لِأَنَّ قَوْلَهُ تَعالى: ﴿ سَنُرِيهِمْ ﴾، يَقْتَضِي أَنَّهُ تَعالى ما أَطْلَعَهم عَلَى تِلْكَ الآياتِ إلى الآنِ، وَسَيُطْلِعُهُم عَلَيْها بَعْدَ ذَلِكَ، والآيَاتُ المَوْجُودَةُ فِي العَالَمِ الأَعْلَى والأَسْفَلِ، قَدْ كَانَ**

-----

(١) تفسير الكبير: ج٢٧ ص١٢٣.

اللّهُ أطْلَعَهُم عَلَيْهَا قَبْلَ ذَلِكَ، فَثَبَتَ أنَّهُ تَعَذَّرَ حَمْلُ هَذَا اللَّفْظِ عَلَى هَذا الوَجْهِ)، واتە: ئەگەر بگوترێ: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خوا جارێ ئەو خەڵکەی ئاگادار نەکردۆتەوە لەو نیشانانەو، لە مەودوا ئاگاداریان دەکاتەوە، لە حاڵێکدا لە جیهانی سەرێ و، جیهانی خوارێدا، خوا ئەو شتانەی پێشانی خەڵك هەر داون، کەواتە: ناگونجێ ئەو ئایەتە بەو جۆرە تەفسیر بکرێ!

فەخرەددینی ڕازیی وەڵامێکی باش دەداتەوە، لە قەدەر خۆی لە سەدەی شەشەمی کۆچیی و سەرەتای سەدەی حەوتەمدا، دەڵێ: (قُلْنا: إنَّ القَوم وَإنْ كَانُوا قَد رأوا هَذِهِ الأَشيَاء، إلاّ أن العجائب التي أودعها الله تعالى في هذه الأشياء، مِمّا لا نهاية لها، فهو تعالى يُطْلِعُهم على تلك العجائب زماناً فزماناً، ومثاله كل أحد رأى بعينه بنية الإنسان وشاهدها، إلا أن العجائب التي أبدعها الله في تركيب هذا البدن كثيرة، وأكثر الناس لا يعرفونها، والذي وقف على شيء منها، فكلّما ازداد وقوفاً على تلك العجائب والغرائب، ازداد معرفة بها، فَصَحَّ بِهَذا الطَّرِيقِ قَوْلُهُ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ ﴾)، واتە: بەڵێ ئەو شتانەیان بینیون، بەڵام ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی خوا لەو شتانەدا دایناون، کۆتاییان نیە، خوای بەرز ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانە، کات لە دوای کات بۆ خەڵك دەردەخات، وێنەکەشی ئەوەیە هەموو کەسێك جەستەی مرۆڤی بینیوە، چەند سەرسوڕهێنەرە! بەڵام ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی لە جەستەی مرۆڤدا هەن، زۆر زۆرن و، زۆربەی خەڵکی نایانزانن، (کەواتە: بەردەوام دەردەکەون)، کەسێکیش کە شتێکیان لە بارەوە دەزانێ، هەتا زیاتریان لە بارەوە بزانێ، زانیاریی لە بارەیانەوە پتر دەبێ، بەو جۆرەش فەرمایشتی خوا: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ ﴾، ڕاست دێتە دی.

دووەم: (والقَوْلُ الثَّاني: أنَّ المُرَادَ بِآياتِ الآفَاقِ: فَتْحُ البِلاَدِ المُحِيطَةِ بِمَكَّةَ، وبِآيَاتِ أنْفُسِهِمْ فَتْحُ مَكَّةَ)، واتە: مەبەست لە ئاسۆیەکان بریتیە لە ئازادکردنی ئەو وڵاتانەی کە دەوری مەککەیانداوە (کە ئیسلام ئازادیان دەکات)، مەبەستیش لە: ﴿ أَنفُسِهِمْ ﴾، ئازادکرانی شاری مەککەیە!

بـەڵام بـە دڵنیایـی ئـەم واتایـەی دووەم - کـە بەداخـەوە زۆربـەی تەفسـیرە پێشـینەکان ئەمەیـان زیاتـر هەڵبـژاردوە - لەگـەڵ نێوەڕۆکـی ئایەتەکانـدا ناگونجـێ، بـەڵام ئـەوەی فەخرەددینـی ڕازی لـە قسـەی یەکەمـی دا دەریخسـتوە، زۆر جوانـە، کـە لـە ڕۆژگاری ئـەوان دا وەك ئێسـتا زانسـت بـەرەو پێشـەوە نەچـووە، تاکـو ئـەو هەمـوو نهێنییانـە دەرکـەون: گـەردوون چـۆن دروسـت بـووەو، سـووڕانەوەی زەوی و، خڕیەتیـی زەوی و، بەرگـە هـەواو، بەرگە ئاویی و، چیایـەکان و.... هتد، دەرنەکەوتوون، هیـچ گومانـی تێدانیـە کـە مەبەسـتی خـوای بەرزیـش هـەر ئەوەیـە، هەڵبەتـە وێـڕای فەخرەددینـی ڕازیـی[1]، زۆربەیـان ئـەو ڕایەشـیان هێنـاوەو ئاماژەشـیان بـەوە کـردوە کـە دەگونجێ مەبەسـت پێـی دەرکەوتنی نیشـانەکانی خـوا بێ لـە گـەردوون و، لـە مرۆڤـدا، لەئەنجامـی بـەرەو پێـش چوونـی زانسـتدا.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی لـە قورئانـدا زیاتـر سـەر ڕاسـتمان بـکات، و شـارەزامان بـکات و دڵـمان زیاتـر پڕبـکات لـە ئیـمان و هیدایـەت، چونکـە تاکـو لـە خـوا نیزیکـتر بیـن، بـە دڵنیایـی بـە فەرمایشتەکەشـی ئاشـناتر دەبیـن، خـوا یارمەتییـمان بـدات کـە هەرچـی دەیزانیـن بیشـیتوانین، حاڵـی بوونەکـە لـە خۆمانـدا بکەینـە حـاڵ، چونکـە بێگومـان ئامانجـی زانسـت بریتیـە لـە کارپێکـردن و خـۆ پـێ چاککـردن و دەوربـەر پـێ چاککـردن.

لێرەشـدا کۆتایـی بـە تەفسـیرکردنی ئایەتەکانـی سـوورەتی (فصلـت) دێنیـن و دەڵێیـن:

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) الطبري في (جامع البيـان): ج٢٥، ص٦، (القرطبي) في (الجامع لأحـكام القـرآن) ج١٥، ص:٢٩٩، (ابـن عجيبـة) في (البحـر المديـد في تفسـير كتـاب المجيـد) ج٢٥، ص٣٥٥، (الشـوكاني) في (فتـح القدير) ج:٢٤٤، ص٦٢٧.

تەفسیری سوورەتی

الشُّورَى

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢٩/ ربیـع الثـاني/ سـاڵی ١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠١٩/١٢/٢٦) زایینـی، خـوا پشـتیوان بێـت دەسـتدەکەین بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الشـورى**).

نێوەڕۆکی سوورەتی (الشورى) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە، بە دوو ناوان ناسراوە:

١- (**حـم عسق**)، یان (**عسق**).

٢- (**سُورَةُ الشُّورَى**)، یان (**سُورَة شُورى**)، واتە: بەبێ (أل)، وەك (**البخاري**) لە (**كتاب التفسير**) و (**الترمذي**) لە (**جامع السنن**)دا، هێناویانە، بەڵام دیارە ئەوەی زیاتر باوە، بریتیە لە (**سورة الشورى**) یان (**سورة شورى**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، لـەلای زۆربـەی زانایـان یەکێکـە لـە سـوورەتە مەککەیـەکان، هەرچەنـدە لـە قەتـادەو ئیبنـو عەبباسیشـەوە هاتـوە کـە چـوار ئایەت، ئایەتـەکانی: (٢٣ - ٢٦)، کـە ئەمـە دەقەکەیانـە: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي

ٱلْقُرْبَىٰ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٢٣﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخْتِمْ عَلَىٰ قَلْبِكَ وَيَمْحُ ٱللَّهُ ٱلْبَٰطِلَ وَيُحِقُّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٢٤﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٢٥﴾ وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ وَٱلْكَٰفِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴿٢٦﴾ ﴾، مەدینەیین، بەڵام وا پێناچێ ئەو ڕایە ڕاست بێ، دەگونجێ عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، شتی وای هەر لێ نەگێڕدرابێتەوە، هەروەها قەتادەش لێی نەگێڕدرابێتەوە، دەشگونجێ لێشیان گێڕدرابێتەوەو وای تێگەیبن، بەڵام وەك دوایی لە كاتی تەفسیر كردنی ئایەتەكاندا بۆمان دەردەكەوێ، ئایەتەكانی ئەم سوورەتە موبارەكە وەك ئاڵقەكانی زنجیر یەكدی پەیوەست دەكەن و، هیچ نیشانەو بەڵگەیەكیش نیە لەسەر ئەوەی ئەو چوار ئایەتە یاخود هەر ئایەتێكی دیكە، كە هەندێكیان باسی هەندێ ئایەتی دیكەشیان كردوە، لەگەڵ كەش و بارودۆخی قۆناغی مەككەدا نەگونجێ و ناچاربین بڵێین: لە مەدینە هاتۆتە خوار، هەروەها هیچ نەقڵێك و ڕیوایەتێكی ڕاست - لەڕووی سەنەدەوە - لەبەر دەستدا نیە، ناچارمان بكات بڵێین: ئەو ئایەتە لە فلان بۆنەداو، لە فلان كاتەدا لە مەدینە هاتۆتە خوار، دوایی خراوەتە نێو ڕیزی ئەو ئایەتانەی سوورەتی **(الشورى)** كە لە مەككەدا دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزینی دا:

لە **(مصحف)**دا ژمارە (٤٢)یە، واتە: لە سوورەتی **(الفاتحة)**وە كە دێین ئەم سوورەتە موبارەكە ژمارەكەی (٤٢)یە، بەڵام لە ڕیزبەندیی دابەزیندا، ژمارە (٦٩)یە، واش پێدەچێ لە دەوری ساڵی هەشتەمی پێغەمبەرایەتیی، تاكو ساڵی نۆیەمیشی خایاندبێ، دابەزیبێ، واتە: لەگەڵ كەش و بارودۆخی هەردوو ساڵانی: ٨ و٩ دا زیاتر دەگونجێ و، ئایەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمْرُهُمْ

شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾﴾، لەوبارەوە ئاماژەیە بە هەڵوێستی هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج، کە هەندێك دەڵێن: لە ساڵی نۆیەمداو هەندێك دەڵێن: لە ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتییدا، بۆ یەکەمجار دیداریان لەگەڵ پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ کردووە، دواتر پەیمانی یەکەم و دووەمی عەقەبەیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەستوون، هەندێکیش دەڵێن: یەکەم دیدار لە ساڵی یازدەیەمی پێغەمبەرایەتیی دابووە، پەیمانی یەکەم و دووەمیش لە ساڵانی دوازدەو سێزدەدا بوون.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی سوورەتی (**الشورى**)، لە لای خەڵکی مەدینەو مەککەو شام، هەروەها بەصرەش، بە پەنجا (٥٠) دانراوە، بەڵام لە لای خەڵکی کووفە بە پەنجاو سێ (٥٣) دانراوە، زیاتریش ژمارەی (٥٣) زیاتر تەبەننیی کراوە، پێشتریش گوتوومانە: کە جیاوازیی لە ژماردنی ئایەتەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ کورتیی و درێژیی ڕستەکانی قورئان، زانایەك ڕستەیەکی کردۆتە دوو کوت، بۆیە بۆتە دوو ئایەت، یەکی دیکە هەمووی بە سەریەکەوە کردوە بە یەك ڕستە، بۆیە هەمووی بۆتە یەك ئایەت.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە پانتاییەکی زۆری تێدا تەرخانکراوە بۆ باسی وەحیی، شەش جاران وشەی وەحیی بە چەند ڕێژگەیەك لەم سوورەتە موبارەکەدا دووبارە بۆتەوە، لە ئایەتەکانی: (٣،٧،١٣،٥١،٥٢)دا، هەروەها لەم سوورەتەدا سێ شێوازەکانی وەحیی کردنی خوا، هاتوون، تەنیا لەم سوورەتەشدا خوا ﷻ هەرسێك شێوازەکانی سروشکردنی خۆی بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، خستوونە ڕوو، بەڵام

وێڕای باسی وەحیی کە پانتایەکی زۆری داگرتوە، چەند بابەتێکی دیکەش هاتوون، وەك:

١- خستنەڕووی ژمارەیەك لە سیفەت و کردەوەکانی خوا.

٢- باسی ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەت و، باسی بەهەشت و دۆزەخ.

٣- باسی پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) و خاوەنی یەك ئایین و بەرنامە بوونیان لە هێڵە گشتییەکاندا، کە بە تایبەت ناوی نووح و ئیبراهیم و مووساو عیسا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)و، ناوی پێغەمبەری خۆشمان موحەممەد ﷺ بە شێوەی دواندن هاتوە.

٤- باسی سیفەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی مسوڵمان، کە دەوری دە (١٠) سیفەتن.

٥- باسی گەڕانەوە بۆ لای خواو، تەوبە وەرگرتنی خوا لە بەندەکانی.

٦- باسی خستنەڕووی ژمارەیەك لە چاکەو نیعمەتەکانی خوا لە ژیانی مرۆڤدا.

٧- فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە پێنج ئەرکان جێبەجێ بکات و، پێنج ڕاستییانیش ڕابگەیەنێ، لە ئایەتی ژمارە (١٥)دا، هاتوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمە لەم سوورەتەدا (١٠) تایبەتمەندییمان دیاریی کردوون، کە دەگونجێ زیاتریشبن، یان دەشگونجێ ئەم (١٠)یە، هەندێکیان بخرێنە نێو هەندێکیان:

١)- یەکەمین تایبەتمەندیی ئەم سوورەتە، ئەوەیە کە دەستپێکی بە پێنج (٥) پیتی پچڕ پچڕە، بەڵام لە (٢) ئایەت دا، (حمٓ ﴿١﴾ عٓسٓقٓ ﴿٢﴾)، چونکە دەستپێکێکی دیکەی پێنج پیتیی هەیە، لە سوورەتی (مریم)دا، بەڵام لەوێ هەر پێنج (٥) پیتەکان بەسەر یەکەوەن و یەك ئایەتن (**كهيعص**) بەڵام لێرەدا: (حمٓ)، (عٓسٓقٓ).

٢)- لە ئایەتی (١١)دا، ئەم تەعبیرە لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا هاتوە: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴿١١﴾﴾الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیەو، خوا وەك هیچ شتێك نیە.

٣)- باسی ئەو ڕاستییە كە شەریعەتی موحەممەد ﷺ هەمان شەریعەتی نووح و ئیبراهیم و مووساو عیسایە، دیارە لە هێڵە گشتییەكانیدا، ئەویش لە ئایەتی (١٣) دا هاتوە.

٤)- هاتنی پێنج ئەركی گەورەو پێنج هەواڵی مەزن لە یەك ئایەتدا، یانی: خوا ﷻ پێنج ئەركی بە پێغەمبەر ﷺ سپاردوون، پێشیفەرمووە پێنج ڕاستییان ڕابگەیەنێ لە یەك تاكە ئایەتدا، ئایەتی ژمارە (١٥).

٥)- باسی ئەوە كە خوا ﷻ كتێبی بە هەق دابەزاندوەو، تەرازووشی دابەزاندوە، لە ئایەتی ژمارە (١٧)دا، كە تەنیا لەم سوورەتەدا بەم شێوەیە هاتوە.

٦)- باسی ئەوە كە پێغەمبەر ﷺ جگە لە: ﴿ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾، هیچ پاداشتێكی دیكە لە خەڵك ناخوازێ، كاتێك بانگیان دەكات بۆ لای خوا، لە ئایەتی ژمارە (٢٣)دا، كە دەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴿٢٣﴾﴾الشورى، واتە: بڵێ: هیچ پاداشتێكتان لێ داوا ناكەم جگە لە ﴿ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾ كە ڕاسترین و گونجاوترین مانای ئەوەیە: تەنیا خۆشەویستییم هەیە كە ئێوە زیاتر لە خوا نیزیك ببنەوە، واتە: تەنیا شتێك كە لێتان داوا بكەم لە بەرانبەر گەیاندنی پەیامی خوادا، ئەوەیە: حەز دەكەم زیاتر لە خوا نیزیك بن، كەواتە: پاداشتەكەش هەر بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە.

٧)- باسی ئەوە كە كاروباری مسوڵمانان دەبێ بەڕاوێژ بێ، لە ئایەتی ژمارە (٢٨)دا: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴿٣٨﴾﴾الشورى.

٨)- باسی ئەوە كە خوا، بە ویستی خۆی، كچان و كوڕان، یان هەردووكیان بە مرۆڤەكان دەدات و، هەندێكیان نەزۆك دەكات و هیچیان پێنادات، ئەویش لە ئایەتەكانی: (٤٩ و ٥٠)دا هاتوەو، لە هەموو قورئان دا تەنیا لێرەدا ئەوە هاتوە.

٩)- باسی سێ شێوازەکانی ناردنی وەحیی خوا بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە ئایەتی ژمارە (٥١)دا هاتوە: ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآيِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ ... ﴾ .

١٠)- باسی ئەوە کە پێش ناردنی وەحیی، پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ نەیزانیوە نەکتێب چییە، نە ئیمان چییە؟ وەك دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ ﴿٥٢﴾ ﴾، واتە: ڕووحێکمان لە لایان خۆمانەوە بۆ تۆ ناردوە، کە پێش ئەو نەتدەزانی نە کتێب چییە؟ (واتە: بەرنامەی ژیان)، نە ئیمانیش چییە؟.

کە بە داخەوە، زۆرێك لە توێژەرەوان لە تێگەیشتنی ئەو ڕستە قورئانییەدا نەیانپێکاوە، لەبەر ئەوەی کارتێکراوبوون بە پێناسەی ئیمان، بەو پێیەی لە سەردەمی خۆیاندا باو بووە، کە بریتی بووە لە ناسینی خوا، ئنجا کە خوا دەفەرموێ: تۆ پێش قورئان نەتدەزانی کتێب چییەو ئیمان چییە؟ گوتوویانە: چۆن دەبێ پێغەمبەر ﷺ خوای نەناسیبێ؟! کە لە ڕاستییدا پێغەمبەری خوا (محمد) ﷺ و هەموو پێغەمبەران خوایان هەر ناسیوە، پێش هاتنی وەحییش، بەڵام ئیمان جیایە لە خواناسیی، وەك دوایی باسی دەکەین.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

خوا پشتیوان بێ ئێمە کۆی پەنجاو سێ (٥٣) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە، بۆ (٦) دەرسان دابەش دەکەین:

دەرسی یەکەم: دوازدە ئایەتی سەرەتا دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (١ - ١٢)، کە تێوەرۆکەکانی بریتییە لە ناساندنی خوا، بە کۆمەڵێکی زۆر لە سیفەت و کردەوەکانی، دەوری بیست و حەوت (٢٧) و، باسی قورئان و باسی پێغەمبەرە ﷺ پێغەمبەری خاتەم و، باسی وەحیی ناردنی خوایە بۆ پێغەمبەری خاتەم و بۆ پێغەمبەرانی پێشووش (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ).

دەرسی دووەم: شەش ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (١٣ - ١٨)، کەتییان دا باسی ئایینی خوا بە گشتیی کراوەو، باسی هەر پێنج پێغەمبەرە مەزنەکان کراوە: نووح و ئیبراهیم و مووساو عیساو موحەممەد (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) و، باسی ئەرکی پێغەمبەری خاتەم ﷺ کراوە، هەروەها باسی ئەوە کە قورئان بە هەق دابەزێنراوەو، تەرازووشی لە گەڵدا دابەزێنراوە.

دەرسی سێیەم: شەش ئایەت دەگرێتە خۆی، ئەویش ئایەتەکانی: (١٩ - ٢٤)، باسی لوتفی خواو، باسی هەوڵدانی مرۆڤ چ بۆ دنیا، چ بۆ ڕۆژی دوایی و، سەرەنجامی مرۆڤەکان لە قیامەتدا، بە هەر دوو باری ئەرێنیی و نەرێنییدا، کراوە.

دەرسی چوارەم: یازدە ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٢٥ - ٣٥)، باسی ژمارەیەك لە چاکەو نیعمەتەکانی خوا کراوە، کە هاوکات نیشانەو بەڵگەشن لە سەر بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی و، تەنیا پەرستراوێتیی خوا.

دەرسی پێنجەم: ئەویش یازدە ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٣٦ - ٤٦)، باسی سیفەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی بڕوادار کراوە، کە دەوری دە (١٠) سیفەتن، ئەم سووڕەتە یەکێکە لە شوێنە دەگمەن و کەمەکان، کە خوا ﷻ ژمارەیەکی زۆر لە سیفەتەکانی بڕوادارانی وەك کۆمەڵ، خستوونەڕوو، لە نێویاندا ئەوە کە کاروباریان بە ڕاوێژ بەڕێوە دەبەن و، ئایەتی ژمارەی (٣٨) تاکە شوێنێکە کە ئەوەی تێدا هاتبێ: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴿٣٨﴾﴾الشورى، کاروباریان بە ڕاوێژە.

دەرسی شەشەم: کە حەوت ئایەتی کۆتایی دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٤٧ - ٥٣) فەرمانکردنی خوا، بە وەڵامدانەوەی مرۆڤان، کە بە دەم بانگی پەیامی خواوە بێن و باسی هەر سێ شێوازەکەی وەحیی و، باسی ئەوە کە خوا ﷻ وەك چۆن وەحیی بۆ پێغەمبەران ناردوە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بەهەمان شێوەش

وەحیی بۆ پێغەمبەری خاتەم ناردوە، کە ڕووحێکە لە لایان خۆیەوەو بە هۆی ئەو ڕووحەوە ئنجا لێی ئاشکرابووە، ئیمان چییەو بەرنامە چییەو دەبێ چی بکات و چۆن بەندایەتیی بۆ خوا بکات و، چۆن کۆمەڵگاو دەوروبەرەکەی خۆی چاك بکات؟

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە دوازدە (١٢) ئایـەتی سـەرەتای سـوورەتی (**الشـورى**) پێکـدێ: (١ - ١٢)، کـە لـەو (١٢) ئایەتـەدا خـوا بـاسی وەحیـی ناردنی خـۆی بـۆ موحەممـەد ﷺ هەروەهـا بـۆ تێکـڕای پێغەمبـەرانی دیکـەش، (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ**) دەکات.

شـایانی باسـە: لـە دوو توێـی ئـەو دوازدە (١٢) ئایەتـەدا، دەوری بیسـت و حـەوت (٢٧) لـە سیفەت و کـردەوە بـێ وێنـەکانی خـوا خراونـە ڕوو، کـە کـەم وایـە لـە پایانتاییـەکی ئەوەنـدەدا، هێنـدە لـە سـیفەت و کـردەوەکانی خـوای تـاك و بـێ وێنـە خرابنـەڕوو لـە قورئانـدا، ئنجا لەمیانی ئەوەشـدا زیاتـر لـە بیسـت (٢٠) بابـەتی گـەورەو گرنگـی جۆراو جـۆر لـە بـواری بووناسـیی و ئیمان و عەقیـدەدا خراونـەڕوو.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ١ عٓسٓقٓ ٢ كَذَٰلِكَ يُوحِيٓ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ
٣ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٤ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ
يَتَفَطَّرۡنَ مِن فَوۡقِهِنَّۚ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي
ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٥ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهُ
حَفِيظٌ عَلَيۡهِمۡ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ ٦ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّتُنذِرَ
أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي ٱلسَّعِيرِ
٧ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا
لَهُم مِّن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ٨ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۖ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡوَلِيُّ وَهُوَ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ

وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٩﴾ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ذَٰلِكُمُ
ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾ فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ جَعَلَ لَكُم
مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ
وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ
وَيَقْدِرُ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، حا میم (١) عەین سین قاف (٢) بەو شێوەیە (کە هەر شایستەی خوایە) خوای زاڵی کارزان، سروش بۆ لای تۆو بۆ لای ئەوانەی پێش تۆش (لە پێغەمبەران) دەکات (٣) هەرچی لە ئاسمانەکان و، هەرچی لە زەویی دایە، هی ویەو ئەو بەرزی مەزنە (٤) نیزیکە ئاسمانەکان لە سەرەوەیان ڕا هەڵبقڵیشێن (لە سام و هەیبەتی خوا)و فریشتەکانیش پەروەردگاریان بە پاك دەگرن و، بە ستایشکردنیەوەو داوای لێبوردن (لە خوا) دەکەن بۆ ئەو کەسانەی لە زەویدان، ئەها (ئاگاداربن!) بەڕاستیی هەر خوا لێبوردەی بەبەزەییە (٥) ئەوانەش کە جگە لەوی دۆست و سەرپەرشتیارانێکیان گرتوون، خوا بەسەریانەوە پارێزەرو (چاودێرە)و، تۆ کار پێسپێرراوو (پارێزەر)ی بەسەریانەوە، (کە ڕێی لادانیان لێبگری) (٦) هەروەها بەو شێوەیەی (کە شایستەی ئێمەیە) قورئانێکی عەرەبیی (زمان)مان بۆ لات سروشکردوە، تاکو (خەڵکی) دایکی ئاوەدانییەکان (شاری مەککە)و خەڵکی دەوروبەری پێ وریابکەیەوەو بترسێنێ و، (خەڵك) لە ڕۆژی کۆکردنەوە کە دوودڵیی تێدانیە، بترسێنی، (کە لەو ڕۆژەدا) کۆمەڵێك (کە خەڵکی بڕواداری چاکەکارن) لە نێو بەهەشتدا دەبن و، کۆمەڵێك (کە خەڵکی بێبڕوای خراپەکارن) لە نێو کڵپە

(ی دۆزەخ)دا دەبن ﴿٧﴾ ئەگەر خواش ویستبای (زۆریان لێ بکات) دەیکردنە
یەك کۆمەڵ (و لەسەر ئیمان، یان لەسەر کوفر کۆی دەکردنەوە) بەڵام (ئازادی
کردوون و سەرەنجام) هەر کەسێکی بیەوێ (بە هۆی ئیمان هێنانیەوە) دەیخاتە
نێو بەزەیی خۆیەوە، ستەمکارانیش (کە هیدایەت و پەیامی خوا وەرناگرن)
هیچ سەرپەرشتیارو پشتیوانێکیان نیە ﴿٨﴾ یان ئایا (بێبڕوایان) جگە لەو (خوا)
سەرپەرشتیارانێکیان گرتوون؟ بەڵکو (لە ڕاستییدا) تەنیا خوا سەرپەرشتیارەو،
بەس ئەو مردووان دەژیێنێتەوەو، هەر ئەویش لەسەر هەموو شتێك بە توانایە
﴿٩﴾ هەر شتێکیش تێیدا کەوتنە ڕاجیاییەوە، حوکم و بڕیارەکەی تەنیا بۆ لای
خوایە، (بڵێ:) ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارمە، پشتم تەنیا بەو بەستوەو، بەس
بۆ لای ویش لە ناخەوە دەگەڕێمەوە ﴿١٠﴾ داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، لە
خۆتان هاوسەرانی بۆ ڕەخساندوون و، لە ئاژەڵانیش جووتە (نێرو مێ)یەکانی
ڕەخساندوون کە لەوەدا (لەو جووتییە دا) زۆرتان دەکات (خۆتان و ئاژەڵەکانتان،
وەچەتان بەردەوام دەبێ) هیچ شتێك وەك وی (خوا) نیەو، ئەو بیسەری بینەرە
﴿١١﴾ کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی وین، بۆ هەر کەس بیەوێ بژێو زۆرو
فراوان دەکات و، کەم و تەنگ دەکات، بە دڵنیایی ئەو بە هەموو شتێك زانایە
﴿١٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يَتَفَطَّرۡنَ): واتە: هەڵدەقڵیشێن، (الفَطْرُ: الشَّقُّ طُولاً) (فَطْر): بریتیە لە شتێك کە بە باری درێژییدا بشکێ، بە کوردیی هەڵقڵیشانی پێ دەڵێن، دەگوترێ: دارەکە قڵیشا، دیوارەکە قڵیشا، (مِنْ فُطُورٍ أي: اختِلَالٍ وَوَهْنٍ) (فُطُور): بە مانای نارێکیی و بێهێزیی دێ.

(أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ): مەبەست شاری مەککەیە، دایکی ئاوەدانییەکان، هەر وەك بە مەجەڕە گوتراوە: (أُمُّ النُّجُوم) دایکی ئەستێرەکان (کەهکەشان)، هەروەها بە (اللَّوحُ المَحْفُوظ) گوتراوە: (أُمُّ الكِتَاب) دایکی نووسینەکان.

(فَاطِرُ): واتە: داهێنەر، پەیداکەر، (فَطْرُ اللهِ الخَلْقَ: هُوَ إِيْجَادُهُ الشَّيءَ، وَإِبْدَاعُهُ عَلَى هَيْئَةٍ مُتَرَشِّحَةٍ لِفِعْلٍ مِنَ الأَفْعَال)، خوا دروستکراوەکانی (فَطْر) کردوون، (فطر) بریتیە لە پەیداکرنی شتێك و، داهێنانی بە شێوەیەك کە لێی بوەشێتەوە کارێك ئەنجام بدات، کەواتە: (فَاطِرُ) یانی: (مُبْدِع) داهێنەرو پەیداکەر.

(يَذۡرَؤُكُمۡ فِيهِۚ): واتە: لەوێدا زۆرتان دەکات، (الذَّرْءُ: إِظْهَارُ اللهِ تَعَالَى مَا أَبْدَاهُ، يُقَالُ: ذَرَأَ اللهُ الخَلْقَ، أي: أَوْجَدَ أَشْخَاصَهُمْ) (ذَرْءُ): هەم بە مانای دەرخستن دێ، هەم بە مانای زۆر کردن و بڵاو کردنەوەش دێ.

(مَقَالِيدُ): بە مانای (مَفَاتِيح) دێ، واتە: کلیلەکان، (مَقَالِيد: جَمْعُ إِقْلِيد مَأْخُوذٌ مِنْ (كِلِيْد) الفَارِسِيَّة عَلَى غَيْرِ قِيَاسٍ، أو جَمْعُ مِقْلَاد، أي: مِفْتَاح)، (مقاليد) ئەویش یان کۆی (إِقْلِيد)ە، کە لە (كِلِيْد) ی، فارسییەوە هاتوە، بەڵام بە شێوەیەکی قیاسیی وەرنەگیراوە، یاخود کۆی (مِقْلَاد)ە، ئەگەر کۆی (مِقْلاد) بێ، بە شێوەیەکی قیاسیی وەرگیراوە، (مِفْتَاح، مَفَاتِيح) (مِقْلَاد، مَقَالِيد) (مِعْرَاج، مَعَارِيج) تا کۆتایی، هەندێکیش (مَقَالِيدُ)یان، بە مانای: (خزائن) لێکداوەتەوە، عەمبارەکان، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مانای (مَفَاتِيح) بێ، واتە: کلیلەکان.

(يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ): (بَسْطُ الشَّيء: نَشْرُهُ وَتَوْسِيعُهُ) شتێك كە (بَسْط) بكرێ، واتە: بڵاوبكرێتەوەو فراوان بكرێ، مەبەست پێی زۆر كردنە.

(يَقۡدِرُ): (قَدَرْتُ عَلَيْهِ الشَّيءَ: ضَيَّقْتُهُ، كَأَنَّمَا جَعَلْتَهُ بِقَدْرٍ، بِخِلَافِ مَا وُصِفَ بِغَيْرِ حِسَابٍ)، (قَدَرَ يَقْدِرُ) بە مانای (ضَيَّقَ يُضَيِّقُ) (قَدَرْتُ عَلَيْهِ الشَّيء) واتە: شتەكەم لێ تەنگ كردەوە، یانی: كردوومە بە ئەندازەیەكی دیارییكراو، پێچەوانەی ئەوە كە بەبێ ژماردن پێی بدرێ.

مانای گشتیی ئایەتەكان

ئەم دوازده (١٢) ئایەتە موبارەكە، وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، بیست و حەوت (٢٧) لە سیفەت و كردەوە ناوازەكانی خوای پەروەردگاریان تێدا خراونەڕوو، كە ئێمە لە میانی مانای گشتیی ئەو دوازده (١٢) ئایەتەدا ئاماژەیان پێدەكەین:

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، واتە: ئەو كارە دەست پێدەكەم بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، زۆر جار گوتوومانە و لێرەش دووبارەی دەكەینەوە: كاتێك مرۆڤ ئەو ڕستە موبارەكە دەڵێ، دەبێ چوار واتای بنەڕەتیی بە عەقڵ و هۆشی خۆیدا بهێنێ:

١- بە ناوی خوا دەست پێدەكەم، نەك بە ناوی خۆم، یان هەر شتێكی دیكە.

٢- ئەو كارە بۆ ڕازییكردنی خوا ئەنجام دەدەم.

٣- ئەو كارە بە پێی بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەو كارە بە یارمەتیی و هاوكاریی خوا ئەنجام دەدەم، نەك بە شان و شەوكەتی خۆم.

سەرەتا دەڵێین: ئەم سوورەتە یەكێكە لە حەوت سوورەتان لە قورئاندا، كە پێیان دەگوترێ: (**ذوات حم**) یان (**آل حم**) كە یەكەمیان سوورەتی (**غافر**) بوو،

دووەمیان (**فصلت**) بوو، سێیەمیشیان ئەم سوورەتی (**الشورى**)یە، چوارەمیشیان سوورەتی (**الزخرف**) ە، پێنجەمیشیان سوورەتی (**الدخان**)ە، شەشەمیشیان سوورەتی (**الجاثیة**)یە، حەوتەمیشیان سوورەتی (**الأحقاف**)ە، ئنجا لە نێو هەر حەوت (٧) سوورەتەکەدا، کە بە (**حـم**) دەست پێدەکەن، تەنیا ئەم سوورەتی (**الشورى**)، وێڕای (**حـم**) کە ئەو دوو پیتە لە سەرەتاوە هاتوون، سێ پیتی دیکەش هاتوون: (**عسق**)، کە دیارە (**حـم**) کراوە بە ئایەتێك و، (**عسق**)یش کراوە بە ئایەتێکی دیکە، لە هەموو قورئانیشدا ئەمە تاکە حاڵەتێکە کە بەم شێوەیە بێ، کە چەند پیتێکی پچڕ پچڕ بکرێن بە دوو ئایەت، لە هەموو قورئان هەمیشە پیتە پچڕ پچڕەکان، هەر بە یەك ئایەت یان بەبەشێك لە ئایەتێك هاتوون، ئەگەر تەنیا یەك پیت بن، وەك: ص و ق و ن، بەلام ئەوانی دیکە: ئەگەر دووان، ئەگەر سیان، ئەگەر چوارن، ئەگەر پێنجن، وەك: سوورەتی (**مریم**)، کە دەفەرموێ: (**كهيعص**)، کراون بە ئایەتێك[1].

کاتی خۆی ئێمە لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، باسێکی خەست و خۆڵمان لە بارەی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەوە کردوە، هەروەها لە سەرەتای سوورەتی (**الشعراء**)یشدا، جارێکی دیکە لەو بارەوە قسەمان کردوەو هەندێك وردە کاریی دیکەمان باس کردوە، بۆیە لێرەدا هەروا بەسەریدا دەڕۆین و ئەوەندە دەڵێین: خوا ﷻ لە ڕێی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەوە، کە لە سەرەتای بیست و نۆ (٢٩) لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون، دەیەوێ ئەو پەیامە بە مرۆڤەکان بگەیەنێ: ئەو قورئانە بەوە بزانن فەرمایشتی منە، کە هەر لەو پیتانە پێك دێ ئێوە قسەیان پێدەکەن و پێیان دەنووسن، ئنجا ئەو کەرەستەیەی لەبەر دەستی ئێوەشدا هەیە، من ئەو قورئانەم لێ پێکهێناوە، بەلام ئێوە قسەی ئاسایی پێدەکەن و، ناتوانن نەك وێنەی ئەو قورئانە بێنن، بەڵکو وێنەی سوورەتێکیش بێنن، سوورەتێکی سێ ئایەتیی.

---

(١) جگە لە: (طس تلك آيات القرآن وكتاب مبين).

کەواتە: بزانن ئەم فەرمایشتە ئێوە ناتوانن، وەك بەشێکی کەمی بێنن، ئەوە فەرمایشتی خوایە.

خوا دەفەرمووێ: حا میم. عەین سین قاف. ﴿ كَذَٰلِكَ يُوحِىٓ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ ٱللَّهُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە - سەرسوڕهێنەرە - سروش بۆ لای تۆ دەکات و، بۆ لای ئەوانەی پێش تۆش دەکات، خوای زاڵی کارزان.

سروشکردن و پەیامی پەنهان ناردنی خوا ﷻ چ بۆ لای پێغەمبەری خاتەم ﷺ، چ بۆ لای پێغەمبەرانی دیکە، شتێکی یەکجار گەورەو گرنگ و تایبەت و سەرسوڕهێنەرە و، خوا بەهۆی ئەوەوە ئەو پێغەمبەرانەی جیا کردوونەوە لە خەڵکی دیکە، وەك خوا لە سوورەتی (النمل)دا، دەفەرمووێ: ﴿ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓ ﴿٥٩﴾ ﴾، واتە: بڵێ: ستایش بۆ خواو سەلام لەسەر ئەو بەندانەی هەڵبیژاردوون، هەروەها لە سوورەتی (الحج)دا، دەفەرمووێ: ﴿ ٱللَّهُ يَصْطَفِى مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴿٧٥﴾ ﴾، واتە: خوا لە فریشتەکانیش نوێنەران هەڵدەبژێرێ و، لە خەڵکیش ڕەوانە کراوانی خۆی هەڵدەبژێرێ، کە پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، کەواتە: لێرەدا سێ لە سیفەتەکانی خوا، خراونەڕوو:

یەکەم: پەیامی پەنهان ناردنی، سروش کردنی (**يوحي**).

دووەم: باڵادەستیی خوا (**العزيز**).

سێیەم: کاربەجێیی خوا (**الحكيم**).

﴿ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴾، ئەوەش سیفەتی چوارەمی خوایە

چوارەم: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، هی ویە، خوا خاوەن و حوکمڕانی ڕەهاو بێ سنوری هەر شتێکە کە لە ئاسمانەکان و لە زەوی دا هەیە، خوا هەم حوکمڕان و باڵادەستە، هەم خاوەنیشە بۆ هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە.

پێنجەم و شەشەم: ﴿ وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْعَظِيمُ ﴾، ئەو یەکجار بەرزە، بێ سنوور بەرزەو، یەکجار و بێ سنووریش مەزنە.

حەوتەم: ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ ﴾، نیزیکە ئاسمانەکان لە سەریانەوە داقڵیشێن، واتە: داقڵیشان و هەڵقڵیشانەکە لەسەرەوە دەست پێ بکات، بۆچی؟ لەبەر سام هەیبەتی خوا ﷻ چونکە ئەوە هەمووی پەیوەندیی بە خواوە هەیە، هەندێك گوتوویانە: بۆیە ئاسمانەکان خەریکە هەڵقڵیشێن و بشکێن، پارچە پارچە بن، لەبەر قورسیی فریشتەکان کە لەسەریانن، وەك دوایی باسی دەکەین، بەڵام ئەو مانایەی ئێمە کردمان، بەهێزترە.

هەشتەم: ﴿ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ﴾، ئەوەش سیفەتێکی دیکەی خوایە، فریشتەکانیش بەستایشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاك دەگرن، ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، داوای لێ بوردنیش دەکەن بۆ هەموو ئەوانەی لە زەوییدان، فریشتەکان هەموو خەڵکەی لە زەوییدان، داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا دەکەن.

نۆیەم و دەیەم: ﴿ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، ئەها ئاگاداربن! بە دڵنیایی خوا زۆر لێبوردەیە، زۆریش بەبەزەیی و میهرەبانە.

یازدەیەم: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ ﴾، ئەوانەش کە جگە لە خوا دۆستانێك پشتیوانان و سەرپەرشتیارانێك بۆ خۆیان دەگرن، ﴿ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ ﴾، خوا بەسەریانەوە پارێزەرە، خوا پارێزەریانە، واتە: پارێزەری کردەوەکانیانە، پارێزەری قسەکانیانە، پارێزەری هەڵسوکەوتەکانیانە، ﴿ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴾، تۆش بەسەریانەوە کار پێسپێردراوی ئەی موحەممەد ﷺ! واتە: تۆ لێت ناپرسرێتەوە بۆچی کوفریان کردو، بێبڕوابوون، بۆچی تاوانیان کردو لادانیان کرد، دوای ئەوەی پەیامی خوایان پێ دەگەیەنی، بەرپرسیاریەتیی لە ئەستۆی خۆیان دایە.

دوازدەیەم: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، هەر بەم شێوەیەی سروشمان کردوە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ، قورئانێکیشمان بە زمانی عەرەبیی بۆ تۆ ناردوە، ﴿ لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ﴾، تاکو دایکی ئاوەدانییەکان بترسێنێ (کە مەککەیە)، واتە:

خەڵکی دایکی ئاوەدانییەکان ﴿ وَمَنْ حَوْلَهَا ﴾، هەروەها ئەو خەڵکەی لە دەوری مەککەیە، کە هەموو گۆی زەوی دەگرێتەوە، ئەوانەی پێ بترسێنی، وریایان بکەیەوە ﴿ وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی خەڵك ئاگادر بکەیەوەو بترسێنی لە ڕۆژی کۆکردنەوە ﴿ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾، کە هیچ دوو دڵیی تێدانیە، ﴿ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ ﴾، کە سەرەنجام کۆمەڵێك لە بەهەشتدا سەقامگیر دەبن و، کۆمەڵێکیش لە نێو کڵپەی دۆزەخدان، واتە: وەك سەرەنجامی کۆتایی بەو شێوەیەی لێ دێ، کە ئەوە ڕێکر نیە لەوەی، پێش ئەوەی خەڵك هەمووی لە بەهەشتدا، یاخود لە دۆزەخدا نیشتەجێ بێ، کۆمەڵێك بسووتێنرێن لە بڕواداران و سزا بدرێن، هەروەها کە کۆمەڵێکیش لە سەر ئەعراف دەبن، وەك لە سوورەتی (**الأعراف**)دا هاتوە، ئەوە لەگەڵ ئەوەدا تێکناگیری، چونکە ئێرە باسی دەرەنجامی کۆتایی دەکات.

﴿ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً ﴾، ئەگەر خواش ویستبای هەمووی دەگێڕان بە یەك کۆمەڵ، واتە: هەمووی لەسەر ئیمان کۆدەکردنەوە، کە خوا حەزی لە ئیمانە، هەروەها خوا دەیتوانی هەموویان لەسەر کوفر کۆبکاتەوە، ﴿ وَلَكِن يُدْخِلُ مَن يَشَاءُ فِي رَحْمَتِهِ ﴾، بەڵام هەر کەسێك بیەوێ دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، واتە: بەڵام ئازادی کردوون و، هەر کەسێك کە بیەوێ بە هۆی وەرگرتنی هیدایەتی خواوە، دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، ﴿ وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴾، ستەمکارانیش هیچ سەرپەرشتیارو هاوکارو یارمەتییدەرێکیان نیە.

﴿ أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ﴾، یان ئایا جگە لەو سەرپەرشتیارانێکیان پەیداکردوون، ﴿ فَاللَّهُ هُوَ الْوَلِيُّ ﴾، ئەمەش سیفەتی سێزدەیەم: بە دڵنیایی هەر خوا سەرپەرشتیاری ڕاستەقینەیە ﴿ وَهُوَ يُحْيِي الْمَوْتَىٰ ﴾، ئەمەش سیفەتی چواردەیەم: هەر ئەو مردووان دەژیێنیتەوەو ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾، ئەمیش سیفەتی پازدەیەم: ئەو لەسەر هەموو شتێکیش بە توانایە.

﴿ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، سیفەتی شازدەیەم: هەر شتێکیش تێیدا دەکەونە ڕاجیاییەوە، بڕیارو حوکمەکەی بۆ لای خوایە، ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي ﴾، سیفەتی حەڤدەیەم: (تۆ بڵێ:) ئا ئەوەتان پەروەردگارمە، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگاری منە، ﴿ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴾، پشتم هەر بەو دەبەستم و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

﴿ فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ سیفەتی هەژدەیەم: داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە ﴿ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا ﴾ سیفەتی نۆزدەیەم: لە خۆتان هاوسەرانتانی بۆ هێناونە دی، جووتەکانی بۆ هێناونە دی، ئەی مرۆڤەکان! ﴿ وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا ﴾ سیفەتی بیستەم: هەروەها لە ئاژەڵانیش جووتی خوڵقاندوون، واتە: هەم ئێوەی بە جووت (نێرو مێ) و هەم ئاژەڵەکانیشی بە جووت، خوڵقاندوون، ﴿ يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ﴾ سیفەتی بیست و یەکەم: لەو جووتییەدا زۆرتان دەکات، وەچەتان بەردەوام دەکات، ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ ﴾، سیفەتی بیست و دووەم: هیچ شتێك وەك وی نیە، زەینتان بەلای ئەوەدا نەچێ، خوا ڕەگەزی هەبێ، ڕەگەزو جووتیەتیی و، نێرو مێیەتیی بۆ ئێوە داناوە، وەك یاسایەك تاکو وەچەتان پێ بەردەوام بێ.

گوتراوە: (**كُلُّ مَا جَرَى بِبَالِكَ، فَاللَّهُ بِخَلَافِ ذَلِكَ**) واتە: هەرچی بە زەینی تۆ دابێ، خوا جیایە لەوە، چونکە هەرچی بەزەینی تۆ دادێ، هەر وێنەی دروستکراوەکانە، بەڵام خوا بەدیهێنەرە، ﴿ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾، بیست و سێ و بیست و چوارەم: خوا بیسەری بینەرە، بەڵام بیستنەکەی و دیتنەکەی، وەك هی ئێمە نیە، وەك چۆن زاتی خوا لە زاتی شتەکان جیایە، هەموو سیفەتەکانی و هەموو حاڵەکانی و هەموو کردەوەکانیشی، جیان لە هی دروستکراوەکان.

کەواتە: چوونە سەر عەرشی خوا، لە سەرەوەی دروستکراوەکان بوونی خوا، دیتنی خوا، بیستنی خوا، فەرمایشت فەرموونی خوا، دەستەڵاتی خوا، بەزەیی

خـوا، هەمـوو سـیفەتەکانی خـوا، دەبـێ بڵێیـن: وەك بـۆ خـوا شایسـتەن، وان، نـەك بـەو چەمـك و واتایانـەی دێنـە زەینـی ئێمـەوە، چونکـە ئـەو چەمـك و واتایانـەی دێنە زەینـی ئێمـەوە، هەموویانمـان لـە دروسـتکراوەکانی دارێنـون، بـەڵام خـوا ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾، ئەمـە بناغـەو بنچینـەی بـە پاککرتنـی خوایـە ﷻ، لـەوە کـە لـە هیـچ ڕوویکـەوەو لـە هیـچ شـتێکیدا، وەك دروسـتکراوەکانی بچـێ.

لـە کۆتایـی دا دەفەرمـوێ: ﴿لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ سـیفەتی بیسـت و پێنجـەم: کلیلـەکانی ئاسـمانەکان و زەوی هـەر هـی ئـەون، بەدەسـت ویـن، ﴿يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ﴾ سـیفەتی بیسـت و شەشـەم: بـۆ هـەر کەسـێك کـە بیەوێ بژێـو فـراوان دەکات و، وەتەنـگ دێنـێ، واتـە: لـە هەنـدێ حاڵـدا بـۆی فـراوان دەکات و لـە هەنـدێ حاڵـدا بـۆی وەتەنـگ دێنـێ، یاخـود: بـۆ هـەر کەسـێك بیـەوێ بژێـو فـراوان دەکات و، بـۆ هـەر کەسـێکی دیکـەش بیـەوێ، بژێـو تەنـگ دەکات، کەمـی دەکاتـەوە، ﴿إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ﴾ سـیفەتی بیسـت و حەوتـەم: بـە دڵنیایـی ئـەو بـە هەمـوو شـتێك زانایـە، کـە بـە هەمـوو شـتێك زانایـە، واتـە: زۆر کـردن و کـەم کـردنی بژێویـش بـۆ تـاك تـاکی مرۆڤـەکان، لـە حاڵەتـە جیاجیاکانـدا، یاخـود زۆر کـردنی بژێـو بـۆ هەندێکیـان و کەمکرنـەوەی بـۆ هەندێکیـان، بێگومـان هەمـووی لـە ڕووی زانیاریـی بـێ سـنووری خۆیەوەیـەتی، لـە ڕووی حیکمـەت و کارزانیـی بـێ سـنووری خۆیەوەیـەتی، بـە پێـی ئـەو سیسـتمە ناوازەیـەی کـە لـە ژیـانی بەشـەردا دایناوە، ئێمـە دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا لـە بـارەی فراوانکـردن و تەسـککردن، یاخـود: زۆر کـردن و کەمکـردنی خـوا بـۆ بژێـوی مرۆڤەکانـەوە، باسـێکی تایبـەت دەکەیـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سروشکردنی خوا بۆ پێغەمبەری کۆتایی و سەرجەم پێغەمبەرانی دیکەو، وەسفکرانی خوای بەرزو مەزن بە یازدە سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿حمٓ ﴿١﴾ عٓسٓقٓ ﴿٢﴾ كَذَٰلِكَ يُوحِىٓ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ
ٱللَّهُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣﴾ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٤﴾ تَكَادُ
ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ ۚ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ
لِمَن فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥﴾ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ
ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- خوا عزوجل دوای دەست پێکردن بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، دەفەرموێ: ﴿حمٓ ﴿١﴾ عٓسٓقٓ﴾، ئەمانە پێنج پیتن، دوویان پێکەوە: حا میم (**حم**)، سێشیان پێکەوە: عەین سین قاف (**عسق**)، بەڵام هەموویان پچڕ پچڕ دەخوێنرێنەوە، بە عەرەبیی پێیان دەگوترێ: (**الحُرُوفُ المُقَطَّعَة**) پیتە لێك دابڕێنراوەکان، کە ئێمە لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**یونس**)دا، باسێکی وردمان لە بارەی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەوە کرد، کە لە سەرەتای بیست و نۆ (٢٩) لە سوورەتە موبارەکانی قورئاندا هاتوون، هەروەها لە سەرەتای سوورەتی (**الشعراء**)یشدا، جارێکی دیکە هەندێك شتمان لەو بارەوە باسکرد، شایانی باسە: ئەو پیتانە کە لە سەرەتای بیست و نۆ سوورەتەوە هاتوون، ئەو پیتە پچڕ پچڕانە، هەیانە یەك پیتە، کە لە سەرەتای سێ سوورەتەوە هاتوون: (**ص، ق، ن**)، هەیانە

دوو پیتن، کە دوو پیتەکان زۆرن وەك: (**یس، طه**) و هەموو (**حم**)ەکان، هەیانە سێ پیتن، وەك: (**ألـم**)ەکان، ئەوانیش زۆرن هەروەها (**ألـر**)ەکان و (**طسم**)ەکان، هەیانە چوار پیتن وەك: (**الـمـر، الـمـص**) دوو سوورەتیشیان پێنج پیتیین کە سەرەتای سوورەتی (**مریم**)ە: (**كـهـيـعـص**)و، سەرەتای ئەم سوورەتە، (**الشورى**)یە: (**حم، عسق**) ئێمە لە شوێنی ئاماژە پێکراودا باسێکی تێرو تەسەلمان لە بارەوە کردوەو، لێرە هەڵیناپرووزێنین و بەو ئاماژە کورتە، واز دێنین و دەڵێین: خوای بەرزی مەزن، لە سەرەتای بیست و نۆ لە سوورەتە موبارەکەکانی قورئان، کە دووانیان مەدینەیین و ئەوانی دیکە مەککەیین، ئەم پیتە پچڕ پچڕانە دێنێ، گرنگترینی ئەو ئامانجانەی دەیانپێکن، ئەوەیە، کە ئەم قورئانە بەرزو مەزنە، هەر لەو پیتانەو لەو دەنگانە پێکهاتوە کە مرۆڤەکانی بەکاریان دەهێنن، بۆ ئاخاوتن و نووسین، ئنجا کە ناتوانن نەك وێنەی قورئان، بەڵکو دە (١٠) سوورەت، بگرە وێنەی سوورەتێکیش بێنن، کەواتە: با دڵنیابن ئەو زاتەی لەو پیت و دەنگانە، ئەو فەرمایشتە بێ وێنەیەی پێکهێناوە، خوای بەرزی مەزنە، ئەگەرنا مرۆڤەکان کەم و زۆر دەتوانن لاسایی یەکدی بکەنەوە.

٢)- ﴿ كَذَٰلِكَ يُوحِيٓ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، هەر بەو شێوەیە خوای زاڵی کارزان سروش بۆ لای تۆ دەکات، (پەیامی پەنهانت بۆ دەنێرێ) و بۆ لای ئەوانەی لە پێش تۆش دابوون (لە پێغەمبەران). وەحیی لە زمانی عەرەبییدا (**الْكَلَامُ الْخَفِيُّ**) قسەیەکی پەنهان، واتە: وەك ئەو سروشکردن و پەیامی پەنهان ناردنە، کە مەگەر هەر بە خۆی بچوێنرێ، ئەگەرنا وێنەی دیکەی نیە و هیچ شتێکی دیکە نیە، پێی بچوێنرێ، (**كَذَٰلِكَ**) واتە: وەك ئەو شێوە سەر سوڕهێنەرە لە سروشکردن، کە مەگەر هەر بە خۆی بچوێنرێ، سروشت بۆ لا دەکات، هەروەها بۆ لای ئەوانەش کە لە پێش تۆ دابوون، سروشی بۆ کردوون، پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، کێ ئەو سروشەی کردوە؟

﴿ ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، خـوای باڵادەسـتی کاربەجـێ، خوایـەك ﷻ کـە خـاوەنی ئەوپـەڕی عیـززەت و باڵادەسـتییە، خـاوەنی ئەوپـەڕی زاڵبوونـە، خـاوەنی ئەوپـەڕی کارزانیـی و کاربەجێیشـە، وشـەی (**يُوحِـي**) بـە زۆریـی وا خوێندوویانەتـەوە، بـەڵام

هەندێك لە قورئانخوێنەكانیش خوێندوویانەتەوە: (**كَذَلِكَ يُوحَى إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ**) ئەو شێوەیە بۆ لای تۆ سروش دەكرێ و بۆ لای ئەوانەی پێش تۆش لەلایەن خوای زاڵی كارزانەوە.

كەواتە: ئەوانە سێ لە سیفەتەكانی خوان:

یەكەم: ئەوەیەكە خوا سروش دەكات، بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) و پەیامی پەنهانیان بۆ دەنێرێ.

دووەم: خاوەنی ئەوپەڕی عیززەت و باڵادەستیی بوون.

سێیەم: خاوەنی ئەوپەڕی كارزانیی بوون.

٣)- ﴿ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، هەرچی لە ئاسمانەكان و هەرچی لە زەویدا هەیە، هی ئەوە، زانایان وا تەعبیری دەكەن دەڵێن: (**لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مِلْكاً وَمُلْكاً**) واتە: چ وەك خاوەندارێتیی، چ وەك حوكمڕانیەتیی هەر خوا ﷻ هەمەكارەی ئاسمانەكان و زەوییە، (**مِلْك**): شتێكە كە خاوەنێكی هەبێ، (**مُلْك**)یش، بە مانای حوكمڕانیی و دەسەڵاتدارێتیی دێ.

كەواتە: ئەم گەردوونە بەسەرو خواریەوە، وەك زانایان دەڵێن: (**عُلْوِيِّهِ وَسُفْلِيِّهِ**) سەرێ و خوارێی، هەمووی هەم خاوەن تێیدا، تەنیا خوایە، هەم حوكمڕان و باڵادەست تێیدا، تەنیا خوایە ﷻ.

ئەمەش سیفەتی چوارەم.

٤)- ﴿ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴾، هەر ئەویش زۆر بەرزە، زۆریش مەزنە، ئەمەش سیفەتەكانی: پێنج و شەش، دیارە بەرزیی خوا ﷻ بە ڕەهایی و، مەزنیی خوا بە ڕەهایی، مەبەست پێیان وەك هەموو سیفەتەكانی دیكەی خوا، دەبێ بگوترێ: بەرزیی و مەزنییەك كە بۆ خوا شایستەن، خوا بەرزە، ئەوپەڕی بەرزیی هەیەو، ئەوپەڕی مەزنیی هەیە، بەڵام بەرزییەك و مەزنییەك كە بۆ خوا ﷻ شایستەن، نەك مرۆڤ شتێكی بێتە زەینەوە، وەك بەرزیی

دروستکراوەکان، هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا، یاخود مەزنیی دروستکراوەکان، کە بە دڵنیایی ماناى هەموو سیفەتەکانی خواو، هەموو کردەوەکانی خواو، هەموو ناوەکانی خوا، جیان لەو ماناو مەبەستانەی کە ئێمە بۆ دروستکراوەکانی بەکاریان دێنین، مانایان هەیە، ماناى ڕاستەقینەیان هەیە، بەڵام ئەو ماناو ڕاستەقینەیە بۆ ئێمە نەزانراوە، هەڵبەتە جاری واش هەیە خوا ﷻ وشەیەك بە ماناى مەجازییەکەی بەکاردێنێ، بەڵام سیفەتەکانی خواو کردەوەکانی خوا، هەموویان ماناى ڕاستەقینەیان هەیە، بەڵام بۆ ئێمە زانراو نیە.

کەواتە: سەرچاوەی ئەو سروشە کە بۆ لای تۆ دەکرێ و بۆ پێش تۆش کراوە، خوایەکە ﷻ خاوەنی هەموو ئەو سیفەتە بەرزو ناوازانەیە.

٥)- ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِن فَوۡقِهِنَّ ﴾، نیزیکە ئاسمانەکان لە باری سەرێیانەوە هەڵقڵیشێن، وشەی (يَتَفَطَّرْنَ) خوێنراویشەتەوە: (يَنْفَطِرْنَ)، (تَكَادُ)ش، خوێنراوەتەوە: (يَكَادُ)، هەم بە (تَكَادُ)، هەم بە (يَكَادُ) خوێنراوەتەوە، ئەگەر (يَكَادُ)بێ، ئاسمانەکان، بە ماناى (سَمَاء)ن، یان لەبەر ئەوەی (السموات) (المُؤَنَّث المَجَازِي)ین، (يَنْفَطِرْنَ)ش، لەگەڵ (يَتَفَطَّرْنَ) هەردووکیان یەك واتایان هەیە: (أَيْ: يَتَشَقَّقْنَ) (وَيَتَصَدَّعْنَ) شەق و پەق دەبن، لەت و پەت دەبن، یاخود هەڵدەقڵیشێن، (الفَطْرُ: هُوَ الشَّقُّ طُولاً) شتێك بە باری درێژییدا شەق ببێ، هەڵبقڵیشێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ مِن فَوۡقِهِنَّ ﴾، ئەم ڕاناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمانەکان، واتە: هەڵقڵیشانەکە لە باری سەرێیانەوە دەست پێدەکات، دەشگونجێ ﴿ مِن فَوۡقِهِنَّ ﴾، بگەڕێتەوە بۆ زەوییەکان، واتە: لەسەرەوەی زەوییەکانەوە، بەڵام ماناى یەکەمیان زیاتر پێدەچێ و، (مِن) لە: ﴿ مِن فَوۡقِهِنَّ ﴾دا زیاد کراوە بۆ تەئکید کردنەوەی لەسەرەوەی هەڵقڵیشانی ئاسمانەکان، واتە: لە سەری سەرێوەو لە کوێ سەرەتای سەرێیە، لەوێوە ئەو هەڵقڵیشانانە خەریکە دەست پێدەکات.

هەڵبەتە زانایان لەوبارەوە: ئایا بۆچی خوا ﷻ باسی ئاسمانەکان دەکات، کە لە سەرێیانەوە خەریکە هەڵبقڵیشێن، بشکێن، پارچەپارچە بین؟ قسەیان کردوە، دوایی ئێمە لە کورتە باسێك، لە چوار سەرنجدا، لەوبارەوە قسە دەکەین.

گرنگ ئەوەیە لێرەدا خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە نیزیکە ئاسمانەکان لە باری سەرێیانەوە بشکێن، هەڵبقڵیشێن، پارچەپارچە ببن، کە ئەوەش سیفەتێکی دیکەی حەوتەمی خوای پەروەردگارە، چونکە ئەو هەڵقڵیشانەی ئاسمانەکان لە لای سەرێیانەوە، بە تەئکید پەیوەندیی بە خوای پەروەردگارەوە هەیە، واتە: لە سام هەیبەتی خوا، کە ئەوە یەکێکە لە دوو مانایەکانی و، دوایی زیاتر باسی دەکەین، ئنجا ئەو شەق بوون و هەڵقڵیشانی ئاسمان لە سوورەتی (الرحمن)یش دا خوا ئاماژەی پێداوە: ﴿ فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: کاتێك ئاسمان شەق بوو، وەك گوڵێکی سووری لێ هات، یاخود سوور بۆوە، وەك چۆن ڕۆن داغ دەکرێ، یاخود وەك مسی قاڵکراوەی لێ هات.

٦)- ﴿ وَالْمَلَائِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ﴾، فریشتەکانیش بە ستایشکردنەوە پەروەردگاریان بە پاك دەگرن، واتە: هەم بە پاکی دەگرن و بە دووری دەگرن لە هەڵەو پەڵەو کەم و کوڕیی، هەم ستایشی دەکەن بە سیفەتە بەرزو مەزنەکانی.

ئەمەش سیفەتی هەشتەم لەم چەند ئایەتەدا.

٧)- ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِي الْأَرْضِ ﴾، داوای لێبوردنیش دەکەن بۆ هەموو ئەوانەی کە لە زەویدان، ئنجا ئایا ئەوە تەنیا بڕواداران دەگرێتەوە، یاخود هەموو دانیشتوانی زەوی دەگرێتەوە، مرۆڤ و جند بە چاك و خراپیانەوە، بە بڕوادارو بێبڕوایانەوە؟ ئەوەش دیسان دوایی قسەی زیاتری لەسەر دەکەین.

٨)- ﴿ أَلَا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾، ئەمانەش سیفەتی نۆیەم و دەیەم، کە لەم شەش ئایەتەدا باسکراون: ئاگاداربن! هەر خوا ئەوپەڕی لێبوردەو ئەوپەڕی میهرەبانە، وشەی (ألاَ) واتە: ئاگاداربن، بە کوردیی دەڵێین: (ئەها)، (بزانن)، ﴿ أَلَا إِنَّ اللَّهَ ﴾، بە دڵنیایی خوا، ئنجا بە (هو) ڕاناوی جیاکردنەوە. {ضَمِيرُ الْفَصْل (هُوَ)} واتە: بە سێ ئامراز خوا ﷻ زۆر لێبوردەیی و، زۆر بەزەیی نواندن و میهرەبانیی خۆی تەئکید کردۆتەوە: ١- (ألاَ)، ٢- (إنَّ)، ٣- (هُوَ).

٩)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ ﴾، ئەوانەش کە جگە لەو، یان لە جیاتی وی، یان لە خوار ئەوەوە، دۆستانێکیان سەرپەرشتیارانێکیان بۆ خۆیان پەیداکردوون، خوا پارێزەرە بەسەریانەوە.

ئەوەش سیفەتی یازدەیەمە کە لەم شەش ئایەتەدا باسکراون، واتە: خوا کردەوەکانیان، هاندەریان بۆ کردەوەکان، پەنهان و ئاشکرایان دەپارێزێ، ئاگای لە هەمووی هەیە، ئەمەش هەڕەشەیەکی شێرراوەیە، واتە: سزایان دەدا لە سەر ئەوەی جگە لە خوایان کردوە بە سەرپەرشتیاری خۆیان.

١٠)- ﴿ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴾، تۆش بەسەر ئەوانەوە چاودێر نی، یاخود کار پێسپێردراونی، کە نەهێڵی لابدەن، نەهێڵی بەملاولادا بچن، لێرەدا (وَكِيل) لەسەر کێشی (فَعِيل)ە، بەڵام بە مانای (مَفْعُول)ە، یانی: (وَمَا أَنْتَ بِمُوَكَّلٍ عَلَيْهِم) تۆ بەسەر ئەوانەوە نەکراوی بە کارپێسپێردراویان کە نە هێڵی بەملاولادا بچن.

کورتە باسێک: چوار سەرنج لە بارەی خواو پەیوەندییەوە لەگەڵ دروستکراوەکانی دا

سەرنجی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ﴾، یان (يَنْفَطِرْنَ) زانایان لەو بارەوە زۆر مشت و مڕیان کردوە، کە ئایا ئاسمانەکان بۆچی خوا ﷻ بەوە وەسفیان دەکات، کە نیزیکە هەڵبقلیشێن لەسەرێیانەوە، نیزیکە لەت و پەت بن، لەت و پەت بوونەکەو، هەڵقلیشانەکەش لەسەرەوە دەست پێدەکات؟ بەڵام ئەوەی زیاتر بە دڵەوە دەنووسێن، دوو واتان:

یەکەم: (**يتفطَّرن مِنْ هَيْبَتِهِ وَ خَشْيَتِهِ**) لەبەر سام هەیبەت و، بە مەزن گرتن و ترسان لە خوا ﷻ، ئاسمانەکان خەریکن هەڵبقلیشێن، بۆیەش هەڵقلیشانەکە لە سەرەوە دەست پێدەکات، چونکە خوا ﷻ بەو شێوەیە کە بۆ ئەو شایستەیە، لە سەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، دیارە لە سەرەوەی ئاسمانەکانەوە عەرش هەیە، خوای پەروەردگار لەسەرووی عەرشەوەیە، بەڵام بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە، نابێ مانای بەرز بوونەوەو، لەسەر بوون، لە سەرەوە بوون، (**إستواء وعلوّ وارتفاع**) بەو شێوەیە بێ کە ئێمە بۆ شتەکان بۆ دروستکراوەکان بە کاری دێنین، نابێ ئەو چەمك و واتایانە بێنە زەینمانەوە، چونکە خوا: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾، هیچ شتێك وەك خوا نیە، وەك دوایی پێی دەگەین.

ئنجا ئەگەر لێرەدا مەبەست ئەوە بێ: لەبەر سام و هەیبەتی خوا خەریکن ئاسمانەکان هەڵبقلیشێن، لە سوورەتی (مریم)دا، خوا ﷻ ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ جِئْتُمْ شَيْـًٔا إِدًّا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ ٱلْأَرْضُ وَتَخِرُّ ٱلْجِبَالُ هَدًّا ﴿٩٠﴾ أَن دَعَوْا۟ لِلرَّحْمَـٰنِ وَلَدًا ﴿٩١﴾﴾، پێشێ باسی ئەوە دەکات، کە ڕۆڵە پاڵدەدەنە لای خوا، (بەشێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان)، خوا دەفەرموێ: بەڕاستیی شتێکی زۆر قورس و مەزنتان گوت، شتێکی

زۆر بێرەزاتان گوت، (هەڵەیەکی زۆر بێرەزاتان کرد)، ئاسمانەکان خەریکن بە هۆی ئەو قسەیەوە بقڵیشێن، زەویش خەریکە لەت بێ، پارچە پارچە بێ، چیاکانیش خەریکن بە کەوتنێك، کە دەنگێکی گەورەی لێوە بێ، بکەون، کەوتنەکە دەنگێکی زەبەلاحی لێبێ، وەك چۆن خانووێك دەڕووخێ، ﴿ أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدًا ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە ڕۆڵەیان پاڵدایە لای خوای خاوەن بەزەیی.

هەڵبەتە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**الإسراء**)دا، کورتە باسێکمان لەو بارەوە کردوە، کە هەرچی دروستکراوی خوایە، بە خوا ئاشنایەو خوا دەناسێ، هەر بۆیە کاتێك هەندێ لە مرۆڤەکان ڕۆڵە پاڵدەدەنە لای خواو هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، ئاسمانەکان و زەوی و چیایەکان و تێکڕای دروستکراوەکان، زۆر نارەحەت و قەڵسن، خەریکن لە داخان بپچڕێن، لێکببنەوە و بقڵیشێن، ئەمە مانای یەکەم، کە ئەم مانایە زیاتر دەچێتە دڵ و عەقڵەوەو، ئەو سێ ئایەتەی سوورەتی (**مريم**)یش، زیاتر پشتگیریی ئەو ڕایە دەکەن، کە خوا دەفەرموێ: بە هۆی ئەوەوە کە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان ڕۆڵە دەدەن پاڵ خوای خاوەن بەبەزەیی، ئاسمانەکان خەریکن هەڵبقڵیشێن، زەوی خەریکە پارچەپارچە ببێ، چیایەکانیش خەریکن بکەون، بە کەوتنێك کە دەنگێکی گەورەی لێوە بێت.

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ ﴾، واتە: بە هۆی شیرك و کوفری مرۆڤەکانەوە، گەردوون خەریك بەسەر یەکدا هەڵبقڵیشێ و تێکبچێ، هێندە نارەحەتە.

دووەم: واتای دووەمی کە توێژەرەوانی قورئان باسیان کردوە: (**مِنْ ثِقَلِ ما عَلَيْهِنَّ مِنَ الْمَلائِكَةِ**) بە هۆی ئەو قورسییەوە کە لە سەر ئاسمانەکانە، یان لە نێو ئاسمانەکاندا هەیە لە فریشتەکان، چونکە لە تەفسیری سوورەتی (**فاطر**) و سوورەتی (**الصافات**)دا، کورتە باسمان کردوون لە بارەی فریشتەکانەوە کە چەندە زۆرن!!

لێرەش ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دووبارە دەکەینەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {أَطَّتِ السَّمَاءُ وَحُقَّ لَهَا أَنْ تَئِطَّ، مَا فِيهَا مَوْضِعُ شِبْرٍ، إِلاَّ وَفِيهِ مَلَكٌ قَائِمٌ أَوْ رَاكِعٌ أَوْ سَاجِدٌ} (أخرجه الترمذي: ٢٣١٢، وابن ماجه: ٤١٠٩، والحاكم: ٨٦٣٣، وَحَسَّنَهُ الأَلْبَانِي)، واتە: ئاسمان جیڕەی لێهات، نەقەی لێهات، هەقی خۆشیەتی کە جیڕەو نەقەی لێ بێ، (وەك چۆن بارێکی قورس کە لە وڵاخێك دەنرێ جیڕەی لێ دێ، یان وڵاخەکە نەقەی لێ دێ لە بنیدا)، چونکە شوێنی هیچ بستێك نیە، مەگەر فریشتەیەك تێیدا وەستاوە، یاخود ڕکووعی بردوە، یاخود کڕنووشی بردوە (بۆ خوا ﷻ).

واتە: ئەو ئاسمانە پڕە لە فریشتەکان، وەك چۆن وڵاخێك بارێکی قورسی لێ دەنێن، نەقەو جیڕەی دێ، ئاوا ئاسمانیش نەقەو جیڕەی دێ.

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ ﴾، واتە: بەهۆی ئەو بارە قورسەوەی لەسەر پشتیانە، کە بریتین لە فریشتەکان، ئاسمانەکان خەریکن بقڵیشێن، بەڵام مانای یەکەمیان زیاتر بە دڵەوە دەنووسێ.

سەرنجی دووەم: لەوبارەوە کە ئایا خوا ﷻ پەیوەندیی لە گەڵ گەردووندا، لەگەڵ ئاسمانەکان و زەویدا، لەگەڵ دروستکراوەکانیدا، چۆنە؟ دیارە خوا بە دیهێنەری هەموو شتێکەو، هەرچی هەیە هەمووی دروستکراوی خوایە، هیچی بوونی نەبووەو خوا بوونی پێداوە، لە نێو دروستکراوەکاندا ئاسمانەکان و زەوی، لە سەرووی ئەوانەوە عەرش و کورسیی، بەڕای هەندێك لە زانایان کە دەڵێن: کورسیی جیسمێکە، دروستکراوی خوایە، بەڵام کورسیی مشت مڕی لەسەرە، بەڵام عەرش ئەوە دیارە خوا لە حەوت شوێنان لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾، هەروەها خوا ﷻ، هەم بۆ حاڵەتی ئێستا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ ﴿٧﴾ ﴾غافر، هەروەها بە نسبەت ڕۆژی دواییشەوە دەفەرموێ: ﴿ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴿١٧﴾ ﴾الحاقة.

کەواتە: عەرش دروستکراوێکە هەڵگیراوەو، خوای پەروەردگاریش لە سەرووی عەرشەوەیە، بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، چونکە کاتێك نە عەرش هەبووەو، نە ئاسمانەکان و هیچ شتێك نەبووە، خوا ئەوکاتە چۆن بووە، ئێستاش هەر وایە.

لەوبارەوەش بە بۆچوونی من هەم کورتهێنان (**تفریط**)و، هەم زیادەڕۆیی (**إفراط**) هەبووە، لە نێوان دوو کۆمەڵ لە مسوڵماناندا، کە لە مێژوو دابوون و ئێستاش شوێنەواری بیرۆکەکانیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە کەسانێك کە زێدە ڕۆییان کردوە لە بە پاککرتنی خوادا، هەڵبەتە خوا هەتا بەپاك بگیرێ کەمە، بەڵام نابێ بە بیانووی بە پاك گرتنی خواوە، سیفەتەکان لە خوا پەك بخرێن و، سیفەتەکان لە خوا دابڕنرێن و تووشی (**تعطیل**) ببین، ئەوە لایەك، لایەکەی دیکەش زیادە ڕۆییان کردوە لە چەسپاندنی سیفەتەکان دا بۆ خوا، بە شێوەیەك کە سەریان بە وێچواندن و جەستاندن (**تشبیه وتجسیم**) گەیشتوە، ئەوانی دیکەش سەریان بە (**تعطیل وتجرید**) گەیشتوە، کە سیفەتەکان لە خوا پەك بخەن و لێی دابڕنن.

بەڵام هەق و ڕاستیی لە نێوان ئەو دووانە دایە، لەو بارەوە قسەیەکی (**فخر الدین الرازي**) دێنین، کە ئەو یەکێکە لەوانەی زێدەڕۆیی کردوە لە دوورخستنەوەی خوا لە وێچوونی دروستکراوەکانیدا، کە بە تەئکید خوا دوورە لەوەی بە دروستکراوەکانی بچێ، بەڵام نابێ بە بیانووی ئەوە سیفەتەکان لە خوا دابڕنین، (**الرازي**) لە بارەی ئەو ئایەتەوە: ﴿إِن كُلُّ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِى ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾﴾مریم، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەمووی بەبەندایەتیی دێت بۆ لای خوای خاوەن بەبەزەیی، لە بارەی ئەو ئایەتەوەو لە تەفسیری دا نووسیویەتی:

(**وَكَلِمَةُ «مَنْ» لاَ شَكَّ أَنَّهَا وَارِدَةٌ فِي حَقِّ اللَّهِ تَعَالَى، فَدَلَّتْ هَذِهِ الآيَةُ عَلَى أَنَّ كُلَّ مَنْ فِي السَّمَوات وَالأرض فَهُوَ عَبْد لله، فَلَوْ كَانَ اللهُ مَوْجُوْداً فِي السَّمَوات وَالأَرْض وَفِي العَرْش، لَكَانَ هُوَ مِنْ جُمْلَةِ من فِي السَّمَوات، فَوَجَبَ أَنْ يَكُونَ عَبْدَ اللهِ، وَلَمَّا ثَبَتَ**

بِهَذِهِ الْآيَةِ أَنَّ كُلَّ مَنْ كَانَ مَوْجُودًا فِي السَّمَوات وَالْعَرْشِ فَهُوَ عَبْدٌ لِلَّهِ، وَجَبَ فِيمَنْ تَقَدَّسَتْ كِبْرِيَاؤُهُ عَنْ تُهْمَةِ الْعُبُودِيَّةِ، أَنْ يَكُونَ مُنَزَّهًا عَنِ الْكَوْنِ فِي الْمَكَانِ وَالْجِهَةِ وَالْعَرْشِ وَالْكُرْسِيِّ)[1].

لێرەدا (**فخرالدين الرازي**) بەڵگە هێنانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەکات! خوا دەفەرموێ: {هەر کەس کە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەمووی بەبەندەیی دێ بۆ لای خوای خاوەن بەزەیی} لە تەفسیریدا دەڵێ: وشەی (مَنْ) بە دڵنیایی لە بارەی خوای بەرزەوە هاتوە، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لە سەر ئەوە کە هەر کەسێك لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، ئەوە بەندەی خوایە، بۆیە ئەگەر خوا لە ئاسمانەکان و زەویدا (ئنجا ئەو عەرشیشی بۆ زیاد دەکات) و لە عەرشدا بووایە، ئەویش دەچووە نێو ڕیزی ئەوانەی لە نێو ئاسمانەکان دان، ئەو کاتەش خوا دەبوو بە بەندەی خوا، ئنجا کە بەو ئایەتە چەسپا کە هەکەسێك لە ئاسمانەکان و لە عەرش دایە، بەندەی خوایە، کەواتە: کەسێك کە گەورەیی ئەو زۆر پاکە، نابێ تۆمەتی بەندایەتیی پاڵ بدرێتەلاو، دەبێ بە پاك بگیری لەوەی کە لە شوێنێك دابێ، لە لایەك بێ و، لەسەر عەرش و لەسەر کورسی بێت.

پوختەی قسەکەی (**فخرالدين الرازي**) ئەوەیە کە: ئەوانەی دەڵێن: خوا لەسەر عەرشە، یان لە ئاسمانە {واتە: لە سەرەوەیە} مانای وایە بە پێی ئەو ئایەتە کە خوا دەفەرموێ: هەر کەسێك کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەمووی بەندەی خوایە، کەواتە: دەبێ خواش بەندەی خوا بێ!!

بەڵام ئێمە وەڵامی ئەو قسانە، ئاوا دەدەینەوە:

ئەوانەی دەڵێن: خوا لە سەرێیە، مەبەستیان ئەوە نیە لە نێو ئاسماندایەو ئاسمان ببێتە زەرفێك و خوای تێدابێ، بەڵێ: هەندێك وشکە حەنبەلیی و وشکە ظاهیریی، ڕەنگە وایان تەصەووڕ کردبێ، بەڵام ئەو تەصەووڕە هەڵەیەو، خوا

---

(١) التفسير الكبير: ج ٢٥، ص ١٢٧.

لە نێو دروستکراوی خۆیدا نیە، ئەوانەی کە دەڵێن: خوا لە سەرێیە، دەڵێن: (**أَللهُ مُسْتَوٍ عَلَى عَرْشِهِ، بَائِنٌ عَنْ خَلْقِهِ كَمَا يَلِيقُ بِهِ**) خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی و، لە دەرەوەی دروست کراوەکانی خۆیەتی، بەو شێوەیەی بۆی شایستەیە.

بەڵێ بەداخەوە کاتی خۆی هەندێك لە حەنبەلییەکان و ظاهیرییەکان پێیان وابووە، وەك چۆن مرۆڤ لە سەر تەختێك، کورسییەك دادەنیشێ، خواش ئاوا لەسەر عەرش دانیشتوە، چوار مەشقیی، هەروەها پێیان وابووە خوا لە نێو ئاسمان دایە! یانی: ئەگەر (**الرازي**) بەولادا تێپەڕاندوە، بە بیانووی بە پاککرتنی خوا، لەوەدا کە وەك دروستکراوەکانی بچێ، ئەوانی دیکەش بە بیانووی ئەوە کە سیفتەکان بۆ خوا دەچەسپێنن، زیادە ڕۆییان کردوەو تێیانپەڕاندوە کە سیفەتەکانی خوایان، وەك هی دروستکراوەکان تەماشا کردوون، ئەگەرنا چوونە سەر عەرشی خوا، بەرزبوونەوەی خوا بۆ سەر عەرش، سەقامگیربوونی خوا لەسەر عەرش، دەبێ بڵێین: وەك بۆ خوا شایستەیە، نەك بەو چەمك و واتایانەی دێنە زەینی ئێمەوە، کە هی دروستکراوەکانن.

لێرەدا چەند قسەیەك دێنمەوە، لە هەندێك لە زانایانەوە، کە لەو بارەوە، چییان گوتوە؟

١)- (**القرطبي**) دەڵێ: زانایان گوتوویانە: (**التَّوْحِيدُ: إِثْبَاتُ ذَاتٍ غَيْرِ مُشَبَّهَةٍ بِالذَّوَاتِ، وَلَا مُعَطَّلَةٍ مِنَ الصِّفَاتِ**)[١]، واتە: خوا بەیەککرتن ئەوەیە ئێمە زاتێك بچەسپێنن کە وەك زاتەکانی دیکە ناچێ و، سیفەتەکانیشی لێ پەکخراونین، سیفەتەکانیشی هەن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾الشوری، هیچ شتێك وەك ئەو نیە، ئەمە بۆ بە پاککرتنی خوا، بۆ چەسپاندنی سیفەتەکانیش: ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾، ئەو بیسەری بینەریشە، واتە: سیفەتی بیستن و دیتنی هەن، بەڵام بە تەئکید سیفەتەکانیشی وەك زاتەکەینی و، وەك سیفەتەکانی دروستکراوەکان نین.

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج٧، ص ٣٢٨.

دوایـی (القرطبـي) دەڵـێ: (صَـدْرُ الآيَـةِ فِيـهِ رَدٌّ عَـلَى الْمُشَـبِّهَةِ، وَتَتِمَّتُهَـا رَدٌّ عَـلَى الْمُعَطِّلَـةِ)[١]، سـەرەتای ئایەتەکـە: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ ﴾، بەرپەرچـدەرەوەی ویچوێنـەرەکان (و جەسـتێنەرەکان)ەو، تەواوکارەکەیـشی: ﴿ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾ ، بەرپەرچـدەرەوەی پەکخەرەکانـە، ئەوانـەی خـوا لـە سـیفەتەکانی پـەك دەخـەن و دادەڕنـن.

٢)- (الحافظ ابن عبدالبر)، وەك (جمال الدين القاسمي) لە تەفسیرەکەی خۆی دا[٢]، لێی وەردەگرێ، دەڵێ: (أَهْلُ السُّنَّةِ مُجْمِعُونَ عَلَى الإِقْرَارِ بِالصِّفَاتِ الْوَارِدَةِ كُلِّهَا فِي الْقُرْآنِ وَالسُّنَّةِ، وَالإِيمَانِ بِهَا، وَحَمْلِهَا عَلَى الْحَقِيقَةِ لَا عَلَى الْمَجَازِ، إلاَّ أَنَّهُمْ لَم يُكَيِّفُوا شَيْئاً مِنْ ذَلِكَ)، واتە: ئەهلی سوننەت (واتە: ئەوانەی کە بەدوای ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ کەوتوون) یەکدەنگن لەسەر ئەوە: سیفەتەکان کە لە قورئان و سوننەت دا هاتوون بۆ خوا بچەسپێنرێن و، بشکوترێ مانای ڕاستەقینەیان هەیە نەك مانای مەجازیی، بەڵام هیچ کام لە سیفەتەکانی خوا، چۆنیەتییەکەیان دیاریی نەکردوون و نەیانگوتوە بەو شێوەیەن.

کەواتـە: ئـەو چەمـك و واتایانـەی دێنـە مێشـکی ئێمـەوە لـە کاتێکـدا بـۆ وێنـە: کـە وشـەی (وَجْـه) بەکاردێنیـن، یـان وشـەی (يَـدْ) بەکاردێنـن، یـان وشـەی بەرزبوونـەوە (علـوّ) بەکاردێنیـن، ئـەو چەمـك و واتایانـە نابـێ بـۆ خـوای موتەعـال بەکاربێـن.

٣)- (جمال الدين القاسمي) دەڵێ: کەواتە: ئەو کەسەی کە دەڵێ: (الله لَا فِي زَمَانٍ، وَلَا فِي مَكَانٍ، وَلَا يُرَى وَلَا يَسْمَعُ، وَلَا يُبْصِرُ، وَلَا يَتَكَلَّمْ، وَلَا يَرْضَى، وَلَا يُرِيدُ، وَلَا وَلَا)[٣]، واتە: خوا لە هیچ شوێنێکدا نیە، لە هیچ کاتێك دانیەو، نابینرێ و نابیستێ و نابینێ، قسە ناکات و ڕازی نابێ و نایەوێ، نا و نا، هەتا هەندێکیان گوتوویانە: خوا ﷻ نە لە نێو گەردووندایە، نە لە دەرەوەی گەردوونە!!

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج٢٥.

(٢) محاسن التأويل: ج١٤، ص ٢٩٥.

(٣) محاسن التأويل: ج ٨، ص ٣٥٦

لە ڕاستییدا ئەوە تێپەڕاندنێکی زۆرە لە بە پاککرتنی خواداو بە بیانووی بە پاککرتنی خواوە، دارنینی سیفەتەکانە لە خوا.

٤)- هەر لەو بارەوە لە: (محاسن التأويل)ەکەی دا[1] هێناویەتی لە (الذهبي)یەوە: (وَقَالَ الذَّهَبِيُّ رَحِمَهُ الله: مَقَالُ مُتَأَخِّرِي الْمُتَكَلِّمِينَ، أَنَّ اللهَ تَعَالَى لَيْسَ فِي السَّمَاءِ، وَلَا عَلَى الْعَرْشِ، وَلَا عَلَى السَّمَوَاتِ، وَلَا فِي الْأَرْضِ، وَلَا دَاخِلَ الْعَالَمِ وَلَا خَارِجَ الْعَالَمِ، وَلَا هُوَ بَائِنٌ عَنْ خَلْقِهِ، وَلَا مُتَّصِلٌ بِهِم. وَقَالُوا: جَمِيعُ هَذِهِ الْأَشْيَاءَ صِفَاتُ الْأَجْسَامِ، وَاللهُ تَعَالَى مُنَزَّهٌ عَنِ الْجِسْمِ، هَذِهِ السُّلُوبُ نُعُوتٌ لِلْمَعْدُومِ، بَلْ هُوَ مَوْجُودٌ مُنَزَّهٌ عَنْ خَلْقِهِ، مَوْصُوفٌ بِمَا وَصَفَ بِهِ نَفْسَهُ، وَهُوَ فَوْقَ الْعَرْشِ بِلَا كَيْفٍ)

زەهەبیی دەڵێ: قسەی زانایانی کەلام، هی دواییینەکانیان، (واتە: ئەوانەی قسەیان لە بارەی عەقیدەو تەوحیدەوە کردوە)، کە گوتوویانە: خوای بەرز نە لە ئاسمانەو نە لە سەر عەرشەو، نە لەسەر ئاسمانەکانەو، نە لە نێو زەوییەو، لە نێو گەردوون دایەو، نە لە دەرەوەی گەردوونە، هەروەها خوا جیا نیە لە دروستکراوەکان و پێشیانەوە پەیوەست نیە، گوتوویانە: چونکە هەموو ئەوانە سیفەتی جیسم و ماددەن، خوای پەروەردگاریش لە جیسم و ماددە پاکە، (زەهەبیی دەڵێ:) ئا ئەو لابردنی ئەو سیفەتانە، وەسفە بۆ شتێك کە نەبێ، {لە نێو دروستکراوەکانیدا نیە بەڵێ بەدڵنیایی، بەڵام بڵێی: لە درەوەشیاندا نیەو لەسەر عەرش نیە، ئەوە پێچەوانەی قورئان و زگماك و عەقڵیشە} دوایی (الذهبي) دەڵێ: قسەی ڕاست ئەوەیە کە بگوترێ: خوا پاکە لەوەی وەك دروستکراوەکانی بچێ، بەڵام وەسفکراویشە بەوەی خۆی پێوە وەسفکردووەو خوا لەسەر عەرشەو، لە سەرەوەیە، بەڵام بێ ئەوەی ئێمە چۆنیەتییەکەی بزانین {بەو چۆنیەتییە نیە، کە دروستکراوەکان لەسەر شتێك دەبن، یاخود لەسەرێ دەبن، یان لە کات و شوێندا دەبن}.

---

(١) محاسن التأويل: ج ٨، ص ٣٥٦

سەرنجی سێیەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، واتە: فریشتەکان داوای لێبوردن دەکەن بۆ ئەوانەی لە زەوی دان، زانایان گوتوویانە: ئەمە سێ واتای هەن: یەکەم: مەبەست پێی بڕوادارانێکە کە لەسەر زەویین، ئەوە لە ئایەتی (٧)ی سوورەتی (غافر)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴾، واتە: فریشتەکان داوای لێبوردن دەکەن بۆ بڕواداران (دەڵێن:) پەروەردگارمان! بەزەیی و زانیاریی تۆ هەموو شتێکی گرتۆتەوە، لەوانە ببوورە کە گەڕاونەوە بۆ لای تۆ و شوێن ڕێبازەکەت کەوتوون و، لە سزای دۆزەخ چەپاڵەیان بدە.

ئنجا ئەگەر مەبەست لە: ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، بڕواداران بێ، ئەوە ئایەتی ژمارە (٧)ی، سوورەتی (غافر) پشتڕاستی دەکاتەوە.

دووەم: دەشگونجێ مەبەست پێی مرۆڤ و جند هەموویان بێ، هەموو ئەوانەی لەسەر زەویین، بەڵام بەو واتایە نا، کە فریشتەکان داوای لێبوردن لە خوا بۆ کافران بکەن، بەڵکو بەواتایەکی دیکە: (**أي: لَا يُعَاجِلُهُمْ بِالعِقَابِ**) فریشتەکان داوا دەکەن لە پەروەردگار کە پەلە نەکات لە سزادانی خەڵکی سەر زەوی، وەك لە سوورەتی (فاطر)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤١﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی خوا ئاسمانەکان زەوی دەگرێ کە لانەچن و ئەگەر لابچن، جگە لە خوا هیچ کەس نایانگرێ، بە دڵنیایی خوا زۆر هێدیی و مەندەو زۆریش لێبووردەیە.

واتە: لێبووردەیە بۆ خەڵکی نێو ئاسمانەکان و زەوی، بەو واتایە کە لە هەڵەو کەم و کوڕییەکانیان دەگەڕێ، تاکو کاتی خۆی دێ و یەکسەر سزایان نادات، وەك لە کۆتایی سوورەتی (فاطر)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ ﴿٤٥﴾ ﴾، واتە: ئەگەر خوا خەڵکی گرتبایە بە هۆی ئەوەوە کە دەیانکرد، پێڕۆی لەسەر پشتی (زەوی) نەدەهێشت.

سێیەم: واتایەکی دیکەی سێیەمیشی هەیە، کە من ئەو واتایەم بەدڵە، ئەویش ئەوەیە: فریشتەکان داوای لێبوردن بۆ هەمووان لە خوا دەکەن، بەڵام داوای لێبوردن بۆ ئیمانداران دەکەن، کە خوا لێیان ببوورێ و، داوای لێبوردنیش بۆ ئەهلی کوفر دەکەن، کە خوا هیدایەتیانداو، بیانخاتە سەر ڕاستە ڕێ.

سەرنجی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ ٦﴾الشورى، تۆ بەسەریانەوە وەکیل نی، (**التَّوكِيلُ: أَنْ تَعْتَمِدَ عَلَى غَيْرِكَ، وَتَجْعَلَهُ نَائِباً عَنْكَ، والوَكِيلُ فَعِيلٌ بِمَعْنَى المَفْعُول. قَالَ تَعَالَى:** ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ٨١﴾ النساء، **أي: اكْتَفِ بِهِ، أَنْ يَتَوَلَّى أَمْرَكَ، وَيَتَوَكَّلَ لَكَ،** ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ﴾، **أي: بِمُوَكَّلٍ عَلَيْهِمْ وَحَافِظٍ لَهُمْ**)[1]، واتە: (توکیل): بریتیە لەوە کە تۆ پشت بە جگە لە خۆت ببەستی و، بیکەی بە نوێنەر و جێگری خۆت، (وَكِيل) لەسەر کێشی (فَعِيل)ە، بەڵام بە مانای (مَفْعُول)ە، کە دەفەرموێ: ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ٨١﴾النساء، واتە: خوات بەسە، کاری تۆی عاید بێ، وەکیلی تۆ بێ، ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ﴾، واتە: تۆ نەکراویە وەکیل بەسەریانەوەو، تۆ پارێزەریان نیت.

کە ئەمە بێگومان دڵدانەوەی پێغەمبەری خوایە ﷺ، هەروەها دڵدانەوەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەری خوایە ﷺ، کە ئەگەر ئەوانە بێبروابوون و ڕوویان لە شیرك و کوفر کرد، خوا سزای ئێوە نادات و لێتان ناپرسێتەوە: بۆچی نەتانهێشت؟ چونکە ئێوە وەکیل نین بەسەریانەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش، ئاگادارکردنەوەی بێبڕوایانیشە کە: خۆتان بەرپرسیارن لە کردەوەو ڕەفتاری خۆتان و هیچکەس لە جیاتی ئێوە لێی ناپرسرێتەوە، خۆتان بەرپرسیاری کارو کردەوەکانی خۆتانن.

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن: ص ٨٨٢.

مەسەلەی دووەم:

خوا ﷻ وەك سروشکردنی بۆ پێغەمبەرانی پێشوو (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، قورئانێکی بە زمانی عەرەبیی بۆ لای تۆش (ئەی موحەممەد! ﷺ) سروشکردوە، تاکو خەڵکی شاری مەککەو دەوروبەری، {تێکڕای دنیا} هۆشیار بکەیەوە، لە ڕۆژێك کە دوو دڵیی هەڵناگرێ و خەڵك تێیدا دەبنە دوو کۆمەڵی جیاواز لە دۆزەخ و، لە بەهەشتدا، خواش نەیویستوە خەڵك ناچار بکات، ئەگەرنا دەیکردنە یەك کۆمەڵ و لە سەر ئیمان کۆی دەکردنەوەو، جگە لە خواش بە دۆست و سەرپەرشتیار گرتن شتێکی بێجێیە، چونکە بەس خوا سەرپەرشتیارەو، مردووان دەژێنێتەوەو لەسەر هەموو شتێکیش توانایە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ ٱلْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ ﴿٧﴾ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٨﴾ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۖ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلْوَلِىُّ وَهُوَ يُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٩﴾ ﴾.

شیکردنەوی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا ﴾، هەر بەو شێوە {سەرسوڕهێنەرە کە هەر دەبێ بە خۆی بچوێنرێ، یاخود: بەو شێوەیە کە خوا ﷻ سروشیکردوەو پەیامی پەنهانی ناردوە بۆ پێغەمبەرانی پێشوو} بۆ لای تۆش قورئانێکمان بە زمانی عەرەبیی سروشکردوە، لێرەدا (**أُطْلِقَ الْقُرْآنُ: وَهُوَ مَصْدَرٌ مِثْلُ غُفْرَانٌ، أُطْلِقَ عَلَى الْمَقْرُوء**) واتە: خوێنراوەیەکی عەرەبییمان بۆ لای تۆ ناردوە، کەواتە: هیچ جیاوازیی نیە لە نێوان ئەوەدا کە بۆ لای تۆ سروشکراوەو، ئەوەی بۆ لای پێغەمبەرانی پێش تۆ (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، سروشکراوە، جگە لە جیاوازیی ئەو زمانەی کە فەرمایشتەکانی خوایان پێ سروشکراون و، کتێبەکانی

خوایان پێ دابەزێنراون، بەس زمانەکان جیابوون، ئەگەرنا ناوەرۆکیان هەمان ناوەرۆك بووەو، چۆنیەتیی سروشکرانەکەش هەمان چۆنیەتیی بووە.

ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ قورئانی بەزمانی عەرەبیی بۆ لای موحەممەد ﷺ پێغەمبەری کۆتایی سروشکردوە؟

٢)- ﴿لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾، تاکو (خەڵکی) دایکی ئاوەدانییەکان (مەککە)و ئەو خەڵکەی لە دەورینی وریا بکەیەوەو بترسێنی. ﴿أُمَّ ٱلْقُرَىٰ﴾ شۆرەت و کونییەی شاری مەککەیە، بۆیەش بە مەککە گوتراوە: ﴿أُمَّ ٱلْقُرَىٰ﴾، چونکە لە هەموو شارە عەرەبییەکان دێرینتر بووە، ئنجا ئەگەر شاری مەککە وەك چەقێك دابنرێ، مانای وایە هەموو شارەکانی دیکەی دنیا، دەکەونە دەوری مەککە، بەڵکو هەندێك لە زانایان، زانایانی جوگرافیناسیی هاوچەرخ دەڵێن: ئەو شوێنە جوگرافییەی شاری مەککەی کەوتوتێ، وەك ناوەڕاستی گەیاندنی هەموو کیشوەرەکان وایە.

کەواتە: ئامانج لە سروشکرانی قورئانێکی عەرەبیی بۆ پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ بریتی بووە لە وریاکردنەوەو ترساندنی خەڵکی شاری مەککە.

﴿وَمَنْ حَوْلَهَا﴾ ئەو خەڵکانەش لە دەوری ئەو شارەن، کە ئەمە ئەگەر بازنە تەسکەکە ڕەچاو بکرێ، کە شاری مەککە لە نیوە دورگەی عەرەبیی دایە، هەموو ئەو شارو ئاوەدانییانەی لە نیوە دورگەی عەرەبییدان، لە دەورینی، بەڵام ئەگەر بازنە فراوانەکە ڕەچاو بکرێ، هەموو شارەکان و ئاوەدانییەکانی دنیا، دەکەونە دەوری مەککە.

خوا ﷻ لە چەندان شوێن لە قورئانی مەککەیدا ڕایگەیاندوە کە ئەم قورئانەو، پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە ئەو قورئانەی بۆ نێردراوە، هەردووکیان بۆ هەموو مرۆڤایەتیین، بۆ وێنە:

١)- له سووڕەتی (الفرقان)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ۝١ ﴾، واتە: بەرزو بە پێزە ئەو کەسەی کە فورقانی دابەزاندوە، (لێك جیاکەرەوەی دابەزاندوە) تاکو بۆ هەموو جیهانییان ببێتە ترسێنەرو وریاکەرەوە.

٢- هەروەها لە سووڕەتی (سبأ)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۝٢٨ ﴾، واتە: تۆمان نەناردوە مەگەر بۆ تێکڕای خەڵکی موژدەدەرو ترسێنەر بی.

٣- هەروەها لە سووڕەتی (الأنبياء)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ۝١٠٧ ﴾، واتە: تۆمان نەناردوە مەگەر بەزەیی خوا بی بۆ هەموو جیهانییان.

کە دەفەرموێ: ﴿ لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ ﴾، ﴿ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ ﴾، دەبێتە بەرکاری یەکەم بۆ وشەی (تُنْذِرَ) بەڵام لە چی بیانترسێنێ و بۆچی وریایان بکاتەوە؟ بەرکاری دووەم (مَفْعُول بِهِ الثاني) قرتێنراوە، چونکە سیاقەکە دەلالەتی لەسەر دەکات: (لِتُنْذِرَ أُمَّ القُرَى عَذَابَ اللهِ) تاکو خەڵکی شاری ﴿ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ ﴾، بترسێنی و وریابکەیەوە لە سزای خوا، ﴿ وَمَنْ حَوْلَهَا ﴾، هەروەها ئەو خەڵکەش کە لە دەوری ئەو شارەن، ئەوانەش بترسێنی لە سزای خوا.

٣)- ﴿ وَتُنذِرَ يَوْمَ ٱلْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾، هەروەها بیانترسێنی لە ڕۆژی کۆبوونەوە، کە دوولیی تێدانیە. لێرەدا: ﴿ يَوْمَ ٱلْجَمْعِ ﴾، دەبێتە بەرکاری دووەم، بە پێچەوانەی ڕستەی یەکەمەوە، ڕستەی یەکەم بەرکاری یەکەمی باسکراو، بەرکاری دووەمی قرتێندراوە، لەبەر ئەوەی سیاق دەیگەیەنێ، تاکو لە ڕۆژی کۆبوونەوە بترسێنی، کێ بترسێنێ؟ بەرکاری یەکەم قرتێنراوە (أَيْ: تُنْذِرَ أَهَلَ أُمِّ القُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا يَوْمَ الجَمْعِ) واتە: خەڵکی ﴿ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ ﴾، و خەڵکەکانی دەوروبەریان بترسێنی و وریابکەیەوە، لە ڕۆژی کۆبوونەوە.

بێگومان ڕۆژی خڕبوونەوەو، کۆبوونەوە ڕۆژی قیامەتە، وشەی: (الجمع) لە (يَوْمَ ٱلْجَمْعِ)دا: (الجَمْعُ مَصْدَرٌ أَوْ اسْمٌ لِلْمُجْتَمِعِين) (الجمع) چاوگە، یاخود ناوە بۆ ئەوانەی لەوێدا کۆدەبنەوە، یانی ڕۆژی کۆمەڵ، ئەو خەڵکەی کە لەوێدا کۆمەڵ دەبێتەوە خڕدەبێتەوە، کۆمەڵ بووان، کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە.

﴿ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾، هیچ دوو دڵیی تێدانییە، کە دەفەرموێ: ﴿ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾، (أَيْ: دَلَائِلُهُ تَنْفِي الشَّكَّ فِي أَنَّهُ سَيَقَعُ، فَنُزِّلَ رَيْبُ الْمُرْتَابِينَ فِي مَنْزِلَةِ الْعَدَمِ، لِأَنَّ مُوجِبَاتِ الْيَقِينِ بِوُقُوعِهِ بَيِّنَةٌ) واتە: بەڵگەکانی هاتنی ڕۆژی کۆبوونەوەی خەڵك لە ڕۆژی قیامەتدا، لابەری دوو دڵییە، کە ئەو ڕۆژە هەر دەقەومێ، بۆیە دوو دڵیی دوو دڵان و، گومانداران لە بارەی ڕۆژی کۆبوونەوەوە، وەك نەبوو تەماشا کراوە، چونکە ئەو بەڵگانە دڵنیایی پێویست دەکەن، کە ئەو ڕۆژە دەبێ هەر ببێ.

٤)- ﴿ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ ﴾، کۆمەڵێك لە بەهەشتدان و کۆمەڵێك لە کڵپە (ی دۆزەخ)دان. وشەی (**فريق.. وفريق**) هەردووکیان گوزارە (**خبر**)ی نیهاد (**مبتدأ**) یَکی قرتێنراون، وەك (**هُمْ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّة**) ئەو خەڵکە کە کۆدەبنەوە، دەبنە کۆمەڵێك لە بەهەشتدا، هەروەها: (**وَهُمْ فَرِيقٌ فِي السَّعِير**) دەبنە کۆمەڵێکیش لە کڵپەی دۆزەخدا، کە مەبەست دەرەنجامی کۆتاییە، یانی: (**الْمُحَصِّلة النِّهَائِيَّة**)، دەرەنجامی کۆتایی خەڵك دابەش دەبن بۆ ئەم دوو شوێنە، بۆ بەهەشت و بۆ دۆزەخ، بەڵام ئەمە تێکناگیرێ لەگەڵ ئەوەدا کە چەندان فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ هەن و، ئەوە یەکێکە لەو شتانەی کە لە لای زۆربەی هەرە زۆری مسوڵمانان بەشێکە لە عەقیدەیان، کە خاوەنی گوناهە گەورەکان، بایی گوناهە گەورەکانیان ئەگەر پاك نەبووبنەوە، بە سزای قۆناغی بەرزەخ، یان نە کەوتبنە بەر ویستی ڕەهای خوا، یان وەبەر شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ نەکەوتبن، دەبێ بەقەدەر تاوانەکانیان بسووتێنرێن، ئنجا دوای ئەوەی پاك دەکرێنەوەو، سزا دەدرێن، دێنە بەهەشت، چەندان فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ لەو بارەوە هەن، لە کتێبەکانی سوننەت دا هاتوون.

ئنجا کە دەفەرموێ: کۆمەڵێك لە بەهەشت دان و، کۆمەڵێك لە دۆزەخدان، لەگەڵ ئەوەدا کە باسکرا تێکناگیرێ، چونکە لێرەدا باسی دەرەنجامی کۆتایی دەکات، بۆیە ئەوەی کاتی خۆی موعتەزیلەو خەواریج گوتوویانە[1]: ئەوە نیە کە خەڵکێك بچێتە دۆزەخ و، دوایی بچێتە بەهەشت دوای پاکبوونەوە، شتی وانیە،

---

(١) هەروەها هەندێك لە زانایانی هاوچەرخیش.

یەك ڕێیە، یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخە، ئنجا ئایەتێکی ئاوایان بەبەڵگە هێناوەتەوە، لە ڕاستییدا نەیانپێکاوە، چونکە ئەم ئایەتە باسی دەرەنجامی کۆتایی دەکات، ئەگەرنا لە سوورەتی (الأعراف)دا، خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە کۆمەڵێك هەن لە نێوان بەهەشت و دۆزەخاندا، لەسەر دیوار و نێوانێکن کە دەکەوێتە نێوان بەهەشت و دۆزەخەوە و، هەردووك لایان دەبینن: ﴿ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى ٱلْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَىٰهُمْ ﴿٤٦﴾ ﴾!

کەواتە: ئەم ئایەتە باسی ئەوەش ناکات و هاوەڵانی ئەعرافیش ناگرێتەوە! بەڵام ئەم ئایەتە باسی دەرەنجامی کۆتایی دەکات، چونکە دوایی ئەوانەش کە لەسەر (أَعْرَاف)ن، واتە: لەسەر ئەو نێوانەن کە دەکەوێتە بەینی بەهەشت و دۆزەخەوە، سەرەنجام بەڕای زۆربەی زانایان، وەك لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف)دا، باسمان کردوە، ئەوانیش سەرەنجام دەچن بۆ بەهەشت، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾، واتە: ئومێدەوار بوون بە بەهەشت، بەڵام جارێ نەچووبوونەتێی.

لە سوورەتی (النساء)دا، باسێکمان لەو بارەوە کردوە کە خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات: تەوبە لە دوو جۆرە کەسان وەرناگیرێ، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧﴾ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَٰٓئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: وەرگرتنی تەوبە لەسەر خوا تەنها بۆ کەسانێکە بەنەزانیی خراپە دەکەن، دوایی بە نیزیکیی دەگەڕێنەوە، ئەوانە خوا گەڕانەوەیان لێ وەردەگرێ و خواش زانای کارزانە، بەڵام گەڕانەوە (واتە: تۆبە لێوەرگیران) بۆ کەسانێك نیە کە هەر خراپە دەکەن، هەتا کاتێك یەکیان مردنی دەگاتە سەر، دەڵێ: ئێستا تەوبەم کرد، [کە ئەوە مسوڵمانەو

لەسەر خراپە بەردەوامە، تاکو مردنی لێ وەدەردەکەوێ]، هەروەها تەوبە بۆ کەسانێکیش نیە کە کاتێك دەمرن بە کافریەتیی دەمرن، ئەوانە ئازارێکی بە ئێشمان بۆ داناون.

کەواتە: ئەوانەی پێشێ بە کافریەتیی نامرن، بەڵام بە گوناهباریی دەمرن، بەڵام خوا تەوبەشیان لێ وەرناگرێ، چونکە کاتێك دەگەڕێنەوەو تەوبە دەکەن، کە ئومێدیان بە ژیان نەماوە.

کەواتە: کەسێك کە کافرە تەوبەی لێ وەرناگیرێ و شایستەی سزایە، هەروەها کەسێکیش کە بڕوادارە بەڵام لەسەر تاوان و خراپان بەردەوام دەبێ تاکو دەمرێ، ئەویش تەوبەی لێ وەرناگیرێ و دەبێ هەر ئەهلی سزابێ و، نابێ وەك ئەوی دیکە کە یەك ڕێ دەچێتە بەهەشت، ئەویش یەك ڕێ بچێتە بەهەشت!

کەواتە: بەڵگە هێنانەوە بەم ڕستە قورئانییە بۆ لابردنی سزای قۆناغی بەرزەخ، لە جێی خۆیدا نیە، چونکە ئەمە باسی دەرەنجامی کۆتایی دەکات، چونکە هەندێك لە زانایانی هارچەرخ، کە بە چاکی نازانم ناویان بێنم، خوا پاداشتیان بداتەوە، بۆچوونێکی وایان هەبووە، گوتوویانە: ڕاست نیە کەسانێك تووشی سزابن و دوایی دەربازبن! لەگەڵ ئەوەش دا کە ئەو هەموو فەرمایشتانەی پێغەمبەر ﷺ هەن، کە بێگومان یەك فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بە سەنەدێکی ڕاست (صحيح) بە ئێمە گەیشتبێ، ئێمە پابەند دەکات، بەو ئێوەڕۆکەوە کە دەیگەیەنێ، کە فەرمایشتەکان لەو بارەوە زۆر زۆرن.

٥)- ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴾، ئەگەر خواش ویستبای ئەو خەڵکەی هەموو دەکردە یەك کۆمەڵ، بەڵام هەرکەسێك بیەوێ دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوەو، ستەمکارانیش هیچ دۆست و سەرپەرشتیارێك و هیچ یاریدەدەرێکیان نیە. ئەمە مەبەست پێی دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ و دڵدانەوەی بڕوادارانە، واتە: خەفەتیان لێ مەخۆن، کە ئەوانە هەر

بڕوا ناهێنن، وەنەبێ ئەوان شتێکیان کردبێ خوایان ﷻ دەستە وستان کردبێ، خوا ئەگەر ویستبای هەمووی دەکردنە یەك کۆمەڵ، هەمووی لەسەر ئیمان کۆدەکردنەوە، یاخود لەسەر کوفر کۆی دەکردنەوە، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست ئەوە بێ کە لەسەر ئیمان کۆیان بکاتەوە، چونکە خوا ﷻ حەزی لە ئیمانەو ڕقی لە کوفرە، بەڵام نەیویستوە، واتە: خوا نەیویستوە زۆریان لێ بکات لەسەر ئیمان کۆیان بکاتەوە، بەڵکو ویستوویەتی سەرپشکیان بکات و کە سەر پشکی کردوون، هەندێکیان ئیمانیان هەڵبژاردوەو، هەندێکیشیان کوفریان هەڵبژاردوە، یانی: خوا شتێکی دیکەی ویست، ئەویش ئەوە بوو کە سەر پشکیان بکات، تواناداریان بکات بۆ هەڵبژاردنی هەر کام لە ڕێنمایی، یاخود گومڕایی، تاکو سەرەنجام ئەوانەی ڕێنمایی هەڵدەبژێرن، خوا بیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوەو، ستەمکارانێکیش کە گومڕایی هەڵدەبژێرن، هیچ سەرپەرشتیارو یارمەتییدەریان نیە.

﴿ وَلَٰكِن يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦ ﴾، بەڵام خوا هەر کەسێك بیەوێ، دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە.

﴿ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ﴾، ستەمکارانیش واتە: ئەوانەی ستەم لە خۆیان دەکەن بە هەڵبژاردنی کوفرو، شیرك و، گومڕایی، ئەوانیش هیچ سەرپەرشتیاریان و، هیچ یارمەتییدەریان نیە.

لێرەدا خوا ﷻ لە جیاتی ئەوەی بفەرموێ: (وَلكِنْ خَيَّرَهُمْ فَمِنْهُمْ مَنِ اخْتَارَ الإِيمَانَ، لِيُدْخِلَهُ اللهُ فِي رَحْمَتِهِ، وَمِنْهُمْ مَنِ اخْتَارَ الضَّلالَةَ، فَأَصْبَحَ ظَالِماً لِيُدْخِلَهُ اللهُ فِي النَّارِ) کورتی کردۆتەوە، چونکە ئەوەی دیکە، هەمووی عەقڵ و سەلیقە پەی پێ دەبات، یەکسەر دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ﴾، واتە: بەڵام خوا هەرکەسێکی بیەوێ دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، لەبەر ئەوەی هیدایەت و، ڕێنمایی خوای پێشوازیی لێکردوەو، هەڵبژاردوەو وەرگرتوە، ئەوەی دیکەش کە گومڕایی هەڵدەبژێرێ، مانای وایە

ستەمکارە بە نسبەت خۆیەوە، ستەمی لە خۆی کردووە، ستەمی لە پەیامی خواش کردووە، بۆیە ئەوەش سەرەنجامی دۆزەخەو، هیچ یارمەتییدەرو هاوکارێکیشیان نیە، یانی: (لكِنِ الظَّالِمُونَ لِأَنْفُسِهِمْ سَيَدْخُلُونَ النَّارَ وَمِنْ ثَمَّ لَا وَلِيٌّ وَلَا نَصِيرَ لهم) بەڵام ستەمکاران لە خۆیان، دەچنە ئاگرەوەو، لەوێش نە سەرپەرشتیاریان هەیەو، نە یارمەتییدەریشیان هەیە، واتە: نەکەسێکیان هەیە سەرپەرشتییان بکات بە گشتیی لە هەموو حاڵاندا، نە کەسێکیان هەیە بە شێوەیەکی بەشیی و لە حاڵەتێکی دیاریکراودا، هاوکارو دەستبارگرو یارمەتییدەریان بێت.

٦)- ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ﴾، یان ئایا جگە لەو سەرپەرشتیارانێکیان بۆ خۆیان گرتوون و، پەیدا کردوون؟

٧)- ﴿ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡوَلِيُّ ﴾، بە دڵنیایی بەس خوا سەرپەرشتیارە.

٨)- ﴿ وَهُوَ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾، هەر ئەویش مردووان دەژێنێتەوە.

٩)- ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾، تەنیا ئەویش لەسەر هەموو شتێك بە توانایە.

لێرەدا وشەی (أم): (لِلْإِضْرَابِ الْإِنْتِقَالِي) بۆ گواستنەوەیە لە مەبەستێك بۆ مەبەستێکی دی، (أَيْ: دَعِ الْإِهْتِمَامَ بِشَأْنِهِمْ وَلْنَعُدْ إِلى فَظَاعَةِ حَالِهِمْ فِي اتِّخَاذِهِمْ أَوْلِيَاء) واتە: واز بێنە لە گرنگیی دان بە حاڵی وان و، با بگەڕێینەوە بۆ حاڵی قێزەونیان، لەوەدا کە دۆستان و سەر پەرشتیارانێکیان لە جیاتی خوا بۆ خۆیان پەیدا کردوون.

﴿ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡوَلِيُّ ﴾، (أَيْ: إِنْ أَرَادُوا وَلِيّاً بِحَقٍّ، فَاللهُ هُوَ الوَلِيُّ بِحق فَحَسْب) ئەگەر بەڕاستیی سەرپەرشتیاریان دەوێ، بەس خوا سەرپەرشتیاری بە هەقە، بە بەڵگەی ئەوەی: ﴿ وَهُوَ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾، هەر ئەویشە مردووان دەژێنێتەوە ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾، هەروەها بەس ئەویش لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، واتە: ئەم دوو ڕستەی دوایی: ﴿ وَهُوَ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾ و ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾، بەڵگەن،

لەسەر ئەوە کە هەر خوا سەرپەرشتیارەو، شایستەی ئەوەیە بە سەرپەرشتیارو، پەرستراوو، مشوورخۆر بگیرێ، ئەمە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (**النحل**) وایە، کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾ ﴾، ئایا زاتێك کە وەدیدێنێ و شت دروست دەکات، وەك کەسێك وایە کە هیچ دروست ناکات؟ بۆچی پەند وەرناگرن.

لێرەشدا خوا دەفەرموێ: ئایا ئەوانە سەرپەرشتیارانێکیان جگە لە خوا، لە جیاتی خوا، بۆ خۆیان پەیداکردوون؟ هەر کەسێك سەرپەرشتیاری دەوێ، بەس خوا سەرپەرشتیارە، بە بەڵگەی ئەوە کە تەنیا ئەو مردووان دەژێنێتەوەو، بەس ئەویش لەسەر هەموو شتێك بە توانایە.

مەسەلەی سێیەم:

حوكم و بڕیار لە بارەی ڕاجیاییەكانەوە تایبەتە بە خواوە، كە هەر ئەو پەروەردگاری پشت پێ بەستراوی تەوبە بۆ لاكراوەو، داهێنەری گەردوون و دانەری سیستمی جووتیەتییە لە مرۆڤ و ئاژەڵانداو، هیچ شتێك وێنەی وی نیە، كلیلەكانی گەردوونی بە دەستن و، بە ویستی حەكیمانەی خۆی بژیو زۆرو كەم دەكات بۆ مرۆڤەكان، بە هەموو شتێك زانایەو، لەسەر هەموو شتێك توانایە:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَىْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّى عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾ فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَىْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، هەر شتێك ئێوە تێیدا كەوتنە ڕاجیایی، بڕیار لەبارەیەوە بۆلای خوایە.

﴿ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، (مَقُولُ قَوْلٍ مَحْذُوفٍ) یانی: (قُلْ فَحُكْمُهُ إلى الله) پێیان بڵێ: بڕیارو حوكم لە بارەیەوە بۆ لای خوایە، تەنیا خوا بۆی هەیە لەو شتانەدا كە تێیان دا دەكەونە ڕاجیاییەوە بڕیار بدات.

٢)- ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّى ﴾، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگاری منە، واتە: بەس خوا ئەو پەروەرگارەیە كە بۆی هەیە بەرنامە دابنێ، بۆی هەیە حەڵاڵ و حەرام دیاریی بكات.

٣)- ﴿ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ﴾، پشتم بەس بەو بەستوەو تەنیا ئەوم كردۆتە، كارپێسپێردراوی خۆم.

٤)- ﴿ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴾، لە ناخ و، دەروونیشەوە بەس بۆ لای وی دەگەڕێمەوە، لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە، زانایان زۆر قسەیان کردوە، زۆربەی هەرە زۆریان گوتوویانە: ئەوە دەگەیەنێ کە مسوڵمانان لەهەر شتێکدا کەوتنە ڕاجیایی، دەبێ حوکمەکەی بۆ لای خوا بگێڕنەوە، چ پەیوندیی بە بووناسییەوە هەبێ، چ بە ئیمان عەقیدەوە هەبێ، چ بە حەڵاڵ و حەڕامەوە هەبێ، واتە: چ پەیوەندیی بە بنچینەکانی دینەوە هەبێ، چ بە لق و پۆپەکانی دینەوە، (**أُصُولُ الدِّين وَ فُرُوعُ الدِّين**)، زۆربەی هەرە زۆری زانایانوایانکوتوە، لە نێویان دا: (**الطبري، إبن كثير، القرطبي، فخرالدين الرازي، عبدالرحمن بن ناصر السعدي، الشَّنقيطي**) بۆ وێنە:

أ- (**الشنقيطي**) باسێکی دوورو درێژ دەکات، سەرەتایەکەی ئاوا دەست پێدەکات: (**فَعَلَيْكُمْ أَيُّهَا الْمُسْلِمُونَ أَنْ تَتَفَهَّمُوا صِفَاتِ مَنْ يَسْتَحِقُّ أَنْ يُشَرِّعَ وَيُحَلِّلَ وَيُحَرِّمَ**)[1]، واتە: ئەی مسوڵمانینە! پێویستە بزانن کێ دەتوانێ، یاسا دابنێ و، حەڵاڵ و حەرام دیاریی بکات.

ب- (**عبدالرحمن بن ناصر السعدي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا، دەڵێ: (**إتِّفَاقُ الأُمَّةِ حُجَّةٌ قَاطِعَةٌ، لِأَنَّ اللهَ تَعَالَى لَمْ يَأْمُرْنَا أَنْ نَرُدَّ إِلَيْهِ إِلَا مَا اخْتَلَفْنَا فِيهِ، فَمَا اتَّفَقْنَا عَلَيْهِ، يَكْفِي اتِّفَاقُ الأُمَّةِ عَلَيْهِ**)[2]، واتە: یەکدەنگیی ئوممەت بەڵگەیەکی هەڵبڕە، چونکە خوا فەرمانی پێنەکردووین هیچ شتێکی بۆلا بگێڕینەوە، جگە لەوەی تێیدا دەکەوینە ڕاجیایی، کەواتە: ئەوەی لەسەری پێك دێین، ئەوە بەڵگەیە.

واتـە: ئـەوەی کـە کۆدەنگیـی زانایـانی ئوممـەتی لەسـەر دەبـێ، پابەندکـەرە بـۆ هەمـوو مسـوڵمانان.

ج- بەڵام (**محمد الطاهر بن عاشور**) لەو بارەوە ڕایەکی دیکەی هەیە، دەڵێ: (**وَلَا عَلَاقَةَ لِهَذِهِ الآيَةِ بِاخْتِلَافِ عُلَمَاءِ الأُمَّةِ فِي أُصُولِ الدِّينِ وَفُرُوعِهِ، لِأَنَّ ذَلِكَ الإِخْتِلَافَ حُكْمُهُ مَنُوطٌ**

---

(١) أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن: ج ٧، ص ٤٩.

(٢) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان: ص ٧٥٣.

بِالنَّظَرِ فِي الْأَدِلَّةِ وَالْأَقْيِسَةِ صِحَّةً وَفَسَادًا، إِنَّهُ لَا يُنَاسِبُ سِيَاقَ الْآيَاتِ سَابِقَهَا وَتَالِيَهَا، وَلَا أَغْرَاضَ السُّوَرِ الْمَكِّيَّةِ، وَقَدِ احْتَجَّ بِهَذِهِ الْآيَةِ نُفَاةُ الْقِيَاسِ، وَهُوَ احْتِجَاجٌ لَا يَرْتَضِيهِ نَطَّاسٌ)[1].

واتــە: ئــەم ئایەتــە هیــچ پەیوەندیــی نیــە بــە ڕاجیایــی ئوممەتــەوە، لــە بــارەی بنچینــەکان و لــق و پۆپــەکانی ئایینــەوە، چونکــە ئــەو ڕاجیاییــە حوکمەکــەی بەســتراوەتەوە بــە تەماشــاکردنی بەڵگــەکان و قیاســەکان، کــە ئایــا ڕاســتن، یاخــود ناتــەواون؟ ئنجــا ئەگــەر ئــەم ئایەتــە بکرێتــە بەڵگــە لەســەر ئــەوە (کــە دەبــێ ڕاجیایــی زانایــان بگێردرێتــەوە بــۆ لای خــوا) لەگــەڵ ســیاقی ئایەتــەکان دا ناگونجــێ و، لەگــەڵ ئامانجــی ســوورەتە مەککەییەکانیشــدا ناگونجــێ، هەندێــك لــە زانایانیــش ئــەم ئایەتەیــان بەبەڵگــە هێناوەتــەوە لەســەر ئــەوە کــە قیــاس شــتێکی نارەوایــە، بــەڵام هیــچ زانایــەکی ورد بــەو قســەیە ڕازیــی نیــە.

شــایانی باســە: (**فخرالدیــن الرازي**)یــش، لــە تەفســیرەکەیدا[2]، ئامــاژە بــەوە دەکات کــە ئەوانــەی بڕوایــان بــە قیــاس نیــە، ئــەم ئایەتەیان بەبەڵگــە هێناوەتــەوە، بەس قســەکەیان دێنــێ، بــێ ئــەوەی بەرپەرچــی بداتــەوە، کــە لە چەند شــوێنێکی دیکــەش هــەروا دەکات، شــوبهەیەك دێنــێ، یاخــود بەڵگەیــەکی ڕای بەرانبــەر دێنــێ، کــە پێــشی ڕازی نیــە بــە حیســاب، بــەڵام دوایــی بــەر پەرچــی ناداتــەوە! ئنجــا بــە بۆچــوونی من ئــەوە نوقســانییە، دەبــێ کــە ئیشــکال و شــوبهەکە دێنــێ، بــەر پەرچدانەوەکــەشی بێنــێ.

منیــش پێــم وایــە ڕای زۆربــەی زانایــان زیاتــر پێدەچــێ، ئــەوەش کــە لەگــەڵ مەبەســتی ئامانجــی ســوورەتە مەککەییەکانــدا ناگونجــێ، ڕاســت نیــەو لــە ســوورەتە مەککەییەکانــدا، خــوا ﷻ مەســەلەی حــەڵاڵ و حــەرام کــە دەبــێ تەنیــا بــە دەســت خوابــێ، هــەر لــە ســوورەتە مەککەییەکانــدا زۆر باســکراوە، بــۆ وێنــە: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾الشــوری.

---

(١) التحرير والتنوير: ج ٢٥، ص ٤٢.

(٢) ج١٤، ص١٣٢.

کەواتە: ئەوە کە هەر شتێك ڕاجیایی تێدا بوو، چ لە قۆناغی مەککە دابێت، چ لە قۆناغی مەدینەدا، دەبێ بگێڕدرێتەوە بۆ لای خوا ﷻ، چ پەیوەندیی بە بنچینەکانی دینداریی‌یەوە هەبێ، چ پەیوەندیی بە لق و پۆپەکانەوە هەبێ، پێم وایە کە ئایەتەکە زۆر بە ڕوونیی دەیگەیەنێ، بۆیە ڕایەکەی (**محمد الطاهر بن عاشور**)م لێرەدا پێ پەسند نیە.

٥)- ﴿ فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ (خوا) داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە.

٦)- ﴿ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا ﴾، لە خۆتان هاوسەرانی بۆ گێڕاون، جووتی بۆ دروست کردوون، کە ئەمە ئەگەر دوێنراوەکان پیاوبن، واتە: خوا ئافرەتانی بۆ دروست کردوون و، ئەگەر دوێنراوەکان ئافرەت بن، واتە: خوا پیاوانی بۆ دروستکردوون، چونکە هەم پیاوو، هەم ژن، بە جووتی یەکدی دادەنرێن.

٧)- ﴿ وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ أَزۡوَٰجٗا ﴾، هەروەها لە ئاژەڵانیشدا خوا جووتی دروست کردوون، (أَزْوَاج: جَمْعُ زَوْج، وَهُوَ الَّذِي يَنْضَمُّ إِلَى فَرْدٍ فَيَصِيرُ كلاهمَا زَوْجاً لِلآخَرْ، أَيْ: الذُّكُور وَالْإِنَاث) (أَزْوَاج): کۆی (زوج)ەو ئەوەیە کە پاڵ دەدرێتە لای تاکێك و، هەردووکیان دەبن بە جووت بۆ یەکدی، کەواتە: لێرەدا ﴿ أَزۡوَٰجٗا ﴾، (أَيْ: ذُكُوراً وَّ إِنَاثاً) واتە: نێرو مێیەکان.

٨)- ﴿ يَذۡرَؤُكُمۡ فِيهِ ﴾، ئێوە لەوێدا زۆر دەکات، ﴿ يَذۡرَؤُكُمۡ ﴾، (أَيْ: يُكْثِرُكم، يُكَثِّرُكُم) زۆرتان دەکات، یاخود ﴿ يَذۡرَؤُكُمۡ ﴾، (أَيْ: يَخْلُقُكُم) دروستتان دەکات، ﴿ فِيهِ ﴾، واتە: لە: (**جَعَلَ لَكُم**)دا، لەو گێڕانەی بە حاڵەتی جووتییدا، چ بۆ ئێوە، چ بۆ ئاژەڵانتان، لەوەدا خوا زۆرتان دەکات، یاخود لە یاسای جووتییەتییدا، بە هۆی ئەو یاسایەوە خوا زۆرتان دەکات، یاخود دروستتان دەکات، یاخود بڵاوتان دەکاتەوە.

هەڵبەتە دیاردەی جووتییەتیی و جیایی، هەر کام لە نێرو مێ لە یەکدی، چ لە ئینسان، چ لە ئاژەڵ و، چ لە کۆی ژیانداران داو دابەشکردنی توانایەکان و، جۆراو جۆرکردنی توانایەکانی نێرو مێ، ئەمە هەم بە نسبەت مرۆڤیشەوە،

هەم بە نسبەت ئاژەڵ و ژیاندارانی دیکەشەوە، بەدڵنیایی مرۆڤ تاکو سەرنجی لێبدات، حیکمەت و لێزانیی و وردەکاریی خوای پەروەردگاری تێدا دەبینێ، هەرچەندە بەداخەوە زۆرجاران کە خەڵك لە زگماك و خوارسکی خوا لادەدەن، واتە: نەك تەنیا لە شەریعەت لادەدەن، بەڵکو لە زگماکیش لا دەدەن و، ئەم مەسەلەی نێرو مێ، ژن و پیاو، چۆن پێکەوە مامەڵە بکەن؟ دەیکەن بە کێشەو گرفتێکی گەورە: ژنسالاریی، نەخێر پیاو سالاریی! لەحاڵێك دا تەماشا دەکەین لە جیهانی ئاژەڵان، بەڵکو درندان و، پەڕەورو ژیاندارانیدا بەگشتیی، ئەو کێشەیە نیە، مێینە کاری خۆی دەکات و نێرینەش کاری خۆی دەکات، بۆ وێنە:

لە نێو شێرەکاندا، ئەوەی ڕاووشکار دەکات، تەنیا مێیە، دێڵە شێرە، بەڵام کۆڵە شێر، نێرەکە، تەنها کاری ئەوەیە پارێزگاریی لەو شوێنە بکات کە تێیدان! ئنجا مەسەلەی ژنسالاریی و پیاو سالاریی هەمووی بە هۆی لادانەوەیە، لە زگماکێ کە خوا مرۆڤی لەسەری خوڵقاندوەو، بەهۆی گوێ نەدانەوەیە بە شەریعەت، ئەگەرنا لە ڕاستییدا نێرو مێ وەك یەك نین، پێکهاتەو توانایەکانیان جیاجیان، لە رووی جەستەییەوە، لە ڕووی دەروونییەوە، لە ڕووی ئەوەوە کە جێی بایەخیانە، بەڵام لەو ڕووەوە کە هەردووکیان مرۆڤن، هەردووکیان بەڕێزن و هەردووکیان بەرپرسیارن و، هەردووکیان ئەرکدارن و، هەردووکیان یەکسانن، بەڵام ئەوە کە نێرو مێ لە هەموو شتێك دا وەك یەکبن، نەخێر، ئەوە ئاشکراو دیارە وەك یەك نین، ئنجا خۆگێلکردن لەوەو نکووڵییکردن لەو ڕاستییە، ئەو هەموو گرفت و کێشانە پەیدا دەکات، پاشان ئەنێرایەتیی فەزیلەتە، نە مێیایەتییش نوقسانییە، تاکو ئافرەتەکان نکووڵیی بکەن لە مێینە بوونی خۆیان، لە ئافرەت بوونی خۆیان و، لاسایی پیاوەکان بکەنەوە لە نێرایەتیی و لەو سیفەتانەدا کە هی پیاوانن، تاکو بچنە ئاستی ئەوانەوە! چونکە مێینەبوون و ئافرەت بوون نوقسانیی نیە، تاکو ئافرەت نکووڵیی بکات لە مێیەبوون و ئافرەت بوونی خۆی و لاسایی پیاو بکاتەوە، هەر بۆیەش لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە نەفرین کراوە

لەو پیاوانەی لاسایی ژنان دەکەنەوەو، لەو ژنانەی لاسایی پیاوان دەکەنەوە: {لَعَنَ اللهُ الْمُتَشَبِّهِينَ مِنَ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ، وَالْمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بِالرِّجَالِ} **(أخرجه أبو داود: ٤٠٩٧، وابن ماجه: ١٩٠٤، والترمذي: ٢٧٨٤، قال: حسن صحيح)**، واتە: خوا نەفرینی کردوە لەو پیاوانەی چاو لە ژنان دەکەن و، لەو ژنانەی چاو لە پیاوان دەکەن و لاسایان دەکەنەوە، بەڵکو پێویستە هەرکام لە ژن و پیاو، ئەرکی زگماك و خوارسکی خۆیان جێبەجێ بکەن و، هیچ کامیان خۆی پێ لەوی دیکە کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی پاڵنەرێك و هاندەرێکی نەبێ، لاسایی ئەوی دیکە بکاتەوەو خۆی وەك ئەوی دیکە لێبکات کە واشی هەر لێنایەت!

٩)- ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیەو ئەو بیسەری بینەرە. (ك) ی **(كمثله)** یانی: وەك **(مثل)**، کەواتە: لێرەدا مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە: (لَيْسَ مِثْلُ مِثْلِهِ شَيْءٌ)، هەڵبەتە ئێمە دوایی کورتە باسێك لە بارەی بە پاککرتنی خواوە دەکەین، لە وێچوونی دروستکراوەکان، بۆیە بە خێرایی بەسەر تەفسیری ئەم ڕستە بەپێزەدا دەڕۆین، کە دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾، ئنجا هەندێ لە زانایان گوتوویانە: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾، یانی: (لَيْسَ مِثْلُ مِثْلِهِ شَيْءٌ، **فَكَيْفَ بِمِثْلِهِ هُوَ**) وەك وێنەی وێنەی وێنەی خوا نیە، چ جای وێنەی خۆی، واتە: ئەمە بۆ جەختکردنەوەی ئەوەیە، کە هیچ شتێك وەك خوا نیەو گوتوویانە: **(ك)**ەکە، زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە.

کەواتە: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾، واتە: (لَيْسَ مِثْلُهُ شَيْءٌ) هیچ شتێك وەك خوا نیە ﷻ نە لە زاتی و نە لە سیفەتەکانی و نە لە کردەوەکانی دا.

کەواتە: ڕستەی یەکەمیان: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾، ئەمە بۆ بە پاکگرتنی خوایەو ڕستەی دووەمیان: ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾، ئەمەش بۆ چەسپاندنی سیفەتەکانی خوایە.

﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴾، لە ڕووی وێچوونی بە دروستکراوەکانەوە، بەڵام لە ڕووی ئەوەوە کە خاوەنی سیفەتەکانە: ﴿ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾، ئەو (خوا) بیسەری بینەرە، هەروەها سیفەتەکانی دیکەشی هەن.

١٠)- ﴿ لَهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، کلیلەکانی ئاسمان زەوی هی وین، (**مَقَّاليد**) کۆی (**إقْليد**)، یاخود کۆی (**مِقْلَاد**)ە، ئەگەر کۆی (**إقْليد**)بێ، هەر لە (**كليد**)ی، فارسییەوە هاتوە، ئەو کاتە، کۆکردنەوەکە بە شێوەی نا قیاسییە، بەڵام ئەگەر کۆی (**مِقْلَاد**)بێ، وەك (**مِفْتَاح، مَفَاتِيح**) (**مِقْلَادْ، مَقَّاليدْ**)، ئەوکاتە بە شێوەیەکی قیاسیی کۆکراوەتەوە، گرنگ ئەوەیە (**مَقَّاليد**)، بە مانای کیلیلەکان دێ، بەڵام هەندێك گوتوویانە: بە مانای خەزێنەکان دێ، واتە: خەزێنەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی خوان، یاخود کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی، واتە: ئەو کلیلانەی کە خەزێنەکانیان پێ دەکرێنەوە، بەدەست خوان.

١١)- ﴿ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ﴾، بۆ هەر کەسێك بیەوێ بژیو فراوان دەکات و تەنگ دەکاتەوە، واتە: زۆر دەکات و کەم دەکات.

١٢)- ﴿ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾، واتە: بە دڵنیایی خوا بە هەموو شتێك زانایە.

ئێمە دوایی باسێکی تایبەتیش لە بارەی فراوانکردن و، تەنگکردنەوەی بژیو لە لایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ مرۆڤەکان، دەکەین، بۆیە لێرەدا هەروا بە خێرایی بەسەریاندا ڕەتبووین، تەنیا ئەوەندە دەڵێین: لەو بارەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴾، زانایان دەڵێن: (**وَكُلُّ مَا جَرَى بِبَالِكَ، فَاللهُ بِخِلَافِ ذَلِكَ**) هەرچی بە عەقڵ و خەیاڵ و ئەندێشەی تۆ دادێ، خوا لەوە جیایە، بۆچی؟ چونکە ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێ بە عەقڵ و، ئەندێشەو، خەیاڵی خۆیدا بیهێنێ، وێنەی دروستکراوەکانە، چ وێنە ڕاستەقینەکانیان، چ وێنەی لێکدراو، یاخود دروستکراو، کە خەیاڵ خۆی دروستی دەکات، بۆ وێنە: دەریایەك لە جیوە، چیایەك لە زێڕ، مرۆڤ دەتوانێ بە خەیاڵ دروستی بکات، بەڵام لە دنیای واقیعدا نیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بە خەیاڵ

دروستی بکات، دەریا ئەوە هەیە، جیوەش هەیە، جیوەکە بە خەیاڵی خۆی زۆر دەکات، هێندەی دەریایەك، یاخود زێڕ هەیەو چیاش هەیە، بە خەیاڵ مرۆڤ دەتوانێ زێڕەکە زۆر بکات، بە قەدەر چیایەکی لێبکات، با لە دنیای واقیعیشدا نەبێ، ئنجا ئەوشتانەی لە دنیای واقیعدا هەن، عەقڵ وێنەکانیان کۆدەکاتەوە، یان دەنگەکانیان یان بۆنەکانیان، یان تامەکانیان، یان قەبارەکانیان، لە ڕێی پێنج هەستەکانەوە، یاخود ئەوەی کە عەقڵ و، خەیاڵ و ئەندێشە خۆیان دروستیان دەکەن، کە مرۆڤ ئەو توانایەشی هەیە، یانی: وێنەی ڕاستەقینەی شتەکان، کە لە عەقڵدا هەن، چ وێنەی خەیاڵییان کە خەیاڵ دروستیان دەکات و، هەر هی دروستکراوەکانن، خوا لە هەموو ئەوانە جیایە.

کورتە باسێک لە بارەی

بە پاککرتنی خواوە، لە وێچوونی بە دروستکراوەکان

بەڕێـــزان!

ئەم کورتە باسە لە چوار بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

بڕگەی یەکەم: ئەو ڕستە قورئانییە کە دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیەو، ئەو بیسەری بینەرە.

ئەمـە بناغەیـەکی یەکجـار گـەورەو گرنگـە، لـە بەپاککرتنـی خـوادا ﷻ، کـە وەك دروسـتکراوەکانی بچـێ، هەڵبەتـە ئـەم ڕاسـتییە کـە زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان دەڵێـن: ئەمـە بنچینەیەکـەو بناغەیەکـە بـۆ ئـەوەی بیکەینـە بەڵگە لەسـەر وێنەچوونی خـوا بـە هیـچ کام لـە دروسـتکراوەکانی و، هەرچـی وشـەو تەعبیرێـك بـۆ خـوا ﷻ بەکارهێـنراوە، هەمـووی دەبـێ لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم ڕسـتە موبارەکـەدا: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴾، تەماشـای بکەیـن و ئـەم ڕاسـتییە مەزنـە، دەبێتـە بناغەیـەك بـۆ بـە پاککرتنـی خـواو، بـە دوورگرتنـی لـەوەی بـە دروسـتکراوەکانی بچـێ چ لـە زاتـی دا، چ لـە سـیفەتەکانی دا، چ لـە کردەوەکانـی دا، چ لـە ناوەکانـی دا.

ئـەم ڕاسـتییەش لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەی قورئـان دا ئامـاژەی پێکـراوە، بـەڵام بـە تەعبیـری دی، بـۆ وێنـە:

أ- لە سوورەتی (**طه**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾ ﴾، واتە: خوا ﷻ ئەوەی لە پێش دەستیانە دەیزانێ و، ئەوەی لە دواشیانەوە دەیزانێ، یاخود: داهاتوویان دەزانێ و ڕابردوویان دەزانێ، یان مەبەست ئەوەیە: هەموو شتێك لە بارەی دروستکراوەکانیەوە دەزانێ، ﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴾، بەڵام زانیاریی ئەوان دەوری خوا نادات، یانی: زانیاریی ئەوان بەس بایی ئەوەندەیە خوا بناسن، بەڵام کە وەك پێویست بزانن چییەت (**ماهية**)ی خوا چۆنە؟ زانیاریی مرۆڤەکان لەوە کەمترە.

ب- لە سوورەتی (**الأنعام**)یشدا، دەفەرموێ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾، چاوەکان خوا نابینن، بەڵام خوا چاوەکان دەبینێ و، ئەو زۆر پەنهانکاری شارەزایە.

مەبەست ئەوەیە: لە دنیادا چاوەکان خوا نابینن، بە چاوی سەر خوای پەروەردگار نابینرێ، بەڵام خوا بە چاوی عەقڵ و دڵ دەرك دەکرێ، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا لە لایەن ئیماندارانەوە لە بەهەشتدا، دەبینرێ، ئیمانداران خوای پەروەردگار دەبینن، وەك لە تەفسیری سوورەتی (**الأنعام**)دا، کە بەرگی پێنجی ئەم تەفسیرە کوردییەی ئێمەیە، زۆر بە تەفصیل باسێکمان لەو بارەوە کردوە: (بینینی خوای بەرزی مەزن لە دنیاو دوارۆژدا، لە حاڵەتی خەو و بێدارییدا).

ج- ئایەتێکی دیکە لەو بارەوە، کە هەر ئەو چەمك و واتایە دەگەیەنێ، ئەوەیە کە لە سوورەتی (**الحديد**)دایە، کە دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْءَاخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣﴾ ﴾، واتە: خوا یەکەمینەو دوامینەو، ئاشکرایەو پەنهانەو، بە هەموو شتێك زانایە.

یەکەمە واتە: خوا یەکەمە بێ سەرەتا، بەبێ ئەوەی دەستپێکێکی هەبووبێ، هەموو شتەکان دروستکراوی خوان، بەڵام خوا ﷻ بوونەکەی سەرەتایەکی نیە، هەموو شتێك بوونەکەی سەرەتایەکی هەیە، وەك زۆرجار باسمان کردوە، ئێستا نوێترین بیردۆزە، بیردۆزەی (بیگ بانگ) (big bang)ە، کە دەڵێ: «ئەم گەردوونە پێش سێزدە ملیارو حەوسەت ملیۆن، ساڵ بوونی نەبووە»، ئێستا ئەوانەی کە خواناسن و ئەوانەش کە خوانەناسن، هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، هەموویان دەڵێن: ئەم گەردوونە پێش سێزدە ملیارو حەوسەد ملیۆن ساڵ، بوونی نەبووە، بەڵام لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی گەورەدا، ئەویش لە تاکی گەردوونیی، یان تۆی گەردوونیی و هێلکەی گەردوونییەوە بووە کە (سینگولاریتی - singularity)ی پێدەڵێن و کە زۆر زۆر گەرم بووەو، یەکجار بچووك و لە

ماوەیەکی زۆر زۆر کەمدا تەقیوەتەوە و، ئەم گەردوونە دروست بووە، هەڵبەتە ئەوان دەڵێن: تەقینەوە! بەڵام لە مەوسووعەی: (ئیمان ئیلحاد)دا باسم کردوە، کە لە ڕاستییدا ئەم گەردوونە زۆر بە سیستم و ڕێك وپێکیی دروستکراوە، بەڵام ئەوان ئەو تەعبیرەیان بە کارهێناوە: (بیگ بانگ) تەقینەوەی گەورە (**الإنفجار الكبير**)، ئەگەرنا لە ڕاستییدا پرۆسەیەکی ئەوپەڕی سیستماتیك و پەروەردەکاریی بووە.

کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: خوا یەکەمەو دواهەمە، واتە: یەکەمە بێ سەرەتاو، دوایەمینە بێ کۆتایی، ﴿وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُ﴾، خوا ئاشکرایەو پەنهانیشە، ئاشکرایە بەو واتایە کە ئەگەر بە عەقڵ و دڵ تەماشا خوا بکەی، ئاشکرایە، بەڵام شێرراوەو پەنهانە، ئەگەر بە چاوی سەر بۆی بکەڕێی، خوا نابینی، بە پێنج هەستەکان خوا دەرك ناکرێ، بەڵام بە چاوی عەقڵ و دڵ خوا ﷻ دەرك دەکرێ و، خوا بە هەموو شتێك زانایە.

ئنجا بە پێی ئەم ئایەتانەو، ڕستەی: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ **الشورى**، هەموو ئەو تەعبیرو وشانەی بەکاردەهێنرێن و، مانای ئەندامەکان دەگەیەنن، یان مانای هەستەوەرەکان دەگەیەنن، یان مانای جموجۆڵان دەگەیەنن، ئەوانە هیچ کامیان مانا ڕواڵەتەکەیان مەبەست نیە، کاتێك بۆ خوا بەکاردێن، بەڵکو مانایەکی دیکەیان مەبەستە، کە ئێمە نایزانین و، دەڵێین: وەك شایستەی خوایە، بۆ وێنە:

کە خوا ﷻ باسی (**يَدُ**)ی، خۆی دەکات: ﴿ٱللَّهِ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡۚ ١٠﴾ **الفتح**.

یان خوا ﷻ باسی (**وَجه**)ی، خۆی دەکات: ﴿وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ ٢٧﴾ **الرحمن**.

یان خوا ﷻ باسی (**عَيْن**)ی، خۆی دەکات: ﴿وَلِتُصۡنَعَ عَلَىٰ عَيۡنِيٓ ٣٩﴾ **طه**، یان، دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَاۖ ٤٨﴾ **الطور**، یان خوا ﷻ باسی (**قَبْضَة**)ی، خۆی دەکات: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ

﴿وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦ ۞٦٧﴾ الزمر، واتە: وەك پێویست قەدری خوایان نەگرت، کە خوا زەوی هەمووی لە چنگ دەگرێ و، ئاسمانەکانیش دەپێچێتەوە دەیانخاتە بن دەستی ڕاستی، ئەو تەعبیرانە هەموویان، دەبێ بڵێین: مانا ڕواڵەتەکەیەکان بۆ خوا مەبەست نیە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾، واتە: هیچ شتێك لە زاتیدا، وەك خوا نیە، هەروەها لە سیفەتەکانیشداو لە ناوەکانیشیداو لە هەڵسوکەوتەکانیشیدا، وەك خوا نیە ﷻ.

(**محمد الطاهر بن عاشور**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، قسەیەکی جوان دەکات دەڵێ:

(وَإِذْ قَدِ اتَّفَقْنَا عَلَى هَذَا الْأَصْلِ، لَمْ يَبْقَ خِلَافٌ فِي تَأْوِيلِ النُّصُوصِ الْمُوهِمَةِ التَّشْبِيهَ، إِلَّا أَنَّ تَأْوِيلَ سَلَفِنَا كَانَ تَأْوِيلًا جُمْلِيًّا، وَتَأْوِيلَ خَلَفِهِمْ كَانَ تَأْوِيلًا تَفْصِيلِيًّا كَتَأْوِيلِهِمُ الْيَدَ بِالْقُدْرَةِ، وَالْعَيْنَ بِالْعِلْمِ، وَبَسْطَ الْيَدَيْنِ بِالْجُودِ، وَالْوَجْهَ بِالذَّاتِ...).

واتە: ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە ڕێککەوتین، (کە خوا وەك هیچ شتێك نیە)، کەواتە: هیچ ڕاجیاییەکی وا نامێنێ لە مانا لێکدانەوەی دەقەکان دا کە وێچواندن دەگەیەنن، (چونکە قسەیەکی مەشهوورە دەڵێن: زانایانی پێشین تەئویلیان نەکردووە، زانایانی پاشین تەئویلیان کردوە، تەئویلیش، ئەوەیە کە وشەیەك مانا ڕواڵەتییەکەی مەبەست نەبێ و، مانایەکی دیکەی هەبێ، وەك ئێستا کە لێرە دانیشتووین ئەگەر یەکێك بڵێ: (**جَاءَ الْأَسَدُ**) شێرەکە هات، کەس بیری بۆ ئەوە ناچێ مەبەست مانای ڕاستەقینەو ڕواڵەتیی بێ کە شێری درندەیە، بەڵکو یانی: پیاوێك هات لە ئازایەتیی دا وەك شێرە، یان ئەگەر بڵێین: (**جَاءَ الثَّعْلَبُ**) ڕێویەکە هات، هەموو کەس دەزانێ کە (ڕێوی) مانا ڕواڵەتیی ڕاستەقینەکەی مەبەست نیە، بەڵکو مانا مەجازییەکەی مەبەستە، چونکە وەك چۆن وشەی: (ڕێوی) بۆ درندەیەك بەکاردێ، بەهەمان شێوە بۆ مرۆڤی فێڵبازیش بەکاردێ، (أَسَد)یش،

---

(١) التحرير والتنوير: ج ٢٥، ص٤٧.

وەك چۆن بۆ دڕندەیەك بە كاردێ، كە دەزانین شێرە، بەمانا مەجازییەكەشی بەكاردێ، واتە: پیاوێكی ئازا![1].

دوایی دەڵێ: تەنیا ئەوەندەیە تەئویلكردنی زانایانی پێشینمان، تەئویلێكی كورت بووەو، كەمیان تەئویل كردووەو زۆر نەچوونە نێو قووڵاییی، بەڵام تەئویلكردنی زانایانی پاشین، بە درێژیی و ڕوون بووە، بۆ وێنە:

١- وشەی (يَدْ) كە بە مانای دەستەو، دیارە دەست چۆنە؟ بەڵام ئەوان بۆ خوا بە دەستەڵات مانایان كردوە، {كە دەفەرموێ: ﴿ اللَّهِ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ﴿١٠﴾ ﴾ الفتح، واتە: دەستەڵاتی خوا بەسەر دەستەڵاتی ئەوانەوەیە}

٢- وشەی (عَيْن): بۆ ئێمە یانی: چاوو دەزانین یانی: چی؟ بەڵام كە بۆ خوا كە بەكاریان هێناوە، بە زانیاریی لێكیان داوەتەوە.

٣- هەروەها (بَسْطُ الْيَدَيْن) بڵاوكردنەوەی هەردوو دەستەكان، وەك دەفەرموێ: ﴿ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ ﴿٦٤﴾ ﴾ المائدة، بەبەخشندەیی لێكیان داوەتەوە {چونكە كەسێك بیەوێ ببەخشێ دەست بڵاو دەكاتەوە، بەڵام ئەگەر نەبەخشێ دەست وێك دێنێتەوە}.

٤- وشەی (وَجْه): بۆ ئێمە یانی: ڕوو، دەم و چاو، بەڵام بۆ خوای پەروەردگار بە خود (ذات)، لێكیان داوەتەوە.

بەڵام زانایانی پێشین هەر گوتوویانە: بە تەئكید نە مەبەست لە (يَدْ) دەست، وەك دەستی ئێمەیە، نە مەبەست لە (عَيْن) چاو، وەك چاوی ئێمەیە، نە مەبەست لە: ﴿ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ ﴾، دەست بڵاوكردنەوە، وەك هی ئێمەیە بەڵكو مەبەست پێی مانایەكە بۆ خوا شایستەیە، زانایانی پێشین هەر ئەوەندەیان گوتوە، بەڵام ئەوانەی دوایی، وێڕای ئەوە كە ئەوەیان گوتوە، گوتووشیانە: مەبەست لە (يَدْ) یانی: دەسەڵات و ... هتد.

---

(١) ئێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە.

بڕگەی دووەم: پێویستە لە بواری چەسپاندنی سیفەتەکانی خوا و بەپاککرتنی دا ئاگاداری تێپەڕاندن بین لە هەردووك لاوە:

یەك: کاتێك کە سیفەتەکان بۆ خوا ﷻ دادەنێین و دەسەلمێنین، کە زانایان پێی دەڵێن: (**إِثْبَاتٌ**) واتە: چەسپاندنی سیفەتەکان بۆ خوا، وریابین ئەوە سەر نەکێشێ بۆ وێچواندن (**تشبیه**)وێچواندنی خوا بە دروستکراوەکان (**تَشْبِيهُ اللهِ بِالْمَخْلُوقَات**).

دوو: کاتێك خواش بە پاك دەگرین، لە وێچواندنی دروستکراوەکان، ئەوەش سەر نەکێشێ بۆ دارنینی سیفەتەکان لە خوا، بۆیە زانایان بنچینەیەکیان داناوە دەڵێن: (**إِثْبَاتٌ بِلا تَشْبِيهٌ وتَنْزِيهٌ بِلا تَعْطِيل**) چەسپاندنی سیفەتەکان بۆ خوا، بەبێ وێچواندانی خوا بە دروستکراوەکان و، بە پاککرتنی خوا لە وێچوونی دروستکراوەکان، بەبێ پەکخستنی لە سیفەتەکان، هەروەها هەندێکیان گوتوویانە: (**إِثْبَاتٌ مَعَ تَنْزِيه**) چەسپاندن لەگەڵ بە پاککرتن دا، سیفەتەکان بۆ خوا بچەسپێنین، هەر سیفەتێك بۆ خۆی بەکاری هێناوە، بەڵام خوا بە پاك بگرین لەوە کە سیفەتەکانی خوا وەك هی ئێمە بن.

بڕگەی سێیەم: ئەوە ڕاست نیە کە زانایانی پێشین هیچ تەئویلیان نەکردبێ و، ڕێك ئەو وشانەی کە خوا بەکاری هێناون لەو تەعبیرانەدا، ڕێك مانا ڕواڵەتییەکەیان لێ گرتبێ، وانیە، بەڵکو زانایانی پێشینیش تەئویلیان کردوە، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (**الحدید**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: خوا لەگەڵتانە لە هەر شوێنێك بن و، خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن.

ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کە زۆر سوور بووە لەسەر تەئویل نەکردن و مانا لێکدانەوەی دەقەکان بەبێ بەملاولادا چوون، گوتوویەتی: (**وهو معكم، أيْ: بِعِلْمِهِ وَقُدْرَتِهِ**) واتە: بە زانیاریی خۆی و بە دەسەڵاتی خۆی لەگەڵتانە.

نەك خوا بە زاتی خۆی لەگەڵمان بێ.

(**عبدالرحمن بن ناصر السعدي**)یش لە تەفسیرەکەی خۆیدا، گوتوویەتی: (**وَهَذِهِ الْمَعِيَّة، مَعِيَّةُ الْعِلْمِ وَالْإِطْلَاعِ، وَلِهَذَا تَوَعَّدَ، وَوَعَدَ عَلَى الْمُجَازَاةِ بِالْأَعْمَالِ بِقَوْلِهِ:** ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾)(١)، واتە: ئەو لە گەڵ دابوونەی خوا کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ﴾، (لەهەر جێیەك بن خوا لەگەڵتانە، ئایا خوا لەگەڵمانە، ئێستا لێرەیە، یان لەهەر شوێنێك بین، خوا لەگەڵمانە؟) دەڵێ: مەبەست ئەوەیە کە لەگەڵتانە بە زانیاریی و بە ئاگاداربوون، هەر بۆیەش دوایی خوا هەڕەشەی کردووەو گفتی داوە بە سزاو پاداشت، لەسەر کردەوەکان، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، واتە: ئەو بە کردەوەکانتان ئاگادارە، بینەری کردەوەکانتانە، کردەوەکانتان دەبینێ و دەزانێ، ئنجا کەسێك لەگەڵ کەسێك بێ، ناڵێ: کردەوەکانت و دەبینم و دەزانم، چونکە ئەوە لەگەڵیەتی و تەواو.

ئنجا کە دەفەرموێ: خوا بینەری کردەوەکانتانە، کەواتە: خودی خۆی لەگەڵمان نیە، ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستیشە، چونکە خوا ﷻ لەسەر عەرشی خۆیەتی و لە سەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە.

ب- (**عبدالرحمن بن ناصر السعدي**) لە تەفسیری ئەو ئایەتە موبارەکەدا کە دەفەرموێ: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا هِىَ تَمُورُ ﴿١٦﴾ ﴾الملك، واتە: ئایا دڵنیان لەوەی کە لە ئاسمانە، لە سەرێیە، کە زەویتان لەبندا ڕۆبەرێ و لەو حاڵەتەدا زەوی بێت و بچێ و، بخولێتەوەو ئێوەش پێیدا ڕۆبچن، دەڵێ: (﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ ﴾ **وَهُوَ اللهُ تَعَالَى، الْعَالِي عَلَى خَلْقِهِ**)(٢)، کە دەفەرموێ: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ ﴾، واتە: ئەو خوایە بەرزەی کە لە سەرووی دروستکراوەکانیەوەیەتی.

---

(١) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان: ص ٨٣٧.

(٢) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان: ص ٨٧٧.

کەواتە: کەس ناڵێ: خوا لە نێو ئاسماندایە، چونکە لە سەرەوە بوونی خوا، دەبێ بکوترێ: وەك بۆ خوا شایستەیە، نەك وەك دێتە زەینی ئێمەوە، کە شتێکی دروستکراو لەسەر شتێك دادەنرێ.

برگەی چوارەم: کەواتە: دارنینی سیفەتەکان و پەکخستن (**التَّجْرِيدُ وَالتَّعْطِيل**) کەمتەرخەمییە، کاتێك کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ سیفەتەکانی خوادا بکەین، بەڵام وێچواندن و جەستاندن (**التَّشْبِهُ وَالتَّجْسِيم**)یش زیادەڕۆییە.

موعتەزیلەو جەهمییەکان لە لایەك نکووڵییان کردوە لە سیفەتەکانی خواو، زۆریش زیادەڕۆییان کردوە لە تەئویل داو، کەسی وایان هەبووە گوتوویەتی: خوا هیچ سیفەتێکی نیە، خوا نە لە نێو دروستکراوەکانیەتی و، نە لە دەرەوەی دروستکراوەکانیەتی، نە لەسەرێیەو، نە لە خوارێیە، تەنانەت کەسی وایان هەبووە گوتوویەتی: لەبەر ئەوەی دروستکراوەکان بوونیان هەیە، نابێ بوونیش بۆ خوا بەکاربهێنرێ، کە ئەمە بە ڕاستیی زێدەڕۆییەکی بێ مانـاو مەترسیدارە.

لە بەرانبەر ئەوانیشدا هەندێك لە حەنبەلییەکان، کە حەشەوییەکان و جەستێنەرەکان (**المُجَسِّمة**)شیان پێدەڵێن، نەك ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێ، چونکە ئەو خۆی وانەبووە، بەڵام هەندێك لە شوێنکەوتووانی مەزهەبی حەنبەلیی و، هەندێکی خەڵکی دیکەی غەیری مەزهەبی حەنبەلییش، ئەوانەش سەریان بە جەستاندن و وێچواندن (**تجسیم وتشبیه**) گەیشتوە، ئەوانیش هەڵساون لە بەرانبەر جەهمییەو موعتەزیلەدا، کە سیفەتەکانیان لە خوا دوورخستوونەوە، ئەوانیش هەڵساون زێدەڕۆییان کردوە لە چەسپاندنی سیفەتەکان بۆ خواداو، هەیانبووە لە زانایانی حەنبەلیی مەزهەب لە بەغداد وتاری داوە، لەسەر مینبەر دانیشتوە، چوار مەشقیی، گوتوویەتی: وەك چۆن من ئێستا لەسەر ئەم مینبەرە دانیشتووم، خواش ئاوا لەسەر عەرش دانیشتوە، کە ئەوە جەستاندن و وێچواندنی خوایە بە دروستکراوەکان، چونکە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ اَسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ﴾،

واتـە: خـوا بـەرز بـۆوە بـۆ سـەر عـەرش، چـووە سـەر عـەرش، دەبـێ بڵێـی: وەك بـۆ خـوا شایستـەیە، ئەگـەر بگوتـرێ: وەك چـۆن مـن، یـان كەسـێك لـە سـەر تەخـت و كورسـییەك دادەنیشـێ، ئـەوە تەشـبیهەو خـواش ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۝١١﴾ الشـوری، واتـە: هیـچ شـتێك وەك خوانیـە.

كەواتـە: دەبـێ بگوتـرێ: خـوا لەسـەر عەرشـە، بـەو شـێوەیەی بـۆ خـوا شایسـتەیە، هەروەهـا خـوا (يَـدْ)ی، هەیـە، (يَـدْ) بـۆ ئێمـە ئەندامـە، بـەڵام بـۆ خـوا سـیفەتە، دیسـان خـوا (عَـيْن)ی، هەیـە، (عـين) بـۆ ئێمـە ئەندامـە، بـەڵام بـۆ خـوا سـیفەتە، ئایـا چۆنـە؟ نازانیـن، بەڵـێ خـوا لـە سـەرەوەی دروسـتكراوەكانی خۆیـەتی، بـەڵام ئـەوە بـۆ خـوا ﷻ سـیفەتێكە كـە وەك هـی دروسـتكراوەكان نیـە، هەروەهـا هەمـوو سـیفەتەكانی دیكـەش، بـۆ وێنـە: كـە لـە هەندێـك فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە دەفەرمـوێ: ئەگـەر سـێیەكی شـەوێ ڕۆیشـت، خـوای پـەروەردگار دێتـە ئاسـمانی نیزیـك لـە ئێمـە[1]، دابەزینـی خـوا بـۆ ئاسـمانی نیزیـك لـە ئێمـە، ئاسـمانی دنیـا، یـانی چـی؟ بێگومـان ئـەوە سـیفەتێكی خوایـەو ئێمـە نازانیـن چۆنـە؟ بـەڵام بـە تەئكیـد مەبەسـت پێـی ئـەوە نیـە كـە خـوا سـەرەوەی دروسـتكراوەكان بـە جـێ بهێڵـێ و بێتـە نێـو دروسـتكراوەكان! چونكـە خـوا لـە نێـو دروسـتكراوەكانیدا جێـی نابێتـەوە، لێرەدا بـەس ئەوەنـدەی لـە بـارەوە دەڵێیـن، ئەگەرنـا ئـەو باسـە، ئێمـە لـە كتێبـی دووەمـی مەوسـووعەی: (ئیـمان و عەقیـدەی ئیسـلامیی)دا، لەوێـدا بـە تەفصیـڵ بـاسی سـیفەتەكانی خـوای بـەرزی مەزنمـان كـردوە، هەروەهـا لـەو مەوسـووعەی: **(الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله)** لـە كتێبـی سـێیەمدا، دیسـان بـە تەفصیـڵ لـە بـارەی نـاوو سـیفەتەكانی خـوای پـەروەردگارەوە دواویـن، لـەو بـارەوە نوختەمـان خسـتۆتە سـەر پیـت.

---

(١)- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ، قَالَ: يَنْزِلُ رَبُّنَا كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا، حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الآخِرِ، يَقُولُ مَنْ يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ، مَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ، مَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ} أخرجه مالك: ٤٩٨، والبخاري: ١٠٩٤، ومسلم: ٧٥٨.

کورتە باسێک لە بارەی بژێودانی خواو زۆرو کەمکردنیەوە

خوا پشتیوان بێت لە نۆ (٩) بڕگەدا، ئەم کورتە باسە دەکەین:

١- واتای وشەی (الرِّزْقُ): (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (الرِّزْقُ: يُقَالُ لِلْعَطَاءِ الْجَارِي تَارَةً، دُنْيَوِيّاً كَانَ أَمْ أُخْرَوِيّاً، وَلِلنصِيبِ تَارةً، وَلِمَا يَصِلُ إِلَى الْجَوْفِ وَيَتَغَذُّون بِهِ تَارَةً، يُقَالُ: أَعْطَى السُّلْطَانُ رِزْقَ الْجُنْدِ، وَرُزِقْتُ عِلماً، قَالَ تَعَالَى: ﴿وَأَنفِقُوا۟ مِن مَّا رَزَقْنَـٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ ۝١٠﴾، المنافقون، أَيْ: مِنَ الْمَالِ وَالْجَاهِ وَالْعِلم، وَيُمْكِنُ أَنْ يُحْمَلَ عَلَى الْعُمُومِ، فِيمَا يُؤْكَل وَيُلْبَسُ وَيُسْتَعْمَلُ)[١].

واتـە: وشـەی (رزق) جـاری وا هەیە بۆ مووچەیەکـە کە بەردەوامـە، بەکاردەهێنرێ، ئنجـا ئـەو مووچـەو بژێـوە، چ دنیایـی بـێ، چ دواڕۆژیـی بـێ و، جـاری وایـە بـۆ پشـك و بەشـێك بـەکاردێ و، جـاری وایـە بـۆ ئـەوەی دەچێتـە نێـو هەنـاوی مرۆڤـەوە و پێـی دەژی بـەکاردێ، {واتـە: بـۆ خـواردن و خواردنـەوە} دەگوتـرێ: حوکمـڕان بژێـوی سـەربازەکانیدا، (واتـە: مەعاشـی پێـدان)، تـۆ دەڵێـی: (رُزِقْتُ عِلماً) زانیارییـم بـۆ کـرا بـە بژێـو، (کەواتـە: بـۆ شـتی ماددیـش بـەکاردێ و، بـۆ شـتی مەعنەوییـش بـەکاردێ)، خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (المنافقـون)دا، دەفەرمـوێ: ﴿وَأَنفِقُوا۟ مِن مَّا رَزَقْنَـٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ ۝١٠﴾، واتـە: لـەوەی پێـمان داون، ببەخشـن، بـەر لـەوەی یەکێکتـان مـردنی بگاتـێ، لـەوەی پێـمان داون لـە مـاڵ و سـامان لـە پێگـە (جَـاه) {(جَـاه) یـانی: قسـە ڕۆیشـتن، ئەوە کـە مـرۆڤ پێگەیـەکی کۆمەڵایەتیی هەبێ و قسـەی بگیرێتـەوە، لـەوە ببەخشـە، صوڵـح بکـە، چاکـە بکـە لـە خەڵـك} و لـەو زانیارییـەی پێتـدراوە، {کەواتـە: وەك چـۆن مـاڵ و سـامان ڕزقـە، جاهـو پێگـەی کۆمەڵایەتییـش ڕزقـەو زانیارییـش ڕزقـە} دەشـگونجێ وشـەی (رزق) بەکاربهێنـرێ بـە گشـتیی، بـۆ

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن: ص ٣٥١.

شتێك كە بخورێ و بۆ شتێك كە بپۆشرێ (بەرگ و پۆشاك) و بۆ هەر شتێك كە بەكاربهێنرێ [یانی: خانووبەرە، سەیارە، كەلوپەلێ كە مرۆڤ بەكاری دێنێ].

كەواتە: وشەی (رزق) واتە: هەرشتێك كە خوا بۆ مرۆڤەكانی ڕەخساندوە، پێی بژین، ئنجا خواردن و خواردنەوەیە، بەرگ و پۆشاكە، ماڵ و سامانە، كەل و پەلە، ماددییە، یاخود شتی مەعنەوییە.

٢- بژیو (رزق)، تەنیا لە لایەن خواوەیە: ئێمە لە كوردییدا جاری وایە **(رزق)** بە ڕۆزیی تەرجەمە دەكەین، جاری واشە بە بژیو، ئەو شتەی كە مرۆڤ پێی دەژیی، كە لە ڕاستییدا مرۆڤ هەر بە خواردن و خواردنەوە ناژی، بەرگ و پۆشاكی پێویستە، خانوو بەرەی پێویستە، كەل و پەلیشی پێویستە، ژیانیش هەر ژیانی ماددیی و جەستەیی نیە، ئینسان ژیانی مەعنەوییشی هەیە، لەبەر ئەوە دەگونجێ بە تەقواش بگوترێ ڕزق و، بە عیلمیش بگوترێ ڕزق و، بە عیبادەتیش بگوترێ، بۆ وێنە: بە حەج دەگوترێ، یەكێك دەڵێ: **(رَزَقَنِي الله حَجًّا)** خوا حەجی پێ بەخشیم، واتە: كردی بە ڕزقم، یان دەڵێ: **(رَزَقَنِي الله صِيَامَ رَمَضَان)** خوا گرتنی ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی كردە بژیوی من، ئنجا ڕزق بە هەموو ئەو چەمكانەی گوتمان، بە هەموو واتاكانیەوە، تەنیا لە لایەن خواوەیە.

خوا لە سوورەتی (فاطر)دا، دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ﴿٣﴾ ﴾، واتە: ئەی خەڵكینە! یادی چاكەی خوا بكەنەوە بەسەر تانەوە، ئایا بێجگە لە خوا بەدیهێنەرێكی دیكە هەیە، بژیوتان بدات لە سەرێ و لە خوارێوە، بێجگە لەو هیچ پەرستراو نین، بۆ كوێ لادەدرێن؟! یانی: بەس خوا بژیو دەرتانەو بەس خوا هەموو شتێكی بۆ ڕەخساندوون، كەواتە: هەر ئەویش بپەرستن.

لە سوورەتی **(العنكبوت)**دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ وَٱعۡبُدُوهُ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥٓۖ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: بژیو هەر لە لای خوا بخوازن، بیپەرستن و سوپاسگوزاریی بۆ بكەن، بۆ لای وی دەگێرنەوە.

کەواتە: بژیو تەنها بە دەست خوای بەرزی مەزنە، ئەو شتانەی مرۆڤ مەداری ژیانی دنیاییان پێ ساز دەکات.

٣- مرۆڤ پێویستە بۆ دابین کردنی ڕزق و بژیو هەوڵبدات: بژیو کە تەنیا لەلای خوایە، مانای وانیە مرۆڤ تەنبەڵ تەنبەڵ پاڵبداتەوەو، هیچ کارێك نەکات، بە بیانووی ئەوە کە ڕزق لەسەر خوایە، ڕزق لەسەر خوایە، بەڵام خوا ﷻ بە هۆی هەوڵدانی مرۆڤەکانەوە ئەو ڕزق و بژیوە دەدات، کەسێك زۆر هەوڵبدات، خوا ڕزقی زۆری دەداتێ، کەسێك کەم هەوڵبدات، خوا کەمی دەداتێ، زۆر خۆی ماندوو بکات، بە زۆریی وایە زۆرتری دێتە دەست، کەمتر خۆی ماندوو بکات، کەمتری دێتە دەست، بە زۆریی وایە.

بەڵام جاری واش هەیە ئەو بنچینەیە هەڵاواردنی تێدایە، کەسێك زۆریش هەوڵدەدات و کەمی بە دەستەوە دێ و، کەسی واش هەیە کەم هەوڵدەدات و زۆری بە دەستەوە دێ، ئەوەش هەڵاواردنە، لەو بنچینەیە، بەڵام بە گشتیی ئەوانەی زیاتر خۆیان ماندوو دەکەن، زیاتریان دێتە دەست، وەك گوتمان ڕزق بەس ماڵ و سامان نیە، بەس خواردن و خواردنەوە نیە، کەسێك بۆ عیلم هەوڵدەدات و زۆر خۆی ماندوو دەکات، زانیاریی زۆر دەبێ، کەسێك لە ڕووی عەقڵییەوە، زیاتر عەقڵی خۆی بەکاردێنێ و بیر دەکاتەوە، عەقڵی بە هێزتر دەبێ، کەسێك لە ڕووی جەستەییەوە هەوڵدەدات، جەستەی بەهێزتر دەبێ، کەسێك بۆ ماڵ و سامان هەوڵدەدات، ماڵ و سامانی زیاتر دەبێ، کە سێك بۆ تاعەت زیاتر هەوڵدەدات، تاعەتی چاکتر ئەنجام دەدات، ئەوی دیکە کەمتر، کەمتر، بۆیە مرۆڤ دەبێ، هەوڵبدات، خوا ﷻ لە سوورەتی (الملك)دا، دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ ذَلُولًا فَٱمْشُوا۟ فِى مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا۟ مِن رِّزْقِهِۦ ۖ وَإِلَيْهِ ٱلنُّشُورُ ﴿١٥﴾ ﴾، واتە: خوا زەوی بۆ دەستەمۆ کردوون[1]، بە قەد پاڵەکانیدا بڕۆن و لە بژیوی خوا بخۆن {بەڵام لەبیریشتان نەچێ} دەچنەوە خزمەتی وی.

---

(١) (ذَلُول) بە وشترێك دەگوترێ کە بە ئاسانیی یەخ دەبێ، منداڵێکی گچکە بە وشتر بڵێ: یەخ، یەخ دەبێ، بڵێ هەڵسە، هەڵدەستێ.

دوای ئـەوەی فەرمـووی: ﴿ فَٱمۡشُواْ فِي مَنَاكِبِهَا ﴾، بەقـە پاڵەکانیـدا بـڕۆن، ئنجـا دەفەرمـوێ: لـە بژێـوی خـوا بخـۆن، یـانی زەوی هەڵکێڵـن، کاربکـەن، کەسـابەت بکـەن، بازرگانیـی بکـەن، کشـتوکاڵ بکـەن، ئاژەڵداریـی بکـەن، بەلاشـان و قـەد پاڵـەکانی زەویـدا بـڕۆن، بـە کەنارەکانـی دا بـڕۆن، ئنجا لـە بژێـوی خـوا بخـۆن، ئەگـەر نـەڕۆی و کار نەکـەی، بژێـوت دەسـت ناکـەوێ!

هەروەهـا لـە سـوورەتی (الجمعـة)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ۝٩ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۝١٠ ﴾، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! ئەگـەر بانگـدرا لـە ڕۆژی جومعـەدا، بـە خێرایـی بـەرەو یـادی خـوا بـڕۆن و واز لـە کڕیـن و فرۆشـتن بێنـن، ئـەوە باشـترە بـۆ ئێـوە ئەگـەر بزانـن. هەرکاتیـش نوێـژ تـەواو بـوو، (نوێـژی جومعـە)، بەزەوییـدا بڵاوببنـەوەو لەبەخشـشی خـوا داوا بکـەن، زۆریـش یـادی خـوا بکـەن (لەمیانـەی کارو کەسابەتیشـدا) بـۆ ئـەوەی سـەرفرازبن.

یـانی: خواتـان لـە بیـر نەچـێ، کـە لـە کڕیـن و فرۆشـتنداو لـە کارو کەسـابەتدا، غـەش و خیانـەت بکـەن، ئەوکاتـە ڕزقەکـە لـە خۆتـان حـەرام دەکـەن.

کەواتـە: خـوا فەرمـانی کـردوە تەنانـەت لـە ڕۆژی جومعەشـدا کـە ڕۆژی پشـوودانی مسـوڵمانانە، هەتـا بانـگ دەدرێ، بـۆت هەیـە خەریـکی کڕیـن و فرۆشـتن بی، ﴿ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَ ﴾، بـەڵام کـە بانگـی دا لـە کڕیـن و فرۆشـتن گەڕێـن، مـادام بانگیـدا، دواییـش کـە نوێژ کـرا، دووبارە تێهەڵبچنـەوە لـە کاروکاسـبیی: ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴾، هـەرکات نوێـژ تـەواو بـوو بەزەویـدا بڵاوببنـەوە جارێـکی دیکـە لـە بەخشـشی خـوا داوا بکـەن، مانـای وایـە خـوای پـەروەردگار زۆر بـە جیددیـی فەرمـانی بـە مسـوڵمانان کـردوە، کـە دەبـێ بـۆ پەیداکـردنی بژێـو هەوڵبـدەن.

پێغەمبەریش ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {**لَوْ تَوَكَّلُونَ عَلَى اللهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ، لَرُزِقْتُمْ كَمَا يُرْزَقُ الطَّيْرُ تَغْدُو خِمَاصًا وَتَرُوحُ بِطَانًا**} (**أخرجه الترمذي: ٢٣٤٤، وقال: حسن صحيح، وابن ماجه: ٤١٦٤، وأبو يعلى: ٢٤٧، وابن حبان: ٧٣٠، والحاكم: ٧٨٩٤، وقال: صحيح الإسناد**)، واتە: ئەگەر وەك پێویست پشت بە خوا ببەستن، بژیوتان دەدرێ، وەك چۆن بژیوی باڵندە دەدرێ، باڵندەکان بەیانیان دەردەچن بە سکی برسیەوەو، ئێواران دەگەڕێنەوە، بە سکی پڕەوە.

واتە: خوا بژیویان دەدات، بەڵام دەبێ دەربچن، بجووڵێن، ئێچیر بگرن، ئەگەر باڵندەی بچووك بن، مێش و مەگەز دەخۆن، هەموویان بە سکی خاڵیی دەردەچن بەیانیان، بەڵام ئێواران بەسکی پڕ دەگەڕێنەوە.

کەواتە: دەبێ دەرچوونەکە هەبێ، گەڕان و سووڕانەکە هەبێ، ئنجا تێربوونەکە دەبێ.

٤- فراوانیی و تەنگیی ڕزق و ڕۆزیی، بۆ تاقیکردنەوەیە، نەك نیشانەی ڕازیی بوون، یان ڕازی نەبوونی خوا: بە داخەوە زۆر کەس لەوەدا بە هەڵەدا چوون: پێیان وایە ئەگەر خوا بژیوی بۆ کەسێك فراوان کرد، ئەوە زۆری خۆش دەوێ و لێی ڕازییە، بەڵام ئەگەر کەسێکی هەژارو نەدار کرد، دیارە خوا لێی تووڕەیە! بەڵام ئەوە ڕێك پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا ﷻ لە قورئاندا فەرموویەتی:

أ- لە سوورەتی (**الفجر**)دا، دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾ كَلَّا ﴾، واتە: مرۆڤ (ی نامسوڵمان، یان مرۆڤێك کە بیرکردنەوەی چەوتە) کاتێك پەروەردگاری تاقیکردەوە، ڕێزی لێگرت و نیعمەتی پێدا، دەڵێ: خوا ڕێزی لە من گرتوە، (واتە: کە خوا لە ڕووی ماددییەوە دەوڵەمەندی کرد، وادەزانێ خوا لە ڕووی مەعنەوییشەوە خۆشیدەوێ و ڕێزی لێدەگرێ) بەڵام ئەگەر تاقیکردەوە (بەبارێکی دیکەدا) بژیوی لێ تەنگکردەوە، دەڵێ: خوا منی بە کەم تەماشا کردوە، خوا منی ڕیسوا کردوە، منی سووك کردوە، خواش دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا ﴾، ئەوە وانیە، واز لەو قسانە بێنە!

ب- لە سوورەتی (المؤمنون)دا، دەفەرموێ: ﴿ أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمْ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾، واتە: ئایا پێیان وایە ئەوەی کە ئێمە هاوکاریی ئەوانی پێدەکەین لە سامان و لە کوڕان، خێرایی دەکەین لە چاکەی ئەواندا، (واتە: پێیان وایە کە بۆیە وایان بۆ دەکەین، خۆشمان دەوێن)، بەڵکو هەست ناکەن، شعووریان نیە.

ئەگەرنا مرۆڤ! تۆ کاتێك خوا ماڵ و سامانی پێداوی، کوڕان و قەڵەباڵغیی و خزم و قەومی پێداوی، بەڵام ڕووت لە خوا نیە، هەر بزانە کە ماڵەکەت بە غەزەبەو قەڵەباڵغییەکەی دەوریشت بە غەزەبە، چونکە بۆ خراپە بەکاریان دێنی! بەڵام شعووریان نیە.

٥- زۆر جاران فراوانیی بژێو بۆ کەسێك، یان بۆ کۆمەڵێك مایەی تووڕەیی خوایە:

أ- خوا لە سوورەتی (التوبة)دا، زۆر بەڕوونیی ئەوە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾، (ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم دەکات و دەفەرموێ: سەرسام مەبە بە سامانەکانیان و منداڵەکانیشیان (کە سامان و کوڕو کچیان زۆرە) خوا تەنیا مەبەستی ئەوەیە بەو ماڵ و سامانەو بەو قەڵەباڵغییەی دەوروبەریان لە ژیانی دنیادا سزایان بدات (پێوەی ماندوو دەبن و خەری دەکەنەوە، بە مشوور لێ خواردنی منداڵەکان ماندوو و ناڕەحەت دەبن) دوایی بمرن و گیانیان دەربچێ، لە حاڵەتێکدا کە بێبڕوان.

کەواتە: خوا ﷻ هەندێ کەس ماڵ و سامانی دەداتێ، قەڵەباڵغی بەدەورەوە پەیدا دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی مەینەتیی و ناڕەحەتیی و، دواییش بە کافریی دەمرێ.

ب- لە سوورەتی (سبأ)دا خوای پەروەردگار ڕوونتر ئەو مەبەستە دەخاتەڕوو، دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٤﴾ وَقَالُوا۟ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٣٥﴾ قُلْ إِنَّ رَبِّى يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ

لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٦﴾ وَمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِى
تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ جَزَآءُ ٱلضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا۟
وَهُمْ فِى ٱلْغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: هیچ وریاکەرەوەو ترسێنەرێکمان، لە هیچ شارو ئاوەدانییەك دا نەناردوە، مەگەر خۆشگوزەرانەکانی گوتوویانە: ئێمە بێبڕواین بەوەی ئێوە پێی ڕەوانکراون، [هەمیشە خۆشگوزەرانەکان دژی پێغەمبەران بوون، خۆشگوزەرانەکان کێ بوون؟ ئەوانە بوون کە دەستەڵاتیان هەبووە، خۆیان سەپاندوە بەسەر خەڵکداو، دەستیشیان بەسەر ماڵ و سامانی وڵات داگرتوە، ئێستاش هەر وایە] . ئەو خۆشگوزەرانانە بە پێغەمبەرانیان گوت: ئێمە لە ئێوە ماڵ و سامانیشمان زیاترەو ڕۆڵەشمان زیاترە (خزم و کەسیشمان زیاترە)و ئێمە لە سزا دراوان نابین، (یانی: خوا ئێمەی خۆشدەوێ ئەگەر خۆشی نەویستباین، ئەو هەموو سامان و کوڕانەی نەدەداینێ!) بڵێ: پەروەردگارم بژیو بۆ هەر کەسێك کە بیەوێ فراوان و تەنگ دەکات، (واتە: لە هەندێك لە حاڵان دا بژیوی بۆ زۆر دەکات و، لە هەندێك حاڵاندا لێی کەم دەکاتەوە، یاخود: بۆ هەندێکیان زۆر دەکات و بۆ هەندێکیان کەم دەکات) بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن (کە ئەوە مانای ڕەزامەندیی خوا نیە، بەڵکو مانای تاقیکردنەوەیە بۆ مرۆڤەکان) ماڵ و سامانتان و ڕۆڵەکانیشتان نابنە هۆکاری ئەوەی لە ئێمەتان وە نیزیك بخەن، مەگەر کەسێك بڕوابێنێ و کردەوەی باش بکات، ئەوانە پاداشتی چەند بەرانبەریان، چەند قاتیان هەیە، بەوەی کە کردوویانە، ئەوانە لە کۆشکە بەرزەکانی بەهەشتدا، بە دڵنیایی بێ ترس و بیم نیشتەجێن.

کەواتە: ئەمە هەر زۆر ڕوونە، وەك پێشینانی خۆشمان دەڵێن: (فڵانکەس ماڵ و سامانی هەیە، بەڵام ماڵەکەی بە غەزەبە)، بۆچی؟ چونکە نوێژی لەسەر دەچوێنێ، ڕۆژووی لەسەر دەچوێنێ، خوای تێدا ناناسێ، خراپەی پێ دەکات، مانای وایە ماڵەکەی نیعمەتە بەڵام بۆ خۆی کردوویەتی بە نیقمەت و بەڵا، بەهۆی بێ ئیمانیی و خراپ بەکارهێنانیەوە.

٦- بژیو زۆرو کەمکردن بە دەستی خوا بوون، لەگەڵ هەوڵداندا، تێکناگیرێن: یەکێك بۆی هەیە، بڵێ: مادام خوا دەفەرموێ: بۆ هەر کەسێك بیەوێ، بژیوی بۆ فراوان دەکات و، هەر کەسێك بیەوێ بۆی کەم دەکات، کەواتە: مرۆڤ بۆچی هەوڵبدات؟ دەڵێین: ئەو دووانە تێکناگیرێن، چونکە خوا وەك یاسایەکی خۆی دەفەرموێ: ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ **النجم**، واتە: بۆ مرۆڤ نیە مەگەر هەوڵ بدات، مرۆڤ دەبێ هەوڵ بدات و بەبێ هەوڵدان هیچی نایەتە دەست، مرۆڤ مسوڵمان بێ، یان نا مسوڵمان بێ، هەروەها لە سوورەتی (**التوبة**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ ﴿١٠٥﴾ ﴾، واتە: بڵێ: کار بکەن، خوا کردەوەکەتان دەبینێ، مانای وایە مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات و هەوڵدانەکەی مرڤ لەگەڵ ئەوەدا کە بژیو بە دەستی خوایەو، فراوانی دەکات و وەتەنگی دێنێ، یان زۆری دەکات و کەمی دەکات، ئەو دووانە تێکناگیرێن و نابێ هیچکەس ئەوە کە ڕزق و بژیو بە دەست خوایە، بیکاتە پاساوی تەنبەڵیی و کارنەکردن و، خۆماندوو نەکردن، چونکە بەڵێ ڕزق بە دەست خوایە، بەڵام خوا لە ڕێی هۆکارەکان ڕزقەکە دەدات، وەك ژیان و مردن بە دەست خوان، بەڵام کەسێك بۆ خۆی بچێ لە شوێنێکی بەرزەوە خۆی هەڵدێرێ، دەمرێ، یان کەسێك نەخۆش بێت و خۆی چارەسەر نەکات، نەخۆشییەکەی خراپتر دەبێت، بەقەدەری خوایەو، ئەگەر خۆیشی چارەسەر بکات، هەر بە قەدەری خواو، بە ویستی خوا چاك دەبێ، هەروەها مەسەلەی ڕزقیش بە هەمان شێوە، زۆربەی ئەو خەڵکەی تەنبەڵ تەنبەڵ دادەنیشن، دوایی ناچار دەبن دەست لەبەر خەڵکی پان بکەنەوە، ئەوی دیکەش دەچێ کارو کەسابەت دەکات، ئارەقەی نێو چاوانی خۆی دەڕژێنێ و خۆی پێ دەژیەنێ، بۆیە کوردەواریی خۆمان دەڵێ: (گۆشتی بەلەکی خۆت بخۆ، چاکترە لە منەتی قەساب)، یان دەڵێن: (دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە).

٧- ئیمان و تەقوا مایەی پیت و پێزن لە ژیانی خەڵکداو، ئەگەر خەڵك بڕوادارو پارێزکاربن خوا بژیویان بۆ فراوان دەکات:

أ- لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَىٰ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَٰكِن كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ

٩٦ ﴾، واتە: ئەگەر خەڵکی ئاوەدانییەکان ئیمانیان هێنابایەو پارێزیان بکردبایە، (ئەهلی ئیمان و تەقوابان) دەروازەکانی ئاسمان و زەویمان بەسەردا دەکردنەوە، واتە: خێرو خۆشیی و بەرەکەتی ئاسمان و زەویمان بەسەردا دەڕشتن، ﴿ وَلَٰكِن كَذَّبُوا ﴾ بەڵام بێبڕوابوون، ﴿ فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾، بۆیە بەهۆی ئەوەوە کە دەیانکرد، گرتمانن، سزامان دان.

کەواتـە: لـە ئەنجامـی ئیـمان و تەقـوادا، بژیـو بـۆ مـرۆڤ فـراوان دەبـێ، بژیـوی ماددیـی و بژیـوی مەعنەویـی.

ب- لە سوورەتی (**الطلاق**)یشدا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا ۝ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾، واتە: هەر کەسێك پارێز لە خوا بکات، خوا دەرووی خێری لێ دەکاتەوەو، بێ ئەوەی خۆی فیکری پێشکێ و حیسابی بۆ بکات، خوا بژیوی دەدا.

ج- هەروەها لە سوورەتی (**إبراهيم**)دا، دەفەرموێ: ﴿ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ۝ ﴾، واتە: ئەگەر سوپاسگوزاریی بکەن بۆتان زیاد دەکەم، هەر نیعمەتێك سوپاسگوزاریی خوای لەسەر بکرێ، خوا ئەو نیعمەتە زیاد دەکات، ئنجا ماڵ و سامانە، عەقڵە، زانستە، هەرچی هەیە، شوکری نیعمەتی خواش ئەوەیە کە ئەو نیعمەتە لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاربهێنرێ، کەسێك ماڵ و سامانی هەیە، ماڵ و سامانەکەی دەجوڵێنێ و کاسبیی پێ دەکات، چوار کەسیش سوودی لێوەردەگرن و ماڵ و سامانەکەش زۆر دەبێ، بەڵام ئەگەر دایبنێ لە وێ و وردە وردە لێی سەرف بکات، کۆتایی پێدێت، شوکری نیعمەتی ماڵ ئەوەیە، ئەو ماڵە بە کاربێنی و بیجووڵێنی و، سوودیشی پێ بە خەڵك بگەیەنی و، بەکاری بێنی، نەك دایبنێی بەکاری نەهێنی، هەروەك شوکری نیعمەتی عیلم ئەوەیە، کە ئەو عیلمە لە خۆت دا بەکاربێنی، هەروەها بڵاوی بکەیەوە، ئێستا کەسێك مەسەلەیەك فێر دەبێ، ئەگەر بچێ بۆ دوو کەسی باس بکات، زیاتر لە مێشکیدا دەچەسپێ، بەڵام ئەگەر بەکاری نەهێنێ و بەس لەلای خۆی بێ و بڵاوی نەکاتەوە، ڕەنگە لە بیری بچێتەوە، عەقڵیش بەکاری بێنە، عەقڵت زیاد دەکات، جەستەت بەکاربێنە پتەوو بە هێزو پێز دەبێ.

٨- گەلێك جاران فراوانكردنی بژێو مایەی یاخیی بوونی خەڵكە: زۆر جاران خەڵك كە ڕزق و بژێوی بۆ فراوان دەبێ، لە خوا یاخیی دەبێ، ئەگەر تەماشای میللەتی خۆمان بكەین، ئەم هەرێمی كوردستانە، لە سەرەتای ڕاپەڕینە جەماوەرییەكەی نەوەدو یەك (١٩٩١ ز) دا، كە خەڵك ئاردی بە كیلۆ دەكڕی و ڕۆنی بە كیلۆ دەكڕی و، زۆربە هەژارو نەدار بوون، زیاتر حیسابی لای خواو قیامەتیان دەكرد، ئێستا كە زۆریان چوونە باڵەخانەو كۆشكی بەرز بەرزەوەو، خۆشگوزەرانیی لە ژیانیاندا پەیدابووە، چەقی گرنگیی و بایەخ پێدانیان بۆتە خۆیان و، خزمەتی جەستەیان و تێركردنی غەریزەو ئارەزووەكانیان، تەماشای ڕێكلامی ڕاگەیاندنەكان دەكەی هەمووی هەر باسی برنج و خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و ئەو شتانەیە كە لە خزمەتی جەستەدان، تەماشای ژیان و گوزەرانیان دەكەی، هەمووی هەر پێشبڕكێ لەوەدا دەكات كە خانووەكەی چاكتر بێ، سەیارەكەی چاكتر بێ، پاشان لە ڕووی هاوكاریی یەكدیشەوە، ئەو كاتە خەڵك پێكەوە بە ڕەحمتر بوو، ئێستا كەسی وا هەیە ملیارێكی هەیە، یان چەندان ملیاری هەن، بەڵام بەزەیی بە كەسێكدا نایەتەوە كە لە خانووی بە كرێدایەو كرێی خانووەكەشی بۆ نادرێ! ئەو چەند ملیاردو لێرەی حیزب و خزمیش هەر پارەی ئەو خەڵكە ڕەش و ڕووتەیە دزیویانەو بردوویانە! بەڵێ زۆرجاران فراوانكردنی بژێو، دەبێتە هۆی یاخیی بوونی خەڵك، بەڵام خەڵكێك كە خوا نەناسێ و دنیای خۆشتر بوێ لە دوارۆژ، خەڵكێك خورمای خۆشتر بوێ لە خوا، خەڵكێك كە زیاتر بۆ جەستەو تێركردنی ئارەزوو و غەریزە جەستەییەكان هەوڵبدات، خوا نەبینێ و تەماشای ئاسمان نەكات و سەربەرز نەكاتەوە، وابزانێ ژیان هەر ئەو پێنج و دوو ڕۆژەی دنیایە، ئەو جۆرە كەسانە بە هۆی فراوان بوونی بژێوو ڕزقەوە، لە خوا غافڵ و یاخیی دەبن، ئنجا ئایا بەڵگەمان چییە بۆ ئەوە؟

أ- خوا ﷻ لە سوورەتی **(الشورى)**دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٧﴾ ﴾، ئەگەر خوا بژێوی فراوان بكردبایە بۆ بەندەكانی، یاخیی دەبوون لە زەویدا، بەڵام بە ئەندازە بۆ هەر كەسێك بیەوێ دادەبەزێنێ، بە دڵنیایی خوا شارەزاو بینەری بەندەكانیەتی، هەر كەسە

هێندەی دەداتێ کە پێی لە خوا یاخیی نەبێ، هی واش هەیە، خوا زۆری دەداتێ، لەبەر ئەوەی خوا دەزانێ ناخێکی پیسی هەیە، دەفەرموێ: با زۆری بدەمێ، تاکو زیاتر لە خوا یاخیی بێ و زیاتر شایستەی سزا بێ، هەم لە دنیادا عەیبداربێ، هەم لە دوا ڕۆژیشدا گوناهبار و سزا باربێ.

ب- هەروەها لە سوورەتی (**الزخرف**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِٱلرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا ۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَٱلْـَٔاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾ ﴾، واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە خەڵک هەمووی ببنە یەك کۆمەڵ، (و لەسەر کوفر کۆببنەوە) ئەوانەی بێبڕوا دەبن بە خوای خاوەن بەزەیی، وامان دەکرد ماڵەکانیان سەقفەکانیان لە زیو بووایە، هەروەها ئەو پەیژانەی پێیان دا دەچنە سەرێ، دیسان خانووەکانیان دەرگاکانیان زێڕو زیو بووایەو، قەنەفەکانیش کە لەسەریان پاڵدەدەنەوە لە زێڕو زیو چندرابوونایە، هەروەها زێڕێکی زۆریشمان پێدەدان، بەڵام هەموو ئەوە ڕابواردنی ژیانی دنیایە، دواڕۆژیش لەلای پەروەردگارت بۆ پارێزکارانە.

ئنجا خستنەڕووی ئەوە هەمووی بۆ ئەوەیە، کە مسوڵمانان کاتێك دەبینن، ئەهلی کوفر - بە تایبەتی ئێستا ئەمریکاو ڕووسیا و چین و زلهێزانی دیکە - سەروەت و سامانێکی زۆریان لەبەر دەست دایە، کە زۆربەی خێرو بێری وڵاتی مسوڵمانانە دزیویانە، کەرەسەی خاوو نەوتەکەیان بە تاڵان دەبەن، چونکە هەر حوکمڕانەکانیش داشی دامەن بە دەست ئەوانەوە، خێرو بێرەکەیان بەتاڵان دەبەن، ئەگەر ئاسن و مس، زێڕ، زیوە، ئەگەر نەوت و گازە، بەهەرزانیی لێیان دەستێنن، چونکە خۆشیان گوێیان بەدەستی ئەوانەوەیە، ئنجا ئەو غازو نەوت کانزایانە کە بە هەرزانیی لێیان دەکڕن، دوایی لەوەرگیراوەکان (مشتقّات) یان، کەل و پەلی وا دروست دەکەن، بە سەدان بەرانبەر پێیان دەفرۆشنەوە،

هەروەها چەکیشی لێ دروست دەکەن و بەو چەکانەش هەر خۆیانیان پێ بە کوشت دەدەن و پێیان دەفرۆشنەوە!!

ئنجا کاتێ مسوڵمانان واقیعەکە ئاوا دەبینن، کە ئەهلی کوفر هێندە خاوەن ئیمکانیەتن، بۆ ئەوەی زۆر بەسەهوو دانەچن و پێیان وابێ خوا ئەوانی زۆر خۆشدەوێ، بۆیە ئاوای بۆ کردوون!! ئەوەتا خوا دەفەرموێ: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە خەڵك هەمووی ببێتە کۆمەڵێکی کافر، ئاوامان دەکرد بۆ بێبڕوایەکان، مەبەستیش ئەوەیە خوا دنیای پێ هیچ نیە و ژیانی دنیای پێ شتێکی کەم بایەخە، دەیدات بە دوژمنەکانیشی، لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ دەفەرموێ: خوا جاری وا هەیە بەندەی خۆی لە ماڵ و سامانی دنیا دەپارێزێ، وەك چۆن یەکێك لە ئێوە نەخۆشەکەی لە خواردن دەپارێزێ[1].

کەسێك کە نەخۆش دەبێ پێی دەگوترێ: ئەو شتەی مەخۆ، نەخۆشییەکەت زیاد دەکات، خواش جاری وایە ئاوا بەندەی خۆی دە پارێزێ لە ماڵ وسامانی دنیا، دەزانێ ئەگەر زۆری بداتێ، پێی مەشغووڵ دەبێ، یان پێی لە خۆبایی دەبێ، بۆیەش پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:[2] هەر کەسێك خوا ئەوەندەی بژیو بداتێ بەشی بکات و، پێشی قەناعەت بکات، بەختەوەر و سەرفرازە، مرۆڤ ئەگەر هێندەی بژیو هەبێ، پێی بژیی و چاوی لە دەستی خەڵك نەبێ، بەڵام قەناعەتی پێی هەبێ، سەرفراز و بەختیارە، چونکە ئەگەر قەناعەتی پێ نەبوو، زۆریش بێ هەر کەمە، بەڵام کە قەناعەتی هەبوو کەمیش هەر زۆرە.

---

(١) [عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ رضي الله الله عنه، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم كَانَ يَقُولُ : إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ عَبْدًا حَمَاهُ الدُّنْيَا كَمَا يَحْمِي أَحَدُكُمْ مَرِيضَهُ الْمَاءَ لِيَشْفِيَهُ.] اخرجه أبو يعلى: ٦٨٦٥، قال الهيثمي (٢٨٥/١٠): إسناده حسن.

(٢) [عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم، قَالَ: «قَدْ أَفْلَحَ مَنْ أَسْلَمَ، وَرُزِقَ كَفَافاً، وَقَنَّعَهُ اللَّهُ بِمَا آتَاهُ»] أخرجه أحمد: ٦٥٧٢، ومسلم: ١٠٥٤، والترمذي: ٢٣٤٨، وقال: حسن صحيح، وابن ماجه: ٤١٣٨.

گێڕراوەتەوە: جارێك كابرایەك دەچێت بۆ لای عومەری كوڕی عەبدولعەزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، داوای هاوكاریی لێ دەكات، دیارە حوكمڕانەكانی پێش عومەری كوڕی عەبدولعەزیز هەروا تەخشان و پەخشانیان كردوە بە پارەی دەوڵەت، كابرایەك هاتوە شیعرێكی پێدا هەڵگوتوون، هەزار درەمیان داوەتێ، یەكێكی دیكە شیعرێكی گوتوە، سەد دیناری زێڕیان داوەتێ، ئەویش لەوان غەڵەت بوو، یان شاعیرێك بووە، یان كابرایەك بووە لەوانەی كە دێن ڕوو بەڕوو مەدحی حوكمڕانەكان دەكەن، {ئێستاش دەبینین، دەهۆڵ كوت و، زوڕنا ژەن زۆرن، بۆ ئەو حوكمڕانانەی خۆیان دەسەپێنن بەسەر خەڵك دا، بۆ چەواشە كردنی خەڵك، دەبێ زوڕنا ژەن و دەهۆڵ كوتان بە دەوری خۆیانەوە پەیدا بكەن، ئەو نووسەرو شایەرو ڕاگەیاندنكارانە، كە قسەی ناهەق دەكەن} دەچێ بۆ لای داوای هاوكاریی لێدەكات، ئەویش دە (١٠) درەمی زیوی دەداتێ، دەڵێ: فەرموو! ئەویش دەڵێ: ئەوە زۆر زۆر كەمە، هیچ كەلێنێكم بۆ ناگرێ، مەگەر هەر بۆ بەرەكەت هەڵیبگرم، جەنابت پیاوێكی موبارەكی، عومەریش دەڵێ: لە هی خۆم هەر ئەوەندەم لە توانادایە، هی بەیت و ماڵیشت پێ ناشێ، [دەزانێ هەیەتی بەس هاتوە سواڵێ بكات]، كابراش دەڕوات، عومەر بانگی دەكات و دەڵێ: وەرە وەرە بگەڕێوە، پێی دەڵێ: ئەگەر پارەت كەم بوو وییستت زۆر بێ، یادی مردن بكە، {بڵێ: ئنجا چ بەمەعلوومە سبەینێ نامرم و، ئەو دە درهەمەش بیێتە میرات} هەروەها ئەگەر ماڵیشت زۆر بوو، ویستت لەبەر چاوت كەم بێ، هەر یادی مردن بكە! {دەڵێی: مادام بەجێی دێڵم، هەر هیچ نیە} ئەویش دەڵێ: فەرماندەی بڕواداران! ئامۆژگارییەكەتم زۆر لە پارەو سامانەكە پێ چاكتر بوو، دەڵێ: دەبڕۆ كاری پێ بكەو خێری لێ ببینی.

٩- هاندانی خەڵك بۆ بەخشین لە پێناوی خوادا، گەورەترین بەڵگەی كاسبیی كردن و، بژیو دەستەبەر كردنە: خوا ﷻ لە زۆر شوێنی قورئاندا هانی مسوڵمانان دەدات كە ببەخشن و هاوكاریی خەڵك بكەن، بۆ وێنە:

أ- ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتۡ سَبۡعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٖ مِّاْئَةُ حَبَّةٖۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٢٦١﴾، واتە: وێنەی ئەوانەی ماڵ و سامانی خۆیان لە ڕێی خوادا دەبەخشن، وەك دەنكە تۆوێكە، حەوت گوڵان دەر بكات، هەر گوڵەی سەد دەنكی تێدابێ، خواش بۆ هەر كەسێكی بیەوێ بۆی چەند بەرانبەریش دەكاتەوە، كەواتە: پاداشتی خێرو چاكە، هەتا یەك بە حەوت سەد (٧٠٠) دەڕوات.

ب- هەروەها هەر لە سووڕەتی (**البقرة**)دا، دەفەرموێ: ﴿إِن تُبۡدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمۡۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٢٧١﴾، واتە: ئەگەر خێرو بەخشینەكانتان ئاشكرا بكەن، شتێكی زۆر زۆر باشە {بۆ ئەوەی خەڵكیش چاوتان لێ بكەن} بەڵام ئەگەر پەنهانی بكەن {و بە پەنهانیی بیدەن بە هەژاران} ئەوە بۆ ئێوە باشترە (خواش) خراپەكانتان لێ دەسڕێتەوەو، خوا بەوەی دەیكەن شارەزایە، واتە: هەندێ جاران وا باشە ماڵ و سامان بەخشینەكانت ئاشكرا بكەی، بۆ ئەوەی خەڵك چاوت لێ بكەن، هەندێ جاریش وا باشە پەنهانی بكەی، تاكو ئەو كەسەی كە هاوكاریی دەكەی دڵی نەشكێ.

كەواتە: هاندانی خوای پەروەردگار بۆ مسوڵمانان كە ببەخشن و هاوكاریی خەڵك بكەن، ئەوە هاندانیانە بۆ كاسبیی كردن و بۆ بژێو پەیداكردن، ئەگەرنا كەسێك نەیبێ، چێ ببەخشێ؟!

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە شەش (٦) ئایەت پێکهاتوە، ئایەتەکانی: (١٣ - ١٨)، تێیاندا خوا باسی ئایینی خۆی دەکات بە گشتیی، کە بۆ هەموو پێغەمبەرانی ناردوە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، تاکو سەرەنجام لەسەر دەستی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ تەواو کراوە.

هەروەها باسی هۆکاری سەرەکیی پەرتەوازەیی شوێنکەوتووانی بەرنامە پێشووەکان کراوە، شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، کە بریتی بووە لە ستەم و سنوورشکێنیی و، حەسوودیی بە یەکدی بردن.

پاشان پێنج ئەرکی گەورەو گرنگ کە بە موحەممەد ﷺ سپێردراون، لەگەڵ ڕاگەیاندنی پێنج ڕاستیی مەزن، خراونەڕوو، هەروەها بێ بەڵگەیی ناحەزانی ئیسلامیش خراوەتەڕوو، دواییش باسی قورئان کراوە.

لە کۆتاییشدا باسی ئاخیر زەمان (**ساعة**)و، نیزیکییەکەی و گومڕایی و دووریی بێبڕوایان کراوە.

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا
بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا
تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ وَمَا
تَفَرَّقُوٓا۟ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ
أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ مِنۢ بَعْدِهِمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ
مُرِيبٍ ﴿١٤﴾ فَلِذَٰلِكَ فَٱدْعُ ۖ وَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ۖ وَقُلْ ءَامَنتُ

بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٍۖ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡۖ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا
وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡۖ لَا حُجَّةَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٥﴾
وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَعَلَيۡهِمۡ
غَضَبٞ وَلَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٌ ﴿١٦﴾ ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا
يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ ﴿١٧﴾ يَسۡتَعۡجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِهَاۖ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ مُشۡفِقُونَ مِنۡهَا وَيَعۡلَمُونَ أَنَّهَا ٱلۡحَقُّۗ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي ٱلسَّاعَةِ لَفِي
ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ ﴿١٨﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(خوا) ئەوەی لە ئایین بۆی کردوونە بەرنامە (ئەی موحەممەد!) هەمان شتە (لە ئێوەڕۆکی دا) کە نووحی پێ ڕاسپاردبوو و، ئەوەیە کە بۆ لای تۆمان سروش کردوەو، ئەوەیە کە ئیبراهیم و مووساو عیسامان پێ ڕاسپاردبوون، (پوختەکەی ئەوەیە) کە ئایین و بەرنامە (ی خوا) بەرپا بکەن و، تێیدا پەرتەوازە مەبن، هاوبەشدانەرەکانیش ئەوەی ئەوانی بۆلا بانگ دەکەی (کە پەرستنی خوایە بە تەنیا)، لەسەر (دڵ)یان گەورەو قورسە، خواش هەر کەس بیەوێ بەرەو لای خۆی هەڵیدەبژێرێ و، هەر کەس (لە ناخەوە) بۆ لای خوا بگەڕێتەوە، بۆ لای خۆی ڕاستە ڕێی دەکات ﴿١٣﴾ (شوێنکەوتووە لادەرەکان) پەرتەوازەش نەبوون (لە دەوری ئەو هەقەی بە پێغەمبەراندا نێررابوو)، مەگەر دوایی ئەوەی زانیارییان بۆ هات، بە هۆی ئێرەیی و ستەمەوە (لە نێو خۆیاندا)و، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە کە وشە (بڕیار)ێك، لە پەروەردگارتەوە تێپەڕیوە، تاکو کاتێکی ناوبراو، دادوەرییان لە نێواندا دەکراو، بێگومان ئەوانەی دوای ئەوان (دوای پێغەمبەران)

کتێب (و بەرنامەی خوا)یان کرایە میرات، لە بارەیەوە لە دوو دڵییەکی خەستی بێزارکەردان ﴿١٤﴾ دەجا (ئەی موحەممەد!) بۆ لای ئەوە (کە باسکرا: ڕێی ڕاستی خوا گرتن و پەرتەوازە نەبوون) بانگەواز بکەو، وەك فەرمانت پێکراوە ڕێك وەستاو دامەزراو بەو، بە دوای ئارەزووەکانیان مەکەوەو، بڵێ: بڕوام بە هەر کتێبێك هەیە کە خوا دایبەزاندووەو، فەرمانم پێکراوە لە نێوانتاندا دادگەربم، خوا پەروەردگاری ئێمەو ئێوەشە، کردەوەکانی ئێمە هی خۆمانن و، کردەوەکانی ئێوەش هی خۆتانن، (پاساوی) مشتومڕ لە نێوان ئێمەو ئێوەدا نیە، خوا پێکەوە کۆمان دەکاتەوە (لە قیامەتدا)و، سەرەنجام بەس بۆ لای ویە ﴿١٥﴾ ئەوانەش کە لە بارەی خوا (و کۆتا بەرنامەکەیە)وە، شەڕە قسە دەکەن (لەگەڵ بڕوادارانـدا)، دوای ئەوەی (پەیامی خوا لەلایەن بڕوادارانەوە) وەڵامدراوەتەوە (و بڕوای پێهێنراوە)، بەڵگە (و پاساوە)کەیان لە لای پەروەردگاریان پووچەڵەو، توورەیی (خوا)یان لەسەرەو، ئازارێکی سەختیان هەیە (لە ڕۆژی دواییدا) ﴿١٦﴾ خوا ئەو کەسەیە کە کتێبە (کۆتاییە)کەی بە هەق دابەزاندووەو تەرازووش (ی دابەزاندوە)، تۆ چووزانی (چ شتێك وایکردوە بزانی!) کە کاتی دیارییکراو (ی ڕۆژی دوایی) نیزیکە! ﴿١٧﴾ ئەوانەی بڕوایان پێی نیە، پەلەی لێدەکەن و، ئەوانەی بڕواداریشن ترس و بیمیان لێی هەیەو، دەزانن کە چەسپاوە (و هەر دێ)، ئەها (ئاگاداربن!) ئەوانەی لە بارەی کاتی دیارییکراو (ی ڕۆژی دوایـیە)وە شەڕە قسە دەکەن، لە گومڕاییەکی دوور دان ﴿١٨﴾}

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(شَرَعَ): (الشَّرْعُ: نَهْجُ الطَّرِيقِ الوَاضِحِ، يُقَالُ: شَرَعْتُ لَهُ طَرِيقاً، وَالشَّرْعُ: مَصْدَر، ثُمَّ جُعِلَ اسْماً للطرِيقِ النَّهْجِ، فَقِيلَ لَهُ: شِرْعٌ، وشَرْعٌ، وشِرْعَةٌ)، (شَرْع): بریتیە لە ڕێیەکی ڕۆشن و ڕوون، دەگوترێ: (شَرَعْتُ لَهُ طَرِيقاً) ڕێیەکەم پێشاندا، (شَرْع)یش چاوگە، دوایی کراوە بە ناو بۆ ڕێیەکی ڕوون، کە هەم دەگوترێ: (شَرْعٌ) و هەم دەگوترێ: (شِرْعٌ) و هەم دەشگوترێ: (شِرْعَةٌ).

(مَا وَصَّىٰ بِهِۦ): (الوَصِيَّةُ: التَقدُّمُ إِلى الغَيْرِ بِمَا يَعْمَلُ بِهِ مُقْتَرِناً بِوَعْظ)، وشەی (وَصِيَّة): بریتیە لەوە کە شتێك ئاراستەی کەسێك بکەی کاری پێبکات، بەڵام ئاراستە کردنەکەت لەگەڵ ئامۆژگارییدا بێ، قسەیەکی وا کە دڵی پێی نەرم بێ.

(أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ): واتە: دین بەرپا بکەن، (﴿ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ ﴿٥٥﴾ ﴾ المائدة، أي: يُدِيمُونَ فِعْلَهَا، وَيُحَافِظُونَ عَلَيْهَا)، دەگوترێ: (يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ) نوێژ بەرپا دەکەن، واتە: نوێژەکە چۆنە، ئاوا دەیهێننە دی، کەواتە: (أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ) واتە: ئایینەکە ڕاست بکەنەوە، بەو شێوە سرووشتییەی خوا دایبەزاندە، بەو شێوەیە جێبەجێی بکەن.

(بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ): (البَغْيُ: طَلَبُ تَجَاوزُ الإِقْتِصَادِ فِيْمَا يُتَحَرّى) (بَغْي): بریتیە لە خواستنی بەزاندنی سنووری میانجیی، لەوەدا کە خەفتانی تێدا دەکرێ، کەواتە: وشەی (بَغْي) بە مانای زوڵم و دەستدرێژیی و سنوورشکێنیی دێ، بەڵام (الإِبْتِغَاءُ: الإِجْتِهَادُ فِي الطَّلَب) وشەی (إِبْتِغَاء): بە مانای کۆششکردنە لە داواکردنی شتێکدا.

(لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ): (أي: لَا احْتِجَاجَ لِظُهُورِ البَيَانِ): پێویست بە موناقەشە ناکات، لە نێوان ئێمەو ئێوەدا، پێویست بەشەڕە قسە ناکات، لەبەر ڕوونیی ڕوونکردنەوەکە، (الحُجَّةُ: الدِّلَالَةُ المُبَيِّنَةُ لِلْمَحَجَّة)، (حُجَّة): بریتیە لە بەڵگەیەکی ڕۆشن

کە ڕێیەکە ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ﴾، یانی: (لاَ جِدَالَ، لاَ نِقَاش) مشت و مڕو شەڕە قسە نیە، چونکە کەسێك کە شەڕە قسە دەکات لەگەڵ ئەوی دیکەدا، دوو کەس هەر کامێکیان بەڵگە دێنێتەوە، کەواتە: بەڵگەمان لە بەیندا، نیە واتە پێویست ناکات بەڵگە بۆ یەکدی بێنینەوە.

(يُحَآجُّونَ): (الـمُحَاجَّة: أنْ يَطلُبَ كُـلُّ أحـدٍ أن يَـرُدَّ الآخَـرَ عَـنْ حُجَّتِهِ ومَحَجَّتِهِ)، (مُحاجَّة): ئەوەیە کە دوو کەس، یان چەند کەسێك، هەر کامێکیان بیەوێ ئەوی دیکە لە بەڵگەکەی خۆی لابداو لەڕێیەکەی خۆی لابدا، بەکوردیی پێی دەڵێن: شەڕە قسە، دمبەدمە.

(دَاحِضَةٌ): (أي: بَاطِلَـةٌ زَائِلَـةٌ، وَأَصْلُـهُ مِـنْ دحْـضِ الرِّجْـلِ، وَهُـوَ الزَّلَـقُ)، (دَاحِضَةٌ) یانی: پووچ، (حُجَّتُهُـمْ داحِضَـةٌ) واتە: بەڵگەکەیان پووچ و بێ بنەمایە، ڕۆیشتوویە، ئەم وشەی (دَحَض): لە ئەصڵدا لە پێ خلیسکانەوە هاتوە، کەسێك لە شوێنێك کە خزە، پێی دەخزێ و دەخلیسکێ، پێی دەگوترێ: (دَحَضَتْ رِجْله) واتە: پێی خلیسکا، ئنجا ئەو کەسەی بەڵگەیەك دێنێتەوەو بەڵگەکەی پووچە، وەك ئەوە وایە پێی خلیسکابێ و هەڵدێرابێ.

(وَٱلْمِيزَانَ): (الـوَزْنُ: مَعْرِفَـةُ قَـدْرِ الـشَّيءِ، وَالمِيْـزَانُ، الجَمْـعُ مَوَازِيـن، مَـا يُـوزَنُ بِـهِ)، وشەی (وَزْن): بریتیە لە زانینی ئەندازەی شتێك، (مِيْزَان)یش، کە بە (مَوَازِيـن) کۆدەکرێتەوە، هەر شتێکە شتی پێ هەڵبسەنگێنرێ و پێ بکێشرێ.

(مُشْفِقُونَ مِنْهَا): واتە: پەرۆشیانەو لێی دەترسێن، پەرۆشی خۆیانەو ترسیان بەرانبەری هەیە، دەڵێ: (الشَّـفَقُ: اخْتِـلَاطُ ضَـوْءِ النَّهَـارِ بِسَـوَادِ اللَّيْـلِ عِنْـدَ غُـرُوبِ الشَّـمْسِ)، (شَفَق): بریتیە لە تێکەڵبوونی ڕووناکیی ڕۆژ، لەگەڵ تاریکیی شەو لە کاتی خۆر ئاوابووندا، (الْإِشْـفَاقُ: عِنَايَـةٌ مُخْتَلِطَـةٌ بِخَـوْفٍ، لأَنَّ الْمُشْـفِقَ يُحِـبُّ المُشْـفَقَ عَلَيْـهِ وَيَخَـافُ مَـا يَلْحَقُـهُ)، (إشْفَاق): بریتیە لە گرنگیی پێدانێکی تێکەڵ، لەگەڵ ترس دا، چونکە (مُشْفِق) واتە: کەسێك شەفەقەتی هەبێ بەرانبەر بە کەسێك،

هەم بەتەنگیەوە یەو هەم ترسیشی لێی هەیە تووشی زەرەر ببێ، (**أَشْفَقَ مِنْهُ**) واتە: ترسا، لێی ترسا (**أَشْفَقَ عَلَيْهِ**) واتە: بەزەیی پێیدا هات، ئنجا (**أَشْفَقْتُ عليه**)، یان (**أَشْفَقَ منه**) واتە: گرنگیی پێداو خەمی لێ خوارد.

(﴿يُمَارُونَ﴾): (**المِرْيَةُ: التَّرَدُّدُ فِي الأَمْرِ، وَهُوَ أَخَصُّ مِنَ الشَّكِّ، وَالمُمَارَاةُ: المُحَاجَّةُ فِيمَا فِيهِ مِرْيَةٌ**)، (**مِرْيَة**): بریتیە لە دڵ لە دڵدان لە شتێکدا، کە تایبەتترە لە دوو دڵیی، (**مُمَارَاة**)یش، بریتیە لە شەڕە قسە لە شتێکدا کە جێی دوو دڵییە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دوای ئەوەی لە ئایەتەکانی پێشێدا، ژمارەیەکی زۆر لە سیفەتەکانی خۆی و، کردەوەکانی خۆی خستەڕوو، بۆ خۆناساندنی بە ئێمەو، باسی وەحیی و پەیام ناردنی خۆی کرد بۆ پێغەمبەران بە گشتیی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) و پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ بە تایبەتی، هەروەها دوای ئەوەی باسی بێ وێنەیی خۆی کردو، باسی ئەوەی کرد کە کلیلەکانی ئاسمانەکان و زەوی بەدەست ئەوەوەن، دیسان باسی ئەوەی کرد: هەر کەسێکی بیەوێ، بژێوی بۆ فراوان دەکات، یاخود لێی وەتەنگ دێنێ و بە هەموو شتێك زانایە.

ئنجا هەر لە درێژەی ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە مەزنانەدا، دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ﴾، واتە: لە ئایینی خۆی بەرنامەیەکی بۆ داناون، کە چییە؟ ﴿مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا﴾، هەمان شتە کە کاتی خۆی نووحی پێ ڕاسپاردوە، ﴿وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ﴾، هەروەها ئەوەی بۆ تۆمان سروشکردوە (ئەی موحەممەد! ﷺ) ﴿وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ﴾، دیسان ئەوەی کە هەرکام لە ئیبراهیم و مووساو عیسامان پێ ڕاسپارد بوون.

کەواتە: ئەی موحەممەد ﷺ! هەروەها ئەی بڕوادارانی شوێنکەوتووی موحەممەد! ئەو بەرنامەیەی ئێوەی لەسەرن، لە هێڵە گشتییەکانیدا، هەر هەمان ئایین و بەرنامەیە، کە نووح و ئیبراهیم و مووساو عیسا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لەسەری بوون.

لێرەدا خوا باسی ئەو پێنج پێغەمبەرە دەکات و، لە سوورەتی (الأحزاب)یشدا، دیسان باسی ئەو پێنج پێغەمبەرە دەکات، دەفەرمووێ: ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَـٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ﴿٧﴾ ﴾، واتە: کاتێك پەیمانمان وەرگرت لە پێغەمبەران و لە تۆو، لە نووح و ئیبراهیم و مووساو لە عیسای کوڕی مەریەم.

زانایان هەندێکیان گوتوویانە: ئەو پێنج پێغەمبەرانە کە هەم لە سوورەتی (الشورى)دا، هەم لە سوورەتی (الأحزاب)یشدا، پێکەوە هاتوون، واتە: نووح و ئیبراهیم و مووساو عیساو موحەممەد (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە بەر ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکی جیایان هەیە لەو پێغەمبەرانەی دیکە، ئنجا هەندێکیان گوتوویانە، کە دەفەرمووێ: ﴿ فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴿٣٥﴾ ﴾الأحقاف، واتە: خۆت ڕابگرە وەك چۆن خاوەن عەزمەکان لە پێغەمبەران خۆیان ڕاگرت، گوتوویانە: ئەو پێنجە پێغەمبەرە خاوەن عەزمەکانن.

بەڵام وەك لە چەند شوێنێك لە کتێبەکانی خۆمدا باسم کردوە، ئەو بۆچوونە ڕاست نیە، کە تەنیا ئەو پێنج پێغەمبەرە بە ئولولعەزم خاوەن عەزم ناسرابن، چونکە هەموو پێغەمبەران خاوەنی عەزم بوون، (عزم) واتە: ویستی مەحکەم، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە هەموو ڕەوشتە بەرزەکاندا لە لووتکە دابوون، بەڵێ لە نێوان لووتکەکانیشدا، بەرزو بەرزتر هەیە، ئەگەرنا ناگونجێ بڵێی: هەر ئەو پێنجە خاوەن عەزم بوون، ئەدی پێغەمبەرەکانی دیکە خاوەن عەزم نەبوون؟!

کەواتە: ئەو بۆچوونە هەڵەیە بەڵام دەتوانین بڵێین: ئەو پێنج پێغەمبەرە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، لەوانی دیکە بە عەزمتر بوون، ئەوە دەگونجێ، ئەو پێنجە خاوەن عەزیمەتتر بوون و ئیرادەیان مەحکەمتر بووە.

بەڵام من پێم وایە کە جیاکردنەوەی ئەم پێنج پێغەمبەرە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، لە دوو شوێنی قورئاندا، لەبەر تایبەتمەندییەکی دیکەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو پێنج پێغەمبەرانە، ئێستاش شوێنکەوتوویان هەن، ئێستاش تەنیا ئوممەتی ئەو پێنج پێغەمبەرانە هەیە:

١- صابیئەکان کە خۆیان بە شوێن کەوتوی نووح دەزانن، هەروەها هەندێك لە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، خۆیان بە شوێنکەوتووی نووح دەزانن و، باسی تۆفانی نووح لە نێو هەموو ئوممەتاندا هەیە.

٢- ئیبراهیم (عليه السلام) کە هەرکام لە مسوڵمانان و جوولەکەو نەصرانییەکان، خۆیان بە شوێنکەوتووی وی دەزانن، هەروەها صابیئەش.

٣- مووساش جوولەکەکان خۆیان بە شوێنکەوتووی مووسا دەزانن.

٤- عیساش کە نەصرانییەکان خۆیان بە شوێنکەوتووی دەزانن.

٥- موحەممەدیش ﷺ کە مسوڵمانان خۆیان بە شوێنکەوتووی تایبەتی دەزانن.

کەواتە: ئەو پێنج پێغەمبەرە بۆیە خوا پێکەوەو لە دوو شوێن دا ناوی هێناون، چونکە ئەو پێنج پێغەمبەرە لە هەموو پێغەمبەران ناسراوتر بوون و شوێنکەوتوویان ئێستاش کەم و زۆر هەن.

خوا دەفەرموێ: ئەو بەرنامەیەی کە بۆ ئێوەمان داناوە، هەمان شتە کە نووحمان پێ ڕاسپارد بوو و، ئەوەیە کە بۆ تۆمان سروشکردووەو ئیبراهیم و مووساو عیسامان پێ ڕاسپاردوون، ﴿أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾، کە ئایین بەرپا بکەن و تێیدا پەرتەوازە مەبن، واتە: ئایینەکە خوا چۆنی ناردوە، ئاوا جێ

بەجێی بکەن و تێیدا پەرتەوازە مەبن، هەر کۆمەڵە بەشێکی لێ بگرن، و هەر کەسەو بە دۆڵێکدا بڕوات، وەك دەڵێن: (کەس بە ڕەی کەس نە پێوێ) و (کەس لە مەڕی کەس نەخێوێ) و (هەر کەسە بە یاری خۆی هەڵابڵێ)! بەڵکو هەمووتان هەموو ئایین جێ بەجێ بکەن.

ئەم دەردی بەش بەش بوونە لە دینداریيدا، تایبەت نیە بە ئوممەتانی پێشووەوە و لە نێو ئوممەتی پێغەمبەریش ﷺدا هەیە، یەکێك لایەنی تەزکیەکەی دەگرێ، یەکێك لایەنی فیکرییەکەی دەگرێ، یەکێك لایەنی سیاسییەکەی دەگرێ، یەکێك لایەنی جیهادییەکەی دەگرێ، یەکێك لایەنە پەروەردەییەکەی دەگرێ، یەکێك لایەنە عیلمییەکەی دەگرێ، بەڵام دینداریی ڕاست ئەوەیە، تۆ لە یەك کاتدا هەوڵبدەی لایەنە عیلمییەکەشی و فیکرییەکەشی و پەروەردەییەکەشی و ڕووحییەکەشی، ئەخلاقییەکەشی و سیاسییەکەشی و جیهادییەکەشی، هەموویان پێکەوە بگری، چونکە دین هەمووی پێکەوە هاتووە دەبێ بەش بەش نەکرێ، وەك لە سوورەتی (الروم)دا، خوا دەفەرمووێ: ﴿ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: وەك هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان مەبن، ئەوانەی دینەکەیان بەش بەش کردو، تێیدا بوونە تاقم تاقم.

هەرکات هەر کۆمەڵە بەشێکی لە دین گرت، دوایی وا دەزانێ دین بەس ئەوەندەیە، کە بە داخەوە زۆرجار دەردی هاوبەش بۆ خوا دانەران و، دەردی خاوەن کتێبەکان: جوولەکەو نەصرانییەکان، لە نێو مسوڵماناندا، پەیدادەبن و تەشەنە دەکەن، لە کاتێکدا مسوڵمانان باش لە قورئان و سوننەت تێناگەن و، باش پێیانەوە پابەند نابن.

دوایی دەفەرمووێ: ﴿ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ﴾، لەسەر هاوبەش بۆ خوادانەرەکان گەورەیە، واتە: لەسەر دڵیان زۆر گەورەو قورسە، ﴿ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ﴾، ئەوەی تۆ ئەوانی بۆ بانگ دەکەی، پێغەمبەر ﷺ ئەوانی بۆچی بانگ

دەکرد؟ بۆ خوا بەیەکگرتن و تەنیا خوا پەرستن، ئەوانیش پێیان ناخۆش بوو، چونکە دەیانویست هاوەڵان بۆ خوا پەیدابکەن و هاوبەشانی بۆ دابنێن. ﴿ ٱللَّهُ يَجْتَبِيٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴾، خواش بەرەو لای خۆی هەر کەسێك بیەوێ هەڵیدەبژێرێ و، هەر کەسێکیش بیەوێ ڕاستە ڕێی دەکات، بێگومان ئەو کەسەی بەرەو لای خوا دەگەڕێتەوە، ڕاستە ڕێی دەکات.

کەواتە: ئەوانەی خوا هیدایەتیان دەدات و ڕاستەڕێیان دەکات، با زۆر دڵیان بە خۆیان خۆش بێت، کە خوا گوڵبژێری کردوون، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش کە بڕوا ناهێنن، با بزانن: شایستەی ئەوە نەبوون، خوا هەڵیانبژێرێ و بەرەو خۆی دڵیان وەرچەرخێنێ و ڕێنماییان بکات، با شانازیی بە کوفرو شیرکی خۆیانەوە نەکەن. ﴿ وَمَا تَفَرَّقُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ﴾، ئەوانە پەرتەوازەش نەبوون، واتە: شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە دوای وان پەرتەوازە نەبوون، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هات، بە هۆی زوڵم و ستەمیانەوە لە نێو خۆیان دا، بە هۆی ئەوەوە کە هەر کامێکیان چاوی لەوە بووە، خۆی بە خاوەنی دین بزانێ و، خۆی فەرز بکات بەسەر ئەوی دیکەدا بە ناوی دینەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا بەش بەش بوون.

﴿ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ ﴾، ئەگەر وشەیەکیش لە پەروەردگارتەوە پێش نەکەوتایە، واتە: خوا بڕیارێکی پێشتری داوە، ﴿ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾، هەتا کاتی دیارییکراو، واتە: خوا بڕیاری داوە تاکو کاتی دیارییکراو، دادوەریی لە نێوان خەڵکدا ناکات، دوایان دەخات تاکو قیامەت و، لە قیامەت دا تەسفیەی حیساب و لێك جیاکردنەوە، دێتە گۆڕێ، لەبەر ئەو بڕیارە نەبووایە: ﴿ لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ ﴾ بەدڵنیایی دادوەرییان لە نێواندا دەکرا، لەسەر ئەوە کە دینی خوایان بەش بەش کردوە، خوا دادوەریی لە نێودا دەکردن و سزای لادەرانی دەدا، بەڵام هەڵیاندەگرێ بۆ ڕۆژی دوایی، چونکە دنیا شوێنی تاقیکردنەوەیەو ڕۆژی دوایی شوێنی حیساب و کیتاب و لێپرسینەوەو سزاو پادشتە.

﴿ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەش کـە دوای ئـەوان کتێبیـان کرایـە میـرات، کتێبیـان پێـدارا، لـە دوای پێغەمبـەرەکان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، کتێبەکەیـان هاتـە دەسـت، ﴿ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴾، لەبارەیـەوە لـە دوو دڵییـەکی خەسـت دان، لەبـارەی کتێبەکەیانـەوە لـە گومانێـکی بێزارکـەر دان، بۆچـی؟ چونکـە هێندەیـان بـەزم و بـازاڕی جیـاواز داهێنـاون و هێندەیـان شـتی خراپ پەیداکـردوە، ئێسـتا کـە کتێبـی خـوا دەبینـن، لەگـەڵ ئـەو واقیعـەدا کـە خۆیـان لـە سـەرینی لـە دینداریـی، زۆر جیایـە، بۆیـە لـە کتێبەکـەی خـوادا کەوتوونـە دوو دڵیـی و گومانـەوە.

سبحان اللـه! ئـەوە ئێسـتا بەسـەر حاڵـی مسـوڵمانان دا زۆر چەسـپاوە! ئەگـەر تـۆ تەماشـای دینداریـی مسـوڵمانان بکـەی، چ لـە نێـو گـەلی کـورددا، چ لەنێـو گەلەکانـی دیکـەدا، دەبینـی زۆر شـتیان پەیداکـردوە، هیـچ پەیوەندیـی بەدینـەوە نیـە! بـۆ وێنـە: لـە هەنـدێ وڵاتـدا، ئافرەتـان دەبـێ هەموویـان پەچـەدار (**مُنْتَقِبة**)بـن، بـەڵام لەبـەر ئـەوە نیـە زۆر بـە دینـن، چونکـە لـە شـتی دیکـەدا هیـچ گـوێ نادەنـە دیـن، ئێسـتا لـەو دەوڵەتانـەی کەنـدا داو، هەمـوو ئافرەتێـك دەبـێ پێچـەی هەبـێ، زۆر چاکـە، ئنجـا ئایـا ئـەوە لەبـەر بەدینییـە؟ ئەگـەر لەبـەر بەدینییـە، بۆچـی گوێتـان بـە دەسـتی ئەمریکاوەیـە، بۆچـی ئەمریـکا نەوتەکەتـان لـێ دەسـتێنێ، ئـەدی بۆچی ڕێگـە بە خەڵك نـادەن خۆپێشـاندان بکـەن! مـان بگـرن! بۆچـی ڕێ بەخەڵـك نـادەن ڕەخنـە بگـرێ لـە دەسـتەڵاتدار، دەسـتەڵاتدارێك کـە هەمـوو شـتێکی بـۆ خـۆی و بنەماڵەکـەی خـۆی قۆرخ کـردوە! ئایـا ئـەوە لـە کوێـی دینداریـی دایـە، ئـەو حوکمـی میراتیـی و بنەماڵەییـە، ئـەوە لـە کوێـی دینداریـی دایـە، کـوڕە مەلیـك و ئەمیـرو بەرپرسـەکان دەچـن لـە ڕۆژئـاوا چەنـدان ملیـار دۆلار دادەنێـن لـەوێ، ڕۆژئاواییـەکان و ئەمریکاییـەکان سـوودی لێدەبینـن و، ئەگـەر لێشـیان توورەبـوون، لێیـان زەوت دەکـەن، لـەوێ دەچـن کەشـتیی و موڵـك و دوورگـە دەکـڕن، بـە پـارەی ئـەو ڕەش و ڕووتـە، کـە ئەگـەر کەسـێکیان دزیـی کـرد لـە برسـان، دەسـتی دەبـڕن، تاکـو بـۆ ڕیـکلام بڵێـن: ئێمـە شـەریعەت جـێ بەجـێ

دەکەین، ئەها دەستی دزمان بڕی! ئەدی بۆچی دەستی ئەوە کەسە نابڕێ، کە چەندان ملیاری دزیون، دەبێ ئەوە هەر سەری ببڕدرێ، کە دەستی بەسەر موڵك و ماڵی ئەو میللەتە داگرتوە! ئنجا ئەوە لە ڕووی سیاسییەوە، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی فیکرییەوە، لە ڕووی ڕەوشتیی و ئاکارییەوە، ئێستا لە نێو مسوڵماناندا زۆر شتی وا پەیدابووە، کە لە مەحەکی قورئان و سوننەتی دەدەی، دەزانی شتی داهێندراو و پەیداکراو و بێ جێیە.

ئنجا ئەوە هەموو وادەکات، کە بەهۆی ئەو شتانەوە کە خەڵك عادەتیان پێوە دەگرێ، شتە داهێنراوەکان، دوایی کە ڕووی گەش و ڕاستەقینەی کتێبی خوایان پێشان بدرێ، بە گومانەوە تەماشای دەکەن و دەڵێن: ئەوەی قورئان دەیڵێ، زۆر جیایە لەوەی ئێمە، هەر وەك چۆن کاتی خۆی هاوبەش بۆ خوا دەنەرەکان، کە پێغەمبەر ﷺ بانگی دەکردن، دەیانگوت: ﴿إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾﴾الزخرف، ئێمە باب و باپیرانی خۆمان لەسەر ڕێیەك بینیوە، هەر لەسەر ڕێی ئەوانیش دەڕۆین، ئێستا خەڵکێکی زۆر هەیە ئەگەر پێی بگوترێ: ئەوە پێچەوانەی شەرعە، پێچەوانەی سوننەتەو نابێ وابێ و ئەوە داهێنراوو پەیداکراوە! دەڵێ: ئەدی بۆچی ئەوانەی پێشێ ئەوەیان نەگوتوە؟ نەخێر، وانیە، ئێوە دینێکی تازەتان هێناوە! بەڵام ئیسلام بەس بریتیە لە قورئان و سوننەت و، غەیری قورئان سوننەت هەمووی تێکەیشتنە لە بارەی دینەوە، کە دەگونجێ ئەو کەسە، پێکابێ و، دەشگونجێ نەیپێکابێ، یان دەگونجێ بۆ کاتێك پێکابێ و، بۆ کاتێکی دوای ئەوە، نەیپێکابێ.

دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدْعُ﴾، ئنجا بۆ ئەوەی باسکرا، بانگەواز بکە (ئەی موحەممەد ﷺ!) بەڕێزان! ئەمە تاکە ئایەتە لە قورئاندا، کە خوا دە (١٠) ڕستەی تێدا فەرموون، پێنجیان ئەرکن بۆ پێغەمبەر ﷺ و، پێنجیشیان ڕاستیی گەورەو مەزنن، کە پێغەمبەر ﷺ ڕایانبگەیەنێ، جگە لەم ئایەتە تەنیا (آية الكرسي) لە دە (١٠) ڕستە پێکهاتوە، کە دەربارەی خوایە ﷻ، ئەم ئایەتەش

دەربارەی ئایینی خواو ئەرکی پێغەمبەرەو ﷺ لە دە (١٠) ڕستە پێکهاتوە، پێنجیان ئەرکی پێغەمبەرن ﷺ کە جێ بەجێیان بکات و، پێنجیشیان پێنج ڕاستیی گەورەو مەزنن کە دەبێ ڕایان بگەیەنێ:

یەکەم: ﴿ فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُ ﴾، بۆ ئەوەی باسکرا، خەڵك بانگەواز بکە یانی: [بۆ بەرپاکردنی ئایین، بەو شێوەیەی خوا دایبەزندوە، بۆ ئەوەی تێیدا پەرتەوازە نەبن و، تاکو تەنیا خواش بپەرستن].

دووەم: ﴿ وَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَ ﴾، وەك فەرمانت پێکراوە ڕێك وەستاوبە (ئەی موحەممەد ﷺ!) **(إستقامة)** بریتیە لە ڕێك وەستان، بەبێ لادان و ئەملاولا کردن.

سێیەم: ﴿ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ ﴾، بە دوای ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوە.

چوارەم: ﴿ وَقُلۡ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٖ ﴾، بڵێ: بڕوام هەیە بە هەر کتێبێك کە خوا دایبەزاندوە.

یانی: لەگەڵیان مەچووە نێو شەڕەقسەوەو بڵێ: هەموو ئەو کتێبانەی خوا دایبەزاندوون، بڕوام پێیان هەیە، چونکە جوولەکەو نەصرانییەکان، دەهاتن بە پێغەمبەریان ﷺ دەگوت: ئایا تەورات و ئینجیلیش کتێبی خوا نین؟ قسەیان لەگەڵدا دەکرد، بۆیە فەرموویەتی: بڵێ: بڕوام بە هەر کتێبێکە کە خوا دایبەزاندوە، بەڵام وەك ئەصڵەکەی، نەك وەك واقیعی ئێستای کە پڕ کراوە لە ئەفسانەو، بە پێی هەواو ئارەزووی ئەوانەی کە کتێبەکەیان بەدەستەوە بووە، گۆڕیویانەو شتیان تێخستوە.

پێنجەم: ﴿ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُ ﴾، واتە: فەرمانم پێکراوە کە دادگەرییتان لە نێواندا بکەم.

ئەمە کە لە مەککە هاتۆتە خوارێ، ئاماژەیە بەوە کە پێغەمبەر ﷺ کاتێك دێ ئایینەکەی حوکمڕان دەبێ و دەسەڵاتی دەبێ، واتە: بزانن ئەگەر دەسەڵاتم هەبوو دادگەرییتان لە نێواندا دەکەم، ئەمە پێنج ئەرکەکەی پێغەمبەر ﷺ.

ئنجا خوا فەرمانی پێدەکات، پێنج هەواڵیش ڕابگەیەنێ، پێنج ڕاستیی مەزن:

یەکەم: ﴿ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ ﴾، خوا پەروەردگاری ئێمەش و ئێوەشە، کەواتە: خوا **سبحانه وتعالى** خاڵی هاوبەشمانە، وەك چۆن ئێوە خوا بە پەروەردگاری خۆتان دەزانن، ئێمەش بە پەروەردگاری خۆمانی دەزانین، ئنجا وەرن با هەموومان تەنیا خوا بپەرستین و هاوبەشی بۆ دانەنێین، من بڕوام بەو کتێبانە هەیە کە خوا دایبەزاندوون، ئێوەش ئەو کتێبەی دیکە، کە کتێبی کۆتایی خوایە، بڕواتان پێی هەبێ، ئەو کاتە مشت و مڕ نامێنێ.

دووەم: ﴿ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ ﴾، ئێمە کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان، ئێوەش کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان.

ئایا ئێوە ناڵێن: ئێمە زۆر چاکمان کردوە؟ باشە کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان، ئێمەش کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان، ئێمە ئەوە بەڕاست دەزانین کە بە پێی قورئان و سوننەت بێ، ئێوەش ئەوە بە ڕاست دەزانن کە بە پێی کتێبی خۆتان بێ، با لەسەر ئەوە مشت و مڕ نەکەین.

سێیەم: ﴿ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ﴾، هیچ بەڵگە هێنانەوەو مشت و مڕ نیە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا، من بڕوام بە سەرجەم کتێبەکانی خوا هەیە، کە دایبەزاندوون: ئنجا صوحوفی ئیبراهیمە، تەوراتی مووسایە، زەبووری داوودە، ئینجیلی عیسایە، هەر کتێبێکی دیکەی خوا هەیە، ئەگەر بچەسپێ کە کتێبی خوایەو دایبەزاندوە، بڕوام پێیەتی، بەڵام وەك ئەصڵەکەی کە دایبەزاندوە، نەك بەو واقیعەی ئێستای ئەگەر گۆڕدرابێ، ئێوەش بڕوا بە کتێبی خوا بێنن کە دایبەزاندوە، ئەوکاتە مشت و مڕو شەڕە قسە، لە نێوان ئێمەو ئێوەدا نامێنێ.

چوارەم: ﴿ ٱللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا ﴾، خوا ئێمەو ئێوە کۆدەکاتەوە، واتە: کاتێك دێ خوا کۆمان دەکاتەوەو دادگاییمان دەکات.

کەواتە: با لە مشت و مڕەکەمان بگەڕێین و هەڵبگرین بۆ ئەوێ.

پێنجەم: ﴿ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴾، سەرەنجامیش هەمووی بۆ لای خوایە، دەچینەوە خزمەتی.

کەواتە: با هەر کامێکمان خۆی ئامادە بکات، بە چ چاووڕوویێکەوە دەچێتەوە خزمەت خوا ﷻ و چی لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ لای؟!

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِى ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا ٱسْتُجِيبَ لَهُۥ ﴾، واتە: ئەوانەش کە شەڕە قسە دەکەن لەبارەی خواوە، لەبارەی ئایین و بەرنامەی کۆتایی خواوە، دوای ئەوەی وەڵامی دراوەتەوە، واتە: دوای ئەوەی بڕوادارانێك بڕوایان پێهێناوە، بە دوا بەرنامەی خوا، بە دوا کتێبی خوا، بە دوا پێغەمبەری خوا ﷺ، کەچی ئەوانە شەڕە قسەو مشت و مڕ دەکەن لەحاڵێك دا ئەو ئیمانداره پاك و چاکانەش هەن، ﴿ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، ئا ئەوانە بەڵگەکەیان لەلای خوا پووچە، یانی لە هەر لەبەر ئەوەی خۆیان بەبەڵگەیان زانیوە، ناویان لێناوە بەڵگە، ئەگەرنا لە ڕاستییدا بەڵگە نیە، شتێکی پووچە، ڕۆیشتووە خلیسکاوە، ﴿ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ ﴾، هەروەها تووڕەییان لەسەرە، ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴾، سزایەکی سەختیشیان بۆ هەیە، چونکە دوای ئەوەی کۆمەڵێك بڕوایان بە ئیسلام هێناوە، پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ هەر کەسێك تەماشای کردبایە، دەیزانیّ کە ڕاستگۆیە، لە ژیانی دا درۆی نەکردووەو هەرگیز شتێکی خراپی نەکردوە، لە پێش پێغەمبەرایەتیشی دا عەیبەو لەکەیەکی نەهاتۆتە سەر، ئنجا شوێنکەوتووەکانیشی هەموویان لە عەقڵەوە پێچراون، لە حیکمەتەوە پێچراون، لە ئاکارو ڕەوشتی جوانەوە پێچراون، خواپەرستن، پاکن، چاکن، هەر کەسێك تەماشایان بکات، دەزانیّ ئەوانە کەسانێکن: ئایین و بەرنامەیەك کە هی ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ ئاوا چاك و پاك و جوانی کردوون، شوێنکەوتنی ئەو پێغەمبەرەیە ئاوای چاك و پاك و جوان و ڕێك کردوون، کەواتە: دیارە ئایین بەرنامەیەکی ڕاستە، بۆیە کەسانێك کە لەوبارەوە شەڕە قسە دەکەن و بەرگریی دەکەن، لە ئایینە شێوێنراوەکانیان و، لە کتێب و بەرنامە تێکدراوەکانی خۆیان، ئنجا ئەو قورئانەشیان لەبەر دەستە، کە وەك ڕۆژ دەدرەوشێتەوە، ئەوانە لە ڕاستییدا

بەڵگەکەیان پووچاوەیە لەلای پەروەردگاریان و تووڕەیی خوایان لەسەرە، لەبەر ئەوەی بەهۆی بەرژەوەندییە دنیاییەکانیانەوە بە دەم بانگی خواوە ناچن، ئاخر چ قورەیشییەکان کە بڕوایان بە پێغەمبەر نەدەهێنا ﷺ، چ جوولەکەکان لە مەدینە، چ نەصرانییەکان، لەبەر ئەوە بوو، دەترسان بەزم و بازاڕی خۆیانیان لێ تێکبچێ، ئەو خەڵکەیان بە ناوی دینەوە گەوجاندبوو، ئەو ئایینەی بەناوی ئیبراهیمەوە لەسەری بوون، دینی شیرك و بتپەرستیی بوو، هەروەها ئایینی تێکدراوی جوولەکە، یاخود نەصرانیی، بەزم و بازاڕێکیان بۆ خۆیان دروستکردبوو، ئەگەر بڕوایان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هێنابایە، دەبوو دەستبەرداری ئەو ئیمتیازە ناشەرعییانە بن، بۆیە وازیان لە ئایینەکانیان نەدەهێنا، خواش دەفەرموێ: تووڕەییان لەسەرەو، سزای سەختیشیان بۆ هەیە.

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿ اللَّهُ الَّذِي أَنزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ ﴾، خوا کەسێکە کتێبی بە هەق دابەزاندوەو تەرازووش واتە: کە کتێبی دابەزاندوە هەقی لە نێودایە، یاخود: کتێبی دابەزاندوەو هەر ئایەتێکی و، هەر ڕستەیەکی هەق دەپێکێ، یان: بە شێوەیەکی هەق دا دایبەزاندوەو، لە کاتێکی هەق دایبەزاندوەو، بە شێوازێکی هەق و ڕاست، ﴿ وَالْمِيزَانَ ﴾، هەروەها تەرازووشی دابەزاندوە، (میزان) یانی: تەرازوو، ئەو ئامێرەی شتی پێ هەڵدەسەنگێنرێ، بەڵام کوا خوا لە ئاسمانەوە هیچ تەرازوویێکی وەک بۆ ئێمە زانراوە، دانەبەزاندوە! کەواتە: مەبەست پێی عەدلە، یانی دادگەرییشی دابەزاندوە، هەر لە نێو قورئاندا، قورئان بە هەقیش هاتوەو، دادگەرییشی تێدایە، ئەگەر قورئان کاری پێبکرێ، هەق دەچەسپێ و باتیڵ لادەچێ، هەروەها دادگەریی دەچەسپێ و زوڵم و ستەم لادەچێ، ئەگەر قورئان کاری پێکرێ، ستەمی نەتەوەیی نامێنێ، هیچ نەتەوەیەك نەتەوەیەکی دیکە ناچەوسێنێتەوە، ستەمی سیاسیی نامێنێ، هیچ کەسێك هیچ حیزبێك، هیچ لایەنێك خۆی ناسەپێنێ بەسەر خەڵکدا بەبێ ویستی ئازادانەی خۆیان، هەروەها ستەمی ئابووری نامێنێ، قڕیی و پڕیی

چینایەتیی، نابێ زۆربە فڕین و لەبەریان ببڕێ و، کەمێك پڕبن و لەسەریانەوە بڕژێ، هەروەها ستەمی کۆمەڵایەتیی نامێنێ، هەندێك لە خۆڕا خۆیان پێ لە خەڵك بەرزتربێ و، وابزانن لە ئاسمانی هاتوونە خوارێ و، خەڵکی دیکەیان پێ کەم بێ!! هەموو جۆرە ستەمەکان لادەچن و دادگەریی ڕەها دەچەسپێ، ﴿ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ ﴾، تۆ چووزانی دەبینی (ساعة) نیزیکە. (الساعة) واتە: ئەو کاتە دیاریکراوەی دانراوە، بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی تێدا بێ، جا جاری وایە (ساعة) بۆ ئاخیر زەمان بەکاردێ، واتە: کۆتایی هاتنی ئەم ژیانە دنیاییە، جاری واش هەیە بۆ هاتنی قیامەت بەکاردێ، جاری واشە بۆ هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەت بەکاردێ، کە لێرەدا هەمووی دەگرێتەوە، کەواتە: باش خۆتی بۆ ئامادە بکە.

﴿ يَسۡتَعۡجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِهَاۖ ﴾، ئەوانە پەلەی لێ دەکەن، کە بڕوای پێناهێنن، ئەوانەی بێبڕوان، پەلەی لێ دەکەن، دەڵێن: کوا دەبا قیامەت بێ، کوا ئەدی بۆچی نەهات؟! ئەوانە لەبەر ئەوەی بڕوایان پێی نیە، بۆیە پەلەی لێ دەکەن، ئەگەر بڕوایان پێی بووایەو زانیبایان چ ڕۆژێکە، پەلەیان لێ نەدەکرد، ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مُشۡفِقُونَ مِنۡهَا ﴾، بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە، ترس و بیمیان بەرانبەری هەیە، چ مەبەست پێی ئاخیرزەمان، یان قیامەت بێ، چ ڕۆژی دوایی بێ، بە گشتیی، ﴿ وَيَعۡلَمُونَ أَنَّهَا ٱلۡحَقُّۗ ﴾، دەشزانن کە چەسپاوە، دێت و هیچ جێی دوو دڵیی تێدانیە، ﴿ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي ٱلسَّاعَةِ ﴾، ئاگاداربن! ئەوانەی شەڕە قسە دەکەن لە بارەی (ساعة)وە، یاخود: دوو دڵن لە بارەی (ساعة)وە، بە هەرسێ واتای: ئاخیر زەمان، قیامەت، ڕۆژی دوایی بە گشتیی، ئەوانەی دوو دڵن، یاخود شەڕە قسە دەکەن، ﴿ لَفِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٍ ﴾، لە گومڕاییەکی دووردان.

جاری وایە ئینسان لە ڕێ لادەدات، بەڵام زۆر دوورناکەوێتەوەو، بە ئاسانیی دەتوانێ بێتەوە سەر ڕێ، بەڵام ئەگەر لە ڕێ لابدات و زۆر دووربکەوێتەوە،

دەڵێن: هەیهوو زۆر دوور ڕۆیشتووی، ئنجا خوا ﷻ دەفەرمویّ: ئەوانە لە گومراییەکی دووردان.

لێرەدا لە کۆتایی مانای گشتیی ئەم شەش ئایەتە موبارەکەدا، دەڵێین: خوای بەرزی مەزن، ئەگەر سەرنج بدەین لە هەموو دەلاقانەوە بۆ دڵی ئینسان دەچێ و، لە هەموو ڕێیەکانەوە بۆ ئینسان دەچێ، کە ئەو هیدایەتەی خۆی بخاتە نێو دڵ، جاری وایە لە ڕووی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵییەوە، جاری وایە لە ڕێی جووڵاندنی دڵ و دەروونەوە، جاری وایە سەرنجیان ڕادەکێشێتەوە بۆ مێژوو، جاری وایە دەیانباتەوە بۆ سەرنجدانی گەردوون، جاری وایە باسی ئاخیر زەمان دەکات، جاری وایە باسی زیندوو کردنەوەو هەڵسێنرانەوەو سزاو پاداشت دەکات، جاری وایە باسی بەهەشت و ئەو نیعمەتانەی تێیدان، دەکات، جاری وایە باسی دۆزەخ و ئەو سزاو جەزرەبەیەی تێیدایە، دەکات، جاری وایە باسی ئەو بەڵاو دەردو موصیبەتانە دەکات، کە بەسەر خەڵك دێن، بە هۆی کردەوە خراپەکانیانەوە، یانی: خوا ﷻ لەم قورئانە مەزنەدا لە هەموو ڕێیانەوەو لە هەموو دەلاقەکانەوە بۆ مرۆڤ دێ، تاکو ئەو هیدایەتەی خوا، ئەو نوورو بەرەکەتەی خوا، بخاتە نێو عەقڵ و نێو دڵی و، پێی هۆشیارو بێدار بێتەوە.

خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ بە لوتف و کەرەمی خۆی، کە باش گوێ دەگرن بۆ فەرمایشتی خوا، باش لێی ورد دەبنەوەو تێوەی ڕادەمێنن و لێی تێدەگەن، پاشان باش پێیەوە پابەند دەبن، خوا بە بەزەیی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە زۆرترین بەهرە لە قورئان وەردەگرن، هەم لە دنیادا پێی پاك و چاك دەبن، هەم لە دوارۆژدا پێی سەرفرازو سەر بڵند دەبن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بەرنامەی ئوممەتی ئیسلام، هەمان بەرنامەی نووح و ئیبراهیم و مووساو عیسایە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، ئێوەڕۆکەکەی بریتییە لە خوا بەیەکگرتن و بەرپاکردنی ئایین لەسەر ئەرزی واقیع و تێدا پەرتەوازە نەبوونی، شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانیش پاش زانیاریی و بەرچاوڕوونیی، بە هۆی ستەم و ناکۆکیی نێو خۆیانەوە، لایانداو، سەرەنجام ئەوانەی دوای وان کتێبی خوایان کرایە میرات و پێیاندرا، لە بارەیەوە کەوتنە دوو دڵییەکی خەست و خۆڵەوە، لەبەر ئەوەی شتیان زۆر داهێنا بوو، کتێبی خوایان لەبەرچاو نامۆ بوو بووە وە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا
إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى
الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ
(١٣) وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن
رَّبِّكَ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِن بَعْدِهِمْ لَفِي
شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ (١٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ ﴾، (خوا) لە ئایینی فراوان و گشتیی خۆی بەرنامەیەکی بۆ داناون، (شَرَعَ: جَعَلَ طَرِيقاً وَاسِعَةً) ڕێیەکی فراوانی دانا، دەگوترێ: (شَرَعَ) بە مانای (أَوْضَحَ وَبَيَّنَ) ڕوونی کردەوەو ئاشکرای کرد، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ

ٱلدِّينِ ﴿١٤﴾﴾، یانی: (بَيَّنَ لَكُمْ مَسَالِكَ مَا كَلَّفَكُم بِهِ) ئەو کارانەی پێی سپاردوون و ئێوەی پێ ئەرکدار کردوون، خوا بۆی ڕوونکردوونەوە، لێرەدا وشەی (شَرَعَ): خوازراوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوە.

(شَرَعَ فِي الأَمْرِ) دەستی بەکارەکە کرد، ئنجا (شَرَعَ) هاتووەو (شَرَّعَ)ش، هاتووە، کە ئەوە بۆ زێدەڕۆییکردنە، (شَرَعَ) و (شَرَّعَ) هەردووکیان یانی: بەرنامەی دانا، یاخود: بەرنامەکەی ڕوونکردەوە، دوێنراو (مخاطب) لێرەدا ئوممەتی پێغەمبەرە ﷺ، کە دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُم﴾، بۆ ئێوە، ئەو ئێوەیە کێن؟ پێغەمبەرو ﷺ ئوممەتەکەیەتی، دەفەرموێ: ئەوەی لە ئایین بۆ ئێوەی کردۆتە بەرنامە، ئنجا با بزانین چی؟!

٢)- ﴿مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا﴾، ئەوەی بۆ ئێوەی کردۆتە بەرنامە: هەمان شتە کە نووحی عليه السلام پێ ڕاسپارد بوو.

٣)- ﴿وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ﴾، هەروەها ئەوەی بۆ لای تۆمان سروشکردوە.

٤)- ﴿وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ﴾، دیسان هەمان شتە کە ئیبراهیم و مووساو عیسامان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، پێ ڕاسپاردبوون، یانی: ئەو بەرنامەیەی ئێوە لە هێڵە گشتییەکانیدا، هەمان بەرنامەو ئایینە کە نووح و ئیبراهیم و مووساو عیسا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، لەسەری بوون.

هەڵبەتە لێرەدا مەبەست وێچوونی بەرنامەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ ئیسلامە، لە هێڵە گشتییەکانیدا، لە بنچینەکانی ئایینداو، لە بواری ئیمان کردەوەی باشدا، یاخود: لە بواری عەقیدەو شەریعەتدا، نەك لە هەموو وردەکارییەکاندا، چونکە لە هەندێك لە وردەکارییەکاندا، بۆ وێنە: ئەوەی خوا ﷻ کاتی خۆی جوولەکەکانی پێ سزاداوەو هەندێ شتی لێ قەدەغە کردوون، یان ئەوەی کە کاتی خۆی ڕەوا بووە لە هەندێ لە بەرنامەکانی خوادا، کە بۆ گەلانی دیکەی ناردوون، کە گونجاو بووە لەگەڵ ئەو ژینگەو هەل و مەرجەدا کە تێیدا بوون، مەرج نیە

ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ پابەند کرابێ بە هەموو ئەو شتانەوە، بۆیە لەوبارەوە ڕاجیایی هەیە لە نێوان زانایاندا، کە ئایا: (شَرْعُ مَنْ قَبْلَنَا شَرْعٌ لَنَا، أو لَيْسَ شَرعَاً لَنَا) بەرنامەی ئوممەتانی پێشوو، پێغەمبەرانی پێشوو، بەرنامەیە بۆ ئێمەش، یاخود بەرنامە نیە بۆ ئێمە؟ کە ڕای ڕاستتر ئەوەیە بەرنامەی پێغەمبەرانی پێشوو (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بەرنامەیە بۆ ئێمەش، بەڵام بە مەرجێك: یان لە بەرنامەی خۆمان دا بەڵگەی هەبێ، یان لەگەڵ بەرنامەی ئیسلامدا تێکنەگیرێ، لەگەڵ قورئان و سوننەتدا دژ نەوەستێ.

لێرەدا سەرەتا وشەی (وَصَّى): بەکارهاتوە: ﴿مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا﴾، دوایی دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ﴾ دوایی دیسان فەرموویەتی: ﴿وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ﴾، (التَّوْصِيَةُ: الأَمْرُ بِشَيء مَعَ التَّحْرِيضِ عَلَى إِيْقَاعِهِ وَالعَمَلِ بِه) (تَوْصِيَة): بریتیە لە فەرمانکردن بە شتێك وێڕای هاندان بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەو جێبەجێکردنی و کارپێکردنی.

ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ بۆ شەریعەتی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ وشەی (أَوْحَيْنَا)ی، بەکارهێناوە، بەڵام هی چوار پێغەمبەرەکانی دیکە: نووح و ئیبراهیم و مووساو عیسا، (وَصَّى)ی، بەکارهێناوە، حیکمەتی چییە؟

حیکمەتەکەی وەك زانایان گوتوویانە: (أَوْحَيْنَا) کە بۆ شەریعەتی پێغەمبەری کۆتایی بەکارهاتوە، لەبەر ئەوەیە کە شەریعەتی پێغەمبەری کۆتایی بەردەوامە تاکو قیامەت، پەیامێکی کۆتایی خوایەو هاتوە، بەڵام بۆیە وشەی (وَصَّى) و (وَصَّيْنَا) بۆ شەریعەتی پێغەمبەرانی دیکە بەکارهاتوە، چونکە هی ئەوان بۆ کاتێکی دیاریکراوو بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بوون، دەڵێ: (أَسْتُعْمِلَت كَلِمَة وَصَّيْنَا لِلشَّرَائِع السَّابِقَة لأَنَّهَا كَانَتْ مُؤَقَّتَةً مُقَدَّراً وُرُودَ شَرِيعَةٍ بَعْدَهَا، فَكَانَ العَمَلُ بِهَا كَالْعَمَلِ الَّذِي يَقُوم بِه المُؤْتَمَنُ حَتَّى يَأْتِيهِ صَاحِبُه)، واتە: بۆیە وشەی (وَصَّيْنَا) بۆ شەریعەتەکانی دیکە بەکارهاتوە، چونکە بۆ کاتێکی دیاریکراو بوون و ئەوەش

لەبەر چاو گیراوە کە لە دوای هەر کامێکیان شەریعەتێکی دیکە دێ، (لە دوای شەریعەتی ئیبراهیم، هی مووسا هاتوە، لە دوای هی مووسا، هی داوود هاتوە، لە دوای هی داوود هی عیسا هاتوە، لە دوای هی عیسا، هی موحەممەد ﷺ هاتوە) بۆیە کارکردن بە هەر کام لەو شەریعەتانە کە بۆ پێغەمبەرانی پێشوو هاتوون، وەك کارکردنی کەسێك بووە کە سپاردەیەکی پێ دەسپێردرێ، دەبێ ئاگای لەو سپاردەیە بێ و چاودێریی بکات، تاکو خاوەنەکەی دێتەوەو، کە خاوەنەکەی هاتەوە، دەبێ بیدرێتەوە.

بەڵێ ئەو بەرنامانەی کە بۆ پێغەمبەرانەی پێشوو (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) هاتوون، بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بوون، لە کاتێکی دیاریکراوداو لە شوێنێکی دیاریکراودا، واتە: هەم لە ڕووی خەڵکەکەوە دیاریکراو بوون، هەم لە کاتەکەوە، هەم لە ڕووی شوێنە جوگرافییەکەوە، بەڵام هی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ، لە ڕووی خەڵکەوە، بۆ هەموو مرۆڤایەتییە: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ ﴿٢٨﴾ ﴾سبأ، ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ﴿١٥٨﴾ ﴾الأعراف، لە ڕووی کاتەوەش، لەو کاتەوە کە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ هاتوە، دەرگای وەحیی و پەیامی خوا کاڵە دراوەو داخراوە، هیچ وەحیی دیکە نایەت، تاکو دنیا بە کۆتا دێ، لە ڕووی شوێنی جوگرافییشەوە، بە پانایی زەمین، تەنیا ئایین و بەرنامەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ ئەو ئایین و بەرنامەیە، کە خوا بۆ مرۆڤایەتیی هەڵیبژاردوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾آل عمران، واتە: هەر کەسێك جگە لە ئیسلام، بە دوایی بەرنامەیەکی دیکە بکەوێ، لێی قبووڵ ناکرێ و لە ڕۆژی دواییدا لە زیانبارانە.

لێی قبووڵ ناکرێ، بەو واتایە نا کە زۆری لێ بکرێ هەر دەبێ مسوڵمان بێ، نا، لە قیامەتدا لێی قبووڵ ناکرێ، بەڵام لە دنیادا خوای پەروەردگار ڕێگای داوە: ﴿ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾الکافرون، ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴿٢٥٦﴾ ﴾البقرة،

هەر کەسێك بە دوای چ بەرنامەیەك دەکەوێ، بکەوێ، بەڵام با بزانێ بۆ قیامەتێ لێی قبووڵ ناکرێ و لەسەری سزا دەدرێ، چونکە تاکە بەرنامەیەك کە شایستەی هەموو مرۆڤایەتیی بێ و، چارەسەری کێشەکانی هەموو مرۆڤایەتیی لە گرەودا هەبێ، تەنیا ئیسلامە، هەروەها تاکە ئایینێك دادگەریی ڕەهای تێدابێ، تەنیا ئیسلامە، بەرنامەکانی دیکە هەموویان: یان چینی بورجوازیی دایدەنێ، بە زیانی چینی پرۆلیتارە، یان پرۆلیتار دایدەنێ و بە زەرەری چینی بورجوازییە، یان عەجەم دایدەنێ بەزەرەری عەرەبە، یان عەرەب دایدەنێ بە زەرەی عەجەمە، یان نێر دایدەنێ بەزەرەری مێ، یان مێ دایدەنێ بەزەرەری نێر، یان ڕۆژهەڵات دایدەنێ بە زەرەری ڕۆژئاوایە، ... هتد، بەڵام بەرنامەی خوا ﷻ نە ئینتیمای ڕەگەزیی هەیە، نە ئینتمای نەتەوەیی هەیە، نە ئینتمانی جوگرافیی هەیە، خوا ﷻ، خوای هەموو لایەکە، هی فەقیرو دەوڵەمەند، هی ڕەش و سپیی، هی عەرەب و عەجەم، هی نێر ومێ، هی هەموو خەڵکەکان و، لایەنگیریی بەلای کەسدا نیە، دادگەریی ڕەها تەنیا لەبەرنامەی خوادایە، ئەمە نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی بوو، بۆچی لەوێ (أَوْحَيْنَآ) بەکارهاتوە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، بۆ ئایینی پێغەمبەرانی دیکە (وَصَّيْنَا) بەکارهاتوە؟

نوکتەیەکی دیکەی ڕەوانبێژیی ئەوەیە، کە خوا ﷻ بۆ هی پێغەمبەران وشەی (مـا)ی، بە کارهێناوە، ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا ﴾ ﴿ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ ﴾ بەڵام بۆ هی پێغەمبەر موحەممەد دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ ﴾ وشەی: (الَّذِي) بە کارهێناوە، بێگومانیش قورئان ئەوپەڕی وردەکاریی تێدایە، ئنجا ئایا لەبەرچی: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، چ کە باسی پەیامی نووح دەکات، چ کە دوایی باسی پەیامی هەرکام لە: ئیبراهیم و مووساو عیسا دەکات، وشەی (مَا)ی، بەکارهێناوە، بەڵام بۆ هی پێغەمبەری خاتەم ﷺ وشەی (الَّذِي) بە کارهێناوە؟!

وەڵام:

لەبەر ئەوەی وشەی (ما) لە زمانی عەرەبییدا بۆ شتێك بەكاردێ، نەزانراو (مبهم) بێ، بەڵام ئەو كاتەی خوا وەحیی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ ناردوە، وەحییەكی ئاشكرابووە، بۆیە (الَّذِي) بۆ بەكارهێناوە، ﴿وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ﴾ چونكە (الَّذِي) ناوی مەوصوولە، بەڵام (ما) دەلالەت لەسەر شتێكی نەزانراو (مبهم) دەكات، ئەو كاتەش چ شەریعەتی نووح ﷺ، چ شەریعەتەكانی ئیبراهیم و مووساو عیسا بۆ موحەممەد ﷺ و بۆ گەلی عەرەب و بۆ موسوڵمانانیش ئێستاش، مەیلەو نامۆن و شتێكی نەزانراون و تەم و مژی زۆریان لەسەرە، بۆیە وشەی (ما)ی، بەكارهێناوە: (أَسْتُعْمِلَتْ كَلِمَةُ مَا لِلشَّرَائِعَ السَّابِقَة، لأَنَّهَا كانت مُبْهَمَةً وَلَمْ تَكُنْ مَعْرُوفَةً إلاَّ إِجْمَالًا، فَكَانَتْ نكرات لَا تَتَمَيَّزُ إلاَّ بِصِفَاتِهَا) ئەو بەرنامانەی پێشێ نەزانراو بوون، مەگەر دوایی وەسف بكرێن و باس كرێن، ئەگەرنا نەزانراوە چین و چۆنن؟ بەڵام هی پێغەمبەری خاتەم ﷺ (الَّذِي) بۆ بەكارهێنراوە، چونكە شتێكی زانراو ئاشكرابووە.

شایانی باسە: نووح ﷺ یەكەم پێغەمبەری ڕەوانەكراو بووە، بە بەرنامەوە بۆ مرۆڤایەتیی، لە پێش نووحدا بە تەئكید پێغەمبەرانی دیكە هەبوون، بە مسۆگەریی ئادەم ﷺ پێغەمبەر بووەو، ئیدریس ﷺ پێغەمبەر بووەو، لە هەندێك سەرچاواندا باسی (شیث)یش دەكرێ و ڕەنگە هی دیكەش بووبن، بەڵام ئەوەی بە مسۆگەریی باسیان كراوە، ئادەم و ئیدریسن، كە لە پێش نووحەوە بوون، بەڵام نووح یەكەم ڕەوانكراو (رسول) بووە، بەرنامەی پێدا بنێردرێ، ئادەم بەس (نبي) بووە، چونكە بەرنامە بۆ كێ بێنێ، خۆی و خێزانی بوون؟ هەروەها ئیدریس بەس (نبي) بووە، ﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِدۡرِيسَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيّٗا ٥٦ وَرَفَعۡنَٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا ٥٧﴾ مريم، (صديق) بووە، زۆر بەڕاستدانەری خوا بووەو، (نبي)یش بووە، (نبي) بە مانای هەواڵ پێدراو، یان: مانای هەواڵدەر، چونكە یان (فعيل)ی، بە مانای (مفعول)ە، واتە: (مُنبَأ) هەواڵ پێدراو، یان (فعيل)ی، بە مانای (فاعل)ە، واتە: (مُنبِئ)، هەواڵدەر، بەڵام نووح ﷺ ڕەوانەكراو (رسول) بووە، نەك هەر (نبي)

بووبێ، بەڵکو خاوەن بەرنامەش بووە، بەڵگەشمان لەوبارەوە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە ﷺ کە لە ڕۆژی قیامەتدا، دوای ئەوەی مرۆڤایەتیی کۆدەکرێتەوە، ماوەیەك خەڵك ڕادەگیرێ، خەڵکەکەش دەچن بۆ لای ئادەم دەڵێن: تکامان بۆ بکە خوای پەروەردگار لێپرسینەوە دەست پێبکات، هەموومان سەغڵەت بووین، دەڵێ: من کاتی خۆی سەرپێچییەکم کرد لە فەرمانی خوا، لە درەختە قەدەغە کراوەکەم خوارد، بچن بۆ لای نووح ﷺ، ئادەم پێیان دەڵێ: {وَلَكِنِ ائْتُوا نُوحًا، فَإِنَّهُ أَوَّلُ رَسُولٍ بَعَثَهُ اللَّهُ إِلَى أَهْلِ الأَرْضِ} (أخرجه البخاري: ٤٢٠٦، ومسلم: ١٩٣). واتە: بەڵام بچنەلای نووح یەکەمین ڕەوانەکراو خوا بۆ خەڵکی زەوی ناردوە.

دیارە پێغەمبەرانی پێش نووح (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، خەڵکەکەیان هێندە زۆر نەبووە خوا بەرنامەیەکیان بۆ بنێرێ، پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون و هەواڵی پێداون، بەڵام بە پێویست نەزانراوە کتێب و بەرنامەیەکی پێ بێ، ڕەنگە عەشیرەتێك بووبن، خەڵکێکی کەم بوون، ئەوەندە بەس بووە پەیامی خوایان پێ ڕابگەیەنێ، جارێ هێندەش دوور نەکەوتوونەوە بکەونە گومانەوە، ئادەم و حەووا نیزیك بوون کە خوای پەروەردگار بە تایبەتی خوڵقاندوونی، ئنجا هەتا گەیشتۆتە سەردەمی نووح، وەك لە (صحيح البخاری)دا هاتوە، ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: لە نێوان ئادەم و نووح دا دە (١٠) سەدە هەبوون، پێشێ خەڵکەکە، ئەو کەسانەیان کە زاناو پێشەوایان بوون و خواپەرست بوون، وێنەیان کێشاون لە پەرستگاکان دا، بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوانەوە خواپەرستییان بێتەوە یادو، چاك خوا بپەرستن، دوایی وێنەکانیان کردوون بە پەیکەر، دوایی وای لێهاتوە هەر پەیکەرەکانیان پەرستوون، ئنجا نووح ﷺ کە هاتوە ئەو خەڵکە ماوەیەك بووە داویەتە بتپەرستیی، بۆیە پێویست بووە خوای پەروەردگار بەرنامەیەکیان بۆ بنێرێ.

هەڵبەتە دوایی هەر کام لە ئیبراهیم و مووساو عیساش (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، ڕەوانەکراو (رسول) و خاوەن بەرنامە بوون، بەڵام یەکەمین پێغەمبەری

خاوەن بەرنامە، نووح ﷺ بووە، ئێمە لە جێی دیکەدا باسمان کردووە کە جیاوازیی نێوان (رسول) و (نبي) چییە؟ هەموو ڕەسووڵێك نەبییە، بەڵام مەرج نیە هەموو نەبییەك ڕەسووڵ بێ:

(نبي) ئەو کەسەیە خوا هەوڵی تایبەتیی پێ دەدات و وەحیی بۆ دەنێرێ، سروشی بۆ دەکات.

بەڵام (رسول) وێڕای ئەوە، خوا ڕەوانیشی دەکات و بەرنامەیەکی تایبەتیشی پێدەدات، کە بیگەیەنێ بە خەڵکی دی.

هەڵبەتە هەموو (نبي)یەك خوا موکەللەفی کردووە پەیامی خوا بە خەڵك بگەیەنێ، بەڵام مەرج نیە پەیامێکی سەربەخۆی بووبێ، بۆ وێنە: پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل بەزۆریی خوا بە وشەی (نبي) باسیان دەکات، لەبەر ئەوەی هەموویان شوێنکەوتووی شەریعەتەکەی مووسا بوون، مووسا ڕەسووڵ بووە، بەڵام پێغەمبەرانی بەنوو ئیسرائیل بەزۆریی (نبي) بوون، چونکە هەر بە پێی تەورات، بە پێی شەریعەتەکەی مووسا بەڕێوەچوون، نەك بەرنامەیەکی تایبەتییان بۆ هاتبێ، داوود و سولەیمان خوا هەر بە (نبي) ناوی هێناون، بەڵام عیسی ﷺ بەڕەسووڵیش ناوی هێناوە، چونکە عیسا خوا ئینجیلی پێداوە، بەڵێ، بە پێی تەوراتیش هەر بەڕێوەچووە، بەڵام خوا ئینجیلیشی پێداوە، بەڵام هەندێ لادان و هەڵەو پەڵە کە خراوەتە نێو تەوراتەوە، نێو شەریعەتی مووساوە، عیسا ڕاستی کردۆتەوە بە هۆی ئینجیلەوە.

٥)- ﴿ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ ﴾ کە ئایین و بەرنامەکە بەرپابکەن ئەو بەرنامەیەی خوا بۆی داناون لە ئایینی گشتیی خۆی، کە هەمان شتە نووحیی پێ ڕاسپاردبوو کاتی خۆی و ئیبراهیم و مووساو عیساش، ئەو ئایینەی خوا بەرپابکەن، بەرپای بکەن، واتە: لەسەر ئەرزی واقع بەرجەستەی بکەن.

٦)- ﴿ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ ﴾، تێیدا پەرتەوازە مەبن، واتە: لەبەرپاکردنی ئایینندا پەرتەوازە مەبن، هەر یەکەی لایەکی بگرێ و، هەریەکەی بەلایەك دا بڕوات، بۆیەش وشەی

(أقیموا) بەکارهاتوە چونکە شتێك کە ڕادەوەستێندرێ، لە تەواوترین حاڵەتیدا دەبێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ ﴾، هەروەها بۆ نوێژیش بە زۆریی دەفەرموێ: (أقیموا الصَّلاَة)، (يُقِيمُونَ الصَّلاَة) واتە: نوێژەکە بەو شێوەیە کە هەیە، دەیهێننەدی و ئەنجامی دەدەن.

کە دەفەرموێ: ﴿ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ﴾، ئەو ئایینەی خوا بۆی ناردوون، بۆی سروشکردوون تا ئەو ئایین و بەرنامەیە بەرپابکەن و تێیدا پەرتەوازە مەبن، دەشگونجێ: ﴿ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ ﴾، ڕاناوەکەی بچێتەوە بۆ هەموو ئوممەتانی پێغەمبەران، با ناویشیان نەهاتبێ، بەڵام بە سیاق دەزانرێ، واتە: ئەی هەموو ئەوانەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانی پێشوون! هەمووتان ئەو ئایینە کە خوا بۆ پێغەمبەری خاتەمی ﷺ ناردوە، شوێنی بکەون و بەرپای بکەن و جێبەجێی بکەن، هەمووتان پابەندکراون بەو دوا پەیام و بەرنامەی خوای پەروەردگارەوە.

کەواتە: ﴿ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ ﴾، دەگونجێ بۆ ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ بچێتەوە، شوێنکەوتووانی موحەممەد ﷺ، دەشگونجێ وێڕای ئەوان، بۆ شوێنکەوتووانی هەموو پێغەمبەرانیش بچێتەوە، ئەو دوو واتایەش تێکناگیرێن، چونکە لە ڕاستییدا پێغەمبەر موحەممەد ﷺ هەموو مرۆڤایەتیی بووە بە ئوممەتی وی ﷺ، چ شوێنی بکەوێ، چ شوێنی نەکەوێ، بەڵام لە هیچ کۆمەڵگایەك دا، لە هیچ کۆمەڵە خەڵكێك قبووڵ ناکرێ بە دوای پێغەمبەرێکی دیکە بکەوێ، لە دوای هاتنی موحەممەد ﷺ بۆچی؟ چونکە ڕێبازو بەرنامەی پێغەمبەرانی پێشوو، هەموویان تێکدراون، پاشان ئەوان هەموویان بۆ کات و شوێنیکی دیارییکراو هاتوون.

کەواتە: ئەگەر لەو بەرنامانەدا چارەسەری گرفت و کێشەکانی مرۆڤایەتیی نەبێ، ئەوە نوقصانیی نیە بۆ ئەو بەرنامەیە، چونکە خوای پەروەردگار بۆ ئەوەی نەناردوون، بۆ دێیەکی ناردوون، بۆ عەشیرەتێکی ناردوون، بۆ شوێنێکی

ناردوون، بەڵام ئەو بەرنامەیەی بۆ پێغەمبەری خاتەمی ﷺ ناردوە، خوای بەرزی مەزن و زاناو توانا، چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی هەموو مرۆڤایەتیی تێدا ڕەچاو کردوە.

٧)- ﴿كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ﴾، خوا ڕوو دەکاتە پێغەمبەر ﷺو، ئوممەتەکەی و دەفەرمویٚ: گەورەو قورسە لەسەر هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، ئەوە بانگی بۆ دەکەن، ئەوەی پێغەمبەر ﷺ و مسوڵمانان، هاوبەشدانەران و خەڵکی بۆ بانگ دەکەن، بریتیە لە چی؟ بریتیە لە خوا بەیەکگرتن، (توحید الله) بۆیەش ئەوان ئەوەیان لەسەر دڵ قورسە، چونکە بە شیرکەوە ڕاهاتوون، بە پەرستنی مرۆڤەکانەوە بە پەرستنی دارو بەردەوە، بە پەرستنی پەیکەرەکانەوە، بە پەرستنی ئەستێرەو خرۆکەکانەوە، بە پەرستنی چەندەها شتەوە ڕاهاتوون، ئێستا لەسەر دڵیان قورسە بڵێی: دەستبەرداری ئەو شتانەبن و تەنیا خوا بپەرستن، (كَبُرَ: أي ثَقُلَ وَصَعُبَ) یانی: قورسەو زەحمەتە لەسەر هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، لەسەر دڵیان، ﴿مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ﴾، ئەوەی تۆ ئەوانی بۆ بانگ دەکەی.

٨)- ﴿ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ﴾، بێگومان خوا هەرکەسێکی بویٚ بەرەو لای خۆی هەڵیدەبژێریٚ.

٩)- ﴿وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾، هەروەها هەر کەسێك لە ناخەوە بەرەو لای خوا بگەڕێتەوە، خوا بەرەو لای خۆی ڕاستە ڕێی دەکات.

لێرەدا بۆیە خوا (ما)ی لە: ﴿كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ﴾ دا بەکارهێناوە، چونکە (مَا) یانی: ئەو شتە نەزانراوەی تۆ ئەوانی بۆ بانگ دەکەی، بۆچی وشەی (مَا) بەکارهاتوە؟ (عُبِّرَ بـ «مَا» اعْتِبَاراً بِنِكْرَانِ الْمُشْرِكِينَ لِهَذِهِ الدَّعْوة) بۆیە وشەی (مَا) بەکارهاتوە، کە بۆ شتی نامۆو نەزانراو بەکاردیٚ، چونکە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان ئەوەیان بە نامۆ تەماشایان دەکردو بە شتێکی خراپ و نەزانراویان دەزانی.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ ﴾، (يَجْتَبِـي) یـانی: (يَخْتَـار) خـوا هەڵدەبژێـری بەرەو لای خۆی هەرکەسێکی بیـەوێ، ﴿ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴾، هەرکەسێکیش لـە دەروونـەوە بـۆ لای خـوا بگەڕێتـەوە، خـوا ڕاسـتەڕێی دەکات بـۆ لای خـۆی، یانـی: ئـەی هاوبـەش بـۆ خوادانـەرەکان! ئـەی خەڵکینـە! هەمـوو کـەس شایسـتەی ئـەوە نیـە خـوا بیخاتـە سـەر ڕاسـتە شـەقامی خـۆی، کاتێـك خـوا هەندێـك لـە ئێـوە هیدایـەت دەدات و دەیخاتـە سـەر ڕاسـتە شـەقامی خـۆی، بزانـن زۆر خـوا پێـداون، ئـەوەش کـە بـێ بـەش دەبـێ لـەو خێـرو بەرەکەتـە، بـا بزانـێ زۆر ماڵوێرانـە.

کەواتـە: شـانازیی بـە کوفـرو شـیرکی خۆتانـەوە مەکـەن، بڵێـن: ئێمـە دەسـتمان لـە شـیرك و کوفـری خۆمـان بەرنـەداوەو هـەر لەسـەری ماوینـەوە، خۆتـان پـێ ئـازا نەبـێ، ئێـوە لـە خێرێـکی زۆر بـێ بـەش بـوو ون، ئەوانـەی خـوا بـەرەو لای خۆیـان هەڵدەبژێـرێ و دڵیـان وەردەچەرخێنـێ بـۆ بەندایەتیـی خـۆی، کـە تەنیـا ئەو بپەرستن و تەنیـا شـوێن پێغەمبـەری ئـەو بکـەون: ئەوانـە زۆر خـوا پێـداون، ئەوانـە خـوا هەڵیبـژاردوون و گوڵبژێـری کـردوون، ئەوانـە لـە ناخـەوە بـەرەو لای خـوا گەڕاونـەوە.

١٠)- ﴿ وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ ﴾، پەرتەوازەش نەبوون، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هات، مەگەر دوای ئەوەی بەرچاو ڕوونکرانەوەو شارەزا کران، واتە: پەرتەوازەش بوون و هیچ بیانووشیان نەبوو.

١١)- ﴿ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ﴾، بەهۆی سنوورشکاندنی نێوخۆیانەوە، پەرتەوازەو دابڕ دابڕ بوون، (البَغي) بە مانای سنووربەزاندن و سنوور شکاندن، واتە: پەرتەوازەبوون و بەشبەشبوونیان لە سۆنگەی ستەم و سنوورشکێنیی نێوخۆیانەوە بوو، کە ئێستاش زۆر جار وایە، بۆ وێنە: ڕێبازەکانی تەزکیەو تەصەووف، ئەوە ناوی ڕێبازێکەو، ئەوەش ناوی ڕێبازێکی دیکەیەو ...هتد، لە نێو خۆیاندا ناکۆکن، کە لە ئەصڵدا ئەو ڕێبازانە هەموویان دەبێ خەڵك بگێڕنەوە بۆ ڕاستە شەقامی قورئان و سوننەت، ئەو پێشەوایانەی ئەو ڕێبازانەیان داناون، ئەگەر شێخ جونەیدی بەغدادیی بووە، ئەگەر ئەبوو حامیدی غەززالیی بووە، ئەگەر عەبدولقادری

گەیلانیی بووە، ئەگەر بەهائەددینی نەقشەبەندیی بووە، سەید ئەحمەدی ڕیفاعیی بووە، سەید ئەحمەدی بەدەویی بووە، هەموو ئەوانە تەنیا شوێنکەوتووی قورئان و سوننەت بوون، بەڵام دوایی بەهۆی ناوەکەیانەوە، ئەوە قادرییە، ئەوە نەقشییە، ئەوە بەدەوییە، ئەوە ڕیفاعییە، ئەوە چییە، لە بەینی خۆیان دا ناکۆکن!

هەروەها ئەو حاڵەتە لە نێو سەلەفیی ناوەکان دا، هەر زۆر زەقە.

هەروەها ئەوە بەسەر لایەنە ئیسلامییەکانیشدا دەچەسپێ، ئەگەر دەمارگیرییان هەبێ بۆ ناوەکەیان، هەر لەبەر ئەوەی ئەوە ناوی وایەو، ئەوە ناوی وایە، ... هتد .

هەروەها بەسەر مەزهەبەکانیشدا دەچەسپێ، کە کاتێ خۆی لە بەغداد دا، حەنبەلییەکان و شافیعیەکانیان، هەروەها حەنبەلییەکانیان و حەنەفییەکان سەدو یەك بەزم و ڕەزم و، کێشەو بێشەیان بووە، یان مالیکییەکان و کێ لە میسردا، کە ئەوە هەمووی دەمارگیرییەو هەمووی سنووربەزاندنە لەگەڵ یەکدی، ئەگەرنا مادام هەموو ڕێبواری یەك ڕێکان، ئەو بەوێدا بۆی دەچێ، ئەو بەوێدا بۆی دەچێ، وەك جاری وا هەیە هاوکێشەیەکی ماتماتیکیی و، هاوکێشەیەکی جەبریی بە چەند شێوازێك چارەسەر دەکرێ، یان جاری وایە شارێك چەند ڕێی دەچنەوە تێ، هەر کەسێك هەر ڕێیەك بگرێ ئاساییە، گرنگ ئەوەیە بچێتەوە بۆ وێ، وەك دەڵێن: هەموو ڕێیەکان دەچنەوە بانێ، یان: هەموو ئاو لە کەنداو کۆدەبنەوە.

بۆیە خوا دەفەرموێ: پەرتەوازە نەبوون لە بەینی خۆیاندا، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هات، بە هۆی سنووربەزاندنەوە، بە هۆی حەسەدو ستەم و دەستدرێژیی کردنەوە بۆ سەر یەکدی.

١٢)- ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ﴾، ئەگەر فەرموودەیەك لە پەروەردگارتەوە تێنەپەڕی بووایە، کە تاکو کاتی دیاریکراو هەڵیان بگرێ و، دادوەرییان لە بەیندا نەکات، دادوەرییان لە نێواندا دەکرا، بەڵام خوا پێشتر

بڕیارێکی داوە، کە ئەم دنیایە شوێنی تەصفیەی حیساب نیە، ئەم دنیایە جێی دادوەریی نیە، داخۆ کێ لەسەر هەقەو کێ لەسەر ناهەقە؟ بەڵکو ڕۆژی دوایی، ئەویش (یوم الفصل)ە، ڕۆژی لێك هەڵاواردن ئەوێیە، ئنجا لەبەر ئەوەی خوا پێشتر ئەو بڕیارەی داوە، ئەگەرنا ئەگەر خوا پێشتر ئەو بڕیارەی نەدابایە، کارەکەیان هێندە خراپە، ئەو ئەهلی دینە کە لەبەر دەستدرێژیی و سنوور شکێنیی لە نێوان خۆیاندا پەرتەوازە بوون، دوای ئەوەی خوا بەرچاوی ڕوون کردوونەوەو، ڕێی پێشانداون، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە خوا پێشتر بڕیاری داوە، هەر لێرە دادوەرییان لە نێواندا دەکرا.

١٣)- ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِنۢ بَعْدِهِمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لە دوای وان، [لە دوای پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)] کتێبیان پێدراوە، کتێبیان کراوەتە میرات، لە بارەیەوە لە دوو دڵییەکی خەستدان، لە دوو دڵییەکی بێزارکەردان، واتە: شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، کە کتێبەکەیان کەوتۆتە دەست، کە جوولەکەکان تەوراتیان لەبەر دەستەو، نەصرانییەکان ئینجیلیان لەبەر دەستەو، صابینەکانن کتێبی: **(کنزا ربًا)** و کتێبی: **(مواعظ يحيى بن زكريا)**، یان هەیەو، مەجووسییەکان کتێبی: (ئاڤێستا) یان هەیە، ئەوانەش ئەگەر ئەصڵێکی ئاسمانییان بووبێ، شوێنکەوتووەکانیان لە بارەی کتێبەکانیانەوە کەوتوونە دوو دڵیی و گومانێکی زۆرەوە، کە بە دڵنیایی ئێستا وایە، ئێستا نەصرانییەکان سەدو یەك ڕەخنەیان هەیە لە ئینجیل، جوولەکەکان لەسەر تەورات مشت و مڕیانە، هەروەها صابینەکان لەسەر **(کنزا ربًا)** و، مەجووسییەکان لەسەر ئاڤێستا، کە من ئەو کتێبانەم هەموویان بە وردیی تەماشا کردوون و، سەدو یەك ئیشکال و کێشەیان تێدایە، چونکە گۆڕدراون و دەستکاریی کراون، ئەگەر پێشتر کتێبی خوایش بووبن، شتی وایان تێدایە کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدانیەو، هی عەقڵێك قبووڵی ناکات.

دەفەرموێ: لە بارەی کتێبەکەی خۆیانەوە کەوتوونە دوودڵیی و گومانێکی خەستەوە، منیش بەنسبەت مسوڵمانانەوە دەڵێم: **(أَخْلَافُهُمُ الَّذِيْنَ وَقَعَ الكِتَابُ**

بَيَدِهِم كَالْمِيْرَاثِ عَفْواً صَفْواً، أَصْبَحُوا فِي شَكٍّ وَتَرَدُّدٍ فِيْهِ، بِسَبَبِ كَثْرَةِ مُبْتَدَعَاتِهِمْ، فَصَارَتْ حِجَاباً لَهُمْ عَنْ الحَقِّ، وَهَذَا هُوَ حَالُ المُسْلِمِيْنَ الآن) .

یانی: ئەوانەی کتێبیان کەوتۆتە بەردەست وەك میراتێك، وەك چۆن کەسێك میراتێکی پێ دەبڕێ پێوەی ماندوو نابێ، ئەوانیش ئەو کتێبەیان کەوتۆتە بەردەست بە ئاسانیی و ساغیی بەڵام تێیدا کەوتوونە دوودڵیی و گومان، چونکە خۆیان هێندەیان شتی داهێنراو پەیدا کردوە، کە ئێستا ئەو شتە داهێنراوانە، بوونە پەردەیەك و کتێبی خوایان لێ شاردوونەوە.

مسوڵمانانیش هەم لە ڕووی قوتابخانەکانی عەقیدەوە (علم الکلام)، هەم لە ڕووی مەزهەبە فیقهییەکانەوە، هەم لە ڕووی قوتابخانەکانی تەزکییەوە، هەم لە ڕووی قوتابخانە سیاسییەکانەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە شتی زۆر پەیداکراوەو، پەیدا دەکرێ و، دادەهێنرێ، کە ئەصڵێکی نییە لە ئیسلام دا، وای لێهاتوە شتە داهێنراو و پەیداکراوەکان، ڕووی گەشی قورئان، ڕووی گەشی وەحییان شاردۆتەوە لە مسوڵمانان.

بۆیە لە ئەصڵی کتێبەکەی خۆیاندا دەکەونە دوودڵیی و گومانەوە، هەڵبەت خوا ﷻ ئەو تەعبیرەی بۆ شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانی پێشوو (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بەکارهێناوە، بەڵام بە بۆچوونی من، حاڵی مسوڵمانانیش دەگرێتەوە.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەر ﷺ کە پێنج ئەرکان جێبەجێ بکات و، پێنج ڕاستییانیش ڕابگەیەنێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُۚ وَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡۖ وَقُلۡ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٖۖ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡۖ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡۖ لَا حُجَّةَ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُۖ ٱللَّهُ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُ﴾، بۆ ئەوەی باسکرا بانگەواز بکە، ئەم ئایەتە موبارەکە جگە لە ئایەتی قەرز (**آية الدّين**)، لە دوای (**آية الكرسي**) یەکەمین ئایەتە، کە لە دە (١٠) ڕستە پێکهاتوە، پێنجیان پێنج ئەرکن، کە دەبێ پێغەمبەری خاتەم ﷺ جێبەجێیان بکات و، پێنجیشیان پێنج ڕاستیی مەزنن، کە دەبێ بە خەڵکیان ڕابگەیەنێ (**آية الكرسي**)یش، دە (١٠) ڕستەیە، دەربارەی پێناسەی خوا ﷻو، خوا بەیەکگرتن و سیفەتەکانی خوا، کە دەفەرموێ: ﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدۡعُ﴾، بۆ ئەوەی باسکرا بانگەواز بکە بریتیە لە چی؟

١- ئایینی خوا بەر پابکرێ.

٢- ڕێ بگیرێ لە پەرتەوازەیی.

٣- ئەوە کە خوا بەیەکگرتن و تەنیا خوا پەرستن، لەسەر دڵی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان قورسە.

٤- ئەوە کە خوا ﷻ چاکەی کردوە لەگەڵ بڕواداراندا، کە بەرەو لای خۆی هەڵیبژاردن و ڕێنمایی کردوون.

٥- ئەوە کە بە هۆی سنوورشکاندن و دەستدرێژیی نێو خۆیانەوە، شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لە نێو خۆیاندا پەرتەوازە بوون.

٦- ئەوە کە شوێنکەوتووانی پێغەمبەران، دوایی کەوتوونە دوودڵیی و گومانێکی خەستەوە، لە بارەی ئەو کتێبەوە کە پێیاندراوەو وەك میراتێك کەوتۆتە بەردەستیان، لە ئەنجامی ئەوەدا کە شتیان زۆر داهێناوەو پەیداکردوە.

تۆ بانگ بکە بۆ هەموو ئەوە، واتە: چاکەکان جێ بەجێ بکەن و، خۆتان لە خراپەکان بپارێزن.

٢)- ﴿ وَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ ﴾ وەك فەرمانیشت پێکراوە ڕێك وەستاوبە، ئەرکی یەکەمی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە، کە بانگەواز بکات بۆ هەموو ئەوەی کە ڕابرد، پێغەمبەری خاتەم ﷺ تەواوکەری بەرنامەی پێغەمبەرانی پێش خۆیەتی و، ئەو پەیام و بەرنامەیەی خوا بۆ پێغەمبەری خاتەمی ﷺ ناردوە، لە هێڵە گشتییەکانیدا، هەمان پەیام و بەرنامەی پێغەمبەرانی پێشوویە، بەڵام تەواوکەرییشیەتی، تۆ بۆ ئەوە خەڵك بانگ بکە، هەروەها بانگیشیان بکە کە لە ئاییندا پەرتەوازە نەبن و لە کتێبەکەی خۆیاندا، لە دوو دڵییدا نەبن، واز بێنن لە شتی داهێنراوو پەیداکراو، بێنەوە سەر ڕاستەڕێی وەحیی و شەریعەت، هەروەها وەك فەرمانت پێکراوە، ڕێك وەستاوبە، ئەوە فەرمانی دووەمە، ئەرکی دووەمی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بووە کە ڕێك بوەستێ، وەك فەرمانی پێکراوە، ﴿ كَمَآ أُمِرْتَ ﴾، (الكَاف للمُبَالَغَة، أي مِثل الَّذِي أُمِرْتَ بِهِ) وەك چۆن فەرمانت پێکراوە، ئاوا ڕێك بوەستە، ئەی موحەممەد ﷺ! چونکە تۆ دەبێ ئایین و بەرنامەی ڕاستی خوا، لە خۆتدا بەرجەستە بکەی.

ئێستا ئێمە ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، بە شێوەی تیۆریی، ئیسلام دەبینین و، ئەگەر تەماشای پێغەمبەری خاتەم ﷺ بکەین، بە شێوەی پراکتیکیی و جێبەجێ کراویی ئیسلام دەبینین، بۆیەش خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴿٢١﴾ ﴾الأحزاب، واتە: بەڕاستیی لە پێغەمبەری خوادا

باشترین سەر مەشق هەیە، بۆ ئێوە، تەماشای پێغەمبەر ﷺ بکەن، ئیسلامی تێدا دەبینن، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، ئیسلام چۆنە، پێغەمبەر ﷺ لە ژیانیدا تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسیی خۆیدا، بەرجەستەی کردوە.

٣)- ﴿ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ ﴾، بە دوای ئارەزووەکانیان مەکەوە، (أَهْوَاء) کۆی (هَوى) یە (الْهَوَى: المحَبّة، وغلبت عَلَى محبّةِ مَا لَا نَفْعَ فِيْهِ) (هوى): بە مانای خۆشویستنە، بەڵام زاڵبووە لە بەکارهێناندا، بەسەر شتێکدا کە خۆشبویسترێ و، سوودی نەبێ، واتە: بە دوای ئارەزوو و بۆ چوونە پووچەکانی ئەوان مەکەوە.

ئەمەش دوو واتای هەن:

یەکەم: بە دوای ئارەزووەکانیان مەکەوەو وەك ئەوان مەکە، جاری وابوو، داوایان لێ دەکرد: بتەکانی ئەوان بپەرستێ، یاخود: لەو کارو نەرێتەدا خاتریان بگرێ! بە دوای ئارەزوویان مەکەوە.

دووەم: کاتێك کە ئەوان بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان، تانە دەدەن لە بەرنامەی تۆ، با ئەوە پاڵت پێوە نەنێ تۆش تانە بدەی لە بەرنامەی پێغەمبەرانی پێش خۆت (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، چونکە جاری وایە ئەگەر مرۆڤ لە خۆی وریا نەبێ، کەسێك کە تانە دەدا لە تۆ، تۆش تانەی لێ دەدەیەوە، وەك جاری وا هەبووە شیعە کە بەنەزانیی قسە دەڵێن بەسێ خەلیفە ڕاشیدەکان خوا لێیان ڕازی بێ: ئەبوو بەکرو عومەرو عوسمان، خەڵێکی نەزانیش هەبووە لە بەرانبەردا قسەی گوتوە بە عەلی! کە لە ڕاستییدا گەورەیی جەماوەری مسوڵمانان - کە وەك ناوێکی مێژوویی پێیان گوتراوە: **(أهل السنة والجماعة)** کە من پێم وایە ئەوە ناوێکی مێژووییەو هەر بگوترێ: زۆرینەی مسوڵمانان، باشترە - لەوەدابووە، کە جیاوازییان نەکردوە لە نێوان چوار خەلیفەکانداو ڕێزیان لە هەر چواریان گرتوە، هەروەها جیاوازییان نەکردوە لە نێوان هاوەڵانداو ڕێزیان لە هەموویان گرتوە، مەگەر کەسێك هەڵەیەکی بووبێ، هەڵە هەڵەیە، هەروەها جیاوازییان نەکردوە لە نێوان زانایانداو، هەموویان بە زاناو پێشەوای خۆیان داناون.

بەڵام شیعە جیاوازیی دەکەن لە نێوان چوار خەلیفەکاندا، تەنیا یەکێکیان قبووڵە، هەروەها جیاوازیی دەکەن لە نێوان هاوەڵاندا، زۆربەیان ڕەتدەکەنەوەو، تانەیان لێدەدەن، کەمێکیان نەبێ، دیسان جیاوازیی دەکەن لە نێوان زانایانیشدا، تەنیا دوازدەیان بە ئیمامی خۆیان دادەنێنن و، ئەوانیش بە پارێزراو لە هەڵە (معصوم) دادەنێنن، ئیمامی دوازدەیەمیشیان هەر بوونی نیە، موحەممەدی کوڕی حەسەنی عەسکەریی، چونکە حەسەنی عەسکەریی نەزۆك بووە، نە کوڕ، نە کچی نەبووە! بۆیە ئینسان دەبێ وریا بێ، کەسێك ڕەخنەیەك لە تۆ دەگرێ، تانەیەك لە تۆ دەدات، زوڵمێك لە تۆ دەکات، تۆ لە بەرانبەردا زوڵم لەو نەکەیەوە، بەس زوڵمەکەی خۆی ڕەتبکەیەوە، نەك تۆش زوڵم لەو بکەی، بۆیە زانایان ﴿ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ﴾، یان: ئاوا لێك داوەتەوە: تۆ لە مامەڵەدا وەك ئەوان مەکە، با تانەدانی ئەوان لە بانگەوازی تۆ، وات لێ نەکات تۆ سیفەتە بەرزەکانی پێغەمبەرانی ئەوان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، باس نەکەی و، ئەو ڕێنماییەی کە لە کتێبەکانیاندا هەیە نادیدەی بگری.

کە بێگومان پێغەمبەر ﷺ وای نەکردوە، بەڵام خوای پەروەردگار لە پێش دا ئاگاداری کردۆتەوە.

٤)- ﴿ وَقُلْ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٍ ﴾، هەروەها بڵێ: بڕوام هێناوە، بە هەر کتێبێك کە خوا دایبەزاندوە، وشەی (مِنْ) پێی دەگوترێ: (من الإبتدائية) واتە: هەر لە سەرەتاوە، خوا هەر کتێبێکی دابەزاندوە، (کتاب)یش بە (نكرة) هاتوە، یانی: هەر کتێبێك کە خوا دایبەزاندوە بڕوام پێیەتی، ئەمەش بۆ ئەوەیە ڕێی مشت و مڕو شەڕە قسە بگرێ، هەر کۆمەڵێك ڕاست ببنەوە بڵێن: ئێمەش کتێبێکی ئاسمانییمان هەیە، خوا دەفەرموێ: پێیان بڵێ: هەرچی کتێبی خوایەو دایبەزاندوە بڕوام پێیەتی، بەڵام وەك ئەصڵەکەی، ئەدی وەك واقیعی ئێستای؟ دەبێ ئەم قورئانە بکرێتە تەرازوو، هەرچی تێدایەو لەگەڵ قورئاندا دژ دەوەستێ، مانای وایە فەرمایشتی خوا نیە، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (النمل)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ

أَكۡثَرَ ٱلَّذِى هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾ ﴾، واتە: ئەم قورئانە بەسەر بەنوو ئیسرائیلدا دەخوێنێتەوە، زۆربەی ئەوەی تێیدا کەوتوونەتە ڕاجیایی، خوای زاناوشارەزا ناوی لەم قورئانە ناوە: (مهیمن) ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِ ﴿٤٨﴾ ﴾المائدة، واتە: کتێبمان بۆ تۆش دابەزاندوە، کتێبەکانی پێش خۆی بە ڕاست دەزانێ و بەسەریشیانەوە چاودێرە.

یانی: لە هەر شتێك دا لادانیان کردبێ، قورئان دەفەرموێ: نەخێر ئەوەیان وانیە.

کە وەك من لەم تەفسیرەی خۆمدا لە زۆر شوێن دا، ئەو شتانەی لادانیان تێدا هەبووە، قسەکانی پەیمانی کۆنم هێناوە، (پەیمانی کۆن)، واتە: تەورات و کتێبەکانی کە لە گەڵیدان، کە سی و نۆ (٣٩) کتێبن و، بە سەرژمێریێك چل و نۆ (٤٩) کتێبن، هەروەها لە (پەیمانی نوێ)ش دا لە هەر شوێنێك لادان بووبێ، ئەوەی بە پێویستم زانیوە بەراوردم کردوون، بە تایبەت لەبەسەرهاتی پێغەمبەراندا (عَلَيۡهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، کە لە (پەیمانی کۆن)دا، شتی وا بۆ پێغەمبەران گوتراوە، زۆر بێجێیە!

٥)- ﴿ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُ ﴾، واتە: فەرمانیشم پێکراوە کە لە نێوانتاندا دادگەربم، دادگەریی بچەسپێنم، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَأُمِرۡتُ لِأَعۡدِلَ بَيۡنَكُمُ ﴾، دوو واتایان هەڵدەگرێ:

واتای یەکەم: ئەی خاوەن کتێبەکان! فەرمانم پێکراوە کە لە هەڵسوکەوتدا، لەگەڵتاندا دادگەربم و بانگتان بکەم بۆ ئەو هەقەی پێمدا نێردراوە، بە هۆی دژایەتیی کردنی ئێوەوە بۆ من، ستەمتان لێنەکەم، شتی بێجێ نەڵێم و کاردانەوەیەکی خراپم نەبێ، دادگەرانە لەگەڵتان دا ڕەفتار بکەم.

واتای دووەم: ئاماژەیە بۆ ئەوە کە لە داهاتوودا، خوا پێغەمبەری خاتەم ﷺ باڵادەست و دەسترۆیشتوو دەکات، دەسەڵاتی پێدەدات و قەوارەیەکی سیاسیی

دەبێ، ئەو خاوەن کتێبانەش جوولەکەن، نەصرانیین، هەرچی هەن، هەروەها بێبڕواو هاوبەش بۆ خوادانەرەکانیش، دەکەونە ژێر سایەی ئەو قەوارە سیاسییەی موحەممەد ﷺ دەبێتە دامەزرێنەری، کە ئەمەش ئیعجازێکی هەواڵییە، چونکە ئەو کاتەی ئەم سوورەتە هاتۆتە خوارەوە، مسوڵمانان لە شاری مەککە چەوسێنراوە بوون، لە ژێر هەژموون و ستەمی هاوبەش بۆ خوادانەرەکاندا بوون، ئنجا ئەگەر لەوێ پێغەمبەری خاتەم ﷺ بفەرموێ: ئەگەر دەستەڵاتم کەوتە دەست، کە دەشکەوێتە دەستم، دادگەر دەبم لە نێوانتاندا، ئەوە بەڕاستیی بەس خوا دەتوانێ موژدەیەکی ئاوا بدات، ئەگەرنا پێغەمبەر ﷺ ئەو کاتە بە تەمای سەری خۆی و هاوەڵانی نەبووە (خوا لێیان ڕازی بێ).

ئەمە ئەو پێنج ئەرکەی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکراوە جێبەجێیان بکات:

بانگەواز بکات بۆ ئەوەی فەرمانی پێکراوە، ڕێك وەستاو بێ لەسەری، بە دوای ئارەزوویان نەکەوێ، بڵێ: بڕوام هێنا بەهەر کتێبێك کە خوا دایبەزاندوە، فەرمانیشم پێکراوە کە دادگەربم لە نێوانتاندا.

ئەو پێنج هەواڵەش کە فەرمانی پێکراوە ڕایان بگەیەنێ، پێنج ڕاستیین:

٦)- ﴿ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ ﴾، خوا پەروەردگاری ئێمەو ئێوەشە، واتە: ئێمە یەکدەنگین لەسەر ئەوە کە پەروەردگارو خاوەن و بەدیهێنەرمان خوایە، کەواتە: با یەکدەنگیش بین لەسەر پەرستنی و، هەر ئەویش بپەرستین و بەندایەتیی تەنیا بۆ ئەویش بکەین.

٧)- ﴿ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ ﴾، کردەوەکانی ئێمە بۆ ئێمەو کردەوەکانی خۆتان بۆ خۆتان، واتە: کەس لە جیاتی کەس سزا نادرێ، کەس لە جیاتی کەس پاداشت نادرێتەوە، واتە: ئێوەش هەوڵبدەن کاری چاك بکەن، ئێمەش هەوڵدەدەین کاری چاك بکەین.

٨)- ﴿ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ﴾، هیچ شەڕە قسەومشت و مرمان لە نێوان دا نیە. (حُجَّةَ) یانی: بەڵگە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی موناقەشەو شەڕە قسەیە، لەبەر ئەوەی

کەسێك کە شەڕو موناقەشەی دەبێ لەگەڵ کەسێك دا، بەڵگە دێنێتەوە، واتە: ئێمەو ئێوە بواری شەڕە قسە نەماوە لە نێوانماندا، ئەگەر بڕوابێنن ئەوە قورئان و ئیسلام ڕوون و ئاشکرایە، ئەگەر بڕواش ناهێنن و لەسەر ئایین و بەرنامەی خۆتان دەمێننەوە، ئیسلام زۆرتان لێ ناکات.

٩)- ﴿ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا ﴾، خوا پێکەوە کۆماندەکاتەوە، واتە: ئێرە شوێنی ئەوە نیە ئێمە تەصفیە حیساب پێکەوە بکەین، شوێنی لێکدەرکردن نیە، بەڵکو خوا لە قیامەت دا پێکەوە کۆماندەکاتەوەو، لەوێ خوای پەروەردگار پێمان دەفەرموێ: کێ هەق بووەو کێ ناهەق بووە؟ کێ لەسەر ڕێی ڕاست بووە، کێ لەسەر ڕێی چەوت بووە؟

١٠)- ﴿ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ ﴾، واتە: سەرەنجام تەنیا بۆ لای خوایە، واتە: سەرەنجامی هەموو لایەك بۆ لای خوایە، چونکە وشەی (الـمَصِيْر)، (ألْ)ی ناساندنی لەسەرە، کە مەبەست پێی هەمووگیریی (إستغراق)ە، واتە: تێکڕای خەڵکی، بۆ لای خوا ﷻ کۆدەکرێنەوەو هەموویان لەوێ خوا دادوەرییان لە نێواندا دەکات.

کەواتـە: پێویسـت نـاکات لێـرە دەمەقاڵـێ و شـەڕە قسـە پێکـەوە بکەیـن و دووبەرەکـێ بکەیـن، ئەگـەر بـڕوا دێنـن، ئـەوە ئیسـلامەو دیـارە، ئەگـەر بـڕواش ناهێنـن، ئایینـی خـوا زۆر لـەوە بـێ باکـترەو بـێ منەتـترە، زۆر و فشـار لـە خەڵـك بـکات و دینداریـی بەزەخـت و زۆر ناکـرێ! ئەمـە وەك ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (البقـرة) وایـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَيِّ ﴿٢٥٦﴾ ﴾، واتـە: تۆبزیـی کـردن نیـە لـە دینـدا، سەرڕاسـتیی لـە بێمرادیـی جیابۆتـەوە، لێـك جیابوونـەوەو کـێ بـە دوای سـەر ڕاسـتیی (رشـد) دەکـەوێ، ئـەوە لـە ئیسـلامدا بەرجەسـتەیەو، کێـش دەیـەوێ لەسـەر ئاییـن و بەرنامـەی خـۆی و لەسـەر ڕێچکـەی خـۆی دەمێنێتـەوە، ئیسـلام زۆری لـێ نـاکات.

مەسەلەی سێیەم:

شەڕە قسەکردنی بێبڕوایان لە گەڵ مسوڵمانان، لەبارەی خواوە ﷻ، پاش بە دەنگەوەهاتنی مسوڵمانان بۆ پەیامی خوا، پووچەڵیی بەڵگەو بیانووەکانیان پێشان دەدات، خواش لێیان توورەیەو سزای سەختیشیان دەبێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِى ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٌ وَلَهُمۡ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴿١٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِى ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ﴾، ئەوانەی مشتومڕ دەکەن لەبارەی خواوە، شەڕە قسە دەکەن، دوای ئەوەی وەڵامی (خوا) دراوەتەوە، لەلای پەروەردگاریان بەڵگەکەیان پووچەڵە. یانی: (الَّذِيْنَ يُجَادِلُونَ الْمُؤْمِنِيْنَ حَوْلَ تَوْحِيْدِ الله تَعَالَى) ئەوانەی شەڕە قسە دەکەن لەگەڵ بڕواداراندا، لە بارەی خوا بە یەکگرتنەوە، چونکە لەبارەی تەنیا بەدیهێنەرایەتیی خواو، تەنیا پەروەردگارێتیی خواو، تەنیا خاوەندارێتیی خواوە، کێشەیان نەبووە، وەك لە چەند شوێنان دا خوای بەرزی مەزن ئەوەی ڕاگەیاندوە:

أ- ﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ...﴿٦١﴾﴾العنكبوت، واتە: ئەگەر لێیان بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی هێناونەدی و خۆرو مانگی ڕام کردوون؟ بەجەختکردنەوەوە دەڵێن: خوا...

ب- ﴿قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ قُلِ ٱللَّهُ ﴿١٦﴾﴾الرعد، واتە: بڵێ: کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە؟ بڵێ: خوا، یانی: لەسەر ئەوە کە تەنیا خوا بەدیهێنەرە، تەنیا خوا پەروەردگارە، تەنیا خوا خاوەنە، تەنیا خوا هەمەکارەیە، هاوبەش بۆ خوادانەرکان و بێبڕوایەکان لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺو، هی ئەم ڕۆژگارەش زۆربەیان لەسەر ئەوە

کێشەیان نەبووە، بەڵکو کێشە لەسەر ئەوە بووە: ئایا ئەو ئاکە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنە، دەبێ تەنیا ئەو بپەرسترێ و بەندایەتیی بۆ بکرێ، بە مانای فراوانی بەندایەتیی، یاخود دەبێ هاوبەشی بۆ دابنرێ؟ لێرەدا مشت و مڕ پەیدابووە.

کەواتە: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِى ٱللَّهِ ﴾ یانی: ئەوانەی شەڕە قسە دەکەن لە بارەی خواوە، شەڕە قسە دەکەن لەگەڵ بڕوادارانی خوا بەیەککردا، لە بارەی یەکتایی خواوە، کە دەبێ تەنیا خوا بپەرسترێ.

﴿ مِنۢ بَعْدِ مَا ٱسْتُجِيبَ لَهُۥ ﴾، دوای ئەوەی وەڵامی دراوەتەوە، یانی: دوای ئەوەی بڕواداران وەڵامی بانگەوازی خوایان داوەتەوەو، بە دەم بانگەوازی خواوە هاتوون و بڕیاری بەندایەتیی کردنیان داوە بۆ خوا، بەبێ خڵتەی شیرك، ئەوانەی شەڕە قسە دەکەن لەگەڵ بڕواداران، بێ بەڵگەن و ئەوەی بە بەڵگەی دێننەوە، پووچ و بێ بنەمایە.

﴿ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، بەڵگەکەیان پووچاوەیە لە لای پەروەردگاریان، پووچەڵە، (دَاحِضَة: أي: بَاطِلَةٌ زَائِلَة)، یانی: پووچەو ڕۆیشتوویە، وشەی (دَاحِض) لە (دَحْض)ەوە، هاتوە، (دَحْضَ ودَحِض) یانی: خلیسکا، هەڵزەلی، کەسێك کە لە شوێنێکی لووس پێی دەخلیسکێ و سەرەنگرێ دەبێ، (دَحْض)، یانی: خلیسکان، (دَحِض: مَزْلَة زَلِق) یانی: شوێنێك خەڵکی لێ بخلیسکێ، بەڵام بۆچی خوا ناوی لێناوە: بەڵگە (حجة)؟ ﴿ حُجَّتُهُمْ دَاحِضَةٌ ﴾، زانایان گوتوویانە: (سَمَّاهَا حُجَّةً حَسب اعْتِقَادِهِمْ وَمجَارَاةً لَهُمْ) بۆیە بە بەڵگەی ناو بردوە چونکە قەناعەتیان وابووە، کە ئەو قسانەی دەیڵێن، بەڵگەن و وەك لەگەڵدا ڕۆیشتن و چاوپۆشیی لێکردن.

٢)- ﴿ وَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ ﴾، تووڕەییشیان لەسەرە، خەشم و تووڕەیی خوایان لەسەر پێویست بووە.

٣)- ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴾، ئازارێکی سەختیشیان هەیە، (لە ڕۆژی دواییدا) ئایا ئەمە مەبەست پێی چییە؟ یەکێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان تەعبیرێکی جوانی هێناوە، دەڵێ:

(مَفَادُ هَـذِهِ الآيَـة: أنَّ بَعْـدَ إِيْمَـانِ النَّـاس بِالْقُـرآن وَاسْـتِفَادَتِهِم مِنْـهُ أَفْـرَادَاً وَمُجْتَمَعَـاً، لَـمْ يَبْـقَ مُـبَرِّرٌ للجِـدَالِ وَالنِّقَـاش حَوْلَـهُ، إِذ القُـرْآنُ بَعْـدَ اسْـتِجَابَة أَهْـلِ الإِسْـلَام، أَصْبَـحَ وَاقِعَـاً مِـلأَ السَّـمْعِ وَالبَصَـر، فَالفَـرْدُ المُؤْمِـن أَعْظَـم بُرْهَـانٍ عَـلَى حَقَّانِيَـة دِيْنِـه وَكَذَلِـكَ المُجْتَمَـع المُسْـلِم)، ئەمــە هەندێـکی لــە ڕوونکــەرەوان وەرمگرتــووەو هەندێکیــشی دارشــتنی خۆمــە.

واتـە: ئێـوەڕۆکی ئـەم ئایەتـە موبارەکـەو مانـاو مەبەسـتەکەی ئەوەیـە: دوای ئـەوەی خەڵـك بڕوایـان بـە قورئـان هێنـاوەو لێـی بەهرەمەنـد بـوون، چ وەك تاکـەکان، چ وەك کۆمەڵـگا، هیـچ بیانـوو و پاسـاوێك نەماوەتـەوە بـۆ شـەڕە قسـەو دەمبەدمـە لـە بـارەی قورئانــەوە، چونکــە قورئــان دوای ئــەوەی ئەهــلی ئیســلام بــە دەنگیــەوە چــوون و، وەڵامیـان داوەتـەوە، بۆتـە واقعێـك کـە گـوێ و چـاوی خەڵك پـڕ دەکات و، تاکی بـڕوادارو کۆمەڵـگای مسـوڵمان، باشـترین بەڵگـەن لەسـەر ڕاسـتیی ئاییـن و بەرنامەکەیـان.

واتـە: تـۆ تەماشـای کۆمەڵـگای مسـوڵمان بکـە! ئەگـەر پێشـتر گومانـت بووبـێ لـە بـارەی قورئـان و ئیسـلامەوە، ئێسـتا کـە تەماشـای مسـوڵمانان دەکـەی، چ کۆمەڵـی مسـوڵمان، چ تـاك تـاکی مسـوڵمانان:

١- کە لە ڕووی زانیارییەوە، قسەیەك ناکەن پشت ئەستوور نەبێ بە زانیاریی.

٢- لە ڕووی فیکریی و عەقڵییەوە، عەقڵ و هۆشێکی تێرو تەواویان هەیە.

٣- لە ڕووی پەرستنەوە، تەنیا ئەو زاتە دەپەرستن، کە بەس خۆی شایستەی پەرستنە، نەك شتێك بپەرستن لە خوار خۆیانەوە بێ.

٤- لە ڕووی خێزانییەوە، تۆکمەو توندو تۆڵ، ڕێزو حورمەت لە بەینیدا، لە نێوان ژن و مێرددا، لە نێوانی دایك و باب و ڕۆڵەدا.

٥- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان وەك خزمایەتیی، دراوسێیەتی، هەموو پەیوەندییەکانی دیکە دەگەیەنن.

٦- لە ڕووی ڕەوشت و ئاکارەوە، لە ڕەوشت و ئاکاری جوانەوە پێچراون، ڕاستگۆ، بە ڕەحم، دادگەر، بە ئینصاف، خۆبەکەمگر، ئنجا هاوکاری خەڵك و لە نێو خۆدا بە ڕەحم و شەفەقەت، لەهەر ڕوویەکەوە تەماشایان بکەی، بە باشترین کەسیان دەبینی.

کەواتە: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئایین و بەرنامەکەشیان، باشترین ئایین و بەرنامەیە، چونکە گۆزە چی تێدابێ، ئەوەی لێ دەڕژێ، پێشینان گوتوویانە: {بە باخیان گوت: گەلێك جوانی! گوتی: باخەوانەکەم مەردە} لە ڕاستییدا ئەو کۆمەڵگا مسوڵمانە، ئەو تاك تاکە مسوڵمانانەی کە ئاوا بەو شێوەیە لە نێو کۆمەڵگادا دیارن، بە ڕەوشت و ئەدەب و ئاکاری پەسندیان، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئایین و بەرنامەکەیان تێروتەواو و ڕاستە.

بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەوانە بیانووەکانیان پووچن، هەڵبەتە قسەکانیان بیانوون، بەڵام ناوی لێناون بەڵگە (حجـة) لەبەر ئەوەی خۆیان بەبەڵگەیان داناون، ئەگەرنا لە ڕاستییدا بەڵگە نەبوون، بەڵکو بیانوو و پاساو بوون.

مەسەلەی چوارەم:

خوا کتێبی کۆتایی خۆی بە هەق دابەزاندوە، هەروەها تەرازووش و، ڕۆژی دواییش نیزیکە تەنیا بێبڕوایان پەلەی لێدەکەن، بەڵام بڕواداران ترس و بیمیان لێی هەیە، دەزانن ڕۆژی دوایی هەقە، مشت و مڕکەرانیش لە بارەی ڕۆژی دواییەوە، لە گومڕاییەکی دووردان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ وَٱلْمِيزَانَ ۗ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ ﴿١٧﴾ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِى ٱلسَّاعَةِ لَفِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە کتێبی بە هەق دابەزاندوە، واتە:

أ- کە دایبەزاندوە، هەقی لە نێو خۆیدا هەڵگرتوە.

ب- یاخود: بۆ ئەوەی هەقی پێبچەسپێنێ دایبەزاندوە.

ج- یاخود: لە کاتێکی هەق دا و لە شوێنێکی هەقداو بە شێوەیەکی هەق دایبەزاندوە، (الحَقّ: الشَيءُ الثَّابِتُ الرَّاسِخ)، (حق): شتێکە چەسپاو بێ و، نەجووڵاو بێ، بە پێچەوانەی (بَاطِل)ەوە، کە شتێکی بۆش و بێ بناغەیە.

وشەی (**حَقّ**)یش بە پێی ئەو سیاقانەی کە تێیاندا دێ، مانایەکەی دەگۆڕێ، وەك لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**الزمر**)دا باسمان کردوە:

أ- جاری وایە بە مانای ڕاستیی دێ.

ب- جاری وایە بە مانای دادگەریی دێ.

ج- جاری وایە بەمانای حیکمەت دێ.

د- جاری وایە بە مانا زمانەوانییەکەی خۆی دێ، کە بریتیە لە شتێکی چەسپاوو نەگۆڕ.

ئنجا کە خوا دەفەرموێ: خوا ئەو کەسەیە کتێبی بە هەق دابەزاندوە، واتە: ئەو کتێبە هەم هەقی لە نێودایە، هەم بۆ ئەوەیە هەق بچەسپێنێ، هەم لە کات و شوێنی هەقیشداو، هەم بە شێوازی هەقیش دابەزیوە.

٢)- ﴿ وَٱلْمِيزَانَ ﴾، هەروەها خوا تەرازوویەکیشی دابەزاندوە، (الـمِيْزَانُ: آلَةُ الوَزْنِ، وَهُنَا مُسْتَعَارٌ للْعَدْلِ)، (میزان): ئامرازی دادگەرییە، شتێك کە بکێشرێ و بتەوێ بزانی کێشی چەندە؟ دەیخەیە تەرازووەوە، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ دادگەریی، ئەگەرنا خوا ئامێری تەرازووی لە ئاسمانەوە دانەبەزاندوە، بەڵام دادگەریی دابەزاندوە، کە دادگەرییەکەش هەر لە نێو قورئاندایە، واتە: ئەو کتێبەی خوا دایبەزاندوە، هەم هەقی لە نێودایەو، هەم دادگەرییشی لە نێودایە.

(الطبري) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: (وَأَنْـزَلَ الْمِيـزَانَ وَهُـوَ الْعَـدْل، لِيَقْـضِيَ بَـيْنَ النَّـاس بِالْإِنْصَـافِ، وَيَحْكُـم فِيهِـمْ بِحُكْـمِ اللَّـه الَّـذِي أَمَـرَ بِـه فِي كِتَابِـهِ) واتـە: خـوا تـەرازووی دابەزانـدوە کـە بریتیـە لـە دادگەریـی، تاکـو لـە نێـوان خەڵکـدا بـە دادگەریـی حوکـم بـکات، بەپێـی حوکمـی خـوا کـە فەرمانی پێکـردوە لـە کتێبەکەیـدا.

یەکـی دیکـە لـە زانایـان گوتوویەتـی: (المِيْـزَان: آلَـةُ الـوَزْنِ، وَالـوَزْنُ: تَقْدِيـر ثِقَـلِ جِسْـمٍ) (میـزان): بریتیـە لـە ئامێـری کێشـان، کێشـانیش، [دەگوتـرێ: ئـەو شـتەی وەزن کـرد] ئەوەیـە کـە ئەنـدازەی قورسـایی ئـەو شـتە بزانـرێ.

یەکێکیشیان ئاوا پێناسەی (میزان) دەکات:

---

(١) جامع البيان: ج٢١، ص٥٢٠.

(وَالمِيْـزَانُ: آلَـةٌ ذَاتُ كَفَتَـيْنِ مُعْتَدِلَتَـيْنِ مُعَلَّقَتَيْنِ فِي طَـرَفِي قَضِيْـبٍ مُسْـتَوٍ مُعْتَـدِلٍ، لَـهُ عُـرْوَةٌ فِي وَسَـطِهِ، بِحَيْـثُ لَا تَـتَدَلَّى إِحْـدَى الكَفَتَيْنِ عَـلَى الأُخْـرَى إِذَا أُمْسِـكَ القَضِيْـبُ مِنْ عُرْوَتِـهِ)، واتـە: تـەرازوو (میـزان): ئامێرێکـە لـە دوو تـا پێـك هاتـوە، دوو تـای تـەرازوو، هێنـدەی یەکـن، هەڵـواسراون بـە دارێکـەوە (یاخـود بـە ئاسـنێکەوە) بـە یەکسـانیی کـە قوڵفەیـەکی هەیـە لـە ئێوەڕاسـتەکەیدا، بـە شـێوەیەك کـە ئەگـەر دووتـای تەرازووەکـە بەربدرێـن، هیچـان بەسـەر هیچیانـدا زاڵنابـن.

یـانی: تـەرازوو ڕادەوەسـتێ، پێشـینانی خۆمـان دەڵێـن: فڵان شـتە تـەرازوو وەسـتاوە، دووتایەکـەی تـەرازوو بـە یەکسـانیی دەوەسـتێ، بـەڵام کاتێـك شـتێك دەخرێتـە یەکێکیانـەوە ئەویـان دادەکـەوێ و، ئـەوی دیکەیـان بـەرز دەبێتـەوە.

٣)- ﴿ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ ﴾، تۆ چووزانی ڕەنگە (ساعَةَ) نیزیك بێ: (وَأَيُّ شَيْءٍ يُدْرِيكَ وَيُعَلِّمُكَ، لَعَلَّ السَّاعَةَ الَّتِي تَقُومُ فِيهَا الْقِيَامَةُ قَرِيبٌ) چ شتێك تۆی فێر کردوەو شارەزا کردوە، ڕەنگە ئەو کاتەی ڕۆژی قیامەتی تێدا دێ، نیزیك بێ.

وشـەی (السَّـاعَةَ) لێـرەدا دەگونجـێ بـە مانـای کاتی دیاریيکـراوی ئاخیـر زەمـان بـێ و، دەشـگونجێ بـە مانای کاتی دیاریيکـراوی هاتنـی قیامـەت و هەسـێنرانەوە بـێ و، دەشـگونجێ بـە مانـای کاتی دیاریيکـراوی ڕۆژی دوایـی بـێ بـە هـەردوو قۆناغـی، ئاخیـر زەمـان و زینـدوو کرانـەوەو لێپرسـینەوەوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ ﴾، وشـەی (قَرِيـب) بـە نێرینـە (مُذَكَّـر) هاتـوە، هەرچەنـد سـیفەتی (سـاعَةَ)یەو، ئەویـش مێینـە (مؤنث)یـە، بـەڵام مێینـەی مەجازیـی (المؤنـث المجازي)یـەو بـە مانـای کات (وقـت)ە، یـانی: (لَعَـلَّ الوَقْـتَ المُحَـدَّدَ قَرِيـب)، ڕەنگـە کاتی دانـراو نیزیـك بـێ، (المؤنـث المجازي)یـش، دروسـتە بـە (مذکـر)یـش بـاس بکـرێ، وەك لە سـووڕەتی (الأعـراف)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ۝٥٦ ﴾، واتـە: بەزەیـی خـوا نیزیکـە لـە چاکەکارانـەوە، لەوێـش بـۆ (رحمـة) نەیفەرمـووە: (قَرِيبـةٌ)، چونکـە (رَحْمَـة) مێینـەی مەجازییـە نـەك ڕاسـتەقینە (حقیقـي).

٤)- ﴿ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ﴾، ئەوانە پەلە لە هاتنی کاتەکە (السّاعَةَ) دەکەن، کە بڕوایان پێی نیە، دەڵێن: بازوو بێ.

٥)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مُشْفِقُونَ مِنْهَا ﴾، بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە، ترس و بیمیان لێی هەیە، (أَشْفَقَ مِنْهَا، أي: خَافَ، وَالإشْفَاقُ: رَجَاءُ وُقُوعِ مَكْرُوهٍ)، (إشْفَاق): بریتیە لەوەی ئومێدەواری خراپەیەك بێ، یانی: بە تەمایی خراپەیەك بێ و ترست لێی هەبێ.

٦)- ﴿ وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ ﴾، {ئەوانەی بڕوادان} دەزانن کە کاتەکە (السّاعَةَ) {ئەو کاتەی دیاریکراوە بۆ ئاخر زەمان، یاخود بۆ قیامەت، یان بۆ هەردووکیان} چەسپاوەو دێت.

(الحَقُّ) کـە (أل)ی، ناسـاندنی لەسـەرە (تَعْرِيْـف الجِنْـسِ، أي: هِـيَ حَـقُّ كُلِّ الحَـقِّ) چەسـپاوەو، هەمـوو حەڵـەق چەسـپاویی تێدایـە.

٧)- ﴿ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِى ٱلسَّاعَةِ لَفِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴾، ئەها (ئاگاداربن!) بە دڵنیایی ئەوانەی مشت و مڕ دەکەن لە بارەی کاتەکە (ساعَةَ)وە، لە گومڕاییەکی دووردان، (المُمَارَاةُ: مُفَاعَلَة مِنَ المِرْيَة وَهِيَ الشَّكّ، وَالمُمَارَاة: المُجَادَلَةُ لإدْخَال الشَّكّ عَلَى المُجادِل) (مُمَارَاة): لەسەر کێشی (مُفَاعلة)یەو لە (مِرْيَة)یەوە هاتوە، (مِرْيَة)ش یانی: دوودڵیی، ئنجا (مُمَارَاة) واتە: شەڕە قسەکردن بۆ ئەوەی دوودڵیی بخەیە نێو دڵی بەرانبەرەکەتەوەو بیخەیە گومانەوە، دوو دڵی بکەی، لەبارەی ئەو قەناعەتەیەوە کە هەیەتی.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ ﴾، دەڵـێ: (مـا: اسْـتِفْهامِيَّةٌ والإسْـتِفْهامُ مُسْـتَعْمَلٌ فِي التَّنْبِيـهِ والتَّهْيِئَـةِ) (مَـا) بـۆ پرسـیار کردنـەو ئەویـش لێـرەدا لـە ئاگادارکردنـەوەو ئامادەکـردن دا بەکارهاتـوە. ﴿ وَمَا يُدْرِيكَ ﴾، تـۆ چـووزانی، (يُدْرِيـكَ: مِـنَ الدِّرَايَـةِ بِمَعْنَـى العِلْـمِ)، (يدريـك) لـە (دِرَايَة)یـە، بـە مانـای زانیاریـی، یـانی: چ شـتێك وایکـردوە تـۆ بـزانی کـە هاتنـی کاتەکـە (السّـاعَةَ)، ئـەو کاتـەی کـە دنیا بـە کۆتـا دێ، یاخـود ئـەو کاتـەی کـە خەڵـکی تێـدا هەڵدەسـتێنرێتەوە، نیزیکـە؟!

مەبەستیش لەو تەعبیرە گەورەو گرنگ پێشاندانی بابەتەکەیە، کە هێندە مەزنە، مەگەر خوای زانا و شارەزا پێت بڕاتێنی ئەگەرنا ئیزانی و دەرکی ناکەی!

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـی سـێیەمەش لـە شـەش (٦) ئایـەت پێکـدێ، ئایەتـەکانی: (١٩ - ٢٤)، لـەم شـەش ئایەتـەدا، خـوا بـاسی چەنـد بابەتێـکی جـۆراو جـۆری کـردوە:

١- لوتف و چاکەکاریی خوا بەرانبەر بە بەندەکانی.

٢- دوارِۆژ ویستان و دنیا ویستان، سەرەنجامی جۆراو جۆری هەر کامیان.

٣- رەخنە لێ گرتنی ئایین و بەرنامەدانان بەبێ مۆڵەتی خواو، بە شیرك دانانی.

٤- سەرەنجامی دژوارو سامناکی هاوبەشدانەرانی ستەمکارو، شادمانیی و بەختەوەریی بڕوادارانی چاکەکار لە ڕۆژی دواییدا.

٥- ئەوە کە پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ جگە لە خۆشویستنی لە خوا نیزیك خستنەوەیان، هیچ پاداشتێکی دیکەی لە خەڵك چاوەڕێ نەکردوەو ناکات.

٦- پووچەڵکردنەوەی تۆمەتی هەڵبەسترانی قورئان لە لایەن موحەممەدەوە ﷺ.

﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ﴿١٩﴾ مَن كَانَ
يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا
لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴿٢٠﴾ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا
لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ
عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢١﴾ تَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي رَوۡضَاتِ ٱلۡجَنَّاتِۖ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ
عِندَ رَبِّهِمۡۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٢﴾ ذَٰلِكَ ٱلَّذِي يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ

وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ۗ قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ ۗ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ
لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٢٣﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ۖ فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخْتِمْ
عَلَىٰ قَلْبِكَ ۗ وَيَمْحُ ٱللَّهُ ٱلْبَـٰطِلَ وَيُحِقُّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَـٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٢٤﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

[خوا لوتفی هەیە بۆ بەندەکانی (پەنهانکارو میهرەبانە لەگەڵیان)، بژێو بە هەر کەس دەدا کە بیەوێ و، بەس ئەو بەهێزی زاڵە (١٩) هەر کەس کشتوکاڵ (و بەرهەمی) مەنزڵگای کۆتایی بوێ، لە بەرهەمەکەیدا بۆی زێدە دەکەین و، هەر کەسیش کشتوکاڵ (و بەرهەمی) دنیای بوێ، بەشی دەدەین لێی و، لە مەنزڵگای کۆتایی دا پشك و بەشی نابێ (٢٠) یان ئایا هاوبەشانێکیان هەن بەرنامەیەکیان لە ئایین بۆ داناون، کە خوا ڕێی پێنەداوە؟ ئەگەر لەبەر وشە (بڕیار)ی لێك جیاکردنەوە نەبووایە (کە خوا بۆ ڕۆژی دوایی هەڵیگرتوە)، دادوەرییان لە نێواندا دەکراو، بێگومان ستەمکارانی (هاوبەش دانەر)یش ئازارێکی بە ئێش و ژانیان هەیە (لە ڕۆژی دواییدا) (٢١) (لە ڕۆژی قیامەتدا) ستەمکارانی بێبڕوا دەبینی ترس و بیمیان لە سزای ئەوە هەیە کە وەدەستیان هێناوە (بە دڵنیایی) ئەو سزایە هەر دەشکەوێتە سەریان، ئەوانەش کە بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوون، لە نێو مێرگ و گوڵزاری بەهەشتەکان دان، هەرچی بیانەوێ لە لای پەروەردگاریان هەیانە، ئا ئەوەیە چاکەو بەخششی گەورە (٢٢) (ئەو پاداشتە) ئەوەیە کە خوا موژدەی پێ دەداتە ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوەو، کردەوە باشەکانیان کردوون، (ئەی موحەممەد!) بڵێ: (ئەم پەیام گەیاندنە) هیچ کرێیەکتان لەسەری لێ ناخوازم، بێجگە لە خۆشویستن و، حەزکردن لە نیزیککەوتنەوەتان (لە خوا)، هەر کەسێکیش چاکەیەك بکات،

چاکیی بۆی تێیدا زێدە دەکەین، بە دڵنیاییەوە خوا لێبوردەی سوپاسگوزارە (٢٣) یان ئایا دەڵێن: (موحەممەد) درۆی بە خواوە هەڵبەستوە! ئەگەر خوا بیەوێ مۆر بەسەر دڵتەوە دەنێ، (هیچ قورئانت لە دڵ و سینەدا ناهێڵێ)، خواش بە وشەکانی ناهەق دەسڕێتەوەو، هەق دەچەسپێنێ، مسۆگەر ئەو بەنهێنیی سینەکان زانایە (٢٤)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لَطِيفٌ): (رَفِيقٌ بِعِبَادِهِ فِي هِدَايَتِهِمْ، يَعْرِفُ الأُمُورَ الدَّقِيْقَة، وَيُعَبِّرُ بِالتُّحَفِ المُتَوَصِّلِ بِهَا إِلى المَودَّةِ بِاللُّطْفِ)، وشەی (لَطِيف): بە پێی زانیاریی من لە زمانی کوردییدا ئێمە واتایەکمان نیە پڕ بە پێستی بێ، بۆیە هەر وشەی (لُطف)م بەکارهێناوە، (لَطِيفٌ بِعِبادِهِ) یانی: لەگەڵیاندا نەرم و نیان و هێدیی و مەندە لە هیدایەتدانیاندا، هەروەها (لَطِيف) ئەو کەسەیە کە ئیش و کارە وردو پەنهانەکان دەزانێ، دیسان ئەو دیارییانەی دەبەخشرێن لە نێو خەڵکدا بەیەکدی، بۆ ئەوەی خۆشەویستییان پێ وەدەست بێ، ئەوانیش وشەی (لُطف)یان، بۆ بەکاردێ.

فڵانکەس لوتفی لەگەڵدا کردم، واتە: دیارییەکی پێدام، یان لەگەڵم دا هێدیی و نەرم بوو، وەك گوتم: وشەی (لَطِيف): ئەگەر بۆ مانای کوردیی بگوترێ: خاوەن لوتف، باشترە، لەوەی وشەیەکی بۆ داتاشین، یاخود ناچاربین دوو سێ ڕستە بەکاربێنین، ئەوجار ماناکەی بە دەستەوە بدات، یاخود لێی نیزیك بێتەوە.

(حَرْثَ): (الحَرْثُ: إِلْقَاءُ البَذْرِ فِي الأَرْضِ وَتهيئتُهَا للزَّرْعِ، ويُسَمَّى المَحْرُوثُ حَرْثاً) (حَرْث): لە ئەسڵدا بریتیە لەوە کە تۆو بوەشێنرێ و زەوییەکە ئامادە بکرێ، بۆ ئەوەی دانەوێڵە، یاخود کشتوکاڵ، یاخود ئەمام لەو شوێنەدا بچێنرێ و بنێژرێ، (مَحْرُوث)یش یانی: کێڵدراو، بەڵام بە (حَرْثَ) تەعبیر دەکرێ.

(شَرَعُواْ): (الشَّرْعُ: نَهْجُ الطَّرِيقِ الوَاضِحِ) (شرع): بریتیە لە ڕێیەکی ڕۆشن، (وَشَرَعْتُ لَهُ طَرِيقًا) واتە: ڕێیەکەم بۆ دیاریکرد، بۆم ڕوونکردەوە، (الشَّرْعُ: مَصْدَرٌ، ثُمَّ جُعِلَ اسْمًا للطَرِيقِ النَّهْجِ) (شَرْع): چاوگە لە ئەصڵدا، دوایی کراوە بە ناو بۆ ڕێیەکی ڕۆشن، کەواتە: وشەی (شَرْع): یانی: ڕێیەکی ڕۆشن، لە ئەصڵدا وشەی (شَرْع)یان بەکارهێناوە بۆ کەسێك بەڕێیەك دا دەڕوات کە لەو ڕێیەوە بچێ ئاو بێنێ، لە کانیی و سەرچاوە ئاو بێنێ، شەریعەت و بەرنامەی خواش وەك کانیی و سەرچاوەیەکی زوڵاڵ تەماشا کراوە، کە خەڵك ئاوی حەیاتی لێوە دێنێ، ئاوێکی لێوە دێنێ کە هیدایەتی خوایەو مایەی ژیانی ڕووحە.

(كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ): وشەی لێك جیاکردنەوە (كَلِمَة): وشە، بەمانای بڕیارە (فَصْلِ) یانی: لێك جیاکردنەوە، (الفَصْلُ: إِبَانَةُ أَحَدِ الشَّيْئَيْنِ مِنَ الآخَرِ: حَتَّى يَكُونَ بَيْنَهُمَا فُرْجَة)، (فَصْل): بریتیە لەوەی دوو شتان لێك جیابکەیەوەو کەلێنێکیان بکەوێتێ، ئنجا لەبەر ئەوەی شت ئەگەر لێك جیاکرایەوە، ڕوونترە، بۆیە وشەی (فَصْل) بە مانای ڕوونکردنەوەش هاتوە.

(مُشْفِقِينَ): بە ترس و لەرزە، (الإِشْفَاقُ: عِنَايَةٌ مُخْتَلِطَةٌ بِخَوْفٍ) (إشْفَاق): بریتیە لە ئاگا لێبوونێکی ئاوێتە لەگەڵ ترسدا.

(وَاقِعُۢ بِهِمْ): دەکەوێتە سەریان، (الوُقُوعُ: ثُبُوتُ الشَّيءِ وَسُقُوطُهُ) (وقوع): چەسپانی شتێك و کەوتنی شتێکە (وَاقِعٌ بِهِمْ)، یانی: ئەو سزایە هەر دەکەوێتە سەریان و بە ملیان دادێ.

(رَوْضَاتِ): کۆی (رَوْضة)یە، (الرَّوْضَةُ وَالرَّوْضُ: مُسْتَنْقَعُ المَاءِ، وَالخُضْرَة): بریتیە لە شوێنێك کە ئاو و سەوزایی لێ بێ، بە کوردیی پێی دەڵێن: مێرگ و مێرگوزار، یان گوڵ و گوڵزار.

(ٱلْفَضْلُ): (الفَضْلُ: الزِّيَادَةُ عَنِ الإِقْتِصَاد، وَكُلُّ عَطِيَّة لاَ يَلْزَمْ مَنْ يُعْطِي)، (فَضْل): بە دوو واتایان هاتوە:

١- بە مانای زیادە لە میانجیی، کە لە حاڵەتی میانجیی تێپەڕێ.

٢- بەمانای هەر بەخششێکیش هاتوە کە ئەو کەسەی دەیبەخشێ، پابەند نەبێ بیبەخشێ، دەگوترێ: لە فەزڵ و لە چاکەی خۆیەوەیەو دەیتوانی نەیداتێ.

(ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ): خۆشویستن لە نزیکییدا، خۆشویستنی نزیکیی (**الـوُدُّ: مَحَبَّةُ الشَّيءِ، وَتَمَنِّي كَوْنِهِ، القُرْبَةُ وَالقَرَابَةُ: مَا يُتَقَرَّبُ بِهِ إلى الله**)، (**وُدّ**) بە مانای خۆشویستنی شتێکە لەگەڵ خۆزگە پێخواستنی، (**قُرْبَى**) بە مانای (**قُرْبَة وَقَرَابَة**)ش، دێت، هەر شتێك كە پێی لە خوا نیزیك دەبیەوە، وەك (**المعجم الوسيط**) لە وشەی (**قربة**)دا، هێناویەتی، کەواتە: (ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ): یانی: خۆشویستنم بۆ نیزیك خستنەوەتان لە خوای بێ وێنە.

(يَقْتَرِفْ): (**أَصْلُ القَرْفِ والإِقْتِرَافِ: قَشْرُ اللِّحَاءِ عَنِ الشَّجَرِ، وَاسْتُعِيرَ للإكْتِسَابِ**)، وشەی (**قَرْفُ وَإِقْتِرَاف**) لە ئەصڵدا بە مانای توێكڵ لێكردنەوەی درەختە (توێکڵەکەی لێبکەیەوە) دوایی خوازراوەتەوە بۆ هەر کردەوەیەك كە مرۆڤ وەدەستی بێنێ.

(يَخْتِمْ): (**يَخْتِمْ عَلَىٰ قَلْبِكَ**)، واتە: مۆر بەسەر دڵتەوەبنێ، (**يَخْتِمُ: يَطْبَعُ، وَهُوَ تَأْثِيرُ الشَّيءِ كَنَقْشِ الخَاتَمِ وَالطَّابِعِ**)، کاریگەریی شتێك لەسەر شتێك، شوێنکەی شتێك لەسەر شتێك، وەك: ئەنگوستیلەیەك و مۆرێك كە بەسەر شتێکەوە دەنرێ، شوێنەکەی لێ بەجێدەهێڵێ.

(وَيَمْحُ): (**المَحْو: إِزَالَةُ الأَثَرِ**)، (**مَحو**): لابردنی شوێنەواری شتێکە، سڕینەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوای پـەروەردگار لـەم شەشـە ئایەتـەدا، وەك لـە پێناسـەکەیدا گوتمـان، کۆمەڵـێ بابـەتی جـۆراو جـۆر دەخاتـە ڕوو، کـە هەموویـان لـە سـیاقی وتوێژکردنـن لەگـەڵ بێبڕوایانـداو، بانگکردنیانـە بـۆ تەنیـا خـوا پەرسـتیی و، بـۆ شـوێنکەوتنی دوا پەیامـی خـواو، شـوێن پـێ هەڵگرتنـی دوا ڕەوانەکـراو و پێغەمبـەری خـوا کـە موحەممـەدە ﷺ.

سـەرەتا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ﴾ خـوا خـاوەن لوتفـە بەرانبـەر بـە بەنـدەکانی، واتـە: لەگەڵیـان میهرەبانـە، چاکـەکاری پەنهانـکارە، بـێ ئـەوەی خۆیـان هەسـت پێبکـەن، خـوا مشـووریان لـێ دەخـوا، ئـاگای لێیانـە، بژیویـان دەدا، بـە شـێوەیەك کـە خۆیـان فیکـری پێناکـەن، ﴿يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ﴾ هـەر کەسـێکی بیـەوێ بژیـوی دەدات، ئنجـا کـەم یـان زۆر، بێگومـان خـوا بژیـوی هەمـوو کـەس بگـرە هەمـوو ژیاندارێـك دەدات، چونکە خـوا دەفەرمـوێ:﴿وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا ﴿٦﴾﴾هـود، هیـچ پێڕۆیـەك، هیـچ ژیاندارێـك لەسـەر زەوی نیـە مەگـەر بژیـوی لەسـەر خوایـە، خـوا بژیـوی هەموویـان دەدات، بـەڵام هەیـە کەمـی پـێ دەدات و، هەیـە زۆری دەداتـێ، هەروەهـا هـی وایـە لـە کاتێکـدا بـۆی فـراوان دەکات و لـە کاتێکـدا لێـی تەنـگ دەکاتـەوە، تاقییـان دەکاتـەوە بزانـێ کاتێـك بژیویان بـۆ زۆر و فـراوان دەکات هەڵوێسـتیان چۆنـە؟ شـوکرانەبژێرن، یاخـود پێـی بوغـڕاو لەخۆبایـی دەبـن؟ هەروەهـا کاتێـك بژیویـان لـێ تەنـگ دەکات، ئایـا خۆڕاگـرن، یاخـود ناشـوکریی دەکـەن و سـکاڵا دەردەبڕن؟ ﴿وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ﴾ خـوا زۆر بەهێـزەو، زۆریـش زاڵـەو باڵادەسـتە.

﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ﴾ هـەر کەسـێك (بەرهـەم و) کشـتوکاڵی ڕۆژی دوایـی بـوێ، ئێمـە لـەو (بەرهـەم و) کشـتوکاڵە بـۆی زیـاد دەکەیـن، وشـەی (حَـرْث) بـە مانـای کشـتوکاڵ دێ، لـە ئەسـڵدا (حَـرْث) یـانی: زەوی

کێڵان، بۆ ئەوە مرۆڤ دانەوێڵەی لێ بکات، کشتوکاڵی لێبکات، یاخود ئەمامی لێ بنێژێ، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی بەرهەمە، واتە: هەر کەسێك بەرهەمی رۆژی دوایی بوێ، ئێمە لەو بەرهەمەیدا بۆی زیاد دەکەین، چونکە بەرهەمەکەی بوێ، مانای وایە هەوڵیشی بۆ دەدا، ﴿نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ﴾ لە بەرهەمەکەیدا بۆی زیاد دەکەین، یەك بە دە (١٠)، وەك دەفەرموێ: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ﴿١٦٠﴾﴾الأنعام، واتە: هەر کەسێك چاکە بێنێ، دە (١٠) بەرانبەری بۆ هەیە، بەڵکو لە سوورەتی (البقرة)دا، خوای بەخشەر یەك بە حەوتسەد (٧٠٠)و زیاتریش باس دەکات: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾﴾، واتە: وێنەی ئەوانەی لە رێی خوادا ماڵی خۆیان دەبەخشن، وەك دەنکە گەنمێك وایە، حەوت دەنکە گوڵان دەردەکات، هەر گوڵەی سەد (١٠٠) دەنکی تێدایە، خوا چەند بەرانبەر دەکات، بۆ هەر کەسێك بیەوێ [یەك بە حەوتسەدیش زیاتر] خوا فراوانی زانایە.

خوا هەموو سیفەتەکانی فراوانن، بێ سنوورن و زاناشە، دەزانێ هەر کەسە، چەندەی پاداشت دەداتەوە، بە پێی ئەو نیەتە ساغ و ئەو پاڵنەرو هاندەرە چاکەی وای لێکردوە، ئەو کردەوە باشە بکات، ئنجا ماڵ بەخشینە، یان هەر شتێکی دیکەیە.

﴿وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا﴾ هەر کەسێك (بەرهەم و) کشتوکاڵی دنیای بوێ، دەستکەوتی دنیای بوێ، ﴿نُؤْتِهِۦ مِنْهَا﴾، لەوەی دەیەوێ، پێی دەدەین، بەشێکی پێدەدەین (ئەوەندەی بمانەوێ)، ﴿وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ﴾، بەڵام لە مەنزڵگای کۆتاییدا هیچ پشك و بەشی نیە.

خوا دەفەرموێ: ئەوەی تەنیا مەبەستی دنیابێ، لە دنیادا بەشی دەدەین، بەڵام لە دوارۆژدا بێ بەشە، بەڵام ئەوەی مەبەستی رۆژی دوایی بێ، بۆی زیاد

دەكەین، پاداشتەكەی بۆ زیاد دەكەین، باسی دنیای نەكردوە، بڵێ: دنیاشی پێدەدەین، وەك دوایی فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ دێنین لەوبارەوە، لە مەسەلە گرنگەكاندا، ئەوانەی دوارۆژ ویستن، ئەوانەی خواپەرستن و، مەنزڵگای دوای ڕۆژیان كردوە بە ئامانج، شتێك نیە كە خوا لە پەنای ڕۆژی دوایی، لە پەنای بەهەشت دا باسی دنیایان بۆ بكات، بۆیە باسی نەكردوە، ئەگەرنا بە تەئكید كەسێك ڕۆژی دوایی بوێ، خوا لە دنیاشدا بێ بەشی ناكات و، دنیاشی دێتە بەردەست.

ئنجا دێتە سەر بابەتێكی دی، كە ئەم بابەتانە وەك ئاڵقەكانی زنجیر پێكەوە پەیوەستن، چونكە ئەوانەی دنیایان دەوێ، كێن؟ ئەوانەن كە لەسەر ڕێبازی كوفرو شیریك دەڕۆن، ئەدی ئەوانەی ڕۆژی دوایی دەكەنە ئامانج، كێن؟ ئەوانەن كە خواپەرستن و دەزانن خوا ئێرەی داناوە بۆ تاقیكردنەوە، شوێنێكی دیكە هەیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی كردەوەكان، دەفەرموێ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ ﴾، یان ئایا ئەوانە هاوبەشانێكیان هەن، شتێكیان بۆ لە دین دا داناون، كە خوا مۆڵەتی لەسەر نیە، ئایینێكیان بۆ داناون و پێشانداون و بۆ ڕوونكردوونەوە، ﴿ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾، شتێكی وا كە خوا مۆڵەتی لەسەر نیە، ﴿ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ﴾، ئەگەر وشەی هەڵاواردنیش نەبووایە، واتە: بڕیاری هەڵاواردن، كە خوا خستوویەتە ڕۆژی دواییەوە، ﴿ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ﴾ دادوەرییان لە نێوان دا دەكرا، واتە: چونكە كەسانێكیان داناوە، ئایینیان بۆ دابنێن و حەڵاڵ و حەرامیان بۆ دابنێن و بەرنامەی ژیانیان بۆ دابنێن، خوا لەسەر ئەوە دادوەریی لەبەینداً دەكردن، بەڵام بڕیاری داوە، لێپرسینەوە سزاو پاداشت هەڵدەگرێ بۆ قۆناغێكی دیكە، كە ڕۆژی دواییە، لەبەر ئەوە، ئەگەرنا خوا پەلەی دەكرد، ئەوەندە ڕقی لێیان هەڵساوە، لەسەر ئەوەی كەسانێك دەكەنە پەرستراوی خۆیان و بەرنامەیان بۆ دادەنێن، حەڵاڵ و حەرامیان بۆ دیاریی دەكەن و، شێوەی ژیانیان بۆ دیاریی دەكەن، ﴿ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی ستەمكارانیش ئازارێكی بە ئێشیان هەیە، ئەو ستەمكارانەی،

جگە لە خوا دەکەنە پەرستراوی خۆیان و دەیکەنە هاوبەشی خوا، لە دانانی حەڵاڵ و حەرامدا، ئەوانە سزاو ئازارێکی بە ئێشیان هەیە.

لە ڕاستییدا دانانی بەرنامە بۆ خەڵك، کاری خوایە، هەر خوا مافی هەیە بفەرموێ: خەڵکینە! ئاوا بکەن و ئاوا مەکەن، ئەوە حەڵاڵەو ئەوە حەرامە، ئەوە چاکەو ئەو خراپە، ئەوە ڕاستەو ئەوە چەوتە، بەڵام کەسێکی دیکە ئەو کارە بکات و بڵێ: خەڵکینە! فڵان شتەم قەدەغە کرد و، فڵان شتەشم ڕێگە پێدا، بۆ وێنە: زینا ڕەوایە، مادام بە ئارەزوومەندیی نێرو مێیەکەبێ، لێپرسینەوەی لەسەر نیە، لە ڕۆژئاوا وایە، هەندێك لە عەلمانییەکانی ئێرەش دەیانەوێ لێرەش وای لێبێ، نێربازیی ڕەوایە، ڕیباو سوود ڕەوایە، شەڕابخۆریی ڕەوایە، قومارکردن ڕەوایە، بێگومان هەر کەسێك ئەو شتانە ڕەوا بکات، کە خوا قەدەغەی کردوون، خۆی لە خەڵك کردۆتە پەرستراوو، ئا ئەوە هاوبەش دانانە بۆ خوا.

کەواتە: دەبێ خەڵك بزانێ، هەر پەرلەمانێك، حکوومەتێك، دەستەڵاتێك، دەستکاریی حەڵاڵ و حەرامەکانی خوا بکات، لە نێو میللەتێکی مسوڵمان دا، مانای وایە خۆی لەو خەڵکە مسوڵمانە کردۆتە پەرستراوو، ئەگەر ئەو خەڵکەش بێدەنگ بێ لە بەرانبەریداو، پشتگیریی بکات و، دەنگی پێبداو لەگەڵی دابێ، ئەوە بۆی بە هاوبەش بۆ خوادانان لە قەڵەم دەدرێ، ئنجا خوای دادگەر لەوبارەوە فەرموویەتی:

﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾ ئایا هاوبەشانێکیان هەن، شتێکیان بۆ لە دین داناون، کە خوا مۆڵەتی لەسەر نیە.

بۆ وێنە: خوا مۆڵەتی لەسەر نیە زینا ڕەوا بکرێ، با ناویشی لێبنرێ: لەشفرۆشیی، دەڵێن: ئەو ئافرەتە لەشی خۆی فرۆشتوە، یانی: ئەگەر نەیفرۆشێ و پارە وەرنەگرێ، قەیدێ ناکات!! هەروەها ئەو شتانەی خوا پێویستی کردوون، ئەو بێ قەدەغەیان بکات، ئافرەت پێویستە خۆی پۆشتە بکات، بڵێ: نەخێر،

یـان بێنـێ توانـج و پلـلاری لێبـدات، بـۆ ئـەوەی بـەرگ و پۆشـاکی شـەرعیی دابنـێ، یـان پیـاو بـۆی هەیـە زیاتـر لـە هاوسـەرێکی هەبـێ، بـۆ ئـەوەی ئافرەتـان زیاتـر نەمێننـەوە، بـە قەیـرە کچیـی و بـە بێوەژنیـی و دوایـی خراپـە بڵاوبێتـەوە، کەچـی ئـەو بڵـێ: نەخێـر نابـێ ببـێ، رێـی زینـا دەدەن، بـەڵام رێـی هاوسـەرگیریی حـەڵاڵ نادەن، هەروەهـا هەمـوو ئـەو شـتانەی دیکـە کـە خـوا ﷻ حەڵاڵـی کـردوون، کـەس بـۆی نیـە قەدەغەیـان بـکات و، هەمـوو ئـەو شـتانەش کـە خـوا قەغـەی کـردوون، کـەس بـۆی نیـە ڕەوایـان بـکات.

ئنجـا خـوا بـاسی سـەرەنجامی ئـەو هاوبـەش بـۆ خوادانـەرە سـتەمکارانە دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿ تَرَى ٱلظَّـٰلِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا كَسَبُوا۟ ﴾، سـتەمکاران دەبینـی تـرس و لەرزیـان هەیـە لـە (سـزای) ئـەوەی کردوویانـەو وەدەسـتیان هێنـاوە، ﴿ وَهُوَ وَاقِعٌۢ بِهِمْ ﴾، ئەو (سزای)ە هـەر دەشـکەوێتە سـەریان، ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، بـەڵام ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو، کـردەوە چاکەکانیـان ئەنجامـداون،﴿ فِى رَوْضَاتِ ٱلْجَنَّاتِ ﴾، لـە نێـو مێـرگ و مێرگـوزارو گـوڵ و گوڵـزارەکانی بەهەشـتەکاندان، ﴿ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، هەرچـی بیانـەوێ لـەلای پەروەردگاریـان هەیانـە، هەرچـی داوای بکـەن، هەرچـی دڵیـان بیخـوازێ، بۆیـان دەسـتەبەر کـراوە، ﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴾ ئـا ئەوەیـە بەخششـی گـەورە.

﴿ ذَٰلِكَ ٱلَّذِى يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، ئـەوەش ئەوەیـە کـە خـوا مـوژدە دەدات بـە ئـەو بەندانـەی بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکانیان ئەنجامـداون، مـوژدەی ئـەو ئـەو پاداشـتە یـان پـێ دەدات. ﴿ قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا ﴾ پێیـان بڵـێ: مـن هیـچ کـرێ و پاداشـتتان لـێ داوا ناکـەم، ﴿ إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾، مەگـەر حـەز کردنـم بـێ کـە لـە خـوا نزیـك ببنـەوە، یانی: ئەگـەر شـتێکتان لـێ چاوەڕوان بکـەم، هـەر ئەوەیـە کـە حەزدەکەم لە خـوا نیزیـك ببنەوە، پێم خۆشـە لـە خـوا نیزیـك بـن و بەنـدەی خوابـن، بـۆ ئـەوەی کۆیلـەی شـتەکان و شـەیتانەکان و مرۆڤـەکان نەبـن، ﴿ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا ﴾، هـەر کەسـێك چاکـە

بکات، ئێمە چاکیی لە چاکەکەیدا بۆ زیاد دەکەین، پاداشتی چاکتری دەدەینەوە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ شَكُورٌ﴾ بە دڵنیایی خوا لێبوردەی سوپاسگوزارە.

لە کۆتاییی دا دەفەرموێ: ﴿أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا﴾ یان ئایا دەڵێن: (موحەممەد) درۆی بە ناوی خواوە هەڵبەستوە؟ ﴿فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَ﴾ (ئەو قسەیان درۆیە) چونکە ئەگەر خوا بیەوێ مۆر بەسەر دڵتەوە دەنێ، دڵت مۆر دەکات (کە هیچ زانیاریی تێدا نەمێنێ، چ جای درۆ بە ناوی خواوە بڵێی) ﴿وَيَمۡحُ ٱللَّهُ ٱلۡبَٰطِلَ﴾، خواش باتیڵ و شتی پووچ دەسڕێتەوەو لای دەبات، ئەو قسەیەی ئەوانیش پووچەو، خوا بەو بەڵگەیە لای دەبات، ﴿وَيُحِقُّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓ﴾، (خوا) هەقیش دەچەسپێنێ بە وشەکانی خۆی، ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، بە دڵنیایی ئەو بەنهێنیی سینەکان ئاگادارە، ئەو نهێنییانەی کە لە دڵ و سینەکاندا هێندە نیشتەجێن، وەك بووبنە هاوەڵ و خاوەنی ئەو سینانە، خوا بەو نهێنییانە ئاگادارەو، دەزانێ دڵی تۆ چی تێدایە، ئنجا ئەگەر شتێکی خراپت لە دڵدا هەبێ، خوا دڵت مۆر دەکات، و لێت قبووڵ ناکات، وەك لە سوورەتی (الحاقة)دا، دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ تَقَوَّلَ عَلَيۡنَا بَعۡضَ ٱلۡأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذۡنَا مِنۡهُ بِٱلۡيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعۡنَا مِنۡهُ ٱلۡوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ عَنۡهُ حَٰجِزِينَ ﴿٤٧﴾﴾، واتە: ئەگەر هەندێك قسەی بە ناوی ئێمەوە کردبانایە، دەستی ڕاستیمان دەگرت، دوایی لە ڕەگی ملیمان دەداو، هیچ کام لە ئێوەش نەتاندەتوانی بەرگریی لێبکەن!

خوا ئاوا هەڕەشە دەکات، کە پێغەمبەر ﷺ چۆن دەتوانێ بە ناوی خواوە شتێك بفەرموێ، خوا مۆڵەتی لەسەر نەبێ، نە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خۆی دەوەشێنێتەوە، نە خوا ﷻ کەسێك دەکاتە پێغەمبەر ﷺ کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خوای بەرزی مەزندا بکات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خـوا ﷻ خـاوەن لوتـف و میهرەبانـە بـە بەنـدەکانی و، بژیـو دەریانـەو، بەهێـزو زاڵـە، هـەر کەسـێکیش بـۆ دوا ڕۆژ کـردو کـۆش بـکات، خـوا بـۆی زێـدە دەکات، بـەڵام ئـەوەی تەنیـا بـۆ دنیـا هەوڵبـدات، پشـکی خـۆی لـە دنیـادا پێدەبـڕێ، بـەڵام لـە دوارۆژدا بـێ بەشـە:

خـوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ﴿١٩﴾ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴿٢٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ٱللَّهُ لَطِيفُۢ بِعِبَادِهِۦ﴾، خوا بەرانبەر بەبەندەکانی بەلوتف (لَطِیْف)ە. وشەی (لَطِیْف)م، هەر بە: بەلوتف، خاوەن لوتف، مانا کردوە، چونکە وشەی (لَطِیْف) یان بە چەند واتایەك لێکداوەتەوە، بۆ وێنە:

یەك: (لَطِيْفٌ بِهِمْ، أي: بَالِغُ الرَّأْفَةِ بِهِمْ) زۆر بەپەرۆشە بەرانبەریان.

دوو: (بَارٌّ بِهِمْ) زۆر چاکەکارە لەگەڵیان.

سێ: (رَفِيْقٌ بِهِمْ) زۆر نەرم و نیانە لە گەڵیان.

چوار: (حَفِيٌّ بِهِمْ) زۆر گرنگییدەرە پێیان.

کەواتـە: وشـەی (لَطِيْـف) هـەر لـە زمـانی عەرەبییشـدا وشـەیەکمان نیـە تەعبیـر بـکات لـە واتایەکـەی، چ جـای لـە زمـانی کوردییـدا، کـە زمـانی عەرەبیـی زۆر لـە زمـانی کوردیـی دەوڵەمەندتـرە.

کەواتـە: (لَطِيْـف) واتـە: خـاوەن لوتـف، (لُطْف)یـش، دەچێتـەوە نێـو مانـاکانی میهرەبانیـی، بـە بەزەیـی، چاکەکاریـی، پەنهانکاریـی خـوا ﷻ خـاوەنی لوتفـە بەرانبـەر بـە بەنـدەکانی.

٢)- ﴿ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ ﴾، هەر کەسێك بیەوێ بژێوی دەدا، وشەی (رِزْق) پێشتر مانامان کرد، بژێو، هەرشتێکە مرۆڤ پێویستیی پێیەتی بۆ ژیانی دنیای.

کەواتـە: (رزق) تەنیـا خـواردن و خواردنـەوە ناگرێتـەوە، بەڵکـو بـەرگ و پۆشـاك دەگرێتـەوە، مـاڵ و سـامان دەگرێتـەوە، کـەل و پەلـەکانی دیکـە دەگرێتـەوە، جێگـەو ڕێگـە دەگرێتـەوە، ئـەوە لـە ڕووە ماددییەکەیـەوە، لـە ڕووە مەعنەوییەکەشـیەوە دیسـان تاعـەت و، زانیاریـی و، تەقـواو، ڕەوشـتی بـەرزو، ئەنجامـدانی ئەرکـە شـەرعییەکان، هەمـوو ئەوانـە دەگرێتـەوە، یـەك بـە یەکێـك دەڵـێ: (رَزَقَنِـيَ اللـهُ هَـذَا العَـامِ الحَـجُّ) خـوا ئەمسـاڵ حەجـی پێـدام، حەجـی کـردە بژێـوم، واتـە: بژێـوی مەعنەویـی، یـان دەگوتـرێ: (رَزَقَـهُ اللـهُ العِلْـمَ) خـوا زانیاریـی بـە فلانکـەس دا، یـان دەگوتـرێ: (رَزَقَـهُ اللـهُ الحِكْمَـة) خـوا حیکمـەتی پێـدا، یـان: (رَزَقَـهُ اللـهُ خُلُقَـاً حَسَـنَاً) خـوا ڕەوشـتێکی جـوانی کردۆتـە بژێـوی، پێیـداوە.

کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ ﴾، بژێـو بەهـەر کەسـێك دەدا، بیـەوێ، مەبەسـت ئەوەیـە خـوا بـە ویسـتی ڕەهـای خـۆی، لـە بـواری بژێـو پێـدان دا، مامەڵـە لـە گـەڵ بەندەکانیـدا دەکات، لـە ڕاسـتییدا بـەس خوایـە بژێـوی هەمـوو کـەس دەدا، بـەڵام هـەر کەسـە بـە ئەنـدازەی خـۆی، وەك لـە سـوورەتی (هـود)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا ۝٦ ﴾هـود، واتـە: هیـچ پێرۆیـەك نیـە لەسـەر زەوی، هیـچ ژیاندارێـك لەسـەر زەوی نیـە، مەگـەر بژێـوی

لەسەر خوایە، نەك هەر هی مرۆڤەکان، بە هی ژیاندارانیش، بەتێکڕا، بەڵام هەر کەسە و هەر ژیاندارە بە پێی خۆی، بە گوێرەی سیستمێك خوا بژێوی دەدا، هەر زیندەوەرەو هەر ژیاندارە، بە جۆرێك، لەو بارەوەش پێشتر کورتە باسێکمان کرد، ئەوەش بەو واتایە نیە کە مادام بژێو لەسەر خوایە، کەواتە ئینسان پاڵداتەوەو هەڵخزێ، کردو کۆش و هەوڵدان بە خەرج نەدات، بەڵکو خوا لە میانی هەوڵدانی مرۆڤەکاندا، لە میانی کارو کاسبیی و گەڕان و سووڕانانیان دا بژێویان دەدا، ئەگەر کەم ئەگەر زۆر.

٣)- ﴿وَهُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ﴾، هەر ئەویش (خوا ﷻ) بەهێزەو زاڵ و باڵادەستە، کەواتە: خوا لوتفەکەی لە شوێنی خۆیدا بەکاردێنێ، هێزو باڵادەستییەکەشی لە جێی خۆیدا بەکاردێنێ، بەدڵنیاییش خوا ﷻ خاوەنی هەموو سیفەتە بەرزو پەسندەکانە، چ ئەوانەی کە ئێمە دەیانزانین، چ ئەوانەی ئێمە نایانزانین، ئەوانەی ئێمە دەیانزانین، ئەوانەن زیاتر پەیوەستن بە ژیانی ئێمەوە، بە گرنگیی پێدانی ئێمەوە هەیە، بەڵام بێگومان سیفەتەکانی خوا، بەس ئەوەندە نین کە ئێمە دەیانزانین، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە: **{اللّهُمّ إِنِّي أَسأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الغَيْبِ عِنْدَكَ} (أخرجه ابن حبان: ٩٧٢، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح).**

واتە: ئەی خوایە! داوات لێدەکەم، بە هەر ناوێکت کە کردووتە ناوی خۆت، یان لە کتێبەکەتدا داتبەزاندوە، یاخود فێری یەکێك لە دروستکراوەکانی خۆتت کردوە، یاخود لە لای خۆت هێشتووتەوە لە زانیاریی پەنهانتدا (بەس خۆت دەیزانی).

بەڵام بێگومان خوا ﷻ هەر کەسە بەپێی ئەوە کە شایستەی بێ، بە سیفەتەکانی لە گەڵیدا مامەڵە دەکات.

٤)- ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلۡأٓخِرَةِ﴾، هەر کەسێك بەرهەم و کشتوکاڵی کۆتایی بوێ، (**الحَرْثُ: إِلْقَاءُ البَذْرِ فِي الأَرْضِ**): (**حرث**): بریتیە لە تۆو وەشاندن، لە زەوییدا. (**حَرْثَ**

الأَرْضَ، يَحْرِثُهَا) واتە: زەوییەکەی کێڵا، دەیکێڵێ یان تۆوی تێدا وەشاند، دەیوەشێنێ، بەڵام لێرەدا: **(احترث يَحْتَرِثُ أي: يَكْتَسِبُ، وَأُطْلِقَ الحَرْثُ هُنَا عَلَى ثَمَراتِ الأَعْمَالِ وَفَوَائِدِهِ، أي: مَنْ يُرِيْدُ ثَوَابَ الآخِرَةِ)**، **(يحترث)**: **(يَكْتَسِب)**، شت بەدەست دێنێ، لێرەدا وشەی **(حَرْث)** بە کارهێنراوە بۆ بەرهەمی کردەوەکان و، سوودی کردەوەکان، واتە: هەرکەس پاداشتی ڕۆژی دوایی دەوێ.

کەواتە: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْآخِرَةِ ﴾، یانی: **(مَنْ كَان يُرِيْدُ ثَوَابَ الدُّنْيَا)** هەر کەسێ پاداشتی ڕۆژی دوایی بوێ، یان هەر کەسێك بەرهەمی ڕۆژی دوایی بوێ.

٥)- ﴿ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ ﴾، ئێمە لەو بەرهەم و دەستکەوتەیدا (کە بۆ ڕۆژی دوایی مەبەستیەتی پەیدای بکات) بۆی زیاد دەکەین، چونکە خوا لە سوورەتی (الأنعام) دا، دەفەرموێ: ﴿ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ﴿١٦٠﴾ ﴾، واتە: هەر کەسێك چاکەیەك بێنێت، دە (١٠) بەرانبەری، دە هێندەی پاداشت دەدرێتەوە، بەڵکو پێشتر گوتمان لە سوورەتی (البقرة)دا، خوا ﷻ وێنەیەك دێنێتەوە، کە ئەوە دەگەیەنێ، خوا یەك بە حەوتسەدیش پاداشت دەداتەوەو زیاتریش.

٦)- ﴿ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا ﴾، هەر کەسێکیش کشت وکاڵ و بەرهەمی دنیای بوێ، لەوە پێی دەدەین، بە ئەندازەی ئەوەی خۆی ماندووکردووەو هۆکارەکانی ڕەچاو کردوون، یانی: هەر کەسێك بە کردەوەکانی و بە هەوڵدانەکەی، بەرهەمی دنیای بوێ، دەستکەوتی دنیای بوێ، کە بریتیە لە گوزەرانی دنیا، ئێمە بەو ئەندازەیەی بۆی دیارییکراوە، پێی دەدەین، وەك لە سوورەتی **(الإسراء)**دا، دەفەرموێ: ﴿ مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: هەر کەسیش ژیانی پەلەی (دنیای) بوێ، بە پەلە بۆی پێش دەخەین، ئەوەندەی کە بمانەوێ، بۆ هەر کەسێك کە مەبەستمان بێ.

٧)- ﴿ وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْآخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴾، لە ڕۆژی دواییدا، هیچ پشك و بەشی نیە.

بۆیـەش لـە ڕۆژی دواییـدا بـێ بـەش دەبـێ، چونکـە مەبەسـتی لـە کۆشـش و کـردەوەکانی، بـە دەسـتهێنانی پاداشـتی خـواو، بەرهەمـی ڕۆژی دوایـی نەبـووە، یـانی: هـەر کەسـێك بـۆ دواڕۆژ کار نـەکات و، لـە کردەوەکانـی دا مەبەسـتی نەبـێ پاداشـتی ڕۆژی دوایـی وەدەسـت بێنـێ، بـەش و پشـکی لـەوێ نابـێ، وەك شـاعیرێك لـەو بـارەوە دەڵـێ:

يا مُؤثِرَ الدُّنيا عَلى دينِهِ وَمُشتَرٍ دُنيـاهُ بالآخِـرَة
بِعتَ الَّذي يَبقى بِما يَنقَضي تَبـاً لَها مِنْ صَفقَةٍ خاسِرَة

ئەی ئەو کەسەی دنیای بەسەر دینیدا هەڵبژاردوە، دنیای کڕیوە دواڕۆژی پێداوە!

شـتێکت فرۆشـتوە کـە دەمێنێتـەوە، بـە شـتێك کـە دەبڕێتـەوە، هـەر لەبەیـن بچـی، چ سـەودایەکی زیانبـارە!

با لەوبارەوە سێ فەرمایشتی پێغەمبەریش بێنین ﷺ:

یەکەمیان: {عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ ﵁، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «بَشِّرْ هَذِهِ الْأُمَّةَ بِالسَّنَاءِ وَالرِّفْعَةِ، وَالنَّصْرِ، وَالتَّمْكِينِ فِي الْأَرْضِ، فَمَنْ عَمِلَ مِنْهُمْ عَمَلَ الْآخِرَةِ لِلدُّنْيَا، لَمْ يَكُنْ لَهُ فِي الْآخِرَةِ نَصِيبٌ»} **(أخرجه أحمد: ٢١٢٥٨، وقال الهيثمي (٢٢٠/١٠): رجاله رجال الصحيح، وأخرجه ابن حبان: ٤٠٥، والحاكم: ٧٨٦٢، وقال: صحيح الإسناد).**

واتـە: ئوبـەی کـوڕی کەعـب ﵁ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: مـوژدە بـدە بـەم ئوممەتـە بەڕۆشـنیی و بەرزیـی و یارمەتییـدران و پـێ چەسـپێنران لـە زەویدا (دەسـتەڵات) [بـە مەرجێـك کردەوەیـەك کـە بـۆ ڕۆژی دوایـی دەیکـەن، مەبەسـتیان پێـی دنیـا نەبـێ]، بـەڵام هـەر کەسـێکیان کردەوەیـەکی ڕۆژی دوایـی بـکات، بـۆ وەدەسـتهێنانی دنیـا، لـە ڕۆژی دواییـدا هیـچ پشـك و بـەشی نیـە.

دووەمیان: {عَنْ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ ﵁، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى»} **(أخرجه البخاري: ١، ومسلم: ١٩٠٧، وأبو داود: ٢٢٠١).**

واتـە: عومـەری کـوڕی خەتتـاب ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: بێگومـان کـردەوەکان (کـردەوە چاکـەکان) بـە پێـی نیـازو مەبەسـتەکانن، بـۆ هـەر کەسـێکیش بەگوێـرەی نیـازو مەبەسـتەکەی پاداشـتی هەیـە.

سێیەمیان: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: تَلَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْءَاخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴾، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: يَقُولُ اللَّهُ ﷻ: ابْنَ آدَمَ! تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي امْلَأْ صَدْرَكَ غِنًى، وَأَسُدَّ فَقْرَكَ، وَإِلَّا تَفْعَلْ، مَلَأْتُ صَدْرَكَ شُغْلًا، وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ} (أخرجه الترمذي: ٢٦٦٦، والحاكم: ج٢، ص٤٤٣، والبيهقي في الشّعب: ج٧، ص٢٨٩، وَصَحَّحَهُ الألباني في «الصحيحة»: ٣٥٩).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ، دەڵـێ: ڕۆژێـك پێغەمبـەر ﷺ ئـەم ئایەتـە موبارەکـەی خوێنـدەوە: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْءَاخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴾، دوایـی فەرمووی: خوا ﷻ دەفەرموێ: ئـەی ڕۆڵـەی ئادەم! بـۆ بەندایەتیـی مـن خـۆت یەکلابکـەوە، سینەت پڕ دەکـەم لـە بـێ نیازیـی و، کەلێنـی هەژارییشـت بـۆ دەگـرم، بـەڵام ئەگـەر وانەکـەی، سـینەت دەکـەم پڕدەکـەم لـە سـەرقاڵیی و، کەلێنـی هەژارییشـت بـۆ ناگـرم.

واتـە: ئەگـەر ئینسـان بەڕاسـتیی نیـەتی لـێ بێنـێ، بەندایەتیـی بـۆ خـوا بـکات و بـە پێـی توانـاش دەسـت بجووڵێنـێ و ڕەچـاوی هـۆکارەکان بـکات، خـوا ﷻ مشـووری لێ دەخـوات و سەرپەرشـتیی دەکات، هیـچ گومانێـك لـەوە دانیـە، بـە ئەنـدازەی ئـەوە کـە خـۆت بـۆ خـوا یەکلایـی دەکەیـەوە، خـوا سەرپەرشـتییت دەکات، بـە ئەنـدازەی ئـەوە کـە پشـت بـە خـوا دەبەسـتی، خـوا پشـتت دەگـرێ، بـە ئەنـدازەی ئـەوە کـە لـە خـوا چاوەڕوانیـی دەکـەی، خـوا پێـت دەدا، بـەڵام چاوەڕوانییـەکی شـێوەی خۆزگـە خواسـتن، نـا، بەڵکـو ئومێـدەوار بـوون.

(رجـاء) ئومێـد، ئەوەیـە کـە مـرۆڤ ئومێـدەوار بـێ بـە ڕەحمـەتی خـواو، دەسـتیش بجووڵێنـێ، هۆکارەکانیـش دەسـتەبەر بـکات بـە پێـی توانـا، بـەڵام (أُمْنِيَـة) خۆزگـە، ئەوەیـە کـە ئینسـان هـەر خۆزگـە بخـوازێ، بـەڵام هـۆکارەکان نەگرێتـە بـەر.

مەسەلەی دووەم:

هەر کەس بەرنامەی ژیان بۆ خەڵك دابنێ، خۆی کردوە بە هاوبەشی خواو، کەسانێکیش بەوە ڕازیبن، بە ستەمکار دادەنرێن، لە ڕۆژی دواییشدا ترس و لەرزیان دەبێ لە کردەوەکانیان، سزاشیان هەر بە سەردێ، بەڵام بڕوادارانی کردار باش، لە بەهەشتدا لە نێو باخ و گوڵزاردان، پێغەمبەریش ﷺ هیچ چاوەڕوانییەکی لە خەڵك نیە، لە بەرانبەر گەیاندنی پەیامی خوادا پێیان، تاکە کرێیەك، پاداشتێك لێیان بخوازێ، بریتیە لە حەزکردنی بە نیزیکییان لە خوا ﷻ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢١﴾ تَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمْۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي رَوْضَاتِ ٱلْجَنَّاتِۖ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٢﴾ ذَٰلِكَ ٱلَّذِي يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِۗ قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِي ٱلْقُرْبَىٰۗ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٢٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم سێ ئایەتە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ ﴾، یان ئایا هاوبەشانێکیان هەن، وشەی (أَمْ): هەندێك دەڵێن: بە مانای: بەڵام (بَلْ)ە، یانی: (بَلْ لَهُ شُرَكَاء) هەندێکیش دەڵێن: بە مانای (بَلْ) و، هەمزەی ئیستفهامیشە، یانی: (بَلْ أَلَهُمْ شُركَاء) بەڵکو ئایا هاوبەشیان هەن؟ ئنجا (**الإِسْتِفْهَام للتَوْبِيخ وَالإِنْكَار**) پرسیارکردنەکە لێرەدا بۆ سەرزەنشتکردن و نکووڵیلێکردنە، یانی: نەدەبوو هاوبەشیان هەبن و هاوبەشان بۆ خوا دابنێن، ئەوانەی لە خەیاڵی هەندێك لە مرۆڤەکاندا دەیانهێننە ڕیزی خواو، وەك خوا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، لە شتێك لە شتەکاندا، تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکانی خوادا، وەك:

١- بەشێك لە وەدیهێنانیان پاڵدەدەنە لا.

٢- بەشێك لە پەروەردگارێتیی و بەشێك لە خاوەندارێتییان، پاڵدەنەلا.

٣- یەکێك لە سیفەتەکانی خواو یەکێك لە ناوەکانی خوایان بۆ بەکاربێنن.

٤- بەشێك لە پەرستراوێتیی کە تایبەتە بە خواوە، بۆیان بەکاربێنن، ئەوانە بە هاوبەش بۆ خوا لە قەڵەمدراون لە خەیاڵی ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانەدا، ئەگەرنا لە واقیعدا خوا هاوبەشی نین.

خوا دەفەرموێ: ئایا هاوبەشیان هەن:

٢)- ﴿ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّینِ مَا لَمْ یَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾، لە ئایین شتێکیان بۆ داناون، ڕێیەکیان پێشانداون کە خوا مۆڵەتی پێنەداوە؟ **(شَرَعَ الدِّیْن وَشَرْعَهُ، أي: سَنَّهُ وَبَیَّنَهُ)**[1] وشەی **(شَرَعَ)** بە سیانیی **(ثُلاثِي)**، و **(شَرَّعَ)** بە چواریی **(رُبَاعِي)** هەردووکیان بە مانای **(سَنَّهُ وَبَیَّنَهُ)** ڕێیەکەی داناو ڕوونی کردەوە **(شَرْعَ الدِّیْن)** یان **(شَرَعَ شَرْعَ الدِّین)** هەردووکیان یانی: بەرنامەو، ئایینی دانا.

﴿ مَا لَمْ یَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾، یانی: **(مَا لَمْ یَأْذَن بَشَرْعِهِ وَتَشْرِیْعِهِ)** شتێك کە خوا ڕێی نەداوە، پێشان بدرێ و دابنرێ، **(الطبري)** دەڵێ: **(مَا لَمْ یُبِحِ اللَّهُ لَهُمْ ابْتِدَاعَهُ)** ئایا بەرنامەیەکیان داناوە کە خوا بۆی ڕەوا نەکردوون، ڕێی پێنەداون دایبهێنن؟!

٣)- ﴿ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِیَ بَیْنَهُمْ ﴾، ئەگەر وشەی لێك جیاکردنەوە نەبووایە، دادوەرییان لە نێوانیاندا دەکرا، وشەی لێك جیاکردنەوە **(كَلِمَةَ الفَصْل)** چییە؟ **{هِيَ مَا قَدَّرَهُ اللَّهُ وَأَرَادَهُ مِنْ إِمْهَالِهِمْ. والفَصْلُ: الفَاصِلُ الَّذِي لا تَرَدُّدَ فِیهِ} (كَلِمَة الفَصْل)**: ئەوەیە کە خوا ویستوویەتی مۆڵەتیان بدات، لە دنیادا سزایان نەدا لەسەر کردەوە خراپەکانیان، وشەی **(فَصل)**یش، بڕیتیە لە هەڵبڕینی شتێك و بڕیار لە سەردانی کە دڵ لە دڵ دانی تێدا نەبێ.

---

(١) المعجم الوسیط: ص٤٧٩.

(الطبري) دەڵێ: (وَلَوْلَا السَّابِقُ مِنَ اللَّهِ فِي أَنَّهُ لَا يُعَجِّلُ لَهُمُ الْعَذَابَ فِي الدُّنْيَا، وَأَنَّهُ مَضَى مِنْ قِيلِهِ إِنَّهُمْ مُؤَخَّرُونَ بِالْعُقُوبَةِ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ، لَفُرِغَ مِنَ الْحُكْمِ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ، بِتَعْجِيلِهِ الْعَذَابَ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا)[1]، واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە خوا پێشتر بڕیاری داوە، کە لە دنیادا سزایان نادات و پێشتر بڕیاری داوە کە سزادانیان دواخراوە هەتا بەرپابوونی قیامەت، لە دادوەریی کردن لە نێوان ئێوەو ئەوان دا، تەواو دەبوو، کە سزایان بۆ پێشبخات لە دنیادا.

بەڵام بە پێی سیستەمێ کە خوا دایناوە لە ژیانی بەشەردا، دنیا جێی هەوڵدان و کردو کۆشەو، خوا ﷻ دەرفەتی داوە بە مرۆڤەکان چی دەکەن و چۆن دەکەن؟ هیچ لە مپەرو کۆسپی لە بەردەم دا دانەناون، مەگەر عەقڵی خۆیان و شەرعی خوای پەروەردگار، ئەگەرنا هیچ کۆسپ و لەمپەرێکیان لە بەردەمدا نیە، چاکە دەکەن، یاخود خراپە دەکەن، بەڵام لە قۆناغێکی دیکەی ژیاندا، کە ڕۆژی دواییە، لەوێ لەسەر ئەوە کە لە دنیادا کردوویانە، ئەگەر خراپ بوو بێ، سزاو، ئەگەر چاك بووبێ، پاداشت دەدرێتەوە.

٤)- ﴿وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، بە دڵنیایی ستەمکارانیش ئازارو سزایەکی بە ئێشیان هەیە، (ظَّالِمِيْن) یانی: ئەو کافرو هاوبەش بۆ خوادانەرانەی ستەمیان لە خۆیان کردوە. ئەمە لێرەدا: (إِظْهَارٌ فِي مَقَامِ الإِضْمَار) دەرخستنە لە جێی پەنهانکردن، خوا دەیتوانی بفەرموێ: (وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيْم) چونکە قسە لەسەر ئەوانەیە کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، بەڵام بە (ظالم)یش ناوزەندیان دەکات، تاکو دەرکەوێ کە ئەوانەی وێڕای هاوبەشدانان، ستەمکاریشن.

٥)- ﴿تَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ﴾، تۆ ستەمکاران دەبینی ترس و بیمیان هەیە لە بەر ئەوەی کردوویانە.

لێرەدا مەبەست پێی ڕۆژی دواییە.

---

(١) جامع البيان، ج٢٠، ص٤٩٣.

٦)- ﴿ وَهُوَ وَاقِعٌ بِهِمْ ﴾، ئەوەش کە لێی دەترسێن، هەر دەکەوێتە سەریان، یانی: **(تَرَى يَا مُحَمَّد! الْكَافِرِينَ بِاللَّهِ يَوْم الْقِيَامَة، وَجِلِينَ خَائِفِينَ مِنْ عِقَابِ اللَّهِ عَلَى مَا كَسَبُوا فِي الدُّنْيَا مِنْ أَعْمَالِهِمُ الْخَبِيثَة)**، ئەی موحەممەد ﷺ! {یان: ئەی هەر کەسێك کە قورئان دەخوێنیّ!} تۆ بێبڕوایان بە خوا لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا دەبینی، دڵ بەترس و لەرزن، زۆر هەست بەترس دەکەن، لە سزای خوا، لە سەر ئەو کردەوە پیس و خراپانەی کردوویانن، ئنجا ئایا ترسەکەیان دەبێتە هۆی ئەوەی دەربازبن؟ نەخێر، ﴿ وَهُوَ وَاقِعٌ بِهِمْ ﴾، ئەو سزایەش هەر دەکەوێتە سەریان. **(وَقَعَ عَلَيْه: سَقَطَ عليه)** کەوتە سەری، ئەو سزایە هەر پێیانەوە دەنووسێ، پێیانەوە دەچەسپێ، **(وَهُمْ ذَائِقُوه لَا مَحَالَة)** ئەوان هەر دەشیچێژن، هیچ دەرەتانیان نیە.

ئەوە بەنسبەت هاوبەش بۆ خوا دانەرانەوە کە خوا بە ستەمکارانیش ئاوزەدی کردوون، ئنجا بابزانین بڕواداران سەرنجامیان چۆنە؟

٧)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِى رَوْضَاتِ ٱلْجَنَّاتِ ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە {بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ}و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداون، بە عەقڵ و دڵیان، بە زمانیان، بە ئەندامەکانیان.

٨)- ﴿ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، هەرچی بیانەوێ لە لای پەروەردگاریان هەیانە، هەرچی ئارەزووی بکەن و بیخوازن هەیانە.

ئەم تەعبیرە لە شوێنی دیکەش دا زۆر هاتووە لە قورئاندا: ﴿ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾ چونکە وەك عەرەب گوتوویانە: **(كُلُّ الصَّيْدِ فِي جَوْف الفَرَى)** هەموو نێچیرەکان لە نێو (فَرَى)دان، (فَرَى): جۆرە ئاژەڵێکە زۆر قەڵەوو گۆشتنە، پێم وایە بە کوردیی (چوالوو) و (کوڕەبەشە)ی پێدەڵێن، کە ئەگەر بگیرێ، ڕاوچیی ئیکتیفای پێ دەکات، ئنجا ئەو تەعبیرەش وایەو، بەو تەعبیرانەش هاتووە:

أ- ﴿ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ ﴾، هەرچی بیخوازن و بیانەوێ، هەیانە، ئەمە هەموو شتێك دەگرێتە نێو خۆی.

ب- لە سوورەتی (الزخرف)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴿٧١﴾ ﴾، واتە: تێیدایە (لە بەهەشت دا) هەرچی نەفسەکان ئارەزووی بکەن و، هەرچی چاوەکانیش لەززەتی لێ بکەن.

ج- لە سوورەتی (فصلت)یشدا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ ﴾، واتە: هەرچی نەفستان ئارەزووی بکات بۆ ئێوە هەیە لەوێداو، هەرچی بشیخوازن بۆ ئێوە لەوێدا هەیە.

٩)- ﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴾، ئا ئەوەیە بەخششی گەورە، وشەی (فضل)، هەم بە مانای بەرزیی و پێگەی بەرز دێ، وەك (**فُلَان ذُو فَضْلٍ**) واتە: خاوەن پێگەی بەرزە، خاوەن شەرەفە، خاوەن بەرزییە، هەروەها بە مانای زێدەیی لە بەخشینیشدا دێ، دەگوترێ: (**هُوَ صَاحِبُ فَضْلٍ عَلَيَّ**) یانی: ئەو زێدەیی بە من داوە.

١٠)- ﴿ ذَٰلِكَ ٱلَّذِى يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، ئا ئەوەیە خوا موژدەی پێدەدات بە بەندەکانی، کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون، ﴿ ذَٰلِكَ ٱلَّذِى ﴾ یانی: (**ذَلِكَ الَّذِي يُبَشِّرُ الله بِهِ عِبَادَهُ**) وشەی (بە) نەهاتوە، لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، ئا ئەوەیە کە خوا موژدەی پێ دەدات، بەو بەندانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون، وەك پێشتریش گوتمان: بڕوایان هێناوە، واتە: بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێبهێنرێ، ﴿ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾ کردەوە باشەکانیان ئەنجامداون، چ پەیوەندییان بە دڵ و عەقڵیانەوە هەبێ، چ پەیوەندییان بە دەربڕینەکانی زمانەوە بێ، چ پەیوەندییان بە ئەندامەکانەوە هەبێ، لە خودی خۆیاندا، لەگەڵ ماڵ و خێزان دا، لەگەڵ کۆمەڵگا دا، لەگەڵ گەورەو گچکەدا، هەمووی هەمووی دەگرێتەوە.

وشەی (رَوْضَات) کۆی (رَوْضَة)یە، (**الرَّوْضَةُ: الأَرْضُ ذَاتُ الخَضِرَةِ؛ والبُسْتَانُ الحَسَن؛ يُقَالُ مَجْلِسُهُ كَأَنَّهُ رَوْضَةٌ**) (رَوْضَة) بەزەوییەکی سەوزایی دەگوترێ، بە کوردیی مێرگ و مێرگوزار، گوڵ و گوڵزار، دەگوترێ: کۆڕی فڵانکەس دەڵێی ڕەوزەیە، وەك باخچەو، گوڵ و گوڵزار.

دوایی خوا ﷻ ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، چونکە ئەوان هەندێ جار پێغەمبەری خاتەمیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە مەبەستی حوکمڕانییە، یان مەبەستی خۆ بەسەردا فەڕزکردنیانی هەیە، یان مەبەستی بە دەستهێنانی سەروەت و سامان، یان گەورەیی کردنە بەسەریاندا.

١١)- ﴿ قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ ﴾، بڵێ: بەدڵنیایی {لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامەی خوا} هیچ کرێ و پاداشتێکتان لێ داوا ناکەم، لە بەرانبەریدا، جگە لە خۆشویستنی نیزیکیی، خۆشویستن لە نیزیکییدا، واتە: چاوەڕوانییم تەنیا ئەوەیە: حەز دەکەم و پێم خۆشە، ئێوە لە خوا نیزیك بن، شتێك چاوەڕوان بکەم لە ئێوە لە بەرانبەر گەیاندنی پەیامی خوادا پێتان، هەر ئەوەیە کە لە خواتان نیزیك بخەمەوە، ئەمە ئەو مانایەیە کە لەگەڵ سیاقی ئایەتەکان و، لەگەڵ ئایەتەکانی دیکەشدا گونجاوە، بۆیەش وا دەڵێم: چونکە ئەم ڕستە قوڕئانییە، زانایانی ڕوونکەرەوانی قوڕئان، چوار مانایان بۆ داناون!

١٢)- ﴿ وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا ﴾، هەر کەسێك چاکە بکات، چاکیی بۆی تێدا زیاد دەکەین. (يَقْتَرِف) یانی: (يَكْتَسِب) وەدەست بێنێ.

واتە: پاداشتی چاکتری دەدەینەوە لە کردەوە چاکەکەی خۆی.

١٣)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا لێبوردەی سوپاسگوزارە، واتە: بۆ چاکەکاران لە هەڵەو کەم و کوڕییەکانیان دەبووریّ، بۆ چاکەکانیشیان بە چاکتر پاداشتیان دەداتەوەو، خوای بەرزیش سوپاسگوزارە سەبارەت بە بەندەکانی.

کورتە باسێک لەبارەی مانای
﴿ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ ﴾ ەوە:

بەڕێـــزان!

هەرچەنـدە ئـەم ڕسـتە قورئانییـە، ڕوونکـەرەوانی قورئـان زۆریـان قسـە لەبـارەوە کـردووەو - وەك پێشـتر گوتمـان - سـێ مانایـان بـۆ کـردوون، بـەڵام مانایـەك کـە لـە هەمـووان پـتر بـە عەقـڵ و دڵـەوە دەنووسـێ، لەبـەر چەنـد بەڵگەیـەك کـە ئاماژەیەکیـان پـێ دەکەیـن، ئەوەیـە:

١- ئەی خەڵکینە! من هیچ کرێ و پاداشتێکم لێتان ناوێ جگە لە حەزو خۆشەویشتییم بۆ نیزیکییتان لە خوای بەرزی مەزن. پێم وایە ئەم مانایەیان لە هەموویان ڕێکترەو، لە هەموویان لەگەڵ سیاقی ئایەتەکانیش دا گونجاوترەو، لەگەڵ کەسایەتیی پێغەمبەریش دا ﷺ تەبایەو، لەگەڵ ئایەتەکانی دیکەی قورئانیشدا دێتەوە، کە لە چەند شوێنان خوا ﷻ ئەوەی جەخت کردۆتەوە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هیچ چاوەڕوانییەکی لە خەڵك نیە، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (ص)دا، دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُتَكَلِّفِينَ ٨٦ ﴾، واتە: بڵێ من هیچ کرێ و پاداشتێکتان لێ چاوەڕێ ناکەم و من لە باری شان گرانکەرانیش نیم، یاخود من لە کەسانێك نیم شتێك بڵێم وا نەبێ، لە لاف لێدەران نیم، لاف لێ بدەم و دەعوایەك بکەم، وا نەبێ.

ب- لە سوورەتی (الطور)دا، دەفەرموێ: ﴿ أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ أَجۡرٗا فَهُم مِّن مَّغۡرَمٖ مُّثۡقَلُونَ ٤٠ ﴾.

ج- هەروەها لە سوورەتی (القلم)یشدا، هاتوە لە ئایەتی (٤٦)، دەفەرموێ: ﴿ أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ أَجۡرٗا فَهُم مِّن مَّغۡرَمٖ مُّثۡقَلُونَ ﴾، واتە: ئایا تۆ پاداشت و کرێیەکیان لێ داوا دەکەی،

بۆیە باری شانیان قورس بووە، لەبەر ئەو داوایەی دەکەوێتە سەریان، ئەو غەرامەیەی دەیانکەی، ئایا وایە! نەخێر.

ئنجا با تەماشایەکی قسەی توێژەرەوانی قورئان بکەین:

٢- لەوبارەوە ئەم دەقە دێنین، کە مانایەکی دیکەی دووامی تێدایە:

(عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاس رَضِيَ اللـهُ عَنْهُـمَا، فِي قَوْلِـهِ: {لا أَسْـأَلُكُمْ عَلَيْـهِ أَجْـرًا، إلاّ الْمَـوَدَّة فِي الْقُـرْبَى} قَـالَ: لَـمْ يَكُـنْ بَطْـنٌ مِـنْ بُطُـون قُرَيْـش إلاّ وَبَيْنَ رَسُـول اللّـه ﷺ وَبَيْنهـمْ قَرَابَـة، فَقَـالَ: قُـلْ لَا أَسْـأَلُكُمْ عَلَيْـهِ أَجْـرًا، أَنْ تَـوَدُّونِي فِي الْقَرَابَـةِ الَّتِـي بَيْنِـي وَبَيْنَكُـمْ) (أخرجـه البخـاري: ٣٤٩٧، والترمـذي: ٢٦٢، وأحمـد: ٢٠٢٥، ٢٥٩٤).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، لـە بـارەی فەرمایشـتی خـواوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ ﴾ دەڵـێ: هیـچ بـەرە بابێـك لـە بەرەبابـەکانی قورەیـش نەبـوو، هیـچ تیرەیـەك لـە تیرەکانی قورەیـش نەبـوو، مەگـەر لـە نێـوان پێغەمبـەری خـوا ﷺ و ئەوانـدا نیزیکیـی هەبـووە، (قورەیـش لـە نەسـەبی دووریانـدا، هەموویـان دەچنـەوە سـەر عەدنـان و، عەدنـان دەچێتـە سـەر ئیسـماعیل)، بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ خـوا پێـی فەرمـوو: بڵـێ: لـە بەرانبـەر گەیانـدنی پەیامـی خـوادا، هیـچ کـرێ و پاداشـتێکتان لـێ داواناکـەم، جگـە لـەوەی لەبـەر ئـەو خزماتییـەی لـە بەینمانـدا هەیـە، منتـان خۆشـبوێ.

واتـە: ڕەچـاوی خزمایەتییـم لەگـەڵ دا بکـەن، کـە ئـەوەش لـە ڕاسـتیيدا کـرێ و پاداشـت نیـە، بەڵکـو لەخۆداهێنانـە دی سیفەتێکی بـەرزو پەسـندە، کـە لـە قازانجـی خۆتانـە، لـە سـەردەمی نەفامییشـدا قورەیشـییەکان، زۆر بـاسی خزمایەتیـی و، گەیاندنی پەیوەندییـەکانی خزمایەتییـان دەکـرد.

هەڵبەتـە ئـەو واتایـەی عەبدوڵڵای کـوڕی عەببـاس دەیهێنـێ، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە ئێمـەش گوتمـان، تێکناگیـرێ، چونکـە ئـەوەش کـرێ و پاداشـت نیـە واتـە: شـتێك نیـە

پێغەمبەر ﷺ لێی بەهرەمەندبێ، ئەگەر ئەوان ڕەچاوی پەیوەندیی خزمایەتیی لەگەڵدا بکەن، بە قازانجی خۆیان تەواو دەبێ، سیفەتێکی باش لە خۆیان دێننە دی، پێغەمبەر ﷺ هیچ سوودێکی ماددیی پێناگات، تاکو بە کرێ و پاداشت بۆی لە قەڵەم بدرێ، هەروەها سوودێکی مەعنەویی بە تایبەت، پێ ناگات.

ئەو مانایەی لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە هێنامان، (**الطبري**) ئەو مانایە زیاتر هەڵدەبژێرێ، وەك لە تەفسیرەکەی خۆی دا[١]، دەڵێ: (**وَأَوْلَى الْأَقْوَالِ فِي ذَٰلِكَ بِالصَّوَابِ، وَأَشْبَهُهَا بِظَاهِرِ التَّنْزِيلِ: قَوْلُ مَنْ قَالَ: مَعْنَاهُ: قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ! إِلَّا أَنْ تَوَدُّونِي فِي قَرَابَتِي مِنْكُمْ، وَتَصِلُوا الرَّحِمَ الَّتِي بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ**).

دەڵێ: نیزیکترینی قسەکان لەوبارەوە لە ڕاستییەوەو، وێچوویترینیان بە ڕواڵەتی ئایەتەکان، قسەی کەسێکە کە گوتوویەتی مانایەکەی ئەوەیە: من لە بەرانبەر ئەو پەیامەی خوادا، هیچ پاداشت و کرێیەکتان لێ داوا ناکەم، ئەی کۆمەڵی قورەیش! مەگەر ئەوە کە لەبەر خزمایەتییم لەگەڵتاندا خۆشتان بوێم و، ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەی لە نێوان من و ێوەدا هەیە، بیگەیەنن.

ئنجا هەر (**الطبري**) مانای یەکەمیش هەر دێنێ و دەڵێ: (**قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ أَيُّهَا النَّاس! عَلَى مَا جِئْتُكُمْ بِهِ أَجْرًا، إِلَّا أَنْ تَوَدَّدُوا إِلَى اللَّه، وَتَتَقَرَّبُوا بِالْعَمَلِ الصَّالِح وَالطَّاعَة**)[٢]، واتە: بڵێ: ئەی خەڵکینە! لەسەر ئەوەی بۆم هێناون، هیچ کرێ و پاداشتێکتان لێ داواناکەم، مەگەر ئەوە کە خۆتان لە لای خوا خۆشەویست بکەن، بە کردەوەی چاك و بە فەرمانبەریی خۆتان لە خوا نیزیك بخەنەوە، بەس ئەو چاوەڕوانییەم لێتان هەیە، (**الطبري**) ئەو دەقەی هێناوە[٣]، بە چەند ڕیوایەتێکی جیاو لە چەند کەسێکی جیاوە.

---

(١) جامع البيان: ج٢٥، ص٧.

(٢) جامع البيان: ج٢٥، ص٢٦.

(٣) بە ژمارەکانی: ٣٠٧٢٢ و ٣٠٧٢٣ و ٣٠٧٢٤ و ٣٠٧٢٥ و ٣٠٧٢٦.

بەڵام وێڕای ئەم دوو مانایە، مانایەکی دیکەشیان هێناوە:

٣- ئەویش ئەوەیە: (إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَىٰ) یانی: (إِلاَّ أَنْ تُحِبُّوا قَرَابَتِي)، واتە: هیچ کرێیەکتان لێ داوا ناکەم، مەگەر ئەوە کە خزمەکانی منتان خۆشبوێن.

ئنجا ئەوانە - بەتایبەتی شیعە - خزمەکانیشیان خولاصە کردوون لە: عەلی و فاتیمەو حەسەن و حوسەین و منداڵەکانی ئەوان دا (خوا لێیان ڕازی بێ)!

کە لە ڕاستییدا ئەم قسەیە، هەم لە گەڵ سیاقی ئایەتەکان دا ناگونجێ، هەم لەگەڵ ئەو ئایەتانەی دیکەدا کە خوای پەروەردگار هەمیشە پێغەمبەری ﷺ بەوە پێناسە کردوە، هیچ چاوەڕوانییەکی لە خەڵك نیە، بەڵام ئەگەر بڵێ: وەرن خزمەکانی منتان خۆشبوێن و چاکەیان لەگەڵدا بکەن، ئەوە جۆرێکە لە کرێ و پاداشت و، لەگەڵ ئەو ئایەتانەی دیکەدا، کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾ص، تێکدەگیرێ، بەڵام ئەو مانایەی کە (الطبري) هەڵیبژاردوە، کە دەڵێ: ئەوە کە پەیوەندیی خزمایەتییم لەگەڵ بکەیەنن، پێغەمبەر ﷺ مەبەستی پێ ئەوە نەبووە، سوودێکی ماددیی پێ بگەیەنن، بەڵام کە بڵێ: خزمەکانی منتان خۆشبوێن و جیایان بکەنەوە لە خەڵکی دی، بە تەئکید ئەوە جۆرێکە لە پاداشت، چ پاداشتی ماددیی بێ، چ مەعنەویی بێ، کە بە داخەوە تەفسیرکانی شیعەکان بەس ئەو مانایە دێنن، بۆ وێنە:

تەفسیری (المیزان)[1] لەو بارەوە تەفاصیلی زۆری هێناوە، هەروەها تەفسیری (نمونە) کە تەفسیرێکی فارسیی شیعەکانەو لە ژێر چاودێریی (ناصر مکارم شیرازی) و، کۆمەڵێك لە زانایانی شیعەدا نووسراوە[2]، بیست و دوو (٢٢) لاپەڕە لەو بارەوە دواوەو دەمارگیرییەکی زۆر بێ ماناو بێ سوود، لەو تەفسیرەدا لەو بابەتانەدا هەیە، وەك جاری دیکەش هەر ئاماژەم پێداوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك

---

(١) ج١٨، ص٤٢تا ٤٨.

(٢) ج٢٠، ص٤٠٢ - ٤٢٤.

ئەو قسانەی ئەوان پشتڕاست ناکاتەوە، کە مەبەست لە: (إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى) یانی: (إِلاَّ أَنْ تُحِبُّوا قَرَابَتِي) ڕواڵەتی ئایەتەکەش ئەوە هەر ناگەیەنێ.

(إبن كثير) لەوبارەوە لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] ئەم دەقەی هێناوە: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ: ﴿قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، مَنْ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ أَمَرَ اللهُ بِمَوَدَّتِهِمْ؟ قَالَ: فَاطِمَةُ وَوَلَدُهَا، عَلَيْهِمُ السَّلَامُ} (أخرجه الطبراني في المعجم الكبير (١١/٤٤٤) وترتيب الأمالي للشجري برقم: ٧٠٦)، شیعە ئەم دەقە، بە بەڵگە دێننەوە.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) گوتوویەتی: کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوار: ﴿قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا ٱلْمَوَدَّةَ فِى ٱلْقُرْبَىٰ﴾، گوتوویانە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەوانە کێن کە ئێمە فەرمانمان پێکراوە خۆشمان بوێن؟ ئەویش ﷺ فەرموویەتی: فاتیمەو منداڵەکانی.

بەڵام (إبن كثير) دەڵێ: (وَهَذَا إِسْنَادٌ ضَعِيفٌ، فِيهِ مُبْهَمٌ لَا يُعْرَفُ، عَنْ شَيْخٍ شِيعِيٍّ مُتَحَرِّقٍ، وَهُوَ حُسَيْنٌ الْأَشْقَرُ، وَلَا يُقْبَلُ خَبَرُهُ فِي هَذَا الْمَحَلِّ. وَذِكْرُ نُزُولِ هَذِهِ الْآيَةِ فِي الْمَدِينَةِ بَعِيدٌ؛ فَإِنَّهَا مَكِّيَّةٌ وَلَمْ يَكُنْ إِذْ ذَاكَ لِفَاطِمَةَ أَوْلَادٌ بِالْكُلِّيَّةِ، فَإِنَّهَا لَمْ تَتَزَوَّجْ بِعَلِيٍّ إِلَّا بَعْدَ بَدْرٍ مِنَ السَّنَةِ الثَّانِيَةِ مِنَ الهِجْرَةِ).

واتە: ئەمە سەنەدێکی بێهێزەو، ڕاوییەکی نەناسراو هەیە، نازانرێ کێیە، ئەویش لە شێخێکی سووتاوی شیعییەوە کە پێی دەگوترێ: (حُسَيْنٌ الْأَشْقَر) کە پیاوی وەك ئەو لەو بارەوە، ئەو هەواڵەی لێ وەرناگیرێ، (یانی: جێی متمانە نیە)، ئنجا ئەوە کە باس دەکرێ: ئەم ئایەتە لە مەدینە هاتۆتە خوار، ئەوە دوورە، چونکە ئەم ئایەتە مەککەییەو فاتیمەش (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەو کاتە هیچ منداڵی نەبوون {کە ئەم ئایەتە هاتۆتە خوارێ، کە سوورەتێکی مەککەییە} چونکە فاتیمە هاوسەرگیریی لەگەڵ عەلی دا نەکرد، مەگەر دوای جەنگی بەدر، لە ساڵی دووەمی کۆچیی دا.

---

(١) ج٨، ص٣٠٧.

واتـە: بـەلای کەمـەوە پێنـج، شـەش سـاڵ دوای هاتنـە خوارێـی ئـەم سـوورەتە، کـە ئەگـەر ئـەم سـوورەتە لـە سـاڵی هەشـت و نـۆی پێغەمبەرایەتییـش دا هاتبێتـە خـوارێ، هەتـا سـاڵی سـێزدە، هـەر لـەوێ بـوون، دوایـی دوو سـاڵیش دوای ئـەوە، یـانێ: بـەلای کـەم پێنـج سـاڵی پێچـوون، ئەوجـار فاتیمـەو عـەلی (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) هاوسـەرگیرییان کـردوە، دوایـی سـاڵێك، دوو ساڵیشـی پێچـوون، تاکـو حەسـەن و حوسـەین هاتوونـە دنیـا!

کەواتـە: ئـەوەی کـە ئـەوان گوتوویانـە، هیـچ ڕێـی تێناچێ، بۆیـە وەك گوتمـان: ئەو مانایـەی بـێ گـرێ و کۆڵـە هـەر ئەوەیـە: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا﴾، بڵـێ: هیـچ کـرێ و پاداشـتتان لـێ داوا ناکـەم، ﴿إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾، مەگـەر خۆشویسـتنی مـن بـۆ نیزیکبیتـان لـە خـوا، شـتێك کـە لـە ئێـوەی چـاوەڕێ بکـەم هـەر ئەوەیـە، کـە ئێـوە زیاتـر لـە خـوا نزیـك بـن، خۆتانی لێـوە نیزیـك بخـەن، بـە هـۆی کـردەوەی بـاش و فەرمانبەرییـەوە بـۆ خـوا، خۆتـان لـە خـواوە نیزیـك بخـەن، بـەس ئـەو چاوەڕوانییـەم لێتـان هەیـە.

مەسەلەی سێیەم:

بێبڕوایەکان دەڵێن: موحەممەد ﷺ قورئانی بە ناوی خواوە هەڵبەستوە، بەڵام ڕاست نیە، چونکە ئەگەر شتێکی وا بکەی (ئەی موحەممەد!) خوا دڵت مۆر دەکاو، خوا ناهەق لادەبات و هەق دەچەسپێنێ بە وشەکانی و، خوا بە نهێنیی سینەکانیش زانایە:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗاۖ فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَۗ وَيَمۡحُ ٱللَّهُ ٱلۡبَٰطِلَ وَيُحِقُّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٢٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا ﴾، یان ئایا دەڵێن: درۆی بە خواوە هەڵبەستوە، یانی: (أَيَقَعُ فِي قُلُوبِهِمْ وَيَجْرِي فِي أَلْسِنَتِهِمْ أَنْ يَنْسِبُوا مِثْلَهُ إِلى الإِفْتِراءِ عَلَى اللّٰهِ) ئایا ئەوە دەچێتە زەینیانەوەو بەسەر زمانیان دادێ، کە موحەممەد پاڵدەنە لای ئەوە درۆی بە ناوی خواوە هەڵبەستبێ؟! بێگومان ئەمە پرسیار کردنێکی نکووڵیلێکەرانەو سەرزەنشتکەرانەیە، واتە: چۆن شتی وایان بە دڵدا دێ؟ چۆن شتی وایان بە عەقڵدا دێ؟ چۆن شتی وایان بەسەر زماندا دێ؟ کە موحەممەد ﷺ ئەو پیاوە ڕاست و ساغە کە بە حەیاتی درۆی لەگەڵ مرۆڤەکاندا نەکردوە، ئێستا بە ناوی خواوە درۆ هەڵبەستێ، چۆن ڕێگا بە خۆیان دەدەن شتی وا بچێتە عەقڵ و دڵیانەوە؟!

٢)- ﴿ فَإِن يَشَإِ ٱللَّهُ يَخۡتِمۡ عَلَىٰ قَلۡبِكَ ﴾، ئنجا ئەگەر خوا بیەوێ مۆر بەسەر دڵتەوە دەنێ.

ئەمە دوو واتایان بۆ لێکداونەوە:

أ/ (يَخْتِمْ عَلَىٰ قَلْبِكَ، وَحِيْنَئِذٍ تَفْتَرِي عَلَى اللّٰه) ئەگەر خوا بیەوێ، مۆرت بەسەر دڵەوە دەنێ، ئنجا کە مۆری بەسەر دڵەوە نای، درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستی.

ب/ (يَطْبَعُ عَلَى قَلْبِكَ، فَلَا يَبْقَى فِيهِ شَيْئٌ مِنَ العِلْمِ وَالعَقْلِ) خوا مۆر بەسەر دڵتەوە دەنێ، هیچ زانیاریی و فام و هۆشی تێدا نامێنێ، بەڵام خوا ﷻ کە تۆی کردوە بە پێغەمبەری خۆی، کەواتە: تۆ باشترین بەندەی خوای و مۆری بەسەر دڵی تۆوە نەناوە، تاکو تۆ بە ناوی خواوە درۆ هەڵبەستی، پاشان تۆ لەو پەڕی عیلم و عەقڵ و هۆش و گۆشدای، کەواتە: بەو واتایەی دیشیان دیسان مۆر بەسەر دڵی تۆوە نەنراوە.

٣)- ﴿ وَيَمْحُ ٱللَّهُ ٱلْبَٰطِلَ ﴾، خواش پووچ و ناهەق دەسڕێتەوە، لایدەبات، یانی: عادەتی خوا وایەو یاسای خوا وایە، ناهەقێك كە بە ناوی ئەوەوە بگوترێ، لایدەبات.

٤)- ﴿ وَيُحِقُّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦٓ ﴾، (خوا) بە وشەکانی هەق دەچەسپێنێ و، ناهەقیش لادەبات، کەواتە: تۆ ئەگەر بە ناوی خواوە درۆت هەڵبەستبایە، خوا لە دڵتدا دەیسڕیەوەو، هەقی دەچەسپاند، ئێستا کە تۆ بەردەوامی لە سەر گەیاندنی پەیامی خوا، کەواتە: ئەوە درۆ هەڵبەستن نیە بە ناوی خواوە، بەڵکو پەیامی خوایە دەیگەیەنی.

٥)- ﴿ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴾، بە دڵنیایی ئەو بە نهێنییەکانی سینەکان ئاگادارە، (أي: عَلِيْمٌ بِمَا فِي صَدْرِكَ، وَصُدُوْرِهِمْ فَيُجْرِي الأَمْرَ عَلَى حَسْبِ ذَٰلِكَ) خوا زانایە بەوە کە لە سینەی تۆو، سینەکانی بەرانبەرەکانیشتدا هەیە، بە پێی ئەوەش خوا ﷻ مامەڵەتان لەگەڵدا دەکات.

وشەی (ذَاتُ الصُّدُور) واتە: (صَاحِبَةُ الصُّدُور) خاوەنی سینەکان، (الأَسْرَارُ المُتَمَكِّنَةُ فِي الصُّدُورِ فَكَأَنَّهَا هِيَ أَصْحَابُهَا المَالِكَةُ لَهَا) ئەو نهێنیانەی کە لە سینەکاندا چەسپاون، وەك ئەو نهێنیانە بووبن بە خاوەنی سینەکان، یان هاوەڵی سینەکان.

لە سوورەتی (الحاقة)شدا، خوای پەروەردگار باسی ئەو بابەتە دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ ﴿٤٥﴾ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ ٱلْوَتِينَ ﴿٤٦﴾ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَٰجِزِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: ئەگەر هەندێك قسەی بە ناوی ئێمە کردبانایە . قۆڵی ڕاستییمان دەگرت . دوایی دەماری ملیمان دەبڕیی

. هیچ کام لە ئێوەش نەتاندەتوانی بەرگریی لێبکەن و ببنە پەردەو ئێوانێك لە ئێوان ئێمەو سزادانیدا.

کەواتە: ئەوەی موحەممەد ﷺ دەیفەرموێ، پەیامی خوایە پێتان ڕادەگەیەنێ، هەر بۆیەش خوا ئەو پەیامەی خۆی دەچەسپێنێ، وەك ئێستا دەبینین، ئەو پەیامەی خوا بە هەموو دنیادا بڵاو بۆتەوە، بێ ئەوەی نەك وشەیەك، بەڵکو پیتێکیشی کەم و زیاد کرابێ، کەواتە: خوا بۆ خۆی خاوەنی ئەو پەیامەیە، موحەممەد ﷺ تەنیا گەیاندنی لەسەرەو لە خۆیەوە نەیگوتوە، نە بە ناوی خواوە، نە بە ناوی خۆیەوەو، نە هیچ کەسیش فێری کردوە، بەڵکو خوا چۆنی پێ فەرمووە، ئەویش گەیاندوویەتی بە خەڵك.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٢٥ - ٣٥)، کە تێیاندا چەند بابەتێکی جۆراو جۆر خراونە ڕوو:

١)- تەوبە قبووڵکردنی خوا لە بەندەکانی و لێبوردنی، وەڵامدانەوەی بۆیان و، زیادکردنی لە بەخششی بۆ ئەوانەی کە داوای لێدەکەن و، بەندایەتیی بۆ دەکەن و چاوەڕوانیی لێدەکەن.

٢)- بژێودانی خوا ﷻ بۆ بەندەکانی بە ئەندازە، تاکو یاخیی و بوغڕا نەبن و لە کەوڵی خۆیان دەرنەچن.

٣)- ناردنی خوا ﷻ بۆ ئاوی ئاسمان، پاش نائومێد بوونی مرۆڤان لەوەی لە سەرێوە ئاویان بۆ دابەزێنرێ.

٤)- دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و، ژیاندارانی نێویان و، کۆکردنەوەیان لە ڕۆژی دوایی دا.

٥)- بەڵاو گرفتارییەکان دەرهاویشتەی کردەوەی خراپی دەستی خەڵکن، ئەوانیش دەستەوسانکەری خوا نین لە زەویدا، واتە: ناتوانن لە ژێر ڕکێفی خوا دەربچن و دەرباز نابن، ئەگەر بیەوێ سزایان بدات، یاخود بیەوێ لەم سەر زەوییە لایانبەرێ و، ژیانی دنیایان کۆتایی پێ بێنێ.

٦)- کەشتییەکانیش لە دەریادا لە نیشانەکانی خوان، کە ئەگەر بیەوێ نغرۆیان دەکات و، مرۆڤەکانیش ڕێی قوتاربوونیان نابێ.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَعۡفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ
٢٥ وَيَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦۚ وَٱلۡكَٰفِرُونَ لَهُمۡ عَذَابٞ
شَدِيدٞ ٢٦ وَلَوۡ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزۡقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوۡاْ فِى ٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٖ مَّا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ

بِعِبَادِهِۦ خَبِيرُۢ بَصِيرٞ ﴿٢٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥۚ
وَهُوَ ٱلۡوَلِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٢٨﴾ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٖۚ
وَهُوَ عَلَىٰ جَمۡعِهِمۡ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٞ ﴿٢٩﴾ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ
أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴿٣٠﴾ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ
ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ﴿٣١﴾ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلۡجَوَارِ فِي ٱلۡبَحۡرِ كَٱلۡأَعۡلَٰمِ ﴿٣٢﴾ إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ
ٱلرِّيحَ فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٍ ﴿٣٣﴾ أَوۡ يُوبِقۡهُنَّ
بِمَا كَسَبُواْ وَيَعۡفُ عَن كَثِيرٖ ﴿٣٤﴾ وَيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٖ ﴿٣٥﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها (خوا) ئەو کەسەیە کە گەڕانەوە (تەوبە) لە بەندەکانی وەردەگرێ و، لە خراپان خۆشدەبێ و، دەشزانێ (مرۆڤەکان) چی دەکەن (٢٥) هەروەها وەڵامی ئەوانەش دەداتەوە، کە بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوون و، لە چاکەی خۆیشی بۆیان زیاد دەکات، ئەوانەش کە بێبڕوابوون، ئازارێکی توندیان هەیە (لە ڕۆژی دوایی دا) (٢٦) ئەگەر خوا بژێویشی بۆ بەندەکانی بڵاوکردبایەوە، دەستدرێژییان لە زەویدا دەکرد، بەڵام ئەوەی بیەوێ بە ئەندازە دایدەبەزێنێ، بە دڵنیایی ئەو شارەزاو بینەری بەندەکانیەتی (٢٧) هەروەها (خوا) ئەو کەسەیە دوای ئەوەی (مرۆڤەکان) بێهیوابوون، ئاو (باران و بەفرو تەرزە) دادەبەزێنێ و، بەزەیی خۆی بڵاودەکاتەوەو، هەر ئەوە سەرپەرشتیاری ستایشکراو (٢٨) دیسان لە نیشانەکانی (پەروەردگارێتیی) وی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و، ئەو پێڕۆیانەن کە تێیاندا بڵاوی کردوونەوەو، هەرکاتیش بیەوێ لەسەر کۆکردنەوەیان توانایە (٢٩) هەر بەڵایەکیشتان تووش بێ، لە سۆنگەی ئەوەوەیە، کە وەدەستتان هێناوە (لە خراپە)و لە زۆریش خۆشدەبێ

(٣٠) ئێوەش دەستەوسانکەر (ی خوا) نین لە زەویداو، جگە لە خواش هیچ سەرپەرشتیار و سەرخەر (و پشتیوان)ێکتان نیە (٣١) هەروەها لە نیشانەکانی (پەروەردگارێتیی) وی (کەشتییە) بە دەریادا ڕۆیشتووەکانن، وەك چیایەکانن (لە بەرزیی دا) (٣٢) ئەگەر (خوا) بیەوێ بایەکان دەوەستێنێ، ئیدی (کەشتییەکان) لەسەر پشتی (دەریا) بە چەسپاویی و نەجووڵاویی دەمێننەوە، بەڕاستیی لەوەدا نیشانە هەن، بۆ هەر زۆر خۆڕاگرێکی زۆر سوپاسگوزار (بۆ خوا) (٣٣) یان بە هۆی ئەوەوە (کە سەرنشینەکانیان) کردوویانە (لە خراپەو تاوان) کەشتییەکان لە نێو دەبات و، لە زۆر (کردەوەی خراپ)یش خۆشدەبێ (٣٤) لەو کاتەشدا ئەو کەسانەی لە دژی نیشانەکانمان شەڕەقسە دەکەن، دەزانن هیچ پەناگەیەکیان نیە (٣٥)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لَبَغَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ): واتە: لە زەویدا دەستدرێژیی دەکەن، سنوورشکێنیی دەکەن، (**البَغيُ: طَلَبُ تَجَاوُزُ الإقْتِصَادِ فِيمَا يُتَحَرَّى، تَجَاوَزَهُ، أَمْ لَمْ يَتَجَاوَزهُ**) (**بغي**): بریتیە لە داواکردنی تێپەڕاندن لە حاڵەتی میانجیی، لە شتێکدا کە خەفتانی تێدا دەکرێ، ئنجا چ ئەو سنوورشکاندنە بووبێ، چ نەبووبێ.

(ٱلۡغَيۡثَ): (**أي: المَطَرُ**)، (**غيث**): بە مانای باران دێ، هەندێکیش گوتوویانە: بارانێکە لە دوای وشکەساڵیی، دەگوترێ: (**اسْتَغثْتُهُ أي: طَلَبْتُ الغَوْثَ، أو الغَيْثَ مِنْهُ**) (**اسْتَغَثْتُ**): بە مانای داوام لێکرد، داوای هاوکارییم لێکرد، کە لە فریام بێ، یاخود داوای بارانم لێکرد.

(قَنَطُواْ): (**القُنُوطُ: اليَأْسُ مِنَ الخَيْرِ**)، (**قُنوط**): بریتیە لە تەما بڕاوبوون، بێ ئومێدبوون لە خێرو چاکە.

(بَثَّ): (نشر) بڵاوی کردۆتەوە، (**أَصْلُ البَثِّ: التَّفْرِيقُ وَإِثَارَةُ الشَّيءِ، كَبَثِّ الرِّيحِ التُّرَابَ**) وشەی (**بَثَّ**): لە ڕیشەدا بە مانای لێك جیاکردنەوەو بڵاوکردنەوەیە، هەروەها بریتیە لەوە شتێك بڵاوبکرێتەوە، یانی: لە شوێنی خۆی هەڵبستێنرێ، وەك چۆن با خۆڵ ڕادەماڵێ و، لە شوێنی خۆی لایدەبات.

(دَآبَّةٍ): پێڕۆ، (**الدَّبُّ وَالدَّبِيبُ: المَشْيُ الخَفِيفُ، وَالدَّابَّةُ، يُسْتَعْمَلُ فِي كُلِّ حَيَوَان**)، وشەی (**دَبُّ ودَبِيب**): بە ڕۆیشتنی هێواش دەگوترێ، وشەی (**دَابَّة**): بەکاردەهێنرێ بۆ هەموو ژیاندارێك، کە ئەگەر بۆ هەموو ژیاندارێك بەکاربهێنرێ، کەواتە: فریشتانیش دەگرێتەوە، ئەوانیش خاوەنی ژیانن.

(مُّصِيبَةٍ): (**المُصِيبَةُ: الرَّمِيَّةُ، ثُمَّ اخْتَصَّت بِالنَّائِبَة**) (**مُصِيبَة**): بریتیە لە تیرێك کە لە نیشان دەدات، (**أَصَابَهُ يُصِيبُهُ، فَهُوَ مُصِيبٌ**) یانی: لێیدا لێیدەدا، ئەو لێدەرو پێکەرە، بەڵام دوایی بۆ بەڵا بەکارهێنراوە، بەڵایەك کە بەسەر مرۆڤ دێت.

(ٱلْجَوَارِ): (**الجَرِي: المَرُّ السَّرِيع**) (**جَرِي**): بە مانای ڕۆیشتنی خێرا دێ، (**جَوارِي**) کۆی (**جَارِية**)یە، (**الجَارِيَةُ: السَّفِينَةُ الَّتِي تَجْرِي فِي البَحْر**)، (**جَارِية**): بەو کەشتییە دەگوترێ کە بەدەریادا دەڕوا، هەم بە (**جواري**) بە (یـ)، هەم بە (**جوارِ**) بەژێر (**كَسْر**) خوێنراوەتەوە.

(كَٱلْأَعْلَٰمِ): (**العَلَمُ: الأَثَرُ الَّذِي يُعْلَمُ بِهِ الشَّيءُ، كَعَلَمِ الطَّرِيقِ وَعَلَمِ الجَيْشِ، وَسُمِّي الجَبَلُ عَلَمًا**) (**أَعْلَام**) کۆی (**عَلَم**)ە، (**عَلَم**): ئەو شوێنەوارەیە کە شتێکی پێ دەزانرێ، وەك نیشانەو قووچکەی ڕێ، نیشانە کە دادەنرێ بۆ ئەوەی بزانرێ ڕێیەکە بەکوێ دایە! هەروەها بەیداغی سوپا، بۆ ئەوەی بزانرێ ئەو سوپایە کوێی سەرەو، کوێی ڕاستەو، کوێ چەپە؟ چیاش ناوی لێنراوە (عَلَمْ)، لەبەر ئەوەی ئەویش بەرزەو، بە هۆی چیاکانیشەوە ڕێ و بانەکانیش دەزانرێن.

(رَوَاكِدَ): کۆی (**رَاكِدَة**)یە، یانی: (**ثَابِتة، جَامِدة**) (**رَكَدَ المَاءُ والرِّيح، أي: سَكَن**) ئاوەکە، یان بایەکە وەستا، (**رَكَدَ**) یانی: بێ دەنگ بوو، وەستا، دیارە ئەوە

وەسفی کەشتییەکانە، ئەو کەشتییانەی لە ئەنجامی ئەوەدا بانامێنێ و ناجووڵێن، لە شوێنی خۆیان دەوەستن.

(**يُوبِقْهُنَّ**): نغرۆیان دەکات، (**وَبَقَ: إذَا تَثَبَّطَ فَهَلَكَ، يَبِقُ وَبْقاً وَمَوْبِقاً، وَأَوْبَقَهُ**) (**وَبَقَ**): شتێك کە تاخیربێ و دوایی لە بەین بچێ، (**يَبِقُ وَبْقاً وَمَوْبِقاً**) یانی: فەوتا، فەوتان، شوێنی لێ فەوتان، (**وَأَوْبَقَهُ**)، واتە: فەوتاندی.

(**مَّحِيصٍ**): پەناگە، (**حَاصَ عَنِ الحَقِّ: حَادَ عَنْهُ إلى شِدَّةٍ وَمَكْرُوهٍ، المَحِيْصُ: المَلْجَأ**) (**حَاصَ عَنِ الحَقِّ**) یانی: لە هەق لایدا، بەرەو ناڕەحەتیی و سەختییەك، (**مَحِيص**) یانی: پەناگە، ئەو شوێنەی مرۆڤ لێی دەرباز دەبێ، چونکە (**حَاصَ**) بە مانای (**خَلَصَ**)ش، دێ، ئنجا (**مَحِيص**) یانی: شوێنی قوتار بوون و لێ دەرباز بوون.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەك لە پێناسەی ئەم دەرسەدا گوتمان، شەش بابەتی گرنگ و جۆراو جۆر لەم یازدە ئایەتەدا باسکراون، کە هەموویان هەر پەیوەستن بە ئایەتەکانی پێش خۆیان و دوای خۆیانەوەو هەمووی باسی بەندایەتیی کردنە بۆ خوا بە تەنیا، ئنجا لە میانی ئەوەدا خوا باسی نیعمەت و نیشانەکانی دەکات بەسەر بەندەکانیەوە، کە ئەو خوایە، خاوەنی ئەو هەموو فەزڵ و بەخششەیە بەسەریانەوە، بەس ئەو شایستەی پەرستراوان و بەندایەتیی بۆ کرانە. سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ ﴾، (و)ەکە، ئەم مەبەستە دەگێڕێتەوەو بادەداتەوە سەر ئەوانەی پێشێ، کە باس باسی خوای بەرزی مەزنە، واتە: خوا ئەو کەسەیە گەڕانەوە لە بەندەکانی وەردەگرێ، کاتێ دەگەڕێنەوە بۆ لای، وەریاندەگرێ و قبووڵیان دەکات، پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوەکەیان لێوەردەگرێ، ﴿ وَيَعْفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾، لە خراپەکانیش دەبووریێ دەیانبەخشێ، چاوپۆشییان

لێدەکات، ﴿ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴾، دەشزانێ ئێوە (ئەی خەڵکینە!) چی دەکەن! هەروەها خوێنراویشەتەوە: (وَيَعۡلَمُ مَا يَفۡعَلُون) دەشزانێ ئەوان چی دەکەن، مرۆڤەکان.

﴿ وَيَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦ ﴾، وەڵامی ئەوانەش دەداتەوە کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون و لە بەخششی خۆشی بۆیان زیاد دەکات، لە چاکەی خۆی بۆیان زیاد دەکات، واتە: تەنیا بە ئەندازەی کردەوەکانیان پاداشتیان ناداتەوە، بەڵکو یەك بە دە، تاکو یەك بە حەوتسەدو زیاتریش دەڕوا، وەك پێشتر باسمان کرد.

وشەی (يَسۡتَجِيبُ) وەڵام دەداتەوە، (**الذين**)ش:

أ- دەگونجێ لە شوێنی بەرکار (**مفعول به**) بێ، واتە: خوا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە، کە ئیمانیان هەیەو، کردەوەی باشیان ئەنجام داوە.

ب- دەشگونجێ (**الذين**) لە شوێنی بکەر (**فاعل**) بێ، یانی: (**ويستجيب الذين**) ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردوون، وەڵام دەدەنەوە، وەڵامی خوا ﷻ، بەڵام مانای یەکەمیان لەگەڵ سیاقەکەدا گونجاوترە، چونکە ڕستەکەی دیکەش: ﴿ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦ ﴾، هەر لە هەمان لە سیاقدایە، خوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە بڕویان هێناوە و کردەوە باشەکانیان کردوون و، لە بەخششی خۆیشی بۆیان زیاد دەکات، نەك هەر وەڵامیان دەداتەوە، بەڵکو لە چاکەی خۆی بۆشیان زیاد دەکات، ﴿ وَٱلۡكَٰفِرُونَ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوان هەق دەپۆشن، سزایەکی سەختیان هەیە، واتە: لە ڕۆژی دواییدا، بەڵکو وەك زۆرجاران باسمان کردوە: کەسانی بێبڕواو هاوبەش بۆ خوادانەر، هەر لە دنیادا، لە سزادان، لە ئازار و مەینەتییدان، چونکە ژیانی دوور لە خوایی، ژیانێکی زۆر قورس و زەحمەتە، ژیانی لە خوا بێ خەبەر بوون، ژیانێکی پڕ مەینەتیی و ئازارە، ئێمە کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**الشعراء**)دا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ ﴾، لەگەڵ

خوادا لە پەرستراوی دیکە مەپارێوە، ئەگەرنا لە سزا دراوان دەبی، لەوێ کورتە باسێکمان لەو بارەوە کردوە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴾، بەڵێ، بە پلەی یەکەم سزای ڕۆژی دوایی دەگرێتەوە، چونکە ژیانی دنیا هیچ نیەو زوو دەبڕێتەوە، خۆش بێ، یان ناخۆش بێ، بەڵام بە تەئکید هەر سزای ڕۆژی دوایی ناگرێتەوە، هەر لە دنیاشدا بابای هاوبەش دانەرو دوور لە خواو بێبڕوا، لە ئازارو مەینەتییەکی سەخت و بێزەزادایە.

﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەگەر خوا بژێوی بۆ بەندەکانی فراوان کردبایە، بۆی زۆر کردبان، ﴿ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، لە زەویدا زێدەڕۆییان دەکرد، سنوورشکێنییان دەکرد، دەستدرێژییان دەکرد، ﴿ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ﴾، بەڵام ئەوەندەی بیەوێ بە ئەندازەیەکی دیارییکراو دایدەبەزێنێ، ﴿ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا شارەزاو بینەری بەندەکانیەتی، ئەم ئایەتە موبارەکە کە بێگومان پێویستی بە شیکردنەوەی زیاتر دەکات و، ئێمە لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر، بەڵام لێرەش ئەوەندە دەڵێین: خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ ﴾، مەبەست ئەوە نیە کە خوا ئەگەر بژێوی بەندەکانیدابایە، بەڵکو یانی:

أ- ئەگەر بژێوی بۆ زۆر کردبان، بە شێوەیەك کە لە پێویستی خۆیان، زیاد بێ، ئەو کاتە: ﴿ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، سنوورشکێنییان دەکرد لە زەویدا، بە هۆی ئەو بژێو زۆرییەو، ئەو نازو نیعمەتە زۆرانەوە کە لە خۆیان زیادە.

ب- یاخود: ئەگەر خوا بژێوی هەموو بەندەکانی زۆر کردبایەو، جیاوازیی نەخستبایە نێوانیان، ئەو کاتە سنوورشکێنیی و سنووربەزێنیی لە نێوانیاندا دەبوو، چونکە هیچ کامیان پێوستییان بەوی دیکە نەدەبوو، نە ئەوەی سامانداره، پێویستیی بە ئەوی دیکە دەبوو، نە ئەوەی بێ سامانە، پێویستیی بەسامانداره‌کە دەبوو، پارەی لێ وەربگرێ و کارێکی بۆ بکات، ئەویش کەسی نەدەبوو هەندێك کاری بۆ بکات.

ج- یاخود: مەبەست ئەوەیە: ئەگەر خوا ﷻ ئەو بەندانەی دوور لە خوان، بژیوی بۆ زۆر بکردبانایە، زیاد لەوەی کە هەیانە، پێی لە خۆبایی دەبوون، وەك دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ۝٦ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ۝٧ ﴾العلق، کەواتە: مەرج نیە وشەی (لعبادە) بۆ مەدح بێ، بەڵکو مەبەست مانای گشتیی (عباد)ە، ئەوانەی بەندەی خوان، ملکەچن بۆ خوا، بەپێی سیستمی خوا کە دایناوە لە گەردوون دا، بەڕێوە دەچن، نەك ملکەچبن بۆ شەریعەتی خوا کە بە پێغەمبەران دا ناردوویەتی صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێ.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ ﴾، هەروەها خوا ئەو زاتەیە (ئەو کەسەیە) کە ئاو دادەبەزێنێ، ئاوێك کە دەفریای خەڵك دێ و خەڵك داوای کردوە، چاوەڕوانییان کردوە، بۆیان دادەبەزێنێ، ﴿ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ ﴾، دوای ئەوەی نائومێد بوون، ﴿ وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥ ﴾، بەزەیی خۆیشی بڵاودەکاتەوە، کە بەزەییەکەی ئاوەکەیە، یاخود شوێنەواری ئاوەکەیە، کە کشتوکاڵ و دەغڵ و دان و، دارو درەخت و میوەو سەوزەو گیاو پاوان و لەوەڕگاو ... هتد، ئەوانە هەمووی شوێنەواری بەزەیی خوان، وەك لە سوورەتی (الروم)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآ ۝٥٠ ﴾، تەماشای شوێنەواری بەزەیی خوا بکە، وشەی (رَحْمَت) یانی: بەزەیی، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ باران، یاخود: بۆ ئەو ئاوەی لە ئاسمانەوە دادەبەزێ، وەك لە سوورەتی (الأعراف)یشدا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا ثِقَالٗا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ۝٥٧ ﴾، لە چەند شوێنان خوا ﷻ باسی ئاو دەکات و بە ڕەحمەت ناوی دێنێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە بایەکان دەنێرێ، وەك موژدەدان، لە پێش دەستی بەزەییەکەیەوە، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا ثِقَالٗا ﴾، هەتا کاتێك ئەو بایە هەورە قورسەکانی هەڵگرتن، ﴿ سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ ﴾، ئەو هەورە قورسانەمان لێ خوڕین، پاڵ پێوەنان بۆ سەرزەمینێکی

مردوو، ﴿ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ ﴾، ئنجا ئاومان لێ دابەزاند (لە شێوەی باران و بەفرو تەرزەدا) ﴿ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، لە هەر میوەیەك پێمان دەرهێنا، ﴿ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾، هەر ئاواش مردووان زیندوو دەكەینەوە، بۆ ئەوەی پەند وەربگرن.

هەروەها لە سوورەتی (**فاطر**)یشدا، هەر هەمان مەبەست دێنێ، دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ﴿٩﴾ ﴾، خوا ئەو كەسەیە كە بایەكان دەنێرێ و، هەورەكان هەڵدەگیرسێنێ و دروست دەكات، ئنجا لێی دەخورین بەرەو سەرزەمینێكی مردوو، دوای ئەوەی مردوە، پێی زیندوو دەكەینەوە، دووبارە بڵاوبوونەوەی مرۆڤەكانیش هەر بەو شێوەیە.

لە چەند شوێنان دا، خوا ﷻ ناوی لە ئاو (باران و بەفرو تەرزە) ناوە: رەحمەت، بۆ وێنە: لە سووڕەتی (الروم)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ كَيْفَ يُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾ ﴾، تەماشای شوێنەواری بەزەیی خوا بكەن، چۆن زەوی دوایی ئەوەی مردووە، زیندووی دەكاتەوە، هەر ئەو (پەروەردگار)ە [كە ئاوا باس دەكرێ] ژیێنەرەوەی مردووانەو لەسەر هەموو شتێكیش بە توانایە.

پێشتریش باسی ناردنی بایەكان و دروستبوونی هەورەكان و، پاشان ئاو داباریـن لەو هەورانە دەكات، دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُۥ فِى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ يَشَآءُ وَيَجْعَلُهُۥ كِسَفًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَٰلِهِۦ ۖ فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْهِم مِّن قَبْلِهِۦ لَمُبْلِسِينَ ﴿٤٩﴾ فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ ﴿٥٠﴾ ﴾، لێرەش خوای بەرزی مەزن كە دەفەرموێ: ﴿ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ﴾، بەزەییەكەی خۆی بڵاو دەكاتەوە،

واتـە: ئـەو ئـاوە کـە لـە ئاسـمان دایبەزانـدوە، بـڵاوی دەکاتـەوە: ﴿ وَهُوَ ٱلْوَلِيُّ ٱلْحَمِيدُ ﴾، بـەس ئەویـش سەرپەرشـتیاری ستایشـکراوە.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، هەروەهـا لـە نیشـانەکانی وی [لـە نیشـانەکانی بەدیهێنەرایەتیـی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەنداریێتیی و، مشـوورخۆریەتیی خـوا ﷻ] دروسـتکردنی ئاسـمانەکان و زەوییـە، ﴿ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، هەروەهـا هەرچـی تێیـدا بڵاوکردوونـەوە لـە پێرۆیـان، (الدَّابَـةُ: كُلُّ مَـا يَـدُبُّ عَـلَى الأَرْضِ) (دَابَـة): هەرشـتێکە کـە لەسـەر زەوی بـڕوا، هەنـدێ لـە زانایانیـش گوتوویانـە: (دابـة) وشـەیەکە هـەر ژیاندارێـك دەگرێتـەوە، واتـە: مـرۆڤ و ئـاژەڵان و ژیانـداران بـە گشـتیی، هەروەهـا جنـدو، فریشـتەکانیش، ئەمـە دوایـی پێویسـتییمان پێـی دەبێ، بـەو جـۆرە مانـا لێکدانەوەیـە، چونکـە بـاسی (دَابَـة) دەکات و بـاسی بـڵاو کردنـەوەی (دَابَـةٍ) دەکات لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا، کـە ئایـا تەنیـا مەبەسـت پێـی یەکێکیانـە، کـە زەوییـە و پێـرۆی تێـدان، کـە مـرۆڤ و ئـاژەڵان و دڕنـدان و ژیاندارانـن بەگشـتیی، یاخـود (دَابَـة) مەبەسـت پـێ ژیاندارانـە کـە لەسـەر زەوی دەژیـن و، ژیاندارانێکیشـە کـە لـە ئاسـمانن، کـە مەبەسـت پێـی فریشـتەکانن و، جندیـش هـەر لەسـەر زەوییـن، یاخـود مەبەسـت پێـی ژیاندارانـن، چ لـە زەویـدا بـن، چ لـە شـوێنەکانی دیکەدابـن لـە ئاسـماندا، ئنجـا ئـەوە ئاماژەیـەك بـێ، بـۆ ئـەوە کـە ژیـانی وەك هـی ئێمـە لـە لـە چەنـد خڕۆکەیەکـی دیکەشـدا لـە گەردوونـدا هەبـێ؟ دوایـی ئـەوە زیاتـر بـاس دەکەیـن.

﴿ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ ﴾، خـواش لەسـەر کۆکردنـەوەو خڕکردنەوەیـان هـەر کاتێـك بیـەوێ، توانایـە، واتـە: بەڵـێ بـڵاوی کردوونـەوە بـە ئاسـمانەکان و زەوییدا، بـەڵام هـەر کاتێـك بیـەوێ کۆیـان بکاتـەوە، خڕیـان بکاتـەوە، بـە توانایـە ﷻ.

ئنجـا دێتـە سـەر بابەتێـکی دیکـە، هـەر لـە هەمان سـیاقدا، کە خـوا باسی سیسـتمی خـۆی دەکات، لـە ژیـانی بەشـەردا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ ﴾، هـەر بەڵایەکتـان بەسـەر بـێ، کـردەوەی دەسـتی خۆتانـە،

﴿ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴾، لە زۆریش چاوپۆشیی دەکات و دەبووریٚ، بەڵام هەر بەڵایەکتان بەسەردیٚ، هەمووی دەرهاویشتەی کردەوە خراپەکانی خۆتانە، وەك لە سوورەتی (الروم)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُواْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾ ﴾، واتە: خراپەو ئاشووب لە وشکانیی و دەریادا دەرکەوت بە هۆی کردەی دەستی خەڵکەوە، تاکو (سزای) بەشێك لەوەی کردوویانە، پێیان بچێژیٚ، بەڵکو بگەڕێنەوە.

هەروەها لە سوورەتی (آل عمران)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَٰذَا ۖ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٦٥﴾ ﴾، واتە: ئایا کە بەڵایەکتان بەسەر هات، کە ئێوە پێشتر دووقاتی ئەوەتان بەسەر دوژمنتان هێنابوو، گوتتان: ئەوە لە کوێوە بوو؟ بڵێ: لە خۆتانەوەیە، بێگومان خوا لەسەر هەموو شتێك توانایە، واتە: دەرهاویشتەی کردەوە خراپەکانی خۆتانە.

هەروەك دیسان لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ إِنَّمَا ٱسْتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُواْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٥٥﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی لە ڕۆژی پێکگەیشتنی دوو کۆمەڵەکەدا، پشتیان لە دوژمن کرد (چ ئەوانەی شوێنی خۆیان بەجێهێشت، چ ئەوانەی کاتێ جەنگەکە گەرم بوو پشتیان لە دوژمن کرد) ئەوانە شەیتان خلیسکاندنی بە هۆی هەندێك لە کردەوەکانیانەوە {کە پێشتر کردبوویانن} خواش چاوپۆشیی لێکردن، بەدڵنیایی خوا لێبوردەی هێدییە.

بەڵێ گوناهو تاوانێك کە ئێستا دەیکەی، دوایی لێت وەدەردەدا، وەك کەسێك کە خۆی ناپارێزێ لە هەندێ جۆرە خواردن، بۆ وێنە: لە چەوریی و شیرینیی، دوایی باجەکەی دەدات، هەروەها کەسێك کە ئێستا کەمتەرخەمییەك دەکات، دوایی باجەکەی دەدات.

کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: هەر بەڵایەکتان بەسەر دێ، کردەی دەستی خۆتانە، واتە: دەرهاویشتەی کردەوە خراپەکانی خۆتانە، ﴿ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴾، لە زۆریش دەبووریٚ، واتە: مەرجیش نیە هەر هەڵەیەکتان کرد، خوا بە هۆیەوە سزاتان بدات و بەڵایەکتان بەسەر بێنێ، زۆرجار چاوپۆشییشتان لێ دەکات.

﴿ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئێوەش دەستەوسانکەر نین لە زەویدا، واتە: دەستەوسانکەری خوا نین، یانی: ئێوە ناتوانن خوا بێ تواناو دەستەپاچەو بێ دەستەڵات بکەن، هەر کاتێك بیەوێ سزاتان بدات، سزاتان دەدات و لە دەستی قوتارو دەرباز نابن، یاخود: هەرکاتێ خوا بیەوێ بتانمرێنێ، دەتانمرێنێ، ﴿ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴾، جگە لە خواش هیچ سەرپەرشتییاو هیچ یارمەتییدەرو هاوکارییشتان نابن.

کەواتە: لە خوا عاسێ مەبن و لێی یاخیی مەبن، پشتی تێمەکەن، پابەندبن بە بەرنامەو شەریعەتەکەیەوە، بۆ ئەوەی دووچاری باجدانی هەڵەو کەم و کوڕییەکانی خۆتان نەبن.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ ﴾، هەروەها لە نیشانەکانی [بەدیهێنەرایەتیی، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی] وی، کەشتییە ڕۆیشتووەکانن لە دەریادا، وەك چیا بەرزەکانن، (جَوار) بە دوو شێوە خوێنراوەتەوە:

أ- بە ژێر (جَوارِ).

ب- بە (یـ)یش (**الجواري**)، لە هەردوو حاڵاندا، (**الجوار**) کۆی (**جارية**)یە، یانی: ڕۆیشتوو، بە ئاودا ڕۆیشتوو کە ناوەڵناوی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (**السُّفُن الجَوَار**) یان (**الفُلكُ الجَوَار**) کەشتییە ڕۆیشتووەکان بە دەریادا، ﴿ كَٱلْأَعْلَٰمِ ﴾، کۆی (عَلَم)ە، (عَلَم) بە مانای چیا دێ، هەروەك (عَلَم) بە مانای هەر نیشانەیەك دێ، کە شتێکی پێ دەناسرێ، یان پێی بەرێ دەزانرێ، یاخود خەڵکێکی پێ دەناسرێ.

﴿ إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ ٱلرِّيحَ ﴾، ئەگەر خوا بیەوێ با دەوەستێنێ، خوێنراویشەتەوە: (الرِّيَاح) بایەکان دەوەستێنێ، ئەگەر با نەهات، بۆ کەشتیی چارۆکەدار، کاتی خۆی و ئێستاشی لەگەڵدابێ، ئەگەر بەرەو ئەو ئاڕاستەیەدا بێ کە فڕۆکەکە بۆی دەچێ، کەشتییەکە بۆی دەچێ، خێراتر دەڕوا بەڵام ئەگەر با پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە بێ، کە کەشتیی، یان فڕۆکە بۆی دەچێ، دوا دەکەوێ.

ئێمە لە کۆتایی ساڵی: (٢٠١٠ز)دا، سەفەرێکی[1] کەمبۆیامان کرد، لە (مَنامة)ی بەحرەینەوە چووین بۆ (کالالامپوور) پایتەختی (مالیزیا) بە (١٠) سەعات چووین، بەڵام بە (١٢) ساعەت گەڕاینەوە، واتە: دوو سەعات زیاتر، لەبەر ئەوەی با بە پێچەوانەی ئاڕاستەی فڕۆکەکەمان دەهات.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِۦٓ ﴾، کەشتییەکان لەسەر پشتی دەریاکە بە چەسپاویی و ڕاوەستاویی و نەجووڵاویی دەمێننەوە، (رَوَاكِد) کۆی (رَاكِدة)یە، یانی: (ثابتة) وەستاو، نەجووڵاو، لەسەرپشتی دەریا، ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٍ ﴾، بە دڵنیایی لەوەدا نیشانە هەن، بۆ هەر زۆر خۆڕاگرێکی زۆر سوپاسگوزار، واتە: بۆ هەر بڕوادارێك، چونکە بڕوادار لە بەرانبەر بەڵاکانی خوادا خۆڕاگرە، لە بەرانبەر ناڕەحەتیی و نەهامەتییەکاندا، خۆڕاگرەو بە چۆك دانایەت و، تەسلیم نابێ، بێ هیواو، نائومێد نابێ، لە بەرانبەر چاکەو نیعمەتەکانی خواش دا سوپاسگوزارە، چاکەکانی خوا نادیدە ناگرێ و بە ئەمەگ و بە وەفایە.

کەواتە: نیشانەکانی خوا ﷻ کێ زیاتر دەرکیان دەکاو هەستیان پێ دەکات؟ بەدڵنیایی کەسێك ئیمان و تەقوا لە دڵ و دەرونیدا هەبێ، چونکە کەسێك ئیمان تەقوا لە دڵ و دەروونیدا هەبێ، دەڕازێتەوە بە هەموو سیفەتە بەرزەکان، بە تایبەت هەردوو سیفەتی صەبرو شوکر، کە دوو سیفەتی زۆر کۆکەرەوەن، (صبر):

---

(١) بەبۆنە بەشداریی لە کۆبوونەوەی خولیی پەرلەمانتارە ئاسیاییەکان لە شاری (پنومنە) پایتەختی کەمبودیا.

واتـە: خۆڕاگریـی لـە بەرانبـەر هـەر شـتێك دا کـە ناخۆشـە، (شُـکر)یش، واتـە: سوپاسـگوزاریی و بەکارهێنـانی چاکـەکانی خـوا لـە ڕەزامەندیـی خـوادا.

﴿ أَوۡ يُوبِقۡهُنَّ بِمَا كَسَبُواْ وَيَعۡفُ عَن كَثِيرٖ ﴾، یاخـود [ئەگـەر بایەکـەش نەوەستێنێ، بایەکـە زۆر بەهێـز دەکات وا] بـە هـۆی ئـەوەوە کـە سەرنشـینەکانی ئـەو کەشـتییانە کردوویانـە، لـە کـردەوەی خـراپ و تـاوان، کەشـتییەکان نغـرۆ دەکات: ﴿ يُوبِقۡهُنَّ ﴾، یـانی: (یهلکهـن)، (یغرقهـن)، کەشـتییەکان لـە بەیـن دەبـات، ﴿ بِمَا كَسَبُواْ ﴾، بـە هـۆی کـردەوەی سەرنشـینەکانی کەشـتییەکانەوە، ﴿ وَيَعۡفُ عَن كَثِيرٖ ﴾، لـە زۆریـش دەبووریٚ، واتـە: مـەرج نیـە بـە هـۆی تـاوان و خراپـەی مرۆڤەکانـەوە، خـوا هەمیشـە سـزایان بـدات لـە دنیـادا، بـەڵام جارجـار سـزایان دەدات: ﴿ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴾، الـروم - ٤١-، بەڵکـو بگەڕێنـەوە، یاخـود بزانـن کـە لایانـداوە لـە سیسـتم، بـەڵام هەمـوو جـارێ سـزایان نـادات، چونکـە دنیـا شـوێنی تەصفیـە حیسـاب نیـە، جێـی سـزاو پاداشـت نیـە.

﴿ وَيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٖ ﴾، (وَيَعْلَـمَ) هـەم بـە سـەر (فتحة) خوێنراوەتـەوە، واتـە: بۆیـە خـوا ﷻ کەشـتییەکان ئەگـەر بیـەوێ دەفەوتێنـێ و نغرۆیـان دەکات، تاکـو ئەوانـەی لـە دژی ئایەتـەکانی ئێمە شـەڕە قسـەو مشـت و مڕ دەکـەن، بزانـن هیـچ ڕێـی دەربازبوونیـان نیـە، هەروەهـا خوێنراویشـەتەوە: **(وَيَعْلَمُ)** ئـەو کاتـەش دەبێتـە ڕسـتەیەکی دەسـتپێکردوو **(جملـة مسـتأنفة)** واتـە: ئەوانـەی شـەڕە قسـە دەکـەن لـە دژی ئایەتـەکانی ئێمـە، دەزانـن کـە هیـچ ڕێـی دەربازبوونیـان نیـەو، قوتـار نابـن لـە چنگـی ئێمـە.

ئـەوەی لـە کـۆی ئـەو یـازدە (١١) ئایـەت موبارەکـە وەردەگیـرێ، هەر لەسـەرەتاوە کـە خـوا ﷻ بـاسی ئـەوە دەکات: گەڕانـەوەی بەنـدەکانی وەردەگـرێ و لـە خراپەکانیان دەبـوورێ و دەشـزانێ چـی دەکەن؟

دواییـش کـە دەفەرمـوێ: وەڵامـی ئەوانـە دەداتـەوە کـە بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکان دەکـەن و لـە بەخشـشی خـۆی بۆیـان زیـاد دەکات، بـەڵام بێبڕوایان سـزایەکی سـەختیان هەیە.

دوایی باسی ئەوە دەکات، کە ئەگەر خوا بژیو فراوان بکات، بۆ مرۆڤەکان، لە ئەندازەی پێویستییان زیاتر بۆیان فراوان بکات، یاخود بۆ هەموویان فراوان بکات، یان بۆ کەسانێکیان کە ئەهلی ئیمان و تەقوانین و بە بژیوی زۆر بوغرا دەبن و لە خۆیان بایی دەبن، ئەگەر بژیویان بۆ زۆر بکات، ئەوانە لە زەویدا سنوورشکێنیی و سنوور بەزێنیی دەکەن، بۆیە خوا بە ئەندازە، ئەوەندەی بیەوێ دەینێرێتە خوار، چونکە بەبەندەکانی ئاشنایە و دەشیانبینێ.

دوایی باسی دابەزاندنی ئاو دەکات، لە ئاسمانەوە، دوای چاوەڕوانیی خەڵك، چونکە (**الغَيْث**): ئاوێکە بەفرو باران و تەرزەیەکە دەبارێت، دوای ئەوەی خەڵك چاوەڕوانیی کردوە، چونکە دەفەرموێ: ﴿ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥۚ ﴾، دوای ئەوەی نائومێد بوون و، بەزەیی خۆی بڵاودەکاتەوە.

دوایی باسی ئەوە دەکات کە دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی و، ئەو ژیاندارانەی، یاخود ئەو پێرۆیانەی تێیاندان، دیسان نیشانەی خوان و، خوا دەتوانێ کۆیان بکاتەوە.

دوایی باسی ئەوە دەکات کە هەر بەڵایەکتان بەسەر بێ، بە هۆی کردەی دەستی خۆتانەوەیە، زۆرجاریش دەتانبوورێ.

ئنجا دەفەرموێ: ئێوە دەستەوسانکەری خوا نین لە زەویداو، بێجگە لە خواش هیچ سەرپەرشتیارو یارمەتیدەرێکتان نیە.

پاشان باسی نیشانە بوونی کەشتییەکان دەکات، کە ئەگەر خوا بیەوێ، بایەکان دەوەستێنێ و، کەشتییەکان لەسەر پشتی دەریا ڕادەوەستن، یاخود نغرۆیان دەکات، بەوە کە بایەکە توندتر بکات و، ئەوانە شەڕە قسە دەکەن لە دژی ئایەتەکانی خوا، دەزانن هیچ ڕێی دەربازبوونیان نیە.

هەموو ئەوانە، ئەگەر تەماشایان بکەین دەزانین: خوا ﷻ لە هەموو دەروازانەوە بۆ دڵی مرۆڤ دێت، لە هەموو دەلاقانەوە ئایەتەکانی خوا دەیانەوێ هیدایەت

بخەنە نێو دڵ و عەقڵی مرۆڤەوە، کە ئەگەر بگەڕێنەوە خوا تەوبەتان لێوەردەگرێ و، خوا لە بەخششی خۆی بۆتان زیاد دەکات، خوایە کە بژیوتان دەدات، بەڵام کە جاری وایە زۆری ناکات، بۆ ئەوەیە لە زەوییدا سنوور شکێنیی نەکەن، خوایەك کە ئاوتان بۆ دادەبەزێنێ، هەروەها بەڵاتان کە بەسەردێ، خەتای خۆتانە، کەشتییەکانیش کە دەبینن بەو شێوەیە، نیشانەی گەورەیی و پەروەردگارێتیی خوان ... هتد، ئەمانە هەموویان جووڵێنەرن بۆ ئینسان بەرەو خوا، بەرەو خوا بە یەکگرتن، بەرەو تەنیا خواپەرستن و واز هێنان لە ڕووکردنە جگە لە خوا، واز هێنان لە هاوبەش بۆ خوا دانان، وازهێنان لە گرتنی کوێرەڕێ و ڕێچکەکان کە شەیتانەکان دەیانڕازێننەوە، بەڵام سەرەنجام سەری مرۆڤەکان بە قوڕدا دەکەن، هەم لە دنیادا کارێکیان پێدەکەن، ببنە کۆیلەی کەسێکی وەك خۆیان، یان شتێکی لە خوار خۆیانەوە، لەو مەقامی بەرزیی بەندایەتیی بۆ خوا، کە ئازادیی و ئازایەتیی مرۆڤ و بەرزیی و گەورەیی مرۆڤ لە بەندایەتیی بۆ خوا دایە، کە مرۆڤەکان وەك خۆی تەماشادەکات و، شتەکانی دیکەش لە خوار خۆیەوە دەبینێ و، تەنیا خوا لەسەرووی خۆیەوە دەبینێ.

بۆیە ئەگەر تەماشای ئەم یازدە (١١) ئایەتەو، کۆی ئایەتەکانی ئەم سوورەتەو، کۆی ئایەتەکانی قورئان هەموویان بکەین، دەبینین هاندەری مرۆڤن بۆ بەندایەتیی کردن بۆ خوا، تاکو ئەو مرۆڤە بە هۆی ئەو بەندایەتییەوە بۆ خوا، بەرزبێ و، ئەو پێگە بەرزەی خوا پێی داوە، لێی نەیەتە خوار، ئەو ڕێزو حورمەتەی خوا لێیناوە، لە دەستی نەدات بە هۆی کوفرو شیرکەوە.

خوا بە لوتف کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێرێ، کە بە هۆی بەندایەتییمانەوە بۆ خوا، ئەویش لەمیانی شوێنکەوتنی قورئان و، پەیڕەویی کردن لە پێغەمبەر کۆتایی موحەممەد ﷺ و، بەو شێوەیە مامەڵە کردن لەگەڵ خوادا، کە بۆ خوا شایستەیە، بە هۆی ئەوەوە، هەم لە دنیادا بەختەوەرو سەربەرزبین و، هەم لە دوا ڕۆژدا سەر فرازو شادمان بین.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا ئەو کەسەیە گەڕانەوەو تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێ و، لە خراپەکانیان دەبووری و، دەشزانێ چی دەکەن، هەروەها خوا وەڵامی داواکاریی بڕوادارانی چاکەکار دەداتەوەو، لە بەخششی خۆی بۆیان زیاد دەکات، بێبڕوایانیش لە ڕۆژی دوایی دا، سزای سەختیان هەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٢٥﴾ وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۚ وَٱلْكَٰفِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴿٢٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ ﴾، ئەو (خوا) ئەو کەسەیە کە گەڕانەوە لە بەندەکانی وەردەگرێ. خوا ﷻ لەو ئایەتانەدا لەسەر ناساندنی خۆی لەمیانی سیفەت و کردەوەکانیداو، لەمیانی چاکەو نیعمەتەکانیدا، بەردەوام دەبێ، هەروەها لەسەر خستنەڕووی هەموو ئەو بەڵگەو هۆکارانەی کە مرۆڤەکان دەبێ تەنیا خوا بە تاکە پەرستراوی خۆیان بزانن، بە مانای وشەی فراوان و گشتگیری پەرستن، ئەو ئایەتانە، هەموویان لەو ڕەوتەدان: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە گەڕانەوە لە بەندەکانی وەردەگرێ، لێرەدا ئەم ڕستە موبارەکە، چوار زێدەڕۆیی تێدان، لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، بۆ جەختکردنەوە لە سەر ماناو مەبەستەکەی:

یەکەم: کە دەفەرموێ: **(وَهُوَ)** بە ڕستەی ناویی **(الجملة الإسمية)** دەست پێدەکات، ئەمە یەکێکە لە جەختکەرەوەکان، چونکە **(هُوَ)** ڕاناوەو بەو ڕاناوە، ئەم ڕستەیە دەست پێدەکات.

دووەم: کە دەفەرموێ: (**الَّذِي**) کە (**الإِسْم المَوْصُول**)ە، (خوا) ئەو کەسەیە.

سێیەم: کە دەفەرموێ: (**يَقْبَلُ التَّوْبَةَ**) (**يَقْبَلُ: فعْلُ المُضَارِع**)ە، کرداری ئێستاو دەلالەت لەسەر تازەبوونەوە دەکات، یانی: بەردەوام خوا گەڕانەوەی بەندەکانی بۆ لای خۆی قبووڵ دەکات و لێیان وەردەگرێ.

چوارەم: کە دەفەرموێ: (**عَنْ عِبَادِهِ**) نەیفەرمووە: (**مِنْ عِبَادِهِ**) ئنجا (**تَقَبَّلَ التَّوْبَةَ عَنْهُ**) واتە: لە گوناهەکەی بوردو، گەڕانەوەکەشی لێ قبووڵ کرد، هەروەها خوا ﷻ بە سیفەتی (**عِبَادِهِ**) مرۆڤەکانی باسکردوە، کە بەندەی خۆینی.

٢)- ﴿ وَيَعْفُوا عَنِ السَّيِّـَٔاتِ ﴾، چاوپۆشیی دەکات لە خراپەکان، (**العَفْو: عَدَمُ مُؤَاخَذَةِ الجَانِي بِجِنَايَتِهِ**) (**عَفْو**): بریتیە لەوەی بابای تاوانبار بە تاوانەکەی نەگیرێ و سزا نەدرێ.

وشەی (**السَّيِّئَات**)یش، (**أل**) ناساندنی لەسەرەو ناساندنەکەش بۆ تێکڕا (**جنس**)ە، تێکڕای خراپەکان خوا ﷻ چاوپۆشییان لێدەکات.

٣)- ﴿ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴾، دەشزانێ چی دەکەن، ئەی دوێنراوەکان! خوێنراویشەتەوە: (**يَفْعَلُون**) واتە: دەزانێ خراپەکاران و تاوانباران، یان مرۆڤەکان بە گشتیی، چی دەکەن؟

ئنجا کە دەفەرموێ: دەزانێ چی دەکەن؟ واتە: لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێ چی دەکەن، ئەوجار ئەگەر بگەڕێنەوە، گەڕانەوەکەیان قبووڵ دەکات و، لە تێکڕای خراپەکانیشیان چاوپۆشیی دەکات و دەیانبەخشێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێ چییتان کردوە، یان دەزانێ چییان کردوە، بە هەردوو خوێندنەوەکە.

٤)- ﴿ وَيَسْتَجِيبُ الَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، هەروەها وەڵامی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو، کردەوە باشەکانیان کردوون، دەداتەوە.

٥)- ﴿ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ﴾، لە بەخششی خۆیشی بۆیان زیاد دەکات، واتە: (**يُعْطِيهِمْ أَفْضَلَ مِمَّا عَمِلُوا وَأَكْثَرَ**) باشترو زیاتر لەوەی کە کردوویانە پاداشتیان دەداتەوە، لە سوورەتی (**الأنعام**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ مَن جَآءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ

بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١٦٠﴾﴾، هەر کەسێك چاکەیەك بێنێ، دە (١٠) بەرانبەری ئەوە پاداشتی دەدرێتەوەو، هەر کەسێك خراپەیەك بکات، تەنیا بە ئەندازەی ئەو خراپەیە سزادەدرێ و، ئەوان ستەمیان لێناکرێ، پێشتریش باسمان کرد، کە ئایەتەکەی سوورەتی (البقرة) ئاماژە بەوە دەکات، کە چاکەیەك بە حەوتسەدیش پاداشت دەدرێتەوە، بەڵکو زیاتریش.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَيَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، (يَسْتَجِيبُ) (س وت) خراونە سەر (يُجِيبُ) یانی: وەڵامدەداتەوە، بەڵام (يَسْتَجِيب) واتە: زۆر وەڵامدەداتەوە، بە جەختکردنەوەوە وەڵامدەداتەوە.

(الَّذِيْن)ش دەگونجێ بەرکار (**مفعول به**)بێ، واتە: خوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە بڕوایان هێناوەو کردەوەی باشیان کردوە.

دەشگونجێ (الَّذِيْن) بکەر (**فاعل**)بێ، واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکان دەکەن، وەڵامدەدەنەوە، بە دەم بانگەوازی خواوە دەچن، کەواتە: (يَسْتَجِيب) دەگونجێ بڵێی: (**الَّذِيْن آمَنُوْا وَعَمِلُوا الصَّالِحَات يَسْتَجِيْبُون**) یانی: ئەوان وەڵامدەدەنەوە، یاخود: (**أَللهُ يَسْتَجِيْبُ الَّذِيْن آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَات**) خوا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون،

٦)- ﴿وَٱلۡكَٰفِرُونَ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوان سزایەکی سەختیان هەیە، وشەی (**كَافِرُون**) کۆی (**كَافِر**)ە، لەسەر کێشی (**فَاعِل**)، یانی: کەسێك کە هەقی داپۆشیبێ و هەقی ڕەفز کردبێ، کەواتە: ئەوانەی سزای سەختیان هەیە، ئەوانەن کە هەقیان بۆ دێ و دەیناسن و پێی ئاشنا دەکرێن، بەڵام وەری ناگرن و ڕەتی دەکەنەوە.

حەوت موژدە لەو دوو ئایەتەدا:

لە ڕاستییدا ئەم دوو ئایەتە موبارەکە، بۆ خۆم هەر جار کە دەیانخوێنم، هیواو ئومێدێکی یەکجار گەورەیان تێدا دەبینم بۆ گوناهباران بە تایبەت و، بۆ

مرۆڤـەکان بـە گشـتیی، ئـەم دوو ئایـەت موبارەکـە زۆر زۆر دڵخۆشـکەرن، چونکـە حـەوت موژدەیـان تێـدان، توێـژەرەوان قسـەیان زۆر لەسـەر کـردوون، بـەڵام ئەمینـوە بـەم شـێوەیە ئـەم حـەوت موژدەیـە، دەربهێنن، ئەگـەر هەشـبێ نەکەوتۆتـە بەرچاوم:

مـوژدەی یەکـەم: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى ﴾، خـوا ئـەو کەسـەیە ﷻ، لێرەدا خـوا خـۆی بـە ئێمـە دەناسـێنێ: ئـەو خـوا پـەروەردگارەی ئێـوە، کـە پەیامـی بـە پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەددا ﷺ بـۆ نـاردوون، هەروەهـا بـە هەمـوو پێغەمبەرانـی دیکـەدا بـۆ گەلانـی دیکـە، بـۆ کۆمەڵگایـەکانی دیکـە، پەیامـەکانی خـۆی نـاردوون، ئـەو کەسـەیە چـاکی بناسـن و زۆر پێـی ئومێدەواربـن.

موژدەی دووەم: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ ﴾، گەڕانـەوە وەردەگـرێ، (**التَّوْبَة**) ش، دیـارە (ال)ی، ناسـاندنی لـە سـەرە واتـە: هەمـوو گەڕانـەوەکان وەردەگـرێ، هـەر کەسـێ بگەڕێتـەوە بـۆ لای، چ لـە کوفـرەوە بـۆ ئیـمان بگەڕێتـەوە، چ لـە شـیرکەوە بـۆ خـوا بەیەکگرتـن (**توحيـد اللـه**) بگەڕێتـەوە، چ لـە نیفاقـەوە بـۆ دینداریـی سـاغ و بـێ خڵتـە بگەڕێتـەوە، چ لـە گوناهـو تاوانـەوە بگەڕێتـەوە بـۆ فەرمانبەریـی و گوێڕایەڵیـی، چ لـە کەمتەرخەمییـەوە بگەڕێتـەوە بـۆ گـورج و گۆڵیـی، هەرچۆنێـك مرۆڤـەکان بگەڕێنـەوە بـۆ خزمـەتی خـوا، گەڕانەوەکەیـان لـێ وەردەگـرێ، وەك لـە کتێبـی: (گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا) - کـە تاکـو ئێسـتا شـەش جار چـاپ کـراوە - لەوێـدا بـە تەفصیـڵ بـاسی گەڕانـەوە بـۆ لای خوامـان کـردوە.

مـوژدەی سـێیەم: دەفەرمـوێ: ﴿ عَنْ عِبَادِهِۦ ﴾، لـە بەنـدەکانی، مرۆڤـەکان هەرچەنـدە ئەهـلی کوفربـن، ئەهـلی شـیرك بـن، ئەهـلی نیفـاق بـن، ئەهـلی گوناهـو تـاوان بـن، هەرچۆنـبن، هـەر بەندەی خۆینـی، ئەمەش دیسـان موژدەو دڵخۆشـکەرێکی دیکەیـە، کـە خـوا مرۆڤـەکان هـەر بـە بەنـدەی خـۆی دەزانـێ، وەك چـۆن باببێـك دایکێـك، ڕۆڵەکـەی خـۆی ئەگـەر لاسـاریش بـێ، ئەگـەر کـوڕە، ئەگـەر کچـە، هـەر بـە هـی خـۆی دەزانـێ، دەڵـێ: تـۆ هـەر ڕۆڵـەو جگـەر گۆشـەی منـی، خـواش ﷻ

مرۆڤـەكان هـەر بـە بەنـدەی خـۆی نـاو دێنـێ، ئەگـەر سەرەڕۆییشـیان كردبـێ و لاسارییشـیان كردبـێ.

مـوژدەی چوارەم: ﴿ وَيَعۡفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾، لـە هەرچـی خراپـەو كـەم و كوڕییە دەبـوورێ، وشـەی (سَيِّئَات) كـۆی (سَيِّئَة)یە، (سَيِّئَة)ش بۆیـە وای پێدەگوترێ، چونكە بـۆ خاوەنەكـەی خراپـە، حاڵـی خاوەنەكـەی خـراپ دەكات، واتـە: خـوا لـە تێكـڕای ئـەو تاوانانـەی، ئـەو غەڵـەت و پەڵەتانـەی بـۆ خاوەنەكانیـان خراپـن، چاوپۆشـییان لـێ دەكات، ئەگـەر خاوەنەكەیـان دانیـان پێدابنێـن و، بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـواو لێیـان پەشـێمان بـێ و دەسـتبەرداریان ببـێ.

مـوژدەی پێنجـەم: ﴿ وَيَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴾، یـان (وَيَعْلَـم مَـا يَفْعَلُـون) دەشـزانێ چـی دەكـەن، واتـە: لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە خـوا دەزانـێ چـی دەكـەن، ئەوجاریـش خـوا ﷻ دەرگای بـۆلا گەڕانـەوەو بـۆلا پەشـێمان بوونـەوەی خسـتۆتە سەرپشـت، بـۆ هەمـوو مرۆڤـەكان.

مـوژدەی شەشـەم: ﴿ وَيَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، وەڵامـی ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو كردەوەی باشـیان كـردوە، دەداتـەوە، بـە دەنگیانـەوە دێ و، لێیـان وەردەگـرێ، بـۆ گوناهبـاران گەڕانەوەیـان لێوەردەگـرێ، بـەڵام بـۆ بـڕوادارانی كـرداری بـاش، هەمیشـە وەڵامگۆیـەو بـە دەنگـەوە هاتوویـە، خـوای بەخشـەری بەخشـندە.

مـوژدەی حەوتـەم: ﴿ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضۡلِهِۦ ﴾، هەروەهـا لـە بەخشـش و چاكـەی خۆیشـی بۆیـان زیـاد دەكات، واتـە: بـۆ بـڕوادارانی كرداربـاش، هەمیشـە خـوا ﷻ هەتـا داوای لـێ بكـەن، یاخـود تاكـو ئـەوان شایسـتەبن، ئەگـەر بـە زمـانی وتاریـش داوای لـێ نەكـەن، بەڵكـو بـە زمـانی حـاڵ و كـردار، خـوا ﷻ بـە دەنگیانـەوە دێ و وەڵامیـان دەداتـەوە، لـە بەخشـشی خـۆی بۆیـان زیـاد دەكات، بەخشـشی خـواش بـێ سـنوورە.

مەسەلەی دووەم:

خوا بۆیە بژیو بۆ هەموو بەندەکانی زۆر ناکات، تاکو یاخیی نەبن، بۆیە بە ئەندازە بۆیان دادەبەزێنێ و، هەر ئەویش دوای بێ هیوا بوونیان لە دابەزینی ئاو، بەزەیی خۆی کە لە ئاوی ئاسماندا بەرجەستەیە، بۆیان بڵاودەکاتەوەو، هەر ئەویش سەرپەرشتیاری ستایشکراوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ۚ وَهُوَ ٱلْوَلِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٢٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەشە برگەدا:

١)- ﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەگەر خوا بژیوی بۆ بەندەکانی زۆر کردبایە، بۆی فراوان کردبان، لە زەوییدا یاخیی دەبوون، لێرەدا زانایان زۆریان لەوبارەوە قسە کردوە، کە ئایا مەبەست لەم زۆر کردن و فراوان کردنی بژیو بۆ بەندەکانی، کە دەبێتە هۆی یاخیبوون و سنوورشکێنییان لە زەویدا، چییە؟

أ- هەندێکیان گوتوویانە: ئەگەر خوا هەموو مرۆڤەکانی لە حاڵەتی سامان و بژیو فراوانییدا، دانابایە، ئەوە سیستمی ژیانیان تێکدەچوو.

ب- هەندێکیان گوتوویانە: هەرچەندە لێرەدا خوا بەندەکانی بە گشتیی فەرموون، بەڵام بەپێی سیاق دەزانین کە مەبەست ئەو بەندانەن، ئەو مرۆڤانەن کە هەڵناگرن و شایستەنین، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (فڵانکەس بە مستە ئاوێك دەکەوێتە مەلە)، یان دەڵێن: (هەر کەسێك چوار عانەی لە گیرفانی خۆیدا بینین، بە هەق لەگەڵ کەسدا ناکات و بوغڕا دەبێ).

ج- دەشگونجێ ئاوا مانا بکرێ: ئەگەر خوا بژیو بۆ بەندەکانی زۆر بکات، لەو ئەندازەیەی کە پێویستییانە زیاتر بەسەریاندا برێژێ، دەبێتە هۆی سنوورشکێنییان و ستەم و خراپەیان لە زەویدا.

٢)- ﴿ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ﴾، بەڵام بە ئەندازە دەنێرێتە خوار، ئەوەندەی بیەوێ، (يُنَزِّلُ) بە: (يُنْزِلُ)ش، خوێندراوەتەوە، یانی: بە ئەندازەیەکی دیارییکراو، ئەوەی بیەوێ دایدەبەزێنێ، (بِقَدَرٍ: الْمِقْدَارُ وَالتَّعْيِينُ) ئەندازەو دیارییکردن، کە دەفەرموێ: (مَا يَشَاءُ)، (ما: يَعْنِي الَّذِي يَشَاء إِنْزَالَهُ) ئەوەی کە بیەوێ دایبەزێنێ، بە ئەندازەیەکی دیارییکراو، دایدەبەزێنێ.

٣)- ﴿ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴾، واتە: بەڕاستیی ئەو بەبەندەکانی شارەزایەو بینەریانە، یانی: شارەزایە بە حاڵ و باڵیان، پێش ئەوەی حاڵەت و کردەوەکان لێیان دەربکەون، هەروەها بینەری حاڵ و کردەوەکانیانیشە، دوای ئەوە کردەوەکانیان لێ ئاشکرا دەبن.

لێرەدا سێ دەقی سوننەت دێنین:

یەکەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**أَخْوَفُ مَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي زَهْرَةُ الدُّنْيا وكَثْرَتُها**} (**أخرجه البخاري: ٦٤٢٧، ومسلم: ١٠٥٢، وغيرهما**).

واتە: ئەوەی کە لە هەموو شتێك زیاتر مەترسییم لێی هەیە لە ئوممەتەکەم، بریتیە لە جوانیی ژیانی دنیاو، زۆریی (ماڵ و سامانی) دنیا.

واتە: کە زۆر بە سەریاندا بڕژێ و، پێی بوغراو یاخیی بن، ئەوەی پێغەمبەریش ﷺ لێی ترساوە، زۆر جوان میصداقەکەی لە سەر ئەرزی واقیع دەبینین، دەوڵەتانی کەنداو تەماشا بکەن، وەختی خۆی وشتر لەوەڕێن بوون، ئێستاش چۆن پێشبڕکە دەکەن لە بەرزکردنەوەی بیناکانیاندا، ئێستا چۆن عیبادو بیلادیان خستۆتە ژێردەستی دوژمنانی خوا، بە فەرمانی جوولەکەو ئەمریکاو ڕۆژئاوا، دەربەست لە خزمەت هەر کەسێك دان، کە لە بەرژەوەندییاندا بێ،

لـە بەرژەوەندیـی مانەوەیـان لەسـەر ئـەو کورسـیی حوکمـی میراتیـی و بنەماڵەییـە، چ لـە کەنـداو، چ لـە میسـر، چ لـە وڵاتـانی دیکـەی مسوڵمانشـین دا، بـە تایبـەت دوای ئـەوەی نـەوت و گاز دۆزرایـەوەو ئـەو وڵاتانـە دەوڵەمەنـد بـوون، لـە جیـاتی ئـەوەی ئـەو دەوڵەمەندیـی و سـەروەت و سامانە لـە ڕەزامەندیـی خـوادا بەکاربێنـن، لـە خزمـەتی خەڵـك و وڵاتیـان دا بـەکاری بێنـن، لـە خزمەتکـردن و یارمەتییـدانی مسـوڵمانانی برسـیی و ڕەش و ڕووت و چەوسـێنراوەی ئەمـلاولادا بـەکاری بێنـن، بەکاریـان هێنـا لـە خزمەتکـردنی زلهێـزان دا و، لـە زیاتـر چەسـپاندن و، زیاتـر ڕۆبردنـە خـواری کـورسی حوکـم ڕانییـان دا، هەروەهـا زیاتـر سـەرکوتکردن و دەمکـوت کـردنی خەڵـك و کۆمەڵـگاکانی خۆیانـدا.

هەروەها لە هەرێمەکەی خۆشمان دا، وێنەی ئەوەی دەوڵەتانی کەنداو بەزەقیی دەبینین.

دووەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِذَا أَحَبَّ اللهُ عَبْدًا حَمَاهُ الدُّنْيَا، كَمَا يَظَلُّ أَحَدُكُمْ يَحْمِي سَقِيمَهُ الْمَاءَ} (أخرجه الترمذي: ٢٠٣٦، وَصَحَّحَهُ الألباني فِي صَحِيح التَّرْغِيبِ وَالتَّرْهِيب: ٣١٨٠).

واتـە: ئەگـەر خـوا بەندەیـەکی خۆشویسـت، لـە دنیـا دەیپارێـزێ، وەك چـۆن یەکێك لە ئێـوە نەخۆشـەکەی لـە ئـاوێ دەپارێـزێ. {کـە ئـاوی نەداتـێ، بـۆ ئـەوەی زیاتـر نەخـۆش نەبـێ، یـان کەسـێك کـە برینـدار دەبـێ، ئـاوی نادەنێ چونکـە لێی تووشـی زیـان دەبێ}.

سێیەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَحْمِي عَبْدَهُ الْمُؤْمِنَ كَمَا يَحْمِي الرَّاعِي الشَّفِيقُ غَنَمَهُ عَنْ مَرَاتِعِ الْهَلَكَةِ} (أخرجه أحمد: ٢٣٦٢٧، والبيهقي في شعب الإيمان: ٩٩٦٧، اللفظ له).

واتـە: بێگومـان خـوای زاڵـی پایـەدار بەنـدەی بـڕواداری خـۆی دەپارێـزێ، وەك چـۆن شـوانی دڵسـۆزو خـاوەن پـەرۆش، ڕانـە مەڕەکـەی خـۆی دەپارێـزێ، لـەوە کـە لـە شـوێنی خـراپ بلەوەڕێـن و، لـە ئەنجـام دا سـەریان بـە فەتـارەت بچـێ، {چ بـە هـۆی لەوەڕەکـەوە کـە خراپبـێ، چ بـە هـۆی شـوێنەکەوە، کـە تووشـی هەڵدێـران و، لـە بەیـن چـوون بـن}.

٤)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە ئاو دەنێرێتە خوار، دوای ئەوەی نائومێد بوون، یانی: دوای ئەوەی مرۆڤەکان نائومێد بوون، وشەی (يُنَزِّلُ) خوێنراویشەتەوە: (يُنْزِلُ).

(الْغَيْثُ: الْمَطَرُ الآتِي بَعْدَ الْجَفَافِ، سُمِّيَ غَيْثًا بِالْمَصْدَرِ، لِأَنَّ بِهِ غَيْثَ النَّاسِ الْمُضْطَرِّينَ) (غَيْث): ئەو بارانەیە کە لە دوای وشکە سالّیی دێ، دوای بێبارانیی، بۆیە ناوی لێنراوە (غَيْث)، چونکە ئەوانەی بێ دەرەتان و ناچارن، هاواریان کردووە و دەفریایان هاتووە.

وشەی (غَيْث): مەرج نیە تەنیا باران بێ، واتە: باران و بەفرو تەرزە، ئەو ئاوەی لە سەرێ دادەبەزێ، گوتراویشە: (الْغَيْثُ: مَا كَانَ نَافِعاً وَفِي وَقْتِهِ)، (غيث): ئەوەیە کە بە سوود بێ و، لە کاتی خۆیدا بێ، چونکە جاری واش هەیە باران و بەفرو تەرزە دێ و، مەرج نیە هەر سوودی هەبێ، بەڵکو جاری وایە دەبێتە لافاو لێزماوو، جاری وایە دەبێتە هۆی زیانگەیاند بە کشتوکاڵ، بەڵام ناکرێ لەبەر ئەوەی کەمێك خەڵك کشتوکاڵەکەیان، یاخود خانووەکانیان، کە ئەویش ڕەنگە بە زۆریی بە هۆی کەمتەرخەمیی حوکمەتەکانەوە بێ، زێراب و شوێنی ئاو پێدا ڕۆیشتنیان چاك نەکرد بێ، هەندێك لە گەڕەکەکان زیانیان پێبکات، ناگونجێ لەبەر ئەو زیانە کەمە، ئەو سوودە زۆرانەی کە لە ئاوی ئاسمان دەبینرێن، خوای بەخشەرخەڵکیان لێ بێبەش بکات.

٥)- ﴿ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ﴾، هەروەها (خوا) بەزەیی خۆی بڵاودەکاتەوە، (النَّشْرُ: ضِدُّ الطَّيِّ وَاسْتُعِيرَ هُنَا لِلتَّوْسِيعِ وَالإِمْتِدَادِ)، (نشر) پێچەوانەوەو دژی پێچانەوەیە، (نَشْر) واتە: بڵاوکردنەوە، (طَيّ) واتە: پێچانەوە، لێرەدا (نشر) خوازراوەتەوە بۆ فراوانکردن و درێژە پێدان، کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ﴾، وەك پێشتریش باسمان کرد، لە چەند شوێن لە قورئاندا، خوا ناوی لە باران و ئاوێك کە دادەبەزێ لە ئاسمان، ناوە، ڕەحمەت، بۆ وێنە:

لـه سـووڕەتی (الأعـراف)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَىۡ رَحۡمَتِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا ثِقَالٗا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾، واتـه: ئـەو (خـوا) کەسـێکە بایـەکان وەك مـوژدە دەنێـرێ لـە پێـش دەسـتی بەزەییەکـەی خۆیـەوە، (واتـە: بـاران، یـان ئـەو ئـاوەی کـە دادەبەزێـنرێ)، هەتـا کاتێـك کـە ئـەو بایانـە هەورە قورسـەکانیان هەڵگرتـن، ئێمـە لێـی دەخوڕیـن (هەورەکـە) بـەرەو سـەرزەمینێکی مـردوو، ئـاوی لـێ دادەبەزێنیـن و لـە هەمـوو میوەیـەکی پـێ دەردێنیـن، هـەر بـەو شـێوەیەش (لـە کاتـی خۆیـدا) مـردووان دەردێنینـەوە، بـۆ ئـەوەی ئێـوە پەنـد وەربگـرن.

یـانی: وەك چـۆن خـوا بـە هـۆی ئاوێکـەوە کـە دایدەبەزێنـێ، سـەر زەوی زینـدوو دەکاتـەوە، بـە هەمـان شـێوەش، کاتـێ خـۆی فەرمـانی لەسـەرە، لـە ڕۆژی دوایـی دا مردووەکانیـش زینـدوو دەکاتـەوە.

٦)- ﴿ وَهُوَ ٱلۡوَلِىُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴾، هەرئەویش سەرپەرشتیاری ستایشکراوە، سەرپەرشتییکردنەکەی دیارە: سەرپەرشتیی مرۆڤەکان دەکات، تیشکی خۆریان بۆ دەنێرێ لە ڕۆژدا، تیشکی مانگیان بۆ دەنێرێ لە شەوداو، تیشکی ئەستێرەکانیان بۆ دەنێرێ، بۆ ئەوەی دنیا نەبێتە تاریکستان، پاشان ئاویان بۆ دادەبەزێنێ، بە هەر سێ شێوەی بەفرو باران و تەرزە، کە هەر کام لەم سێ شێوەیە حیکمەتی خۆی هەیە، بەفرو تەرزەکە لە شوێنە بەرزەکان دەبارن و لەوێ دەمێننەوە، ئەگەر هەموو ئاوەکە باران بووایە، یەکسەر هەمووی دەهاتە خوار، بەڵام ئەو بەفرو تەرزەیە، لە شوێنە بەرزەکان و چیاکان دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی وردە وردە بەو چیایانەدا بچێتە خوارو، لە عەمبارە ئاوەکاندا دابگرێ و کۆببێتەوە.

ئنجا ئەگـەر ئـاوی ئاسـمان هەمـووی لێکـڕا بـاران بـاو هاتبایـە خـوار، دنیـا دەبووە لافـاو، ئـەو هەمـوو ڕێـژەی بەفـرە کـە لـە کوێسـتانەکان و لـە شـوێنە بـەرزەکان دەبـارێ، ئـەو ڕێـژە زۆرەی تـەرزە، کـە یەکسـەر ناتوێتـەوە ماوەیـەکی پێدەچـێ،

ئەگەر هەمووی باران بووایە، زۆر لەوڵاتان کاول دەبوون، سەرپەرشتییکردنی خوا بۆ مرۆڤەکان لە زۆر شتدا بەرجەستەیە، ئەو هەموو نازو نیعمەتەی لەسەر زەوی بۆ ڕەخساندوون، ئەو هەموو هۆکارانەی ژیان و گوزەرانی بۆ ڕەخساندوون، ئەم زەوییەی ئێمە بەرگێکی گڵیی هەیە، دوایی بەرگێکی ئاویی هەیە، کە سێ لەسەر چواری پانتایی زەوی دادەپۆشی، دوایی بەرگێکی هەوایی هەیە، کە بەرزیی هەزار (١٠٠٠) کیلۆمەتر زیاترە، ئجا پێکهاتەکانی ئەو بەرگە هەواییە، ڕێژەکەیان لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا گونجاوە: (٧٨٪)ی نایترۆجینە، (٢١٪)ی ئۆکسجینە، (٠,٣٪)ی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەندێك لە پێکهێنەرەکانی دیکەیە، ئەو ڕێژانەی ئەو توخمانە، ئەگەر کەمتر بایە یان زیاتر بایە، ژیان لەسەر زەوی دروست نەدەبوو.

بۆیە خوا ستایشکراوە، بە موتڵەقیی، هەرچی سیفەتی بەرزو چاکە هی خوایەو، خوا لە هەموو لە کەم و کوڕییەك دوورە.

مەسەلەی سێیەم:

هەروەها لە نیشانەکانی خوایە هێنانەدی ئاسمانەکان و زەوی و، ئەوەی لە ژیانداران تێیدا بڵاوکردوونەوە، کە هەر کات ویستی لە سەر کۆکردنەوەیان توانایە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، هەروەها لە نیشانەکانی، وی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوییە.

(**الآيَةُ: هِيَ العَلَامَةُ وَالدَّلِيلُ عَلَى شَيْءٍ، وَالسِّيَاقُ يَدلُّ عَلَى أَنَّ المُرَادَ بِهَا ظَوَاهِرُ الخَلْقِ**). (**آيَة**): بە مانای نیشانەو بەڵگەیە لەسەر شتێك، بەڵام ئەم سیاقەی ئێرە ئەوە دەگەیەنێ، کە مەبەست لە (**آيَاتِ**) لێرەدا دیاردەو دیمەنەکانی دروستکراوەکانی خوان.

ئەگەرنا (**آيَة**) بە مانای ڕستەی قورئانیش دێ و، بە مانای موعجیزەی پێغەمبەرانیش (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) دێ و، بە پێی سیاق دەزانرێ کە کام لە مانایەکانی مەبەستە، جاری واش هەیە لە یەك ڕەوت (**سیاق**)دا زیاتر لە مانایەك هەڵدەگرێ، کە دەفەرموێ: لە نیشانەکانی خوا، واتە: نیشانەکانی بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی و باڵادەستیی خوا.

﴿ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویی، (**السَّمَاوَات**) واتە: دروستکراوە بەرزەکان، یاخود جیهانە بەرزەکان، جیهانە باڵایەکان (**العَوَالِمُ العُلْيَا**)، (**الأَرْض**)یش، ئەم گۆی زەوییەیە کە ئێمە لەسەری دەژین و جیهانی خوارەوە (**العالم الأسفل**)یە.

٣)- ﴿ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، هەروەها ئەوەی بڵاوی کردۆتەوە تێیاندا لە پێڕۆیان، (**البَثُّ: التَّفْرِيقُ وَالتَّوْزِيعُ، بَثَّتِ الرِّيحُ التُّرَابَ: فَرَّقَتْهُ**) (**بَثَّ**): بریتیە لە لێك بڵاوکردنەوەو دابەشکردن، دەگوترێ: (**بَثَّتِ الرِّيحُ التُّرَابَ**) بایەکە کڵەکەی بڵاوکردوە، پەرش و بڵاوی کردەوە، وشەی (**دَابَّة**) واتە: پێڕۆ، (**كُلُّ مَا يَدُبُّ عَلَى الأَرْض**) هەر شتێك کە لەسەر زەوی بڕوات.

بەڵام (**الطبري**) دەڵێ: (**الدَّابَّةُ: النَّاسُ وَالمَلَائِكَةُ**)[1]، (**دَابَّة**): بریتیە لە خەڵك و فریشتەکان.

هەڵبەتە جیننیش هەر دەگرێتەوە، واتە: هەموو ئەوانەی لەسەر زەویین، ئنجا ئەگەر مەبەست بەس سەر زەوی بێ، مرۆڤەکان و جندو فریشتەکانیش، دەگرێتەوە، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ﴾ هەرچی پێڕۆیە کە تێیدا بڵاوکردوونەوە، کەواتە: (**دَابَّة**): دەبێ لە ئاسمانیش هەبێ.

٤)- ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ ﴾، ئەویش لەسەر کۆکردنەوەیان هەر کاتێ بیەوێ، بە توانایە، هەرکاتێ بیەوێ دەتوانێ کۆیان بکاتەوە، خڕیان بکاتەوە، کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییەو ڕۆژی کۆکردنەوەو لێپرسینەوەیە.

---

(١) جامع البيان: ج٢٥، ص٣٢.

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر هەبوونی پێڕۆ (دابة) لە ئاسمان دا:

شایانی باسە: ئەم ئایەت موبارەکە کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، هەرچی پێڕۆیە کە لە ئاسمانەکان و زەویدا بڵاوی کردۆتەوە، تاکە ئایەتێکە لە قورئاندا لەو بارەوە، (النابلسي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ: (**هَـذِهِ الآيَـةُ هِيَ الآيَـةُ الوَحِيْدَة الَّتي فِيْهَا إِشَارَةٌ إِلى مَا سَيُكْتَشَفُ فـي المُسْتَقْبَل مِنْ حَيَاةٍ حَيْوَانِيَّة فِي الكَوَاكِبِ البَعِيْدَة وكَائِنَاتٍ حَيَّةٍ، فَالدَّابَةُ هِيَ المَخْلُوق الَّذِي يَتَحَرَّكُ وَالمَخْلُوقَاتُ الَّتِي تَدُبُّ عَلَى وَجْهِ الأَرْضِ هِيَ الدَّوَاب**).

واتە: ئەم ئایەتە تاکە ئایەتێکە کە ئاماژەی تێدایە، بەوە کە ڕەنگە لە داهاتوودا بدۆزرێتەوە کە ژیانی ژیانداران لە خڕۆکە دوورەکانیشدا هەن، ڕەنگە کائیناتی دیکەی ژیانداری وەك ئەوەی سەر زەوی هەبن، چونکە (**دَابَّة**) بریتیە لەو دروستکراوەی کە دەجووڵێ، ئەو کائیناتەی لەسەر زەوی دەجووڵێن، پێیان دەگوترێ: (**دَوَابّ**).

زانایان زۆریان قسە کردوە لەوبارەوەو، تەماشای زۆربەی تەفسیرەکانم کردوە: بۆ وێنە:

١- (**فخرالدين الرّازي**)[2]، کە زۆر سەری دەخورێ بۆ چارەسەری ئەو ئیشکالانەی بە ڕواڵەت لەسەر هەندێك ئایەتان پەیدادەبن، دەڵێ:

کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ﴾، ئایا ئەمە چۆنە؟ ئەگەر بەس لەسەر زەوی مرۆڤ هەبن و جند هەبن، ئەدی چۆن خوا (**دابة**) پێڕۆی پاڵداوەتە لای ئاسمانەکانیش؟ (**الرازي**) سێ جۆرە وەڵامی داونەوە:

وەڵامی یەکەم: دەڵێ: (**يُضَافُ الفِعْلُ إِلَى جَمَاعَةٍ، وَإِنْ كَانَ فَاعِلُهُ وَاحِدًا مِنْهُمْ، مِثْل:** ﴿ يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٢٢﴾ ﴾الرحمن) واتە: جاری وایە کردەوەیەك پاڵدەدرێتە لای کۆمەڵەیەك، هەرچەندە ئەنجام دەرەکەی یەکێك بێ، لەوان، وەك خوا لەبارەی دەرهێنانی گەوهەرو مرواریيەوە لە دەریا لە سوورەتی (**الرحمن**)

---

(١) تفسير النابلسي: ج٨، ص٢١٠.

(٢) ج١٤، ص١٥٢.

دا، دەفەرموێ: ﴿ يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: لە دەریای سوێرو شیرین گەوهەرو مرواریی دەردەهێنرێن، لە حاڵێکدا کە گەوهەرو مرواریییەکان تەنیا لە ناوی سوێردان و، لە ناوی شیریندا پەروەردە نابن.

وەڵامی دووەم: دەڵێ: (**أَنَّ الدَّبِيبَ هُوَ الْحَرَكَةُ، وَالْمَلَائِكَةُ لَهُمْ حَرَكَةٌ**) (دَبِيب): بە مانای جووڵەیەو فریشتەش جووڵەیان هەیە، (هەروەها جندیش جووڵەیان هەیە).

پێشتریش قسەکەی (**الطبري**)مان، هێنا کە گوێ: (**الدَّابَّةُ: النَّاسُ وَالْمَلَائِكَةُ**)، (**دابة**) بریتیە لە خەڵك و فریشتەکان.

وەڵامی سێیەم: دەڵێ: (**لَا يَبْعدُ أَنْ يُقَالَ: إِنَّهُ تَعَالَى خَلَقَ فِي السَّمَوات أَنْوَاعاً مِنَ الْحَيَوَانَاتِ يَمْشُونَ مَشْيَ الأَنَاسِيِّ عَلَى الأَرْضِ**) دوورنیە بگوترێ: خوا لە ئاسمانەکاندا چەندان جۆر ژیانداری دروستکردوون، کە وەك مرۆڤان لەسەر زەوی دەڕۆن، ئەوانیش لە شوێنی خۆیان دەڕۆن، ئەوە سێ وەڵامەکەی (**فخر الدين الرازي**).

٢- (**محمد الطاهر بن عاشور**)، دەڵێ: (**وَالْعُلَمَاءُ يَتَرَدَّدُونَ فِي إِثْبَاتِ سُكَّانٍ فِي الْكَوَاكِبِ، وَجَوَّزَ بَعْضُ الْعُلَمَاءِ الْمُتَأَخِّرِينَ أَنْ فِي كَوْكَبِ الْمَرِّيخِ سُكَّاناً**)[1] واتە: زانایان لەوەدا دڵ لە دڵ دەدەن لە چەسپاندنی دانیشتووان لە خڕۆکەکانی دیکەداو، هەندێك لە زانایانی دوایین بە گونجاویان زانیوە، بە ڕێتێچوویان زانیوە کە لەسەر خڕۆکەی مەرریخ دانیشتووان هەبن.

بێگومان جارێ من بەس قسەی ئەوان دێنم، دواییش قسەی خۆم دەکەم!

٣- یەکێکی دیکە کە لەوبارانەوە قسەی زۆری کردوون، (**طنطاوي الجوهري**)یە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا بە ناوی (**الجواهر**)، لە جێیەك دا دەڵێ:

(**أَحْضِرَ روحُ گالِيْلُو وَتَحَدَّثَ حَوْلَ النُّجُومِ وَالكَواكِبِ، وأَفَادَنَا أَنَّ مِنَ السَّيَّارَاتِ مَا هُوَ خَيْرٌ مِن أَرْضِنَا، كَمَا أَنَّ شَمْسَهُ أَحْسَنُ مِنْ شَمْسِنَا، وَمِنَ الشُّمُوسِ مَا لَا سَيَّارَاتِ لَهَا إِنَّمَا أَحْوَال سُكْنَاهَا خَيْرُ الأَحْوَال**)[2].

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٥، ص٩٧.

(٢) تفسير الجواهر: ج٢٠، ص١٢.

واتـه: ڕووحـی گالیلۆیـان ئامـاده کـرد، {زانسـتێك هەیـە پێـی دەگوتـرێ: ئامادەکـردنی ڕووحـەکان} (**تحضير الأرواح**)} ئنجـا لـه بارەی ئەسـتێرەکان و خڕۆکەکانەوە قسـەی کردو پێیڕاگەیاندیـن کـه خڕۆکـەی وا هەیـە زۆر باشـتره لـه زەویەکـەی ئێمـەو، خۆرەکەشـی لـه خـۆری ئێمـه باشـتره، خـۆری واش هەیـە هیـچ خڕۆکـەی لەگەڵدانیـن {وەك چـۆن خـۆر کۆمەڵەیـەکی هەیـە نـۆ خڕۆکـەن} بەڵکـو دانیشـتووانی ئـەو خڕۆکانـه لـه باشـترین حاڵەتـدان، {ئەمـه بـه حیسـاب قسـەی گالیلۆیـه کـه ڕووحەکەیـان ئامـاده کـردوه}!

هەروەهـا (**طنطـاوي**) دەڵـێ: خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَخْرُجُ مِنْهُمَا ٱللُّؤْلُؤُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٢٢﴾ ﴾الرحمـن، ڕاسـت نیـه کـه گەوهـەرو مرواریـی تەنیـا لـه ئاوی سـوێردا دروسـت ببن و، خـواش پاڵیدابنـه لای ئـاوی شـیرین، بەڵکـو لـه ئـاوی شـیرینیش دا گەوهـەرو مـرواری دروسـت دەبـن.

٤- ئەوەی منیش تێی دەگەم ئەوەیە، کە لە ڕاستییدا ئامادە کردنی ڕووحەکان، چ ڕووحی گالیلۆ بێ، یان هەر کەسێکی دیکە بێ، ئەوە بە ئەفسانەی دەزانم و، پێم وایە ڕووحەکان لەبەر دەستی خوای پەروەردگار دان و، هیچ کەس ناتوانێ ڕووحەکان ئامادە بکات و بەس لەبەردەستی خوای پەروەردگاردان، مەگەر خوا ﷻ مۆڵەت بدات بێنە خەوی کەسێك، بۆیە ئەوەی لەو بارەوە دەگوترێ: پێم وایە هەمووی فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی جندە شەیتانەکانە لە مرۆڤەکانیان کردوە، ڕەنگە ئامادەکراوەکە هەر قەرینی ئەو کەسە بووبێ، ئەگەر زۆر زانیاریی ورد بدات لە بارەی ئەو کەسەوە، دەبێ هەر قەرینەکەی بێ، وەك هەڵخەڵەتاندنی ئەو خەڵکە کە گومڕایان بکەن، جار جار شەیتانەکان ئەوە دەکەن، ئەوە ئەفسانەیەو لە ڕاستییدا هیچ ڕووێکی عیلمیی نیە، هەرچەندە مشت و مڕو قسەی زۆری لەسەر دەکرێ.

ئایەتەکـەش کـه دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ﴾ پێـم وایـه ئـەوەی کـه (**الطـبري**) گوتوویـەتی و ئـەوەی (**الرازي**)یـش لـه ڕای دووەمـی دا گوتوویـەتی: (**أَنَّ الدَّبِيبَ هُوَ الْحَرَكَةُ، وَالْمَلَائِكَةُ لَهُمْ حَرَكَةٌ**) یـانی: (دبیـب) یـانی: جووڵـه و فریشـتەش جووڵەیـان هەیـە، ئنجـا بەمشـێوه لێکدانەوەیـە، هیـچ پێویسـت بـەوە نـاکات، بڵێیـن: جگـه لەسـەر زەوی، شـوێنێکی دیکـەش هەیـەو ژیانێکـی دیکـەی لێیـە، وەك

ژیانی سەر زەوی! چونکە ئەگەر مەبەست لە (دابة) هەر دروستکراوێك بێ حەرەکەو جموجۆڵی هەبێ، بێگومان فریشتەکانیش جموجۆڵیان هەیەو، جندیش جموجۆڵیان هەیە، وەك چۆن مرۆڤیش جموجۆڵی هەیەو، ئاژەڵان و زیندەوەران و پەرەورانیش جموجۆڵیان هەیە.

بەڵام ئەگەر گریمان لە داهاتوودا دەرکەوت، کە لە جگە لە زەوی ئێمەشدا ژیان هەیە، ئەوە ئایەتەکە دەیگرێتەوەو هیچ ناکۆکیی لەگەڵی دا نیە، بەڵام ئەم ئایەتە ئێمە ناچار ناکات بڵێین: لە گەردووندا شوێنێکی دیکەش هەیە، وەك زەوی، ژیانێکی وەك ژیانی ئێمەی لێیە، ئایەتەکە ئێمە ناچار ناکات، وابڵێین، چونکە هەر دەفەرموێ: هەموو ئەو (دابة)انەی خوا لە ئاسمانەکان و زەویدا بڵاوی کردوونەوە، (دابة)ش هەرشتێکە بجووڵێ و فریشتەکانیش دیارە زۆر زۆرن.

ئەوەی مەرریخیش کە (محمد الطاهر بن عاشور) گوتوویەتی: ئێستا دەرکەوتوە! دەڵێین: بە پێچەوانەوە ئێستا سەلمێنراوەکە مەرریخ و هەر نۆ خرۆکەکەش ژیانیان تێدانیە، نەك هەر ژیانیان تێدانیە، بەڵکو هۆکارەکانی بوونی ژیانیشیان تێدانین، نە بەرگە هەوایان هەیە، نە بەرگە ئاوییان هەیە، ئەگەر بەرگە هەواشیان هەبێ، حاڵەتێکی زۆر سادەی هەیە، بە شێوەیەکی وایە کە هێندە ئۆکسجینی لێ نیە، بۆیە ئەوانەی کە چوونە سەر مانگیش ئۆکسجینیان لەگەڵ خۆیان بردوەو بە پەلەش گەڕاونەوە، بۆ ئەوەی ئەو ئۆکسجینەی پێیانە تەواو نەبێ.

بۆیە تاکو ئێستا زانست ئەوەی بۆی دەرکەوتوە، ئەوەیە کە جگە لەو زەوییەی ئێمەدا، ژیان نیە ژیانێکی وەك هی ئێمە، بەڵام دیارە ژیانی جندو فریشتانیش و ژیانی دروستکراوانێکی دیکەش کە خوا باسی نەکردوون بۆمان، ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام ژیانی وەك هی ئێمە، تاکو ئێستا ئەوەی زانست پێیگەیشتوە هەر لەم سەر زەوییەی ئێمە، هەیەو، ئەو بارودۆخەی خوا ﷻ هەڵیخستوە، بەجۆرێکە کە ژیانی مرۆڤ تەنیا لەم سەر زەوییەی ئێمە هەبێ.

مەسەلەی چوارەم:

هیچ بەڵاو گرفتارییەك بەسەر خەڵك نایەت، مەگەر بە هۆی هەڵەو كردەوەی خراپی خۆیانەوە، زۆرجاریش خوا چاوپۆشیی دەكات، مرۆڤەكانیش دەستەوسانكەری خوا نین، لەسەر زەوی، جگە لەویش هیچ سەرپەرشتیارو پشتیوانێكیان نیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٍ ۝٣٠ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ۝٣١ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ﴾ {خوا دەفەرموێ} هەر بەڵایەكتان بەسەر دێ، بەهۆی ئەوەوەیە كە دەستەكانی خۆتان ئەنجامیان داوە، ﴿ فَبِمَا كَسَبَتۡ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (بِمَا كَسَبَتْ) واتە: بەبێ (ف)ەكە، وشەی (المصِيبَةُ: إسْمٌ للمُصِيبَةِ الَّتِي تُصِيبُ بِضُرٍّ وَمَكْرُوهٍ) (مُصِيْبَة) یانی: تووشكەر، ناوە بۆ ئەو بەڵایەی كە كەسێك تووشی زیان و ناڕەحەتیی دەكات، كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ﴾، واتە: هەر بەڵایەكتان بەسەردێ دەرهاویشتەی كردەوە خراپەكانی خۆتانە، خۆتان پێشەكییەكانی پەیدابوونی ئەو دەرەنجامە دەڕەخسێنن، بەڵایەكان كە بەسەرتان دێن، دەرەنجامن و پێشەكییەكانیان خۆتان دەیانڕەخسێنن، بۆ وێنە: كەسێك تووشی نەخۆشیی شەكرە دێ، تووشی نەخۆشیی فشاری خوێن دێ، تووشی سەرەتان دێ، بە هۆی جگەرە كێشانەوە، بە هۆی خواردنی ناتەندروستەوە، بە هۆی دەرمانی ئێكسپایەرەوە، كە بە داخەوە لەم وڵاتی ئێمەدا، ئەوە زۆر بووە، ئەوە كردەی دەستی خۆتانە، كە تووشی ئەو بەڵایانە دێن، یان كەسێك دەچێت كەمتەرخەمیی دەكات لە خۆپاراستنیدا، لە ڕووی تەندروستییەوە، یاخود لە كاتی ناڕەحەتییەكاندا، لە كاتی سەرماو گەرمادا، ئەوە مانای وایە بە هۆی كەمتەرخەمیی خۆیەوەیەتی، تووشی ئەو

بەڵایانە دێ، هەندێ بەڵاش بەسەر مرۆڤ دێن، لە ئەنجامی ئەوەدا کە مرۆڤ گوناهو تاوانی کردوە، خراپەی کردوە، بۆ وێنە: خوا ﷻ لە بارەی جەنگی ئوحودەوە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا كَسَبُواْ ﴿١٥٥﴾ ﴾آل عمران، واتە: ئەوانەی کە لە ڕۆژی پێکگەیشتنی دوو کۆمەڵەکەدا، پشتیان لە دوژمن کرد، شەیتان خلیسکاندنی، بە هۆی هەندێك لەو گوناهانەوە کە پێشتر کردبوویانن.

٢)- ﴿ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴾، لە زۆریش دەبوورێ (كَثِيرٍ صِفَةٌ لِمَحْذُوفٍ، أي: عَنْ خَلْقٍ أَو ناسٍ كَثِيْرٍ)، (كثير) سیفەتی وەسفکراوێکی فڕتێنراوە، لە خەڵکێکی زۆریش دەبوورێ، هەموویان سزا نادات، لە ئەنجامی ئەوەدا کە خراپەیان کردوە، (أي: لَا يُصِيْبُ كَثِيْرًا مِنْ عِبَادِهِ الَّذِيْن اسْتَحَقُّوا جَزَاء السُّوء، بِعُقُوبَاتٍ دِنْيَوِيَّة) زۆرێك لە بەندەکانی کە شایستەن سزابدرێن، بەسزا دنیاییەکان سزایان نادات لە دنیادا.

٣)- ﴿ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئێوەش دەستەوسانکەرنین لە زەویدا، واتە: دەستەوسانکەری خوا نین، (الْمُعْجِزُ: الغَالِبُ غَيْرَه مِنْ فَلَاته مِنْ قَبْضَتِه) (مُعْجِز): ئەوەیە کە بەسەر بەرانبەرەکەیدا زاڵ بێ و لە چنگی قوتاربێ و، ئەو دەستەوسان بکات.

٤)- ﴿ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴾، ئێوەش جگە لەخوا هیچ سەرپەرشتیارو هیچ یارمەتییدەرێکیشتان نیە، لە بارەی ئەوەوە کە لە ئەنجامی گوناهو تاوانان‌دا مرۆڤ تووشی بەڵاو گرفتارییان دێ، فەرمایشتێکی پێغەمبەر هەیە ﷺ کە دەفەرموێ:

{مَا اخْتَلَجَ عِرْقٌ وَلَا عَيْنٌ إِلَّا بِذَنْبٍ، وَمَا يَدْفَعُ اللَّهُ عَنْهُ أَكْثَرُ} (أخرجه الطبراني في «المعجم الصغير»: ١٠٥٣، وعنه أبو نعيم في «أخبار أصبهان» (٢ / ٢٤٧) وَصَحَّحَهُ الألباني في «الصحيحة»: ٢٢١٥).

واتە: هیچ دەمارێك و هیچ چاوێك تووشی کەم و کوڕیی نەبووە، مەگەر بە هۆی گوناهێکەوە، ئەوەی خواش لایدەبات زیاتریشە.

واتە: مەرج نیە هەر کاتێك مرۆڤ هەڵەو گوناهی کرد، خوا ﷻ سزای بدات، یاخود دەرهاویشتەکەی لە دنیادا ببینێ.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

کەشتییەکانیش کە لە دەریادا وێنەی چیاکانن، لە نیشانەکانی خوان، ئەگەر خوا بیەوێ بایەکان ڕادەگرێ و کەشتییەکان لەسەر پشتی دەریا دەوەستن، لەوەدا نیشانەی زۆر هەن بۆ زۆر خۆڕاگرانی زۆر سوپاسگوزار بۆ خوا، هەروەها دەگونجێ خوا کەشتییەکان نغرۆ بکات، بێبڕوایانی مشت و مڕکەریش بزانن، کە شوێنی قوتاربوونیان نیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ ﴿٣٢﴾ إِن يَشَأْ يُسْكِنِ ٱلرِّيحَ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهْرِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٣٣﴾ أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا۟ وَيَعْفُ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٤﴾ وَيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٣٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ ﴾، کەشتییە ڕۆیشتووە وەك چیایەکانیش لە نیشانەکانی وین، {لە نیشانەکانی خوان، نیشانەکانی پەروەردگاریتیی خواو بەدیهێنەرایەتیی خواو خاوەنداریتیی خوا} ﴿ ٱلْجَوَارِ فِى ٱلْبَحْرِ ﴾، (جَوَارِ) بە دوو جۆر خوێنراوەتەوە:

أ- بە ژێر (كسر) (**جَوَارِ**)، **ب**- بە (ی)اش، (**الجَوَارِي**)، کۆی (**جَارِيَة**)یە، واتە: ڕۆیشتوو لەسەر ئاو، کە ئەمە ئاوەڵناوی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (**وَمِنْ آيَاتِهِ السُّفُن الجَوَارِ**) کەشتییە ڕۆیشتووەکانن، ﴿ فِى ٱلْبَحْرِ ﴾، لە دەریادا، (**كَالأَعْلَام**)، (**أَعْلَام**) کۆی (**عَلَمْ**)ە، (**عَلَمْ**)، واتە: چیا، لە ئەسڵ دا (**عَلَمْ**)، نیشانەیەکە ڕێی پێ بزانرێ، یاخود نیشانەیە بۆ شتێك، ئنجا لەبەر ئەوەی چیایەکان بەرزن، بە (**أَعْلَام**) ناودەبرێن، واتە: کەشتییەکان لە دەریادا وەك چیا بەرزەکان وان.

٢)- ﴿ إِن يَشَأْ يُسْكِنِ ٱلرِّيحَ ﴾، ئەگەر خوا بیەوێ با دەوەستێنێ، (رِیْح)یش، بە دوو شێوە خوێنراوەتەوە: أ- (**الرِّيْح**). ب- (**الرِّيَاح**)، (**إِن يَشَأْ**) ئەگەر خوا بیەوێ (**يُسْكِنِ الرِّيح**)

بایــەکە دەوەســتێنێ، (يُسْكِن الرِّيَــاح) بایەکان ڕادەگرێ، (إن يَشَـأ)یش، دیســان: أ- خوێندراوەتەوە: (إن يَشَأ) بەهەمزە، ب- خوێندراویشتەوە: (إن يشا)، بەبێ هەمزە (أ).

٣)- ﴿ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهْرِهِۦٓ ﴾، ئەوکاتەش کەشتییەکان لەسەر پشتی دەریا ڕادەوەستن، (رَوَاكِد) کۆی (رَاكِدة)یە، (رَاكِدَة)ش واتە: نیشتوو، لەنگەر گرتوو، وەستاو، (الرُّكُودُ: الإسْتِقْرَارُ والثُّبُوت)، (رُكود): بریتیە لە چەسپان و نەجووڵان، ئەگەر بایەکان بوەستن - بە تایبەتی کاتی خۆی کە کەشتییەکان چارۆکەدار بوون - کەشتییەکان لەسەر پشتی دەریا ڕادەوستن، ناجووڵێن.

کـە دەفەرمـوێ: (ظَهْـرِه) واتـە: پشـتی دەریـا، (ظَهْـر) بـە پشـتی مـرۆڤ و ئاژەڵیـش دەگوتـرێ، بـەڵام بەسـەرەوەی هـەر شـتێکیش دەگوتـرێ، (وَيُطْلَـقُ عَـلَى أَعْـلَى الـشَّيءِ إِطْلَاقًا شَـائِعًا) واتـە: لەسـەر ڕووی دەریـا دەوەسـتن.

٤)- ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴾، بەڕاستیی لەوەدا، نیشانە زۆر هەن، بۆ هەر زۆر خۆڕاگرێکی زۆر سوپاسگوزار، واتە: بۆ هەر کەسێکی بڕوادار، چونکە بابای بڕوادار، هەم خاوەنی خۆڕاگرییەو هەم خاوەنی سوپاسگوزارییە، هەم لە بەرانبەر بەڵادا خۆی ڕادەگرێ، هەم لە بەرانبەر نیعمەتدا سوپاسگوزار دەبێ، لە ڕاستییدا ئەوانەی لە دیاردەو دیمەنەکانی گەردوون بەهرەمەند دەبن، بڕوادارانن، بە چاوی دڵ تەماشا دەکەن، دەستی خوایان لە پشتدا دەبینن.

(محمـد الطاهـر بـن عاشـور) دەڵـێ: (وَجَعَـلَ ذَٰلِكَ آيَـةً لِـكُلِّ صَبَّـارٍ شَـكُورٍ لِأَنَّ فِي الْحَالَتَيْنِ خَوْفًـا وَنَجَـاةً، وَالْخَـوْفُ يَدْعُـو إِلَى الصَّـبْرِ، وَالنَّجَـاةُ تَدْعُـو إِلَى الشُّـكْرِ، أي: مُؤْمِـنٍ مُتَخَلِّـقٍ بِخُلُقِ الصَّبْرِ عَـلَى الـضَّرَّاءِ وَالشُّـكْرِ لِلسَّرَّاءِ)[1] واتـە: بۆیـە خـوا ﷻ فەرموویـەتی: لـەوەدا نیشـانە هـەن بـۆ هـەر زۆر خۆڕاگرێـکی زۆر سوپاسـگوزار، چونکـە لـە هـەردوو حاڵەتەکانـدا تـرس هەیـەو قوتـار بوونیـش هەیـە، ترسـەکە خوازیـاری ئەوەیـە مـرۆڤ خۆڕابگـرێ و، دەربازبوونەکـەش خوازیـاری ئەوەیـە مـرۆڤ سوپاسـگوزار بـێ، ئنجـا ئەمـەش سیفەتی

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٥ ص١٠٦.

بڕواداریکە کە خۆی بە صەبرو شوکر ڕازاندۆتەوە، صەبر لە گرفتاریياندا، شوکر لە بەرانبەر نیعمەت و چاکەکانی خوادا.

٥)- ﴿ أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا ﴾، یان {خوا ئەگەر بایەکانیش ڕانەگرێ و کەشتییەکان بمێنێنەوە لەسەر پشتی دەریا} کەشتییەکان نغرۆ بکات، بەهۆی ئەوەوە کە کردوویانە. واتە: بایەکە توند بکات، گەردەلوول بێ و کەشتییەکان نغرۆ بکات، (بِمَا كَسَبُوا) واتە: بە هۆی ئەوەوەکە سەرنشینان و کەشتییەکان سورابووانی کەشتییەکان کردوویانە لە تاوان و خراپە.

٦)- ﴿ وَيَعْفُ عَن كَثِيرٍ ﴾، لە زۆریش دەبووریّ، (وَيَعْفُ) هەم بە بۆر (ضمة) خوێنراوەتەوە، هەم بە واویش (وَيَعْفُو)، یانی: خوا زۆرجاریش دەبووریّ، یان: لە زۆر کەسیش دەبووریّ، شایستەی ئەوەن کە کەشتییەکەیان نغرۆ بکات، بەڵام نغرۆی ناکات.

٧)- ﴿ وَيَعْلَمَ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴾، ئەوانەش کە لە بارەی ئایەتەکانمانەوە شەڕە قسە دەکەن، دەزانن هیچ پەناگەیەکیان نیە. ئەمە بە: (يَعْلَمَ) خوێنراوەتەوەو، بە (يَعْلَمُ)ش، خوێنراوەتەوە، ئەوانەش کە لە دژی ئایەتەکانی ئێمە مشت و مڕ دەکەن، دەزانن شوێنی دەربازبوونیان نیە، (مَحِيص، أي: مَخْلَص وَمَلْجَأ) پەناگە، شوێنی دەربازبوون، شوێنی پەنا پێبردن، ئەگەر بفەرموێ: (وَيَعْلَمَ الَّذِيْنَ يُجَادِلُوا فِي آيَاتِنا) واتە: خوا ئەوە دەکات تاکو ئەوانەی مشتومڕ لە دژی ئایەتەکانی ئێمە دەکەن، بزانن، کە شوێنی دەربازبوونیان نیە، بەڵام ئەگەر (يَعْلَمُ) بێ، واتە: ئەوانە دەزانن کە لە دژی ئایەتەکانی ئێمە مشتومڕ دەکەن، هیچ شوێنی دەربازبوونیان نیە، کاتێك خوا بیەوێ سزایان بدات و بەڵایان بۆ بنێرێ.

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە یـازدە (١١) ئایـەت پێکـدێ، کە بریتین لـە ئایەتـەکانی: (٣٦ - ٤٦)، لـە هەشـت ئایـەتی سـەرەتایاندا، خـوا ﷻ پێناسـەی کۆمەڵـی مسـوڵمانمان بـۆ دەکات، لە میـانی خسـتنەڕووی دە (١٠) لـە خەسـڵەتە بـەرزو پەسـندەکانیادا، کـە بریتین لە:

١)- ئیمان.

٢)- پشت بە خوا بەستن.

٣)- خۆدوورگرتن لە گوناهە گەورەکان و، دزێو و قێزەونەکان.

٤)- لێبوردن لە کاتی توڕەبووندا.

٥)- بە دەم بانگی خواوە چوون.

٦)- نوێژ بەرپاکردن.

٧)- کاروبار بە ڕاوێژ بەڕێوەبردن لە نێو خۆدا.

٨)- بەخشین لە بژێوی خوا پێداودا.

٩)- بەرگریی لە خۆکردن لە کاتی ستەم لێکراندا.

١٠)- چاوپۆشیی و چاکسازیی لە هەڵەکاران، لە کات و شوێنی خۆیدا.

لـە سـێ ئایـەتی دواییشـدا، ئایەتـەکانی: (٤٤ - ٤٦) خوای دادگەر باسـی سـەرەنجامی شـووم و دژواری سـتەمکارانی گومـڕا دەکات، کـە زۆر بەزەبوونیـی و بەتـرس و لەرزەوە، لەسـەر دۆزەخ ڕادەنوێنرێـن، هیچ کەسـیش نابێتـە سەرپەرشـتیارو یارییدەدەریان.

﴿ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ
رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ

﴿٣٧﴾ وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ ﴿٣٨﴾
وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾ وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ
فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿٤٠﴾ وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَٰئِكَ مَا عَلَيْهِمْ مِنْ
سَبِيلٍ ﴿٤١﴾ إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَٰئِكَ
لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٢﴾ وَلَمَنْ صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ ﴿٤٣﴾ وَمَنْ يُضْلِلِ
اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ وَلِيٍّ مِنْ بَعْدِهِ وَتَرَى الظَّالِمِينَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ
مَرَدٍّ مِنْ سَبِيلٍ ﴿٤٤﴾ وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ يَنْظُرُونَ مِنْ
طَرْفٍ خَفِيٍّ وَقَالَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ
يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا إِنَّ الظَّالِمِينَ فِي عَذَابٍ مُقِيمٍ ﴿٤٥﴾ وَمَا كَانَ لَهُمْ مِنْ أَوْلِيَاءَ
يَنْصُرُونَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ سَبِيلٍ ﴿٤٦﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان

{(ئەی مرۆڤەكان!) هەر شتێكتان پێدراوە، ڕابواردنێكی كەمی ژیانی دنیایەو، ئەوەی لە لای خوایە (لە ڕۆژی دواییدا) چاكترو بەردەوامترە، بۆ كەسانێك بڕوایان
هێنابێ و، پشت بە پەروەردگاریان ببەستن ﴿٣٦﴾ هەروەها ئەوانەی خۆیان لە
گوناهە گەورەكان و دزێوو ناقۆڵایەكان دەپارێزن و، هەر كاتیش تووڕەبوون، ئەوان (لەو كەسانەی تووڕەیان كردوون) دەبوورن ﴿٣٧﴾ هەروەها ئەوانەی
وەڵامی پەروەردگاریان داوەتەوەو، نوێژیان بەرپاكردوەو، كاروباریان لە نێو خۆیان بەڕاوێژەو، لەوەی كردوومانەتە بژیویان دەبەخشن ﴿٣٨﴾ دیسان ئەوانەی
هەر كات دەستدرێژیی و ستەمیان تووش بوو، بەرگریی لە خۆیان دەكەن و،

تۆڵە دەستێننەوە ﴿٣٩﴾ سزای خراپەیەکیش، خراپەیەکی وەك خۆیەتی و، هەر کەسیش چاوپۆشیی کردو چاکسازیی کرد، پاداشتی لەسەر خوایە، بە دڵنیایی ئەو ستەمکارانی خۆشناوێن ﴿٤٠﴾ هەر کەسێکیش دوای ستەملێکرانی تۆڵە بکاتەوە، هیچ ڕێی گلەییان لەسەر نیە، ﴿٤١﴾ بەڵکو ڕێ(ی گلەیی و ڕەخنە) لەسەر ئەوانەیە کە ستەم لە خەڵك دەکەن و، بە ناهەق سنوورشکێنیی لەسەر زەویدا دەکەن، ئەوانە ئازارێکی بە ئێش و ژانیان هەیە (لە ڕۆژی دواییدا) ﴿٤٢﴾ هەر کەسێکیش خۆڕاگریی بکات و لێببووریّ، بێگومان ئەوە لە کارە گەورەو گرنگەکانە (کە پێویستییان بە ویستێکی قایم و مەحکەم هەیە) ﴿٤٣﴾ هەر کەسێکیش خوا گومڕای بکات، دوای وی، هیچ دۆست و سەرپەرشتیاری نین و، ستەمکارانیش دەبینی کاتێك ئازار (ی دۆزەخ) دەبینن، دەڵێن: ئایا هیچ ڕێی گەڕانەوە هەیە؟ ﴿٤٤﴾ هەروەها دەیانبینی بە زەبوونیی لەسەر (ئاگر) ڕادەنوێنرێن و، لەبەر شەرمەزاریی بە سیلەی چاو تەماشادەکەن و، ئەوانەی بڕوایان هێناوە دەڵێن: بە دڵنیایی زیانباران ئەوانەن کە لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، خۆیان و کەس و کاریان دەدۆڕێنن، (لەدەست دەدەن) ئەها (بزانن!) ستەمکاران لە ئازارێکی بەردەوام و نەبڕاوە دان ﴿٤٥﴾ هیچ دۆست و سەرپەرشتیارانیان نەبوون لە بەرانبەر (سزای) خوادا سەریان بخەن و، هەر کەسیش خوا سەرگەردانی بکات، هیچ ڕێیەکی نیە (لێیەوە قوتار بێ) ﴿٤٦﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَٱلْفَوَٰحِشَ): (الفُحْشُ والفَحْشَاءُ والفَاحِشَةُ: مَا عَظُمَ قُبْحُهُ مِنَ الأَفْعَالِ وَالأَقْوَالِ) مانای هەر سێ وشەی: (فُحْش، فَحْشَاء، فَاحِشَة): بریتیە لە هەر کردەوەیەك و، هەر قسەیەك، کە زۆر دزێوو ناشیرین و ناقۆڵاو قێزەون بێ.

(شُورَىٰ): واتە: ڕاوێژ، (الشُّورَى: الأَمْرُ الَّذِي يُتَشَاوَرُ فِيهِ)، (شوری): بریتیە لە کارێك کە ڕاوێژی تێدا بکرێ، (التَّشَاوُرُ والمُشَاوَرَةُ والمَشُورَةُ: اسْتِخْرَاجُ الرَّأْيِ بِمُرَاجَعَةِ البَعْضِ إِلَى البَعْض) مانای هەر سێ وشەی: (تَشَاوُرٌ، مُشَاوَرَةٌ، مَشُورَة): بریتیە لە دەرهێنانی ڕای ڕاست، بە هۆی ئەوەوە کە هەندێکیان قسە لەگەڵ هەندێك دەکەن و، پێکەوە دیالۆگ و وتووێژ دەکەن.

(يَنتَصِرُونَ): واتە: بەرگریی لەخۆیان دەکەن، (الإِنْتِصَارُ والإِسْتِنْصَارُ: طَلَبُ النُّصْرَةِ، وَالإِنْتِقَامُ، وَالإِمْتِنَاعُ مِنَ الظُّلْمِ)، (إِنْتِصَارٌ وإِسْتِنْصَار): هەردووکیان بە سێ واتایان دێن: داواکردنی یارمەتیی، تۆڵەستاندنەوە، ملنەدان بۆ ستەم و زوڵم، (بەرگریی لە خۆکردن).

(سَبِيلٍ): (أَي: طَرِيق)، ڕێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: (مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ)، هیچ بیانوویەك نیە، یاخود هیچ ڕێیەك نیە کە ڕەخنەیان لێبگیرێ.

(عَزْمِ ٱلْأُمُورِ): ئەو کارانەی کە پێویستییان بە ویستێکی پتەو و مەحکەم دەکات، (العَزْمُ والعَزِيمَةُ: عَقْدُ القَلْبِ عَلَى إِمْضَاءِ الأَمْر) (عَزْمٌ وعَزِيمَةٌ): بریتیە لە دڵ دامەزراندن لەسەر جێبەجێ کردنی کارێك، (عَزْمِ ٱلْأُمُورِ): (الأُمُور العَازِمَة، العَازِمة أَصْحَابها) ئەو کارانەی خاوەنەکانیان، ئەنجامدەرەکانی ئەو کارانە، خاوەن عەزم و بڕیاری پتەون، هەندێکیش گوتوویانە: (عَزْمِ ٱلْأُمُورِ) واتە: (الأُمُور المَعْزُومَة) واتە: ئەو کارانەی عەزمیان لەسەر جەزم کراوە، بە ویستێکی پتەوەوە، ئەنجامدراون.

(مَّرَدٍّ): (المَرَدُّ: الرُّجوعُ وَالمَرْجِعُ)، (مَردّ): یان چاوگی میمییە، بە مانای (رُجوع) ە، گەڕانەوە، یاخود ناوی شوێنە (المَرْجِع) شوێنی بۆلا گەڕانەوە.

(يُعْرَضُونَ): واتە: ڕادەنوێنرێن، عەرز دەکرێن، (عَرَضْتُ الشَّيءَ عَلَى البَيْعِ، وَعَلَى فُلَانٍ وَلِفُلَانٍ) ئەو شتەم بۆ فرۆشتن ڕانواند، یان ئەو شتەم بۆ فلانکەس ڕانواند، کە دەگونجێ بڵێ: (عَرَضْتُ عَلَى فُلَانٍ، أو لِفُلَانٍ) لەسەریم ڕانواند، یاخود بۆیم ڕانواند.

(ٱلذُّلِّ): (الذُّلُ: مَا كَانَ عَنْ قَهْرٍ، يُقَالُ: ذَلَّ يَذِلُّ ذُلاً) (ذُلّ): بریتیە لە زەبوونییەك، ملكەچییەك بە هۆی ئەوەوە بەرانبەرەكەی دەستەڵاتی بەسەردا ڕاناوە، تووشی مرۆڤ ببێ، دەگوترێ: (ذَلَّ يَذِلُّ، ذُلًا)، بەڵام (الذُّلُ: مَا كَانَ بَعْدَ تَصَعُّبٍ، وَشَمَاسٍ) (ذِلّ): بریتیە لەوەی وڵاخێك دوای ئەوەی جەنەی گرتوەو یاخیی بووە، دەستەمۆ بێ .

(طَرْفٍ): (طَرَفُ الشَّيءِ: جَانِبُهُ)، تەرەفی شتێك بریتیە لە لایەکی ئەو شتە، (وَطَرْفُ العَيْنِ: جَفْنُهُ) تەرفی چاو، واتە: پێڵووی چاو، (وَالطَّرْفُ: تَحْرِيكُ الجَفْنِ، وَعُبِّرَ بِهِ عَنِ النَّظَرِ) (طَرْف): بریتیە لە جووڵاندنی پێڵووی چاو، کە تەعبیری پێکراوە لە ڕوانین، کەواتە: (طَرْف): بە مانای ڕوانینەو، بە مانای جووڵاندنی پێڵووی چاوە، کە دەفەرموێ: (مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ) واتە: بە سیلە چاو، یاخود (مُسَارَقَةُ النَّظَرِ) واتە: تەماشاکردنێکی پەنهان و بە دزیی.

(مُّقِيمٍ): (أي: مُسْتَمِرٍ وَدَائِمٍ)، بەردەوام، شتێك بەردەوام بێ و درێژەی هەبێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەك لە پێناسەی ئەم دەرسەدا گوتمان: خوا ﷻ لەم یازدە ئایەتەدا، لە هەشت ئایەتی یەکەمیاندا بە دە (١٠) سیفەتیان باسی کۆمەڵی مسوڵمان، کۆمەڵی بڕوادار دەکات، کاتێکیش ئەو ئایەتە موبارەکانە لە وەسف و پێناسەی کۆمەڵی بڕواداران هاتوونە خوار، کە ئەوان لە مەککە بوون، چونکە وەك پێشتر گوتمان: ئەم سوورەتە موبارەکە ئەگەر لەساڵی هەشتەمی پێغەمبەرایەتیی دا یان نۆیەمدا دابەزیبێ، واتە: چوار پێنج ساڵ بەر لەوەی مسوڵمانان لەمەککەوە کۆچ بکەن بۆ مەدینەو، ببنە خاوەنی قەوارەی سیاسیی و دەوڵەتی خۆیان.

کەواتە: ئەو دە (١٠) سیفەتەی خوا ﷻ لێرەدا پێناسەی ئەو کۆمەڵە مسوڵمانەیان پێدەکات، یانی: مسوڵمانینە! ئێوە هەر کاتێك بێن بە شێوەی کۆمەڵێك و کۆمەڵگایەك، خەڵکێکی مسوڵمان، پێویستە ڕازاوەبن بەو دە (١٠) سیفەتانە، ڕازاوەبن بە هەموو سیفەتێکی بەرزو جوان، کە ئەم دەیە، دە (١٠) سیفەتی سەرەکیین، لە بەر ئەوەی هەموو بوارەکان، یان زۆربەی هەرە زۆری بوارو لایەنەکانی ژیان و، دینداریی و دنیاداریی دەگرنەوە، هەشت ئایەتی یەکەم بۆ خستنەڕووی ئەو دە سیفەتە تەرخانکراون و، سێ ئایەتی دواییش بۆ خستنە ڕووی سەرەنجامی شووم و دژوارو سەختی بێبڕوایان لە ڕۆژی دواییدا تەرخانکراون.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴾، ئەمە وەك توێژەرەوانی قورئان و شارەزایانی ڕێزمانی عەرەبیی دەڵێن: لق لێکردنەوە (تفريع) یەو شیکردنەوەیە لەسەر ڕستەیەکی پێشوو، واش پێدەچێ ئەم ئایەتە موبارەکە بێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوۡ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزۡقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٖ مَّا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرُۢ بَصِيرٞ ﴿٢٧﴾ ﴾، دوایی دەفەرموێ: ﴿ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن

شَيۡءٖ ﴾، هەر شتێك كە پێتان دراوە، یانی: هەرچەندە زۆربێ، هەرچی پێتاندراوە، ﴿ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ ﴾، بەهرە وەرگرتنی ژیانی دنیایە، ڕابواردنی كەمی ژیانی دنیایە، (متاع): بریتیە لە هەر شتێك بەهرەیەكی كەم و كاتیی لێوەربگیرێ، (مَا يُتَمَتَّعُ بِهِ مُؤَقَّتاً) هەر شتێك بە شێوەی كاتیی بەهرەی لێ وەربگیرێ، پێی دەگوترێ: (متاع)، یانی: هەرچی كەپێتان دراوە با زۆریش بێ، هەر ڕابواردنێكی كەمە، چونكە (مِن) كە دەچێتە سەر (شَيء) واتە: هەر لە سەرەتای هەر شتێكی كەمەوە، تاكو هەر شتێكی زۆر، هەرچی پێتاندراوە لە ژیانی دنیادا، هەمووی ڕابواردنێكی كەمی دنیایە، ﴿ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾، بەڵام ئەوەی لە لای خوایە، كە بەهەشتە، ﴿ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰ ﴾، باشترە و بەردەوامتریشە، بەڵام بۆ كێیە؟ ﴿ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾، بۆ ئەوانەی بروایان هێناوەو پشتیشیان بەس بە پەروەردگاریان دەبەستن، یانی: بروایان هێناوە بە سەرجەم ئەو شتانەی پێویستە بروایان پێ بهێنرێ:

١- بروایان بە خوا ﷻ هێناوە، وەك تاكە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن و پەرستراوی خۆیان.

٢- بروایان بە فریشتەكانی خوا هێناوە.

٣- بروایان بە كتێبەكانی خوا هێناوە.

٤- بروایان بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامَ) هێناوە.

٥- بروایان بە ڕۆژی دوایی هێناوە.

٦- بروایان بە نەخشەو ئەندازەگیریی خوا ﷻ هێناوە بۆ هەموو شتێك.

﴿ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾، ئەوانەی كە تەنیا پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، پەروەردگاریان دەكەنە وەكیل و كارپێسپێردراوی خۆیان، پشتیان بە پەروەدگاریان قایمە، كەواتە: بەهەشت لە گرەوی كەسانێكدایە خاوەنی ئەو سیفەتانەن، كە ئێستا باس دەكرێن:

سیفەتی یەکەم: (آمنوا) کۆمەڵێك کە بە هەشتی خوا شایستەیانەو، خوا بەهەشت دەکاتە شایستەیان، ئەو بەهەشتەی کە زۆر باشترە لە ژیانی دنیاو، لەگەڵی دا بەراورد ناکرێ و بەردەوامتریشەو نابڕێتەوە، لە گرەوی کەسانێکدایەو بۆ کەسانێك تەرخانکراوە، کە: ئیمانیان هێناوە، بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێهێنرێ، بڕوا (إیمان)یش وەك پێشتر زۆرجار گوتوومانە: چوار پێکهێنەری هەن:

أ- زانینی عەقڵ.

ب- پەسندکردن و قبووڵکردنی دڵ.

ج- دانپێداهێنانی زمان.

د- جێبەجێ کردنی ئەندامەکان، چونکە ئینسان ئەو چوار هێزەی هەن:

١- هێزێکی هەیە، شتی پێ دەزانێ، کە عەقڵە.

٢- هێزێکی هەیە، شتی پێ دەوێ، یان خۆشدەوێ، یان قبووڵ دەکات، یان ڕەفز دەکات، کە دڵە، ئیرادەیە.

٣- هێزێکی هەیە، ئەوەی دەیەوێ پێی دەردەبڕێ، کە زمانیەتی.

٤- هێزێکیشی هەیە، ئەوەی بیەوێ، پێی جێبەجێ دەکات، کە ئەندامەکانی و هێزی جەستەیەتی، ئنجا ئیمان پەیوەندیی بە هەر کام لەو چوار هێزەی مرۆڤەوەیە هەیە: هێزی ئیدراکیی، هێزی ئیرادیی، هێزی تەعبیریی، هێزی تەنفیزیی.

بەڵێ ئیمان لە کۆی هەر چوار پێکهاتەکە پێکدێ، ئیمان واتە: تۆ خوا ﷻ و فریشتەکانی خواو کتێبەکانی خواو پێغەمبەرانی خواو ڕۆژی دوایی و، هەر شتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایەن خواوە هەواڵی پێداوە، بە عەقڵ دەرکی بکەی و بیزانی، بە دڵ قبووڵی بکەی و پەسندی بکەی، بە زمان دانی پێدابێنی و، بە ئەندامەکانیش بە پێی توانا، بە گوێرەی ئەوە بەڕێوەبچی و ڕەفتاری پێ بکەی.

سیفەتی دووەم: ﴿ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ تەنیا پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، نە پشت بە خۆیان دەبەستن، نە بە خزمیان، نە پارەو سامانیان، نە بە فڵان دەوڵەت، نە بە فڵانکەس، بەڵکو پشتیان تەنیا بە خوا قایمە، بەڵام ئایا پشت بە خوا بەستن، مانای وایە هۆکارەکان ڕەچاو نەکەین؟ نەخێر، وەك زۆر جار گوتوومانە: پشت بە خوا بەستن، لەگەڵ بەستنەوەو دەست بۆ هۆکار بردن دا، ناکۆك نین، چونکە ئەو خوایەی پێت دەفەرموێ: پشتت پێم ببەستە، هەر ئەویش دەفەرموێ: دەست بۆ هۆکارەکان بەرە، هۆکارەکان دەستەبەر بکە، خوا ﷻ لە مەدحی (**ذو القرنین**)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ ﴾الكهف، واتە: ئێمە لە زەویدا دەست ڕۆیشتوومان کردبوو و بۆ هەرشتێك هۆکارمان پێدابوو، شوێن هۆکارەکە دەکەوت و بە هۆی هۆکارەکانەوە دەگەیشتە ئامانجەکانی.

ئەو عەرەبە خێڵەکییەی هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ حوشترێکی پێ بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! حوشترێکم پێیە، بیبەستمەوەو پشت بە خوا ببەستم، یان بەرهەڵدای بکەم و پشت بە خوا ببەستم؟ فەرمووی: {**اعْقِلْهَا وَتَوَكَّلْ**} (**أخرجه الترمذي: ٢٥١٧، وإبن حبّان: ٧٣١، وصححه الألباني في «صَحِيح الْجَامِع»: ١٠٦٨**)، واتە: بیبەستەوەو پشت بە خوا ببەستە، چونکە بەستنەوە لەگەڵ پشت بە خوا بەستن دا تێکناگیرێ، بەستنەوە، ئیشی دەستانە، ئیشی جەستەیە، پشت بە خوا بەستنیش، ئیشی دڵ و دەروونە.

سیفەتی سێیەم: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ ﴾، هەروەها ئەوانەی دووریی دەگرن لە گوناهە گەورەکان و، لە گوناهە ناقۆڵاو ناشیرینەکان، ﴿ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ ﴾ (**كَبائر**) كۆی (**كَبِيرة**)یە، كە پاڵ دراوەتە لای (**إثم**) واتە: گوناهە گەورەکان، (**فواحش**)یش كۆی (**فاحشة**)یە، یانی: ئەو گوناهانەی گەورەن و، دزێوو ناشیرن و ناقۆڵان، خۆیانیان لێ دوور دەگرن، كە دوایی ئێمە لە مەسەلە گرنگەکاندا، پێناسەی گوناهە گەورەکان و، گوناهە دزێو و ناقۆڵایەکان دەکەین،

کورتەکەی ئەوەیە: گوناهی گەورەو ناقۆڵا، هەر گوناهێکە: یان سزای دنیایی لەسەربێ، یاخود هەڕەشەی قیامەتیی لەسەربێ، کە بەو پێیە بێ، هەر کام لە: شیرك و، کوفرو، نیفاق و، خیانەت و، دزیی و، زیناو، کوشتن و، ڕێگریی و، قومارو، مەیخۆریی و، غەیبەت و، درۆکردن و، قسەهێنان و بردن و، بوختانکردن و، جاسووسیی کردن و، هەموو ئەوانە گوناهی گەورەن، چونکە هەموویان، یان سزای دنیاییان لەسەرە، یاخود هەڕەشەی قیامەتیی.

سیفەتی چوارەم: ﴿وَإِذَا مَا غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ﴾، (هەروەها ئەوانەی) کاتێك توورە بوون، چاوپۆشیی دەکەن، لێدەبوورن، نافەرموێ: توورەنابن، چونکە خوا مرۆڤی وا خوڵقاندوە سیفەتی توورەبوونی هەبێ، بۆ ئەوەی بەرگریی لە خۆی بکات، بەرگریی لە حورمەتەکانی خۆی بکات، بەرگریی لە پیرۆزییەکانی خۆی بکات، بەرگریی لە بوونی خۆی بکات و لە شتەکانی خۆی بکات و لە دەوروبەری خۆی بکات، واتە: توورە نەبوون سیفەتێکی باش نیە، بەڵکو مرۆڤ دەبێ سیفەتی توورەیی هەبێ، بەڵام توورەیی لە هەقی نەباتە دەرێ، لە سنووری شەریعەتی دەرنەچوێنێ، هەروەها لە شوێنی خۆیدا توورەبێ و بە ئەندازەی خۆی توورەبێ، هەرکات پێویستیشی کرد، ئەو کەسەی لێی توورە بوو، چاوپۆشیی لێ بکات و لێی ببووریّ، بۆیە لێرە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا مَا غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ﴾، (بەهەشتی خوا بۆ کەسانێك دانراوە) ئەگەر توورە بوون، لێدەبوورن و چاوپۆشیی دەکەن، مادام بزانن چاوپۆشییەکە باشە بۆ بابای چاوپۆشیی لێکراو.

سیفەتی پێنجەم: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ﴾، هەروەها ئەوانەی وەڵامی پەروەردگاریان داوەتەوە، بەدەم بانگی پەروەردگاریانەوە چوون، کە ئەمە گشتییە، واتە: بۆ هەر شتێك پەروەردگاریان فەرمانی پێکردبن، دەست لەسەر سینگ بوون و، بە بەڵێ و ئامادەم و لە خزمەتدام، وەڵامی فەرمانەکانی پەروەردگاریان دەدەنەوە، چ بۆ ئەنجامدان بێ، چ بۆ نەکردن بێ، چ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان بێ، چ بۆ خۆ دوورگرتن لە قەدەغەکان بێ.

سیفەتی شەشەم: ﴿ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، هەروەها ئەوانەی نوێژیان بەرپاكردوە، نوێژ بەرپاكردنیش واتە: نوێژ بەو شێوەیە بكەی كە خوا فەرمانی پێكردوە، چونكە بەرپاكردنی شتێك و ڕاوەستاندنی، باشترین و سرووشتییترین حاڵەتی پێدەدات.

سیفەتی حەوتەم: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴾، كاروباریان لە نێو خۆیاندا بە ڕاوێژە، واتە: كاروبارێك كە پەیوەندیی بە هەموویانەوە هەبێ، بە ڕاوێژ لە بەینی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن، نەك یەكیان خۆی بسەپێنێ بەسەر ئەوی دیكەدا، یاخود هەندێكیان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەوانی دیكە، شتێك بكەن بەناوی هەمووانەوە، مادام كارەكە پەیوەندیی بە هەموویانەوە هەبێ، دەبێ لەبەینی خۆیان دا ڕاوێژی تێدا بكەن.

سیفەتی هەشتەم: ﴿ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴾، لەوەش كە پێمان داون و كردوومانەتە بژێویان، دەبەخشن، ئنجا سەروەت و سامانە، شارەزایی و زانستە، تێگەیشتن و عەقڵە، چاكەو تاعەتە ..هتد، دەبەخشن، واتە: وا دەكەن خەڵكی دیكەش بەهرەمەندبێ و سوودمەند بێ لە هەموو ئەو شتانەی ژیانیان پێیانەوە بەندە، شتی ماددیی و مەعنەویی، كە پێمان داون و بەهرەمەندمان كردوون، هەوڵدەدەن ئەوشتانە بەهرەیان پێ بەخەڵكی دیكە بكەیەنن.

سیفەتی نۆیەم: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلْبَغْيُ هُمْ يَنتَصِرُونَ ﴾، [هەروەها بەهەشتی خوا كە لە دنیا باشترەو بەردەوامتریشە، لە ڕابواردنی خۆشییەكانی دنیا، بۆ كەسانێك دانراوە] كە هەركاتێك دەستدرێژییان تووش بوو، تۆڵە دەكەنەوەو دەستەوكەر دەكەن، ﴿ هُمْ يَنتَصِرُونَ ﴾ ئەوان تۆڵە دەكەنەوەو هەقی خۆیان دەستێننەوەو مل نادەن بۆ ستەم و سەر نەوی ناكەن، چونكە: ﴿ يَنتَصِرُونَ ﴾ واتە: مل نەدان بۆ ستەم **(الإمْتِنَاعُ عَنِ الظُّلْم)**، هەروەها بە مانای تۆڵە كردنەوە **(الإنْتِقَام)**یش دێ، دیسان یانی: داواكردنی یارمەتیی، تاكو ئەو دەستدرێژییە لە خۆیان دووربخەنەوە، ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا ﴾، سزای خراپەیەك، خراپەیەكی وەك خۆیەتی، كە دیارە هەر لەبەر ئەوەی لە ناودا لەگەڵی یەكە، پێی دەگوترێ

خراپە، ئەگەرنا لە ڕاستییدا کەسێك کە خراپە پاڵ پێوەدەنێ و بەرپەرچ دەداتەوە، پاڵ پێوەنانەکەی ئەو بە خراپە دانانرێ.

سیفەتی دەیەم و کۆتایی: ﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ﴾، هەر کەسێك چاوپۆشیی بکات و، چاکسازیی بکات، پاداشتی لەسەر خوایە، واتە: لە بەرانبەر هەر خراپەیەکدا، بۆت هەیە خراپەیەك بکەی، بەڵام ئەگەر چاوپۆشیی بکەی و چاکسازیی بکەی، ئەوە باشترەو پاداشتی لەسەر خوایە، ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی خوا ستەمکارانی خۆشناوێن.

﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِۦ ﴾، کەسێك دوای ئەوەی ستەمی لێکراوە، تۆڵە بکاتەوەو هەقی خۆی بکاتەوە، یانی: (وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ مَظْلُومِيَّتِهِ) کەسێك دوای ستەملێکراویی خۆی، تۆڵە بستێنێتەوە، بەرگریی لە خۆی بکات، ﴿ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ ﴾، ئەوانە ڕێی ڕەخنەو گلەییان نایەتە سەر.

﴿ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظْلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبْغُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾، ڕێی گلەیی و ڕەخنە تەنیا لەسەر ئەوانەیە کە ستەم لە خەڵك دەکەن و، بە ناهەق دەستدرێژیی دەکەن لەزەویدا، ئنجا بێگومان دەستدرێژیی هەر بە ناهەقە، بەڵام ئەوە بۆ زیاتر قیزەون پیشاندانی دەستدرێژیی و سنوور شکێنییەکەیانە، ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، ئا ئەوانە ئازارێکی بە ئێشیان هەیە.

﴿ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴾، بە دڵنیایی کەسێك خۆڕاگربێ و لێبوردن بکات، ئەوە لەو کارانەیە کە پێویستیی بە ویستێکی پتەو دەکات، کارەکەی لەو کارانەیە کە ئەنجامدەرەکەیان، خاوەن ئیرادەو عەزمێکی قایم و مەحکەمە، یاخود: کارەکەی لەو کارانەیە کە خوا ﷻ جەختی لەسەر کردۆتەوەو فەرمانی پێکردوە.

بەڵام با لێمان تێکنەچێ: خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ ﴾ ئنجا هەرکەس لێببووریّ و چاکسازیی بکات، کەواتە: دەبێ چاوپۆشیی کردنەکە،

ببێتە هۆی چاکسازیی، ئەگەرنا چاوپۆشییەك لە کەسێك کە دەستدرێژیی کردوەو خراپەی کردوە، ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر شوولی لێ هەڵکێشێ، زیاتر سووربێ لەسەر خراپەکاریی، بۆ وێنە: ستەمێکی کردوە، بیکاتە دوو، بیکاتە سێ، بیکاتە چوار، لەبەر ئەوەی خەڵك چاوپۆشیی لێدەکات، ئەوە ئەو چاوپۆشییە ئیصلاحی بە دوادا نەهات، بۆیە بە پەسند دانانرێ، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر لەوبارەوە قسە دەکەین، کە چاوپۆشیی کردن لە خراپەی خراپەکارێك، کاتێك باشە کە ببێتە هۆی بە خۆ داچوونەوەی و، دەستهەڵگرتن لەو خراپەی و تەریق بوونەوەی، بەڵام ئەگەر ببێتە زیاتر بێ شەرم بوونی و شوول لێهەڵکێشانی، ئەو چاوپۆشیی و لێبوردنە لەگەڵ ئەودا، شتێکی خراپە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ ﴾، هەر کەسێك چاوپۆشیی بکات و چاکسازیی بکات، یانی: لێبوردنەکە ببێتە هۆی چاکیی، ئەگەر ببێتە هۆی خراپیی و دەرهاویشتەی خراپی هەبێ، ئەو لێبوردنە لە شوێنی خۆیدا نیە.

ئنجا ئەمە ئەو هەشت ئایەتە، دەربارەی ئەو دە (١٠) سیفەتە بنەڕەتیی و بنیچینەییانەی کۆمەڵی مسوڵمان لەهەر شوێنێك و لە هەر کاتێکدابن، دەبێ ئەو سیفەتانەیان هەبن، کە وەك ئاماژەمان پێدا، زۆربەی هەرە زۆری بوارو ڕەهەندەکانی دینداریی و دنیاداریی دەگرنەوە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی سەرەنجامی ئەوانەی خوا گومڕایان دەکات، هەڵبەتە خوا کەس گومڕا ناکات، بەو واتایە بڕیاری بۆ بدات دەبێ گومڕابێ و، بەدەست خۆی نەبێ، بەڵکو مرۆڤ بەپێی سیستمی خوا گومڕایی بە مل دادێ، هیدایەتی خوای بۆ دێ، هیدایەتەکە ڕەفز دەکات، بە پێی سیستمی خواش هەرکەسێ هیدایەت و ڕێنمایی خوا ڕەفز بکات، گومڕا دەبێ، هەروەك بە پێی سیستمی خوا، هەر کەسێك ژەهر بخوات، دەمرێ و، بە پێی سیستمی خوا، هەر کەس خراپە بکات، پێی ناشیرین دەبێ، پێی گوناهبار دەبێ، سیستمی خوا وایە، کە دەفەرموێ: خوا گومڕای بکات، واتە: بە پێی یاسای خوا، بە پێی سیستمێك

کە خوا دایناوە، ئەوەی بەسەر دێ، نەك خوای کارزان ئەوەی بەسەربێنێ، خوا گومڕای بکات! چونکە خوا ﷻ لە ئەسڵدا هەموو پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) ناردون و، هەموو کتێب و بەرنامەکانی خۆی دابەزاندوون، بۆ ڕێنمایی کردنی خەڵك و، بۆ ئەوەی خەڵك ڕاستە ڕێ بن، کەواتە: خوا پێی خۆشە ڕێی ڕاست بگرن، پێی خۆشە خەڵك چاك بن و چاکەکاربن، وەك دەفەرموێ: ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾ ﴾فصلت، واتە: هەر کەسێك چاکە بکات خۆی لێی بەهرەمەندەو، هەرکەسێك خراپە بکات، خۆی لێی زیانبارەو، پەروەردگارت ستەمکارنیە بۆ بەندەکانی.

بەڵێ خوا ﷻ ڕقی لە کوفرە، بەڵام ئیمانی خۆشدەوێ، ڕقی لە سپڵەییەو سوپاسگوزاریی خۆشدەوێ، ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ ﴿٧﴾ ﴾الزمر، واتە: خوا ڕازی نیە بەندەکانی سپڵەو ناسوپاس بن، یاخود بێ بڕوابن، بەڵام ئەگەر سوپاسگوزارو بڕواداربن، پێی خۆشەو پێی پەسندو چاکە.

هەر بۆیەش خوا ئەو هەموو پێغەمبەرانەی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) ناردوون و، هێندە هۆشداریی پێداوین: ئاگاتان لێبێ! شەیتان فریوتان نەدات، ﴿ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ ﴾ هەروەها هەڕەشەی لێ کردووین، ئەگەر بەقسەی شەیتان بکەن، دوایی سزاتان دەدەم! مانای واتە: خوا ڕقی لە زوڵمە، ڕقی لە کوفرە، ڕقی لە شیرکە، ڕقی لە خراپەیەو، پێی خۆشە خەڵك ئیمان بێنێ و سوپاسگوزاربێ و چاکەکاربێ.

کەواتە: هەموو ئەو ئایەتانەی باسی ئەوە دەکەن، خوا خەڵك گومڕا دەکات، واتە: بەپێی یاسای خوا گومڕادەبن، چونکە هەر چۆن بێ گومڕابوونەکە هەر بەپێی ویستی خوای پەروەردگارە، بەپێی سیستمێکە خوای دادگەر دایناوە، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن خۆیان ڕێی گومڕایی دەگرن، وەك لە سووڕەتی (فصلت) دا، خوا ﷻ دەفەرموێ:﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَىٰ عَلَى الْهُدَىٰ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: گەلی سەموود ڕێنماییمان کردن، ڕێمان پێشاندان، بەڵام ئەوان کوێریيان

بەسەر ڕێنماییدا هەڵبژارد، هەروەها لە سوورەتی (**إبراهیم**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: خوا ستەمکاران گومڕا دەکات، ئەدی خوا کێ هیدایەت دەدا، کێ ڕاستەڕێ دەکات؟ ﴿ وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ ﴾الشورى، خوا ئەوانەی کە بۆلای دەگەڕێنەوە، ڕاستەڕێیان دەکات، ﴿ وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾ ﴾الرعد، واتە: ئەوکەسەی لە ناخەوە بۆلای خوا گەڕاوەتەوە، خوا ڕاستەڕێی دەکات.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن وَلِيٍّ مِّنۢ بَعْدِهِۦ ﴾، هەرکەسێك خوا گومڕای بکات، لە دوای وی، هیچ سەرپەرشتیاری نین، دوای خوا کێ سەرپەرشتیی دەکات؟ هەر خوا ﷻ سەرپەرشتیی بەندەکانی دەکات و، ئاگای لێیانەو، خۆشی دەوێن و مشووریان دەخواو، ڕێنماییان دەکات، ئنجا ئەگەر مرۆڤ هیدایەتی خوای ڕەفز کردو گومڕایی بەملدا هات، لە دوای خوا، کێ سەرپەرشتیی بکات و بەتەنگیەوە بێ و مشووری لێ بخوات؟

﴿ وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ﴾، ستەمکارانیش دەبینی کاتێك ئازار دەبینن، ستەمکاران، (**ظالم**) کە بە (**ظالمون وظالمین**) کۆدەکرێتەوە، کە ناوی بکەر (اسم فاعل)ە، واتە: خۆیان ستەمیان کردوە، ستەمەکەش بریتیە لەوەی هیدایەتی خوایان ڕەفزکردوەو گومڕاییان هەڵبژاردوە، ئا ئەو ستەمکارانە دەبینی، کاتێك سزاو ئازار دەبینن لە ڕۆژی دوایی دا، ﴿ يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ ﴾، دەڵێن: ئایا هیچ ڕێی گەڕانەوە نیە، یاخود: ئایا هیچ شوێنێك نیە پەنای پێ بەرین؟ چونکە (**مَرَدّ**) دەگونجێ چاوگی (**میمي**) بێ، بە مانای گەڕانەوە (**رَدّ**)، (**الرجوع**)، دەشگونجێ بەمانای پەناگە (**ملجأ**) و (**محیص**)بێ، ئایا هیچ شوێنێکی پەناگە هەیە خۆمانی تێ بگرین؟ کەواتە: لەوێ کە بە ئاوات دەخوازن بگەڕێنەوە بۆ دنیا، ئێستا کە لە دنیادان، کارێك بکەن، کە چوونە قیامەت خۆزگە نەخوازن بێنەوە دنیا، بۆ کاری چاك، ئێستا ئەو کارە چاکانەی ئەو کاتە خۆزگەیان پێدەخوازی، ئێستا ئەنجامیان بدە، ئێستا لەبەر دەستەو لە دەست نەچووە.

﴿ وَتَرَىٰهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَٰشِعِينَ ﴾، تۆ ئەوان دەبینی [هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، گومڕابووەکان] زەبوونانە ڕادەنوێنرێن لەسەری، (ها)ی سەر (عَلَيْهَا) بۆ ئاگری دۆزەخ دەچێتەوەو ئەوە بەڕەوت (**سیاق**) دیارە، چونکە پێشێ هەر باسی ئازاری کردووەو (**عذاب**)یش، نێرینەی مەجازیی (**مذکر مجازي**)یە، بەڵام نافەرموێ: (**وتراهم يعرضون عليه**) واتە: لەسەر ئەوە ئازارو سزایە، بەڵکو دەفەرموێ: (عَلَيْهَا) کە ئەو ڕاناوە بۆ دۆزەخ دەچێتەوە، چونکە ئەو ئازارەش ئازاری دۆزەخە، یان بۆ ئاگر دەچێتەوەو سزای ئاگرە، چۆن لەسەری ڕادەنوێنرێن؟ ﴿ خَٰشِعِينَ ﴾، حاڵە، یانی: لە حاڵێکدا زۆر زەبوون و ملکەچن، ﴿ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ ﴾، بە هۆی زەبوونییانەوە، بەهۆی بێ دەستەڵاتیانەوە، بە سیلەی چاو تەماشادەکەن، بە ئاستەم پێڵووی چاویان دەجووڵێنن، (مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ) (طَرْفٍ) بە مانای پێڵووی چاو، دێ و، بە مانای ڕوانینی چاویش دێ، (خَفِيٍّ) پەنهان، واتە: بە سیلەی چاو تەماشا دەکەن، مرۆڤ ئەگەر تینێکی بۆ بێ، مەترسییەك ڕووبەڕووی بێ، چاوی تێوە زەق ناکات، بەڵکو بە ئاستەم تیلە چاوێکی دەداتێ و بە سیلەی چاو تەماشای دەکات، ناوێرێ پڕی چاوی تەماشای بکات، یەك بە یەکێك دەڵێ: بە پڕی چاوی تەماشای کرد، بەڵام وەختێك کە ترسەکە زۆر گەورەبێ، بە ئاستەم چاوی لێ دەکات، بۆ ئەوەی وێنەی تەواوی ئەو دیمەنە سامناکە، نەیەتە پێش چاوی.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە گوتیان، واتە: لە ڕۆژی دواییدا، ﴿ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، بە دڵنیایی زیانباران، یانی: زیانبارانێ کە تەواوی زیانباریی لەواندا هاتۆتەدی، (ٱلْخَٰسِرِينَ) (أل)ەکەی، کە بۆ ناساندنە، دەگونجێ بڵێین: بۆ ناساندنی (عهد)ە، واتە: زیانبارەکانی ڕاستەقینە، یاخود بۆ تێکڕا (جنس)ە، واتە: تێکڕای زیانباران، ﴿ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، ئەوانەن کە خۆیان و کەس وکاریان لە ڕۆژی قیامەتدا، لەدەست داوەو دۆڕاندوە، ﴿ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ ﴾، ئاگاداربن! ستەمکاران لە ئازارێکی بەردەوامدان، لە ئازارێکی نەبڕاوەدان، کە کۆتایی نایەت.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَاءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ ﴾، جگە لە خوا هیچ سەرپەرشتیاریان نەبوون سەریان بخەن، خواشیان لە خۆیان تووڕە کردبوو، سەرپەرشتیاریی خوایان لە دەست دابوو، جگە لە خواش سەرپەرشتیاری دیکەیان نەبوو، تاکو سەریان بخەن و پشتیان بگرن، ﴿ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن سَبِيلٍ ﴾، کەسێکیش خوا گومڕای بکات، هیچ ڕێی دەربازبوونی نیە، واتە: کەسێك بەپێی سیستم (نظام)ێك کە خوا لە ژیانی بەشەردا داینـاوە، گومڕایی بەملدا هاتبێ و تووشی گومڕایی بووبێ، هیچ ڕێی دەربازبوونی نیە، کەواتە: ڕێی دەرباز بوون بەس ئەوەیە، هیدایەتی خوا هەڵبژێرێ، بۆ ئەوەی تووشی گومڕایی نەبێ، هەر کەسێك بە دوای هودای خوا نەکەوێ، لە چاڵی هەوا دەکەوێ و گومڕا دەبێ، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ گومڕایی بەسەر نەیەت، دەبێ ڕێنمایی خوا ﷻ هەڵبژێرێ و، لە باوەشی بگرێ، هەر کات مرۆڤ ڕێنمایی خوای قبووڵ کردو هەڵیبژارد، خوا ﷻ لە پاداشتی ئەوەداو لە بەرانبەر ئەوەداو لە چاکەی ئەوەدا، مشووری لێ دەخوات و سەرپەرشتیاریی دەکات، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ ﴿١٧﴾ ﴾محمد، واتە: ئەوانەی ڕێنمایی خوایان وەرگرتوە، خوا زیاتر ڕاستە ڕێیان دەکات، زیاتر ڕێنماییان دەکات و، پارێزکارییشیان {پاریزکارییەك کە شایستەی ئەوانە} پێیان دەبەخشێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێرێ، کە تەواوی هیدایەتی خوا بە دڵ و گیان قبووڵ دەکەن و، سەرەنجام شایستەی ئەوە دەبن، کە خوا ﷻ سەرپەرشتیاریيان بکات و مشووریان لێ بخوات، یارمەتییدەریان بێت و هاوکاریان بێت، بە دڵنیایی بە ئەندازەی ئەوە کە ئێمە بەرەو خوا دەچین و بۆ خوا صوڵحاو دەبین، شایستەی ئەوە دەبین کە خوا ﷻ ئاگای لێمان بێ و، سەرپەرشتیارمان بێ، مشوورخۆرمان بێ و، دڵمان دامەزراوتر بکات، لەسەر پابەندیی بە شەریعەتەکەیەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

کەم و کورتیی نازو نیعمەتی ژیانی دنیاو، چاکتر بوون و بەردەوامیی پاداشتی خوا، کە بەرجەستەیە لە بەهەشتدا، بۆ بڕوادارانێکی پشت بە خوا قایمی، خۆ دوورگرتوو لە گوناهو خراپە زل و دزێوەکان و، لێبوردە لە کاتی تووڕەیی دا، کە وەڵامگۆی پەروەردگاریانن و، بەرپاکەری نوێژن و، کاروباریان لە نێوخۆیاندا بە ڕاوێژ بەڕێوەدەبەن و، بەخشەرو هاوکارن، لە بەرانبەر ستەم و دەستدرێژییشدا بێ دەنگ نابن و، لە شوێنی خۆیشیدا، کە مایەی خێرو چاکسازیی بێ، لێبووردەیی دەنوێنن، لە بەرانبەر کەسانێك دا کە خراپەیان لەگەڵدا دەکەن:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلْبَغْىُ هُمْ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾ وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا ۖ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، هەر شتێك كە پێتاندراوە، ڕابواردنێکی کەمی ژیانی دنیایە، ئەو (ف)ە، کە کەوتۆتە سەر (فَمَا) یانی: ئەمە لقێکە، یان لق دەرکردنێکە لەو ئایەتەی پێشێ، کە خوا ﷻ فەرمووی: ﴿ وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٧﴾ ﴾الشورى.

ئنجا لێرەدا خوا دەفەرمووێ: هەرچی پێتاندراوە: ﴿ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، ئەوە هەمووی بەهرە وەرگرتنێك و ڕابواردنێكی كاتیی ژیانی دنیایە، چونكە (مَتاع): هەر شتێكە كە بۆ ماوەیەكی كاتیی و كەم، بەهرەی لێ وەربگیرێ.

لێرەدا خوا ﷻ هەموو نازو نیعمەتەكانی ژیانی دنیا، هەموو خۆشییەكانی دنیا، بە گوزەرانێكی كەم، بە بەهرە وەرگرتن و ڕابواردنێكی كەم، كە لە ژیانی دنیادا هەن، وێنا دەكات، چونكە (مِنْ) كە خراوەتە سەر (شَيء): ﴿ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ ﴾ یانی: هەرشتێك لە سەرەتاوە تاكۆتایی شتەكان، (شَيء)یش وشەیەكی گشتییەو مانای گشتیی هەیە، دوایی دەردەكەوێ داخۆ مەبەستی پێی چییە؟ وەك خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً قُلِ ٱللَّهُ ﴿١٩﴾ ﴾الأنعام، كەواتە: (شَيء) هەر شتێكە بوونی هەبێ، ئنجا بوونەكەی هەرجۆرە بوونێك بێ، لێرەدا كە (مِنْ) خراوەتە سەر (شَيء) یانی: هەر شتێك لە هەرە بچووكەوە، لەو سەرەتایەوە كە دەست پێدەكات، تاكو هەر شتێكی دیكە، كە لە چاوی ئێوەدا گەورەیە، هەر هەمووی، ڕابواردن و بەهرە وەرگرتنێكی كەمی ژیانی دنیایە.

٢)- ﴿ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴾، بەڵام ئەوەی لە لای خوایە باشترەو، بەردەوامتریشە، واتە: لە خودی خۆیدا باشترە، لە ڕووی كاتیشەوە بەردەوامترە، لە خودی خۆیدا باشترە، باشتر بوونێك كە لەگەڵ هی دنیادا ناچێتەوە نێو تەرازوویەكەوە، بەردەوامتربوونەكەشی بە شێوەیەكە، كە وێنا ناكرێ، چونكە نەبڕاوەیە، چاكتربوونی نیعمەتەكانی بەهەشتیش، وەك یەكێك لە زانایان دەڵێ: بۆ حاڵیی بوون، دەتوانین بەراورد بكەین لە نێوان گەوهەرێكدا، كە گەوهەری وا هەیە نرخەكەی یەكجار زۆرە، گەوهەرێك لەگەڵ لەتكە سواڵەتێك، یان لەتكە گۆزەیەك دا بەراورد بكرێ، گەوهەرەكە لە خودی خۆیدا بە نرخترە، كەس لەتكە سواڵەتی ناوێ و شتێكی بێ بەهایە، یانی: پارچەو گۆزەو دیزەو شەربەو كووپە شكاوێك، هیچ سوودێكی نیە، ئنجا گەوهەرەكە دەشمێنێتەوە، بەڵام لەتكە سواڵەتەكە ناشمێنێتەوە، دەبێتەوە بە خۆڵ و گڵ، بە تێپەڕبوونی كات، چونكە هەر لە گڵ دروست بووە.

٣)- ﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾، بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە، لێرەدا خوا ﷻ ئەوانەی کە ئەوەی لە خزمەت خوادایە، لە گرەوی ئەواندا دەبێ و دەبێتە خەڵات و پاداشتیان لە لایەن خواوە، کە بەهەشتە، ئەو جۆرە کەسانە بە دە (١٠) خەسڵەت پێناسە دەکات، کە سیفەتی یەکەمیان: بریتیە لە ئیمان: ﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە، ئیمانیش چوار پێکهێنەری سەرەکیی هەن:

١- تێگەیشتنی عەقڵ.

٢- قەناعەت پێکردن و، خۆشویستن و پەسند کردنی بە دڵ.

٣- دانپێداهێنانی بە زمان.

٤- جێبەجێ کردن بە ئەندامەکان، چونکە ئینسان ئینسان چوار هێزی هەن: هێزێکی دەرککەر، هێزێکی ویستەرو نەویستەر، هێزێکی دەربڕەر، هێزێکی جێبەجێکەر.

ئنجا (ئیمان): پەیوەندیی بە هەر چواریانەوە هەیە، ئنجا ئیمان بۆ خۆی شەش پایەی هەن:

١- بڕوا بە خوا،

٢- بە فریشتەکانی خوا،

٣- بە کتێبەکانی خوا.

٤- بە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ).

٥- بە ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و هەڵسانەوەو زیندوو بوونەوە،

٦- ئیمان بە ئەخشەدانان و ئەندازەگیریی و، جێبەجێ کردنی خوا.

٤)- ﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾، هەروەها تەنیا پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، واتە: تەنیا پەروەردگار بە کارسپێردراوی خۆیان دادەنێن، لە دڵ و دەروونەوە تەنیا بە خواوە پەیوەستن، ئەگەرنا دەستیان بە هۆکارەکانەوەیە، بەڵام دڵیان بە خواوە پەیوەستە.

ئەمیش سیفەتی دووەمیانە.

٥)- ﴿ وَٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ ﴾، ئەوانەی خۆیان دووردەگرن لە گوناهە گەورەکان و لە گوناهە دزێوو ناشیرین و ناقۆڵایەکان، ئەمیش سیفەتی سێیەمیانە. ﴿ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (كَبِيرَ الإِثْمِ) گوناهی گەورە، (فَوَاحِش) کۆی (فَاحِشة) یە، (وَهِيَ الفِعْلَة المَوْصُوفَة بِالشَّنَاعة)، (فَاحِشَة): بریتیە لەو کردەوەیەی وەسفکراوە بە دزێویی ناقۆڵایی، بە قێزەونیی، زانایان زۆریان قسەکردوە لە بارەی گوناهە گەورەکانەوە، لە چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، کە گوناهە گەورەکانی بە حەوت داناون:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ المُوبِقَاتِ» قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: «الشِّرْكُ بِاللَّهِ، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ اليَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ المُحْصَنَاتِ المُؤْمِنَاتِ الغَافِلَاتِ»} (أخرجه البخاري: ٦٨٥٧، ومسلم: ٨٩).

واتە: ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: لە حەوت فەوتێنەرەکان دووربکەونەوە، گوتیان: ئەوان چی و چین ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: هاوبەشدانان بۆ خوا و، جادووکردن و، کوشتنی ئەو نەفسەی خوا قەدغەی کردوە مەگەر بەهەقی خۆی و، خواردنی سوودو، خواردنی ماڵی هەتیوو، پشت کردنە دوژمن لە ڕۆژی هێرش و پەلاماریان داو، بۆختانکردنی داوێنپیسی بە ئافرەتانی پاکی بڕواداری بێ ئاگا.

لە هەندێ فەرمایشتان دا پێنج باسکراون، لە هەندێکی دیکەدا ژمارەیەکی زیاتر باسکراون، بەڵام بە تەئکید مەبەستی فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ ئەوە نەبووە بۆمان سنووردار بکات، کە گوناهە گەورەکان تەنیا ئەو حەوتەن، یان تەنیا ئەو پێنجەن، یان تەنیا ئەو دەیەن، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە، کە ئەوانە لە گوناهە گەورەکانن، یان لە گوناهە گەورە سەرەکییەکانن.

بۆیە زانایان لەو بارەوە زۆر قسەو باسیان کردوە، بەڵام وا پێدەچێ باشترین پێناسەی گوناهی گەورە ئەوەبێ کە بکوترێ: (**الكَبِيرَة: هِيَ مَا عَلَيْهِ عُقُوبَةٌ دُنْيَوِيَّة، أو وَعِيْدٌ أُخْرَوِي**)، واتە: گوناهی گەورە ئەوەیە ، سزایەکی دنیایی لەسەر بێ، یان هەڕەشـەیەکی دوارۆژیی.

(**أبو جعفر النَّحَاس**)، لە کتێبەکەی خۆی دا[1]، دوو شوێنەواران دێنێ دەربارەی پێناسەی گوناهە گەورەکان:

یەکەمیان: (**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّهُ قَالَ: الكَبَائِرُ كُلُّ ما خَتَمَهُ اللهُ جَلَّ وَعَزَّ بِنَارٍ، أَوْ غَضَبٍ، أَوْ لَعْنَةٍ، أَوْ عَذَابٍ**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس، (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، گوتوویەتی: گوناهە گەورەکان، بریتین لە هەر گوناهێك کە لە کۆتایەکەییدا خوای شکۆداری باڵادەست، ئەو گوناهە گەورەیەی بە باسی ئاگری دۆزەخ، یان تووڕەیی، یان نەفرین، یاخود ئازارو سزا، کۆتایی پێهێنابێ.

دووەمیان: (**عَنِ الضَّحَّاكِ، قَالَ: الكَبَائِرُ: كُلُّ مُوجِبَةٍ، أَوْجَبَ اللهُ لِأَهْلِهَا النَّارَ، وَكُلُّ عَمَلٍ يُقَامُ بِهِ الحَدُّ فَهُوَ مِنَ الكَبَائِرِ**)، زەححاك گوتوویەتی: هەر پێویستکەرێك کە خوای بەرز بۆ ئەنجامدەری ئەو گوناهە باسی سزاو ئازاری کردبێ، ئەوە گوناهی گەورەیە، هەر گوناهێك سزای بۆ دانرابێ، ئەوە گوناهی گەورەیە.

هەڵبەتە کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ ﴾، ئەوانەی خۆیان دوور دەگرن لە گوناهە گەورەکان و، لە گوناهە ناقۆڵاو قێزەونەکان، خۆ دوورگرتن جیایە لە نەکردن، چونکە جاری وا هەیە ئینسان کارێك ناکات، بەڵام لێی نزیك دەکەوێتەوە، بەڵام خوا ﷻ ئەو کۆمەڵە مسوڵمانە، ئەو کۆمەڵە بڕوادارە، بەوە پێناسە دەکات کە ئەسڵەن هەر توخنی ئەو گوناهانە ناکەون و، دوورەپەرێزییان لێدەکەن.

---

(١) إعراب القرآن: ص:٨٠٣.

٦)- ﴿ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ هُمْ يَغْفِرُونَ ﴾، له كاتێكدا تووڕەبوون، ئەوان لێبوردەن و چاوپۆشیی دەكەن،

ئەمیش سیفەتی چوارەمیانە.

كە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ ﴾، (إذا) مانای مەرج دەگەیەنێ، كەواتە: ﴿ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ ﴾، یانی: هەر كات تووڕەبوون، لێبوردن لەوانەوە دەبێ، واتە: لێبوردن دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی تووڕەبوونیاندا.

(إذَا: **مُضَمَّنَةٌ مَعْنَى الشَّرْطِ، وَدَالَّةٌ عَلَى تحَقُّق الشَّرْطِ، لأَنَّ الغَضَبَ حَالَةٌ نفْسِيّةٌ لا تَكَادُ تَخْلُو مِنْهَا نَفْسٌ**)، (إذَا): مانای مەرجی خراوەتە نێو و، ئەوەش دەگەیەنێ كە مەرجەكە دێتە دی، چونكە تووڕەبوون، حاڵەتێكی دەروونییە، مەگەر چۆن، دەنا هیچ كەس لێی خاڵی نیە، كەم و زۆر، مرۆڤەكان هەر تووڕە دەبن، هەڵبەتە تووڕە نەبوون، سیفەتێكی پەسند نیە، كە مرۆڤ هەرچی پێی بگوترێ و هەرچی لێی بكرێ، هەر تووڕە نەبێ، بۆیە خوا ﷻ ئەو بەندە هەڵبژاردانەی خۆی بە تورەبوون وەسف دەكات، ﴿ وَإِذَا مَا غَضِبُوا۟ ﴾، كاتێك كە تووڕە بوون، نافەرموێ تووڕەنابن، تووڕەدەبن، بەڵام لە دوای تووڕەبوون، لێبوردن و چاوپۆشیی بەكاردێنن.

ئەمانە چوار سیفەتیان، دوایی بەرزو مەزن چوار سیفەتی دیكەیان بەسەر یەكەوە باس دەكات:

٧)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمْ ﴾ ﴿ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴾ ﴿ وَمِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴾، واتە: ئەوانەی بەدەم بانگی پەروەردگاریانەوە دەچن، وەڵامی پەروەردگاریان داوەتەوەو، نوێژیان بەرپاكردوەو، كاروباریان لە نێوان خۆیان دا بە ڕاوێژەو، لەوەی پێمان داون و كردوومانەتە بژێویان، دەبەخشن، ئنجا خواردن و خۆراك بێ، بەرگ و پۆشاك بێ، كەلوپەل بێ، شتی ماددیی بێ، یان مەعنەویی بێ، لەوەی ئێمە ئەوانمان لێ بەهرەوەر كردوە، ئەوانیش بەهرەی پێ بە غەیری خۆیان دەگەیەنن.

وشەی (**اسْتَجَابُوا**): لە ئەصڵدا (**أجَابُوا**)یە، بەڵام (**اسْتَجَاب**)، (**س وت**)ی، لێ زیاد کراوە، (**أجاب**): (**اسْتَجَاب**) ئەوەش مانایەکەی بەهێزتر دەکات، وەك بنچینەیەکی زمانی عەرەبیی هەیە دەڵێ: (**زِيَادَةُ المَبْنَى تَدُلُّ عَلَى زِيَادَةِ المَعْنَى**) وشەیەك، پیتەکانی زیاتربن، مانایەکەی بەهێزترە، هەروەها کە (ل)ی بەکار هێناوە: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُواْ لِرَبِّهِمْ ﴾ کەواتە: ئەمە وەڵامدانەوەیەکی تایبەتە، ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُواْ لِرَبِّهِمْ ﴾ لامەکە بۆ بەهێزکردنی مانایەکەیەتی.

٨)- ﴿ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ هەروەها نوێژیان بەر پاکردوە، (**إِقَامَةُ الشَّيءِ: جَعْلُهُ قَائِماً مُسْتَوِياً**) (**إقامة**) ئەوەیە شتێك ڕاست بکەیەوەو، ڕێك و پێکی بکەی، واتە: بەو شێوەیەی خوا فەرمانی کردوە، نوێژەکانیان بەرپا دەکەن.

٩)- ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴾، کاروباریشیان لە نێو خۆیان دا بەڕاوێژە. (**الأَمْرُ: اسْمٌ مِنْ أَسْمَاءِ الأَجْنَاسِ العَامَّةِ مِثْلُ: شَيْءٍ وَحَادِثٍ. وَإِضَافَةُ اسْمِ الجِنْسِ قَدْ تُفِيدُ العُمُومَ بِمَعُونَةِ المَقَامِ، أَيْ جَمِيعُ أُمُورِهِمْ مُتَشَاوَرٌ فِيهَا بَيْنَهُمْ**)، (**وَأَمْرُهُمْ**): وشەی (أمر): ناوێکە لە ناوە گشتییەکان، وەك (**شَيْءٍ، وَحَادِثٍ**) ئەوانە ناوی گشتیین، پاڵدانی ناوی جینس، بۆ لای ڕاناوی کۆ (هم) (**أَمْرُهُمْ**) ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو کاروبارەکانیان، ڕاوێژ تێدا کراون لە نێوان خۆیاندا.

کە دەفەرموێ: (**بَيْنَهُم**) یانی: ڕاوێژەکە لەنێو خۆیاندایەو بۆ هەر کارێکی نێو خۆیان، پێکەوە ڕاوێژ دەکەن، هیچ کامیان بە شێوەی خۆسەپاندن و، گوێنەدان بەوانی دیکە، ئەو کارە بۆ خۆی قۆرخ ناکات و بەڕێوەی نابات.

١٠)- ﴿ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴾، لەوەش کە کردوومانەتە بژیویان و پێمان داون، دەبەخشن، وشەی (رِزق) کە پێشتریش باسمان کرد، لە کورتە باسێکدا: (**الرِّزْقُ: العَطَاءُ مِن كُلِّ نَوْعٍ**)، (رزق) بریتیە لە بەخشش لەهەر جۆرێك، زۆربەی خەڵکی وادەزانن، (رزق) تەنیا خواردن و خۆراکە، بەڵام لە بەکارهێنانی قورئانداو لە بەکارهێنانی زمانیشدا، (رزق) هەر شتێکە کە بە مرۆڤ دەبەخشرێ، ئنجا چ خواردن و خۆراك بێ، چ بەرگ و پۆشاك،

چ کەل و پەل، چ شتی ماددیی، چ شتی مەعنەویی، یەکێك دەڵێ: (رَزَقَنِي الله حَجَّ بَيْتِه الحَرَام) خوا حەجی ماڵی خۆی کردە بژێوی من، پێی بەخشیم.

١١)- ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ﴾ {ئەو بەهەشتەی لەلای خوایە، کە چاکترە لە ڕابواردنی ژیانی دنیاو، بەردەوامتریشە، لە گرەوی کەسانێکدایەو بۆ کەسانێکە کە} هەرکات دەستدرێژییان تووش بوو، ئەوان وەدەنگ دێن، بەرهەڵستیی دەکەن و تۆڵە دەکەنەوە.

وشەی (بَغْـي): بریتیە لە سنوورشکاندنی هەق، یان هەق پێشێلکردن و دەستدرێژیی کردنە سەر هەق.

کە دەفەرموێ: ﴿ أَصَابَهُمُ ﴾، واتە: ئەو دەستدرێژییە خراوەتە سەر ئەوان و ئاراستەی ئەوان کراوە، لایەن بەرانبەرەکەیان ستەمی لێکردوون، ﴿ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ﴾، ئەوان تۆڵە دەکەنەوە، (إنْتصَار) سێ واتایان بۆ لێکداوەتەوە: (الإنْتصَار: الدِّفَاع وَالإنْتِقَام وَطَلَبُ العَوْن)

١- بەرگریی لە خۆکردن.

٢- تۆڵەکردنەوە.

٣- داواکردنی یارمەتیی، هەروەها هەندێکیش بە (الإمْتِنَاع مِنَ الظُّلْم) مانایان کردوە، واتە: خۆنەدانە بەرباری زوڵم، یاخود بەرهەڵستیی کردنی ستەم.

ئەمیش سیفەتی نۆیەمیانە.

١٢)- ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ﴾، سزای خراپەیەك خراپەیەکی وەك خۆیەتی، بەڵام کەسێك چاوپۆشیی و چاکسازیی بکات، ئەوە پاداشتی لەسەر خوایە، کەواتە: سیفەتی دەیەمیان ئەوەیە کە لە بەرانبەری خراپەدا، خراپە دەکەن، بەڵام هەر کەسێك چاوپۆشیی بکات، چاکسازیی بکات، پاداشتی لەسەر خوایە.

﴿ فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ ﴾ یانی: چاوپۆشیی و لێبوردنێك كە ببێتە هۆی چاكسازیی و چاكبێ بۆ ئەو كەسەی كە چاوپۆشیی لێ دەكەی، پەسندە، بەڵام ئەگەر بۆی خراپ بێ، ئەوە بە تەئكید ئەو چاوپۆشییە شتێكی پەسند نیە.

وشەی (سَيِّئَةٌ) كە دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَا ﴾، دیارە كەسێك كە خراپە دەكات بەرانبەر بە كەسێك، بۆ وێنە: جنێوێكی پێدەڵێ، یاخود ماڵێكی لێ زەوت دەكات، یان زللەیەكی لێدەدات، بێگومان كردەوەكەی خراپە، مادام لە خۆڕاو بە بەلاش و بەبێ پاساوو بەڵگە بێ، بەڵام ئەوەی كە بەرپەرچی خراپەكە دەداتەوە، بەرپەرچدانەوەی خراپە بە خراپە، لە قەڵەم نادرێ، ئەدی بۆچی خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَا ﴾ سزای خراپەیەك خراپەیەكی وەك خۆیەتی؟ (**فِعْلَةٌ سَيِّئَةٌ، أَيْ فِعْلَةٌ تَسُوءُ مَنْ عُومِلَ بِهَا**)، یانی: كردەوەیەك كە بۆ ئەو كەسەی مامەڵەی پێ لەگەڵدا دەكرێ، خراپە، یانی: بۆ ئەو خراپە، ئەگەرنا لە خودی خۆیدا خراپ نیە، ئەمە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (**البقرة**)یە، كە دەفەرموێ: ﴿ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ ﴿١٩٤﴾ ﴾، هەر كەسێك دەستدرێژیی لێ كردن، وەك دەستدرێژیی كردنەكەی وی، دەستدرێژیی بكەنەوە سەری.

هەڵبەتە ئەوەی لە بەرانبەر دەستدرێژییدا، بەرپەرچی دەستدرێژیی دەداتەوە، كردەوەكەی ئەو بە دەستدرێژیی لە قەڵەم نادرێ، بەڵام بە نسبەت بابای دەستدرێژكارەوەو بۆ وی سنووری بەلادا دەشكێنرێ و، باری بەلادا دەخرێ و بۆ وی خراپە.

كە دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَا ﴾، (**مِثْلُها: إِنَّهَا تَكُونُ بِمِقْدَارِهَا فِي مُتَعَارَفِ النَّاسِ**) واتە: لە باوی خەڵكداو ئەوەی خەڵك بە پەسندی دەزانێ، بە ئەندازەی خۆی بێت.

زانایان لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە، کە بەرپەرچدانەوە بێ مەرج و بە رەهایی نیە، بۆ وێنە: کەسێك درۆت لەگەڵ دەکات، تۆش درۆی لەگەڵ بکەی، کەسێك پەیمانت لەگەڵ دەشکێنێ، تۆش پەیمانی لەگەڵ بشکێنی، یان کەسێك دزییت لێ دەکات، تۆش دزیی لێ بکەی، چونکە ئەو جۆرە گوناهانە لە خودی خۆیاندا قەدەغەن، بە بەرانبەرو بەبێ بەرانبەر، بەڵکو مەبەست ئەو شتانەیە لە خودی خۆیاندا قەدەغە نەبن، بۆ وێنە: کەسێك زللەیەکت لێ دەدا، تۆش بۆت هەیە زللەیەکی لێ بدەیەوە، قسەیەکەت پێدەڵێ، قسەکەی پێ بڵێوە، بەڵام نەگەر قسەکەی ئەو، بۆ وێنە: بوختانی داوێن پیسیی بێ، تۆ بۆت نیە بوختانی داوێنپیسیی پێ بکەیەوە، چونکە ئەوە لە خودی خۆیدا قەدەغەیە، بە بەرانبەرو بێ بەرانبەر، کەواتە: ئەوە وردەکاریی دەوێ.

زانایان دەڵێن: کەسێك دزییت لێ دەکات، تۆ نابێ دزیی لێ بکەیەوە، بەڵکو دەبێ هەقی خۆتی لێ وەربگریەوە، یان کەسێك ماڵی داگیر کردووی، ناچی ماڵی داگیر بکەیەوە، تۆش هەقی خۆتی لێ وەردەگریەوە، مەرج نیە خودی ئەو شتە، بەڵام بە ئەندازەی ئەو شتە.

﴿ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ﴾، پاداشتی لەسەر خوایە، پاداشتی لێبوردن و چاوپۆشییەکەی کە مایەی چاکسازییە.

١٣)- ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی خوا ستەمکارانی خۆشناوێن، واتە: هەر کەسێك خراپە لەگەڵ خەڵك دا بکات و زیانیان پێ بگەیەنێ، ئەوە ستەمکارە، خواش ﷻ ستەمکارانی خۆش ناوێن.

(القرطبي) لە تەفسیرەکەی دا[1]، لە **(إبن العربي)** دەخوازێتەوە، دەڵێ:

(قَالَ ابْنُ الْعَرَبِيّ: ذَكَرَ اللَّهُ الإِنْتِصَارَ فِي الْبَغْيِ فِي مَعْرِضِ الْمَدْحِ، وَذَكَرَ الْعَفْوَ عَنِ الْجُرْمِ فِي مَوْضِعٍ آخَرَ فِي مَعْرِضِ الْمَدْحِ ، فَاحْتَمَلَ أَنْ يَكُونَ أَحَدُهُمَا: رَافِعًا لِلآخَرِ،

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٦، ص٣٢.

وَاحْتَمَلَ أَنْ يَكُونَ ذَلِكَ رَاجِعًا إِلَى حَالَتَيْنِ، إِحْدَاهُمَا أَنْ يَكُونَ الْبَاغِي مُعْلِنًا بِالْفُجُورِ، وَقِحًا فِي الْجُمْهُورِ، مُؤْذِيًا لِلصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ، فَيَكُونُ الإِنْتِقَامُ مِنْهُ أَفْضَلَ، وَفِي مِثْلِهِ قَالَ إِبْرَاهِيمُ النَّخَعِيُّ: كَانُوا يَكْرَهُونَ أَنْ يُذِلُّوا أَنْفُسَهُمْ فَتَجْتَرِئُ عَلَيْهِمُ الْفُسَّاقُ. الثَّانِيَةُ: أَنْ تَكُونَ الْفَلْتَةُ، أَوْ يَقَعُ ذَلِكَ مِمَّنْ يَعْتَرِفُ بِالزَّلَّةِ وَيَسْأَلُ الْمَغْفِرَةَ، فَالْعَفْوُ هَا هنا أَفْضَلُ، وَفِي مِثْلِهِ نَزَلَتْ: ﴿ وَأَن تَعْفُوٓاْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿٢٣٧﴾ ﴾البقرة).

واتە: خوا ﷻ لێرەدا، لەم ئایەتە موبارەکەدا باسی تۆڵساندنەوەی لە سیاقی ستایش کردندا باسکردوە، لە شوێنی دیکەش دا لێبوردنی لە تاوان، دیسان لە سیاقی ستایشکردندا باسکردوە، جا ئەمە دوو ئەگەری هەیە:

أ- دەگونجێ یەکێکیان لابەر بێ بۆ ئەوی دیکە،

ب-بدەشگونجێ ئەوە بگەڕێتەوە بۆ دوو حاڵەتی جیا، {کە بە تەئکید وایەو هیچیان لابەرنین بۆ ئەوی دیکە، بەڵام لێبوردن لەجێی خۆی، تۆڵەسەندنەوەش لە جێی خۆی، کوردەواریی خۆمان دەڵێ: «کەنکرو ماست بەوەختی خۆی»، یان (**لِكُلِّ مَقَامٍ مَقَال**) بۆ هەر شوێنێك قسەیەکی تایبەت هەیە، ئنجا ئەو دوو حاڵەتەکان ڕوون دەکاتەوە}:

حاڵەتی یەکەمیان: ئەوەیە بابای دەستدرێژکار گوناهو تاوانەکەی خۆی ئاشکرا بکاو، بەبێ ئابڕوویی لەنێو خەڵکدا کارەکەی بکات و، ئازار گەیەنەر بێ بۆ گچکەو گەورە، ئەوە تۆڵەسەندنەوە لە بابای وا باشترە، لەو بارەوەشەیە کە ئیبراهیمی نەخەعیی گوتوویەتی: پێشین پێیان ناخۆشبوو خۆیان زەبوون بکەن و، لاڕێیەکان بەسەریاندا زاڵبێن و ستەمیان لێ بکەن.

حاڵەتی دووەم: ئەوەیە ئەو کەسەی ستەمەکەی کردووەو دەستدرێژییەکەی کردوە، لە دەستی چووبێ، یان کەسێك بێ، دان بێنێ بە هەڵەکەی خۆیدا، بە خلیسکانەکەی خۆیداو، داوای لێبوردن بکات، لەو حاڵەتدا لێبوردن باشترە، لەو بارەشەوەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَن تَعْفُوٓاْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ﴾ ئەگەر لێبوردن و چاوپۆشیی بکەن {باشترەو} لە پارێزکارییەوە نزیکترە.

با ئەم دوو دەقەش لەوبارەوە بێنین:

١- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {مَا يَحِلُّ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يُذِلَّ نَفْسَهُ»، قَالُوا: وَكَيْفَ يُذِلُّ نَفْسَهُ يَا رَسُولَ اللّٰهِ؟ قَالَ: «يَتَحَمَّلُ مِنَ الْبَلَاءِ مَا لَا يُطِيقُ} (أخرجه الترمذي: ١١١، ١١٢، وابن ماجه: ٤٠١٦، وَصَحَّحَهُ الألباني).

واتــە: مســوڵمان بــۆی ڕەوا نیــە خــۆی زەبــوون بــکات، گوتیــان: ئــەی پێغەمبــەری خــوا! چــۆن خــۆی زەبــوون دەکات؟ فەرمــووی: خــۆی دەداتــە بــەر بەڵایــەك کــە لــە توانایــدا نەبێــت.

ئەمــە ئــەوەش دەگرێتــەوە کــە، تــۆ نابــێ بڵێــی: قەیناکات بــا لەبــەر خــوا لێــم بــدەن! نــا، دوایــی ئــەو لێدانــە دەبینــی سەردەکێشــێ بــۆ کوشتنیشــت، بــڕوادار نەوەنــدەی بــۆی بکــرێ نابــێ خــۆی زەبــوون بــکات، بــە تایبــەت بــۆ کەســانێك کــە بــە هــۆی چاوپۆشــیی کــردن و بــێ دەنگییــەوەت، زیاتــر لــە ئاســتت دا شــووڵی لــێ هەڵبکێشــن و، زیاتــر سامەرەســتوو و مکــوڕ بــن لەســەر ســتەم و خراپەکەیــان.

٢- {قَالَ أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ ﷺ: بَلَغَنَا أَنَّ اللّٰهَ عَزَّ وَجَلَّ يَأْمُرُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُنَادِيًا فَيُنَادِي: مَنْ كَانَ لَهُ عِنْدَ اللّٰهِ شَيْءٌ فَلْيَقُمْ، فَيَقُومُ أَهْلُ الْعَفْوِ، فَيُكَافِئُهُمُ اللّٰهُ عَلَى مَا كَانَ مِنْ عَفْوِهِمْ}[1].

واتــە: ئەبــوو بەکــری صیددیــق ﷺ گوتوویــەتی: پێمــان گەیشــتوە کــە لــە ڕۆژی قیامەتــدا خــوا (عــز وجــل) فەرمانــدەکات بانــگ کەرێــك بانــگ بــکات: کــێ شــتێکی لــەلای خــوا هەیــە، بەهەڵســێ! ئنجــا خاوەنــانی لێبــوردن هەڵدەســتن و، خــواش پاداشــتی لێبوردنەکەیــان دەداتــەوە.

---

(١)- فضائل الصحابة، للإمام أحمد بن حنبل، رقم: ٧٠١ .

کورتە باسێک لە بارەی ڕاوێژەوە:[1]

بڕگەی یەکەم[2]: ڕاوێــژ: بڕیتیە لە بناغــەی بەڕێــوەبردنی تێکــڕای کاروبارەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامیی:

ئێمە ئەم بڕگەی یەکەمە لە حەوت خاڵدا دێنین، کە چۆن ڕاوێژ بناغەی بەڕێوەبردنی تێکڕای کاروبارەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامییە؟ دەقە عەرەبییەکە یەکسەر دەیکەم بە کوردیی.

١)- ڕیشەدار بوونی ڕاوێژ و ڕەسەن بوونی لە پێکهێنانی کۆمەڵ و کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامییدا:

ئەمە زۆر بەڕوونیی دەفامرێتەوە، لە فەرمایشتی خوا: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴿٣٨﴾﴾ الشورى، واتە: کاروباریان لە نێو خۆیاندا بە ڕاوێژە، ئەم ڕستە موبارەکە لە سیاقی ئەو ئایەتانەدا هاتۆتە خوار، کە پێناسەی کۆمەڵی مسوڵمان دەکەن.

کەواتە: ئەو سیفەتی کاروبار لە نێو خۆدا بەڕاوێژ بەڕێوەبردنە، کە خوا لە دوای ئیمان و پشت بە خوا بەستن و، لە دوای دوورە پەرێزیی کردن لە گوناهە گەورەو ناقۆڵاو دزێوەکان، دوای لێبوردنی پاش تووڕەبوون و، دوای وەڵامدانەوەی پەروەردگارو، دوای بەرپاکردنی نوێژ، یەکسەر باسی کاروبار بەڕاوێژ بەڕێوەبردن

---

(١) ئێمە لە: (الكتاب الحادي عشر) (تطبيق المجتمع للشريعة في جميع الجوانب الحياة)ەوە، کە کتێبی یازدەیەمە لە مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)، کورتەو خوڵاصەی مەتڵەبی چوارەم و پێنجەم لە بارەی شووراوە دێنین و، لە دوو بڕگەدا ئەم کورتە باسە لەبەر ڕۆشنایی ئەو کتێبەدا، پوختەی ئەوەی لەو کتێبەدا باسمان کردوە، دەخەینە ڕوو.

(٢) (المَطْلَبُ الرَّابِع: الشُّورَى هِيَ أَسَاسُ إِدَارَةِ جَمِيعِ شُؤُونِ المُجْتَمعِ وَالدَّوْلَةِ الإِسْلَامِيِّين).

دەکات، کەواتــە: ئەویــش یەکێکــە لــە خەســڵەتە بنەڕەتییــەکانی تــاك و، کۆمــەڵ و، کۆمەڵـگاو دەوڵـەتی ئیسـلامیی.

٢)- پێگەی ڕاوێژ لە ئیسلامدا:

پێگــەی ڕاوێــژ ئەوەیــە، کــە هاوتاســتە لەگــەڵ نوێــژو زەکاتــدا، بەڵگەشــمان لەوبــارەوە ئەوەیــە کــە خــوا ﷻ کاروبــار بــە ڕاوێــژ بەڕێوەبــردنی، خســتۆتە نێــوان بەرپاکــردنی نوێــژو، بەخشــینەوە، ئنجــا ئــەو بەخشــینە چ لــە مــاڵ و ســامان بــێ، کــە زەکات زەفتربنیــەتی، چ لــە هەرشــتێکی دیکــە بــێ، وەك پێشــتر باســمان کــرد.

کەواتــە: مــادام خــوا خســتوویەتە نێــوان نوێــژ بەرپاکــردن و بەخشــین و، هاوکاریــی کردنــەوە، یــانی: کاروبــار بەڕاوێــژ بەڕێوەبردنیــش، هاوتــاو هاوتاســتی ئەوانە.

٣)- چەمك و واتای ڕاوێژ:

ڕاوێــژ بریتیــە لــە هەڵگێــڕو وەرگێڕکــردنی بیروڕایــەکان و، تێوەڕامانیــان بە مەبەســتی گەیشــتن بــە ڕای ڕاســت، یاخــود ڕاســترین، چونکــە زانایــانی زمــان، گوتوویانــە: وشــەی (شــوری): لــە ڕیشــەدا لــە (شَــارَ النَّحْــلُ العَسَــلَ، يَشُــورُهُ إِذَا جَنَــاهُ مِــنَ الأَزْهَــار، أَو مِــنْ شِرْتُ الدَّابَّــةَ أَشُــورهَا إِذَا أَرْكَضْتَهــا، وَأَجْرَيْتَهَــا لِتَجْرُبَهَــا وَتَتَعَــرَّف عَــلَى مِشْــيَتِهَا وَطَبِيعَتِهَــا)،[1] (شــوری) لــە یەکێــك لــەو دووانــەوە هاتــوە:

أ- یان لەوە هاتوە: هەنگەکە هەنگوینی کۆکردەوە، شیلەی گوڵانی کۆکردەوەو کردیە هەنگوین.

ب- یاخود لەوە هاتوە: وڵاخەکە غاردانم پێکردو، ڕۆیاندنم تاکو تاقی بکەمەوە، داخۆ ڕۆیشتن و سرووشتی چۆنە.

کەواتــە: ڕاوێژکارانیــش لــە نێــوان خۆیانــدا، بیروڕایــەکان لــە تەتەڵــەو بێژینــگ دەدەن و دەیانپشــکنن و لێیــان وردەبنــەوە، تاکــو ســەرەنجام بگەنــە ئــەوەی کام ڕایــە ڕاســتە؟ یاخــود: کام ڕایــە ڕاســترو چاکــترە؟!

---

(١) المعجم الوسيط ص٥٩٩، المجلد ص٤٠٧.

٤)- ڕاوێژ گشتگیرە، بۆ هەر کارێك کە پێگەیەکی هەبێ و گرنگییەکی هەبێ، پێویستیی بە قسە لەسەرکردن هەبێ:

بەڵگەشمان ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴿٣٨﴾ ﴾الشورى، کە پێشتر گوتمان (أمر): بریتیە لە حاڵ و کار، هەر شتێك کە بهێنێ، قسەی لەبارەوە بکرێ و ڕاوێژی لەبارەوە بکرێ، واتە: هەرچی کاروباری بڕوادارانە دەبێ، بە ڕاوێژبێ، هەڵبەتە ئەو کاروبارانەی پەکیان لەسەر ئەوە کەوتوە، لێیان وردبیەوەو، تێیانەوە ڕامێنی و ڕاوێژیان لەبارەوە بکەی.

٥)- بینا لەسەر ئەوەی باسکرا پێویستبوونی ڕاوێژ لەسەر بڕواداران، زۆر ڕوون و ئاشکرایە:

چونکە خوا ﷻ لە دوایی بەرپاکردنی نوێژ، یەکسەر باسی کاروبار بە ڕاوێژ بەڕێوەبردن دەکات، کەواتە: وەك چۆن نوێژو ماڵ بەخشین لەسەر مسوڵمانان فەرزن، بەهەمان شێوە کاروبار بە ڕاوێژ بردنیشیان لەسەر فەرزە.

٦)- پابەندیی بە ئەنجامێکەوە کە لە ڕاوێژ پەیدادەبێ پێویستە، ئەگەرنا ڕاوێژکردن دەبێتە خافڵاندنی خەڵك و، شتێکی بێجێ:

کارێك کە ڕاوێژی لەبارەوە دەکرێ، پێویستە دەرەنجامەکەی، ئەنجامەکەی پابەندیی پێوە بکرێ، واتە: ڕاوێژ پابەندکەرە (**الشورى مُلْزِمة**)، تەنیا فێرکەر و، ئاگادارکەرەوە نیە (لَيْسَتْ مُعْلِمة) لە نێوان زانایاندا لەو بارەوە زۆر قسە کراوە، چونکە وەختێك لە کارێك دەکۆڵدرێتەوەو، ڕاوێژی تێدا دەکرێ، دەریش دەکەوێ کام ڕایە ڕاسترەو بەڵگەدارترە، ئەگەر تەبەنیی نەکرێ، مانای وایە بەس خۆ خافڵاندن و، خافڵاندنی خەڵك بووە، بە تایبەت لە لایەن کەسێکەوە کە ڕاوێژەکە دەکات، بەتایبەت لەلایەن کەسێکەوە کە حومکڕانە و ڕاوێژ بە خەڵك دەکات، ئەگەر حوکمڕان دوایی پابەند نەبێ، بەڕای زۆرینەوە، یان بەو ڕایەوە کە دەرکەوتوە ڕاسترەو بەڵگەدارترە، مانای وایە هەر خافڵاندووی!

٧)- لە نێوان ڕاوێژی ئیسلامیی و دیموکراسییدا، دوو جیاوازیی گەورە هەن:

یەك: ئەوەیە کە ڕاوێژ لە ئیسلامدا گشتگیرە، بۆ هەموو ڕەهەندو لایەنەکانی ژیان و، تەنیا لە بواری سیاسییدا کورت هەڵنەهاتوە، کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴾، کاروباریان بەڕاوێژە، ئەمە لێرەدا خوا ﷻ کارێك جیا لە کارێکی تایبەت نەکردوە بە ڕاوێژەوە، بەڵکو بە گشتیی و، بە ڕەهایی فەرموویەتی، کەواتە: هەموو کارێکی مسوڵمانان کە بهێنێ و بایەخیی هەبێ، پێویستە ڕاوێژی تێدا بکرێ، هەر بۆیە خوا ﷻ لە قورئاندا، لە مەسەلەی مامەڵەی باب و دایکان لە قەزیەی شیر پێدانی کۆرپەکەیاندا، باسی ڕاوێژی کردوە، لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٣٣)دا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ﴾، هەروەها ڕاوێژکردنی مێرد، کە ژنەکەی تەڵاقداوە، بەڵام ژنەکەی دووگیانە، چۆن منداڵەکەیان شیر پێ بدەن، لە دوای تەڵاقدان؟ لەوێش باسی ڕاوێژی کردوەو دەفەرموێ: ﴿ وَإِن كُنَّ أُولَٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ ﴿٦﴾ ﴾الطلاق، (وَأْتَمِرُوا) واتە: (تَشاوروا)، ڕاوێژ بکەن هەروەها پێشەوای مسوڵمانان و حوکمڕانیان، دیسان پێویستە ڕاوێژ بە بڕواداران بکات، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ﴿١٥٩﴾ ﴾آل عمران.

دوو: ڕاوێژ لە ئیسلامدا پابەندە بە شەریعەتەوە، بە حوکمە هەڵبڕەڕەکانیەوە، چونکە وەك بنچینەیەك گوتراوە: (**لا اجتهاد في معرض النص**)، لە کاتی هەبوونی دەق دا کۆششکردن نیە. بەڵام دیارە دیموکراسیی، بەربەرەڵایەو، پابەندنیە بە هیچ شتێکەوە، هەر بۆیەش لە سایەی ئەو کۆمەڵگایەدا، کە بە حیساب میکانیزمی دیموکراسیی، بۆ حوکمڕانیی بەکاردێنن، بەبێ پابەندیی بەشەریعەتەوە، دەگەنە بڕیاری زۆر سەقەت، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی دینییەوە، لە ڕووی ئەخلاقییەوە، لەڕووی خێزانییەوە، یان لە ڕووی ستەمکردن لە گەلان و نەتەوەکانی دیکەوە، لە سنوور دەرچوونێکی گەورەی تێدایە، بەڵام لە ئیسلامدا ڕاوێژی مسوڵمانان پابەندە بە شەریعەتەوەو، نابێ لەو چوارچێوەیە دەرچێ، ئەگەر مسوڵمانانی هەموو دنیا نەك هی پەرلەمانێك، نەك هی

ئەنجوومەنی نوێنەرانێك، كۆببنەوە ناتوانن بڵێن: سوود (ربا) حەڵاڵە، یان زینا حەڵاڵە، یان هاوڕەگەز بازی ڕەوایە، یان دزیی حەڵاڵە، یان داگیر كردن، یاخود بەكارهێنانی مادده شەرخۆشكەرەكان ڕەوایە، چونكە ئەمانە هەموویان لە دەقەكانی قورئان و سوننەتدا هەڵبڕاون، زانایان وەك بنچینەیەك گوتوویانە: (**حَرَامُ مُحَمَّدٍ حَرَامٌ إلى يَوْمِ القِيَامَةِ، وَحَلاَلُهُ حَلاَلٌ إلى يَوْمِ القِيَامَةِ**) ئەوەی كە موحەممەد ﷺ بە قەدەغەی داناوە، هەر قەدەغەیە تاكو قیامەت، ئەوەش كە ئەو بە ڕەوای داناوە، ڕەوایە تاكو قیامەت، هیچ كەس بۆی نیە نە حەرامەكان، ڕەوا بكات، نە ڕەوایەكانیش قەدەغە بكات.

بڕگەی دووەم[1]: سەرپەرشتیاری كردنی كاربەدەستان، ڕەوایەتیی نیە، مەگەر لەسەر بناغەی ڕاوێژ، ئەو بەرپرسیاریەتییەیان پێسپێردرابێ:

لەوبارەش چوار بەڵگان دەخینە ڕوو:

یەكەم: ئەم بنەمایەش هەر لە بنەمای یەكەمەوە وەردەگیرێ و هەڵدەهێنجرێ، بنەمای یەكەم: بریتی بوو لە: ڕاوێژ بناغەی بەڕێوەبردنی تێكڕای كاروبارەكانی كۆمەڵ و كۆمەڵگاو، دەوڵەتی ئیسلامییە، چونكە مادام خوا ﷻ ڕاوێژی كردوە بە ئەو بناغەیەی كە تێكڕای كاروباری مسوڵمانانی لەسەر بنیات دەنرێ و فەرموویەتی: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴾، بێگومانیش كاری دیارییكردنی كاربەدەستان، لە هەموو كارەكانی مسوڵمانان گرنگترو مەزنترە، بۆیە پێویستە ڕاوێژی تێدا بكەن، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴾، كاروباریان لە نێوان خۆیاندا بەڕاوێژە، كاری ئەرك پێ سپاردنی كاربەدەستانیش، لە هەموو كارەكان مەزنترو، بایەخدارترە.

كەواتە: لە هەموو كارەكان زیاتر دەبێ ئەوەی تێدا ڕەچاو بكرێ، كە دەبێ ئەو كارە بناغەكەی ڕاوێژ كردن بێ، بۆیە مسوڵمانان هیچ بوارو دەرفەتیان

---

(١) (المَطْلَبُ الخَامِسُ: إسناد ولاية وَلاة الأمُور لا شرعيّة لها، إلّا إذَا أسندت إليهم عَلى أسَاسِ الشورى).

نیە، هەر کاتێك ویستیان کارێك لە کارەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بە کەسێك بسپێرن و بەرپرسێك بۆ ئەو کارە بدۆزنەوە، دەبێ ڕاوێژی تێدا بکەن، چونکە ئەو کەسەی کاروبارێکی مسوڵمانان بەڕێوە دەبات، لە ڕاستییدا وەك جێگرایەتیی پێغەمبەر ﷺ ئەو کارە دەکات، دیسان وەك کارپێ سپێردراویەتیی مسوڵمانان، یانی: (نِيَابَةٌ عَنِ الرَّسُول، وَوَكَالَةٌ عَنِ المُجْتَمع) خوا ﷻ لە هەموو قورئاندا، دواندنەکانی هەموویان ئاراستەی ئیماندارن کردوون: (يَا أَيُّهَا الَّذِيْن آمنُوا) کەواتە: لە ئەسڵدا کۆمەڵگای بڕوادار، کۆمەڵگای مسوڵمان، خاوەنی شەرعیی دەسەڵاتە، ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرن بۆ ئەوەی کاروباریان بۆ بەڕێوەبەرێ و مشووریان بخوات، چ لە ڕووی یاسادانانەوە، چ لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە، چ لە ڕووی دادوەرییەوە، چ لە هەر ڕووێکی دیکەوە، ئەوە وەکیلیانەو، ئەوان خۆیان ئەو کارەیان پێسپاردوە.

پێشەوا زەهەبیی هێناویەتی: (**دَخَلَ أَبُو مُسْلِمٍ عَلَى مُعَاوِيَةَ، فَقَامَ بَيْنَ السَّمَاطَيْنِ فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا الأَجِيرُ، فَقَالُوا: مَهْ، قَالَ: دَعُوهُ فَهُوَ أَعْرَفُ بِمَا يَقُولُ، وَعَلَيْكَ السَّلَامُ يَا أَبَا مُسْلِمٍ**)[1].

واتە: ئەبوو موسلیمی خەوەلانی چوو بۆ لای موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان (کە حوکمڕان بوو)، پێیگوت: سڵاوت لێ بێت ئەی کرێکار، (یان ئەی ئەو کەسەی بە کرێمان گرتووی)، خەڵکەکەی کۆڕو مەجلیس گوتیان: بێ دەنگبە، (یانی: ئەو قسەیە چییە دەیکەی؟!)، موعاویە گوتی: لێیگەڕێن، ئەو بۆ خۆی چاکتر دەزانێ چی دەڵێ، (**وعلیکم السلام**) ئەی ئەبوو موسلیم!

دووەم: بەڵگەیەکی دیکە لەو بارەوە کە سەرپەرشتیاری مسوڵمانان ڕەوایەتیی نیە، ئەگەر پاڵنەدرێتە لای ڕاوێژو، لە ویستی ئازادی مسوڵمانانەوەو، لە قەناعەت و ڕەزامەندییانەوە هەڵنەقوڵێ، فەرموودەی خوای بەرزە، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا۟ ٱلْأَمَـٰنَـٰتِ إِلَىٰٓ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُوا۟ بِٱلْعَدْلِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓ

(١ سير أعلام النبلاء للذهبي: ج٣، ص١٣.

﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا ﴿٥٨﴾﴾ النساء، واتە: بێگومان خوا فەرمانتان پێدەکات، (ئەی کۆمەڵگای مسوڵمان) کە سپاردەکان بە خەڵکی شایستەی خۆیان بسپێرن و، هەر کاتێك دادوەرییتان کرد لە نێوان خەڵکدا، (ئەی حوکمڕانەکان)، بە دادگەرانە دادوەریی بکەن، ئەوەی خوا ئامۆژگارییتانی پێدەکات، باشترین شتە، بێگومان خوا بیسەری بینەرە.

لێرەدا خوا ﷻ لەم ئایەتە موبارەکەدا {وەك لە: مەوسووعەی: {ئیسلام و دەوڵەتداریی}دا کە چوار کتێبەو لە کتێبی دووەمیاندا بە درێژیی لەبارەی ئەم ئایەتەوە دواوین} خوا ﷻ فەرمان دەکات بە کۆمەڵگا، کۆمەڵگای مسوڵمان و لەسەریان پێویست دەکات، کە سپاردەکان تەسلیمی خەڵکی شایستەی خۆیان بکەن و، لە دادوەریی کردنیشدا دادگەربن، دواییش بۆیان ڕوونەکاتەوە کە ئەوەی خوا ئامۆژگارییان پێدەکات، باشترین ئامۆژگارییەو خوا قسەکانیشیان دەبیستێ، کردەوەکانیشیان دەبینێ.

سپاردەکان (أَمَانَات) کە لێرەدا خوا فەرمانی بە بڕواداران کردوە، بیانگەیەننە دەستی خەڵکی شایستەی خۆیان، گشتگیرە بۆ هەموو جۆرەکانی سپاردەکان، چ سپاردەی ماددیی بن، چ سپاردەی مەعنەویی بن، بەڵام ئەوەی لە سیاق دەردەکەوێ، لەبەر ئەوەش کە خوا (أدَاء الأَمَانَات) لەگەڵ (حُكْم بِالعَدْل)دا، پێکەوە هێناون، ئەوەیە کە مەبەست لە سپاردەکان (أَمَانَات) لێرەدا کاروبار بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە، کە لە ڕاستییدا مەزنترین سپاردەو ئەمانەتیشە، پێغەمبەری خواش ﷺ وشەی ئەمانەتی وا تەفسیر کردوە، وەك لەم فەرمایشتەدا دیارە:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا ضُيِّعَتِ الأَمَانَةُ فَانْتَظِرِ السَّاعَةَ»، قَالَ: كَيْفَ إِضَاعَتُهَا؟ قَالَ: «إِذَا وُسِّدَ الأَمْرُ إِلَى غَيْرِ أَهْلِهِ فَانْتَظِرِ السَّاعَةَ} (أخرجه البخاري: ٥٩). ئەوە لە درێژەی فەرمایشتێکدا هاتوە، کە پیاوێك لە پێغەمبەر دەپرسێ ﷺ: {مَتَى السَّاعَة} ئاخیر زەمان کەی دێ؟ یاخود قیامەت کەیە؟

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەر کاتێك سپاردە زایە کرا، چاوەڕێی ئاخیر زەمان، (یان چاوەڕێی قیامەت) بکە، ئەویش

گـوێ: زایەکـردنی سپاردە چۆنـە؟ فەرمـووی: هـەرکات کاروبـار بـە کەسـی ناشایسـت سـپێردرا، چاوەڕێـی قیامـەت، (یـان چاوەڕێـی ئاخیـر زەمـان) بکـە.

هەڵبەتـە ئـەو هاوەڵـە (خـوا لێـی ڕازی بێ)، لـە (**القِيَامَـةُ الكُبْرَى، أو السَّـاعَة الكُبْرى**) ی، پرسـیار کـردوە، واتـە: ئاخیـر زەمـان، یاخـود زینـدوو کرانـەوەو هەڵسـێنرانەوە، بـەڵام پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بـۆی بـاسی کۆتایـی هاتـن و ئاخیـر زەمانی هـەر کارێـك کـردوە، کـە بـە کەسـێکی ناشایسـت دەسـپێردرێ، کـە ئـەو کارە سـەری بەفەتـارە دەچێـت و کۆتایـی پـێ دێ و، ئاخیـر زەمانی ئـەو کارە دێ.

کەواتـە: کاتێـك سـپاردەی حوکمڕانیـی زایـە نەبـووە، کـە بـە خەڵـکی شایسـتە سـپێردراوە، کەسـانێك کـە شایسـتەبن، بـۆ ئیـدارەدان و بەڕێوبـردنی کاروبـاری کۆمەڵـگای مسـوڵمان.

دوو ڕوونکردنەوەی گرنگ:

١)- وشەی: ﴿ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ ﴿٥٩﴾ ﴾النساء، وشەیەکە، ناگونجێ بڵێین: مەبەست پێی کەسێکە، ئەو کەسەی کە کاروباری کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات، ئەگەر ناوی لێبنرێ: خەلیفە، ئیمام، ئەمیر، سەرۆك، سوڵتان، بۆچی؟ چونکە (**أولي**) بە مانای خاوەنان (أصحاب)ە، دەڵێ: (**أولِي: جَمْعٌ لَا وَاحِدَ لَهُ مِنْ لَفْظِهِ، وَاحِدَه ذو، وَأولَات للإنَاث، وَاحِدَتها ذَات**)[1] واتە: (**أولي**): وشەیەکە بە مانای خاوەنان دێ، کە لە بێژەی خۆی تاکی نیە، بەڵکو تاکەکەی بریتیە لە (**ذو**) خاوەن، بۆ یەك کەس، بۆ مێینان، دەگوترێ: (**أولات**) تاکی (**أولات**)یش، بریتیە لە (**ذات**).

کەواتـە: هـەر لـە ئەسـڵدا ئەوانـەی خـاوەنی دەسـتەڵات دەبـن، لـە کۆمەڵـگاو دەوڵـەتی ئیسـلامیدا، دەبـێ کۆبـن، (**أوْلِي الأمْـرِ**) کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴿٥٩﴾ ﴾النسـاء، ئێمـە لـە ئیسـلامدا (**ولي الأمر**)مـان نیـە، (**أوْلِي الأمْـرِ**)مـان هەیـە، کەواتـە: ئـەوە لادانێـکی زەق و خراپـە، کـە بـە نـاوی ئیسـلامەوە کەسـێك نـاوی لێبنـرێ: (**وَلِيُّ الأمـر**)، ئێمـە (**أولِي الأمْـرِ**)مـان هەیـە،

(١) مختار الصحاح: ص٤٣.

دەستەڵات و حوکمڕانیی لە ئیسلامدا بە ستافە، بە کۆیە، تاکێک نیە، بەڵێ: کەسێك دەبێ ناوی سەرۆك بێ، ناوی ئەمیر بێ، ناوی هەرچی بێ، بەڵام بە تەنیا حوکمڕانیی ناکات، بەڵکو ڕاوێژ دەکات لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی دان، یانی: هاوکارەکانی.

لە هەموو قورئاندا وشەی (**ولي الأمر**) نەهاتوە، بەڵام (**أولِي الأمْرِ**) هاتوە، دوو جاران هاتوە لە سوورەتی (**النساء**)دا.

ئنجا ئەو خاوەنانەی فەرمانە، ئەو کاربەدەستانە، چ لە کۆڕی ڕاوێژ (پەرلەمان) دا خۆیان ببینەوە، یاخود لە: کۆڕی کردنەوەو گرێدان (**أهل الحَلّ والعَقْد**) کە لەم ڕۆژگارەدا بە دەستەڵاتی یاسادانان ناوزەد دەکرێ، چ لە حوکمەتدا، یان لە دەستەڵاتی جێبەجێ کردندا، چ لە دەستەڵاتی دادوەرییدا، هەر سێك دەستەڵاتەکان، (**أولي الأمر**) ئەوانەی ئەو سێ دەستەڵاتانە بەڕێوەدەبەن، ئەو وشەیان بۆ بەکاردەهێنرێ.

٢)- چۆنیەتیی و شێوازی ڕاوێژ کردن لە نێو کۆمەڵگادا، بۆ دیارییکردنی ئەوانەی کاریان پێدەسپێردرێ، لە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەرییدا، شەریعەت شێوازێکی دیارییکراوی بۆ دانەناوە، بەڵکو بەجێیهێشتوە، لە بازنەی ڕەوادا، لە بازنەی دەستکراوەیی دا، تاکو کۆمەڵگا لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانی بەشەردا، بە پێی پێویست میکانیزمی بۆ دابنێ، کەواتە: مسوڵمانان ئازادن و دەستکراوەن، لە هەڵبژاردنی ئەو شێوازو میکانیزمانەی کە پێیان باشترە لە ڕووی ئیداریی و هونەرییەوە، بۆ ئەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە: ﴿ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ﴾، لە ژیانی خۆیاندا بەرجەستە بکەن، مسوڵمانان هیچ قەیدو بەندێکیان لەسەر نیە، جگە لەوە کە نابێ پێچەوانەی دەقێکی شەریعەت بێ و، دەبێ هێنانەدی بەرژەوەندیی مسوڵمانانی لێبکەوێتەوە، چونکە کاروبارە هەڵسوکەوتییەکان، ئەسڵ تێیاندا هێنانەدی بەرژەوەندیی و چەسپاندنی دادگەرییە، ئەگەرنا هیچ قەیدو مەرجێکی دیکەیان لەسەر نیە، بە پێچەوانەی خواپەرستییەکانەوە، کە ئەسڵ تێیاندا پابەندییە بە دەقەکانەوە،

بەبێ سەرنجدانی حیکمەتەکەیان، چونکە مامەڵە لەگەڵ خوادا ﷻ لەسەرووی عەقڵی بەشەرەوەیە، بەڵام مامەڵەی کۆمەڵگا لە نێو خۆیدا، لە مەودای عەقڵی بەشەر دایە، بۆیە دەبێ حیکمەت و سوودەکە لەبەرچاو بگیرێ.

٣)- دیارییکردنی نوێنەرانی کۆمەڵگا، یاخود ئەندامانی ڕاوێژ، یان ئەندامانی پەرلەمان، بە زاراوەی ئەمڕۆ، گرنگترین ئەو بابەتانەیە، کە دەبێ کۆمەڵگای مسوڵمان قسەی خۆی تێدا بکات و ڕاوێژی تێدا بکات، ئنجا چۆنیەتیی هەڵبژاردن و دیارییکردنی نوێنەرانی کۆمەڵگا، ئەمیش دیسان شەریعەت بە بۆشی بەجێیهێشتوە، تەنیا یەك چوارچێوەی فراوانی بۆ داناوە، کە دەبێ بە ڕاوێژی مسوڵمانان لە بەینی خۆیاندا بێ و، هیچ کەس بە لاف لێدانی تاکیی بڵێ: من شایستەترم، یان بنەماڵەیی، یان عەشیرەتیی، یان حیزبیی، یان ڕەگەزیی، بۆی نیە خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ، بەڵکو دەبێ بە ڕاوێژ بێ، بە پرس و ڕای کۆمەڵگابێ.

٤)- زۆرێك لە زانایان لەبارەی ڕەوابوون و ڕەوانەبوونی حوکمڕانیی ئەوانەی خۆیان بەسەر کاروباری مسوڵماناندا سەپاندوە، لە دوای چوار خەلیفە ڕاشیدەکان، هەر لە موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیانەوە، هەتا دوایی، لەو بارەوە زۆر قسەیان کردوە، کە بەبێ ڕاوێژ بە مسوڵمانان خۆیان بەسەر کورسیی حوکمڕانییدا سەپاندوە، کە ئەوەی موعاویە هەتا ڕاددەیەك شوبهەیەکی بە دەستەوە هەبوو، کە حەسەنی کوڕی عەلی (خوا لێیان ڕازی بێ)، تەنازولی بۆ کرد، بەڵام لە دوای ئەوەوە یەزیدی کوڕی و، ئەوانی دیکە، جگە لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، ڕەحمەتی خوای لێبێ و، هەندێکی دیکەیان کە کارەکەیان تەسلیمی مسوڵمانان کردۆتەوە، بەڵام مسوڵمانان هەڵیانبژاردوون، ئەوانی دیکە هەموویان بە میراتیی بوون.

زانایان لەوبارەوە زۆر قسەیان کردوە، بەڵام ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: {**أَوَّلُ مَنْ يُغَيِّرُ سُنَّتِي رَجُلٌ مِنْ بَنِي أُمَيَّةَ**} (**أخرجه ابن أبي عاصم في الأوائل: ج٧، ص٢، ورواهُ ابْنُ كثير في البدَاية والنِّهَاية: ج٨، ص٢٣٤، وكذلك رواه السيوطي في الجامع الصغير: ٢٨٤١، وأورده الألباني في السلسلة الصحيحة رقم: ١٧٤٩**)، واتە: یەکەم کەس کە ڕێبازی من دەگۆڕێ، پیاوێکە لەبەنی ئومەییە.

ئەلبانیی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەڵێ: ڕەنگە مەبەست لە فەرمایشتەکە گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنی خەلیفە بێ و، کردنی بە میراتیی بێ، [کە لەسەر دەستی موعاویە ئەوە ڕوویدا، خوا لێی ببووری].

لەو بارەوە زانایان زۆر قسەیان کردوە، بەڵام پێم وایە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ ئەو بابەتە یەکلایی دەکاتەوە، هەروەها دەشگونجێ ئەو ئایەتە موبارەکەی سوورەتی (البقرة) لەوبارەوە بە بەڵگەبهێنرێتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾، واتە: پەیمانی من ستەمکاران ناگرێتەوە، کە لە وەڵامی ئیبراهیم دایە (عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلَام)، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذِ ابْتَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾البقرة، واتە: یادبکەوە! کاتێك پەروەردگاری ئیبراهیم، ئیبراهیمی تاقیکردەوە بە چەند وشەیەك {واتە: بە چەند ئەرکێك} ئەویش هەمووی تەواو کردن، دوایی (خوا) فەرمووی: من دەتکەمە پێشەوا بۆ خەڵك، گوتی: ئەدی لە وەچەکەم؟ (خوا) فەرمووی: ستەمکاران پەیمانی من نایانگرێتەوە، واتە: ستەمکاران ڕەوایەتییان نیە، بۆ پێشەوایەتیی و حوکمرانیی.

کەواتە: هەر کارپێ سپاردنێك لە سەربناغەی خۆسەپاندن و، ستەم لە خەڵك کردن بنیات نرابێ، لە ڕاستییدا ڕەوایەتیی نیەو، بە ناشەرعیی لە قەڵەم دەدرێ.

سێیەم: بەڵگەیەکی دیکە لەوبارەوە، ئەوەیە کە خوا ﷻ لەسەر کاربەدەستانی فەرز کردوە حوکم بە دادگەریی بکەن، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ﴿٥٨﴾﴾النساء، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە، چونکە بابای ستەمکار، کە خۆی بەسەر خەڵکدا سەپاندوە و بۆخۆی دادگەرنیە، چۆن دەتوانێ لە حوکمڕانییدا دادگەرانە ڕەفتار بکات؟ وەك گوتراوە: (**كَيْفَ يَسْتَقِيمُ الظل وَالعودُ أعوجُ**) سێبەر چۆن ڕاست دەبێ، ئەگەر دارەکە خوار بێ؟!

چوارەم: هەڵبەتە دەگونجێ زۆر بەڵگەی دیکەش بهێنرێتەوە، بۆ وێنە: خوا لە سوورەتی (هود) ئایەتی (١٨)دا، دەفەرموێ: ﴿أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ ﴿١٨﴾﴾، واتە: ئاگاداربن! نەفرینی خوا لە ستەمکاران.

ئنجا چۆن بابای نەفرین لێکراو، دەبێتە سەرپەرشتیاری مسوڵمانان، مسوڵمانانێك کە خوا بەزەیی پێدادێن، کەسێك کە خوا لە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی دووری خستۆتەوەو نەفرینی لێکردوە، چۆن بکرێتە سەرپەرشتیارو، سەرۆکیان؟ دەگونجێ زۆر بەڵگەی دیکەش لەو بارەوە بهێنرێنەوە.

مەسەلەی دووەم:

هەقی خۆکردنەوەو تۆڵەستاندنەوە، دوای ستەملێکران، گلەیی لەسەر نیە، بەڵکو گلەیی و سەرزەنشت لەسەر ستەم کارو دەستدرێژکارانەو، ئەوانە ئازاری بە ژانیشیان هەیە لە قیامەتدا، کەسێکیش خۆڕاگریی و لێبوردنی هەبێ، ئەو خەسڵەتە لەو کارانەیە کە بەبێ ئیرادەی پتەوو قایم نایەتەدی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ (٤١) إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٤٢) وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ (٤٣) ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ﴾، بە دڵنیایی هەر کەسێك دوای ئەوەی ستەمی لێکراوە، تۆڵەی خۆی بستێنێتەوەو ملنەدات بۆ ستەم، ئەوانە ڕێی گلەییان لەسەر نیە، کەس ناتوانێ گلەییان لێ بکات و سەرزەنشتیان بکات.

کە دەفەرموێ: (**وَلَمَـن**) ئـەم (ل)ە، (**موطّئـة للقسـم**)، ڕێخۆشـکەرە بـۆ سـوێند، ﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ ﴾ واتـە: بـە دڵنیایـی کەسـێك تۆڵـە بسـتێنێتەوە لـە دوای ئـەوەی سـتەمی لێکـراوە، (**إنتَـصر**) پێشـتر گوتمـان: أ- یـان بـە مانـای بەرهەڵسـتیی سـتەمکاری کـرد، ب- یـان بـە مانـای تۆڵـەی سـتاند، ج- یاخـود مانـای داوای یارمەتیـی کـرد تاکـو زوڵمـی لـێ نەکـرێ.

(**بَعْـدَ ظُلْمِـه: إضَافَـةُ المَصْـدَرِ إلى مَفْعُولِـهِ، أي: بَعْـدَ كَوْنِـهِ مَظْلُومَـاً**)، (**بَعْـدَ ظُلْمِـهِ**) ئەمـە پاڵـدانی چاوگـە بـۆ لای بـەرکار، (**بَعْـدَ ظُلْمِـهِ**) (**ظلـم**): چاوگـەو ڕاناوەکـە (ه) بەرکارەکەیـەتی، کـە ئەمـە پاڵـدانی چاوگـە بـۆ لای بـەرکار، واتـە: دوای ئـەوەی سـتەمی لێکـراوە، تۆڵـە بسـتێنێتەوە، گلەیـی لەسـەر نیـە، چونکـە (**مَـنْ: شَرْطِيَـة**) یـانی: هـەر کەسـێك بـە مەرجێـك سـتەمی لێکرابـێ تۆڵـە بسـتێنێتەوە، گلەیـی لەسـەر نیـە.

﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ﴾، ئا ئەوانە هیچ ڕێیان لەسەر نیە، یانی: (**مُوجِب المُؤاخَذَةِ**) هیچ ڕێیەکی پێویستکەر بۆ سزادان و گلەیی لێکرانیان لەسەر نیە، (فَأُوْلَٰٓئِكَ)، دەبێتە وەڵامی مەرجەکە، هەر کەسێك بە مەرجێك ستەمی لێکرابێ و تۆڵەبستێنێتەوە، یاخود بەرپەرچی ستەمەکە بداتەوە، وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەوانە هیچ ڕێی گلەیی کردنیان لەسەر نیە.

٢)- ﴿ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ ﴾، ڕێی گلەیی کردن تەنیا لەسەر ئەوانەیە، کە ستەم لە خەڵك دەکەن، هەر ئەوانە گلەییان دێتە سەرو، ڕێی ڕەخنەگرتنیان بۆ لادەچێ، وشەی (إِنَّمَا): زۆرجار باسمان کردوە، ئامرازی کورتهەڵێنان و چەسپاندنە، (**أَدَاةُ الحَصْرِ وَالإِثْبَات**) یانی: ڕێی گلەیی تەنیا لەسەر ئەو کەسانەیە کە ستەم لە خەڵك دەکەن.

٣)- ﴿ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ﴾، هەروەها بە ناهەق دەستدرێژیی دەکەن لە زەویدا، سنووربەزێنیی دەکەن، وشەی (**بَغي**): بریتیە لە سنووربەزاندن ڕووەو ئەو شتانەی خوا لەسەر زەویدا دایناون، وەك مافێکی گشتیی و سوود بەخش بۆ هەموو لایەك، کە خوا بۆ تێکڕای خەڵکی خوڵقاندوونی، ئەو بێنێ دەستدرێژیی بکاتە سەر ئەو هەق و مافانە، یاخود ئەو نیعمەتانەو بۆ خۆی قۆرخیان بکات و دەستیان بەسەر دابگرێ، ئائەوە (**بَغي**)ە.

کە دەفەرموێ: ﴿ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ ﴾ دەستدرێژیی کردن هەر بە ناهەقە، بەڵام ئەمە: (**لِكَشْفِ فَظَاعَةِ البَغي**) ئەمە بۆ دەرخستنی ناقۆڵایی و، ناشیرینیی ئەو دەستدرێژییەیە، ئەگەرنا دەستدرێژیی و سنوور شکێنیی هەر خراپە.

ئنجا کەسانێك وابن:

٤)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾، ئەوانە ئازارێکی بە ئێشیان بۆ هەیە، ئازارێکی بە ژان کە بە دڵنیایی مەبەست پێی سزای ڕۆژی دواییە.

٥)- ﴿ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ﴾، بە دڵنیایی هەرکەس خۆی ڕابگرێ و لێببوورێ، ئەوە لە کارە گرنگ و جەخت لەسەر کراوەکانە. ئەم (ل)ی (**وَلَمَن**) لامی

دەستپێکردنە (**لام الإبتداء**)، یانی: مسۆگەر کەسێك خۆڕاگریی بکات و لێبوردن بکات، ئەو خۆڕاگریی و لێبوردنە، ﴿ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴾، واتە: لەوکارانەیە کە پێویستیی بە عەزیمەت دەکات، یاخود لەو کارانەیە کە بەکەسانێکی خاوەن ئیرادەو عەزمی پتەو ئەنجام دەدرێن، یاخود لەو کارانەیە کە خوا ﷻ زۆر جەختی لەسەر کردوونەوە.

لێرەدا کە دەفەرمووێ: ﴿ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴾ چوار جەختکەرەوە هاتوون:

١- (ل): ﴿ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ ﴾.

٢- (إن): (إِنَّ ذَٰلِكَ).

٣- (ل)ی دەستپێکردن (**لام الإِبْتِدَاء**): ﴿ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ ﴾.

٤- وەسفکردن بە چاوگ: ﴿ لَمِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴾ ئەو کارانەی عەزمیان لەسەر کراوەو، ئیرادەیەکی پتەویشیان لە پشتەوەیە.

وشەی (**عَزْم**) یانی: (**عَقْدُ النِّيَّةِ عَلَى العَمَلِ وَالثَّبَاتِ عَلَى ذَلِك**) (**عزْم**)، بریتیە لە گرێدانی نیازو مەبەست لەسەر کارێك و، چەسپاویی لەسەر ئەو کارە، وشەی (**عَزْم**) کە پاڵدراوەتە لای (**الأمور**)، (**مِنْ إضَافَةِ الصِّفَةِ إلى المَوْصُوف**) لێرەدا سیفەت پاڵدراوەتە لای وەسفکراو، (**أي: الأُمُورِ المَعْزُومة، أو الأمُور العَازِمَة أصْحَابُها**)، واتە: لەو کارانەیە کە عەزمیان لە سەر کراوە، یان: کە خاوەنەکانیان، خاوەن دڵی پتەون لەسەر ئەنجامدانی کاران، یاخود: (**مِنْ عَزَائِمِ اللهِ الَّتِي أمَرَ اللهُ بِهَا**) لەو کارە گرنگانەن کە خوا مەبەستی بوون، مرۆڤەکان بیانهێننەدی.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتە موبارەکەی دەفەرمووێ: ﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ ﴾، واتە: هەر کەسێك لە دوای ئەوەی ستەمی لێکراوە، تۆڵە بستێنێتەوە، ئەوانە هیچ ڕێی گلەییان لەسەر نیە، ئەم دەقە لەویارەوە، دێنین:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: [الْمُسْتَبَّانِ مَا قَالَا فَعَلَى الْبَادِيْ، مَا لَمْ يَعْتَدِ الْمَظْلُومُ] (أخرجه مسلم: ٢٥٨٧، والبخاري في الأدب المفرد: ٤٤٢٣، وأبو داود: ١٨٩، والترمذي: ٥٨١) واتە: ئەو دوو کەسەی قسە بە یەکدی دەڵێن، (جنێو بە یەکدی دەڵێن)، ئەو کەسەی دەستپێشخەر بووە، گوناهەکە لە ئەستۆی ئەوە، تاکو بابای ستەملێکراو سنوور شکێنیی دەکات و تێدەپەڕێنێ. {ئەو کاتە ئەویش گوناهبار دەبێ} وەك بنجینەیەکی شەرعیی هاتووە: (البَادِئ بالشَّرِّ أظلَم) دەستپێشخەر بۆ خراپە ستەمکارترە، واتە: گوناهەکە لە ئەستۆی ئەوە، ئەوی دیکە کە وەڵام دەداتەوەو بەرگریی لە خۆی دەکات، گوناهبار نابێ، چونکە خوا ﷻ ڕێگای پێداوە بەرگریی لە خۆی بکات: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلْبَغْيُ هُمْ يَنتَصِرُونَ ﴾، ﴿ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ﴿١٩٤﴾ ﴾البقرة، ئەویان ڕێی پێدراوە، بۆیە گوناهبار نیەو ئەرکێکی شەرعیی ئەنجام دەدات، بەڵام هی یەکەم کە دەستپێشخەر دەبێ بۆ دەستدرێژیی، کارێك دەکات، کە خوا قەدەغەی کردوە، بۆیە گوناهبارە.

مەسەلەی سێیەم:

هەر کەسێك خوا گومڕای بکات، هیچ سەرپەرشتیاری نابن و، لە کاتی دیتنی سزای خواشدا، داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ دنیاو، کاتێکیش لەسەر ئاگر ڕادەنوێنرێن بە ملکەچیی و زەبوونیی بەسیلەی چاوان، تەماشا دەکەن و، بڕوادارانیش دەڵێن: ئەوانەی خۆیان و کەس و کاریان دۆڕاندوە، زیانبارن و، هیچ کەسیش نەبوو لە سزای خوا دەربازیان بکات، ئەوەی خواش سەرگەردانی بکات، هیچ ڕێی نین:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن وَلِيٍّ مِّنْ بَعْدِهِ وَتَرَى الظَّالِمِينَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ ﴿٤٤﴾ وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ وَقَالَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا إِنَّ الظَّالِمِينَ فِي عَذَابٍ مُّقِيمٍ ﴿٤٥﴾ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَاءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن سَبِيلٍ ﴿٤٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن وَلِيٍّ مِّنْ بَعْدِهِ ﴾، هەر کەسێك خوا گومڕای بکات، هیچ سەرپەرشتیاری نین، لە دوای وی.

(مِنْ)ی ﴿ فَمَا لَهُ مِن وَلِيٍّ ﴾، (مِنْ: زَائِدَةٌ للتَّوْكِيد)، ئەم (مِنْ)ە، زیادکراوە بۆ جەختکردنەوە، واتە: هەر لەسەرەتای سەرپەرشتیارییەوە تاکو کۆتایی، هیچ کەسێك نیە، لە دوای خوا سەرپەرشتیاری بێ، مادام خوا گومڕای کردبێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ مِّنْ بَعْدِهِ ﴾، یانی: (مِنْ دُونِه، مِنْ غَيْرِه) جگە لە خوا هیچ سەرپەرشتیاری دیکەی نین، کە خوا گومڕای کردبێ، کێ دەتوانێ سەرپەرشتیاری بێ و بیخاتەوە سەر ڕێ؟!

٢)- ﴿ وَتَرَى ٱلظَّٰلِمِينَ لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ﴾، ستەمکارانیش دەبینی، کاتێك کە ئازار دەبینن، سزا دەبینن، واتە: دۆزەخ دەبینن، وشەی (**العَذَاب**)، (أل)ەکە بۆ ناساندنە، بەڵام بۆ (**عهد**)ە، واتە: سزاو ئازارەکە دەبینن، کە مەبەست پێی دۆزەخە، چی دەکەن؟

٣)- ﴿ يَقُولُونَ هَلۡ إِلَىٰ مَرَدّٖ مِّن سَبِيلٖ ﴾، دەڵێن: ئایا هیچ ڕێیەك نیە بۆ گەڕانەوە، (**هَلْ: إنْكَارِيٌّ فِي مَعْنَى النَّفِي، و«مِنْ» زَائِدَةٌ للتَأكِيْد**) ﴿ هَلۡ إِلَىٰ مَرَدّٖ مِّن سَبِيلٖ ﴾ یانی: ئایا هیچ ڕێ نین بۆ گەڕانەوە بۆ دنیا؟ (**هل**) بۆ پرسیارکردنی نکووڵیلێکردنەو مەبەست پێی لابردنە، (**مِنْ**)یش کە چۆتە سەر (**سبيل**) زیاد کراوە بۆ تەئکید کردنەوە، واتە: هیچ جۆرە ڕێیەك نیە، کە بگەڕێننەوە.

وشەی (**مَرَدّ**) وەك پێشتریش باسمان کرد، هەم بە مانای گەڕانەوە (**رجُوع**) دێ و چاوگی (میمیی)یە، واتە: گەڕانەوە، هەم بە مانای شوێنی بۆلا گەڕانەوە، یانی (**مَرْجِع**) واتە: هیچ شوێنێك نیە بۆ لای بگەڕێننەوە؟

٤)- ﴿ وَتَرَىٰهُمۡ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ ﴾، تۆ ئەو تاوانبارە بێبڕوایانە دەبینی، ملکەچانە بەهۆی زەبوونییەوە ڕادەنوێنرێن لەسەری، ڕاناوی (ها)ی (**عَلَيْهَا**) بۆ ئاگری دۆزەخ دەچێتەوە، لەسەر ئاگری دۆزەخ ڕادەنوێنرێن، ﴿ خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ ﴾ زۆر ملکەچانەو زەبوونانە، لەبەر ئەو بێ دەستەڵاتیی و داماوییەی بەسەریان هاتوە، زۆر ملکەچن، یاخود بەوشەی (**خَاشِعِيْن**) ڕستەکە کۆتایی دێ و، (**من الذلّ**) پەیوەستە بەڕستەی دواییەوە:

٥)- ﴿ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرۡفٍ خَفِيّٖ ﴾، لەبەر زەبوونیی و بێ دەستەڵاتیی، بە سیلەی چاو تەماشا دەکەن، (**الطَّرْفُ: تَحْرِيكُ جَفْنِ العَيْنِ**)، (**طَرْف**) جووڵاندنی پێڵووی چاوە. (**طَرَفَ**): لەسەر کێشی (**ضَرَبَ**)، واتە: (**حَرَّكَ جَفنه**) پێڵووی چاوی جووڵاند، واتە: پڕ بە چاو تەماشای ئەو سزاو ئازارە ناکەن، بەڵکو بە سیلەی چاوو لە ژێر چاوەوە، تەماشای دەکەن، لە ئەنجامی ئەو زەبوون و زەلیلییەدا کە بە ملیاندا هاتوە.

٦)- ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە گوتیان، ئەمە وەك جۆرێك لە خۆشحاڵیی دەربڕینە، بەوە کە ئەو تاوانبارو ستەمکارو خراپەکارانە، تووشی ڕۆژی خۆیان بوون، دوو چاری سزای خۆیان بوون، ئەوانەی بڕوایان هێناوە گوتیان:

٧)- ﴿إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، بە دڵنیایی زیانباران، هەر ئەوانەن کە خۆیان و کەس و کاریان لە ڕۆژی قیامەتدا دۆڕاندووەو لە دەستداوە، واتە: زیانباری ڕاستەقینە ئەوانەن، کە هەم خۆیان لە دەستداوەو هەم کەس و کاریشیان.

کەواتـە: وشـەی (الخاسِرِيـن) کـە (أل)ی ناسـاندنی لەسـەرە، بـۆ (جنـس)ە، یـانی: گەورەتریـن زیانبـارو، ئـەو کەسـەی مانـای تـەواوی زیانباریـی تێـدا هاتۆتـە دی، ئـەو جـۆرە کەسـانەن.

٨)- ﴿ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ ﴾، (ألآ: للتَّنْبِيه وَالإِعْلَام) ئاگاداربن! ئەها! ستەمکاران لە ئازارو سزایەکی بەردەوامدان، (المُقِيمُ: الَّذِي لاَ يَرْتَحِلُ) بەردەوام و نەپساوەو نەبڕاوە.

٩)- ﴿ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَآءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، هیچ سەرپەرشتیارانێکیشیان نەبوون، جگە لە خوا سەریان بخەن، دیسان (مِنْ) لێرەدا: (وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَآءَ) زیادکراوە بۆ جەختکردنەوەی ئەوە، کە هیچ جۆرە سەرپەرشتیارێکیان نیە، هەر لە سەرەتاو دەستپێکەوە تاکو کۆتایی.

﴿ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، جگـە لـە خـوا، سـەریان بخـەن، یـان لـە بەرانبـەر سـزای خـوادا سـەریان بخـەن، یاخـود: هیـچ سەرپەرشـتیارانێکیان نەبـوون، جگـە لـە خـوا، سـەریان بخـەن و لـە فریایـان بێـن.

١٠)- ﴿ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن سَبِيلٍ ﴾، هەر کەسێکیش خوا گومڕای بکات، هیچ ڕێی نین.

(سَبيل: نَكِرَةٌ فِي سِيَاقِ النَّفِي فَيَعُمُّ كُلَّ سَبِيل مُخَلِّصٍ مِنَ الضَّلالِ وَمِنْ آثَارِهِ)
(سَبِيل)؛ کە بە نەزانراو (نکرة) هاتوە، لە سیاقێکدا کە لابردنە، هەموو جۆرە ڕێیەکانی ڕێدەربازکەرەکان دەگرێتەوە، لە گومڕایی و لە شوێنەوارەکانی گومڕایی.

لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە خوا گومڕای کردوون، بەڵکو مەبەست ئەوەیە یاساو سیستمی خوا بەسەریاندا چەسپیوە، کە هیدایەتی خوایان بۆ هاتوە، ڕەفزیان کردوەو گومڕاییان تووش بووە، وەك چۆن کەسێك ژەهر دەخواتەوە دوایی ژاراویی دەبێ، ئەوانەش کە هیدایەتی خوایان ڕەفز کردوە، یەکسەر تووشی گومڕایی بوون.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێرێ، کە هەمیشە هیدایەتی خوا بە ڕووح و گیان قبووڵ دەکەن و تێیدەگەن و پێوەی پابەند دەبن، بۆ ئەوەی لە دنیادا بەختەوەربن و، لە دوارۆژیشدا سەربەرزو سەرفرازبن.

سُبْحَانَكَ اللّٰهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی شەشەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان حەوت (٧) ئایەتی کۆتایی سوورەتی (**الشورى**) دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٤٧ - ٥٣) لەو حەوت ئایەتە موبارەکەدا، کۆمەڵێك بابەتی گەورەو گرنگی جۆراو جۆر خراونەڕوو، دەتوانین لە حەوت بابەتدا پوختەیان بکەینەوە:

١- فەرمانکردنی خوا بە مرۆڤەکان، کە بە دەم بانگەوازی خواوە بچن، بەر لەوەی قیامەت و ڕۆژی دوایی بێ، کە گێڕانەوەی نیە، هیچ کەسیش هیچ پەناگەیەکی نیە خۆی تێبگرێ لە سزای خوا.

٢- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ﷻ پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ تەنیا وەك گەیەنەری پەیامی خوا نێرراوە، نەك وەك پارێزەری مرۆڤەکان، کە نەهێڵێ بەملاولادا بچن و گومڕابن، ئەو تەنیا گەیاندنی پەیامی خوای لەسەرە.

٣-**زۆر** دڵخۆشبوونی مرۆڤی بێبڕوا بە خۆشیی و نیعمەت و، سپڵەیی نواندنی لە کاتی گرفتاریی دا.

٤- دەستکراوەیی خوا ﷻ لە ڕووی پێدانی ڕۆڵەوە بە مرۆڤەکان، کە تەنیا کچانیان پێبدات، یان تەنیا کوڕانیا پێبدات، یان هەردووکانیان پێبدات، هەم کوڕان و هەم کچان، یاخو هیچیان پێنەدات، بە هەر چوار حاڵەتەکە، خوا ﷻ مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەکات.

٥- سێ شێوە سەرەکییەکانی سروشکردنی خوا بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، خوا ﷻ بە سێ شێوەی سەرەکیی وەحیی و پەیامی خۆی بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) ناردوە:

یەکەم: لە پشت پەردەوە دواندن، **دووەم:** خستنە نێو دڵ، **سێیەم:** ناردنی نوێنەرێکی فریشتە.

٦- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە موحەممەد ﷺ پێش سروش بۆ کرانی، نەیزانیوە کتێب چییەو ئیمان چییە؟

٧- قورئان ڕووح و ڕووناکییەکی خوایەو، مایەی ڕاستە ڕێکردن و بە مراد گەیاندنی بەندەکانە، بە هۆی ئاشنا بوونیانەوە، بەڕاستە شەقامی خوا.

﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۚ مَا لَكُم مِّن
مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴿٤٧﴾ فَإِنْ أَعْرَضُوا۟ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ
إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ
سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ كَفُورٌ ﴿٤٨﴾ لِّلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ
يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾ ۞ وَمَا كَانَ
لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِىَ بِإِذْنِهِۦ
مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴿٥١﴾ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى
مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ
إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِلَى
ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ ﴿٥٣﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئەی خەڵکینە!) وەڵامی (پەیامی) پەروەردگارتان بدەنەوە، بەر لەوەی ڕۆژێك بێ (کە ڕۆژی دواییە)، لەلایەن خواوە بەرپەرچدانەوەی نیەو لەو ڕۆژەدا هیچ پەناگەیەکتان نیەو، هیچ نکوولیی کردنیشتان نیە (٤٧) ئنجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد (لە پەیامی خوا، هەر خۆیان زیانبارن) چونکە ئێمە تۆمان بە پارێزەر نەناردۆتە سەریان، تۆ تەنیا گەیاندن (ی پەیامی خوا)ت لەسەرە، هەر کاتێکیش ئێمە بەزەییەکمان بە مرۆڤ (ی بێبڕوا) چێژت، زۆر پێی دڵخۆش دەبێ و، ئەگەر خراپەیەکیشیان بەسەر بێ، (ناخۆشییەکیان بەسەر بێ)، بە هۆی ئەوەوە کە دەستیان پێشیخستوە (ناشوکریی دەکات)، چونکە مرۆڤ (ی بێبڕوا!) زۆر سپڵەو پێنەزانە (٤٨) حوکمڕانیی و خاوەندارێتیی زەوی، بەس هی خوایە، هەرچی بیەوێ دەیهێنێتەدی، هەر کەسێکی بوێ، مێینان (کچان)ی، پێدەبەخشێ و، هەر کەسێکیشی بوێ نێرینان (کوڕان)ی، دەداتێ (٤٩) یان نێرینان و مێینانیان بۆ جووت دەکات (کوڕان و کچانیان وێکڕا دەداتێ)و، هەر کەسیشی بوێ نەزۆکی دەکات، بێگومان ئەو زانای توانایە (٥٠) هیچ مرۆڤێکیش بۆی نیە خوا بیدوێنێ: مەگەر بە سروشکردن، یان (خستنە نێو دڵ) لە پشت پەردەوە (بیدوێنێ)، یان نێردراوێك بنێرێ، کە بە مۆڵەتی وی هەرچی بوێ، سروشی دەکات، بە دڵنیایی ئەو (خوا) زانای کارزانە (٥١) هەر بەو شێوەیەش (کە باسکرا)، ڕووحێکمان لە لایەن خۆمانەوە بۆلا سروشکردی، (پێشتر) نەتدەزانی نە کتێب چییەو نە ئیمان (چییەو چۆنە)؟ بەڵام گێڕامان، (قورئانمان کردە) ڕووناکییەك هەر کەس بمانەوێ، لە بەندەکانمان پێی ڕاستەڕێ دەکەین و، بە دڵنیایی تۆ (خەڵك) بەرەو ڕاستە شەقام بەرچاو ڕوون دەکەی (٥٢) ڕێی ئەو خوایەی هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، هی ویە، ئەها (بزانن!) کاروبارەکان تەنیا بەرەو لای خوا دەچن (٥٣)}

شیکردنەوەی وشەکان

(اَسْتَجِيبُواْ): (أي: أجِيبُوا)، واتە: وەڵام بدەنەوە، (الإسْتِجَابَةُ: التَّحَرِّي للجَوَاب وَالتَهيُوء لَهُ) وشەی (إسْتِجَابَة): واتە خەفتان، مشوورخواردن و، خۆ ئامادەکردن بۆ وەڵامدانەوە، بەڵام دوایی هەر بە مانای خودی وەڵامدانەوەش هاتوە، واتە: بە دەم پەیامی خواوە بچن، بە دەم بانگەوازی خواوە بچن.

(مَرَدَّ): (المَرَدُّ: الرَدُّ، الرَدُّ كَالرَّجْعِ، وَالمَرَدُّ مَصْدَرٌ مِيمِيٌّ بِمَعْنَى الرَدِّ، وَالرَدُّ: الدَّفْعِ)، وشەی (رَدّ) واتە: (رَجع) بە مانای گێڕانەوەیە، (مَرد) یان چاوگێکی (مِيمِي)یە، بە مانای (ردّ)، واتە: بەرپەرچدانەوە، یاخود ناوی شوێنە (مَرْجع) پەناگەو شوێنی پەنا بۆ بردن، وشەی (رَدّ)یش، بە مانای (رَجع) گێڕانەوەو بەرپەرچدانەوەیە.

(مَّلْجَإٍ): (المَكَانُ الَذِي يَصِيرُ إلَيْهِ الإنْسَانُ للتَوَقِّي فِيْهِ، المَلْجَأُ: مَكَانُ اللَّجْإ) (مَلْجَإ): ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بۆی دەچێ، تاکو لەوێدا پارێزراو بێ، خۆی پەنا بدات، خۆی چەپاڵە بدات، (مَلْجَأ) شوێنی (لَجأ)ە، (لجأ)یش، شوێنی پەنا پێبردن و سەرپێ بردنە.

(نَّكِيرٍ): (إسْمُ مَصْدَرِ أَنْكَرَ) (أَنْكَرَ) واتە: نکوولیلێکرد، (نَكِير) ناوی چاوگەکەیەتی، یانی: (مَا لَكُمْ إنْكَارٌ، لِمَا جُوزِيتُم بِهِ، وَلاَ يَسَعَكُمْ إلاَّ الإعْتِرَاف) واتە: ئەوەی پێی سزا دەدرێن، ناتوانن نکووڵیی لێبکەن و، هیچ دەرفەتتان نیە، مەگەر دانانپێداهێنان، بە تاوانی خۆتان دا کە سزایەکی دیارییکراو بۆ ئەو خراپانەی ئێوە دانراوە، ئێوە ناتوانن نکووڵیی لە خراپەکانی خۆتان بکەن، کە بە چەندان شێوە لەسەرتان تۆمار کراون.

(كَفُورٌ): (الكَفُورُ: المُبَالِغُ فِي كُفْرَانِ النِّعْمَةِ)، (كفور): کەسێك کە زێدەڕۆیی دەکات لە نادیدەگرتن و سپڵەیی کردن بەرانبەر بە چاکە، (الكُفْرُ فِي الدِّيْنِ أكْثَرُ،

وَالكُفْـرَان فِي النِّعْمَـة أكْـثَر)، وشـەی (**كُفـور**): دەشـگونجێ بـە مانـای بێبڕوایـی بـێ، بـەڵام وشـەی (**كُفـر**) زیاتـر بـۆ بێبڕوایـی بەکاردەهێـنرێ، بـەڵام (**كُفْـرَان**) زیاتـر بـۆ سـپڵەیی بەکاردەهێـنرێ بەرانبـەر بـە چاکـەو نیعمەتـەکان.

(**يَهَبُ**): (**الهِبَةُ**) **أن تَجْعَلَ المِلْكَ للغَيْرِ بِغَيْرِ عِوَضٍ**)، (**هِبَة**): ئەوەیـە کـە تـۆ شـتێك بکـەی بـە موڵـکی کەسـێك بەبـێ قەرەبـوو و بەرانبـەر، واتـە: پێـی ببەخشـیی، بـە کوردیـی دەڵێـن: بەخشـین، پێـدان.

(**عَقِيمًا**): (**أَصْلُ العُقْـمِ: اليُبْس المَانِعُ مِنْ قُبُول الأَثَـر**)، (**عُقْـم**): لـە ئەصڵـدا بـە مانـای وشـکیی دێ، وشـکییەك وا بـکات شـوێنکە لەسـەر ئـەو شـوێنە دروسـت نەبـێ، بـۆ وێنـە: بەردێـکی وشـك شـوێنکەی لەسـەر پەیدانابـێ، بـەڵام (**عَقِيـم**): لـە ئافرەتـان بـەو ئافرەتـە دەگوتـرێ: کـە تـۆوی نێرینـە وەرناگـرێ، یاخـود تێیـدا ناپیتێـنرێ و، نەزۆکـەو منداڵـی نابـێ.

(**يُزَوِّجُهُمْ**): (**يَجْعَلُهُـمْ زَوْجَـاً، ذَكَـراً وَأُنْثَـى**) واتـە: دەیانکاتـە جـووت، نێـرو مـێ، کەواتـە: (**يُزَوِّجُهُـم**) لـەو سیاقەدا بـە مانـای ئـەوە نیـە هاوسـەرگیرییان بـۆ دەکات، بەڵکـو مەبەسـت ئەوەیـە (**يُقْـرِنُ الذُّكُورَ وَالإِنَاثَ بَعْضَهُـم مَعَ بَعْـض**) نێرینـەو مێنیـان پێکـەوە جـووت دەکات، کـوڕان و کچـان پێکـەوە دەدات بـە کەسـێك کـە بیـەوێ، جـاری وا هەیـە پێشـێ چەنـد کوڕێـکی دەداتـێ، دوایـی چەنـد کچێـك، یـان پێشـێ کچانیـان دەداتـێ، دوایـی کـوڕان، جـاری واش هەیـە دووانەیـان دەبـن، جـاری واش هەیـە کوڕێـك و کچێـك بـەو شـێوەیە، گرنـگ ئەوەیـە (**يُزَوِّجُهُـم ذُكْرَانَـاً وَإِنَاثَـاً**) واتـە: مێینـەو نێرینانیـان بـۆ جـووت دەکات، هەردووکیـان پێـدەدات.

(**رُوحًا**): (**سُمِّيَ القُـرْآنُ رُوحَـاً لِكَوْنِـهِ سَـبَبَاً للحَيَـاة الأُخْرَوِيَّـة**)، قورئـان بۆیـە ناونـراوە ڕووح، لەبـەر ئـەوەی هـۆکارە بـۆ ژیـانی ڕۆژی دوایـی، بەڵکـو لـە ڕاسـتییدا هـۆکارە بـۆ ژیـانی دنیـاش، مرۆڤـی بـڕوادارو شـوێنکەوتووی قورئـان هـەر لـە دنیـادا، قورئـان بـۆی دەبێتـە ڕووح و گیـان، جیـای دەکاتـەوە لـە مـردووان.

(صِرَٰطٍ): (الـصِّرَاطُ: الطَّرِيْـقُ المُسْـتَقِيْم) (صِرَاط): بـۆ خـۆی یـانی: ڕێـی ڕاسـت، ئنجا ئەگەر وشەی (مستقیم)یشـی، بخرێتە سەر، یانی: ڕێیەکی زۆر ڕاست، وشەی (صِرَاط) بـە (س)یـش، هاتـوە (سِراط).

(تَصِيرُ): (صَـارَ إلى كَـذَا: انْتَهَـى إلَيْـه، وَصَـارَ يصـيرُ صـيرورةً: عِبَـارَةٌ عَـنِ التنقُّـلِ مِـنْ حَالٍ إلى حَـال)، (صَارَ إلى كَـذَا) واتـە: چـوو بـۆ لای ئـەوە، (صَارَ): بـوو (يصـير) دەبـێ چاوگەکەی (صَيرُورة)یـە، (بـوون) (صَارَ يَصِـيْرُ صَـيْرُورَةً وصَـيْرًا): (صـيرورة) گواستنەوەیە لـە حاڵێکـەوە بـۆ حاڵێکـی دیکـە.

(ٱلْأُمُورُ): (الأُمُـور: جَمْـعُ أَمْـر، وَالأَمْـرُ: الشَّـأْنُ وَمَصْـدَر أَمَرْتُـهُ: إذَا كَلَّفْـتَ أَنْ يَفْعَـل شَـيْئَاً، وَهُـوَ لَفْـظٌ عَـام لِلأَفْعَـالِ وَالأَقْـوَال)، (أُمُـور) کـۆی (أَمْـر)ە، (أَمْر)یـش، بـە مانـای حاڵەتـە (شَـأن) بـە کوردیـی هـەر پێـی دەگوتـرێ حـاڵ، یـان حاڵەتێـك کـە مـرۆڤ تێیدایـە، هەروەهـا وشـەی (أَمْـر) چاوگـە بـۆ (أَمَرْتُـهُ) ئەگـەر کارێکـت بـە کەسێك سپارد بیکات، (أُمُور) ، کۆیـە، (أَمْر) وشـەیەکی گشـتییە بـۆ کـردەوەو بـۆ قسـان بـە گشـتیی بەکاردەهێـترێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم حەوت ئایەتەدا، حەوت ڕاستیی گەورەو گرنگ دەخاتەڕوو، دەیانکاتە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکە، سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ﴾، واتە: ئەی خەڵكینە! وەڵامی پەروەردگارتان بدەنەوە بەر لەوەی ڕۆژێك بێ لەلایەن خواوە گێڕانەوەی بۆ نیە. دەگونجێ بانگکردنەکە بۆ خەڵکی بێ بە گشتیی، دەشگونجێ مەبەست پێی بێبڕوایان و هاوبەش بۆ خوا دانەران بێ، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴾، ئێوە لە سزای خوا هیچ پەناگەیەکتان نیە لەو ڕۆژەداو، ناشتوانن نکووڵیی بکەن لە خراپەکانتان، دەشتوانین بڵێین: بانگکراوان و فەرمان پێکراوان بەوە کە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، یان بەدەم بانگی خواوەو بچن، مرۆڤەکانن بە گشتیی، کە بە تەئکید ئەو کاتە مرۆڤەکان، چ ئەوەی چاکەکار بێ، چ ئەوەی خراپەکار بێ، بڕوادارو بێبڕوا، هیچ کامیان هیچ پەنایان نیە، جگە لە پەنای خوا، هیچ کەسیش ناتوانێ نکووڵیی بکات لەوەی کردوویەتی، ﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم ﴾، بە دەم بانگی پەروەردگارتانەوە بچن، ﴿ مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ﴾، بەرلەوەی ڕۆژێك بێ کە گێڕانەوەی بۆ نیە، لە لایەن خواوە، واتە: خوا نایگێڕێتەوە، یاخود: پێش ئەوەی ڕۆژێك بێ، لە لایەن خواوە، گێڕانەوەی بۆ نیە.

وشەی (مَرَدّ) دەگونجێ بە مانای گێڕانەوە (ردّ) بێ، (الردُّ: الرّجع) بەرپەرچدانەوە، گێڕانەوە دەشگونجێ (مَرَدّ) ناوی شوێن بێ، شوێنی بۆلا گەڕانەوە، شوێنی سەرپێ بردن و پەنا بۆ بردن، بەڵام زیاتر واپێدەچێ مەبەست پێی بەرپەرچدانەوە بێ، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ ﴾،

لەو ڕۆژەدا هیچ پەناگەیەکتان نیە، ﴿ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ ﴾، ئەم (مِن)
ە، زیاد کراوە بۆ تۆخکردنەوەی بێ پەنایی و بێ پەناگەیی، واتە: هیچ جۆرە
پەناگەیەکتان نیە، هەر لە سەرەتای پەناگانەوە بگرە تاکو کۆتاییان، ﴿ يَوْمَئِذٍ ﴾
واتە: لەو ڕۆژەدا، ئەم تەنوینە لە شوێنی ڕستەیەکە، واتە: لەو ڕۆژەدا ئەوە
ڕوودەدا، کە ڕوو دەدات، ﴿ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴾، ئێوە لەو ڕۆژەدا هیچ
نکوولْییکردنتان نیە.

دیسان (مِنْ)ی، سەر (نَكِيْر)، (زَائِدَة للتأكِيد) بۆ جەختکردنەوە زیاد کراوە،
هیچ جۆرە نکوولْییکردنێکتان بۆ نیە، چونکە هەموو شتێکتان لەسەر تۆمار
کراوەو، شایەدتان لەسەر ڕادەگیرێن و، هیچ کەس ناتوانێ نکوولْیی لە هیچ
کردەوەیەکی خۆی بکات.

﴿ فَإِنْ أَعْرَضُوا ﴾، ئنجا ئەگەر پشتیان هەلْکرد، یان لاملیان تێکردی، ﴿ فَمَآ
أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴾، ئێمە تۆمان بە پارێزەر نەناردۆتە سەریان، واتە:
تۆمان نەناردوە بیانپارێزی لە لادان و خراپەو، ناچاریان بکەی بڕوابێنن، ﴿ إِنْ
عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ﴾، (إنْ) لێرەدا بۆ لابردن (نَفِي)ە، یانی (مَا عَلَيْكَ) تۆ هیچ
شتێکت لەسەر نیە جگە لە گەیاندن، تۆ تەنیا ئەوەت لەسەرە پەیامی خوایان
پێبگەیەنی، ﴿ وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا ﴾، ئێمە کاتێك
بەزەییەك لە لایەن خۆمانەوە بە مرۆڤ دەچێژین، زۆر پێی شادمان و دلْخۆش
دەبێ، بە پێی سیاق دەزانرێ کە لێرەدا مەبەست لە ئینسان، مرۆڤی بێبڕوایە،
چونکە مرۆڤی بێبڕوایە کە بەهات و خۆشیی و نیعمەتی دنیا، زۆر دلْخۆش
دەبێ، ﴿ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ﴾، بەلاّم ئەو مرۆڤە بێبڕوایانە
ئەگەر خراپەیەکیان بەسەربێ، بە هۆی ئەوەوە کە دەستەکانیان پێشیان خستوە،
واتە: ئەگەر دەرهاویشتەی خراپەو تاوانەکانی خۆیان بێتە ڕێیان و ملیان بگرێ،
﴿ فَإِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ كَفُورٌ ﴾، ئەوکاتە ئینسان، زۆر سپلەو پێ نەزانە، واتە: ئینسانی
بێبڕوا، ئەو (أل)ە، کە بۆ ناساندنە، دەبێ بۆ (عهد) بێ، واتە: مرۆڤەکە، مرۆڤە

بێبڕوایەکە، زۆر سپڵەو پێنەزانە، کاتێك بەڵایەکی بەسەردێ، ناشوکریی دەکات و سپڵەیی دەنوێنێ، وەك هەرگیز خۆشیی نەدیبێ.

ئنجا دێتە سەر باسی بابەتێکی دیکە: ﴿ لِّلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی هی خوایە، وشەی (مُلْك) بە مانای حوکمڕانیی دێ و، بە مانای خاوەندارێتیی دێ و، بە مانای باڵادەستیش دێ، بەڵام لێرەدا زیاتر مەبەست پێی باڵادەستیی و حوکمڕانییە، واتە: دەسەڵات و حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی هی خوایە، ﴿ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ﴾، هەرچی بیەوێ دروستی دەکات، خوا هەر شتێکی بوێ، دروستی کردووەو دروستی دەکات، هیچ شتێك لە ویستی خوا ﷻ عاسێ نابێ، ﴿ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا ﴾، [وێنەیەك دێنێتەوە لەو شتانەی دروستیان دەکات] دەفەرموێ: بە هەر کەسێك کە بیەوێ مێینانیان پێدەبەخشێ، (کچان) ﴿ وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴾، هەر کەسێکیش بیەوێ نێرینانیان پێدەبەخشێ، (کوڕان).

﴿ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ﴾، یاخود بۆیان جووت دەکات، نێرینان و مێینان، واتە: کوڕان و کچانیان وێکڕا دەداتێ، ﴿ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ﴾، هەر کەسێکیشی بوێ، نەزۆکی دەکات، نە کوڕی دەداتێ نە کچ، ﴿ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا زۆر زانایەو زۆریش توانایە، دەزانێ بۆچی ئەو چوار جۆرە مامەڵەیە دەکات و، حیکمەتی چییە لەو چوار جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ مرۆڤەکاندا! هەیانە تەنیا کچانی پێدەداو، هەیانە تەنیا کوڕانی پێدەداو، هەیانە کچان و کوڕانی پێدەدات و هەشیانە هیچیانی پێنادا، خوا بە تواناشە، ئەوپەڕی توانای هەیە، وەك چۆن ئەوپەڕی زانیاریی و حیکمەت و لێزانیی هەیە، ئەوپەڕی تواناو دەستەڵاتیشی هەیە.

ئنجا دێتە سەر بابەتێکی دی: ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا ﴾، هیچ مرۆڤێك بۆی نیە خوا بیدوێنێ، مەگەر سروشی بۆ بکات، ﴿ أَوْ مِن وَرَآئِ حِجَابٍ ﴾، یان لە پشت پەردەوە قسەی لەگەڵ بکات و بیدوێنێ، ﴿ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا ﴾، یاخود نوێنەرێك بنێرێ، ڕەوانەکراوێك بنێرێ، مەبەست پێی

فریشتەکانن، ﴿ فَيُوحِىَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ ﴾، ئەو کاتە بە مۆڵەتی وی هەرچی بیەوێ وەك پەیامێکی پەنهان دەیگەیەنێ، واتە: بەو پێغەمبەرە (عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، کە خوا ویستوویەتی پەیامی خۆی بۆ بنێرێ. ﴿ إِنَّهُۥ عَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا زانای کارزانە.

هەڵبەت ئێمە دوایی کورتە باسێك لەبارەی چۆنیەتی فەرمایشتکردنی خواوە، لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەکەین، واتە: لەگەڵ پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بۆیە لێرە هەروا بە کورتیی بەسەریدا دەڕۆین.

ئنجا خوا ﷻ باسی بابەتێکی دیکە دەکات: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ﴾، هەر بەو شێوەیە لەلایەن خۆمانەوە، ڕووحێکمان بۆ تۆ ناردوە، دیارە دوێنراو پێغەمبەری خاتەمە، ئەی موحەممەد! ﷺ لەلایەن خۆمانەوە ڕووحێکمان بۆ تۆ سروشکردوە، کە مەبەست پێی قورئانە، ﴿ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ ﴾، پێشتر نەتدەزانی نە کتێب چییەو نە ئیمانیش چییە؟ (کتاب): دەگونجێ هەر مەبەست پێی کتێب بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی بەرنامە بێ، چونکە کتێبەکەش بەرنامەکەی لە نێودایە، واتە: تۆ نەتدەزانی نە بەرنامە چییە، چۆن دەبێ ئەو کۆمەڵگایە پاك و چاك بکرێ و بەڕێوەببرێ، هەروەها نەتدەزانی ئیمانیش چییە؟ ئیمان بە زاراوە شەرعییەکەی، نەك بەو واتایەی کە هەندێك لە زانایان ئیمانیان بە خواناسیی لێکداوەتەوە، لە ئەنجامی زاڵبوونی بیرۆکەی ئیلحادو، کێشەو مشتومڕ هەبوون لەبارەی بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی خواوە، ڕۆژگارێك بەسەر مسوڵماناندا هاتوە کە ئیمانیان لەوەدا کورت هەڵهێناوە، ئایا ئیعتیقادت بەوە کە خوا هەیە ﷻ یان نا؟ پێیان وا بووە هەر کەسێك ئیعتیقادی بەبوونی خوا هەبێ، مانای وایە ئیمانی هەیە! کە لە ڕاستییدا وانیە، ئەگەرنا پێغەمبەر ﷺ بەرلەوەی خواش نیعمەتی پێغەمبەرایەتیی و، وەحییشی پێ ببەخشێ، بە تەئکید پێغەمبەری خاتەم ﷺو، هەموو پێغەمبەران، هەر خواناس بوون، بەڵکو پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: {**مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ**

يُولَـدُ عَـلَى الفِطْـرَةِ: فَأَبَـوَاهُ يُهَوِّدَانِـهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِـهِ، أَوْ يُمَجِّسَـانِهِ﴾، (أخرجـه البخـاري: ١٢٩٢، ومسـلم: ٢٦٥٨، وأبـو داود: ٤٧١٤)، واتـە: هەمـوو منداڵێـك لەسـەر خوارسـك لـە دایـك دەبـێ، (لەسـەر زگـماكی خواناسـیی)، بـەڵام دوایـی بـاب و دایـكی دەیكەنـە جوولەكـە، یـان دەیكەنـە نەصرانیـی، یـان دەیكەنـە مەجووسـیی.

چ جـای پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ)، كـە خـاوەنی پاكتریـن ڕووح و، چاكتریـن مەعـدەن و، تەواوتریـن زگـماك بـوون، كەواتـە: كـە دەفەرمـوێ: پێشـتر نەتـدەزانی نـە كتێـب چییـەو نـە ئیـمان چییـە؟ مەبەسـت ئـەوە نیـە كـە پێغەمبـەر خـوای نەناسـیبێ، وەك بەداخـەوە زۆر لـە توێـژەرەوان وای لـێ تێگەیشـتوون، كـە دوایـی لـەو بـارەوە لەمەسـەلە گرنگەكانـدا ڕوونكردنـەوەی زیاتـر دەدەیـن، ﴿ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا ﴾، بـەڵام ئێمـە گێرامـان بـە ڕووناكییـەك، چیـمان گێـڕا بـە ڕووناكییـەك؟ واتـە: ئـەوەی كـە بـۆ تۆمـان كردۆتـە پەیـام، ئـەو پەیامـەو ئـەو قورئانەمـان گێـڕا بـە ڕووناكییـەك، (جَعَلْنَـهُ) ڕاناوەكـەی بـۆ قورئـان دەچێتـەوە، واتـە: ئێمـە ئـەو كتێبەمـان، ئـەو قورئانەمـان كـردە ڕووناكییـەك ﴿ نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ﴾، هـەر كەسـێك بمانـەوێ لـە بەندەكانمـان پێـی ڕاسـتەڕێ دەكەیـن، لێـرەدا (نهـدي) بـە مانـای ڕێـی پێشـان دەدەیـن، نیـە، چونكـە خـوا ویسـتوویەتی و ڕێـی پێشـانی هەمـوو خەڵـك داوە، (نهـدي) لێـرەدا بەمانـای: ڕاسـتەڕێ دەكەیـن، دەیخەینـە سـەر ڕاسـتەڕێ، ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، بـە دڵنیایـی تـۆش خەڵـك ڕێنمایـی دەكـەی بـەرەو ڕاسـتە شـەقام، لێـرەدا هیدایـەت بـە مانـای ڕێپێشـاندانە، نـەك بـە مانـای خسـتنە سـەر ڕاسـتەڕێ، چونكـە ڕاسـتەڕێ كـردن، تەنیـا بەدەسـت خوایـە، بەڵكـو ئـەركی پێغەمبـەر ﷺ تەنیـا ڕێـی ڕاسـت نیشـاندانە.

كەواتـە: هـەر لـەم ئایەتـە موبارەكـەدا وشـەی هیدایـەت، بـە دوو واتایـان هاتـوە، بـە مانـای ڕاسـتەڕێ كـردن، چونكـە هـەر خـوا دەتوانـێ خەڵـك ڕاسـتەڕێ بـكات و، بـە ئامانـج بگەیەنـێ، بـە مانـا مانـای ڕێ پێشـاندان، كـە ئـەوە ئـەركی پێغەمبـەرە ﷺ ڕێ پێشـانی خەڵـك بـدات.

ئنجا پێناسەی ﴿ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، دەکات، دەفەرموێ: ﴿ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ڕاستەڕێ، کام ڕاستەڕێ؟ ڕێی ئەو خوایەی کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هی ئەوە، ﴿ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ ﴾، بزانن! تەنیا کاروبارەکان بەرەو لای خوا دەچن، سەرەنجامی هەموو کاروبارەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا.

کەواتە: ئێوەش ئەی مرۆڤەکان! خۆتان ئامادە بکەن، بۆ دیداری خوا ﷻ بزانن چۆن و بە چ شێوەیەك دەچنەوە خزمەتی؟ خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ کە بەسەری بەرزو، بەڕووی سوورو، بەدەستی پڕو، توێشووی باشەوە، دەگەڕێنەوە بۆ خزمەت خوای پەروەردگاری جیهانیان.

مەسەلە گرنگەكان

مەسەلەی یەكەم:

فەرمانكردنی خوا بە وەڵامدانەوەی پەیامەكەی و، ترس و بیم هەبوون لە ڕۆژی دوایی، كە خوا بەرپەرچی ناداتەوەو، بێبڕوایانیش هیچ پەنایەكیان نیەو نكووڵییش ناكەن لە خراپەكانیان، پاشان فەرمانكردن بە پێغەمبەر ﷺ كە ئەو پارێزەر نیە بەسەریانەوە، بەس گەیاندنی پەیامی خوای لەسەرە، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییەش كە مرۆڤی بێبڕوا، بە هات و خۆشیی زۆر دڵخۆش و بوغڕا دەبێ و، بە نەهات و زیان و ناڕەحەتییانیش، زۆر سپڵەو ناشوكر دەبێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۚ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴿٤٧﴾ فَإِنْ أَعْرَضُوا۟ فَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَـٰغُ ۗ وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ كَفُورٌ ﴿٤٨﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم ﴾، وەڵامی پەروەردگارتان بدەنەوە، (إِسْتَجَابَة) لە گەڵ (إِجَابَة) یەك واتایان هەیە، (أَجَابَ) یانی وەڵامی دایەوە، كەواتە: (أَجِيبُوا) وەڵامبدەنەوە، (إِسْتَجِيبُوا) یانی: وەڵام بدەنەوە، بەڵام جیاوازییان چییە؟ جیاوازییان ئەوەیە كە (أَجِيبُوا) (س) و (ت)ی، خراونە سەر، بۆ جەختكردنەوەیە، واتە: زۆر بەجیددیی و زۆر بە چاكیی بە دەم بانگەوازی پەروەردگارتانەوە بچن، ئەم (ل)ش كە دەفەرموێ: ﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم ﴾ دیسان بۆ جەختكردنەوەیە، وەك (حَمَدتُهُ)، (حَمَدتُ لَهُ)، (حَمَدْتُهُ) واتە:

ستایشم کرد، بەڵام (حَمَدتُ لَهُ) واتە: ستایشم کرد، بەتایبەتی بۆ وی، لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم ﴾ دەشیتوانی بفەرموێ: (إسْتَجِيبُوا رَبَّكُم)، بەڵام ئەمە یانی: وەڵامێك بدەنەوە شایستەی پەروەردگارتان بێ و، بە دەم پەروەردگارتانەوە بچن، بە شێوەیەك كە شایستەی ئەو بێ، بە دڵنیاییش مەبەست لە بە دەم پەیامی پەروەردگارەوە چوون و، وەڵامی پەروەردگاردانەوە، ئەوەیە کە ئەو پەیامەی پێغەمبەرەکەی ﷺ پێیان دەگەیەنێ، بە دڵ و گیان لێی وەربگرن و، ئەوەی تێیدایە، جێبەجێی بکەن.

٢)- ﴿ مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ﴾، بەرلەوەی ڕۆژێك بێ کە لەلایەن خواوە گێڕانەوەی بۆ نیە، یان: بەرلەوەی ڕۆژێك بێ لەلایەن خواوە، کە گێڕانەوەو بەرپەرچدانەوەی بۆ نیە. ﴿ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ﴾ یانی:

أ/ (لا رَدَّ لَهُ مِنَ الله) خوا بەرپەرچی ناداتەوە.

ب/ (لا رَدَّ لليوم الذي يأتِي مِنَ الله) ئەو ڕۆژەی لەلایەن خواوە، دێ، بەرپەرچدانەوەی بۆ نیە.

وشـەی (مَـرَدّ: مَصْـدَرُ مِيْمِـيٌّ بِمَعْنـى الـرَدّ) (مَـرَدّ): چاوگێـكی میمییـە بـە مانـای (رَدّ)، (رَدّ)یـش، هـەم بـە مانـای گێڕانـەوە (رجـع) دێ، هـەم بـە مانـای بەرپەرچدانـەوەو لابـردن و پاڵپێوەنـان (دفـع) دێ، واتـە: ئـەو ڕۆژە کـە هـات لـە لایـەن خـواوە، بەرپەرچدانـەوەی بـۆ نیـە، چونکـە (لا) بـۆ (نفـي الجنـس)ە، یـانی: هیـچ جـۆرە بەرپەرچدانەوەیـەکی بـۆ نیـە، یاخـود: خـوا ئـەو ڕۆژەی کـە هێنـا، خـۆی بەرپەرچـی ناداتـەوە، سیسـتمی خوایـە، ئێسـتا دنیایـەو دوایـی ڕۆژی دواییـە، هـەر کام لـە شـتەکان لـە کاتی خۆیانـدا دێـن.

٣)- ﴿ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ ﴾، لەو ڕۆژەدا هیچ پەناگەیەکتان بۆ نیەو، هیچ نکووڵییکردنیشتان نیە، (مِنْ) لە: ﴿ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ ﴾ کە زیادکراوە بۆ تۆخ کردنەوەی ئەوەیە کە هیچ جۆرە پەناگەیەك نیە، واتە: هەر لە سەرەتای پەناگانەوە بگرە تاکو کۆتایی، هەروەها (من)ی ﴿ مِّن نَّكِيرٍ ﴾، دیسان ئەویش بۆ جەختکردنەوە زیادکراوە (زائدة للتأكيد) واتە: هیچ جۆرە نکووڵییکردنێکتان بۆ نیە، نە کەم نەزۆر،

(مَلْجَأ): شوێنی (لجأ)ە، (لجأ)یش، بریتیە لەوەی مرۆڤ بەرەو شوێنێك بچێ، کەواتە: (مَلْجَأ) پەناگە، ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بۆی دەچێ تاکو لەوێدا خۆی بپارێزێ و خۆی پەنا بدات.

٤)- ﴿وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ﴾، هیچ جۆرە نکووڵییکردنێکتان بۆ نیە، بۆ ئەوەی پێی سزا دەدرێن، هیچ بوارتان نیە، مەگەر دان پێداهێنان بەبێ لاملیی، وشەی (إنْكَار) بە مانای بەرپەرچدانەوەش دێ، دەگوترێ: (أَنْكَرْتُ: إِذَا فَعَلْتَ بِهِ فِعْلاً يَرْدَعُهُ)، (أَنْكَرْتُ عَلَيْهِ) واتە: بەرپەرچم دایەوە، شتێکم کرد ئەو بەرپەرچ بدرێتەوەو بگەڕێتەوە، واتە: ئێوە هیچ جۆرە نکووڵییکردنێکتان بۆ نیەو، ناچارن دان پێدا بنێن، یاخود هیچ جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکتان بۆ نیە، چونکە (أَنْكَرْتُ عَلَيْهِ) واتە: نەمهێشت بیکات، یان: ڕەخنەم لێگرت، بە مانای ڕەخنەلێگرتن دێ و، بە مانای دەستگرتن و نەهێشتنیش دێ، فەرمان بە چاکەو ڕێگریی لە خراپە، ڕێگرییەکە جاری وایە بە قسەیەو، جاری وایە بە دەستە، وەك لەم فەرمایشتەدا هاتوە: [مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ]، (أخرجه مسلم: ٤٩، وأبو داود: ١١٤٠، والترمذي: ٢١٧٢، وَالنَّسَائِي: ٥٠٠٨، وابن ماجه: ٤٠١٣) واتە: هەر کامێك لە ئێوە خراپەیەكی بینی با بە دەست نەیهێڵێ، ئەگەر نەیتوانی بە زمانی، ئەگەر نەیتوانی بە دڵێ و، ئەوەش بێهێزترینی بڕوایە.

٥)- ﴿فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾، ئنجا ئەگەر هەر پشتیان هەڵکردو ڕوویان وەرگێڕا، ئێمە تۆمان نەناردوە بەسەریانەوە پارێزەر بی، واتە: تۆ کەمتەرخەم نی لە بەرانبەر ئەواندا، تۆ پەیامی خوات پێگەیاندوون، ئنجا کە ئەوان ڕێی ڕاست ناگرن، بەرپرسیارییەتەکە لە ئەستۆی تۆدا نیە، ئەمە دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ و هەر کەسێکە کە لە ڕێی پێغەمبەرەوە دەچێ و، پەیامی خوا بە ڕوونیی بە خەڵك دەگەیەنێ.

٦)- ﴿إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ﴾ تۆ جگە لە گەیاندن هیچی دیکەت لەسەر نیە. (إنْ) لێرەدا بە مانای (مَا)یەو بۆ لابردن (نفي)ە، واتە: تۆ هیچت لەسەر نیە: (مَا عَلَيْكَ) هیچ شتێکت لەسەر نیە، ﴿إِلَّا الْبَلَاغُ﴾ جگە لە گەیاندن، (البَلاَغ: التَّبْلِيغ) پێڕاگەیاندن.

٧)- ﴿ وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِنَّا رَحۡمَةً فَرِحَ بِهَا ﴾، ئێمە هەر كاتێك بەزەییەكمان لە خۆمانەوە بە مرۆڤ چێژت، زۆر پێی دڵخۆش دەبێ، (إِذَا) لێرەدا: (تَدُلُّ عَلَى تَحَقُّقِ كَثْرَةِ وُقُوعِ شَرْطِهَا، بِخِلَافِ «إِنْ» فَهِيَ تَدُلّ عَلَى نُدْرَةِ وُقُوعِهِ) وشەی (إِذَا) كاتێك دەچێتە سەر شتێك، مانای وایە مەرجەكەی زۆر دێتەدی، ﴿ وَإِنَّآ إِذَآ أَذَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِنَّا رَحۡمَةً ﴾، ئێمە هەركات بەزەیی خۆمان بە مرۆڤ چێژت، یانی: زۆرجار پێی دەچێژین، بەڵام (إِنْ) بەدەگمەن مەرجەكەی دێتەوی، ﴿ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٌ ﴾ ئەگەر خراپەو ناخۆشییەكیان بە سەرهات...

﴿ فَرِحَ بِهَا ﴾، زۆر پێی دڵخۆش دەبێ، (الفَرَحُ: السُّرُورُ الشَّدِيْدُ، لِذَا لَمْ يَأْتِ فِي القُرْآنِ إِلاَّ مُقْتَرِنَاً بِالذَّمِّ) وشەی (فَرَح) واتە: دڵخۆشیی زۆر، زۆر شادمان بوون، هەر بۆیە لە قورئاندا بە زۆریی لە حاڵەتی زەمدا هاتوە: ﴿ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ ﴾القصص، لە زۆر شوێندا خوا زەمی كافرەكانی كردوە كە بە دنیاو نیعمەت و خۆشییەكانی زۆر دڵخۆش دەبن، تەنیا لە حاڵێكدا، زۆر دڵخۆشبوون باشە، كە پەیوەندیی بە پاداشتی خواوە، یان شتی مەعنەوییەوە هەبێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾یونس، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿٤﴾ بِنَصۡرِ ٱللَّهِ ﴿٥﴾ ﴾الروم، ئەو شتانەی كە پەیوەندییان بە خواوە هەیە، بە لایەنی مەعنەوەییەوە، پاداشتی ڕۆژی دوایی، شایستەی ئەوەن مرۆڤ زۆر دڵی پێخۆشبێ.

لێرەدا كە دەفەرموێ: ئێمە هەركات بەزەییمان لە خۆمانەوە بە مرۆڤ چێژت، لێرەدا مەبەست مرۆڤی بێبڕوایە، كە لە كاتی هات و نیعمەتدا، زۆر دڵخۆش دەبێ و پێی بوغراو لە خۆبایی دەبێ.

٨)- ﴿ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ ﴾ بەڵام ئەگەر خراپەیەكیان بەهۆی كردەی دەستیانەوە تووش بوو، (إِن) ئەوە دەگەیەنێ ئەو شتە كەمتر بێتەدی، بەڵام (إذا) بۆ شتێكە كە زیاتر بێتەدی، بۆیە بۆ پێشخستنی خۆشیی و ڕەحمەت (إذا)ی،

بەکارهێناوە، بەڵام بۆ تووشبوونی ناخۆشیی و بەڵا (إن) بەکارهێناوە: ﴿وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةُۢ﴾، یانی: ئەگەر جارێك لەجاران خراپەیەکیان بەسەرهات، ﴿بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ﴾، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە دەستەکانیان پێشیانخستوە.

٩)- ﴿فَإِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ كَفُورٞ﴾، ئەوە مرۆڤ (واتە: مرۆڤی بێبڕوا) زۆر سپڵەیەو پێ نەزانە، لێرەدا بە تەئکید ناتوانین بڵێین: (أل) سەر (الإنسان) بۆ (جنس)ەو مەبەست پێی هەموو مرۆڤەکانن، چونکە مرۆڤانی بڕوادار کاتێك خوا بەزەییەکی خۆییان پێدەچێژێ و، چاکەیەکیان بۆ دێنێتە پێش، ستایشی خوای لەسەر دەکەن و دڵخۆش دەبن، بە بەزەیی خوا، نەك بە خودی نیعمەتەکە، ئەگەر بەڵاو ناڕەحەتییەکیشیان بەسەر بێ، ئەوان لە جیاتی ئەوەی سپڵەیی بکەن بەرانبەر بە خوا، بە خۆیاندا دەچنەوە، چاو بە خۆدادەگێڕنەوەو دەزانن ئەوە سزای خراپەیەك لە خراپەکانیانەو، دەرهاویشتەی کردەوە خراپەکانی خۆیانە، بۆیە (أل) سەر (الانسان) یان دەبێ بڵێین: (أل)ی (عهد)ە، واتە: مرۆڤە بێبڕوایەکان، یاخود ئەگەر بڵێین: بۆ سەرجەم (جنس)ە، واتە: سەرجەم مرۆڤە بێبڕوایەکان، بەو شێوەیەن.

مەسەلەی دووەم:

ڕاگەیاندنی حوکمڕانیی و دەستەڵاتداریی ڕەهای خوا بۆ ئاسمانەکان زەوی (گەردوون) کە هەرچی بیەوێ، دەیخوڵقێنێ، کچان یان کوڕان بە تەنیا، یان وێکڕا بە هەر کەس بیەوێ دەبەخشێ و، هەندێک کەسیش نەزۆک دەکات و هیچی پێنادات، خواش خاوەنی ئەوپەڕی زانایی و توانایییە:

خوا دەفەرموێ: ﴿لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾، (المُلْكُ: السُّلطَانُ وَالحُكْمُ): (ملك) بریتیە لە دەستەڵات و حوکمڕانیی، خاوەنی (إعراب القرآن) ئاوا پێناسەی (مُلْك) دەکات: (المُلْكُ بِالضَّمِّ: الإِسْتِيلَاء عَلَى الشَّيءِ وَالتَّصَرُّفِ بِهِ حَسْبُ المَشِيئَة)[1]، وشەی (مُلْك) بە بۆر، بریتیە لە دەستەڵات ڕانواندن بەسەر شتێکداو، دەستتێوەردانی بە پێی ویست و خواست، بەڵام (مِلْك) بە ژێری میمەکە، یانی: شت هەبوون، (مُلْك)یش یانی: دەسترۆیشتوویی و حوکمڕانیی، ﴿لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾، واتە: حوکمڕانیی و باڵادەستیی لە ئاسمانەکان و زەویدا هی خوایە ﷻ.

٢)- ﴿يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ﴾، هەرچی بیەوێ دروستی دەکات، یانی: هەرچی بیەوێ دروستی بکات، دروستی دەکات، هیچ شتێك لە بەر ویستی بێ سنووری خوا ﷻ عاسێ نابێ، ئنجا خوا ﷻ نیشانەیەك لە بێسنووریی دەستەڵاتی خۆی، هەروەها دەسترۆیشتوویەتیی خۆی، دەخاتەڕوو، دەفەرموێ:

---

(١) ج٩، ص٥١ و٥٢.

٣)- ﴿ يَهَبُ لِمَنْ يَشَآءُ إِنَٰثًا ﴾، هەر کەسێك بیەوێ، مێینانی پێدەبەخشێ.

٤)- ﴿ وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴾، هەر کەسێکیش بیەوێ، نێرینانی پێدەبەخشێ.

زانایـان لـەو بـارەوە قسـەیان کـردوە، بۆچـی خـوا ﷻ مێینـە (کچـان)ی پێشخسـتوون؟ دەڵێـن: (قَـدَّمَ الإِنَـاثَ لإِثْبَـاتِ طَلَاقَـةِ القُـدْرَةِ الحَكِيْمَـةِ، أَو تَكْرِيْمـاً لَهُـنَّ)، دەگونجـێ لەبـەر دوو هـۆکاران مێینـەی پێشخسـتبێ،

یەکەم: بۆ ئیسپات و سەلماندنی ئەوە کە دەستەڵاتی کاربەجێیانەی خوا، هیچ کۆت بەندێکی لەسەر نیە، ئنجا لەبەر ئەوەی عورفی کۆمەڵگاکان بە زۆریی وایە بوونی کوڕیان پێخۆشترە، خوا کچی پێشخستوون، واتە: ئەوەی کە ئێوە پێتان خۆش نیەو، بەهەڵەشدا چوون، ئەوەتان پێ دەدا!!

دووەم: ئەوە وەك ڕێزگرتنە لە ئافرەتان، بۆیە ئافرەتانی پێشخستوون، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا وەك پێویست ڕێز لە ئافرەتان ناگیرێ، بە تایبەت ئەوانەی زۆر باسی ئافرەت دەکەن، (فیمینیستەکان) ئەوانە زیاتر سووکایەتیی بە ئافرەت دەکەن، وەك کاڵایەکی بازرگانیی، وەك ئامرازێکی پێڕابواردن، تەماشای دەکەن، لە ڕاستییدا پێهەڵداگوتنەکەیان، زیاتر صابوون لە بنی پێدانیانەو کڵاو لەسەر نانیانە، کێت بینی زۆر بە ئافرەتاندا هەڵدەڵێ، دوایی تەماشای بکەو لێی وردبەوە، زۆر بە سووکیی تەماشای ئافرەت دەکات، وەك ئامرازێك کە پێی ڕابوێرێ، تەماشای دەکات، بۆیە پێی خۆشە ڕووتی بکاتەوە، پێی خۆشە ئەو ئافرەتە مێینایەتیی خۆی زیاتر دەربخات، نەك وەك مرۆڤێك بێتە بەرچاو!!

بـەڵام ئیسـلام دەیـەوێ ئافـرەت وەك مـرۆڤ بێتـە بەرچـاو، بۆیـە دەڵـێ: دەبـێ فـڵان پۆشـاکە لەبەربکـەی و، بـەو شـێوەیە هەڵسـوکەوت بکـەی، ئەو سـنوورانەی شـەریعەت دایاندەنـێ بـۆ ئافـرەت، بـۆ ڕێزلێگرتنـی ئافرەتـە، بـۆ دەرکەوتنـی ئافرەتـە وەك مرۆڤێـك، نـەك وەك مێینەیـەك، بـەڵام ئەوانـەی بەئافـرەت هەڵدەڵێـن، بـە تایبـەتی لـە ا ڕۆژگاری ئێسـتاماندا، دەیانـەوێ حەیـاو حیشـمەتی لـێ دابڕنـن و لـە بـەرگ و پۆشـاك دایبڕنـن

و ڕووی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی تەنیا وەك مێینەیەك تەماشای دەکەن، وەك چۆن درندە تەماشای نێچیر دەکات، ئەوانیش ئاوا تەماشای ئافرەت دەکەن!!

٥)- ﴿ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا ﴾، یاخود بۆیان جووت دەکات، نێرینان و مێینان، واتە: بە جووتە دەیانداتێ، هەم کوڕان و هەم کچان، (التَّزْوِيجُ: هَا هُنَا هُوَ الْجَمْعُ بَيْنَ الْبَنِينَ وَالْبَنَات، تَقُولُ الْعَرَبُ: زَوَّجْتُ بين إبلي، إذَا جَمَعَ بَيْنَ الْكِبَارِ وَالصِّغَارِ) (تزْوِيج): لێرەدا کۆکردنەوەی کوڕان و کچانە پێکەوەو جووتکردنیانە، عەرەب دەڵێن: (زَوَّجْتُ بَيْنَ إبلي) حوشترەکانم جووت کردن، ئەگەر حوشترە گەورەو بە تەمەنەکان و بێچوو و کەم تەمەنەکانی پێکەوە هێنان.

(التَّزْوِيجُ: قَرْنُ الشَّيءِ بِشَيءٍ آخَرَ فَيَصِيرَانِ زَوْجَاً) (تَزْوِيج): بریتیە لە جووتکردنی شتێك لەگەڵ شتێکی دیکەدا، هەردووکیان پێیان دەگوترێ: زەوج، بۆ وێنە: جووتە پێڵاو پێیان دەگوترێ: (جووت) (زَوجُ النَّعْلَيْن) بە هەر کامێکیان دەگوترێ: زەوج، نەك بە هەردووکیان ئنجا پێیان بگوترێ: زەوج، ژن و مێردیش بە هەردووکیان دەگوترێ: زەوج، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقُلْنَا يَـٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ ﴿٣٥﴾ ﴾البقرة، هەم ئافرەت پێی دەگوترێ زەوج، هەم پیاویش پێی دەگوترێ زەوج.

کەواتە: ﴿ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا ﴾، واتە: بۆیان جووت دەکات، نێرینان و مێینان پێکەوە دەیانداتێ.

٦)- ﴿ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ﴾، هەر کەسێکیش بیەوێ نەزۆکی دەکات، (العَقِيْمُ: الَّذِي لاَ يُولَدُ لَهُ، رَجُلاً كَانَ أوِ امْرَأَةً) (عَقِيْم) واتە: نەزۆك، ئەوەیە کە منداڵی نەبێ، ئنجا چ پیاو بێ چ ئافرەت، بەڵام هەندێکیان دەڵێن: بە تایبەت بۆ ئافرت بەکاردێ، ﴿ قَالَتْ يَـٰوَيْلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٌ وَهَـٰذَا بَعْلِى شَيْخًا ﴿٧٢﴾ ﴾هود، گوتی: ئەی هاوار بۆ من! ئایا منداڵم دەبێ کە ئافرەتێکم بوومە پیرەژن و، ئەمەش مێردەکەمە پیرە؟! بەڵام وشەی (عَقِيم) کە لێرە خوای بەرز هێناویەتی واتە: نەزۆك و بێ وەچە، بێ وەجاخ، ئەوکاتە هەردووکیان دەگرێتەوە، بەڵام کە بڵێی: نەزۆك هەر ئافرەت دەگرێتەوە، چونکە بەس ئافرەتە تۆڵی دەبێ و حەملی دەبێ.

٧)- ﴿إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾، بە دڵنیایی خوا زانای توانایە.

لێرەدا زانایان قسەیان کردوە لەوبارەوە کە بۆچی خوا ﷻ باسی جۆرێکی دیکە لە مرۆڤانی نەکردوە؟ چونکە مرۆڤ نێری هەیەو مێی هەیە، بەڵام جۆرێکی دیکەشی هەیە پێی دەگوترێ: نێرەمووك (خُنثَى) نە نێرەو نە مێ، نێرەمووك، هەندێك لە زانایان دەڵێن: بۆیە خوا لە قورئاندا باسی نەکردوە، چونکە دەگمەنە، یانی: لە سەدان مرۆڤ و لە هەزاران، یەکێکیان وا دەردەچێ کە بەو شێوەیە بێ و ئەوانیش جۆراو جۆرن.

(القرطبي) لە **(إبن العربي)** دەیهێنێ کە گوتوویەتی: **(وَقَدْ أَنْكَرَ قَوْمٌ مِنْ رُءُوسِ الْعَوَامِّ وُجُودَ الْخُنْثَى بِدَلِيل عَدَم ذِكْره)**[1]، واتە: خەڵكێك لە عەوامان، بوونی نێرەمووك (خُنثَى)یان، نکووڵیلێکردوە، لەبەر ئەوەی باس نەکراوە!

بەڵام لە ڕاستییدا ئەو قسەیە هیچ نیەو لە واقیعدا هەیە، کەسانێك هەن وان، ئنجا ڕەنگە هەبێ بە لای ئافرەتایەتییدا بشکێتەوەو، هەیە بە لای پیاوەتییدا بشکێتەوەو، هەیە هەردووك لای وەك یەك و یەکسانن.

لەو بارەشەوە ئەمە دەقە هاتوە، {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ جَسْرٍ قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ مَعْقِلٍ وَأَشْيَاخَهُمْ يَذْكُرُونَ: أَنَّ عَلِيًّا ﷺ، سُئِلَ عَنِ الْمَوْلُودِ: لَا يُدْرَى أَرَجُلٌ أَمْ امْرَأَةٌ؟ فَقَالَ عَلِيٌّ: يُوَرَّثُ مِنْ حَيْثُ يَبُولُ} **(أخرجه: البيهقي: ١٢٢٩٤، وابن أبي شيبة: ٣١٣٦٤، والدارمي: ٣٠١٢، وَصَحَّحَهُ الألباني في الإرواء تحت حديث: ١٧١٠)**.

واتە: عەلی ﷺ پرسیاری لێکرالە بارەی منداڵێکەوە، کە هەم ئەندامی نێرینەی هەیە، هەم هی مێینەی هەیە؟ (ئایا چۆن میراتی دەدرێتێ؟) گوتی: لە کوێوە میز دەکات؟ (واتە: لە هەر کامیانی میزی کرد حوکمی ئەوەیان هەیە).

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٦، ص٤٢.

نێرەمووك (خُنثى) ئەوەیە كە هەردوو ئەندامی نێرینەو مێینەی هەبن، بەڵام خوا ﷻ باسی نەكردوە لەبەر ئەوەی حاڵەتێكی دەگمەنە، بەڵام زانایان لە كتێبە فیقهییەكاندا زۆر قسەیان كردوە، چونكە نێرەمووك (خُنثَى): چەند حاڵەتێكی هەن، هەیە حاڵەتی مێینەكەی بەهێزترەو، هەیە حاڵەتی نێرینەكەی بەهێزترە، هەشە هەردووكی وەك یەكن و پێی دەكوترێ: (خُنثَى مُشْكل) لە كتێبە فیقهییەكاندا لەو بارەوە زۆر قسەكراوە.

مەسەلەی سێیەم:

خوا ﷻ تەنیا بەسێ شێوازان پەیامی تایبەتیی خۆی بۆ مرۆڤە هەڵبژاردەکان، بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، دەنێرێ: دواندنی پشت پەردەو، خستنە نێو دڵ و، نێردراویی فریشتە ناردن:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴿٥١﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا﴾، هیچ مرۆڤێك بۆیە نیە خوا بیدوێنێ، مەگەر بەپەنامەکیی (بیخاتە نێو دڵ). مەبەست لە دواندنی خوا ﷻ و فەرمایشتکردنی، گەیشتنی مەبەستی خوایە بە پێغەمبەر ﷺ، ئنجا ئەو گەیشتنە، چ بە هۆی قسەیەکەوە بێ کە ئەو پێغەمبەرە دەیبیستێ، وەك مووسا ﷺ فەرمایشتی خوای بیست: ﴿وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾﴾النساء، یاخود بە هۆی قسەیەکەوە بێ کە فریشتە لە لایەن خواوە دەیگەیەنن بە پێغەمبەر ﷺ، یاخود زانیارییەك بێ بخرێتە دڵی ئەو پێغەمبەرەوە ﷺ ئەویش دڵنیایی (یقین)ی بۆ پەیدادەبێ، کە ئەو زانیارییە خوا بۆی ناردوە. تەنیا لەو سێ ڕێیەوەیە، خوا پەیامی خۆی بۆ پێغەمبەران ناردوە:

أ- ﴿إِلَّا وَحْيًا﴾، مەگەر سروشی بۆ بکات، یانی: بیخاتە نێو دڵ.

ب- ﴿أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ﴾، یان لە پشت پەردەوە، واتە: ڕاستەوخۆ خوا بیدوێنێ، بەڵام لە پشت پەردەوەو خوا نابینێ.

ج)- ﴿أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا﴾، یاخود ڕەوانەکراوێك بنێرێ، نێردراوێك بنێرێ، کە فریشتەیە.

٢)- ﴿فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ﴾، (فَيُوحِي: يُبَلِّغُ وَيُوصِلُ بِإِذْنِ الله) ئنجا بە مۆڵەتی خوا پێڕابگەیەنێ و بگەیەنێ.

٣)- ﴿إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾، بە دڵنیایی خوا زۆر بەرزەو، زۆریش كارزانە، بەرزیی خوا بێسنوورەو، كاربەجێیی خواش ﷻ بێسنوورە.

وەحیی لە ڕووی زمانەوانییەوە: (الوَحي: الإِشَارَةُ الخَفِيَّةُ، ويُطْلَقُ عَلَى مَا يَجِدُهُ المَرْءُ فِي نَفْسِهِ دَفْعَةً كَحُصُولِ مَعْنَى الكَلَامِ فِي نَفْسِ السَّامِعِ) (وَحي): بە مانای ئاماژەیەكی پەنهان دێت، هەروەها بۆ ئەوەش بەكاردەهێنرێ كە مرۆڤ زانیارییەك لە دڵی خۆیدا هەست پێدەكات، وەك چۆن كەسێك قسەیەك دەبیستێ، یەكسەر مانایەكەی دێتە نێو دڵیەوە، ئەویش ئاوا مانایەكی دێتە نێو دڵەوە، ئەوە پێی دەگوترێ وەحیی، واتە: پێگەیاندنێكی پەنهان.

شایانی باسە: ئێمە لە مەووسوعەی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله) لە: (الكتاب الخامس)دا لە ژێر ناونیشانی: (بَحْثٌ حَوْلَ الوَحي)دا، باسێكی دوورودرێژمان لەوبارەوە كردوەو، لەتەفسیری سوورەتی (یونس)یشدا، كورتە باسێكمان لە بارەی وەحییەوە هێناوە، كە بریتییە لە گوشراو و خوڵاسەی ئەو باسەی لە مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)دا هاتوە.

ئێستاش بە چاكی دەزانم، كورتە باسێك لە بارەی {فەرمایشتكردنی خواوە ﷻ} بخەینە ڕوو، بەرلەوەی بێمە سەر مەسەلەی چوارەم و كۆتایی، ئەم كورتە باسە دەخەینەڕوو، كە فەرمایشتكرنی خوا و قسە فەرموونی خوا ﷻ، چۆنە؟

کورتە باسێک لە بارەی فەرمایشتکردنی خواوە

بەڕێـــزان !

ئەم کورتە باسە لە چوار بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

بڕگـەی یـەك: فەرمایشـتکردنی خـواو گەیانـدنی پەیامەکـەی بـە پێغەمبـەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلاَم)، سـێ شـێوازی سـەرەکیی هـەن، وەك ئـەو ئایەتـە موبارەکـە دەیگەیەنـێ: ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴾، واتـە: هیـچ مرۆڤێـك بـۆی نیـە خـوا بیدوێنـێ، مەگـەر بـە سروشـکردن، یـان لـە پشـت پـەردەوە، یـان نوێنەرێـك دەنێـرێ بـە مۆڵـەتی وی ئـەوەی بیـەوێ سروشی دەکات، بێگومـان ئـەو بـەرزی کارزانە.

شـێوازی یەکـەم: کـە دەفەرمـوێ: (إلاَّ وَحْيَاً) (أي: كَلامَاً وَحْيَاً، أي: مُوحى بـِهِ) یـانی: قسـەیەکی وەحیـی، بـە وەحیـی نێـرراو، یەکێـك دەڵـێ: (لا أُكَلِّمُـهُ إِلَّا جَهْـرَاً، أَو إِخْفَاتـاً) قسـەی لەگـەڵ ناکـەم مەگـەر بەدەنگـی بـەرز یـان بـە دەنگـی نـزم، دەڵـێ: (لأنَّ الجَهْرَ وَالإِخْفَات صفَتَانِ للكَلاَم)، چونکـە هـەر کام لـە دەنـگ هەڵێنـان و دەنـگ کپکـردن، سیفەتی قسـەکردنن، کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا ﴾، (أي: إلاَّ كَلاَمَاً وَحِيَاً) مەگـەر دواندنێـکی سروش، یاخـود دواندنێـك کـە سروش بکـرێ.

فەرمایشـتێکی پێغەمبـەر ﷺ لەوبـارەوە هەیـە کـە دەفەمـوێ: (إِنَّ رَوْحَ القُـدُسِ نَفَـثَ فِي رُوعِـيَ أَنَّ نَفْسًـا لَـنْ تَمُـوتَ حَتَّـى تَسْـتَكْمِلَ أَجَلَهَـا وَتَسْـتَوْعِبَ رِزْقَهَـا، فَأَجْمِلُـوا فِي الطَّلَـبِ، وَلَا يَحْمِلَـنَّ أَحَدَكُـمُ اسْتِبْطَاءُ الـرِّزْقِ أَنْ يَطْلُبَـهُ بِمَعْصِيَـةٍ، فَـإِنَّ اللَّـهَ لَا يُنَـالُ مَـا عِنْـدَهُ إِلَّا بِطَاعَتِـهِ) (حليـة الأوليـاء وطبقـات الأصفيـاء ج١٠، ص٢٨، عَـنْ أَبِي أُمَامَـةَ ﷺ، وَحَسَّـنَهُ الألبَـاني فـي صحيـح الجامـع: ٢٠٨٥).

واتە (روح القُدُس) خستیە نێو عەقڵ دڵمەوە، کە هیچ نەفسێك نامرێ تاکو بژیوەکەی تەواو نەکات و کاتی مردنیشی نەیەت، بۆیە پارێز لە خوا بکەن و، جوان داوای بژیو لە خوا بکەن و، با یەکێکتان وەخرانی ئەو بژیوەی داوای دەکات، وای لێنەکات کە بە سەرپێچیی داوای بکات (بژیوی حەرام)، چونکە ئەوەی لەلای خوایە (لە بژیوی حەڵاڵ) تەنیا بە فەرمانبەریی بۆ کرانی وەدەدەست دەهێنرێ.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (رُوحَ القُدُس) کە جبریلە، ئەوەی خستە نێو دڵم، واتە: ئەوە وەحییە.

وەحیی واتە: قسەیەکی پەنهان بچێتە نێو دڵ، ئنجا ئەگەر بۆ پێغەمبەران بێ، پێی دەگوترێ: وەحیی، بەڵام ئەگەر بۆ جگەلە پێغەمبەران بێ، پێی دەگوترێ ئیلهام، خورپە، خرانە نێو دڵ.

ئەوەی باسکرا شێوازی یەکەمی نێررانی وەحیی خوا بوو.

شێوازی دووەم: ﴿ أَوْ مِن وَرَآيِ حِجَابٍ ﴾، شێوازی دووەمی گەیاندنی پەیامی خوا، فەرمایشتکرنی خوا، بۆ پێغەمبەران لە پشت پەردەوەیە: (**يَسْمَعُهُ سَامِعُهُ وَلَا يَرىَ مَصْدَرَهُ**) ئەو کەسەی دەیبیستێ، تێی دەگات، بەڵام سەرچاوەکەی نابینێ، بەڵکو چۆنیشی دەبیستێ، ئەوەش هەر دیارنیە، ئایا مووسا چۆن فەرمایشتی خوای بیستوە؟ ئێمە نازانین.

شێوازی سێیەم: ﴿ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ ﴾، یاخود نوێنەرێك، رەوانەکراوێك دەنێرێ، (**يُرْسِلُ مَلَكاً إلى النَّبِي فَيُبَلِّغُ إليْهِ كَلَاماً يَسْمَعُهُ النَّبِي وَيَعِيْهِ**) خوا فریشتەیەك دەنێرێ بۆ لای ئەو پێغەمبەرە (**عليه الصلاة والسلام**) قسەیەکی پێرادەگەینێ، پێغەمبەرەکە دەیبیستێ و تێشی دەگا، ﴿ فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُ ﴾، بە مۆڵەتی خوا هەرچی بیەوێ پێی رادەگەیەنێ، ﴿ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بەرزەو کارزانە.

برگەی دوو: مشتومڕی یەکجار زۆری زانایان لە بارەی فەرمایشتکردنی خواوە، وایکردوە بکرێتە ناوونیشانی کۆی: [ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی] زۆرێك لە

کتێبەکان پێیان دەگوترێ: (**علم الکلام**) زانستی کەلام، ئەمە لەبەر ئەوە بووە زۆر مشتومڕ کراوە لەبارەی فەرمایشتی خواوە ﷻ، چ قورئان، چ کتێبەکانی دیکەی خوا، چ فەرمایشتکردنی خوا بە گشتیی، لەو بارەوە زۆر قسە کراوەو مشتومڕی زۆر بووە، ئەو بابەتە زاڵ بووە بەسەر کۆی بابەتەکانی ئیمان و عەقیدەدا، بۆیە ناو لە زانیاریی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی نراوە، (**علم الکلام**)، کە لەڕاستییدا ناوەکە لە جێی خۆیدا نیە، چونکە کەلام یەکێکە لە بابەتەکانی ئیمان عەقیدە، ئەو ناوانەی دیکە ڕاستن، وەك: (**أصول الدين**)، (**الإيمان**)، (**العقيدة الإسلاميّة**)، (**الفقه الأكبر**)، بەڵام (**علم الكلام**) بکرێتە ناوونیشان بۆ کۆی ئیمان و عەقیدە، ئەوە زێدەڕۆییکردنە لە گەورەکردنی بەش (**جزء**)ێك لەسەر حیسابی هەموو (**كل**)!

هەروەها لە بارەی قورئانەوەو چۆنیەتی پەیوەندییەوە بە خواوە، مشتومڕ زۆر بووە، هەندێك لە حەنبەلییەکان و نەیارەکانیان، تووشی تێپەڕاندن و بەزایەدان بوون، لە حەنبەلییەکان هەبووە گوتوویەتی: نەك هەر بێژە (**لفظ**)ەکانی فەرمایشتی خوا، بگرە مەڕەکەب و تیانووسەکەش، ئەوانیش هەر دروستکراونین و ئەوانیش هەر لەمێژینەو بێ سەرەتان، (**فخرالدين الرازي**)، لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] دەڵێ: (**الْحَنَابِلَةُ الَّذِينَ قَالُوا: بِقِدَمِ هَذِهِ الْحُرُوفِ، وَهَؤُلَاءِ أَخَسُّ مِنْ أَنْ يُذْكَرُوا فِي زُمْرَةِ الْعُقَلَاءِ**) ئەو بە گشتیی گوتوویەتی: حەنبەلییەکان {بەڵام بەشێك لە حەنبەلییەکان بوون} ئەوانەی گوتوویانە: ئەو پیتانەی قورئان {کە ئێمە دەیانخوێنین و دەیاننووسین} ئەوانەش هەر بێ سەرەتان، ئەوانە کەمترن لەوەی لە ڕیزی عاقڵاندا بژمێردرێن! {ئەویش جۆرێك لە زێدەڕۆیی کردوە لەو قسەیەیدا}.

بە هەرحاڵ بەشێك لە حەنبەلییەکان وابوون، لە بەرانبەریشیاندا، هەندێك لە نەیارەکانیان لە موعتەزیلەو، جەهمییەکان گوتوویانە: نەك هەر بێژەکان (**ألفاظ**)ی فەرمایشتی خوا، بەڵکو مانایەکانیشیان هەر پەیدابوون (**حادث**)ن!

---

(١) مفاتيح الغيب: ج١٤، ص١٦٦.

(أبـو بكـر الباقـلاني) کـە یەکێکـە لـە زانایـانی بەرجەسـتەی ئیسـلام، هەوڵیـداوە خـەتی نێوەڕاسـت بگـرێ، کـە گوتوویـەتی: (إنَّ كَلامَ اللَّـهِ الأَزَلِيَّ مَقْرُوءٌ بِأَلْسِنَتِنا، مَحْفُـوظٌ فِي قُلُوبِنَـا، مَسْـمُوعٌ بِآذانِنـا، مَكْتُـوبٌ فِي مَصاحِفِنـا، غَـيْرُ حـالٍّ فِي شَيْءٍ مِـن ذَلِـكَ، كَـما أنَّ اللَّـهَ مَعْلُـومٌ بِقُلُوبِنـا مَذْكُـورٌ بِأَلْسِـنَتِنا، مَعْبُـودٌ فِي مَحارِيبِنـا، وهـو غَـيْرُ حـالٍّ فِي شَيْءٍ مِـن ذَلِـكَ، والقِـرَاءَةُ وَالقَـارِئُ مَخْلُوقـانِ، كَمَا أنَّ العِلـمَ والمَعْرِفَـةَ مَخْلُوقـانِ، والمَعْلُـومُ والمَعْـرُوفُ قَدِيمـانِ)، باقلانیـی بـە بۆچـوونی مـن، قسـەیەکی زۆر میانجیـی و بـاشی گوتـوە لێرەدا، دەڵـێ:

فەرمایشـتی لـە مێژینـەی خـوا، کـە بـە زمانەکانمـان دەیخوێنینـەوەو، لـە دڵـەکان و عەقڵەکانمـان دا لـە بـەری دەکەیـن و، بـە گوێیەکانمـان دەیبیسـتین و، لـە موصحەفەکانمانـدا دەینووسـین، ئـەو فەرمایشـتە بـێ سـەرەتایەی خـوا کـە سـیفەتی خوایـە، لـە هیچـکام لـەو شـتانەدا نیـە، {نـە لـە نێـو موصحەفدایـە، ئـەو سـیفەتەی خـوا، نـە لەسـەر زمـانی ئێمەیـە، نـە لـە عەقـڵ و دڵـی ئێمەدایـە، نـە بـە گوێشـمان ئـەو سـیفەتەی خـوا دەبیسـتین} هـەروەك چـۆن خـوا ﷻ بـە عەقـڵ و دڵـمان زانـراوەو بـە زمانمـان باسـکراوەو یـادی دەکەیـن و، لـە میحرابەکانمانـدا پەرسـتراوە، بـەڵام خـوا ﷻ لـە هیـچ کام لەوانـەدا نیـە {نـە لـە دڵـی ئێمەدایـە، بـەس زانینەکـەی و ناسـینەکەی لـە دڵـی ئێمەدایـەو، نـە لەسـەر زمـانی ئێمەیـە، بەڵکـو باسـکردنەکەی لەسـەر زمـانی ئێمەیـە، نـە لـە میحرابەکـەی ئێمـەش دایـە، بەڵکـو بەندایەتییەکـەی ئێمـە لـە میحرابەکانـدا بەرجەسـتە دەبـێ} خوێندنەوەکـەو خوێنەرەکـە هەردووکیـان دروسـتکراون، هـەروەك چـۆن زانیاریـی و ناسـینەکە هەردووکیـان دروسـتکراون {زانیاریـی ئێمـە بـە خـواو ئاشـنایی ئێمـە بـە خـوا، هەردووکیـان دروسـتکراون} بـەڵام زانراوەکـەو ناسراوەکـە، کـە خوایـە ﷻ ئـەوە لـە مێژینەیـەو بـێ سـەرەتایە.

(محمد الطاهر بن عاشور)یش لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ:

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٥، ص١٤٨.

(وَقَدِ اصْطَلَحَ الْأَشْعَرِيُّ عَلَى تَسْمِيَةِ ذَلِكَ الْمَدْلُولِ، كَلَامًا نَفْسِيًّا، وَهُوَ إِرَادَةُ الْمَعَانِي الَّتِي دَلَّ عَلَيْهَا الْكَلَامُ اللَّفْظِيُّ، وَقَدِ اسْتَأْنَسَ لِذَلِكَ بِقَوْلِ الْأَخْطَلِ:

إِنَّ الْكَلَامَ لَفِي الْفُؤَادِ وَإِنَّمَا ... جُعِلَ اللِّسَانُ عَلَى الْفُؤَادِ دَلِيلًا).

واتە: ئەبوو حەسەنی ئەشعەریی، ناوی لەو فەرمایشتەی خوا ناوە، کەلامی نەفسیی {سیفەتەکەی خوای ناو ناوە فەرمایشتی زاتی خوا} کە بریتیە لە ویستنی ئەو واتاو مەبەستانەی بێژەکە دەیانگەیەنێ، لەوەشدا قسەی (أخطل)ی، بەبەڵگە هێناوەتەوە، کە شاعیرێکە دەڵێ:

إِنَّ الْكَلَامَ لَفِي الْفُؤَادِ وَإِنَّمَا ... جُعِلَ اللِّسَانُ عَلَى الْفُؤَادِ دَلِيلًا

قسەکردن لە نێو عەقڵ و دڵدایە، بەڵکو زمان تەنیا نیشانەیە، بۆ ئەوەی لە عەقڵ ودڵدایە.

ئێستا هەر کەسێك کە قسەیەك دەکات، مانایەکەی و مەبەستەکەی لە عەقڵ ودڵیدا هەیە، دوایی لەڕێی زمانەوە، لەڕێی وشەکانەوە، یاخود لەڕێی نووسینەوە، دەری دەبڕێ، یان لەڕووی ئاماژەیەکەوە دەردەبڕێ، بەڵام مانایەکەی لە عەقڵ و دڵدایە.

فەرمایشتکردنی خوای پەروەردگاریش وەك سیفەتێك، سیفەتێکی ئەزەلیی، وەك زاتی خوا بێ سەرەتایە، سیفەتەکە دیارە وەك خوای پەروەردگارە، بەڵام دوایی کە خوا ﷻ ئەو فەرمایشتەی خۆی بۆ ئێمە بەرجەستە دەکاتەوە لەو وشەو بێژنەدا، کە دوایی ئێمە دەیاننووسین و دەیانڵێین، بە دڵنیایی مەرەکەبەکەو گوتنەکەی ئێمەو، شتەکە کە تێیدا دەنووسرێ، ئەوانە هەموویان دروستکراون، هیچ گومان لەوەدا نیە.

برگەی سێ: ڕای ڕاست و میانجیی لە بارەی ئەوەوە کە خوا ﷻ سیفەتی فەرمایشتکردنی تێدا ئەزەلییە، بەڵام فەرمایشتکردنەکەی لە حاڵ و کاتێکی

دیاریکراودا، پەیدابوویە، سیفەتی فەرمایشتکردن لە خوادا، سیفەتێکی ئەزەلییە، بەڵام خودی فەرمایشتکردنەکە لەو کاتەدا کە فەرمایشتەکەی فەرمووە، شتێکی پەیدابوویە، بۆ وێنە: خوا لە ئەزەلەوە سیفەتی فەرمایشتکردنی هەبووە، بەڵام لەو کاتەدا کە فەرمایشتی لەگەڵ مووسادا کردوە، فەرمایشتکردنەکە شتێکی پەیدابووە، چونکە لە کاتێك دا و لە شوێنێکدایە، **(محمد الطاهر بن عاشور)** لەو بارەوە وردەکارییەکی هێناوە، من دەقەکە هەمووی بە عەرەبیی دێنم، لەبەر ئەمانەتی علیمیی، چونکە مەسەلەیەکی زۆر هەستیارو وردە، دەڵێ:

(وَتَحْقِيقُ هَذَا الْمَقَامِ بِوَجْهٍ وَاضِحٍ قَرِيبٍ أَنْ نَقُولَ: إِنَّ ثُبُوتَ صِفَةِ الْكَلَامِ لِلَّهِ هُوَ مِثْلُ ثُبُوتِ صِفَةِ الْإِرَادَةِ وَصِفَةِ الْقُدْرَةِ لَهُ تَعَالَى، فِي الْأَزَلِ، وَهُوَ أَشْبَهُ بِاتِّصَافِهِ بِالْإِرَادَةِ، فَكَمَا أَنَّ مَعْنَى ثُبُوتِ صِفَةِ الْإِرَادَةِ لِلَّهِ، أَنَّهُ تَعَالَى مَتَى تَعَلَّقَ عِلْمُهُ بِإِيجَادِ شَيْءٍ لَمْ يَكُنْ مَوْجُودًا، أَوْ بِإِعْدَامِ شَيْءٍ كَانَ مَوْجُودًا، أَنَّهُ لَا يَحُولُ دُونَ تَنْفِيذِ مَا تَعَلَّقَ عِلْمُهُ بِإِيجَادِهِ، أَوْ إِعْدَامِهِ حَائِلٌ، وَلَا يَمْنَعُهُ مِنْهُ مَانِعٌ، وَمَتَى تَعَلَّقَ عِلْمُهُ بِإِبْقَاءِ الْمَعْدُومِ فِي حَالَةِ الْعَدَمِ، أَوِ الْمَوْجُودِ فِي حَالَةِ الْوُجُودِ، لَا يُكْرِهُهُ عَلَى ضِدِّ ذَلِكَ مُكْرِهٌ. فَكَذَلِكَ ثُبُوتُ الْكَلَامِ لِلَّهِ مَعْنَاهُ أَنَّهُ كُلَّمَا تَعَلَّقَ عِلْمُهُ بِأَنَّهُ يَأْمُرُ أَوْ يَنْهَى أَحَدًا، لَمْ يَحُلْ حَائِلٌ دُونَ إِيجَادِ مَا يُبَلِّغُ مُرَادَهُ إِلَى الْمَأْمُورِينَ أَوِ الْمَنْهِيِّينَ، وَكُلَّمَا تَعَلَّقَ عِلْمُهُ بِأَنْ يَتْرُكَ تَوْجِيهَ أَمْرٍ أَوْ نَهْيٍ إِلَى النَّاسِ، لَمْ يُكْرِهْهُ مُكْرِهٌ عَلَى أَنْ يَأْمُرَهُمْ أَوْ يَنْهَاهُمْ.

وَكَمَا أَنَّ لِلْإِرَادَةِ تَعَلُّقًا صَلَاحِيًّا أَزَلِيًّا، وَتَعَلُّقًا تَنْجِيزِيًّا حَادِثًا، حِينَ تَتَوَجَّهُ الْإِرَادَةُ إِلَى إِيجَادٍ بِوَاسِطَةِ الْقُدْرَةِ. كَذَلِكَ نَجِدُ لِكَلَامِ اللَّهِ تَعَلُّقًا صَلَاحِيًّا أَزَلِيًّا، وَتَعَلُّقًا تَنْجِيزِيًّا حِينَ اقْتِضَاءِ عِلْمِ اللَّهِ تَوْجِيهَ أَمْرِهِ أَوْ نَهْيِهِ أَوْ نَحْوِهِمَا إِلَى بَعْضِ عِبَادِهِ. فَالْكَلَامُ الَّذِي يَنْطِقُ بِهِ الرَّسُولُ وَيَنْسُبُهُ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى هُوَ حَادِثٌ، وَهُوَ أَثَرُ التَّعَلُّقِ التَّنْجِيزِيِّ الْحَادِثِ، وَالْكَلَامُ الَّذِي نَعْتَقِدُ أَنَّ اللَّهَ أَرَادَهُ وَأَرَادَ مِنَ النَّاسِ الْعَمَلَ بِهِ، هُوَ الصِّفَةُ الْأَزَلِيَّةُ الْقَدِيمَةُ وَلَهَا التَّعَلُّقُ الصَّلَاحِيُّ الْقَدِيمُ)[1]،

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٥، ص١٤٩،١٤٨.

دەڵێ: ساغکردنەوە لەم شوێنەداو، بە شێوەیەکی ڕوونی نیزیک ئەوەیە کە بڵێین: چەسپانی سیفەتی فەرمایشتکردن بۆ خوا، وەك چەسپانی سیفەتی ویست و سیفەتی دەستەڵاتە بۆ خوای بەرز لە ئەزەلدا، بەڵکو سیفەتی فەرمایشتکردنی خوا زیاتر دەشوبهێتە سیفەتی ویستی خواوە، ئنجا هەروەك چۆن چەسپاوبی سیفەتی ویست بۆ خوای بەرز ئەوەیە: کە خوا هەر کاتێك زانیارییەکەی پەیوەست بوو بە پەیداکردنی شتێکەوە کە نەبووبێ، یان بە لەبەین بردنی شتێکەوە کە بووبێ، هیچ شتێك ڕێناگرێ لەوە کە زانیاریی خوا پێوە پەیوەست بووەکە پەیدا بکات، یاخود لە بەینی بەرێ، هیچ ڕێگرێك ڕێی لێناگرێ، هەروەها هەر کاتێك زانیاریی خوا پەیوەست بوو بە هێشتنەوەی نەبوویەك لەحاڵی نەبووندا، یاخود پەیدابوویەك لە حاڵەتی بووندا، ئەوە هیچ ناچارکەرێك لەسەر پێچەوانەی ئەوە ناچاری ناکات، بەهەمان شێوەش:

چەسپانی فەرمایشتکردن بۆ خوا، واتایەکەی ئەوەیە هەر کاتێك زانیاریی خوا پەیوەست بوو بەوەوە کە فەرمان بکات بە کەسێك، یاخود ڕێی لێبگرێ، هیچ پەرچێك نایەتەبەری، کە ڕێ لەوە بگرێ ئەوەی مەبەستیەتی بیگەیەنێ، بۆ فەرمان پێکراوان، یان بۆ قەدەغەکراوان، هەروەها هەر کاتێك زانیاریی خوا پەیوەست بوو بەوەوە فەرمانی خۆی، یاخود قەدەغەی خۆی ئاراستەی خەڵك نەکات، هیچ ناچارکەرێك ناچاری ناکات فەرمانیان پێبکات، یاخود ڕێیان لێ بگرێ، هەروەك چۆن ویستی خوا ﷻ پەیوەست بوونێکی ئەزەلیی شایستەی هەیە، پەیوەست بوونێکی پەیداکردنیشی هەیە، کاتێك ویستی خوا بە هۆی دەستەڵاتەکەیەوە ئاراستەی شتێك دەبێ، لە ئەزەلدا خوا ویستەکەی هەیە، بەڵام لە کاتێکی دیاریکراودا، بە هۆی دەستەڵاتی خواوە، ئەو شتە پەیدا دەکات، بە هەمان شێوە فەرمایشتی خواش لە ئەزەلدا، شایستەیی ئەوەی هەیە ئەو فەرمایشتە بفەرموێ، ئنجا ئەو پەیوەندییەی هەیەو، پەیوەندییەکی جێبەجێ کردنیشی هەیە، لە کاتێکدا خوا دەیەوێ فەرمانی خۆی، یاخود نەهی خۆی

ئاراستەی کەسێك بکات، یاخود جیا لەوانەش (جگە لە فەرمان و نەهی) هەر شتێکی دیکە خۆی بیەوێ ئاراستەی بەندەکانی بکات.

کەواتە: ئەو قسەیەی کە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموێ و پاڵی دەداتە لای خوای بەرز، فەرمایشتەکەی خوا، ئەو پەیدابووەیە، کە لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ پەیدادەبێ، ئەوە شوێنەواری ئەو پەیوەست بوون پەیداکردنە تازەیە کە سیفەتی فەرمایشتی خوایە، بەڵام ئەو فەرمایشتەی دەزانرێ خوا ویستوویەتی، لە خەڵکی ویستوە کاری پێبکەن، ئەوە سیفەتە ئەزەلییە لە مێژینەییەکەی خوایەو، ئەو پەیوەست بوونە گونجاوییەی هەیە، کە لە کاتێکی دیاریکراو و لە شوێنێکی دیاریکراودا بەرجەستە ببێ.

واتە: سیفەتی فەرمایشتکردنی خوا ﷻ، وەك سەرجەم سیفەتەکانی خوایە، کە وەك زاتی خوا، بێ سەرەتان، وەك چۆن خوا لەئەزەل دا زانیاریی هەبووە، توانای هەبووە، ویستی هەبووە، دەستەڵاتی هەبووە، حیکمەتی هەبووە، بەزەیی هەبووە، بە هەمان شێوەش خوای بەرز سیفەتی فەرمایشتکردنی هەبووە، بەڵام کاتێك کە فەرمایشتەکەی کردووەو ئەو فەرمایشتە بەرجەستە بووە، لەو کاتەدا کە فەرمایشتەکەی کردوە، ئەو فەرمایشتکردنە بە پەیدابوو لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام سیفەتەکە ئەزەلییەو لەمێژینەیە.

بە تەئکید دواییش کە مرۆڤەکان ئەو فەرمایشتەی خوا دەخوێننەوەو بە عەقڵیان تێیدەگەن و، بە زمانیان دەیڵێن و، لە میحرابەکاندا دەیخوێننەوەو، لە پەرستشدا بەرجەستەی دەکەن، هەموو ئەوانە بەپەیدا بوو لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام ئەسڵی فەرمایشتەکەی خواو، زانیارییەکەی خوا، وەك سیفەتەکانی ئەزەلیین، بە دڵنیایی ئەوە مەسەلەیەکی زۆر وردو، ئەوەندەی بە گشتیی خوێنەران لێی تێبگەن، باسم کرد.

برگەی چوار: ئنجا لێرەدا قسەی خۆم دێنم، وەك گوشراوی ئەوەی گوترا لەو بارەوە:

خوا عزوجل سیفەتەكانی و كارەكانی زۆر لەوە مەزنترن و، بەرزترن كە ئێمەی مرۆڤ هەموو شتێكیان لەبارەوە بزانین و وەك پێویست تێیان بگەین، خوا لە سوورەتی (طە)دا، پێی فەرمووین: ﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾ ﴾، واتە: زانیاریی ئەوان دەوری خوا نادات.

كەواتە: هەر كەسێك تەماعی ئەوەی هەبێ، كە لە بارەی فەرمایشتی خواوە، دەستەڵاتی خوا، زانیاریی خوا، بەزەیی خوا، حیكمەتی خوا، هەمووشتێكی لە بارەوە بزانێ، ئەوە دەیەوێ شتێكی بێسنوور لە شتێكی سنوورداردا جێبكاتەوە، ئنجا با وەك وێنەیەك بێنینەوە، تەنیا بۆ لێ حاڵیی بوون:

ئایا ئاوی دەریایەك، ئاوی ئۆقیانووسێك لە بەرداخێكدا جێی دەبێتەوە؟ نەخێر، ئنجا زانیاریی خوا زۆر زۆر فراوانتریشەو بێسنوور فراوانە، هەروەها حیكمەتی خوا، ڕەحمەتی خوا، هەموو سیفەتەكانی خوا بێسنوورن و لە چاو عەقڵی مرۆڤ وەك ئۆقیانووس و پەرداخیش نین، ئۆقیانووسەكە هەر چۆنبێ سنوورداره، بەڵام سیفەتەكانی خوا بێسنوورن، بۆیە خوای پەروەردگاریش ئەوەندە توانایەی داوە بەئێمە، بایی ئەوەندە كە خوا بناسین و لە سیفەتەكانی تێبگەین و لە كردەوەكانی تێبگەین، بەڵام ڕمانەوێ هەموو شتێك لەبارەی خواوە بزانین، بە تەئكید ئێمە بەو توانایەی خوا پێیداوین لەو ژیانە دنیاییەدا بۆ تاقیكردنەوە، توانامان بایی ئەوەندە نیە، هەموو شتێك لە بارەی خواوە ﷻ بزانین، بەڵكو بایی ئەوەندە دەزانین كە خوا بناسین و، بزانین خاوەنی ئێمە، پەروەردگاری ئێمە، بەدیهێنەری ئێمەیەو، دەبێ هەر ئەو بپەرستین و بەندایەتیی بۆ بكەین، زاتی خوای پەروەردگار بەو شێوەیە كە دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴿١١﴾ ﴾الشوری، هیچ شتێك وەك وێنەی وی نیە، هەروەها سیفەتەكانی بێسنوورن و كردەوەكانی

وەك كردوەی هیچ شتێك و كەسێكی دیكە نین. بە كورتیی: هەرچی پەیوەندیی بە خواوە هەیە، تایبەتە بە خواوە، بایی ئەوەندە خوا عەقڵ و هەستی داوە بە ئێمە، كە ئەو شتانە بزانین، بەڵام ناتوانین ئەوپەڕی شتەكان بزانین، بێگومان تەنیا خوا ﷻ وەك پێویست خۆی دەناسێ، بەڵام ئێمە بایی ئەوەندە كە پێی تاقیكرێنەوە، توانای پێداوین، بیناسین.

مەسەلەی چوارەم:

سروشکردنی خوا بۆ موحەممەد ﷺ بەهەمان شێوەی سروشکردنیەتی بۆ پێغەمبەرانی پێشووی و، پێش سروش بۆ کرانی، بە کتێب و ئیمان ئاشنا نەبووە، بەڵام خوا قورئانی کردۆتە ڕووناکییەك کە موحەممەد ﷺ بەندەکانی خوای بەرەو ڕاستە شەقامی خوا، کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە، پێ ڕێنمایی بکات:

خوا دەفەرمووێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ ﴿٥٣﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا﴾، هەروەها بەو شێوەیە ڕووحێکمان لەلایەن خۆمانەوە، لە فەرمانی خۆمان بۆ تۆ سروشکرد، لێرە کە دەفەرمووێ: ﴿مِّنْ أَمْرِنَا﴾، (**الأَمْرُ المُضَافُ إلى اللّٰهِ بِمَعْنى الشَّأْنِ العَظِيمِ**) لەشکۆ و پێگەی خۆمانەوە، ڕووحێکمان بۆ تۆ نارد، ﴿وَكَذَٰلِكَ﴾، واتە: بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە کە دەبێ هەر بە خۆی بچوێنرێ، یاخود بەو شێوەیە کە لە ئایەتی پێشوودا باسکرا، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ڕووحێکمان بۆ ڕەوانکردی، یاخود بەو شێوەیە کە لەگەڵ پێغەمبەرانی پێشوودا (**عَلَيْهِمْ الصَّلاةُ وَالسَّلاَم**)، مامەڵەمان کردوە، کە سروشمان بۆ کردوون، (**أَيْ: كانَ وحْيُنا إلَيْكَ مِثْلَ كَلاَمِنَا الَّذِي كَلَّمْنا بِهِ مِنْ قَبْلَكَ**) سروشکردنەکەی ئێمە بۆ لای تۆ، هەروەك فەرمایشتکردن و سروشکردنمان بووە، بۆ لای پێغەمبەرانی پێش تۆ.

٢)- ﴿مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ﴾، پێشتر نەتدەزانی نە کتێب چییەو نە ئیمان چییە؟ (**المَقْصُود نَفْي دِرَايَته لِكُلٍّ مِنَ الكِتَاب وَالإِيمَان**) مەبەست ئەوەیە کە

پێغەمبەر ﷺ هیچ کام لە کتێب و ئیمانی نەزانیون، یانی: زانینی پێغەمبەر ﷺ لادەبات، لە بارەی کتێبەوەو لە بارەی ئیمانەوە.

٣)- ﴿ وَلَٰكِن جَعَلۡنَٰهُ نُورٗا ﴾، بەڵام ئێمە کردمان بە ڕووناکییەك، ڕاناوی سەر (جَعَلْنَاه) بۆ قورئان دەچێتەوە، واتە: ئەم قورئانەمان کە بۆ ناردووی و بۆمان سروشکردووی، کردوومانە بە ڕووناکییەك.

٤)- ﴿ نَّهۡدِي بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنۡ عِبَادِنَا ﴾، هەرکام لە بەندەکانمان، کە بمانەوێ پێی ڕاستە ڕێ دەکەین، پێی بە مراد دەگەیەنین.

٥)- ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾، بە دڵنیایی تۆش ڕێنمایی دەکەی بەرەو ڕێی ڕاست، بەرکار (مَفْعول به) ڕێنمایی دەکەی (تَهْدِي) قرتێندراوە، (إنَّكَ لَتَهْدِي) یانی: (وَإنَّكَ لَتَهْدِي النَّاسَ إلى صِراطٍ مُسْتَقِيْم) خەڵك بەرەو ڕێی ڕاست ڕێنماییان دەکەی وڕێیان پێشان دەدەی.

ئنجا دوایی پێناسەی ڕێیە ڕاستەکە دەکات و دەفەرموێ:

٦)- ﴿ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ڕێی ئەو خوایەی کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، هی ویە.

٧)- ﴿ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلۡأُمُورُ ﴾ (ئەها) بزانن! کاروبارەکان تەنیا بەرەو لای خوا دەچن. (ألا: أَدَاةُ التَّنْبِيه) (ألا) ئامرازی ورياکردنەوەیە، یانی ئەها کاروبارەکان بەرەو لای خوا دەچن، هەموو شتێك دەچێتەوە بۆ لای خوا (صَارَ إلى كَذَا: انْتَقَلَ، وَصَارَ للإنْتِهَاء إلى غَايَة) (صَارَ): بەکاردەهێنرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، بە کۆتاییەك.

کورتە باسێک دەربارەی فەرمایشتی خوا
﴿ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ ﴾

لێرەدا مشتومڕێکی زۆر لە بارەی ئەم تەعبیرەوە هەیە، کە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ ﴾، تۆ پێشتر نەتدەزانی نە کتێب چییەو، نە ئیمان چییە؟

لەو بارەوە مشتومڕی زۆر کراوە، کە بە بۆچوونی بەندە، مانای ڕستە قورئانییەکە زۆر ڕوونە، خوا بە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دەفەرموێ: تۆ پێش ئەوەی وەحییت بۆ بنێرم و بتکەمە پێغەمبەر ﷺ ، نەتزانیوە نەکتێبێك چییەو نە ئیمان چییە؟ کتێب ئەگەر مەبەست قورئان بێ، پێش ئەوەی خوا قورئان بۆ پێغەمبەر بنێرێ، پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە قورئان چییە، ئەگەر مەبەست لە کتێب بەرنامە بێ، چونکە (کتاب) لە قورئاندا بە مانای بەرنامەش هاتوە، بێگومان پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە بەرنامە چییە؟ هەروەها نەشیزانیوە ئیمانیش چییە؟ هۆی ئەو مشتومڕەش بە بۆچوونی من، دەگەڕێتەوە بۆ دوو شتان:

یەکەم: بە داخەوە هەندێك لەزانایان، کاتێك کە قسە دێتەسەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ عاتیفەیان بەسەر عەقڵدا زاڵ دەکەن، بۆ وێنە: لێرەدا دەڵێن: چۆن پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە ئیمان چییە؟ خوا کاتێك بفەرموێ: نەیزانیوە ئیمان چییە! نەیزانیوە، یاخود لە سوورەتی **(الضحی)**دا، کە دەفەرموێ: ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ ﴾، خوا تۆی بە گومڕا بینی، بەڵام ڕێنمایی کردی، یان خستیتە سەر ڕاستەڕێ، هەندێك لە زانایان پینەو پەڕۆی دنیایان کردوە، دەڵێن: ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ ﴾، ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ منداڵ بووە، ڕێی لێ ونبووە، دوایی خوا جبریلی ناردوە، هێناویەتەوە بۆ ماڵێ!! بەڵام پێویست بەوە ناکات، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: تۆ بەڕێیەت نەدەزانی، **(ضالّ)** یانی: کەسێك کە بەڕێیە نازانێ و

ون بووە، ئنجا دەپرسین: ئایا چاکەو ئازایەتییەکەی وەحیی خوا چییە، ئەگەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ پێش هاتنی وەحیی و بوونە پێغەمبەریش کتێبی هەر زانیبێ و ئیمانیشی هەر زانیبێ، ئایا دوای بۆ هاتنی وەحیی چی لێ زیاد بووە؟

دووەم: ئەوجۆرە زانایانە وەك خۆی لە ماناو چەمکی ئیمان حاڵیی نەبوون و، ئیمانیان هەر بە مانای خواناسیی، (**معرفة الله**) بەکارهێناوە، کەمن کتێبێکم هەیە بە ناوی: (خواناسیی، ئایین، ئیمان) خواناسیی جیایە لە ئیمان، خواناسیی ئەوەیە کە تۆ بزانی خوا ﷻ بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی ئەم گەردوون و کەون و کائیناتەیە، ئەوە خواناسییەو، ئەمە خاڵی هاوبەشی بڕواداران و بێبڕوایانە، بێبڕوایان مەبەستم ئەوانە نیە کە مولحیدن، واتە: هەموو ئەو بێبڕوایانەی وەك: جوولەکە، نەصرانیی، صابیئە، هاوبەش بۆخوا دانەران، بەڵکو ئەوە خاڵی هاوبەشی بەینی بڕواداران و ئیبلیسیشە، ئیبلیسیش خوای ناسیوە، بەڵام ئایا ئیبلیس کە خوای ناسیوە بە بڕوادار لە قەڵەم دراوە؟ بەتەئکید نەخێر، ئنجا ئیشکالەکە لەوەدایە، کە ئەوان پێیان وابووە، ئیمان یانی: خواناسیی، ئنجا گوتوویانە: پێغەمبەر ﷺ ئەدی ئەوە نیە لە ئەشکەوتی (حراء)دا خواپەرستیی کردوە، کەواتە چۆن خوای نەناسیوە؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە: کە ئیمان جیایە لە خواناسیی، ئەگەر ئیمان خواناسیی بوایە، پێغەمبەر ﷺ زۆرباش خوای ناسیوە، نەك هەر پێغەمبەر ﷺ بەڵکو پێغەمبەری خاتەم دەفەرموێ: {مَا مِنْ مَوْلُودٍ إلاَّ يُولَدُ عَلَى الفِطْرَةِ: فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِهِ، أَوْ يُمَجِّسَانِهِ}، (**أخرجه البخاري: ١٢٩٢، ومسلم: ٢٦٥٨، وأبو داود: ٤٧١٤**)، واتە: هەموو منداڵێك لەسەر خوارسك لە دایك دەبێ، (لەسەر زگماکی خواناسیی)، بەڵام دوایی باب و دایکی دەیکەنە جوولەکە، یان دەیکەنە نەصرانیی، یان دەیکەنە مەجووسیی.

چ جای پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، کە خاوەنی پاکترین سرووشت و زگماك و خوارسك و چاکترین مەعدەن بوون، بەڵام ئیمان جیایە لە خواناسیی.

ئنجا با تەماشایەکی تەئویل و مانا لێکدانەوەی هەندێك لە زانایان بکەین، تەماشای زۆر لە تەفسیرەکانم کرد، بۆ وێنە: (القرطبي)[1] حەوت جۆرە تەئویلان دەکات بۆ ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ﴾، کە ئایا مەبەست پێی چییەو، مەبەست لە (ئیمان) کە پێغەمبەر نەیزانیوە چییە؟!

یەك: (شَرَائِعُ الْإِيمَانِ وَمَعَالِمُهُ) مەبەست: بەرنامەکانی ئیمان و نیشانەکانی ئیمانە.

دوو: (الْإِيمَانُ: تَفَاصِيلُ الشَّرْعِ) ئیمان مەبەست پێی وردەکارییەکانی شەریعەتە، کە نەیزانیون.

سێ: (قِرَاءَةُ الْقُرْآنِ وَدَعْوَةُ النَّاسِ إِلَى الإِيْمَان) مەبەست: قورئان خوێندن و بانگکردنی خەڵك بەرەو ئیمانە.

چوار: (الْإِيمَانُ: الْفَرَائِضُ وَالْأَحْكَامُ) مەبەست لە ئیمان: فەرزەکان و حوکمە شەرعییەکانە، کە نەیزانیون.

پێنج: (الْإِيمَانُ: الصَّلَاةُ) مەبەست لە ئیمان نوێژە، ئنجا ئەو ئایەتەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە: ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ﴾البقرة.

شەش: (الْإِيمَانُ: أَهْلُ الْإِيمَانِ) یانی: تۆ ئەهلی ئیمانت نەناسیون، پێش ئەوەی خوا وەحییت بۆ بنێرێ!

حەوت: (فِي الْمَهْدِ وَقَبْلَ الْبُلُوغِ) تۆ کاتێك لە بێشکەدابووی و، پێش ئەوەی باڵغ بی، نەتزانیوە ئیمان چییە!

تەئویلێکی دیکەشیان هێناوە دەڵێ: (كُنْتَ مِنْ قَوْمٍ لاَ يَعْلَمُوْنَ الكِتَابَ، وَالإِيْمَانَ كَيْ تَأْخُذَهُمَا مِنْهُم) تۆ لە نێو خەڵکێك دا بووی کە ئەوان نەیاندەزانی کتێب چییەو ئیمان چییە، تاکو لەوانی وەربگری.

---

(١) ج٢٥، ص٤٧.

بەڵام لە ڕاستییدا پێویست بەو تەئویلانە هیچیان ناکات، مانایەکەی هەر ئەوەیە کە مەبەست لە ئیمان: **(الحَقَائِقُ الَّتِي جَاءَ بِهَا الشَّرْعُ، وَفَهِمَهَا العَقْلُ، وَاعْتَقَدَهَا القَلْبُ، وَأَقَرَّ بِهَا اللِّسَانُ، وَنَفَّذَتْهَا الأَرْكَانُ)**.

واتە: ئیمان ئەو ڕاستییانەن کە شەریعەت هێناونی و، مرۆڤ بە عەقڵ تێیان دەگات و، بە دڵ قبووڵیان دەکات و پەسندیان دەکات و، بە زمان دانیان پێدادێنێ و تەعبیریان لێدەکات و، بە ئەندامەکانیشی جێبەجێیان دەکات.

پێغەمبەر ﷺ، ئەو ڕاستییانەی کە لەبارەی خواوە، لە بارەی فریشتەکانەوە، لە بارەی کتێبەکانەوە، لە بارەی پێغەمبەرانە، لە بارەی ڕۆژی دواییەوە، لە بارەی قەزاو قەدەرەوە، هاتوون، کە بەبێ هاتنی شەریعەت، مرۆڤ نایانزانێ، ئەوانە کە دەبێ دوایی بە عەقڵ دەرك بکرێن و بە دڵ قبووڵ بکرێن و بە زمان ئیعتیرافیان پێبکرێ و بە ئەندامەکان جێبەجێ بکرێن، تا ئەوە بووە پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە، ئەگەرنا پێغەمبەری خوا، خواناس بووەو، پێغەمبەری خوا ﷺ زانیویشیەتی ڕۆژێك دێ مرۆڤ لێی دەپرسرێتەوەو، کەم زۆر دەنگوباسی پێغەمبەرانیشی بیستوە، بەڵام ئەو ڕاستییانە بەو شێوەیە کە دوایی خوا ناردوونی، لەلای پێغەمبەری خاتەم نەبوون ﷺ.

بە نسبەت کتێبیشەوە، دیارە پێغەمبەر ﷺ بەر لەوەی خوا کتێبی بۆ بنێرێ، نەیزانیوە کتێب چییە، چۆن بزانێ؟ هەروەها بەرلەوەی بەرنامەی بۆ بێ، نەیزانیوە بەرنامە چییە؟ لە سوورەتی (الضحى)ش دا، خوا دەفەرموێ:﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ۝٧ ﴾، واتە: خوا تۆی سەرگەردان بینی، بەڵام ڕێنمایی کردی، ڕاستەڕێی کردی، ئەگەر پێغەمبەری خوا زانیبای، بۆچی لە تەمەنی چل ساڵییەوە، لە دوای چل و یەك ساڵییەوە دەستی پێدەکرد؟ هەر لە سەرەتاوە دەستی پێدەکرد، بەڵام دیارە نەیزانیوەو بێگومان ئەگەر زانیبای، لەگەڵ کۆمەڵگایەکەی خۆیدا خەریك دەبوو، بەڵام پێغەمبەر ﷺ پێش تەمەنی چل ساڵی، هەرگیز لێی

نەگێڕداوەتەوە، سێ کەسی دواندبن و بۆ خواناسیی بانگیان بکات، بۆ ڕەوشتی بەرز، بۆ عیبادەت، یاخود نەهییان لێبکات لە شتی خراپ، لێی نەگێڕدراوەتەوە، چونکە بەرنامەکەی نەبووە، هەتا خوا سروشی بۆ نەکردوە، نەیزانیوە نە ئیمان چییە، بەو شێوەیەی باسمان کرد، نەکتێب و بەرنامەش چییە، بەو شێوەیەی باسمان کرد، ئنجا لە سووڕەتی (یوسف)دا، خوای پەروەردگار لە ئایەتی ژمارە (٣)دا، زۆر بەڕوونیی دەفەرمویّ:﴿ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ ﴿٣﴾ ﴾، واتە: ئێمە باشترین بەسەرهات، باشترین گێڕانەوە بۆ تۆ دەگێڕینەوە، بە هۆی ئەوەوە کە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ سروش کردوە، هەرچەندە پێشتر لەبێ ئاگایان بوویی، کەواتە: پێغەمبەر ﷺ پێشتر لە بێئاگایان بووە، دوایی خوا ئاگاداری کردۆتەوەو، عەقڵ و دڵی ڕۆشن کردۆتەوە، بەو هیدایەتەی خۆی و بەو وەحییەی خۆی.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی هیدایەتمان بدات، زیاتر لە قورئان پێبگەین و زیاتر تێوەی ڕامێنین و لێی وردبینەوە، هیدایەتیشمان بدات هەرچی زانیمان بیتوانین و، حاڵیی بوونەکە لە خۆماندا بکەینە حاڵ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الزُّخْرُفِ

بەرێـــــزان!

ئەمڕۆ کـە (١٤٤١/٥/١٤) کۆچییـە، بەرانبـەر (٩/ ١/ ٢٠٢٠)ی زایینـی، بە پشـتیوانی خـوا، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیر کردنـی سـوورەتی (**الزخرف**).

پێناسەی سوورەتی (الزخرف)و بابەتەکانی

١)- ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە لـە موصحەفەکانـدا هـەر بـە (**سـورة الزخـرف**) نـاسراوە، بـەڵام پێشـەوا بوخاریـی ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ، لـە صەحیحەکـەی خـۆی لـە (**کتـاب التفسیر**)دا، بـە (**سورة حـم الزخـرف**) نـاوزەدی کـردوە، لەبـەر ئـەوەی ئەمیـش یەکێکە لـە حـەوت سـوورەتەکان، کـە هـەردوو پیتـی (حم)یـان لـە پێشـەوەن، وەك پێشـتر باسـمان کـرد.

٢)- شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە مەککەییـەو، لـە (**قَتـادَة**) و (**عَبْـدُ الرَّحْمَـن بْـن زَيـد بْـن أسـلَم**) ەوە هاتـوە، کـە هەردووکیـان لـە زانایانـی جیلـی دوای هاوەڵانـن، واتـە: جیلـی شـوێنکەوتووان (**التَّابِعـين**)، کـە ئایەتـی: ﴿ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾الزخـرف، واتـە: لەوانـە بپرسـە کـە لـە پێـش تـۆدا ناردوومانـن، لـە پێغەمبـەران، ئایـا جگـە لـە (خـوای) خـاوەن بەزەیـی، پەرسـتراوانێکی دیکەمـان دانـاون، بپەرسـترێن؟ ئەمـەش پرسـیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیـە، واتـە: شـتی وانیـە، ئـەو دوو زانایـە گوتوویانـە: ئـەم ئایەتـە موبارەکـە لـە (**المَسـجِدُ الأقـصَى**) دابەزیـوە، واتـە: ئـەو کاتـەی پێغەمبـەری خاتـەم

موحەممەد ﷺ سەفەری شەورۆو بەرزبوونەوە (**الإسرَاء وَالمِعرَاج**)ی کردوە، ئنجا ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، هیچ گرفت نیە، گرنگ ئەوەیە ئەم ئایەتەش، لە نێو سوورەتی (**الزخرف**) دایە، یەکێکە لە (٨٩) ئایەتەکەی پێش کۆچکردنی پێغەمبەر ﷺو، هاوەڵانی لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە دابەزیوە.

کەواتە: با لە دەرەوەی مەککەش هاتبێتە خوار، وەك شوێنی جوگرافیی، بەڵام لە ڕووی کاتەوە، هەر دەچێتە پێناسەی سوورەتە مەککەییەکان و ئایەتە مەککەییەکانەوە.

٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنە خواردا:

لە ڕیزبەندیی دابەزین (**ترتیبُ النزول**)دا، ژمارە (٦٢)ی هەیە، واتە: شەست و دووەمین سوورەتە دابەزیوە، پێش سوورەتی (**الدُّخَان**)و لە دوای سوورەتی (**فُصِّلَت**)، لە ڕیزبەندیی (**المُصحَف**)یشدا ژمارە (٤٣)یە.

٤)- ژمارەی ئایەتەکانی:

لە لای زۆربەی هەرە زۆر لە زانایان، ئەوانەی سەرژمێریی ئایەتەکانی قورئانیان کردوە، هەشتا و نۆ (٨٩) ئایەتە، بەڵام هەندێك لە زانایانی شام بە هەشتاو هەشت (٨٨)یان داناوە، پێشتریش باسمان کردوە، کە جیاوازیی ژمارەی ئایەتەکان، پەیوەندیی هەیە بە کورتیی و درێژیی هەندێك لە ڕستەکانەوە.

٥)- نێوەڕۆکی:

ئەمیش هەمان نێوەڕۆکی قورئانی مەککەییە، بە هەر سێ تەوەرە گشتییەکەیەوە، باسی خواناسیی و، بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی و، تەنیا پەرستراوێتیی خوا ﷻو، باسی پێغەمبەرایەتیی و، وەحیی

و، باسی ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ. بەڵام ئەم سوورەتە پانتاییەکی زۆری تێدا تەرخانکراوە، بۆ خستنەڕووی شیرك و پووچەڵکردنەوەی، بە هەر سێ جۆرەکەیەوە:

١- شیرکی هاوەڵ و هاوبەش بۆ خوا دانان (باوترین جۆری هاوبەش بۆ خوا دانان بووە).

٢- شیرکی **طاغووت** پەرستیی.

٣- شیرکی ڕۆڵە بۆ خوا دانان.

کە بە زۆرییش وابووە فریشتەکانیان بە ڕۆڵەی خوا داناون و، پێشتریش خەیاڵیان وابووە، کە فریشتەکان مێینەن، بۆیە فریشتەکانیان بە کچانی خوا داناون، هەڵبەتە هەندێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، (**شَیاطِین**)یشیان بە کوڕانی خوا داناون، وەك لە سوورەتی (**الأنعَام**)دا بە درێژیی لەو بارەوە دواین.

شایانی باسیشە: ناوی هەر کام لە (**إبراهیم، موسی، عیسی ابن مریم**)، (**عَلَیْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، لەم سوورەتەدا هێنراوە، ئاماژەیەك بە بەسەرهاتەکانیان کراوە، لە سیاقی بەرپەرچدانەوەی شیرکدا:

١- ئیبراهیم ﷺ: لە هەر سێ ئایەتەکانی ژمارە: (٢٦، ٢٧، ٢٨).

٢- مووسا ﷺ: لە ئایەتەکانی ژمارە: (٤٦ - ٥٦)، واتە: (١١) ئایەت.

٣- عیسا ﷺ: لە ئایەتەکانی ژمارە: (٥٧ - ٦٥)، واتە: (٩) ئایەت.

واتە: سەرجەم بیست و سێ (٢٣) ئایەت، بۆ ئاماژەیەك بە بەسەرهات و هەڵوێستی ئەم سێ پێغەمبەرە پایە بەرزە تەرخان کراون، لە بواری بەرپەرچدانەوەیان بۆ شیرك دا، ئنجا لە دوای بەرپەرچدانەوەی شیرك، بە هەر سێ جۆرەکەیەوە، پانتاییەکی باشیش بۆ خستنەڕووی نیشانەکانی خوا، کە لە هەمان کاتدا چاکەو نیعمەتەکانیشنی لە ژیانی مرۆڤدا، تەرخان کراوە، هەروەها باسی ڕۆژی دوایی و نیعمەتەکانی بەهەشت و، ئازارو مەینەتییەکانی دۆزەخیش

کراوەو، چەند جارێکیش باسی قورئان کراوە بە ناوەکانی: (**الكِتابُ المُبِين**)، (**قرآناً عَرَبِيّاً**)، (**جَاءَهُمُ الحَقّ**)، (**هَذا القُرآن**)، (**الَّذي أُوحِيَ إلَيكَ**)، بەم پێنج تەعبیرە لە چەند شوێنێکدا باسی قورئانیش کراوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

١- لەم سوورەتەدا لە قەدەر قەبارەی خۆی، پانتاییەکی زۆر بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر سێك جۆری شیرك: هاوبەش دانان، ڕۆڵە بۆ لا پاڵدان، **طاغووت** پەرستیی، تەرخانکراوە.

٢- لەم سوورەتەدا لە دوو ئایەتدا، قسەی پووچی کافرەکان، شوێن باب و باپیرانمان دەکەوین، بە هەردوو تەعبیری:

أ- ﴿إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾﴾، و

ب- ﴿إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾﴾، هاتوە، کە تەنیا لەم سوورەتەدا، بەو شێوەیە بە دوو تەعبیری جیاواز ئەم مەسەلەیە، لە دوو ئایەتی بە دوای یەکدا هاتوە.

٣- تەنیا لەم سوورەتەدا، ئەو ڕاستییە، بەو ڕوونییە خراوەتە ڕوو، کە ئەگەر لەبەر تێکڕا کافر بوونی خەڵك نەبووایە، لەبەر ئەوە نەبووایە، خەڵك وەسەر کوفر بکەوێ و، وەسەر شیرك بکەوێ و هەمووی لە خوا هەڵبگەڕێتەوەو، سامان و نیعمەتێکی یەکجار زۆری بەسەر کافراندا دادەڕشت، کە لە ئایەتەکانی: (٣٣، ٣٤، ٣٥)دا، ئەو ڕاستییە خراوەتەڕوو: ﴿وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِٱلرَّحْمَٰنِ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا ۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَٱلْءَاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾﴾ الزخرف.

٤- تەنیا لەم سوورەتەدا باسی پێکەنینی فیرعەونییەکان بە موعجیزەکانی مووسا ؑ کراوە: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنۡهَا يَضۡحَكُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ **الزخرف**، واتە: کاتێك نیشانەکانی ئێمەی بۆ هێنان، کتوپڕ پێیان پێکەنین، کە بە زۆریی وایە، بابای کاڵفام و، بابای نەزان بە شت پێدەکەنێ، لە جیاتی ئەوەی تێوەی ڕامێنێ، پێی پێدەکەنێ، ئینسانی عاقڵ لە شت ورد دەبێتەوەو تێی ڕادەمێنێ، شتێك کە نامۆ بێ و سەیر بێ، یەکسەر پێی پێ ناکەنێ، بەڵکو لێی ورد دەبێتەوە.

٥- تەنیا لەم سوورەتەدا فیرعەونییەکان، مووسایان ؑ بە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ﴾، دواندوە، لە ئایەتی ژمارە: (٤٩)دا، بەڵێ لە شوێنەکانی دیکەدا باسی ئەوەیان کردوە، کە ئەمە جادووگەرەو، ئەمە جادووی هێناوە، بەڵام ئەوە کە ڕووبەڕوو پێی بڵێن: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ﴾، تەنیا لەم سوورەتەدا لە ئایەتی ژمارە: (٤٩)دا هاتوە.

٦- تەنیا لەم سوورەتەدا، ئەو قسەو بیانووەی فیرعەون لە بارەی مووساوە ؑ هاتوە: ﴿ فَلَوۡلَآ أُلۡقِيَ عَلَيۡهِ أَسۡوِرَةٞ مِّن ذَهَبٍ أَوۡ جَآءَ مَعَهُ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةُ مُقۡتَرِنِينَ ﴿٥٣﴾ ﴾، واتە: دەبووایە بازنەی زێڕی فڕێدرابانە سەری، یاخود فریشتەکان بە جووت لەگەڵی دابانایەو هاوڕابان لەگەڵی و، پێکەوە هاتبانایە.

٧- تەنیا لەم سوورەتەدا، تەعبیری: ﴿ فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ فَأَطَاعُوهُۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾، هاتوە، واتە: فیرعەون خەڵکەکەی خۆی سووك کردو، کێشی کەم کردن، کە بە تەئکید مەبەست ئەوە نیە کێشی دابەزاند بێ، مەبەست ئەوەیە کە لە زمانەکاندا هەیە، دەڵێ: فڵان کەس پیاوێکی گرانەو، مرۆڤێکی گرانەو، قورسە، واتە: سووکەڵە نیەو، عەقڵ سووك نیەو، پیاوێکی دامەزراوە، مرۆڤێکی دامەزراوە، بەڵام فیرعەون بە چەواشەکردن و، بە هەڕەشەو گوڕەشە کردن، یاخود بە ترساندن و برسیی کردن، وای لێکردن کە ئەو عەقڵ و هۆش و گۆشەیان، وەك پێویست لێی بەهرەمەند نەبن، یاخود: ﴿ فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ ﴾، واتە: خەڵکەکەی خۆی سووك بینی و، سووکەڵەی بینین لە ڕووی عەقڵ و تێگەیشتنەوە، بۆیەش بەقسەیان نەکرد.

٨- تەنیا لەم سوورەتەدا، هاوبەش دانەرەکان بۆ پاساو هێنانەوەی شیرکەکەیان، وێنەیان بە عیسا ﷺ هێناوەتەوە: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ ۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴿٥٨﴾﴾، واتە: کاتێك (عیسای) کوڕی مەریەم بە وێنە هێنرایەوە، خەڵکەکەت بە هۆی ئەوەوە کردیان بە گاڵەو، گوتیان: ئایا پەرستراوەکانی ئێمە باشترن یان عیسا ﷺ؟ تەنیا بۆ شەڕە قسە، ئەو وێنەیان هێنایەوە، ئەوانە کۆمەڵێکی زۆر مشتومڕکەرن، یانی: سەریان بۆ شەڕە قسەو موجادەلە دەخورێ، وێنە هێنانەوەکەش ئەوە بوو، کە خوا ﷻ لە سوورەتی (الأنبیاء)دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾﴾، واتە: ئێوە خۆتان و ئەوانەی دەیانپەرستن، جگە لە خوا، دەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ، ئێوە دەچنە ئێوی.

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی مەککە، گوتیان: ئنجا ئایا پەرستراوەکانی ئێمە باشترن یان عیسا، واتە: ئەگەر بەپێی ئەو ئایەتە بێ، هەر کەس لەگەڵ پەرستراوەکەی دا بچێتە دۆزەخ، کەواتە: دەبێ نەصرانییەکانیش، عیسا ﷺ لەگەڵیاندا بچێتە دۆزەخ، چونکە نەصرانییەکانیش عیسا ﷺ دەپەرستن، بەڵام خوا ﷻ لێرەدا بەو جۆرە وەڵامدداتەوەو دەفەرموێ: ﴿مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا﴾، هەر تەنیا بۆ شەڕە قسە بە وێنەیان هێنایەوە، ئەگەرنا وەك زانایانی وتووێژ (مُنَاظَرة) دەڵێن: (**هَذَا قِيَاسٌ مَعَ الفَارِق**)، واتە: ئەوە پێوانەیەکە لەگەڵ جیاوازییدا، شتەکان دەبێ چۆنیەك بن، ئنجا پێوانە بکرێنە سەر یەك، یەکێك لەوی دیکە جیابێ، ڕەوا نیە قیاس بکرێنە سەر یەك، وەك دوایی باسی دەکەین.

٩- تەنیا لەم سوورەتەدا، عیسا ﷺ بە نیشانەی کاتەکە (**ساعَة**)، ئاخیر زەمان، یاخود قیامەت، یان هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەت، واتە: ڕۆژی دوایی، دانراوە، وەك لە ئایەتی ژمارە: (٦١)دا، دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِ ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی عیسا ﷺ زانیارییە بۆ کاتەکە (**ساعَة**)، واتە: بە هۆی عیساوە دەزانرێ (ساعَة) دێ، کە لە کۆتایی ڕۆژگاردا عیسا ﷺ دوای ئەوەی لە

ئاسمان دادەبەزێ، ئنجا دەزانرێ دوای دابەزینی عیسا ﷺ، تەمەنی دنیا زۆری بە بەر نەماوە، چونکە دوای ئەویش، کە دەججاڵ دەکوژێ، دوایی یەئجووج و مەئجووج دێن، دوای ئەویش نیشانە گەورەکانی دیکە دێن و، ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەپێچرێتەوە.

١٠- تەنیا لەم سوورەتەدا، تەعبیری: ﴿ ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۭ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾، هاتوە، واتە: ئەوانەی زۆر یەکدییان خۆشویستوە، گیانی بە گیانی بوون لە دنیادا، لەو ڕۆژەدا، [لە ڕۆژی دواییدا] هەموویان پێکەوە، دەبنە دوژمن و ناحەز، جگە لە پارێزکاران، پارێزکارانێك کە لەبەر خوا یەکدییان خۆشویستوە، لەوێش ئەو خۆشەویستیی و مەحەببەت و، دۆستایەتیی و، بەزەیی و پەرۆشەیان، بۆ یەکدی بەردەوام دەبێ، چونکە لە دنیادا لە دۆستایەتیی یەکدیی بەهرەمەند بوون، شتێك کە لە دنیادا، بەهرەی پێگەیاندوون، لە قیامەتیش لە سەری بەردەوام دەبن، بەڵام ئەوانی دیکە، ئەو خۆشەویستیی و دۆستایەتییەی نێوانیان، لەبەر ئەوەی لەسەر بناغەیەکی پووچ بووە، یاخود لەسەر شتێکی ناهەق بووەو، بۆ ستەمکاریی بووە، بۆ زوڵم لەوانی دیکەو خراپەکاریی بووە، بۆیە لە دواڕۆژدا تەماشا دەکەن، بەرهەمی ئەو دۆستایەتیی و نیزیکییە، بۆیان بۆتە ژەقنەبووت و مایەی مەینەتیی و ئازاری دۆزەخ، بۆیە لەوێ لێك دەبنە دوژمن.

١١- تەنیا لەم سوورەتەدا، تەعبیری: ﴿ أَمۡ أَبۡرَمُوٓاْ أَمۡرٗا فَإِنَّا مُبۡرِمُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾ هاتوە، واتە: یان ئەوان بڕیارێکیان داوە، ئێمە بڕیاردەرین، واتە: یان ئەوان شتێکیان هەڵبڕیوەو، ئێمە هەڵبڕەرین، بۆ هەر کارو فەرمانێك کە بمانەوێ ئەنجامی بدەین.

حەوتەم: دابەش کردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە سەرجەم ئەو (٨٩) ئایەتەمان بۆ حەوت دەرسان دابەش کردوون:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١٤)، واتە: چواردە ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە دەگرێتە خۆی، کە باسی قورئان و نیشانەکانی خوا ﷻ و، نیعمەتەکانی خوا لە ژیانی بەشەردا، دەکەن.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٥)، واتە: یازدە ئایەت دەگرێتە خۆی، لەو یازدە ئایەتەدا، بەرپەرچدانەوەی شیرکی ڕۆڵە بڕیاردان بۆ خواو، لاساییکردنەوەی کوێرانەی پێشینان، پووچەڵکراونەوە.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٢٦ - ٤٥)، واتە: بیست ئایەت دەگرێتە خۆی، کە باسی ئیبراهیم ﷺ لە سێ ئایەتی سەرەتای داو، هەڵوێستی بەرانبەر بە بابی و بە گەلە بێبڕوایەکەی و، کە چۆن حاشای لێکردوون لە پەرستراوەکانیان و، ئیعلانی تەنیا خواپەرستیی کردوە، پاشان هەڵوێستی کافرەکانی مەککە خراوەتەڕوو، دڵدانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺو ڕێنمایی کردنی و، خستنە ڕووی ئەو ڕاستییە کە ژیانی دنیا کەم بایەخە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، خەڵك هەمووی یەك پارچە ببێتە بێبڕوا، ئەوانەی بێبڕوان، نازو نیعمەتی زیاتر لەوەی کە هەیانە، بەسەریدا دەڕشتن.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٤٦ - ٥٦)، واتە: لە یازدە ئایەت پێك دێ، باسی گۆشەیەك لە بەسەرهاتی مووسا ﷺ لەگەڵ فیرعەون، کە چۆن مووسا بە بەڵگە ڕۆشنەکانی خواوەو، بە نیشانەکانەوە چووە بۆ لای فیرعەون و کۆمەڵگایەکەی، بەڵام ئەوان گاڵتەیان پێکردووەو، بە جادووگەر ناوزەدیان کردوە، سەرەنجام فیرعەون بوغڕا بووەو، بە ماڵ و سەروەت و ساماناکەی، خۆی هەڵکێشاوە بەسەر مووسادا ﷺ، بەڵام سەرەنجام ئەو گەلەی کە فیرعەون گەوجاندبوونی و، چەواشەی کردبوون و، نەفام و نەزانی کردبوون، ئنجا چەوساندبوونیەوە، بە هۆی نەزانیی و نەفامییانەوە، خوا ﷻ بە تووندترین شێوە سزای داون.

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٥٧ - ٦٥)، نۆ ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی وێنە هێنانەوەی کافرەکانی مەککەیە بە عیسا ﷺ، لەسەر ڕاستیی شیرك و، ئەگەر وابێت هەر کەسێك، هەر شتێك بپەرسترێ، لەگەڵ پەرستراوەکەی دەچێتە دۆزەخ، کەواتە: نەصرانییەکان کە عیسا ﷺ دەپەرستن، دەبێ عیساش لەگەڵ ئەواندا بچێتە دۆزەخ! خوا ﷻ بەرپەرچی ئەو قسەیانی داونەوەو، کە ئەو قیاسە لە

جێی خۆیدا نیەو، جۆرێکە لە چەواشەکاریی و سەفسەطە.

دەرسی شەشەم: ئایەتەکانی: (٦٦ - ٧٣)، واتە: هەشت ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی هەندێك لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بۆ هەندێك لە پارێزکاران کراوەو لە نێو نازو نیعمەتەکاندا باسی ئەوە کراوە: ﴿وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴿٧١﴾﴾ الزخرف، بۆ ئەوان لە بەهەشتدا هەیە، هەر شتێك نەفسیان بیخوازێ و، ئارەزووی بکات، هەر شتێك کە چاوو لە دیتنی و تەماشاکردنی چێژ وەربگرێ.

دەرسی حەوتەم: ئایەتەکانی: (٧٤ - ٨٩)، کە شازدە ئایەتی کۆتایی دەگرێتە خۆی، باسی سەرەنجامی شوومی تاوانباران لە دۆزەخداو، دووبارە بەرپەرچدانەوەی شیرك بە هەردوو جۆرەکەیەوە، واتە: شیرکی هاوبەش بۆ خوا دانان و، ڕۆڵە پاڵدان بۆ لای خوا، سەرەنجام فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ، کە با چاوپۆشییان لێبکات و وازیان لێ بێنێ، خوا ﷻ هەڕەشەیان لێدەکات، کە دەفەرموێ: ﴿فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَٰمٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾﴾ الزخرف، لە مەودوا دەزانن چییان بەسەر دێ، ئەگەر لەسەر ئەوەی لەسەرینی بەردەوام بن.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە چـوارده (١٤) ئایەتـی سـەرەتای ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێـك دێ، کـە بریتیـن لـە ئایەتەکانـی: (١ - ١٤)، کـە لـە پێنـج ئایەتـی سـەرەتادا، باسـی قورئـان و، پێناسـەی قورئـان و، پێگـەی قورئـان کـراوە.

لە سێ ئایەتی دواتردا، باسی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامِ**) دەکرێ.

لـە شـەش ئایەتـی کۆتاییشـدا، باسـی بەدیهێنەرایەتیـی خـواو، ژمارەیـەك لـە نیشـانەو بەڵگەکانـی کـراوە، کـە هـاوکات ئـەو نیشـانەو بەڵگانـە، چاکـەو نیعمەتـی خواشـن، بـۆ مرۆڤـەکان، کـە سـەرجەم ئەگـەر بڵێیـن: شـەش بەڵگـەو نیشـانەن، هـاو کات، شـەش چاکـەو نیعمەتـی خواشـن:

١- هێنانەدی ئاسمانەکان و زەمین.

٢- زەوی کردن بە لانکە، یاخود ڕاخستن و ئامادە کردن، کە بە هۆیەوە بتوانرێ، ژیانێکی ئاسایی لەسەر بگوزەرێنن.

٣- ڕێ و بان تێدا دانانی زەوی، واتە: خوا ﷻ زەوی وا هەڵخستوە، کە مرۆڤەکان بتوانن ڕێ و بانی تێدا دروست بکەن، بۆ وێنە: ئەگەر توێکڵی زەوی وەك ئاسن و پۆڵا بووایە، چۆن دەیانتوانی ڕێی تێدا دروست بکەن و بیکۆڵن؟.

٤- دابەزاندنی ئاوێکی بە ئەندازە، لەسەرێوەو پێ ژیاندنەوەی زەوی، زەوییەکی ڕەق هەڵاتووی مردوو، ئەو ئاوەش کە دادەبەزێنرێ، بە هەر سێ شێوەی باران و بەفرو تەرزە، دادەبارێ.

٥- دروستکردنی سەرجەم جووتەکان، کەوا پێدەچێ مەبەست پێی ڕووەکەکان بێ، هەڵبەتە وشەی (**أزواج**) بە جووتی ئاژەڵ و مرۆڤ و ڕووەك و، بەڵکو ماددەی بێ ژیانیش، بەڵکو

هەموو دروستکراوەکانی گەردوون دەگوترێ، چونکە هەموو دروستکراوەکان جووتن و تەنیا خوا تاکە، بەڵام بەپێی سیاق لێرەدا دەردەکەوێ، کە مەبەست لە جووتەکان، جووتی ڕووەکەکانەو، ئاوی ئاسمان، جووتە ڕووەکەکان و شیناوردەکان، دەڕوێنێ.

٦- ڕەخساندنی کەشتیی و ئاژەڵان بۆ بار و سواریی مرۆڤەکان.

لە کۆتاییشدا باسی یاد کردنی چاکەی خواو، بە پاکگرتنی کراوە، لە کاتی بەهرە لێوەرگرتنی ئامرازەکانی بارو سواردا.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ
﴿٣﴾ وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ لَدَيْنَا لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴿٤﴾ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ
صَفْحًا أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ ﴿٥﴾ وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِىٍّ فِى ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٦﴾
وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِىٍّ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٧﴾ فَأَهْلَكْنَآ أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَىٰ
مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ
ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا
لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠﴾ وَٱلَّذِى نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا
كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١١﴾ وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ
مَا تَرْكَبُونَ ﴿١٢﴾ لِتَسْتَوُۥا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ ثُمَّ تَذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا۟
سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ
﴿١٤﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بــە نــاوی خــوای بــە بەزەیــی بەخشــندە، حــا میــم (١) ســوێند بــە کتێبــی ڕۆشــنکەرەوە (٢) ئێمــە کێڕاومانــە بــە قورئانێکــی عەرەبیــی، بەڵکــو (مانــاو مەبەســتەکانی) بفامــن (٣) بــە دڵنیاییــش ئــەو (قورئــان)ە، لــە دایکــی (ئەســڵی) کتێبــدا، لــە لامــان یەکجــار بــەرزو کارزانــە (٤) ئنجــا ئایــا (ئــەی بێبڕوایانــە!) بــە هــۆی ئــەوەوە، کــە ئێــوە کۆمەڵێکــی زێــدەڕۆن، (قورئــانی) بیرخــەرەوە (دانەبەزێنیــن و) لێتان دوور بخەینــەوە؟ (٥) گەلێــك پێغەمبەریشــمان لــە (گــەل و کۆمەڵــگا) پێشــووەکاندا نــاردوون (٦) هیــچ پێغەمبەرێکیشــیان بــۆ نەهاتــوە، مەگــەر گاڵتەیــان پێکــردوە (٧) کەســانی وامــان لــە نێــو بــردن کــە زۆر لــەوان (بێبڕوایــان)، بــە زەبرتــر بــوون و، حــاڵ و بەســەرهاتی پێشــووانیش ڕابــرد، (لــە نێــو چــوون و تەنیــا بــاس و خواســیان مایــەوە) (٨) ئەگــەر لێشــیان بپرســی: کــێ ئاســمانەکان و زەوی وەدیهێنــاون؟ بــە جەختکردنــەوە دەڵێــن: (خــوای) زاڵــی زانــا هێناونیــە دی (٩) ئــەو کەســەی کــە زەوی بــۆ گێڕاون بــە شــوێنی تێــدا پشــوودان و، ڕێیەکانــی بــۆ ئێــوە تێــدا دانــاون، بەڵکــو بــە ڕێیــە بزانــن (و پێیانــدا بگەنــە ئامانجەکانتــان) (١٠) هەروەهــا ئــەو (بــە دیهێنــەری گــەردوون) ئــەو کەســەیە، ئاوێکــی بــە ئەنــدازەی لەســەرێوە دابەزانــدوە، ئیــدی ســەر زەمینێکــی مردوومــان پــێ ژیاندۆتــەوە، (لــە ڕۆژی دواییــدا ئێــوەش) بــەو شــێوەیە دەردەهێنرێنــەوە (١١) هەروەهــا (خــوا) ئــەو کەســەیە، کــە هەمــوو جووتەکانــی دروســتکردوون و، لــە کەشــتییان و ئاژەڵانیــش ئــەوەی بــۆ ڕەخســاندوون کــە (بــۆ بــارو هاتوچــۆ) ســواری بــن (١٢) (خــوا ئــەو هۆکارانــەی بــۆ ڕەخســاندن) تاکــو لەســەر پشــتیان ســەقامگیر بــن و، هــەر کاتیــش چوونــە ســەر (پشــت)یان یــادی چاکــەی پەروەردگارتــان بکەنــەوەو، بڵێــن: پاکیــی بــۆ ئــەو کەســەی ئــەوەی بــۆ ڕام و دەستەمۆ

کردووین و، ئێمە بۆیان ملپێکەچکەر نەبووین ﴿١٣﴾ ئێمەش (دوای مردنمان) هەر بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە ﴿١٤﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(صَفۡحًا): (صَفحُ الشَّيءِ: عَرْضُهُ وَجَانِبُهُ، وَالصَّفحُ: تَرْكُ التَّثرِيبِ وَهُوَ أَبْلَغُ مِنَ العَفْوِ، وَضَرَبْتُ عَنْهُ صَفْحَاً، أي: أَعْرَضْتُ عَنْهُ)، بە پانایی شتێك و لاتەنیشتی شتێك دەگوترێ: (صَفْحَةُ العُنُق)، واتە: لامل، هەروەها وشەی (صَفْح): بریتیە لە وازلێهێنانی سەرکۆنەکردن، کە ئەمە لە (عَفْو) مانایەکەی بەهێزترە، (عَفْو): ئەوەیە چاوپۆشیی لێ بکەی، بەڵام (صَفْح): ئەوەیە وێڕای چاوپۆشیی لۆمەشی نەکەی، چاوپۆشیی کردن، ڕەنگە نەرمە گلەییەکی تێدابێ، بەڵام (صَفْحُ) ئەوەیە هەر لاملی تێ بکەی، وەك ئەوەی ئەو کەسە، خراپەی هەر نەکردبێ، (ضَرَبْتُ عَنْهُ صَفْحَاً، أي: أَعْرَضْتُ عَنْهُ)، واتە: ڕووم لێ وەرگێڕا، لێی دوورکەوتمەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكۡرَ صَفۡحًا ﴾، ئایا (ذِكْر) کە قورئانە، لە ئێوەی دووربخەینەوە؟ بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە زێدەڕۆییکارن، واتە: واناکەین.

(مُّسۡرِفِينَ): (السَّرْفُ: تَجَاوزُ الحَدِّ في كُلِّ فِعْلٍ يَفْعَلُهُ الإِنْسَانُ، وَإِنْ كَانَ فِي الإِنْفَاقِ أَشْهَر)، وشەی (سَرْف): بریتیە لە سنوور بەزاندن لە هەر کارێکدا مرۆڤ دەیکات، هەرچەندە لە خەرجکردن دا باوترە، بەڵام بۆ شتی دیکەش هەر بەکاردێ.

(بَطۡشًا): (البَطْشُ: تَنَاوُلُ الشَّيءِ بِصَوْلَةٍ)، (بَطْش): بریتیە لەوە بە توندیی پەلاماری شتێك بدرێ، بە کوردیی (بَطْش) زەبرو پەلاماردان و هەڵکوتانە سەری پێ دەگوترێ.

(مَثَلُ): (بِمَعْنَى مِثْل، نَحو شَبَه وَشِبْه، نَقْض وَنِقْض، المَثَل: الوَصْفُ وَالخَبَرُ، أو المُشَابَهَةُ لِغَيرِه فِي مَعْنَىً مِنَ المَعَانِي، أوِ الصِّفَةُ وَالوَصْفُ)، وشەی (مَثَل): بە پێی سیاقەكان مانایەكەی دیاریی دەكرێ، زۆر مانای هەن، بە مانای (مِثْل) دێ، واتە: وەك وێنەی ئەو شتە، وەك (شَبَه، شِبْه)، (مَثَل ومِثْل)، (نَقْض وَنِقْض)، واتە: هەڵوەشانەوە، (مَثَل) بە مانای وەسفیش دێت، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ۝٦٠ ﴾النحل، واتە: وەصفی هەرە بەرز تەنیا بۆ خوایە، (مَثَل) بە مانای خەبەریش دێ، ﴿ وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ ۝٨ ﴾الزخرف، واتە: هەواڵی پێشووان تێپەڕی، یانی: (سَبَقَ خَبَرُ الأوَّلِيْن)، (مَثَل): بریتیە لەوە، كە شتێك بە شتێك بچێ، لە واتایەك لە واتاكاندا، یان لە سیفەتێك لە سیفەتەكانیدا.

(مَهْدًا): (المَهْدُ: مَا يُهَيَّأُ للصَّبيِّ، المَهْدُ وَالمِهَادُ: المَكَانُ المُمَهَّدُ المُوَطَّأُ) (مهْد) بۆ ئەو شوێنە بەكاردێ، كە بۆ منداڵ ساز دەكرێ، ئنجا جۆلانەیە، لانكەو بێشكەیە، جێیەكی بۆ ڕادەخرێ كە تێیدا پشوو بدات، بەڵام وشەی (المَهْدُ وَالمِهَاد) بە هەر شوێنێكیش دەگوترێ كە ئامادە و ساز بكرێ و مرۆڤ تێیدا پشوو بدات، یاخود ژیانی تێدا بگوزەرێنێ، ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَـٰدًا ۝٦ ﴾النبأ، واتە: زەوییمان پان ڕاخستووە، ئامادەو سازمان كردوە، كە ئێوە ژیانی تێدا بگوزەرێنن، وەك چۆن جۆلانەو بێشكەو لانكە، بۆ منداڵی ساوا ساز دەكرێ، كە تێیدا پشوو بدات.

(فَأَنشَرْنَا): (النَّشْرُ: التَّوزِيعُ)، (نشر): بریتیە لە بڵاوكردنەوە، (نَشَرَ الثَّوبَ وَالصَّحِيفَةَ وَالسَّحَابَ)، واتە: پۆشاكەكەی بڵاوكردەوەو، پەڕەكەی پان ڕاخست، هەورەكەی بڵاوكردەوە، (نَشَرَ المَيِّتَ: أَحْيَاهُ)، ﴿ فَأَنشَرْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا ﴾، واتە: سەر زەمینێكی مردوومان پێ ژیاندەوە.

(بَلْدَةً): (البَلْدَةُ: المَكَانُ المُحِيطُ المَحْدُودُ المُتَأَثِّرُ بِاجتِمَاعِ قُطَّانِهِ، وَإِقَامَتِهِم فِيهِ)، (بَلْدَة): بە شوێنێك دەگوترێ دەورەدراوبێ و، سنووورداربێ و كارتێكراو بێ بە دانیشتووەكانی، كە لەسەری كۆبوونەتەوەو، ژیان دەگوزەرێنن.

(لِتَسْتَوُۥاْ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ): تاکو بچنە سەر پشتیان، (**تَعْتَدِلوا وَتَسْتَقِرُّوا**)، یانی: ڕێك بن و، سەقامگیر بن لەسەر پشتی ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ بارو سوار بەکاریان دێنن، یاخود پشتی ئەو کەشتییانە، کە بۆ بارو سوار بەکاریان دێنن، خوا بۆی ڕام و دەستەمۆ کردوون.

(مُقۡرِنِينَ): (**المُقْـرِنُ: المُطِيـقُ**)، واتـە: ملپێکەچکـەر، توانـا بەسەرداشـکاو، (**أَقْـرَنَ، أي: أطَاقَ**)، واتـە: توانـای بەسـەریدا شـکا، (**مُقْرِنِيْنَ**): هـەم بـە مانـای توانـا بەسـەردا شـکاوان دێ، هـەم بـە مانـای (**مُطَـوْعِـيْنَ**)، واتـە: ملپێکەچکـەران و، بـە مانـای کۆنترۆڵکەران (**ضَابِطِيـن**)یش لێکدراوەتـەوە، ﴿ وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقۡرِنِينَ ﴿١٣﴾ ﴾**الزخرف**، واتـە: ئێمـە کۆنترۆڵکەرنیـن بـۆ ئـەو ئاژەڵانـە، ئـەی خوایـە! ئەگـەر تـۆ نەبـووای و، بـۆت دەسـتەمۆ نەکردبایـن، هەروەهـا بـۆ کەشـتییەکان، یاخـود (**مُقْرِنِيْنَ أي: مُماثِلِيْنَ فـي القُوَّة**)، ئێمـە بـە قـەدەر ئـەو ئاژەڵـە، یاخـود بـە قـەدەر ئەو کەشتیی و هـۆکاری هاتوچۆیانـە، توانامـان نەبـوو، ئەگـەر تـۆ بـۆت ملکـەچ و دەسـتەمۆ نەکردبایـن.

(لَمُنقَلِبُونَ): (**الإنقِـلاَبُ: الرُّجُـوعُ إلى المَـكَانِ الَّـذِي يُفَارِقُـهُ**)، (**إنْقِـلاَب**): بریتیـە لـە گەڕانـەوە بۆ شـوێنێك، کە لێی جیادەبێتەوە، کەواتـە: ﴿ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾، واتـە: ئێمـە بـۆ لای پەروەردگارمـان دەگەڕێینـەوە، واتـە: ئێـرە واز لـێ دێنیـن، ئـەم سـەر زەوییـە، جەسـتەکەمان تێکـەڵ بـە خـاك دەبێتـەوەو، ڕووحەکەشمان دەچێتـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی، خـوا دیاریـی کـردوەو، لـە ڕۆژی دواییشـدا جەسـتەو ڕووح، دەچینـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی، خـوا ﷻ بـۆی دیاریـی کردوویـن، لـە ڕۆژی کۆکردنەوەو لێپرسـینەوەو، پاشـان سـزاو پاداشـتدا.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم سوورەتەدا، وەك لە خستنەڕووی تێوەڕۆك و پێناسەکەیدا، باسمان کرد، هەر سێ تەوەرە گەورەو گرنگ و سەرەکییەکەی قورئانی مەککەیی:

أ- باسی خوا ﷻو، بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی خوا، ئنجا تەنیا پەرستراوێتیی و، ناوو سیفەتەکانی خواو، ئەوە کە دەبێ تەنیا خوا بەندایەتیی بۆ بکرێ و، بپەرسترێ، بە مانای فراوانی پەرستن.

ب- هەروەها باسی قورئان و، کتێبەکانی خواو، باسی وەحیی و، پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، بە گشتیی کراوەو، بە تایبەت پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ.

ج- هەروەها باسی ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و، قیامەت و هەڵسانەوە، پاشان نیشتەجێ بوونی بڕواداران لە بەهەشتدا، کە هەرچی دڵیان بیخوازێ تێیدایەو، گرفتار بوونی بێبڕوایان بە دۆزەخەوە، کە تێیدا تووشی هەموو جۆرە سزاو ئازارو مەینەتییەك دەبن، کە هەر بۆیان وێنا (تصوّر) نەکراوە لە ژیانی دنیایاندا.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، زۆرجاران دووبارەمان کردۆتەوەو لێرەش دووبارەی دەکەینەوە، کە دەگوترێ: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾، واتە: ئەم کارە دەست پێدەکەم، یان دەست پێکردنی ئەو کارەم، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندەیە، لە کاتێك دا مرۆڤ ئەو وشە موبارەکە دەڵێ: دەبێ بەلای کەمەوە چوار واتایان بە عەقڵ و دڵی خۆیدا بێنێ:

١- ئەو کارە بە ناوی خوا دەکەم، نەك بە ناوی خۆم، یان بە ناوی کەسێك، یان ناوی هەر شتێکی دیکە.

٢- ئەم کارە بۆ ڕازییکردنی خوا ئەنجام دەدەم.

٣- ئەم کارە بەپێی شەرع و بەرنامەی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەم کارە بەتواناو ئاسانکاریی خوا ئەنجام دەدەم، نەك بەشان و شەوکەت و توانای خۆم.

﴿ حمٓ ﴾، حا میم، دوو پیتن، وەك لە سەرەتای سوورەتی (**غافِر**)دا باسمان کرد، سوورەتەکانی: (**غافِر، فُصِّلَت، الشوری، الزخرف، الدُّخَان، الجَاثية، والأحقَاف**)، پێیان دەگوترێ: خاوەنانی حا میم (**ذوات حميم**)، یان (**آلُ حميم**)، ئەو حەوت سوورەتە بە (**حم**) دەست پێ دەکەن، بەو دوو پیتە، کە ئێمە لە سەرەتای سوورەتی (**يُونُس**)دا باسێکی دوورو درێژمان، لە بارەی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەوە کرد، کە لە سەرەتای (٢٩) لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون، باشترین مانا کە تاکو ئێستا پێی گەیشتبم، ئەوەیە کە خوا ﷻ لە ڕێی باسکردنی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەوە، تێمان دەگەیەنێ، ئەی مرۆڤەکان! ئەو قورئانەی لەبەر دەستتانە فەرمایشتی خوایەو، هەر لەو پیتانەی کە ئێوە قسەیان پێ دەکەن و، پێیان دەنووسن، پێکهاتوە، بەڵام کە ئێوە ناتوانن، نەك وێنەی قورئان، بەڵکو دە سوورەت، بگرە سوورەتێکی بێنن، سوورەتێکی سێ ئایەتی وەك (**العصر**) یان (**الكوثر**) یان (**النصر**)، کەواتە: بزانن و دڵنیابن، بەس خوا ئەو فەرمایشتەی فەرمووە، هەر لەو پیت و دەنگانەی کە لەبەر دەستی ئێوەشدا هەن، وەك کەرەستەی خاو، بەڵام کە ئێوە ناتوانن وەك ئەو بێنن، بزانن تەنیا خوا ﷻ ئەو فەرمایشتەی فەرمووەو، ئەو فەرمایشتە نە هی موحەممەدە ﷺ، نە هی جگە لە ئەوە، وەك زەینتان، ئەی بێبڕوایەکان! خلیسکەتان پێ دەبات و، شەیتان فریوتان دەدات، لەو بارەوە دوو دڵییتان دەخاتە عەقڵ و دڵەوە.

﴿ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴾، سوێند بە کتێبی ڕۆشنکەرەوە، یان: کتێبی ڕۆشن.

﴿ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾، ئێمە ئەو کتێبە ڕۆشنکەرەوەیەمان گێڕاوە، بە قورئانێك بە زمانی عەرەبیی بەڵکو بفامن!، یاخود گێڕاومانە بە

قورئانێکی ڕۆشن، وێڕای ئەوەی بە زمانی عەرەبان دەگوترێ: (اللُّغَة العَرَبِيَّة)، بە هەمان شێوەش، عەرەبیی واتە: زمانێکی ڕۆشن، بۆچی؟ تاکو تێبگەن و بفامن، خوا ﷻ لە قەدەر عەقڵی ئێمە، ئێمەی دواندوە، ئەگەرنا خوا ﷻ لە قەدەر زانیاریی بێ سنووری خۆی ئێمەی دواندبایە، لێی حاڵیی نەدەبووین، بەڵام خوا ﷻ لە قەدەر عەقڵی ئێمە، ئێمەی دواندووەو، ئەو ماناو مەبەستانەی ویستوویەتی بە ئێمە بگەن، بۆی خستووینە قاڵب و تەعبیری واوە، کە لێیان تێبگەین.

﴿ وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ لَدَيْنَا لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەم کتێبە، ئەم قورئانە، لە ئەسڵی کتێبدا، لە لامان زۆر بەرزەو، زۆریش پڕ حیکمەتە، یاخود زۆریش کارزانە، ئنجا: ﴿ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ ﴾، وەك لە دواییدا باسی دەکەین، هەندێك دەڵێن مەبەست پێی: (اللَّوحُ المَحفُوظ)ە، کە بە (الكِتابُ المُبِين)یش هاتووەو بە (كِتابٌ مَكنون)یش هاتووە، بە (إمام مبين)یش، هەندێکیش دەڵێن، مەبەست لە (اللَّوحُ المَحفُوظ) و (الكِتابُ المُبِين) و (كِتابٍ مَكنُون) و (إمام مبين) هەمووی ئەمانە، مەبەست پێیان زانیاریی خوای بەرزو بێ وێنەیە، گرنگ ئەوەیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەم قورئانە لە زانیاریی منداو، لە لای ئێمە زۆر بەرزەو، زۆریش کارزان و کاربەجێیە.

﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ ﴾، ئەمە پرسیارکردنێکی نکووڵیلێکەرانەیە، خوا ڕوو لە بێبڕواییەکان دەکات: ئایا بەهۆی ئەوەوە ئێوە کۆمەڵێکی زێدەڕۆییکارن، ئێمە ئەم زیکرو ئەم یادخەرەوەیەتان لێ دووربخەینەوەو بۆتان دانەبەزێنین؟ لەبەر ئەوەی ڕەخنەی لێ دەگرن، پێی ڕازی نین، یان تۆمەتی جادوو بوون، یاخود شیعر بوون، پاڵبدەنە لای قورئان، یاخود تۆمەتی کاهین بوون و، جادووگەر بوون و، پاڵبدەنە لای پێغەمبەر ﷺ ئایا وازتان لێ بێنین؟ واتە: وازتان لێناهێنین و، ئەم قورئانە دادەبەزێنین، ئەگەر ئێوە بڕوای پێ نەهێنن، خەڵکێکی دیکە بڕوای پێدەهێنێ، ﴿ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ

﴿فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا بِهَا بِكَافِرِينَ (٨٩)﴾ الأنعام، ئەگەر ئەوانە پێی بێبڕوا بن، کەسانێکی دیکەمان پێ ڕاسپاردوون، کە پێی بێبڕوا نابن، بەڵکو بە دڵ و گیان قبووڵی دەکەن.

﴿وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي الْأَوَّلِينَ﴾، ئنجا لە دوای باسی قورئان، دێتە سەر باسی پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ، پێغەمبەرایەتیی موحەممەدیش ﷺ شتێکی داهێنراو نیەو، شتێك نیە کە پێشینەی نەبووبێ، (کَم) لێرەدا (کَم الخَبَرِیة)ی پێ دەگوترێ و بۆ زۆرییە، واتە: (کَثیراً أرسَلنَا مِن نَبِيٍّ في الأوّلین)، زۆر پێغەمبەرمان لە گەلە پێشووەکاندا ڕەوانە کردن.

﴿وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾، هیچ پێغەمبەرێکیشیان بۆ نەهات، مەگەر گاڵتەیان پێدەکردن، واتە: ئێستاش گاڵتە بە تۆ دەکەن و، بڕوات پێ ناکەن، تۆمەتت دەدەنە پاڵ، لە دڵی خۆتی مەگرە، عادەتی گەلان و کۆمەڵگاکان لە ڕابردووشدا هەر وابووە.

﴿فَأَهْلَكْنَا أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَىٰ مَثَلُ الْأَوَّلِينَ﴾، ئنجا کەسانێك کە زۆر لەوانە زەبریان توندتر بوو و، بەهێزتر بوون و، بە تواناتر بوون، لە ئێومان بردن و هەواڵی ڕابردووانیش تێپەڕی، واتە: بوونە پەندی زەمانەو، تەنیا ناویان لە کتێبەکانی مێژوودا ماوە، وەك گەلی عادو سەموود **لووط** و گەلەکانی دیکە.

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ﴾، ئنجا دوای باسی قورئان و، باسی پێغەمبەرایەتیی، دێتە سەر باسی بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی خواو، نازو نیعمەتەکانی خواو، نیشانەکانی خوا، دەفەرموێ: ئەگەر لێیان بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی، لە نەبوونەوە پەیدای کردوون؟، ﴿لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ﴾، بە جەختکردنەوەوە دەڵێن: خوای زاڵی زانا هێناونیە دی.

﴿ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مَهۡدٗا ﴾، بێگومـان ئەمـە فەرمایشـتی خوایـە، ئێواختنـی وەڵامەکـەی ئەوانـی کـردوە:

ئـەو کەسـەی زەوی بـۆ ئامـادە کـردوون، یاخـود زەوی وەك بێشـکە، چـۆن منداڵ تێیـدا دەسرەوێ ئـاوای لێکـردوە، ﴿ وَجَعَلَ لَكُمۡ فِيهَا سُبُلٗا ﴾، هەروەهـا ڕێـی بـۆ تێـدا گێـڕاون، واتـە: وایکـردوە بتوانـن، ڕێیانـی تێـدا دروسـتبکەن، ﴿ لَّعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ﴾، بەڵکـو ڕێ بگرنـە بـەر، بـەرەو ئامانجەکانـی خۆتـان و، بـە هـۆی ڕێیەکانـەوە بگەنـە ئـەو ئامانجانـەی دەتانـەوێ.

﴿ وَٱلَّذِى نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءَۢ ﴾، هەروەهـا خـوا ﷻ خاوەنـی ئێـوەو، پـەروەردگارو بەدیهێنـەری گەردوونـەو، ئـەو کەسـەیە کـە لـە سـەرێوە، ئـاوی بـۆ دابەزانـدوون، ﴿ بِقَدَرٖ ﴾، بـە ئەنـدازە، نـە کەمـتر لـە پێویسـتیی خۆتـان، نـە زیاتریـش وەك تۆفانەکـەی نـووح، ﴿ فَأَنشَرۡنَا بِهِۦ بَلۡدَةٗ مَّيۡتٗا ﴾، ئێمـە سـەرزەمینێکی مردوومـان پـێ ژیانـدەوە، ﴿ كَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ ﴾، هـەر بـەو شـێوەیەش، ئێـوە دەردەهێنرێنـەوە.

﴿ وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا ﴾، هەروەهـا خـوا ﷻ بەدیهێنـەرو پـەروەردگارو خاوەنـی ئێـوە: ئـەو کەسـەیە هەمـوو جووتەکانـی دروسـتکردوون، جووتـەکان دەگونجـێ مەبەسـت پێـی تێکـڕای جووتـی دروسـتکراوەکان بـێ، چونکـە هەمـوو دروسـتکراوەکان جووتـن: ئاسـمان و زەویـی، سـاردو گـەرم، دنیاو دوارۆژ، بەهەشـت و دۆزەخ، نێـرو مـێ، هەمـووی جووتە، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی جووتـی ڕووەکەکان بێ، ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡفُلۡكِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مَا تَرۡكَبُونَ ﴾، هەروەهـا لـە کەشـتییەکان و لـە ئاژەڵانیـش، هـۆکاری وای بـۆ ڕەخسـاندوون، کـە سـواریان بـبن و، بـۆ بـارو سـوار بەکاریـان بێنـن.

﴿ لِتَسۡتَوُۥاْ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ ﴾، بـۆ ئـەوەی بچنـە سـەر پشـتیان، پشـتی ئاژەڵـەکان و، پشـتی کەشـتییەکان، پشـتی ئـەو هۆکارانـەی بـۆی ڕەخسـاندوون، ﴿ ثُمَّ تَذۡكُرُواْ

نِعۡمَةَ رَبِّكُمۡ إِذَا ٱسۡتَوَيۡتُمۡ عَلَيۡهِ ﴾، دوایی یادی چاکەی پەروەردگارتان بکەنەوە، بەسەر خۆتانەوە، هەر کاتێك چوونە سەر پشتیان و سەقامگیر بوون، ﴿ وَتَقُولُواْ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقۡرِنِينَ ﴾، هەروەها بڵێن: پاکیی بۆ ئەو کەسەی ئەوەی بۆ رام و دەستەمۆ کردووین و، ئێمە توانامان بەسەریدا نەدەشکا، ئێمە نەماندەتوانی کۆنترۆڵیان بکەین، لەبەر ئەوەی زۆر بەهێزن، حوشترێك، گایەك، کەرێك، گامێشێك، فیلێك، لە مرۆڤ عاسێ ببێ، بە سەد کەس پێی ناوێرن، بەڵام خوا وایکردوە، دەستەمۆ بن.

﴿ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە، واتە: بەو سەفەرانەی دەیکەن لە ژیانی دنیاتاندا، سەفەری ژیانی خۆتان بێتەوە یاد، کە ئێوەش سەرەنجام و مەنزڵگای کۆتاییتان بۆ لای خوای پەروەردگارە، کەواتە: خۆتان ئامادە بکەن، بۆ دیداری خوا، لە مەنزڵگای کۆتاییدا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

پێناسەی قورئان بە کتێبێکی ڕۆشنکەرەوە، بە زمانی عەرەبیی کە بۆ تێگەیاندن نێرراوەو، لە ئەسڵی کتێب (زانیاریی خوا)دا، بەرزو کارزانەو، ناگونجێ بە هۆی زێدەڕۆیی و سەرەڕۆیی بێبڕوایانەوە، لە کوفرو شیرکدا، خوا ئەو قورئانە بیرخەرەوەیان لێ دووربخاتەوەو، بۆیان دانەبەزێنێ، واتە: خوا ﷻ نابێ بە نەفامیی ئەوان بکات، بەڵکو دەبێ هەر لە قەدەر کەرەم و بەزەیی و بەخشندەیی و، بەرزو بێ وێنەیی خۆی، لەگەڵ بەندەکاندا مامەڵە بکات:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٣﴾ وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ لَدَيْنَا لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴿٤﴾ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ ﴿٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ حمٓ ﴾، ئەمانە دوو پیتن: پیتی (ح) و پیتی (م)، یانی: ئەم قورئانە هەر لەو پیتانە پێك دێ، کە دەیاننوسن و پێیان دەدوێن، کۆی ئەو پیتانەش کە بەکارهێنراون، لە سەرەتای (٢٩) لە سوورەتەکانی قورئاندا، کۆی هەموویان چواردە (١٤) پیتن، کە هەموو جۆرەکانی پیتەکانیان تێدان، وەك لە سەرەتای تەفسیری (الشُّعَرَاء)دا، لەو بارەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکمان داون.

٢)- ﴿ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴾، سوێند بە کتێبی ڕوونکەرەوە، یان ڕۆشن، (و) لێرەدا، دەگونجێ بۆ بادانەوەو گێڕانەوە بێ، کە ئەگەر وابێ، مانای وایە: ﴿ حمٓ ﴾، سوێندە، دواییش

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، واتە: هەروەها کتێبی ڕۆشنکەرەوەیە، دەشگونجێ (و) لێرەدا بۆ سوێند پێ خواردن بێ، واتە: سوێند بە کتێبی ڕۆشنکەرەوە، واتە: (**الكِتَابِ المُبِين**)، دەبێتە سوێند پێخوراو (**مُقْسَمٌ بِهِ**)، ئایا سوێند لەسەر خوراوەکە چییە؟ ﴿ إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا ﴾، ئێمە گێڕاومانە بە قورئانێکی عەرەبیی، وشەی: (**مُبِيْن**) ئەگەر لە (**أَبَانَ المتعدِّي**)ەوە هاتبێ، بە مانای ڕوونکەرەوە دێ، (**أَبَانَ**) لەو کاتەدا بەرکار (**مفعول به**) دەخوازێ، (**أَبَانَ المُدَرِّسُ الدَّرسَ**)، وانەبێژەکە دەرسەکەی ڕوون کردەوە، دەشگونجێ بڵێین: ﴿ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، واتە: سوێند بەو کتێبە ڕۆشنە، یانی: قامکراوەو، ئاڵۆز نیە، ئەو کاتەش (**مُبِيْن**)، لە (**أَبانَ**)ی (**لازم**)ەوە هاتوە، وەك (**أَبَانَ القَمَرُ**)، واتە: مانگەکە دەرکەوت، واتە: ﴿ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴾، واتە: کتێبێکی ڕۆشن، لە ڕابردووشدا چەند جارێك لە بارەی وشەی: (**مُبِيْن**)ەوە، قسەمان کردوە، کە بەپێی سیاقەکان، جاری وا هەیە دەگونجێ بە هەردوو مانای (**اللاَّزِم والمُتَعَدِّي**) بێ، جاری واش هەیە تەنیا دەگونجێ بە مانای (**لازِم**) بێ، جاری واش هەیە بەس دەگونجێ بە مانای (**مُتَعَدِّي**) بێ.

٣)- ﴿ إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا ﴾، ئێمە گێڕاومانە بە قورئانێکی عەرەبیی، وشەی: ﴿ جَعَلۡنَٰهُ ﴾، (**أي: قُلنَاهُ، أو أَنْزَلنَاهُ، أو كَوَّنَاهُ**)، واتە: بێژتوومانەو، یان دامانبەزاندوە، یان پێکمان هێناوە، ئەم کتێبە ڕۆشنە، یان ڕۆشنکەرەوەیە، لە شێوەی قورئانێکی عەرەبییدا، ئەمە ئەگەر (**جَعَلَ**)، بە مانای گوتن یان دابەزاندن، یان پێکهێنان بێ، واتە: یەك بەرکار (**مَفعُول به**) بخوازێ، بەڵام ئەگەر دوو بەرکاران بخوازێ، ئەو کاتە بە مانای: (**سَمَّيْنَاهُ وَوَصَفْنَاهُ، قُرْآناً عَرَبِيّاً**)، ئێمە ئەو قورئانەمان ناو ناوە، یاخود وەسفمان کردوە بە قورئانێکی عەرەبیی.

وشـەی (**عَـرَبِي**): پێشـتریش باسـمان کـردوە، کـە وەك چـۆن بـە مانـای زمانێـك دێ، کـە هـی نەتەوەیەکـی دیاریکـراوە، کـە نەتـەوەی عەرەبـە، هـاوکات بـە مانـای زمانێکـی ڕۆشـنیش دێ، (**أَعْـرَبَ عَـنْ رَأْيِـهِ**)، ڕایەکـەی خـۆی ڕوونکـردەوە، وەك پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: [**الثَّيِّـبُ تُعْـرِبُ عَـنْ نَفْسِـهَا بِلِسَـانِهَا، وَالْبِكْـرُ رِضَاهَـا صَمْتُهَـا**] (**أخرجـه أحمـد: ١٧٢٧١، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: صحيـح لغيره**)، واتـە: (لـە کاتـی

مارەکراندا)، بێوەژن ڕای خۆی دەردەخات، کچیش دەبێ مۆڵەتی لێوەربگیرێ، بەڵام ئەگەر قسەش نەکات، بێ دەنگییەکەی نیشانەی ڕازیی بوونیەتی.

هەر (إِعْرَاب) واتە: ڕوونکردنەوەی ڕستەیەك، کە پێکهاتەکانی ئەو ڕستەیە چۆنن، وەك هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی، کامیان ناوەو، کامیان کردارەو، کامیان پیتە؟ چۆنیەتیی پەیوەندییان پێکەوە، (إعراب) واتە: ڕوونکردنەوە.

کەواتە: (عَرَبِيّ): ﴿ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا ﴾، دەگونجێ مەبەست پێی، قورئانێکی ڕۆشن، مانا ڕۆشن بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی قورئانێك بێ بە زمانی ئەتەوەی عەرەب، عەرەبییش بۆ ئەتەوەی عەرەب زمانێکی ڕۆشن بووە.

٤)- ﴿ لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾، بەڵکو بفامن، هەندێك لە توێژەرەوان وایان لێکداوەتەوە، کە (لَعَلَّكُم تَفْهَمُونَ أَيُّهَا العَرَب)، یانی: بۆیە بە زمانی عەرەبییە تاکو تێبگەن، ئەی گەلی عەرەب! بەڵام ئەگەر (عَرَبِيّ) بە مانای ڕۆشن بێ، یانی: قورئانێك خوێنراوەیەکی ڕۆشنە، تاکو تێی بگەن، ئەی مرۆڤەکان! ئنجا ئەگەر هەر بە مانای زمانی عەرەبییش بێ، یانی: بۆ ئەوەی تێی بگەن و، بیفامن، ئەی مرۆڤەکان، بە عەرەب و جگە لە عەرەبەوە، واتە: ئەگەر مەبەست لە (عَرَبِيّ) زمانی عەرەبییش بێ، ئێمە مولزەم نین، بڵێین: دوێنراوەکان تەنیا گەلی عەرەبن، چونکە خوا ﷻ بەڵێ بە زمانی عەرەبیی ناردوویەتی و، هەر دەبوو بە زمانێك بێ.

ئنجا خوا لە نێو هەموو زمانەکاندا زمانی عەرەبیی هەڵبژاردوە، لەبەر کۆمەڵێك تایبەتمەندیی کە لە زمانی عەرەبییدا هەن، بەڵام بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، ﴿ لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾، بەڵکو تێبگەن و، بیفامن و، بیری لێبکەنەوە.

٥)- ﴿ وَإِنَّهُۥ فِىٓ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ لَدَيْنَا لَعَلِىٌّ حَكِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەم کتێبە، ئەم قورئانە، لە دایکی کتێب دا لە لای ئێمە بەرزی کارزانە.

﴿ أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (إِمِّ الكِتَاب)، کە هەر بە مانای ئەسڵی کتێبە، (أُم) بە مانای دایك دێ، دایك بۆیە پێی دەگوترێ (أُم) چونکە ئەصڵە بۆ هەموو ڕۆڵەکانی و، ئەوان لەو جیا دەبنەوە، کەواتە: هەر شتێکیش ئەصڵ بوو

بێ، بۆ شتەکانی دیکە، پێی دەگوترێ: (أم)، وەك دەگوترێ: (أُمُّ القُرَى)، کە ناوی شاری مەککەیەو، بە سوورەتی (الفَاتِحة) دەگوترێ: (أُمُّ الكِتَاب)، چونکە ماناو مەبەستەکانی کە لە سوورەتی (الفَاتِحة)دا هەن، گشتگیرن، وەك چوارچێوەیەك وان، بۆ هەموو ماناو مەبەستەکانی سوورەتەکانی دیکەی قورئان.

مەبەست لە: ﴿أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ﴾، لە شوێنی دیکەشدا هاتوە، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (البروج)دا، دەفەرموێ: ﴿بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ﴿٢١﴾ فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ﴿٢٢﴾﴾، بەڵکو ئەمە قورئانێکی پایەدارە، پایە بەرزە، شکۆ بەرزە، لە تەختێکی پارێزراودا، (لَوح) واتە: تەخت، شتێك کە لەسەری بنووسرێ، لە سوورەتی (الوَاقِعَة)شدا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ لَقُرْءَانٌ كَرِيمٌ ﴿٧٧﴾ فِى كِتَٰبٍ مَّكْنُونٍ ﴿٧٨﴾﴾، ئەمە قورئانێکی بەخشندەیە، یان بەرێزە، لە نووسراوێکی پەنهان و شێردراوەدا، لە سوورەتی (یس) یشدا دەفەرموێ: (وَكُلَّ شَيْءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إمَامٍ مُبِينٍ) ئنجا لێرەش دەفەرموێ: ﴿أُمِّ ٱلْكِتَٰبِ﴾، کەواتە: مەبەست لە (أُمُّ الكِتَاب) و (لَوحُ مَحفُوظ) و (كِتَابٍ مَكنُون)، (إمام مبين) یەك شتە، یانی: ئەم قورئانە، بەر لەوەی بێتە بەردەستی ئێمە، لە (أُمُّ الكِتَاب) و (لَوحُ مَحفُوظ) و (كِتَابٍ مَكنُون) و (إمام مبين) دا هەبووە، قورئانێکی مەجید بووەو، قورئانێکی کەریم بووەو، بەرزو کارزان (عَلِيٌّ حَكِيم)یش بووە.

ئنجا ئایا مەبەست لە (أُمُّ الكِتَاب) و (لَوحُ مَحفُوظ) و (كِتَابٍ مَكنُون)، (إمام مبين)، دروستکراوێکە لە دروستکراوەکانی خوا، کە هەموو زانیارییەکانی خوای تێدا تۆمار کرابن؟.

دەڵێین: ئەمە ڕایەکی زانایانە، بەڵام هیچ دەقێکی سوننەتمان نیە، پشتڕاستی ئەوە بکاتەوە، یاخود ناچارمان بکات، کە: (أُمُّ الكِتَاب)و، (لَوحُ مَحفُوظ)و، (كِتَابٍ مَكنُون)، دروستکراوێکی خوا بێ و، هەموو زانیارییەکانی خۆی تێدا تۆمار کردبن.

یاخود مەبەست پێیان زانیاریی خوایە، بەڵام خوا ﷻ لێرەدا بەپێی عەقڵی ئێمە، دەماندوێنێ، کە ئێمە ئەگەر زانیارییەکمان هەبێ، بمانەوێ لێمان

تێکنەچێ، دەینووسین و، تۆماری دەکەین، وەك گوتراوە: (قَيِّدُوا العِلمَ بِالكِتَابَة)، چونکە زانیارییەك ئەگەر لە کتێبێکدا نووسیبمان، یان لەسەر تەختێك یان لەسەر بەردێك هەڵمان کەندبێ، لە بیرمان ناچێ و دەپارێزرێ، بۆیە خوا ﷻ ئەو تەعبیرەی بەکارهێناوە.

بە هەر حاڵ لە لای خوای پەروەردگار ئاسانە، دروستکراوێکی هەبێ، هەموو زانیارییەکانی لە بارەی دروستکراوەکانی خۆی تێدا تۆمار کردبێ، دەشگونجێ مەبەست پێی زانیاریی خوا ﷻ بێ، بەڵام خوا ﷻ بەپێی عەقڵی ئێمە، ئێمەی دواندوە، هەر بۆیەش جارێك دەفەرموێ: (أُمُّ الكِتَاب) و جاری دەفەرموێ: (لَوحٌ مَحفُوظ) و جاری دەفەرموێ: (كِتَابٍ مَكنُون) و جارێك (إمام مبين).

٦)- ﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا أَن كُنتُمْ قَوْمًا مُّسْرِفِينَ ﴾، (لێرەدا خوا ڕوو لە بێبڕوایەکان دەکات، بێبڕوایەکانی ڕۆژگاریی پێغەمبەر ﷺ، دەشگونجێ هەموو بێبڕوایان بە درێژایی زەمان و، بە پانایی زەمین، هەموویان بگرێتەوە)، ئایا بیرخەرەوەتان لێ دووربخەینەوەو بۆتان دانەبەزێنین، بەهۆی ئەوەوە، کە ئێوە کۆمەڵێکی زێدەڕۆییکارن؟ وشەی (أَن) خوێنراویشەتەوە: (إن)، (إِن كُنتُم قَوماً مُسرِفِين)، ئایا لە حاڵێکدا ئێوە کۆمەڵێکی زێدەڕۆییکار بوون، ئێمە بیرخەرەوەتان، (قورئانی بیرخەرەوەتان) لێ دووربخەینەوە؟!

ئەم تەعبیرە، کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا ﴾، (الزَمَخشري) دەڵێ: (الفَاءُ فِي قَوْلِه: ﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا ﴾، للعَطْفِ، عَلَى مَحْذوفٍ تَقْدِيرُهُ، أَنُهمِلُكُم ونَضرِبُ عَنكُمُ الذِّكرَ صَفْحَاً) واتە: (ف) بۆ بادانەوەیە لەسەر شتێکی قرتێنراو، کە بەو شێوەیە دەگونجێ دابنرێ: ئایا پشتگوێتان بخەین و، بیرخەرەوەتان لێ دووربخەینەوە، بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە زێدەڕۆییکارن، یان لە حاڵێکدا کە ئێوە زێدەڕۆییکارن؟ ئەگەر بڵێ: (أن)، یانی: (لأَجلِ)، بە هۆی زێدەڕۆیی ئێوەوە، ئێمە بیرخەرەوەتان لێ دووربخەینەوە، بەڵام ئەگەر (إن)، بێ، واتە: لە حاڵێکدا کە ئێوە زێدەڕۆییکارن، ئێمە قورئانتان لێ دووربخەینەوەو، بیرخەرەوەتان لێ دووربخەینەوە؟

(الضَّرْبُ: القَرْعُ، وَهُنَا اسْتُعِيرَ لِلقَطْعِ وَالصَّرْفِ)، (قَرْع): بە مانای لێدانی شتێکە، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ بڕینی شتێك و لادانی شتێك، وشەی (صَفْح) پێشتر باسمان کرد، بە مانای لاتەنیشت و ڕووپەڕی شتێك دێ، لێرەدا دەڵێ: (مَصدَرٌ، صَفَحَ عَنْ كَذَا أي: أعْرَضَ، مَفعُولٌ مُطْلَق، ﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا ﴾، يعني: أفَنَصْفَحُ عَنْكُمُ الذِّكْرَ صَفْحاً)، یانی: ئایا لاملتان تێبکەین و، پشتگوێتان بخەین، بە پشتگوێ خستن، یاخود (صَفْحَاً: مَنْصُوبٌ على النِّيَابَةِ عَنِ الظَّرْفِ، أي: فِي مَكَانِ صَفْحٍ مِثْلُ: ضَعْهُ جَانِبَاً)، ﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا ﴾، ئەمە (صَفحاً) مەنصووبە، حاڵەتی ئیعرابییەکەشی ئەوەیە، کە نائیبە بۆ (ظَرْف)ێك، وەك گوتراوە: (ضَعْهُ جَانِبَاً)، لەولا داینێ، (ضَرَبَ عَنْهُ صَفْحَاً)، واتە: پشتگوێی خست و، ئەو شتەی لێ دوورخستەوەو پێی نەدا.

بێگومان کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكْرَ صَفْحًا ﴾، هەمزە (أ) ەکە بۆ پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، کە ئەویش دوو واتایان دەگرێتەوە:

١- (هَلْ نَتْرُكُكُم وَنُهمِلُكُم؟)، ئایا وازتان لێ بێنین و پشتگوێتان بخەین؟

٢- (هَلْ نَترُكُ تَذْكِيرَكُم؟)، ئایا بیرخستنەوەی ئێوە پشتگوێ بخەین، واتە: لێتان بگەڕێین و، بیرتان نەخەینەوەو ئامۆژگارییتان نەکەین؟

کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾، ئەمە دوو واتایان دەگرێتە خۆی:

أ- دەرخستنی پێگەی بەرزی قورئان و، ستایشکردنیەتی، بەوە کە ئەم قورئانە، بە زمانێکی زۆر ڕوون و پاراو و ڕۆشن دابەزێنراوە.

ب- ڕەخنەگرتنە لە بێبڕوایەکان، گەلی عەرەب بە تایبەت، کە یەکەم دوێنراو بوون، دوای ئەوانیش هەر کەسێکی دیکە کە بێبڕوا دەبێ، ئەم قورئانە لەگەڵ ئەوەشدا بە زمانێکی زۆر ڕۆشن نێردراوە، کەچی ئەوان گوێی بۆ ناگرن و پێی کارتێکراو نابن و، وەری ناگرن.

کەواتە: لە یەك کاتدا، هەم ستایشکردنە بۆ قورئان، هەم ڕەخنەگرتنە لە ناحەزانی قورئان و، لەوانەی قورئان ڕەفز دەکەن.

کورتە باسێک
لە بارەی عەرەبیی بوونی قورئانەوە

لە پێنج برگەدا، ئەم کورتە باسە دەخەینەڕوو:

١)- بە زمانی عەرەبیی بوونی قورئان، لە چەندان ئایەتدا باسکراوە:

ئەوە کە قورئان بە زمانی عەرەبیی نێردراوە، واتە: بە زمانی ئەو نەتەوەیەی پێیان دەگوترێ: عەرەب، زمانەکەشیان پێی دەگوترێ: زمانی عەرەبیی (**اللِسان العَرَبِي**) یاخود (**اللُغَة العَرَبِية**)، ئەمە لە زۆر شوێنی قورئاندا باسکراوەو جێی مشتومڕ نیە، کە قورئان بە زمانی نەتەوەی عەرەب هاتوە.

بۆ وێنە:

١- ﴿ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٣﴾ ﴾**الزخرف**، ئێمە گێڕاومانە بە قورئانێکی عەرەبیی بەڵکو بفامن.

٢- ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢﴾ ﴾**یوسف**، واتە: ئێمە بە قورئانێکی عەرەبیی دامانبەزاندوە، بۆ ئەوەی تێبیگەن.

٣- ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا ﴿٣٧﴾ ﴾**الرعد**، واتە: ئێمە گێڕاومانە بە حیکمەتێك، بە زمانی عەرەبیی، بێگومان حوکم لێرەدا بە مانای حیکمەتە.

٤- ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ
ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَفِى زُبُرِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٩٦﴾ ﴾**الشُعَرَاء**، لە سوورەتی (**الشُعَرَاء**)دا لە هەموو شوێنەکان، خوا ﷻ ڕوونتر، ئەو ڕاستییە بەیان دەکات، کە بریتیە لە عەرەبیی بوونی قورئان:

واتـە: بـە دڵنیایـی ئـەم قورئانـە دابەزێـنراوی پـەروەردگاری جیهانییانـە، (**روح الأمين**) دایبەزانـدوە بۆسـەر دڵـی تـۆ، تاکـو تـۆ لـە وریاکـەرەوان و ترسـێنەرەوان بـی، بـە زمانێکـی عەرەبیـی ڕۆشـن، لـە کتێبـە پێشووەکانیشـدا، ئـەو بـاس و خـواسی هەیـە.

٢)- بە عەرەبیی بوونی قورئان، لە یەك کاتدا دوو واتای هەن:

یەکەم: قورئان بە زمانی عەرەبییە، کە نەتەوەی عەرەب بە زمانی عەرەبیی قسە دەکەن، پێشتریش گوتمان، گەلی عەرەب زمانی خۆیان پێ ڕۆشن بووە، لەبەر ئەوەی باش لێی تێگەیشتوون و، باش یەکدییان پێ تێگەیاندوە، بەڵام زمانی نەتەوەکانی دیکەیان بە (**أعجَمي**) ناوناوە، لەبەر ئەوە بۆیان ناڕۆشن بوون، هەڵبەتە ئەوە بۆ نەتەوەکانی دیکەش هەر وایە، بابایەکی ئینگلیز، ئیسپانیی، ڕووسیی، یابانیی، کورد، فارس، تورك، هەموو ئەوانە زمانی خۆیان پێ ڕۆشنە، پێی لێك تێکدەگەن و، پێی حاڵیی دەبن، زمانی غەیری خۆیان، ئنجا عەرەبیی بێ یان هەر زمانێکی دیکە، پێیان ناڕۆشنە، ئەمە شتێکی ڕێژەییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، عەرەبیی بوونی قورئان، ئەوە دەگەیەنێ کە بە زمانی عەرەبییە، بە زمانی نەتەوەی عەرەب.

دووەم: هاو کات ئەوەش دەگەیەنێ، کە قورئان بە شێوەیەکی ڕۆشنە، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا ﴿٣﴾ ﴾**الزخرف**، وەك چۆن ئەوە دەگەیەنێ کە بە زمانی عەرەبییە، ئەوەش دەگەیەنێ، کە بە زمانێکی ڕۆشنە، یاخود ڕۆشنکەرەوەیە، یانی: شێوازی دابەزینی ئەم قورئانە، شێوازێکی ڕۆشنە، بۆ هەر کەسێك کە شارەزای زمانی عەرەبیی بێ، بۆی ڕۆشنە، بەڵام کەسێك کە عەرەبیی نەزانێ، بۆ وی ناڕۆشنە.

٣)- ئایا وشەی غەیرە عەرەبیی لە قورئاندا هەن یان نا؟

لەو بارەوە زانایان سێ ڕایان هەن:

یەکەم: هیچ وشەیەکی جگە لە عەرەبیی لە قورئاندا نیە، ئەم ڕایە ژمارەیەك لە زانایان تەبەنیییان کردوە، لە نێویاندا: (**الشَّافِعي، أبو عُبَيْدَة، إبنُ فارس، الطَّبَري، البَاقلاَّنِي، الرَّازي ... هتد**).

دووەم: وشەی جگە لە عەرەبیی لە قورئاندا هەن، ئەم ڕایە گێردراوەتەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، هەروەها لە (**وَهَب بْنِ مُنَبِّه و سَعِيدِ بْنِ جُبَيرٍ و عِكْرِمَة ومُجَاهِد و عَطَاء وضَحَّاك**) کە هەموویان زانایانی شوێنکەوتووانن، هەروەها هەر کام لە (**الزَّمَخْشَري، إبنُ عجيبة، السُّيوطِي**...) هی دیکەش، ڕایان وایە وشەی جگە لە عەرەبیی لە قورئاندا هەن.

منیش ڕام وایە، کە ئەوە جێی مشتومڕ هەر نیە، کە وشەی نا عەرەبیی لە قورئان دا هەن.

سێیەم: وشەی نا عەرەبیی تێدان، بەڵام عەرەب ئەو وشانەیان بە زمانی خۆیان گۆ کردوون و، عەرەباندوویانن، واتە: وەك چۆن هەندێك وشە هەن، عەرەبیی بوون، بەڵام کوردێنراون، بۆ وێنە، (**كِتاب**) کورد کردوویەتی بە کتێب، (**قَلَم**) کورد کردوویەتی بە قەڵەم، هەروەها گەلێ وشەی دیکە هەن، کە کورد کورداندوونی و، فارس فارساندوونیی و، زمانەکانی دیکەش، بە شێوەی خۆیان گۆیان دەکەن، سەرو گوێیان شکاندوون، بە شێوەیەك کە لەگەڵ زمانەکەی واندا بگونجێن، ئەگەر پیتێکیان تێدا هەبێ، کە لە زمانی واندا نەبێ، ئەو پیتانەی لە زمانی خۆیاندا هەن، لە جیاتی ئەوان دایانناون.

هەڵبەتە ئەم ڕایەی سێیەم ئەوەی دووەمیش دەگرێتە خۆی.

(**السُّيوطي**) دوو کتێبی هەن لەو بارەوە:

أ- المتَوَكِّل فِيما فِي القرآنِ مِنَ المُعَرَّب).

ب- (المُهَذَّب فِيما وَقَع فِي القرآنِ مِنَ المُعَرَّب).

لەو دوو کتێبەیدا، بە چەند سەنەدێك دەیباتەوە سەر هاوەڵان و، دەیباتەوە سەر شوێنکەوتووان، کە وشەی نا عەرەبیی لە قورئاندا هەن، ئەو دەڵێ: وشەی دە (١٠) زمانی جیاواز لە قورئان دا هەن: (**الحَبَشِيَّة، وَالفَارِسِيَّة، وَالرُّومِيَّة، وَالهندِيَّة، وَالسّريانِيَّة، وَالعِبرِيَّة، وَالنَّبَطِيَّة، وَالقِبْطِيَّة، وَالتُّرْكِيَّة، وَالزَّنجِيَّة، وَالبَرْبَرِيَّة**)، واتە: ئەو

وشـانەی کـە لـە قورئانـدا هـەن، هەندێکیـان دەگەڕێنـەوە بـۆ زمانـی حەبەشـەو، یاخـود بـۆ فارسـیی، یاخـود بـۆ ڕۆمیـی، یـان بـۆ هینديـی، یـان بـۆ سـورەيانيی، یـان بـۆ عيبرانيـی، یـان بـۆ نەبەطيـی، یـان بـۆ قيبطـي، یـان بـۆ زمانـی توركيـی، یـان زەنجيـی، یـان بەربەريـی.

بەڵکـو ئەگـەر وردتـر سـەرنج بـدرێ، وشـەی کوردییـش هـەن: کـە کوردیـی و فارسـیی ڕیشـەیان یەکـەو ڕەنگـە زمانـی دیکـەش پەیدابـبن.

٤)- هەشت ووشەی نا عەرەبیی بەنموونە:

١- سِـجيل. ٢- المِشـكاة. ٣- اليَـم. ٤- الطُّـور. ٥- أباريـق. ٦- إستَبـرَق. ٧- سُـندس. ٨- زَرَابِيّ.

هەمـوو ئـەو وشـانە، نـا عەرەبيين، بـۆ وێنـە: **(سِجيل)** ئەوانـەی شـارەزای زمانـی فارسـيين، وەك **(الطَّبَري)**و **(فَخـرَ الدِّيـن الـرَّازِي)**، کـە هـەر فـارس بـوون، دەڵێـن: **(سِـجِّيل)** لـە سـەنگی گڵـەوە هاتـوە، سـەنگی گل، واتـە: بـەردی قـوڕ، بـەڵام پيتـی (گ) لـە عەرەبييـدا نيـە، بۆيـە **(ج)**يـان بەکارهێنـاوە، (سـنج جـل)، دواييـش تێکيانـدا دەغـم کـردوون و بۆتـە **(سِـجيل)**.

وشـەی **(زَرَابِي)** کـۆی **(زَربِي)**ە، کـە لـە ڕاسـتييدا ژێـر پێيـە، بـەڵام پيتـی (ژ)و پيتـی (پ) لـە عەرەبييـدا نيـن، بۆيـە لـە جياتـی (ژ)، (ز)يـان بەکارهێنـاوەو، لـە جياتـی (پ)، **(ب)**يـان بەکارهێنـاوە، کەواتـە: ژێـر پێيەکـە بۆتـە: **(زربِي)** بـە **(زَرَابِي)** کۆيـان کردۆتـەوەو عەرەباندوويانـە.

هەروەهـا وشـەکانی دیکـە: **(المِشـكاة، اليَـم، الطُّـور، أباريـق، إسـتَبرَق، سُـندُوس)** ئەوانيـش ڕيشـەی عەرەبييـان نيـە، ئنجـا نـەك ئەوەنـدە، بەڵکـو نـاوی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام)، بەبـێ هـەڵاواردن، جگـە لـە **(هـود وصالِح)**، کـە وا پێدەچـێ عـەرەب بووبـن، ئەگەرنـا هـەر کام لـە وشـەکانی **(إبراهيـم، إسـمَاعيل، إسحَاق، يَعقُوب،**

شُعَیب، یُوسُف، موسی، عیسی، نوح، إدریس، آدم، لوط) و گەلێك ناوی دیکەش، لە قورئاندا هەن، هی پێغەمبەران و جگە لە پێغەمبەران، بۆ وێنە: (لُقمان) ئەوانە هیچ پەیوەندیان بە زمانی عەرەبییەوە نیە.

٥)- عەرەبیی بوونی قورئان، لەگەڵ هەبوونی وشە ناعەرەبییەکاندا، ناکۆك نیە:

چونکە هیچ زمانێك لە دنیادا نیە، زمانێك بێ، پاك بێ لە وشەی بیانیی، لە وشەی جگەلە خۆی، هیچ زمانێك نیە، لەبەر ئەوەی هیچ نەتەوەیەك نەبووە، زمانێك بۆ خۆی دابنێ و، هیچ پەیوەندیی نەبێ بە زمانەکانی دیکەوە، لە ئەصڵدا مرۆڤایەتیی پێشتر بە یەك زمان قسەی کردووەو، دوایی وردە وردە، لێك دوورکەوتوونەوەو، لە هەر شوێنێکی جوگرافیی وردە وردە لەهجە بووەو، دوایی بۆتە زمانێکی سەربەخۆ، ئێستا چوار هەزار زمان لە جیهاندا هەن، بۆیە عەرەبیی بوونی قورئان، بە هەردوو واتایەکەی، کە بە زمانی نەتەوەی عەرەبەو، بە مانای شێوازێکی ڕۆشنە، لەگەڵ هەبوونی وشەی زمانەکانی دیکەدا کە بیانیین، ناکۆك نیە[1].

---

[1] بۆ نووسینی ئەم باسە، تا ڕادەیەك لە تەفسیری (إعراب القرآن)ی (مُحيِ الدِّين دَرویش) بەرگی (٩) لاپەڕە (٦٤ و ٦٥)، سوودم وەرگرتووە.

مەسەلەی دووەم:

خـوا ﷻ زۆر لـە پێغەمبەرانـی لـە گەلـە پێشـووەکاندا نـاردوون و، ئـەو گـەل و کۆمەڵگایانـە، هـەر پێغەمبەرێکیـان بـۆ هاتبـێ گاڵتەیـان پێکـردوون و، خـواش هەرچەنـدە ئـەو گـەل و کۆمەڵگایـە بێبڕوایانـە، لـەو خەڵکـەی ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ، بـە زەبرتـر بـوون و، بـە تواناتـر بـوون، بـەڵام فەوتاندوونـی و، بوونە بەسـەرهاتی مێژوویـی، مەگـەر لـە گۆشـەو کەنـاری کتێبەکانـی مێـژوودا بۆیـان بگەڕێـی، ئەگەرنـا بوونیـان نەمـاوە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي ٱلْأَوَّلِينَ ۝٦ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ۝٧ فَأَهْلَكْنَآ أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ ۝٨ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، زۆر پێغەمبەرێشمان لە پێشووەکان دا ناردوون، (کَم) وەك پێشتر گوتمان: (**كَمْ الخَبَرِيَّة بِمَعْنَى الكَثِير، وَهُوَ مَنْصُوبٌ عَلَى المَفعولِيَّةِ لـ «أَرْسَلْنَا»**)، ﴿ وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، واتە: (**كَثيراً أَرْسَلْنَا مِن نَبِيٍّ في الأَوَّلِين**)، زۆر لە پێغەمبەرانمان لە گەلە پێشووەکاندا، ڕەوانە کردوون، (**الأَوَّلِين**) کۆی (**الأَوَّل**)ە، واتە: سەرەتا، پێشوو.

٢)- ﴿ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، واتە: هیچ پێغەمبەرێکیان بۆ نەهاتوە، ئەو گەلە پێشووانە، مەگەر گاڵتەیان پێکردوە، گاڵتە پێکردن بەوانی دیکە، نیشانەی نەفامیی و کەودەنییە، بە تایبەت خەڵکی دواکەوتوو، خەڵکی کەودەن، گاڵتە بە شتێکی تازە دەکات، شتێکی نامۆ کە نەیدیبێ و، نەیبیستبێ، کە مەرج نیە شتێك نەتدیبێ و نەتبیستبێ، خراپ بێ، هەروەك مەرج نیە، هەر شتێك لەگەڵی ڕاهاتبووی و خووت پێوەی گرتبوو، پێی ئاشنا بووی، شتێکی باش بێ، زۆر شتی هەڵەو پەڵە هەیە، خەڵك لەگەڵی

ڕادێ و خووی پێوە دەگرێ، زۆر شتی نامۆش هەیە، زۆر باشە بەڵام خەڵك جارێ پێی ئاشنا نەبووەو، تێی نەگەیوە، بە زۆریی وایە، گاڵتە کردن نیشانەی نەزانیی و نەفامییە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، هیـچ پێغەمبەرێکیـان بـۆ نەهاتـوە، مەگـەر گاڵتەیـان پێکـردوە، واتـە: هیـچ پێغەمبەرێکیـان لـە هیـچ حاڵێکـدا لـە حاڵەکانیـان بـۆ نەهاتـوە، مەگـەر گاڵتەپێکردنیـان بـەراورد بـووە، لەگـەڵ هاتنـی ئـەو پێغەمبـەرەدا بۆیـان، واتـە: هەرکـە بۆیـان هاتـوە، ئەوانیش گاڵتەیـان پێکـردوە.

٣)- ﴿ فَأَهْلَكْنَآ أَشَدَّ مِنْهُم بَطْشًا ﴾، کەسانێك و کۆمەڵانێکمان فەوتاندن لەوان بە زەبرتر بوون، ڕاناوی ﴿ مِّنْهُم ﴾، دەچێتەوە بۆ بێبڕوایەکانی قورەیشی هاوچەرخی پێغەمبەر ﷺ، واتە: کەسانێکمان کە لەوان بە زەبرترو بە تواناتر بوون، فەوتاندوون. (البَطْشُ: الإِضْرَارُ القَوِيُّ، الأَخْذُ بِشِدَّة)، زیانگەیاندنێکی بەهێزو، توند گرتن.

پێـم وایـە وشـەی (بَطـش) لـە کوردییـدا یـانێ: زەبـرو پەلامـاردان، واتـە: پەلامـارو زەبریـان توندتـر بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا نەیانتوانـی لـە سـزای خـوا دەربـاز بـن.

٤)- ﴿ وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، بەسەرهاتی پێشووانیش ڕابرد، واتە: تێپەڕین و بوونە بەسەرهات، وشەی (مَثَل)، بە مانای شێوەو سیفەت و هەواڵ دێ، واتە: (مَضَتْ حَالُهُمْ العَجِيبَة)، حاڵە سەرسوڕهێنەرەکەیان تێپەڕی، (ومُضِي المَثَلِ كِنَايَةٌ عَنِ اسْتِئْصَالِهِمْ لأَنَّ مُضِيَّ الأحْوالِ يَكُونُ بِمُضِيِّ أَصْحابِها، فَهو فِي مَعْنى قَوْلِهِ تَعالى: ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾الأنعام، کە دەفەرموێ: هەواڵیان یاخود وێنەیان، یان سیفەتیان تێپەڕی، ئەمە کینایەیە بۆ کۆتایی هاتنیان، چونکە کاتێك حاڵێك کۆتایی دێ، کە خاوەن حاڵەکە کۆتایی هاتبێ، ئەمە وەك ئەو ئایەتە موبارەکەیە کە لە سوورەتی (الأنعام)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾، واتە: ئەو کۆمەڵەی ستەمیان کردبوو، دوایان بڕا، [ئنجا ئەگەر دوایان ببڕێ، واتە: پێشیان پێشتر تەواو بووە] و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان.

کەواتــە: وشــەی (مَـضَى أي: سَـلَفَ وَتَقَـدَّمَ)، واتــە: تێپــەڕی و ڕابــرد، دەگونجــێ لێرەدا مەبەسـت ئـەوە بـێ: (حُـكِيَ خَبَرُهُـم سَـابِقًا)، پێشـتر هەواڵەکەیـان گێڕدرایـەوە، یاخـود مەبەسـت ئەوەبـێ کـە تێپەڕیـن و، بوونـە پەنـدی زەمانـە.

لێرەدا پێویسـتە ئـەوە بڵێیـن: کـە ئەمـە هەمـووی دڵدانـەوە بـووە، بـۆ پێغەمبەری خاتـەم ﷺ، هەروەهـا بـۆ شـوێنکەوتووانی و بـۆ هەمـوو ئەوانەی لە ڕێـی پێغەمبەریی کۆتاییــەوە دەڕۆن و، خەڵکــی ڕۆژگاری خۆیــان، بــێ ڕێزییــان بەرانبــەر دەنوێنــن، ئنجـا بـە شـێوەی گاڵتـە پێکـردن بـێ، بـە شـێوەی تۆمـەت بـۆ هەڵبەسـتن بـێ، بـە شـێوەی لـە پشـت پـەردەی ڕەشـەوە تەماشـاکردن بـێ، واتـە: وامەزانـە کـە تـۆ ئـەی پێغەمبـەر! ﷺ، یەکـەم پێغەمبەرێکـی کـە گاڵتـەت پێکرابـێ، لـە لایـەن گەلەکەتـەوە، یـان تۆمەتبـار کرابـی، یـان ئـازار درابـی، بەڵکـو پێغەمبەرانـی پێشـوو (عَلَيهِـمُ الصَّلَاةُ وَالسَّـلَامُ) هەموویـان وابـوون.

ئــەم ئایەتــە موبارەکــە کــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَكَمْ أَرْسَلْنَا مِن نَّبِيٍّ فِي الْأَوَّلِينَ ﴾، واتــە: زۆرمــان پێغەمبــەر نــاردوون، لــە گەلــە پێشــووەکاندا، یــانی: پێغەمبــەران زۆر بـوون و هــەر ئەوەنــدە نیـن، کـە خـوا ﷻ نـاوی هێنـاون لـە قورئـان دا، کـە تەنیـا (٢٥) پێغەمبـەر ناویـان هاتـوە، وەك خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ﴿١٦٤﴾ ﴾النساء، ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ ﴿٧٨﴾ ﴾غافـر، هەیانـە بەسـەرهاتیمان بەسـەرتدا خوێندۆتـەوەو، هەیانـە بەسـەرهاتیمان بەسـەرتدا نەخوێندۆتـەوە، واتـە: هەیانـە ناویـمان هێنـاوەو هەشـیانە ناویـمان نەهێنـاوە.

ئایەتەکــەی دیکــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن نَّبِيٍّ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، هیـچ پێغەمبەرێکیـان بـۆ نەهاتـوە، ئـەو گەلـە پێشـووانە، مەگـەر گاڵتەیـان پێکـردوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە گاڵتەپێکرانـی پێغەمبـەران (عَلَيهِـمُ الصَّلَاةُ وَالسَّـلَامُ)، هەڵاواردنــی تێــدا نەبــووەو، هیــچ پێغەمبەرێــك نەهاتــوە، گەلەکــەی گاڵتــەی پــێ

نەکات، ئنجا لێرە باسی گاڵتە پێکردن دەکات، لە شوێنی دیکە باسی بە درۆ دانان دەکات، لە شوێنی دیکەدا باسی تۆمەتبار کردن دەکات، بەوە کە بە جادووگەر، یان بە کاهین، یان بە شاعیر، یان بەوە کە دەیانەوێ خۆیان بەسەردا فەرز بکەن.

کەواتە: ئەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ! هەروەها ئەی ئەوانەی لە ڕێی پێغەمبەری خاتەمەوە دەڕۆن! کاتێك ئێوەش لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگای خۆتاندا، ڕووبەڕووی گاڵتەپێکران و تۆمەت بۆ کران و، ئەزیەت و ئازار دران و، بە درۆ داندران دەبنەوە، وامەزانن کە بەس ئێوەن، بەڵکو ئەوە عادەتی هەموو گەلان بووە، کە دژ بە پێغەمبەران بوون، کە زانیویانە پەیامی پێغەمبەران بەزم و بازاڕی وان تێکدەدات، عادەتیان وابووە کە گاڵتەیان پێکردوون، هەڵبەتە گاڵتەپێکردنەکە، بە زۆریی لەلایەن سەرکردەکانەوە و ئەوانەوە بووە، کە باڵا دەست و حوکمڕان بوون، چونکە خەڵکی دیکەی بێ دەسەڵات، توانای نەبووە گاڵتە بە پێغەمبەران بکات و، بە درۆیان دابنێ، بەڵام خوا ﷻ پاڵی دەداتە لای هەمووان، لەبەر ئەوەی خەڵکەکەش شوێن حوکمڕان و دەسەڵاتدارەکانی خۆیان کەوتوون، لەو گاڵتە پێکردن و بە درۆ دانان و، تۆمەت بۆ کردنانەی پێغەمبەراندا، ئنجا ئەمە دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺو، بۆ هەر کەسێك لە ڕێی پێغەمبەری خاتەمەوە دەڕوا، کە ئەوە شتێکی ئاسایی و سروشتییە، شتێکی چاوەڕوان کراوە، تۆش لە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) زیاتر نی، کە ئەوان گاڵتەیان پێکراوە، با بە تۆش بکرێ، بێگومان ئەوە دڵدانەوەیەکی گەورەو، بەرچاو ڕوونییەکی باشیشی تێدایە، کە مرۆڤ باشتر بزانێ لە مێژوودا چی گوزەراوە؟ لە واقیعی ئێستاشدا کە ئەوە دەبینرێ، لە جیاتی دڵ پێ نارەحەت بوون، ئینسان دەبێ دڵی بە خۆی خۆش بێ و، بڵێ: هەمان شتی کە بەسەر پێغەمبەران هاتوە، بەسەر ئێمەو مانانیش دێ، کەواتە: دیارە ئێمەش لەڕێی پێغەمبەرانەوە دەڕۆین!.

مەسەلەی سێیەم:

کافرەکان دان دێنن بە بەدیهێنەرایەتیی و خاوەندارێتیی خوادا بۆ گەردوون، ئەو کەسەی زەمینی بۆ ڕاخستوون و، بۆی ئامادە کردوون، ڕێی بۆ تێدا داناون و، ئاویشی بە ئەندازە بۆ دابەزاندوون و، زەوی پێ ژیاندۆتەوەو، تێکڕای جووتەکانیشی دروستکردوون، هەروەها کەشتییەکان و ئاژەڵەکانیشی بۆ بارو سوار دروستکردوون، تاکو بەهرەیان لێ وەربگرن و، لە کاتی سواربوونیاندا خوا بە پاك بگرن و، یادی چاکەکانی خوا بەسەرخۆتانەوە بکەنەوە:

دوای ئەوەی لە ئایەتەکانی پێشوودا، خوا ﷻ باسی هەر کام لە قورئان و، پاشان باسی ڕەوانە کرانی پێغەمبەرانی کرد، بە تایبەت پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ کە سەرقافڵەی پێغەمبەران و کۆتاییانە، باسی لاملیی بێبڕوایەکانیشی کرد، هەم لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ، هەم لە پەیڕەویی کردن لە قورئان.

ئنجا خوا ﷻ باسی بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی خۆی دەکات، کە لە لای بێبڕوایەکان شتێکی سەلمێنراوە، هەندێك کەس وادەزانێ، کە خواناسیی لەگەڵ بێبڕوایی دا، دژ ناوەستێ و، مانای وایە هەر کەس خوای ناسی، بێبڕوا نیە!! بەڵام ئەوە حاڵیی نەبوونە، لە چەمك و واتای ئیمان، ئیمان بریتی نیە لەوەی خوا بناسی، یان پێغەمبەر ﷺ بناسی، یان قورئان بزانی، یان بزانی کە ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵکو ئیمان بریتیە لە دەرککردنی ئەو ڕاستییانەو، ڕاستیی بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی خوا، پاشان کتێب و بەرنامە بوونی قورئان و، ڕاستیی ڕەوانەکرانی موحەممەد ﷺو، ڕاستیی هەبوونی ڕۆژی دوایی، دەبێ ئەو ڕاستییانە بە عەقڵ دەرك بکەی، بەڵام بە دڵیش وەریان بگری و، پەسندیان بکەی، هەروەها بە زمانیش دانیان پێدا بێنی، بە کردەوەش بەو پێیە بەڕێوە بچی و ڕەفتار بکەی، کەواتە: ئیمان تەنیا دەرککردنی ئەو ڕاستییانە نیە، تاکو هەر کەسێك ئەوانەی، یان هەندێك لەوانەی دەرککرد، بە بڕوادار لە

قەڵـەم بـدرێ.

خــوا ﷻ دەفەرمــوێ: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ ﴿٩﴾ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠﴾ وَالَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَنشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا ۚ كَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١١﴾ وَالَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ ﴿١٢﴾ لِتَسْتَوُوا عَلَىٰ ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ ﴾، ئەگەر لێیان بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی (و، لە نەبوونەوە پەیدای کردوون)، بە جەختکردنەوە دەڵێن: (خوای) زاڵی زانا هێناونیە دی.

واتـە: خـوای باڵادەسـتی زانـا پەیـدای کردوون، لـە حاڵێکـدا دان بـە پەروەردگارێتیی و، بەدیهێنەرایەتیـی خـوادا دێنـن، کەچـی لـە پەرسـتنیدا هاوبـەش پەیـدا دەکـەن و، هاوبەشــی بـۆ دادەنێـن، یاخـود لـە بنەڕەتـەوە ئـەو هـەر ناپەرسـتن و جگـە لـەو دەپەرستن، کـە ئـەوەش دژ یەکیـی (تَنَاقُض)ە، لەوانـدا، چونکـە ئـەی مرۆڤ! مـادام خـوا خـاوەن و بەدیهێنـەرو پـەروەردگاری کـەون و کائیناتـە، بـە خۆشـتەوە، عەقڵ و مەنتیـق خوازیـاری ئـەوەن، کـە بـەس ئـەو خوایـەش خۆتـی تەسـلیم بکـەی و، بەندایەتیـی بـۆ بکـەی و ئەوپـەڕی ملکەچیـی و، بەندایەتیـی و خۆشویسـتن و، بـە بـەرزو مـەزن گرتـن و، ڕێزلێگرتـن و، پشـت پـێ بەسـتنی بـۆ ئەنجـام بـدەی.

شـایانی باسـە: ئـەو ڕاسـتییە کـە بێبڕوایەکانـی ڕۆژگاری پێغەمبـەر ﷺ، هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانـی کۆمەڵـگای پێغەمبـەری خـوا ﷺ، دانیـان بـە بەدیهێنەرایەتیـی

خـوادا هێنـاوە، بـەڵام جگـە لەویـان پەرسـتوە، بـەلای کەمـەوە لـە چـوار شـوێنی قورئانـدا هاتـوە:

١- ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ﴾ الزخرف.

٢- ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ العَنكَبُوت.

٣- ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ لُقمَان.

٤- ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ الزمر.

لـە هـەر شـوێنەدا، بـە تەعبیـرو شـێوازێکی جیـاواز لەوانـی دیکـە هاتـوە، بـەڵام لـە نێوەڕۆکیانـدا، هەمـووی هـەر ئەوەیـە کـە دانیـان هێنـاوە، بەدیهێنەرایەتیـی و پەروەردگارێتیـی و خاوەندارێتیـی خـوادا ﷻ، ئەمـەش سێ ڕاسـتییان دەگرێتـە خـۆی:

أ- خوا ناسیی شتێکی زگماك و خواڕسکە، لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا.

ب- هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، کە بە هاوبەش بۆ خوا دانەر ناوزەد کراون، خوا نەناس (مُلحِد) نەبوون.

ج- هاوبەش بۆ خوا دانان، یاخود پەرستنی جگە لە خوا، چ وێڕای خوا، چ بە تەنیا، بەدڵنیایی شتێکی دژ یەك (**مُتَناقِض**)ە، هەر بۆیەش لە سوورەتی (**العَنكَبُوت**)دا، خوا ﷻ دەفەرمویّ: ﴿ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ﴾، یانی: کەواتە بەرەو کویّ لادەدرێن؟ مادام دان

بە بەدیهێنەرایەتیی خوادا دێنن، دەبێ هەر ئەویش بپەرستن، ئیدی بۆچی لادەدرێن و ویستی خۆتان لە دەست داوە؟.

دوایی خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، دەگونجێ ئەمە قسەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بێ، دەشگونجێ فەرمایشتی خوای موتەعال بێ، کە خۆی بەو دوو وەسفە پێناسە دەکات، ئەوپەڕی عیززەت و باڵادەستیی و زاڵیی و، ئەوپەڕی زانایی، بەڵام ئەوەی دیکە کە دێ و باسی ئەوە دەکات: زەوی بۆ ئامادە کردوون و، ڕێی بۆ تێدا داناون، تاکو بە ڕێیەکاندا بگەنە ئامانجەکان و، ئاوی بە ئەندازە لە سەرێ ڕا بۆ دابەزاندوون و، زەوی مردووی پێ ژیاندۆتەوەو، جووتەکانی هەموو هێناونە دی و، کەشتییەکان و ئاژەڵەکانی بۆ ڕەخساندوون، تاکو بۆ بارو سوار بەکاریان بێنن، بێگومان ئەوە فەرمایشتی خوایە ﷻ، ئێواخنی کردوە لەگەڵ قسەکانی ئەواندا، تاکو دژیەکیی ئەوان و، ناکۆك بوونی هەڵوێستەکەی ئەوان، لەگەڵ عەقڵ و لۆژیکدا، زیاتر دەربخات.

٢)- ﴿ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا ﴾، ئەو کەس (خوا)ەی زەوی بۆ ئێوە گێڕاوە، بە ڕایەخ، خوێنراویشەتەوە: (**مِهاد**)و هەردووکیان بە مانای (**فِراش و بِسَاط**)ن، شتێك کە ڕادەخرێ، ڕایەخ، هەروەها (**مَهد**) بە مانای بێشکەو لانکەو جۆلانە دێ، کە منداڵی گچکە تێیدا دەخەوێنرێ و پشوو دەدات، واتە: خوا ﷻ زەوی بۆ ئێوە، والێکردوە: بێشکەو لانکەی منداڵ، چۆن تێیدا ڕادەژێنرێ و پشوو دەدات، بێ ئەوەی منداڵە بخات، زەویش بۆ ئێوە بەهەمان شێوەیە، زەویش بەلای کەمەوە پێنج جۆرە خولانەوەی هەن:

١- خولانەوەی بە دەوری خۆیدا، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی شەوو ڕۆژ.

٢- خولانەوەی بە دەوری خۆردا لە ماوەی ساڵێکدا، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی چوار کەشەکانی ساڵ.

٣- خولانەوەیەك لەگەڵ خۆرو کۆمەڵەی خۆردا، بەدەوری داڵی ڕاوەستاودا.

٤- پاشان سووڕانەوەیەکی دیکە، بە دەوری چەقی کەهکەشاندا.

٥- دوایی سووڕانەیەکی دیکە لەگەڵ کەهکەشاندا، بەلای کەمەوە زەوی ئەم پێنج سووڕانەوەیەی هەن، کەچی ئێمە هەستیان پێ ناکەین، لە حاڵێکدا خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، بە خێرایی (٣٠)کم لە خولەکێك دایەو، سووڕانەوەی بە دەوری خۆردا بە خێرایی (٣٠)کم لە چرکەیەك دایە، واتە: شەست هێندە خێراتر لەوەی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، بۆیەش خوا ﷻ زەوی بۆ چواندووین بە بێشکەو، لانکەو، جۆلانە، لەبەر ئەوەی ئەو جووڵانەوانەی هەن، وەك چۆن بێشکەو لانکە، ڕاژاندن و جووڵانی هەیە، بێ ئەوەی ئەو کۆرپەیەی، یاخود ئەو منداڵەی تێیدایە بیخاتە خوارێ، یاخود: وەك چۆن فەرشێك یان بەڕەیەك ڕادەخەی و خەڵك لەسەری دادەنیشێ، ئاوا خوا ﷻ زەوی بۆ ئێمە ڕاخستوە.

٣)- ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾، ڕێیەکانی بۆ ئێوە لەوێدا داناون، بەڵکو بەو ڕێیانەدا ڕێی ڕاست بگرن و بگەنە ئامانج.

(سُبُل) کۆی (سَبِيل)ە، واتە: خوا وایکردوە ئەو توێکڵی زەوییە، ئێمە بتوانین ڕێیانی تێدا دابنێین، بۆ وێنە با بیهێنینە بەرچاوی خۆمان: ئەگەر توێکڵی زەوی، کە ئێمە لەسەرینی، پۆڵا بووایە، ئاسن بووایە، کانزایەك لە کانزاییەکان بووایە، یان بەرد بووایە، بێگومان ئەو کاتە ڕێ تێدا دانانی، مەحاڵ دەبوو، یان زۆر زۆر زەحمەت دەبوو.

﴿لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾، بەڵکو بەو ڕێیانەدا ڕێی ڕاست بگرن و، بگەنە ئامانج، (**الهِدايَةُ حَقِيقَتُها: الدَّلالَةُ عَلى المَكانِ المَقْصُودِ، وتُطْلَقُ عَلى تَعْرِيفِ الحَقائِقِ المَطْلُوبَةِ**)، چییەتی هیدایەت ڕێ پێشاندانە بەرەو شوێنی مەبەست و، بەکاریش دەهێنرێ بۆ ناساندنی ڕاستییەکان، بەڵام لێرەدا واپێدەچێ، زیاتر مەبەست ئەوە بێ، بەو ڕێیانەدا بگەنە ئامانج، ئەو ڕێیە ڕاستانە بگرن و، لێیانەوە بگەنە ئەو ئامانج و مەبەستانەی دەتانەوێ.

٤)- ﴿ وَٱلَّذِى نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ ﴾، هەروەها ئەو کەسەی بە ئەندازە ئاوی لەسەرێوە دابەزاندوە، (**الَّذي**) هەم ئەمەیان، هەم ئەوەی پێشێیان و، ئەوەی دوایيان کە دێ و سێ جار دووبارە بۆتەوە: (**إسم المَوْصُول**)ە، دووبارە کراوەتەوە لەبەر گرنگیی پێدان، پێشێ دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا ﴾، دیارە ئەگەر خوا ﷻ (**الَّذي**)یشی بەکارنەهێنابایە، هەر فەرمووبای: (**وَجَعَلَ لَكُمْ الأرضَ مَهداً**)، یاخود فەرمووبای: (**وَنَزَّلَ مِنَ السَّماءِ مَاءً بقدر**)، هەروەها هی دواتریش لە ڕووی ڕێزمانییەوە، هەر دروست بوو، بەڵام سێ جاران ئەو ناوی مەوصوولەی دووبارە کردۆتەوە، لەبەر گرنگیی پێدان.

﴿ وَٱلَّذِى نَزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ ﴾، {ئـەو کەسـە ئاسـمانەکان و زەوی هێناونـە دی و، خاوەنـی گەردوونـە، بەسـەرو خواریـەوە}، کـە لەسـەرێوە ئـاوی بـە ئەنـدازە دابەزانـدوە، (**بِقَـدَر**) واتـە: (**بِمِقـدار**)، بـە ئەنـدازە، بـەو ئەندازەیـەی بـۆ ژیانـی ئێـوە پێویسـتە، نـەك پەكتـان لەسـەری بكـەوێ، هێنـدە كـەم بـێ، یاخـود هێنـدە زۆر بـێ، ژیـان و گوزەرانتـان تـاڵ بـكات، وەك لـە هەنـدێ شـوێن كـە لـە ئەنـدازە زیاتـر، ئـاو دادەبـەزێ، بـە شـێوەی بـاران و بەفـرو تـەزرە، دەبێتـە هـۆی لێزمـاو و لافـاو، تۆفانەكـەی نووحیـش نـاوداره.

٥)- ﴿ فَأَنشَرْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا ﴾، {بەو ئاوە کە لە سەرێوە دامانبەزاندوە}، سەر زەمینێکی مردوومان پێ ژیاندەوە، (**أنشَرنَا: الإنشَارُ : الإحيَاءُ**)، واتە: زیندووکردنەوەو، ژیاندنەوە، لەبەر ئەوەی مردوو لە شوێنی خۆی چەسپاوە، بەڵام زیندوو دەجووڵێ و بڵاودەبێتەوە، (**أَنشَرنَا**) لە (**نَشْر**)ەوە هاتوە، یانی: بڵاوکردنەوە، چونکە لە ئەنجامی ئەوەدا، کە ژیانداران هەر لە ڕووەکەوە بگرە، هەتا زیندەوەران و پەلەوەرو ئاژەڵان و، ...هتد، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ژیانیان تێدایە، جموجۆڵ و گەشەکردن و هات و چۆیان دەبێ، وشەی (**مَيْتاً**) خوێندراویشەتەوە: (**بَلْدَةً مَيِّتاً**)، کە لە زۆر شوێنی قوڕئاندا، هەم بە زەنەش هاتوەو، هەم بە گیرەش هاتوەو، هەر یەك واتاشیان هەیە.

٦)- ﴿ كَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ ﴾، هەر بەو شێوەیەش دەردەهێنرێنەوە، (أي: مِثلُ ذَٰلِكَ الإنتِشَارِ، تُخرَجُونَ مِنَ الأرْضِ بَعْدَ فَنَائِكُم)، واتە: وەك چۆن ئێستا لە ئەنجامی دابەزێنرانی ئاو لە سەرێوە، سەر زەوی دەژێیتەوە، ئەو سەر زەوییە مردوە، جارێکی دیکە دەکەوێتەوە جموجۆڵ، بە هەمان شێوە ئێوەش هەر بەو شێوەیە دەردەهێنرێنەوە، واتە: زیندوو دەکرێنەوەو، جەستەکانتان لە زەوی دەهێنرێنەوە دەر، وشەی (تُخرَجُون) واتە: دەردەهێنرێنەوەو، خوێنراویشەتەوە: (تَخرُجُون)، بەو شێوەیە دێنەوە دەر، واتە: هەم بکەر نادیار (مَجهُولُ الفاعِل)، هەم بکەر دیار (مَعلُومُ الفاعِل)، هاتوە.

٧)- ﴿ وَٱلَّذِی خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا ﴾، هەروەها (خوا ﷻ كە بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوییە)، ئەو زاتەیە كە هەموو جووتەكانی هێناونە دی، (فَيُطلَقُ عَلَى كُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا أَنَّهُ زَوجٌ لِلآخَر مِثْلَ الشَّفْع)، وشەی (أزوَاج) كۆی (زَوج)ە، (زَوج)یش ئەوەیە شتێك لەگەڵ شتێكی دیكەدا، كە لە بەرانبەریەتی، پێكەوە دەبن، بەهەر كامیان دەگوترێ: (زَوْج)، ئەو (زَوْج)ی ئەوەو، ئەویش (زَوج)ی ئەوە، ئنجا ئەوە لە مرۆڤان داو، لە ئاژەڵانداو، تەنانەت لە شتەكانی دیكەش دا، وەك پێڵاو و، نەعل، گۆرەوی و ئەو شتانەی دووانن، بە هەر كامێكیان دەگوترێ: (زَوج) نەك هەتا پێكەوە نەبن وشەی (زَوج)یان بۆ بەكارنەیەت، بەڵكو (زوج) بۆ هەر كامێكیان بەكاردێ، ئنجا ئایا لێرەدا مەبەست لە (أزوَاج)، تەنیا جووتەكانی ژیاندارانن، واتە: ڕووەك بە هەموو جۆرەكانیەوەو، ژیانداران بە هەموو جۆرەكانیانەوە، هەر لە زیندەوەرە گچكەكانەوە بگرە، هەتا درشتەكان، دوایی پەڕەوەرەكان، دوایی خشۆكەكان، ئاژەڵان و، دڕندەكان، تاكو دەگاتە مرۆڤ، ئایا مەبەست پێی ئەوەیە، یاخود مەبەست پێی هەموو دروستكراوەكانە؟! لە ڕاستیی دا هەردووكیان دەگرێتەوە، وەك لە شوێنی دیكەدا، هەم لە سوورەتی (یس)داو هەم لە سوورەتی (الذّاریات)دا، خوا ﷻ باسی ئەوەی كردوە، كە دەفەرموێ: ﴿ وَمِن كُلِّ شَیۡءٍ خَلَقۡنَا زَوۡجَیۡنِ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾، واتە: لە هەر شتێك جووتمان دروست كردوە، (زَوج) واتە: جووت، لە هەموو شتێك، كاتی خۆی وایانزانیوە، تەنیا لە ژیاندارانداا جووت هەیە، بەڵام ئێستا دەركەوتوە كە هیچ ڕووەكێك نیە، نێرو مێی نەبێ، ئنجا هەیە نێرو

مێیەکەی بە جیان، وەك دارخورماو، هەیە نێرو مێیەکەی لە نێو خۆی دایە، وەك گەڵێك لە گوڵ و ڕووەکەکان، بەڵکو ئێستا دەرکەوتوە، کە ماددەی بێ ژیانیش، جۆرێك لە جووتێتیی تێدایە، کە لە سێ بەش پێك دێ: ئێوك، کە لە پرۆتۆن و نیوترۆن پێك دێ، پرۆتۆن (proton) بارگەیەکی موجیبی هەیە، بەڵام نیوترۆن (Neotron) بێ بارگەیەو، ئەلیکترۆن(Electron)یش بارگەیەکی سالیبی تێدایە، واتە: ئەوانیش هەر ساردو گەرم و جۆرێك لە جووتێتییان تێدایە، لە گەردیلەوە بگرە تاکو هەر شتێکی دیکە، دوایی ئاسمان و زەوی، دنیاو دوارۆژ، چاك و خراپ، ڕاست و چەوت، ساردو گەرم، بە هەشت و دۆزەخ، ئەوانەش هەموویان هەر جووتن و دوو دوو پێکەوە، لە بەرانبەر یەکدیدان.

٨)- ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ ﴾، لە کەشتییەکان و لە ئاژەڵان، هۆکاری وای بۆ ڕەخساندوون، سواریان بن، (مَا تَركَبُونَ)، صیلەکەی قرتێنراوە، کە بە زۆریی لە قورئاندا وایە، واتە: (مَا تَركَبُونَه)، ئەوەی سواری دەبن، لە بارەی (الأنعام) یشەوە دوو ڕا هەن:

أ- وشترو ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزن.

ب- ڕایەکی دیکەش هەیە، کە (الأنعام) هەموو ئاژەڵەکانی دیکەش بگرێتەوە، بە فیلەوەو، بە وڵاخە بەرزەوەو، بە گوێدرێژو هێسترەوە، هەموویان، ئنجا هی ئەوان دیارە، مرۆڤ سواری پشتیان دەبێ، (مَا تَركَبُونَ) ئەوانەی سواریان دەبن، بەڵام هی کەشتیی، تێیدا سوار دەبین، کەچی لێرەدا دەفەرموێ: (مَا تَركَبُونَ)، بۆیەش خوا ﷻ نەیفەرمووە: (مَا تَركَبُونَهُ)، یان (مَا تَركَبُونَ فِيهِ)، لێرەدا بەرکارخواستنی ڕاستەوخۆ، واتە: بێ ئەوەی پێویستیی بە پیتێك بێ، زاڵکراوە بە بەرکار خواستن بە هۆی پیتەوە، چونکە مەبەستەکە دیارە وصیلەکەش، قرتێنراوە لەبەر ئەو زاڵکردنە، بۆیە خوا ﷻ فەرموویەتی: (مَا تَركَبُونَ).

هەڵبەتە خوا ﷻ کە سێ جاران (الَّذي) دووبارە کردۆتەوە، لەبەر ئەوەیە کە هەر کام لەو نیعمەت و چاکانەی خوا ﷻ سەربەخۆن، واتە: هەر کامیان لە خودی خۆیدا، نیعمەت و چاکەی خوای بەخشەرە، لە سوورەتی (یس)یش دا، خوا

ﷺ ئاماژەی بە کەشتییەکان و، بە وڵاخی سواریی کردوە، ئنجا ئەگەر حوشتر بێ بە تەنیا، یاخود ئەوانی دیکەش بن، کە دەفەرموێ: ﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿٤١﴾ وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾، واتە: نیشانەیەکی دیکە بۆ ئەوان ئەوەیە، کە ئێمە وەچەی ئەوانمان لە کەشتیی پڕدا هەڵگرتوە.

وا پێدەچێ مەبەست پێی کەشتییەکەی نووح بێ، واتە: وەچەی نووح ؑ، لەو کەشتییە پڕەدا هەڵمانگرتن، چونکە ئەوانەی ئێستاش هەر لە وەچەی ئەوانەن، کە لەو کەشتییەدا هەڵگیراون، ﴿ وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾، لە شێوەی ئەو کەشتییەش شتێکمان بۆ دروست کردوون، کە سواری ببن، واتە: کەشتیی لە دەریاداو، ئەوەی لە شێوەی کەشتییشە، لە وشکانیی دا، هەندێك لە زانایان بە حوشتریان گوتوە: (**سفينة الصَّحراء**)، کەشتیی بیابان، بەڵام پێم وایە ئەوە تەنیا حوشتر ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ئاژەڵ و وڵاخانەی بۆ بارو سوار بەکاردەهێنرێن، دەیگرێتەوە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ ﴿٤٢﴾ ﴾، لە شێوەی کەشتیی دا، ئێمە ناچار ناکات بڵێین: تەنیا مەبەست پێی حوشترەو وشەی (**الأنعام**)یش لە شوێنی خۆیدا باسمان کردوە، کە جگە لە حوشترو، ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزن، پێم وایە ئاژەڵەکانی دیکەش دەگرێتەوە، فیلیش دەگرێتەوە، کە لە هەندێ وڵاتان فیل زیاتر بەکاردێ بۆ بارو سوار، هەروەها گوێدرێژ دەگرێتەوەو، هێستر دەگرێتەوەو، وڵاخە بەرزەش دەگرێتەوە، بە هەر دووك جووتی ئەسپ و ماینەوەو، ئەگەر حوشتر لە هەندێك شوێنان هەیە، کەرو هێسترو ئەسپ و ماین، لە هەندێ شوێنان زیاتر هەن و، فیل لە هەندێ شوێنان زیاتر هەیەو، بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن.

خواش ﷻ وەختێ وشەیەك بەکاردێنێ، چۆن چەمك و واتایەکەی فراوانترو گشتگیرتر بێ، ئەوە زیاتر شایستەی کتێبی خوایە، وەك (**الطَّبَري**) پێشەوای توێژەرەوان عادەتی وایە، لە تەفسیرەکەیدا.

٩)- ﴿ لِتَسْتَوُۥا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ ﴾، بۆ ئەوەی بچنە سەر پشتی، واتە: پشتی ئەو شتەی خوا ڕەخساندوویەتی بۆ سوار بوون، ﴿ وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ ﴾، ئەم (مَا)یە، واتە: (الَّذِي تَرْكَبُونَهُ)، ئەوەی سواری دەبن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ لِتَسْتَوُۥا۟ عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ ﴾، ئەگەر بۆ کەشتیی و بۆ ئاژەڵەکان چووبایەوە، دەبوو فەرمووبای: (لِتَسْتَوُا عَلَى ظُهُورِها)، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ (مَا)یەکە دەگەڕێتەوە، ئەوەی سواری دەبن، کە دیارە کاتی خۆی تەنیا کەشتیی و حوشترو ئاژەڵەکان هەبوون، بەڵام ئێستا چەندان جۆرە هۆکاری بارو سوارو هاتوچۆ هەن، سەیارەو شەمەندەفەر، بە هەموو جۆرەکانیانەوەو، فڕۆکە لە ئاسمان و لە نێو هەوادا، (ما) هەمووی دەگرێتەوە.

(الإسـتِوَاءُ: الإعْتِـلاءُ): چوونـە سـەر، بچنـە سـەر پشـتی، یاخـود سـەقامگیر بـن لەسـەر پشـتی، (ظُهُور)یـش کـۆی (ظَهـر)ە، واتـە: پشـتەکانیان، (ظَهر)یـش زیاتـر پشـتی ئاژەڵـەکان دەگرێتـەوە، نـەك کەشـتیی، بـەڵام ئەمـە زاڵکردنـی ئاژەڵانـە بەسـەر کەشـتیی دا، هەرچەنـدە دەشـگونجێ بڵێیـن: کەشـتییش هـەر دەچیـە سـەر پشـتی، یـا بچیـە نێویشـی، یـان چەنـد قاتیـش بـێ، ئاچیـە ژێـری، هـەر دەچیـە سـەری.

١٠)- ﴿ ثُمَّ تَذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ ﴾، [(ثُمَّ): لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی کاتیی و پلەبیشە]، واتە: دوای ئەوەی دەچنە سەر پشتی، یادی چاکەی پەروەردگارتان بکەنەوە، ﴿ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ ﴾، دوای ئەوەی سەقامگیر بوون و چوونە سەر پشتی ئەو هۆکارەی خوا ﷻ بۆی ڕەخساندوون، ئنجا کەشتییە، یان ئاژەڵەکانن، یان هۆکاری دیکەن، کە خوا ﷻ توانای داناوە بە مرۆڤ، بیانڕەخسێنێ، وەك فڕۆکەو شەمەندەفەرو جۆرەکانی سەیارە.

١١)- ﴿ وَتَقُولُوا۟ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا ﴾، [چاکەی پەروەردگارتان یاد بکەنەوە، ئنجا] بڵێن: پاکیی بۆ ئەو کەسەی ئەمەی بۆ ڕەخساندووین، ﴿ سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا ﴾، واتە: (هَذا المَركوب)، ئەم هۆکارە کە سواری دەبین، بۆی ڕەخساندووین، بۆی ملکەچ کردووین.

١٢)- ﴿ وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴾، ئێمە بۆ ئەو هۆکارەش، ملپێکەچکەر نەبووین و توانامان بەسەریدا نەدەشکا، (مُقْرِنِين أي: مُطِيقِين، أَقْرَنَ، أي: أَطَاقَ) واتە: توانای بەسەریدا شکا، یاخود (مُقرِنِين، أي مُطَوِّعِين)، واتە: توانای ئەوەمان نەبوو، دەستەمۆی بکەین و ملکەچی بکەین، ئەگەر خوا ﷻ بۆی ملکەچ نەکردباین، هەندێکیش (مُقرِنِين)یان بە (ضَابِطِين)، واتە: کۆنترۆڵکەران، کە ئێمە مەرزەمیان بکەین، ئێمە تواناما‌ن بەسەردا نەدەشکان مەرزەمیان بکەین، ئەگەر خوا بە تایبەت ئاژەڵەکانی وا نەڕەخساندبانایە، کە حوشترێکی گەورە، منداڵێکی گچکە دەتوانێ یەخی بدات، فیلێکی گەورە، منداڵێك دەتوانی باری لێ بنێ، چونکە خوا ﷻ دەستەمۆی کردوە، هەروەها ئاژەڵەکانی دیکە، لە ئەسپ و ماین و هێسترو کەر، هەر کامێك لەوانە، ئەگەر خوا ﷻ دەستەمۆو ملکەچی نەکردبایەو ڕامی نەکردبایە، مرۆڤ توانای بەسەریدا نەدەشکا.

١٣)- ﴿ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە، (الإنقِلابُ: الرُّجُوعُ إلى المَكانِ الَّذِي يُفارِقُهُ)، وشەی (إنقِلاب)، واتە: گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی، لێی جیا دەبێتەوە، کەواتە: ئێمە کاتی خۆی لە لای پەروەردگارمانەوە هاتووین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، واتە: مرۆڤ دەبێ بە سەفەرە جوزئییەکانی خۆی و، ئەو سەفەرانەی کە لە ژیانی دنیادا دەیانکات، لەوێ بووەو لەوێ بووە، سەفەری ژیانی خۆی بێتەوە بیر، لەو بارەوەش ئەو فەرمایشتە دێنین:

[عَنِ ابنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَسولَ اللهِ ﷺ، كانَ إذا سافَرَ رَكِبَ رَاحِلَتَهُ ثُمَّ كَبَّرَ ثَلاثَةً فَقَالَ: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ﴾)، (أخرجه مسلم: ٣٧٨، وأبو داود ٢٥٩٩، والترمذي ٣٤٤٧).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك بە سەفەر دەچوو، سواری حوشترەکەی دەبوو، دوایی سێ جاران (ألله أَكبَر)ی دەکرد، دوای دەیفەرموو: (سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَـذَا، وَمَا كُنَّا لَهُ مُقرِنِين، وَإِنَّا إلى رَبِّنا لَمُنقَلِبون)، پاکیی بۆ ئەو کەسەی ئەمەی بۆ دەستەمۆ کردووین

و، ئێمە توانامان بەسەریدا نەدەشكاو، توانادار نەبووین بەسەریدا، ئەگەر خوا ﷻ ملكەچ و دەستەمۆی نەكردبایە، بە دڵنیاییی ئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە.

واتە: وەك چۆن ئێستا سەفەر دەكەین، لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێك، دواییش لەم سەر زەوییەوە سەفەر دەكەین و، ڕووحەكانمان دەچنەوە بۆ خزمەت خوا ﷻ.

سُبْحَانَكَ اللّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە یازدە (١١) ئایەت پێـك دێ: (١٥ - ٢٥)، كە تەوەری سـەرەكییان خسـتنەڕووی پووچەڵیـی شـیركی پاڵدانـی ڕۆڵەیـە بـۆ لای خـوا، بـە تایبـەت بەنـدەی مێینـە، كـە مەبەسـتیان فریشـتەكان بـووە، گوایـە مێینـەن!

ئنجا خـوا ﷻ ڕوونـی كردۆتـەوە، كـە لاف لێدەرانـی ئـەو ئەفسـانەیە، نـە بەڵگـەی عەقڵیـی و ئەزموونییـان هەیـە، نـە هـی نەقڵیـی و، سـەرچاوە گرتـوو لـە وەحیـی خـوا، تەنیـا پاساویشـیان لـەو بـارەوە، لاسـاییكردنەوەو شـوێنكەوتنی پێشـینانیانەو، خـوای زانـاو شـارەزاش، ئـەو بیانـوو و پاساوەشـی لـێ هەڵوەشـاندوونەوە، بـەوە كـە لـە دوای ڕانوێنرانـی ڕێـی ڕاسـت و دروسـت، لاسـاییكردنەوەی پێشـینان هیـچ مانـای نیـەو، نیشـانەی نەزانیـی و كەودەنییـە.

﴿ وَجَعَلُواْ لَهُۥ مِنۡ عِبَادِهِۦ جُزۡءًاۚ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ مُّبِينٌ ١٥ أَمِ ٱتَّخَذَ
مِمَّا يَخۡلُقُ بَنَاتٖ وَأَصۡفَىٰكُم بِٱلۡبَنِينَ ١٦ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحۡمَٰنِ
مَثَلٗا ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٌ ١٧ أَوَمَن يُنَشَّؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ وَهُوَ فِي
ٱلۡخِصَامِ غَيۡرُ مُبِينٖ ١٨ وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًاۚ أَشَهِدُواْ
خَلۡقَهُمۡۚ سَتُكۡتَبُ شَهَٰدَتُهُمۡ وَيُسۡـَٔلُونَ ١٩ وَقَالُواْ لَوۡ شَآءَ ٱلرَّحۡمَٰنُ مَا عَبَدۡنَٰهُمۗ مَّا لَهُم
بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ ٢٠ أَمۡ ءَاتَيۡنَٰهُمۡ كِتَٰبٗا مِّن قَبۡلِهِۦ فَهُم بِهِۦ
مُسۡتَمۡسِكُونَ ٢١ بَلۡ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ
٢٢ وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا
عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ ٢٣ ۞ قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ

عَلَيْهِ ءَابَآءَكُمْ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها (بێبڕوایەکان)، لە نێو بەندەکانی (خوا)دا، بەش (ڕۆڵە)ێکیان بۆ دانا، بەڕاستیی مرۆڤ(ی بێبڕوا)، سپڵەیەکی زۆر ئاشکرایە ﴿١٥﴾ (چۆن خوا ڕۆڵەی دەبێ!)، یان ئایا لەوانەی هێناونیە دی، کچانی بۆ خۆی پەسند کردوون و، کوڕانیشی تایبەت کردوون بە ئێوەوە؟ (ئەی بێبڕوایەکان!) ﴿١٦﴾ هەر کاتیش یەکێکیان موژدەی بەوە پێدرا، کە بۆ (خوای) بە بەزەیی بە وێنەی هێناوەتەوە (کە مێینەیە)، ڕووی ڕەش دادەگەڕێ و لەبەر خۆیەوە پیشخۆرەوەیە (پەست و بێزارە) ﴿١٧﴾ ئایا کەسێك (پاڵدەدەنە لای خوا، وەك ڕۆڵە)، کە لە ڕازاوەیی دا پێدەگات و، لە دمبەدمەشدا ناڕوونکەرەوەیە (بۆ مەبەستەکانی)؟ ﴿١٨﴾ هەروەها (بێبڕوایەکان)، ئەو فریشتانەیان بە مێینە دانان، کە بەندەی (خوای) بە بەزەیین! ئایا ئامادەی دروستکرانیان بوون، (تاکو ڕەگەزیان بزانن، لە حاڵێکدا کە بێ ڕەگەزن)؟ شایەدییدانەکەیان دەنووسرێ و، لێشیان دەپرسرێتەوە، (لەسەر چ بنەمایەك قسەی وایانکردوە؟!) ﴿١٩﴾ (بێبڕوایەکان) گوتیشیان: ئەگەر (خوای) بە بەزەیی ویستبای (ڕێمان لێبگرێ)، نەماندەپەرستن، هیچ زانیارییەکیان بەوە نیە، (ئەوان بەس لە گۆترە دەدوێن و، قسەی بێ بناغە دەکەن) ﴿٢٠﴾ یان ئایا پێش وی (بەر لە قورئان)، کتێبێکمان پێداون، ئنجا ئەوان توند دەستیپێوە گرتووە؟ ﴿٢١﴾ (نەخێر) بەڵکو گوتیان: ئێمە باب و باپیرانمان، لەسەر ڕێیەك لێ هەڵکەوتووەو، ئێمەش بە شوێنەوارەکانیاندا ڕاستە ڕێ بووین ﴿٢٢﴾ هەر بەو شێوەیە لە پێش تۆشدا (ئەی موحەممەد!)، هیچ ترسێنەرێکمان (وریاکەرەوەیەکمان)، لە هیچ ئاوەدانییەکدا، نەناردوە، مەگەر خۆشگوزارانەکانی

گوتوویانە: ئێمە باب و باپیرانی خۆمانمان لەسەر ڕێیەك لێ هەڵکەوتووەو، بە دوای شوێنەوارەکانیاندا پەیڕەوییکارین (٢٣) (پێغەمبەرەکەیان) گوتی: ئایا ئەگەر (بەرنامەیەکی) ڕێنماییکارترم بۆ هێنابن، لەوەی باب و باپیرانتان لەسەری دیوە (هەر شوێنی ناکەون)؟ گوتیان: بێگومان ئێمە، بەوەی پێی نێردراون بێبڕواین (٢٤) ئیدی سەرەنجام تۆڵەمان لێکردنەوە، ئنجا سەرنج بدە! سەرەنجامی بە درۆدانەرانی (پەیام و پێغەمبەرانی خوا) چۆن بوو! (٢٥)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(جُزْءًا): واتە: بەشێك، (جُزْءُ الشَّيءِ: مَا يَتَقَوَّمُ بِهِ جُملَتُهُ، ﴿لِكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ (٤٤)﴾ أي: نَصِيب)، بەشی هەر شتێك، ئەوەیە کە تێکڕای شتەکە لە چەند بەشێك پێك دێ، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الحِجر)دا فەرموویەتی: ﴿لِكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ (٤٤)﴾، لە هەر دەروازەیەك لە دەروازەکانی دۆزەخەوە، بەشێکی دیاریکراو لە بێبڕوایەکان دەچنە ژوورێ.

(وَأَصْفَىٰكُم): واتە: ئێوەی هەڵبژاردووەو تایبەت کردووە، (أَصْلُ الصَّفَاءِ خُلُوصُ الشَّيءِ مِنَ الشَّوْبِ)، وشەی (صَفَاء): لە بناغەدا بریتیە لەوەی شتێك لە خڵتە پاك بێتەوە، (الصَّفَا: الحِجَارَةُ الصَّافِيةُ، وَالإصطِفَاءُ تَنَاوُلُ صَفْوِ الشَّيءِ)، (صف) بە بەردێکی سپیی لووسی ساف دەگوترێ، (اصطفاء)یش ئەوەیە کە هەڵبژاردەی شتێك وەربگرێ.

(ظَلَّ): (ظَلْتُ، وَظِلْتُ، بِحَذْفِ إحْدَى اللاَّمَيْنِ، وَعَبَّرَ بِهِ عَمَّا يُعْمَلُ فِي النَّهَارِ، وَيَجْرِي مَجْرَى صِرْتُ)، (ظَلْتُ وَظِلْتُ): بە لابردنی یەکێك لە دوو لامەکانی، کە لە ئەسڵ دا (ظَلَلْتُ) یان (ظَلِلْتُ)یە، تەعبیری پێ دەکرێ لەو شتەی بە ڕۆژ دەکرێ، وەك چۆن (بَاتَ) تەعبیری پێدەکرێ بەوەی بە شەو دەکرێ.

(مُسۡوَدّٗا): واتـە: ڕەش هەڵگـەڕاو، ڕەش داگـەڕاو، (**إِسْـوَدَّ، وَاسْـوَادَّ فَهُـوَ مُسْـوَدٌّ**)، ڕووی ڕەش داگەڕاوە لـە خەفەتان، بـە یەکێك دەگوترێ: شـین و مـۆڕ بۆتـەوە، یـان ڕەش هەڵگـەڕاوە.

(كَظِيمٞ): (**الكَظَمُ: مَخْـرَجُ النَّفَـس**)، (**كَظَـم**): ئـەو شـوێنەیە کـە هەناسـەی لێـوە دێ، واتـە: قوڕقوڕاگـە، (**الكُظُـومُ: إِحتِبَـاسُ النَّفَـسِ وَيُعَـبَّرُ بـِهِ عَـنِ السُّـكُوتِ، وَكَظْـمُ الغَيْـظِ: حَبْسُـهُ**)، (**كُظُـوم**): بریتیـە لـە حەپسـکردنی هەناسـەو، تەعبیـری پـێ دەکـرێ لـە بـێ دەنگیـی، بـێ دەنگییـەك لـە تووڕەیـی و پەسـتیی، (**كَظْمُ الغَيْـظ**)، ئەوەیـە ڕق و تووڕەیـی حەپـس بکـرێ و نەهێڵـرێ بێتـە دەرێ.

(يُنَشَّؤُاْ): (**النُّشْـأُ وَالنَّشْـأَةُ: إِحْـدَاثُ الـشَّيءِ وَتَرْبِيَتُـهُ، يُنَشَّـأُ فِي الحِلْيَـةِ: يُـرَبَّى كَتَرْبِيَـةِ النِّسَـاء**)، (**نَشْـأ وَنَشْـأَة**): بریتیـە لـەوەی شـتێك پەیـدا بکـرێ و پـەروەردە بکـرێ، (**يُنَشَّـأُ فِي الحِلْيَـةِ**)، واتـە: پـەروەردە دەکـرێ، وەك پـەروەردە بوونـی ئافرەتـان، لـە خشـڵ و جوانییـدا.

(ٱلۡحِلۡيَةِ): (**الحُـلِيُّ جَمْـعُ الحَـلِي، نَحـو الثَّـدِي وَالثُّـدِي، وَقِيْـلَ: الحِليَـةُ جَمْعُهَـا حِـلِيٌّ**)، (**حُـلِي**): کـۆی (**حَـلِي**)ە، وەك (**الثَّدِي، وَالثُّـدِي**)، (**ثَدِي**) کۆیەکەیەتی، (**ثُـدي**) تاکەکەیەتی، واتـە: مەمـك، هەروەهـا گوتـراوە: (**حِليَـة**) کۆیەکـەی (**حِـلِيّ**)ە، خەشـڵەکان.

(ٱلۡخِصَامِ): واتـە: مشـتومڕ، یاخـود شـەڕە قسـە، (**الخَصْـمُ: مَصْـدَرُ خَصَمْتُـهُ، أي: نَازَعْتُـهُ**)، شـەڕە قسـەم لەگەڵـی کـرد، یـان ناکـۆك بـووم لەگەڵـی، (**مُخَاصَمَـة وَخِصَـام**)، هەردووکیـان چاوگـن، (**وَالخَصِـمُ: المُخْتَـصُّ بِالخصُمَـة**)، (**خَصِـم**): کەسـێکە تایبـەت بـێ بـە شەڕەقسـەو موناقەشـەوە.

(يَخۡرُصُونَ): (**الخَـرصُ: حَـرْزُ الثَّمَـرَة، وَالخِـرْصُ المَحْـزُورُ، وَقِيْـلَ: الخَـرْصُ الكَـذِبُ**)، (**خَـرص**): بریتیـە لـە قرسـاندنی میـوە بـە درەختەکەیـەوە، بیقرسـێنی چەنـدی پێـوە دەبـێ، (**خِـرْص**): بریتیـە لـەوەی قرسـێنراوە، هەندێکیـش گوتوویانـە: (**خَـرْص**)، واتـە: درۆ، (**حَقِيْقَـةُ ذَلِـكَ أَنْ كُلُّ قَـولِ مَقـولِ عَـنْ ظَـنِ تَخمِـين: خَـرْصٌ**)، ئەویـش بەهـۆی

ئەوەوە، کە هەر قسەیەك لەسەر بناغەی گۆترەو گومان گوترابێ، جۆرێکە لە قرساندن.

(ءَاثَرِهِم): (أَثَرُ الشَّيء: حُصُولُ مَا يَدلُّ عَلَى وُجُودِهِ، أَثَر وَإِثْر)، (آثار) کۆی (أثر)ە، کە بریتیە لە پەیدابوونی شوێنەوار لەسەر شتێك، کە بەڵگە بێ لەسەر ئەوەی، ئەو شتە هەیە، کە هەم (أَثَر)ی پێ دەگوترێ، هەم (إثْر)ی پێ دەگوترێ، هەردووکیان بە مانای شوێنەوارن.

(مُتْرَفُوهَآ): خۆشگوزەرانەکانی، (التُّرْفَةُ: التَّوَسُّعُ فِي النِّعْمَةِ، وأُتْرِفَ فَهُوَ مُتْرَفٌ)، (تُرْفَة): بریتیە لە فراوانیی لە نازو نیعمەتدا، دەگوترێ: (أُتْرِفَ)، واتە: خۆشگوزەران بوو، (فَهُوَ مُتْرَفٌ)، ئەو خۆشگوزەرانە.

(مُّقْتَدُونَ): (قدا يَقْدُو قَدْواً، قَرُبَ: يَقْرُبُ، قُرباً)، واتە: نزیك بوونەوە، هەروەها بە مانای خێرایی کرد، دێ، (أسرَعَ)، (قَدا الطَّعَامُ أي: طاب طَعْمُهُ و رَائِحَتُهُ)، واتە: تامەکەی و بۆنەکەی خۆش بوو، (إقتَدى بِهِ)، واتە: کارێکی کرد، وەك کارەکەی وی، خۆی وەك ئەو لێکرد، وەك لە سوورەتی (الأنعام)، ئایەتی ژمارە: (٩٠)دا، دەفەرموێ: ﴿ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ﴾، واتە: بە دوای ڕێنمایی ئەوان بکەوە[1].

(فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ): تۆڵەمان لێکردنەوە، (إنْتَقَمَ مِنْهُ: عَاقَبَهُ، النِّقْمَةُ: العُقُبَةُ، نَقَمَ، يَنْقِمُ، نَقْماً، وَنقُوماً: عَاقَبَهُ، نَقَمَ الشَّيءَ: أَنْكَرَهُ وَعَابَهُ)، (إنْتَقَمَ مِنْهُ)، واتە: سزایدا، چونکە (نِقْمَة) بە مانای سزایە، (نَقَمَ، يَنْقِمُ، نَقْماً، وَنقُوماً)، بە مانای سزایدا، دێ، (نَقَمَ الشَّيء)، ڕەخنەی لێگرت و عەیبی لێگرت.

---

(١) المُعجَمُ الوَسيط: ص٩٤٨.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای بەرزومەزن لەم یازده (١١) ئایەتەدا، وەك پێشتریش گوتمان: پووچەڵیی جۆرێك لە هاوبەش بۆ خوا دانان، کە بریتیە لە هاوبەش بۆ خوا دانان، بە پاڵدانی ڕۆڵە بۆ لای خوا، (نِسبَةُ الوَلَدِ إلی الله ﷻ)، لەم چەند ئایەتە موبارەکەدا، ئەو بیرۆکەیە پووچەڵ دەکاتەوە، ئەو بیرۆکەیەش کاتی خۆی، بەڵێ لەو ژینگەو کۆمەڵگایەدا، کە پێغەمبەری خاتەمی ﷺ تێدا هاتوە، کە کۆمەڵگای نەفامیی، عەرەب بووە و لەسەردەمی نەفامییان دا، ئەو کاتە ئەو بیرۆکەیە زۆر زەق بووەو، کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (الأنعام)دا باسمان کرد، بەڵام ئەوە تەنیا لە کۆمەڵگای عەرەبیی، پێش ئیسلامدا نەبووە، بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگایەکاندا ئەو بیرۆکەیە هەبووە، ئێستاش لەگەڵدا بێ ئەو بیرۆکەیە هەر هەیە، نەصرانییەکان ئێستاش لەگەڵ دابێ، عیسا ﷺ بە ڕۆڵەی خوا ﷻ دەزانن، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ئەو بیرۆکەیە هەیە، لە نێو گەلێك لە کۆمەڵگاکاندا، کەم و زۆر، ئەو بیرۆکەیە هەر هەیە، بە تایبەت کە فریشتەکان پاڵدەدەنە لای خوا، وەك مێینەو، شەیتانەکانیش پاڵدەدەنە لای خوا، وەك کوڕ، وەك لە سوورەتی (الأنعام)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَقُوا لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيۡرِ عِلۡمٍۚ ﴿١٠٠﴾ ﴾، واتە: کوڕان و کچانیان بۆ هەڵتاشین بەبێ زانیاریی، کە کاتی خۆی لە بەرگی پێنجەمی تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێزدا باسمان کردوەو، لەو بارەوە دواوین.

ئنجا لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُواْ لَهُۥ مِنۡ عِبَادِهِۦ جُزۡءًاۚ ﴾، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، بێبڕوایەکان، بەشێکیان بۆ خوا بڕیاردا لە بەندەکانی، واتە: بەندەکانیان کردنە بەشێك لە خوا، چونکە ڕۆڵەی هەر کەسێك، بەشێکە لەو کەسە، وەك کوردەواریی خۆمان بە منداڵ دەڵێن: (جگەرگۆشە)، واتە: پارچەی جگەر، یانی

گۆشەی جگەری مرۆڤە، کە تەعبیرەکەیان وا هاتوە، ئەگەرنا وەچەی مرۆڤ لە نوتفەی مرۆڤ، باب و دایك پەیدادەبێ، کە دیارە ئەو نوتفەیش لە خوێن پەیدادەبێ، ئەو خوێنەش بە دڵنیایی لەو خواردنە هەرسکراوە، کە مرۆڤ دەیخوات، دەرەخسێ، ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤ زۆر سپڵەیەکی ئاشکرایە، سپڵەیەکی ڕوون و زەقە، گومانی تێدانیە کە ئینسان لێرەدا، کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، مەبەست پێی (جِنس)ی مرۆڤ نیەو هەموو مرۆڤێك وانیە، بەڵکو مەبەست مرۆڤێکی تایبەتە، واتە: مرۆڤی بێبڕوا، زۆر سپڵەیە، سپڵەیەکی ئاشکرا، هیچ پەردەی بەسەرەوە نیە، لەبەر ئەوەی ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی لە ئایەتەکانی پێشوودا باسکران، خوا ﷻ بۆی ڕەخساندوون، کەچی وا مامەڵە لەگەڵ خوا دەکات، کە هەندێك لە دورستکراوەکانی خوا بە ڕۆڵەی خوا دابنێ و، ئەوەش سپڵەییە بەرانبەر بە خوا ﷻو نەناسینی قەدرو پایەی بەرزو بێ وێنەی خوایە.

﴿أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَىٰكُم بِٱلْبَنِينَ﴾، {چۆن ڕۆڵەی پاڵدەدەنە لا!} یان ئایا لەوانەی دروستیکردوون، کچانی بۆ خۆی هەڵبژاردوون و، ئێوەشی تایبەت کردوە بە کوڕانەوە! لێرەدا خوا ﷻ بەپێی عەقڵی دواکەوتووانەو پووچی بێبڕوایەکان قسە دەفەرموێ، کە ئەوان کوڕیان پێ چاکتر بووە لە کچ و، بە کوڕ زۆر دڵخۆش دەبوون و، بە کچان دڵتەنگ دەبوون، ئەگەر کچیان بووبایە، بەڵکو جاری وابوو کچیان زیندە بە چاڵ دەکردن، هەندێ لە تیرەکانی عەرەب، کچیان زیندە بەچاڵ دەکردن، بۆیە خوا دەفەرموێ: چۆن لەوانەدا کە دروستیکردوون، کچان - کە بەلای ئێوەوە نەویستراون - بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، کەچی کوڕان، دەدا بە ئێوەو ئێوەی تایبەت کردوون بە کوڕانەوە؟ دیارە کچیشی هەر داونێ، بەڵام ئەگەر بەو پێیە بێ، یانی: خوا خۆی بەس کچی هەن، بەڵام ئێوە وێڕای کچان، کوڕیشی داونێ، (**أَصْفَكُم أي: ءَاثَرَكُم**)، واتە: ئێوەی هەڵبژاردوەو، تایبەت کردوە، (**خَصَّكُم بِالبَنِين**)، کە ئەوەش شتێکی نامەنتیقییە.

﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا ﴾، کاتێـك یەکێکیـان مـوژدەی ئـەوەی پـێ بـدرێ، کـە بـۆ (خـوای) خـاوەن بەزەیـی بەوێنـەی هێناوەتـەوە، (کـە بریتیـە لـە مێینـە)، ﴿ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴾، ڕووی ڕەش دادەگـەڕێ، دەم و چـاوی ڕەش و تاڵـخ دەبـێ و، زۆریـش لەبـەر خۆیـەوە پیـش دەخواتـەوە، (كَظَم): بریتیـە لـە قوڕقوڕاگـە، کـە شـوێنی هەناسـەیە، (كَاظِم): کەسـێکە هەناسـەی خـۆی بگـرێ، یاخـود تووڕەیـی خـۆی بگـرێ، (كَظِيم): کەسـێکە دڵـی پـڕ بووبـێ لـە پەسـتیی و تووڕەیـی، بـەڵام خـۆی بگـرێ و، پیـش بخواتـەوە لەبـەر خۆیـەوە.

﴿ أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى ٱلْحِلْيَةِ ﴾، ئەمـە دەگونجـێ فەرمایشـتی خـوا بـێ، واتـە: خـوای بـەرزو مـەزن، وەك فەرمایشـتی خـۆی بیخاتـە ڕوو، یـانی: چـۆن کەسـێك کـە لـە جوانیـی و ڕازاوەیـی دا پـێ دەگەیەنـرێ، لـە کاتـی مشـتومڕو شـەڕە قسەشـدا، ڕوونکـەرەوە نیـە بـۆ مەبەسـتەکانی، چـۆن ئـەوە پـاڵ دەدەنـە لای خـوا!، دەشـگونجێ ئەمـە لەسـەر زمانـی مـوژدە پێدراوان بـە کـچ، لـە کافـرەکان، فەرمووبێتێ، واتـە: چۆن دەبـێ مـوژدەی کەسـێکم پـێ بـدەن، کـە لـە جوانیـی و ڕازاوەیـی دا پێدەگەیەنرێ، نـەك لـە زبریـی دا وەك پیـاوان؟ ﴿ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴾، هەروەهـا لـە کاتی شـەڕە قسـەو موناقەشەشـدا، ناڕوونکەرەوەیـە بـۆ مەبەسـتەکانی خـۆی، ئافـرەت لـە ئەنجامـی ئـەوەدا، کـە هەسـت و سـۆزی زیاتـرە، لـە ڕووی دیالـۆگ و وتوێـژەوە، بـە گشـتیی ئافرەتـان لـەو ڕووەوە لـە پیـاوان بەجـێ دەمێنـن، هـەر بۆیـەش ئـەو هەمـوو فەیلەسـووف و بیرمەندانـەی کـە بـوون لـە مێـژووی بەشـەردا، بـە دەگمـەن فەیلەسـووفێکی ئافرەتـت دەسـت دەکـەوێ، خـوا ﷻ توانـای عەقڵیی زیاتـری داوە بە پیـاوان، هـەروەك چـۆن توانـای هەسـت و سـۆزیی زیاتـری داوە بـە ئافرەتـان، لەبەر ئـەوەی هـەر کامیـان ئەرکەکـەی ئـەو توانایـە دەخـوازێ، هـەروەك دەنگـی پیاوانـی گـڕو زبـر کـردوە، جەسـتەیانی ماسـوولکەدارو بەهێزتـر کـردوە، دیسـان دەنگـی ئافرەتـان و جەسـتەی ئافرەتانـی نـەرم و ناسـك کـردوە، لەبـەر ئـەوەی ئەرکەکانـی هـەر کامێکیـان، ئەرکـە خواڕسـك و زگماکەکانیـان، ئـەو سـیفەتانە دەخـوازن.

﴿ وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَـٰدُ ٱلرَّحْمَـٰنِ إِنَـٰثًا ﴾، ئـەو فریشـتانەی کـە بەندەی (خوای) خاوەن بەزەیین، کردیاننە مێینە، ئەمە خوێنراویشـەتەوە: (وَجَعَلُوا المَلائِكَةَ الَّذِينَ هُم عِندَ الرَّحْمَن)، ئەوانـەی کـە لـەلای (خـوای) خـاوەن بەزەیین، واتـە: لێـوەی نیزیکـن، بـە مێینەیـان لـە قەڵـەم دان، ﴿ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ﴾، ئایـا ئامادەیـی دروسـتکرانیان بـوون، (تاکـو بزانـن ڕەگەزیـان هەیـەو، ڕەگەزەکەشـیان مێیـە)؟، لـە حاڵێکـدا کـە فریشـتە ڕەگەزیـان نیـە، نـە نێـرن، نـە مـێ، ﴿ سَتُكْتَبُ شَهَـٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴾، ئـەو شـایەدییدانەیان دەنـووسرێ و، لێشـیان دەپرسرێتـەوە، واتـە: ئـەو شـایەدییدانە، کـە لـە گۆتـرە فریشـتەکان بـە مێینـە لـە قەڵـەم دەدەن، لەسـەریان دەنـووسرێ و، دواییـش لێیـان دەپرسرێتـەوە.

﴿ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ مَا عَبَدْنَـٰهُم ﴾، ئنجا بیانـوو و پاسـاوی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دەخاتـە ڕوو، کـە ئەمـە بیانـوو و پاسـاوێکی دێرینیـان بـووە، کـە گومڕایـی و سـەرگەردانیی و سەرلێشـێواویی خۆیـان، لـە ملـی قـەدەرو ویسـتی خـواوە پێچـاوە، ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ ﴾، گوتیـان: ئەگـەر (خـوای) خـاوەن بەزەیـی ویسـتبای ڕێـمان لـێ بگـرێ، ﴿ مَا عَبَدْنَـٰهُم ﴾، ئێمـە ئـەو پەرسـتراوانەی جگـە لـە خوامـان نەدەپەرسـتن، ئەگـەر فریشـتەن، ئەگـەر خڕۆکـەن، ئەگـەر داروبـەردن، مرۆڤـن، هەرچـی هـەن، یاخـود: ﴿ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ ﴾، ئەگـەر (خـوای) خـاوەن بەزەیـی ویسـتبای نەیانپەرسـتین (عَـدَمَ عِبادَتِهِـم)، ﴿ مَا عَبَدْنَـٰهُم ﴾، ئێمـە نەماندەپەرسـتن، ﴿ مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ﴾، خـوا ﷻ لێـرەدا هـەر ئەوەنـدە، وەڵامدەداتـەوە، دەفەرمـوێ: لەوبـارەوە هیـچ جـۆرە زانیارییەکیـان نیـە، ﴿ مِنْ عِلْمٍ ﴾، (مِـن) بـۆ بەشـێك (تَبْعِيض)ە، واتـە: هیـچ ئەندازەیـەك لـە زانیارییـان لـەو بارەوە نیـە، ﴿ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴾، ئـەوان تەنیـا قسـەی گۆتـرە دەکـەن، قسـەیەك هـەروا بـە قرسـاندن و، بـە گومـان دەیکـەن، نـەك لـە ڕووی زانیارییـەوە.

هەڵبەتـە دوایـی خـوا ﷻ لـە شـوێنی دیکـە، بەرپەرچـی ئـەو قسـەیانی داوەتـەوە، لـە سـوورەتی (الأنعام)دا، هەروەهـا لـە سـوورەتی (النَّحل)دا، کاتـی خـۆی لـە بەرگـی

پێنجەمـی ئـەم تەفسـیرە، هەروەهـا لـە بەرگـی سـێزدەیەمی ئـەم تەفسـیرەدا، لەوبارەوە قسـەمان کـردوە، دواتریـش لـە مەسـەلە گرنگـەکان جارێکـی دیکە، قسـەی لـێ دەکەینـەوە.

کـە لـە ڕاسـتییدا بیانووگرتـن بە ویسـتی خـوا، لەبەر ئـەوەی خوا ﷻ ویسـتوویەتی، شـتێکی بێجێیـە، بێگومـان هیـچ شـتێك بـە بـێ ویسـتی خـوا نابـێ، بـەڵام ئـەوان مەبەسـتیان ئـەوە بـووە: مـادام بـە ویسـتی خوایـە، کەواتـە: بـە ڕەزامەندیـی خواشـە، لێـرەدا ویسـت و ڕەزامەندیـی خوایـان تێکـەڵ کـردوون، بـەڵام لـەوەدا نەیانپێـکاوە، ئەگەرنـا بێگومـان هەمـوو شـتێك بـە ویسـتی خوایـە، چونکـە هیـچ شـتێك ناگونجـێ، لـە دروسـتکراوانی خـوادا بێتـە دی، بەبـێ ویسـت و زانیاریـی و دەسـتەڵاتی خـوا، بـەڵام ئایـا مەرجـە هـەر شـتێك بـە ویسـتی خـواو زانیاریـی خـوا بـێ، خـوا لێـی ڕازی بـێ؟ بـە تەئکیـد نەخێـر، هەڵەکەیـان لێرەدایـە.

﴿ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴾، یـان ئایـا پێـش ئـەوە، واتـە: پێـش وی، ڕاناوەکـە بـۆ قورئـان دەچێتـەوە، بەپێـی سـیاق، ئایـا پێـش وی، پێـش قورئـان، کتێبێکـمان پێـداون، ئـەوان پێـوەی دەسـتگرتووبن، تونـد دەسـتیان پێـوە گرتبـێ؟ واتـە: ئـەو قسـانەی دەیکـەن، کـە بناغەیەکـی عەقڵییـان نیـە، ئایـا بناغەیەکـی نەقڵییـان هەیـە؟

﴿ بَلْ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴾، واتـە: (لَيْسَ لَهُمْ نَقْلٌ يَتَمَسَّكُونَ بِهِ)، هیـچ وەحییێکیـان لەبەردەسـتدا نیـە، دەسـتیان پێـوە گرتبـێ، بەڵکـو گوتیـان: ئێمـە بـاب و باپیرانمـان لەسـەر ڕێیـەك لێهەڵکەوتـووە، ئێمـە بـە شـوێنەواری ئەوانـدا، ڕێـی ڕاسـتگرتووین، واتـە: بـە دوای ئـەوان دەکەویـن و، دواکەوتنـی ئەوانیـش ڕێیەکـی ڕاسـتەو گرتوومانەتـە بـەر، وشـەی (أُمَّة) بـە مانـای میللـەت و تەریقـەت دێ، واتـە: ئێمـە بـاب و باپیرانمـان لێهەڵکەوتـوە، بینیومانـن، پێشـینانمان لەسـەر ڕێیـەك بـوون، ئێمـەش بـە شـوێنەواری ئەوانـدا، ڕێـی ڕاسـتمان گرتـوە.

﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: هـەر بـەو شـێوەیە، یـانی: ئـەوە تەنیـا کافرەکانـی ڕۆژگاری تـۆ نیـن، ئـەی موحەممـەد ﷺ! پاسـاوی بتپەرسـتیی بـەوە دەدەنـەوە، کـە چاویـان لـە بـاب و باپیرانیـان و پێشـینانیان کـردووە، لاسایی ئەوانیان کردۆتـەوە، بەڵکـو عادەتـی هەمـوو گەلـە پێشـووەکان وابـووە، ﴿ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ ﴾، لـە پێـش تـۆدا، لـە هیـچ ئاوەدانییەکـدا، هیـچ وریاکـەرەوەو ترسـێنەرێکمان نەنـاردوە، هیـچ پێغەمبەرێکـمان نەنـاردوە، ﴿ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ ﴾، مەگـەر خۆشـگوزەرانەکانی گوتوویانـە، خۆشـگوزەرانەکانی، واتـە: ئەوانـەی خۆیـان سـەپاندوە بەسـەر خەڵـك و وڵاتـداو، هەمـوو شـتێکیان لـە دەسـتی خۆیانـدا، چـڕ کردۆتـەوەو کـورت هەڵێنـاوەو، قـۆرخ کـردوە، ﴿ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴾، (ئەوانە بە هـەر کام لـە پێغەمبەرانیـان گوتـوە:) ئێمـە بـاب و باپیرانمـان لـێ هەڵکەوتـوە، لەسـەر ڕێیـەك و بـە شـوێنەوارەکانی ئەوانـدا، چـاو لێکەریـن پەیڕەویـی لـەوان دەکەیـن و، شـوێن هەنگاوەکانـی ئـەوان دەکەویـن.

پێشـێ فەرمـووی: ﴿ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴾، ئێمـە بـە شـوێنەواری ئەوانـدا، ڕێـی ڕاسـتمان گرتـوە، واتـە: شـوێنەوارەکانی ئـەوان، ڕێیەکـی ڕاسـتن.

لێرەش دا دەفەرمـوێ: ﴿ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴾، بـە شـوێنەوارەکانی ئەواندا، چاومـان لـەوان کـردوە، واتـە: لـە ئایەتـی پێشـێدا دەفەرمـوێ: ڕێیەکەیـان ڕاسـتە، لەمەشـدا دەفەرمـوێ: ئـەو بـاب و باپیرانەمـان پێکاویانـەو، تێگەیشـتوو بـوون، ڕێ ڕاسـتگرتوو بـوون، بۆیـە ئێمـەش بـە شـوێن پێـی ئەوانـدا دەچیـن، وەك ئـەوان چییـان کـردوە، ئێمـەش وا دەکەیـن، (الإقْتِـدَاءُ هُـوَ أَنْ تَفْعَـلَ كَـمَا فَعَلَـهُ مُقْتَـدَاكَ)، (إقْتِـدَاء) یانـی پەیڕەویـی لێکراوەکـە چـی کـردوە، تـۆش وەك ئـەو بکـەی و خـۆت بشـوبهێنی بـەوەوە.

﴿ قَٰلَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ ءَابَآءَكُمْ ﴾، (ئـەو پێغەمبـەرە ﷺ، کـە بـۆ هـەر کام لـەو کۆمەڵگایانـە نێـردراوە)، فەرمـووی: ئـەدی ئەگـەر بەرنامەیەکـی

ڕێنماییکارتر لەوەی ئێوە، باب و باپیرانتان لەسەر بینیوەو، لێهەڵکەوتوە، بۆتان بێنم، واتە: ئەگەر بەرنامەیەکتان بۆ بێنم، باشتر ڕێنماییتان بکات، لەوەی کە باب و باپیرانتان لەسەری بوون، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە: (مُفَاضَلَة) ئەوە نیە کە ڕێی وانیش ڕاست بێ، بەڵام ئەوەی پێغەمبەران هێناویانە، ڕاستر بێ، بەڵکو مەبەست لێرەدا، لەگەڵدا ڕۆیشتن و دڵڕاگرتنی بەرانبەرەکانە، ناکرێ یەکسەر بڵێی: ئێوە لە گومڕایی دان، ئەو کاتە گوێت بۆ ناگرن! دەفەرموێ: گریمان ڕێی باب و باپیری ئێوەش ڕاست بووە، بەڵام ئایا ئەگەر ڕێیەکی باشترو چاکترو ڕاستتر هەبێ؟! ئەمە پێی دەگوترێ: (مُجَارَاةُ الخَصْم)، لەگەڵ کەسێك دا بڕۆی کە لەگەڵیدا ناکۆکی، یانی: یەکسەر لە دەماری نەدەی، بۆ ئەوەی گوێت بۆ بگرێ، ﴿ قَالُوٓا۟ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾، خۆشگوزەرانەکان، گوتیان: ئێمە بەوەی ئێوەی پێ ڕەوانەکراون، بێبڕواین، هەڵبەتە کە گوتوویانە: ئەوەی پێ ڕەوانەکراون، واتە: ئەوەی کە پێتان وایەو لاف لێ دەدەن پێی ڕەوانەکراون.

یاخود: بە توانج و تەوسەوە بووە، واتە: ڕاست ناکەن و ئەوەی گوایە ئێوەی پێ ڕەوانە کراون، ئێمە پێی بێبڕواین، ئەگەرنا، ئەگەر قەناعەتیان وابووایە، خوا ﷻ ڕەوانی کردوون، ئەو کاتە ئەگەر دانیان بەوەدا نەهێنابایە، هەڵوێستەکەیان نالۆژیکیی دەبوو، بە لای خۆشیانەوە، واتە: بە مەنتیقی خۆشیان نا لۆژیکیی دەبوو.

﴿ فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ ﴾، تۆڵەمان لێ ستاندن، هەقمان لێکردنەوەو، سزامان دان، ﴿ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴾، ئنجا سەرنج بدە! سەرەنجامی بە درۆ دانەران چۆن بوو! سەرەنجامێکی زۆر خراپیان هەبوو، خوای دادگەر، سزایەکی سەختی دان، چونکە دوای ئەوەی خوا ﷻ پێغەمبەرانی بۆ ناردوون و پەیامی خۆی پێدا ناردوون، ئەوان بەبیانووی ئەوەی بە دوای باب و باپیرانی خۆیان کەوتوون، ئامادە نەبوون، گوێ بۆ پەیام و بانگەوازی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بگرن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕەخنەگرتنی خوای تاك و پاك، لە هاوبەشدانەرانی ڕۆڵەی مێینە بۆ خوا دانەرو، پووچەڵکردنەوەی ئەو بیرۆکە ئەفسانەییەی کە فریشتەکان بە ڕۆڵەی خوا دادەنێ و، گوایە مێینەن و کچانی خوان، پاکیی و بێگەردیی بۆ خوا:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ وَجَعَلُوا لَهُۥ مِنْ عِبَادِهِۦ جُزْءًا ۚ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَأَصْفَىٰكُم بِٱلْبَنِينَ ﴿١٦﴾ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿١٧﴾ أَوَمَن يُنَشَّؤُا۟ فِى ٱلْحِلْيَةِ وَهُوَ فِى ٱلْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴿١٨﴾ وَجَعَلُوا ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَٰدُ ٱلرَّحْمَٰنِ إِنَٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ شَهَٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَجَعَلُوا لَهُۥ مِنْ عِبَادِهِۦ جُزْءًا ﴾، بەشێکیان بۆ خوا دانا لە بەندەکانی، واتە: بەندەکانیان کردنە بەشێك لە خوا، (**الجُزْءُ: بَعْضٌ مِنْ كُلٍ، وَقِطْعَةٌ مِنْهُ، وَالوَلَدُ كَجُزْءٍ مِنَ الوَالِدِ، لأَنَّهُ مُنْفَصِل عَنْهُ**)، (**جُزْء**): بریتیە لە بەشێك لە هەموو، پارچەیەك لە شتێك، ئنجا ڕۆڵەش وەك بەشێك وایە لە باب و دایکی، چونکە لەوان جیابۆتەوەو، ئەگەر فریشتەکان ڕۆڵەی خوابن، مانای وایە بەشێکن لە خواو، لەو جیابوونەوە.

٢)- ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَكَفُورٌ مُّبِينٌ ﴾، خوا ﷻ لێرەدا هەر ئەوەندە، وەڵام دەداتەوە دەفەرمووێ: بە دڵنیایی مرۆڤ سپڵەیەکی زۆر ئاشکرایە، وشەی (**الإِنْسَان**) کە (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، بۆ ناساندنی (عهد)ە، واتە: مرۆڤەکە، مرۆڤە بێبڕوایەکە، زۆر سپڵەو

پێنەزانە، (**كَفُور**)یش، واتە: (**جاحِدُ النِّعْمَة**)، نادیدەگری چاکەی خوا، (**مُبِين**)یش واتە: ڕۆشن یان: ڕۆشنکەرەوە بۆ سپڵەییەکەی، چونکە وشەی (**مُبِين**) بەپێی سیاق، مانایەکەی دیاریی دەکرێ، ئەگەرنا (**مُبِين**)، دەگونجێ لە (أبانَ)ی (**لازِم**)ەوە بێ و، دەگونجێ لە (أبانَ)ی (**مُتَعَدِّي**)ەوە بێ، واتە: مرۆڤ سپڵەیە، سپڵەییەکەشی زۆر ڕۆشنە، یاخود: مرۆڤ سپڵەیەو، زۆریش ڕۆشنکەرەوەیە بۆ سپڵەییەکەی و، بێ ئەمەگییەکەی، لە بەرانبەر خوای بەرزی مەزندا.

لە سوورەتی: (**الأنعام**)دا هەروەك سەرنجدانێکی خێرا، خوا ﷻ باسی ئەو ڕۆڵە پاڵدانە بۆ لای خوا ﷻ دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٠٠﴾ بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ ﴾، واتە: هاوبەشی جندیان بۆ خوا دانان، لە حاڵێکدا خوا ﷻ جندەکانی دروستکردوون و، بێ زانیاریی کوڕان و کچانیان بۆ هەڵتاشین، پاك و بەرزە خوا، لەوەی ئەوان پێی وەسف دەکەن، (دوایی خوای زانا بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ:) خوا بەدیهێنەرو داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە،ڕۆڵەی چۆن دەبێ، هاوسەری نەبێ[1]، هەموو شتێکی هێناوەتە دی و بە هەموو شتێکیش زانایە.

خوا ﷻ کە لە شوێنێکدا بیرۆکەیەك پووچەڵ دەکاتەوە، جاری وایە بە پێویستی نازانێ، لە شوێنەکانی دیکە بیهێنێتەوە، ئنجا کە پێشتر لە سوورەتی (**الأنعام**)دا، کە پێش ئەم سوورەتە دابەزیوە، خوا ﷻ بەرپەرچی ئەو بیرۆکەیەی داوەتەوە، بە پێویستیی نەزانیوە لێرەدا دووبارە بەرپەرچی بداتەوە.

---

(١) دیارە: (صاحبة) بە مانای (زَوجَة) دێ، بەڵام لەبەر ئەوەی خوا ﷻ جووتی نیە، وشەی: (صاحبة)ی بەکارهێناوە، واتە: هاوەڵ، هاوەڵێکی مێینە، ئەگەر هاوسەری نەبێ، چۆن ڕۆڵەی دەبێ؟!.

٣)- ﴿ أَمِ ٱتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ ﴾، بەڵكو ئایا لەوەدا كە دروستیكردوون، كچانی هەڵبژاردوون بۆ خۆی، (أَمْ) یانی: (بَلْ أَ)، بەڵكو ئایا، (اِتَّخَذَ، اِتِّخَاذ) بریتیە لە گرتنی شتێك، بە گرنگیی پێدانەوە و مانای هەڵبژاردنی تێدایە، واتە: ئایا خوا ﷻ بە گرنگیی پێدانەوە كچانی بۆ خۆی هەڵبژاردوون، لە نێو دروستكراوەكانیدا؟ ئەم پرسیاركردنە (إِسْتِفْهَامُ تَقْرِيعٍ وَتَوْبِيخٍ)، پرسیاركردنی سەرزەنشتكردن و ڕەخنەلێگرتنە.

٤)- ﴿ وَأَصْفَىٰكُم بِٱلْبَنِينَ ﴾، [چۆن لەوانەدا كە دروستیكردوون، كچانی بۆ خۆی داناون]، كەچی ئێوەی تایبەت كردوە بە كوڕانەوە؟ (آثَرَكُم وَفَضَّلَكُم بِالبَنِين)، ئێوەی هەڵبژاردوەو بە پێدانی كوڕان پەسندی كردوون، دەگوترێ: (أَصْفَيْتهُ الوُدّ: أَخْلَصْتُهُ لَهُ)، خۆشەویستیی خۆمم بۆ ساغكردەوە، خڵتەم پێوە نەهێشت، واتە: ئایا خوا ئێوەی هەڵبژاردوە بەسەر خۆیداو ئێوەی تایبەت كردوە بە كوڕانەوە، لە حاڵێكدا ئێوە كوڕتان پێ چاكن و، كچتان پێ خراپن، ئایا خوا ﷻ بۆچی ئەوەی ئێوە پێتان خراپە، بۆ خۆی هەڵیبژاردوەو ئەوەی ئێوە پێتان چاكە، كە كوڕانن داونی بە ئێوە؟!

هەڵبەتـە ئـەوەم نەبینیـوە لـە تەفسـیرەكاندا بـاس بكـرێ، بـەڵام بێگومـان خـوا ﷻ بـەس كـوڕی نـەداون بـە بێبڕوایـەكان، كچیشـی داونـێ، بـەڵام واتـە: لـە حاڵێكـدا كـە وەك ئێـوە گومـان دەبـەن، خـۆی تەنیـا كچـی هەڵبـژاردوون، كەچـی كـوڕو كچـی داون بـە ئێـوە، بـەڵام باسـی كچەكانـی نەكـردوە، تەنیـا باسـی كوڕەكانـی كـردوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان كچیـان نادیـدە گرتـوون، یاخـود پێیـان كـەم و بـێ بایـەخ بـوون، بۆیـە كـە دەفەرمـوێ: كـوڕانی بـە ئێـوەوە تایبـەت كـردوون، بـۆ ئێـوەی هەڵبـژاردوون، بۆیـە تەنیـا باسـی كوڕانـی كـردوە، چونكـە كچانیـان بـەوە نەزانیـون پشـك و بەشـێكی وابـن، كـە خـوا ﷻ تایبەتیـان بـكات بەوانـەوەو، ئەوانیـان بـۆ هەڵبژێـرێ و، بـۆ ئەوانیـان هەڵبژێـرێ!

٥)- ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحْمَٰنِ مَثَلًا ﴾، هەر كاتێك یەكێكیان موژدەی بەوە پێ بدرێ، كە بۆ (خوای) خاوەن بەزەیی بە نموونە هێناوەتەوە، كە بە تەئكید كچیان بە نموونە هێناوەتەوە، واتە: (إِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالبِنْت)، وەك لە سوورەتی (النَّحل)

دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ۝٥٨ ﴾، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ بِمَا ضَرَبَ لِلرَّحۡمَٰنِ مَثَلًا ﴾، ئەگەر یەکێکیان موژدەی ئەوەی پێ بدرێ، کە بۆ (خوای) خاوەن بەزەیی بە نموونە هێناوەتەوە، (کە کچانن)، چی لێ دێ؟

٦)- ﴿ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴾، ڕووی ڕەش دادەگەڕێ و، زۆر پیشخۆرەوەشە، (إغْتَمَّ لِذَلِكَ، فَاسْوَدَّ وَجْهُهُ، وَاشْتَدَّ حُزْنُهُ، وَامْتَلأَ مِنَ الكَرْبِ)، بە هۆی ئەو موژدە پێدرانەوە، ڕووی ڕەش دادەگەڕێ و، زۆر پەست و تووڕەو نیگەران دەبێ و، دڵی پڕ دەبێ لە ڕق و خەفەت.

پێشتر گوتمان: کە (مَثَل)، یانی: (شَبِيه)، وێنە، (ظَلَّ): (صَارَ) بوو، بەکاریێك دەگوترێ، بە ڕۆژێ بکرێ، واتە: ڕووی ڕەش دادەگەڕێ، (صَارَ وَجهُهُ مُسْوَدّاً)، (كَظِيم): (المُمسِكُ عَنِ الكَلامِ غَضَباً وَكَرَباً وَحُزناً)، (كظيم) کەسێکە بێدەنگ بێ، بەهۆی زۆر تووڕەیی و زۆر دڵخەفەتیی و خەمبارییەوە، بە کوردیی پێی دەڵێن: پیشخواردنەوە، لەبەر خۆی هەر پیش دەخواتەوە، هەر مشەمشیەتی و پیش دەخواتەوەو، تورەییەکەی لە دڵی دایەو دەری نابڕێ.

٧)- ﴿ أَوَمَن يُنَشَّؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ وَهُوَ فِي ٱلۡخِصَامِ غَيۡرُ مُبِينٖ ﴾، پێشتریش گوتمان: ئەمە دوو ئەگەری هەن:

أ- فەرمایشتی خوایە ﷻ: ئایا کەسێك بۆ خوا دادەنێن، کە لە ڕازاوەیی و لە نێو خشڵ و جوانییدا پێ دەگەیەنرێ و، ئەو لە کاتی مشتومڕیشدا ناڕوونکەرەوەیە بۆ مەبەستەکانی خۆی، باش ناتوانێ مەبەستی خۆی بگەیەنێ و ڕوون بکاتەوە.

ب- یان قسەی ئەو کەسەیە، کە موژدەی مێینەی پێدراوە، دەڵێ: ئایا کەسێك کە لە نێو جوانیی و ڕازاوەیی دا، پێ دەگەیەنرێ (کە کچە) و لە کاتی شەڕەقسەو موناقەشەشدا ڕوونکەرەوە نیە بۆ مەبەستی خۆی، موژدەی ئەوەم پێدەدەن؟ ﴿ يُنَشَّؤُاْ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (يَنشَأُ)، پێ دەگات.

﴿ ٱلۡحِلۡيَةِ ﴾، (إسمٌ لِما يُتَحَلَّى بِهِ) خشڵ و جوانیی و، ئەوەی خۆی پێ دەڕازێنرێتەوەو جوان دەکرێ.

کە دەفەرمویٚ: ﴿ أَوَمَن يُنَشَّؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ ﴾، (نَشأَ الشَّيءُ فِي حَالَةٍ، هوَ أن يَكُونَ ابتِداءُ وجودِهِ مُقارِناً لِتِلكَ الحالَةِ، فَتَكُونُ لَهُ بِمَنزِلَةِ الظَّرْفِ)، ئەو جوانیی و ڕازاوەییە، وەك زەڕفێك دەبێ، کە ئەو ئافرەتەی تێدا پەروەردە دەکرێ و پێدەگات و، گەشە دەکات، لێرەدا خوا ﷻ بەپێی ئەو بنچینەیە کە دەڵێ: (أَدِينُكَ مِنْ فَمِكَ)، بە زاری خۆت دەتگرم و بە قسەی خۆت، بەو لۆژیکە، ئەو بێبڕوایانە دەدوێنێ، ئەگەر نا بێگومان، ئافرەت کەحەزی بە جوانیی دێ، بۆوی نوقسانیی نییە.

ئەوەی خواش ﷻ دەیفەرموێ، سەدا سەد وایە، چونکە ئەوە سروشتی ئافرەتانەو ئافرەت زیاتر کەیفی بە جوانیی و ڕازانەوەو خۆ جوان کردن دێ، هەروەها لە ڕووی وتوێژو قسەو، لە ڕووی فیکرییشەوە، ئافرەت لە چاو پیاو، وەك پێویست ناتوانێ مەبەستەکانی خۆی چاك ڕوون بکاتەوە، لەبەر ئەوەی سۆزو هەست و نەستی، بەهێزترە لە عەقڵ و بیرکردنەوەی، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکە سرووشتییەی بۆ ئافرەت دانراوە، کە بریتیە لە ئەرکی دایکایەتیی و، کابانیەتیی و، منداڵ بە خێو کردن و، پەروەردەکردن، زیاتر پێویستیی بە سۆزو بەزەییە، هەروەك حەوجێی دەنگی بە سۆزو ناسکەو جەستەی ناسکە، نەك جەستەیەکی ماسوولکەداری بەهێزو، دەنگێکی گڕ، کە لە پیاواندا هەیە.

هەروەك پیاویش، کە ئەرکەکەی زیاتر لە دەرەوەی ماڵە، بە سرووشت و خوارسك، پێش ئەوەی شەریعەتیش وا بڵێ، هەر زگماك و خوارسك وادەڵێ، لە هەموو گەل و نەتەوەکانیش دا هەر وایە، مەگەر ئەوانەی کە لە خوارسك و زگماك لایان دابێ، ئەگەرنا زیاتر، سوپایەکان لە پیاوان پێك دێن و، ئیشە قورسەکان زیاتر پیاوان دەیانکەن، ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەرماو سەرمادا پیاوان دەیکەن، لە دەرەوەی ماڵ، بەڵام ئافرەتان زیاتر، لە نێو ماڵدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن، ئەگەر پیاوان خانووبەرەو شار دروست دەکەن، ئافرەتانیش

مرۆڤ دروست دەکەن، تەنیا ئافرەت توانای مرۆڤ دروستکردنی هەیە، یەکەم لە نێو هەناوی خۆیدا، دواییش لە کۆش و باوەشی پڕ سۆزو گەرمی دا، ئەوەش حاڵەتێکی سرووشتییە، پێش ئەوەی شەرع وا بفەرموێ، زگماکی مرۆڤەکان و سرووشتی مرۆڤەکان و بەرژەوەندیی مرۆڤەکان، ئەوە دەخوازێ.

﴿ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ﴾، (هُوَ) ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ (مَن) بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ﴾، ئەگەرنا دەبوو فەرمووبای: (وَهِيَ)، بەڵام: ﴿ أَوَمَن ﴾، دەگەڕێتەوە بۆ (مَن)ەکە، (مَن)یش (مُذَكَّر مَجَازِي)ە، ئەو کەسەی پاڵی دەدەنە لای خوا، وەك ڕۆڵە، لە نێو خشڵ و جوانیی و ڕازاوەیی دا پێدەگات، لە کاتی مشتومڕو شەڕەقسەشدا، ناڕوونکەرەوەیە بۆ مەبەستەکانی خۆی، (الخِصَامُ: الجِدَالُ وَالنِـزاعُ بِالكلام)، (خصام) بریتیە لە شەڕە قسەو مشتومڕ.

٨)- ﴿ وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَٰنِ إِنَاثًا ﴾، ئەو فریشتانەی کە بەندەی (خوای) بە بەزەیین، بە مێینەیان دانان، ﴿ عِبَادُ الرَّحْمَٰنِ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (عِندَ الرَّحْمَن)، ئەوانەی کە لە لای (خوای) بە بەزەیین، کە فریشتەکانن، لە لای خوان، واتە: پێگەیان لە خوا نزیکە، بەو واتایە کە ئەوان دروستکراوی مەعنەوییین، چی خوا ﷻ بفەرموێ: ئەوان بێ فەرمانیی خوا ناکەن، لەو ڕووەوە لە خوا نزیکن، ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوان، یان لە خوا نیزیکن، بە مێینەیان دانان.

٩)- ﴿ أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ ﴾، ئایا دروستکردنییان بینیوە؟ ئەم پرسیارکردنە، پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: (مَا شَهِدوا خَلقَهُم)، ئامادە نەبوون لە کاتی دروستکرانیاندا، (أَحَضَروا)، ئایا ئامادە بوون؟ کاتێ دروستکراون، تاکو بزانن داخۆ مێن یان نێرن؟ لە ڕاستییدا فریشتەکان ڕەگەزیان هەر نیە، چونکە ڕەگەز بۆ ئەو دروستکراوانەیە، کە دەبێ پێکەوە جووت بن، تاکو وەچەیان هەبێ، بەڵام فریشتەکان وەچەیان نیە.

﴿ أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (أَأُشهِدوُا)، ئنجا ئەگەر بفەرموێ: (أَشَهِدوا)، واتە: (أَحَضِروا)، ئایا ئامادە بوون لە کاتی دروستکرانیان دا؟ ئەگەر

(أَأَشْهِدُوا) بێ، واتە: ئایا ئامادە کراون، لە کاتی دروستکرانیان دا، تاکو بزانن چۆنن؟!

١٠)- ﴿ سَتُكْتَبُ شَهَٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴾، بە دڵنیایی شایەدییدانەکەیان دەنووسرێ و، لێشیان دەپرسرێتەوە، (المُرَادُ بِشَهَادَتِهِم، إدِّعَاءُهُم أَنَّ المَلائِكَةَ إنَاثٌ، وَأُطْلِقَ عَلَيهَا الشَّهَادَةُ تَهَكُّمَاً بِهِم)، ئەوان لێرەدا شایەدییەکیان نەداوە، بەڵام ئەو لاف لێدانەی، گوتوویانە: فریشتەکان مێینەن، خوا ﷻ بە شایەدییدانی داناوە، وەك گاڵتە پێکردنیان، یاخود: هەر کەسێك لافێك لێ بدات، ئیددیعایەك بکات، وەك ئەوە وایە شایەدیی بدات، خواش ﷻ دەفەرموێ: ئەو شایەدییدان و لاف لێدانەیان دەنووسرێ، لێشیان دەپرسرێتەوە.

﴿ وَيُسْـَٔلُونَ ﴾، یانی: پرسیارکردنی هەڕەشە لێکردن و، سەرزەنشتکردن، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (التَّكَاثُر)دا، دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾، دوایی لەو ڕۆژەدا، لە نیعمەت و چاکەکان لێتان دەپرسرێتەوە، واتە: لێپرسینەوەی سەر زەنشتکردن، کە ئایا خوا ﷻ فلان شتەی نەدانێ، فلان شتەی نەدانێ... کوا چیتان پێکرد؟

لێرەدا خوا ﷻ لەم ئایەتانەدا، حەوت شتی باسکردوون:

١- هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هەندێك لە بەندەکانی خوایان کردوون، بە بەشێك لە خواو، ڕۆڵەی خوا، وایانداناوە فریشتەکان کچانی خوان!!

٢- گوایە خوا ﷻ، کچانی هەڵبژاردوون و، پەسندی کردوون بەسەر کوڕاندا بۆ خۆی، لە حاڵێکدا کە ئەوان، کچانیان بە کەم بایەخ داناون و، کوڕیان پێ چاکتر بوون، خواش ﷻ هەر بە عەقڵی خۆیان دەیانگرێ: ئێوە مادام خۆتان کوڕتان پێ چاکە، ئایا خوا ﷻ بە ئەندازەی ئێوەش لێی نازانێ، کە مادام ئێوە کوڕانتان پێ چاکن، ئەویش هەر کوڕانی بۆ خۆی کردبانە ڕۆڵە، بە پێی عەقڵەکەی ئێوە؟ واتە: بە لۆژیکی خۆشتان، ئەوە شتێکی ڕەوا نیە، جگە لەوەی لە واقیعدا خوا ﷻ ڕۆڵەی نیە.

٣- بێبڕوایان لە کاتێکدا هەواڵی لە دایك بوونی کچیان پێدراوە، ڕوویان ڕەش داگەڕاوەو زۆر پەست و تووڕە بوون، پیشیان خواردۆتەوە، ئەمەش خوا ﷻ وەك بەڵگەیەکی دیکە باسی دەکات، لەسەر ئەوەی شتێکی ناڕەوایە، مێینە پاڵ بدرێتە لای خوا، کە خۆتان ئەگەر هەواڵ و موژدەتان پێبدرێ، لە خەفەتان ڕووتان ڕەش هەڵدەگەڕێ و، دەست دەکەن بە پیش خواردنەوەو پەستیی و تووڕەیی داتاندەگرێ.

٤- هەروەها خوا بەڵگەیەکی دیکەش هەر لەسەر ئەوە دێنێتەوە، کە دەفەرموێ: ئایا کچانێك کە لە ڕازاوەیی و خشڵ و جوانییدا، پێ دەگەیەنرێن، چۆن دەبێ پاڵبدرێنە لای خوا! یانی: سرووشتی ئافرەتان وایە.

دەشگونجێ ئەمە قسەی ئەو بێبڕوایە موژدە پێدراوە بێ و بەهۆی ئەوەوە کە کچی بووە، بڵێ: چۆن دەبێ کچێك کە لە جوانیی و ڕازاوەیی دا پێدەگات، موژدەو هەواڵم پێ بدەن؟ کە ئەوەش هەواڵێکی خۆش نیە، یانی: ئەگەر وایە، چۆن ئەوە پاڵدەدەنە لای خوا، کە بۆ خۆتان بە هەواڵێکی ناخۆشی دادەنێن؟!.

٥- کچان ئاوا پێناسە کراون: ﴿وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ أَوَمَن يُنَشَّؤُا فِي الْحِلْيَةِ﴾، ئایا کەسێك لە جوانیی دا پێدەگەیەنرێ و لە کاتی وتووێژدا ناڕوونکەرەوەیە، بۆ مەبەستی خۆی، واتە: ئافرەتان مەبەستی خۆیان چاك دەرنابڕن و ڕوونی ناکەنەوە لە چاو پیاوان، بێگومان ئەمەش شتێکی ڕێژەییە، بەڵام بە گشتیی، هەم ئافرەتان زیاتر کەیفیان بە جوانیی دێ، تەماشای هەموو ئافرەتان بکەی، هەر وایە، ئافرەت دەکەوێتە تەمەنیشەوە، هەر پێی خۆشە خۆی بڕازێنێتەوە، بە هەموو شێوەکانی خۆڕازاندنەوە، هەڵبەتە وەنەبێ، پیاویش کەیفی لێ نەبێ، بەڵام ئەوە زیاتر کاری ئافرەتانە، دیسان لە ڕووی وتوێژو شەڕە قسەوەش، پیاوان زیاتر توانای ئەوەیان هەیە، لەبەر ئەوەی توانای هۆشیی پیاوان زیاترە لە هی ئافرەتان، هەروەك چۆن ئافرەتان ڕەحم و بەزەیی و سۆزیان زیاترە لە پیاوان.

٦- بێبڕوایەکان فریشتەکانیان بە مێینە داناون، لە حاڵێکدا کە ئەوان لە خزمەت خوادان و لە خواوە ﷻ بەندەی زۆر نیزیکن!! کە ئەوە شتێکی بێ جێیە.

٧- بێبڕوایان بێ ئەوەی ئامادەی دروستکرانی فریشتەکان بن، ڕەگەزیان بۆ دیاریی کردوون، گوایە مێینەن، بە دڵنیاییەوەش بەبێ ئاگادار بوون لە شتێك، دروست نیەو، شتێکی ڕەوا نیە، لە بارەیەوە قسە بکرێ.

کەواتـە: لێـرەدا خـوا ﷻ حـەوت ڕەخنـەی گرتـوون، لەوانـەی گیـرۆدە بـوو، بـە شـیرکی ڕۆڵـە پاڵـدان، بـۆ لای خـوای بـەرزی مـەزن.

مەسەلەی دووەم:

پاساو دانەوەی کافرەکان و بیانوو هێنانەوەیان، بۆ پەرستنی فریشتان، بەوە کە خوا ئەوەی ویستوە، کەواتە: لێشی ڕازییە! بەرپەرچدانەوەی خواش بۆیان، کە لە گۆترە قسە دەکەن، چونکە هیچ کتێبیان لەو بارەوە پێش قورئان پێنەدراون، بەڵکو تاکە بەڵگەیان بۆ ئەوە، شوێنکەوتنی پێشینانیان و لاساییکردنەوەی کوێرانەی ڕابردووانیانە، کە هەر ئەوەش پاساوو بیانووی بێبڕوایانی پێشووشیان بووە، بۆ گرتنی ڕێی بتپەرستیی و، هاوبەش بۆ خوا دانان و، وەڵامنەدانەوەی پەیامی یەکتاپەرستانەی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ):

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَٰنُ مَا عَبَدْنَٰهُم ۗ مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴿٢١﴾ بَلْ قَالُوٓا۟ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَٰنُ مَا عَبَدْنَٰهُم ﴾، هەروەها (هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان)، گوتیان: ئەگەر (خوای) بە بەزەیی ویستبای، ئێمە نەمان دەپەرستن.

لێرەو لە زۆر شوێنی دیکەی قورئانیش، چەند وشەیەك قرتێنراون، لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێن، ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَٰنُ ﴾، واتە: (**لَو شَاءَ الرَّحْمَنُ عَدَمَ عِبَادَتِنَا إِيَّاهُم**)، ئەگەر خوای بە بەزەیی ویستبای نەیانپەرستین، نەماندەپەرستن، یاخود: (**لَو شَاءَ الرَّحمَنُ أَن يَمْنَعَنَا عَنْ عِبَادَتِهِم، مَا عَبَدنَاهُم**)، ئەگەر خوا ویستبای ڕێگریی پەرستنیانمان لێ بکات، نەماندەپەرستن، ڕاناوی

سـەر (مَـا عَبَدنَاهُـم)، بـۆ پەرسـتراوەکانیان دەچێتـەوە، ئنجـا ئەگـەر فریشـتەکانن، ئەگـەر پەیکەرەکانـن، هـەر شـتێك هـەن.

لێـرەدا هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، دوو شـتیان تێکـەڵ کـردوون، کـە بریتیـن لـە: ویسـتی خـواو، ڕەزامەندیـی خـوا، پێیـان وابـووە هـەر شـتێك خـوا لـە بەندەکانـی بـوێ، مانـای وایـە لێشـی ڕازییـە! ئـەوەش هەڵەیەکـی کوشـندەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرو بێبڕوایەکانـە، بەڵکـو جـاری وایـە هەندێـك لـە مسـوڵمانانیش، گرفتـار دەبـن بـەو تێگەیشـتنە هەڵەیـەوە.

بێگومـان هیـچ شـتێك نیـە بـە ویسـتی خـوا نەبـێ، هـەروەك هیـچ شـتێك نیـە بـە زانیاریـی خـوا نەبـێ و، هیـچ شـتێك نیـە دەسـەڵاتی خـوای لـە پشـتەوە نەبـێ، بـەڵام مـەرج نیـە هەمـوو شـتێك، ڕەزامەندیـی خـوای لەگـەڵ دابـێ، هـەر شـتێك خـوا نەیـەوێ نابـێ، هـەر شـتێك خـوا نەیهێنێتـە دی، نایەتـە دی، هـەر شـتێك خـوا ﷻ زانیاریـی پێـی نەبـێ، بوونـی نیـە، هەمـوو شـتێك پەکـی کەوتـوە لەسـەر ئـەوە، کـە خـوا بیزانـێ، بیـەوێ، بیتوانـێ، واتـە: دەسـەڵاتی خـواو، زانیاریـی خـواو، ویسـتی خـوا، پێـوەی پەیوەسـت بـن، بـەڵام مـەرج نیـە ڕەزامەندیـی خـوا لەگـەڵ هەمـوو شـتێك دابـێ، وەك لـە سـوورەتی (الزُّمَر)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ ۖ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ۖ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ ۗ ﴿٧﴾ ﴾، واتـە: ئەگـەر بێبڕوابـن خـوا لێتـان بێنیـازەو، ئـەو (خـوا) کوفـر بـۆ بەندەکانـی (یاخـود سـپڵەیی بـۆ بەندەکانـی) پەسـند نـاکات، بـەڵام ئەگـەر سوپاسـگوزاریی بکـەن، بـۆ ئێـوەی پێخۆشـەو بۆتـان پەسـند دەکات.

دیـارە سـپڵەیی و سوپاسـگوزاریی، یاخـود بێبڕوایـی و بڕواداریـی، هەردووکیـان بـە ویسـتی خـوان، بـەڵام هەردووکیـان بەپێـی ڕەزامەندیـی خـوا نیـن، بەڵکـو ڕەزامەندیی خـوا لەگـەڵ سوپاسـگوزاریی و بڕواداریـی دایـە، بـەڵام لەگـەڵ ناسوپاسـیی و بێبڕوایـی دا نیـە.

٢)- ﴿مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ﴾، (بۆیە خوا ﷻ دەفەرمویّ:) لەو بارەوە هیچ زانیارییەکیان نیە، (مِنْ) بۆ (تَبعیض)ە، واتە: هیچ ئەندازەیەك زانیاریی هەرچەندە کەمیشیان لەو بارەوە نیە، ئێمە کاتی خۆی لە تەفسیری هەردوو ئایەتەکانی: (١٤٨و ١٤٩)ی سوورەتی (الأنعَام)دا، هەروەها دواتریش لە تەفسیری ئایەتی ژمارە: (٣٥)ی سوورەتی (النّحْل)دا، کە هەر باسی ئەو مەسەلەیە دەکەن، کورتە باسێکمان کردوە، بۆیە لێرەدا ناچینە نێو وردەکارییەکانەوە.

ئەو شوێنەی خوا ﷻ لە سوورەتی (النّحْل)دا: دەفەرمویّ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ﴿٣٥﴾﴾، لە دوو ئایەتەکەی سوورەتی (الأنعَام)یش، خوا ﷻ دەفەرمویّ: ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١١٨﴾ قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١١٩﴾﴾، ئێمە کاتی خۆی، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دوو ئایەتە موبارەکەدا، کورتە باسێکمان لەو بارەوە کردوە، لە سوورەتی (الأنعَام)دا، دەفەرمویّ: ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟﴾، لە مەودوا ئەوانەی بۆ خوا هاوبەش دانەرن، دەڵێن، واتە: خوا هەواڵیداوە کاتێك دێ، کە ئەوە دەڵێن، ئنجا لە سوورەتی (النّحْل) لە ئایەتی ژمارە (٣٥)دا دەفەرمویّ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟﴾، لە سوورەتی (الأنعَام)دا، کە پێش (النّحْل) دابەزیوە، خوا ﷻ فەرموویەتی: لە مەودوا هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەڵێن، ئنجا ئەوەی پێشتر هەواڵی پێداوە، لە سوورەتی (النّحْل)دا، هێناویەتی کە گوتوویانە: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ﴾، خواش ﷻ هەر بەوەندە ئیکتیفا دەکات، بۆ بەرپەرچدانەوەیان: ﴿كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٣٥﴾﴾.

کورتـەی بەرپەرچدانەوەکـەش هـەر ئەوەیـە کـە گوتمـان: ئـەوان پێیـان وابـووە، هـەر شـتێك خـوا ویسـتبێتی و، ویسـتی خـوای لەسـەر بوویـێ، دیـارە ڕەزامەندیـی خواشـی لەسـەرە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا ئـەوە تەنیـا لەسـەر گومـان هەڵچـنراوەو، هیـچ بەڵگەیەکـی لـە پشـتەوە نیـە، چونکـە هیـچ شـتێك بەبێ ویسـتی خـوا نابێ و، ویسـتی خـوا وەك ئاسـمان وایـە، مـرۆڤ هەرچـی بیـکات، لـە ژێـر سـێبەری ئاسـمان دایـە، بـەڵام ڕەزامەندیـی خـوا لەگـەڵ ئـەو شـتانەدایە، کـە باشـن و بـە سـوودن، لەگـەڵ ئەو شـتانەدا نیـە کـە زیـان بەخشـن، وەك لـە سـوورەتی (الزُّمَـر)دا دەفەرمـوێ: ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ ۝٧﴾.

ئنجـا ئایـا ئێمـە بەچـی دەزانیـن: خـوا لـە چـی ڕازییـەو، لـە چـی ڕازیـی نیـە؟ دەبێ لـە ئاوێنـەی شـەریعەتدا تەماشـای شـتەکان بکەیـن و، هـەر شـتێك شـەریعەتی خـوا پەسـندی کردبـێ، دیـارە خـوا لێـی ڕازییـەو هـەر شـتێك شـەریعەتی خـوا ڕەفـزی کردبـێ، دیـارە خـوا لێـی ناڕازییـە، بـا هـەردوو لاشـیان بـە ویسـتی خـوا بـن، واتـە: ویسـتنی خـوا بـۆ شـتێك، نیشـانەی ڕازیـی بوونـی خـوا نیـە لـەو شـتە، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی بزانیـن خـوا لێـی ڕازییـە یـان ڕازیـی نیـە؟ دەبـێ تەماشـای شـەریعەتەکەی بکەیـن، بۆیـە هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: خـوا ویسـتنی وەدیهێنـان (تکویـن)ی هەیـە، ویسـتنی ئـەرك پێ سپاردنیشـی هەیـە، (المَشيئة التكوينيّة وَالمَشيئة التَّشْرِيعيَّة)، ئنجـا ئێمـە دەبـێ هەوڵبدەیـن، بەپێـی ویسـتی یاسـادانەرانەی خـوا بەڕێـوە بچیـن، نـەك ویسـتی بەدیهێنەرانـەی خـوا ﷻ، کـە لەگـەڵ هەمـوو شـتێك دایـە.

٣)- ﴿إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾، (بۆ ئەو قسەیەیان)، ئەوان تەنیا لە گۆترە قسە دەکەن، (الخرص: التَوَهّمُ والظَنُّ الّذي لاَ حُجّةَ فِيه، وَالخَرصُ: حَرْزُ الثَّمَرَة)، (خَرْص) بریتیە لە گومان بردن و، وەهم کردن و بەکارهێنانی خەیاڵ، شتێك کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبێ، وشەی (خَرص) لە ئەصڵدا قرساندنی میوەیە، بۆ وێنە:

کەسـێك دەڵـێ: مـن ئـەو باخـی خورمایـان و ڕەزەت پـێ دەفرۆشـم، وەرە تەماشـای بکـە، چەنـد کەسـێکی شـارەزا بێنـەو بیخەملێنـە، داخـۆ چەندیـان میـوە

پێوەیە؟ بە کوردیی قرساندنیشی پێ دەڵێن و بە گۆترەشی پێ دەڵێن، یاخود دەڵێن: ئەو شتە لە گۆترە بە چەند؟ بێ ئەوەی بیپێوێ چەند ڕبە یان چەند تەنەکەیە؟ یاخود بێ ئەوەی بیکێشێ، چەند کیلۆیە؟ واتە: ئەوانە هەر لە گۆترە قسە دەکەن، نەك بە وردیی و بەبەڵگەوە، ئەوە لە ڕووی عەقڵییەوە، هیچ بەڵگەیەکیان نیە.

ئنجا بابزانین ئایا لە ڕووی نەقڵییەوە، هیچ بەڵگەیان هەیە، بۆ ئەوە کە ڕەزامەندیی خوا لە پەرستنی ئەو شتانەدایە، کە بە هاوبەشی خوایان دادەنێن و دەیانپەرستن؟!.

٤)- ﴿ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴾؟، واتە: یان ئایا پێش ئەو (پێش قورئان)، کتێبێکمان پێداون، کە ئەوان توند دەست پێوە گرتووینی؟ (أم): (للإستِفهَامِ الإنكَارِيُّ)، واتە: (بَل أآتَيْنَاهُم كِتَاباً مِنْ قَبْلِهِ)، بەڵکو ئایا، ئێمە پێش قورئان کتێبمان پێداون، کە ئەوان دەست پێوە گرتووینی؟ کە ئەمە بۆ نکووڵییکردنەو واتایەکەی ئاوایە: (مَا آتَيْنَاهُم كِتَاباً مِنْ قَبْلِهِ)، چۆن دەزانین ئەو ڕاناوە بۆ قورئان دەچێتەوە؟ (مِنْ قَبْلِهِ)، (هـ)یەکە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای ئەم سوورەتەوە باسی قورئان کراوە، بۆ وی دەگەڕێتەوەو، هەر شتێك بە سیاق و سەلیقە بزانرێ، ڕاناوەکە بۆ ئەوێ دەچێتەوە، بێ ئەوەی باس بکرێ، واتە: وانیەو هیچ کتێبێکمان پێنەداون، چونکە وەك زۆرجار گوتوومانە: پرسیار لێکردنی نکووڵییلێکەرانە، بە مانای لابردنە، واتە: (مَا آتَيْنَاهُم كِتَاباً مِنْ قَبْلِهِ)، پێش قورئان هیچ کتێبێکمان پێنەداون.

کەواتە: لە ڕووی عەقڵییەوە هەر لە گۆترە قسە دەکەن و، بە قرساندن و بە گومان و، لە ڕووی نەقڵیشەوە قسەکانیان پشت ئەستوور نین، بە هیچ بەڵگەیەکی نەقڵیی و شەرعیی.

﴿ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ ﴾، دەڵێ: (أَمْسَكَ بِالشَّيءِ: شَدَّدَهُ عَلَيهِ، مَجَازٌ فِي مَعْنَى الثَّبَاتِ عَلَى الشَّيءِ)، (أَمْسَكَ بِالشَّيءِ)، واتە: توند دەستی پێوە گرت،

(إستَمْسَكَ بِهِ)، ئەمە زێدەڕۆییە، کە (س)و، (ت)ی تێدا زیاد کراون، (زِيَادَةُ المَبْنَى تَدُلُّ عَلَى زِيَادَةِ المَعنَى أو قُوَّةِ المَعنَى)، زۆر بە توندیی دەستیان پێوە گرتوە، کە ئەمە لە ئەصڵدا بە مانای دەست پێوە گرتنە، بەڵام بە (مَجَاز) بە مانای چەسپاویی و مانەوەیە لەسەر شتێك.

٥)- ﴿ بَلْ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ ﴾، ئنجا لە وەڵامی ئەو پرسیارە نکووڵییلێکەرانەیەدا، خوا ﷻ دەفەرمویّ: واتە: نە بەڵگەی عەقڵییان هەیەو، نە بەڵگەی نەقڵیی، بەڵکو بیانوو و پاساویان بۆ پەرستنی پەرستراوەکانیان، هەر ئەوە بوو، کە گوتیان: ئێمە باب و باپیرانی خۆمان لەسەر ڕێیەك لێ هەڵکەوتوە، (الأُمَّة: المِلَّةُ وَالدِّين)، (أُمَّة): وەك چۆن بە مانای کۆمەڵە خەڵکێك هاتوە، بە مانای ڕێبازێکیش هاتوە، کە کۆمەڵە خەڵکێکی لەسەرینی، واتە: ئایین و بەرنامەیەك.

٦)- ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴾، ئێمە لەسەر شوێنەواری ئەوان دەڕۆین، ئنجا کە دەشرۆین بە ڕێی ڕاستدا دەڕۆین، چونکە (مُهْتَدِي) کەسێکە ڕێی ڕاستی گرتبێ، هیدایەتی وەربگرتبێ، هیدایەتیش واتە: پێشاندانی ڕێی ڕاست، کەواتە: (مُهْتَدِي) کەسێکە، ئەو ڕێیە ڕاستەی پێشانی دراوە، گرتوویەتی، وشەی (آثَار) کۆی (أَثَر)ە، واتە: شوێنەوار، کەسێك بە شوێنێکدا دەڕوا، شوێن پێیەکەی پێی دەگوترێ: (أَثَر)، ئنجا کە لێرەدا کە دەفەرمویّ: ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴾، بە شوێنەواری ئەواندا ڕێی ڕاستگرتووین، مەبەستیان ئەوەیە کە بە شوێنەوارەکانی ئەواندا دەڕۆین، بەڵام لێرەدا: (عبّر عَنِ الإتبَاعِ بالإهْتِدَاءِ، لِشِدَّةِ غُرُورِهِم بِأحْوَالِ آبَائِهِم)، لە جیاتی (إتباع)، لە جیاتی ئەوەی بڵێن: (وَإنَّا عَلى آثَارِهِم مُتَّبِعُون)، شوێن شوێنەوارەکانیان کەوتووین، فەرموویەتی: ﴿ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴾، تەعبیریان لە شوێنکەوتن کردوە، بە (إهتِدَاء)، واتە: ئێمە بە شوێنەواری ئەواندا ڕێی ڕاستمان گرتوەو، گومانی تێدانیە ڕێی ئەوان ڕاستە، مانای ئەوەیە زۆر لە خۆیان بایی بوون، بەوە کە باب و باپیرانیان لەسەر ڕێیەکی ڕاست بوون.

ئەم تەعبیرەش دوو واتای هەن:

أ- کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ ﴾، (إنّا) دەبێتە نیهاد (مُبْتَدَأ)، (آثَارِهِم) دەبێتە گوزارەی یەکەم و (مُهْتَدون) دەبێتە گوزارەی دووەم.

یانی: ئێمەش لەسەر شوێنەواری ئەوانین، ڕێی ڕاستگرتووین.

ب- دەشکونجێ ﴿ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم ﴾، پەیوەست بێتەوە بە (مُهْتَدُون) و وشەی (مُهْتَدُون)، مانای ڕۆیشتووان، (سَائِرون)ی بخرێتە نێو، واتە: ئێمە بە شوێنەواری ئەواندا دەڕۆین، بەڵام بۆیە وشەی (مُهْتَدُون)یان بەکارهێناوە، واتە: بە شوێنەواری ئەواندا، ئێمە ڕێی ڕاستمان گرتوە.

٧)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ ﴾، (خوا ﷻ لە وەڵامیاندا دەفەرموێ:) هەر بەو شێوەیە لە پێش تۆدا لە هیچ ئاوەدانییەکدا هیچ وریا کەرەوەیەکمان نەناردوە، ﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، ئەو (ك)ە، پەیوەستە بە ڕستەی دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ مُتۡرَفُوهَآ ﴾، واتە: کاتێ خۆیشی هەر بەو شێوەیە بووە، وامەزانە بەس بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری تۆ وان، بەڵکو بێبڕوا خۆشگوزەران و خۆ سەپێنەکانی هەموو کۆمەڵگاکان، هەر ئەوە عادەتیان بووەو، هەر ئەوە قسەیان بووە، ﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، هەر بەو شێوەیە، ﴿ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ ﴾، لە پێش تۆدا، لە هیچ ئاوەدانییەکدا، هیچ وریاکەرەوەو ترسێنەرێکمان نەناردوە:

٨)- ﴿ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ ﴾، مەگەر خۆشگوزەرانەکانی ئەو ئاوەدانییە گوتوویانە: ئێمە باب و باپیرانمان لەسەر ڕێیەك، لەسەر ئایینێك لێ هەڵکەوتوە.

٩)- ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ ﴾، ئێمەش بە شوێن شوێنەوارەکانی ئەوان دەکەوین، ئەوان چییان کردوە، ئێمەش وا دەکەین، پێشتریش گوتراوە: (قَرية)، لە بەکارهێنانی قورئان دا و، لە زمانی عەرەبییدا، یانی: ئاوەدانییەکی گەورەو بە شاری قەڵەباڵغ و گەورە گوتراوە: (قَرية): بۆیە بە مەککە گوتراوە: (أُمُّ القُرَاء)، دایکی ئاوەدانیی و شارە قەڵەباڵغەکان.

﴿نَّذِيرٍ﴾یش مەبەست پێی پێغەمبەرێکە، خەڵك وریا دەکاتەوەو هۆشداریبان پێدەدات، ﴿مُتْرَفُوهَآ﴾، کۆی (مُتْرَف)ە، (المُتْرَفُ: مَنْ أُعْطِيَ التَّرَفَ، أي: النِّعْمَة)، (مُتْرَف) کەسێك کە نازو نیعمەتی پێدرابێ، خۆشگوزەرانکراو.

کە گوتوویانە: ﴿وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ﴾، ئێمە بە شوێنەواری ئەواندا چاولێکەرین، لە شیکردنەوەی وشەکاندا گوتمان: (قَدَى يَقْدو قَدواً أي: قَرُبَ)، واتە: نزیك بۆوە، (إقتدى بِهِ: فَعَلَ مِثْلَ فِعْلِهِ تَشَبُّهاً)، ئەو چیکردوە ئەویش وایکرد، خۆی وەك ئەو چواند، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الأنعَام)دا، دەفەرموێ: ﴿فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ﴿٩٠﴾﴾، تۆش ڕێنمایی ئەوان ڕەچاو بکە، وەك ڕێنماییەکەی ئەوان بکە، ئەمە فەرمانە بە پێغەمبەری خوا ﷺ کە چاو لە پێغەمبەرانی پێشووی خۆی بکات.

کەواتە: ئەوان هەم (مُهْتَدُون)یان بەکارهێناوە، هەم (مُقْتَدُون)، ئەمەش یانی:

أ- ئێمە بەپێی ڕێبازو ئایینەکەی ئەوان بەڕێوە دەچین و، ڕێبازو ئایینی ئەوان ڕاستە.

ب- ئێمە بە شوێن پێی ئەواندا هەنگاو دەنێین، هەم ڕێبازەکەیان پەیڕەویی لێدەکەین و هەم شوێن خۆشیان دەکەوین، هەم (إهتِدَى) دەکەین بە بەرنامەکەیان، هەم (إقتِدَى) دەکەین بەخۆشیان، بەرنامەکەیان دەکەینە پەیڕەویی لێکراو و، خۆشیان دەکەینە چاولێکراوو، شوێن پێ هەڵگیراو.

مەسەلەی سێیەم:

پرسیارکردنی ئەو پێغەمبەرە، یان هەر کام لە پێغەمبەرانی کە بۆ ئەو گەل و ئەو کۆمەڵگایانە نێردراون، کە ئایا هەرچەندە ڕێی ڕاست و دروستیشی بۆ هێنابن، هەر لەسەر لاساییکردنەوەی پێشینانیان سوور دەبن؟ وەڵامدانەوەی وانیش بەوە، کە پێیان بێبڕوان و، سەرەنجام سزادانیان لە لایەن خوای دادگەرەوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿قَٰلَ أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ﴾، (پێغەمبەرەکەیان) گوتی: ئایا ئەگەر بەرنامەیەکم بۆ هێنابن ڕێنماییکارتر لەوەی باب و باپیرانتان لەسەری دیوە؟! واتە: ئەو (نَذِير)ە، گوتی: کە پێشتر باسی کراوە: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ ﴿٢٣﴾﴾، کە مەبەست پێی پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، هەر پێغەمبەرێك کە بۆ هەر کۆمەڵگایەك نێردراوە، بە کۆمەڵگاکەی خۆی فەرموو: ﴿أَوَلَوۡ جِئۡتُكُم بِأَهۡدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمۡ عَلَيۡهِ ءَابَآءَكُمۡۖ﴾، ئایا ئەگەر بەرنامەیەکم بۆ هێنابن، ڕێنماییکارتر لەوەی باب و باپیرانتان لەسەری بینیوە، لەسەری ڕۆیشتوون و ئێوەش ئەوانتان لێ هەڵکەوتوە لەسەری، واتە: ئەگەر شتێکی باشتریشتان بۆ بێنم، هەر بە دوای شتە خراپەکەی باب و باپیرانتان دەکەون؟

وشەی (قَالَ)، خوێنراویشەتەوە: (قُلْ)، واتە: بە فەرمانیش خوێنراوەتەوە: (قُلْ أَوَلَو جِئْتُكُم)، (ئەی موحەممەد ﷺ!) پێیان بفەرموو: ئایا ئەگەر بەرنامەیەکیشم

بـۆ هێنابـن، ڕێنماییکارتـرو، ڕێ پێشـاندەرتر، لـەوەی بـاب و باپیرانتـان لەسـەری لێهەڵکەوتـوە، هـەر لەسـەر حاڵـی خۆتـان بـەردەوام دەبـن، (جِئْتُكُم)یـش، خوێندنەوەیەکـی دیکـەی هەیـە: (جِئنَاكُـم)، (قَـالَ أَوَلَـو جِئنَاكُـم)، گوتیـان: ئەگـەر بۆشـمان هێنابـن، بەرنامەیـەك و ڕێنماییکار لـەوەی باپیرانتان لەسـەری لێهەڵکەوتوون، کـە لێـرەدا ئـەم پرسـیارکردنە، پرسـیارکردنی دەگونجـێ نکووڵیلێکەرانـە بـێ، واتـە: ئەگـەر ڕێبـازو بەرنامەیەکـی ڕێنماییکارتـرو، ڕێ پێشـاندەرتر، لـەوەی بـاب و باپیرانتـان لەسـەری بـوون، بۆتـان بێنـم، نابـێ هـەر لەسـەر ئـەوەی پێشـوو بـڕۆن.

دەشـگونجێ پرسـیارکردنێکی دان پێپێداهێنـەر (إسـتِفهَام تقْرِيـرِي)، بـۆ ئـەوەی بانگیـان بـکات، تاکـو بیـر بکەنـەوە، واتـە: تەماشـا بکـەن، ئایـا ئەگـەر بەرنامەیـەك و ئایینێکـی باشـتر لـەوەی بـاب و باپیرانتـان لەسـەری بـوون، بـۆم هێنابـن، هـەر ئـەوە هەڵوێسـتتان دەبـێ؟!

لێـرەدا کـە ئـەو پێغەمبـەرە ﷺ، گوتوویەتـی: ﴿ بِأَهْدَىٰ ﴾، یـانی: ئـەوەی لەسەریشـنی، هـەر ڕێنمایـی تێدایـە، بـەڵام بەرنامەیەکـم بـۆ هێنـاون کـە زیاتـر ڕێنماییتـان دەکات، بێگومـان ئەمـە جۆرێـك بـووە لـە بەدەمـەوەدان، کـە بـە عەرەبیی پێـی دەگوتـرێ: (إرخَـاءُ العِنَـان)، جڵـەو بـۆ شـل کـردن، تاکـو لایەنـی بەرانبـەر گوێـت بـۆ بگـرێ، ئەگـەر تـۆ یەکسـەر بڵێـی: ئـەوەی تـۆ هـەر هیچـەو پووچـە، گوێـت بـۆ ناگـرێ، بـەڵام ئەگـەر بڵێـی: گریـمان ئـەوەی تـۆش ڕێیەکـی ڕاسـتە، بـەڵام ئەگـەر ڕێیەکـی باشـترو چاکـتر هەبـێ، ئایـا بەپێـی عەقـڵ و لۆژیـك هەمیشـە مـرۆڤ لـە نێـوان چـاك و چاکـتردا، چاکەکـە هەڵنابژێـرێ و، لـە نێـوان ڕاسـت و ڕاسـتتردا، ڕاستەکە هەڵنابژێرێ؟ ئەگەرنا بـە تەئکیـد ئـەوەی ئـەوان لەسـەری بـوون، گومڕایـی و سـەرگەردانیی بـووە.

٢)- ﴿ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾، خەڵکەکە (یاخود: بڕیار بەدەستانی کۆمەڵگایەکان)، گوتیان: ئێمەی بەوەی ئێوە پێ ڕەوانەکراون، بێبڕواین.

٣)- ﴿ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ ﴾، (لە ئەنجامی ئەوەدا) ئێمەش تۆڵەمان لێکردنەوە، (الإنتِقَامُ: إفتِعَالٌ مِنَ النَّقْمِ، وَهُوَ المُكافَأةُ بِالسُّوءِ)، (نَقَمَ وَنَقِمَ كَعَلِمَ وَضَرَبَ)، واتە: هەم بە (نَقَمَ) هاتوە، هەم بە (نَقِمَ) هاتوە، (نَقِمَ) وەك (عَلِمَ)، (نَقَمَ)ش وەك (ضَرَبَ)، (نَقِمَ وَنَقَمَ أي: كَافَأَ بِالسُّوءِ عَلَى السُّوءِ)، واتە: لەسەر خراپە سزای خراپی دا.

کەواتـە: ﴿ فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ ﴾، واتـە: سـزایەکی خراپـمان دان، خـراپ بـۆ ئـەوان، لەسـەر ئـەو کارە خراپـەی کردبوویـان، تۆڵەمـان لێسـتاندنەوە.

٤)- ﴿ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴾، سەرنج بدە! سەرەنجامی بە درۆدانەران چۆن بوو؟! لە زمانی عەرەبیدا ئەم پەندە هاتوە: (هوَ كَالأَرقَمِ إِنْ يُترَكْ يَلْقَمْ، وَإِنْ يُقْتَلْ يَنْقَمْ)، واتە: فڵانکەس وەك (الأرقَم)ە، (ماری بەڵەك، ماری جنجر)، ئەگەر وازی لێ بهێنرێ، پێوە دەدات و، ئەگەر بشکوژرێ، تۆڵە دەستێنێتەوە، یانی: بە برینداریی.

﴿ كَيۡفَ ﴾، (الإستِفهَامُ عَنِ الحَالَةِ)، (كَيْـف) بـۆ پرسـیارکردنە لـە حـاڵ و بـاڵ، واتـە: سـەرنج لـە حاڵیـان بـدە، حاڵیـان چـۆن بـوو، حاڵـی بـەدرۆ دانـەران و چـۆن سـزادران؟!

کورتە باسێک لە بارەی
نارەوایی شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشینانەوە:

زۆر بە کورتیی و گوشراویی ئەم باسە، لە چوار بڕگەدا، دەخەینە ڕوو:

بڕگەی یەکەم: چەمك و واتای شوێنکەوتنی کوێرانە:

کە دەڵێین: شوێنکەوتنی کوێرانە، بە عەرەبیی: (التَّقْليدُ الأَعْمَى)، ئایا مەبەستمان پێی چییە؟ دەڵێین: ئەوە چەند نیشانەیەکی هەیە:

١- ئەوەیە کە ئەو شوێنکەوتن و چاولێکردنەی پێشینان، لەسەر بناغەی زانست و عەقڵ نەبێ و، لەبەر ڕۆشنایی زانست و عەقڵدا نەبێ، هەروا لە گۆترە، کەسێك بە دوای پێشینان بکەوێ، ئەوەشم لەوە وەرگرتوە کە دوایی باسی دەکەین و خوای بەرزی مەزن دەفەرموێ: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾﴾ البَقَرَة، واتە: ئەدی ئەگەر باب و باپیرانیان نەیانفامیی بێ و، بەڕێیان نەزانیی بێ؟ لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٠٤﴾﴾ البَقَرَة، واتە: ئەدی ئەگەر باب و باپیرانیان نەیانزانیبێ و، ڕێگاش شارەزا نەبووبن؟ هەر دەبێ شوێنیان بکەون؟!

کەواتە: لاساییکردنەوەی کوێرانە ئەوەیە، ئەو شوێنکەوتن و چاولێکردنە، پشت ئەستوور نەبێ، نە بە بەڵگەی عەقڵیی و، نە بە بەڵگەی زانستیی.

٢- ئەوەیە کە ئەو چاولێکردنە لەسەر بناغەی بە پیرۆزگرتن و، دەمارگیریی و داخراویی بێ، بۆ وێنە: باب و باپیرانمان وایان نەگوتوە، با ئێمەش وا نەڵێین، یان: ئەوان وایان نەکردوە، با، ئەمەش وا نەکەین!.

٣- ئەوەیە کە ئەو شتەی چاوی لێ دەکرێ، یان پەیڕەویی لێ دەکرێ و لە باب و باپیران وەردەگیرێ، پشت ئەستوور نەبێ، نە بە بەڵگەیەکی عەقڵیی و، نە بە بەڵگەیەکی نەقڵیی، سەرچاوەگرتوو لە وەحیی خوای پەروەردگار.

چونکە فەرهەنگەکانی زمان، ئاوا باسی (تقلید) دەکەن، بۆ وێنە: (**المُعجَمُ الوَسِيط**)[1]، دەڵێ: (**قَلَّدَ فُلاَنَاً: اتَّبَعَهُ فِيما يَقُول، أو يَفعَلُ مِن غَيرِ حُجَّةٍ وَلا دَلِيل، وَقَلَّدَهُ: حَاكَاهُ يُقَالُ: قَلَّدَ القِردُ الإنسَانَ، وَتَقَلَّدَ القِلادَةَ: لَبِسَهَا**)، (**قَلَّدَ فُلاَنَاً**)، واتە: شوێنیکەوت لەوەدا کە دەیڵێ، یان دەیکات، بەبێ بەڵگەو بەرچاو ڕوونیی {هەر لە خۆوە کە ئەو وادەڵێ و وادەکات، ئەویش وابڵێ و وابکات}، دەگوترێ: (**وَقَلَّدَهُ: حَاكَاهُ**)، واتە: وەك ئەوی کرد، هەروەها دەگوترێ: (**قَلَّدَ القِردُ الإنسَانَ**)، واتە: مەیموونەکە چاوی لە مرۆڤ کرد، شتێکی باوە، دەڵێن: مەیموون لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، (**وَتَقَلَّدَ القِلادَةَ**)، واتە: گەردن بەندەکەی، یان ملوانکەکەی بە ملدا کرد، بەڵکو (مِقلاد) یان (قِلادَة)، بەوە دەگوترێ: کە لە ملی وڵاخیش دەکرێ و ڕادەکێشرێ، ئەو سارو ڕێشمە.

بڕگەی دووەم: چەمك و واتای کۆششکردن (إجتِهَاد) و شوێنکەوتن (اتباع) و لاساییکردنەوە (تَقلِيد)[2]:

١- (**الإجْتِهَاد**): کۆششکردن و بەکارهێنانی عەقڵی خۆت.

٢- (**الإتِّبَاع**): شوێنکەوتن، ئەوەیە خۆت بەڕێیە نەزانی، بەڵام بە دوای کەسێك بکەوی، کە بەڕێیە دەزانێ، لەبەر ئەوەی لە بەڵگەکەی تێگەیشتووی، یانی: بە بەرچاو ڕوونییەوە شوێنی بکەوی.

---

(١) ص٧٥٤.

(٢) لەکتێبی دووەمی مەوسووعەی: {بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا} بەدرێژی لەوبارەوە دواوین.

٣- (التَّقلِيد): ئەوەیە كە شوێن كەسێك بكەوی، بەبێ ئەوەی بزانی لەسەر چ بناغەیەك ئەو شتەی گوتووە، یان كردووە، تۆش لە خۆتەوە شوێنی بكەوی.

١)- (الإجتِهَاد): لە ڕووی زاراوەییەوە، ئاوا پێناسە كراوە، بۆ وێنە: (الغَزَالِي)، لە: (المُستصفى مِن عِلمِ الأُصُول)دا[1]، دەڵێ: (الإجتِهادُ هوَ بَذل المُجتَهِدِ وُسْعَهُ في طلب العلم بأحكام الشريعة، والإجتهاد التام: أن يبذل الوسع في الطلب بحيث يَحُسُّ من نفسه بالعَجْز عن مزيد طلب)، (الإجتِهَاد): بریتیە لەوە كە بابای كۆششكەر، توانای خۆی لە پەیداكردنی زانیاریی بە حوكمە شەرعییەكاندا، سەرف بكات و، كۆششكردنی تەواویش ئەوەیە، كە ئەوپەڕی توانای خۆی لە داواكردنی زانست بە حوكمە شەرعییەكاندا سەرف بكات، بەشێوەك هەست بكات، چی دیكەی لە تواناندا نیە، واتە: ئەوپەڕی توانای خۆی بەكاربێنێ.

یەكێ دیكە لە زانایان گوتوویەتی[2]: (الإجتِهادُ: إستِفرَاغُ الجُهدِ وَبَذلُ غَايةِ الوسعِ إما في دَركِ أحكامِ الشَّريعةِ، وَإمّا في تَطبِيقِها)، (الإجتِهاد): بریتیە لە بەكارهێنانی ئەوپەڕی تواناو كۆششكردن، لە زانینی حوكمە شەرعییەكان یاخود بۆ جێبەجێ كردنیاندا لەسەر ئەرزی واقیع.

٢)- (الإتِّبَاع): ئەوەیە كە ئینسان شوێن زانایان بكەوێ، لە شتێكدا كە گوتوویانە، لەبەر ئەوەی بە بەڵگە شەرعییەكانیان ئاشنایە، لەو بارەوە لە كتێبی: (التَّجدِيد الأُصُولِي، نَحوَ صِياغَةٍ تَجدِيدِيةٍ لِعلمِ الأصُول)، (بِإشرَاف الدكتور: أحمَد الَيسوني)دا[3]، هاتوە: (إنعِقَادُ الإجمَاعِ مِن عَهدِ الصَّحَابَةِ والتَّابِعين، عَلى أنَّ العَامَّةَ يَستَفتُونَ العُلَمَاءَ ويَتَّبِعونَهُم فِي الأحكَامِ الشَّرعيَّة، وَلا يُنكِرونَ عَلَيهِم هَذا السُّلوكَ وهَذَا مَعْلوم مِن تواتر عُلَمَائِهِم وَعَامَّتِهِم)، واتە: یەكدەنگیی دامەزراوە لەسەردەمی هاوەڵان و شوێنكەوتووانیاندا، كە خەڵك بە گشتیی پرسیار لە زانایان دەكەن و، لە یاسا شەرعییەكاندا شوێنیان دەكەون و ئەوەشیان لێ بە ڕەخنە ناگرن، ئەوەش بە تەواتوور لە زانایان و لە خەڵك بە گشتییەوە، (واتە: خەڵكی مسوڵمان) زانراوە.

---

(١) ج٢، ص٣٨٢.

(٢) المُوافَقَاتِ للشاطبي، تَعليق: عَبدالله درّاز، ج٤، ص٨٩.

(٣) ص٧٧٦.

٣)- (التَّقليد): (البَاجي) له كتێبی: (إِحكَامُ الفُصُول في الأُصُول)[١]، دەڵێ: (هوَ التِزامُ حُكمِ المُقَلَّدِ من غَيرِ دَلِيلٍ)، واتە: تەقلید بریتیە لە پابەندیی بە قسەی کەسێکەوە، کە تەقلیدی لێ دەکرێ، بێ ئەوەی بەڵگەی هەبێ، (داخۆ پێکاویەتیی یان نەیپێکاوە)، هەروەها لە سەرچاوەی پێشوودا هاتوە، (الرجوعُ فِي الحُكْمِ إِلى قَولِ المُقَلَّدِ مِن غَيرِ عِلمٍ بِالصَّوَابِ وَلا خَطَئِهِ)، واتە: تەقلید گەڕانەوەیە لە حوکمدا بۆ قسەی بابای لاساییکراوە، بەبێ زانیاریی هەبوون بەوە، ئایا پێکاویەتی یان نەیپێکاوە!.

(جَـلال الدِّيـن المحـلِّي)، لـە هەمـان سـەرچاوەی پێشـوودا دەڵـێ: (التَّقلِيـدُ: قبُـولُ قَولِ القَائِلِ بِلا حُجَّةٍ يَذكُرُهـا)، تەقلیـد بریتیـە لـە شـوێنکەوتنی قسـەی کەسـێك، بـێ ئـەوەی بەڵگەیـەك بـاس بـكات، (یاخـود: ئەگـەر بەڵگەشـی هەبـێ، بـێ ئـەوەی بابـای لاسـاییکەرەوە، لـە بەڵگەکـە تێگەیبـێ).

کەواتـە: ئـەوەی لـە ئیسـلامدا ڕەوایـە، بێگومـان بریتیـە (إجتِهَـاد) کـردن، کـە مرۆڤ بـۆ خـۆی هەوڵبـدات شـتەکە بزانـێ، یاخـود شـوێنکەوتن، واتـە: شـوێنکەوتنی بابایەك کـە شـارەزایە، لەبـەر ئـەوەی تـۆ دەزانـی بەڵگەکـەی چییـەو، بەڵگەکـەی قەناعـەت هاتـووی، بـەڵام ئـەوەی لـە ئیسـلامدا ڕەوا نیـە، بریتیـە لـە لاسـاییکردنەوەی کوێرانـە.

بڕگەی سێیەم: شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشینان، عادەتی کافر و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە:

بـە لای کەمـەوە، لـە پێنـج سـوورەتی قورئانـدا، خـوا ﷻ سەرزەنشـتی کافرەکانـی کـردوە، لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە پاسـاوی شـیرك و کوفـرو ڕێیـە چەوتەکانـی خۆیـان، بـەوە داوەتـەوە گوتوویانـە: بـاب و باپیرانمـان لەسـەری لێهەڵکەوتـوەو، بـاب و باپیرانمـان و پێشینانیشـمان هـەر وایـان کـردوەو وایـان گوتـوە!

---

(١) ص١٧٣.

هەڵوێستی هاوبەشدانەرو بێبڕوایەکان (بە شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشووان) بەلای کەمەوە لە پێنج سوورەتاندا هاتوە:

١- لە سوورەتی (البقرة)، ئایەتی ژمارە: (١٧٠)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلۡ نَتَّبِعُ مَآ أَلۡفَيۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآۚ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ﴾، واتە: ئەگەر پێیان بگوترێ: (واتە: بە بێبڕوایەکان)، شوێن ئەوە بکەون کە خوا دایبەزاندوە، دەڵێن: بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوین، کە باب و باپیرانمان لەسەری لێهەڵکەوتوە، ئایا ئەگەر باب و باپیرانیان هیچ شتێکیان نەفامیبێ و بەڕێی ڕاستیان نەزانیبێ؟.

٢- لە سوورەتی (المائدة)، ئایەتی ژمارە: (١٠٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُواْ حَسۡبُنَا مَا وَجَدۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآۚ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ﴾، واتە: ئەگەر پێیان بگوترێ: وەرن بۆ ئەوەی خوا دایبەزاندوەو بۆ لای پێغەمبەر، دەڵێن: ئەوەمان بەسە کە باب و باپیرانمان لەسەری لێ هەڵکەوتوەو بینیوە، ئایا ئەگەر باب و باپیرانیان شتێکیان نەزانیبێ و، بە ڕێی ڕاستدا نەڕۆیشتبن (هەر شوێنیان دەکەون؟).

٣- لە سوورەتی (الأعراف)، ئایەتی ژمارە: (٢٨)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةٗ قَالُواْ وَجَدۡنَا عَلَيۡهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَاۗ قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾، واتە: ئەگەر (بێبڕوایان) خراپەیەکیان کرد، دەڵێن: باب و باپیرانمان لەسەری بینیوەو خوا فەرمانی پێکردووین، بڵێ: خوا فەرمان بە شتی خراپ ناکات، چۆن شتێك بە ناوی خواوە دەڵێن کە زانیارییتان لە بارەیەوە نیە.

٤- لە سوورەتی (الأحزاب)دا، دیسان خوا ﷻ لە کافرەکان نەقڵ دەکات: ﴿ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ مِنَ ٱلۡعَذَابِ وَٱلۡعَنۡهُمۡ لَعۡنٗا كَبِيرٗا ﴿٦٨﴾ ﴾، واتە: (کافرەکان) گوتیان: ئەی پەروەردگارمان! ئێمە

فەرمانبەریی سەرۆکەکانمان و، بەساڵداچووەکانمان کرد، ئنجا ئەوانیش لە ڕێ گومڕایان کردین، پەروەردگارمان! سزای چەند قاتیان بدەو، نەفرینێکی گەورەیان لێ بکە.

٥- لە سوورەتی (**الزخرف**)یش ئەو سوورەتەی دەیتوێژینەوە، لە ئایەتی ژمارە (٢٢)دا، دەفەرموێ: ﴿ بَلْ قَالُوٓا۟ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴾، لە ئایەتی دوای ئەویش ئایەتی ژمارە (٢٣)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴾.

کەواتــە، شــوێنکەوتنی پێشــینان و، لاســاییکردنەوەیان و، شــوێنکەوتنی کوێرانــە، بــێ ئــەوەی بەرچــاو ڕوونیــی هەبــێ، کــە ئەوانــە لــە شــتەدا پێکاویانــە، واتــە: بــێ ئــەوەی شــتەکە هەڵقــوڵاوی عەقــڵ بــوو بــێ، یــان هەڵقــوڵاوی زانیاریــی بــوو بــێ، یــان هەڵقــوڵاوی وەحیــی خــوا ﷻ بووبــێ، ئــەوە لــە ڕاســتیی دا عادەتــی بێبڕوایانــەو مســوڵمانان دەبــێ خۆیــان لــەوە دوور بگــرن.

بڕگەی چوارەم: شوێنکەوتنی پێشینی چاك (إتباع السَّلَفُ الصَّالِح)، بە بەرچاو ڕوونییەوە، نەك هەر ڕەوا، فەرزیشە:

بــە بەڵگــەی ئایەتــی ژمــارە (٩٠) لــە ســوورەتی (**الأنعَـام**)دا، کــە خــوا ﷻ، دوای ئــەوەی باســی هــەژدە لــە پێغەمبــەران دەکات و ناوی هــەژدە لــە پێغەمبــەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) دێنــێ، بەپێــی ڕیزبەندیــی کــە لــە ئایەتەکانــدا هاتــوون: (ئیبراهیــم و ئیســحاق و یەعقــوب و نــووح و داوودو ســولەیمان و ئەییــووب و یوســوف و مووســاو هــاڕوون و زەکەریــاو یەحیــاو عیســاو ئیلیــاس و ئیســماعیل و ئەلیەســەع و یونــوس و لــووط)ن، دوایــی خــوا ﷻ بــە پێغەمبــەر ﷺ دەفەرمــوێ: ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ﴾، واتــە: ئەوانــە کەســانێکن خــوا ڕاســتە ڕێــی کــردوون، تــۆش بــە دوایــی ڕێنمایــی ئــەوان بکــەوەو، ڕێنمایــی ئــەوان چــاو لــێ بکــە.

کەواتـە: ڕێنمایـی پێشـینان چاولێکـردن، مـادام ئـەوان لەسـەر هـەق بووبـن، شـتێکی زەمکـراو نیـە، بەڵکـو شـتێکی پەسـندەو، تەنانـەت خـوا ﷻ فەرمانـی بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کـردوە، کـە چـاو لـە پێغەمبەرانـی پێـش خـۆی بـکات، دەفەرمـوێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ﴾، ئەوانـە کەسـانێکن خـوا ﷻ ڕاسـتە ڕێـی کـردوون، ﴿ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ﴾، تـۆش ئـەو ڕێنمایـی و هیدایەتـەی ئـەوان لەسـەری بـوون، چـاوی لـێ بکـە.

کەواتـە: دەتوانیـن بڵێیـن: پوختـەی ئـەم کورتـە باسـە و ئەنجامگیرییـەك کـە لـەم کورتـە باسـەی دەکەیـن، ئەوەیـە:

ڕەفـز کردنـی شـوێن کەوتنـی کوێرانـەی پێشـینان و، لـە بەرانبەریـدا: عەقڵـی خـۆ بەکارهێنـان و، ڕێزگرتـن لـە بەرهـەم و ڕێبـازی بەڵگەداریـی پێشـینانمان، دەبـێ عەقڵی خۆشـت بەکاربێنـی و ڕێزیـش لـە بەرهەمـی بەڵگـەداری پێشـینان بگـری، لـەوەدا کـە ئـەوان بەرهەمیـان هێنـاوە، لەبـەر ڕۆشـنایی وەحیـی خـوادا، هەڵبەتـە هـی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ)، بەبـێ مـەرج، مـادام لـە ڕووی سـەنەدەوە جێـی متمانـەو دڵنیایـی بـێ، بـەڵام هـی جگـە لـە پێغەمبـەران، هـی زانایانـی دیکـە، لـە بەرهـەم و کەلەپووریـان بەهرەمەنـد بیـن، بـەڵام بـە بەرچـاو ڕوونییـەوەو، بـە هەڵسـەنگاندنی و لـە مەحەکـی وەحیـی و عەقـڵ دانی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە بیسـت (٢٠) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتـەکانی: (٢٦ - ٤٥)، لـە سـێ ئایەتـی سـەرەتایاندا، واتـە: (٢٦ - ٢٨)، ئاماژەیـەکی بـە هەڵوێسـتی ئیبراهیـم (**خَلِيلُ اللە**) ﷺ کـراوە، کـە چـۆن حاشـای لـە پەرسـتراوەکانی بابـی و گەلەکـەی کـردووە، خـۆی بـۆ پەرسـتنی خـوا ﷻ یەکلاکردۆتـەوە، پاشـان ئـەو خـوا بـە یەکگرتنـەی کردۆتە میـرات و، وشـەیەکی بـەردەوام لـە وەچەکەیـدا.

دوایـی خـوا ﷻ باسـی هەڵوێسـتی نەرێنییانـەی گـەل و کۆمەڵـگای پێغەمبـەری خاتـەم (موحەممـەد)ی ﷺ کـردوە، لـە بەرانبـەر پێغەمبـەرو قورئانـدا، کـە قورئانیـان بـە جـادوو دانـاوەو، خۆزگەشـیان خواسـتوە قورئـان بـۆ پیاوێکـی مـەزن، لـە یەکێك لـە دوو شـارە ناودارەکانـدا، مەککـەو **طائیـف** دابەزیبایـە، لـە جیاتـی موحەممـەد ﷺ ئنجـا خـوا ﷻ بـەو بۆنـەوە، باسـی ئـەوە دەکات، کـە ژیانـی دنیـا لـە لای زۆر کـەم بایەخـە -لـە ڕووە ماددییەکەیـەوە- ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نەبوایـە، خەڵـك تێکـڕا بێبڕوابـن و هەموویـان وەسـەر کوفـر بکەرێـن، بێبڕوایانـی یەکجـار ساماندارو، هەبووتـر لـەوەی کـە هـەن، دەکـرد.

پاشـان باسـی ئـەوە دەکات، کـە هـەر کـەس لـە ئاسـت یـادی خـوادا، کوێـرو کوتربـێ و خـۆی گێـل بـکات، خـوا شـەیتانێکی گومراکـەری بـۆ دەڕەخسـێنێ، کـە هەمیشـە لەگەڵیـدا دەبـێ و، دنەدنـەی دەدا بـۆ خراپـە.

دوایـی چەنـد ڕێنماییەکـی گـەورەو گرنـگ، بـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ ڕادەگەیەنـێ، وێـڕای خسـتنەڕووی چەنـد ڕاستییەکی مەزن.

لـە کۆتاییشـدا پێـی ڕادەگەیەنـێ، کـە لـە پێغەمبەرانـی پێشـوو بپرسـێ: ئایـا خـوا ﷻ پێشـتر پەرسـتراوانێکی دانـاون، لـە جیاتـی وی بپەرسـترێن؟ کـە وەڵامەکـە

دیارەو خوا ﷻ لەسەر زمانی هیچ کام لە پێغەمبەران (عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَام)، نەیفەرمووەو، نەیناردوە، جگە لە خوا ﷻ بپەرسترێ و بەندایەتیی بۆ بکرێ.

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى
فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ بَلْ مَتَّعْتُ
هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ ﴿٢٩﴾ وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ قَالُوا۟ هَٰذَا
سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٠﴾ وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ
﴿٣١﴾ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا
بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا
يَجْمَعُونَ ﴿٣٢﴾ وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِٱلرَّحْمَٰنِ
لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا
عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخْرُفًا ۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَٱلْءَاخِرَةُ
عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ
﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ
يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴿٣٨﴾ وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ إِذ
ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴿٣٩﴾ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَمَن
كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٠﴾ فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴿٤١﴾ أَوْ نُرِيَنَّكَ
ٱلَّذِى وَعَدْنَٰهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴿٤٢﴾ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ
صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَإِنَّهُۥ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ ۖ وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴿٤٤﴾ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا
مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئەی موحەممەد) یادیش بکەوە کاتێك ئیبراهیم بە بابی و گەلەکەی گوت:
بێگومان من لەوەی دەیپەرستن، بێزارو دوورم (٢٦) (هیچ شتێك ناپەرستم)، جگە
لەو کەسەی وەدیهێناوم، بە دڵنیایی ئەو ڕاستە ڕێم دەکات (٢٧) ئەو قسەیەشی
کردە وشەیەکی بەردەوام لە وەچەکەیدا، بەڵکو (لە ڕێی چەوت) بگەڕێنەوە
(و لەسەر ڕاستە شەقام بەردەوام بن) (٢٨) (منیش لادەرانی وەچەکەیم
لە نێو نەبرد)، بەڵکو ئەوانەو باب و باپیرانیشیانم (لە ژیاندا) بەهرەمەند
کردن، هەتا هەق و پێغەمبەرێکی ڕۆشنیان بۆ هات (٢٩) (کەچی) کاتێك
هەق (قورئان)یان بۆ هات، گوتیان: ئەمە جادوویەو ئێمە پێی بێبڕواین (٣٠)
هەروەها گوتیان: دەبووایە ئەم قورئانە، دابەزیبایە سەر پیاوێکی مەزن لە دوو
ئاوەدانییەکان (مەککەو تائیف)دا (٣١) ئایا ئەوان بەزەیی پەروەردگارت دابەش
دەکەن؟ ئێمە لە ژیانی دنیادا بژێوو گوزەرانیانمان، لە نێواندا دابەشکردووەو،
هەندێکیانمان بە چەندان پلە بەسەر هەندێکیاندا بەرز کردوە، تاکو هەندێکیان
هەندێکیان بەکاربێنن (و بیانکەنە کارپێکراو)، بەزەیی پەروەردگاریشت لەوەی
کۆی دەکەنەوە (لە ماڵ و سامان) باشترە (٣٢) ئەگەر لەبەر ئەوەش نەبووایە،
خەڵك ببنە یەك کۆمەڵ (ی خڕ بووەوە لەسەر کوفرو هەموویان وەسەر کوفر
بگەڕێن)، ئەوانەی بێبڕوان بە (خوای) بە بەزەیی، سەربانی خانووەکانیانمان بۆ
دەکردنە زیو، هەروەها ئەو پەیژانەش کە پێیاندا سەردەکەون، (بۆمان دەکردنە
زیو) (٣٣) دیسان بۆ ماڵەکانیان و دەرگاکانیان و تەختانێك کە لەسەریان
پاڵدەدەنەوە (لە زیو) بۆمان دەڕەخساندن (٣٤) هەروەها زێڕو ڕازاوەیی(مان
بۆ دەستەبەر دەکردن)و، هەموو ئەوەش تەنیا بەهرەو ڕابواردنی ژیانی دنیایەو،
(مەنزڵگای) کۆتایی لەلای پەروەردگارت بۆ پارێزکارانە (٣٥) هەر کەسیش لە

ئاسـت (قورئانـی) بیرخـەرەوەی (خـوای) بـە بەزەیـی دا، خـۆی کوێـرو کێـل بـکات، شـەیتانێکی بـۆ دەڕەخسێنین، بـۆی دەبێتـە هـاودەم ﴿٣٦﴾ ئنجا ئـەوان (شـەیتانەکان) لـە ڕێ (ی خـوا) لایـان دەدەن، کەچـی پێیـان وایـە، ڕێ ڕاستگرتوون ﴿٣٧﴾ هەتا کاتێك (یەکێکیـان) هاتـە لامـان (لـە ڕۆژی دوایـی دا) گوتـی: خۆزگـە نێوان مـن و نێـوان تـۆ (ئـەی شـەیتان)، دووریـی خۆرهـەڵات و خۆرئـاوا بووایـە، چونکـە (تـۆی) خراپتریـن هـاوەڵ ﴿٣٨﴾ (پێیـان دەگوتـرێ:) چونکـە سـتەمتان کـردوە، ئەمـڕۆ هاوبەشـییتان لـە سـزاو ئـازاردا، هەرگیـز سـوودتان پێناگەیەنـێ ﴿٣٩﴾ (ئـەی موحەممـەد!) ئایـا تـۆ بەکـەڕان دەبیسـتێنی؟ یـان ڕێنمایـی کوێـران دەکـەی؟ هەروەهـا کەسێك کـە لـە گومڕاییەکـی ئاشـکرادا بـێ (بـۆت دەهێنرێتـە دەر)؟ ﴿٤٠﴾ ئنجـا ئەگـەر نەتهێڵیـن، بێگومـان ئێمـە تۆڵەسـتێنین لێیـان ﴿٤١﴾ یـان ئەگـەر ئـەوەی بەڵێنـمان پێیـان داوە، (هەڕەشـەمان پێـی لێیـان کـردوە)، پێشـانت بدەیـن، بـە دڵنیایـی ئێمـە تواناداریـن بەسـەریاندا (لـە هـەردوو حاڵێ دا سـزادانیان مسـۆگەرە) ﴿٤٢﴾ کەواتـە: توند دەسـت بـەو (پەیام)ەوە بگـرە، کـە بـۆ لات سروشـکراوە، مسـۆگەر تـۆ لەسـەر ڕێیەکی ڕاسـتی ﴿٤٣﴾ بەڕاسـتییش ئـەو (قورئانـە) بیرخەرەوەیـە بـۆ تـۆو خەڵکەکـەت و، لەمـەودواش لێتـان دەپرسرێتـەوە (چۆنتـان مامەڵـە لەگەڵـدا کـردوە)؟ ﴿٤٤﴾ لـەو پێغەمبەرانەشـمان بپرسـە کـە بـەر لـە تـۆ ناردوومانـن: ئایا هیـچ پەرستراوانێکمان دانـاون، کـە جگـە لـە (خـوای) بـە بەزەیـی بپەرسـترێن؟! ﴿٤٥﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بَرَآءٌ): (أَصْلُ البُرْءِ، والبَرَاءَةِ وَالتَبَرِّي: التَقَصِّي مِمَّا يُكْرَهُ مُجَاوَرَتُهُ، والبَرَءُ مَصْدَرُ: البَرَاءَةِ)، واتە: (بُرْء)و (بَرَاءَة)و (تَبَرِّي)، هەرسێکیان واتە: دووریی لە شتێك، کە نیزیکی لێی، شتێکی نەویستراو بێ، وشەی: (بَرَء) چاوگە بە مانای (بَرَاءَة)، دووریی، حاشا لێکردن.

(عَقِبِهِ): (العَقِبُ مُؤَخَّرُ الرِّجْلِ، وَآسْتُعِيرَ لِلوَلَدِ، وَوَلَدِ الوَلَدِ)، (عَقِبْ) بە مانای پاژنە پێ دێ، بەڵام خوازراوەتەوە بۆ ڕۆڵەو، ڕۆڵەی ڕۆڵە، ئنجا کوڕ بێ، یان کچ، (يُقَالُ جَاءَ فِي عَقِبِ الشَّهْرِ أي: آخِرِهِ)، ئەگەر بگوترێ: لە عەقیبی مانگەکەدا هات، واتە: لە کۆتایی مانگدا هات.

(قَسَمْنَا): دابەشمان کردوە، (القَسْمُ إِفْرَازُ النَّصِيبِ، قَسَمْتُ كَذَا قَسْماً وَقِسْمَةً: وَزَّعْتُهُ)، (قَسْم): بریتیە لە دیاریکردنی پشك و بەش، دەگوترێ: (قَسَمْتُ كَذَا)، ئەو شتەم دابەش کرد، ئنجا (قَسْماً وَقِسْمَةً)، هەردووکیان چاوگن، واتە: دابەشکردن.

(مَعِيشَتَهُمْ): (المَعِيشَةُ: مَا يُتَعَيَّشُ بِهِ، وَالعَيْشُ: الحَيَاةُ المُخْتَصَّةُ بِالحَيَوَانِ)، (مَعيشة) بریتیە لەوە کە مرۆڤ، پێی دەژی، (عَيش): بریتیە لەو ژیانەی تایبەتە بە ژیاندارانەوە، بۆیە وشەی (مَعِيشَة)، دەگونجێ بڵێی: بژیو، دەشگونجێ بڵێی: گوزەران، واتە: شتێك کە ژیانی مرۆڤ پێی دەگوزەرێ.

(سُخْرِيًّا): (السُّخْرِيُّ: الَّذِي يُقْهَرُ فَيَتَسَخَّرُ بِإِرَادَتِهِ)، کەسێك کە لایەنێکی دیکە، دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو، ئەویش بەکاردەهێنرێ بە ویستی خۆی، (التَّسْخِيرُ: سِيَاقَةٌ إِلَى الغَرَضِ المُخْتَصِّ بِهِ قَهْراً)، (تَسْخِير): بریتیە لە لێخوڕینی شتێك، بەرەو

ئەو مەبەستە تایبەتەی، کە لێی ویستراوە، بەڵام بە شێوەیەك کە ویستی خۆی لە ئارادا نەبێ، (**تَسخِير**) واتە: ڕامکردن و، دەستەمۆ کردن و، مل پێکەچ کردن.

(لِبُيُوتِهِمْ): (**أَصْلُ البَيْتِ: مَأْوَى الإِنْسَانِ بِاللَّيْلِ، بَاتَ أَي: أَقَامَ بِاللَّيْلِ، وَالبَيْتُ: المَسْكَنُ**)، (**بَيت**) لە ئەسڵدا ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بە شەوێ، تێیدا دەحەوێتەوە، دەگوترێ: (**بَاتَ أَي: أَقَامَ بِاللَّيل**)، بە شەوێ مایەوە، (**ظَلَّ**) بە ڕۆژێ لەو شوێنە بوو، یاخود ئەو کارەی کرد، کەواتە: (**بَيت**) واتە: مەسکەن، شوێنی سوکنا، شوێنی تێدا نیشتەجێ بوون.

(سُقُفًا): (**جَمْعُ السَّقْف**)، (**سَقف**) بە (**سُقُف**) کۆ دەکرێتەوە، (**السَّمَاءُ: البَيْت**)، (**سماء**) سەربانی خانوو، نەك هەر دیوی دەرێی، دیوی ئێوەو دیوی دەرەوە، پێی دەگوترێ: سەقف.

(وَمَعَارِجَ): (**أَي: مَصَاعِد، عَرَجَ: مَشَى مِشْيَةَ العَارِجِ، وَعَرِجَ: صَارَ ذَلِكَ خِلْقَةً لَهُ**)، (**مَعَارِج**) کۆی (**مِعرَاج**)ە، واتە: (**مَصْعَد**) کە بە (**مَصَاعِد**) کۆ دەکرێتەوە، بە پەیژەو قادرمە دەگوترێ، هەر شتێك مرۆڤ پێیدا سەردەکەوێ، بۆ سەربان، یاخود بۆ شوێنی بەرز، دەگوترێ: (**عَرَجَ**) واتە: وەك ڕۆیشتنی شەل، ڕۆیی، بەڵام (**عَرِجَ**) واتە: ڕۆیشت بە شێوەیەك، ئەو جۆرە ڕۆیشتنە کە شەلییە، تێیدا بۆتە خەسڵەتێکی بنەڕەتیی، یانی: (**عَرَجَ**) خۆی شەلاند، (**عَرِج**) بەشەلیی ڕۆیی، شەلییەکی بەردەوام.

(يَظْهَرُونَ): (**أَي: يَصْعَدُون، ظَهَرَ عَلَيْهِ: غَلَبَهُ**)، (**يَظهَرُون**) لێرەدا بە مانای (**يَصْعَدُون**) یانی: سەردەکەون، ئەگەرنا (**ظَهَرَ عَلَيْهِ**)، واتە: بەسەریدا زاڵ بوو.

(وَسُرُرًا): (**جَمعُ أَسِرَّة وَهِيَ جَمْعُ سَرِير**)، (**سُرُر**) کۆی (**أَسِرَّة**)یە، (**أَسِرَّة**)ش کۆی (**سَرِير**)ە، واتە: تەخت، تەختێك کە مرۆڤ لەسەری ڕادەکشێ، یان ئیسراحەت دەکات، دەگونجێ ئێستا بەو قەنەفەو شتانە بگوترێ، کە خەڵك لەسەریان پاڵ دەداتەوە.

(يَتَّكِـُٔونَ): (الإتِّكَاءُ وَالتَّوَكُّأ: التَّحَامل عَلَى الشَّيء)، (إتّكاء وتوكّأ) بریتیە لەوە، کە ئینسان سەنگی خۆی بداتە سەر شتێك، بە کوردیی: شان دادان، یاخود پاڵدانەوە.

(وَزُخْرُفًا): (الزخرف: الذَّهَبُ والزِّينَةُ وَالأَمْتِعَةُ وَالأَثَاثُ، وَالنَّقْشُ)، وشەی (زُخرُف): بە مانای زێڕ هاتووەو، بە مانای جوانیی هاتووەو، بە مانای کەلوپەلی ماڵ هاتووەو، بە مانای نەخش و نیگار هاتووە، دەگوترێ: (زَخْرَفْتُ الدَّارَ أي: زَيَّنْتُهَا)، ماڵەکەم ڕازاندووەو، نەخش و نیگارم تێدا دروست کرد.

(يَعْشُ): واتە: خۆی کوێر بکات، دەگوترێ: (عَشَوتُ إلى النَّارِ أي: قَصَدتُهَا، وَعَشَيْتُ عَنْهَا: أَعْرَضْتُ، والعَشَا: ظُلْمَةٌ تَعْتَرِضُ فِي العَينِ، يُقَالُ: رَجُلٌ أَعْشَى وَامْرَأَةٌ عَشْوَاء، يَخْبِطُ خَبطَ عَشْوَاء)، واتە: (عَشَوْتُ إلى النَّار)، ڕووم لە ئاگرەکە کرد، (عَشَيْتُ عَنْهَا) ڕووم لێ وەرگێڕا، ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، هەر کەسێك ڕوو وەربگێڕێ لە یادخەرەوەی خوای بە بەزەیی، یاخود لە ئاستیدا خۆی کوێر بکات، خۆی لێ گێل بکات، (العَشَا)، بریتیە لە تاریکییەك کە دێتە بەرچاو و ڕێی دیتن دەگرێ، (رَجُلٌ أَعْشَى وَامْرَأَةٌ عَشْوَاء)، پیاوێك کە بە تایبەت بە شەو نەبینێ، پێی دەگوترێ: شەو کوێر، پێی دەگوترێ: (أَعْشَى)، کتێبێك هەیە (صُبْحُ الأَعْشَى)، بەرەبەیانی بابای شەو کوێر، کە بەشەو نابینێ، (إمْرَأَةٌ عَشْوَاء)، بۆ ئافرەتە، ئافرەتی شەوکوێر، هەر بۆیە لە پەندی عەرەبییدا هاتووە، دەڵێ: (فُلانٌ يَخْبِطُ خَبطَ عَشْوَاء)، فلانکەس قسە دەکات، یان کارێك دەکات، بێ ئەوەی بەرپێی خۆی ببینێ، وەك چۆن ئافرەتی شەوکوێر، دەڕوات و بەدەرو دیواران دەکەوێ.

(نُقَيِّضْ): (نُهَيِّء) بۆی ئامادەو ساز دەکەین، بۆی دەڕەخسێنین.

(قَرِينٌ): (أي: مُلازِم، وَصَاحِب)، کەسێك کە بەردەوام لەگەڵیەتیی و هاوەڵیەتیی، هاوڕاز، هاودەم.

(لَذِكْرٌ لَّكَ): (ذِكْر): هەم بە مانای ناو و ناوبانگ، هەم بە مانای بیرخەرەوە دێ، (أي: شَرَفٌ وَمُذَكِّرٌ)، واتە: ناوو ناوبانگەو، بیرخەرەوەشە، مەبەست پێی قورئانی بەرزی بەپێزە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە موبارەکەی کە دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ ﴾، لەو بارەوە چەند ڕیوایەتێك هاتوون، ئێمە ئەو ڕیوایەتەیان دێنین، کە لە ڕووی سەنەدەوە لە هەموویان باشترە:

(عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: الرَّجُلُ: الوَلِيدُ ابْنُ المُغِيرَةِ، قَالَ لَوْ كَانَ مَا يَقُولُ مُحَمَّدٌ حَقّاً، أُنْزِلَ عَلَيَّ هَذَا القُرْآنُ، أو عَلَى أَبِي مَسْعُودٍ الثَّقَفِي، وَالقَرْيَتَانِ الطَّائِفُ وَمَكَّةُ، وَأَبُو مَسْعُودٍ الثَّقَفِي مِنَ الطَّائِف وَاسْمُهُ: عُرْوَةُ ابن مَسْعُودٍ)، (أَخرَجَهُ عَبْدُالرَّزَّاق في تَفسِيرِهِ، ج٢، ص١٩٦، وَالطَّبَرِي في جامِعِ البَيَان برقم: ٣٠٨٨١، وَعَبْدُ بن حُمَيد في تَفسِيرِهِ كَما في فَتحُ البَارِي: ج٦، ص٣١٥، قَالَ مُؤَلِّفا الإستِيعاب في بَيَانِ الأَسبَاب، قُلْنَا: وَهُوَ مُرْسَلٌ صَحِيحُ الإسْنَادِ، وَذَكَرَهُ السيوطي في الدُّرُ المَنْثُور: ج٧، ص٣٧٥، وَ زَادَ نِسبَتَهُ لابنِ المُنذِر وَ ابن أَبِي حَاتِم)[1].

واتە: قەتادە (کە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووان، دوای هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ) گوتوویەتی: ئەو پیاوە کە ئەو قسەیەی کرد: ﴿ وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ ﴾، وەلیدی کوڕی موغیرە بوو، کە یەکێك بووە لە زلە زلە بێبڕوایەکانی مەککەو، گوتی: ئەگەر ئەوەی موحەممەد دەیڵێ هەق بووایە، ئەم قورئانە بۆ سەر من دادەبەزی، یاخود بۆ سەر ئەبوو مەسعوودی سەقەفیی، دوو شارەکانیش تائیف و مەککە بوون، ئەبوو مەسعوودی سەقەفییش، لە تائیف بووەو ناوی عوروەی کوڕی مەسعوود بووە.

---

(١) الإستِيعاب في بَيَانِ الأسبَاب: ج٣، ص١٩٦ و ١٩٧.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوای زانـاو کارزان لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، وەك پێشـتر گوتمـان: ئاماژە دەکات بـە سـێ لـە پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّلَاةُ وَالسَّـلَامُ)و، هەڵوێسـتیان لـە بەرانبـەر خـوا بـە یەکگرتنـدا، کـە بریتـی بـووە لـە تەبەنیـی کردنـی خـوا بـە یەکگرتـن، پاشـان بەرپەرچدانەوەیـان بـۆ شـیرك و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان، کـە یەکەمیـان ئیبراهیمـە ﷺ، دووەمیـان مووسـایە ﷺ، سێیەمیشـیان عیسـایە ﷺ.

باسـکردنی ئـەم سـێ پێغەمبـەرە (عَلَيْهِـمُ الصَّلَاةُ وَالسَّـلَامُ)، کـە باسـی ئیبراهیـم سـێ ئایەتـی بـۆ تەرخانکـراون و، باسـی مووسـا یـازدە (١١) ئایـەت و، هـی عیسـاش نـۆ (٩) ئایـەت و بـە هـەر سـێکیان: بیسـت و سـێ (٢٣) ئایەتیـان بـۆ تەرخانکـراون، لـە کـۆی ئـەو (٨٩) ئایەتـەی ئـەم سـوورەتەیان لـێ پێـك دێ، حیکمەتەکـەی ئەوەیـە کـە خـوا ﷻ بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: ئـەو حاڵەتـەی تـۆ تێیـدای کـە لەگـەڵ ئەهلـی کوفـرو شـیرکدا، بەرەنگاربوویـەوەو ئەوانـە بـە شـێوەی ناشایسـتەو بـێ نەزاکـەت لەگـەڵ تـۆدا دەدوێـن، بـە شـێوەیەك کـە شایسـتەی پایـەی بـەرزی تـۆ نیـە، مامەڵـەت لەگـەڵ دا دەکـەن، تەنیـا تـۆ وانـی، بەڵکـو ئیبراهیمـی باپیرەشـت هەر وابـووە، مووسـاش هـەر وابـووەو، لەگـەڵ فیرعەونییەکانـدا، هەروەهـا عیسـاش ﷺ هـەر وابـووە، ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴾، واتـە: یـاد بکـەوە ئـەی موحەممـەد! ﷺ کاتێـك ئیبراهیـم ﷺ، بـە بابـی و بـە گەلەکـەی فەرمـوو: بـە دڵنیایـی مـن دوور و بێـزارم لـەوەی ئێـوە دەیپەرسـتن، واتـە: ئـەوەی جگـە لـە خـوا ﷻ دەیپەرسـتن، مـن دوورو بێـزارم و حاشـای لـێ دەکـەم.

﴿ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴾، هیـچ شـتێك ناپەرسـتم جگـە لـەو زاتـەی، منـی هێناوەتـە دی، منـی داهێنـاوە، بۆیـەش بـەس ئـەو دەپەرسـتم، چونکە ڕاسـتەڕێم دەکات، هـەم ڕێـم پێشـان دەدات و، هـەم ڕاسـتە ڕێـم دەکات، ڕێـم پێشـان دەدات،

کـە چـۆن بەندایەتیـی بـۆ ئـەو بکـەم، ڕاسـتە ڕێشـم دەکات و یارمەتییـم دەدات، چـۆن ئـەو ڕێیـە ڕاسـتە بگـرم.

﴿ وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾، ئیبراهیـم ﷺ ئـەو وشـەیەی خـوا بـە یەکگرتـن و ڕەفزکردنـی شـیرك) کـردە شـتێکی بـەردەوام لـە وەچەکەیـدا، بەڵکـو بگەڕێنـەوە، واتـە: ئەوانەیـان کـە لایانـداوە بگەڕێنـەوە، یاخـود: بەڵکـو هەمیشـە عادەتیـان وابـێ، بـۆ لای خـوا بگەڕێنـەوە، چونکـە گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا، مـەرج نیـە تەنیـا لـە کوفـرو شـیرکەوە بـێ، بەڵکـو جـاری وا هەیـە، ئینسـان لـە تاعەتێکـی کەمـترەوە، بـەرەو تاعەتێکـی زیاتـر، لـە پابەندییەکـی کەمـتر، بـەرەو پابەندییەکـی باشـتر، بـۆ لای خـوا دەگەڕێتـەوە، بۆیـە گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا، خاڵـی هاوبەشـی هەمـوو ئەهلـی ئیمانـە.

ئـەم سـێ ئایەتـە موبارەکـە، هـەروا بـە کورتیـی ئاماژەیـان کـرد، بـە هەڵوێسـتی ئیبراهیـم ﷺ لـە بەرانبـەر بابـی و گەلەکەیـدا، کەواتـە: ئـەی موحەممـەد! ﷺ هەروەهـا ئـەی شـوێنکەوتووانی موحەممـەد تاکـو ڕۆژی دوایـی! ئێـوەش ئەگـەر بـاب و باپیرانتـان، نیزیکتریـن کەسـتان کـە بابـەو، دایکـە، هەروەهـا خۆشەویسـترین کەسـتان، کـە خەڵـك و قەومتانـن، لەگەڵتانـدا سـازگار نەبـوون، بـۆ تەنیـا بەندایەتیـی کـردن بـۆ خـواو، ڕێـی ڕاسـتی خـوا گرتـن، ئێـوە دەسـتبەرداری تەنیـا خـوا پەرسـتیی خۆتـان مەبـن و، بـۆ هیـچ شـتێك سـازش مەکـەن و، دامەبـەزن لـەو ڕێیـە ڕاسـتەی کـە خۆتـان گرتووتانـە.

لـەو ڕووەوەش ئیبراهیـم ﷺ بکەنـە سەرمەشـقی خۆتـان، کـە ئـاوا زۆر بـە زەقیی و بـە ڕوونیـی و ڕاشـکاویی، بەبـێ منجـە منـج، بـە بابیشـی گوتـوەو، بـە گەلەکەیشـی گوتـوە: مـن بەریـم و بێـزارم لـەوەی ئێـوە دەیپەرسـتن، جگـە لـەو زاتـەی منـی هێناوەتـە دی، هیچـی دیکـە ناپەرسـتم و، بـەس ئەویـش ڕێـم پێشـان دەدات، هـەم ڕێـی بەندایەتیـی کـردن بـۆ خـوا، لـە ژیانـی تاکییـم، لـە ژیانـی خێزانییـم، لـە ژیانـی

کۆمەڵایەتییم، لە ژیانی سیاسییمدا، بە گشتیی لە هەموو ڕوویەکەوە ئەو ڕێی ڕاستم پێشان دەدات و دەمخاتە سەر ڕاستە ڕێ، وەك چۆن ئیبراهیم عليه السلام ئەو ڕێبازە ڕاستەی هێندە بەلاوە گرنگ بوو، کە کردیە میراتیش و، کردیە وشەیەکی بەردەوام لە وەچەکەیدا، ئێوەش هەر وابن، ئێوەش ئەو ڕێیە، هەم خۆتان تەبەنیی بکەن و، هەم هەوڵ بدەن دەوروبەرتان و وەچەو ڕۆڵەکانیشتان تەبەنیی بکەن.

﴿ بَلْ مَتَّعْتُ هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ ﴾، (بَل): (للإضراب الإنتِقالي)، (بَلْ) بۆ گواستنەوەو هەڵکشینە، واتە: ئەوانەی لە وەچەی ئیبراهیم عليه السلام کە ئاوا ئامۆژگاریی کردبوون و ڕایسپارد بوون، کاتێك لایاندا، بەهۆی لادان و تاوانیانەوە نەمفەوتاندن، بەڵکو ئەوان و باب و باپیرانیشیانمان بەهرەمەند کردو، لە ژیاندا هێشتماننەوە، نازو نیعمەتی دنیامان بۆ ڕەخساندن، ﴿ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ ﴾، تاکو هەقیان بۆ هات، کە لە قورئاندا بەرجەستەیە، ﴿ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ ﴾، هەروەها پێغەمبەرێکی ڕوونکەرەوەیان بۆ هات، ڕوونکەرەوە بۆ حاڵی خۆی و بۆ پەیامی خۆی، یاخود: پێغەمبەرێکی ڕوون و ڕۆشن، کە هەر کەسێك تەماشای بکات، دەزانێ پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوایە.

﴿ وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ قَالُواْ هَٰذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾، کاتێ هەقیان بۆ هات، (ئەو هەقەی خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ ناردوویەتی، کە لە قورئاندا بەرجەستەیە)، گوتیان: ئەمە جادوویەو ئێمە پێی بێبڕواین.

﴿ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴾، بە نسبەت قورئانەوە، تۆمەتباریان کرد، کە ئەوە جادوویەو، ئەوان پێی بێبڕوان، بە نسبەت پێغەمبەریشەوە ﷺ گوتیان: دەبووایە ئەم قورئانە دابەزیبایە سەر پیاوێکی مەزن، لە دوو ئاوەدانییە گەورەکەدا، ئنجا مەرج نیە، تەنیا دوو پیاویان مەبەست بووبن، لە هەر کام لەم دوو شارەدا، بەڵکو پیاوێکی مەزن، لە یەکێك لەو دوو

شارەدا، چونکە زۆربەی توێـژەرەوان، هەر باسی دووان دەکەن، بۆ وێنە: وەلیدی کوڕی موغیرەو مەسعوودی کوڕی عوروەی سەقەفیی، یەکەمیان لە مەککەو، ئەوی دیکە لە تائیف، بەڵام ئایەتەکە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئاماژە بێ بە دوو پیاوان، بەڵکو ئاماژەیە بە پیاوێکی مەزن، لە یەکێك لەو دوو شارانەدا، کە دیارە جگە لەو دووانەش، خەڵکی دیکەشی لێ هەبووە، کە بە پێوەری ئەوان مەزن بووە، پیاوی مەزنیش لە لای ئەوان ئەوە بووە، سامانی زۆر بێ و، قەڵەباڵغیی بە دەورەوە هەبێ و، دەسەڵاتی هەبێ، پێوەری ئەوان بەو شێوەیە بووە، واتە: ئەو موحەممەدە ﷺ کە لە ڕووی سەروەت و سامانەوە زۆر دەستی پڕ نیەو، لە ڕووی خزم و کەس و قەومەوە، یاخود شوێنکەوتووانەوە، دەوری زۆر قەڵەباڵغ نیە، خەڵکی زۆر بە دەوری خۆیەوە کۆنەکردۆتەوە، شایستەی ئەوە نەبوو، کە ئەو قورئانەی دابەزێتە سەری!!

خواش ﷻ وەڵامێکی زۆر ددان شکێنیان دەداتەوە، دەفەرموێ: ﴿ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ﴾، ئایا ئەوان بەزەیی پەروەردگارت دابەش دەکەن، پلەی پێغەمبەرایەتیی، پلەیەکی زۆر بەرزو ناوازەیەو، بەرجەستەکەری بەزەیی خوایە، ئایا ئەوان ئەو بەزەییەی خوا دابەش دەکەن! تاکو بە کەیفی خۆیان بیدەن و بەو و نەیدەن بەو؟!، ﴿ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا ﴾، (نەك هەر بەزەیی خوا بەدەست ئەوان نیە)، بەڵکو بژیوو ژیان و گوزەرانی دنیاشیان، ئێمە لە نێوانیاندا بەشمان کردوە، ئێمە بژیوی خۆشیانمان لە نێواندا دابەش کردووەو، لە ژیانی دنیادا، ﴿ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ ﴾، هەندێکیانمان چەندان پلە، بەسەر هەندێکیاندا بەرزکردۆتەوە، ﴿ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ﴾، تاکو هەندێکیان هەندێکیان بەکاربێنن، یاخود هەندێکیان هەندێکیان بە کارپێکراو بگرن.

(سُخْرِيٌّ): (مَن يُسْتَخْدَم)، کەسێك بەکاربهێنرێ، تەعبیرەکەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەموویان یەکدیی بەکاردێنن، دەوڵەمەندیش هەژار بەکاردێنێ، هەژاریش دەوڵەمەند بەکاردێنێ، دەسەڵاتداریش بێ دەسەڵات بەکاردێنێ، بێ دەسەڵاتیش

دەسەڵاتدار بەکاردێنێ، هەڵبەتە لە حاڵێکدا، کە حاڵەتێکی ئاسایی و شەرعیی بێ لە کۆمەڵگاداو، ئەو حوکمڕانە خەڵك هەڵیبژاردبێ، حوکمڕانەکە خزمەتی خەڵك دەکات، خەڵکیش خزمەتی دەکات و بە قسەی دەکات، دەوڵەمەندەکە کە بە شێوەی شەرعیی دەوڵەمەند بووبێ، ئەو پێویستیی بە کەسانێك هەیە، هاوکاری بن، ئەو خەڵکەکە بەکاردێنێ، ئەوانەی کە هێندەی وی ساماندارنین، بەڵام خەڵکەکەش ئەو بەکاردێنن، واتە: شتەکە پەیوەندییەکی دوو سەرەیە، هەر کامێکیان ئەوی دیکە بەکاردێنێ، چونکە خوا ﷻ لە پەیوەندیی نێوان ئافرەتان و پیاوانیشدا دەفەرموێ: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍ ﴿٣٤﴾﴾ النّسَاء، واتە: پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر ئافرەتانەوە، بە هۆی ئەوەوە کە خوا هەندێکیانی بەسەر هەندێکیاندا بەرز کردۆتەوەو، زێدەیی پێداوە، ئنجا ئەگەر زێدەیی بەس بە پیاوان دابایە، بەسەر ئافرەتاندا، دەیفەرموو: (بِمَا فَضَّلَ الرِّجَالَ عَلَى النِّسَاء)، بەڵام نا، ئەگەر پیاو جەستەیەکی ماسوولکەدارو بەهێزی هەیەو، ئەگەر پیاو دەنگێکی گڕو بەهێزی هەیەو، ئەگەر پیاو عەقڵ و هۆشێکی بەهێزتری هەیە، لە بەرانبەردا ئافرەتیش عەتف و سۆزو بەزەییەکی زیاتری هەیە لە پیاو، جەستەی نەرم و ناسکترە، دەنگی بە سۆزو جۆشترە، کەواتە: هەر کامێکیان خاڵی بەهێزی خۆی هەیە، بۆیە هەر کامێکیان زێدەیی هەیە، بەسەر ئەوی دیکەدا.

بۆیە لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿لِّيَتَّخِذَ بَعۡضُهُم بَعۡضٗا سُخۡرِيّٗا﴾، هەندێکیان هەندێکیان بەکاربێنن، واتە: لە هەر ڕوویەکەوە تەماشای بکەی، وایە، بۆ وێنە: بەرپرسی فەرمانگەیەك، کارمەندەکان بەکاردێنێ، ئەوانیش ئەو بەکاردێنن، هەروەها وەستایەك کرێکارەکان بەکاردێنێ، کرێکارەکانیش وەستا بەکاردێنن، ئەندازیارێك چەند وەستایەك بەکاردێنێ، وەستایەکانیش ئەندازیار بەکاردێنن، حوکمڕانان خەڵك و کۆمەڵگا بەکاردێنن، خەڵك و کۆمەڵگاش حوکمڕانان

بەکاردێنێ، ئەوە لە حاڵێکدا کە حاڵەتێکی ئاسایی و ڕەوا بێ، نەك دەستەڵاتەکە بە خۆسەپاندن بێ و، سەروەت و سامان وەسەرێك نانی قەدەغەو حەڕام بێ.

﴿ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴾، بەزەیی پەروەردگاریشت، باشترە لەوەی کۆی دەکەنەوە لە ماڵ و سامان، کە بەزەیی پەروەردگارت، لە دنیادا لە پێغەمبەرایەتیی دا بەرجەستەیە، لە ئیمانداو لە هیدایەت دا بەرجەستەیە، لە ڕۆژی دواییشدا لە بەهەشتدا بەرجەستەیە.

﴿ وَلَوْلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً ﴾، خوای پەروەردگار بێ بایەخیی ژیانی دنیا لە ڕووە ماددییەکەیەوە دەخاتە ڕوو و دەفەرموێ: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، خەڵك هەمووی ببنە یەك کۆمەڵ، ﴿ لَّجَعَلْنَا لِمَن يَكْفُرُ بِٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، ئەوەی بێبڕوا دەبێ، بە خوای خاوەن بەزەیی، بۆمان دەڕەخساندن، ﴿ لِبُيُوتِهِمْ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ ﴾، بۆ ماڵەکانیان، بۆ خانووەکانیان، سەربانی خانووەکانمان بۆ دەکردن بە زیو، ﴿ وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ ﴾، هەروەها چەند پەیژەیەك کە پێیاندا سەرکەون، ئەوانیشمان بۆ دەکردن بە زیو.

﴿ وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴾، هەروەها بۆ ماڵەکانیان، دەرگاکانی ماڵەکانیان و، چەند تەخت و قەنەفەیەك کە لەسەریان شان دادەن و، پاڵ دەدەنەوە، ئەوانیشمان بۆ دەکردن بە زیو.

﴿ وَزُخْرُفًا ﴾، هەروەها زێڕی زۆریشمان پێ دەبەخشین، یاخود: زرق و برق و ڕازاوەیی زۆریشمان پێ دەبەخشین، یاخود: کەل و پەلی جۆراو جۆریشمان پێ دەبەخشین، واتە: زیاتر لەوەی کە لە ئێستادا هەیە، ئەگەرنا ئەهلی کوفر بە زۆریی وایە لەوانەیان هەیە، بەڵام واتە: زیاتر لەوەی ئێستا هەیانە، پێمان دەدان، بەڵام خوا ﷻ وای نەکردوە، تاکو خەڵك هەمووی وەسەر کوفر نەگەڕێ، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا باسی دەکەین، حەسەنی بەصریی (خوا

لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: خـوا ﷻ واشـی نەکـردوە، زۆربـەی خەڵـك مەیلیـان بـەلای دنیـادا کـردوە، ئـەدی ئەگـەر وای کردبایـە؟!

﴿ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، هیـچ کام لـەوەش نیـە، مەگـەر تەنیـا ڕابواردنێکـی کەمـی ژیانـی دنیایـە، ﴿ مَتَٰعُ ﴾: (مَا يُتَمَتَّعُ بِـهِ، مُدَّةً قَصِيرَةً)، شـتێك کـە ماوەیەکـی کـەم بەهـرەی لـێ وەردەگیـرێ، ژیانـی دنیـاش هـەر بـۆ خـۆی ماوەیەکـی کەمـە، ﴿ وَٱلْـَٔاخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ ﴾، ﴿ وَٱلْـَٔاخِرَةُ ﴾، سـیفەتێ وەسـفکراوێکی قرتێـنراوە، واتـە: (وَالـدَّارُ الأَخِـرَةُ)، (وَالمَثُوبَـةُ الأَخِـرَةُ)، مەنزڵـگای کۆتایی، پاداشـتی کۆتایـی لـە لای پـەروەردگارت بـۆ پارێـزکاران دانـدراوەو، تەنیـا لـە گـرەوی ئـەوان دایـە.

﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴾، هـەر کەسـێك لـە بەرانبـەر یـادی (خـوای) بـە بەزەیـی دا، یاخـود لـە بەرانبـەر کتێبـی بیرخـەرەوەی (خـوای) بـە بەزەییـدا، خـۆی کوێـر بـکات، پشـتی تـێ بـکات و خـۆی لـێ گێـل بـکات، ﴿ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا ﴾، شـەیتانێکی بـۆ ئامـادەو سـاز دەکەیـن، ﴿ فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴾، کـە ئـەو شـەیتانە بـۆ وی، دەبێتـە هاوەڵێکـی بـەردەوام، هەمیشـە لەگەڵیـدا دەبـێ، هـاوڕازی دەبـێ، تاکـو بـەردەوام دنـەی بـدات بـەرەو خراپـە، هـەروەك بەپێچەوانـەوە: ئەگـەر هیدایەتـی خـوا وەربگـرێ بـە دڵ و گیـان، خـوا ﷻ فریشـتانی بـۆ دەرەخسـێنێ، هەمیشـە ئیلهامـی بـۆ بکـەن و، خورپـەو نیەتـی چـاك بخەنـە دڵـی، بـەڵام هـەر کەسـێك لـە بەرانبـەر بەرنامـەی خـواو، کتێبـی خـواو یـادی خـوادا، خـۆی کوێـرو کوتـر بـکات، شـەیتانێکی بـۆ ئامـادە دەکـرێ، هەمیشـە لەگەڵیـدا دەبـێ.

﴿ وَإِنَّهُمْ ﴾، یـانی: ئـەو شـەیتانانە، پێشـێ باسـی شـەیتانێکی کـردوە، بـەڵام بـۆ هـەر کەسـێك شـەیتانێك، کەواتـە: دەبـن بـە کـۆ، ﴿ وَإِنَّهُمْ ﴾، واتـە: شـەیتانەکان، ﴿ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾، ئـەو مرۆڤـە بێبڕوایانـە، لـە ڕاسـتە شـەقام لادەدەن، ﴿ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴾، بـەڵام ئـەو مرۆڤانـە، پێیـان وایـە ڕێـی ڕاسـتیان

گرتووەو، یاخود ئەو مرۆڤانە پێیانووایە، شەیتانەکان ڕێی ڕاستیان گرتووە، بۆیە وا چاك بە قسەیان دەکەن.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا ﴾، هەتا یەکێکیان هات، بۆ لامان، واتە: لە ڕۆژی دوایی دا، ﴿ قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴾، لەو ڕۆژەدا، لە ڕۆژی دوایی دا دەڵێ: هەی خۆزگە لە نێوان من و تۆدا، دووریی هەردوو ڕۆژهەڵاتەکان ببووایە، زانایان لێرەدا دەڵێن: ڕۆژهەڵات زاڵکراوە بەسەر ڕۆژئاوادا، واتە: بریا هێندەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، من و تۆ لێك دووربایـن، ﴿ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴾، تۆ خراپترین هاودەم و هاوڕازو، خراپترین دۆست و نیزیکی.

﴿ وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴾، خوا ﷻ دەفەرموێ: کە کاتی خۆی ستەمتان کردوە، ئەمڕۆ ئەوە هەرگیز سوودتان پێ ناگەیەنێ، کە ئێوە لە سزادان و ئازاردراندا هاوبەشن، هەر کەسە سزای پڕ بە پێستی خۆی هەیەو، سزادرانی هیچ کەس، نابێتە هۆی لە کۆڵکرانەوەی سزای یەکێکی دیکە.

خوا ﷻ لە کۆتایی ئەم ئایەتانەدا، ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و چەند ڕێنماییەکی دەکات، چەند ڕاستییەکی مەزنی دەخاتە بەرچاو، دەفەرموێ:

﴿ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ﴾، ئایا تۆ دەتوانی بە کەڕان ببیستێنی، (صُم) کۆی (أصَمّ)ە، واتە: کەڕ، (صُم) واتە: کەڕان، ئایا دەتوانی بە کەڕان ببیستێنی؟ ﴿ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ ﴾، یان دەتوانی کوێران ڕێنمایی بکەی، (عُمي) کۆی (أعمى) یە، ﴿ وَمَن كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، هەروەها ئایا تۆ دەتوانی کەسێك لە گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرادا بێ، دەری بێنی و ڕێنمایی بکەی، واتە: بە تەئکید ناتوانی ئەوە بکەی، کەواتە: ئەوانەی لە ئاست بیستنی هەقدا، خۆیان کەڕ کردوەو، لە ئاست دیتنی هەقدا، خۆیان کوێر کردوەو، لە ئاست وەرگرتنی ڕێنمایی خوادا، ڕێی گومڕاییان گرتووەو، سووچ و خەتای تۆ نیە، کە ئەوانە ناگەڕێنەوەو ڕێی ڕاست ناگرن، تۆ ئەرکی خۆت بەرانبەریان جێبەجێ کردوە.

﴿ فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴾، ئنجا ئەگەر تۆ لابەرین، بە دڵنیایی ئێمە تۆڵە ستێنین لەوان، تۆڵەیان لێ دەکەینەوە.

﴿ أَوْ نُرِيَنَّكَ ٱلَّذِى وَعَدْنَٰهُمْ ﴾، یان ئەگەر ئەوەی گفتمان پێیان داوە، پێشانت بدەین، واتە: ئەو سزایەی گفتمان پێیان داوە، ﴿ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بەسەر ئەواندا تواناداریـن، واتە: چ نەتهێڵین و، چ بتهێڵین، سزادرانی ئەوان هەر مسۆگەرە.

﴿ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ ﴾، ئنجا توند دەست بگرە بەوەوە، کە بۆ لای تۆ سروشکراوە، سزادرانی ئەوان مسۆگەرە، لە هەردوو حاڵەتی مانی پێغەمبەرو نەمانیدا، واتە: ئەگەر ئەوان لەسەر کوفر بمێننەوە، بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوەو، پەشێمان ببنەوە، بە تەئکید لە جیاتی سزا، پاداشت چاوەڕێیان دەکات، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ ﴾، ئنجا زۆر بە توندیی دەست بەوەوە بگرە، کە بۆ لای تۆ سروشکراوە (کە قورئانە)، ﴿ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، بە دڵنیایی تۆ لەسەر ڕێیەکی ڕاستی، لەسەر ڕاستە شەقامێکی، گرێ و گۆڵی تێدانیە، چاڵ و چۆڵی تێدا نیە، ڕێك و ڕوونە.

﴿ وَإِنَّهُۥ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ ﴾، بە دڵنیایی ئەو، (ڕاناوەکەی بۆ قورئان دەچێتەوە، ئەم قورئانە)، بیرخەرەوەیە، بۆ تۆش و بۆ خەڵکەکەشت، یاخود مایەی ڕێزو حورمەتە بۆ خۆشت و بۆ خەڵکەکەشت، ئەگەر دەستی پێوە بگرن، ﴿ وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴾، لەمەودواش لێتان دەپرسرێتەوە، چونکە کەسێك قورئان بە زمانی خۆی بۆی هاتبێ، ئاسانتر دەتوانێ لێی تێبگات، بۆیە ئەرکی لە بەرانبەریدا قورسترەو، بەرپرسیارییەکەی زیاترە، زیاتریش واپێدەچێ (ذِكْر) لە هەموو قورئاندا بە مانای (بیرخەرەوە) بێ، واتە: بیرخەرەوەی ڕاستییەکان، ئەو ڕاستیانەی کە لە زگماك و ناخی مرۆڤدا، خوا ﷻ داینـاون، قورئـان هاتـوە، ئەو ڕاستیانەمان بیر بخاتەوە.

﴿ وَسْئَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ ﴾، لە ئەو پێغەمبەرانەی لە پێش تۆدا ناردوومانن، پرسیار بکە، لێیان بپرسە: ﴿ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴾، ئایا ئێمە جگە لە (خوای) بە بەزەیی، پەرستراوانێکی دیکەمان داناون، بپەرسترێن؟ لێیان بپرسە لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، وەك لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، دەگونجێ ئەوە ڕوویدابێ و پێغەمبەر ﷺ لە پێغەمبەرانی پرسیبێ، لە شەوی میعراجدا، شەوی شەوڕۆو بەرزبوونەوەدا، بەشێك لە زانایان وادەڵێن و، هەندێك ڕیوایەت لەو بارەوە هەن، دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ، کە تۆ مادام ناتوانی لێیان بپرسی، کەواتە: بە عەقڵ و هۆشی خۆت تێبفکرە: ناگونجێ خوا ﷻ بە هیچ کام لە پێغەمبەرانی فەرمووبێ: جگە لەو بپەرستن و بەندایەتیی بۆ جگە لە خوا بکەن!.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ئیبراهیم عليه السلام بـە بابـی و گەلەکـەی فەرمـووە: مـن لـە پەرسـتراوەکانتان بێـزارو بەرییـم و، جگـە لـە پەیداکـەری خـۆم ناپەرسـتم، تەنیـا ئەویـش ڕاسـتە ڕێـم دەکات، ئیبراهیـم عليه السلام ئـەو قسـەیەشـی لـە نێـو وەچەکەیدا، کـردوە بـە پەیامێکی بـەردەوام:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ ﴾، یاد بکەوە! (ئەی موحەممەد! ﷺ) کاتێك ئیبراهیم عليه السلام بە بابی و بە گەلەکەی فەرموو، بابی ئیبراهیم عليه السلام ناوی ئازەر بووە، وەك لە سوورەتی (**الأنعام**)دا هاتووە، تەنیا لەوێشدا ناوی بابی ئیبراهیم عليه السلام هاتوە: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّىٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٧٤﴾ ﴾، گەلی ئیبراهیمیش ئەو خەڵکە بوو کە لە نێویاندا ژیاوە، کە وەك لە تەفسیری سوورەتی (**إبرَاهِيم**)دا، بەسەرهاتی ئیبراهیم (**خَلِيلُ الله**)مان بە درێژیی هێناو، باسمان کرد، ئیبراهیم عليه السلام لە ئووری کلدانییەکان بووە، لە باشوری عێراق، بەڵام دوایی لەوێ بەو شێوەیە، لەگەڵ بابی و گەلەکەیدا ڕووبەڕوو بۆتەوەو، پەیکەرەکانی شکاندوون و، ئەوانیش ویستوویانە بیسووتێنن و، فڕێیان داوەتە نێو مەنجەنیق و، بە مەنجەنیق هەڵیان داوە بۆ نێو ئەو ئاگرە تێڵدراوو بڵێسەدار کراوەی کە زۆر بەرز بووە،

بەڵام خوا ﷻ سەلامەتی کردووەو، لەوێوە کۆچی کردوە بۆ شام، بەسەرهاتەکەمان لە سوورەتی (إبْرَاهِيم)دا بە تەفصیل هێناو، لێرە باسی ناکەین، گرنگ ئەوەیە ئیبراهیم ﷺ پێشیێ لەگەڵ بابی و، ئنجا لەگەڵ خەڵکەکەی دا، کە لە نێویاندا ژیاوە، ڕووبەڕوو بۆتەوە.

٢)- ﴿إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ﴾، (پێی گوتوون:) بە دڵنیایی من بێزارم لەوەی دەیپەرستن، وشەی (بَرَآء) چاوگە، بەڵام بە مانای (بَرِيء)ە، پێشتر گوتمان: (البَرِيء) واتە: دوور، کەسێك کە لە شتێك دوور بێ، دووریی لێ بگرێ و حاشای لێ بکات، بەڵام لێرەدا دەڵێ: (البَرَآءُ: مَصْدَرٌ بِوَزْنِ فَعَال، مِثْلُ ظَمَاء وَسَمَاع، يُخْبَرُ بِهِ، وَيُوصَفُ بِهِ)، (بَرَآء)، چاوگە لەسەر کێشی: (فَعَال) وەك (ظَمَاء) واتە: تینوویی، هەروەها (سَمَاع) واتە: گوێبیست بوون، هەواڵیشی پێ دەدرێ و شتیشی پێ وەسف دەکرێ، کە دەفەرموێ: ﴿مِّمَّا تَعْبُدُونَ﴾، (مِمَّا) (مِن) بۆ هەندێکەو (مَا)ش (مَوصُولة)یە، واتە: (مِنَ الَّذِي تَعبُدُون)، لەوەی ئێوە دەیپەرستن، هەرچی بووبێ.

ئـــەوەی لێـــرەدا جێـــی ســـەرنجە، ئەوەیـــە کـــە ئیبراهیـــم ﷺ زۆر بـــە ڕوون و ڕاشـــکاویی و بـــێ پێـــچ و پەنـــا، بێزاریـــی و دووریـــی خـــۆی، دەربڕیـــوە لـــە پەرســـتراوی بابـــی و گەلەکەشـــی، یـــان لـــە پەرســـتراوەکانیان.

٣)- ﴿إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى﴾، جگە لەوەی دایهێناوم، ئەمە شتێکی لە پێشەوە مەزەندە کراوەو بە سیاق دەزانرێ، واتە: (لاَ أَعْبُدُ إلاَّ الَّذِي فَطَرَنِي)، ناپەرستم جگە لەو کەسەی، منی داهێناوە، ئەمە: (إستِثْنَاءٌ مِنْ ﴿مِّمَّا تَعْبُدُونَ﴾، أي مِنَ الَّذِينَ تَعبُدُونَهُم)، ئەمە هەڵاواردنە لەوەی کە دەفەرموێ: ﴿مِّمَّا تَعْبُدُونَ﴾، لەوانەی دەیانپەرستن، واتە: من بێزارم لەوانەی دەیانپەرستن، جگە لە کەسێك کە منی بەدیهێناوە، ئەوە ئەگەر بمانەوێ هەڵاواردنێکی پەیوەست (إستِثنَاء مُتَّصِل) بێت، دەشگونجێ بڵێین: هەڵاواردنێکی دابڕاو (إستِثنَاء مُنقَطِع)ە، کە بگوترێ: کەس ناپەرستم جگە لەوەی منی بەدیهێناوە (لاَ أَعْبُدُ إلاَّ الَّذِي فَطَرَنِي)، دەبێ (لاَ أَعْبُدُ) مەزەندە بکرێ، لە پێشیەوە، ئەو کاتە دەبێتە هەڵاواردنێکی

دابڕاو، بەڵام بە پێی مانای پێشیێ بێ: یانی: ئەوانەی دەیانپەرستن، کە لە نێویاندا خوای پەروەردگاریش هەبووە، هەموو ئەوانەی ئێوە دەیانپەرستن، من بێزارییان لێ دەکەم، جگە لەو زاتەی منی وەدیهێناوەو، کە ئەویش هەر لە نێو پەرستراوەکانیاندا بووە، کەواتە: بە پێی ئەو مانایە بێ، هەڵاواردنەکە دەبێتە هەڵاواردنێکی پەیوەست، چونکە ئەوەی کە جیاکراوەتەوەو جیاکراوە (مُسْتَثْنى)یەکە، بەشێك دەبێت لە لێجیاکراو (مُستَثْنَى مِنْهُ)ەکە، بەڵام ئەگەر جیاکراوە (مُستَثنى) بەشێك نەبێت لە لێ جیاکراو (مُستَثْنَى مِنْهُ)ەکە، ئەو کاتە دەبێتە هەڵاواردنێکی دابڕاو.

٤)- ﴿ فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴾، بە دڵنیایی ئەو من ڕێنمایی دەکات، یاخود: من ڕاستە ڕێ دەکات، هیدایەت هەم مانای گشتیی هەیە، واتە: ڕێنمایی کردن و ڕێ پێشاندان، هەم مانای تایبەتیی هەیە، واتە: خستنە سەر ڕاستە ڕێ، لێرەشدا هەردووکیان گونجاون، خوا ﷻ هەم ڕێ پێشانی بەندەکانی خۆی دەدات، هەم دەشیانخاتە سەر ڕاستە ڕێ و، وایان لێدەکات ئەو ڕێیە بگرن، دوای ئەوەی ڕێنمایی خوا قبووڵ دەکەن، لەبەرەکەتی قبووڵ کردنی ڕێنمایی خواوە، خوا دەستیشیان دەگرێ و ڕاستە ڕێیان دەکات.

٥)- ﴿ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ ﴾، (ئیبراهیم) ئەو (وشەی)ەی کردە وشەیەکی بەردەوام، لە وەچەکەیدا، ڕاناوی (ها) لە: ﴿ وَجَعَلَهَا ﴾دا، دەگونجێ بگەڕێتەوە بۆ وشەی خوا بە یەککرتن (كَلِمَةُ التَوحِيدِ)، کە لە ڕستەکانی پێشێ دەفامرێتەوە، کردی بە وشەیەکی بەردەوام لە وەچەکەیدا، لە نێو ڕۆڵەکانیدا، یاخود (ها) دەگەڕێتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی شیرك، یان دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام، واتە: پەیامی ئیسلامی کردە وشەیەکی بەردەوام لە وەچەکەیدا.

﴿ وَجَعَلَهَا ﴾، بکەر (فاعِل)ەکەی، دەگونجێ بگەڕێتەوە بۆ خوا ﷻ، وەك هەر کام لە: (الزَّمَخشَرِي، وإبْنُ العَرَبِي، والقُرطُبِي)، گوتوویانە: واتە: (وَجَعَلَ اللهُ هَذِهِ الكَلِمَةَ، كَلِمةً باقِيَةً فِي عَقِبِهِ)، خوا ﷻ ئەو وشەیەی ئیبراهیم گوتی: کە یەکتایی خوا بوو لە پەرستاندا، یاخود ڕەفزی شیرك بوو، یاخود پەیام و بەرنامەی خوا بوو، کردی بە وشەیەکی بەردەوام لە وەچەکەیداو، ڕایسپاردن ئەوانیش لەسەر ئەو ڕێیە بڕۆن،

دەشـکونجێ بکـەر (فاعِل)ەکـەی ئیبراهیـم ﷺ بێ، هـەروەك هـەر کام لـە: (فَخرَ الدِّين الرَّازي، والشَّوْكاني، وَمُحَمَّد الطَّاهِر بِن عَاشُور) و هـی دیکـەش، وایـان گوتـوە.

هەڵبەتـە مانـای دووەمیـان گونجاوتـرە لەگـەڵ سـیاقەکەدا، چونکـە نزیکترین شـت کـە ڕاناوەکـە بـۆی بگەڕێتـەوە، ئیبراهیمـە ﷺ، هەڵبەتـە هەمـوو شـتێك بـە ویسـتی خوایـە، بـەڵام ڕەوتەکـە هەمـووی مـەدح و ستایشـە بـۆ ئیبراهیـم، واتـە: ئیبراهیـم وەچەکـەی خـۆی ڕاسـپارد، کـە ئەوانیـش خـوا بـە یەکگـر (موحِّد)بـن.

وەك خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (البقـرة)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾، واتـە: ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ ﴾، هـەم ئیبراهیـم ڕۆڵەکانـی خـۆی ڕاسـپارد، هـەم یەعقووبیـش، چییـان گـوت؟: ﴿ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾، واتـە: ئـەی ڕۆڵەکانـم! خـوا ئاییـن و بەرنامـەی بـۆ هەڵبـژاردوون، ئنجـا بـە ملکەچیـی بـۆ خـوا نەبـێ، مەمـرن، واتـە: بەپێـی ئیسـلام بژیـن، تاکـو لەسـەر ئـەو بەرنامەیـەش گیـان بسـپێرن، وشـەی (عَقِـب) بـە مانـای (ذُرِيَّـة)و بـە مانـای (أولاد) دێ، واتـە: وەچـەو، ڕۆڵـەکان.

کەواتـە: ئیبراهیـم ﷺ، لەلایەکـەوە بێزاریـی و دووریـی خـۆی لـە بابـی و لـە گەلەکـەی ڕاگەیانـدوە، هەروەهـا لـە پەرسـتراوەکانیان و تەنیـا پەرسـتنی خـوای، تەبەننیـی کـردوەو ڕاگەیانـدوە، لەلایـەکی دیکـەوە: کارێکیشـی کـردوە، ئەوە بـەردەوام بـێ لـە نێـو ڕۆڵەکانیـدا، لـە نێـو وەچەکەشـیدا، بـۆ ئـەوەی بگەڕێنـەوە بـۆ لای خـوا، واز لـە ڕێچکـەکان و لـە پەرسـتراوەکانی دیکـە بێنـن، تەنیـا ڕاسـتە شـەقامی خـوا بگـرن و تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ خـوا بکـەن.

٦)- ﴿ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴾، بەڵکو بگەڕێنەوە، واتە: ئەوانەی لایانداوە، لە شیرکەوەو لە کوفرەوە، بگەڕێنەوە بۆ تەوحیدو بۆ ئیمان، یاخود بگەڕێنەوە بۆ بەندایەتیی کردن بۆ خواو بۆ خواپەرستیی.

وەك لە سەرەتاوەش گوتمان: ئەمە هەمووی دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ، کە لەم سوورەتەدا ئەم سێ ئایەتە بۆ ئیبراهیم ﷺ تەرخانکراون، دواتر یازدە (١١) ئایەت بۆ بەسەرهاتی مووسا ﷺ لەگەڵ فیرعەونداو، دواتریش نۆ (٩) ئایەت بۆ باس و خواسێك دەربارەی عیسا ﷺ، ئەو سێ پێغەمبەرە: ئیبراهیم و مووسا و عیسا، هەمان ئەو پەیام و بەرنامەیان هێناوە، کە پێغەمبەری خاتەم هێناویەتی.

کەواتە: ئەی موحەممەد! ئەو پێغەمبەرانە، سەرمەشقی تۆن، ئەوانیش ئەوەتا لەگەڵ نزیکترین کەسانی خۆیاندا، لەگەڵ کۆمەڵگاو گەلەکەی خۆیاندا ڕووبەڕوو بوونەوە، ئیبراهیم لەگەڵ بابی و گەلەکەیداو، مووساش بەرەنگاری فیرعەون و دارو دەستەو شوێنکەوتووانی بۆتەوە، هەروەها عیساش هەمان ئەو خوا بەیەکگرتنەی بە بەنوو ئیسرائیل ڕاگەیاندوە، کە تۆ فەرمانت پێکراوە، کە پێشێ بە گەلەکەی خۆت و، کۆمەڵگایەکەی خۆت، دواتریش هەموو مرۆڤایەتیی ڕابگەیەنی.

مەسەلەی دووەم:

بێبڕوایانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺو، باب و باپیرانیان خوا ﷻ لە نازو نیعمەت و ژیانی دنیا بەهرەمەندی کردوون، کە چی کاتێك قورئانی ڕاست و، پێغەمبەری ڕۆشنیان بۆ نێردراون، قورئانیان بە جادوو داناوەو، خۆزگەشیان خواستوە، قورئان دابەزیبایە سەر پیاوێکی مەزن، لە یەکێك لە دوو شارەکان! (واتە: ئەو پلەی پێغەمبەرایەتییە نەدرابایە موحەممەد ﷺو بە حیساب بە شایستەی ویان نەزانیوە)، بەڵام بێگومان ئەك هەر ئەوان بەزەیی خوایان بەدەست نیە، کە لە پێغەمبەرایەتییدا بەرجەستەیە، بگرە ژیانی دنیاو بژیویشیان بەدەست نیە، بەڵکو بە پێی ویستی حەکیمانەی خوا، پلە پلەیی تێدا کراوە تاکو مەداری یەکدی ساز بکەن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بَلْ مَتَّعْتُ هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ وَرَسُولٌ مُّبِينٌ ﴿٢٩﴾ وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٠﴾ وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ۚ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە برگەدا:

١)- ﴿ بَلْ مَتَّعْتُ هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ ﴾، بەڵکو من ئەوانەو باب و باپیرانیانم بەهرەمەند کرد، (الطَّبَري) دەڵێ: (فَلَم أُعَاجِلهُم بِالعقُوبَةِ عَلَى كُفْرهِم)، پەلەم نەکرد، لەوەدا کە سزایان بدەم لەسەر کوفرەکەیان، یانی: بە سزادان ئەوانم نەفەوتاند، تاکو کتێبێکم بۆ سەر دابەزاندن و ڕەوانەکراوێکی ڕۆشنم لە نێودا ناردن، کە بەو بەڵگانەی بە بەڵگەیان دێنێتەوە، بۆیان ڕوون دەکاتەوە، کە پێغەمبەری خوایەو، لەوەدا کە دەیڵێ: لەسەر هەقە،

﴿ هَٰٓؤُلَآءِ ﴾، بە تەئکید مەبەست پێی کۆمەڵگەی پێغەمبەرە ﷺ ﴿ وَءَابَآءَهُمۡ ﴾، واتە: خۆیان و پێشینانیان، باب و باپیرانیشیانمان ژیاندو بەهرەمەندمان کردن.

٢)- ﴿ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ ﴾، تاکو هەقیان بۆ هات، واتە: باب و باپیرانیانمان لە بەین نەبرد، چونکە ئەگەر ئەوان لە بەین چووبان، ئەوانەی ئێستاش پەیدا نەدەبوون لەوان، ئەوانمان ژیاندو بەهرەمەندمان کردن، لە ژیانی دنیا، هەروەها ئەمانەش تاکو هەقیان بۆ هات، کە ئەو هەقەش لە قورئاندا بەرجەستەیە.

٣)- ﴿ وَرَسُولٞ مُّبِينٞ ﴾، پێغەمبەرێکی ڕۆشنیش، واتە: هەر کەسێك تەماشای بکات، دەزانێ ئەوە پێغەمبەری خوایە.

یاخود: ﴿ مُّبِينٞ ﴾، واتە: ڕۆشنکەرەوەیە، واتە: مەبەستەکانی خۆی و، پەیامەکەی خۆی ڕۆشن دەکاتەوە.

٤)- ﴿ وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ ﴾، ئنجا کاتێك هەقیان بۆ هات، گوتیان: ئەمە جادوویە.

واتە: کاتێك هەق و پێغەمبەرێکی ڕۆشن و ڕۆشنکەرەوەیان بۆ هات، بێبڕوابوون، کاتێك هەقیان بۆ هات گوتیان: ئەوە جادوویە، (الطَّبَري)[1] کە ئەوەی پێشێشمان لێ نەقڵ کرد، زۆرجاران ڕوونکردنەوەو دارشتنەکەی لە هی هەموویان ڕوونترو ئاسانترو ڕێکترە، بە خۆڕاییش پێی نەگوتراوە: (إمَامُ المُفَسِّرين)، پێشەوای ڕوونکەرەوانی قورئان، لە تەفسیری ئەم ڕستەیەدا: ﴿ وَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾، دەڵێ: (أي: هَـذَا سِحۡرٌ يَسۡحَرُنَا بِـهِ، وَلَيۡسَ وَحِياً مِنَ اللهِ، وَإنَّا بِهِ جَاحِدُونَ، نُنۡكِرُ أنۡ يَكُونَ هَـذَا مِنۡ عِنۡدِ اللهِ)، گوتیان: ئەمە جادوویە، دەیەوێ ئێمەی پێ جادوو بکات و، سروش نیە لە خواوە، بۆیە ئێمە نکووڵیی دەکەین لەوە، کە لە لایەن خواوە نێردرابێ.

---

(١) جامع البيان: ج٢٥، ص٦٦.

٥)- ﴿ وَإِنَّا بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴾، ئێمەش پێی بێبڕواین، هەڵبەتە هەموو بێبڕوایەکان کە گوتوویانە: ئێمە بەوە بێبڕواین، واتە: بڕوامان وانیە، ئەوە خوا ناردبێتی، نەك بڵێن: خوا ناردوویەتی و بڕواشی پێ ناکەین، بەڵکو گوتوویانە: پێمان وانیە خوا ناردبی.

٦)- ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴾، گوتیان: دەبووایە ئەم قورئانە، بۆ سەر پیاوێکی مەزن لە دوو شارەکەدا دابەزیبایە، لە هۆی هاتنە خوارەوەکەشی دا باسمان کرد، بۆیە خوا ﷻ بە صیغەی کۆ فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُواْ ﴾، لەبەر ئەوەی ئەگەر وەلیدی کوڕی موغیرەش وایگوتبێ، بەڵام تەعبیری کردوە، لە کۆی دەوروبەرەکەی و قەومەکەی.

﴿ لَوْلَا ﴾: (حَرْفُ تَحْضِيضٍ، اسْتُعْمِلَ هُنَا فِي مَعْنَى إِبْطَالِ كَوْنِهِ رَسولاً، لأَنَّ التَحْضِيضَ عَلَى تحصيل مَا هُوَ مَقْطُوعٌ بِانْتِفَاءِ حُصُولِهِ، يَسْتَلْزِمُ الجَزْمَ بِانتِفَائِهِ)، ﴿ لَوْلَا ﴾، لێرەدا پیتی هاندانە، بەڵام بەکارهێنراوە، لە مانای هەڵوەشانەوەی ئەوەدا، کە ئەو (موحەممەد) ڕەوانەکراو بێ لە خواوە، چونکە هاندان بۆ پەیداکردنی شتێك، کە دڵنیای پەیدا نابێ، ئەوە دەخوازێ کە دڵنیای ئەو شتە نیە، یەکێك بە یەکێك دەڵێ: گێزەرێکم لێرە بۆ هەڵقەنە، یان ناوم بۆ لەو بەردە پەیدا بکە، یان: دەبووایە گێزەرێکت لێرە هەڵقەندبایە، یان دەبووایە وابکەی، کە دەزانێ وانیە، ئەوە یانی: نکووڵیی لەوە دەکەم، ئەوە هەبێ، یان بتوانی وابکەی.

کە لێرەدا دەڵێن: ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴾، کە دەشزانن بەو جۆرە لەسەر بابایەکی وا دانەبەزیوە، مەبەستیان ئەوەیە کە ڕاست نیە ئەو قورئانە، لە خواوە دەبەزێترابێ و هاتبێ، ئەگەر لەلایەن خواوە بووایە، دەبووایە دابەزێتە سەر پیاوێکی مەزن، لە یەکێك لە دوو شارەکان، ئنجا کە دانەبەزیوەتە سەر وان، کەواتە: دانەبەزیوە بۆ سەر تۆش ئەی موحەممەد! ﷺ مەبەستیان ئەوە بووە.

پێشتر باسمان کرد، کە ئەو دوو پیاوانە کێ بوون، یاخود ئەو پیاوە کێ بووە، لە دوو شارەکاندا، بە نسبەت دوو شارەکانەوە: (**التَّعرِيفُ فِـي القَرْيَتَيْنِ لِلعَهْدِ**)، ناساندن لە (**القَرْيَتَين**)دا، دوو شارە گەورەکان، بۆ عەهدە، واتە: دوو شارەکە کە زانراون، زۆربەی توێژەرەوان دەڵێن: مەبەست پێیان مەککەو تائیف بووە، کە پیاوەکەیانیان بە مەزن داناوە، ﴿عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾، پیاوێکی مەزن لە یەکێك لە دوو شارەکاندا، دیارە ئەو کاتە پیاو مەزنی مەککە، بەڕای هەندێ لە توێژەران، (**الوَلِيدُ بْنُ المُغِيْرَة**)بووە، هەندێکیش گوتوویانە: نەخێر بەڵکو (**عُتبَة إبن رَبِيعَة**) بووە، هەروەها پیاوە مەزنەکەی تائیف کە ئەوان مەبەستیان بووە، (**كِنَانَةُ إبن عَبدُ يالَيل**) بووە، هەندێکیش گوتوویانە: (**عُروَةُ بن مَسعود الثَّقَفِي**) بووە.

ڕایەکی دیکەش ئەوەیە، کە مەبەستیان پیاوێکی دیاریکراو، یان دوو پیاوی دیاریکراو نەبوون، بەڵکو بە گشتیی گوتوویانە: دەبووایە قورئان دابەزێتە سەر پیاوێکی مەزن لە نێو تائیف دا، یاخود لە نێو مەککەدا، کە بەو پێوەرەی ئەوان، هەم مەککە و هەم تائیفیش، پڕبوون لەو جۆرە پیاوانەی ئەوان بە مەزنیان داناون!

ئەوان پێیان وابووە، ئەوەی شایستەیی لە مرۆڤدا دێنێتە دی، بۆ پێغەمبەرایەتیی ئەوەیە کە مەزن بێ، ئەو مەزنییەی ئەوانیش مەبەستیان بووە، هەبوونی سەروەت و سامان بووە، دەستڕۆیشتوویی و دەور قەڵەباڵغ بوون بووە، بە خزم و کەس و قەوم، خاوەنی (**مَحاسِنُ التأويل**)، (**جَمال الدين القاسمي**)[1]، لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ:

(**وَلَـمْ يَعْلَمـوا أَنَّهَـا رُتْبَـةٌ رُوحَانِيَّـةٌ، تَسْـتَدْعِي عِظَـمَ النَّفْـس بِالتَّحَـلِّي بِالفَضَائِـلِ وَالكَـمَالاَتِ القُدْسِـيَّة، لاَ التَزخـرفَ بِالزَّخَـارِفِ الدُنيَوِيَّـة**)، واتە: ئەوانە نەیانزانیوە کە

---

(١) ج٨، ص٣٣٧.

پێغەمبەرایەتیی پلەیەکی ڕووحانیی و مەعنەوییەو ئەوە دەخوازێ ئەو ڕووحەو، ئەو نەفسە مەزن و ڕازێنرانەوە بێ بە سیفەتە بەرزەکان و تەواوییە پاکییەکان، نەك خۆڕازاندنەوە بە زرق و برقی دنیایی.

بەرگ و پۆشاکی وابێ، وڵاخی سوارییەکەی - ئەو کاتە - وابێ و، خانووبەرەی وابێ، سەروەت و سامانی وابێ، خزم و خەڵکی وابێ، ئەوانە شتی ڕووکەشیی و ڕواڵەتیی، دنیایین و زوو تێپەڕن، ئەوەی دەمێنێتەوە، سیفەتە مەعنەوییەکانن.

خوا ﷻ لە وەڵامیاندا دەفەرموێ:

٧)- ﴿ أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ ﴾، ئایا ئەوان بەزەیی پەروەردگارت دابەش دەکەن؟ هەمزە (أ)ی سەر: ﴿ أَهُمْ ﴾، (للإستفهام الإنكاريْ)، پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: بێگومان ئەوان بەزەیی پەروەردگارت دابەش ناکەن، مەبەست لە بەزەیی پەروەردگاریش پلەی پێغەمبەرایەتیی بووە، چونکە بەزەیی خوا ﷻ لە ژیانی بەشەردا، وەك لە پلەی پێغەمبەرایەتییدا بەرجەستە بووە، لە هیچ شتێکی دیکەدا بەرجەستە نەبووە، لەبەر ئەوەی بەبێ پێغەمبەرایەتیی، مرۆڤایەتیی لەسەر هەموو نیعمەتەکانی دیکە، کە خوا پێی داون، قەرزار دەبێتەوە، بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ نیعمەتەکانی خوادا دەکات، کە لە جیاتی لێیان بەهرەمەند بێ، لێیان زەرەرمەند دەبێ، ئەگەر دەسەڵاتە، ئەگەر سەروەت و سامانە، ئەگەر زانیارییە، ئەگەر عەقڵە، ئەگەر لەشساغییە، هەرچی هەیە، لە ڕاستیدا پێغەمبەرایەتیی و وەحیی، ڕووحێکە بە بەر ژیانی مرۆڤدا دەکرێ، وەك خوا ﷻ لە کۆتایی سوورەتی (الشّوری)دا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ﴿٥٢﴾ ﴾.

٨)- ﴿ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا ﴾، (نەك هەر دابەشکردنی بەزەیی خوا بە دەست ئەوان نیە)، بەڵکو ئێمە بژیویانمان لە نێویاندا (لە ژیانی دنیادا) دابەشکردوە، ﴿ مَّعِيشَتَهُمْ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (مَعَايِشَهُم)، (المَعِيشَةُ: مَا يُتَعَيَّشُ بِهِ)، (معيشة) شتێکە مرۆڤ پێی بژی، واتە: بژیو، ڕۆزیی، ئێمە نەك هەر دابەشکردنی بەزەیی خۆمانمان، نەداوەتە

دەست وان، بەڵکو دابەشکردنی بژیوێ، کە پێی دەژین لە ژیانی دنیادا، ئەوەش بە دەست ئێمەیە، بەپێی سیستمی ئێمەو، بە ویستی ئێمەیە، زانایان گوتوویانە: ئەمە هۆکار دۆزییە بۆ نکووڵیی و ئەو لابردنەی کە لە نکووڵییەکە وەردەگیرێ، بەڵگە هێنانەوەیە لەسەری، واتە: ئێمە وەك چۆن بژیویانمان دابەشکردوە، بۆیە ئەوان لە کاروبارياندا، بەو شێوەیە کە ئێمە سیستممان داناوە، بەڕێوە دەچن، لە بواری ژیان و گوزەرانیاندا، بە هەمان شێوە لە دابەشکردنی بەزەیی خۆشمان و سپاردنی ئەرکی پێغەمبەرایەتییشدا، بە هەمان شێوە، ئەوەش هەر بەدەستی ئێمەیە، بەدەست ئەوانەوە نیە.

کەواتـە: هـەر بـەوە کـە تەماشـا دەکـەن، هۆکارەکانـی دابـەش کرانـی بژیـو، لـە ژیانـی دنیایانـدا بەدەسـت خوایـە، دەبووایـە بزانـن ئـەو پلـەی پێغەمبەرایەتییـەش، بەپێـی بۆچوونـی ئـەوان و بەپێـی خۆزگـەی ئـەوان نیـە، بەپێـی پێوەرەکانـی ئەوانیـش نیـە، بەڵکـو بەپێـی پێـوەری خوایـە ﷻ کـە جیایـە لـە پێـوەری وان، پێـوەری ئـەوان بریتیـە لــە ســەروەت و ســامان، دەستڕۆیشــتوویەتیی و دەور قەڵەباڵــغ بــوون و، هەمـوو ئـەو شـتانە کـە بەزۆریـی وایـە، مرۆڤـەکان لەسـەر ئـەو شـتانە قـەرزدار دەبنـەوە، ئەگـەر بـە شـێوەیەك مامەڵەیـان پـێ نەکـەن، کـە جێـگای ڕەزامەندیـی خـوا بـێ، مـرۆڤ لەسـەر قەڵەباڵغیـی دەوروبـەری و، لەسـەر سـەروەت و سـامانەکەی و، لەسـەر ئـەو نـازو نیعمەتانـەی دیکـە، کـە خـوا ﷻ پێـی داون، مـادام ئیمانیـان لەگەڵـدا نەبـێ، لەسـەریان قـەرزدار دەبێتـەوەو دەبنـە مایـەی شـەرمەزاریی.

بـەڵام پێـوەری خـوا ﷻ ئەوەیـە، کـە ئـەو مرۆڤـە عەقڵـی چەنـدە، مەعدەنەکـەی چەنــد پاکــەو، ڕەوشــتەکەی چەنــد بــەرزەو، ئاکارەکانــی و، دیــوی مەعنەویــی و ڕووحیـی، چۆنـە؟ کـە مـرۆڤ بـە ڕووح مرۆڤـە، نـەك بـە جەسـتەو بـە سـەروەت و سـامان و بـەو قەڵەباڵغییـەی لـە دەوریەتـی.

٩)- ﴿ وَرَفَعۡنَا بَعۡضَهُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ ﴾، ئێمە هەندێکیانمان بەسەر هەندێکیاندا بە چەند پلە بەرز کردۆتەوە.

١٠)- ﴿لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾، تاكو هەندێكیان هەندێكیان بە ئیشپێكەر بكرن، (سُخْرِيًّا أي: مُسَخَّرًا، وَاللامُ لِلتَعْلِيلِ، فَالكُلُّ مُسْتَعْمَلٌ لِغَيْرِهِ)، بۆ ئەوەی هەندێكیان هەندێكیان بە كارپێكراو بكرن، (سُخْرِيٌّ): (مُسَخَّر)، كارپێكراو، بەكارهێنراو، لە ڕاستییدا، لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا، هەموو چین و توێژەكان یەكدی بەكاردەهێنن.

﴿سُخْرِيًّا﴾، خوێندراویشـەتەوە: (سِخْرِيًّا)، هەردووكیـان هـەر بەمانـای كارپێكراو دێـن، هەندێكیـش گوتوویانـە: (سِخْرِيًّا) بـە مانـای گاڵتەپێكـراو، نـەك كارپێكـراو، بـەڵام ئـەو مانایـە بێهێـزەو، لەگـەڵ سـیاقی ئایەتەكانیشـدا ناگونجـێ.

١١)- ﴿وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ﴾، بەزەیی پەروەردگاریشت باشترە لەوەی، پەزمەندەی دەكەن و، كۆی دەكەنەوە.

بەزەیـی پـەروەردگارت، دەگونجـێ مەبەسـت پێـی پێغەمبەرایەتیـی بـێ و، دەگونجـێ مەبەسـت پێـی بەهەشـت بـێ و، دەگونجـێ مەبەسـت پێـی ئیـمان و تاعـەت بـێ، ئـەوە باشـترە لـەوەی كـۆی دەكەنـەوە سـەر یـەك.

ئـەم ئایەتـە موبارەكـە باسـی حیكمـەتی ئـەو بەرزیـی و نزمییـە دەكات كـە لـە كۆمەڵـگای بەشـەردا هەیـەو، هـەر كۆمەڵگایـەك ئـەو بەرزیـی و نزمییـەی تێدایـە، بەرزیـی و نزمییەكـەش مـەرج نیـە، تەنهـا لـە ڕووی سـەروەت و سـامانەوە بـێ، بەڵكـو لـە ڕووی عەقـڵ و هۆشـەوەیە، لـە ڕووی هێـزی جەسـتەوەیە، لـە ڕووی ڕەوشـت و ئاكارەوەیـە، خـوا ﷻ وایدانـاوە، هەنـدێ كـەس هـەر بـە زگـماك، بـە حەوسـەڵەترە لـەوی دیكـەو، یەكێك هێدیـی و مەندتـرەو، یەكێك زوو تـووڕە دەبـێ، یەكێـك درەنـگ تـووڕە دەبـێ، هـەر بـە فیتـرەت هەندێكیـان هۆشـیان تیژتـرەو، هەندێكیـان هۆشـیان كولـە، هەندێكیـان زمـان پاراوتـرن و، ڕەوانبێژتـرن، هەندێكیـان هێـزی جەسـتەیان زیاتـرە، هەندێكیـان لـە ڕووی كۆمەڵایەتییـەوە توانایـی تێكەڵیـی و گونجاوییـان لەگـەڵ خەڵكـدا زیاتـرە، هەندێكیـان ڕەوشـت و ئاكاریـان جوانـترەو زیاتـر توانایـان هەیـە، ڕاسـتبێژ بـن و، ئەمیـن بـن و، دادگـەر بـن و، بـە ڕەحـم بـن، هەندێكیـان كەمـتر ئـەو توانایەیـان هەیـە.

هەڵبەتە مرۆڤ هەمووی خوای پەروەردگار، وای خوڵقاندوە، بتوانێ شتە چاکەکان وەدەست بێنێ، بەڵام هەرچۆن بێ، بەرزیی و نزمیی هەر هەیە، ئنجا لە ئەنجامی ئەو بەرزیی و نزمییەدا، چ لە سیفەتە مەعنەوییەکان، چ لە سیفەتە جەستەییەکاندا، لە ئەنجامی ئەوەدا، کاروبارەکان جۆراوجۆر دەبن، ئەو کاروبارانەی کۆمەڵگا دابەش دەبن بەسەر خەڵکداو، دابەش بوونی کارەکانیش بەسەر خەڵکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کام لە توێژەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوی دیکە بەکاربێنێ، بۆ وێنە: پزیشك خزمەتی نەخۆشەکان دەکات، بەڵام نەخۆشەکانیش خزمەتی پزیشك دەکەن، هەروەها وەستاو کرێکار پێکەوە خزمەتی یەکدیی دەکەن، هەروەها کاربەدەستان لەگەڵ هاووڵاتییان، کاربەدەستان خزمەتی هاووڵاتییان دەکەن، کاروباریان بۆ رادەپەڕێنن، هاووڵاتییانیش خزمەتی کاربەدەستان دەکەن، بە قسەیان دەکەن و، فەرمانبەرییان دەکەن، هەروەها دەوڵەمەندو نەدار، دەوڵەمەند خزمەتی نەدار دەکات، یان فرۆشیار خزمەتی کڕیار دەکات، هەروەها هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بەو شێوەیەن، ئەگەر ورد لێکی بدەینەوە، هەر کامێکیان لە خزمەت ئەوی دیکەدایە.

هەڵبەتە ئەوە لە حاڵەتێکی ئاسایی و سروشتیی کۆمەڵگادا، بەڵام کاتێك کە هەندێك لە کۆمەڵگا خۆیان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن و، ستەم لەوانی دیکە دەکەن، ئەوە حاڵەتێکی ناسرووشتیی و نائاساییە، شەریعەتی خواو پێغەمبەران هاتوون، ئەم حاڵەتە ناسرووشتیی و نائاساییەی کۆمەڵگا بگۆڕن، کە هەندێك خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەڵگادا، لە ڕووی سیاسییەوە، کە بە شێوەی میزاجیی و، بە شێوەی بنەماڵەیی و، بە شێوەی میراتیی و، بە شێوەی خۆسەپاندن حوکمڕانیی بکەن، هەروەها سەروەت و سامان قۆرخ بکەن، بۆ خۆیان و خزم و دەوروبەریان، ئەوە حاڵەتێکی نائاساییەو، دەبێ بگۆڕدرێ، ئەگەرنا لە ڕاستییدا کە دەفەرموێ: ﴿لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾، بۆ ئەوەی هەندێکیان هەندێکیان

بەکاریبێنن، نەیفەرمووە: هەندێکیان ئەوانی دیکە، بەڵکو فەرموویەتی: هەندێکیان هەندێکیان، وەك چۆن لە مەسەلەی پیاوو ئافرەتدا، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ﴿٣٤﴾ ﴾النّساء، چونکە وەك پێشتریش باسمان کرد، پیاو هەندێ سیفەتی تێدان، لە ئافرەتدا نین و، ئافرەت هەندێ سیفەتی تێدان، لە پیاودا نین.

کەواتە: هەر کامێکیان فەزڵ و زێدەییەکی هەیە، بەسەر ئەوی دیکەدا، نەك بە ڕەهایی پیاو زێدەیی هەبێ بەسەر ئافرەتدا، یان ئافرەت زێدەیی هەبێ بەسەر پیاودا، بەڵکو پیاو هەندێ سیفەتی هەن:

هێزی جەستەو، هۆشێکی بەهێزترو، غیرەت و جورئەتێکی زیاتر، جەستەیەکی ماسوولکەیی و، دەنگێکی گڕ، ئافرەتیش لە بەرانبەردا، ڕەحم و سۆزێکی زیاترو، جەستەیەکی نەرمترو، دەنگێکی بە سۆزو ناسکتر، هەر کامێکیان خاڵی بەهێزی خۆی هەیە، هەر کامێکیان زێدەیی هەیە بەسەر ئەوی دیکەدا، هەر کامێکیان شتێکی هەیە، ئەوی دیکە نیەتی، یاخود بەو شێوەیەو بەو ئەندازەیە نیەتی، ئنجا لێرەش بە هەمان شێوە کە دەفەرموێ: ﴿ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ﴾، بۆیە هەندێکیانمان بە چەندان پلە، بەسەر هەندێکیاندا بەرز کردوونەوە، تاکو هەندێکیان هەندێکیان بەکاربێنن.

مەسەلەی سێیەم:

خستنەڕووی کەم بایەخیی ژیانی دنیا لە ڕووە ماددییەکەیەوە، بەوە کە ئەگەر لەبەر یەکدەنگ نەبوونی خەڵك نەبووایە لەسەر کوفر، خوا ﷻ سەربان و دەرگاو پەیژەو تەختەکانی بێبڕوایانیشی دەکردنە زیوو زێڕ، چونکە ژیانی دنیا بەهرەیەکی کەمەو، مەنزڵگای دواڕۆژیش لە گرەوی پارێزکاران دایە:

خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَوۡلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ وَمَعَارِجَ عَلَيۡهَا يَظۡهَرُونَ ﴿٣٣﴾ وَلِبُيُوتِهِمۡ أَبۡوَٰبًا وَسُرُرًا عَلَيۡهَا يَتَّكِـُٔونَ ﴿٣٤﴾ وَزُخۡرُفًاۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۚ وَٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾ ﴾:

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَوۡلَآ أَن يَكُونَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً ﴾، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، خەڵك ببنە یەك كۆمەڵ، (**الطَّبَري**)[1] لە تەفسیرەکەی خۆیدا، دەڵێ: (**وَلَوْلاَ أَنْ يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً عَلَى الكُفْرِ، فَيَصِيرَ جَمِيعُهُم كُفَاراً، لَجَعَلْتُ لِلكُفَّارِ لِبُيُوتِهِم سُقُفاً مِنْ فِضَّة**)، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، خەڵك ببێتە یەك كۆمەڵ لە کوفرداو، هەموویان ببنە بێبڕوا، ئەوانەی بێبڕوان بۆ خانووەکانیان، سەربانی زیومان بۆ دەڕەخساندن.

٢)- ﴿ لَّجَعَلۡنَا لِمَن يَكۡفُرُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ ﴾، بۆ ئەوانەی بێبڕوان بە (خوای) بە بەزەیی سەربانە زیوییەکانمان بۆ دەڕەخساندن.

(**سُقُفاً مِن فِضَّة**)، (**سُقُف**) کۆیە، (**سَقف**) تاکەکەیەتی، هەروەك بە (**سَقف**) یش خوێندراوەتەوە: ﴿ لِبُيُوتِهِمۡ سُقُفًا مِّن فِضَّةٍ ﴾، (**سَقف**) یان (**سُقُف**) (**أعَالِي**

---

[1] **جامع البيان: ج٢٥، ص٧٠.**

بُيوتِهِـم وَهـيَ السُـطُوحُ)، سـەرەوەی خانووەکانیـان، بـە کوردیـی دەڵێیـن: سـەربان، ئەوەمـان بـۆ دەکـردن بـە زیـو.

٣)- ﴿وَمَعَارِجَ عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ﴾، پەیژەی زیویشمان بۆ دەڕەخساندن، کە پێیاندا سەربکەون، پەیژەو قادرمەکانیشیانمان بۆ دەکردن بە زیو، (مَعَارِج) کۆی (مِعرَاج) یان (مَعْرَج)ە، واتە: پەیژە، (مَعَارِج أي: مَرَاقِي جَمْع مِرْقَاة)، پەیژەکان، پەیژە، هەروەها (دَرَج)یشی پێ دەڵێن، ﴿عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ﴾، (عَلَيهَا يَعْلون، يَصْعَدُون)، بەو پەیژانەدا سەردەکەوتن بۆ سەرەوەی خانووەکانیان، یاخود بە قاتەکاندا.

٤)- ﴿وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَابًا﴾، هەروەها بۆ ماڵەکانیان دەرکامان بۆ دەڕەخساندن، (دیسان لە زیو) چونکە پێشێ فەرموویەتی: (مِنْ فِضَّةٍ)، کەواتە: یانی دەرگایەکانیشمان بۆ دەکردن بە زیو.

٥)- ﴿وَسُرُرًا عَلَيْهَا يَتَّكِئُونَ﴾، هەروەها تەختانێك (لە زیو) کە لەسەریان پاڵدەدەنەوە، (وَسُرُراً مِنْ فِضَّةٍ عَلَيْهَا يَتَّكِئُون)، (سُرُر) کۆی (سَرِير)ە، (سَرِير) بە مانای تەخت دێ، کە مرۆڤ لەسەری ڕادەکشێ، یان لەسەری دەخەوێ و، یان لەسەری شاندا دەدات، ﴿يَتَّكِئُونَ﴾، (التَوَكُؤ وَالإتِّكَاءُ: التَحامُلُ عَلَى الشَّيء)، ئەوەیە ئینسان پاڵ بە شتێکەوە بدات، سەنگ بداتە سەر شتێك، واتە: شانی لەسەردا بدات.

٦)- ﴿وَزُخْرُفًا﴾، هەورەها زێڕیشمان بۆ دەڕەخساندن، کەل و پەلەکانیانمان هەموو بۆ دەکردن بە زیو، سەربان و دەرگاو پەیژەو تەخت و قەنەفەکانمان وادەکرد، کە بتوانن لە زیو دروستیان بکەن، ئەو کاتە زێڕو زیو، دوو کانزای زۆر بە نرخ بوون و، ئێستاش زۆر بە نرخن، بەڵام ئەو کاتە نرخ و بەهایەکەیان لێك نزیك بووە، هەروەها زێڕی زۆریشمان بۆ دەڕەخساندن، وەك لە سوورەتی (الإسرَاء) لە ئایەتی ژمارە (٩٣)دا، دەفەرموێ: ﴿أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ ﴿٩٣﴾﴾، یان ماڵێکت هەبێ، خانووێکت هەبێ، لە زێڕ (زُخرُف)، بەڵام ئەوە لەو سیاقەدا، ئەگەرنا وشەی (زُخرُف)، بە مانای زێڕیش هاتووە، بە مانای ڕازاوەییش هاتووە، بە مانای نەخش و نیگاریش هاتووە، بە مانای کەل و پەلی نایابیش هاتوە.

٧)- ﴿ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴾، ئەمەش هەمووی تەنیا ڕابواردنێکی کەمی ژیانی دنیایە، ﴿ مَتَٰعُ ﴾، واتە: بەهرە وەرگرتنێکی کەم، هەروەها خوێندراویشەتەوە: (وَإِنْ كُلُّ ذَلِكَ لَما مَتَاعُ الحَيَاةِ الدُّنيَا)، ئنجا ئەگەر (لَمَا) بێ، ئەو کاتە (ل) بۆ جەختکردنەوەیەو، (مَا)یەکە بە مانای (إنْ)ە، (إن)ی (مُخَفَّفَة) لە (مُثَقَّلَة) بۆ تەئکیدەو (ل) کە ئەو (إنْ)ە، کە بۆ جەختکردنەوەیە لە (إن)ی (شَرْطِيَّة) جیا دەکاتەوە، یانی: هەر کامێك لەمانە بە تەئکید تەنیا ڕابواردنی کەمی ژیانی دنیایە، بەڵام ئەگەر بە (إنَّ) بخوێنرێتەوە: (وَإنْ كُلُّ ذَلِكَ لِما مَتَاعُ الحَيَاةِ الدُّنيَا)، یانی: بە دڵنیایی ئەوە هەمووی تەنیا ڕابواردنێکی کەمی ژیانی دنیایە، واتە: ئەگەر (لَمَا) بێ، ئەو کاتە زیاد کراوە بۆ تەئکید، واتە: (وَإنْ كُلُّ ذَلِكَ لَمَتَاعُ الحَيَاةِ الدُّنيَا).

٨)- ﴿ وَٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلۡمُتَّقِينَ ﴾، دوارۆژیش لە لای پەروەردگارت بۆ پارێزکارانە، یانی: مەنزڵگای دوارۆژ، چونکە (الآخِرَة) سیفەتی مەوصووفێکی قرتێنراوە، واتە: مەنزڵگای دوارۆژ لە لای پەروەردگارت، تەنیا بۆ پارێزکارانە، واتە: ئەو بەهەشتە تەنیا لە گرەوی ئیمانداران دایە.

خـوا ﷻ باسـی هەڵوێسـتی بێبڕوایـان دەکات، کـە چـۆن پێشـنیاریان کـردوە، یـان خۆزگەیـان خواسـتوە، قورئـان بـۆ سـەر پیاوێکـی مـەزن، لەسـەر یەکێـك لـە دوو شـارەکان دابەزیبایـە، پیـاوی مەزنیـش مەبەسـتیان پێـی پیاوێکـی سـامانداری دەسترۆیشـتوو و دەور قەڵەباڵـغ بـووە، ئنجـا خـوا ﷻ بـەو بۆنەیـەوە ئـەو ڕاسـتییەی ڕاگەیانـد، کـە ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نەبووایـە خەڵـك هەمـووی لەسـەر کوفـر کۆببنەوە، ئەوانـەی بێبـڕوان بـە خـوای بـە بەزەیـی، وای بۆ دەکـردن، کـە سـەربانی خانووەکانیان زیـو بـێ، هەروەهـا پەیـژەکان کـە پێیانـدا سـەردەکەون بـۆ سـەر بـان، زیـو بـن، هەروەهـا دەرگاکانیـان زیـو بـن، ئـەو تەخـت و قەنەفانـەی لەسـەریان پشـوو دەدەن و، شـان دادەدەن و پـاڵ دەدەنـەوە زیـو بـن، هەروەهـا زێـڕو زەمبەرێکـی زۆر، یاخـود ڕازاوەییەکـی زۆریـان هەبـێ.

کەواتـــە:

﴿وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾، واتـە: (مَا كُلُّ ذَلِـكَ إلاَّ مَتَـاعُ الحَيَـاةِ الدُّنيا)، (إنْ) لێرەدا بـە مانـای (مَا)یـە بـۆ لابـردن (نفـي)ە، (لَـمَّا)ش، بـە مانـای (إلاَّ) یـە، واتـە: هیـچ کام لـەوە نیـە، مەگـەر ڕابواردنـی کەمـی ژیانـی دنیـا بـێ، بـەڵام ئەمـە بەجـۆری دیکـەش خوێندراوەتـەوە: (وَإنَّ كُلَّ ذَلِـكَ لَـما مَتَـاعُ الحَيَـاةِ الدُّنيـا)، (إنَّ) بـۆ تەئكیـد، یـانی: بـە دڵنیاییـی هەمـوو ئـەوەی باسـكرا، (لَـمَا مَتَـاعُ الحَيَـاةِ الدُّنيـا)، (ل) لێـرەدا بـۆ تەئكیـدە، (مَا)یەكـەش زیـاد كـراوە، بـۆ جەختكردنـەوە، واتـە: (وَإنَّ كُلَّ ذَلِكَ لَـمَتَاعُ الحَيَاةِ الدُّنيا)، كەواتـە: هـەم (إنَّ)، هـەم (ل)ەكـەش و، هـەم (ما)يەكـەش هـەر سـێكیان بـۆ جەختكردنـەوەن.

﴿وَٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ رَبِّكَ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٣٥﴾﴾، مەنزڵـگای كۆتایـی لە لای پەروەردگارت بـۆ پارێزكارانـە، وشـەی (آخِـرَة)، واتـە: كۆتایـی، بـەڵام ئەمـە بـە سیاق دەزانـرێ و، لـە هەنـدێ شـوێنی دیكەشـدا خـوا ﷻ وەصـف كراوەكـەی هێنـاوە، ﴿وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴿٦٤﴾﴾العَنكَبُوت، (الـدار الآخـرة: المَثُوبَـةُ الأخِـرَة)، پاداشـتی ڕۆژی دوایـی، یـان مەنزڵـگای ڕۆژی دوایـی، لـە لای پەروەردگارتـە، بـەڵام بـۆ پارێـزكاران تەرخانكـراوە.

شەش كورتە سەرنج لە بارەی دنیا و دوارۆژەوە:

١- لەو بارەوە قسەیەك لە حەسەنی بەصرییەوە هاتوە، لە باسی ئەم ئایەتە موبارەكەدا، كە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر خەڵك هەموویان لەسەر كوفر كۆ نەبووبانەوە، ئەوانەی بێبڕوا دەبوون بەرانبەر خوای بە بەزەیی، هەموو دەرو دیوارو خانووبەرەو دەرگاو پەنجەرەمان بۆ دەكردن بە زێرو زیو، حەسەنی بەصریی گوتوویەتی: (لَوْلَا أَنْ يَكُونَ النَّاسُ كُفَّاراً أَجْمَعُونَ، يَمِيلُونَ إِلَى الدُّنْيَا، لَجَعَلَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى الَّذِي قَالَ، ثُمَّ قَالَ: وَاللَّهِ لَقَدْ مَالَتِ الدُّنْيَا بِأَكْثَرِ أَهْلِهَا، وَمَا فَعَلَ ذَلِكَ، فَكَيْفَ لَوْ فَعَلَهُ!)[1]، واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، خەڵك هەمووی بێبڕوا دەبن، تێكڕایان، بە لای دنیادا بشكێنەوە، خوا (تَبَارَكَ وَتَعَالَى) ئەوەی فەرموویەتی، ئەنجامی

---

(١) جامع البيان: رقم: ٣٠٨٩٤.

دەدات، (هەموو شتی بۆ دەکردن بە زیوو زێڕ)، دوایی حەسەنی بەصرایی گوتوویەتی: بە خوا ژیانی دنیا زۆربەی خەڵکی لار کردۆتەوەو پەلکێش کردوە بەلای خۆیدا، لە حاڵێکدا خوا ﷻ واشی بۆ نەکردوون، ئەدی ئەگەر وای کردبایە!

واتـە: زۆربـەی خەڵکـی دنیـا، بـە لای دنیـادا پەلکێـش بـوون، بـە لای ڕابواردنـی دنیـاداو، بـە لای نـازو نیعمەتـی دنیـادا، لـە ڕووە مادد‌ییەکەیـەوەو، ڕووە مەعنەوییەکەیـان فەرامـۆش کـردوە، ڕۆژی دواییـان فەرامـۆش کـردوەو، خـواو خەڵکیـان لەبیـر چـووە، هـەر لـە سـوڕگەی خۆیانـدا دەخولێنـەوەو، ئاگایـان لـە خـواو خەڵـك نەمـاوەو، لـە حاڵێـك دا خـوا ﷻ واشـی بـۆ نەکـردوون، کـە فەرموویەتـی، ئـەدی ئەگـەر وای بـۆ کردبایـە!!

٢- یەکێکی دیکە لە زانایان، (إبنُ زَيد) دیسان (الطَّبَرِي)[1] ئەم دەقەی لێوە دێنێ، لە بارەی تەفسیری ئەو ئایەتەوەو دەڵێ: (**وَلَولاَ أَنْ يَكُونَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً عَلَى طَلَبِ الدُّنيا وَرَفضِ الأخِرَة**)، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، خەڵك هەموویان ببنە یەك کۆمەڵ، لەسەر داواکردنی دنیاو ڕەتکردنەوەی ڕۆژی دوایی [خوا عز وجل ئاوای بۆ دەکردن].

٣- تەنیا یەك جار خوا ﷻ باسی زیو (**فِضَّة**)ی کردوە، کە باسی (**سُقُف**) یان (**سَقْف**) دەکات، سەقفی خانووەکان، یان سەربانەکانیان، بەڵام دوایی کە باسی پەیژان (**مَعَارِج**) دەکات و، باسی دەرگایان (**أبوَاب**) دەکات و، باسی تەختان (**سُرُر**) دەکات، وشەی (**فِضَّة**) ی بەکارنەهێناوە، هۆکارەکەی ئەوەیە: (**حُذِفَ الوَصْفُ مِنَ المَعطُوفَاتِ لِدَلالَةِ مَا وُصِفَ المَعطُوفُ عَلَيهِ**)، بۆیە وەصفی زیو قرتێنراوە لەوانی دیکە، کە بادراونەوەو، گێڕدراونەوە بۆ سەر (**سُقُف**)، چونکە لەوێ کە باسکراوە، مانای وایە هەمان ئەو زیوە، بۆ پەیژەکانیش و بۆ دەرگاکانیش و بۆ تەخت و قەنەفەکانیش هەر هەیە.

٤- لەو بارەوەش فەرمایشتی پێغەمبەرە خوا ﷺ زۆرن، بەڵام دوو فەرمایشتان بە نموونە دێنین:

---

(١) جامع البيان: رقم: ٣٠٨٩٨.

١- {الدُّنيَا سِجْنُ المُؤْمِنِ وَجَنَّةُ الكَافِرِ}، (أخرجه مُسلِم: ٢٩٥٦، والترمِذي: ٢٣٢٤، وابنُ مَاجه: ٤٣١٣)، واتە: دنیا حەپسخانەی بڕوادارو بەهەشتی بێبڕوایانە.

یانی: مرۆڤی بڕوادار وەك چۆن كەسێك لە حەپسخانەدا دەبێ، لە سجن و زینداندا دەبێ، بە چوار دیوارێك ڕێی لێگیراوەو، لە ژوورێك و چوار دیوارێكدا قەتیس كراوە، مرۆڤیش لە ژیانی دنیادا، لەبەر ئەوەی پابەندە بە سنوورەكانی شەریعەتەوە، بە كەیفی خۆی ڕەفتار ناكات و، بە كەیفی خۆی قسە ناكات، بەڵكو ئاگاداری خولیاو نیەتەكانی نێو دڵیشی دەبێ، لەو ڕووەوە خۆی بە كۆتكراوو بەندكراو دەبینێ، واتە: كۆت و بەندی شەریعەت، كە دەزانێ ئەوە لە قازانجی دنیاو دوارۆژیەتی، بەڵام بابای بێبڕوا، خۆی بەرهەڵدا دەبینێ، هیچ سنوورو لەمپەرێك لەبەردەمی خۆیدا نابینێ، هەر بۆیەش یەكێك لە عاریفە گەورەكان دەڵێ:

(وَمَن أبَاحَ النّفسَ مَا تَهْوَاهُ فَإنَّمَا إلـهَهُ هَوَاهُ)

واتە: هەر كەسێك نەفسی چی ئارەزووی كرد، پێی بدات و، ڕێی پێبدات، ئەوە پەرستراوی بۆتە هەواو ئارەزووی خۆی.

٢- {لَو كَانَتِ الدُّنيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، مَا سَقَى مِنْهَا كَافِراً شَرْبَةَ مَاءٍ}، (أخرجه التِّرمِذي: ٢٣٢٠، وابن مَاجه: ٤١١٠، بسندٍ حَسَن).

واتە: ئەگەر دنیا لە لای خوا ﷻ بە قەد باڵە مێشوولەیەك نرخی ببووایە، قوومە ئاوێكی لێ نەدەدا بە مرۆڤی بێبڕوا.

٥- قۆڵە نەزیلەیەك:

ڕۆژێك جوولەكەیەكی توونچیی، كە گەرماوی داگیرساندوەو، سووتەمەنیی و داری داونە بەر گەرماو و، لە ئارەق و تۆزو دووكەڵدا، غەرق بووە، تەماشا دەكات ئەبوو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێ، سواری وڵاخەو خەڵكێك لە خزمەتی دایە، دێ، چونكە ئەبوو حەنیفە وێڕای ئەوەی زانایەكی گەورە بووە، بازرگانێكی

گـەورەش بـووە، دیـارە بـە بازرگانییەکـەی خزمەتـی خۆشـیی و قوتابیەکانیشـی و، خزمەتـی خەڵکیشـی پێکـردوە، ئنجـا لەگـەڵ ئـەوەدا کـە زۆر سـاماندار بـووە، بـەڵام یەکجـار خـوا پەرسـت و زاهیـدو بـۆ خـوا صوڵحـاو بـووە، سـاماندار بـوون و دەسترۆیشـتن، لـە ڕووی سـەروەت و سـامانەوە، یـان لـە ڕووی دەسـەڵاتەوە، لەگـەڵ بـۆ خـوا صوڵحـان و دینداریـی و پارێزکاریـی دا تێکناگیـرێ..

ئنجا جوولەکە کە ئەبـوو حەنیفـە دەبینـێ، بـە بەرگێکـی جـوان و بۆنێکی خـۆش و بە سـواری وڵاخ، خۆیشـی غەرقـی تـۆزو ئـارەق و دووکـەڵ بـووە، دەڵـێ: ئـەی ئیـمام! دەڵـێ: بەڵـێ، دەڵـێ: فەرموودەیەکـی پێغەمبـەری ئێـوە هەیـە، کـە دەڵـێ: {الدُّنيَا سِجْنُ المُؤْمِنِ وَجَنَّةُ الكَافِرِ} واتـە: دنیـا سـجنی بـڕوادارەو، بەهەشـتی بێبڕوایـە، ئنجـا ئایـا ئێسـتا تـۆ وەك لـە بەهەشـتدا بـی، دێیـە بەرچـاو، یـان مـن، ئایـا ژیانـی مـن وەك سـجن و زیندانـە، یـان هـی تـۆ؟ واتـە: فەرمایشـتەکەی پێغەمبـەر ﷺ پێچەوانـەی حاڵـی مـن و تۆیـە!!

ئەبـوو حەنیفـە پیاوێکـی زۆر عاقـڵ و بلیمـەت بـووەو قـەد دانەمـاوە، پێـی دەڵـێ: جوولەکـە بـە تەئکیـد حاڵـی تـۆ ناخۆشـەو، حاڵـی مـن خۆشـە، بـەڵام حاڵـی تـۆ ئـەوەی ئێسـتات، لـە چـاو ئـەو سـزاو دۆزەخـەی چاوەڕێـت دەکات، ئێسـتات وەك بەهەشـتێیە، منیـش ئـەو حاڵـەی کـە تێیـدام، لـە چـاو ئـەو بەهەشـتەی کـە چاوەڕێـم دەکات، ئێـرەم وەك سـجن و زینـدان وایـە.

وەڵامێکی زۆر پڕ بە پێست و هەق و ڕاست بووە.

٦- شاعیرێك (القُرطُبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، چوار دێڕە شیعری لێوە دێنێ، لە بارەی ژیانی دنیاو چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ژیانی دنیادا، ئەم چوار دێڕە شیعرە دێنێ، پێم خۆشبوو بیانهێنم:

تمتّع من الأيام إن كنت حـازماً ... فإنك فيهـــا بين ناه وآمــر

---

(١) جامع لأحكام القرآن: ج٢٥، ص:٧٠.

إذا أبقت الدنيا على المرء دينه ... فما فاته منها فليس بضائر
فلا تزن الدنيا جناح بعوضة ... ولا وزن رقٍّ من جناح لطائر
فلم يرض بالدنيا ثواباً لمحسن ... ولا رَضِيَ الدُّنيا عِقَابَاً لِكَافِرِ

واتە: لە ڕۆژانێکی کەمی ژیانی دنیادا، بەهرە وەربگرە، ئەگەر تۆ خاوەن عەقڵێکی باشی و وریای، (واتە: مەچوو هەمووو ڕۆژەکانی ژیانت بکەی بە ڕابواردن و بەهرە وەرگرتنی ماددیی)، چونکە لە ڕۆژەکانی ژیانتدا، لە نێوان ئەوە دای، کە شت قەدەغە بکەی لە خەڵکێك و، ڕێگریی لە خراپە بکەی، یاخود فەرمانیان پێ بکەی بە چاکە، (واتە: تۆ دەبێ زیاتر مشووری ئەوە بخۆی کە لە ژیانتدا بەو شێوەیە بی، لە ڕۆژانێکی کەمدا بەهرە وەربگرە، بایی ئەوەندە کە جەستەت پێویستیی پێیەتی و ژیانت پێی بەڕێوە دەچێ، بەڵام هەوڵ بدە ئەرکی فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە ئەنجام بدەی).

ئەگەر دنیا دینداریيەکەی بۆ مرۆڤ هێشتەوە، ئەوەندەی لە دنیا، لە دەستی دەچێ، هیچ زیانی پێ ناگەیەنێ، مادام دینی سەلامەت بووبێ.

دنیا هێندەی کێشی باڵە مێشوولەیەك کێشی نیە، هەروەها هێندەی پەڕێك لە باڵی باڵندەیەك کێشی نیە (واتە: لە تەرازووی خوادا).

بۆیەش خوا ﷻ ڕازی نەبووە لە دنیادا پاداشتی چاکەکار بداتەوە، هەروەها ڕازیش نەبووە، دنیا بکاتە شوێنی سزا، بۆ بێبڕوا.

دنیا نە شوێنی پاداشتە بۆ چاکەکارو، نە شوێنی سزایە بۆ بێبڕوا، نە جێی سزای تێدا دەبێتەوەو، نە جێی پاداشتی تێدا دەبێتەوە، هێندە کەم و کورت و کەم بایەخە لە ڕووە ماددییەکەیەوەو لە چاو قیامەت.

مەسەلەی چوارەم:

ئەوانـەی لـە ئاسـت قورئانـی بیرخـەرەوەی خـوای بـە بەزەیـی دا خۆیـان کوێـر دەکـەن و، نادیـدەی دەگـرن و، پشـتی تێدەکـەن، خـوا ﷻ شـەیتانێکی گومڕاکەریـان بـۆ دەرەخسـێنێ و دەبێتـە هاودەمیـان، کەچـی ئـەوان پێیـان وایـە ڕێ ڕاسـتگرتوون، بـەڵام کـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا دێنـە لای خـوا، دووریـان لێیـان بـە ئـاوات دەخـوازن، (واتـە: لـە شـەیتانەکان)، بێگومـان پێکـەوە بەشداربوونیشـیان لـە سـزاو ئـازاردا، هیـچ سـوودیان پێناگەیەنـێ و، هـەر کەسـەو سـزاو ئـازاری خـۆی:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ ﴿٣٨﴾ وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، هەر کەسێك لە قورئانی بیرخەرەوەی (خوای) بە بەزەیی، پشت هەڵکردوو بێ، یاخود چاو نووقاو بێ، خۆی کوێر کردبێ.

٢)- ﴿ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا ﴾، ئێمە شەیتانێکی بۆ دەرەخسێنین، بۆ ئامادە دەکەین، (**التَّقْيِيضُ: التَّهيئَةُ والإتَاحَةُ**)، بریتیە لە ئامادەکردن و ساز کردن، وشەی: (**يَعْشُ**) خوێندراویشەتەوە: (**يَعْشَا**)، ئنجا (**عَشَا، يَعْشُو، عَشَاً: لَحِقَهُ مَا يَلْحَقُ الأَعْشَى، وَهُوَ الَّذِي لاَ يُبْصِرُ بِاللَّيلِ**)، بەڵام (**عَشِيَ، يَعْشَا، عَشَاً أي: عَمِيَ**)، (**عَشَا، يَعْشُو، عَشَاً**)، ئەوەیە کە بابای شەو کوێر، کە بە شەوێ نابینێ چی بەسەر هاتوە، ئەویش وای بەسەر بێ، بەڵام (**عَشِيَ، يَعْشَا، عَشاً**)، واتە: کوێر بوو، کەواتە: ئەگەر بخوێندرێتەوە: ﴿ وَمَن يَعْشُ ﴾، یانی: هەر کەسێك شەو کوێر بێ، یاخود خۆی نابینا بکات، بەڵام ئەگەر بفەرموێ: (**يَعشا**)، واتە: هەر کەسێك کوێر بێ، هەروەها لە

زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (عَشِيَ إِلى النَّارِ أي: أقْبَلَ)، بەڵام (عَشِيَ عَنِ الذِّكْرِ أي: أعرَضَ)، لێرەدا: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، (ضُمِّنَ مَعْنى الإِعْرَاض)، واتە: هەر کەسێك لە ئاست قورئاندا، کە بیرخەرەوەیە، بیرخەرەوەی خوای بە بەزەیی، خۆی کوێر بکات و، پشتی تێبکات، ئەوە شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەین.

٣)- ﴿ فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴾، کە دەبێتە هاودەم و هاوڕازی، (القَرِينُ: المُلاَزِم وَالصَّاحِب)، کەسێك کە هەمیشە لەگەڵ کەسێکە و، هاوەڵیەتی و لێی جیا نابێتەوە، (الطَّبَرِي) لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] دەڵێ: (وَأصْلُ العُشُوْ: النَّظَرُ بِغَيْرِ ثَبَتٍ، لِعِلَّةٍ فِي العَيْنِ، يُقَالُ مِنْهُ: عَشَا فُلاَنٌ يَعْشُو عَشْوًا وَعُشُوًّا: إِذَا ضَعُفَ بَصَرُهُ، وَأظْلَمَتْ عَيْنُهُ، كَأنَّ عَلَيْهِ غِشَاوَةً)، وشەی (عُشُوٌ) لە ئەصڵدا بە مانای تەماشاکردنە بەبێ چاو چەسپاندن، لەسەر شتێك، یان بەبێ چاك دیتن، بەهۆی ئەوەوە کە نەخۆشییەك لە چاودا هەیە، دەگوترێ: (عَشَا فُلاَنٌ يَعْشُو عَشْوًا وَعُشُوًّا)، ئەگەر چاوی بێهێز بوو، چاوی تاریك داهات، وەك پەردەیەکی بەسەرەوە بێ.

٤)- ﴿ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾، بە دڵنیایی ئەو (شەیتانە قەرین)انە، ئەو (بێبڕوای)انە (کە لە ئاست کتێبی خوادا کوێر بوون و نادیدەیان گرتوە)، هەڵدەخەڵەتێنن و لە ڕێ لایان دەدەن (لە ڕاستە شەقامی خوا).

٥)- ﴿ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴾، کەچی پێیان وایە، (لە ڕێ لادراوەکان پێیان وایە)، ڕێی ڕاستیان گرتوە، یاخود: پێیان وایە: شەیتانەکان ڕێی ڕاستیان گرتوەو ڕێی ڕاست پێشانی ئەوانیش دەدەن.

شایانی باسە: وشەی (أعْشَى)، بە مانای پیاوی شەو کوێرو، (عَشْوى) بە مانای ئافرەتی شەو کوێرە، ئنجا لێرەوە ئەو پەندە عەرەبییە هاتوە، کە دەڵێ: (فُلان يَخْبِطُ خَبْطَ عَشْوى)، واتە: فڵانکەس بە ڕێیەدا دەڕوات و هەڵسوکەوت دەکات، وەك چۆن ئافرەتی شەو کوێر هەڵسوکەوت دەکات، کە بە شەوێ نابینێ و، بەسەر دەرو دیواردا دەکەوێ، ئەو پەندە لەوەوە هاتوە.

---

(١) جامع البيان: ج ٢٥، ص:٧٣.

کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّهُمۡ لَيَصُدُّونَهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾، پێشـێ باسـی قەرینێك دەکات، ﴿ فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٞ ﴾، هـەر کەسێك لـە ئاست قورئانی بیرخـەرەوەی خـوای بـە بەزەییدا، کوێـر بـێ، یاخـود شـەو کوێـر بـێ، چـاك چـاوی نەکاتـەوەو سـەرنجی نـەدا، شـەیتانێکی بـۆ ئامادە دەکەیـن، بـۆی دەبێتـە قەریـن، واتـە: هـاوڕێ و هـاوەڵ و هـاوڕاز، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّهُمۡ لَيَصُدُّونَهُمۡ ﴾، ﴿ وَإِنَّهُمۡ ﴾، ڕاناوی کۆیـە بـۆ: ﴿ قَرِينٞ ﴾ دەچێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی هـەر کامێك لـە مرۆڤـەکان، کـە لـە ئاسـت بەرنامـەو کتێبـی خـوادان، کوێـر دەبـن، خـوا ﷻ قەرینێکیـان بـۆ دەڕەخسێنێ، کەواتـە: دەبـن بـە کـۆ.

کەواتـە: قەرینـەکان، ئـەوان لـە ڕێ لادەدەن، وشـەی: ﴿ ٱلسَّبِيلِ ﴾، کـە (أل) ی ناسـاندنی لەسـەرە، دەگونجـێ بڵێـی: لـە ڕێبازەکـە، کەواتـە: (أل)ی ناسـاندنەکە بـۆ (عهـد)ە، یـانی: لـە ڕێبازەکـە، واتـە: ڕێبـازە زاندراوەکـە، کـە ڕێبـازی خوایـە، دەشـگونجێ ئـەو ناسـاندنە بـۆ جینـس بـێ، واتـە: لـە جینسـی ڕێـی ڕاسـت، لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە لایـان دەدەن.

﴿ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ ﴾، (يَحْسَـبُ المَصْـدُودونَ أَنَّهُـم مُهْتَـدُون)، لـە ڕێ لادراوەکان پێیـان وایـە، ڕێـی ڕاسـتیان گرتـوە، یاخـود: لـە ڕێ لادراوەکان پێیـان وایـە ئـەو شـەیتانە قەرینانـەی لـە ڕێیـان لاداون، ڕێـی ڕاسـتیان گرتـوە، بۆیـە ئەوانیـش لێیـان بەهرەمەنـد دەبـن.

(إهْتِـدَاء): بریتیـە لـە زانیاریـی هەبـوون لـە ڕێـی ڕاسـت و بەهـرە وەرگرتنیـش لـەو زانیارییـە، یـانی: (إهْتِـدَاء) بریتیـە لـە ڕێـی ڕاسـت زانیـن و ڕێـی ڕاسـت گرتـن.

٦)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا ﴾، هەتا کاتێك هات بۆ لامان، واتە: یەکێك هات بۆ لامان، ئەمە خوێنراویشەتەوە: (حَتَّى إذَا جَاءَانَا)، واتە: مرۆڤە لە ڕێ لادراوەکەو، شەیتانە هاوەڵەکەشی هاتن بۆ لامان.

٧)- ﴿قَالَ يَٰلَيۡتَ بَيۡنِي وَبَيۡنَكَ بُعۡدَ ٱلۡمَشۡرِقَيۡنِ﴾، (مرۆڤە لە ڕێ لادراوەکە) گوتی: خۆزگە لە نێوان من و لە نێوان تۆدا، دووریی دوو ڕۆژهەڵاتەکان بووایە، کە مەبەست لە دوو ڕۆژهەڵاتەکان، واتە: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵام ڕۆژهەڵات زاڵکراوە بەسەر ڕۆژئاوادا، ئنجا نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دووریی، بە ئەندازەی پانایی زەوییە، واتە: بە ئەندازەی ئەمسەرو ئەوسەری زەوی، من و تۆ لێك دوور باین.

٨)- ﴿فَبِئۡسَ ٱلۡقَرِينُ﴾، واتە: تۆ خراپترین هاوڕازو هاوەڵ بووی.

٩)- ﴿وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلۡيَوۡمَ إِذ ظَّلَمۡتُمۡ﴾، (ئەمە کورتکردنەوەی چەند ڕستەیەکە: سەرەنجام هەموویان خرانە نێو سزاوە، ئنجا خوا ﷻ پێی فەرموون:) هەرگیز ئەمڕۆ سوودتان پێناگەیەنێ، کە پێشتر ستەمتان کردوە، ئەوە کە لە سزادا هاوبەشن، واتە: هاوبەشییتان لە سزادا، سوودتان پێناگەیەنێ، چونکە هەر کەسە پڕ بە پێستی تاوان و خراپەی خۆی، سزا دەدرێ.

کەواتە: ﴿وَلَن يَنفَعَكُمُ﴾، (لَن) بۆ جەختکردنەوەو هەمیشەیی کردن (**تأكيد وتأبيد**)ە، واتە: هەرگیز سوودتان پێناگەیەنێ، ﴿ٱلۡيَوۡمَ﴾، ئەمڕۆ، ﴿إِذ ظَّلَمۡتُمۡ﴾، (إذ) (**ظَرْفٌ مُبْهَمٌ للزَّمَانِ المَاضِي**)، (إذ) بۆ (**ظَرف**)ە، بۆ کاتی ڕابردوو، کە لێرەدا مەجازە بۆ هۆکار، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئێوە ستەمتان کردوە.

١٠)- ﴿أَنَّكُمۡ فِي ٱلۡعَذَابِ مُشۡتَرِكُونَ﴾، واتە: بە هۆی ئەوەوە لەسزادا هاوبەشن، سوودتان پێ ناگەیەنێ، خوێندراویشەتەوە: (**إِنَّكُم فِي العَذَابِ مُشْتَرِكُون**)، ئنجا ئەگەر (**إنَّكُم**) بێ، ئەمە ڕستەیەکی دەست پێکردنە (**جُمْلَة إسْتِئْنَافِيَّة**)، واتە: بە دڵنیایی ئێوە لە سزادا هاوبەشن.

ئنجا ئەگەر بە (**إنکم**) بخوێندرێتەوە:

کە دەفەرموێ: ﴿وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلۡيَوۡمَ إِذ ظَّلَمۡتُمۡ﴾، ئەمە لەوێ تەواو دەبێ، یانی: ئەمڕۆ هیچ سوودتان پێناگەیەنێ، کە کاتی خۆی ستەمتان کردوە، هەرگیزاو هەرگیز.

(**إِنَّكُم فِي العَذَابِ مُشتَرِكون**)، بە دڵنیایی ئێوە لە سزادا هاوبەشن، بەڵام ئەگەر (**أَنَّكُم**) بێ، واتە: ئەمڕۆ ئێوە، بەهۆی ئەوەوە کە لە سزادا هاوبەشن، سوودتان پێ ناگەیەنێ.

یەکێك لە توێژەرەوان ئاوا ئەم ئایەتە موبارەکە مانا دەکات: (**تَقَرَّرَ اليَومُ انتِفَاءُ انتِفَاعِكُم بِالإشتِرَاكِ فِي العَذَابِ انتِفاءً مُؤَبَّداً مِنَ الآن**)، ئەمڕۆ چەسپاوە سوود نەبینینی ئێوە، بە هۆی بەشداریتان و، هاوبەشییتانەوە پێکەوە لە سزادا، کە هەرگیز سوود نابینن و ئەوە کەڵکێکتان پێ ناگەیەنێ، واتە: لێرەدا لەم ئایەتە موبارەکەدا، سێ وشە بەکارهاتوون:

١- (**لَن**): بەکارهاتوە بۆ کۆتایی پێهێنان لە داهاتوودا (**لِلتَأبِيدِ المُستَقبَلِي**).

٢- (**اليَومَ**): بەکارهاتوە بۆ ئێستا، (**لِلحَال**).

٣- (**إذ**) بەکارهاتوە بۆ ڕابردوو، (**لِلمَاضِي**).

ئنجا ئەم سێیە، یەکیان بۆ داهاتوو، یەکیان بۆ ئێستا، یەکیان بۆ ڕابردوو، هاتوون، هەمووشیان پەیوەندییان هەیە بە: ﴿ يَنفَعَكُمُ ﴾، مانایەکەشی ئاوایە: ئەمڕۆ هەرگیز سوودتان پێناگەیەنێ، کە پێکەوە بەشدارن لە سزادا، بە هۆی ئەوەوە کە لە ڕابردوودا ستەمتان کردووەو، ستەمەکەش بریتیە لە شیرك و کوفر.

هەڵبەتە ئێمە لە تەفسیری (**فُصِّلَت**)دا کورتە باسێکمان لە بارەی نیزیکی فریشتان لە بڕواداران و، هی شەیتانان لە کافرانەوە کردووەو، لێرە ناگەڕێینەوە سەری.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

دڵدانەوەی خوا ﷻ بۆ پێغەمبەر ﷺ کە ئەوانەی هیدایەت وەرناگرن، سووچی خۆیانەو حەتمەن دووچاری سزاش دەبن، بۆیە پێویستە توند دەست بە پەیامی خواوە بگرێ و، دڵنیابێ لەسەر ڕاستە ڕێیەو بەرنامەکەی بیرخەرەوەو مایەی پایە بەرزییە، لە پێش ویشدا هیچ پێغەمبەرێك بە جگە لە خوا پەرستیی نەنێردراوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَمَن كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٠﴾ فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴿٤١﴾ أَوْ نُرِيَنَّكَ ٱلَّذِى وَعَدْنَٰهُمْ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴿٤٢﴾ فَٱسْتَمْسِكْ بِٱلَّذِىٓ أُوحِىَ إِلَيْكَ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَإِنَّهُۥ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴿٤٤﴾ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

خوا ﷻ لە کۆتایی ئەو ئایەتانەدا، ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، بە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەوە دەفەرموێ:

١)- ﴿ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ﴾، ئایا تۆ بە کەڕان دەبیستێنی؟ ﴿ ٱلصُّمَّ ﴾، کۆی (أَصَم)ە، واتە: کەڕ، ﴿ ٱلصُّمَّ ﴾، واتە: کەڕان.

٢)- ﴿ أَوْ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ ﴾، یان ئایا تۆ ڕێنمایی کوێران دەکەی؟ ﴿ ٱلْعُمْىَ ﴾، کۆی (أَعْمَى)یە.

٣)- ﴿ وَمَن كَانَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، یان دەتوانی کەسێك کە لە گومڕاییەکی ئاشکرا دایە، ڕێنمایی بکەی؟ واتە: ئەوە بە تۆ ناکرێ، ئەوانەش هەستەوەرەکانی خۆیان لە کارخستوون، نە بە گوێیان هەق دەبیستن، نە بەچاویان هەق دەبینن، نە بە عەقڵیشیان ڕێی ڕاست دەدۆزنەوەو، لە گومڕاییدان.

کەواتـە: ئەمـە دڵدانەوەیـە بـۆ پێغەمبـەر ﷺ، کـە کـەم و کوڕیـی و سـووچی تـۆ نیـە، ئەوانـە ڕێـی ڕاسـت ناگرن، بەڵکـو خۆیـان نایانـەوێ، ببیسـتن و ببینـن و عەقڵ و هۆشـی خۆیـان بەکاربێنـن.

٤)- ﴿ فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئێمە تۆ لابەرین، واتە: بتمرێنین.

٥)- ﴿ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴾، ئەوە بە دڵنیایی ئێمە لەوان تۆڵەستێنین.

٦)- ﴿ أَوْ نُرِيَنَّكَ ٱلَّذِى وَعَدْنَٰهُمْ ﴾، یان ئەگەر ئەوەی گفتمان پێداون، پێشانی تۆی بدەین.

٧)- ﴿ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە بەسەر ئەوان دا تواناداریـن، واتە: لە هەردوو حاڵاندا سزادرانی ئەوان مسۆگەرەو، بڕاوەتەوە، چ تۆ لابەرین، بە تەئکید ئێمە تۆڵەستێنین لە ئەوان و تۆڵەیان لێ دەستێنین، سزایان دەدەین، چ تۆ بهێڵینەوە و، پێشانت بدەین ئەوەی کە بەڵێنمان پێداون و هەڕەشەمان پێ لێکردوون، ئەوە ئێمە بەسەر ئەواندا بە توانایـن و تواناداریـن، ئەوەی بمانەوێ بەسەریان دێنین.

وشـەی (**إمَّـا**) لـە ئەصڵـدا: (**إنْ مَا**)یـە، (**إنْ**) بـۆ مەرجـە، (**إن الشَّرطيّة**)یـە، (**مَـا**)ش زیادکـراوە بـۆ جەختکردنـەوە، (**وَإمَّـا**) (**نون**)ەکـەش لـە (**میم**)ەکـەدا (**دَغـم**) کـراوە، ئەصڵـی خـۆی (**إن مَا**)یـە، بۆتـە (**إمَّـا**)، واتـە: لـە حاڵێکـدا ئەگـەر هاتـووە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِنَّا مِنْهُم مُّنتَقِمُونَ ﴾، هەروەهـا دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴾، (**تَقْدِيـمُ المَجرُورَيْـنِ عَـلَى مُتَعَلِّقَيهِـمَا، لِلإهتِـمامِ فِي التَمكُّـنِ بِالإنتقـامِ وَالإقتِـدارِ عَلَيْهِـم**)، لـە هەردووکیـان دا کـە (**جـارٌ وَمَجـرور**)، پێشـخراوەو لـە ئەصـڵ دا ئاوایـە: (**فَإنَّـا مُنْتَقِمـونَ مِنهُـم**)، هەروەهـا ئـەوەی دیکـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِنَّا عَلَيْهِم مُّقْتَدِرُونَ ﴾، لـە ئەصڵـدا ئاوایـە: (**فَإنَّا مُقتَـدِرُونَ عَلَيْهِـم**)، ئەمـە بـۆ گرنگیـی پێدانـە، بـەوە کـە خـوا ﷻ دەسترۆیشـتوویە بـۆ تۆڵـە لێسـتاندنەوەیان، هەروەهـا دەسترۆیشـتوویە بـۆ هـەر شـتێك کـە بیـەوێ پێشـانی پێغەمبـەر ﷺ بـدات، هەڕەشـەیەك کـە لـە کافرەکانـی کـردوە.

وشـەی (وَعـد): ﴿ ٱلَّذِى وَعَدْنَـٰهُمْ ﴾، هـەم بـۆ هەڕەشـەو، هـەم بـۆ جگەلـە هەڕەشـەش بەکاردەهێـنرێ.

﴿ مُّقْتَدِرُونَ ﴾، (الإقْتِـدَارُ: إمْتِلَاكُ تَمَامِ القُدْرَةِ، أو شِـدَّةُ القُوَّة)، (إقتدار): بریتیـە لـە بەدەسـتەوە گرتنـی تـەواوی دەسـەڵات و، یـان زۆر بەهێزیـی، ئـەم تەعبیـرە کـە لێـرە هاتـوە، لـە سـوورەتی (یُونُس) ئایەتـی (٤٦)دا، بـەم جـۆرە هاتـوە: ﴿ وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴾، واتـە: ئەگـەر هەندێـك لـەوەی بەڵێنیـان پـێ دەدەیـن، پێشـانی تـۆی بدەیـن، (کـە سـزادانیانە)، یاخـود تـۆ بمرێنیـن و پێشـانت نەدەیـن، شـوێنی گەڕانەوەیـان بـۆ لای ئێمەیـە، دوایـی خـوا ﷻ چاودێـرە بەسـەر ئـەوەوە کـە دەیانکـرد.

یانی: ئەگەر لە دنیاشدا سزایان نەدەین، لە دوارۆژدا سزادانیان مسۆگەرە.

یەکێك بـۆی هەیـە، بڵـێ خـوا ﷻ بۆچـی دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ ﴾، ئنجـا ئەگـەر تـۆ لابەریـن، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ أَوْ نُرِيَنَّكَ ﴾؟ یـان پێشـانت بدەیـن.

مـن گوڵبژێـر لـە هەمـوو تەفسـیرەکان دەکـەم و ئـەوەی بـە دڵـم بـێ، جـاری وایـە ڕایـەك لـە یەکێکیانـەوە دێنـم و، مـەرج نیـە هەمـوو جارێـك ئامـاژەی پێبـدەم، تەفسـیرەکانم لـە سـەرەتاوە بـاس کـردوون و لـە کۆتاییـدا ناویـان دێنیـن، ئنجـا لێـرەدا یەکیـان دەڵـێ: (فَائِـدَةُ التَّردِيـدِ فِي هَـذَا الـشَّرْطِ تَعْمِيـمُ الحَالَـيْنِ، حَـالَ حَيَـاةِ النَّبـيِّ ﷺ وَحَـالَ وَفَاتِـهِ، وَالمَقْصُـودُ: وَقـتَ ذَينِـكَ الحَالَـيْنِ، لأنَّ المَقْصُـودَ تَوْقِيـتُ الإنْتِقَـامِ مِنْهُـم)، ئـەوە کـە خـوا ﷻ دوو ئەگـەری هێنـاون، سـوودەکەی ئەوەیـە کـە هـەردوو حاڵەکان، حاڵـی ژیانـی پێغەمبـەر ﷺو حاڵـی مردنـی، یانـی: چ لـە حاڵـی ژیانـت دا، چ لـە حاڵـی مردنتـدا، لـە هـەردوو حاڵەکانـت دا، ئـەوان سـزادرانیان مسـۆگەرەو بڕاوەتـەوە، لێـرەدا مەبەسـت کات دیارییکردنـە بـۆ تۆڵـە لێسـتاندنەوەو، بـۆ سـزادانیان، کـە چ تـۆ بمرێنیـن، تۆڵەیـان لـێ دەسـتێنین، چ تـۆ بهێڵیـن، ئـەوە هەندێکـت پێشـان دەیـن، یـان ئـەوەی هەڕەشـەمان پـێ لێکـردوون پێشـانت بدەیـن، لـە هـەردوو حاڵانـدا ئێمـە توانامـان بەسـەریاندا دەشـکێ و لـە دەسـتی ئێمـە دەربـاز نابـن.

٨)- ﴿ فَٱسۡتَمۡسِكۡ بِٱلَّذِيٓ أُوحِيَ إِلَيۡكَ ﴾، کەواتە: دەست بگرە بەوەوە کە بۆ لات سروشکراوە، (المَسْكُ: أَخْذُ الشَّيء)، (مَسْك) ئەوەیە ئینسان شتێك بگرێ، بەڵام: (الإسْتِمْسَاكُ: شِدَّةُ المَسْكِ)، (إسْتِمْسَاكُ) ئەوەیە کە ئینسان زۆر بە توندیی بیگرێ، کە لێرەدا مەبەست بەردەوام بوونە، لەسەر دەستگرتنی پێغەمبەر ﷺ بە قورئانەوە، بە وەحیی خوای پەروەردگارەوە.

٩)- ﴿ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾، بە دڵنیایی تۆ لەسەر ڕێیەکی ڕاستی، ئەمە بەڵگە هێنانەوەیە، بۆ فەرمانکردنی بە دەست پێوەگرتنی وەحیی، واتە: توند دەست بەو وەحییەوە بگرە، کە بۆ لات سروشکراوە، چونکە بێگومان تۆ لەسەر ڕێیەکی ڕاستی.

١٠)- ﴿ وَإِنَّهُۥ لَذِكۡرٞ لَّكَ وَلِقَوۡمِكَ ﴾، بە دڵنیایی ئەو بیرخەرەوەیە بۆ خۆت و خەڵکەکەت، یانی: ئەو قورئانە، ڕاناوەکەی بۆ قورئان دەچێتەوە، یان بۆ وەحیی دەچێتەوە، وەحییەکەش لە قورئان دا بەرجەستەیە، ئنجا دەڵێ: (ذِكْرُ العَقْلِ والتَّفْكِيرِ، وَذِكرُ لِسَانِ الصِّيتِ والشَّرَفِ)، (ذِکر)ە بۆ خۆت و بۆ گەلەکەت، واتە: بیرخەرەوەیە بۆ عەقڵ و هۆشت، یاخود باس و خواسی زمانەو ناوبانگە، بۆ خۆشت و بۆ خەڵکەکەشت.

هەرچەنـدە زۆرێـك لـە توێژەرەوانـی قورئـان وەك (الطَّـبَري) و (إبـنُ كَثـير) هەمـوویـان، (ذِکر)یـان بـە مانـای شـەرەف و ناوبانـگ هێنـاوە، واتـە: ناوبانگـە بـۆ خـۆت و بـۆ گەلەکـەت.

هەڵبەتـە ئـەم ڕسـتە قورئانییـە، لـە سـەرەتای سـوورەتی (الأنبیاء)یشـدا هاتـوە، بەڵام مـن پێـم وایـە، لێـرەدا واباشـترە بیرخـەرەوە بـێ، یانـی: بیرخسـتنەوەو، ئامۆژگارییـە، بـۆ خـۆت و بـۆ کۆمەڵگاکەشـت، لـە قۆناغـی یەکەمـدا، ئەگەرنـا دوایـی: ﴿ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٤ ﴾ یوسف، قورئـان تەنیـا بیرخەرەوەیـە بـۆ هەمـوو جیهانییـان.

دەشـگونجێ مەبەسـت لـە (ذِکـر) هـەم لێـرە، هـەم لـە شـوێنەکانی دیکـەش، مەبەسـت ناوبانـگ بـێ و پێگـەو پلـەی بـەرز بـێ، کـە بێگومـان هەر کەسـێك دەسـت بـە قورئانـەوە بگـرێ و ڕێـزی قورئـان بگـرێ و قورئـان لـە بـاوەش بگـرێ، وەك چـۆن

بـۆی دەبێتـە پەنـدو ئامۆژگاریـی و بیرخـەرەوە، بـە هەمـان شـێوە بۆشـی دەبێتـە ناوو ناوبانـگ و پایەدارییـش، بـەڵام واپێدەچـێ زیاتـر مانـای یەکـەم مەبەسـت بـێ، واتـە: بیرخەرەوەیـە بـۆ خـۆت و گەلەکـەت.

١١)- ﴿ وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴾، لە مەودواش لێتان دەپرسرێتەوە، بە تایبەت لە خۆت و لە گەلەکەت، چونکە بە زمانی خۆتان ئەو وەحیی و پەیامەی خواتان بۆ هاتوە، ئێوە زیاتر بەرپرسیارن لێی و، لێتان دەپرسرێتەوە، چونکە ئاسانتر دەستتان دەیگاتێ، لە خەڵکێکی دیکە کە یان زمانی عەرەبیی نازانێ و دەبێ بۆی تەرجەمە بکرێ، یان دەبێ زۆر خۆی ماندوو بکات، تاکو فێری زمانی قورئان دەبێ.

لە کۆتاییدا خوا ﷻ دەفەرموێ:

١٢)- ﴿ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ ﴾، بپرسە لەوانەی ناردوومانن، (ئەو پێغەمبەرانەی ناردوومانن) لە پێش تۆدا، لێیان بپرسە.

١٣)- ﴿ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴾، ئایا جگە لە (خوای) بە بەزەیی، پەرستراوانێکی دیکەمان داناون بپەرسترێن؟ لەو بارەوە ئەم ڕیوایەتە هاتوە، کە (**الطَّبَري**)[1] هێناویەتی:

(**قَالَ ابْنُ زَيْدٍ، فِي قَوْلِهِ:** ﴿ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ ﴾**الزخرف: ٤٥، قَالَ: جُمِعُوا لَهُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِهِ بِبَيْتِ الْمَقْدِسِ، فَأَمَّهُمْ، وَصَلَّى بِهِمْ، فَقَالَ اللَّهُ لَهُ: سَلْهُمْ قَالَ: فَكَانَ أَشَدَّ إِيمَانًا وَيَقِينًا بِاللَّهِ وَبِمَا جَاءَ مِنَ اللَّهِ، أَنْ يَسْأَلَهُمْ**).

واتـە: ئیبنـو زەیـد گوتوویـەتی: پێغەمبـەر ﷺ ئـەو شـەوەی شـەوڕۆیی پێکـرا، لـە (**بَيتِ المَقدِس**) (پێغەمبـەران) بـۆی کـۆ کرانـەوە، ئەویـش پێـش نوێژیـی بـۆ کـردن و نوێـژی بـۆ کـردن، خـواش ﷻ پێـی فەرمـوو: لێیـان بپرسـە لـەو بـارەوە، بـەڵام ئیمانەکـەی بەهێزتـر بـوو، بـڕوا پتەوییەکـەی بـە خـوا زیاتـر بـوو، بـەوەی بـۆی نێـردراوە، لەلایـەن خـواوە کـە پرسـیاریان لـێ بـکات، واتـە: پرسـیاری لێیـان نەکـرد.

---

(١) جامع البيان: برقم: ٣٠٩٣٦

(الـرَّازي) لـە تەفسـیرەکەی خـۆی دا[١]، سـێ ڕای هێنـاون، لەوبـارەوە کـە ئایـا فەرمـان بـە پێغەمبـەر ﷺ کـراوە، لـە پێغەمبەرانـی پێشـوو بپرسـێ: کـە ئایـا خـوا ﷻ هیـچ پەرسـتراوی دیکـەی دانـاون بپەرسـترێن، وەك هاوبـەش لەگـەڵ خـوادا؟:

{١- إسأل مؤمني أهلِ الكِتَاب.

٢- إسأل الأنبِياءَ فِي لَيلَةِ المعرَاج.

٣- ذِكرُ السّؤالِ فِي مَوضِعٍ لا يُمكِن السُّؤالُ فِيهِ، يَكُون المُرَادُ فِيهِ النَّظَرُ وَالإِسْتِدلالُ، كَقَولِ مَنْ قَالَ: سَلِ الأَرْضَ مَنْ شَقَّ أَنْهَارَكَ، وَغَرَسَ أَشْجَارَكَ، وَجَنَى ثِمَارَكَ، فَإِنَّها إِنْ لَمْ يُجِبكَ جَوَاباً، أَجَابَتكَ اعتِبَاراً، فَهَاهُنا سُؤالُ النَّبِيِّ ﷺ عَنِ الأَنبِيَاءِ الَّذِينَ كَانوا قَبْلَهُ مُمتَنِعٌ، فَكَانَ المُرَادُ مِنهُ، أُنْظُر فِي هَذِهِ المَسألَةَ بِعَقلِكَ وَتَدَبَّر فيها بِفَهمِكَ}.

واتـە: کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: پرسـیار لـە پێغەمبەرانـی دیکـە، کـە لـە پێـش تـۆدا ناردوومانـن بکـە، ئایـا هیـچ پەرسـتراوانێکمان دانـاون، بپەرسـترێن جگـە لـە خـوا، ئەمـە سـێ وەڵامـی هـەن:

١- لە بڕوادارانی خاوەن کتێبان بپرسە، (ئەوانەی هاوچەرخی خۆتن، لێیان بپرسە: ئایا لە کتێبەکانی خوادا هەیە، جگە لە خوا بپەرسترێ؟).

٢- لە پێغەمبەران بپرسە، لە شەوی میعراجدا، وەك ئەو دەقەی هێنامان لە (إبنُ زَيد)ەوە.

٣- باسکردنی پرسیارکردن، لە شوێنێکدا کە نەگونجێ پرسیار بکرێ، مەبەست لێی سەرنج دان و بەڵگە هێنانەوەیە، وەك قسەی کەسێك کە دەڵێ: لە زەوی بپرسە! کێ ڕووبارەکانی تێدا ڕۆیشتاندوون و، کێ درەختەکانی تێدا ڕواندوون و، کێ بەرو میوەکانی تێدا پێگەیاندوون، ئەگەر وەڵامت نەداتەوە بە وەڵام دانەوە، وەڵامت دەداتەوە بە پەندو عیبرەت، لێرەشدا پرسیارکردنی پێغەمبەر ﷺ، لە پێغەمبەرانی پێشووی، شتێکی نەگونجاوە، بەڵام مەبەست پێی یانی: لەم پرسەدا عەقڵی خۆت بەکاربێنەو،

---

(١) مفاتيح الغيب: ج٢٧، ص:١٩١، ١٩٢.

لە تێگەیشتنی خۆت ڕامێنە، ئەو کاتە دەزانی ناگونجێ و، نەگونجاوە خوا ﷻ بەهیچ کام لە پێغەمبەرانی فەرمووبێ: جگە لە خوا ﷻ بپەرستن، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) هەموویان تەنیا بە یەکتا پەرستیی خواوە ڕەوانەکراون، پەیامەکەیان کاکڵ و جەوهەرەکەی، ئەوەیە کە مرۆڤەکان تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکەن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتیی هەموو لایەکمان بدات، ئێمەش تەنیا خواپەرستیی، لە ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی خۆماندا زیاتر تۆخ بکەینەوە و، ڕەنگ پێبدەینەوە، بە شێوەیەك بین، کە تەنیا خواپەرست بین و، تەنیا خوا بە پەرستراو بزانین، بە واتاو چەمکی فراوان و گشتگیری پەرستن، خوا پەرستیی لە هەموو هەڵسوکەوتەکانماندا ڕەنگ بداتەوە، بێگومان خواش ﷻ لە سوورەتی (الأنبياء)دا، دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾، واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ!) لە پێش تۆدا هیچ کام لە ڕەوانەکراوانمان نەناردوون، مەگەر ئاگادارمان کردووەو، سروشمان بۆ کردوە: جگە لە من هیچ پەرستراوێك نیە، ئنجا تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن، خوا ﷻ یارمەتییمان بدات، کە ئەهلی تەوحید بین و بمانپارێزێ لە شیرك، لە هەموو جۆرەکانی شیرك، گەورەو گچکەو ئاشکراو پەنهان - چونکە شیرك ئەو گوناهەیە، کە قەڵەمی عەفووی بەسەردا نایەت - هەروەها بمانکات بە ئەهلی خوا پەرستن و خوا بەیەکگرتن، بە مانای فراوان و گشتگیری پەرستن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە یازدە (١١) ئایەت پێك دێ، ئایەتەکانی: (٤٦ - ٤٥)، تێیاندا گۆشەیەك لە بەسەرهاتی مووسا ﷺ و فیرعەون و دەستەو دایەرەکەی باسکراوە، کە مووسا ﷺ بە چەند بەڵگەو نیشانەیەکەوە، چووە بۆ لای فیرعەون و دارو دەستەکەی و گەلەکەی، ئەوانیش بە نیشانەکانی پێکەنیون و، دوای ئەوەی سزای خوا گرتوونی و، بەڵایان بەسەرهاتوە، داوایان لە مووسا کردوە، کە بۆیان لە خوا بپاڕێتەوەو، بەڵایان لەسەر لابەرێ، ئەوانیش ڕێی ڕاست دەگرن، کەچی دوای لابرانی بەڵاش، پەیمانیان هەڵوەشاندۆتەوە.

هەروەها باسی فیرعەون کراوە، کە خۆی بە حوکمڕانیی میسرەوە باداوەو، شانازیی بە کۆشك و تەلارەکەیەوە کردوە، کە جۆگەو رووبار بە ژێریاندا دەڕۆن، تانەشی لە مووسا ﷺ داوە و، پێشنیاری کردوە، کە دەبوایە بازنەی زێڕو فریشتەکان لەگەڵیدا ببوونایە، واتە: مادام بازنەی زێڕی بۆ دانەبەزێنراون و، فریشتەی لەگەڵ نەنێردراون، کەواتە: ڕاست ناکات پێغەمبەر نیە، ئیدی بەو قسەو قاڵانە، خەڵکەکەی خۆی عەقڵ سووك کردوە، ئەوانیش شوێنی کەوتوون و سەرەنجام گیرۆدەی سزاو جەزرەبەی خوا بوون.

﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٦﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنۡهَا يَضۡحَكُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا نُرِيهِم مِّنۡ ءَايَةٍ إِلَّا هِيَ
أَكۡبَرُ مِنۡ أُخۡتِهَاۖ وَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡعَذَابِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٤٨﴾ وَقَالُواْ يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ
ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهۡتَدُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَمَّا كَشَفۡنَا عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابَ إِذَا هُمۡ
يَنكُثُونَ ﴿٥٠﴾ وَنَادَىٰ فِرۡعَوۡنُ فِي قَوۡمِهِۦ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَيۡسَ لِي مُلۡكُ مِصۡرَ وَهَٰذِهِ

ٱلْأَنْهَـٰرُ تَجْرِى مِن تَحْتِىٓ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٥١﴾ أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَـٰذَا ٱلَّذِى هُوَ مَهِينٌ
وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴿٥٢﴾ فَلَوْلَآ أُلْقِىَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ مَعَهُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ
مُقْتَرِنِينَ ﴿٥٣﴾ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَـٰسِقِينَ ﴿٥٤﴾ فَلَمَّآ
ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَـٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٥٥﴾ فَجَعَلْنَـٰهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا
لِّلْـَٔاخِرِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی مووساشمان بە نیشانەکانمانەوە ناردە لای فیرعەون و، بڕیار بە
دەستەکانی، گوتی: بێگومان من نێرراوی پەروەردگاری جیهانییانم (بۆ لاتان)
﴿٤٦﴾ ئنجا کاتێك نیشانەکانمانی بۆ هێنان، ئەوان (دارو دەستەی فیرعەون)، کتوپڕ
پێیان پێکەنین ﴿٤٧﴾ هیچ نیشانەیەکیشمان پێشان نەدان، مەگەر لە خوشکەکەی
(لە هی پێشووی) گەورەتر بوو و، بە ئازارو سزاش گرتمانن، بەڵکو بگەڕێنەوە
﴿٤٨﴾ گوتیشیان: هۆ ئەی جادووگەر! بە هۆی پەیمانێکەوە، کە پەروەردگارت
پێیداوی، بۆمان لێی بپاڕێوە، (ئەگەر بەڵامان لەسەر لابدات)، مسۆگەر ئێمە
ڕێ ڕاستگرتوو دەبین ﴿٤٩﴾ کەچی کاتێك سزاو ئازارمان لێ لابردن (بەڵایەکەمان
لێ دوورخستنەوە)، یەکسەر ئەوان بەڵێنیان شکاند ﴿٥٠﴾ فیرعەونیش لە نێو
گەلەکەیدا، بانگی کرد (جاڕیدا)، گوتی: ئەی گەلەکەم! ئایا حوکمڕانیی میسر
هی من نیەو، ئەم ڕووبارانەش بە ژێر (کۆشکەکەمدا) دەڕۆن، ئایا نابینن (یان:
بە عەقڵ و دڵ نازانن)؟ ﴿٥١﴾ یان ئایا من باشترنیم لەو کەسە (مووسا)، کە
ئەو بێ بایەخەو، نیزیکە (نەتوانێ قسە بکات و) مەبەستی ڕوون بکاتەوە ﴿٥٢﴾
(ئەگەر ڕاست دەکات پێغەمبەرە)، دەبووایە بازنەی زێڕی فڕێدرابانە سەر، یان
فریشتەکان وێڕای هاتبانایە ﴿٥٣﴾ ئیدی خەڵکەکەی (عەقڵ) سووککردو سەرەنجام

بە قسەیان کرد، چونکە ئەوان کۆمەڵێکی لادەربوون ﴿٥٤﴾ ئنجا کاتێك ئێمەیان تووڕە کرد، تۆڵەمان لێستاندن و تێکڕایانمان نغرۆ کرد (خنکاندمانن) ﴿٥٥﴾ لە ئاکامیشدا بۆ ئەوانی دیکە کردمانن بە پێشەنگ و پەند ﴿٥٦﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**أُخْتِهَا**): (أي: مِنَ الأيَةِ الَّتِي تَقَدَّمَتْهَا، وَسَمَّاهَا أُخْتاً لَهَا، لاشْتِرَاكِهِمَا فِي الصِّحَّةِ وَالإِبَانَةِ وَالصِّدْقِ)، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا نُرِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ إِلَّا هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا﴾، (**أخت**) واتە: خوشك، کە دەفەرموێ: (**أُخْتِهَا**) واتە: لەو ئایەتەی، لەو نیشانەی کە لە پێشیەوە بووە، بۆیە بە خوشکی ناوی هێناوە، چونکە هەر کام لە دوو نیشانەکان، لە ڕووی ڕاستیی و تەواویی و ڕوونیی و ڕوونکردنەوەو ڕاستگۆییەوە، وەك یەك بوون، یان هاوبەش بوون، وەك چۆن دوو کچ کە لە دایکێك دەبن، بە خوشك دادەنرێن، لەو ڕووەوە کە دایکیان یەکە، یەکسانن، ئەو نیشانانەش کە خوا ﷻ بە مووسای ﷺ دابوون، لەو ڕووەوە، کە هەموویان نیشانەی تەواو بوون و، دەرخەرو ڕوونکەرەوەی پێغەمبەر بوونی مووسا بوون و، ڕاست و تێرو تەواو بوون، هەموویان وەك یەك بوون.

کە گوتوویانە: (**يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ**)، هۆ ئەی جادووگەر! (**ساحِر**)، بە مانای جادووگەر دێ، بەڵام مەرج نیە، وشەکە مەبەست پێی زەم بووبێ، چونکە لە لای ئەوان زانیاریی جادوو، شتێکی پەسند بووە، کەواتە: (**ساحِر**)، واتە: مامۆستا، زانا.

(**عَهِدَ عِندَكَ**): واتە: پەیمانی بە تۆ داوە، بەڵێنی لە لای تۆ هەیە، (**عَهِدَ فُلَانٌ إِلى فُلَانٍ، يَعْهَدُ عَهْدَاً، أَلْقَى إِلَيْهِ العَهْدَ وَأَوْصَاهُ بِحِفْظِهِ**)، دەگوترێ: فلان عەهدی بۆ لای فلانکەس کرد، (**يَعْهَدُ عَهْدَاً**)، واتە: پەیمانێکی بۆلا هاویشت، ڕاشیسپارد، کە ئەو پەیمان و بەڵێنە بپارێزێ.

(كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ): (أَزَلْنَا عَنْهُمُ العَذَاب، وَالكَشْفُ: رَفْعُ وَإِزَالَةُ مَا يَسْتُرُ الشَّيْء)، کە دەفەرموێ: (كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ)، واتە: سزاکەمان لێ لابردن، بەڵایەکەمان لێ لادان.

(كَشْف): بریتیە لە بەرزکردنەوەو لادانی شتێك، کە شتێك دادەپۆشێ، بۆ وێنە: سەری مەنجەڵێك کە لادەدرێ، یاخود پەردەیەك کە لەسەر شتێك لادەدرێ، دەگوترێ: (كَشَفَهُ) واتە: لایبرد، لایدا.

(يَنكُثُونَ): (النَّكْثُ: النَّقْضُ وَاسْتُعِيرَ لِنَقْضِ العَهْدِ)، (نَكث): بە مانای هەڵوەشاندنەوە دێ، بە تایبەت کەسێك کە ڕیسێك دەچنێ، یان دەیهۆنێتەوە، دوایی هەڵبوەشێنرێتەوە، پێی دەگوترێ: (نَكْث) کە (نَقض)یشی بۆ بەکاردەهێنرێ، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەو شکاندنی بەڵێن و پەیمان.

(مَهِينٌ): (المَهِينُ: الضَّعِيفُ وَالذَّلِيلُ وَالحَقِير)، بە مانای بێهێزو زەبوون و کەم بایەخ دێ، حاشای مووسا ﷺ، دیارە فیرعەون لە هەمبانەی خۆیدا گوێزی ژماردوون، بۆیە مووسای وا هاتۆتە بەرچاو، ئەگەرنا هیچکەس لە مووسا ﷺ لە ڕۆژگاری خۆیدا خاوەن عیزەتتر نەبووە، وەك هەر کام لە پێغەمبەرانی دیکە.

(يُبِينُ): دەردەخا (يُبَيِّن، يُوَضِّح)، ﴿ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴾، خەریکە نەزانێ قسان بکات، یاخود مەبەستی خۆی دەربخات.

(أَسْوِرَةٌ): (جَمْعُ سِوَار مِنْ إِسْتِوَار الفَارِسِي)، (أَسْوِرَة مِنْ ذَهَب، وَأَسَاوِرَ مِنْ فِضَّة)، ﴿ فَلَوْلَآ أُلْقِىَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ ﴾، (أَسْوِرَة)، كۆی (سِوار)ە ئەویش لە (إِستِوار)ی فارسییەوە هاتوە، واتە: ئەوەی لە دەست دەکرێ، ئنجا ئەگەر (أَسْوِرَة) بێ، ئەوەیە کە لە زێڕ دروستکرابێ، بەڵام ئەگەر (أَسَاوِر) بێ، کە كۆی (سوار)ە، لە زیوە، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الإنسَان)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَحُلُّوٓا أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ ﴿٢١﴾ ﴾، ڕازێنرانەوە بە بازنەی لە زیو، زانایان وایانگوتوە، بەڵام دەشگونجێ بگوترێ: (أَسْوِرَة مِن فِضَّة، وَأَسَاوِرَ مِنْ ذَهَب)، بە هەرحاڵ هەندێك لە زانایان

وایـان هاتۆتـە بەرچـاو، کـە ئەگـەر (أَسْـوِرَة) بـێ مانـای وایـە، ئـەو بازنانـە لـە زێـڕ دروسـتبوون، بـەڵام ئەگـەر وشـەی (أَسَـاوِر) بەکاربهێـنرێ، هەردووکیـان کـۆن، کـۆی (سِـوار)ن، مانـای وایـە لـە زیـو دروسـت بـوون.

(مُقْتَرِنِينَ): واتـە: پێکـەوە، (قَـرْنُ شَيْءٍ بِـشَيْءٍ)، پێکـەوە جووتکـردنی شـتێك لەگـەڵ شـتێك دا، (الإقـترَانُ: كَالإزدِوَاجِ فـي كَونـهِ إجْتِـمَاعَ شَـيْئَيْنِ، أو أَشْـيَاءَ فـي مَعْنَـىً مِنَ المَعَـانِي)، (إقـترَان) وەك (إزدِوَاج)ە، لـەوەدا کـە دوو شـت یاخـود چەنـد شـتێك لـە مەبەسـتێك لـە مەبەسـتەکاندا یەکـبن و پێکـەوە بـن.

(فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ): (أَي: حَمَلَهُـمْ أَنْ يَخِفُّـوا مَعَـهُ، أو وَجَدَهُـم خِفَافَـاً فـي أَبْدَانِهِـم وَعَزَائِمِهِـم)، خەڵکەکـەی خـۆی وا لێکـرد، کـە لەگەڵـی سـووك بـن، بـە ئاسـانیی بـە دەسـتیەوە بێـن، واتـە: (أَزْعَجَهُـم وَاسـتَفَزَّهُم)، یاخـود خەڵکەکـەی سـووك بینـی، لـە ڕووی جەسـتەیانەوە سـووکی دیـتن و، لـە ڕووی عەقـڵ و عەزیمەتیانـەوە سـووکەڵەی هاتنـە بەرچـاو.

(ءَاسَفُونَا): (الأَسَـفُ: الحُـزْنُ وَالغَضَـبُ مَعَـاً)، وشـەی (أَسَـف): بـە خەمباریـی و تووڕەیـی پێکـەوە دەگوتـرێ، بـەڵام خەمباریـی بـۆ خـوا ﷻ بەکارناهێـنرێ، لـە قورئاندا وشـەی خەفـەت خـواردن بەکارنەهاتـوە، هەروەهـا لـە سـوننەتدا، بـەڵام وشـەی تووڕەیـی بـۆ خـوا ﷻ بەکارهاتـوە، [غضـب اللـه علیهـم]، [سَـبَقَتْ رَحْمَتِـي غَضَبِـي]، (أخرجـه مسـلم: ٢٧٥١)، بۆیـە (ءَاسَفُونَا)، واتـە: (أَغْضَبُونَـا) تووڕەیـان کردیـن.

(سَلَفًا): (السَّـلَفُ: المُتَقَـدِّمُ)، (سـلف) ئەوەیـە کـە تێپەڕیبـێ و، ڕۆیشـتبێ، پێشـەنگ، کەواتـە: ﴿ سَلَفًا وَمَثَلًا ﴾، واتـە: (مُعتَـبَرَاً مُتَقَدِّمَـاً)، پەنـد لێوەرگیراوێکـی ڕابـردوو.

(وَمَثَلًا): (شَـبَهَاً)، هەروەهـا (مَثَـل) بـە مانـای وێچـوو دێ، شـتێك بـە شـتێك بچـێ، (هَـذَا مِثْـلُ هَـذَا، شِبْهُهُ، أو شَـبِيهُهُ)، (مَثَـل ومِثْـل)، وەك (شِبْهُ وشَـبَه)، یـانی: ئـەو شـتە وەك ئـەو شـتە، بـەڵام وێـڕای ئـەوەش (مَثَـل) لـە زمانـی عەرەبییـدا، بـە مانـای

پەندیش دێ، کە ئێمە بە کوردیی دەڵێین پەند، پەندی پێشینان، کە بەمجۆرە پێناسە کراوە: (قَوْلٌ فـي شَيءٍ يُشْبِهُ قَولاً فـي شَيءٍ آخَر، بَيْنَهُمَا مُشَابَهَةٌ لِيُبَيِّنَ أَحَدُهُمَا الآخَرَ وَيُصَوِّرَهُ مِثلُ: الصَّيْفَ ضَيَّعْتِ اللَّبَن)، (مَثَل): پەند، بریتییە لە قسەیەك لە بارەی شتێکەوە، کە وەك قسەیەکی دیکە دەچێ، لە بارەی شتێکی دیکەوەو لە نێوانیاندا وێکچوون هەیە، تاکو یەکێکیان ئەوی دیکە ڕوون بکاتەوەو، وێنای بکات، بۆ وێنە: عەرەب گوتوویانە: (الصَّيْفَ ضَيَّعْتِ اللَّبَن)، {لە هاوینێ دا شیرەکەت لە دەست دا}، کە ئەوە بەسەرهاتێکی هەیە: پیاوێك ویستوویەتی ئافرەتێك بێنێ، داوای لێکردوە هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات، ئەو کاتەش کەشی هاوین بووەو ئافرەتەکە ڕەفزی کردوە، ئنجا ئایا خزمی بووە، یان بێگانە بووە، دوایی وا بووە کە ئەو ئافرەتە، هاوسەرگیریی کردبێ، یان نەکردبێ، گرنگ ئەوەیە هەژار کەوتوەو، هەژاریی و ناچاریی سەری پێ بە ماڵی ئەو کابرایەدا کردوەو، داوای هاوکاریی لێکردوە، ئەویش پێیگوتوە: لە هاوینێ دا شیرەکەت زایە کرد، دیارە دەبێ چووبێ، داوای شیرێك و خۆراکێکی لێ کردبێ، ئەویش گوتی: لە هاوینێ دا، واتە: ئەو کاتەی کە هاتم داوام لێ کردی هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکەی و ڕەفزت کردم، ئەگەرنا ئێستا شیرت دەبوو.

پەندیی کوردییش بۆ وێنە: (دیزە دەرخۆنەی دیتەوە)، یان (باتێکەو دوو هەوایە)، هەموو ئەوانە بەسەرهاتیان لەسەرە، پەند (مَثَل) یش، عادەت وایە مانای زۆر، لە چەند وشەیەکی کەمدا کۆ دەکاتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەسەرهاتی مووسا ﷺ لە سێ ئایەتی پێشوودا ڕابرد، ئەمجارە خوا بەسەرهاتی دووەم، بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەگێڕێتەوە، هەڵبەتە گۆشەیەك لە بەسەرهاتی مووسا، کە وەك گوتمان هەم بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺو، هاوەڵان و شوێنکەوتووانی بەڕێزیەتی (خوا لێیان ڕازی بێ)، هەروەها بڕواداران تاکو ڕۆژی دوایی، تاکو ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی مابێ، هەروەها هۆشدارییدانیشە بە نەیارەکانی پێغەمبەر ﷺ، کە: بترسێن لەوەی هەمان سەرەنجامی شووم و خراپ، کە بەسەر فیرعەون و دەستەو دایەرەکەی هات، بەسەر ئێوەش بێ، هەروەك چۆن ئەوان بە مووسا ﷺ بێبڕوا بوون، بە ئایەتەکانی پێکەنین و ڕێزیان لە مووسا نەگرت، فیرعەون خۆی بەسەردا هەڵکێشا، بەڵام دوایی تووشی سزاو جەزرەبەی خوا ﷻ بوون، ئێوەش بترسێن کە هەمان چارەنووس بەسەر ئێوەش بێت، چونکە ئەگەر هەر لە ڕێی وانەوە بڕۆن، هەمان شت کە هاتۆتە ڕێی وان، دێتە ڕێی ئێوەش.

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِ ﴾، بە دڵنیایی مووسامان بە نیشانەکانمانەوە نارد بۆ لای فیرعەون و، بڕیار بە دەستەکانی، دەستەو دایەرەکەی، (الملأ): (أَشْرَافُ قَوْمِهِ)، ئەوانەی لە خەڵکەکەی ناو بەدرەوە بوون و، دەستڕۆیشتوو بوون و، بڕیار بەدەست بوون، بۆیەش ناویان لێنراوە: (مَلأ): (لإنَّهُم يَمْلَئُونَ القُلُوبَ هَيْبَةً وَالعُيُونَ رِوَاءًا)، لەبەر ئەوەی دڵی خەڵکیان پڕ دەکرد لە سام و هەیبەت و، چاویشیان پڕ دەکردن لە جوانیی، تەماشایان دەکردن، زرق و برقی دنیایان زۆر بوو، ﴿ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾، مووسا ﷺ فەرمووی: من ڕەوانەکراوی پەروەردگاری جیهانییانم، واتە: خوا ﷻ منی بۆ لای ئێوە ڕەوانە کردوە، کە پەیامی خواتان پێ بگەیەنم.

ئێمە بەسەرهاتی مووسا ﷺ، کە لە سەرەتای سوورەتی: (**القَصَص**)دا، پێنج ئاڵقەیمان باسکردوون و، لە سوورەتی: (**الأعرَاف**)یشدا هەشت ئاڵقەی، واتە: هەر سێزدە ئاڵقەکەی بەسەرهاتی مووسا ﷺمان باسکردوون، کە بە پلەی یەکەم مووسا ﷺ خوا ﷻ ناردوویەتی، گەلی بەنوو ئیسرائیل لە ژێر چنگی فیرعەون دەربێنێ، کە سۆغرەو پێکاری پێ دەکردن، ئافرەتەکانی دەهێشتەوەو، نێرینەکانی سەر دەبڕین، بەڵام وێڕای ئەوە بە دڵنیایی پەیامی خواشی بە فیرعەون و بە گەلەکەی کە قیبتییەکان بوون و لە میسر نیشتەجێ بوون، بەوانیش گەیاندوە.

﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنۡهَا يَضۡحَكُونَ ﴾، ئنجا کاتێك نیشانەکانی ئێمەی بۆ هێنان، کتوپڕ بەو نیشانانە پێکەنین، خەڵکەکە ئەو نیشانانەیان کردنە مایەی گاڵتە پێکردن و، پێ پێکەنین، دیارە کە مووسا ﷺ کە گۆچانی فڕێداوە بۆتە مارو، دەستی بردۆتە بن قۆڵی و، بن هەنگڵی، دوایی دەری هێناوەتەوە، وەك گڵۆپێکی زۆر بە شۆق ئایساوە، نیشانەکانی دیکە کە خوا ﷻ هەم لە سوورەتی (**النَّمل**)داو، هەم لە سوورەتی (**الإسرَاء**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ ﴿١٠١﴾ ﴾، نۆ نیشانەی ڕۆشنمان بە مووسا دابوون، ئنجا کاتێك ئەو نیشانانەیان بینیون، پێیان پێکەنیون.

﴿ وَمَا نُرِيهِم مِّنۡ ءَايَةٍ إِلَّا هِيَ أَكۡبَرُ مِنۡ أُخۡتِهَا ﴾، هیچ نیشانەیەکیشمان پێشان نەداون، مەگەر گەورەتر بووە لە خوشکەکەی، واتە: لەوەی کە لە پێشیەوە بووە، یاخود لە دوایەوە بووە، وەك لە کوردەوارییدا دەڵێن، یەك لە یەکی گەورەترو، نیشانەکانی کە خوا ﷻ بە مووسا ﷺی داون، هەموویان گەورە بوون، تەماشای هەر کامێکیانت کردبایە، دەتگوت ئەوەیان لەوی دیکە گەورەترە، ﴿ وَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡعَذَابِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴾، بە سزاو ئازاریش گرتمانن، بەڵکو بگەڕێنەوە، واتە: بەڵکو بگەڕێنەوە لەو سەرکەشیی و یاخیی بوونە.

﴿ وَقَالُواْ يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ ﴾، کاتێك کە خوا ﷻ بە سزا گرتنی و بەڵای بۆ ناردن، ئەوانیش گوتیان: ئەی جادووگەرا! ﴿ ٱدۡعُ لَنَا

رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ ﴾، بۆمان لە پەروەردگارت بپاڕێوە، بەهۆی ئەوەوە کە پەروەردگارت بەڵێنی بە تۆ داوە، پەیمانی لە لای تۆ داناوە، کە داوات بگرێتەوە، ﴿ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ڕێ ڕاستگرتوو دەبین، ئەگەر ئەو بەڵایەمان لەسەر لابچێ، کاتی خۆی لە بەسەرهاتی مووسادا ﷺ، بە درێژیی باسمان کردوە، کە هەر جارێك بەڵایەکیان بەسەر هاتوەو، نارەحەت بوون، چوون بۆ لای مووساو، داوایان لێکردوە، ئەوجارە ئەو بەڵایەیان لێ لابەرێ، بڕوا دێنن، بەڵام کە بەڵایەکەیان لێ لاچووە، گەڕاونەوە سەر بەزمی پێشوویان، هەر بەو شێوەیە، لە پەیمانی کۆندا بە درێژیی باسی بەڵایەکانیش کراوە، لە سوورەتی: (الأعرَاف) دا، خوا ﷻ باسی حەوتیان دەکات، کە دەفەرمویّ: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ قَالُوا۟ لَنَا هَٰذِهِۦ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا۟ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ ۗ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمْ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣١﴾ وَقَالُوا۟ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾.

١- ﴿ بِٱلسِّنِينَ ﴾، وشکەساڵیی و، ساڵی گرانیی.

٢- ﴿ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾، لە دەستدانی بەروبووم و میوەو کشتوکاڵ، دوایی باسی پێنجی دیکەیان دەکات:

٣و ٤و ٥و ٦و ٧- ﴿ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ﴾، تۆفان و، کوللەو، ئەسپێ و، بۆق و، خوێن، کە لە شوێنی خۆی دا بە درێژیی باسمان کردوە، چۆنیەتیی ئەو بەڵایانە چۆن بوون؟ ئەمانە حەوتیان، دووانیشیان: گۆچانەکەی و دەستی بوون، ئەوە نۆ.

هەندێکیش لە زانایان بە جۆرێکی دیکە باسی ئەو نۆیانە دەکەن، بەڵام ئەو نۆیانەی گوتمان، لە هەموویان ئاشکراترن.

﴿ فَلَمَّا كَشَفۡنَا عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابَ إِذَا هُمۡ يَنكُثُونَ ﴾، ئنجا کاتێك ئێمە ئازارو سزامان لێ لابردن، ئەوان کتوپڕ هەڵیانوەشاندەوە، واتە: ئەو بەڵێنەی دابوویان، کە ڕێی ڕاست دەگرن، ئەو بەڵێنەیان هەڵوەشاندەوە، کە ئەوەش بەس جارێك نەبووە، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ بە کورتیی باسی دەکات، ئەگەرنا هەتا ئەو نیشانانە هەموویان تەواو بوون، هەموو جارێ پەیمانیان هەڵوەشاندۆتەوە، نە جارێك بووەو، نە دوو و نە سێ!!

﴿ وَنَادَىٰ فِرۡعَوۡنُ فِي قَوۡمِهِۦ ﴾، دوای ئەوەی خوا بە گشتیی باسی گەلی فیرعەونی کرد، کە چۆن لەگەڵ مووسادا ﷺ، بێ بەڵێن و بێ پەیمان بوون، ئنجا باسی فیرعەون دەکات بە تایبەت، دەفەرمووێ: فیرعەون لە نێو خەڵکەکەیدا بانگی کرد، هەڵبەتە خۆی بانگی نەکردوە، یانی: جاڕیداو جاڕچیی ڕاسپاردن، جاڕ بدەن و بانگ بکەن، ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَيۡسَ لِي مُلۡكُ مِصۡرَ ﴾، گوتی: ئەی خەڵکەکەم! ئایا حوکمڕانیی میسڕ هی من نیە؟! ﴿ وَهَٰذِهِ ٱلۡأَنۡهَٰرُ تَجۡرِي مِن تَحۡتِيٓ ﴾، ئەم ڕووبارانەش بە ژێرمدا دەڕۆن، واتە: بە ژێر کۆشکەکەمدا، کە لە ڕووباری نیلەوە چەند جۆگەیەکیان هەڵبەستوون، بۆ جوانیی و ئاودێریی و بۆ هەر مەبەستێکی دیکەی ویستوویانە، ئنجا ئەو جۆگەو ڕووبارانە، هەندێکیان بە ژێر کۆشکەکەی یان بەملاولای کۆشکی فیرعەوندا ڕۆیشتوون، ﴿ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴾، ئایا نابینن! واتە: ئایا حوکمڕانییەکەی من و کۆشك و تەلارەکەم و، ئەو جۆگەو جۆبارانە کە بە ژێر کۆشکەکەمدا دەڕۆن، نابینن؟!.

﴿ أَمۡ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡ هَٰذَا ٱلَّذِي هُوَ مَهِينٞ ﴾، یان ئایا من چاکترم لەو کەسەی، کە ئەو بێ بایەخە، یاخود بێ هێزو بێ توانایە، کە مەبەستی مووسا ﷺ بووە، حاشای مووسا، بەڵام لە بێ بایەخان وایە، هەموو کەس بێ بایەخە، مرۆڤ خۆی چۆن بێت، ئاواش تەماشای خەڵك دەکات! ﴿ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴾، نیزیکە نەتوانێ ڕوون بکاتەوە، واتە: نیزیکە نەتوانێ مەبەستەکانی خۆی ڕوون بکاتەوەو بگەیەنێ.

هەڵبەتە وەك دوایی باسی دەکەین، هەموو توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: ئەم قسەیەی فیرعەون درۆ بووەو، ئەوی دیکەشیانی تۆمەت بووە، چونکە دوای ئەوەی بە ڕوونیی لە قورئاندا هاتوە، کە مووسا ﷺ لە خوا ﷻ دەپاڕێتەوە: ﴿ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ٢٧ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ٢٨ ﴾طه، گرێیەك لە زمانم بکەوە، بۆ ئەوەی لە قسەم تێبگەن، سەرەنجام خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قَالَ قَدۡ أُوتِيتَ سُؤۡلَكَ يَٰمُوسَىٰ ٣٦ ﴾طه، گوتی: داواکراوەکەتت پێدرا، ئەی مووسا! کەواتە: خوا ﷻ زمانی کردۆتەوە، بەڵام فیرعەون لە مووسا هەر لە بەهانە بووە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی لە ماڵی فیرعەوندا گەورە بووە، باوە کە مووسا زمانی لەنگیی تێدا هەبووە، یاخود زمانی لە هەندێ پیتاندا گرتوویەتی، ئنجا کە وەختی خۆی فیرعەون ئەو سەرنجەی لەسەری هەبووە، بەپێی ئەو سەرنجەی پێشێی حوکمی داوە، ئەگەرنا بێگومان خوا ﷻ پێغەمبەرێك بنێرێ، ئەوەندە زمانپاراویی و ڕەوانبێژیی پێ دەدات، کە مەبەستی خۆی بگەیەنێ و ئەوەی دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە، کەواتە: ئەوە هەر قسەیەك بووەو، بە حوکمی سەرنجی پێشووی فیرعەون لە بارەی مووساوە، گوتراوە، نەك بە حوکمی ئێستای، کە تەماشاش دەکەین مووسا ﷺ، لەگەڵ فیرعەوندا وتوێژی کردوە، بە تایبەتی ئەوەی لە سوورەتی (الشُّعَراء)دا هاتوە، هەروەها لە سوورەتی (طـه)دا، زۆر بە ڕوونیی دیارە کە قسەکانی مووسا ﷺ بەڵگەدارو ڕوون و پتەوو مەحکەم بوون.

﴿ فَلَوۡلَآ أُلۡقِيَ عَلَيۡهِ أَسۡوِرَةٞ مِّن ذَهَبٍ ﴾، دەبوایە بازنەی لە زێڕی بۆ هەڵدرابان، واتە: لە ئاسمانەوە لەلایەن خواوە، دەبوایە بازنەی زێڕی بۆ نێردرابانایە، ﴿ أَوۡ جَآءَ مَعَهُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ مُقۡتَرِنِينَ ﴾، یاخود فریشتەکان لەگەڵی بوونایەو هاودەم و هاوڕێی بوونایە، یانی: وێڕای مووسا، فریشتەکان هاتبانایەو، بە کۆمەڵ لەگەڵی بوونایە، بەڵام ئێستا مادام بازنی زێڕی بۆ فڕێنەدراون و، فریشتەی لەگەڵ نەنێردراون، کەواتە: ڕاست ناکات پێغەمبەر نیە، مێژوو زانان دەڵێن: ئەو کاتە پادشاکانی میسرو هەندێ شوێنی دیکە، عادەتیان وابووە، بازنەی زێڕیان

لـە دەسـت بـووە، واتـە: مـادام مووسـا ﷺ بازنـەی زێـڕی لـە دەسـت نیـن، وەك دنیایەتیی، وەك لای خـواش فریشـتەی لەگـەڵ نیـن، کەواتـە: نـە بەڵگەیەکی دنیایی هەیـەو، نـە بەڵگەیەکـی دینیـی و مەعنەوییشـی هەیـە، کـە ئـەو داوایـەی دەیـکات ڕاسـت بـێ.

﴿ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ ﴾، فیرعـەون خەڵکەکـەی خـۆی سـووککرد، واتـە: عەقڵـی سـووککردن و چەواشـەی کـردن و گەوجاندنـی.

یاخـود: خەڵکەکـەی خـۆی سـووك بینـی، (أي: جَعَلَهُـم خِفَافـاً، أو وَجَدَهُـم خِفَافـاً)، سـووکی کـردن، یـان بـە سـووکی بینیـن، سـووکی لـێ هەڵکەوتـن، ﴿ فَأَطَاعُوهُ ﴾، ئەوانیـش بـە قسـەیان کـرد، لەبـەر ئـەوەی سـووکەڵە بـوون، لـە ڕووی عەقـڵ و تێگەیشـتنەوە، وەك چـۆن بـا کـە دێ، ناتوانـێ بـەرد ڕامالـێ، بـەڵام دەتوانـێ پـووش و پـەڵاش و خانگەرۆشـك ڕابـدات، بۆیـە فیرعـەون توانـی هەڵیانخەڵەتێنـێ ئەوانیـش بـە قسـەیان کـرد، ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەوان کۆمەڵێکـی لادەربـوون، لادەربـوون لـە حوکمـی عەقـڵ و زگـماك و شـەریعەتی خـوا، بۆیـە کەوتنە داوی فیرعەونـەوە.

﴿ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ ﴾، کاتێـك ئێمەیـان تـووڕە کـرد، بوونـە هـۆکاری تووڕەیـی ئێمـە، تۆڵەمـان لێسـتاندن، ﴿ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، هەموویانمـان خنکانـدو، نغرۆمـان کـردن (لـە دەریـای سـووردا، وەك لـە بەسـەرهاتەکەیدا بـە تەفصیـڵ باسـمان کـردوە).

﴿ فَجَعَلْنَٰهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْءَاخِرِينَ ﴾، گێڕامانـن بـە پێشـەنگ و بـە پەنـد، بـۆ ئەوانـی دوایـان، واتـە: گێڕامانـن بـە پەندێـك کـە پێشـکەوتوەو بۆتـە پێشـەنگ، بـۆ ئـەو گـەل و نەتەوانـەی دوایـی دێـن، کـە پەنـد لـە فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی وەربگـرن، خۆشـیان لـەوە بـە دوور بگـرن کـە بـە دەردی ئـەوان بچـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

نێررانی مووسا ﷺ بە بەڵگەو نیشانەکانەوە بۆ لای فیرعەون و دارو دەستەکەی و ڕاگەیاندنی مووسا، کە پێغەمبەری جیهانییانە بۆ لای ئەوان، کەچی پێکەنینیان بە نیشانەکان، هەرچەندە یەك لە یەکی گەورەتر بوون و، سەرەنجام سزادرانیان و، دوایی بەڵێندانیان بە مووسا، کە ئەگەر داوایان بۆ لە خوا بکات، ئازارو بەڵایان لەسەر لابدات، ڕێی ڕاستگرتوو دەبن، بەڵام بێ بەڵێنیی و پەیمان شکاندنیان:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَقَالَ إِنِّي رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٤٦﴾ فَلَمَّا جَاءَهُم بِآيَاتِنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا نُرِيهِم مِّنْ آيَةٍ إِلَّا هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا وَأَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤٨﴾ وَقَالُوا يَا أَيُّهَ السَّاحِرُ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا ﴾، بە دڵنیایی مووسامان بە نیشانەکانمانەوە نارد، واتە: مووسامان ناردو، نیشانەکانی پێ بوون، کە بێگومان لێرەدا مەبەست لە نیشانەکان (آيات)، ئەو موعجیزانە بوون، کە بەڵگە بوون لەسەر ڕاستیی پێغەمبەرایەتیی مووسا ﷺ، وەك لە سوورەتی (الإسْرَاء)دا، دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ فَاسْأَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِذْ جَاءَهُمْ فَقَالَ لَهُ فِرْعَوْنُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا مُوسَىٰ مَسْحُورًا

﴿قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّى لَأَظُنُّكَ يَٰفِرْعَوْنُ مَثْبُورًا ﴿١٠٢﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەو نیشانەی ڕووماں بە مووساداں، لە بەنوو ئیسرائیل بپرسە (ئەی موحەممەد ﷺ!) کاتێك کە مووسا چوو بۆ لایان، فیرعەون پێیگوت: ئەی مووسا! من بە جادوو لێکراوت تێدەگەم، [(مووساش ﷺ) وەڵامی دایەوە]، گوتی: ئەو نیشانانە تەنیا پەروەردگاری جیهانییان دایبەزاندوون و، ناردوونی و منیش بە سەر بە فەتارەت چووت تێدەگەم، ئەی فیرعەون! کە هەر واش بوو.

٢)- ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ﴾، [مووسامان بە نیشانەکانمانەوە، بە بەڵگەو موعجیزەکانەوە]، بۆ لای فیرعەون و دارو دەستەکەی، نارد، (**الْمَلأ: العُظَمَاء، وَالْمُتَنَفِّذُونَ مِنْ قَوْمِهِ**)، (**ملأ**) مەزنەکان و زلەزلەکان و، قسە ڕۆیشتووەکان و بڕیار بە دەستەکان لە گەلەکەی.

٣)- ﴿فَقَالَ إِنِّى رَسُولُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، [مووسا ﷺ] فەرمووی: من ڕەوانە کراوی پەروەردگاری جیهانییانم.

هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) نێرراوو نوێنەری خوا بوون بۆ لای خەڵك و، پەیام هەڵگرو پەیام هێنەری خوا ﷻ بوون.

٤)- ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم بِـَٔايَٰتِنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَضْحَكُونَ﴾، ئنجا کاتێك بە نیشانەکانمانەوە چوو بۆ لایان، نیشانەکانمانی بۆ بردن و نیشانی دان، وەك بەڵگە لەسەر ئەوە کە ڕاست دەکات، خوای پەروەردگار ناردوویەتی، ئەوان کت و پڕ، دەستیان کرد بە پێکەنین بە نیشانەکانی، پێکەنینی دەستەو دایەرەکەی فیرعەون بە نیشانەکانی مووسا، هەروەك گاڵتە پێکردنەکەی هۆزی بێبڕوای قورەیش بووە، لە ڕۆژگاری خۆیدا، بە پێغەمبەر ﷺو شوێنکەوتووەکانی لە هاوەڵانی بەڕێزی (خوا لێیان ڕازی بێ)، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (**الْمُطَفِّفِين**)دا، دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟ كَانُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَضْحَكُونَ ﴿٢٩﴾﴾، واتە: ئەوانەی تاوانبارییان کرد بوو، بەوانەی بڕوایان هێنابوو پێدەکەنین، ﴿وَإِذَا مَرُّوا۟ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾﴾، هەرکات بڕواداران بە لایاندا تێدەپەڕین، چاو

و برۆیان لێك هەڵدەتەكاندو ئاماژەیان بۆ یەكدی دەكرد، ﴿ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾ ﴾، كاتێكیش دەگەڕانەوە بۆ لای ماڵ و خێزانیان، زۆر شادمانانەو زۆر خۆشحاڵانە دەگەڕانەوە، (كە ئەمڕۆش بەرهەم و دەستكەوتێكیان بووە، گاڵتەیان بە بڕواداران كردوە!) ﴿ وَإِذَا رَأَوۡهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ ﴾، كاتێك بینیبایانن دەیانگوت: ئەوانە سەرگەردان و گومڕاو سەر لێشێواون، ﴿ وَمَآ أُرۡسِلُواْ عَلَيۡهِمۡ حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾ ﴾، هەرچەندە وەك پارێزەریش نەناردرابوونە سەریان.

بـەڵام لـە ڕۆژی دوایـی دا: ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾، ئەمـڕۆ ئەوانـەی بڕوایـان هێنـا بـوو، بـە بێبڕوایـەكان پێدەكەنـن، ﴿ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾، لەسـەر تەختـان شـانیان داداوە، پاڵیـان داوەتـەوەو تەماشـا دەكـەن، تەماشـای بێبڕوایـان دەكـەن چـۆن سـزا دەدرێـن، ﴿ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾، ئایـا ئەوانـەی بێبـڕوان، سـزای ئەوەیـان درایـەوە، كـە دەیانكـرد؟ بـە تەئكیـد بەڵـێ، سـزایان درایـەوە.

پێشـتریش گوتمـان: ئـەوە هەمـووی دڵدانەوەیـە بـۆ پێغەمبـەر ﷺو، بـۆ بـڕواداران، چونكـە ئـەوان ئـەو كاتـە لە حـاڵ و وەزعێكـی وا دابـوون، بێبڕوایەكان پێیـان پێكەنیون و گاڵتەیـان پێكـردوون، بەڵكـو لـەوەش زیاتـر ئازاریـان داون، واتـە: بڕوادارینـە! دڵتـان لـە خۆتـان دانەمێنـێ، لـە پێـش ئێوەشـدا مووسـا ﷺ و شـوێنكەوتووانی گاڵتەیـان پێكـراوە، لـە لایـەن فیرعەونییـە ناحەزەكانیانـەوە.

٥)- ﴿ وَمَا نُرِيهِم مِّنۡ ءَايَةٍ إِلَّا هِيَ أَكۡبَرُ مِنۡ أُخۡتِهَا ﴾، هیچ نیشانەیەكمان پێشان نەدەدان، {پێشانی فیرعەون و دارو دەستەكەی}، مەگەر گەورەتر بوو لە خوشكەكەی، لێرەدا: ﴿ أُخۡتِهَا ﴾، خوازراوەتەوە بۆ ئەوە كە ئەو نیشانانە، هەموویان لە یەك سەرچاوە هاتوون، وەك چۆن چەند كچێك، لە دایكیاندا پێك دەگەنەوە، ئەو نیشانانەش هەموویان لەوەدا كە گەورە بوون، جێی سەرنج بوون و، بەڵگە بوون، لەسەر ڕاستیی مووسا ﷺ، ئەوە هەموویان پێك گەیشتوونەوەو خاڵی هاوبەشیان بووە، كە

دەفەرموێ: ﴿ وَمَا نُرِيهِم ﴾، ئەمە بۆ ئامادەکردنی وێنەکەیە، (لاستِحضَارِ الصُّورَة)، کە دەفەرموێ: هیچ نیشانەیەکیان پێشان نادەین، مەگەر گەورەتر لە خوشکەکەی، واتە: (مِنْ أُخْتِهَا السَّابِقَة)، لە خوشکە پێشووەکەی، هەروەك لە سوورەتی (الکَهف)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا ﴿٧٩﴾ ﴾، لە پشتیانەوە حوکمڕانێك هەبوو، هەر کەشتییەکی دەست بەسەردا دەگرت، واتە: (كُلَّ سَفِينَةٍ صَالِحَةٍ)، هەر کەشتییەکی باشی دەست بەسەردا دەگرت.

٦)- ﴿ وَأَخَذْنَـٰهُم بِٱلْعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾، ئێمە بە سزا گرتمانن، بەڵکو بگەڕێنەوە، کە دەفەرموێ: بگەڕێنەوە، ئەمە خوازراوەتەوە بۆ دان پێهێنان و ملکەچ کردن بۆ پەیامەکەی، کە بە مووسادا ﷺ نێردراوە.

٧)- ﴿ وَقَالُوا۟ يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ﴾، گوتیان: هۆ ئەی جادووگەر! وشەی (أَيُّهَا)، هەم بە (ها) (ه) و (ا) خوێنراوەتەوە، هەم بە (أَيُّهَ)، واتە: تەنیا بە (ه)، بە بێ ئەلیفیش خوێنراوەتەوە، کە ئەمە دەگونجێ وەك تانەدان بووبێ لە مووسا ﷺ، کە تۆ جادووگەری، بەڵام ئەوە پێناچێ، چونکە سیاقەکە وای ناگەیەنێ، ئەگەرنا فیرعەون مووسای بە جادووگەر تۆمەتبار کردوە، بەڵام لێرەدا سیاقەکە تانەدان ناگەیەنێ، چونکە ئەوان داوایان لە مووسا ﷺ کردوەو، کەسێکیش داوا لە کەسێك بکات، لە حاڵەتی داوا لێکردندا مەدحی دەکات، نەك سەرزەنشتی بکات، پیشەی جادووگەرییش لە لای ئەوان، پیشەیەکی گرنگ و گەورە بووە، کەسێك کە جادووگەر بووە، مامۆستاو زانا بووەو، جادووش زانیارییەکە، بەڵام زانیارییەکە بۆ مەبەستی خراپ بەکاردەهێنرێ، یەکێك لە زانایان گوتوویەتی: (هَذَا خِطَابُ تَعْظِيمٍ لِمُوسى لأَنَّ السَّاحِرَ هُوَ العَالِم)، ئەمە دواندنێکی بە مەزنگرتنەو، ستایشکردنە بۆ مووسا ﷺ، چونکە جادووگەر بە مانای زانا دێ، واتە: مامۆستاو شارەزا.

٨)- ﴿ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ ﴾، [گوتیان: ئەی جادووگەر!]، بۆمان لە پەروەردگارت بپاڕێوە، بە هۆی ئەوەوە کە بەڵێنی بە تۆ داوە.

٩)- ﴿ إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ڕێی ڕاستگرتوو دەبین.

١٠)- ﴿ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴾، بەڵام کاتێك ئازارمان لێ لابردن، {ئەو بەڵایەی کە بۆمان ناردبوون، بەڵایەکەمان لێ دوورخستنەوە}، کت و پڕ ئەوان پەیمانیان شکاندو، بێ بەڵێن دەرچوون، (نەهاتنە ژێرباری وەرگرتنی پەیامەکەی مووسا ﷺ).

کەواتـە: کـە گوتوویانـە: ﴿ وَقَالُوا يَا أَيُّهَ السَّاحِرُ ﴾، ڕای ڕاســتر ئەوەیـە، کـە ئەمـە دواندنـی مووسـا ﷺیـە، بـە ڕێزلێگرتـن و بـە مەزنگرتنـەوەو، جۆرێـك بـووە لـە ستایشـکردنی مووسـا ﷺ، چونکـە لـە لای ئـەوان جادووگـەر، مامۆسـتاو شـارەزایەك بـووەو، ڕێزلێگیـراو بـووە، هەمـوو ئەوانـەی کـە دینـی ڕێـك و ڕاسـت و دروسـتیان لەبـەر دەسـتدا نەبـێ، سـەرچاوە گرتـوو لـە وەحیـی و دەسـتکاریی نەکـراوی خـوا، پەنـا دەبەنـە بـەر چـاو بەسـت و جـادوو فـرت و فێـڵ و خەڵـك فریـودان، ئەوانیـش کـە دینێکی ڕاسـت و دروسـت، کـە لـە وەحییـەوە سـەرچاوەی گرتبـێ، لەبـەر دەسـتیاندا نەبـووە، بۆیـە وەك قەرەبوویەکـی ئـەوە، پەنایـان بردۆتـە بـەر جـادوو، ئـەم مانایـە زیاتـر پـێ دەچـێ.

دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی تانـە لێدانـی مووسـا ﷺ بـێ و، تۆمەتبارکردنـی بـێ بـەوەی جادووگـەرە.

دەشـگونجێ ئەمـە جۆرێـك بووبـێ لـە گاڵتـە پێکـردنی مووسـا ﷺ، بـەڵام مانـای یەکەمیـان لـە هەموویـان زیاتـر، بـە عەقـڵ و دڵـەوە دەنووسـێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ ﴾، بۆمـان لـە پـەروەردگارت بپاڕێـوە، بەهـۆی ئـەوەوە کـە عەهـدی بـۆ لای تـۆ کـردوە، (**إبـنُ عَجيبـة**) خاوەنـی (**البَحرُ المَديـد في تَفسـيرِ كِتـابِ اللهِ المَجيـد**)[1]، کـە یەکێـك لـە عاریفـە گەورەکانـە، سـێ واتـای بـۆ ئـەو ڕسـتەیە هێنـاون:

١- (**لِعَهدِهِ عِنْدَكَ بأنْ دَعْوَتَكَ مُستَجابَةٌ**)، بەڵێنی بە تۆ داوە، کە پاڕانەوەی تۆ وەرگیراوە.

---

(١) ج٧، ص:٢١.

٢- (بِمَا عَهِدَ عِنْدَكَ مِنَ النُّبُوَّةِ وَالجَاه)، بە هۆی ئەوەوە کە بەڵێنی لە لای تۆ هەیەو، تۆی کردوە بە پێغەمبەرو شکۆداری کردووی.

٣- (بِمَا عَهِدَ عندك مِنْ كَشْفِ العَذَابِ عَمَّنِ اهْتَدَى)، بە هۆی ئەوەوە کە بەڵێنی بە تۆ داوە، هەر کەسێك ڕێی ڕاست بگرێ، سزای لەسەر لادەچێ.

٤- (بِمَا خَصَّكَ بِعِلْمِهِ دُونَ غَيْرِك، مِمَّا اسْتَطَعْتَ بِهِ أَنْ تَأْتِيَ بِخَوَارِقِ العَادَات)، ئەم لێکدانەوەیەی چوارەم هی (محمد الطاهر بن عاشور)ە[1]، واتە: بە هۆی ئەوەوە کە زانیارییەکی بە تۆ داوە، نەیداوە بە جگە لە تۆو، بەهۆی ئەو زانیارییەوەش تۆ ئەو شتە یاسادڕانە دێنی، ئەو شتە سەیرو سوڕهێنەرانە دێنی.

ئەوان پێیان وابووە مووسا ﷺ بۆ خۆی ئەو شتانە دروست دەکات.

هەڵبەتە کە دەفەرموێ: ﴿ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ ﴾، (ما) لە (بما)دا: (مَا المَصْدَرِيَّة) یە، وەك خاوەنی تەفسیری (المیزان)[2]، دەڵێ: (أي: بِعَهْدِهِ عِنْدَك)، واتە: بە هۆی پەیمانەکەیەوە لە لای تۆ، واتە: بە هۆی پەیمانەکەیەوە لە لای تۆ، کە ئەگەر بڕوا بێنین ئەو بەڵایەمان لەسەر لابەرێ، بەڵام کە بەڵایەکەیان لەسەر لاچوو، وەك لە بەسەرهاتی مووسادا ﷺ، بە تەفصیل باسمان کردوە، ئەوان پەیمانەکەیان هەڵوەشاندۆتەوە، ﴿ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴾: (النَّكْثُ: نَقْضُ الحَبْلِ المُبْرَمِ)، (نَكْث): بریتیە لەوەی پەتێك چاك چنرابێ و، ڕێسرابێ، هەڵبوەشێنرێتەوە.

---

(١) التحرير والتنوير: ج١٠، ص:٢٢٧.

(٢) الميزان: ج١٨، ص:١١٠.

مەسەلەی دووەم:

جاڕدانی فیرعەون بەنێو گەلەکەیدا، کە مادام حوکمڕانی میسرەو، ڕووبار گەل بە ژێر کۆشکەکەیدا دەڕۆن، بێگومان لە مووسا باشترە، کە بابایەکی بێ بایەخەو، قسە نارِوونەو، نە بازنەی زێڕی بۆ فڕێدراون و، نە فریشتەش هاوەڵنی، کەواتە: ئەو دەعوایەی دەیکات ڕاست نیەو، لە لایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە، نەنێردراوە:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِۦ قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ ٱلْأَنْهَٰرُ تَجْرِي مِن تَحْتِيٓ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٥١﴾ أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا ٱلَّذِي هُوَ مَهِينٌ وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ﴿٥٢﴾ فَلَوْلَآ أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَآءَ مَعَهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ ﴿٥٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِۦ﴾، فیرعەون لە نێو خەڵکەکەی دا جاڕی دا، (النِّدَاءُ: رَفْعُ الصَّوْتِ، وَإِسْنَادُهُ إلى فِرْعَون مَجَازٌ عَقْلِيٌّ، إذْ هُوَ الَّذِي أَمَرَ بِالنِّدَاء)، (نِدَاء): دەنگ بەرزکردنەوەیە، بەڵام کە پاڵ دراوەتە لای فیرعەون، مەجازێکی عەقڵییە، چونکە ئەو بووە کە فەرمانی کردوە بانگ بکرێ، ئەگەرنا فیرعەون خۆی پێ لەوە گەورەتر بووە، دەست لە بن گوێیان بنێ و بانگ بکات، وەك چۆن کەسێك بانگ دەدات، بەڵکو فەرمانی کردوەو، جاڕیان داوە، لە نێو کووچەو کۆڵان و ئەو شوێنانەدا کە خەڵکیان تێدا بووە.

٢)- ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ﴾، (فیرعەون) گوتی: ئایا حوکمڕانیی میسر هی من نیە؟ کێ حوکمڕان و پادشایە لە میسر، بەس من نیم! وشەی: ﴿مُلْكُ﴾، بە مانای حوکمڕانیی دێ، (**حُكْمُ مِصْر**) واتە: حوکمڕانیی و تەصەڕڕوف کردن لە میسردا.

٣)- ﴿وَهَٰذِهِ ٱلْأَنْهَٰرُ تَجْرِي مِن تَحْتِيٓ﴾، ئەو ڕووبارانەش کە بە ژێرمدا دەڕۆن، قیبتییەکان جۆگەو جۆ باریان لە ڕووباری نیلەوە هەڵبەستوون، جۆگەی گەورە گەورە، کە هەر کامێکیان وەك ڕووبارێك بووەو، بە ژێر کۆشکەکەیدا ڕۆیشتوون، بەڵام ئەو کە دەڵێ: ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِيٓ﴾، یانی: بە ژێر کۆشکەکەمدا دەڕۆن، ئەگەرنا وەك پێشینان دەڵێن: (ئاویان لە ژێر فڵانکەس کرد)، کەسێك کە ئاوی بێتە ژێر، لە شوێنەکەی هەڵدەستێ، مەبەستی ئەوە بووە کە ئاو بە ژێر کۆشك و تەلارەکەمدا دەڕۆن، کە بێگومان دیمەنێکی جوانی هەبووە.

٤)- ﴿أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾، ئایا نابینن! بۆ پرسیارکردن بۆ پێپێلێنان (الإستِفهَامُ لِلتَّقْرِير)ە، واتە: بە دڵنیایی ئێوە دەبینن، کۆشکەکانیش دەبینن و، حوکمڕانیی منیش دەبینن و، باڵا دەستیی منیش دەبینن لە میسردا.

٥)- ﴿أَمْ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْ هَٰذَا ٱلَّذِي هُوَ مَهِينٌ﴾، بەڵکو ئایا من چاکتر نیم لەو کەسەی کە ئەو بێ بایەخە، بێ هێزو بێ توانایە؟ پرسیار کردنەکە لێرەدا، چاوەڕێی وەڵام ناکات، چونکە پرسیارکردنی نکووڵیپێکەرانەیە، واتە: بە دڵنیایی من چاکترم لەو کەسەی بێ بایەخە، کە مەبەستی مووسایە ﷺ، بێگومان مووساش هەرگیز لەگەڵ فیرعەون و هەزارانی وەك فیرعەون، پەنجەیەکیشی نەچۆتە تەرازووەوەو، چ جای خۆی، بەڵام هەمیشە ئەو حوکمڕانە خۆسەپێن و بە زەبرو زۆرانە، کەم بایەخ و کەم مایە، تەماشای غەیری خۆیان دەکەن، بەو تۆزە دەسەڵاتەی هەیانەو، پێنج و دوو ڕۆژێك کە دەژین و، سەروەت و سامانێك، یان کۆشك و تەلارێك، یان ئیمکانیەتێك کە بە دەستیانەوەیە، پێی بوغرا دەبن و پێی لە کەوڵی خۆیان دەردەچن و، جۆرێك لە سەرخۆشیی و بێ هۆشییان بەسەردا دێنێ.

ئنجا دوای ئەوەی مووسا ﷺ تۆمەتبار دەکات بەوە کە: ﴿مَهِينٌ﴾ە، یانی: بێ دەسەڵاتە، یان بێهێزە، یان بێ بایەخە، تۆمەتێکی دیکەشی دەداتە پاڵ:

٦)- ﴿وَلَا يَكَادُ يُبِينُ﴾، نیزیکە نەتوانێ قسە بکات، ﴿يُبِينُ﴾، (أي: يُبَيِّن)، مەبەستەکانی ڕوون بکاتەوەو دەربخات، (أي: وَيَكَادُ أَنْ لَا يُبِين)، نیزیکە نەتوانێ

مەبەستی خۆی دەربخات، لەبەر ئەوەی زمانی تەواو نیە، بەڵام وەك پێشتر گوتمان: ئەمە تۆمەتێك بووە، فیرعەون بە مووسای کردوە، کە تۆمەتێکی بێ بنەما بووە، لەبەر ئەوەی خوا ﷻ لە سوورەتی (**طه**)دا، بەڵێنی بە مووسا عليه السلام داوە، دوای ئەوەی خوا ﷻ پێی دەفەرمووێ: بچۆ بۆ لای فیرعەون: ﴿ ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٢٤﴾ ﴾طه، مووسا عليه السلام لێی دەپاڕێتەوەو دەفەرمووێ: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى ﴿٢٦﴾ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِى ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِى ﴿٢٨﴾ وَٱجْعَل لِّى وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِى ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِى ﴿٣٠﴾ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ أَزْرِى ﴿٣١﴾ وَأَشْرِكْهُ فِىٓ أَمْرِى ﴿٣٢﴾ كَىْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا ﴿٣٣﴾ وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا ﴿٣٤﴾ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا ﴿٣٥﴾ قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ ﴾طه، مووسا عليه السلام دوای ئەوەی خوا ﷻ فەرمانی پێ دەکات بچێ بۆ لای فیرعەون، کە یاخیی بووە، چەند داوایەك لە خوای بەخشەر دەکات، دەفەرمووێ: پەروەردگارم! سینەم گوشادو فراوان بکەو، کارم ئاسان بکەو، گرێیەك کە لە زمانمدا هەیە بیکەوە، بۆ ئەوەی لە قسەم تێبگەن و، لە نیزیکانی خۆم وەزیرو پاڵپشتێکم بۆ بڕەخسێنە، با هارِوونی برام بێ، لە کارەکەمدا بەشداری بکە، تاکو زۆر تۆ بە پاك بگرین و، زۆر یادی تۆ بکەین، بێگومان تۆ ئێمە دەبینی و هەر بینیوتین.

خواش ﷻ بۆ هەموو ئەو داوایانەی مووسا عليه السلام، دەفەرمووێ: داواکارییەکەت پێدرا ئەی مووسا! ئەوەی داوات دەکرد، بۆت جێبەجێ کرا!

کەواتە: مووسا عليه السلام لەو ڕۆژەوە گرێ لە زمانیدا نەماوە، بەڵام گوتراوە: کاتێ خۆی کە مووسا لە ماڵی فیرعەوندا گەورە بووە، جۆرێك لە زمان گیرانی هەبووەو یان زمانی گرتوویەتی، یان هەندێ پیت باش بۆی نەبێژراون، ئنجا بەو وێنا کردنە پێشووەوە، فیرعەون مووسای بەوە تۆمەتبار کردوە، ئەگەرنا وەك چۆن خوا ﷻ هارِوونی لەسەر داوای مووسا کردۆتە پێغەمبەر، وەك لە سوورەتی (مَرْيَم)دا، دەفەرمووێ: ﴿ وَوَهَبْنَا لَهُۥ مِن رَّحْمَتِنَآ أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيًّا ﴿٥٣﴾ ﴾، واتە: هارِوونی برایمان پێدا وەك پێغەمبەر، لە بەزەیی خۆمانەوە، ئنجا ئەگەر برایەکەی لەسەر

داوای مووسا کردبێتە پێغەمبەر، بە دڵنیایی ئەو گرێیەی لە زمانیشی دا بووە، کە تاکە ئامرازی مووسا ﷺ بووە، بۆ ئەوەی پەیامی خوای پێ بگەیەنێ، خوای پەروەردگار ئەو زمانەی مووسای ڕێك و ڕاست کردوە، بێ گرێ و گۆڵی کردوە، کەواتە: ئەو قسەیەی هیچ بنەمایەکی نیەو، ئەوەی دیکەشیانی کە دەڵێ: ﴿مَهِينٌ﴾، بێ پێگەیەو بێ بایەخە، ئەوەش جنێوێك بووەو قسەیەکی ناشیرین بووە بە مووسای ﷺ گوتوە، ئەو قسە ناشیرینانەش هەر لە فیرعەون و هاو وێنانی فیرعەون دەوەشێنەوە.

٧)- ﴿فَلَوْلَآ أُلْقِىَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ﴾، (فیرعەون بۆ زیاتر خەڵك چەواشە کردن و، گەوجاندنیان دەڵێ:) دەبووایە بازنە زێڕەکانی بۆ فڕێدرابانەیە، بازنەکانی کە لە زێڕن، بۆی فڕێدرابانایە، ﴿أَسْوِرَةٌ﴾، خوێنراویشەتەوە: (أَسَاوِر)، کە هەردووکیان کۆی (سِوَار)ن و لە (دِستِوار) یان (دُستِوار)ی فارسییەوە هاتوە، ﴿فَلَوْلَآ﴾، (لولا): (حَرفُ تَحضيضٍ مُستَعمَلٌ فِي التَّعْجِيز)، (لَولا) لێرەدا پیتێکە بۆ هاندان، بەڵام بەکارهێنراوە بۆ بێ توانا پیشاندان، کە مووسا ﷺ ناتوانێ و ئەوەی بۆ ناکرێ بازنەی بۆ فڕێ بدرێن.

٨)- ﴿أَوْ جَآءَ مَعَهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مُقْتَرِنِينَ﴾، دەبووایە فریشتەکان لەگەڵیدا بێن، پێکەوە هاودەم بن، (الإلقَاءُ: الرَّميُ، وَهوَ مُستعمَلٌ هُنا فِي الإنْزَال)، (إلقاء) بە مانای فڕێدانە، بەڵام لێرەدا بەکارهێنراوە بۆ دابەزێنران، یانی: مادام بازنەی زێڕی بۆ دانەبەزێنراون، فریشتەشی لەگەڵدا نەنێردراون، کەواتە: ڕاست ناکات، پێغەمبەر نیە.

(أَسَاوِر) کۆی (سِوار)ە، واتە: بازن، کە ئاوا پێناسە کراوە: (حَلْقَةٌ عَرِيضَةٌ مِنْ ذَهَبٍ، أو فِضَةٍ تُحيطُ بِالرّسْغِ، وَهُوَ عِنْدَ مُعظَمِ الأُمَمِ مِنْ حِليَةِ النّسَاءِ، وكَانَ السُّوَار مِنْ شِعَارِ المُلْكِ فِي فارسَ وَ مِصرَ، يَلبَسُ المَلِكُ سُوارَينِ، أو اثنَينِ فِي الرّسْغَيْنِ وَاثنَينِ عَلَى العَضُدَينِ)، سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن: (سِوار) واتە: بازن، ئاڵقەیەکی پانە، لە زێڕ یاخود لە زیو، دەوری مەچەك دەدات، لە دەست دەکرێن و لە لای زۆربەی گەلان خشڵی ئافرەتانە، خۆیانی پێ دەڕازێننەوە، بەڵام کاتی خۆی لە

وڵاتی فارس و ڕۆم دروشمی پادشاو حوکمڕانان بووە، کە حوکمڕان، دوو بازنی لە دەستی کردوون، هەر بازنە لە دەستێکی، یان جاری وا هەبووە، دوو بازنی لە مەچەکی دا بوون، دووش لە قۆڵی، واتە: چوار بازنی لە دەست کردوون.

دیارە فیرعەون وایزانیوە پێغەمبەرایەتییش هەر پادشایەتییە، گوتوویەتی: بۆچی بازنی پێ نین، ئەگەر لافی پێغەمبەرایەتیی لێ دەدات، وایزانیوە، ئەویش هەر پادشایەتیی و حوکمڕانێتیی ستەمکارانەیە، کە بە زرق و برق چاوی خەڵك هەڵخەڵەتێنن.

کە فیرعەون دەڵێ: ﴿ فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِّن ذَهَبٍ أَوْ جَاءَ مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِينَ ﴾، (أو لِلتَّرديدِ)، دەبووایە بازنەی هەبن، یان دەبووایە فریشتەی لەگەڵدا بن، وشەی: ﴿ مُقْتَرِنِينَ ﴾یش، (حَالٌ مُؤَكِّدَةٌ لِمَعْنَى مَعَهُ، لِئَلاَّ يُحْمَلَ مَعْنَى المَعِيَّةِ عَلى التَّأييدِ القَوْلِي فَقَط)، بۆیە گوتوویەتی: فریشتەکان لەگەڵی بێن، بە جووتیی، تاکو وا نەزانرێ، کە مەبەست لە لەگەڵدا بوونی فریشتەکان، تەنیا لەگەڵدا بوون و پشتگیرییکردنی مەعنەوییە، بەڵکو بە جەستەش لەگەڵیدا دەبن.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

فیرعەون خەڵکەکەی گەوجاندو کەودەنی کردن و سووکەڵەی کردن، ئەوانیش فەرمانبەری بوون، چونکە لادەر بوون لە زگماك و عەقڵ، سەرەنجامیش خوا ﷻ لێیان تووڕە بوو و تۆڵەی لێ ستاندن و لە دەریادا خنکاندنی و، کردنی بە پەندو عیبرەتی پێشەنگ بۆ خەڵك:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٥٤﴾ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٥٥﴾ فَجَعَلْنَٰهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِّلْءَاخِرِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ ﴾، خەڵکەکەی خۆی سووك کرد، یان سووك هاتە بەرچاو، (أَخَفَّهُ أي: جَعَلَهُ خَفِيْفاً)، سووکی کردن، بەڵام (اسْتَخَفَّهُ: مُبَالَغَةٌ مِنْهُ)، بۆ زێدە ڕۆیی تێداکردنە، زۆری سووك کردن، توێژەرەوانی قورئان زۆریان قسە لەسەر ئەم وشەیە کردوە، ئێمەش هەوڵ دەدەین هەقی خۆی پێ بدەین.

(إستَخَفَّ قَوْمَهُ)، بە چوار واتای سەرەکیی لێکیان داوەتەوە:

١- (جَعَلَهُم خِفَافَ العُقُولِ)، خەڵکەکەی وا لێکرد عەقڵی سووك کردن، بە کوردیی دەگوترێ: کەودەنی کردن، گەوجاندنی و نەفامی کردن.

٢-(وَجَدَهُم خِفَافَ العُقُولِ)، خەڵکەکەی عەقڵ سووك هاتە بەرچاو، عەقڵ سووکی لێ هەڵکەوتن.

٣- (إستَهَانَ بِعقُولِهِم)، گاڵتەی بە عەقڵیان کرد.

٤- (طَلَبَ مِنْهُم الخِفَّةَ وَالسُّرْعَةَ فِي مُطَاوَعَتِهِ)، لێی خواستن کە سووك بن، بە خێرایی دەست و برد بکەن، سووکەڵە بەدەستیەوە بێن، لە فەرمانبەریی کردنیدا.

ئەم چوار واتایەیان بۆ (إستَخَفّ) هێناون و هەر چواریشیان گونجاون.

بە پێویستی دەزانم قسەیەکی (سَید قُطب)، (ڕەحمەتی خوا لێبێ) بهێنم، لە تەفسیرەکەی خۆی (في ظِلالِ القُرآن)دا[1]، ئەم قسەیەی دەربارەی: ﴿ فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَـٰسِقِينَ ﴾، کردوە:

(واستخفاف الطغاة للجماهير أمر لا غرابة فيه؛ فهم يعزلون الجماهير أولاً عن كل سبل المعرفة، ويحجبون عنهم الحقائق حتى ينسوها، ولا يعودوا يبحثون عنها؛ ويلقون في روعهم ما يشاءون من المؤثرات حتى تنطبع نفوسهم بهذه المؤثرات المصطنعة . ومن ثم يسهل استخفافهم بعد ذلك، ويلين قيادهم، فيذهبون بهم ذات اليمين وذات الشمال مطمئنين! ولا يملك الطاغية أن يفعل بالجماهير هذه الفعلة، إلا وهم فاسقون لا يستقيمون على طريق، ولا يمسكون بحبل الله).

واتە: گەوجاندنی تاغووتەکان بۆ خەڵك و جەماوەر، یان سووکەڵە کردنیان، کارێکە هیچ سەیرییەکی تێدانیە، چونکە خەڵك و جەماوەر، کەنارگیر دەکەن لە هەموو ڕێیەکانی زانست و، وادەکەن کە خەڵك هۆشیارو زانا نەبێ، ڕاستییەکانیان لێ دەشارنەوە، تاکو لە بیریان دەچنەوە، وایان لێ دێ لەو ڕاستییانە هەر نەکۆڵنەوەو، ئەو تاغووتانە ئەو کارتێکەرانەی بیانەوێ، دەخەنە دڵی خەڵکەوە تاکو لە دڵیاندا جێگیر دەبن، دوایی دەروونیان بەپێی ئەو کارتێکەرانە کە تاغووتەکان ویستوویانە، کارتێکراو دەبن، پاشان بە ئاسانیی دەتوانن بیانگەوجێنن و خەڵکەکەش بە ئاسانیی دوایان دەکەون، ئەو کاتە ئەو تاغووت و خۆسەپێنانە، بە لای ڕاست و چەپدا دەیانبەن زۆر بە ئارامیی، بابای خۆسەپێن و حوکمڕانانی لە خوا یاخیی، ناتوانن ئەوە بە خەڵك و جەماوەر بکەن، مەگەر لە حاڵێکدا ئەو خەڵك و جەماوەرە لاڕێ بن، لە ڕێ هەڵە کرابن و دەستیان بە ڕێسمانی خواوە نەگرتبێ.

---

(١) ج٥، ص:٣١٩٤.

کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ ﴾، خەڵکەکـەی خـۆی سـووکەڵە کـرد، بـە هەمـوو ئـەو واتایانـەی کـە گوتمـان، یـان سـووکەڵەی بینیـن، یـان گەوجاندنی و نەفامـی کـردن و، لـە ئێوەڕۆکـی خۆیـان خاڵیـی کردنـەوە.

٢)- ﴿ فَأَطَاعُوهُ ﴾، ئەوانیش بە قسەیان کرد، کەواتە: فەرمانبەرییەکەیان بۆ فیرعەون لە ئەنجامی بێ کێشیی و، سووکەڵەییانەوە بووەو، لە ئەنجامی ئەوەدابووە کە لە ئێوەڕۆکی خۆیان خاڵیی کرابوونەوە.

٣)- ﴿ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان کۆمەڵێکی لاڕێ و لادەر بوون، بەهۆی لاڕێ و لادەرییانەوە، ئامادەیی ئەوەیان هەبوو کە فیرعەون بیانگەوجێنێ و نەفام و کەودەنیان بکات، سەرەنجام ئەوانیش فەرمانبەری بوون و بە قسەیان کرد.

٤)- ﴿ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ ﴾، کاتێك ئێمەیان تووڕە کرد، تۆڵەمان لێ ستاندنەوە، یانی: شایستەی ئەوە بوون خوا تۆڵەیان لێ وەربگرێتەوە، ﴿ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ﴾، (أي: فَلَمَّا أسخَطُونا، وأغضَبُونا)، (وَالأَسَفُ: الحُزنُ وَالغَضَبُ مَعًا)، کاتێك ئێمەیان تووڕەو پەست کرد، وشەی (أَسَف)، بە مانای تووڕەیی و دڵتەنگیی و خەفەتباریی دێ، لە یەك کاتدا، بەڵام وشەی خەفەتباریی و دڵتەنگیی بۆ خوا بەکار نایەت، بە پێچەوانەی تووڕەیی، کە خوا ﷻ وشەی تووڕەیی بەکارهێناوە لە قورئاندا، کاتێك ئێمەیان تووڕە کرد، تۆڵەمان لێ ستاندنەوە، لەبەرچی خوا ﷻ لێیان تووڕە بوو؟ لەبەر ئەوەی ئەو ڕێزەی خوا لێی نابوون، لە خۆیاندا نەیانهێشت و، خوا دایناوە کە مرۆڤ ڕێزلێگیراو بێ و، مرۆڤ قەدر گران بێ و، قەدرو قیمەتی خۆی بزانێ.

کاتێك خەڵـك قیمەتـی خـۆی لـە دەسـت دەدات و، دەبێتـە پـووش و پـەڵاش، بـە دوای حوکمڕانـە لـە خـوا یاخیـی و خۆسـەپێنەکانەوەو، شایسـتەی ئـەوە نامێنـن کـە بـەردەوام بـن لـە ژیانـدا، خـوا ﷻ لایـان دەبـات، سـەرزەوییان لـێ پـاك دەکاتـەوە بـە تاغووتەکەشـەوە، جۆماڵێکیـان دەکات.

٥)- ﴿ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾، ئنجا تێکڕایانمان نغرۆ کردو، خنکاندمانن.

٦)- ﴿ فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِلْآخِرِينَ ﴾، ئنجا گێڕامانن بە پێشەنگ و بە پەند بۆ ئەوانی دیکە، وشەی (سَلَف)، خوێندراویشەتەوە: (سُلُفاً)، (سُلُف) کۆی (سَلَف)ە، واتە: پێشەنگەکان، پێشینەکان، خاوەنی تەفسیری: (البَحرُ المَدِيد في تَفسِيرِ كِتابِ اللهِ المَجِيد)[1]، گوتوویەتی:

١- أي: جَعَلنَاهُم قُدْوَةً لِمَن بَعْدَهُ، مِنَ الكُفَّار يَسلُكُونَ مَسلَكَهُم، فِي استِجَابِ مثلَ مَا حَلَّ بِهِم مِنَ العَذَابِ، فَكُلّ مَن تَفرعَنَ وَتَجَبَّر، فَفِرعَونُ إمَامُهُ وَقُدْوَتُهُ.

٢- جَعَلنَاهُم مُتَقَدِّمِينَ فِي الهَلَاكِ، لِيَتَعِظَ بِهِم مَن بَعْدَهُم إلى يَومِ القِيَامَة.

واتە: کردمانن بە پێشەنگ بۆ هەموو ئەو کافرانەی لە دوایانەوە دێن و وەك وان دەکەن، ئەو کاتە هەر کەسێ وەك ئەوان بکات، پێویست دەکات هەمان سزاش بدرێ، هەر کەسێك وەك فیرعەون بکات و خۆی بسەپێنێ، دیارە فیرعەون پێشەواو سەرمەشقیەتی، چی بەسەر فیرعەون و گەلەکەی هاتوە، ئەوەش بەسەر ئەو دێ.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: ئەوانمان کرد بە پێشەنگ لە فەوتاندا، تاکو ئەوانەی دوایی دێن، هەتا ڕۆژی دوایی پەندیان لێ وەربگرن.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَثَلًا ﴾، (مَثَل) بە مانای پەند دێ، دەشگونجێ بەمانای ئامۆژگاریی بێ، دەشگونجێ بە مانای بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنەر بێ، کە وەك چۆن پەندی پێشینان بڵاودەبێتەوەو بەدەمەوە دەگیرێ، ئەو بەسەرهاتەش ئاوا وەك پەندێك بەسەر زارو زمانانەوە بێ.

کەواتە: ﴿ وَمَثَلًا ﴾، یانی: (عِبْرَةً وَمِثَالاً)، واتە: کردمانن بە عیبرەت و شوێنی پەند لێوەرگرتن و، کردمانن بە وێنەیەك وەك چۆن پەندی پێشینان بەسەر زارانەوە دەبێ، ئەوانیش ئاوا بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەری ئەوان، بەسەر زارانەوە ببێ.

---

(١) ج٧، ص:٣٣.

لـه سـوورەتی (الـروم)دا، لـه بـارەی (إسـتخفاف)ەوە، هاتـوە، لـه ئایەتـی (٦٠)دا: ﴿ فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ ﴾، واتـه: خۆڕاگـر بـه، بەڵێنـی خـوا ڕاسـته، بـا ئەوانـەی دڵنیانیـن، یاخـود زانیاریـی ئەواویـان نیـه دەربـارەی ڕۆژی دوایـی، ئەوانـه تـۆ هەڵنەقەنـن و تـۆ نەجووڵێنـن، (اي: وَلا يَدفعُكَ الَّذِيـنَ لا يُوقِنـونَ بِأَنَّهُـم مَبْعُوثُـونَ إلى الإسـتِعجَالِ وَتَـرِكِ الصَّـبرِ)[1]، ئەوانـەی یەقینیـان نیـه، کـه زینـدوو دەکرێنـەوەو، بـا تـۆ ناچـار نەکـەن، کـه پەلـه بکـەی و خۆڕاگریـی لـه دەسـت بـدەی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) الْمُختَصَر فِي تفسيرِ القرآنِ الكَريم، جَمَاعَة مِن عُلَمَاءِ التفسير: ص:٤١٠.

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە نۆ (٩) ئایەت پێك دێ، ئایەتەکانی: (٥٧ - ٦٥)، هەموویان لە بارەی عیسای کوڕی مەریەمەوەن ، خوا لە مەریەم ڕازی بێ، شەش (٦) ئایەتی سەرەتایان، باسی بە نموونە هێنرانەوەی عیسا دەکەن، لەلایەن هاوبەشدانەرانەوە، بە حیساب وەك بەڵگە لەسەر ئەوە ئەگەر پەرستەرو پەرستراوەکان - جگە لە خوا - سزا بدرێن، دەبێ عیساش سزا بدرێ، ئەگەرنا نابێ بتەکانی ئەوانیش سزا بدرێن و، نابێ خۆشیان سزا بدرێن!

بەو بۆنەیەشەوە باسی عیسا کراوە، وەك بەندەیەکی هەڵبژێردراوی خوا و، زانیاریی لە بارەی ئاخیر زەمانەوە.

سێ ئایەتی کۆتاییش لە بارەی هاتنی عیساوە بۆ بەنی ئیسرائیل و ئێوەڕۆکی پەیام و بەرنامەکەینی، کە بریتی بووە لە یەکتاپەرستیی، بەڵام دوای خۆی، شوێنکەوتووانی بوونە چەندان حیزبی جۆراو جۆری پێکەوە ناکۆك و ناتەبا.

﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ وَقَالُوٓا۟
ءَأَـٰلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ ۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴿٥٨﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا
عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَـٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَـٰٓئِكَةً
فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴿٦٠﴾ وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِ ۚ هَـٰذَا صِرَٰطٌ
مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٢﴾ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ
بِٱلْبَيِّنَـٰتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِٱلْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى تَخْتَلِفُونَ فِيهِ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ

وَأَطِيعُونِ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦٤﴾ فَٱخْتَلَفَ
ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴿٦٥﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

[هەروەها کاتێك (عیسای) کوڕی مەریەم بە نموونە هێنرایەوە، یەکسەر خەڵکەکەت (ئەی موحەممەدا) بەهۆیەوە، کردیانە هەراو کاڵە کاڵ ﴿٥٧﴾ گوتیشیان: ئایا پەرستراوەکانمان باشترن یان ئەو؟ تەنیا بۆ مشت و مڕو شەڕە قسە، بۆیان بە وێنە هێنایەوە، بەڵکو ئەوان کۆمەڵێکی زۆر شەڕەقسەکەرن (و حەز لە ناکۆکییکەرن ﴿٥٨﴾ ئەو (عیسا ﷺ) تەنیا بەندەیەك بوو، چاکەمان لەگەڵیدا کردبوو، (کردبوومانە پێغەمبەر)و گێڕابوومان بە وێنەیەك، (لەسەر باڵادەستیی و توانایی بێ سنوورمان)، بۆ وەچەی ئیسرائیل ﴿٥٩﴾ ئەگەر ویستباشمان بەشێك لە ئێوەمان لەسەر زەوی، دەگێڕان بە فریشتە، دەبوونە جێنشینتان ﴿٦٠﴾ بە دڵنیاییش ئەو (عیسا ﷺ)، زانیاریی و نیشانەیە بۆ کاتەکە (ئاخیر زەمان)، ئنجا لە بارەی (ئاخیر زەمان)ەوە، دوو دڵییتان نەبێ و شوێنم بکەون، ئەوە ڕێی ڕاستە ﴿٦١﴾ با شەیتانیش (لە ڕێی ڕاست) لاتان نەدات، بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆتان ﴿٦٢﴾ کاتێك عیساش بەڵگە ڕۆشنەکانی هێنان، گوتی: حیکمەتم بۆ هێناون و (هاتووشم)، تاکو هەندێك لەوەی تێیدا ناکۆکیی و ڕاجیایی دەکەن، بۆتان ڕوون بکەمەوە، دەجا پارێز لە خوا بکەن و فەرمانبەرییم بکەن ﴿٦٣﴾ بەڕاستیی تەنیا خوا خۆی پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە، دەجا بیپەرستن، ئەمە ڕێی ڕاستە ﴿٦٤﴾ سەرەنجامیش حیزبە (شوێن ئارەزوو کەوتووەکان)، لە نێو خۆیاندا ڕاجیاو ناکۆك بوون، ئنجا سزای سەخت لە نازاری ڕۆژێکی بە ئێش و ژان بۆ ئەوانەی ستەمیان کردوە، (وەك هاوبەش بۆ خوا دانان و لە ڕێی خوا لادان) ﴿٦٥﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(مَثَلًا): (صِفَةٌ وَوَصْفَـاً، وَالمَثَـلُ عِبَارَةٌ عَـنْ قَـوْلٍ فِـي شَيءٍ، يُشْـبِهُ قَـولاً فِي شَيءٍ آخَـرَ، بَيْنَهُـمَا مُشَـابَهَةٌ لِيُبَيِّنَ أَحَدُهُـمَا الأَخَـرَ، وَيُصَـوِّرَهُ)، [وشـەی (مَثَـل) بـە مانـای ئاوەڵنـاو دێ و، بـە مانـای وەسـفکردنی شـتێکیش دێ، بـە پێـی سیاق ماناکـەی دیاریـی دەکـرێ]، (مَثَـل) بریتیـە لـە قسـەیەك لـە بـارەی شـتێکەوە، وەك قسـەیەکی دیکـە بچـێ لـە بـارەی شـتێکی دیکـەوە، کـە وێکچـوون هەبـێ لـە نێوانیانـدا، تاکـو یەکێکیـان ئـەوی دیکـە ڕوون بکاتـەوە، بـە کوردیـی دەڵێیـن: پەنـد.

(يَصِدُّونَ): (صَـدَّ، يَصِـدُّ، صَـدّاً، أي: ضَـجَّ وَعَـجَّ)، لـە (لِسـانُ العَـرَب)دا، دەڵـێ: (صَـدَّ، يَصِـدُّ، صَـدّاً)، واتـە: دەنگـی بـەرز کـردەوەو هـەرای کـردو گاڵـەی کـرد.

(جَدَلًا): (الجِـدَالُ: الـصِّرَاعُ وَإِسـقَاطُ الإِنْسَـانِ صَاحِبَـهُ عَـلَى الجَدَالَـةِ وَهِـيَ الأَرْضُ الصُّلْبَـةُ)، (جِـدَال) شـەڕە قسـەیە، ئـەوە کـە مـرۆڤ هەوڵـدات هاوەڵەکـەی بخاتـە سـەر (جَدَالَـة)، یـانی: زەوی ڕەق.

(خَصِمُونَ): (الخَصِـمُ: المُختَـصُّ بِالخصُومَـةِ)، (خَصِـمْ) کۆیەکـەی (خَصِمـون)ە، بریتیـە لـە کەسـێك، کـە پسـپۆڕ و تایبـەت بێ بـە شەڕەقسـەو دمبەدمەو مشـتومڕەوە، (الخَصِـمُ: الكَثِـيرُ المُخَاصَمَـةِ وَالمُنَازَعَـةِ)، (خَصِـمْ): کەسـێك زۆر شـەڕە قسـەو، ناکۆکیـی و، دەمەقاڵـێ بـکات.

(يَخْلُفُونَ): (خَلَـفَ فُـلاَنٌ فُلاَنَـاً: قَـامَ بِالأَمْـرِ عَنْـهُ)، کـە دەگوتـرێ: (خَلَـفَ فُـلاَنٌ فُلاَنَـاً)، فڵانکـەس لـە شـوێنی فڵانکـەس دانیشـت، واتـە: لـە جیاتـی ئـەو کارەکـەی جێبەجـێ کـرد.

(فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا): تێیـدا دوو دڵ مەبـن، (المِرْيَـةُ: الـتَّرَدُّدُ فِي الأَمْـرِ، وَهـوَ أَخَـصُّ مِـنَ الشَّـكِّ)، (مِرْيَـة): بریتیـە لـە دڵ دڵـدان لـە شـتێك دا، دوو دڵ بـوون لـە شـتێك دا، کـە

تایبەتترە لە (شَك)، واتە: دوو دڵیی، بەڵام (مِريَة)، بریتیە لە دوو دڵیی لە بارەی شتێکەوە، هیچ بیانوو پاساوی نەبێ.

(**فَوَيْلٌ**): (وَيل: القُبْحُ، العَذَابُ، وَادٍ فِي جَهَنَّم، وَقَدْ يُسْتَعْمَلُ فِي التَّحَسُّر)، (ويل) بە مانای ناقۆڵایی هاتووە، بە مانای سزا هاتووە، بە مانای شیوێك لە دۆزەخدا هاتووە، جاری واش هەیە، بەکاردەهێنرێ بۆ خەفەت و خەم لێ خواردن، (وَيلَةُ) واتە: بێ قەزا بێ، شایستەی ئەوەیە خەفەتی بۆ بخوات.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

لە بارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە موبارەکانەوە: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴿٥٧﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴿٥٨﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴿٦٠﴾ وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِ ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾﴾، ئەم بەسەرهات و گێڕدراوەیە هەیە:

{عَنِ إِبْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ لِقُرَيشٍ: إِنَّهُ لَيْسَ أَحَدٌ يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ فِيهِ خَيْرٌ، قَالوا: أَلَسْتَ تَزْعُمُ أَنَّ عِيسَى كَانَ نَبِيًّا، وَعَبْدًا مِنْ عِبَادِ اللهِ صَالِحًا، وَقَد عَبَدَتْهُ النَّصَارَى؟ فَإِنْ كُنْتَ صَادِقًا، فَإِنَّهُ كَآلِهَتِهِمْ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ ...﴾، قُلتُ: وَمَا يَصِدُّون؟ قَالَ: يَضِجُّونَ، «وَإِنَّهُ لَعِلْمٌ لِلسَّاعَةِ»؟، قَالَ: هُوَ خُرُوجُ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلَام قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ} (أخرجه: أحمد: ٢٩٢١، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن، والطَّبراني: ١٢٧٤، والواحدي في أسباب النزول: ٧٤٠، وَقَالَ الهَيْثَمي فِي المَجمَع: (ج٧، ص١٠٤)، سَنَدُهُ حَسَن، وَقَال

مؤلّفا الإستيعاب: قُلنَا إسنَادٌ حَسَن، وَذَكَرَهُ السيوطي في الدر المَنثور: ج٧، ص٣٨٥، وَزاد نِسبَتَهُ لابن مَردَويه)[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك بە قوڕەیشییەکانی فەرموو: {لَيْسَ أَحَدٌ يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ فِيهِ خَيْرٌ}، واتە: هیچ کام لەوانەی جگە لە خوا، یان لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، خێریان پێوە نیە، ئەوانیش گوتیان: ئەدی تۆ پێت وانیە، کە عیسا ﷺ پێغەمبەر بووەو، بەندەیەك بووە لە بەندەکانی خوا، نەصرانییەکانیش عیسایان پەرستوە، ئنجا ئەگەر تۆ ڕاست بکەی، ئەویش وەك پەرستراوەکانی ئێمەیە، (واتە: ئەگەر ئێمەو پەرستراوەکانمان بچینە دۆزەخ، مانای وایە عیساو ئەوانەشی عیسایان پەرستوە، دەچنە دۆزەخ)، خوا ﷻ بەم بۆنەوە ئەم ئایەتانەی دابەزاندن، ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ...﴾.

یەکێك لە گێڕەرەوەکان دەڵێ: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسم پرسی، مانای: (يَصِدُّون) چییە؟ گوتی: (يَضِجُّون) دەنگە دەنگ و هەرا دەکەن، گوتم: ئەدی کە دەفەرموێ: (وَإِنَّهُ لَعِلمٌ لِلساعَة)، ئەو زانیارییە بۆ ئاخیر زەمان؟ عەبدوڵڵای کوڕی عەبیاس گوتی: مەبەست پێی دەرچوونی عیسای کوڕی مەریەمە، پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت (واتە: پێش ئاخیر زەمان).

---

(١) الإستيعاب في بَيانِ الأسباب: ج٢، ص١٩٩.

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئەمە بەسەرهاتی سێیەمە، لەم سوورەتە موبارەکەدا، کە چەند قسەیەکە لە بارەی عیساوە ﷺو لە دوو سێ ئایەتی کۆتاییدا، عیسا ﷺ باسی پەیامی خۆی دەکات.

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا ﴾، کاتێک کوڕی مەریەم بە وێنە هێندرایەوە، ﴿ إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ ﴾، یەکسەر خەڵکەکەت، بەهۆی بە وێنە هێنرانەوەی عیساوە ﷺ، دەنگیان بەرز کردەوەو هەراو کاڵەیان کرد.

﴿ وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ ﴾، گوتیان: پەرستراوەکانی ئێمە چاکترن، یان ئەو (عیسا)؟، واتە: مادام هەر پەرستراوێك و تێکڕای پەرستەرەکان، سزا بدرێن و خێریان پێوە نەبێ، وەك لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ، یاخود سووتەمەنی دۆزەخ بن، وەك لە سوورەتی (الأنبياء)دا هاتوە: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾، واتە: ئێوەو ئەوانەی دەیانپەرستن، بەردی دۆزەخن، ئێوە دەچنە نێوی، کەواتە: ئەگەر ئێمەو پەرستراوەکانمان، بت و پەیکەرەکان بچینە دۆزەخەوە، دەبێ عیسا و ئەوانەش کە دەیپەرستن بچنە دۆزەخەوە.

ئنجا بە هۆی ئەوەوە کردیان بە هەراو کاڵە، گوتیان: قسەیەکی بە قوەتمان کردوە، کە وەك دوایی باسی دەکەین، عەبدوڵڵای کوڕی زەبعەریی بووە، بە حیساب ئەو قسەیەی لە ڕووی پێغەمبەردا ﷺ کردوە، بەڵام دیارە هەر ئایەتەکانی سوورەتی (الأنبياء)، وەڵامی ئەو قسەیان تێدایە کە خوا دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا ٱلْحُسْنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴿١٠١﴾ لَا يَسْمَعُونَ

حَسِيسَهَا وَهُمْ فِي مَا ٱشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی لە لای ئێمەوە بڕیاری هەرە چاکیان بۆ دراوە، دوورن لە دۆزەخ، گوێیان لە هەستی دۆزەخ و فرچە فرچی ئاگری دۆزەخ نابێ و، ئەوان هەرچی نەفسیان بیخوازێ، تێدان و بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

﴿ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًا ﴾، لێرەش خوا ﷻ دەفەرموێ: عیسایان بە وێنە نەهێنایەوە، مەگەر بۆ شەڕە قسەو، دمبە دمە، ﴿ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ ﴾، بەڵکو ئەوان کۆمەڵێکن، زۆر حەزیان لە مشت و مڕو شەڕە قسەیە، حەزیان لە ناکۆکیی و دەمەقاڵێیەو بە دوای هەقدا ناگەڕێن.

﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَاهُ مَثَلًا لِّبَنِي إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، عیسا عليه السلام تەنیا بەندەیەك بوو، گەورەترین چاکەمان لەگەڵیدا کردبوو، باشترین چاکە، خوا ﷻ لەگەڵ یەکێك لە مرۆڤەکانیدا بیکات، بریتیە لە پێ بەخشینی پلەی پێغەمبەرایەتیی، کە بە موحەممەد ﷺ ئەو پلەو پایە، دەرگایەکەی کاڵە دراوەو کۆتایی هاتوە، موحەممەد کۆتایی پێغەمبەرانە ﷺ، وەك دەفەرموێ: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾الأحزاب.

﴿ وَجَعَلْنَاهُ مَثَلًا لِّبَنِي إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، کردبوومان بە نموونەیەك بۆ بەنی ئیسرائیل، وەك وێنەیەك لەسەر باڵا دەستیی و دەستکراوەیی خواو، کە دەتوانێ مرۆڤ بەبێ بابیش بخوڵقێنێ، وەك عیساو، دەشتوانێ بەبێ بابی و دایك بیانخوڵقێنێ، وەك ئادەم و حەووا.

﴿ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِي ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴾، ئەگەر ویستباشمان لە ئێوە فریشتەمان دروست دەکردن، لە زەویدا کە بەدوای یەکدا دێن، یان: لە جیاتی ئێوە فریشتەمان لەسەر زەوی دادەنان.

بەڵام پێم وایە مانای یەکەم بەهێزترە، واتە: خۆتامان دەکرد بە فریشتە، کە لە شوێنی ئێستای ئێوە، لەسەر زەوی بوویان بە جێنشینتان.

﴿ وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ ﴾، بە دڵنیایی عیسا ﷺ زانیارییە بۆ کاتەکە (ساعة)، ئەو کاتەی ئاخیر زەمانی تێدا دێ، لێرەدا (ساعة) زیاتر مەبەست پێی ئاخیر زەمانە، واتە: پێچرانەوەی ئەم ژیانە دنیاییە، لە دوای فووی یەکەم لە لایەن ئیسرافیلەوە بە کەڕەنا (صور)دا، بەڵام قیامەت لە دوای فووی دووەمەوە لە لایەن ئیسرافیلەوە، کە بە صووردا دەکرێ، پەیدادەبێ، کە کاتی هەڵسانەوەو زیندوو کرانەوەیە، ﴿ فَلَا تَمۡتَرُنَّ بِهَا ﴾، ئنجا دوو دڵ مەبن، لە بارەی ئاخیر زەمان (ساعة)ەوە، ﴿ وَٱتَّبِعُونِۚ ﴾، شوێنم بکەون، خوا ﷻ دەفەرموێ: شوێنم بکەون، یاخود ئەمە لەسەر زمانی پێغەمبەرە ﷺ، کە گوتوویەتی: شوێنم بکەون، واتە: ئەی موحەممەدا! بفەرموو شوێنم بکەون، ﴿ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴾، ئەمەیە ڕێی ڕاست.

﴿ وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُۖ ﴾، با شەیتانیش لاتان نەدات، لە خۆتان وریا بن، شەیتان لاتان نەدات لە ڕاستە ڕێ، ﴿ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە.

﴿ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، کاتێك عیسا ﷺ بەڵگە ڕۆشنەکانی هێنان، ﴿ قَالَ قَدۡ جِئۡتُكُم بِٱلۡحِكۡمَةِ ﴾، بە خەڵکەکەی گوت: من حیکمەتم بۆ هێناون، واتە: هەموو ئەو ڕەوشت و بەها بەرزانەی، کە دەبێ تاك و کۆمەڵ خۆیانیان پێ برازێننەوە، هەموو ئەو خووخدە خراپانەی کە دەبێ خۆیانیان لێبژار بکەن، ئەوەم بۆ هێناون، کە ئەوە باشترین مانای حیکمەتە، ﴿ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعۡضَ ٱلَّذِي تَخۡتَلِفُونَ فِيهِۖ ﴾، هەروەها هاتووم تاکو، هەندێك لەوەی تێیدا کەوتوونە ڕاجیایی، بۆتان ڕوون بکەمەوە، ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴾، ئنجا پارێز لە خوا بکەن و فەرمانبەریم بکەن.

﴿ إِنَّ اللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ ﴾، بە دڵنیایی بەس خوا پەروەردگاری من و ئێوەشە، ﴿ فَاعْبُدُوهُ ﴾، ئنجا بەندایەتیی بۆ بکەن، ﴿ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ ﴾، ئەمەیە ڕێی ڕاست و بێ گرێ و گۆڵ.

بەڵام ئایا وایان کرد؟

﴿ فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ ﴾، حیزبەکان لە نێو خۆیاندا کەوتنە ڕاجیایی و ناکۆکیی و دەمەقاڵێ، واتە: شوێنکەوتووانی عیسا ، لە دوای خۆی بوونە چەند بێڕو تاقم و کۆمەڵێ پێکەوە ناکۆك، ﴿ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴾، سزای سەخت بۆ ئەوانەی ستەمیان کردوە، لە ئازاری ڕۆژێکی بە ئێش، لەوێ سزای ئەو لادان و ستەم و خراپەیان وەردەگرنەوە.

خوا ﷻ بە لوتف و کەرەمی خۆی، ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە بە دوای هەموو پێغەمبەران دەکەون، ئەو ڕێباز و ڕاستە شەقامەی خوا بە پێغەمبەراندا ناردوویەتی، چاك لێی تێدەگەن و، باشیش پێوەی پابەند دەبن، بە تایبەت پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ کە سەروەرو گەورەی پێغەمبەرانە، تەواوکەری کارو پرۆژەکەیانە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

وێنە هێنانەوەی هاوبەشدانەران بە عیسای کوڕی مەریەم ﷺ، کە ئەگەر پەرستەرو پەرستراوەکان (العَبَدَةُ وَالآلِهَة) سزابار بن، عیساش بەردەکەوێ و، هەراو گاڵەکردنیان بەو بۆنەیەوەو، بەرپەرچدانەوەی خوا بۆیان، کە عیسا بەندەیەکی خوا پەسند بووەو، نموونەیەك بووە بۆ بەنی ئیسرائیل و ئەگەر خوا ویستبای بەشێك لە مرۆڤانی دەگێڕان، بە فریشتەی جێنشینی مرۆڤان، لەسەر زەوی و، عیسا هۆی زانیارییە بۆ هاتنی ئاخیر زەمان، کە نابێ تێیدا دوو دڵ بن و، پێویستە پەیڕەویی لە خواو ڕاستە ڕێیەکەی بکەن و دەبێ وریا بن، شەیتانی دوژمنیان لایان نەدات:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ
(٥٧) وَقَالُوٓا۟ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيْرٌ أَمْ هُوَ ۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلًۢا ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ (٥٨)
إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ (٥٩) وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا
مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ (٦٠) وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَٱتَّبِعُونِ ۚ
هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ (٦١) وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (٦٢) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

بەر لەوەی بڕگەکان هەموویان بێنین، ئەم شەش ئایەتە، بە تایبەتی چوار ئایەتی یەکەمیان، باسی ئەوە دەکەن، کە ڕۆژێك هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لە کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ بوون و، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا

باسـمان کـردوە، پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: [لَيْـسَ أَحَـدٌ يُعْبَـدُ مِـنْ دُونِ اللّـهِ فِيـهِ خَـيْرٌ] (أخرجـه أحمـد: ٢٩٢١، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده حسـن)، واتـە: هیـچ کام لەوانـەی جگـە لـە خـوا، یـان لـە جیاتـی خـوا دەپەرسـترێن، خێریـان پێـوە نیـە، ئەوانیـش گوتوویانـە، ئایـا تـۆ پێـت وا نیـە کـە عیسـا پێغەمبـەر بـووەو بەندەیـەك بـووە لـە بەنـدە چاکەکانـی خـوا، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە نەصرانییـەکان پەرسـتوویانە، ئنجـا ئەگـەر ڕاسـت بکـەی، ئەویـش هـەر وەك پەرسـتراوەکانی ئێمـە وایـەو دەبـێ وەك پەرسـتراوەکانی ئێمـە بچێتـە دۆزەخـەوە! ئیـدی خـوا ﷻ بـەو بۆنـەوە، ئـەم ئایەتـە موبارەکانـەی دابەزانـدن.

١)- ﴿وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا﴾، کاتێك کوڕی مەریەم بە وێنە هێنرایەوە، سەلامی خوایان لەسەر بێ.

٢)- ﴿إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ﴾، کت و پڕ خەڵکەکەت، بەهۆی بە وێنە هێنانەوەیەوە، کردیان بە دەنگە دەنگ و کاڵە، وشەی: ﴿مِنْهُ﴾، یانێ: (مِن هَذا المَثَل)، بە هۆی ئەو وێنەیەوە، واتە: کاڵە کاڵ و دەنگ بەرزکردنەوەکەیان لەو وێنە هێنانەیەوە سەری گرت، ﴿يَصِدُّونَ﴾، (أي: يَضِجُّون)، واتە: دەنگیان هەڵێناو، هەرایان کرد، وەك گاڵتە کردن، وشەی ﴿يَصِدُّونَ﴾، خوێنراویشەتەوە: (يَصُدُّون)، بەڵام چ بە: ﴿يَصِدُّونَ﴾ بێ، چ بە (يَصُدُّون) بێ، هەر بە مانای (يَضِجُّون، يَصِيحون، وَيَرفَعونَ أَصْوَاتَهُم)، بە مانای دەنگیان هەڵێناو، گاڵەیان کرد، هەردووك خوێندنەوەکە بەو واتایە دێن.

وەك (الطَّبَري) لـە تەفسـیرەکەی خـۆی دا[1] دەڵـێ: (وَالصَّـوَابُ مِـنَ الْقَـوْلِ فِي ذَلِـكَ أَنَّهُـمَا قِرَاءَتَـانِ مَعْرُوفَتَـانِ، وَلُغَتَـانِ مَشْـهُورَتَانِ بِمَعْنًـى وَاحِـدٍ، وَلَـمْ نَجِـدْ أَهْـلَ التَّأْوِيـلِ فَرَّقُوا بَـيْنَ مَعْنَـى ذَلِـكَ إِذَا قُـرِئَ بِالضَّـمِّ وَالْكَسْرِ، وَلَـوْ كَانَ مُخْتَلِفًـا مَعْنَـاهُ، لَقَـدْ كَانَ الِاخْتِـلَافُ فِي تَأْوِيلِـهِ بَـيْنَ أَهْلِـهِ مَوْجُـودًا وُجُـودَ اخْتِـلَافِ الْقِـرَاءَةِ فِيـهِ بِاخْتِـلَافِ اللُّغَتَـيْنِ، وَلَكِـنْ لَـمَّا

(١) جامع البيان: ج٢٥، ص:٨٨.

لَمْ يَكُنْ مُخْتَلِفَ الْمَعْنَى لَمْ يَخْتَلِفُوا فِي أَنَّ تَأْوِيلَهُ: يَضِجُّونَ وَيَجْزَعُونَ، فَبِأَيِّ الْقِرَاءَتَيْنِ قَرَأَ الْقَارِئُ فَمُصِيبٌ)، واتە: قسەی ڕاست لەوەدا ئەوەیە، کە ئەو دووانە دوو خوێندنەوەی ناسراون و دوو زاری باون و یەك واتایان هەیە، هیچ کام لەوانەی قورئانیان مانا کردوە، جیاوازییان نەخستۆتە نێوان مانای ئەو دوو وشەیەوە، چ بە بۆر (ضَم) بخوێنرێتەوەو، چ بە ژێر (کسر)، چ بە (يَصِدُّون)، چ بە (يَصُدُّون)، هەردووکیان بە مانای (يَضِجُّونَ وَيَجْزَعُونَ)، دەنگیان بەرز کردۆتەوەو خۆیان نارەحەت کردوەو گاڵەیان کردوە.

٣)- ﴿ وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ ﴾، هەروەها گوتیان: ئایا پەرستراوەکانی ئێمە باشترن یان ئەو؟ ئنجا ﴿ ءَأَٰلِهَتُنَا ﴾، خوێندراوەتەوەش: (آلِهَتُنا)، یانی: بەبێ (هَمزَةُ الإستِفهام)یش: (وَ قَالوا آلِهَتُنَا خَيرٌ أَم هوَ)، پەرستراوەکانی ئێمە باشترن یان ئەو؟ ئەوان بینایان کردوە، لەسەر فەرمایشتەکەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: (لَيْسَ أَحَدٌ يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ فِيهِ خَيْرٌ)، (أخرجه أحمد: ٢٩٢١، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن)، واتە: هیچ کام لەوانەی جگە لە خوا، یان لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، خێریان پێوە نیە، هەندێك دەڵێن: بینا لەسەر ئەو فەرمایشتە وایان گوتوە، واتە: ئەگەر هەر کەسێك کە لەگەڵ خواداو لە جیاتی خوادا بپەرسترێ، خێری پێوە نەبێ، ئەوە تەنیا پەرستراوەکانی ئێمە بت و سەنەمەکان و پەرستراوەکانی ئێمە ناگرێتەوە، بەڵکو عیسای کوڕی مەریەمیش دەگرێتەوە.

٤)- ﴿ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢا ﴾، تەنیا بۆ شەڕە قسە لە دژی تۆ ئەویان بە نموونە هێنایەوە.

٥)- ﴿ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ ﴾، بەڵکو ئەوان کۆمەڵێکی زۆر مشتومڕکەرو زۆر چەنەبازن حەزیان بە شەڕە قسەو دەمەقاڵێ دێت، چونکە (خَصِم)، واتە: (كَثيرُ الخُصُومَة)، کەسێك کە زۆر شەڕە قسەو دمبە دمە بکات، ﴿ خَصِمُونَ ﴾یش، کۆیەکەیەتی.

٦)- ﴿ إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ ﴾، ئەو تەنیا بەندەیەك بوو، ئێمە چاکەمان لەگەڵی دا کرد بوو، چاکەکەش کە خوا ﷻ دەیفەرموێ، مەبەست پێی بەخشینی پلەی پێغەمبەرایەتییە.

٧)- ﴿ وَجَعَلْنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، کردبووشمان بە وێنەیەك بۆ وەچەی ئیسرائیل، بۆ گەلی جوولەکە، وشەی (مَثَل)، ﴿ مَثَلًا ﴾، (أي: أَمْراً عَجِيْباً، حَقِيْقاً بِأَن يَسِير بِذِكْرِهِ كَالأَمْثَالِ السَّائِرَة)، واتە: حاڵەتێکی سەرسوڕهێنەر، شایستەی ئەوە بووە، کە باس بکرێ، وەك ئەو پەندانەی دەهێنرێنەوە، یاخود وشەی: (مَثَلاً: أي عِبرةً)، کردبوومان بە پەندێك و شوێنی دەرس و پەند لێوەرگرتن، چونکە عیسا ﷺ خوا ﷻ بەبێ باب دروستی کردووە تەنیا دایکی هەیە کە مەریەمە (خوا لێی ڕازی بێ)، بابی دیار نیە، کەواتە: ئەوە جێی هەڵوەستەو پەند لێوەرگرتنە، کە دەسەڵاتی خوا ﷻ لە دروستکردنی مرۆڤەکاندا سنووری نیە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَٰهُ مَثَلًا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، کردبوومان بە وێنە وەك پەندێك، یاخود وەك عیبرەت بۆ بەنی ئیسرائیل، ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە عیسا ﷺ تەنیا بۆ لای بەنی ئیسرائیل ڕەوانکراوە، تەنیا بۆ وەچەی یەعقووب ﷺو، عیساش جگە لە بەنی ئیسرائیلی بۆ پەیامەکەی خۆی بانگ نەکردووە.

کەواتە: کە دوایی خەڵکێك لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەورووپای ئێستا، کە کاتی خۆی ڕۆمیان پێ گوتووەو، لە یۆنان و، لە شوێنەکانی دیکەدا، شوێنی عیسا ﷺ کەوتوون، لە ڕاستییدا هەر لە خۆیانەوە شوێنی کەوتوون، بەڵام عیسا پێغەمبەرێك بووەو، تایبەت بۆ گەلی ئیسرائیل ڕەوانە کراوە، هەم لێرەدا وا دەفەرموێ، هەم لە سوورەتی (الصَّف)دا: ﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: یاد بکەوە کە عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی بەنی ئیسرائیل! من ڕەوانە کراوی خوام بۆ لای ئێوەو، بەڕاستدانەری ئەو تەوراتەم کە لە پێش دەستی منەوە نێردراوەو، موژدەشتان پێدەدەم بە پێغەمبەرێك لە دوای من دێ، ناوی ئەحمەدە ﷺ.

٨)- ﴿ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴾، ئەگەر ویستباشمان ئێمە لە ئێوە هەندێك فریشتەمان دەگێڕان، واتە: هەندێك لە ئێوەمان دەکردنە فریشتە، لە زەویدا دەبوونە نیشتەجێ و جێداری ئێوە، یاخود هەندێکیان لە دوای هەندێکیان

دەهاتن، هەردوو واتایەکەی هەن. ﴿ يَخْلُفُونَ ﴾، (أن يَخلفُونَكُم)، دەبوونە جێنشینی ئێوە، یاخود: ﴿ يَخْلُفُونَ ﴾، واتە: (يَخلفُ بَعْضُهُم بَعْضاً)، هەندێکیان دەبوونە جێنشینی هەندێکیان، بە دوای یەکدا دەهاتن.

کەواتە: ﴿ وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴾، سێ واتای هەن:

أ- واتە: هەندێکتانمان دەکردن بە فریشتە.

ب- دەمانتوانی لە وەچەی ئێوە فریشتان پەیدا بکەین.

ج- لە جێی ئێوە فریشتەمان دادەنان.

وەك خــوا ﷻ دەفەرمــوێ: ﴿ أَرَضِيتُم بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مِنَ ٱلْءَاخِرَةِ ﴿٣٨﴾ ﴾التوبـة، (أي: بَدَلاً مِـنَ الأخِـرَة)، ئایا ژیـانی دنیاتـان هەڵبژارد بەسـەر (مەنزڵگای) دوایـی دا، واتـە: دەسـەڵاتی خـوا سـنووری نیـەو هەمـوو شـتی پـێ دەکـرێ، کـە ئێسـتاش وایکـردوە، ئێـوەش بـبن و، فریشـتەش بـبن و، جندیـش بـبن، ئێـوە ڕۆڵـی خۆتـان دەگێـڕن، فریشـتەش ڕۆڵـی خۆیـان دەگێـڕن، هـەروەك جندیـش کـە لەسـەر زەویـن، ئەوانیـش ڕۆڵـی خۆیـان دەگێـڕن.

٩)- ﴿ وَإِنَّهُۥ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ ﴾، بە دڵنیایی ئەو زانیارییە بۆ ئاخیر زەمان (**ساعة**)، ئەمە دوو واتای هەن:

١- عیسا عليه السلام هۆکارە بۆ زانیاریی هەبوون بە ئاخیر زەمان، کە مەبەست پێی دابەزینیەتی، بەر لەوەی ئاخیر زەمان بێ، واتە: کاتێ عیسا عليه السلام دادەبەزێ بۆ سەر زەوی، لە ئاسمان دادەبەزێ، ئەوە دەزانرێ کە کۆتایی هاتنی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، زۆر نزیك بۆتەوە، ئەم ڕایە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و موجاهیدو قەتادەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، گێڕدراوەتەوە واتە: ڕاناوی: ﴿ وَإِنَّهُۥ ﴾، دەچێتەوە بۆ عیسا عليه السلام.[1]

٢- ڕایەکی دیکە هەیە، کە ڕاناوی ﴿ وَإِنَّهُۥ ﴾، دەچێتەوە بۆ قورئان، (**أي: القرآن عِلمٌ لِلسَّاعة**)، زانیارییەو هۆکاری زانیارییە دەربارەی ئاخیر زەمان، واتە: قورئان هۆکاری زانیاریی هەبوونە بە ڕۆژی دوایی بە گشتیی، یاخود بە ئاخیر زەمان، چونکە وشەی

---

(١) دوایی لەو بارەوە سێ دەقی سوننەت دێنین

(ساعة) بە کاتێکی دیارییکراو دەگوترێ، کە ئاخیر زەمانی تێدا دێ، یاخود قیامەتی تێدا دێ، یاخود هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەتی تێدا دێن، لە ڕۆژی دوایی دا، ئەم ڕایەش حەسەن و قەتادەو ئیبنو جوبەیر پەسندیان کردوە، چونکە لە نێو قوڕئان دا ئەو بەڵگە جۆراو جۆرانە هەن، بۆ ئیسپاتی ئەوە کە زیندوو کرانەوەو سزاو پاداشت هەیە.

١٠)- ﴿ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا ﴾، واتە: تێیدا دوو دڵ مەبن، لە بارەی (سَّاعة)ەوە دوو دڵ مەبن، (الإمترِاء: الشَّكُّ)، دوو دڵیی.

١١)- ﴿ وَٱتَّبِعُونِ ﴾، هەروەها شوێنم بکەون، (إتَّبِعوا مَا أَرْسَلتُ إِلَيكُم مِن كَلامي وَرسولي)، شوێن ئەوە بکەون، کە بۆم ناردوون لە فەرمایشتەکەم و ڕەوانە کراوەکەم، ئنجا ئەگەر وابێ، ئەوە ڕاستەوخۆ فەرمایشتی خوایە، یاخود: لێرەدا وشەی (قُل) کە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، قرتێنراوە، یانی: (قُلِ اتَّبِعونِ) ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەی موحەممەد! بڵێ: شوێنم بکەون، ﴿ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾، ئەمە ڕێی ڕاستە، کەواتە: دەگونجێ، ﴿ وَٱتَّبِعُونِ ﴾، فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بێ و، خوا ﷻ لەسەر زمانی ئەو فەرموویەتی.

١٢)- ﴿ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾، ئا ئەمە ڕێی ڕاستە، واتە: قوڕئان ڕێی ڕاستە، یاخود: خوا بەیەککرتن و تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن، یاخود ئایینی ئیسلام بە گشتیی، ڕێی ڕاستە، هەموویان دەگرێتەوە.

١٣)- ﴿ وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ ﴾، با شەیتانیش لاتان نەدات، لاڕێتان نەکات، هەتڵەتان نەکات، ﴿ وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ ﴾، وەك ئەوە وایە، کە لە عەرەبییدا دەگوترێ: (لا أَعْرِفَنَّكَ تَفْعَلُ كَذَا)، یان (لاَ أَلْقَيَنَّكَ فِي مَوضِعِ كَذَا)، نەزانم تۆ ئەوەت کردبێ، یان: نەتبینم لە فڵانشوێن، واتە: ئەوە مەکەو لە فڵان شوێن مەبە، لێرەش واتە: لە خۆتان وریابن و با شەیتان لاتان نەدات.

١٤)- ﴿ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە، ئەمە هۆکار دۆزیی (تَعليل)ە، بۆ ئەوەی ڕابرد، واتە: چونکە ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە، دەبێ لە خۆتان وریا بن، ئەگەرنا لە ڕاستە شەقامی خوا لاتان دەدات.

هەندێک وردەکاریی مانای (وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ مَثَلًا)

(الطَّبَرِي) لە تەفسیرەکەی خۆی دا دەڵێ: (وَلَمَّا شَبَّهَ اللَّهُ عِيسَى فِي إِحْدَاثِهِ وَإِنْشَائِهِ إِيَّاهُ مِنْ غَيْرِ فَحْلٍ بِآدَمَ، فَمَثَّلَهُ بِهِ بِأَنَّهُ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ مِنْ غَيْرِ فَحْلٍ، إِذَا قَوْمُكَ يَا مُحَمَّدُ مِنْ ذَلِكَ يَضِجُّونَ وَيَقُولُونَ: مَا يُرِيدُ مُحَمَّدٌ مِنَّا إِلَّا أَنْ نَتَّخِذَهُ إِلَهًا نَعْبُدُهُ، كَمَا عَبَدَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحَ)[1].

واتە: دوای ئەوەی خوا ﷻ، لەوەدا کە عیسای هێناوەتە دی و پێکەیاندوە، بەبێ هەبوونی باب، چواندوویەتی بە ئادەمەوە، کە ئادەمیش نە بابی هەبووەو نە دایك، [لە سوورەتی (آلِ عِمران)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ﴾]، خەڵکەکەت، ئەی موحەممەد! ﷺ بەهۆی ئەوەوە کردیان بە هەراو کاڵەو گوتیان: موحەممەد ئەوەی لە ئێمە دەوێ، کە بیگرین بە پەرستراو، هەروەك چۆن نەصرانییەکان مەسیح دەپەرستن.

هەر (الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[2]، ڕایەکی دیکە دێنێ، دەڵێ: (بَلْ عَنَى بِذَلِكَ قَوْلَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ﴿ إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾الأنبياء، قِيلَ الْمُشْرِكِينَ عِنْدَ نُزُولِهَا: قَدْ رَضِينَا بِأَنْ تَكُونَ آلِهَتُنَا مَعَ عِيسَى وَعُزَيْرٍ وَالْمَلَائِكَةِ، لِأَنَّ كُلَّ هَؤُلَاءِ مِمَّا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ).

واتە: بەڵکو مەبەست لەم وێنە هێنانەوەیە، فەرمایشتی خوایە کە فەرمووی: ﴿ إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ

---

(١) جامع البيان، برقم: ٣٠٩٦٨.

(٢) جامع البيان، برقم: ٣٠٩٧١

(٩٨) ﴾الأنبیاء، قسـەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، لـە کاتـی دابەزینـی ئـەو ئایەتـەی سـووڕەتی (الأنبیـاء)، کـە گوتیـان: ئێمـە ڕازییـن، پەرسـتراوەکانی ئێمـەش لەگـەڵ عیسـاو عوزەیـرو فریشـتەکاندا بـن، چونکـە هەمـوو ئەوانـە لەجیاتـی خـواو، لەگـەڵ خـوادا پەرسـتراون.

دەشـگونجێ بەهـۆی ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەرەوە ﷺ بـوو بـێ، کـە لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکـەی دا باسـمان کـرد، کـە دەفەرمـوێ: {لَيْسَ أَحَدٌ يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ فِيهِ خَيْرٌ}، واتـە: هیـچ کامـە لەوانـەی جگـە لـە خـوا، یـان لـە جیاتـی خـوا دەپەرسـترێن، خێریـان پێـوە نیـە.

(القُرطُبـي)، لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا[1] ئـاوا لـە بـارەی ئـەو ئایەتانـەوە قسـە دەکات، دەڵـێ: (**لَـمَّا أَنْـزَلَ اللهُ**: ﴿ وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾**الزخـرف، تَعَلَّـقَ المُشرِكُونَ بِأَمْـرِ عِيْـسَى، قَالُـوا: مَـا يُرِيـدُ مُحَمَّـدُ إلاَّ أَنْ نَتَّخِـذَهُ إلَهَـاً كَـمَا اتَّخَـذَتِ النَّصَـارى ابـن مَرْيَـمَ إلَـهَاً، وعَـن مُجَاهِـد قَـال: إنَّ قُرَيشَـاً قَالَـت: أنَّ مُحَمَّـدَاً يُرِيـدُ أَنْ نَعبُـدَهُ كَـمَا عَبَـدَ قَـوْمُ عِيْـسَى، عِيْـسَى، فَأَنْـزَلَ اللـهُ هَـذِهِ الآيَـة..**).

واتـە: قەتـادە گوتوویەتـی: کاتێـك خـوا ﷻ ئـەو ئایەتـەی دابەزانـد، کـە هـەر لـە سـووڕەتی (**الزخـرف**)دا هاتـوە: (لـەو پێغەمبەرانـەی لـە پێـش تـۆدا ڕەوانمـان کـردوون بپرسـە، ئایـا جگـە لـە (خـوای) بـە بەزەیـی، پەرسـتراوێکی دیکەمـان دانـاون بپەرسـترێن؟) هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان عیسـایان ﷺ کـردە بیانـوو، گوتیـان: موحەممـەد ﷺ دەیـەوێ ئێمـە بـە پەرسـتراوی بگریـن، وەك چـۆن نەصرانییـەکان کـوڕی مەریەمیـان بـە پەرسـتراو گـرت، هەروەهـا لـە موجاهیـدەوە هاتـوە، کـە گوتوویەتـی: قوڕەیشـییەکان گوتیـان: موحەممـەد دەیـەوێ بیپەرسـتین، وەك چـۆن گەلـی عیسـا عیسـایان پەرسـت، خـواش ﷻ ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوار.

---

(١) ج٢٥، ص٨٠ و ٨١.

(القُرطُبي) ڕیوایەتێکی دیکە[١]، هەر لەو بارەوە دێنێ: **(قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: أَرَادَ بِهِ مُنَاظَرَةَ عَبْدِ اللهِ بْنِ الزِّبَعْرِي مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فِي شَأْنِ عِيْسَى)**، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، گوتوویەتی: خوا ﷻ مەبەستی لەو وێنە هێنانەوەیە، ئەو وتووێژەی عەبدوڵڵای کوڕی زەبعەڕیی بووە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ لە بارەی عیساوە، کە پێی گوت: ئایا تۆ پێت وا نیە عیسا عليه السلام پێغەمبەری خوا بووەو، بەندەیەکی چاکی خوا بووە؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: با، گوتی: مادام هەموو ئەوانەی لە جیاتی خوا ﷻ دەپەرسترێن بچنە دۆزەخ، دەبێ عیساش بچێتە دۆزەخ!.

هەڵبەتە ئەو هۆکارانە هەموویان گونجاون، چ بەهۆی فەرمایشتەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ بوو بێ، چ بەهۆی ئایەتەکەی سوورەتی **(الأنبياء)**ەوە بوو بێ، چ بەهۆی ئایەتەکەی سوورەتی **(آلِ عمران)**ەوە بوو بێ، گرنگ ئەوەیە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، ئەوە کە پەرستراوەکان لەگەڵ پەرستەرەکانیاندا دەچنە دۆزەخەوە، کردوویانە بە بەڵگەو دەستەچیلەی ئەوە: عیساو عوزەیرو فریشتەکانیش کە دەپەرسترێن، دەبێ بچنە دۆزەخەوە، بەڵام بێگومان پێوانە (قیاس) کردنەکەیان لە جێی خۆیدا نیەو، ئەمە لە زمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ: **(قِيَاسٌ مَعَ الفَارِق)**، پێوانەکردن لەگەڵ جیاوازیی دا، یان کوردەوارییی دەڵێن: قیاسی کەشکێ لە مەشکێ، چونکە:

١- خوا ﷻ لە ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾﴾ الأنبياء، ئێوەو ئەو شتانەی دەیانپەرستن، نەیفەرموە: ئێوەو ئەو کەسانە، **(مَا)** بۆ شتانە، نەك بۆ شەخسان، نەیفەرموە: **(إِنَّكُم وَمَن تَعبُدونَ)**، کەواتە: مەبەست پێی پەیکەرو بت و سەنەم و ئەو شتانە بوون کە پەرستوویانن.

---

[١] ج٢٥، ص٨٠ و ٨١.

٢- خوا ﷻ لێرەدا کە وا دەفەرمووێ، هەر لەو سیاقەشدا، دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ لَوْ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةً مَّا وَرَدُوهَا ۖ وَكُلٌّ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٩٩﴾ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا ٱلْحُسْنَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴿١٠١﴾ لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا ۖ وَهُمْ فِى مَا ٱشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٢﴾ لَا يَحْزُنُهُمُ ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا يَوْمُكُمُ ٱلَّذِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿١٠٣﴾ ﴾(الأنبياء)، فەرموویەتی: بە دڵنیایی ئێوەو ئەو شتانەی دەیانپەرستن لە جیاتی خوا، دەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ، ئێوە دەیچنە نێوی، ئەگەر ئەوانەش پەرستراو بوونایە، نەدەچوونە نێو دۆزەخ، هەموویان تێیدا هەمیشەیی دەبن، لەوێدا هەناسەدانەوەیان هەیە، (هەناسەدانەوەی زۆر بە زەحمەت)، ئەوان لەوێدا نابیستن، بە دڵنیایی ئەوانەی پێشتر چاکەیان لە لایەن ئێمەوە بۆ بڕیاردراوە، ئەوانە لە دۆزەخ دوورخراوەن و گوێیان لە هەست و خوستی دۆزەخیش نابێ، (گوێیان لە قرچەقرچی ئاگرەکەشی نابێ)، لەوەدا کە نەفسەکانیان ئارەزووی دەکەن، تێیدا دەمێننەوەو، ڕاچڵەکینی گەورە، دڵتەنگیان ناکات، فریشتەکان پێشوازییان لێ دەکەن، پێیان دەڵێن: ئەوە ئەو ڕۆژە بوو، کە بەڵێنتان پێدراوەو گفتتان پێ درا، کەواتە: هەر لەو سیاقەدا خوا ﷻ وەڵامی ئەو قسانەی داوەتەوە.

قورئانیش و فەرمایشتی پێغەمبەریش ﷺو، هەر قسەیەکی دیکەش، نابێ لێک دابڕێنرێ، بەڵکو دەبێ پێشکەوتوو و پەیوەست بوو (سَابِق ولاحِق)، ئەوەی پێشی هاتووەو ئەوەی دوایی، هەمووی پێکەوە سەرنج بدرێ، ئەگەرنا هەر قسەیەك قڵت و بڕی بکەی، پێشەوەی بێنی و دواییەکەی نەهێنی، یان: هی دوایی بێنی و هی پێشەوەی نادیدە بگری، هەر هەڵە دەردەچێ، وەك ئایەتەکەی سوورەتی: (المَاعون) کە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ﴾، سزای سەخت بۆ نوێژکەران، بەڵام دواییەکەی لەگەڵ نەڵێی: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن

صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾﴾، ئەوانـەی لـە نوێژەکانیـان بێئـاگان، بێگومـان مانایەکـەی هەڵـە دەردەچـێ، یـان ئایەتەکـەی سـوورەتی (النّسـاء) کـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقۡرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ ﴿٤٣﴾﴾، ئەگەر لەسەر (لَا تَقۡرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ) بوەسـتی، هەڵەیـە، چونکـە خـوا فەرموویـەتی: بـە سەرخۆشـیی توخنـی نوێـژێ مەکـەون، نەیفەرمـوە: توخنـی نوێـژێ مەکـەون.

ئنجا با چوار فەرمایشتیش لە بارەی ئەم ئایەتانەوە، بێنین:

١- {عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: مَا ضَلَّ قَوْمٌ بَعْدَ هُدًى كَانُوا عَلَيْهِ إِلاَّ أُوتُوا الْجَدَلَ، ثُمَّ تَلاَ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢا ۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ ﴿٥٨﴾﴾الزخرف}، (أخرجه ابْنُ مَاجَه: ٤٨، وَأَحْمَد: ٢٢٢٥٨، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث حسن بطرقه وشواهده).

واتـە: ئەبـوو ئومامـە ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی هیـچ کۆمەڵێـك، دوای ئـەوەی ڕێنمایـی و ڕێ ڕاسـت پێشـاندرانیان پێـدراوە، گومـڕا نەبـوون، مەگـەر بەهـۆی شـەڕە قسـەو، مشـتومڕەوە (کـە هـەر کامێکیـان بیـەوێ قسـەی خـۆی سـەرکەوێ، بـێ ئـەوەی تەماشـا بکـەن، داخـۆ هـەق لـە کوێیـە).

چونکـە وەك لـە شـیکردنەوەی مانـای وشـەکاندا هێنامـان، (**جِـدَال**) ئەوەیـە دوو کـەس، هـەر کامێکیـان بیـەوێ ئـەوی دیکـە بخـات، دەگوتـرێ: (**الجِدالـة: الأَرْضُ الصُّلْبَـة**) زەوییـەکی سـەخت، کـە دوو کـەس زۆران دەگـرن، ملانـە دەگـرن و هـەر کامێکیـان دەیـەوێ ئـەوی دیکـە بخاتـە سـەر زەوی، (**جِدال**)یـش لـەوەوە هاتـوە، هـەر بۆیـە لـە ئیسـلامدا (**جِـدال**) مەگـەر بـە ناچاریـی، ئەگەرنـا بـە شـتێکی ناپەسـند دانـدراوە، بـەڵام وتووێـژو گفتوگـۆ (**حـوار**) پەسـندە.

٢- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {الأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ لِعَلاَّتٍ، أُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ، وَأَنَا أَوْلَى النَّاسِ بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ، لِأَنَّهُ لَمْ يَكُنْ بَيْنِي وَبَيْنَهُ نَبِيٌّ، وَإِنَّهُ نَازِلٌ، فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَاعْرِفُوهُ: رَجُلٌ مَرْبُوعٌ إِلَى الْحُمْرَةِ وَالْبَيَاضِ، عَلَيْهِ ثَوْبَانِ مُمَصَّرَانِ كَأَنَّ رَأْسَهُ يَقْطُرُ، وَإِنْ لَمْ يُصِبْهُ بَلَلٌ، فَيَدُقُّ

الصَّلِيبَ، وَيَقْتُلُ الْخِنْزِيرَ، وَيَضَعُ الْجِزْيَةَ، وَيَدْعُو النَّاسَ إِلَى الإِسْلَامِ} (أخرجه أحمد: ٩٢٧٠)، واتە: پێغەمبەران بران، دایکانیان جۆراوجۆرن، بەڵام یەك ئاینیان هەیە، (وەك چۆن پیاوێك چەند هاوسەرێکی هەن، منداڵەکانی باییان یەکە، بەڵام دایکیان جیان)، منیش نزیکترین کەسم و لە پێشترین کەسم لە عیسای کوڕی مەریەمەوە، چونکە لە نێوان من و ئەودا هیچ پێغەمبەرێك نەبووە، ئەویش دادەبەزێ (لە ئاسمان)، کە دیتتان بیناسن پیاوێکی دەستەیە بە لای سوورو سپیی دا، دوو پۆشاکی (مُمَصَّر)ی لە بەردان سەری بەبێ تەڕبوون وەك ئاوی لێ بتکێ، خاچ دەشکێنێ، (ئەو خاچەی ئێستا نەصرانییەکان لە ملی دەکەن و بە پیرۆزی دەگرن)، بەراز دەکوژێ و، سەرانە لا دەبات و خەڵك بۆ ئیسلام بانگ دەکات.

واتـە: هـەر ئـەو شـەریعەتەی پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺ هێناویەتـی، عیسـا ﵇ هـەر ئـەوە تەبەنیـی دەکات، لـە دوای پێغەمبـەری خاتەمـەوە، هیـچ پێغەمبەرێـك نایـەت، عیسـاش پێغەمبەرێکـی پێشـترەو لـە ئاسـمانەوە دادەبـەزێ و، شـەریعەتی پێغەمبـەری کۆتایـی جێبەجـێ دەکات.

٣- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: وَاللَّهِ لَيَنْزِلَنَّ ابْنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَدْلاً، فَلَيَكْسِرَنَّ الصَّلِيبَ، وَلَيَقْتُلَنَّ الْخِنْزِيرَ، وَلَيَضَعَنَّ الْجِزْيَةَ، وَلَيُتْرَكَنَّ الْقِلَاصُ، فَلَا يُسْعَى عَلَيْهَا، وَلَيَذْهَبَنَّ الشَّحْنَاءُ وَالتَّبَاغُضُ وَالتَّحَاسُدُ، وَلَيُدْعَوُنَّ إِلَى الْمَالِ، فَلَا يَقْبَلُهُ أَحَدٌ} (أخرجه البخاري: ٢٢٢٢، ومسلم: ١٥٥، والترمذي: ٢٢٣٣، وابن ماجه: ٤٠٧٨ وأبي عوانة: ٣١٣، غيرهم).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﵁، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: عیسـای کوڕی مەریـەم وەك حاکمێکـی دادگـەر دادەبـەزێ (لـە ئاسـمان)، خـاچ دەشـکێنێ و بـەراز دەکـوژێ، (کـە ئێسـتا نەصرانییـەکان، لـە ئەنجامـی لادان لـە دینـی خـواوە، گۆشـتی بەرازیـان ڕەوا کـردوە، مەییـان ڕەوا کـردووەو، زینایـان ڕەوا کـردوە)و، سـەرانە لادەبـات، (واتـە: کـەس نامێنـێ وەك خـاوەن کتێـب سـەرانەیان لـێ وەربگیـرێ، هەمـوو خەڵـك دێتـە ژێـر سـێبەری ئیسـلامەوە)و، حوشـتری زۆربـاش واز لێدەهێنرێـن، کـەس سـواریان

نابێ بۆ ئیش و کار، (ماڵ و سامان زۆر دەبێ)، کینەو ڕق لە یەکدی هەستان و حەسوودیی بەیەکدیی بردن نامێنێ، عیسا ﷺ بانگ دەکات بۆ ماڵ و سامان، کە خەڵك وەریبگرێ، بەڵام کەس لێی وەرناگرێ، (خەڵك لەو کاتەدا دەوڵەمەندو بێ نیاز دەبن لەوەی صەدەقەو زەکات وەربگرن).

٤- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «كَيْفَ أَنْتُمْ إِذَا نَزَلَ ابْنُ مَرْيَمَ فِيكُمْ، وَإِمَامُكُمْ مِنْكُمْ»} (أخرجه البخاري: ٣٤٤٩، ومسلم: ١٥٥)، واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: حاڵتان چۆن دەبێ، کاتێك کوڕی مەریەم دادەبەزێتە نێوتان و، پێشەوایەکەتان لە خۆتان دەبێ!

واتە: ئەو کەسەی پێشنوێژییتان بۆ دەکات، هەر لە خۆتان دەبێ، (ئیمامەکە قامەتی نوێژکردنی بۆ کراوە، دەڵێ: ئەی عیسای مەسیح! پێشبکەوە، دەڵێ: نەخێر مادام قامەت بۆ تۆ کراوە، تۆ ئیمامەتییەکە بکە).

مەسەلەی دووەم:

دوای ئـەوەی عیسـا عليه السلام بەڵگـە ڕۆشـنەکانی هێنـاون، بـە خەڵکەکـەی ڕاگەیانـدوە کـە: حیکمەتـی بـۆ هێنـاون و، ڕوونکردنـەوەی هەندێـك لـە ڕاجیاییەکانـی پێیڕاگەیانـدوون، پێشـیڕاگەیاندوون کـە تەنیـا خـوا پـەروەردگاری خۆیشـی و ئەوانیشـە، کەچـی پەیڕەوانـی بەرنامەکـەی دوای خـۆی، بوونـە چەنـدان حیـزب و تاقمـی پێکـەوە ناکـۆکی جـۆراو جـۆرو، سـەرەنجام سـزای دادگەرانـەی خـوا لەسـەر سـتەمکارانیان پێویسـت بـوو:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالَ قَدۡ جِئۡتُكُم بِٱلۡحِكۡمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعۡضَ ٱلَّذِي تَخۡتَلِفُونَ فِيهِۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٦٤﴾ فَٱخۡتَلَفَ ٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ بَيۡنِهِمۡۖ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمٍ أَلِيمٍ ﴿٦٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، کاتێك عیسا عليه السلام بەڵگە ڕۆشنەکانی هێنان، (البَيِّنَات: المُعجِزَات، أو آياتُ الإنجيل، أو الشَّرائع)، بەڵگە ڕۆشنەکان، دەگونجێ مەبەست موعجیزەکانی بێ، وەك زیندوو کردنەوەی مردوو، چاککردنەوەی نەخۆشی گول و بەڵەك و کەڕو کوێری زگماك و تا دوایی، دەشگونجێ مەبەست ئایەتەکان و ڕستەکانی ئینجیل بێ، دەشگونجێ مەبەست ئەو حوکمە شەرعییە ڕۆشنانە بێ کە هێناونی.

٢)- ﴿ قَالَ قَدۡ جِئۡتُكُم بِٱلۡحِكۡمَةِ ﴾، (کاتێك عیسا عليه السلام بەڵگە ڕۆشنەکانی هێنان)، فەرمووی: بە دڵنیایی حیکمەتم بۆ هێناون، حیکمەت ئەگەر بمانەوێ بە یەك وشە مانای بکەین، واتە: دانایی، کارامەیی، لێزانیی، بەڵام لە ڕاستییدا (حیکمەت) وەك لە ئایەتەکانی سووڕەتی (الإسراء) وەردەگیرێ و، لە تەفسیری سووڕەتی (الإسراء)دا باسمان

کردوە، بریتیە لە خۆ ڕازاندنەوە بە سیفەتە بەرزو جوانەکان و، لە خۆ داڕنینی سیفەتە نزم و پەست و خراپەکان، چونکە خوا ﷻ دوای ئەوەی لە ئایەتەکانی: (٢٢ - ٣٩)دا، بیست و چوار (٢٤) خەسڵەت باس دەکات، دوازدە (١٢)یان بەرزو پەسندو چاك و، دوازدە (١٢)شیان نزم و پەست و خراپ، دوایی دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِ ﴿٣٩﴾ ﴾، ئەوە ئەو حیکمەتەیە کە پەروەردگارت بۆی سروش کردووی.

کەواتە: حیکمەت بریتیە لە خۆ ڕازاندنەوە بە سیفەتە بەرزو پەسندەکان و، خۆ بژارکردن لە سیفەتە نزم و خراپەکان.

بەڵام زانایان و توێژەرەوان هەندێکیان گوتوویانە: حیکمەت واتە: شەریعەت، هەندێکیان گوتوویانە: ئەو ئینجیلەی کە حیکمەت دەگرێتە خۆی، چونکە تەورات بریتی بووە لە بەرنامەیەك کە هەموو پێغەمبەرانی بەنوو ئیسرائیل کاریان پێکردوە، بەڵام ئینجیل کۆمەڵێك ئامۆژگاریی ڕووحیی و ڕەوشت و ئاکاری بەرزو پەسندی تێدان.

٣)- ﴿ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعۡضَ ٱلَّذِي تَخۡتَلِفُونَ فِيهِ ﴾، (هەروەها هاتووم) تاکو، هەندێك لەوەی تێیدا کەوتوونە ڕاجیایی، بۆتان ڕوون بکەمەوە.

٤)- ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴾، دەجا پارێز لە خوا بکەن و، فەرمانبەریی من بکەن، پارێز لە خوا بکەن بە شوێنکەوتنی کتێبەکەی و، فەرمانبەریی من بکەن، بەوە کە ڕێبازەکەم بگرن.

لێرەدا هەم (طَبَري)، هەم هەندێك لە توێژەرەوانی دیکە، لە ڕوونکردنەوەی ئەو قسەیەدا، کە عیسا ﵇ فەرموویەتی: ﴿ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعۡضَ ٱلَّذِي تَخۡتَلِفُونَ فِيهِ ﴾، تاکو ئەوەی تێیدا کەوتوونە ڕاجیایی بۆتان ڕوون بکەمەوە، گوتوویانە: (**الأُمُور الدِّينيَّة لاَ الدُّنيَوِيَّة**)، کاروباری ئایینی نەك کاروباری دنیایی، بەڵام ئەوە قسەیەکە هەر لەخۆوە کردوویانە، ئنجا (طَبَري)ە، یان هەر کەسێکی دیکەیە، چونکە عیسا ﵇ نەیگوتوە: کاروباری دینییتان بۆ ڕوون دەکەمەوەو، لە

هـی دنیایـی دەگەڕێـم، دینیـش بـۆ ڕێکخسـتنی دنیـا هاتـوە، کەواتـە: ئـەو قسـەیە هەرچەنـدە (طَـبَري)و ژمارەیـەك لـە توێـژەرەوان کـە ڕەنگـە لەویـان وەرگرتبـێ، هێناویانـە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا قسـەیەکە لـە جێـی خۆیـدا نیـە.

٥)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ ﴾، بە دڵنیایی بەس خوا پەروەردگاری من و ئێوەشە.

٦)- ﴿ فَٱعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾، ئنجا بەندایەتیی تەنیا بۆ خوا بکەن، ئا ئەمە ڕێی ڕاستە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾، ئـەم ڕاسـتییە لـە سـوورەتی (آلِ عمـران)، ئایەتـی (٥١)دا هاتـوەو، لـە سـوورەتی (المائـدة)، ئایەتـی (١١٧)دا هاتـوەو، لـە سـوورەتی (مَريَـم) ئایەتـی (٣٦)دا هاتـوەو، لـەم سـوورەتی (الزخـرف) ئایەتـی (٦٥)ش دا هاتـوە، واتـە: لـە چـوار شـوێن لـە قوڕئانـدا دووبـارە بۆتـەوە، ئـەوەش بەرپەرچدانـەوەی نەصرانییەکانـە، کـە دەڵێـن: عیسـا کـوڕی خوایـەو، بەشـێکە لـە خـوا، یـان بەشـێك لـە پەروەردگارێتیی هەیـە، ئـەوە هەمـووی بەرپەرچدانـەوەی ئـەو قسـانەی ئەوانـە، خـوا ﷻ زانیویەتـی نەصرانییـەکان بەزۆریـی ئـەوە دەبێتـە هـۆی گومڕاییـان، بۆیـە ئـەو ڕاسـتییەی لـە چـوار شـوێن لـە قوڕئانـدا دووبـارە کردۆتـەوە، سـوورەتەکانی: (آلِ عمـران، المائـدة، مَريَـم، الزخـرف)، [بـە دڵنیایـی هـەر خـوا پـەروەردگاری مـن و ئێوەشـە، بیپەرسـتن، ئـا ئـەوە ڕێـی ڕاسـتە].

بـەڵام بگوتـرێ: عیسـا کـوڕی خوایـە، یـان یەکێکـە لـە سـێیەکان، ﴿ لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ .... ﴿٧٢﴾ ﴾المائـدة، بـە تەئکیـد ئـەوە شـیرك و بێبڕواییـە.

٧)- ﴿ فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ ﴾، حیزبەکان و، کۆمەڵەکان، لە نێو خۆیاندا کەوتنە ڕاجیایی، (الأَحْزابُ: الفِرَقُ النَّصْرانِيَّة الكَثيرَة)، (الأَحْزاب) مەبەست پێی دەستەو تاقمە زۆرەکانی نەصرانییەکانە.

٨)- ﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا ﴾، ئنجا سزای سەخت بۆ ئەوانەی ستەمیان کرد.

٩)- ﴿ مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴾، لە ئازار ڕۆژێکی بە ئێش، لە سوورەتی (مَريَم)دا دەفەرمویّ: ﴿ فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٣٧﴾ ﴾، حیزبەکان، (تاقمەکانی نێو نەصرانییەکان)، لەنێو خۆیاندا کەوتنە ڕاجیایی، ئنجا سزای سەخت بۆ ئەوانەی بێبڕوان، لە دیمەنی ڕۆژێکی مەزندا، بەڵام لێرەدا دەفەرمویّ: ﴿ مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴾، ئەمەش یانی: ئەو ڕۆژە هەم ڕۆژێکی بە ئێشە، هەم ڕۆژێکی مەزنەو، دیمەنێکی زۆر سامناکی مەزنی هەیە.

لێرەدا دەفەرمویّ: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ ظَلَمُوا ﴾، بەڵام لەویّ دەفەرمویّ: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا ﴾، بۆ ئەوەی بزانریّ: ئەوانە هەم بێبڕوا بوون و، هەم ستەمکاریش بوون.

زانایان زۆریان قسە کردوە لە بارەی حیزب و دەستەو تاقمەکانی نەصرانییەکانەوە، هەندێکیان گوتوویانە: ئەوانە چوار تاقم بوون:

١- (النَسْطُورِيَّة)، کە گوتوویانە: عیسا کوڕی خوایە.

٢- (اليعَاقِبَة)، کە گوتوویانە: عیسا هەر بۆ خۆی خوایە.

٣- (المَلْكَانِيَّة)، کە گوتوویانە: عیسا سێیەمی سێیەکانە، (ثَالِثُ ثَلاثَة)، کە ئەمانە کاسۆلیکەکانن، گوتوویانە: (الأب، الإبن، الرُوح القُدُس)، باب و کوڕو گیانی پیرۆز، باب خوایە، کوڕ عیسایە، گیانی پیرۆز جیبریلە، گوتوویانە: خوا لە سیّ بەشان پێك دیّ، کە پێیان دەڵێن: (الأَقَانيمُ الثَّلاثَة)، سیّ پێکهاتەکان.

٤- (الأَرِيسِيَّة)، ئەم کۆمەڵە تەفسیرەکان کەمتر باسیان کردوون، بەڵام لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، خۆم لێرەدا هێنام، ئەگەرنا بە زۆریی تەفسیرەکان ئەو سێیەی باسم کردن، باسیان کردوون، بەڵام بە دڵنیایی ئەوەی چوارەمیان، پێشتریّ زۆرینە بوون، کە گوتوویانە: عیسا بەندەی خواو ڕەوانەکراوی خوایە، هەر بۆیەش پێغەمبەر ﷺ کە

نامە دەنووسێ بۆ هیرەقل دەنووسێ: {أَسْلِمْ تَسْلَمْ وَأَسْلِمْ يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ، وَإِنْ تَوَلَّيْتَ، فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الْأَرِيسِيِّينَ}[1]، واتە: مسوڵمان بە سەلامەت دەبی و، مسوڵمان بە خوا دوو جاران پاداشتت دەداتەوەو، ئەگەر پشت هەڵبکەی (بڕوا نەهێنی)، بە دڵنیایی گوناهو تۆباڵی ئەریسییەکان لە ئەستۆی تۆیە!

واتـە: ئەوانـەی کـە بەندایەتییـان بـۆ خـوا کـردوە، عیسـایان بـە پێغەمبـەری خـوا زانیـوە، گوناهـی ئـەوان لـە ئەسـتۆی تـۆدا دەبـێ، چونکـە ئەگـەر تـۆ ئیسـلام قبـووڵ نەکـەی، ئەوانـەی لەسـەر ڕێیەکـی ڕاسـتن، دوایـی دەچەوسـێنرێنەوە، بـە زۆر سـییانە (ثالوث)یـان بەسـەردا دەسـەپێنرێ و، گوناهـی وان لـە ئەسـتۆی تـۆدا دەبـێ.

لـە کۆبوونـەوەی (**نيقيّـة**)دا کـە لـە سـاڵی (٣٢٥)زایینـی دا، لەلایـەن (**قسـطنطين**) ەوە بەسـترا، بـە ڕەسـمیی (**ثالـوث**)ی تەبەننیـی کـرد، کە پەرسـتراو سـێیەو، سـێ بەشـە: خـواو کـوڕو گیانـی پیـرۆز، بۆیـەش زانایـان گوتوویانـە: (**تَرَوَّمَـتِ النَّصْرَانِيَّـةُ، وَلَـمْ يَتَنَـصَّرِ الـرُّومِ**)، نەصرانییـەت ڕۆمایەتیـی قبـووڵ کـرد، نـەك ڕۆم نەصرانییـەت قبـووڵ بـکات، ڕۆم نەصرانییـەت و مەسـیحیەتی عیسـای ﷺ وەرنەگـرت و تەبەننیـی نەکـرد، بەڵکـو نەصرانییـەت تەنازولـی کـرد بـۆ فیکـرەی ڕۆمـەکان، کـە هاوبـەش بـۆ خوادانـان (**الإشراك باللـه**) بـوو.

ئێمـە بەسـەرهاتی چۆنیەتیـی لـە ڕێ لادرانـی ئایینـی مەسـیح، لـە ڕاسـتە شـەقامی تەوحیـد، بـەرەو شـیرك و سـێ پەرسـتراویی، لـە مەوسـووعەی: (دڕەوشـاوەیی ئیـمان و پووچەڵیـی ئیلحـاد لەبـەر تیشـکی زگـماك و عەقـڵ و زانسـت و وەحیـی دا)، لـە ژێـر ناوونیشـانی: (سـەر گوزشـتەی سـەرهەڵدانی ئیلحـاد لـە ڕۆژئـاوادا)، باسـمان کـردوە، هەروەهـا لـە کتێبـی: (چەنـد مەسـەلەیەکی بـاوی سـەردەم)دا، لـە باسـی عەلمانییەتـداو لـە: (دیبەیتـی سـاڵ، سـیکۆلاریزم و دیموکڕاسـیی لـە هەرێمـی

---

(١) أخرجـه البخـاري في: ٦٥ كتـاب التفسـير: ٣ سـورة آل عمـران: ٤ بـاب قـل يـا أهـل الكتـاب تعالـوا إلى كلمـة سـواء، برقـم: ٢٧٨٢.

کوردستاندا)، لەوێشدا باسمان کردوە، چونکە زۆر گرنگە ئەو بەسەرهاتە بزانرێ، کە چۆن ئایینی مەسیح، لە ڕێی ڕاستە شەقامی خوا بەیەککرتن (توحید) لایدا، سەری کێشا بۆ ئەوە کە بووە: سێ پەرستاویی.

سُبْحَانَكَ اللّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی شەشەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە هەشت (٨) ئایەت پێك دێ، ئایەتەكانی: (٦٦ - ٧٣)، كە سەرەتا باسی كتوپڕ هاتنی ئاخیر زەمان (**السّاعة**) كراوە.

دوایی باسی پێكەوە بوونە دوژمن و، ناكۆك بوونی هەموو ئەوانەی لە دنیادا پێكەوە دۆست و خۆشەویست بوون، جگە لە پارێزكاران، باسی ئەوە كراوە، كە خوای میهرەبان بە هەر سێك سیفەتی: (**عِبادي، آمَنوا بآياتِنا، وكانوا مُسلِمين**)، پێناسەیان دەكات.

ئنجا باسی ئەو پاداشت و ئازو نیعمەتە كراوە، كە بۆیان دانراوە و، لە ڕووی مەعنەوییەوە بە: ﴿لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ﴾، (نە ترستان لەسەرەو، نە خەم و پەژارە دادەگرن)، ئەو ئازو نیعمەتە پێناسەكراوەو، لە ڕووی ماددییشەوە بە كۆمەڵێك وەسفی گەورەو گرنگ ئەو ئازو نیعمەتە پێناسە كراوە، كە دەتوانین لە حەوت خاڵدا بیانخەینە ڕوو:

١- خۆتان و هاوسەرانتان بچنە بەهەشت: ﴿ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ تُحْبَرُونَ﴾.

٢- شادمان دەكرێن، (**تُحْبَرُون**)، یانی: گەش و گۆڵ و جوان و بەرچاو دەكرێن.

٣- لە قاپ و پەرداخی زێڕدا خواردن و خواردنەوەیان بەسەردا دەگێڕدرێ: ﴿يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ﴾.

٤- هەرچی نەفسیان ئارەزووی بكات و چاویان چێژی لێ بكات، بۆیان هەیە: ﴿وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ﴾.

٥- تێیدا هەر ماوو هەمیشەیی دەبن: ﴿وَأَنتُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾،

٦- بەهەشت دەکرێتە میراتیان، واتە: بەهەشتیان وا پێدەدرێ، وەك چۆن میراتێك بە کەسێك دەگات، کە هیچ کەسی دیکە داوای ناکات و، بە ئاسانیی دێتە دەستیان: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِيٓ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾.

٧- میوەجاتی زۆرو جۆراو جۆریان هەیە لەوێدا: ﴿ لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾.

﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٦﴾
ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ يَٰعِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ
ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٦٨﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴿٦٩﴾ ٱدْخُلُوا۟
ٱلْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ تُحْبَرُونَ ﴿٧٠﴾ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ
وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٧١﴾ وَتِلْكَ
ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِيٓ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٧٢﴾ لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا
تَأْكُلُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئایا تەنیا چاوەڕێی ئاخیر زەمان ناکەن، کە کتوپڕ بۆیان بێ، بێ ئەوەی هەست بکەن! ﴿٦٦﴾ دۆستان(ی زۆر نیزیك) لەو ڕۆژەدا لە یەکدی دەبنە دوژمن، جگە لە پارێزکاران ﴿٦٧﴾ (خوا دەفەرمویْ:) ئەی بەندەکانم! ئەمڕۆ نە ترستان لەسەرەو، نە خەمبار دەبن ﴿٦٨﴾ ئەوانەی بڕوایان بە نیشانەکانمان هێنا بوو، (بۆ خواش) ملکەچ بوون ﴿٦٩﴾ خۆتان و هاوسەرانتان بچنە بەهەشتەوە، شادمان دەکرێن (بە چاکەو نیعمەتی بێ وێنەی خوا)، ﴿٧٠﴾ قاپە زێڕینە پڕ (لە خۆراك)

ەکان و، پەرداخـە (زێڕینـە پـڕ لـە خواردنەوە)کانیـان، بەسـەرەوە دەگێڕدرێـن و، هەرچی نەفسیان ئارەزووی بکات و، چاویان چێژی لێ وەربگرێ، تێیدایەو، ئێوە تێیدا هەرماوو هەمیشەیی دەبن ﴿٧١﴾ ئەو بەهەشتەش کە میرات ئاسا پێتان خەڵاتکراوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە دەتانکرد ﴿٧٢﴾ بۆ ئێوە میوەی (جۆراوجۆری) زۆر هەیە لەوێدا، کە لێی دەخۆن ﴿٧٣﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلسَّاعَةَ): (جُزْءٌ مِنْ أجْزَاءِ الزَّمَانِ، وَيُعَبَّرُ بِهِ عَنِ القِيَامَةِ، وَسُمِّيَت بِذَلِكَ تَشْبِيهاً لِسُرْعَةِ حِسَابِهِ)، (سَاعَة): بەشێکە لە بەشەکانی کات، تەعبیری پێ دەکرێ لە قیامەت، (وشەی قیامەت لە لای زانایان، زۆرجار بەکاردەهێنرێ بۆ قۆناغی ئاخیر زەمان و، قۆناغی زیندوو بوونەوەش، بەڵام لە قورئاندا وشەی قیامەت، بۆ قۆناغی دووەم، واتە: قۆناغی زیندووکرانەوەو سزاو پاداشت بەکاردەهێنرێ و، بۆ قۆناغی ئاخیر زەمان، (ساعَة) زیاتر بەکاردەهێنرێ و، (اليَوْمِ الآخِر) و (الآخِرة) ش بۆ هەردووك قۆناغەکان بەکاردەهێنرێ)، بۆیە وشەی (سَاعَة) بۆ ڕۆژی دوایی بەکارهێنراوە، چونکە زۆر بەخێرایی لێپرسینەوەو سزاو پاداشتی تێدا دەکرێ.

(بَغۡتَةً): (البَغْتُ: مُفَاجَأةُ الشَّيءِ مِنْ حَيْثُ لاَ يُحْتَسَب)، (بغت): بریتیە لە شتێك کتوپڕ بێ، بێ ئەوەی حیسابی بۆ بکرێ و چاوەڕوانیی بکرێ.

(لَا يَشۡعُرُونَ): (أي: لا يُدْرِكُونَهُ بِالحَوَاسّ)، یانی: بەهەستەوەرەکانیان دەرکی ناکەن.

(ٱلۡأَخِلَّآءُ): (جَمْع خَلِيل، الخُلَّةُ: المَوَدَّةُ، خَالَلْتُهُ: مُخَالَّةً وَخِلاَلاً فَهُوَ خَلِيلٌ، وَالخُلَّةُ: مِنْ تَخَلُّلِ وُدٍّ نَفسهُ وَمُخالَطَتِهِ)، (أخِلاء) کۆی (خَليل)ە، یانی: دۆست و نیزیك، (خُلَّة) بە مانای خۆشویستن دێ، دەگوترێ: (خَالَلْتُهُ: مُخَالَّةً وَخِلاَلاً فَهُوَ

خَلِيْلٌ) واتـە: خۆشمویسـت بـە خۆشویسـتن، ئـەو خۆشویسـتراوە، (الخُلَّةُ: مِـنْ تَخَلُّـلِ وُدِّ نَفْسِـهِ وَمُخالَطَتِهِ) لـەوەوە هاتـوە، کـە خۆشەویسـتیی ئـەو کەسـە یـان ئـەو شـتە، تێکـەڵ و ئاوێتـە بووبـێ لەگـەڵ دڵ و دەروونیـدا.

(تُحْبَرُونَ): واتـە: دڵخـۆش دەکرێـن، شـادمان دەکرێـن، یـان: گـەش و گـۆڵ دەکرێـن، (الحِبرُ وَالحَبْرُ: الأَثَرُ المُسْتَحْسَـن)، (حِبرٌ وَحَبْرٌ) یـانی: شـوێنەوارێکی بە پەسـند دانـراو، (يُحْبَرُون: أي: يَفْرَحُـونَ ويَظْهَـرُ عَلَيهِـم حَبَارُ نَعِيمِهِـم)، واتـە: دڵخـۆش دەبـن، تاکـو شـوێنەواری ئـەو نـازو نیعمەتـە لەسـەر دەم و چاویـان دەردەکـەوێ، مرۆڤ کـە دڵخـۆش بـێ، دەم و چـاوی زیاتـر دەدرەوشـێتەوەو، بـە پێچەوانـەوە: ئەگـەر تـوورەو پەسـت و خەمبـار بـێ، دەم و چـاوی تاریـك دادێ.

(يُطَافُ عَلَيْهِم): بەسـەریانەوە دەگێـردرێ، (الطَّوْفُ: المَشِيُ عَلَى الشَّيء)، (طَوْف): ڕۆیشـتنە بـە دەوری شـتێکدا، (طَـافَ، يَطـوفُ)، یانـی: بـەدەوری دا گـەڕا، دەگـەڕێ، (يُطَافُ عَلَيْهِم): واتـە: بەسـەریانەوە دەگێـردرێ.

(بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ): بـە قاپـی لـە زێـڕ دروسـتکراو، (صِحَـافٍ) واتـە: قاپـەکان، دەفرەکان، کـە کـۆی (صَحِيْفَة)یـە، (الصَّحِيْفَـة: المَبْسُـوطُ مِـنَ الشَّيء)، (صحيفـة) شـتێك کـە بڵاوکرابێتـەوە، (الصَّحْفَـةُ: جَمْـعُ صِحَـاف، مِثْـلُ قَصْعَـةٍ عَرِيْضَـة)، (صَحْفَـةُ)، بـە (صِحَـاف) کـۆ دەکرێتـەوە، وەك (قَصْعَـةٍ)، قاپێکـی فراوانـە، کـە خواردنـی تێدەکـرێ.

(وَأَكْوَابٍ): کـۆی (کـوب)ە، (الكُـوب: قَـدَحٌ لاَ عُـرْوَةَ لَـهُ)، (کـوب): فنجانـە، یـان پەرداخێکـە، دەسـکی نەبـێ، هەنگڵـی نەبـێ، (الكُوبَـةُ: الطَّبْـلُ الـذي يُلْعَـبُ بـهِ)، (طَبل) پێـی دەگوتـرێ: (کوبـة)، ئـەوەی کـە لێـدەدرێ و یاریـی پـێ دەکـرێ.

(تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ): نەفسـەکان ئـارەزووی بکـەن، (أَصْلُ الشَّـهْوَةِ: نُـزوعُ النَّفْسِ إلى مـا تُرِيـدهُ)، (شـهوة) بریتیـە لـەوەی نەفـس بـەرەو شـتێك بچـێ کـە دەیـەوێ، یانـی: ئـارەزوو کـردن، (الشَّـهْوَةُ: المُشْـتَهَى)، (شـهوة) بـە مانـای ئـارەزوو کـراو دێ، (وَقـوَّةُ الإشـتِهاءِ)، هەروەهـا بـە هێـزی ئـارەزوو کردنیـش دەگوتـرێ شـەهوەت، هـەم

ئەو شتەی ئارەزوو دەکرێ، هەم بەو هێزەی مرۆڤ بەهۆیەوە، ئارەزووی شتان دەکات، هەردووکیان وشەی شەهوەتیان بۆ بەکاردەهێنرێ.

(وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ): چاوەکان چێژی لێ وەردەگرن، (تَلَذُّ: مُضَارِعُ لَذَّ، بِوَزْنِ عَلِمَ، أي لَذِذَ)، بەڵام دوایی دوو (ذ)یەکان تێکدا دەغم دەکرێن، (لَذِذَ) دەبێتە (لَذَّ) چێژی وەرگرت، (إذا أَحَسَّ لَذَّةً)، ئەگەر هەستی بە چێژێك کرد، (لَذَّ بِهِ، وَلَذَّهُ) هەردووکیان بەکاردەهێنرێن، (لَذَّ بِهِ)، واتە: چێژی بەهۆی ئەوەوە وەرگرت، (وَلَذَّهُ) واتە: چێژی لێوەرگرت، ئنجا: (وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ) ئەصڵی خۆی (تَلَذُّهُ الأعيُن) بووە، چاوەکان چێژی لێ وەردەگرن.

(أُورِثْتُمُوهَا): (أُعْطِيتُمُهَا، وَمُلِّكْتُمُوهَا)، پێتان دراوەوو کراوە بە موڵکی ئێوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە پێش کۆتایی ئەم سوورەتەدا، لەم هەشت ئایەتەدا باسی ئەو نازو نیعمەتانە دەکات، کە بۆ ئەهلی ئیمان و پارێزکاران دانراون و، لە ئایەتەکانی کۆتاییش دا، باسی ئەو سزاو ئازارو جەزرەبەو مەینەتییانە کراوە، کە بۆ ئەهلی کوفرو شیرك و تاوان دانراون، کە لە دەرسی کۆتایی دا تەفسیریان دەکەین.

سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، ئایا جگە لە (ساعَة) چاوەڕێی چی دەکەن، کە کت و پڕ بۆیان بێ، لە حاڵێکدا ئەوان هەست ناکەن، وشەی (ساعَة)، وەك پێشتریش گوتمان، یانی: ئەو کاتەی دیارییکراوە، بۆ شتێك، وشەی (ساعَة) بەشێکە لە کات، کەم بێ یان زۆر بێ، دوایی بە پێی عورف و باوی خەڵك دیاریی دەکرێ، بە کوردیی دەڵێن: کاژێرو ئەوەی کاتەکەی پێ دەژمێردرێ، کاتژمێری بۆ بەکاردێ، بەڵام پێم وایە باشترە لە جیاتی کاژێر، هەر بگوترێ: (ساعَة)، یان سەعات،

کوردەواریی خۆمان دەڵێن، دوو سەعاتی پێچوون، ئەم وشەی سەعاتە، کە بۆ کات بەکاردەهێنرێ، هەر (**ساعَة**)ی عەرەبییە، بەڵام کوردێنراوە، زۆرجار وشەی سەعات، وەك چۆن بۆ کاتەکە بەکاردەهێنرێ، بۆ ئامێرەکەش بەکاردەهێنرێ، کە کاتی پێ دەژمێردرێ، بۆیە ئەگەر بە ئامێرەکە بگوترێ: کاتژمێرو بە کاتەکە بگوترێ: سەعات باشە.

ئنجا (**السَّاعة**) لە باوو زاراوەی ئێستای مرۆڤاندا، بەشێکە لە بیست و چوار بەشی شەوو ڕۆژێك کە بە شێوەی ئێوکۆیی (**مَعَدَّل**)، ڕۆژ دوازدە سەعات، شەو دوازدە سەعات، ئەوە بیست و چوار، هەر کامێك لە بەشەکان پێی دەگوترێ: (**ساعة**) بە عەرەبیی، بەڵام لە ئەسڵی زمانی عەرەبیی دا، (**ساعة**) یانی: بەشێك لە کات و، مەرج نیە یەك لەسەر بیست و چواری شەوو ڕۆژێك بێت.

دوایی لە بەکارهێنانی قورئاندا، وشەی (**السَّاعة**) بە زۆریی بۆ ئاخیر زەمان بەکارهێنراوە، جاری واش هەیە، بۆ هاتنی قیامەت بەکارهێنراوە، جاری واش هەیە، بۆ هاتنی ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و ڕۆژی دوایی بەکارهێنراوە.

لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، ئایا چی چاوەڕێ دەکەن جگە لە (**ساعة**)، کە کت و پڕ بۆیان بێت، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، بێگومان ئەوە مەبەست پێی ئاخیر زەمانە، چونکە تاکو ئاخیر زەمان نەیەت، قیامەت نایەت، ئنجا ئاخیر زەمان کت و پڕ دێ، وەك لێرەدا وا دەفەرموێ و، لە سوورەتی (**الأعراف**)یش دا، کە کاتی خۆی تەفسیرمان کردوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾ ﴾.

واتە: لە بارەی (**ساعة**)وە لێت دەپرسن، کەی لەنگەر دەگرێ (کەی دەگاتە جێ)؟، بڵێ زانیارییەکەی لە لای پەروەردگارمە، بەس ئەو بۆ کاتەکەی دەری دەخات، قورسە لەسەر ئاسمانەکان و زەوی، کتوپڕ نەبێ، بۆتان نایەت، لێت دەپرسن وەك تۆ زۆر پێی شارەزا بی (یان زۆر خەمخۆری بی)، بڵێ زانیارییەکەی لە لای خوایە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

هەروەها لە زۆر شوێنی دیکەشدا، خوا ﷻ باسی ئاخیر زەمان دەکات و وای باس دەکات، کە کتوپڕ دێ، بەڵام قیامەت باس نەکراوە، چۆن دێ، مەرج نیە کت و پڕ بێ، ئنجا ماوەیەکیش دەکەوێتە نێوان (**ساعة**) و (**قيامة**)، ئاخیر زەمان و قیامەتەوە، لە فەرمایشتی صەحیحی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، کە فەرموویەتی: چل، ئنجا یەکێك لە ڕاوییەکانی ئەبوو هورەیرە، کە فەرمایشتەکەی پێغەمبەری ﷺ لێ گێڕراوەتەوە، گوتوویەتی: چل ڕۆژ، گوتوویەتی ئامادە نیم ئەو ڕایە قبووڵ بکەم، هەروەها چل هەفتە، مانگ، ساڵ، ئەویش هەر گوتوویەتی (**أَبَيتُ**) واتە: نازانم و دیار نیە ئەو شتە چەندە[1].

گرنگ ئەوەیە لە نێوان ئاخیر زەمان و قیامەتدا، ماوەیەك هەیەو، خواش ﷻ کە باسی ئاخیر زەمان دەکات، وای باس دەکات کە کتوپڕ دێ.

پێویستە ئەوەش بگوترێ، کە دەفەرموێ: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، ئەم وشەی (**السّاعة**)، هەرچەندە وەك زاراوەیەکی شەرعیی، بۆ ئاخیر زەمان یان بۆ قیامەت بەکاردێ، بەڵام دەشگونجێ مەبەست پێی ئەو کاتە بێ، کە مرۆڤەکان هەر کامێکیان تێیدا دەمرن، واتە: ئایا چاوەڕێی چی دەکەن، جگە لەوەی ئەو کاتە بێ، کە کتوپڕ دێ و تێیدا دەمرن، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا، کە جەڵتەی دەماغ و وەستانی

---

(١) صحيح البخاري

دڵ و، ڕووداوی هاتووچۆو، ڕووداوی کتوپڕ، زۆر بوون[1]، بەبێ ئەوەی مرۆڤ هەست پێ بکات، وەك دەڵێن: تاکو نەخۆشێك دەمرێ، سەد ساغ دەمرێ، هەتا پیرێك دەمرێ، سەد گەنج دەمرێ، ئەمەش داچڵەکاندنێکە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، کەواتە: ئەو سەفەرە هەر لەبەرە، چ سەفەری مەرگی هەر کامێك، چ سەفەری کۆتایی هاتنی ئەم ژیانی دنیایەو پێچرانەوەی بە تێکڕا.

﴿ ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۢ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ ﴾، لەو ڕۆژەدا، ئەوانەی یەکدییان خۆشویستوە، دڵسۆزی یەکدی بوون، زۆر لە یەکدی نیزیك بوون، لەو ڕۆژەدا هەندێکیان دەبنە دوژمنی هەندێکیان، واتە: پێکەوە دەبنە دژو ناکۆك، ﴿ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ ﴾، جگە لە پارێزکاران، چونکە ئەوانەی پارێزکار بوون و، لەبەر خوا یەکدییان خۆشویستوە، لەو یەکدیی خۆشویستنەی لەبەر خوا ﷻ بووە، لە دنیاشدا لێی بەهرەمەند بوون، هاوکاری یەکدیی بوون بۆ چاکەو، بۆ خوا پەرستیی، بۆ چاکەکاریی، بۆ ڕاستیی و دروستیی، لە دواڕۆژیشدا لێی بەهرەمەند دەبن، لەو دۆستایەتیی و نیزیکیی و خۆشەویستییە، بەڵام ئەوانی دیکە، لە دنیاشدا لێی زەرەرمەندن، بە مانا ڕاستەقینەکەی، بەڵێ ڕەنگە هەندێك بەهرەی ماددیی و سوودی زوو تێپەڕیان وەرگرتبێ، بەڵام لە درێژخایەندا، زەرەریان لێ کردوە، هەموو ئەوانەی لەبەر بەرژەوەندییەکی دنیایی، یان لەسەر بناغەی ستەم و خراپە، لێك کۆدەبنەوە، بە تەنکید هەر لە دنیاشدا، زیانەکەیان دەردەکەوێ، بەڵام زەرەری گەورە لە دواڕۆژدا دەردەکەوێ، بۆیە لەوێ لێك دەبنە دوژمن، جگە لە پارێزکاران.

﴿ يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ﴾، ئەم دواندنە بۆ پارێزکارانە، ئەی بەندەکانم! ئەمڕۆ نە ترستان لەسەرەو، نە پەژارەش دادەگرن، ترستان لەسەر نیە بۆ داهاتوو، چونکە دەزانن ئێوە لە خەم ڕەخسیون و، بەرەی خۆتان لە ئاوێ دەرهێناوەو، خوا بەختەوەری کردوون، ژیانی هەمیشەیی

---

(١) ئێستاش نەخۆشی ڤایرۆسی کۆڤید نۆزدە (١٩) کە بە کۆرۆنا ناسراوە، بۆتە سەربارە! کە هەتا ئێستا (٢٠٢١/١٠/١٥ز) دەوری پێنج ملیۆن کەسی پێ مردوە

و بەهەشتی نەبڕاوەتان بە قسمەت بووەو، خەمباریش نین، چونکە دەزانن بە هۆی ئەو ژیانە دنیاییەوە، کە گوزەراندووتانە ئەو بەهەشتەتان دەستکەوتوە، واتە: خەم و پەژارە داناگرن بۆ دنیا، بۆ ژیانی دنیا کە تێپەڕیوە، بەڵکو دڵخۆشن کە ژیانی دنیایەکەتان بە شێوەیەك گوزەراندوە، کە ڕەزامەندیی خواو بەهەشتی پێ وەردەگرن.

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێنابوو، ملکەچ بوون، بڕوایان هێنابوو بە هەموو ئەو شتانەی پێویست بوو بڕوایان پێ بهێنرێ، ملکەچیش بوون بۆ خوا ﷻو، بۆ شەریعەتی خوا، واتە: ئەوانەی لە دنیادا، هەم ئەهلی ئیمان بوون، هەم ئەهلی ئیسلام بوون، ئەهلی ئیمان بوون بە عەقڵ و دڵ و دەروونیان و، ئەهلی ئیسلام بوون بە ڕواڵەت و جەستەیان، هەم خوایان بە ڕاست دەزانی، هەم ئەوپەڕی خۆشویستن و بە بەرزگرتن و، بە مەزنگرتن و، پشت پێ بەستن و، ملکەچ کردنیان بۆ خوا هەبوو، هەروەها ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیی لە دوایی خوای پەروەردگار، بۆ پێغەمبەری خوایان ﷺ هەبوو و، ئەوپەڕی پەسندکردنیان بۆ بەرنامەی خوا هەبوو، کە بە پێغەمبەری خاتەمدا ناردوویەتی، ئەوە وەك ئیمان، وەك ئیسلامیش ئەوپەڕی پابەندیی و ملکەچییان هەبوو بۆ خواو، هەم شوێنکەوتنیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و هەم پەیڕەویی کردنیان لە شەریعەت و بەرنامەی خوا، ﴿ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ ﴾، بچنە بەهەشتەوە، خۆتان و هاوسەرانتان، هەندێکیان گوتوویانە: (**أزواجُكُم أي: أصْنافُكُم أو أقْرانُكم**)، هاودەم و هاوڕازانتان، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەستی هاوسەران بێ، خۆتان و هاوسەرانتان بچنە بەهەشتەوە، ﴿ تُحْبَرُونَ ﴾، واتە: دڵخۆش دەکرێن، یان بەختەوەر دەکرێن، یان گەش و گوڵ و پڕ نازو نیعمەت دەکرێن، شادمان دەبن بە شێوەیەك، کە شوێنەواری ئەو نازو نیعمەتەی پێتان دراوە، لەسەر دەم و چاوتان دەردەکەوێ.

﴿ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ ﴾، قاپە لە زێڕ دروستکراوەکانیان بەسەرەوە دەگێردرێن، ﴿ وَأَكْوَابٍ ﴾، هەروەها کووپ و پەرداخە لە زێڕ دروستکراوەکانیان،

بەسـەرەوە دەگێردرێـن، ئنجـا بێگومـان قـاپ و دەفرەکانیـان کـە بەسـەرەوە دەگێردرێـن، هەروەهـا پـەرداخ و کووپەکانیـان کـە بەسـەرەوە دەگێردرێـن، خاڵیـن نیـن، لـە دنیاشـدا کـەس قاپـی بـە تـاڵ بەسـەر میوانـەوە ناگێـڕێ، پەرداخـی بـە تـاڵ بەسـەر میوانـەوە ناگێـڕێ، چ جای لـە بەهەشـتی خـوادا، کەواتـە: قاپـی زێـڕی پـڕ لـە خواردەمەنـی و، پەرداخـی زێـڕی پـڕ لـە خواردنـەوە، کـە هـەر خـوا ﷻ دەزانـێ، ئـەو خواردنانـەو ئـەو خواردنەوانـە چیـن و چۆنـن؟ بێگومـان نایابتریـن و چاکترین شـتن، کە ئێمـە ئێسـتا بۆمـان وێنـا ناکرێـن، وەك خـوا لـە سـوورەتی (السَّجدة)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتـە: هیـچ نەفسـێك نازانـێ، ئـەوەی بۆیـان پەنهانکـراوە، لـەوەی پێـی دڵخـۆش و دڵشـاد دەبـن، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە کردوویانـە، هیـچ نەفسـێك نازانـێ، یـانی: هەتـا نەچیـە بەهەشـت، نازانـی چـی تێدایـە، ئـەوەی خـوا ﷻ باسـی دەکات، عەقڵـی ئێمـە هـەر لەوەنـدە حاڵیـی دەبـێ، عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) دەڵـێ: ئـەو نـازو نیعمەتانـەی خـوا ﷻ باسـیان دەکات لـە قورئانـدا، لەگـەڵ ئەوانـەی دنیـا، تەنیـا لـە نـاودا یەکدەگرنـەوە، بـەڵام لـە نێوەڕۆکـدا هـەر خـوا ﷻ دەزانـێ، ئـەو نـازو نیعمەتانـەی بەهەشـت چۆنـن، ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (السَّجدة)ش، زۆربـاش ئـەو مەبەسـتە دەگەیەنـێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ ﴾، واتـە: هیـچ نەفسـێك، هیـچ کەسـێك، نازانـێ ئـەوەی بۆیـان پەنهانکـراوە، لـە شـتێك کـە هێنـدە پـێ دڵخـۆش دەبـن، فرمێسـکی شـادییان بـۆی دێ و ئەوپـەڕی جێـی دڵخۆشـییە، لێـرەش دەفەرمـوێ: بچنـە بەهەشـتەوە، خۆتـان و هاوسـەرانتان: ﴿ تُحْبَرُونَ ﴾، لەوێـدا شـادمان و بەختـەوەر دەکرێـن.

﴿ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ﴾، قاپـە لـە زێـڕ دروسـتکراوەکانیان بەسـەرەوە دەگێڕرێـن، یـانی: خـۆراکی نێـو قاپە لە زێـڕ دروسـتکراوەکان، ﴿ وَأَكْوَابٍ ﴾، هەروەهـا خواردنـەوە لـە نێـو کووپـە زێڕینەکانـدا، ﴿ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴾، لـەو بەهەشـتەدا هەیـە هەرچـی نەفسـەکان دەیخـوازن و،

هەرچی چاوەکان چێژی لێ وەردەگرن، لێرەدا خوا ﷻ یەك تەعبیری بەکارهێناوە، پێویست بە هیچ شتێکی دیکە ناکات، بەکاربهێنرێ بۆ وەسفی بەهەشت: هەرچی نەفس بیخوازێ و هەرچی چاو لەززەتی لێ بکات، لێیەتی ﴿وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾، ئێوە لەوێشدا، بەهەمیشەیی دەمێننەوەو هەر ماو دەبن.

﴿وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾، ئەو بەهەشتەی وەك میرات پێتان دراوە، بە هۆی ئەوەوە کە کردووتانە.

﴿لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ﴾، بۆ ئێوە لەوێدا میوەی زۆر هەیە لێی دەخۆن، واتە: میوەی زۆرو جۆراو جۆر.

شایانی باسە: خوا ﷻ بۆ نازو نیعمەتی بەهەشت، زۆر باسی میوە دەکات، چونکە میوە بەزۆریی بۆ لەززەت دەخورێ، بۆ لابردنی برسیەتیی و تینوێتیی و میوە ناخورێ، بەڵکو تەنیا بۆ لەززەت و خۆشیی و چێژوەرگرتن دەخورێ، بۆیە عادەتی خەڵك وایە، یان پێش نان خواردن میوە دەخوات، یان دوای نانخواردن، نەك بۆ ئەوەی ئازاری برسیەتیی پێ لابەرێ، مەگەر کەسێك خواردنی دەست نەکەوێ، پەنا بەرێتە بەر میوە، ئەگەرنا کەسێ خواردنی لەبەردەستدا بێ، بۆ لابردنی برسیەتیی، خواردن دەخوات، نەك میوە، ئنجا خوا ﷻ بۆیە بە زۆریی باسی میوە دەکات، چونکە خواردن و خۆراکی بەهەشت، بۆ لابردنی برسیەتیی نیە، بەڵکو تەنیا بۆ لەززەت و چێژ وەرگرتنە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ئاخیر زەمان کت و پڕ دێ، بێ ئەوەی خەڵك هەست بکات و، لەو ڕۆژەشدا سەرجەم ئەوانەی لە دنیادا دۆست و خۆشەویستی یەکدی بوون، دەبن بە دوژمن و ناحەزی یەکدی، جگە لە پارێزکاران:

خوا ﷻ دەفەرموآ: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٦﴾ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ ﴾، ئایا جگە لە کاتەکە **(ساعة)**، چاوەڕێی چی دیکە دەکەن؟ ئایا تەنیا چاوەڕێی کاتەکە **(ساعة)** ناکەن؟ لێرەدا **(هَل)** بۆ پرسیارکردنی نکووڵیلێکردنە، واتە: جگە لە هاتنی ئاخیر زەمان، چاوەڕێی هیچی دیکە ناکەن، وشەی: **(يَنظُرُون)**، یانی: **(يَنتَظِرُون)**، چاوەڕێ دەکەن، **(أي: لا يَنتَظِرُونَ إلاّ حُلُولَ السّاعة)**، جگە لە هاتنی **(سّاعة)** ئاخیر زەمان، چاوەڕێی هیچی دیکە ناکەن، واتە: سەرەنجام ئەم ژیانە دنیایییە هەر **(سّاعة)**ی بە دوادا دێ.

ئنجا هەم ژیانی دنیای هەر کام لە مرۆڤەکان، ئەو کاتەی بەدوادا دێ، کە ژیانە دنیاییەکەی کۆتایی پێ دێ، وەك گوتراوە: **(مَن مَاتَ فَقَدْ قَامَت قِيَامَتُهُ)**، هەر کەسێك مرد، قیامەتی ئەو هاتوە، هەم ژیانی کۆی مرۆڤەکان لەسەر زەوی، سەرەنجامەکەی هەر ئەوەیە ئاخیر زەمان بێ و، ئەم ژیانە دنیاییە بپێچرێتەوە، قۆناغێکی دیکە بێتە پێش.

پێغەمبەری خواش ﷺ وشەی (ساعة)ی بەکارهێناوە، بۆ مردنی جیلێك لە بەشەر، وەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە:

{عَنْ أَنَسٍ ﷺ، أَنَّ أَعْرَابِيًّا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، عَنْ قِيَامِ السَّاعَةِ؟ فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ: «مَا أَعْدَدْتَ لَهَا؟» قَالَ: لَا، إِلَّا أَنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ، قَالَ: «الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ» ثُمَّ قَالَ: «أَيْنَ السَّائِلُ عَنِ السَّاعَةِ؟» قَالَ: وَثَمَّ غُلَامٌ فَقَالَ: «إِنْ يَعِشْ هَذَا، فَلَنْ يَبْلُغَ الْهَرَمَ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ»} (أخرجه أحمد: ١٣٣٢٤، قال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح)، واتە: ئەنەس ﷺ دەڵێ: ئەعرابییەك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ كرد: دەربارەی ئاخیر زەمان، كەنگێ دێ؟ پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووی: چیت بۆ ئامادە كردوە؟ گوتی: هیچ، تەنها خواو پێغەمبەری خوام خۆشدەوێن، فەرمووی: مرۆڤ لە قیامەتدا لەگەڵ ئەو كەسەدایە كە خۆشیدەوێ، دوایی فەرمووی: كوا پرسیاركەر دەربارەی ئاخیر زەمان؟ (كابراش هات)، پێغەمبەر ﷺ تەماشای خەڵكەكەی كرد، كە وەستابوون، یەكێك كە لە هەموویان گەنجتر بوو فەرمووی: ئەگەر ئەم گەنجە، تەمەن بكات، پیر نابێ كە ئێوە (ساعة)تان دێ، واتە: تاكو گەنج پیر دەبێ، پیرەكان دەمرن.

ئنجا كەسێك ورد نەبێ و بە وردیی سەرنجی فەرمایشتەكانی پێغەمبەر ﷺ نەدات، لەوانەیە وای زانیبێ، كە پێغەمبەر ﷺ پێی وابووە، ئاخیر زەمان زوو دێ، تاكو ئەو گەنجە پیر دەبێ، ئاخیر زەمان دێ! بەڵام نەخێر، فەرموویەتی: (حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ)، یانی: (ساعة)ی ئێوە، ئاخیر زەمانی ئێوە، چونكە هەر كەسێك مرد، بۆ وی ئاخیر زەمانیەتی و، كۆتایی كاتەكەیەتی.

هەروەها لە فەرمایشتێكی دیكەدا لە صەحیحی بوخاریی دا هاتووە: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: بَيْنَمَا النَّبِيُّ ﷺ فِي مَجْلِسٍ يُحَدِّثُ القَوْمَ، جَاءَهُ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ: مَتَى السَّاعَةُ؟ فَمَضَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُحَدِّثُ، فَقَالَ بَعْضُ القَوْمِ: سَمِعَ مَا قَالَ، فَكَرِهَ مَا قَالَ. وَقَالَ بَعْضُهُمْ: بَلْ لَمْ يَسْمَعْ، حَتَّى إِذَا قَضَى حَدِيثَهُ قَالَ: «أَيْنَ -أُرَاهُ- السَّائِلُ عَنِ السَّاعَةِ»

قَـالَ: هَـا أَنَـا يَـا رَسُـولَ اللّـهِ، قَـالَ: «فَـإِذَا ضُيِّعَـتِ الأَمَانَـةُ فَانْتَظِـرِ السَّـاعَةَ»، قَـالَ: كَيْـفَ إِضَاعَتُهَـا؟ قَـالَ: «إِذَا وُسِّـدَ الأَمْـرُ إِلَى غَـيْرِ أَهْلِـهِ فَانْتَظِـرِ السَّـاعَةَ»} (أخرجـه البخـاري: ٥٩).

واتـە: لـە کاتێـك دا پێغەمبـەر ﷺ لـە کۆڕێـك دا بـۆ خەڵکەکـە دەدوا، ئەعرابییـەك هاتـە لای گـوتی: ئاخیـر زەمـان کەیـە؟ پێغەمبـەری خـواش بـەردەوام بـوو قسـەی دەکـردن، هەندێـك لـە خەڵکەکـە گوتیـان: ئـەوەی گـوتی بیسـتی، بـەڵام ئـەوەی گـوتی پێیناخـۆش بـوو، هەندێکیشـیان گوتیـان: بەڵکـو نەیبیسـت، هەتـا کاتێـك قسـەی تـەواو کـرد، فەرمـووی -پێـم وایـە- کـوا پرسـیارکار لـە بـارەی ئاخخیـر زەمانـەوە؟ گوتی: ئـەوە منـم ئـەی پێغەمبـەری خـوا! فەرمـووی: هـەرکات سـپاردە زایەکـرا چاوەڕێـی ئاخیـر زەمـان بکـە، گـوتی: چـۆن زایـە دەکـرێ؟ فەرمـووی: هـەر کات سـپاردە بـە کـەسی ناشایسـت سـپێررا، چاوەڕێـی کاتی کۆتایـی (ئـەو کارە) بکـە.

کەواتـە: وشـەی (سـاعة) لێرەدا مـەرج نیـە مەبەسـت پێـی (السَّـاعة الکُبری) بـێ، واتـە: ئاخیـر زەمانـی گـەورە کـە بەسـەر هەمـوو گـۆی زەوی دادێ، بەڵکـو دەگونجـێ مەبەسـت پێـی: (السَّـاعة الصُغـری) بـێ، (سـاعة)ی گچکـە، ئاخیـر زەمانـی هـەر کامێك لـە مرۆڤـەکان، یاخـود هـەر جیلێـك لـەو مرۆڤانـە، کـە هـەروەك لـە فەرمایشـتەکەی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە، کـە فەرمـووی: {إِنْ يَعِـشْ هَـذَا فَلَـنْ يَبْلُـغَ الْهَـرَمَ حَتَّـى تَقُـومَ السَّـاعَةُ} (أخرجـه أحمـد: ١٣٢٢٤، قـال شـعیب الأرنـؤوط: حدیـث صحیـح)، واتـە: ئەگـەر ئەمـە، ئـەم گەنجـە بـژی و تەمـەن بـکات، ناگاتـە قۆناغـی پیریـی، کـە ئاخیـر زەمانـی ئێـوە دێ، واتـە: تاکـو گەنـج پیـر دەبـێ، پیـرەکان دەمـرن.

٢)- ﴿أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً﴾، (ئایا جگە لە ئاخیر زەمان چاوەڕێی چی دەکەن؟)، کە کت و پڕ بۆیان بێ، (بَغتَةً أي: فَجأَةً)، (بَغتَة: وَهِيَ حصُولُ الشَّيءِ مِنْ غَيرِ تَوَقُّعٍ)، (بغتة) پەیدابوونی شتێکە، بێ ئەوەی چاوەڕوانیی کرابێ.

٣)- ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾، لە حاڵێك دا ئەوان هەست ناکەن، بەبێ ئەوەی هەست بکەن، (الشُّعُورُ: العِلمُ بِحصُولِ الشَّيءِ الحَاصِلِ)، (شعور): بریتیە لە زانیاریی هەبوون بە

شتێك كە هەبێ، بەڵام تۆ هەستی پێ بكەی، هەندێكیش گوتوویانە: (**شُعُورٌ**) بریتیە لە: (**إدْرَاكُ الشَّيءِ بِالحَوَاسّ**)، زانینە بە هەستەوەرەكان، یان دەنگی ببیستی، یان ببینی، یان تامی بكەی، یان بۆنی بكەی، یان دەستی لێ بدەی.

لە سوورەتی (یَس)یش دا خوای بەرزی مەزن هەمان ڕاستیی دەفەرموێ: ﴿ مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾، چاوەڕێی هیچ ناكەن، جگە لە هاڕژنێكی گەورە، [چریكەو دەنگێكی گەورە]، دەیانگرێ، لە حاڵێكدا ئەوان خەریكی مشت و مڕن، واتە: خەریكی مامەڵەو كڕین و فرۆشتن و كاری دنیایی خۆیانن، وەك ئێمە لەو بارەوە، لە تەفسیری سوورەتی (**الأعراف**) دا كە پێشتر هێنامان، كورتە باسێكمان كردووەو چەند فەرمایشتێكی پێغەمبەرمان ﷺ هێناون، باسی ئەوە دەكەن كە ئاخیر زەمان لە كاتێكدا دێ، خەڵك لە گەرمەی ئیش و كارو، كڕین و فرۆشتن و، هەڵسوكەوتی دنیا دان.

٤)- ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی پێكەوە دۆست و خۆشەویست بوون، هەموویان لێك دەبنە دوژمن، جگە لە پارێزكاران، (**الأخِلاء: جَمعُ خَليل، وَهوَ الصَاحِبُ المُلازِم، الذي تَخَلَّلَ حُبُّهُ القَلبَ**)، (**أخِلاَّء**) كۆی (**خَليل**)ە، كە بریتیە لە كەسێك هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا بێ، یاخود كەسێك كە خۆشەویستییەكەی تێكەڵ بە دڵ و دەروونی بەرانبەرەكەی بووبێ.

﴿ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ﴾، (**العَدُوّ: المُبغِض**)، (**عدوّ**) كەسێك ڕقی لە كەسێك هەڵسێ، (**الأخِلاَّء**) (ال)ی ناساندنەكەی بۆ (**جِنس**)ە، واتە: كۆی ئەوانەی دۆست و خۆشەویستن، لەو ڕۆژەدا لێك دەبنە دوژمن و ناحەز.

٥)- ﴿ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، جگە لە پارێزكاران، لەبەر ئەوەی پارێزكاران لەبەر خوا ﷻ یەكدییان خۆشویستووەو، لەسەر ڕێیەكی ڕاست و دروست بوون، هەندێكیش گوتوویانە: وشەی (**خَليل: مَنْ يَرْفَعَ خُلَّةَ صَاحِبِهِ وَحَاجَتَهُ**)، (**خليل**) كەسێكە پێویستیی و ئاتاجیی هاوەڵەكەی لابەرێ، واتە: هاوكاری بێ، دیارە هۆكاری لێك بوونە دوژمنی بێبڕواو

تاوانبارانیش، سەرەنجامی شوومیانە کە لە دواڕۆژدا دەیبینن و، هی پارێزکارانیش سەرەنجامی خێریانە، کە لەوێش دۆستایەتیی و خۆشەویستییەکەیان هەر بەردەوامە.

لەو بارەوەش ئەم سێ دەقەی سوننەت دێنین:

١- {عَنْ مُعَاذٍ ﷺ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: قَالَ اللهُ تَعَالَى: «وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ، وَالْمُتَجَالِسِينَ فِيَّ، وَالْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ، وَالْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ»} (أخرجه أحمد: ٢٢٠٣٠، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح رجاله ثقات رجال الشيخين غير إسحاق بن عيسى فمن رجال مسلم).

واتە: موعاز ﷺ، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: خوای بەرز فەرموویەتی، خۆشەویستیی من پێویست بووە، بۆ ئەوانەی لە پێناوی مندا یەکدییان خۆش دەوێ و، بۆ ئەوانەی لە پێناوی مندا پێکەوە دادەنیشن و، بۆ ئەوانەی لە پێناوی مندا سەردان و هاموشۆی یەکدی دەکەن و، بۆ ئەوانەی لە پێناوی مندا چاوپۆشیی لە یەك دەکەن.

٢- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَوْ أَنَّ رُجُلَيْنِ تَحَابَّا فِي اللهِ، أَحَدُهُمَا فِي الْمَشْرِقِ، وَالْأَخَرُ فِي الْمَغْرِبِ، لَجَمَعَ اللهُ تَعَالَى بَيْنَهُمَا يَوْمَ القِيَامَةِ، يَقُولُ: هَذَا الَّذِي أَحْبَبْتَهُ فِيَّ} (أخرجه إبنُ عَساكِر، وابن كثير: ج٤، ص١٣٥)!!

واتە: ئەگەر دوو پیاو یەکدییان خۆش بوێ لە پێناوی خوادا، یەکیان لە ڕۆژهەڵات بێ، یەکیان لە ڕۆژئاوا بێ، خوای بەرز لە ڕۆژی قیامەتدا، پێکەوە کۆیان دەکاتەوەو دەفەرموێ: ئا ئەوە بوو لە پێناوی مندا خۆشت دەویست، بە هەر کامێکیان وا دەفەرموێ.

٣- {عَنْ عَلِيٍّ ﷺ، قَالَ: أَعْجَزُ النَّاسِ مَنْ عَجَزَ عَنْ اكْتِسَابِ الإِخْوَانِ، وَأَعْجَزُ مِنْهُ مَنْ ضَيَّعَ مَنْ كَسَبَ مِنْهُم} (الأساس في التَّفْسير: ج٩، ص٥١٧٣). واتە: عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: دەستە پاچەترین کەس ئەوەیە، نەتوانێ برایان پەیدا بکات، لەویش دەستە پاچەتر

ئەوەیە، ئەوانەی پەیدای کردوون لە دەستیان بدات، واتە: نەتوانێ پارێزگاریی لە دۆست و ڕەفیقەکانی خۆی بکات.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی ئێمـە لـەو کەسانە بگێـڕێ، کـە لـە پێنـاوی خـوادا خەڵکیـان خـۆش دەوێ و، ڕێزیـان لـێ دەگـرن و، وابیـن هـەق و مافەکانـی برایەتییـش بدەیـن، کـە برایەتییـان لەگەڵـدا دەکەیـن. خـوا ﷻ لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ، لەگـەڵ هیـچ کەسێکدا دۆسـتایەتیی و نیزیکـی نەکەیـن، کـە لـە ڕۆژی دواییـدا لێـی پەشـێمان بیـن و، لـە دنیـادا بۆمـان ببـێ بـە مایـەی مەینەتیـی و دوورکەوتنـەوە لـە ئیسـلام. بێگومـان پێشـینانی خۆمـان دەڵێـن: پـارە دینـدەرەو دینبـەرە، بـەڵام برادەریـش دینـدەرەو دینبـەرە، بەهـۆی ڕەفیقـی باشـەوە، مـرۆڤ دەگونجـێ بـەرەو ڕاسـتە شـەقامی خـوا بچێـت و، زۆر بەهرەمەنـد بـێ، هـەروەك بەهـۆی دۆسـت و هاوەڵـی خراپیشـەوە دەگونجـێ مـرۆڤ، تووشـی زیـان و زەرەری گـەورە ببـێ، ئـەوەش فەرمایشـتی پێغەمبـەرە ﷺ کـە دەفەرمـوێ[1]: وێنـەی هـاوەڵ و دۆسـت و بـرادەری چـاك و هـاوەڵ و دۆسـت و بـرادەری خـراپ، وەك عەتـر فـرۆش و کورەچیـی وایـە، دوایـی لـە درێـژەی فەرموودەکـەدا دەفەرمـوێ: کابـرای عەتر فـرۆش، یـان لێـی دەکڕیـی، یـان دەتداتـێ، یـان بۆنـی خۆشـت بـۆ دێ، بـەڵام بابـای ئاسـنگەرو کورەچیـی، یـان بەرگـت دەسووتێنێ، بـە پڕیشـکی ئاگـر، یـان بۆنـی ناخۆشـت بـۆ دێ و، بـە دەنگـی تەقـە تـەق جـاڕس دەبـی.

---

(١) أخرجه البخاري: (٥٥٣٤)، ومسلم: (٢٦٢٨).

مەسەلەی دووەم:

بانگکردنـی خـوا بـۆ بەنـدە پارێزکارەکانـی، کـە لـەو ڕۆژە (ڕۆژی دوایـی)دا، تـرس و خـەم و پەژارەیـان نیـەو، فەرمـان پێکردنیـان بـە چوونـە بەهەشـتەوە، کـە تێیـدا شـادمان دەبـن و، هەرچـی ئـارەزووی بکـەن و، چاویـان چێـژ لـە دیتنـی بـکات هەیانـەو، ئـەو بەهەشـتەش خەڵاتـی خوایـە لەسـەر کردەوەکانیـان، پێیـان دەدرێ و هەرچـی جـۆری میوەیـە تێیدایـە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ﴿٦٨﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ مُسۡلِمِينَ ﴿٦٩﴾ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ تُحۡبَرُونَ ﴿٧٠﴾ يُطَافُ عَلَيۡهِم بِصِحَافٖ مِّن ذَهَبٖ وَأَكۡوَابٖۖ وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٧١﴾ وَتِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِيٓ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٧٢﴾ لَكُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ كَثِيرَةٞ مِّنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ﴾، ئەی بەندەکانم! ئەمڕۆ نەترستان لەسەرەو نەخەمبار دەبن.

﴿ يَٰعِبَادِ ﴾، هەم بە ژێر (كَسْر) خوێنراوەتەوە (يا عبادِ)، هەم بە (ي)، (يا عِبادي).

(الطـبري) لـە قەتـادەوە ئـەم گێڕدراوەیـە دێنـێ، دەڵـێ: (عَـنْ قَتَـادَةَ قَـالَ: ثَنَـا الْمُعْتَمِـرُ، عَـنْ أَبِيـهِ قَـالَ سَـمِعْتُ أَنَّ « النَّـاسَ حِينَ يُبْعَثُـونَ لَيْـسَ مِنْهُـمْ أَحَـدٌ إِلَّا فَـزِعَ، فَيُنَـادِي مُنَـادٍ: يَـا عِبَـادَ اللَّـهِ! لَا خَـوْفٌ عَلَيْكُـمُ الْيَـوْمَ وَلَا أَنْتُـمْ تَحْزَنُـونَ، فَيَرْجُوهَـا النَّـاسُ كُلُّهُـمْ قَـالَ: فَيَتْبَعُهَـا {الَّذِيـنَ آمَنُـوا بِآيَاتِنَـا وَكَانُـوا مُسْـلِمِينَ}الزخرف: ٦٩، قَـالَ: فَيَيْـأَسُ النَّـاسُ مِنْهَـا غَـيْرَ الْمُسْـلِمِينَ)[1].

---

(١) جامع البيان: ٢١-٣١.

قەتادە دەڵێ: موعتەمیر لە باببەوە بۆی باس کردووین، گوتوویەتی: گوێ بیست بووم خەڵك کە لە ڕۆژی دواییدا زیندوو دەکرێنەوە، هیچ کامیان نیە دانەچڵەکێ و، بانگکەرێك بانگ دەکات، ئەی بەندەکانی خوا!، نە ترستان لەسەرەو، نە خەم و پەژارە دادەگرن، ئنجا هەموو خەڵك بە ئومێدن، کە ئەو موژدەیان بۆ بێتە دی، بەڵام لە دوایی دا: (اَلَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا مُسْلِمِينَ)، ئەوانەی بڕوایان هێنابوو و ملکەچیش بوون، شوێنی دەکەون، ئیدی بێجگە لە مسوڵمانان، ئەوانی دیکە بێ ئومێد دەبن، دەزانن کە ئەو موژدەدان و دڵنیا کردنەوەیە، بە ئەمانی ترس و خەم و پەژارە، تایبەتە بە ئەهلی ئیمان و ملکەچانەوە بۆ خوا ﷻ.

٢)- ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴾، ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە هێناوەو، ملکەچیش بوون، ئایەتەکان (آيات) وەك زۆر شوێنی دیکەی قورئان، لێرەش دەگونجێ مەبەست پێی ڕستەکانی فەرمایشتی خوا بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی نیشانەکانی خوا ﷻ بێ، کە لە بوونەوەرو دەوروبەردا دایناون، دەشگونجێ مەبەست پێی موعجیزەکانی خوا ﷻ بێ، کە بە پێغەمبەرانی داون، هەموویان گونجاون، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ، مەبەست پێی ڕستەو بڕگەکانی فەرمایشتی خوا بێ.

﴿ وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴾، هەروەها ئەوان ملکەچیش بوون، وشەی (مُسلِم) لە ئەسڵدا واتە ملکەچ بۆ خوا، دوایی وەك زاراوەیەکی عورفیی، کراوە بە ناو بۆ شوێنکەوتووانی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ.

(الطَّبَري) لە تەفسیری ئەو دوو ئایەتەدا دەڵێ: (وَفِي هَذَا الكَلَامِ مَحْذُوفٌ اسْتُغْنِي عنه بِدَلَالَةِ مَا ذُكِرَ عَلَيْهِ، وَمَعْنَى الكَلَامِ: ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴾، فَإِنَّهُ يُقَالُ لَهُمْ: ﴿ يَٰعِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٦٨﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴾).

واتە: لەم فەرمایشتەدا قرتێندراوێك هەیە، کە بە پێویست نەزانراوە باس بکرێ و، ئەوەی باس کراوە دەیگەیەنێ، واتای قسەکەش ئاوایە: دۆست و

خۆشەویستان، لەو ڕۆژەدا هەموویان لێك دەبنە دوژمن، (كە لە ئایەتی پێشتر دا هاتوە)، جگە لە پارێزكاران، ئەوان پێیان دەگوترێ: ئەی بەندەكانم! ئەمڕۆ نە ترستان لەسەرەو، نە خەم و پەژارەش دادەگرن، ئەوانەن كە بڕوایان بە ئایەتەكانی ئێمە هێنابوو، ملكەچیش بوون بۆ خوا.

شایانی باسە: هەم لێرەدا، هەم لە چەند شوێنێكی دیكەی قورئاندا، خوا ﷻ بۆ ئیمانداران و، بۆ مسوڵمانان ئەم تەعبیرەی بەكارهێناوە، بۆ نموونە لە سوورەتی (یُونُس)دا دەفەرمویٚ: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾، هەروەها لە سوورەتی (فُصِّلَت)دا دەفەرمویٚ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾﴾، دیسان لە چەند شوێنێكی دیكەشدا هاتوە.

ئنجا كە دەفەرمویٚ: ﴿لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ﴾، (خَوف) كە بە كوردیی دەگوترێ: ترس، بریتیە لە هەراسان بوونی مرۆڤ، بە نسبەت داهاتووەوە، كە شتێكی بەسەر بێ و، شتێكی بێتە ڕێ، زیانی لێ بدات، واتە: (تَوَقُّعُ مَكْروهٍ فِي المُستَقبَل)، شتێك كە ناپەسند بێ و، نا خۆشویستراو بێ، یاخود زیان و ناڕەحەتییەك بێ لە داهاتوودا چاوەڕێی بكات، ئەوە ترسە، یاخود لە دەستدانی بەرژەوەندییەك و، لە دەستدانی خۆشییەك و، ترس بە هۆی ئەوەوەیە، یان ناخۆشییەكت بەسەربێ، یان خۆشییەكت لەدەست بچێ.

بەڵام (حُزن): دڵتەنگیی و خەمباریی و، پەژارە، زیاتر پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە، ئنجا ئەهلی ئیمان و ئەهلی ئیسلام و دۆستانی خوا، نە بۆ داهاتوو ترس و هەراسانییان هەیە، نە بۆ ڕابردوو خەم و پەژارەو دڵتەنگییان هەیە.

هەر كام لە هەراسان بوون بە نسبەت داهاتووەوەو، ئنجا چ بەهۆی ئەوەوە كە مەترسییت هەبێ، خێرێكت لە دەست بچێ، یاخود زیان و خراپەیەكت

تووش بێ، هەروەها دڵتەنگ بوون و پەژارە داربوون بە نسبەت ڕابردووەوە، دوو حاڵەتی دەروونیی نەرێنیی زۆر خراپن، یەکی مرۆڤ دەخەن، هەر کامێکیان بە جیاو بە تایبەت ئەگەر هەردووکیان کۆببنەوە، خراپتریش پەکی دەخەن.

بەڵام لاچوونی ئەو دوو حاڵەتە دەروونییە نەرێنییە لە مرۆڤ دا، مرۆڤ وا لێ دەکات زیاتر بتوانێ، تواناکانی خۆی، لە خێرو چاکەو مەصڵەحەتدا بەکاربێنێ، بێگومان بە هۆی ئیمانەوەش، ئینسان هەم بۆ ڕابردوو، هەست بە دڵ ئاسوودەیی دەکات، ئەوەی پەرێزی پاکە، بێ باکە، هەم بە نسبەت داهاتووشەوە، مرۆڤی بڕوادار بە هۆی پشت بە خوا بەستنی و، بە هۆی ڕوو لە خوا کردنی و، بە هۆی یەقینی کە خوایەك و، پەروەردگارێك و، خاوەنێك سەرپەرشتیی دەکات و، ئاگای لێیەتی، هەرچی هەراسانیی و بێزاریی و، مەترسیی هەیە، لە دڵ و دەروونیدا دەڕەوێتەوە.

٣)- ﴿ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ تُحۡبَرُونَ ﴾، بچنە بەهەشتەوە، (خوا فەرمانیان پێ دەکات، لە ڕێی فریشتەکانەوە)، ئێوەو هاوسەرانتان، لەوێدا شادمان دەکرێن.

وشەی: ﴿ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ ﴾، زۆربەیان وایان لێکداوەتەوە: هاوسەرانتان، بەڵام وشەی (زَوْج) وەك چۆن بە مانای هاوسەر دێ، بە مانای هەر کەسێکی دیکەش دێ، کە لەگەڵ مرۆڤدا هاودەم و هاوڕاز بێ، وەك لە سوورەتی **(الصافات)**دا هاتوە: ﴿ ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ﴿٢٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ ...﴿٢٣﴾ ﴾، لەوێدا: ﴿ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ ﴾، **(أي: وَأَصْنَافَهُم وَأَشْكَالَهُم وَأَمْثَالَهُم)**، یانی: جۆرەکانیان و شێوەکانیان و وێنەکانیان، چونکە مەرج نیە هەر کەسێك بێبڕوا بووبێ، خێزانەکەشی لەگەڵیدا بێبڕوا بووبێ، بۆ وێنە: فیرعەون، هەروەك مەرجیش نیە، هەر کەسێك بڕوادار بووبێ، هاوسەرەکەشی لەگەڵیدا بڕوادار بووبێ، وەك: نووح و لووط عليه السلام، ئنجا لەوێ بە پێی سیاق دەزانرێ کە: ﴿ ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ ﴾، **(أي: وَأَمْثَالَهُم)**، واتە: ئەوانەی کە وەك ئەوان بوون و شێوەیان بوون.

بەڵام لێرەدا زیاتر وا پێدەچێ، مەبەست لە: ﴿ وَأَزْوَٰجُهُمْ ﴾، واتە: هاوسەرانتان، کە هاوژینتان بوون، ئنجا ئەگەر دوێنراوەکان پیاوان بن، واتە: ژنەکانتان و، ئەگەر دوێنراوەکان ئافرەتان بن، واتە: مێردەکانتان.

(تُحبَرون أي: تُنْعَمُون)، واتە:

أ- بەهرەمەند دەکرێن و دەکرێن بە خاوەن نیعمەت.

ب- یاخود (تُسَرُّون)، واتە: دڵخۆش و شادمان دەکرێن.

ج- یاخود: (تَفْرَحون)، واتە: شادمان و دڵخۆش دەبن، (**تُحبَرون: مَبنيٌّ لِلمَجهولِ مضارِع: حُبِرَ، مِن حَبَرَهُ إذا سَرَّهُ، وَالحَبرُ: مَصدَرٌ، الإسمُ: الحبور**)، (**تُحْبَرون**)، واتە: شادمان و دڵخۆش دەکرێن، یاخود خاوەن نیعمەت دەکرێن، بەهرەمەند دەکرێن، بکەر نادیار (**مَجهولُ الفاعِل**)ەو (**مُضارِع**)ی (**حُبِر**)ەیە، واتە: دڵخۆش کرا، (**حَبَرَهُ أي: سَرَّهُ**)، واتە: دڵخۆشی کرد، (**حَبْر**) چاوگە، واتە: دڵخۆشبوون و شادمانبوون، ناوەکەش بریتیە لە (**حبور**)، واتە: دڵخۆشیی و شادمانیی.

زانایان بۆ شیکردنەوەی ئەم وشەیە، زۆریان قسە کردوە، بە زۆر تەعبیر، بۆ وێنە:

(**الشنقيطي**) لە (**أضواء البيان**)ەکەیدا[1]، دەڵێ: (**تُكرَمُونَ بِأعظَمِ أنواعِ الإكرامِ وَأتَمِّها**)، واتە: ڕێزتان لێدەگیرێ، بە مەزنترین جۆرەکانی ڕێزلێگرتن و تەواوترینی، بەڵام گومانی تێدانیە، کە (**حُبور**) بە مانای دڵخۆشیی و شادمانیی دێ، ئنجا مرۆڤ دیارە بە چی شادمان و دڵخۆش دەبێ؟ بە نازو نیعمەت و، بە خۆشیی و چاکە، کەواتە: ئەو دووانە، دڵخۆش بوون و شادمان بوون، لەگەڵ خاوەن نیعمەت بوون، دوو شتی ئاوێتەو تێکهەڵکێشن و هەر کەسێك خاوەن نیعمەت بێ، دڵخۆش دەبێ و، هەر کەسێك دڵخۆش و شادمان بێ لە ڕۆژی دوایی دا، دیارە لە بەهەشت دایەو، خاوەن نازو نیعمەتە.

---

(١) ج٧، ص١٤٣.

٤)- ﴿ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ﴾، [ئنجا خوا ﷻ هەندێك لە نازو نیعمەتەكان باس دەكات]: بەسەریانەوە دەگێردرێ، بە قاپە زێرینەكان و پەرداخە زێرینەكان، (صِحَاف) كۆی (صَحْفَة)یە، كە بریتیە لە دەفرێكی بازنەیی، زارەكەی فراوانە، لای خوارەوەی وەك شێوەی تۆپ، یاخود شێوەیەكی خڕ كۆتایی دێ، بە كوردیی دەڵێن: قاپ، دەفر، بەكاردەهێنرێ بۆ خواردن تێكردن، یان بۆ بۆ میوە تێكردن، (كوب)یش كە بە (أكواب) كۆ دەبێتەوە، (إِنَاءٌ لِلشَّرَابِ وَهُوَ أَصْغَرُ مِنَ الإِبْرِيقِ)، دەفرێكە بۆ خواردنەوە بەكاردەهێنرێ، كە لە سوراحیی گچكەترە، (إبريق) واتە: مەسینە، یاخود سوراحیی.

ئنجا كـە بـە قاپـە زێرینـەكان و پەرداخـە زێرینەكانـەوە، بەسـەریانەوە دەگەڕێـن، وەك پێشـتریش گوتوومانـە، بێگومـان قاپـەكان خاڵیـی نیـن، هەروەهـا پەرداخەكانیـش خاڵیـی نیـن، بەڵكـو قاپـەكان و دەفـرەكان پـڕن لـە خـواردن و خۆراكـی بەلـەززەت، یاخـود میـوە، پەرداخەكانیـش پـڕن لـە جـۆرە خواردنـەوەی بـە لـەززەت، كـە شـێوەی ئـەوەی لـە بەهەشـت دایـە، لـە دنیـادا نیـە.

٥)- ﴿ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴾، لەو بەهەشتەدا هەیە، هەرچی نەفسەكان بیخوازن و چاوەكان چێژی لێوەربگرن.

پێشـێ باسـی بەهەشـت كـرا: ﴿ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ ﴾، ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿ وَفِيهَا ﴾، واتـە: لـەو بەهەشـتەدا هەیـە، ﴿ مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ ﴾، هەرچـی نەفسـەكان بیخـوازن و ئـارەزووی بكـەن، ئـەم وشـەیە، ﴿ مَا تَشْتَهِيهِ ﴾، خوێندراویشـەتەوە: (مَـا تَشـتَهِي)، واتـە: صیلەكـەی لەگـەڵ نەهێـنراوەو هەریـەك واتایـان هەیـە، هەرچـی نەفسـەكان بیخـوازن و ئـارەزووی بكـەن، تێیـدا هەیـە لـەو بەهەشـتەدا.

﴿ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴾، واتـە: (وَفيها مَـا تَلَـذُّ الأعـيُن)، هەروەهـا هەرچـی چـاوەكان لەززەتـی لـێ بكـەن و چێـژی لـێ وەربگـرن، (أي: مَـا تَلتَـذُّ بِـهِ الأَعْـيُن، أي: بِرؤيَتِـهِ)، چـاوەكان چێـژ وەربگـرن لـە دیتنـی، وەك لـە سـوورەتی (البَقَـرَة)دا لـە وەسـفی

مانگایەکـەدا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ ﴿٦٩﴾﴾، زەردە ڕەنگەکـەی زۆر تۆخـە، بینـەران دڵخـۆش دەکات.

٦)- ﴿وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾، ئێوە لەوێدا هەمیشەیین، واتە: هەر ماون، دەمێننەوە.

(محمـد الطاهـر بـن عاشـور) لـە تەفسیرەکەی خۆیـدا[1] وشـەی (تَلَـذُّ) تۆزێـك شی دەکاتـەوە، لـە ڕووی زمانەوانییـەوە، دەڵـێ:

(وتَلَـذُّ مُضَـارِعُ لَـذَّ بِـوَزْنِ عَلِـمَ: إِذَا أَحَـسَّ لَـذَّةً، وَحَـقُّ فِعْلِـهِ أَنْ يَكُـونَ قَـاصِرًا فَيُعَـدَّى إِلَى الـشَّيْءِ الَّـذِي بِـهِ اللَّـذَّةُ بِالْبَـاءِ، فَيُقَـالُ: لَـذَّ بِـهِ، وَكَثُرَ حَـذْفُ الْبَـاءِ وَإِيصَـالُ الْفِعْـلِ إِلَى الْمَجْـرُورِ بِنَفْسِـهِ، فَيَنْتَصِـبُ عَـلَى نَـزْعِ الْخَافِـضِ، وَكَثُرَ ذَلِـكَ فِي الْـكَلَامِ حَتَّـى صَـارَ الْفِعْـلُ بِمَنْزِلَـةِ الْمُتَعَـدِّي فَقَالُـوا: لَـذَّهُ. وَمِنْـهُ قَوْلُـهُ هُنَـا: وَتَلَـذُّ الْأَعْـيُنُ التَّقْدِيـرُ، وَتَلَـذُّهُ الْأَعْـيُنُ. وَالضَّمِيرُ الْمَحْـذُوفُ هُـوَ رَابِـطُ الصِّلَـةِ بِالْمَوْصُـولِ. وَلَـذَّةُ الْأَعْـيُنِ فِي رُؤْيَـةِ الْأَشْـكَالِ الْحَسَـنَةِ وَالْأَلْـوَانِ الَّتِـي تَنْـشَرِحُ لَهَـا النَّفْـسُ، فَلَـذَّةُ الْأَعْـيُنِ وَسِـيلَةٌ لِلَـذَّةِ النُّفُـوسِ).

واتـە: وشـەی (تَلَـذُّ) (مُضَـارِع)ی (لَذَّ)یـە، لەسـەر کێشـی (عَلِـمَ)، کەواتـە: (لَـذَّ) لـە ئەصڵـدا (لَذِذَ)یـە، دەگوتـرێ: (لَـذَّ)، (إِذَا أَحَـسَّ لَـذَّةً)، ئەگـەر هەسـتی کـرد، بـە چێژێك، بـە تامێـك، کردارەکـەی دەبووایـە (قـاصِر) بـێ و، پـاڵ بدرێتـە لای ئـەو شـتەی، کـە چێـژی لێوەردەگـرێ، بـە هـۆی پیتـی (ب)ەوە، بگوتـرێ، (لَـذَّ بِـهِ)، چێـژی لێوەرگـرت، بـەڵام لـە قسـەکردنێ دا، ئـەو (ب)یـە زۆر لابـراوەو یەکسـەر کردارەکـە، لکێـنراوە بـەو شـتەوە، کـە بـە هـۆی (ب)کـەوە مەجـڕوور بـووە، کـە ئـەو کاتـە دەگوتـرێ: (يَنْتَصِـبُ عَـلَى نَـزْعِ الْخَافِـضِ)، واتـە: ئـەو شـتەی مەجـڕووری کـردوە، لابـراوە، بۆیـە (مَنصـوب) بـووە، ئەمـە لـە قسـاندا زۆر بـووە، هەتـا وای لێهاتـوە (فِعـل)ی (لَـذَّة)، کـە لـە ئەصڵدا (قـاصِر)ەو بـەرکار ناخـوازێ بـۆ خـۆی، دەبـێ بەهـۆی پیتێکەوە بـەرکاری بدرێتـێ، وای لێهاتـوە وەك (مُتَعَـدِّي) لێهاتـوە، کـە گوتوویانـە: (لَـذَّهُ)، چێـژی لێوەرگـرت، [ئەصڵـی خـۆی دەبـێ بگوتـرێ: (لَـذَّ بِـهِ)، کـە لێرەدا خـوا ﷻ، ئـەو تەعبیـرەی بەکارهێنـاوە، بەو

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٥، ص:٢٥٥.

ئیعتیبارە بەکاری هێناوە، کە (لَذَّ) فیعلێکی (مُتَعَدّي)یە)، کە دەفەرموێ: (وَتَلَذُّ الأَعْيُن) ئەوەی کە چاوەکان چێژی لێ وەردەگرن، واتە: (وَتلتَذُّ بهِ الأَعْيُن)، واتە: چاوەکان چێژی لێ وەردەگرن، چێژی چاوەکانیش بە دیتنی شێوە جوانەکان و، ئەو ڕەنگانەیە کە دڵی مرۆڤ لەگەڵیاندا دەپشکوێ، بە تەئکید چێژ وەرگرتنی چاوەکانیش، ئامرازێکە بۆ چێژ وەرگرتنی نەفسەکە.

٧)- ﴿ وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِىٓ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، ئەو بەهەشتەش، کە کراوە بە میراتی ئێوە، بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەنجامتان دەدات، بە هۆی کردەوەکانتانەوەیە.

لێرەدا خوا ﷻ وشەی: ﴿ أُورِثْتُمُوهَا ﴾ی بەکارهێناوە، گوتراوە: (إيثَارُ وأُرِثتُمُهَا عَلَى أُعْطِيتُمُوهَا، أو أتِيتُمُوها لِسَببَين:

١- قوةُ مُلكية الإرثِ بِالنِّسْبَةِ لِغَيرِه.

٢- المِيراثُ لِمَن هُوَ أَقْرَبُ، وَأَهْلُ الجَنَّةِ يُؤثَرونَ عَلَى غَيْرِهِم لِقُرْبٍ مِنَ اللهِ تَعَالى).

واتە: بۆیە وشەی (وأُرِثتُمُها) بەسەر (أُعْطِيتُمُوها)دا هەڵبژێرراوە، کراوەتە میراتتان لە جیاتی پێتان دراوە، یان پێتان بەخشراوە، بەکارهێناوە لەبەر دوو هۆکار:

١- لەبەر ئەوەی خاوەندارێتیی میرات، بە نسبەت جۆرەکانی دیکەی خاوەندارێتییەوە، زۆر بەهێزە.

٢- میرات بۆ کەسێکە کە نیزیکترەو، ئەهلی بەهەشتیش هەڵدەبژێردرێن بەسەر خەڵکی دیکەدا، لەبەر ئەوەی لە خوای بەرز نیزیکترن.

دەڵێم هۆکارێکی دیکەشی هەیەو زانایانیش باسیان کردوە، ئەویش ئەوەیە، کە میرات بەبێ ماندوو بوونی مرۆڤ، بە مرۆڤ دەگات، بەبێ ئارەقە پێوەکردنی، ئەو بەهەشتەش بە لەبەر چاوگرتنی، ئێوەڕۆکی بەهەشت و نازو نیعمەتەکانی و، بەردەوام بوونی بۆ هەتا هەتایە، لە قەدەر ئەو کردەوانە نیە، کە مرۆڤ

لـە ژیانێکـی کـەم و کورتـی دنیـادا ئەنجامـی داون، کەواتـە: هـەر وەك بـە بـەلاش و، بەبـێ بەرانبـەر درابیەنەتـێ، بۆیـە وشـەی: (**وأُرِثْتُمُهـا**)ی بـۆ بەکارهێنـاوە، وەك چـۆن کەسـێك کـە میراتـی پـێ دەگات، بـەو پارەوەو بـەو ماڵـەوە مانـدوو نەبـووە، بەهەمـان شـێوە، ئەهلـی بەهەشـتیش کـە دەچنـە بەهەشـتەوە، بەڵـێ لـە دنیـادا کـردەوەی باشـیان کـردوە، خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾، بـەڵام لـە ڕاستیی دا، کردەوەکانـی بـڕواداران، تەنیـا هـۆکارن بـۆ چوونـە بەهەشـت و نرخـی بەهەشـت نیـن، بەهەشـت زۆر زۆر لـەوە مەزنـترو گرنگـترە، کـە ئـەو کـردەوە چاکانـە نرخـی بـن، بـەڵام هۆکارینـی.

٨)- ﴿لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ﴾، بۆ ئێوە لەو بەهەشتەدا زۆر میوە هەن، واتە: میوەی جۆراوجۆرو زۆر هەن، وەك لە سوورەتی (**الواقِعَة**)دا دەفەرموێ: ﴿لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ ﴿٣٣﴾﴾، واتە: ئەو میوەیەی لە بەهەشتدا هەیە، نە دەبڕێ و نە قەدەغەش دەکرێ.

بۆیـەش زۆر باسـی میـوە کـراوە، لـە بەهەشـتدا، وەك پێشـتریش باسـمان کـرد، چونکـە میـوە بـۆ چێـژ وەرگرتـن و لـەززەت دەخـورێ، نـەك بـۆ لابردنـی ئازاریـی برسـیەتیی، کـە بێگومـان لـە بەهەشـتدا برسـیەتیی و، تینوەتیـی و، هیـچ شـتێکی تێدانیـە، مایـەی ناڕەحەتیـی مـرۆڤ بێـت.

لێـرەدا بـە چاکـی دەزانـم، ئاماژەیـەك بکـەم بـە قسـەیەکی (**فخرالدیـن الـرازي**)، دیـارە هەمـوو زانایـان و پێشـەوایان، جێـی ڕێـزو حورمەتمانـن، بـەڵام هەر کاتێك بزانم بیرۆکەیـەك هەیـە، قسـەیەك هەیـە، عەقڵـم نەیبـڕێ، یـان پێـم وابـێ نەگونجـاوە، یـان خاوەنەکـەی نەیپێـکاوە، ئـەوەی بـە پێویسـتی بزانـم ئامـاژەی پێدەکـەم، زۆرجاریـش بـە پێویسـتی نازانـم و لێـی دەگەڕێـم.

ناز و نیعمەتەكانی بەهەشت و سەرنجێك لەسەر قسەیەكی رازیی:

لێرەدا (**فخرالدین الرازي**) لە تەفسیری ئەم ئایەتانەدا، قسەیەك دەكات، لە تەفسیرەكەیدا[1]، كە قسەكەیم بە دڵەوە نانووسێ، پێم وایە نەیكردبایە باشتر بوو، دەڵێ:

(وَآعلَم أنّ الله تعالى بَعَثَ مُحَمّداً إلى العَرَب أوّلاً، ثُمّ إلى العالَمينَ ثانياً، وَالعَرَبُ كانوا في ضِيقٍ شَدِيدٍ بِسَبَبِ المأكُولِ وَالمَشروبِ وَالفَاكِهة، فَلِهَذَا السَّبَب تَفَضّلَ اللهُ عَلَيهِم بِهَذِهِ المَعاني مَرّةً بَعدَ أُخرَى تَكْمِيلاً لِرَغبَتِهِم وَتَقويَةً لِدَواعِيهِم)

واتە: بزانە كە خوای بەرز، موحەممەدی ﷺ سەرەتا بۆ گەلی عەرەب ناردووە، دوایی بۆ هەموو جیهانییان، گەلی عەرەب ئەو كاتە زۆر لە سەغڵەتیی دا بوون، بەهۆی كەم خۆراكیی و كەم خواردنەوەیی و، كەم میوەییەوە، لەبەر ئەو هۆیە خوا ﷻ ئەو مەبەستانەی بۆ ڕوونكردوونەوە، جار لە دوای جار، تاكو زیاتر ئارەزوومەندیان بكات، بۆ بەهەشت و زیاتر پاڵنەرو هاندەریان بەهێز بكات.

تێبینیی و سەرنجەكەشم ئەوەیە:

خوا ﷻ ئەوەی كە فەرموویەتی، وێڕای ئەتەوەی عەرەب، كوردیش و فارسیش و ئینگلیزو تورك و هەموو گەلانی دنیاشی لەبەرچاو گرتوون و، لە ڕاستیی دا ئەوەی خوا ﷻ بەهەشتی پێ وەسف دەكات، وەڵامگۆی ئارەزوو و ڕەغبەتی هەموو مرۆڤەكانە، واتە: بەس ئەوە نیە، تەنیا گەلی عەرەب، كەیفیان بە خواردنەوەو خواردنی خۆش و، كەیفیان بە میوە هاتبێ و، كەیفیان بە كانیی و سەرچاوەو ئاوی سازگارو خۆش هاتبێ، بەڵكو بۆ هەموو مرۆڤەكان هەروایە.

بەڵگەشمان ئەوەیە تەماشای واقیع بكە، لە هەموو وڵاتاندا خەڵك هەوڵدەدات، لەسەر كانیی و سەرچاوەو، لەسەر كەناری ڕووبارەكان و لەسەر

---

(١) ج٢٧، ص١٩٩.

کەناری دەریایەکان، خانووبەرەو شوێنی خۆیان ساز بکەن، وەك چۆن خوا ﷻ باسی بەهەشت دەکات دەفەرموێ: (**تَجري مِنْ تَحتِها الأنهار**)، هەموو وڵاتانی دنیا تەماشا بکەن - مەگەر ئەوانەی دەستیان نەڕوا - هەوڵ دەدەن خانووبەرەکانیان و، دارو درەخت و سەوزایی و مێرگ و مێرگوزار بێ، پاشان هەموو گەلانی دنیا تەماشا بکە! کەیفیان بە میوە دێ و، کەیفیان بە خواردنەوە خۆشەکان دێ و، کەیفیان بە خواردنە بە لەززەتەکان دێ.

کەواتە: ئەوانە خاڵی هاوبەشی هەموو مرۆڤەکانن و، ئەوەی خوا ﷻ بەهەشتی پێ وەسف دەکات، خوا ﷻ زانیویەتی ئەوە، وەڵامدەرەوەی غەریزەو ئارەزووی هەموو مرۆڤەکانە، نەك تەنیا هی گەلی عەرەب.

چاو پێداخشاندنێکی نیعمەتەکانی بەهەشت:

لێرەدا چاوێك دەگێڕینەوە بەو ناز و نیعمەتانەدا، کە خوا ﷻ بۆ بەهەشتییانی داناون، کە لە سێزدە (١٣) بڕگەدا، ئەو نازو نیعمەتانەی بەهەشت دەخاتەڕوو:

١- ﴿ يَٰعِبَادِ ﴾، ئەی بەندەکانم! کەواتە: ئەوانە لە لای خوا خۆشەویستن، خوا ﷻ پاڵیان دەداتە لای خۆی، چونکە بۆ خوا ملکەچ بوون و فەرمانبەری خوا بوون.

٢- ﴿ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴾، ئەمڕۆ نە ترستان لەسەرەو نە خەم و پەژارەش داتان دەگرێ، هەڵبەتە نەبوونی ترس و، نەبوونی خەم و پەژارەو دڵتەنگیی، لە گەورەترین نازو نیعمەتەکانی بەهەشتن، هەروەك هەبوونی ترس و دڵەڕاوکێ و هەراسانیی و هەبوونی خەفەت و دڵتەنگیی و مەینەتیی لە دنیادا، گەورەترین ناخۆشییەکانی ژیانن لە دنیادا.

٣- ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُوا۟ مُسْلِمِينَ ﴾، ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە هێنابوو و ملکەچیش بوون، لێرەدا خوا ﷻ دەیخاتەوە بەرچاویان، کە ئێوە بە هۆی ئەو ئیمانەی هەتانبووەو، بە هۆی ئەو ملکەچییەیەوەی بۆ خوا هەتانبووە، تووشی ئەو نازو نیعمەتە بوون، بێگومان زۆریش خۆشە، مرۆڤ تەقدیر بکرێ و هەست بکات پێزانین

هەیە، بۆیە یەکێك لە سیفەتەکانی خوا ﷻ بریتیە لە: (الشَّكور)، وەك فەرموویەتی: (والله غفور شكور) هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ۝١٤٧ ﴾النساء، خوا سوپاسگوزارەو، هەوڵ و تێکۆشانی بەندەکانی لەبەرچاوە.

٤- ﴿ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ ﴾، (خوا پێیان دەفەرموێ:) بچنە بەهەشتەوە، یانی: مۆڵەتەو فەرمانیان پێ دەکات بچنەتێی.

٥- ﴿ أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ ﴾، خۆتان و هاوسەرانتان، یەکجار خۆشە، مرۆڤ خۆی و ئەوانەی لێی نزیك بوون، بە تایبەتی ئەگەر مێردە ژنەکەی و، ئەگەر ژنە مێردەکەی، لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: خۆیان و هاوسەرانیان و باب و دایکیان و ڕۆڵەو وەچەشیان، وەك لە سوورەتی (الرَّعد)دا، هاتوەو، لە سەرەتای سوورەتی (غافِر)دا هاتوەو، لە سوورەتی (الطور)یشدا هاتوە، لەو بارەوە کە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی: (غافِر)دا باسمان کردوە، خوا ﷻ لەسەر زمانی فریشتەکان دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ۝٧ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٨ ﴾.

واتە: ... پەروەردگارمان بیانخە ئەو بەهەشتەوە، کە بەڵێنت پێداون، هەروەها ئەوانەی چاك بوون، لە باب و باپیرانیان، (واتە: باب و دایکیان)و لە هاوسەرانیان و لە وەچەو ڕۆڵەکانیان.

٦- ﴿ تُحۡبَرُونَ ﴾، دەگوترێ: (حَبَرَهُ، يَحبُرُهُ، حُبُوراً أي: سَرَّهُ وَنَعَّمَهُ، وَحَبَّرَهُ أي: حَبَرَهُ، وَحَبَّرَ وَحَبَّرَ الشَّيءَ: زَيَّنَهُ وَنَمَّقَهُ)[1]، (حَبَرَهُ، يَحبُرُهُ، حُبُوراً)، واتە: دڵخۆشیی کردو خاوەن نیعمەتی کرد، هەروەك (حَبَّرَهُ)، بە مانای (حَبَرَهُ) دێ، واتە: چ بە چواریی (رُباعي)، چ بە سیانیی (ثُلاثي)، بەیەك واتا دێن، (وَحَبَّرَ وَحَبَّرَ الشَّيءَ: زَيَّنَهُ وَنَمَّقَهُ)، شتەکەی جوانکردو ڕازاندیەوە.

---

(١) المُعجَمُ الوَسيط: ص:١٥١.

کەواتـە: ﴿ تُحۡبَرُونَ ﴾، واتـە: دەڕازێنرێنـەوە، یاخـود دڵشـادو دڵخـۆش دەکرێـن، (حُبور) هـەم بـە مانـای ڕازێندرانـەوە دێ، هـەم بـە مانـای دڵخۆشـکران و شـادمان کران.

٧- ﴿ يُطَافُ عَلَيۡهِم ﴾، بەسەریانەوە دەگێڕدرێ، واتە: بۆ خۆیان ناچن ئەرك بکێشن، خواردن و خواردنەوەکان بێنن، بەڵکو خزمەتیان دەکرێ، لەلایەن کێوە؟ لە سوورەتی (**الواقعة**)دا، دەفەرموێ: ﴿ يَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: کوڕانێکی هێڵدراوە، واتە: هێڵدراوە لەو تەمەنەدا کە تێیدان، خوا ﷻ تایبەت بۆ خزمەتی بەهەشتییانی خوڵقاندوون، وەك چۆن حۆرییەکان لەوێ دەخوڵقێنێ بە تایبەت، ئەو خزمەتکارانەش کوڕیژگەی نەوجەوان و مێرد منداڵن، تایبەت خوا ﷻ دروستیان دەکات و لەو تەمەنەدا دەیانهێڵێتەوە: ﴿ بِأَكۡوَابٖ وَأَبَارِيقَ وَكَأۡسٖ مِّن مَّعِينٖ ﴿١٨﴾ ﴾، بە پەرداخەکانەوەو بە سوڕاحییەکانەوە، لە خواردنەوەی (**مَعين**)، یاخود: شەڕابێك کە لە کانیی و سەرچاوەوە هێنراوە.

لـە سـوورەتی (**الإنسان**)یشـدا، خـوا ﷻ هەمـان شـت دووبـارە دەکاتـەوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيۡتَهُمۡ حَسِبۡتَهُمۡ لُؤۡلُؤٗا مَّنثُورٗا ﴿١٩﴾ ﴾، واتـە: بەسـەریانەوە دەگەڕێـن، کوڕانێکـی هێڵـدراوە، هەمیشـەیی، یاخـود: هێڵـدراوە لـە تەمەنێکـی دیارییکـراودا، ئەگـەر بیانبینـی، پێـت وایـە گەوهـەری بڵاوکـراوەن.

هێنـدە جـوان و پـاك و خاوێـن و ڕێکـن، بەسـەریانەوە دەگەڕێـن، خـواردن و خواردنەوەیـان بـۆ دەبـەن.

بـەڵام لێرەدا دەفەرمـوێ: ﴿ يُطَافُ عَلَيۡهِم ﴾، بەسـەریانەوە دەگێـڕدرێ، چونکـە لـە شـوێنەکانی دیکـە، هـەم لە سـوورەتی (**الواقعـة**)و، هەم لە سـوورەتی (**الإنسـان**)دا هاتوە، کـە کێـن بەسـەریانەوە دەگەڕێـن، ئـەو مێـرد منداڵانـەن، کـە خـوا ﷻ دەیانشـوبهێنێ بە گەوهـەری بڵاوکـراوەوە، بۆیـە لێـرە بەپێویسـت نەزانـراوە ئـەوە بـاس بکرێ.

٨- ﴿ بِصِحَافٖ مِّن ذَهَبٖ وَأَكۡوَابٖ ﴾، بەسەریانەوە دەگێڕدرێ، بە قاپ و دەفرە زێڕینەکان و، بە پەرداخە زێڕینەکانەوە، یانی: قاپەکان لە زێڕ دروستکراون و، پەرداخەکانیش هەروا، بەڵام کە پێشێ زێڕ (**ذَهَب**)ی باسکردوە، بە پێویستی نەزانیوە بفەرموێ: (**وأكوابٍ مِنْ**

ذَهَب)، چونکە پەرداخەکانیش هەر دیارە کە لە زێڕ دروستکراون، ئەو زێڕەش هەر خوا ﷻ دەزانێ چ جۆرە کانزایەکە لە بەهەشت دا، بە دڵنیایی زێڕەکەی بەهەشت و، زیوەکەی و، ئاوریشمەکەشی و، هەموو کەل و پەلەکانی دیکەی کە لە بەهەشتن، جیان لەوانەی دنیا.

٩- ﴿ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴾، لەوێدا هەیە (لەو بەهەشتەدا)، هەر شتێك نەفسەکان ئارەزووی بکەن و چاوەکان چێژی لێ وەربگرن، ئەم تەعبیرە: ﴿ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ﴾، لە بەهەشت دا هەیە، هەرچی نەفسەکان ئارەزووی بکەن و چاوەکان چێژی لێوەربگرن، هەرچی نازو نیعمەت هەیە، دەیگرنە خۆیان، وەك لە سوورەتی (السّجدة)شدا هاتوە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: هیچ نەفسێك، هیچ کەسێك نازانێ، ئەوەی بۆیان پەنهانکراوە، لەوەی مایەی دڵخۆشیی و شادمانییانە، لە پاداشتی ئەوەدا، کە دەیانکرد.

فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ لەو بارەوە هاتوە: [عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَعْدَدْتُ لِعِبَادِيَ الصَّالِحِينَ، مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ، وَلَا أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ، ذُخْرًا، بَلْهَ مَا أَطْلَعَكُمُ اللهُ عَلَيْهِ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾السجدة]، (أخرجه البخاري: ٤٥٠٢، ومسلم: ٢٨٢٤).

ئەوە هەر تەفسیری ئەو ئایەتە موبارەکەیە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ ﴿١٧﴾ ﴾، حەدیسەکە دەفەرموێ: لە بەهەشتدا هەیە، ئەوەی هیچ چاوێك نەیدیوەو، هیچ گوێیەك نەیبیستوە و، بەسەر دڵی هیچ کەسێکدا نەهاتوە، پاشەکەوتە، واز لەوە بێنە کە خوا ئێوەی لێ ئاگادار کردوە، دوایی خوێندیەوە: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ ﴿١٧﴾ ﴾[1].

---

(١) بَلْهَ: اترك: لێگەڕێ، وازی لێ بێنە، یانی: وێڕای ئەوە کە خوا باسیکردوە، ئەوانەی دیکەش لە بەهەشت دا هەن.

چونکـە هـەر شـتێك هەبێ، یـان دەبـێ بـە چـاوی خـۆت بیبینیـت، ئەگـەر بـە چاویـش نەتدیبێ، بۆیـان بـاس کـردووی، لـە فـڵان وڵاتـەو، فـڵان شـوێنە، فـڵان شـتەی لێیـە، بۆیـان بـاس کـردووی و بیسـتووتە، یاخـود دەبـێ بـە خەیاڵتـدا هاتبـێ، ئنجـا پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: ئـەوەی لـە بەهەشـتدا هەیـە، نـە هیـچ چاوێـك دیویەتـی، نـە هیـچ گوێیـەك بیسـتوویەتی، نـە بـە خەیاڵـی هیـچ کەسیشـدا هاتـوە، کەواتـە: تـۆ ئێسـتا لـە دەروونتـدا هەرچەنـدە خەیـاڵ بکـەی، هـەر ناگاتـە ئـەو ئاسـتەی، کـە لـە بەهەشـت دا خـوا ﷻ ئامـادەی کـردوە بـۆ بـڕواداران، هەرچـی خەیاڵـە بیکـە، دیسـان وەختـێ بەهەشـت دەبینـی، دەزانـی ئـەوەی لـەو بەهەشـتەدا هەیـە، نەهاتۆتە خەیاڵـی هیـچ مرۆڤێکـەوە، بـە دەقـی فەرمایشـتی پێغەمبـەر ﷺ، خـواش ﷻ کـە لـە سـوورەتی (**السَّجدة**)دا، دەفەرمـوێ: هیـچ کەسـێك نازانـێ، ئـەوەی بـۆی پەنهانکـراوە، لـە شـتێك کـە پێـی دڵخـۆش دەبـێ و مایـەی شـادمانیی و بەختەوەرییەتـی.

١٠- ﴿ وَأَنتُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾، ئێوە لەوێدا دەمێننەوە، لێرەدا بەس دەفەرموێ: دەمێننەوەو هەمیشەیی دەبن، لە شوێنی دیکەدا قەیدی تاهەتایەشی خراوەتە سەر (**خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا**)، واتە: بە هەمیشەیی کە هەرگیز لێی نایەنە دەرێ، لەوێدا دەمێننەوە.

١١- ﴿ وَتِلْكَ ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِىٓ أُورِثْتُمُوهَا ﴾، ئەو بەهەشتەی کە کراوە بە میراتتان، چۆن میراتێکتان دەدرێتێ، ئاوا کراوە بە میراتتان، بە موڵکتان.

١٢- ﴿ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، بە هۆی ئەوەوە کە کردووتانە، ئەوەش جۆرێکە لە پێزانین و تەقدیر، لە لایەن خوای کاربەجێ و کارزان و میهرەبانەوە، بۆ بەندەکانی، کە ئێوە کردەوەی چاکتان هەبووەو لە بەرانبەر کردەوەی چاکتاندا، ئەو بەهەشتەتان پێدراوە، هەڵبەتە کردەوە چاکەکانی ئێمە، بەس هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت، بەڵام بە دڵنیایی نرخ و تێچووی نازو نیعمەتەکانی بەهەشت نین، وەك پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: [«**لَنْ يُنَجِّيَ أَحَدًا مِنْكُمْ عَمَلُهُ**» **قَالُوا: وَلاَ أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ:** «**وَلاَ أَنَا، إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِي اللَّهُ بِرَحْمَةٍ منه وفضل**، ...»] (**أخرجه البخاري: ٦٤٦٣**). واتە: هیچ کامێك لە ئێوە،

کردەوەکەی دەربازی ناکات (نایخاتە بەهەشت)، گوتیان: تۆش ئەی پێغەمبەری خوا! (کردەوەکەت ڕزگاری ناکات و ناتخاتە بەهەشت)؟ فەرمووی: منیش مەگەر خوا بەزەیی و بەخششی خۆی دامبپۆشێ (ئەگەرنا منیش بە هۆی کردەوەکەمەوە ناچمە بەهەشت).

بۆ ئەوەی بە هەڵە لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ تێنەگەین، دەڵێین: واتە: کردەوەکەی منیش بایی و نرخی بەهەشت نیە، بەڵام هۆکارە!

کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾، یان: ﴿ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، واتە: کردەوەکانی ئێمە، هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت، بەڵام نرخ و بەهای بەهەشت نین، بەهەشت زۆر گرانترەو، زۆر بەهادارترە، لەوەندە کردەوانەی ئێمە، کە لە ماوەیەکی کەمی ژیانی دنیادا دەیانکەین.

کەواتە: تێکگیران نیە، لە نێوان فەرمایشتەکەی پێغەمبەر ﷺو ئایەتەکاندا، ئایەتەکان دەفەرموون: کردەوەکانی ئێوە هۆکارن بۆ چوونە بەهەشت، بەڵام پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: کردەوەکانی ئێمە، نرخی تەواوی بەهەشت نین، تەنانەت کردەوەکانی ویش!.

١٣- ﴿ لَكُمْ فِيهَا فَٰكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾، ئەو بەهەشتەی کە کراوە بە میراتتان و، پێتان خەڵات کراوە بە هۆی کردەوەکانتانەوە، بۆ ئێوە لەوێدا هەیە، میوەی زۆر کە لێیان دەخۆن، واتە: میوەی زۆرو جۆراوجۆر، لەبەر ئەوەی نیعمەتەکانی بەهەشت هەموویان تەنیا بۆ چێژو لەززەت وەرگرتن، نەك بۆ لابردنی ئازاری برسیەتیی و تینووەتیی، ئەو ئازو نیعمەتەی لە بەهەشتدا هەیە، خوا ﷻ زیاتر باسی میوەو باسی خواردنەوەکان دەکات، هەرچەندە جاروبار باسی گۆشتی باڵندەش دەکات و، باسی شتی دیکەش دەکات، چونکە هەموو ئەوانەی دەخورێن و دەخورێنەوە، تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن، نەك بۆ لابردنی ئازاری برسیەتیی و تینووەتیی.

دەرسی حەوتەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە شـازدە (١٦) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (**الزخـرف**)ە، ئایەتەکانـی: (٧٤ - ٨٩)، کـە چوار بابـەتی سـەرەکیی دەگرنـە خۆیـان:

پێنـج ئایەتـی: (٧٤ - ٧٨): باسـی سـزای سـەخت و دژواری بێبڕوایانـی تاوانبـار، لـە ڕۆژی دوایـی دا دەکـەن.

دوو ئایەتـی: (٧٩ - ٨٠) باسـی بـاڵا دەسـتیی خـوای بـەرزو مـەزن و، بیسـتنی هەسـت و خوسـتیان و، تۆمارکردنـی کردەوەکانیانـە، لـە لایـەن فریشـتەکانەوە.

حـەوت ئایەتـی دوای ئەوانیـش: (٨١ - ٨٧)، هەموویـان جارێکـی دیکـە، دەربـارەی خسـتنەڕووی یەکتایـی خـوان، لـە پەرسـتراوێتیی و پەروەردگارێتییـداو، دووریـی خـوا لـە ڕۆڵـەو هاوبـەش و، تـکا لـەلا کردنـی پەرسـتراوانی سـاختەیە.

دوو ئایەتـی کۆتاییـش: (٨٨ - ٨٩)، باسـی سـکاڵا کردنـی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ لـە گەلەکـەی کـە بـڕوا ناهێنـن و، فەرمانکردنـی خوایـە پێـی، کـە چاوپۆشـییان لێبـکات و وازیـان لـێ بێنـێ و، دڵنیابـێ کـە دوایـی دەزانـن، چ کەتنێکـی گەورەیـان کـردووە، چ سـزایەکی بێـڕەزا ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە!

﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٥﴾
وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧٦﴾ وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم
مَّٰكِثُونَ ﴿٧٧﴾ لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴿٧٨﴾ أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا فَإِنَّا
مُبْرِمُونَ ﴿٧٩﴾ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ۚ بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴿٨٠﴾
قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْعَٰبِدِينَ ﴿٨١﴾ سُبْحَٰنَ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبِّ

ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٨٢﴾ فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا۟ وَيَلْعَبُوا۟ حَتَّىٰ يُلَٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ ٱلَّذِى يُوعَدُونَ
﴿٨٣﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٤﴾ وَتَبَارَكَ
ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٥﴾
وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾
وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾ وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ
لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَٰمٌ ۚ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بێگومان تاوانباران لە ئازاری دۆزەخدا، هەر ماون و هەمیشەیین ﴿٧٤﴾ ئازار
لەسەریان خاو ناکرێتەوەو ئەوان تێیدا بێهیوان ﴿٧٥﴾ ستەمیشمان لێ نەکردن،
بەڵکو خۆیان ستەمکار بوون ﴿٧٦﴾ بانگیشیان کرد ئەی مالیك! با پەروەردگارت
تەواومان بکات (بمانمرێنێ)، (مالیك سەرپەرشتیاری دۆزەخ) گوتی: بە دڵنیایی
ئێوە هەر ماوەوەن ﴿٧٧﴾ بەڕاستیی هەقمان بۆ هێنابوون، بەڵام زۆربەتان
هەقتان پێناخۆش بوو ﴿٧٨﴾ یان ئەوان پیلان و نەخشەی کارێکیان داناوە، بێگومان
ئێمەش نەخشە دانەرین (لە دژیان) ﴿٧٩﴾ یان ئایا پێیان وایە ئێمە (قسەی)
پەنهان و چپەیان نابیستین؟ با، (سەرباره) نێرراوانیشمان لەلایانن، (هەرچی
دەیڵێن و دەیکەن) دەینووسن (و تۆماری دەکەن) ﴿٨٠﴾ بڵێ: ئەگەر (گریمان
خوای) بە بەزەیی ڕۆڵەی هەبێ، ئەوە من یەکەمی پەرستەرانم (بۆی) ﴿٨١﴾
پاکیی بۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی، پەروەردگاری عەرش (لەوەی باسی
دەکەن و خوای پێ وەسف دەکەن) ﴿٨٢﴾ دەجا لێیان گەڕێ (ئەی پێغەمبەر!)
با تێبرژێن (بۆ نێو ناهەق)و یاریی بکەن، تاکو دەگەنە ئەو ڕۆژەیان کە گفتیان
پێدەدرێ ﴿٨٣﴾ هەروەها (خوا) ئەو کەسەیە، کە لە ئاسمانێ پەرستراوەو، لە

زەویشدا پەرستراوەو، ئەو کاربەجێی زانایە ﴿٨٤﴾ بەرزو بە پێزیشە، ئەو کەسەی حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیشیانی هەیەو، زانیاریی کاتەکە(ی ڕۆژی دوایی) لەلایەو، بەس بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە ﴿٨٥﴾ ئەوانەش کە جگە لەو (خوا) لێیان دەپاڕێنەوە، تکا کردنیان (لە لای وی) بەدەست نیە، مەگەر کەسانێك شایەدیی بە هەق بدەن و بشزانن (و بە بەرچاو ڕوونییەوە ئەو شایەدییە بدەن) ﴿٨٦﴾ ئەگەر لێشیان بپرسی: کێ دروستیکردوون؟ بە جەختکردنەوە دەڵێن خوا، ئەدی چۆن (لە پەرستنی خوا) لادەدرێن؟ ﴿٨٧﴾ هەروەها (خوا) قسەکەیشی (هی پێغەمبەر دەزانێ کە گوتی:) ئەی پەروەردگارم! بێگومان ئەوانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن ﴿٨٨﴾ ڕوویان لێوەربگێڕەو بڵێ: سەلام، لە مەودوا دەزانن (تووشی چ سزایەك دەبن!) ﴿٨٩﴾ }

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْمُجْرِمِينَ): واتە: تاوانباران، (**الجُرْمُ: قَطْعُ الثَّمَرَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ، وَاسْتُعِيرَ لِكُلِّ اكتِسَابٍ مَكْرُوهٍ**)، (**جُرم**): لە ڕیشەی زماندا بەمانای چنینی میوە لە درەخت دێ، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ وەدەستهێنانی، هەر کارێکی ناپەسندو خراپ.

(لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ): لەسەریان سووك ناکرێ، لەسەریان خاو ناکرێتەوە، (**الفُتُورُ: سُكُونٌ بَعْدَ حِدَّةٍ، وَلِينٌ بَعْدَ شِدَّةٍ، وَضَعْفٌ بَعْدَ قُوَّةٍ، وَبِالتَّضْعِيفِ يَتَعَدَّى إلى مَفْعُولٍ: لا يُفَتِّرُهُ أَحَدٌ**)، (**فتُورُ**): بریتیە لە وەستان لە دوای جووڵەی خێراو، نەرمیی لە دوای توندیی و، بێهێزیی لە دوای بەهێزیی، بەڵام (**فَتَّرَ**) ئەگەر بە (**تَضعیف**) بێ، (**فَتَرَ**) واتە: خاو بۆوە، سووك بوو، بەڵام (**فَتَّرَ**)، پێویستی بە بەرکار هەیە، ئەو کاتە: (لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ) واتە: (**لا يُفَتِّرُهُ أَحَدٌ عَنْهُم**)، هیچکەس ئەو سزایەیان لەسەر خاو ناکاتەوە.

(مُبْلِسُونَ): (الإِبْلاَسُ: اليَأْسُ وَالذُّلُ، وَمِنْ لَوَازِمِهِ: السُّكُوتُ)، (أَبْلَسَ، يُبْلِسُ وَهُوَ مُبْلِسٌ)، (إبلاس): بریتیە لە نائومێدیی و زەبوونیی، لە ئەنجامی نائومێدیی و زەبوونییشدا، بێدەنگیی پەیدادەبێ، بۆیە هەندێکیان (مُبلسون)یان بە (ساکِتون) لێکداوەتەوە، کە لە ڕاستییدا بێدەنگییەکە، دەرهاویشتەی نائومێدیی و زەبوونییەکەیە.

(لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ): با پەروەردگارت تەواومان بکات، واتە: کۆتاییمان پێ بێنێ، بمانمرێنێ، (القَضَاءُ: الإِمَاتَةُ، قَالَ اللهُ ﷻ: ﴿ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ﴿١٥﴾ ﴾القصص)، مووسا ﷺ بۆ کسێکی لێدا، یان مستێکی لێدا تەواوی کرد، مراندی.

(مَّٰكِثُونَ): (المُكْثُ: ثَبَاتٌ مَعَ الإِنْتِظَارِ، مَكَثَ، مُكْثاً وَمَكَثاً)، (مَاكِثُون) واتە: دەمێننەوە، (مُكْث) واتە: مانەوە لەگەڵ چاوەڕوانییکردندا، دەگوترێ: (مَكَثَ مُكْثاً، وَمَكَثَ مَكْثاً)، هەردووکیان بە مانای مانەوە لەگەڵ چاوەڕوانییدا.

(أَبْرَمُوٓاْ أَمْرًا): (الإِبْرَامُ: إِبْرَامُ الأَمْرِ، وَأَصْلُهُ إِبْرَامُ الحَبْلِ، وَهُوَ تَرْدِيدُ فَتْلِهِ، وَالمُبْرَمُ: المُحْكَمُ فَتْلاً)، (إِبْرَام): بریتیە لە پتەوکردنی کارێك، بە مەحکەمیی بکرێ و پتەو بێ، ڕیشەکەی لەوەوە هاتوە، لە (إِبْرَامُ الحَبْل)، واتە: چنین و هۆنینەوەی پەتێك، ئەویش ئەوەیە چنینەکەی با بدرێ و، بچنرێ و بهۆنرێتەوە، (المُبْرَمُ: المُحْكَمُ فَتْلاً)، دەگوترێ: (حَبْلٌ مُبْرَمٌ أي: مُحْكَمٌ فَتْلاً)، واتە: زۆر چاك هۆندراوەو چندراوە.

(سِرَّهُمْ): واتە: پەنهانیان، (الإِسْرَارُ: خِلاَفُ الإِعْلاَنِ، السِّرُّ: الحَدِيثُ المُكْتَمُ فِي النَّفْسِ)، (إِسْرَار): پێچەوانەی (إِعْلاَن)ە، (إِعْلاَن) واتە: ئاشکراکردن، (إِسْرَار) واتە: پەنهانکردن، (سِرّ)یش: بریتیە لەو قسەیەی لە دڵدا دەشاردرێتەوە.

(وَنَجْوَىٰهُم): واتە: چپەچپیان، (نَاجَيْتُهُ أي: سَارَرْتُهُ، وَأَصْلُهُ أن تَخْلُوَ بِهِ فِي نَجْوَةٍ مِنَ الأرض)، (ناجَيتُهُ) واتە: چپەم لەگەڵ کرد، سرکەم لەگەڵ کرد، ئەصڵەکەشی لەوەوە هاتوە، کە تۆ کەسێك ببەیە شوێنێکی چۆڵایی لە زەوییەکدا (واتە: شوێنێکی پەنا)و قسەی خۆتی لەگەڵ بکەی.

(يَخُوضُواْ): (الخَـوْضُ: الـشُّرُوعُ فِي المَـاءِ وَالمـرُورُ فيـهِ، وَيُسْـتَعَارُ فِي الأُمُـورِ، وَأَكْـثَرُ مَـا وَرَدَ فِي القُـرْآنِ، وَرَدَ فِيـما يُـذَمُّ الـشُّروعُ فيـهِ)، (يَخُوضُـوا) واتـە: لێیـان گـەڕێ، تێبرژێـن، (خَـوض) واتـە: تێـرژان، چوونـە نێـو ئـاو، بـە نێـو ئـاودا ڕۆیشـتن، بـەڵام خوازراوەتـەوە بـۆ چوونـە نێـو قسـان، چوونـە نێـو کارێـك، بـە زۆریـی کـە لـە قورئانـدا هاتـوە، لـە بـارەی ئـەو شـتانەوە هاتـوە، کـە خراپـە مـرۆڤ تێیـان بـرژێ و تێیانـدا دەسـتبەکار بـێ، بـە تایبەتیـی قسـەی بـەلاش و پـووچ و خـراپ.

(وَتَبَارَكَ): واتـە: بـەرزو بـە پێـزو بەردەوامـە، (البَرَكَـةُ: ثُبُوتُ الخَـيْرِ الإِلَهِيِّ فِي شَيءٍ، وَتَبَـارَك: تَنْبِيهٌ عَـلَى اخْتِصَاصِـهِ تَعَـالى بِالخَـيْرَات)، (بَرَكَـة): بـە مانـای چەسپاویی چاکـەو پێـزی خوایـە ﷻ، لـە شـتێکدا، (تَبـارَكَ)، ئاگادارکردنەوەیـە، بـۆ ئـەوە کـە خـوا ﷻ تایبەتمەنـدە بـە خێـرو پێـزو چاکەکانـەوە.

(فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ): واتـە: چاوپۆشـییان لـێ بکـە، (الصَّفْـحُ: تَـرْكُ التَّثْرِيـبِ وَأَبْلَـغُ مِـنَ العَفْـوِ)، (صَفْـح): بریتیـە لـە وازلێهێنانـی سـەرکۆنە کـردن، کە ئەمـە زێدەڕۆیـی زیاتری تێـدا هەیـە، لـە لێبـوردن، (عَفـو) واتـە: لێبـوردن، بـەڵام (صَفـح) واتـە: چاوپۆشـیی، لێبـوردن ئەوەیـە، لەبـەر چـاوت بـێ، ئـەو هەڵەیـەی لـە گەڵـت دا کـردوە، بـەڵام چاوپۆشـیی ئەوەیـە، هـەر لەبیـری خۆتـی بەریـەوە، کـە ئـەو خراپەیـەی کـردوە، چونکـە (صَفـح) لـەوەوە هاتـوە، تـۆ لامـل بکەیـە شـتێك، واتـە: نادیـدەی بگـری و خـۆتی بەسـەرەوە نەبـەی.

(سَلَٰمٌ): (السَّـلاَمُ: دُعَـاءٌ بِالسَّـلاَمَةِ)، (سـلام) لـە سـیاقی خۆیـدا، پاڕانەوەیـە بـۆ سـەلامەتیی بەرانبـەر، (وَالسِّـلْمُ وَالسَّـلْمُ وَالسَّـلاَمُ: الصُّلْـحُ)، (سـلِم وسَـلْم وسـلام) هـەر سـێ وشـە کـە بـە مانـای صوڵـح و پێکهاتـن و ئاشـتەوایی دێـن، بـەڵام لێـرەدا: (فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ) چاوپۆشـییان لێبکـە، خۆتیـان بەسـەرەوە مەبـە، (وَقُـلْ سَـلاَم) بشـڵێ: سـەلام، ئـەم سـەلامە، داوای ئاشـتیی بـۆ کـردن نیـە، بەڵکـو یـانی: خـوا حافیزییـان لـێ بکـەو، وازیـان لـێ بێنـە، کەواتـە: ئـەم سـەلامە بـۆ وازلێهێنانـە، وەك لـە سـوورەتی:

(الفُرقـان)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ ﴾، واتـە: (قَالُوا: قَوْلاً ذَا سَلاَمَةٍ)، قسـەیەکیان کـرد، قسـەیەکی سـەلامەت و، بێمـزەڕەت و بـێ زیـان، یاخـود: (قَالُوا۟ سَلَٰمًا)، واتـە: سـەلامیان کـردو، سـەلامەکەش واتـە: خواتـان لەگـەڵ و خـوا حافیزتـان بـێ، ئێمـە لەگـەڵ ئێـوەدا نایەینـە نێـو تـەرازووەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەك لـە سـەرەتای پێناسـەی ئـەم دەرسـەدا گوتمـان، ئـەو شـازدە ئایەتـەی کۆتایـی (الزخـرف) چـوار بابەتـی سـەرەکیی دەگرنـە خۆیـان، سـەرەتا خـوا ﷻ وەك چـۆن لـە ئایەتەکانـی پێشـێدا، باسـی ئـەو نـازو نیعمـەت و خێـرو خۆشـییەی کـرد، کـە لـە بەهەشـتدا بـۆ پارێـزکاران، بـۆ بڕوادارانـی بـۆ خـوا ملکـەچ دانـراوەو ئامـادە کـراوە، ئنجـا باسـی سـزاو ئـازارو جەزرەبـەو مەینەتییـەك دەکات، کـە بـۆ تاوانبـاران، واتـە: بێبڕوایـان و هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـی تاوانبـار، ئامـادە کـراوە لـە دۆزەخـدا، دەفەرمـوێ:

﴿ إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی تاوانبـاران، لـە ئـازاری دۆزەخـدا هـەر مـاون، واتـە: بـەردەوام دەبـن، تێیـدا هەمیشـەیین و لێـی ناچنـە دەرێ، ﴿ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ ﴾، لێـی دەربـاز نابـن و، تێیـدا دەمێننـەوە، سـەرباری: لەسەریشـیان سـووك ناکـرێ، (فَتَرَ)، واتـە: (سَكَنَ)، وەسـتا، سـووك بـوو، ئنجـا (فَتَّرَ)، واتـە: (سَكَّنَ)، سـووکی کـرد، وەسـتاندی.

کەواتـە: ﴿ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ ﴾، یـانی: هیـچ کەسـێك، تۆزێـك ئـەو ئـازارو سـزایەیان لەسـەر خـاو ناکاتـەوەو سـووك نـاکات، ﴿ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴾، ئـەوان لـە نێـو ئـەو ئـازاری دۆزەخـەدا، نائومێـدو بـێ هیـوان، لـە ئەنجامـی بـێ هیوایـی و نائومێدیـی و

زەبوونییدا، بێ دەنگ دادەنیشن و قسان ناکەن، چونکە پێشێ زۆر دەپاڕێنەوەو دەلاڵێنەوەو دەکرووزێنەوە، وەك لە ئایەتەکانی دیکەدا هاتووە، بۆ وێنە لە سووڕەتی (غافر)دا:

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٩﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی لە نێو ئاگری دۆزەخدان، بە دۆزەخەوانەکان (سەرپەرشتیارانی دۆزەخ)یان گوت: لە پەروەردگارتان بپاڕێنەوە، یەك ڕۆژ ئازارمان لەسەر سووك بکات!

ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە:

﴿ قَالُوٓا۟ أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۚ قَالُوا۟ فَٱدْعُوا۟ ۗ وَمَا دُعَٰٓؤُا۟ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾ ﴾، گوتیان: ئایا پێغەمبەرەکانتان، بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ نەهێنان؟ گوتیان با، (فریشتەکان و سەرپەرشتیارانی دۆزەخ) گوتیان: ئنجا خۆتان بپاڕێنەوەو، پاڕانەوەی بێبڕوایانیش تەنیا لە ون بوون دایە.

واتە: کەس گوێی ناداتێ و زایە دەبێ و بێ ئاکام و بێ بەرهەم دەبێ، بۆیە لێرەدا دەفەرموێ: لەوێدا نائومێد دەبن لە دۆزەخدا.

﴿ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئێمەش ستەممان لێ نەکردوون، بەڵکو ئەوان خۆیان ستەمکار بوون، کە هاوبەشیان بۆ خوا داناو، بێبڕوا بوون بە خواو، بە پێغەمبەرانی خواو، بە پەیامی خواو، بە ئایەتەکانی خوا، سەربارەش تاوانبارو خراپەکار بوون، کەواتە: کردەی دەستی خۆیانە، ئەو سەرەنجامەی بۆ هێناونە پێش، وەك پێشینان گوتوویانە: (چ بچێنی ئەوە دەدروویەوە)، ئەوانیش لە دنیادا، تۆی کوفرو شیرك و گوناهو تاوان و ستەم و لادانیان چاندوە، بۆیە لە ڕۆژی دواییشدا، ئەوەی کە لە دنیادا تۆوەکەیان ڕژاندووەو، چاندوە، هەر بەرهەمی ئەوە هەڵدەگرنەوە.

﴿ وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ﴾، بانگیان کرد ئەی مالیك! با پەروەردگارت
تەواومان بکات و، کۆتاییمان پێ بێنێ، مالیك ئەو فریشتەیە کە سەرپەرشتیی
هەموو دۆزەخ دەکات، بە دڵنیایی ئەویش کۆمەڵێك فریشتەی لەبەردەست دان،
لە سوورەتی: (المُدَّثِّر)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ (٣٠) وَمَا جَعَلْنَا
أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ
وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ
وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ
إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ (٣١) ﴾، دۆزەخ نۆزدە فریشتەی لەسەرن، کەواتە:
لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ﴾، گوتیان: ئەی مالیك! با
پەروەردگارت کۆتاییمان پێ بێنێ، مالیك سەرپەرشتیاری گشتیی دۆزەخە، ئەویش
نۆزدە فریشتەی لەبەردەست دان، وەك خوا ﷻ لێرەدا دەفەرموێ:

دۆزەخ نۆزدە (فریشتە) سەرپەرشتیی دەکەن و، ئێمە هاوەڵانی دۆزەخمان بە فریشتە داناون، ژمارەکەشیان تاقیکردنەوەیە بۆ ئەوانەی بێبڕوان، تاکو ئەوانەی کتێبیان پێدراوە، دڵنیابن، (چونکە لە کتێبەکانی ئەوانیشدا باسی ئەو نۆزدە فریشتەیە کراوە، کە سەرپەرشتیاری دۆزەخن) و، بۆ ئەوەی بڕوادارانیش ئیمانیان زێدە ببێ و، بۆ ئەوەش ئەوانەی کتێبیان پێدراوەو بڕواداران، نەکەونە دوو دڵییەوەو، بۆ ئەوەی ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایەو بێبڕوایان بڵێن: خوا ﷻ چی ویستوە لەو وێنەیە، کە ئەو وێنەیەی هێناوەتەوە؟ خوا ﷻ هەر بەو شێوەیە هەر کەسێ بیەوێ گومڕای دەکات و هەر کەسێك بیەوێ ڕاستە ڕێی دەکات، (ئەگەرنا هەموویانی ڕێنمایی کردووەو ڕێی پێشانی هەموویان داوە، بەڵام ئەوانەی هیدایەتی خوا قبووڵ بکەن، ئەوە خوا ﷻ ڕاستە ڕێیان دەکات و، ئەوانەش کە هیدایەتی خوا ڕەفز بکەن و بەرپەرچ بدەنەوە، خوا ﷻ گومڕایان دەکات)، سەربازەکانی پەروەردگاریشت، تەنیا خۆی ژمارەیان دەزانێ، ئەوەش کە باس کراوە، تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ مرۆڤەکان.

ئێمە لەم تەفسیرە کوردییەماندا، ئەو میتۆدەمان ڕەچاو کردوە، کە هەمیشە هەوڵدەدەین، قورئان بە قورئان تەفسیر بکەین و، لە دوای قورئان، بە دەقەکانی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، چونکە بێگومان باشترین ڕوونکەرەوە بۆ قورئان، خودی قورئانە، خوا ﷻ لە شوێنێك شتێك بە کورتیی دێنێ، لە شوێنێکی دیکە بە درێژیی دەیهێنێ، لە شوێنێك لایەنێکی مەسەلەیەك باس دەکات و، لە شوێنێکی دیکە لایەنەکانی دیکەی باس دەکات.

ئنجا لێرەدا کە ئاوانباران داوا لە مالیك دەکەن: ﴿ وَنَادَوْا يَـٰمَـٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ﴾، بانگیان کرد: ئەی مالیك! با پەروەردگارت تەواومان بکات، کۆتاییمان پێ بێنێ و، بمانمرێنێ، وەك لە سوورەتی (القَصَص)دا هاتوە: ﴿ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ۝١٥ ﴾، واتە: مووسا ﵇ مستێکی لێداو تەواوی کرد، ﴿ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ﴾، تەواوی کردو، کۆتایی پێ هێنا، بووە هۆی مردنی.

ئایا مالیك چی وەڵام دەداتەوە؟ ﴿ قَالَ إِنَّكُم مَّـٰكِثُونَ ﴾، (مالیك) گوتی: ئێوە دەمێننەوە، ئنجا لە تەفسیرەکان دا هاتوە، هەندێك لە زانایان دەڵێن: دوای ساڵێك و، هەندێك دەڵێن: دوای بیست ساڵ و، هەندێك دەڵێن: دوای حەفتا ساڵ و، هەندێك دەڵێن: دوای هەزار ساڵ، مالیك وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: ئێوە دەمێننەوە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوە هەمووی قسەیەو، هەتا بە سەنەدێکی ڕاست، نەچێتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ، وەك تەفسیری ئایەتەکان، ناگونجێ باس بکرێ، ساڵ و مانگ و هەفتەو ڕۆژیش، بە چەمکی باویان تایبەتن بە خەڵکی سەر خڕۆکەی زەوییەوە! ﴿ قَالَ إِنَّكُم مَّـٰكِثُونَ ﴾، مالیك گوتی: ئێوە دەمێننەوە، واتە: بەردەوام دەبن لە سزاداو خوا ناتانمرێنێ، وەك لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ۝١٣ ﴾الأعلى، واتە: نە تێیدا دەمرێ و، نە تێشیدا دەژی، نە ژیانێك دەژی، کە بە ژیان لە قەڵەم بدرێ و نە مردنیشی بەسەردا دێ، کە کۆتایی پێ بێ، لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ۝٧٤ ﴾طه، واتە: هەر کەسێك بە تاوانباریی بێتە لای پەروەردگاری، (واتە:

تـاوان لەگـەڵ خـۆی بهێنێتـەوە بـۆ لای پـەروەردگاری)، دۆزەخـی بـۆ هەیـە، نـە تێیـدا دەمـرێ و، نـە تێشـیدا دەژی، واتـە: نـە کۆتایـی پـێ دێ، وەك چـۆن مـردن لـە دنیـادا هەیـە، بـەڵام لـە ڕۆژی دواییـدا مـردن نیـە، نـە ژیانێکیـش دەژی، کـە بـە ژیـان لـە قەڵـەم بـدرێ.

﴿ لَقَدْ جِئْنَاكُم بِالْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە هەقـمان بـۆ هێنابـوون، بـەڵام زۆربەتـان کەیفتـان بـە هـەق نایـەت و، ناخۆشویسـتن بـۆ هـەق، هـەق واتـە: شـتی چەسـپاو و ڕاسـت، کـە لێرەدا مەبەسـت پێـی خـوا ﷻ بـە یەکگرتنـەو، بەندایەتیـی کردنـە بـۆ خـواو، پەیڕەویـی کردنـە لـە بەرنامـەی خـواو، شـوێن پێهەڵگرتنـی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ، هەقـمان بـۆ هێنابـوون، بـەڵام زۆربەتـان ناخۆشویسـت بـوون بـۆ هـەق، هەقتـان نەدەویسـت، بۆچـی دەفەرمـوێ: زۆربەتـان؟ چونکـە دوایـی بەشـێکیان، ئـەو هەقـەی خـوا ﷻ ناردوویەتـی، قبووڵیـان کـردوە، کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَقَدْ جِئْنَاكُم بِالْحَقِّ ﴾، واتـە: لـە ژیانـی دنیـادا هەقـمان بـۆ هێنابـوون، بـەڵام زۆبەتـان هەقتـان نەویسـت و، ڕەفزتـان کـردو، ناخۆشویسـتنتان هەبـوو بـۆ هـەق، هەقتـان دەکەڕهانـدو، هەقتـان دەدزا، بۆیـە ڕەتتـان کـردەوە، بـەڵام کەمێکتـان ئەوانـە بـوون کـە بڕوایـان هێنـاو، هەقیـان قبـووڵ کـرد.

﴿ أَمْ أَبْرَمُوا أَمْرًا ﴾، یـان ئایـا پیلانێکیـان گێـڕاوە، (إبـرام) واتـە: هۆنیـن و ڕسـتنی ڕیسـێك، پەتێـك، مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کارێکـی مەحکەمیـان کـردووەو نەخشـەیەکی باشـیان دانـاوە، ﴿ فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـەش بکـەری کارێکـی مەحکەمیـن، ڕۆنـەری نەخشـەو پلانێکـی مەحکەمیـن لەبەرانبەریانـدا.

ئنجـا هەندێـك لـە زانایـانی ڕوونکـەرەوەی قوڕئـان گوتوویانـە: ئەمـە مەبەسـت پێـی ئـەوە بـووە، کـە بێبڕوایـان لـە (**دار النَّـدوة**)دا دانیشـتن و کۆبوونەوەیـان کـرد، لـە دژی پێغەمبـەر ﷺ کـە چـۆن لـە بەینـی بـەرن؟ بـەڵام پێـم وایـە، ئـەم سـوورەتە لـەو سـەرو حـەدەدا نەهاتۆتـە خـوارێ، واتـە: سـاڵی سـێزدەیەمی پێغەمبەرایەتیـی، کە کافـرەکانی مەککـە لـە کاتی دەرچـوونی پێغەمبـەردا بـۆ کۆچکـردن بـەرەو مەدینـە پیلانی

کوشتنییان دانا، لە (**دار النَّدوة**)دا، بەڵکو ئەم سوورەتە لە ساڵانی هەشت و نۆدا هاتۆتە خوارێ، ئنجا زلە زلەکان و بڕیار بە دەستانی قوڕەیش و هۆزەکانی دیکەش، کە لە مەککە بوون و لە (**دار النَّدوة**)دا، کۆبوونەوە، بەس ئەو جارە کۆنەبوونەوەو جارانی دیکەش کۆبوونەوە، کە نەخشە دابنێن لە دژی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی، ئنجا مەبەستی ئەو ئایەتانە یەکێك لەو جارانەیەو، ئەوەش کاری بەردەوامیان وابووە، لە (**دار النَّدوة**)دا دانیشتوون و نەخشەیان داناوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر ئەوان نەخشە دادەنێن، لە دژی پێغەمبەری من و پەیامی من و قورئانی من، ئەوە ئێمەش نەخشەدانەرو پلان دانەرین لە دژیان.

﴿ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ﴾، یان ئایا پێیان وایە، ئێمە قسەی پەنهانیان، ئەو قسەیەی کە لە دڵیاندا پەنهانی دەکەن و، سرکە سرك و چپە چپیان، لە بەینی خۆیان دا، نابیستین!، ﴿ بَلَىٰ ﴾، با، ئەوەش دەبیستین و ئاگامان لێیەتی، ﴿ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴾، سەرباره نوێنەرەکانیشمان، ڕەوانەکراوەکانیشمان (کە فریشتەکانن) لەلایانن و، دەنووسن و تۆمار دەکەن.

جارێکی دیکەش خوا ﷻ دێتە سەر باسی بەیەککگرتن و یەکتایی خۆی، هەم لە پەروەردگارێتییداو، هەم لە بەدیهێنەرایەتییداو، هەم لە خاوەندارێتیی داو، هەم لە پەرستراوێتییدا.

﴿ قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَٰبِدِينَ ﴾، (ئەی مەحەممەد ﷺ!) بفەرموو: ئەگەر (خوای) بە بەزەیی ڕۆڵەی هەبێ، ئەوە من یەکەمینی خواپەرستانم، واتە: من یەکەمینی خواپەرستانم، ئەگەر ڕۆڵەی هەبێ دەبێ من بزانم و کە من نەزانم، کەواتە: نیەتی، ئەوە واتایەکی.

یاخود ئەگەر (خوای) بە بەزەیی ڕۆڵەی هەبووایە، من یەکەمین پەرستەرانم، یەکەمین کەس دەبووم ئەویشم دەپەرست، ئەگەر گریمان خوا ﷻ ڕۆڵەی هەبووایە، چونکە ئەویش هەر بەشێك دەبوو لە خوا ﷻ و دەبوو ئەویش

پەرستراپایە، ئـەم ئایەتـە چەنـد مانایەکـی هـەن، بـەڵام ئـەو دوو مانایـە زیاتـر سـەرەکیین.

ئەمـەش هەمـووی وەك قسـەی نەرمکـردن و خاتـر گرتنـە لەگـەڵ بەرانبـەردا، کـە یەکسـەر لـە دەمـاری نـەدەی و بڵێـی: باشـە بـا بزانیـن، کـە ئێـوە دەڵێـن: خـوا ڕۆڵـەی هەیـە، ئەگـەر وابـێ مـن یەکەمینـی خواپەرسـتانم و دەبـێ بزانـم، یاخـود: مـن یەکـەم کەسـم دەیپەرسـتم، دەی فەرمـوون: بـا لێـی بکۆڵنـەوە، داخـۆ خـوا ﷻ دەگونجـێ ڕۆڵـەی هەبـێ؟!.

﴿ سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، دوورە پەروەردگاری ئاسـمانەکان و زەوی و پـەروەردگاری عـەرش، (ئـەو تەخـت و بارەگایـەی کـە تەنیـا خـۆی دەزانـێ چۆنـە؟)، لـەوەی ئـەوان خـوای پـێ وەسـف دەکـەن، لـەو وەسـفەی ئـەوان دەیڵێـن، خـوا ﷻ دوورە لـەوە، پاکـە لـەو جـۆرە وێناکردنـە، کـە ڕۆڵـەی هەبـێ و، وەچـەی هەبـێ و، هاوبەشـی هەبـێ.

﴿ فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا وَيَلْعَبُوا ﴾، ئنجـا لێیـان گـەڕێ بـا تێبرژێـن و یاریـی بکـەن، واتـە: تێبرژێنـە نێـو قسـەی پـووچ و بـێ کەڵـك، بـا بەشـێوەیەك هەڵسـوکەوت بکـەن، کـە هەڵسـوکەوتەکەیان دەشـوبهێتە یاریـی منـداڵان، قسـەکەیان وەك ڕژانـە نێـو باتـڵاغ و چڵپاوێکـە، کـردەوەو هەڵسوکەوتەکانیشـیان، وەك یاریـی و گەمـەی منداڵانن، لێیـان گـەڕێ بـا سـەرگەرمی ئـەوە بـن، ﴿ حَتَّىٰ يُلَاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي يُوعَدُونَ ﴾، تاکـو ڕوویـەڕووی ئـەو ڕۆژەیـان دەبنـەوە، کـە بەڵێنیـان پێـدراوە، ئەمـەش هەڕەشـەیەکی گەورەیـە بۆیـان، واتـە: لێیـان گـەڕێ بـا سـەرگەرمی قسـەو ڕەفتـاری پـووچ و بێکەڵکی خۆیـان بـن، تاکـو گیـرۆدەی ئـەو ڕۆژە دەبـن، کـە بەڵێنیـان پێـدراوە.

﴿ وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَٰهٌ وَفِي الْأَرْضِ إِلَٰهٌ ۚ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ ﴾، ئەویـش (خـوا ﷻ) ئـەو کەسـەیە، کـە لەسـەرێ تەنیـا ئـەو پەرسـتراوەو، لەسـەر زەویـش بـەس ئـەو پەرسـتراوەو، هـەر ئـەو کاربەجێـی زانایـە، یـانی: هەرچـی کاربەجێیـی و

کارامەیی و لێزانیی هەیەو، هەرچی زانیاریی و شارەزایی هەیە، لە لای خوای پەروەردگارە، ﴿ وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ﴾، بەرزو بە پێزەو، بەردەوامەو، خاوەن خێرو بەرەکەتە، ئەو کەسەی حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی هی ویە، هەروەها حوکمڕانیی، ئەوەی دەکەوێتە نێوان ئاسمانەکان و زەویشەوە، تەنیا هی خوایە، ﴿ وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ﴾، زانیاریی کاتەکە **(ساعة)**ش لە لای ئەوە، واتە: زانیاریی هەبوون بەو کاتە دیاریکراوەی کە ئاخیر زەمانی تێدا دێ، یاخود قیامەتی تێدا دێ، یان ڕۆژی دوایی بە هەردوو قۆناغەکەوە، تێیدا دێ، تەنیا لە لای ئەوە، ﴿ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، تەنیا بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە.

﴿ وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾، ئەوانەش کە لە جیاتی وی، یان لەگەڵ وی، یان جگە لەوی لێیان دەپاڕێنەوە، هیچ کامیان تکا کردنیان بەدەست نیە، مەگەر ئەوانەیان کە شایەدیی بە هەقیان داوە، واتە: شایەدیی دەدەن بە یەکتایی خوا، لە بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، خاوەندارێتیی و، پەرستراوێتییدا، شایەدیی بەو هەقە دەدەن و، دەشزانن، واتە: بە بەرچاوڕوونییەوە شایەدیی دەدەن، واتە: تەنیا ئەوانەیان کە ئەو شایەدییە بە هەقە دەدەن، تکا کردنیان بەدەستە، ئەوانەی لە جیاتی خواو، جگە لە خوا، لێیان دەپاڕێنەوە، تەنیا ئەوانەیان کە شایەدیی بە هەق دەدەن، تکا کردنیان بەدەستە، ئەوانیش فریشتەکانن و پێغەمبەرانن و دۆستانی خوان، ئەوانەن کە خەڵك بە نەزانیی لێیان دەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن، ئەگەرنا ئەوانی دیکە، کە لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، چ ژیانداربن، چ بێ ژیان بن، ئەوانە هیچیان تکا کردنیان بەدەست نیە، ئەوە واتایەکی.

یاخود: ئەوانەی کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، هیچیان تکا کردنیان بەدەست نیە، مەگەر بۆ کەسێك کە شایەدیی بە هەق بدات، واتە: ئەوانەی لێیان دەپاڕێنەوە، کە فریشتەکان و پێغەمبەرانن، ئەوانە تەنیا تکا بۆ کەسێك

دەکەن، کە شایەدیی بە هەقی دابێ و، ئەهلی ئیمان و تەوحید بووبێ، هاوکات لە ڕووی زانیارییشەوە ئەو شایەدییە بە هەقەی دابێ.

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾، ئەگەر لێیان بپرسی: کێ دروستیکردوون؟ زۆر بە جەختکردنەوە دەڵێن: خوا ﷻ، ﴿ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾، کەواتە: بۆ کوێ لادەدرێن؟ [(**يؤفكون**) **يُقلَبون، يُصْرَفون**]، بۆ کوێ هەڵدەگێردرێنەوە، بۆ کوێ لادەدرێن، یاخود: ﴿ فَأَنَّىٰ ﴾، واتە: (**فَكَيفَ**)، واتە: چۆن لادەدرێن و چۆن هەڵدەگێردرێنەوە، مادام خوا بەدیهێنەریانەو دان بەو ڕاستییەدا دێنن، ئەدی بۆچی جگە لە خوا دەپەرستن، مادام تەنیا خوا دروستیکردوون و، تەنیا خوا هەمەکارەی کەون و کائیناتە، کەواتە: هەر ئەویش شایستەی پەرستران و بەندایەتیی بۆ کرانە، کەوا بێ: بۆ کوێ لادەدرێن و چۆن لادەدرێن؟ لێرەدا کە بە بکەر نادیار (**مَجهولُ الفاعِل**)، هاتوە، یانی: ئەوانە، ویست و خواستی خۆیان لەدەست داوەو، ڕێشمەی کارو باریان کەوتۆتە دەست کەسێکی دیکەو، بە ویستی خۆیان و، بە عەقڵی خۆیان و، بە ئازادیی خۆیان بە ڕێدا نارۆن و، بەملاو لادا دەبرێن.

﴿ وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەمە دەگێردرێتەوە بۆ سەر ئەو ڕستەیەی پێشێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، واتە: (**وَعِنْدَهُ عِلْمُ قِيْلِهِ**)، هەروەها خوا ﷻ زانیاریی فەرمایشتەکەیشی لە لایە؟ هی پێغەمبەر ﷺ، کە گوتی: ﴿ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەی پەروەردگارم! ئەوانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن، واتە: سکاڵای کرد بۆ لای پەروەردگار، وەك لە سوورەتی (**الفُرقان**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِى ٱتَّخَذُوا۟ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا ﴿٣٠﴾ ﴾، پێغەمبەریش ﷺ گوتی: ئەی پەروەردگارم! خەڵکەکەم ئەو قورئانەیان واز لێهێناوەو، پشتیان تێکردوە، ئەمە سکاڵا کردنی پێغەمبەرە ﷺ، لە دەست خەڵکە کەللەڕەق و خراپەکەی، سکاڵا دەکات بۆ لای خوا ﷻ، خوێنراویشەوە: (**وَقِيْلَهُ**)، ئنجا ئەگەر (**قِيْلَهُ**) بێ، دەگێردرێتەوە بۆ سەر ڕستەیەکی

پێشتر، ﴿ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾، نێردراوەکانی ئێمە لەلایانن دەنووسن، هەموو کردەوەکانی وان دەنووسن، (وَقِيْلِهُ يَا رَبِّ)، ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ دەنووسن، کە فەرمووی: ئەی پەروەردگارم! ئەوانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن، واتە: ئەو سکاڵایەی پێغەمبەر ﷺ کە بۆ لای پەروەردگاری کردوویەتی، ئەویشیان نووسیوە، یاخود: (قِيْلَهُ)، بەرکاری ڕەها (مَفعول مُطلَق)ە، (وَقَالَ قَولَهُ)، پێغەمبەر ﷺ قسەی خۆی کرد، کە گوتی: ئەی پەروەردگارم! ئەمانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن، دواتر لە مەسەلە گرنگەکاندا، زیاتر تیشکی دەخەینە سەر: (قِيْلِهِ) و (قِيْلَهُ).

﴿ فَاصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَامٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴾، چاوپۆشییان لێبکەو پێیان بڵێ: سەلام، لەمەودوا دەزانن، ﴿ فَاصْفَحْ عَنْهُمْ ﴾، واتە: بە جۆرێك ڕوویان لێ وەربگێڕە، وەك هەر گوێبیستی قسەکانیان نەبووبی، ئەگەرنا بەو واتایە نیە، کە پێغەمبەر ﷺ بیانبووڕێ، لە کوفرو شیرك و تاوان و خراپە، چونکە ئەو کارە نە بەدەست ئەوەو، نە لەوەش دەیانبووڕێ، بەڵکو یانی: تۆ لە هەقی تایبەتیی خۆت، کە قسەیەکی بێ ئەزاکەت و شێوازێکی ناڕێك لەگەڵ تۆدا بەکاردێنن، چاوپۆشییان لێ بکە، یان: وازیان لێ بێنەو دوورییان لێ بگرەو لامليان تێبکە، ﴿ وَقُلْ سَلَامٌ ﴾، بڵێ: سەلام، بۆ خوا حافیزیی و وازلێهێنان و، دووریی گرتن و، نەك سەلام، بە مانای: سەلام و ئاشتییتان لەسەر بێ، ﴿ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴾، لە مەودوا دەزانن، دەزانن کە چ کەتنێکی خراپیان کردوە، دەزانن کە سزایەکی بێڕەزا چاوەڕێیان دەکات، لە ئەنجامی ئەو کوفرو شیرك و تاوان و خراپەیاندا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

تاوانباران لە ئازاری دۆزەخدا دەمێننەوەو، لەسەریان سووك ناکرێ و، تێیدا بێ هیوا دەبن و، سووچی خۆشیانە، کە بەو دەردەچوون، کە لە مالیکی دۆزەخەوانیش دەپارێنەوە: با خوا بمانمرێنێ، پێیان دەڵێ: ئێوە تێیدا دەمێننەوە، چونکە خوا ﷻ هەقی بۆ هێنابوون، کەچی هەقتان دەدزاو، کەیفتان پێ نەدەهات، ئنجا ئەگەر ئەوان پیلانی مەحکەم بگێڕن، لە دژی پێغەمبەری خواو پەیامی خوا، خواش نەخشەی وردیان لە دژ دەکێشێ و، خەیاڵیشیان خاوە، کە پێیان وابێ خوا ﷻ ئاگاداری نهێنیی و چپەیان نیە، بگرە وێڕای ئەوە، فریشتە نێرراوەکانیشی هەموو شتێك تۆمار دەکەن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ
وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٥﴾ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧٦﴾ وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ
عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴿٧٧﴾ لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ
﴿٧٨﴾ أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ﴿٧٩﴾ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ۚ بَلَىٰ وَرُسُلُنَا
لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴾، بێگومان تاوانباران لە ئازاری دۆزەخدا، بە هەمیشەیی دەمێننەوە، (**المُجْرِمُون: الفَاعِلُونَ لِلإِجْرَام، وَهُوَ الذَّنْبُ العَظِيم، وَالمُرَادُ: المُشْرِكُونَ الكَافِرون**)، (**المُجرِم**)، لەسەر کێشی (**مُفعِل**)، ناوی بکەر (**إسم فاعِل**)ە، بە

مانای کەسێك کە (**جُرْم**) تاوان ئەنجام دەدات، (**إجرام**) و (**جُرم**) و (**جريمة**)ش بریتیە لە گوناهێکی مەزن، کە لێرەدا مەبەست پێی تاوانی هاوبەش بۆ خوا دانەرە بێبڕوایەکانە، بەڵام بۆیە خوا ﷻ بە وشەی (**مُجرِم**) ناویان دێنێ، تاکو بزانرێ کە ئەوانە وێڕای هاوبەش بۆ خوادانان و بێبڕوایی، تاوانباریش بوون، یاخود هەر خودی هاوبەش بۆ خوا دانان و بێبڕواییەکەیان، وێڕای ئەوەی هاوبەش بۆ خوا دانانەو بێبڕواییە، تاوانێکی گەورەشە.

هەڵبەتە هەر کەسێکیش بەینی لەگەڵ خوا تێك چوو، بەینی لەگەڵ بەندەکانی خواشدا تەواو نابێ، بۆیە هەر کەسێك ئەهلی کوفرو شیرك بێ، مسۆگەر ئەهلی ستەم و تاوان و خراپەش دەبێ.

٢)- ﴿ لَا يُفَتَّرُ عَنۡهُمۡ وَهُمۡ فِيهِ مُبۡلِسُونَ ﴾، لەسەریان سووك ناكرێ (لەسەریان خاو ناکرێتەوە) و، ئەوان تێیدا نائومێدو بێ هیوا دەبن، (**فَتَرَ أي: سَكَنَ، وَضَعُفَ وَخَفَّ**)، واتە: ڕاوەستاو، بێهێز بوو و، سووك بوو، وشەی: (**فَتَرَ**)، (**لازِم**)ەو (**فَتَّرَ**) (**مُتَعَدي**)ە، (**فَتَّرَ**) واتە: لەسەری سووك کرد، کەواتە: (**لا يُفَتَّرُ عَنهُم أي: لاَ يُفَتِّرُهُ أَحَدٌ عَنْهُم، بَل يَسْتَمِرُ العَذَابُ عَلَيْهِم بِشِدَّة**)، هیچکەس ئەو سزایەیان لەسەر سووك ناکات و لەسەریان خاو ناکاتەوە، بەڵکو بەردەوام دەبێ، بگرە لە سوورەتی (**النَّبأ**)دا خوای باڵا دەست دەفەرمووێ: ﴿ فَذُوقُواْ فَلَن نَّزِيدَكُمۡ إِلَّا عَذَابًا ﴿٣٠﴾ ﴾، بیچێژن بەس سزاتان بۆ زیاد دەکەین، هەروەها لە سوورەتی (**النِّساء**) دا، دەفەرمووێ: ﴿ كُلَّمَا نَضِجَتۡ جُلُودُهُم بَدَّلۡنَٰهُمۡ جُلُودًا غَيۡرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ ﴿٥٦﴾ ﴾، هەر کاتێك پێستەکانیان کوڵان و برژان، پێستی دیکەیان بۆ تازە دەکەینەوە، تاکو سزای زیاتر بچێژن، چونکە دەمارە هەستەوەرەکان زیاتر لە پێست دان.

کە دەفەرمووێ: ﴿ وَهُمۡ فِيهِ مُبۡلِسُونَ ﴾، دەگوترێ: (**أَبْلَسَ، يُبْلِسُ، فَهُوَ مُبْلِسٌ أي: يَئِسَ، وَسُمِّيَ إِبْلِيسُ إِبْلِيْسَاً لِيَأْسِهِ مِنْ رَحْمَةِ الله**)، ﴿ وَهُمۡ فِيهِ مُبۡلِسُونَ ﴾، ئەوان لەوێدا بێ هیوان و، تەما بڕاون، هیچ ئومێدێکیان نەماوە، وشەی (**أَبْلَسَ**)، واتە: (**يَئِس**) نائومێد بوو، (**إِبْلِيس**)یش بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، چونکە لە بەزەیی خوا نائومێد بووەو هیچ هیوای پێی نەماوە.

ئنجا لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك بكرێ، ئەوانە بۆچی وایان لێهاتوە؟ ئایا ئەوە ستەم نیە لێیان دەكرێ؟ خواش ﷻ بۆ لابردنی ئەو گومان و خەیاڵە پووچە، دەفەرموێ:

٣)- ﴿ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئێمە ستەممان لێ نەكردبوون، ((كە ئاوا سزایان دەدەین)، بەڵكو ئەوان خۆیان ستەمكار بوون، (الظُّلْمُ: الإعْتِدَاءُ، وَهُوَ الإِصَابَةُ بِضُرٍّ بِغَيْرِ مُوجِبٍ مَشْرُوعٍ)، (ظُلم): بریتیە لە دەستدرێژیی و، لەوەی كەسێك تووشی زیان بكەی، بەبێ پێویستكەرێكی ڕەوا، بەڵام ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان كردوە، كە ئەو حیكمەتەی خوا ئەوانی بۆ دروستكردوە، نەیانهێنایە دی و سەریان بەرز نەكردەوە، كە خواو خاوەنی خۆیان بناسن، بزانن خوا ﷻ بۆچی لێرەی داناون، لەسەر ئەم زەوییەو پێویستە چی بكەن و چۆن بژین؟ ئەوەش ستەمێكی زلە كە تۆ لە خۆت نەپرسی، لە خاوەنەكەت نەپرسی و سەرنجی دەوروبەرت نەدەی، بۆچی لێرەی و دەبێ چی بكەی؟ ستەمە مرۆڤ خۆی وەك ئاژەڵ تەماشا بكات، لە حاڵێكدا كە لە ئاژەڵ جیایە!

٤)- ﴿ وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ﴾، بانگیان كرد: ئەی مالیك! با پەروەردگارت تەواومان بكات، واتە: با پەروەردگارت كۆتاییمان پێ بێنێ و، بمانمرێنێ، مالیك ناوی ئەو فریشتەیە، كە بەسەر دۆزەخ ڕادەكات و سەرپەرشتیی دۆزەخ هەمووی دەكات، وەك لە سووڕەتی (المُدَّثِر)یشدا دەفەرموێ: ﴿ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾، ئنجا مالیك، نۆزدە فریشتەی دیكەی لەبەردەست دان، كە بە تەئكید ئەوانیش فریشتەی دیكەی زۆریان لەبەردەست دان، ﴿ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ﴿٣١﴾ ﴾، خوا ﷻ هەر لەو سیاقەدا، لە سووڕەتی (المُدَّثِر)دا دەفەرموێ: سەربازەكانی پەروەردگارت، بەس خۆی دەزانێ چەندن، بەڵام مالیك سەرپەرشتیاری گشتیی دۆزەخەو، نۆزدە فریشتەشی لەبەر دەست دان، ئنجا كە ئەوانیش لەبەردەستی ئەودان، ئەوانیش تەنیا خوا ﷻ دەزانێ چەند فریشتەیان لەبەر دەستدان، بۆ سەرپەرشتییكردن و هەڵسووڕاندنی كاروباری دۆزەخ و دۆزەخییەكان!!

٥)- ﴿ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴾، گوتی: ئێوە ماوەوەن، كە دۆزەخییەكان دەڵێن: ئەی مالیك! با پەروەردگارت تەواومان بكات، كۆتاییمان پێ بێنێ و، بمانمرێنێ، ﴿ لِيَقْضِ عَلَيْنَا

رَبُّكَ ﴾، (لِيَقْضِ) ئەم وشەیە لە سوورەتی: (القَصَص)دا، خوا ﷻ بۆ مراندنی بەکارهێناوە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ﴿١٥﴾ ﴾، واتە: مووسا ﷺ مستێکی لێدا (لە کابرای قیبتی)و تەواوی کرد، واتە: کۆتایی بە ژیانی هێنا.

مالیـك وەڵام دەداتـەوە: ﴿ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴾، گوتـی: ئێـوە دەمێننـەوە، (ماكِـث) نـاوی بکـەر (إسـم فاعِـل)ە، واتـە: مـاوە، ئێـوە مـاوەوەن، لـە (مَكْـث)ەوە هاتـوە، (المَكْـثُ: البَقَـاءُ مَـعَ انْتِظـارٍ)، (مَكـث وَمُكـث) هەردووکیـان واتـە: مانـەوە لەگـەڵ چاوەڕوانییـدا.

٦)- ﴿ لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ ﴾، بە دڵنیایی هەقمان بۆ هێنا بوون، ئەمە یان قسەی فریشتەکانە، کە وەحییان هێناوە، پەیامی خوایان هێناوە بۆ پێغەمبەران، ئەوانیش بە مرۆڤەکانیان ڕاگەیاندوە، یان فەرمایشتی خوایە ڕاستەوخۆ: ئێمە هەقمان بۆ هێنابوون، ئەو هەقەش بریتی بوو لە خوا بە یەککرتن، بریتی بوو لەوە کە مرۆڤ بۆ تاقیکردنەوە دروستکراوەو، مرۆڤ ژیانی هەتا هەتایی چاوەڕێی دەکات لە ڕۆژی دواییدا، کە ئەو ژیانە هەتا هەتاییە بنیات دەنرێ، لەسەر ئەوەی ئەو ژیانە دنیاییەی چۆن گوزەراندوە؟!.

٧)- ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴾، بەڵام زۆربەتان هەقتان دەدزا، وشەی کەڕهاندنیش بەکاردێ، دەڵێن: دەیکەڕهێنێ، بە کوردیی دەڵێن: دەیدزێ، واتە: ڕقی لێی دەبێتەوەو، کەیفی پێی نایەت، دانووی لەگەڵ ناکوڵێ، بۆچی دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴾، بەڵام زۆربەتان هەقتان دەدزاو، کەیفتان پێ نەدەهات؟

وەڵامەکـەی: ئەوانـەی ڕقیـان لـە هەق بـووە، حوکمڕانـە خۆبەزلگرو خۆسـەپێنەکان بـوون، چونکـە ئـەو هەقـە لەگـەڵ بەرژەوەندیـی ناشـەرعیی و نـاڕەوای ئەوانـدا تێکگیـراوە، بـەڵام زۆرینەیەکـی شـوێنکەوتووی هەڵخەڵەتـاو هەبـوون، ڕەنگـە هەقیان هـەر نەناسـیبێ، یاخـود ڕقیـان لـە هـەق نەبۆتـەوەو هەقیـان نـەدزاوە، چونکـە لەگەڵ هیـچ بەرژەوەندییەکیانـدا تێـك نەگیـراوە، بەڵکـو ڕەنگـە لـە دڵـەوە، ئـەو هەقەیـان زۆریـش خۆشویسـتبێ، نـەك هـەر نەیاندزابـێ و، ڕقیـان لێـی نەبـوو بـێ، بـەڵام لەبـەر

ئـەوەی لەلایـەن دەسـەڵاتدارەکانەوە، لەسـەریان بـە مـەرج گیـرا بـوو، کـە دەبـێ شـوێنکەوتوویان بـن و، سـەر بـەرەو لای خـوا بـەرز نەکەنـەوەو، تەماشـای پەیامـی خـوا نەکـەن، بەڵکـو دەبـێ کۆیلـەی ئـەوان بـن، بۆیـە گوێیـان نـەدەدا ئـەو هەقـە، هەرچەنـدە بـە هەقیشـیان دەزانـی، کـە ئێسـتاش هـەر وایـە، ئەوانـەی شـوێن حیزبـە عەلمانییـەکان دەکـەون و، ملکـەچ دەکـەن بـۆ ڕژێمـە سـتەمکارە خۆسـەپێنەکان، دەزانـن هـەق چۆنـەو ناهـەق چۆنـەو، دانیشی پێـدا دێنـن، دێ بـۆ لات دەڵـێ: بڵێـم چـی، ژیانـم وا دەسـووڕێ، واتـە: ژیانەکـەی ئێـرەی پـێ گرنگـترە لـە ژیانەکـەی ئـەولا و، ڕازیکردنـی ئـەو کەسـەی کردوویەتـی بـە کۆیلـەو ژێـر دەسـت، پێـی گرنگـترە، لـە ڕازیکردنـی خـوا!!.

ئـەوە (**ولکـن أکثرکـم للحـق کارهـون**) لێـرەدا ئیشـکالێك دروسـت دەکات، ئەویـش ئەوەیـە کـە: هەمیشـە ئەوانـەی خۆسـەپێن و، خۆشـگوزەران و خـۆ فەرزکـەرن بەسـەر خەڵـك و جەمـاوەردا، کەمینـەن و، خەڵـك و جەمـاوەرە هەڵخەڵەتـاوو شـوێنکەوتووەکەیان زۆرینەیـە!!، بـەڵام دەگونجـێ مەبەسـت ئـەوە بـێ، زۆربـەی خەڵکـە فریـو خواردووەکـەش، چونکـە شـوێنکەوتووی کەمینـە سـتەمکارەکە بـوون، هەمـان حوکمـی وانیـان هەبـووە.

٨)- ﴿ أَمْ أَبْرَمُوٓاْ أَمْرًا ﴾، یان ئایا ئەوان بڕیارێکیان داوە؟ یاخود ئەوان پیلانێکیان گێڕاوەو تەگبیرێکیان کردوە؟ وشەی: (**أم: لِلإضْرَابِ الإنْتِقَالِي مِنْ حَدِيثٍ إلى حَدِيث**)، [(**أم**) **بمعنى** (**بل أ**): (**بَل أأبْرَموا أَمْراً**)]، واتە: بەڵکو ئایا ئەوان تەگبیرێکیان کردوە، چونکە (**أم**) بۆ گواستنەوەیە لە قسەیەکەوە بۆ قسەیەکی دیکە، کە دیارە پرسیارکردنەکە، پرسیارکردنی ترساندن و هەڕەشەلێکردنە، نەك پرسیارکردنی نکووڵیلێکردن، واتە: هەم هەڕەشە لێکردنە، هەم چەسپاندنی ئەو کارەیە کە ئەوان کردوویانە.

٩)- ﴿ فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە، بڕیاردەرو نەخشەدانەرین، (**إبرام**) لە ئەسڵدا بە مانای هۆنینەوەی پەتێك و چنینی دێت، ئەگەر بە مەحکەمیی بچنرێ، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە، بۆ دانانی نەخشەیەکی پتەوو دڵ لەسەر چەسپاندن جێبەجێکردنی.

١٠)- ﴿ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُم ﴾، یان ئایا پێیان وایە ئێمە پەنهان و چپەیان نازانین، (السِّرُّ: مَا يُخْفُونَهُ فِي أَنْفُسِهِم، وَالنَّجْوَى: مَا يَتَنَاجَوْنَ بِهِ فِيمَا بَيْنَهُم)، (سِرّ): ئەوەیە کە لە دڵی خۆیاندا پەنهانیان کردوە، (نجوى)ش ئەو چپە چپ و فسکە فسکەیە، کە لەبەینی خۆیان دا کردوویانە، کوردەواریی دەڵێن: چپەی کرد، سرکە سرکی کرد، فسکە فسکی کرد.

١١)- ﴿ بَلَىٰ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴾، با، (هەم پەنهانیان دەزانین و هەم قسەی چپەیان دەزانین و)، نێردراوەکانیشمان لەلایانن دەنووسن، هەرچی دەیکەن و دەیڵێن دەینووسن، بەڵکو نیەت و ئیرادەکانیشیان دەنووسن، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالَ: «قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: إِذَا هَمَّ عَبْدِي بِحَسَنَةٍ، وَلَمْ يَعْمَلْهَا، كَتَبْتُهَا لَهُ حَسَنَةً، فَإِنْ عَمِلَهَا كَتَبْتُهَا عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ، وَإِذَا هَمَّ بِسَيِّئَةٍ، وَلَمْ يَعْمَلْهَا لَمْ أَكْتُبْهَا عَلَيْهِ، فَإِنْ عَمِلَهَا كَتَبْتُهَا سَيِّئَةً وَاحِدَةً»] (أخرجه مسلم: ٣٤٩).

واتە: ئەبوو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوا (عَزَّ وَجَلَّ) فەرموویەتی: بەندەکەم ئەگەر نیەتی چاکەیەکی هێناو بۆی نەکرا، (نەك لێی پەشێمان بێتەوە)، چاکەیەکی بۆ دەنووسم، بێگومان ئەگەر کردی بە دە (١٠) چاکە بۆی دەنووسم، تاکو حەوتسەد (٧٠٠)، ئەگەر نیەتی خراپەیەکیشی هاتە دڵ و نەیکرد، لەسەری نانووسم و، ئەگەر کردی خراپەیەك دەنووسم.

بێگومان کە دەفەرموێ: ﴿ وَرُسُلُنَا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ ﴾، مەبەست لە فریشتەکانە، کە دەنێررێن و نێرراون، تاکو کردەوەی مرۆڤەکان بنووسن و ئاگایان لێ بێت و تۆماری بکەن، وەك لە سوورەتی (ق)دا دەفەرموێ: ﴿ مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: هیچ قسەیەك نابێژێ، مەگەر چاودێرێکی ئامادە لەلایەتی، ئنجا ئایا نووسینی فریشتەکان، نووسینی ڕاستەقینەیە، یاخود مەجازە، بۆ سەرژمێرو پاراستنی؟ ئەوە بەس خوای پەروەردگار دەیزانێ، بەڵام ئەگەر

مرۆڤ بتوانێ، بە دەنگ و وێنەوە شت تۆمار بکات، بە تەئکید فریشتەکانی خوا، کە خوا ﷻ بە تایبەت بۆ ئەوەی داناون، ئامێرو هۆکاری زۆر پێشکەوتووتر، کە کردەوەی مرۆڤەکان و هەڵسوکەوتیان و قسەکانیان، بەڵکو نیەت و نیازو مەبەستیشیان تۆمار بکات، بە دەستیانەوەیەو بەکاری دێنن.

لێرەدا دوو شوێنەوار دێنین:

أ- (رُوِيَ أَنَّ ابْنَ مَسْعُودٍ قَرَأَ (وَنَادَوا يَا مَالُ) بِحَذْفِ الكَافِ عَلَى التَّرْخِيمِ، فَذُكِرَت قِراءتُهُ لابْنِ عَبَّاسٍ فَقَالَ: مَا كَانَ أَشْغَلَ أَهْلَ النَّارِ عَنِ التَّرْخِيمِ)، واتە: گێڕدراوەتەوە کە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود وشەی (وَنَادَوا يَا مَالِكُ)ی، خوێندۆتەوە بە: (وَنَادَوا يَا مَالُ)، کە ئەمە لە زمانی عەرەبیدا بنچینەیەکە پێی دەگوترێ: (ترخيم)، ئەویش ئەوەیە کە پیتی دوای وشەکە لابردرێ، بڵێی: (يا مالُ)، لە جیاتی بڵێی: (يا مالِكُ)، ئەو خوێندنەوەیە بۆ عەبدوڵلای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) باسکراوە، ئەویش گوتوویەتی: خەڵکی دۆزەخ زۆر لەوە سەرقاڵترن ئاگایان لە (تَرخيم) بێ!

کە ئەوە بنچینەیەکی ڕەوانبێژییە، نایانپەرژێ بیر لەو وردە شتانە بکەنەوە!

کە دەفەرموێ: ﴿ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ﴾، (القَضَاءُ: الإمَاتَـةُ)، تەواو کردن، کۆتایی پێهێنان، بەلام (ل)ی سەر: ﴿ لِيَقْضِ ﴾، (لامُ الأَمْرِ بِمَعْنَى الدُّعَاءِ)، لامەکە بۆ فەرمانە، بەلام بە تەئکید بە مانای پاڕانەوەیە، ئەگەرنا فەرمان بەسەرچیدا دەکات؟!.

ب- لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ أَمْ أَبْرَمُوٓا۟ أَمْرًا فَإِنَّا مُبْرِمُونَ ﴾، (القُرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆی دا[١] ئەم دەقە دێنێ: (قالَ مُقَاتِل: نَزَلَتْ فِي تَدْبِيرِهِم المَكرَ بِالنَّبِيِّ ﷺ فِي دَارِ النَّدْوَةِ حِينَ اسْتَقَرَّ أَمْرُهُمْ عَلَى مَا أَشَارَ بِهِ أَبُو جَهْلٍ عَلَيْهِم، أَنْ يَبْرُزَ مِنْ كُلِّ قَبِيلَةٍ رَجُلٌ لَيَشْتَرِكُوافِي قَتْلِهِ، فَتَضْعُفَ المُطَالَبَةُ بِدَمِهِ، فَنَزَلَت هَذِهِ الآيَةُ، وقَتَلَ الله جَمِيعُهُم فِي بَدرٍ).

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٦، ص:٩٣.

واتـە: موقاتیـل (کـە یەکێکـە لـە زانایـان شـوێنکەوتووان دوای هـاوەڵان)، گوتوویەتی: ئەم ئایەتە لە بارەی نەخشە دانانیانە لە دژی پێغەمبەر ﷺ لە (دار النّدوة)دا، کاتێك ڕایان لەسەر ئەوە چەسپا، کە ئەبوو جەهل ئامـاژەی پێکـرد بـوو، ئەویـش ئـەوە بـوو لـە هـەر هۆزێك، پیاوێك بێ، تاکو هەموویان لـە کوشتنی پێغەمبـەردا ﷺ بەشـدار بـن، دوایـی داواکردنـی خزمەکانـی بـە خوێنـی پێغەمبـەر ﷺ بێهێـز بـێ و، شـەڕیان لەگـەڵ ئـەو هۆزانـەدا پـێ نەکـرێ، ئـەم ئایەتـە لـەو بـارەوە هاتۆتـە خـوارەوەو، خـواش هەمـوو ئەوانـەی لـە جەنگـی بـەدردا فەوتانـد.

ئـەو وای گوتـوە، بـەڵام مـن پێـم وایـە: هاتنـە خـواری ئـەم ئایەتانـەو، ئـەم سـوورەتە زووتـر بـووە، لـەو نەخشـەو پیلانـەی، کـە لـە کۆتایـی قۆناغـی مەککـەدا، واتـە: سـاڵی سێزدەیەمی پێغەمبەرایەتیـی دا، هـۆزی قورەیشی بێبـڕوا کێشـاویانە لـە دژی پێغەمبـەر ﷺ، بـەڵام بێگومـان ئـەوان، بـەس بـۆ ئـەو کارە تەگبیریـان نەکـردوەو نەخشـەیان نەکێشاوە، هەمیشـە خەریکـی نەخشـە کێشـان و کۆبوونـەوە بـوون، لـەو کـۆڕو مەجلیسـەی خۆیانـدا، لـە دژی پێغەمبـەر ﷺو چۆنیەتیـی بەرهەڵسـتییکردنی پەیامەکـەی.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی، کە بفەرمووێ: ئەگەر (خوای) بە بەزەیی ڕۆڵەی هەبێ، من یەکەمینی پەرستەران دەبم بۆی! بەڵام پاکیی بۆ پەروەردگاری گەردوون، لەوەی خوای پێ وەسف دەکەن، دوایش خوا ﷻ فەرمان دەکات بە پێغەمبەر ﷺ، کە لێیان گەڕێ، لەسەر تیرژانی قسەی پووچ و گەمە بەردەوام بن، هەتا دەگەنە ڕۆژی دیداریان:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ ﴿٨١﴾ سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٨٢﴾ فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا وَيَلْعَبُوا حَتَّىٰ يُلَاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي يُوعَدُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ ﴾، بڵێ: ئەگەر (خوای) بە بەزەیی ڕۆڵەی هەبێ.

(وَلَدٌ) خوێندراویشەتەوە: (وُلْدٌ).

٢)- ﴿ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ ﴾، من یەکەمینی پەرستەرانم، زانایان چەند واتایەکیان بۆ لێکداونەوە:

١- گریمان خوا ﷻ ڕۆڵەی هەبێ، من یەکەمینی ئەو کەسانە دەبم، کە ئەو ڕۆڵەیەی خوا دەپەرستن، چونکە مادام ڕۆڵەی خوا بێ، گریمان ڕاست بێ، ڕۆڵەی خوا بێ، شایستەی ئەوەیە، وەك خوا ﷻ بپەرسترێ.

٢- ﴿ قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ ﴾، (إِنْ) لابەرە (النَّافِية)یە، واتە: (مَا كَانَ لِلرَّحمنِ وَلَدٌ)، (خوای) بە بەزەیی هیچ ڕۆڵەی نیە.

٣- ﴿ قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ ﴾، (إن كانَ لِلرَّحمنِ وَلَدٌ، فَأنا أوَّلُ العابِدِينَ لِلرَّحمنِ، سَوَاءٌ كَانَ لَهُ وَلَدٌ أَمْ لاَ، وَهَذَا إِرْخَاءٌ لِلعِنانِ، أي: أُنَزِّهُ اللهَ عَنِ الشَّرِيك)، ئەگەر (خوای) بە بەزەیی

ڕۆڵەی هەبێ، وەك ئێوە ئیددیعای دەکەن، من یەکەمین کەسم کە بەندایەتیی بۆ خوا دەکەم، ڕۆڵەی هەبێ یان نەیبێ، ئەمەش جۆرێکە لە بە دەمەوەدانی بەرانبەرەکەت، کە یەکسەر لە دەماری نەدەی و بڵێی: باشە وەرن با لێی بکۆڵینەوە، داخۆ دەگونجێ خوا ڕۆڵەی هەبێ؟!

٤- ئەگەر (خوای) بە بەزەیی ڕۆڵەی هەبێ، من یەکەمین کەسم، کە قسەکەی ئێوە بە درۆ دادەنێم و، خوا بە تاك دەگرم و هەر کەسێك بە ڕاستیی خوا بپەرستێ، ڕۆڵەو وەچەی پاڵ ناداتە لا، چونکە خوا ﷻ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴿١١﴾﴾الشورى.

هەڵبەتە ئەوەی کە لە هەموو مانایەکان بەهێزترە، یەکەمیانە، دواییش هی چوارەمیان، بەڵام ئەوە کە (إِنْ) لێرەدا (الشَّرْطِية) نەبێت و (النافية) بێ، واتە: (مَا كَانَ لِلرَّحمنِ وَلَدٌ)، ئەمە وەك زانایان گوتوویانە: لە شوێنی دیکەدا هاتووەو، لەم سیاقەدا ئەو مانایە سوودێکی وا بە دەستەوە نادات.

زانایان گوتوویانە: کاتی خۆی حەججاجی کوڕی یوسووفی سەقەفیی، سەعیدی کوڕی جوبەیری گرتوە، خوا ﷻ لە سەعیدی کوڕی جوبەیر ڕازی بێ و لێی خۆش بێ، زانایەکی زۆر گەورە بووە، حەججاج بە زوڵم کوشتوویەتی، گوتوویانە: (هَـذَا التَّعْبِير مِثْلُ قَوْل سَعِيد بِن جُبير لِحجَّاج عِنْدَمَا قَالَ لَهُ: وَاللهِ لأُبَدِّلَنَّكَ بِالدُّنيَا نَاراً تَلَظَّى، قال سعيد: لَوْ عَرَفْتُ أَنَّ ذَلِكَ إِلَيْكَ مَا عَبَدْتُ إِلَهاً غيرك)، ئەمە لە زۆر لە تەفسیرەکان دا هاتوە، بۆ نموونە لە تەفسیری (البَحرُ المَدِيد فِي تَفسِير كِتَابِ اللهِ المَجِيد)دا[١]، (إِبن عَجِيبة)، دەڵێ:

ئەم تەعبیرە وەك قسەی سەعیدی کوڕی جوبەیرە، کە حەججاج گرتی و پێیگوت، ژیانی دنیات بۆ دەگۆڕم بە ئاگرێکی بڵێسەدار، سەعیدیش گوتی: ئەگەر زانیبام ئەوە بەدەست تۆیە، بێجگە لە تۆ هیچ پەرستراوێکم نەدەپەرست، واتە: ئەوە بەدەست تۆ نیە، داخۆ من دوای ئەوەی دەمکوژی و دەمرم، دەچمە کوێ؟!

---

(١) ج٧، ص٣٧.

هەڵبەتە حیکمەتی ئەو تەعبیرە ئەوەیە، وا لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بکات گوێ بگرن، بە هۆی ئەوەوە کە ئومێدیان وەبەردەنێ، لەگەڵیدا بگەنە ئەنجامێك، بەڵام ئەگەر هەر لە ڕێوە، لە دەماریان بدات، بێگومان گوێی بۆ ناگرن، دەتوانین بڵێین: ئەو تەعبیرە وەك ئەو ئایەتانەی سوورەتی: (سَبأ) وایە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ وَإِنَّآ أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ قُل لَّا تُسْـَٔلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْـَٔلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٥﴾ قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَهُوَ ٱلْفَتَّاحُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٢٦﴾﴾، کە ئەمە لە زمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ: **(إرْخَاءُ العِنَانِ لِلْخَصْمِ)**، بواردان بە دەمەقاڵێکەرو جڵەو شلکردن بۆ بەرانبەرەکەت، تاکو ئامادەبێ قسەت لەگەڵ بکات.

٣)- ﴿سُبْحَـٰنَ رَبِّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾، پاکیی بۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی، پەروەردگاری عەرش، لەوەی ئەوان پەروەردگاری پێ وەسف دەکەن،

ئەمە هەندێکیان ئاوایان مانا کردوە: **(أُسَبِّحُ اللهَ عَمَّا يَقُولُونَ وَيَصِفُونَ بِهِ الله)**، خوا بە پاك دەگرم لەوەی ئەوان دەیڵێن و خوای پێ وەسف دەکەن.

٤)- ﴿فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا۟ وَيَلْعَبُوا۟﴾، لێیان گەڕێ با تێبڕژێن و، یاریی و گەمە بکەن، یانی: با هەر بڕژێنە نێو قسەی پووچ و بە تاڵەوە، قسەی وا بکەن کە لە گەمەو یارییەوە نیزیکەو، زیاتر لە گەمەو یاریی دەچێت، تاکو قسەی هەق و ڕاست.

٥)- ﴿حَتَّىٰ يُلَـٰقُوا۟ يَوْمَهُمُ ٱلَّذِى يُوعَدُونَ﴾، تاکو دەگەنە ئەو ڕۆژە، کە بەڵێنیان پێدراوە، ﴿حَتَّىٰ يُلَـٰقُوا۟﴾، خوێندراویشەتەوە: **(حَتَّى يَلقَوا)**، هەتاکو دەگەن، ئەگەر بڵێن: **(يُلَقُوا)** لەسەر کێشی **(مُفاعَلة)**یەو، بۆ بەشدارییکردن **(مَشارَكة)**ە، بەڵام ئەگەر **(يَلقَوا)** بێ، واتە: تاکو پێی دەگەن، دیارە ئەو ڕۆژەی بەڵێنیان پێدراوە، یان هەڕەشەیان پێی لێکراوە، یان سزای دنیایە، یان سزای ڕۆژی دواییە، یاخود هەردووکیانە.

مەسەلەی سێیەم:

ناساندنی خوای بەرزی مەزن، لە میانی چەند سیفەت و کردەوەیەکیدا، وەك حوكمڕانیی ڕەهای گەردوون و، هەبوونی زانیاریی هاتنی ئاخیر زەمان و، بە دەست بوونی تکاو، بەدیهێنەر بوون بۆ تێکڕای مرۆڤەکان:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٤﴾ وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٥﴾ وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ ﴾، ئەو (خوا ﷻ) ئەو کەسەیە، کە هەم لە سەرێ، (لە ئاسمانێ) پەرستراوە، هەم لەسەر زەویش، واتە: (**هوَ مَعبودٌ في العالمِ العلويِّ وَالعالمِ السُفليِّ**)، هەم لە جیهانی سەرێ و، هەم لە جیهانی خوارێ، هەر ئەو پەرستراوە، واتە: هەر ئەو شایستەی پەرستنە، دەنا پەرستراوی دیکە هەن، بەڵام پەرستنەکەیان نا هەقە.

٢)- ﴿ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، بەس ئەویش کارزانی زۆر زانایە، واتە: خوا ﷻ وەسف کراوە بە حیکمەتی تەواو و، بە زانیاریی تەواو، بە جۆرێك کە پێویستیی بە حیکمەت و زانیاریی هیچ کەسی دیکەو، هیچ شتێکی دیکە نیە.

٣)- ﴿ وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ﴾، بەرزو بەپێزەو بەردەوامە، ئەو کەسەی حوكمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی و، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، هی ویەو بەدەست ویە.

٤)- ﴿ وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ﴾، زانیاریی کاتەکە (**ساعة**)ش تەنیا لە لای ئەوە، (**ساعة**) وەك زۆرجار گوتوومانە: یان مەبەست ئاخیر زەمانە، یان قیامەتە، یان ڕۆژی دواییە بە هەردوو قۆناغەکەیەوە، وشەی (**ساعة**) لە ئەسڵدا بەشێکە لە کات، بەڵام وەك زاراوەیەك بەکارهاتوە، بۆ کاتی هاتنی ئاخیر زەمان، یاخود قیامەت، یاخود ڕۆژی دوایی بە گشتیی.

٥)- ﴿ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، تەنیا بۆ لای ویش دەگێردرێنەوە، خوێندراویشەتەوە: (**وَإِلَيهِ تَرجعون**)، بەس بۆ لای ویش دەگەڕێنەوە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، ئەمە هەواڵدانێکە بەکارهێنراوە لە ستایشکردنی خوادا ﷻ، کە مانای (**تَبارَك**) واتە: خوا خاوەن پێزو بەرزیی و بەردەوامییە، لەبەر ئەوەی (**تَبارَكَ**) لەسەر کێشی (**تَفاعَل**) بەهێزیی ئەو مانایە دەگەیەنێ، کە لێی داتاشراوە، چونکە ڕێژگەی (**تَفاعَل**) بۆ کارێکە، لە نێوان دوو لایەن دا دەکرێ، وەك (**تَقاتَلا وَتَمارا**)، پێکەوە جەنگان، پێکەوە دەمەقاڵێیان بوو، بەڵام لێرەدا کە بەکاردەهێنرێ بەبێ بەرانبەر ڕەچاوکردنێك، مانای وایە ماناکەی بەهێزە، واتە: ئەوپەڕی پێزو هێزو بەردەوامیی بۆ خوای بەرزو مەزنە، ئنجا مانایەکەی ئاوای لێدێتەوە: حوکمڕانیی ئەم جیهانە، کە کۆتایی دێ و، جیهانی دیکە کە دێ و بەردەوام دەبێ، هەر هی ئەوە، سەرەنجامیش تەنیا بۆ لای ئەوە.

٦)- ﴿ وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ ﴾، ئەوانەی کە لە جیاتی وی (خوا)، یان جگە لە وی، لێیان دەپاڕێنەوە، هیچیان تکا کردنیان بەدەست نیە.

٧)- ﴿ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ ﴾، مەگەر ئەوانەیان کە شایەدیی دەدەن بە هەق، واتە: شایەدیی دەدەن بە یەکتایی خواو، شایەدیی دەدەن بە ڕاستیی پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا ئەوانە توانای تکا کردنیان هەیە لە لای خوا.

٨)- ﴿ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾، شایەدیی بە هەق دەدەن و ئەوان دەشزانن، واتە: بە بەرچاو ڕوونییەوە شایەدیی دەدەن، ئەمە واتایەکی.

واتایەکی دیکەی، ﴿ وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ ﴾، ئەوانەی کە لێیان دەپاڕێنەوە، تکا کردنیان بەدەست نیە، ﴿ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ ﴾، واتە: (**إلاّ لِمَن شَهِدَ بِالحَق**)، مەگەر ئەوان تکا بکەن بۆ کەسێك، کە شایەدیی دەدا بە هەق، یانی: مەگەر تکا بکەن بۆ کەسێك، کە ئەهلی ئیمان بووبێ و، ئەو هەقەی خوا ﷻ بە پێغەمبەران دا ناردوویەتی، ئەوان قبووڵیان کردبێ، ئیمانیان پێ هێنابێ، ﴿ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾، ئنجا بە بەرچاو ڕوونیی و شارەزاییشەوە، قبووڵیان کردبێ، نەك هەر بە لاساییکردنەوەی کوێرانە.

(**الطبري**) ئەم ئایەتە قورئانییە، بە دوو جۆر مانا دەکات:

١- (**لا يَمْلِكُ عيسى وَعُزير وَالملائِكة الذينَ يَعبُدُهُم هؤلاءِ المُشرِكون ولايؤمنون، بِالساعة، الشَّفاعةَ عِندَ اللهِ لأحَدٍ إلاّ مَن شَهِدَ بِالحَق، يَعني بِه عِندَهُم إلاّ لِمَن شَهِدَ بِالحَق، فَوَحَّدَالله وَأطَاعَهُ على عِلمٍ مِنهُ وَيَقينٍ بِتَوحيد الله**)[1]، واتە: عیساو عوزەیرو ئەو فریشتانەی، ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە دەیانپەرستن، کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، تکاکردنیان لە لای خوا بەدەست نیە، بۆ هیچ کەس، مەگەر کەسێك کە شایەدیی بدات بە هەق، کەسێك خوا بەیەك بگرێ و، بیپەرستێ و فەرمانبەریی بۆ بکات، لە ڕووی زانیاریی و یەقینەوە.

یانی: عیساو عوزەیرو فریشتەکان، تەنیا تکا بۆ ئەوانە دەکەن، کە ئەهلی ئیمانن.

٢- (**ولاتملك الآلهة التي يدعوها المشركون ويعبدونها من دون الله، الشفاعة: إلاّ عيسى وعزير وذووهما، والملائكة الذين شهدوا بالحق، فأقرّوا به وهم يعلمون حقيقة ماشهدوا به**)، واتە: ئەو پەرستراوانەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەیانپەرستن و لێیان دەپاڕێنەوە، تکاکردنیان بەدەست نیە، جگە لە عیساو عوزەیرو ئەوانەی وەك ئەوانن و، فریشتەکان، ئەوانەی شایەدییان داوە بە هەق و، دانیان پێدا ناوەو، زانیویشیانە، واتە: ئەوەی کە شایەدییان

---

(١) جامع البيان، ج٢٥، ص ١٠٦.

پێداوە، زانیاریی و دڵنیاییان لە بارەی چییەتیەوە هەبووە، کەواتە: پەرستراوەکانی دیکە، چ پەیکەرو دارو بەرد بووبن، چ شەیتان و مرۆڤ بووبن، هەرچی بووبن، کە ئەو شایەدییدانە بە هەقەیان نەبووە، ئەوانە توانای تکاکردنیان نیە.

کە دەفەرمووێ: ﴿ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ ﴾، دەڵێ: (الشَّهادةُ بِالحَقّ: الإقرار بتوحيدُ الله)، بریتیە لە دانپێنان بە یەکتایی خوادا ﷻ، کە دەشفەرمووێ: ﴿ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾، واتە: (وَيَعلَمونَ حَقيقَة تَوحيدِهِ)، واتە: لە ڕووی زانیاریی و بەرچاو ڕوونیەوە ئەو شایەدییە دەدەن و، چییەتی ئەو یەکتاییەی خوا دەزانن.

ئەمە دەشوبهێتە ئەو ئایەتەی لە سووڕەتی (النَّجم)دا هاتووە: ﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغْنِى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعْدِ أَن يَأْذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرْضَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ﴾، واتە: زۆر فریشتە هەن لە ئاسمانەکاندا، تکاکردنی ئەوان هیچ سوودێکی نیە، مەگەر دوای ئەوەی خوا مۆڵەت دەدا، بۆ هەر کەسێك کە بیەوێ و، ڕازیش بێ (شەفاعەت و تکای بۆ بکرێ).

٩)- ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ ﴾، ئەگەر لێیان بپرسی: کێ ئەوانی هێناوەتە دی، کێ دروستی کردوون؟ ئەمە پرسیارکردنی چەسپاندنە، لێرەدا ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە ﷺ، یاخود لە کەسێکی دیارییکراو نیە.

١٠)- ﴿ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾، [ئەگەر لێیان بپرسی کێ ئەوانی دروستکردووە؟]، زۆر بە جەختکردنەوەوە دەڵێن: خوا ﷻ.

١١)- ﴿ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾، کەواتە: بەرەو کوێ لا دەدرێن؟ یاخود: چۆن لا دەدرێن؟ (أَنَّى: إسْمُ اسْتِفهامٍ عَلَى المَكَانِ، فَمَحَلُّهُ نَصبٌ عَلَى الظَّرْفِيَّة، أي: إلى أيِّ مَكانٍ يُصرَفون؟!)، بەرەو چ شوێنێك لا دەدرێن؟ یاخود چۆن چۆنی لادەدرێن، واتە: لە پەرستنی خوا، بۆ پەرستنی غەیری خوا لادەدرێن، لە حاڵێکدا کە خوا بەدیهێنەریانەو، خوا پەروەردگارو مشوورخۆریانە، ﴿ يُؤْفَكُونَ ﴾: (أفِكَهُ عَن كَذا، يَأفِكُهُ أي: صَرَفَهُ عَنْهُ)، واتە: لایدا لەو شتە.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

خوا ﷻ ئاگاداری سکاڵای پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ، لە چنگ گەلەکەی کە بڕوا ناهێنن، ئەویش فەرمانی پێدەکات، بە ڕوو لێ وەرگێڕانیان و پشتگوێ خستنیان، تاکو کاتی خۆیان دێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَٰمٌ ۚ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴾، گوتراوەکەیشی: ئەی پەروەردگارم! ئەوانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن، خوێنراویشەتەوە: (**وَقِيلَهُ**)، کە بێگومان ڕاناوەکەی بۆ پێغەمبەر ﷺ دەچێتەوە، ئنجا ئەگەر (**وَقِيلِهِ**) بێ:

أ- ئنجا ئەگەر (وقِليهِ) بێ: (قِيل)، واتە: قسە، (القِيلُ: مَصْدَرُ قَالَ، وَالأَظْهَرُ أَنَّهُ اسمٌ مُرادٌ بِهِ المَفعولُ، أي: المَقولُ، مِثْلَ الذِّبْح بِمَعنى مَذْبُوح، وَالمَعنى: مَقولُهُ، وَالضَّميرُ المُضاف إليهِ (قِيل)، ضَميرُ الرَّسُولِ ﷺ بِقَرينَةِ السِّيَاقِ)، وشەی (قيل) چاوگی (قال)یە، ناوێکە مەبەست پێی: بەرکار (**مَفعولٌ بە**)ە، واتە: گوتراوەکەی، وەك (ذِبح) بە مانای (مَذبوح)، واتە: سەربڕاو، کەواتە: کە دەفەرموێ: (**وَقِيلِهِ**)، واتە: گوتراوەکەی پێغەمبەر ﷺ، ڕاناوەکەش لە (قِيلِهِ)دا، دەچێتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، کە بە پێی سیاق دیارە.

واتە: گوتراوی پێغەمبەر ﷺ، قسەکەی پێغەمبەر ﷺ، کە چی فەرموو؟ ﴿ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمٌ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەی پەروەردگارم! ئەوانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن، ئەمە سکاڵاکردنی پێغەمبەر ﷺ بوو، لە چنگ قەومە کەللەڕەق و بێبڕوایەکەی.

ب- بەڵام ئەگەر (قِيلَهُ) بێ، لە حاڵەتی بەرکار (**مَفعولٌ بە**)دا دەبێ و، ئەو کاتەش دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر ڕستەی پێشێ، کە دەفەرموێ: ﴿ أَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لَا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُم ﴾، ئایا پێیان وایە کە ئێمە قسەی پەنهانی ئەوان و چپە چپی ئەوان نابیستین؟

لێرەش دەفەرموێ: (**وَقِيلَهُ**) واتە: هەم چپەو قسەی پەنهانی ئەوان دەبیستین، (**وَقِيلَهُ**) هەم قسەی پێغەمبەریش ﷺ دەبیستین، کە سکاڵای کرد بۆ لای خوا ﷻ لە دەست قەومەکەی، فەرمووی: ئەی پەروەردگارم! ئەوانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن.

شارەزایانی ڕێزمانی عەرەبیی، دەڵێن: (قِيلَهُ) چاوگەو (**نُصِبَ عَلَى أَنَّهُ مَفعولٌ مُطلَقٌ أي: يَسمَعُ وَيَعلَمُ، قولَهُ**: ﴿ يَٰرَبِّ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴾.) یانی: (قِيلَهُ) مەنصووبە وەك بەرکاری ڕەها، یانی: خوا قسەکەی دەبیستێ و دەزانێ: (**يا ربِّ....**)، بەڵام ئەگەر (**قِيلِهِ**) بێ، دەچێتەوە بۆ: ﴿ وَعِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ ﴾، واتە: (**وَعِنْدَهُ عِلْمُ قيلِهِ**)، هەروەها زانیاریشی هەیە، خوا ﷻ بە فەرمایشتەکەی پێغەمبەر ﷺ کە سکاڵای لە دەست گەلەکەی کردوە.

هەڵبەتە پێغەمبەران (علیهم صلاة والسلام) لە چەند شوێنێکی قورئاندا، لێیان گێڕدراوەتەوە کە سکاڵایان کردوە بۆ لای خوا ﷻ، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (**الفُرقان**)دا: ﴿ وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ مَهۡجُورٗا ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی پەروەردگارم! کۆمەڵەکەم، خەڵکەکەم، ئەم قورئانەیان واز لێ هێنا.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**نوح**)دا، نووح ﷺ، سکاڵای بۆ لای خوا کردوە: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوۡتُ قَوۡمِي لَيۡلٗا وَنَهَارٗا ﴿٥﴾ فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا فِرَارٗا ﴿٦﴾ ﴾، نووح ﷺ چەند سکاڵایەك دەکات بۆ لای خوا ﷻ.

٣- هەروەها لە سوورەتی (**الدُّخان**)دا: ﴿ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنَّ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمٞ مُّجۡرِمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾، مووسا ﷺ، لە پەروەردگاری پاڕایەوە، ئەوانە کۆمەڵێکی تاوانبارو خراپەکارن.

کەواتە: ئەمەش سکاڵای پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، لەدەست گەلە کەللەڕەق و سەرکێشەکەی.

٢)- ﴿ فَٱصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَٰمٌ ﴾، چاوپۆشییان لێ بکە، یاخود ڕوویان لێوەرگێڕەو بڵێ: سەلام، خوێندراویشەتەوە: (فَسَوفَ تَعْلَمُون)، واتە: بەشێوەی دواندن لەمەودوا ئێوە دەزانن، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: دوای ئەوەی ئایەتەکانی فەرمان کردن، بە جەنگ و جیهاد هاتوونە خوارێ، ئەمە نەسخ بۆتەوە، چونکە خوا ﷻ فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات: ڕوویان لێوەرگێڕە، یاخود چاوپۆشییان لێ بکە، لە مافی خۆت، کە بەبێ نەزاکەت دەتدوێنن و تۆمەتت بۆ هەڵدەبەستن، قسەی خراپت لە بەرانبەردا دەکەن، لە هەقی خۆت چاوپۆشییان لێ بکەو، بڵێ: سەلام، وەك زانایان گوتوویانە: (سَلَامَ مُوادَعَةٍ وَمُتَارَكَة)، سەلامکردنی خوا حافیزیی و وازلێهێنان، نەك سەلامکردنی بڵێ: ئاشتیی و سەلامەتییتان لەسەر بێ.

٣)- ﴿ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴾، لە مەودوا دەزانن، خوێنراوەتەوەش: (فَسَوفَ تَعْلَمون) ئەوەش شێوازی ئاوڕدانەوە (ءالتفات)ە، یانی: لە مەودوا دەزانن ئەی بێبڕوایەکان! تووشی چ سزایەك دەبن.

گوتمان: هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەم ئایەتە نەسخ بۆتەوە، دوای ئەوەی ئایەتەکانی فەرمان کردن بە جەنگ هاتوونە خوارێ.

بەڵام وانیە، هەرچەندە نەك هەر لێرە، لە زۆر شوێنی دیکەش دا، هەموو ئەو ئایەتانەی فەرمان دەکەن بە چاوپۆشییکردن و ڕوو لێوەرگێڕان و پشتگوێ خستن، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: هەموو ئەوانە نەسخ بوونەوە، بەڵام بێگومان ئەو بۆچوونە ڕاست نیە، چونکە:

أ- جارێ لە قورئانی مەککەیدا، ئایەتی نەسخ کراوە هەر ناگونجێ هەبێ.

ب- پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینەش کاتێ قسەی ناشایستەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، یاخود هی جوولەکەکان، بەڵکو جاری وا هەیە هی مسوڵمانانی دڵ نەخۆشیشی دەبیست، هەر لاملی تێدەکردن و پشتگوێی دەخستن.

ج- ئەوە یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەر ﷺ کە خوا ﷻ فەرمانی پێکردوە، خۆیان پێ برازێنێتەوەو شتێکی چەسپاوەو، حوکمێکی شەرعیی کاتیی نیە، کە بگونجێ نەسخی بەسەردا بێ، هەرچەندە لە هەموو قورئان دا یەك حوکمی تێدانیە، نەسخ کرابێتەوە، بەو واتایە کە کاری پێ نەکرێ.

ئنجا (**محمد أمین الشنقیطي**)، لە تەفسیرەکەی خۆی: (**أضواءُ البیان**)دا، دەڵێ: باسکردنی نەسخ لێرەدا، هیچ ڕێی تێناچێ، چونکە جەنگ کردن لە شوێنێك دایە، کە پێویستە جەنگی تێدا بکرێ و، لە شوێنێکیش دا کە پێویست بێ، بە ڕەوشتی جوان و لێبوردەیی و سینگ فراوانیی و، چاوپۆشی مامەڵە بکرێ، ئەویش لە شوێنی خۆی دا، وەك لە تەفسیرەکەیدا[1] گوتوویەتی، زانایانی دیکەش لەو بارەوە هەمان قسەیان کردوە.

کەواتە: لە کۆتایی ئەم سوورەتەدا، خوا ﷻ ڕایدەگەیەنێ، کە ئاگاداری ئەو قسەیەی پێغەمبەرە ﷺ، کە سکاڵای بۆ لای پەروەردگاری کردوە: پەروەردگارم! ئەوانە کۆمەڵێکن بڕوا ناهێنن، خوای پەروەردگاریش پێی دەفەرموێ: ﴿ فَٱصۡفَحۡ عَنۡهُمۡ ﴾، ڕوویان لێوەرگێڕەو، چاوپۆشییان لێ بکە، لە هەقی خۆت، ﴿ وَقُلۡ سَلَٰمٞۚ ﴾، پێشیان بڵێ: سەلام، خواتان لەگەڵ، مادام هەر بڕوا ناهێنن و لەگەڵیاندا گەیشتوویە بن بەست، کاتی خۆتیان لەگەڵ بە فیڕۆ مەدە.

﴿ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ ﴾، لە مەودوا دەزانن، یاخود پێیان بڵێ: سەلامتان لێ بێ، (فَسَوفَ تَعلَمون)، لەمەودوا ئێوە دەزانن، یانی: ئەوە هەمووی فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ، دیارە لە حاڵێکی وادا، کە ئینسان لەگەڵ کەسانێکدا کە کەللەڕەقن و، نەسەلمێنن و هیچیان لێ هەڵناکرێ، دەگاتە بنبەست، هیچ چاری نیە، مەگەر بڵێ: خوا حافیزتان بێ و، چی دیکە کاتی خۆییان لەگەڵدا بەفیڕۆ نەدات.

---

(١) ج٧، ص٧.

لێرەدا دێینە کۆتایی تەفسیری سوورەتی (الزخرف)، لە خوای پەروەردگار داواکارین، کە بە لوتف و کەرەمی خۆی، عەقڵمان هۆشیارترو، دڵمان بێدارتر بکات، بۆ باشتر لێ تێگەیشتنی فەرمایشتەکەی و، چاکتر تێدا پێگەیشتنی، بە هۆی پێوە پابەندبوون و بەرجەستە کردنیەوە، چ ئەوەی لە ژیانی تاکییمان دا دەکرێ، چ ئەوەی لە ژیانی خێزانیی و، چ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و، چ لە ژیانی سیاسییماندا، یارمەتییمان بدات، ئەم قورئانە خۆمانی پێ بژێنینەوەو، دەوروبەرمانی پێ بژێنینەوەو، خۆمانی پێ پاك و چاك بکەین، دەوروبەرمان پێ پاك و چاك بکەین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

ناوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی.......... ٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ ١٠
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە ١٠
پێشەکی ئەم بەرگە.......... ١٢

تەفسیری سورەتی فصلت

دەستپێك.......... ١٧
پێناسەی سوورەتی (فصلت) و بابەتەكانی.......... ١٧
یەكەم: ناوی:.......... ١٧
دووەم: شوێنی دابەزینی:.......... ١٨
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزیندا:.......... ١٨
چوارەم: ژمارەی ئایەتەكانی:.......... ١٨
پێنجەم: ناوەڕۆكی:.......... ١٩
شەشەم: تایبەتمەندییەكانی: ١٩
حەوتەم: دابەشكردنی ئایەتەكان بۆ چەند دەرسێك:.......... ٢١
دەرسی یەكەم.......... ٢٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان ٢٦
شیكردنەوەی هەندێ لە وشەكان ٢٧
مانای گشتیی ئایەتەكان ٣٠
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەكان.......... ٣٩
مەسەلە گرنگەكان ٤٤
پێناسەی قورئان بە نۆ سیفەتی سەرەكیی.......... ٥٢

کورتە باسێك لە بارەی دروستبوونی گەردوونەوە..................... ٧٤
دەرسی دووەم..................... ٩١
پێناسەی ئەم دەرسە..................... ٩٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..................... ٩٤
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان..................... ٩٥
مانای گشتیی ئایەتەکان..................... ٩٧
مەسەلە گرنگەکان..................... ١٠٤
دەرسی سێیەم..................... ١٢٥
پێناسەی ئەم دەرسە..................... ١٢٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..................... ١٢٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان..................... ١٣٠
مانای گشتیی ئایەتەکان..................... ١٣٢
مەسەلە گرنگەکان..................... ١٤٠
کورتە باسێك لە بارەی شایەدیی لەسەر درانی مرۆڤەوە لە قیامەت دا..................... ١٤٧
دەرسی چوارەم..................... ١٦٧
پێناسەی ئەم دەرسە..................... ١٦٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..................... ١٧٠
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان..................... ١٧١
مانای گشتیی ئایەتەکان..................... ١٧٣
مەسەلە گرنگەکان..................... ١٧٩
کورتە باسێك لە بارەی هاوەڵێتیی فریشتان بۆ بڕواداران و، شەیتانەکان بۆ بێبڕوایان..................... ١٨٦
کورتە باسێك لە بارەی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی بانگەوازکارانەوە..................... ٢٠٢
دەرسی پێنجەم..................... ٢٤٥
پێناسەی ئەم دەرسە..................... ٢٤٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..................... ٢٤٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان..................... ٢٤٩
مانای گشتیی ئایەتەکان..................... ٢٥١

مەسەلە گرنگەکان ٢٥٦
دەرسی شەشەم ٢٧٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٧٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٧٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٢٧٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ٢٨٠
مەسەلە گرنگەکان ٢٩٠
کورتە باسێك لە بارەی دەرکەوتنی بەردەوامی نیشانەکانی خواوە ﷻ لە ئاسۆیەکان و
لە خودی مرۆڤانیشدا: ٣٠٦

تەفسیری سورەتی الشوری

دەستپێك ٣١٥
ناوەرۆکی سوورەتی (الشوری) و بابەتەکانی ٣١٥
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ٣١٥
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٣١٥
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزینی دا: ٣١٦
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ٣١٧
پێنجەم: ناوەڕۆکی: ٣١٧
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٣١٨
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك: ٣٢٠
دەرسی یەکەم ٣٢٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٢٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣٢٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٣٢٨
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٢٩
مەسەلە گرنگەکان ٣٣٦

کورتە باسێك لە چوار سەرنج دا لە بارەی خواو پەیوەندییەوە لەگەڵ دروستکراوەکانی دا...... ٣٤٢
کورتە باسێك لە بارەی بە پاککرتنی خواوە، لە وێچوونی بە دروستکراوەکان...... ٣٦٩
کورتە باسێك لە بارەی بژیودانی خواو زۆرو کەمکردنیەوە...... ٣٧٨
دەرسی دووەم...... ٣٩٣
پێناسەی ئەم دەرسە...... ٣٩٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان...... ٣٩٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان...... ٣٩٨
مانای گشتیی ئایەتەکان...... ٤٠٠
مەسەلە گرنگەکان...... ٤١٣
دەرسی سێیەم...... ٤٤٣
پێناسەی ئەم دەرسە...... ٤٤٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان...... ٤٤٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان...... ٤٤٧
مانای گشتیی ئایەتەکان...... ٤٥٠
مەسەلە گرنگەکان...... ٤٥٦
کورتە باسێك لەبارەی مانای ﴿ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰ ﴾ ەوە:...... ٤٦٨
دەرسی چوارەم...... ٤٧٧
پێناسەی ئەم دەرسە...... ٤٧٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان...... ٤٨٠
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان...... ٤٨١
مانای گشتیی ئایەتەکان...... ٤٨٣
مەسەلە گرنگەکان...... ٤٩٥
ڕوونکردنەوەیەك لەسەر هەبوونی پێرۆ (دابة) لە ئاسمان دا...... ٥٠٨
دەرسی پێنجەم...... ٥١٧
پێناسەی ئەم دەرسە...... ٥١٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان...... ٥٢٠

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان...٥٢٢
مانای گشتیی ئایەتەکان ٥٢٤
مەسەلە گرنگەکان ٥٣٦
کورتە باسێك لە بارەی ڕاوێژەوە:...٥٤٨
دەرسی شەشەم...٥٦٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٥٧١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٥٧٣
شیکردنەوەی وشەکان..٥٧٤
مانای گشتیی ئایەتەکان ٥٧٧
مەسەلە گرنگەکان ٥٨٣
کورتە باسێك لە بارەی فەرمایشتکردنی خواوە ٥٩٥
کورتە باسێك لە بارەی فەرمایشتکردنی خوا ﴿ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ ﴾........٦٠٧

تەفسیری سوڕەتی الزخرف

پێناسەی سووڕەتی (الزخرف)و بابەتەکانی ٦١٥
١)- ناوی ئەم سووڕەتە: ٦١٥
٢)- شوێنی دابەزینی: ٦١٥
٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنە خواردا:......................................٦١٦
٤)- ژمارەی ئایەتەکانی: ٦١٦
٥)- نێوەڕۆکی:..٦١٦
حەوتەم: تایبەتمەندییەکانی:...٦١٨
هەشتەم: دابەش کردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك: ٦٢١
دەرسی یەکەم...٦٢٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٦٢٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٦٢٩
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان..٦٣٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٦٣٣

مەسەلە گرنگەکان ٦٣٩
کورتە باسێك لە بارەی عەرەبیی بوونی قورئانەوە ٦٤٥
دەرسی دووەم ٦٦٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٦٦٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٦٧٠
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٦٧١
مانای گشتیی ئایەتەکان ٦٧٤
مەسەلە گرنگەکان ٦٨١
کورتە باسێك لە بارەی ناڕەوایی شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشینانەوە: ٧٠١
دەرسی سێیەم ٧٠٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٧١١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧١٣
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٧١٥
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان ٧١٨
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧١٩
مەسەلە گرنگەکان ٧٢٩
شەش کورتە سەرنج لەبارەی دنیا و دواڕۆژەوە ٧٤٦
دەرسی چوارەم ٧٦٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٦٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧٦٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٧٦٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٧١
مەسەلە گرنگەکان ٧٧٧
دەرسی پێنجەم ٧٩٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٩٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧٩٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٧٩٧

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان.................................... ٧٩٨
مانای گشتیی ئایەتەکان ٨٠٠
مەسەلە گرنگەکان.................................... ٨٠٤
هەندێك وردەکاریی مانای (وَلَمَّا ضُرِبَ ٱبْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا).................................... ٨١٠
دەرسی شەشەم.................................... ٨٢٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٨٢٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٨٢٦
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.................................... ٨٢٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ٨٢٩
مەسەلە گرنگەکان.................................... ٨٣٦
ناز و نیعمەتەکانی بەهەشت و سەرنجێك لەسەر قسەیەکی ڕازیی ٨٥١
دەرسی حەوتەم.................................... ٨٥٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٨٦١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٨٦٢
شکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.................................... ٨٦٣
مانای گشتیی ئایەتەکان ٨٦٦
مەسەلە گرنگەکان.................................... ٨٧٦